
تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ۵۴ | ساڵی بیستویەکەم | زستانی ۲۷۱۹




تەوەری ئەم ژمارەیە:

# ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا

۳۷۶
کوردەکان و ئیسلام

۲۴
ئایینی سیاسی؛ بۆچوونێکی بیردۆزانە

۲۵۴
سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

۲۸۴
ئێمە و ئەوانیتری حکوومەتی ئێران

**نا، بۆ کوردێک کفرە ئێســـتا کوردســـتان وتن،**
**چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لـــێ ئەبنە دوژمن!**
گۆران

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٤ • ساڵی بیست و یەکەم • زستانی ٢٧١٩

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەلان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس
ئالان حەسەنیان، ئاگری ئیسمائیل نژاد

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێڕان:
سەربەست هەوراز، ژینۆ ڕۆژبەیان

زمانەوان:
کامیل نەجاڕی

دیزاین:
ڕێبوار

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com/
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk/
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk/

# پێرست


سەروتار ٦

## سەکۆ

تەوژمی ئیسلامیزم و ئیسلامی سیاسی • سەعید شەمس ١٠

## تیۆری

ئایینی سیاسی؛ بۆچوونێکی بیردۆزانە • بیریار ژاوەرۆیی ٢٤
چۆن لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگارمان بێ؟ • سارۆ ئەردەڵان ٣٠
کێشەکانی نووسینەوەی مێژوو لە خزمەت دارشتنی سیاسەت • مەعرووف کەعبی ٥٠
لە هەڵوەشانەوەی سەروەریی سیاسیی ئێرانەوە بەرەو دەوڵەتی کوردی • خالید خەیاتی ٧٤
ئیسلامیزم و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان • ڕەسوول محەممەدی ٨٦
بەخوابوونی مرۆڤ... بەمرۆڤبوونی خودا • موحسین ئەدیب ٩٤
کولتوور، ئایین، گۆڕانکاری • زانیار ئەحمەدی ١٠٢
سیاست، حلقه واسطه تروریسم و مذهب • ڕێناس کوردی ١٢٤
مەکتەبی قورعان؛ بەرانبەر بە گوتاری نەتەوەیی • ڕزگار موکری ١٤٠
ئاوڕدانەوەیەک لە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە پارچەکانی کوردستان • بابان ئەلیاسی ١٤٦
اولویت گفتمان هویتی در کوردستان • هیوا ڕۆژهەڵات ١٥٦

## شیکاری

جومگەیەکی نامۆ • ڕامان هەوشاری ١٧٢
توتالیتێری تێئۆکرات و لایەنگری تیرۆریزم • ڕۆژبین بۆکانی ١٧٨
ژینۆسایدی کورد • جەواد دانش پەژوو ١٨٦
دۆخی ژنان لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی سەردەمدا • ماردین هەورامی ١٩٢
لە دیندارییەوە هەتا چەکداری • ئاگری ئیسماعیل‌نژاد ١٩٨
لە خولیای شۆڕشی ئیسلامییەوە تا بازنەی داخراوی پێگەیاندنی هەمووتاکەکان • وڵات زاگرۆس ٢٠٦
شوێنپەنجەی مەکتەب قورئان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان • سیروان کرماشانی ٢٢٢
ئیسلامی سیاسی و تیرۆر • ژیار نەقشبەندی ٢٣٦
سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان • شاهۆ مەتین ٢٥٤
ناسیۆنالیزم چییە و کێ ناسیۆنالیستە؟ • عومەر حەمیدی ٢٦٠
اصلاح‌طلبی ایرانی (خوانشی با رویکرد جامعەشناسی معرفت) • آسو کوردستانی ٢٧٤

## ڕوانگە

ئێمە و ئەوانیتری حکوومەتی ئێران • مستەفا هیجری ٢٨٤

## وتووێژ

برایم فەرشی ٢٩٠
هاوژین مەلا ئەمین ٣١٠
حەسەن واژی ٣١٨

## وەرگێران

شۆڕش، کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەب قورئان ٣٤٢
کوردەکان و ئیسلام ٣٧٦
ناسیۆنالیسم، موسوڵمانەکان و «ئیسلامگەرایی» ٣٩٤
گۆڕانێک بەرەو کۆمەڵگەی شارستانی؟ ٤٠٠
بوون لە ناو کاتدا: بزووتنەوەی کورد و بەدواداچوونێکی جیهانی ٤١٦
ئایینی سیاسی و ڕۆژانە لە کوردستان ٤٣٤
تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی ٤٤٤
ئایین لە ناو کوردەکان ٤٥٢
تیۆرێکی لیبراڵیی جیابوونەوە ٤٧٠
ژیان وکار لە لێواری داگیرکاریی ناوخۆییدا ٤٨٤

## هەڵسەنگاندن

بەسیاسیکردنی ئیسلام ٥١٤
مەلاکان، سۆفییەکان و جیاباوەڕەکان: دەوری ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا ٥٢٤
کەمینە ئایینییەکان لە کوردستان: لەوبەری ڕێڕەوی سەرەکییەوە ٥٣٠

# سەروتار

ئایینــەکان، یەک لەدوای یــەک، هەوڵیان داوە واتایەک لە مرۆڤ و جیهان بەدەستەوە بدەن و هەڵســوکەوتی مرۆڤ بەگشــتی بە ئاقاری ئەو سیســتەمە واتاییەدا ببەن کە مەبەســتیانە. لەرۆژئاوا، لە ڕێنێسانســەوە، بۆچوون و میتۆدی زانستی کە ڕەهەندێکی دژەئایینیشــی تێدابوو پەرەی سەند، بەڵام دژایەتــی لەگەڵ ئایین لە ســەدەی نۆزدە بەم لاوە، لە زانســتدا بــوو بەرەوتێک و بە ئێستەیشــەوە شــوێندانەر و بەردەوامە. تا ئێرە دوو هەڵوێســتەی ئایینی و دژەئایینی، لە گێرەوکێشــە و تێکهەڵچووندان. ڕوانگەی ســێیەم کە ئاسۆی زانست فرە ڕەهەندتر لە جاران ئەبینێت، نائایینییە. واتە ئایین وەکوو دیاردەیەک چاو لێ دەکات و هەوڵ ئەدات لە بەستێنی گشتیی ژیانی مرۆڤ، لە پێش مێژووەوە تا ئێستەخوێندنەوەی بۆ بکات.

لــە کوردســتاندا هەر ســێ ڕوانگەکە هــەن. پرســیار ئەوەیە ئەو ڕەوتــە ئایینی و دژەئایینییانــە کــە بەهیــوان پانتــای کۆمەڵــگای کوردســتان لەخۆ بگــرن، بۆ نەیانتوانیــووە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردســتان بپارێزن. یان لانیکەم خەساری پــێ نەگەیەنــن؟ وەڵامــی ئەم پرســیارە سەرەڕای ڕەهەندە مێژووییەکەی، بیچم و ئاراستەیەکی سیاســیی هەیە. واتەڕەهەندە پێشووەکان لە ژێر چەتری سیاسەتدا یەک دەگرنەوە. ڕەوتە ئایینــی و دەژەئایینەکان، لــە پێناســە کردنی خۆیان بە ناســنامەی کوردســتانییەوە خۆیان بواردووە و تەنانەت لە دژی ئەو ناســنامەیەدا وەســتاونەتەوە. لەم ســەردەمەدا کە دەوڵەت-هۆزەکان (بەو واتایــەی کــە نوێنەرایەتیی دانیشــتووانی یەکەی سیاسیی ژێردەستی خۆیان ناکەن) لەرۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، ڕەوتە دژەئایین و ئایینییــە دژەنەتەوەییەکانیان کردووەتە ئامــرازی مســۆگەرکردنی ئامانجەکانیــان. دیارە لــە ئاکامی بنــج داکوتانی ئەو جۆرە ئیدیۆلۆژییانــەوە لەم ناوچەیــەدا، کورد بە بــەراورد لە گــەڵ نەتەوەکانی تــر، زۆرتر خەســاری پێ گەیشــتووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دەســەڵاتی سیاســیی نەبووە و بەرژەوەندیــی نەتەوەییی بــۆ وێنا نەکراوە. کۆمەڵگاکــەی بووەتە مەیدانــی تەراتێنی چەپی ئینتەرناســیۆناڵ و نێئۆعوسمانیزم و سەلەفیگەری و ڕەوتە دەستکردەکانی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستان.

لە ســەدەی ٢١دا مەترسیی سەرەکیی بۆ کوردســتان ئەو ڕەوتە ئیسلامییانەن کە لە کردەوە و هەڵوێستدا، دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەییــی کوردســتان و بزووتنەوەکەی دەجووڵێنــەوە. کاتێک ئایین و سیاســەت دەبنە هاوپەیمان زۆر مەترسیدار دەردەکەون. بەتایبــەت ئایین لە شــێوەی ئایدۆلۆژیای سیاســیدا لــە هەمــوو ئایدۆلۆژیاکانی تر مەترسیدارتر دەبێت؛ لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ بیروبــاوەڕی تاکەکان ســەروکاری هەیە و زیاتر لەوانەی تر لە ئاوەز دوور دەکەوێتەوە و هەڵگری پاساوی زیاترە بۆ خۆبەختکردن و کوشتنی مرۆڤەکان لە پێناو ئامانجەلێکدا کە خزمەت بــە مرۆڤایەتی ناکەن. دژایەتی لەگەڵ ئەوان، دژایەتیی ئایینی ئیسلام نییە. هەوڵی زانستی ئەوەیە بە ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و پێشــینەیان لە کوردستاندا، ئاراستە سیاســییەکەیان کوردستانی بێت. لــەم خاڵەدا، ڕوانگــەی نائایینــی دەتوانێ دوانــەی ئایین-دژەئایین لە بەســتێنێکی کوردســتانیدا بحاوێنێتــەوە. ویژمانــی نەتەوەییــی کوردســتان، نــەک دژایەتیی لەگەڵ ئایین یان هیچ ڕەوتێکی تردا ناکات، تەنانەت ڕێی خۆدەربڕینیشــیان پێ دەدات، بــە مەرجێک هەوڵی ســڕینەوەی یەکدی نەدەن . لە ڕوانگە گشتییەکەیدا، کوردستان دەبێتە بەستێنێکی فرەدەنگ و فرەڕەنگ کە ڕەنگە ئەو لایەنگەلە، لە پێناســەیاندا تەنیا خاڵی هاوبەشیان کوردستانی بوونیان بێت.

# “ سەکۆ ”

# تەوژمی ئیسلامیزم و ئیسلامی سیاسی:
## خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان

**سەعید شەمس**

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەرێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ.ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

## پێناسەی کەسی

سەعید شەمس لە ساڵی ٢٠٠٦ لە زانکۆی ڕۆیاڵ هالۆوەی دوکتۆرای کۆمەڵناسیی وەرگرتووە. لە ئێستادا مامۆستای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان. بەشێک لە نووسراوەکانی بریتین لە: ناسیۆنالیزم، ئیسلامی سیاسی و پرسی کورد لە ئێران: تێرامانێک سەبارەت بە هەڵکشان و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە ئێران (DVM Verlg, 2011)؛ ایرانیت و کردیت: همزیستی یا همستیزی (دەزگای موکریانی، ٢٠١١) و تیۆریی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ (چاپەمەنیی مانگ، ٢٠١٩).

## پێشەکی

چل و یەک ساڵ بە سەر شۆڕشی ئێراندا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا خشتەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تەواوی گۆڕاوە و وێژمانی ئیسلامی سیاسی بووەتە ئایدیۆلۆژیی زاڵ بە سەر ناوچەکەدا. کاتێ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی توانی ڕێژیمی پادشایی بڕوخێنێ، ئێران بۆ سەدە و نیوێک (١٥٠ ساڵ) لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتەدا بوو. دروشمەکانی ئەو شۆڕشە واتا ئازادی، سەربەخۆیی، و کۆماری(ئیسلامی)، نیشانەی ئەوە نەبوون کە دەسەڵاتدارێکی پاوانخواز و سەرەرۆی ئایینی لە ئێران دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت. بەڵام لە ئاکامی ململانێیەکی توندوتیژ و خوێنایی دوایی ڕووخانی ڕێژیمی پادشایی، گرووپێک لەهێزە ئیسلامییەکانی بەشداربوو لە شۆڕشدا، لایەنەکانی تریان سەرکوت و دەسەڵاتی سیاسییان بۆ خۆیان پاوان کرد.

هەر لە سەرەتاوە لایەنگرانی خومەینی، تەنانەت لەو کاتەی کە دەوڵەتی کاتی، بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان لە سەر کار بوو، دەستیان بە کوشت و کوشتار و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی دیکە کرد. ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە و ئەو توندتیژییانە کە لە مێژوودا کەم وێنە بوون، بە مەبەستی «بەئیسلامی کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا» لە پاشخانی وێژمانی «گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەک»، گەڵاڵە کرابوو و ڕەگ و ڕیشەی لە پانتایی کۆمەڵایەتی و لە ساڵانی پێش شۆڕشی سیاسیی ئێراندا داکوتابوو. هەر بۆیەش دەستەواژەی «بنچینەخوازیی ئیسلامی» بۆ پێناسەی ئەو تەوژمە و هێزی دەسەڵاتدار لە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە بە سووک و ئاسانی پەسەند کرا.

پسپۆڕانی زانکۆ ڕۆژئاواییەکان، زۆرتر هەوڵیان دەدا لە جیاتی دەستەواژەی «بنچینەخوازیی ئیسلامی» زاراوەی «ئیسلامی سیاسی»، بۆ ئەو تەوژمە سیاسییەی لە دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو هەنگاو بە هەنگاو پەرەی سەندبوو و لە شۆڕشی ئێراندا دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە گرتبوو، بەکار بێنن. لەو باسەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکەین بۆ چی دەستەواژەی «ئیسلامی سیاسی» لە جیاتی زاراوەی «بنچینەخوازیی ئیسلامی»[1] تۆکمەترە. بەو پێداگرییە، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، لە نێوان فیکری سیاسیی ئیسلامی لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ی زایینی(ئیسلامیزم)، لەگەڵ تەوژمی بیری سیاسیی ئیسلامی لە کۆتایی سەدەی ٢٠ (ئیسلامی سیاسی)، دەخەینە بەر باس.

دەستەواژەی بنچینەخوازی (فاندەمێنتالیزم) کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە لە ناو ڕیزی سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایی بۆ پێناسەی ئەو هێزە سیاسییەی کە لە ئێرانی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پادشاییدا، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و لە دۆخێکدا کە ئەو هێزە نە تەنیا شوێندانەری لە ناوچەکەدا هەبوو بەڵکوو کاریگەریی لە سەر کۆمەڵێک لە دانیشتوانی موسوڵمانی ئەورووپاش هەبوو، بەکاردەهێندرا.

له باری تیۆریکەوە ئەو دەستەواژەیە بۆ شی کردنەوەی هێزی سیاسیی حاکم لە ئێرانی دوای شۆڕش، بە چەند هۆ زۆر شیاو نەبوو.

یەکەم، ڕەچەڵەکی دەستەواژەی بنچینەخوازی دەگەڕێتەوە بۆ نەریتێکی ئایینی پرۆتێستان لە ڕۆژئاوادا. لەو گۆشەنیگایەوە وەکوو دەستەواژەیەکی بەراوەردکارانە، بۆ پێناسەی ئەو تەوژمەی نوێیەی ئیسلامییەی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەگونجاوە. بە واتایەک، بنچینەخوازی پەیوەست بوو بە نەریتێکی پرۆتێستانی کە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ئینجیل قسەی خودایە و پێویستە بە شێوەیەکی سەرڕاستانە لێکبدرێتەوە. بەو واتایە بەکارهێنانی بەراوەردکارانەی بنچینەخوازی بۆ تەوژمی نوێی ئیسلامی، لە جێی خۆی نەبوو و نییە. چونکە ئەگەر تەنیا ئەو بۆچوونە مەزهەبییەی پرۆتێستان، پێی وابوو کە ئینجیل قسەی خودایە، هەر موسوڵمانێک لە سەر ئەو باوەڕیە کە قورئان قسەی خودایە کە لە ڕێگەی فریشتە جوبرەئیلەوە بۆ موحەمەد ئاشکرا بووە و یان وەکوو وەحی هاتووە. گەلۆ لە پێناسەی وەحی، جیاوازی بۆچوون لە نێوان موجتەهیدە ئیسلامییەکاندا هەیە، بەڵام هیچ موسوڵمانێک لە سەر سەرچاوەی خودایی دەقی قورئان گومانی نییە، بەو واتایە، جیاواز لە یەک یان دوو نەریت، هەموو تێڕوانینێکی ئیسلامی بنچینەخوازە (زووبەیدە ۱: ۲). لێرەدا مەبەست حاشاکردن لە تێڕوانینی بنچینەخوازانەی ئەو تەوژمە سیاسییە نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ناکرێ تەنیا بەو تایبەتمەندییەوە شی بکرێتەوە.

دووەم، ناشیاویی بنچینەخوازیی ئیسلامی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئاماژە بە دووبارە سەقامگیرکردنەوەی شێوازێک لە ئیسلامی «ڕەسەن و بێ خەوش» دەکات، ئیسلامێک لە دەرەوەی گۆڕانکاریی مێژوویی و کاریگەریی مۆدێرنیتە کە ژیانی هاوچەرخی، موسوڵمانانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، هەر وا دەست لێ نەدراو ماوە. بێگومان بنەمای سەرەکیی ئایدیۆلۆژیی ڕێبەرانی ئەو تەوژمە لە سەر ئەو گریمانەیە وەستاوە، بەڵام لەوباسەدا هاوسان کردنی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی، بە دووبارە جێگیرکردنەوەی شێوازێک لە ئیسلامی ڕەسەن، کە ۱۴۰۰ ساڵ پێش ئیستا بوونی هەبووە، هەڵەیەکی فیکری و مێژووییە. بە پێچەوانەوە، وێژمانی ئیسلامی سیاسی چ وەکوو ئایدیۆلۆژی و چ وەکوو جووڵانەوەی سیاسی، بریتییە لە بەرنامەی بەئیسلامی کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتی مۆدێرن، لەو وڵاتانەی کە موسوڵمانان زۆرینەی دانیشتوانی پێکدێنن. لەو بەرنامە سیاسییەدا دەبێت لە پاڵ ڕەهەندی بنچینەخوازانە، کۆمەڵێک تێڕوانینی سیاسی و تا ئاستێک نۆژەیی (داهێنانە) و سەردەمەییانە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئاڵۆزی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران و هەروەها شوێنەکانیتر لە هەمووی ناوچەکەببیندرێت.

> **هەر لە سەرەتاوە لایەنگرانی خومەینی، تەنانەت لەو کاتەی کە دەوڵەتی کاتی، بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان لە سەر کار بوو، دەستیان بە کوشت و کوشتار و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی دیکە کرد**

لێرەدا مەبەست لە زاراوەی «ئیسلامی سیاسی» ئەو ئایدیۆلۆژی و جووڵانەوە سیاسییانەیە کە قورئان و حەدیس و دەقە ئایینییەکان، بە مەبەستی شەرعیەتدان بە ئامانجێکی سیاسی و سەردەمییانە و نائایینیی خۆیان، بەکاری دێنین و شێوازی بەکارهێنانی ئەو دەقانە زۆر هەڵبژێرانەیە. بە واتایەکی تر، بیرمەندان و ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوانە، بە شێوەیەکی دڵخوازانە بەشگەلێک لە قورئان و دەقە ئایینییەکان هەڵدەبژێرن و تێکەڵاوی

بیر، نەریت و دامەزراوەکانی قۆناغی مۆدێرنی دەکـــەن تا ڕووبـــەرووی دۆخێکی سیاســـی، ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و کەلتووری ببنەوە کە لە ئاکامی گەشە و پەرەسەنەندنی بازاڕی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا خوڵقاوە. زاراوەی «ئیســـلامی سیاســـی»، بێگومان ئەو پرسیارە زەق دەکاتەوە کە چەند جۆر ئیسلام ئیمکانی بوونی هەیە؟ لە ســـەر بنەمای باوەڕی باو و وزاڵ کە گۆیا ئایینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە ئایینێکی سیاســـی بووە، یانی تێکەڵاوێک لە لایەنی ئیمانی و ئایینی لەگەڵ سیاســـەت و دەوڵەت بووە. لەو گۆشەنیگایەوە دەستەواژەی ئیسلامی سیاســـی بە چەمکێکی ناتەبا لێک دەدرێتـــەوە. ڕێبەرانی جووڵانەوە سیاســـییە ئیســـلامییەکانی هەنووکە و هەروەها وێژمانی جەوهەرباوەڕانەی[٢] ڕۆژئاوایی ســـەبارەت بە ئیســـلام،[٣] هەوڵ دەدەن وای بســـەلمێنن، بەڵام مێژوو، لانیکەم مێـــژووی تۆمار کراوی شارســـتانییەتی ئیســـلامی، پێچەوانەی ئەو تیڕوانینە دەســـەلمێنێ. بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە تێکەڵاوی و یان یەکانگیریی دەوڵـــەت و ئایین، تەوەری ســـەرەکیی بیرە ئیسلامییە هاوچەرخەکانە، پێداچوونەوەیەکی کورت بەســـەر مێـــژووی بیری سیاســـی لە ئێسلامدا پێویســـتە، بۆ ئەوەی نیشان بدەین هەم ئـــەو خوازیـــە تەنیـــا نۆژەیەکی بیری ئیســـلامییە لە سەردەمی مۆدێرندا و هەمیش شـــرۆڤە و چۆنایەتیـــی گەڵاڵەکردنـــی ئـــەو ئاوێتەبوون و یەکانگیرییەی ئایین و سیاسەت و ئاکامەکانی، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگا لە بیری ئیسلامیی هاوچەرخ، زۆرجیاوازە.

لـــە ســـەردەمی پەیامبـــەر و خەلیفەی یەکەمدا، زۆر ئەســـتەمە بـــاس لە تێکەڵاویی دەوڵـــەت و ئایین بکرێت. لە خەلیفەی دووەم بەملاوە، کە مەڵبەند و دەسەڵاتگەی ئیسلامی پەرەی گرت، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان شێوە و ناوئاخنی حوکمڕانی، تیکەڵاوێک بوو لـــە حەکەمییەتی عەرەبی لەگەڵ نەریتی ئەو ناچاوانە کە پەیوەست ببوون بە دەسەڵاتگەی ئیســـلامییەوە. بەڵام لەو قۆناغەدا ســـەرنجی سەرەکیی کاربەدەستان، بە موسوڵمان کردنی دانیشـــتووانی ئـــەو مەڵبەندانە بـــوو، نەک ئاوێتەکردنی دەوڵەت لەگەڵ ئایینی ئیسلام.

لـــە دوو دەســـەڵاتی ئیســـلامی واتـــا ئۆمەوییەکان (۶۶۱-۷۵۰. ز) و عەباسییەکان (۷۵۰-۱۲۵۸. ز)، کە بە ســـەردەمی زێڕینی گەشەی شارستانییەتی ئیسلامی ناودەبردرێ، وەزعەکە چۆن بووە؟ لە بەشـــی هەرە زۆری ئەو مێژوویەدا، خەلیفە لە کردەوەدا پاشایەکی ســـەرەڕۆیە و تەنیا لە ناو و نیشاندا پەیوەستە بـــە پەیامبـــەر و نەریتـــی ئیســـلامی. یانی لە کـــردەوەدا دەوڵەت، بە واتای ســـوڵتان و فەرمانگەی ئیداری، سیاسی و سەربازیی ئەو، لە ژێر سوڵتەی شـــەریعەتدا نییە. بیرمەندان و پســـپۆڕانی ئایینـــی تـــا ئەو ئاســـتەی کە ســـوڵتان و دەوڵەت، ئاسایش و یەکگرتوویی جڤاتـــی ئیســـلامی دەپارێزن، بـــە دەوڵەتی ئیسلامی دەیناسن. لە دەورانی عەباسییەکان گەڵاڵەکردنی زانســـتی ئایینی ئیسلام(فێقهـ) دەستی پێ کرد و بە ئەنجام گەیشت و چوار مەزهەبی ســـوننی و چەند مەزهەبی شـــیعە بە فەرمـــی دامەزران و تا ئێســـتاش پێگەی شـــەرعیی خۆیان پاراستووە. زۆر دەگمەنە کە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی سوننی بۆچوونی ئیمام شافیعی (۸۲۰-۶۷۶. ز) و ئەبووحەنیفە، یـــان غەزالـــی (۱۱۱۱-۱۰۵۸) بخەنـــە ژێر پرســـیارەوە. بەڵام زۆربەی ئـــەو بیرمەندانە و هەروەها شەریعەتناسەکانی مەزهەبی شیعە، لە نووسینەکانیاندا، باس لە ڕوانگەی سیاسی، کە بۆ بیری سیاســـیی ئیســـلامیی هەنووکە گرینگـــە، ناکـــەن. نموونەی ئەحمـــەد ئێبن حەنبـــەل (۷۸۰-۸۵۵)، دامەزرێنی مەزهەبی حەنبەلی، شـــایانی باسە. حەنبەل لە دەورانی خەلیفـــە مەئمـــوون ڕووبەڕووی دەســـەڵاتی دەوڵـــەت بوو و زیندانی کرا. بەڵام ململانێ و کێشەکە لە ســـەر یەکێتیی ئایین و دەوڵەت

نەبوو، بەڵکوو لە سەر شرۆڤەی پێگەی قورئان بوو. واتا حەنبەل لە بەرانبەر بۆچوونی فەرمی و زاڵ، کـە قورئانی وەکوو داهێنەرێتیی خودا سـەیردەکرد کە شایانی شـرۆڤەیە، دەیگوت قورئان، وتە و قسـەی ڕاستەوخۆی خودایە و هیچ شرۆڤەیەک هەڵناگرێ.

بە گشـتی لـە دەورەی عەباسـییەکان، شـەریعەتی ئیسـلامی لـە مەزهەبەکانـی سـوننی و شـیعەدا کۆدبەنـدی کـرا، بەڵام قانوونـی بەڕێوەبەری تەنیا لە سـەر بنەمای شـەریعەت پەیڕەو نەدەکرا. شـەرع لە بواری ئەحواڵی شەخسـی و مەدەنی، و هەروەها لە بازرگانـی ڕەچاوەدەکرا، بەس لـە زۆر حاڵەتدا شـموولی خەلیفە (سـوڵتان) و کاربەدەستان و کارگێڕەکانـی، واتا «دەوڵەتی ئیسـلامی»ی، نەدەکرد. تەنانەت خودی دەوڵەت لە سەر بنەما و نەریتی شارسـتانییەتەکانی پێش ئیسلامی، واتا ساسانی و بیزانسی، دامەزرابوو. بەشیک لە ماڵیات کە سوڵتان (دەوڵەت)کۆی دەکردەوە لە سەر بنەمای شەرع بوو، بەڵام بەشگەلی زۆر لە سـەر بنەمای ناشەرعی کۆ دەکرانەوە. بۆ وینە لەو قۆناغەدا پیتاک بۆ فرۆشتنی خواردەنەوەی ئەلکۆڵی لـە لایـەن کارگێرانـی دەوڵەتەوە وەردەگیـرا، یانـی پیتاک لە شـتێک کە لە باری شـەرعییەوە پاوان کرابوو وەردەگیرا. بە سەرنجدان بەو ڕاستییە مێژووییە، لایەنگرانی ئیسـلامی سیاسی چۆن باسـی ئەو قۆناغەی مێژووی ئیسـلامی دەکەن. لە لایەکەوە، ئەوە قۆناغی زێڕینی گەشـەی ئیسلامی و شەرعی ئیسـلامییە، لەلایەکی ترەوە، ئـەو مێژوویە، پێچەوانەی ویژمانی سەرەکیی یەکێتیی ئایین و دەوڵەت نێشـان دەدا. ڕەنگە بۆ بیرمەندانی شیعە بە پاساوی سوننی بوون، ڕەدکردەنەوەی ئەو مێژوویە ئەسـتەم نەبێت، بەڵام ڕێبەرانی سـوننی ئایدیۆلۆژیـی ئیسـلامی سیاسـی، لەبەرانبـەر ئەو ڕاسـتییە، تەنیا بـێ دەنگی هەڵدەبژێرن. (زووبەیدە ۱: ۴۲-۴۱).

ڕێبەرانی ئایدیۆلۆژیی ئیسـلامی سیاسی، زۆر ئاماژە بە ئیبـن تەیمییە دەکەن و وەکوو نموونەی ئیسـلامیی ڕەسەن و وەکوو بەڵگەی شاکاری یەکێتیی ئایین و دەوڵەت لە مێژووی ئیسـلامییدا دەیهێنەوە. ئیبنـی تەیمییە کە پەیڕەوی مەزهەبی حەنبەلی بوو و خوێندنەوەی زۆر بنچینەخوزانەی بۆ قورئان و شەرع هەبوو، بە هۆی دژایەتی کردنی شـێخە سۆفییەکان، ماوەیەکیش زیندانی کرا. بەس ئەو ئاماژەکردنە بە ئیبنی تەیمییە، تەنیا یەک نموونەی مێژوویی لە خۆی دەگرێ. یانی کاتێ لێی دەپرسـن کە ئایا ڕەوایە حاکمە ئیسلامییەکانی ماردین، کە بە ڕەگـەز مەغول بوون، وەکوو موسـوڵمانی ڕاسـتەقینە بناسـرێن، ئیبنی تەیمییە، فەتوا دەردەکات نـا، بەو هۆیە کە ئەوان شـەرعی ئیسـلامیان لەگـەڵ یاسـای خۆیـان ئاویتە کردووە. گەرچی ڕێبەرانی سـوننیی ئیسلامی سیاسی، زیاد لە ئاستی پێویست ئەو نموونەیە بەکار دێنن، بـەڵام ناکرێ ئەوە وەکوو بەڵگە بۆ سـەلماندنی ئاوێتە بوونی سیاسەت و ئایین و کارگێڕی و شـەرع لە سەرتاسەری مێژووی ئیسـلامدا بێنینەوە و بڵێین ئەو دروشـم و نۆژەیـە، کە دەڵـێ «سیاسـەتی ئێمە هەمان دیانەتی ئێمەیـە»، مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە ڕاستییدا، فەتوای ئاوا، واتا بە غەیرەموسوڵمان ناسـاندنی حاکم، بە هۆی ئەوە کە بە شێوەی تەواو و هەموولایەنە شەرعی پەیڕەو نەکردووە، لە لایەن موجتەهیدە ئیسـلامییەکانەوە، زۆر دەگمەنـە. بـۆ وێنە، ئیبنـی تەیمییە هەمان فەتوای بە هیچ شـێوازێک بۆ سـوڵتان و یان حاکمەکانـی ناوچـەی خـۆی دەرنەکرد کە ئەوانیش بە شـێوەیەکی تر لە حوکمڕانییاندا بەتەواوی ڕەچاوی شـەرعیان نەدەکرد (هەمان سەرچاوە: ٨-٧).

## پاشـخانی مێژوویـی بیری سیاسـی ئیسلام، لە قۆناغی مۆدێڕندا

ڕەچەڵکـی بیـری مۆدێڕنـی ئیسـلامی، دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییی سـەدەی ١٩ی

زایینی کە دوو دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەو کاتە، عوسمانی و قاجار، بە هۆی هاتنی ڕۆژئاواییەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەسەڵاتی باڵای سەربازییان، تووشی ئەزمەیەکی قووڵ ببوون. سەرنجی سەرەکیی ڕووناکبیرانی ڕیفۆرمیستی عوسمانی و قاجاری، لەسەر لاوازی و وەدواکەوتوویی وڵاتەکانیان بە بەراوەرد بە ڕۆژئاواییەکان بوون. بە باوەڕی ئەو ڕووناکبیرانە هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی ئەمان و دەستی باڵای ڕۆژئاواییەکان، تەنیا هێزی باشتری ئابووری و سەربازیی ئەوان نەبوو، بەڵکوو پێکهاتەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی مۆدێرنی ئەوان هۆکاری پێشکەوتن و گەشەیان بوو. بەم جۆرە یەکەم نەوەی ڕیفۆرمیستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەدایک بوو. زۆرینەی ئەو ڕووناکبیرانە، دواجار بوونە بیرمەند و چالاکوانانی بیری ناسیۆنالیستی لە ناوچەکەدا، بەڵام بەشێکیان سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی بیری مۆدێرنی ئیسلامی بوون. لە حاڵێکدا کە ڕێبەرانی بیری ناسیۆنالیستی، ئایین و بیروباوەڕە پڕوپوچەکانیان بە هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی وڵات لێکدەداوە، کەسایەتییە ئیسلامییەکان، نەک ئایینی ئیسلام، بەڵکوو لادان لە پرەنسیپی ئایینی ئیسلامیان وەکوو هۆکاری وەدواکەوتوویی شارستانییەتی ئیسلامی و باڵادەستیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێشکەش دەکرد، هەر بۆیەش پرۆژەی چاکسازیی ئایینییان بەرزکردەوە. سەید جەماڵەددین و شێخ محەممەدی عەبدە، دوو کەسایەتیی بەناوبانگی ئەو تەوژمە بوون.

بە کورتی میراتی چاکسازیی ئایینی و بیری مۆدێرنی ئیسلامی بریتی بوو لە: باوەڕ بە توانستی ئایینی ئیسلام بۆ ڕێبەری کردنی موسوڵمانان، ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ بیری پڕوپووچ کە بە ناوی ئایینی پەرەیان سەندووە؛ شرۆڤەی عەقڵانی لە قورئان؛ سەلماندنی ئەوەی کە بنچینەکانی ئایینی ئیسلام، ناتەباییان لەگەڵ زانست و بیری نوێ نییە و خەبات لە دژی ئیستێعمار و سەرەڕۆیی سیاسی. دواجار شێخ عەبدە بەو قەناعەتە گەیشت کە تا ئەو کاتەی خەڵکی میسر نەزان و نائاگان، ناتوانن ئینگلیسییەکان لە وڵاتی خۆیان دەربکەن، هەر بۆیە بیری مۆدێرنی ئیسلامی و چاکسازیی فیکری ئایینی، دەبێت لە پێش خەباتی سیاسی لە دژی ئێستێعماردا بێت. بۆ عەبدە، چاکسازیی ئایینی، هۆکاری بنەرەتیی هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو. ئەو ڕێبازە لە لایەن ڕەشید ڕەزا، قوتابی و هاوکاری عەبدە، تا ساڵەکانی سی (٣٠)ی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو.

لە نێوان کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تا دەیەی سی (١٩٣٠)، لە حاڵێکدا سەید جەماڵەددین و عەبدە کۆچی دواییان کردبوو، ڕەشید ڕەزا، پێداگریی لەسەر چاکسازیی ئایینی، بە شموولی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە دامەزراوەی خەلافەتی ئیسلامی، دەکرد. بە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی لە لایەن دەوڵەتی تورکییەوە، ئەو پرسە بوو بە ڕۆژەڤی سەرەکیی ڕێبەرانی ئیسلامیزم. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە دوو قۆناغدا جێبەجێ کرا. لە پاییزی ١٩٢٢ پارلەمانی نەتەوایەتی بڕیاری دا کە سەڵتەنەت لە خەلافەت جیا کاتەوە و سەڵتەنەت بۆ سیستەمی سیاسیی کۆماری، بگۆڕدرێ. قۆناغی دووەم لە کۆتایی ١٩٢٣دا

> **لێرەدا مەبەست لە زاراوەی «ئیسلامی سیاسی» ئەو ئایدیۆلۆژی و جووڵانەوە سیاسییانەیە کە قورئان و حەدیس و دەقە ئایینییەکان، بە مەبەستی شەرعیەتدان بە ئامانجێکی سیاسی و سەردەمییانە و نائایینیی خۆیان، بەکاری دێنین**

بوو، خەلافەتیش وەکو دامەزراوەیەکی فەرمی هەڵوەشایەوە(عەنایەت٢: ٥٤-٥٣).[٤] ڕەشید ڕەزا، دامەزراوەی خەلافەتی بۆ وەدیهێنان و پاراستنی یەکگرتوویی ئیسلامی، بە باشترین ئامراز دەزانی. هەر بۆیەش بەردەوام لە هەوڵی دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەتدا بوو. پاش چەند هەوڵی ناسەرکەوتوویانە لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو قەناعەتە کە دامەزراوەی خەلاڤەت لە چەشنی «پاپاسی» لە مەزهەبی کاتۆلیک ڕێکبخاتەوە. واتا کەسێک کە هەم لە باری زانستی ئایینییەوە زانا و هەمیش سەر بە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی عەرب بێت، وەکوو خەلیفەی دەستنیشان بکەن. دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە لایەن دەوڵەتی تورکییەوە، شەریفی مەککە لە ساڵی ١٩٢٤خۆی وەکوو خەلیفەی موسوڵمانان ڕاگەیاند، بەس تەنیا لە ئوردون، حیجاز و عێراق بەیعەتیان لەگەڵ کرد. میسرییەکان و هیندووەکان ئەو کارەیان نەکرد. لە کۆتاییدا، ڕەشید ڕەزا وازی لەوەش هێنا. بە گشتی ڕوانگەی عەبدە و ڕەشید ڕەزا، «ئەگەر بەردەوام ببا دەگەیشتە سێکۆلاریزم». بۆ وێنە، یەکێک لە گرینگترین باوەڕەکانی ئەوان سەبارەت بە سیاسەت، ئەوە بوو کە سوڵتەی حکوومەتی ئیسلامی تایبەتمەندیی مەدەنی هەیە نەک شەرعی، هەڤیازی(امتیازیات) پێگەی خەلیفە و حاکم و قازی و موفتی لە شەرعەوە سەرچاوەناگرێ، بەڵام شەرع ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەوان دیاری دەکات، بەو هۆیەوە، نابێ خەلافەت لەگەڵ ئەو دیاردەیە کە ڕۆژئاواییەکان وەکوو تیۆکراسی یان خوداساڵاری ناوی لێ دەبەن یەکسان بگیرێ» (عەنایەت١: ١٥١).

لە ساڵی ١٩٢٨ ئیخوانولموسلیمین دروست بوو. بە پێچەوانەی باوەڕەی باو، ئیخوان لە بەشی زۆری مێژووی خۆیدا، نەک جووڵانەوەیەکی فیکری-سیاسیی یەکدەست، بەڵکوو بەرەیەکی جۆراوجۆر بوو. لە سەرەتا ئیخوان، تێڕوانینی سەبارەت بە حکومەتی ئیسلامی، لە چوارچێوەی فیکری ڕەشید ڕەزادا بوو(عەنایەت٢: ٨٧)، بەڵام بە هاتنی سەید قوتب بۆ ڕیزی ئیخوان، تەوژمێکی نوێ لە ڕیزی ئیخوان و لە ڕیزی بیری ئیسلامیدا پەرەی گرت کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ فێکری عەبدە و ڕەزا. بە کورتی قوتب خولیای دووبارە وێناکردنەوەی «مێژووی پیرۆز»ی لە مێشکدا بوو. یەکەم قۆناغی ئەو مێژوویە، کاتێ دەستی پێ کرد کە پەیامبەر و پەیڕەوانی، شانەکانی جڤاتی ئیماندارانیان لە دژی کۆمەڵەی نەزانی (جهالیه) دامەزراند؛ دوایە کاتێک کە بە ڕادەی پێویست هێزیان پەیداکرد، لە ڕێگەی کۆچ (هیجرە) لە مەککە بۆ مەدینە، بە تەواوی خۆیان لەکۆمەڵگای نەزانی جیاکردەوە. لە مەدینەوە، شەڕی پیرۆزی (جیهاد)یان لە دژی کافرەکان بەرپاکرد و لە ئاکامدا کۆمەڵگای ئیسلامیان دامەزراند.[٥]

یەکێک لە نۆژە و داهێنانەکانی سەید قوتب، بەکار هێنانێکی تایبەت بوو لە چەمکی نەزانی (جاهیلییە) لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لە دۆخی مۆدێرندا. لە ڕوانگەی قوتبەوە، وازهێنان لە قانوونە ئیسلامییەکان و باوەڕی ئایینی، بە تایبەت لە دوای ئیستێعماری ڕۆژئاوا، جیهانی ئیسلامیی وەکوو قۆناغی پێش ئیسلام خستۆتە ناو جاهیلییەت و لە ئاکامدا بەوە دەگات کە تەواوی حکوومەتە غەیرە ئیسلامییەکان، بە میسریشەوە، ناشەرعین و دەبێت بڕوخێندرێن و ئەرکی موسوڵمانانە کە

> **بە گشتی لە دەورەی عەباسییەکان، شەریعەتی ئیسلامی لە مەزهەبەکانی سوننی و شیعەدا کۆدبەندی کرا، بەڵام قانوونی بەڕێوەبەری تەنیا لە سەر بنەمای شەریعەت پەیڕەو نەدەکرا**

وەکـــوو نموونەی پەیامبەر لـــەو چەند قۆناغە بۆ گەیشـــتن بە حکومەتی خـــودا، خەبات و مێژووی پیرۆز زیندوو بکەنەوە.

## ئیسلامی سیاسی

وەکوو پێشـــتر ئاماژەی پێ کرا، مەبەســـتی ئێمـــە لە زاراوەی ئیســـلامی، ئەو ئایدیۆلۆژی و جووڵانەوانـــەن کە ئامانجـــی دامەزراندنی «نەزمێکی ئیســـلامی» واتا دەوڵەتی ئیسلامی، قانوونـــی شـــەرع، پاوانکـــردن و چاوەدێریی هەڵسوکەوتی خەڵک لە ڕێگەی بەها ئەخلاقی-کۆمەڵایەتییەکانی «ئیســـلام»، لـــە بەرنامەیاندا هەیە. لە چوارچێوەیەکی گشـــتیدا، ئیسلامی سیاسی و ئیســـلامیزم (بە شمووڵی ئیخوان) لە ڕووی مێـــژوو، ڕەچەڵەک و ســـەرچاوەی لێوەهاتنیان و مەعریفییان زۆر لێک نیزیکن. بەڵام ســـنوورێک لە نێوان ئەو دوو شەپۆلەی بیری ئیسلامی دەبێت وێنا بکرێت. ڕەهەندی سەرەکیی جیاوازییەکە، جەختێکی تایبەتە کە ئیسلامی سیاسی لە سەر دامەزراوەی دەوڵەت هەیەتی، کە خۆی ئاکامی ئاوێتەکردنی بیری کەســـانی وەکوو ڕەشـــید ڕەزا لە لایەکەوە و سەید قوتب لە لایەکی ترەوە لە چوارچێوەی تێڕوانین و وێژمانێکی نوێدایە.

ڕەشـــید ڕەزا، دوای ئـــەوە کە لە پرۆژەی دامەزراندنـــەوەی خەلافەتـــی ئیســـلامی نائۆمێـــد دەبێـــت، بـــاس لـــە حکوومەتـــی ئیســـلامی دەکات، بەڵام پێناسەیەکی ڕوون بە دەســـتەوە نـــادات. هاوکات هـــەم «الدولة اســـلامیة» و هەمیش «الحکومة اســـلامیة» بـــەکار دێنێ (عەنایـــەت۲: ۷۷). لە دوو تەوەردا بیـــری عەبـــدە و ڕەزا هەم لەگـــەڵ قوتب و هەمیش لەگـــەڵ ئایدیۆلۆگەکانی ئیســـلامی سیاسی بە تەواوی جیاوازە. یەکەم؛ حکومەتی ئیســـلامیی پێشـــنیاری ڕەزا، گەڕانەوەیەکی هەمەلایەنـــە بۆ ســـەرچاوە ئایینییـــەکان لە ئیســـلامدا نییە، چونکە لە ئیســـلامدا باوەڕ، پرســـێکی تاکێتییانەیە و لە ئاکامدا سوڵتەی سیاســـیی ئاییـــن، ڕەوا نییـــە. دووەم، بـــە ڕەچاوکـــردن و جیاکردنـــەوەی دوو کۆڵەکە لە ئایینی ئیســـلامدا واتا پەرستن(عیبادات) لەگـــەڵ کاروبـــاری کۆمەڵایەتی، لـــە نێوان موســـوڵمانەکان و بەشـــێکی زۆری کاروباری کۆمەڵایەتی (مەعامـــلات)، خەڵک دەکەوێتە چوارچێوەی فەرعیی شەرع و بۆیەش بابەت و بواری قانوونیی نوێ، عورفی و مرۆیی دەبێت (عەنایەت۲: ۸۲-۸۰).

لەلایەکەوە، بە پێچەوانەی ڕێبەرانی بیری سیاســـیی ئیســـلامی هاوچەرخ، سەیدقوتب بە ڕوونی پێی لە ســـەر ئـــەوە دادەگرت کە «ئیســـلام، ئایدۆلۆژییەکـــی کۆمەڵایەتی نییە کە پرســـی دادپەروەری و یان ئازادی و یان گەشـــەی ئابووریی مرۆڤ بەشـــێک بێت لە بەرنامەی سیاسییەکەی. ئیسلام تەنیا باوەڕە و ئامانجی سەرەکیی پێشەنگی باوەڕ، چاندنی ئیســـلام لە دڵ و میشکی خەڵکدایە. بەشێک لەو باوەڕە بریتییە لە وەدیهێنانی دەســـەڵاتی خـــودا و هەر بۆیەش بەرنامەیەکی سیاســـی هەیە کە بریتییـــە لە ڕووخاندنی حوکمڕانیی مرۆڤ و کۆتایی هێنـــان بە دەوڵەتی نەزانی» (جەهالییە) (زووبەیدە ۱: ۵۳-۵۲). لە حاڵێکدا وێژمانی ئیسلامی سیاسی لە سەر دوو خوازە وەســـتاوە: یەکەم؛ ئایینی ئیســـلام، خاوەنی قانوونی شەرعە کە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و قانوونیـــی تایبەت بە خـــۆی هەیە و ئەوانە لە زانســـتی فێقهدا گەڵاڵەکـــراون؛ دووەم، ئەو زانستە بۆ هەموو سەردەمەکان دەبێت و ئەوە فەرمانی خودایە کە موســـوڵمانان لە هەموو ســـەردەمەکاندا لەو چوارچێوەیەدا بژین. هەر دوو ئەوانە لەگەڵ بیری ئیســـلامیی سەرەتای سەدەی پیشوو (ئیسلامیزم) جیاوازییان هەیە.

بە واتایەکی تر، عەبدە و ڕەزا و هاوفکرانیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بڵێن: ئیسلام دەتوانێ خۆی لە بیری نـــوێ و مۆدێرندا بگونجێنێ و تا ئاستێک، بوونی مەجلیسێک کە نوێنەرانی خەڵک تێیدا قانوون بۆ ئیدارەی وڵات دابنێن،

لە ڕوانگەی ئەواندا لەگەڵ باوەڕی ئیسـلامی ناتەبا نەبـوو. بەڵام، قوتب، نـە تەنیا هەموو ئەزموون و بیری مۆدێرنی وەکوو جاهیلییەتی ڕۆژئـاوا ڕەد دەکردەوە، بەڵکـوو هەوڵدان بۆ هەر چەشـنە دەسـەڵات و حوکمڕانییەکی مـرۆڤ، لای ئەو کوفر بوو. سـەیدقوتب، نە تەنیا کەلتـووری ڕۆژئاوایـی ڕەد دەکردەوە، بەڵکوو ئەو هاوڕەگەز و موسوڵمانانەیشـی کە لە ژێر کاریگەریی ئـەو کەلتوورەدا بوون، بە کافر دەناسـاند. لە ڕاستیدا لە خولیای دووبار ژیانـەوەی کەلتووری ڕەسـەنی ئیسـلامیدا بـوو و بەو واتایـە خاڵی هاوبەشـی لەگەڵ ناسیونالیزمی پۆپۆلیستدا هەبوو کە پاراستنی ڕەسـەنایەتیی کەلتوور، بە ڕێگەی ڕزگاری لە دەستی بێگانەویستی دەبینێ.

دستپێکی ئیسلامی سیاسی هەم لە ئێران و هەمیش ناوچە، بۆ وێنە لە میسر و پاکستان، دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو. هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدان و گەشەی ئەو تێروانینە، لاوازی، نسـکۆ وناسەرکەوتوویی ناسـیۆنالیزمی سـێکۆلار، هەم بۆرۆکراتیک و هەمیـش پۆپۆلیسـت بـوو. بـۆ وێنە، لە میسـر چەند گرووپی نوێی ئیسلامی وەکوو «ئاکادێمیی سـەربازی» (الفنیه العسـکریه)، «تەکفیـر و ئەلهیجـرە» و «کۆمەڵـگای موسـوڵمانان»، لە دوای نسـکۆی «ناسریزم» پێکهاتن. لە پاکستان «جەماعەتی ئیسلامی»، کە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی پاکستان، بە توندی لە ڕوانگەی ئیسـلامییەوە دژی ئەو بڕیارە وەسـتابوو، لە ساڵی ١٩٧٧ بە ڕابەریی مەولانا ئەبووعەلا مەدوودی، بوو بە پاڵپشـتی سەرەکیی بەرنامەی بەئیسلامیکردنی ژێنێراڵ زیائولحەق، کە لە ڕێگەی کودەتا دەسـەڵاتی بە دەسـتەوە گرتبوو. لـە ئێرانیش هەر لەو دەیەیەدا، لە ژێر کاریگەریی وێژمانی «گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵک» لە لایەن ڕووناکبیرانی ئایینی و سـێکۆلارەوە، باشترین بەسـتێن بۆ گەشەی ئیسـلامی سیاسـی ڕەخسـا. ئەو بەستێنە خۆی ئاکامی ئەزمەی قووڵی ناسـیۆنالیزمی سـێکۆلار، هەم بـە شـێوازی بۆرۆکراتیک (لایەنگرانـی ڕێژیمی پەهلـەوی لە ئێران) و هەمیش پۆپۆلیست (ناسێریزم لە میسر) بوو. لە ڕاسـتییدا باشترین پێناسـە بۆ ئیسلامی سیاسـی، بریتییـە لە ئاکامـی ئاوێتەکردنی ناسـیۆنالیزمی پۆپۆلیست، لەگەڵ ئیسلامیزم لـە پانتایی کەلتووریدا. بەسـتێنیک کە لە ئێران لە ژێر شوێندانەریی فکری جەلالی ئالی ئەحمەد و عەلی شەریعەتی، واتا ئاوێتەکردنی وێژمانی پۆپۆلیسـتیی ناسـیۆنالیزمی ئێرانی، لەگـەڵ نەریتی مەزهەبی شـیعە، بواری بۆ ڕەخسابوو.

بەرنامەی سیاسیی ئەو تەوژمە، بریتییە لە ڕووخاندنی ڕێژیم و حاکمی غەیرە ئیسـلامی (بۆ وێنە: شـا لە ئێران و سـادات لە میسر)، بونیادنانـەوەی نەزمی ئیسـلامی لە ڕێگەی بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی و گشـتاندن و پەیڕەوکردنی شەرعی ئیسلامی. شـەرعی ئیسـلامی، بـە پێی بانگەشـەی ئـەوان، تەواوی ئەو شـتەیە کـە مرۆڤ بۆ بێ کەمایەسـی بـوون و بەختەوەریی خۆی پێویستێتی. شەرعی ئیسلامی بۆ هەموو وەرز و سەردەمەکانە. بەڵام هاوکات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، دەوڵەتی شۆڕشـگێڕی ئیسلامی پێویسـتە. پرۆبلێماتیکی ئیسـلامی سیاسی، لە چەمک و پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە سەرچاوەدەگرێ: یانی لە لایەکەوە، قانوون و شەرعی ئیسلامی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای ئایینیی ئیسـلامیی ئەزەلـی و هەتاهەتایی، بەڵام لـە لایەکی ترەوە، ئـەو قانوونە تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەی دەوڵەتی شۆڕشـگێڕی ئیسـلامییەوە دەکرێ وەدی بێت. بەڵام لەو ساتەوە کە دەوڵەت سـەری هەڵداوە بریتیی بووە لە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە بنەمای مـاددی، کە ڕەگ و ڕیشـەکانی لە پێکهاتە سیاسـی و ئابوورییەکانـی کات و شـوێنی خۆیـدا بـووە. ناتەبایی لێرەوە سـەرهەڵدەدا

کە دیارەدەیەک کە خودایی، ئەزەلی و هەتاهەتاییە، بۆ سەقامگیر بوونی، پێویستی بە ئامرازێکە بە نێوی «دەوڵەتی ئیسلامی»، کە خۆی دیاردەیەکی زەمانبەر و مێژووییە.

بە پێچەوانەی باوەڕ و بانگەشەی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی، زۆر ئەستەمە لە دەورانی مۆدێرندا، باس لە دەوڵەتی ئیسلامی بکرێت. کارگێران و خاوەندارانی دەوڵەت، دەتوانن موسوڵمان بن، بەڵام زۆر ئەستەمە باس لە دەوڵەتی ئیسلامی بکەین. یەکەم؛ لە قورئان و حەدیسدا بە ڕوونی هیچ چوارچێوەیەک بۆ دامەزراوەیەکی سیاسی و جۆرەکانی دەوڵەت، و شێوازی و ڕێکخراوەی دەوڵەت، باسی لێ نەکراوە. دووەم؛ دوای ئەوەی کە ئیسلام پەرەی سەند، لە ئیمپراتورییە ئیسلامییەکاندا مانا و واتای دەوڵەت تا سەردەمی مۆدێرن، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو. تا کۆتایی سەدەی ١٩ی زایینی، لە لای پسپۆڕانی ئیسلامی، سوڵتە و حوکمڕانی سروشتی تاکێتییان هەبوو، واتا سوڵتە و دەسەڵاتی سیاسی، بە شەخسی حاکم (سوڵتان، خەلیفە، و یان ئەمیر) و یان بنەماڵەی حاکمەوە بەسرابووە. وشەی دەوڵەت (دەوڵە لە زمانی عەرەبی) کە ئێستا لە کەلتووری سیاسییدا لە جیاتی (state)بەکار دەهێندرێت، هەمدیسان گرێدراوی شەخسی حاکم بووە (زوبیدە ۴: ۱۱۷). بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ی زایینی بەملاوە، ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی موسوڵمانان، کەوتە دۆخێکی نوێوە کە پێش هەموو شتیک گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیاسیی کردە ئەمری واقیع. دوو دەسەڵاتی موسوڵمانی ئەو کاتە، واتا عوسمانی و قاجار، لە ژێر شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران و تەنزیمات و شۆڕشی تورکە گەنجەکان لە تورکیا، بەرەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاویان نا. واتا دەوڵەت لە سەردەمی ئێستادا، چ لە پێکهاتە و چ لە ئەرکەکانی، ناکرێ لە چوارچێوەی تێڕوانینی نەریتیدا قەتیس بکرێت.

بۆ وێنە، لە دوای شۆڕش ساڵی ١٣٥٧ی ئێران، ئیسلامییەکان، پاش سەرکوتکردنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو لە شۆڕشدا، بە تەرخان کردنی بودجەیەکی بێ وێنەی مرۆڤی و ماددی، سەرقالی پرۆژەی بە ئیسلامی کردنی دەولەت و کۆمەڵگای ئێران بوون. دوای ئەو ماوەیە، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی فۆرمێکی مۆدێرندا، دەوڵەتێکە کە بە وەزارەتەکان و بۆرۆکراسیی بێ سنوورییەوە، هەر لە جێی خۆیەتی. پرسیار ئەویە کە ئاکامی ٤٠ ساڵەی بە ئیسلامی کردن لە بوارە سیاسی، ئابووری و یاساییەکان لە ئێراندا چی بووە؟ لە باری سیاسییەوە: یەکەم؛ بە ئیسلامی کردنی دەوڵەت لە کارگێڕ و کارمەنددا قەتیس کراوە. لە دوای شۆڕشەوە، پرۆژەی بژارکردن و دەرکردنی هەر کەسێک کە «مەکتەبی»، ـ واتا لە ڕوانگە و داوەریی ئەوانەوە باوەڕی بە ئیسلام ـ نەبوو، لە تەواوی دامەزراوە دەوڵەتییەکان جێبەجێ کرا. دووەم، لە سەرەتای شۆڕشەوە، دروستکردنی دامەزراوەی هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتەکانی دەوڵەتی کۆن: سوپای پاسداران لە بەرانبەر ئەرتەش، جیهادی سازەندگی لە بەرانبەر وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرێوە چووە. ئاکامی ئەو بە ئیسلامیکردنەوەیە، پاوان و کۆنترۆڵی سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە لایەن ڕووحانییەتەوە و خەملاندنی وێژمانی سیاسی

> **مەبەستی ئێمە لە زاراوەی ئیسلامی، ئەو ئایدیۆلۆژی و جووڵانەوانەن کە ئامانجی دامەزراندنی «نەزمێکی ئیسلامی» واتا دەوڵەتی ئیسلامی، قانوونی شەرع، پاوانکردن و چاوەدێریی هەڵسوکەوتی خەڵک لە ڕێگەی بەها ئەخلاقی- کۆمەڵاتییەکانی «ئیسلام»، لە بەرنامەیاندا هەیە**

به دەستەواژە ئیسلامییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی زمانەوانی و قسەزانیی ئایینییەوە بوو. بەدەر لەو ڕەهەندە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیچ تایبەتمەندییەکی تری نییە کە ئیسلامی بێت.

لە باری ئابوورییەوە، لە ئێرانی ۴۰ ساڵ دوای شۆڕش، نەتەنیا سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری هەر وەک ڕابردوو زاڵە، بەڵکوو نموونەی یەکێک لە بۆرۆکراتیکترین، گەندەڵترین و مشەخۆرترین سسیستەمەکانی سەرمایەداری لە هەموو جیهانە. لە باری یاساییەوە، چەند ڕەهەندی شەرعی خراونەتە نێو قانوونی بنچینەییی کۆماری ئیسلامییەوە و بڕیارەکانی مەجلیس و دەوڵەت، دەبێت خۆیان لەگەڵ شەرع بگونجێنن. بەڵام کاتێ خومەینی زیندوو بوو، لە ململانێی نێوان مووسەوی، سەرۆک وەزیران و خامەنەیی، سەرۆک کۆماری ئەو کاتە، بۆ لای مووسەوی لابژێری کرد و فەتوای دا کە دەوڵەتی ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندیی ئۆمەی ئیسلامیدا، دەتوانێ نەتەنیا بنەما لاوەکییەکانی شەرعی بەڵکوو بنەما سەرەکییەکانی شەرعیش سڕ بکات و بەکاریان نەهێنێت.

میراتی ۴۰ ساڵەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ناوچەکە، دەرخەری ئەزمەیەکی قووڵ و شکستە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کەلتووری و ئەخلاقیدا. بە شێوەیەک کە ئەمڕۆ زۆر کەس باس لە قۆناغی پاش-ئیسلامیزم لە ناوچەکەدا دەکەن. بەڵام ئەو نسکۆیە، بە وتەی ئۆلیویێر ڕۆی، پیش هەموو شتێک نسکۆیەکی مەعریفەتییە. بۆ؟ لە ڕوانگەی مەعریفەتییەوە، ئیسلامی سیاسی لە سەر بنەمایەک وەستاوە کە ڕەهەندی نۆژەیی و داهێنانی خۆی لەناو دەبات.

> **لە ڕاستییدا باشترین پێناسە بۆ ئیسلامی سیاسی، بریتییە لە ئاکامی ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیست، لەگەڵ ئیسلامیزم لە پانتایی کەلتووریدا**

وەکوو ڕۆی باسی لێ دەکا: «بیری ئیسلامی، لە سەر کۆڵەکەیەک وەستاوە کە خاڵە داهێنەرانەکانی خۆی لە ناو دەبات: لەلایەکەوە، وەکوو باسی لێ دەکرێ، کۆمەڵگای سیاسیی ئیسلامی، مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی کە ئیماندار بە پاکی و ڕەوشت چاکی بگات؛[۶] بەڵام لە لایەکی ترەوە، کارکردەکانی ئەو کۆمەڵگایە و نموونەی ڕەوشت چاکی، تەنیا لە ڕێگەی ئەندامانی کۆمەڵگا و بە تایبەت لە ڕەفتاری ڕێبەرەکانییەوە، وەدی دێت. بە کورتی، گەشەی بیری ئیسلامی، کە بیری سیاسیی تەواوە، لە کۆتاییدا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بەشەکان(دامەزراوەکان)ی تر دادەبڕێ و، ئەوان تەنیا وەکوو ئامرازێ دەبینێ بۆ گەشەی ستانداردە ئەخلاقییەکان و دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی نەریتیی مەلاکان».

دووەم؛ نسکۆی ئیسلامی سیاسی مێژووییە، چونکە نە لە ئێران و نە لە ئەفغانستان کۆمەڵگایەکی نوێ وێنا نەکراوە (ڕۆی: x). ئەو نسکۆیە مێژووییە، چونکە ئیسلامی سیاسی لە بۆشاییەکدا کە ئەزمەی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و بۆرۆکراتیک خولقاندبووی و لە دۆخێکدا کە ویستی ئازادی و پەرەسەندنی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگا ببوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵک، بە وێژمانێکی پۆپۆلیستی-مەزهەبی هاتە مەیدان و بە کۆمەڵێک هۆ کە لێرەدا دەرفەتی شی کردنەوەیان نییە، دەسەڵاتی سیاسیی پاوان کرد. بەڵام لە ماوەی ۴۰ ساڵی ڕابردوودا، نەتەنیا نەیتوانیوە نموونەیەکی باشتر بە کۆمەڵگا پیشکەش بکات، بەڵکوو لە جیاتی ئازادی و پەرەسەندنی سیاسی، تیۆکراسی، سەرەڕۆیی و تۆتالیتاریزمێکی بێ سنوور و بێ وێنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگیر کردووە. لە بواری گەشەی ئابووریدا، سیستەمێکی مشەخۆر و گەندەڵی سازکردووە کە زۆرینەی کۆمەڵگا هیچ



ئاسایشـــێکی کاری و شوغڵیی بۆ نەماوە. لە پاڵ ئەوانە، سوڵتەی ئیســـلامی سیاسی ئەزمەیەکی نوێ، «ئەزمـــەی کۆمەڵایەتی»ی، خوڵقاندووە کە پێشـــتر بوونی نەبووە. ئێســـتا بۆ وێنە لە ئێران، خەڵـــک تەنیا لـــە نەبوونی ئازادیی سیاســـی و دۆخێکی نالەبـــاری ئابووری و هـــەژاری وەزاڵە نەهاتوون، بەڵکوو قورساییی قەیرانی کۆمەڵایەتی، لە سەر شانی ئەوانە.

## پەراوێز

[1]. Islamic fundamentalism

[2]. Essentialist

[3]. بۆ وێنە ڕوانگەی گێڵنێرلە کتێبی "کۆمەڵگای موسڵمان"

[4]. لـــە دۆســـییەیەک کە دوای ئـــەو کارە بڵاو بـــووەوە، هۆکاری هەڵوەشاندەنەوەی خەلافەت شی کراوەتەوە، کە تەنانەت بۆ ئیستاش جێی سەرنجە. لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە کە بە وردی باسی بکەین، بـــەس ڕەنگـــە ئاماژەیەکی کورت بـــە دوو هۆکار ســـوودمەند بێت. "یەکەم، لەو دۆســـییەیەدا هەوڵ درا کە لە نێوان بیری ســـێکۆلار و ئایینی، سەبارەت بە ئەرک و سیستەمی دەوڵەت، پارسەنگی پێکبێت. دووەم، بـــاس لە ئەوە دەکەن کە خەلافەت قەت ســـەرۆکایەتییەکی خودایی نەبـــووە، بەڵکوو دامەزراوەیەک بوو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئیش و کاری موســـوڵمانان. خەلافەتی ڕاســـتەقینە، تەنیا سی ساڵ دوای کۆچـــی دواییی پەیامبەر بەردەوام بوو، ئەوانی تر هەموویان جەلەبی بوون و تەنیا بە هێزی زۆرەوە حوکمڕانییان کردووە و ئێســـتا ناتوانن ئەو ئەرکانەی کە پێیان ســـپێردراوە بەجـــێ بگەیەنن. هەر بۆیەش موسوڵمانان ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە حکومەتێک کە خۆیان سوودمەندی دەبینن." (عەنایەت: ۵۶-۵۵)

[5]. بڕوانە سەید قوتب نشانەهای راە، (معالم فی الطریق).

[6]. Virtue


## سەرچاوەکان

### فارسی

ـ عنایت۱، حمید (۱۳۷۶) سیری در اندیشه سیاسی عرب: از حمله ناپلئون به مصر تا جنگ جهانی دووم، چاپخانه سپهر، تهران

ـ سروش، عبدالکریم (۱۳۷۵) قبض و بسط تئوریک شریعت: نظریه تکامل معرفت دینی، چاپ پنجم،موسئسه فرهنگی صراط، تهران

ـ شبستری، محمد مجتهد (۱۳۷۹) نقدی بر قرائت ڕسمی از دین: بحرانها، چالشها و ڕاه حلها، انتشارات طرح نو، تهران.

ـ قطب، ســـید نشـــانەهای راە (معالم فی الطریق) ترجمە حســـن اکبری، مرزناک مؤسسه خدمات فرهنگی

### ئینگیلسی

_ Al-Azmeh, Aziz (1996) Islams and Modernities, 2nd Edition, Verso.

_ Abrahamian, Ervand (1993) Khomeinism: Essays on the Islamic Republic, I. B. Tauris.

_ Bayat, Asef (2013) Post-Islamism: The Changing Faces of Political Islam, Oxford University Press.

_ Devji, Faisal (2003) Landscapes of Jihad: Militancy, Morality, Modernity, Cornell University Press.

_ Enayat2, Hamid (1982) Modern Islamic Political Thought, MacMillan.

_ Gellner, Ernest (1995) Muslim Society, Cambridge University Press.

_ Halliday, Fred (1995) Islam & the Myth of Confrontation: Religion and Politics in the Middle East,

_ I. B. Tauris.

_ Richard, Yann (1995) Shi'ite Islam, trans. Antonia Nevill, Blackwell.

_ Rahnema, Saeed &Behdad, Sohrab (1996) Iran after the Revolution: Crisis of An Islamic State, I. B. Tauris.

_ Rehnema, Ali (2000) An Islamic Utopian: A Political Biography of Ali Shari'ati, I. B. Tauris.

_ Olivier Roy (1998) The Failure of Political Islam, Tran. Carol Volk, Harvard University Press.

_ Zubaida 1, Sami (1993) Islam, the People and the State: Political Ideas and Movements in the Middle East, I. B. Tauris.

_ Zubaida2, Sami (2003) Law and power in the Islamic world, I. B. Tauris.

Zubaida 3, Sami (2010) Beyond Islam: A New Understanding of the Middle East, I. B. Tauris.

Zubaida4, Sami (1997) "Is Iran an Islamic State?" in Joel Beinin& Joe Stork, Political Islam: Essays From Middle East Report, I. B. Tuaris.

# «تیۆری»

# ئایینی سیاسی؛ بۆچوونێکی بیردۆزانە

**بیریار ژاوەرۆیی**

ئایینی سیاسی، وەک زۆرێک لە چەمکەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەی جۆراوجۆر لەلایەن کەسانی جیاوازەوە پێناسە کراوە و سەبارەت بەوە هەندێ بۆچوونی جیاوازهەیە. لەم وتارەدا بە کورتی ئاوڕێک دەدرێتەوە سەر دوو شێوەی پێناسەکردنی ئەم چەمکە، کە یەکیان پێوەندیی بە لێکچواندنی ئایدۆلۆژیا بە ئایین و ئەوی تریان پێوەندیی بە گۆڕینی ئایینی گشتی بە ئایدۆلۆژیاوە هەیە. لەو پێوەندییەدا پێویستە سەرەتا بە پێناسەی ئایین دەست پێ بکرێت و دواتر ئەو دوو بۆچوونە شرۆڤە بکرێن.

به پێی باس و بیروڕای کۆمەڵناسان پێناسەی ماکیی ئایین دەکرێ بەمجۆرە بێت: «ئایین زنجیرەیەکە لە باوەڕ و کردەوە مەعنەوییەکان لە ئاراستەی بابەتی پیرۆز و سەرووی سروشت/مێتافیزیک کە باوەڕمەندانی وەک تاقە کۆمەڵێک یەکدەخات و واتا و ئاراستە دەدات بە ئەزموونەکانی ژیانیان. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بێجگە لە لایەنەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشت، وەکو هەبووە مادییەکان لە پێکهاتە ئایینییەکان (وەک دامەزراوەکانی کلیسا لە مەسیحییەت و مزگەوت لە ئیسلام)، گروپە ئایینییەکان و بزووتنەوە ئایینییەکاندا دەردەکەوێت.»

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پێناسەیەی سەرەوەدا، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایینی سیاسی چییە؟ دیارە وێڕای جیابوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ئایین لە وڵاتە سێکیولارەکاندا، ئاستەمە بگوترێت کە ئایین و سیاسەت بە تەواوی لێکتر جیا کراونەتەوە. سیاسەت پانتاییەکی گشتییە کە هەموو لایەنەکان بەشدارییان تێدا کردووە و تەنانەت لە وڵاتانی سێکیولاریشدا بە مەرجی قبووڵکردنی دیمۆکراسی، هەموو کەس مافی بەشداریی هەبووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاستێک لەو پێوەندییەیە کە بەرەو زاڵیەتیی ئایین یان تایبەتمەندییەکانی بە سەر سیاسەتدا دەڕوات. بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەوەی هەیە کە ئەو پێوەندییە چۆن و چ کاتێک بەرەو وەها دۆخێک دەچێت و ئایینی سیاسی پێکدێت بە جۆرێ کە جار وایە ئەو چەمکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە خودی ئایین لە واتا گشتییەکەیدا نەبووە و تەنانەت لە دژی بووە. شرۆڤەی دوو بۆچوونی سەرەکی زیاتر ئەو پرسە ڕوون دەکاتەوە.

یەکەم بۆچوون پێوەندیی بەوانەوە هەیە کە ئایدۆلۆژیا سیاسییە مۆدێرنە پاوانخوازەکان وەک ئایین دەبینن. لەو کەسانە لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر دەیڤید ئەپتێر. سەبارەت بە پێوەندیی ئایین و سیاسەت، لە ڕوانگەی ئەپتێرەوە سێ جۆر یان ئاستی تێکەڵی ئایین و سیاسەت هەیە کە لەسێ سیستەمی تیۆکراتیک، پێکەوەسازان و بەجووڵەخستندا دەردەکەون. ئایینی سیاسی، پێوەندیی بە سیستەمی سێیەمەوە هەیە. بە ڕای ئەو لە تیۆکراسییەکاندا، ئەنجومەنە سیاسی و ئایینییەکان یەکێکن. هەندێ جار ڕەچاوکردنی پسپۆڕایەتی لەرۆڵە سیاسییەکاندا بۆی هەیە، گەرچی لە سیستەمێکی ئایینی بیرۆکەکاندا، تیۆکراسییەکان سیستەمێکی پاشایەتی یان قەشە/مەلاسەروەریان هەیە، گەرچی ڕەنگە ڕێبەرایەتی هاوبەش بێت. شێوەی جۆراوجۆری ڕێبەرایەتی بۆی هەیە بەڵام، ڕێبەرەکان دوو تایبەتمەندییان هەیە؛ یەکەم، هەردوو ڕۆڵی تاکەکەسی و دامەزراوەییان هەیە، دووەم ئەوان نوێنەری خوان. دەسەڵاتیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت تەنانەت گەر لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن. لێرەدا نە حکوومەت ئاپۆرە و خەڵک دەخاتە جووڵە و نە لە ناو خەڵکیشدا جووڵەیەکی بەرچاو دەبینرێت. لە سیستەمی پێکەوەسازاندا حکوومەتی یاساکان هەیە نەک مرۆڤ. فرەیی و جۆراوجۆریی ناوەندەکانی هێز هەیە کە لە کاتی بڕیاردانە سەرەکییەکاندا دەبێت ڕێککەون. ئەو مەترسییە هەیە کە ئەم سیستەمانە بەرەو ئایینە سیاسییەکان بسووڕێنەوە وەک سەردەمی نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیستی ئیتاڵیا.

هەروەها بە ڕای ئەپتێر، لە سیستەمی وەجووڵەخستندا هەوڵ بۆ یەکپارچەیی دەدرێت. بۆ گەیشتن بەو یەکیەتییەسیستەمەکانی وەجووڵەخستن لە ڕێگای بەسیاسیکردنی هەموو ژیانەوە دەست پێ دەکەن. لە ئاکامدا سیاسەت بە هۆی باوەڕی سیاسی یەکپارچەوە نوقم دەبێت. ناکۆکی نەتەنیا خراپە بەڵکو دژەشۆڕشە. بیرۆکەکان مەترسیدارن و ئاڵنگاریی ڕەوایی ڕێژیم یان کاریزمای ڕێبەر دەکەن. ئەم سیستەمانە بە

«یاسای سەرکوتکەر»، لە زمانی دورکەیمەوە، دیاریی دەکرێن. لە ڕوانگەی ئەپتێرەوە ئەم سیستەمە پێوەندیی بە گواستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەعنەویی خەڵکێک، لە ڕێگای شێوازە خێرا و ڕێکخراوەکانەوە، هەیە. بۆ ئەوگرنگترین تایبەتمەندیی سیستەمی وەجووڵەخستن، ئایینی سیاسییە.

بە وتەی ئەپتێر لە هەندێ وڵاتدا بۆ پڕکردنەوەی پێوەندیی نێوان دەسەڵاتدار و فەرمانبەر، تاک و کۆمەڵگا، حکوومەت دۆخێکی ئایدۆلۆژیک دێنێتە ئاراوە کە تاک و دەوڵەت لێکتر گرێ دەدات. بۆ ڕێبەرانی سیاسی نۆژەن لە بەرەوڕووبوونەوەی بیردۆزیی و کردەوەدا، ئایدۆلۆژیای ئاسایی نەیدەتوانی بۆ درێژخایەن زاڵ بێت. هێزێکی زۆر سیمبۆلیکتری بەهێز و کەمتر ئاوەزمەندانە، گەرچی ڕەنگە ئامانجی ئاوەزمەندانەی هەبێت، پێویست بوو. ئەپتێر ئەم هێزەی ناونا «ئایینی سیاسی»، لەبەر ئەوەی کە ئایین هێزی زیاترە لە شێوەکانی تری بیر. ئەمە لەلایەکەوە پێویستییە ڕەهاکانی پێکهاتەی سیاسیی ملهوڕانە دابین دەکات و لەلایەکی تریشەوە، کاریگەر دەبێت لەسەر پێویستییە بنەڕەتییەکانی تاکەکان لە ڕێگای دیاریکردنی ئایینی دەوڵەت و پێناسە ڕەواکانی بەردەوامیی، واتا و شوناسی تاکەکەسی. ئەمە پێگەیەکی نوێ و ئایینێکی نوێ دەبەخشێت. بەم جۆرە ئایینی سیاسی دەبێتە فۆرمێکی مۆدێرنیزاسیۆن. ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی سۆڤییەت نموونەیەکی تری ئەم ئایینە سیاسییە بوو.

لەڕاستیدا، مەبەستی ئەپتێر لە ئایینی سیاسی، ئەو ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە تۆخانەیە کە بە شێوەی پاوانخوازانە زاڵ دەبن بە سەر دەوڵەتدا و چوارچێوەیەکی وەک ئایین دەگرنە خۆ و بەجۆرێ بەرهەمهێنانەوەی ئایینن و وەک ئایین کار دەکەن، گەرچی ڕەنگە لە باوەڕدا بەتایبەت باوەڕ بە مێتافیزیک جیاواز بن. بە وتەی ئەو، ئایینی سیاسی کە لە ڕۆژئاوا سەری هەڵدا، بۆخۆی وەڵامێک بوو بۆ لەدەستدانی ئیمان لە سیستەمەکانی پێکەوەسازاندا. ئیمان کە سەرچاوەی دەسەڵاتە، ئەم جارە بە جۆرێکی تر و لە ڕێگای ئەمەگناسی بۆ شتێکی تر لە دەوڵەتە نوێیەکاندا سەری هەڵدا. بەوەشەوە ئایینی سیاسی لە باری ڕەوشتەوە هێزی کەمترە لە ئایینی گشتی، چون بەڵێنی پاداشت و خەڵاتێکی جیاواز دەدات.

ئەپتێر تایبەتمەندییەکانی ئایینی سیاسی بەمانە دەزانێت: دەوڵەت و ڕێژیم تایبەتمەندیی پیرۆزی وەردەگرن. ئەو پیرۆزییە دەبێتە بناخە بۆ ڕاگرتنی تۆکمەیی لە کۆمەڵگادا. بەمجۆرە سەرهەڵدانی ئەم دەوڵەتانە ڕووداوێکی ئایینییە. کەواتە، هاوشێوەیی هەیە لە نێوان ئایینە سیاسییەکان و ئایینە گشتییەکاندا. کەسانی پیرۆز و کەسانی شەڕ هەن. نێردراو و بانگخوازان هەن. بۆ هەر تاکێک هەڵی بانگهێشتی سیاسی لە جێی بانگهێشتی ئایینی هەیە. نهێنی و دەسەڵات هەیە. دەمارگرژیی ئایین ئاسا لە کەشی سیاسیدا، زیاتر لە سیستەمی تیۆکراتیک بۆ ئامانجە سێکیولارەکان بەکار دەهێنرێت. هەروەها ئایینی سیاسی، بە شێوەی ئایدۆلۆژیای تاقە حێزبێک دەردەکەوێت وهەمیشە وەها نییە کە پێویستی بە دژایەتیی کردەوە و باوەڕی ئایینیی گشتی هەبێت. لەڕاستیدا، ئەگەری ئەوە زیاترە کە دژایەتیی ئایینە سیاسییەکانی تر بکات. ئایینی سیاسی دەبێتە لەمپەڕ لە بەردەم گۆڕان لە کۆمەڵگا و چوون بەرەو سیستەمی پێکەوەسازان. بە وتەی ئەپتێر کاریگەرییەکانی ئایینی سیاسی دەبنە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵات لە ناو دەوڵەتدا و لاوازبوونی نەرمونیانیی کۆمەڵگا. بۆیە گۆڕان لە ملهوڕییەوە بۆ مۆدێلی دیمۆکراتیک و سێکیولاری ڕێکخراوی سیاسی و باوەڕی کۆمەڵایەتی ئاستەم دەبێت.

جێی ئاماژەیە کە وێڕای ناساندنی

ئایدۆلۆژیــای تاقە حیزبە پاوانخوازەکان، وەک ئایینی سیاســی، ئەپتێر ڕوانگە ئایینییەکانی کۆمەڵگای مرۆیی بە ڕێکخەری ئەوە دەزانێت و ئاماژە دەکات کە لە بنەڕەتدا ئایینی سیاسی لەو ڕوانگانەوە دەســت پێ دەکات. ئەم خاڵە باسی ئایینی سیاسی گرێدەدات بە بۆچوونی دووهەمەوە کە ســەرەتا باس کرا. لەڕاستیدا ئایینی سیاســی ســەرەکی، لەسەر بنەمای ئایینی گشــتییە. بۆیە لە بۆچوونی دووهەمدا مەبەســت لە ئایینی سیاسی، ئەو ئایینەیە کە دەکرێت بە ئایدۆلۆژیا و، دەســەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەســت یان هەوڵ دەدات بیگرێتە دەست و لەو ڕێگایەوە لە هەموو بوارەکانــی ژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتیــی تاک و کۆمەڵانی کۆمەڵگادا دەستێوەردان دەکات، ئاڕاستەیان پێ دەدات و ئازادی بەرتەسک و سنووردار دەکاتەوە. لێرەدا یاریزانــە ئایینییەکان بە تــەواوی دەچنە نــاو هەرێمی تایبــەت بــە هەمــوو بابەتــە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکان.

دیارە هەردووکی ئایدۆلۆژیا و ئاییــن، چوارچێــوە دیــاری دەکەن و هەندێ هاوشــێوەن، بەڵام ئاڕاســتەی ئاییــن بەرەو جیهانــی ترە. کاتێــک ئاییــن ڕێکدەخرێت و لــە ڕەوشــی نەریتــی دێتــە دەرەوە و لە چوارچێوەیەکدا بۆ ئاراســتەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت، دەچێتە بازنەی ئایدۆلۆژیــا و ئایدۆلۆژیــای ئایینی پێکدێت. لێرەدا وێڕای پاراستنی ئیمان بە مێتافیزیک، ئاییــن وەک ئایدۆلۆژیا زیاتر ئاڕاســتەی ئەم جیهانــی دەگرێتە خۆ. ئایدۆلۆژیای ئایینی بە هۆی ســەرهەڵدانی بزووتنەوە ئایینییەکان و دەســتێوەردانی ئایین لە سیاسەتی مۆدێرندا لە بەرانبەر ئایدۆلۆژیا ســێکیولارەکاندا سەری هەڵدا. هەروەها بەســەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای ئایینیــی تــوخ و پاوانخواز، ئایینی سیاســی دەرکەوت کە لەلایەک تایبەتمەندیی ئایینی هەبــوو ولەلایەکــی تــرەوە، تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژیا.

کەواتــە کاتێک ئایینی گشــتی/پابلیکی کۆمەڵگا دەگۆڕدرێت بە ئایدۆلۆژیا و بۆ ئامانجە سیاســییەکان کەڵکی لــێ وەردەگیردرێت، دەچێتە چوارچێوەی ئایینی سیاســی. ئایین و ئایدۆلۆژیــا زیاتــر لە گۆڕەپــان و پانتاییی سیاســەتدا، یەک دەگرنەوە. بۆیە لە شۆڕشە ئایینییەکان یان حێزبــە ئایینییەکاندا، ئایین بە ئاســانی دەکرێت بــە ئایدۆلۆژیا. هەرچی ئیمانــی ئایینــی ئایدۆلۆژیاییتر دەبێت، لە پانتاییی سیاســەت و کۆمەڵــگادا مەترســیدارتر دەردەکەوێــت. کاتێک ئیمانی ئایینــی و ئایدۆلۆژیــا یــەک دەگرن، مەترســیدارترین دۆخ ســەرهەڵدەدات و مەترســی لەســەر ژیانی مرۆیــی زیاتر و توندوتیژتــر دەبێــت. لێرەدابە ســاکاری، هەم خۆبەختکردن و هەمیش کوشتن و بڕینی مرۆڤ لەلایەن کەســی ئیمانــدارەوە لە ڕێگای ئیمانەکەیەوە پاســاو دەدرێتەوە.

> **لەڕاستیدا، مەبەستی ئەپتێر لە ئایینی سیاسی، ئەو ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە تۆخانەیە کە بە شێوەی پاوانخوازانە زاڵ دەبن بە سەر دەوڵەتدا و چوارچێوەیەکی وەک ئایین دەگرنە خۆ و بەجۆرێ بەرهەمهێنانەوەی ئایینن و وەک ئایین کار دەکەن**

گرنگترین ئایدۆلۆژیای ئایینی، ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بووە. ئیسلام وەک ئایینێک کە تەنیا ســەرنجی مەعنەوییەت نــادات و بەرنامەی ئابووری و سیاسیی بۆ کۆمەڵگا هەیە، زیاتر لە ئاینەکانی تر بەهرە و توانستی دابین کردنی بنەماکانــی ئایدۆلۆژیای هەبــووە و کراوە بە ئایدۆلۆژیا. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا چەندین جۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئیسلامی سەریان هەڵداوە. لەڕاســتیدا ئایینی ئیســلام هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ سیاسەت تێکەڵ بووە، بەڵام ئەو تێکەڵییە زیاتر لە جۆری تیۆکراتیک بووە. لە سەدەی ڕابردوودا بوو کە ئیسلامی سیاسی

ســەری هەڵدا ونموونەی هــەرە توندوتیژی شــیعی ئەوە لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران و بە پێکهاتنی کۆماری ئیســلامی دەرکەوت. لێرەدا بە شــێوەیەکی زۆر جیاواز لە پێوەندیی ساکاری ئایین و سیاسەت، ئیسلام لە ڕەوشی ئایینی گشتی/پابلیک هێنرایە دەرەوە و کرا بە ئایدۆلۆژیا بۆ مەبەستی سیاسی.

وەک لە ســەرەتادا ئاماژە کرا لەراســتیدا ئایین و سیاسەت لێکتر جیا ناکرێنەوە؛ چونکو لــە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئــەو دووانە بە کەم و زۆری پێوەندییان هەیە. سیاسەتوانەکان لە ئایین کەڵکیان وەرگرتــووە و ئایینییەکانیش لە سیاســەت. لە سێکیولاریزمیشدا لەویەڕیدا ئەوە دامەزراوەکانی ئایین و دەوڵەتن کە لێکتر جیا دەکرێنەوە. دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی بێلایــەن دەردەکەوێت و هــاوکات ئازادی بۆ هەمــوو ئایین و بــاوەڕ و بیرۆکە جیاوزەکان دابیــن دەکرێت. بۆیە لە کردەوەشــدا ڕەنگە هاســانکاریی سیاســی بۆ کاروباری ئایینیی هاووڵاتییانــی ئیماندار بکرێــت، گەرچی بێ دەستێوەردانی ئایینی. بۆ وێنە هاسانکاری بۆ کاروباری حەجی موسڵمانەکان. و ئەوە بە واتای پێشێلکردنی ســێکیولاریزم نییە. هەروەها لە وڵاتێکی سێکیولاری دیمۆکراتیکدا ئازادی بۆ حیزب وگرووپە ئایینییەکان هەیە بە مەرجێ کە یاسای دیمۆکراتیک قبووڵ بکەن. واتە وا نەبێت کە ئەگەر دەســەڵاتیان گرتە دەست، ئازادی لە هەموو لایەنەکانی تر بسێننەوە.

بەپێچەوانــەوە، لە ئایینی سیاســیدا، ئەو ڕێسایەی سەرەوە قبووڵ ناکرێت و لەراستیدا کاتێکیش باســی دیمۆکراســی تێدا بکرێت، تا ئاستی گەیشــتن بە دەسەڵاتە و پاشان لە چوارچێــوەی ئایدۆلۆژیایەکی نادیمۆکراتیکدا هــەوڵ دەدرێت بــۆ جێبەجێکردنــی بنەما ئایینییەکان (یان لە ڕوانگەی ئەپتێرەوە بنەما ئایدۆلۆژیکەکانــی تاقە حێزبێک). ئیدی ڕێگە بە ئازادیی لایەنە نائایینییەکان نادرێت تاکوو هەربەوجــۆرە کە ئەو ئایدۆلۆژیــا ئایینییە بە شێوەی دیمۆکراتیک بە دەسەڵات گەیشتووە، ئەگەر بەرنامەکانی سەرنەکەوت بە ئاشتیانە و دیمۆکراتیک دەسەڵاتیشی لێ وەرگرنەوە. بە واتایەکی تر لە ئایینی سیاسیدا، ئایین سیاسەتە و سیاسەتیش ئایین. کەواتە باس لە پێوەندیی ســاکاری ئایین و سیاسەت وەک دوو بواری جیــاواز نییە، بەڵکو ئایین دەبێتە ئایدۆلۆژیای سیاســی کە چوارچێوە بۆ سیاسەت و هەموو پرس و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات و پسپۆڕایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا واتایەکی سەربەخۆیان نابێت.

هەرچۆنێــک بێــت، بەپێــی بۆچوونــە جیــاوازەکان، جۆرەکانــی ئایینــی سیاســی بوونیــان هەیە و بریتین لــە ئایدۆلۆژیا توندئاژۆ و پاوانخــوازە نائایینییەکانیش، چۆنکو ئەوانەش پیرۆزییان تێدایە. ئەم ئایدۆلۆژیایانە بەرمەبەستی ئەپتێرن. لــە ڕوانگــەی ئەپتێردا، لەراســتیدا لێکچوونــی ئایینی هەیە، واتە ئەو ئایدۆلۆژیایانە تایبەتمەندییەکانــی ئایینیان گرتووەتە خۆ، یان ئەوانە لەو ئایدۆلۆژیایانەدا بەرهەم هێنراونەتەوە. بــەڵام لە ڕوانگــەی ترەوە ئەوە خــودی ئایینە کە دەکرێــت بە ئایدۆلۆژیا و سیاســی دەبێت. ئایدۆلۆژیای سیاســی-ئایینی بەرزترین ئاستی ئایینی سیاسییە. لێرەدا تێکەڵیی ئایینی گشتی و ئایدۆلۆژیــا هەیە. واتە ئایینی پابلیک/گشــتی دەگۆڕدرێت و دەخرێتە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای سیاســییەوە. کاتێک ئایین و سیاســەت دەبنە هاوپەیمان زۆر مەترسیدار دەردەکەون. بەتایبەت ئایین لە شێوەی ئایدۆلۆژیای سیاسیدا لە هەموو ئایدۆلۆژیاکانــی تر مەترســیدارتر دەبێت؛ لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ ئیمانی تاکەکان ســەروکاری هەیــە و زیاتــر لەوانــەی تــر لە ئــاوەز دوور دەکەوێتەوە و پاســاوی زیاتــری بۆ هەردووکی خۆبەختکردن و کوشــتنی مرۆڤــەکان لە پێناو ئامانجەگەلێکدا هەیە کــە زۆرێکیان خزمەت بە مرۆڤایەتــی ناکەن. کەواتە لەم جۆرەی دووەمدا گۆڕانی سیاســی ـ کۆمەڵایەتیش زۆر ئاستەمتر دەبێت.


الله
رسول
محمد

## کوردستان و مێتۆدی دژەکۆلۆنیالیستی

# چۆن لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگارمان بێ؟

سارۆ ئەردەڵان

بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان و کورد گیرۆدەی ئەو تیۆری و مێتۆدانەیە کە سیستەمی کۆلۆنیالیزم وەک بەشێک لە چەوساندەوە کەڵکی لێ وەردەگرێ. کۆی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر کوردستان کەڵەکە بوون و ئەو زانستەی کە وەک لێکۆڵینەوەی کوردی/کوردۆلۆژی پەرەی پێ دراوە، لەبەر هۆی دابەشبوونی کوردستان بە سەر چەند وڵات و هەروەها ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانە بەرەورووی کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیکی زێدە بووەتەوە. ڕەنگە ڕێگەچارە بۆ ئاکادێمیای کوردستان سازکردن، کەڵک وەرگرتن، و پشت بەستن بە مێتۆدۆلۆژییەکی دژەکۆلۆنیالیستیی تایبەت بە دۆخی کوردستان بێ، تا بتوانێ لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگاری بێ.

*بەرێزەوە پێشکەشە بە خالید خەیاتی؛ بۆ پشتگیریی بەردەوام*

*هەقیقـــەت لـــە دەرەوەی دەســـەڵات یا بێدەســـەڵات نییە... هـــەر کۆمەڵگایەک تایبـــەت بە خۆی ڕێژیمـــی هەقیقەت و «سیاســـەتی گشـــتیی» هەقیقەتی هەیە.*
*(Foucault 1980b, 131)*

## دەستپێک

ئایا کۆلۆنیالیســـتەکان ڕۆشتوون و کوردستان ڕزگاری بـــووە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرســـیارە، لـــەو دۆخە ئاڵۆزەی کە توێژینەوەی زانســـتی سەبارەت بە کوردستان تیایدایە، دەبێ سەرەتا و دیســـانەوە ڕاشکاوانە باس لە ئەزموونی تاڵی کۆلۆنیالیزم لە کوردســـتان بکەین. هێشـــتا، نـــەک لای کۆلۆنیالیســـتەکان، بەڵکـــوو لای مرۆڤـــی بەکۆلۆنیکراوی کورد (بەتایبەت لای توێژەران لە کوردســـتان) گومان لەوەدا هەیە کـــە کوردســـتان بەکۆلۆنی کراوە. مەبەســـت لـــە بەکۆلۆنی کردنی کوردســـتان ئەوەیە کە هـــەر کامە لـــە دەوڵەتەکانی تورکیـــا، ئێران، عێراق و ســـوریا لە ڕێگـــەی مێکانیزمەکانی سوڵتە و پرۆســـەیەکی ئاڵۆزی چەوساندنەوە، تاڵانکردن و هـــەڵاواردن، خاک و تەنەتەوەی کوردســـتانیان بەکۆلۆنی گرتووە، تاکوو هێزی کاری کوردســـتان بخەنە خزمەت خۆیانەوە و سەرچاوە ماددییەکانی کوردستان، بە مەبەستی گەشەســـەندنی وڵاتەکەی خۆیان بەکار ببەن و لەم ناوەدا، ببنە هۆی گەشـــەی لاســـەنگی کوردســـتان. بـــەم گوێرەیە گەشەســـەندنی هـــەر کام لەو چوار وڵاتە و گەشەنەســـەندنی کوردســـتان وەک دوو دیـــوی دراوێک لێک دانەبـــڕاون و لـــە یـــەک کاتـــدا ڕوویانداوە. مێکانیزمەکانی بەکۆلۆنی کردنی کوردســـتان کە هاوکاتە لەگەڵ دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەم چوار وڵاتـــەدا، بووەتە هۆی ئەوەی هـــەر کام لـــە پارچـــەکان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیـــی ئـــەو وڵاتانەی لـــێ دەربێت. ئەم شـــێوازە کۆلۆنیالیزمە کە وەک کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی باســـی لێ کراوە (ئـــەردەڵان a۲۰۱۹؛ ســـلێمانی و محەمەدپور ۲۰۱۹؛ بێشیکچی ۲۰۱۸) لە شێوازە کلاســـیکەکانی کۆلۆنیالیزم ئاڵۆزترە و بەرەورووبوونەوە و دژایەتیکردنیشـــی دژوارتر. هـــەر کام لـــەو وڵاتانـــە هەوڵیانـــداوە کە بە ژێردەســـتەکردنی نەتەوەی کورد و لە ڕێگەی سیاسەتەکانی پەراوێزخستن، چاوپۆشیکردن، حاشـــالێکردن و تواندنەوە کولتـــوور، زمان و ناسنامەی کوردستانیبوون بسڕنەوە.

نەتەوە کۆلۆنیالســـیتەکانی کوردســـتان لە دووردەستەکانەوە نەهاتوون، بەڵکوو دراوسێیەکی ڕەزاتاڵن کە لە دوژمنیدا لە هیچ شتێک دەریغی ناکەن. هەر کام لە نەتەوەکانی تورک، فارس و عەرەب (و هەندێکجار بـــە هاوکاریی نەتەوەی ئەرمەنی) لە بەرژەوەندیی سەردەستەیی خۆیان، هەوڵ دەدەن هاوشـــان لەگـــەڵ بەکارهێنانی زەبروزەنگی بێســـنوور، لە ڕێگەی هێزی نەرمی زانســـتەوە درێژە بە کۆلۆنیالیزم لە کوردستان بـــدەن. سیاســـەتەکانی ســـەرکوت بـــە هۆی مێکانیزمـــە جیاکانی ســـوڵتە لە هـــەر کام لەو وڵاتانە، بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە لە کوردستان لەگەڵ کۆلۆنیالیزمێکی چەندرەهەندی بەرەورووبینەوە کە لە ئاکامدا کاریگەریی ڕاســـتەخۆیان لەســـەر بزووتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی کورد لە هەر کام لە پارچـــەکان داناوە. لەم ڕوانگەیەوە، پەرتەوازەیی و یەکنەگرتنی هێزە کوردییەکان لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان و سازنەبوونی شـــۆڕش یا بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری نەک لەبـــەر ناشـــارەزایی، خۆخـــۆری و خەیانەتـــی کـــورد لە خۆیەتـــی (هەر کام لـــەم ئاوەڵناوانە سازکراوی سیســـتەمی کۆلۆنیالیستین) بەڵکوو لە دەرەنجامی چەندین شـــێوازی کۆلۆنیالیزمە کە هەر کام لەو وڵاتانە پەیرەوی دەکەن.

کۆلۆنیالیزم چەندە پشت بە دامودەزگاکانی دەوڵـــەت بۆ توندوتیژی دەبەســـتێ، بە هەمان ئەنـــدازەش لە درگای زانســـتەوە دێتە ژوورەوە

و کوردســـتان لە ڕوانگـــەی بەرژەوەندییەکانی خۆیـــەوە پێناســـە دەکا. بـــۆ ئەم مەبەســـتەی دوایـــی وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق و ســـوریا ســـازێنەر و یارمەتیدەری زانســـتێکی ساختە ســـەبارەت بە کوردســـتانن کـــە دەکرێ وەک کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک (زانســـتی) ناوی لێ ببەین (ئەردەڵان ٢٠١٩b، ٣٠-٣١). لەم ئاستەشدا، دیســـانەوە دۆخی کوردستان تایبەتمەندییەکی ئاڵۆزی هەیـــە، چونکە لە لایەکەوە دامودەزگای ئایدیۆلۆژیکـــی ئەو چـــوار دەوڵـــەت نەتەوەیە، زانیاریی ســـاختە لەسەر کوردســـتان بەرهەم دێنێ و لە لایەکیشەوە نەتەوەی کورد گیرۆدەی ئەو پێناســـە کلاسیکانەیە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەبارەیـــەوە و لە ماوەی زیاتر لە دوو ســـەدەدا بەدەســـتیانەوە داوە. ئەم یەکگرتنە نەخوازراوە نەگریســـە، بووەتـــە هـــۆی ئەو کێشـــەیە کە مـــن وەک کۆلۆنیالیزمـــی ئاکادێمیکـــی زێدە (Multiple Academic Colonialism) ناوی لێ دەبەم. ئەگـــەر قەڵاچۆکردنی کورد، پرۆژەیەک لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو و ژینۆســـایدی وەک دەرسیم یا ئەنفالی لێ کەوتەوە، قەڵاچۆکردنی ناسنامەی کوردستانی/کوردی هێندە بە نەرمی کاری خۆی دەکا کـــە ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی لە گۆشـــەی ڕینگی بۆکســـی زانستدا بەرگەی مستەکۆڵەکانی ناگرێ.

بـــۆ نووســـین و تێفکریـــن ســـەبارەت بـــە کوردســـتان، پێویســـتە مێکانیزمەکانـــی ســـازبوونی ئەو زانستە بناسین کە سەبارەت بە کوردســـتان و کورد لە سەر یەک کەڵەکە بووە. هەرچەند زانستی پێشـــوو لە هەندێک شوێندا یارمەتیدەرمانە کە لە خۆمان باشـــتر تێبگەین، بەڵام زۆربەی کات زانیاری و تێگەیشتنی هەڵە و ســـاختەمان پێ دەدا و لە ڕێـــگای ڕزگاریی کوردستان دوورمان دەکاتەوە. ئەگەر بۆ ئەم وتە بەناوبانگەی مارکس بگەڕێینەوە کە «مرۆڤەکان مێـــژووی خۆیان ســـاز دەکەن، بـــەڵام نە بەو شـــێوازەی پێیان خۆشە؛ و ناشـــتوانن خۆیان بارودۆخەکەی هەڵبژێـــرن، چونکە بارودۆخەکە پێشتر هەبووە، دیاریکراوە و لە ڕابردووەوە بۆیان گوازراوەتـــەوە» (Marx 1972, 10)، هەرچەنـــد ناتوانیـــن لە دەســـت ئـــەو نەریتە زانســـتییە هەڵبێین کە سەبارەت بە ئێمە ساز کراوە، بەڵام دەکرێ بە گومان لە مێتۆدلۆژییەکانی پێشـــوو، ڕێگای نـــوێ تاقی بکەینەوە. بە وتەی جەنکینز هەڵوێســـتێکی دیاریکراومـــان دەبێ هەبێ و بە هەڵبژاردنی مێتۆدۆلۆژییەکـــی پێداچوونەوەیی (Reflexive Methodology)، بیر لەوە بکەینەوە کە ڕابـــردوو و بابەتـــی ڕاســـتەقینە، هەڵگری ڕاڤەیەکـــی بێئەژمـــارن (Jenkins 2004). لەم ناوەندســـڕینەوەیە لە پێگەی خوێندنەوەی زاڵی دەوڵەتە کۆلۆنیالیســـتییەکانی کوردستان نابێ بترســـین و پێمـــان وا بێ خوێندنـــەوەی ئێمە ناتوانـــێ مەشـــروعییەتی هەبـــێ. چونکە ئەوە دەســـەڵاتە، لە ئاکامدا، دیـــاری دەکا کە کامە ڕاڤە و خوێندنەوە مەشروعییەتی زیاتری هەیە، نەک ئـــەوەی تەنیا یەکێک لـــەو خوێندنەوانە لە زاتی خۆیـــدا هەڵگـــری هەقیقەتێکی ڕەها بێ. هەر بۆ شـــیکردنەوەی ئەم مەبەســـتە، لە درێژەدا ســـەرەتا چوارچێوەی ئەو کۆلۆنیالیزمە شـــی دەکەمەوە کە لـــە ئاکادێمیادا بە ســـەر توێژینەوەی زانستی ســـەبارەت بە کوردستاندا زاڵە و دواتر باس لەوە دەکەم چۆن هەڵبژاردنی هەڵوێست و مێتۆدۆلۆژییەک بەپێی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتـــی دەتوانێ یارمەتیدەری ســـازکردنی بوارێکی ســـەربەخۆ بێ و لە ئەنجامدا کەڵکی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان هەبێ.

## کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیکی زێدە

ســـەرەتا دەتوانین بەم شـــێوازە سادەیە پێناسە بۆ کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک بکەین کە بریتییە لـــە: «پرۆســـەیەک کە تیایـــدا، ناوەند و چەقی بەرهەمهێنان و بەدەســـت خســـتنی زانســـت ســـەبارەت بە نەتەوەیەک، لە دەرەوەی خودی ئـــەو نەتەوەیەدا بـــێ» (Galtung 1967, 296). ئەم پێناســـەیە بـــە هەندێک گۆڕانـــەوە دەبێ قەبووڵ بکەیـــن چونکە بەرەبەرە لـــەم وتارەدا

بەڵگە دەهێنمەوە کە یەکەی توێژینەوەی ئێمە دەبێ لەسەر پانتاییەکی بەفراوانتری کوردستان ڕابوەستێ کە یەکەی توێژینەوەی نەتەوەی کورد بەشێکی گرنگی لێ پێک دێنێت. کەواتە چەمکەکەمان بەم شێوەیە دیسان پێناسە دەکەینەوە کە کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمێک بە واتای ئەوە دێ کە بەرهەمهێنانی زانست سەبارەت بە کوردستان لە دەست هەندێک وڵات و ناوەنددایە کە لە دەرەوەی کوردستانن. لەم ڕوانگەیەوە کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک باس لەوە دەکا کە چۆن دەوڵەتەکان ئەو ناوەندانە داگیر دەکەن کە تیایدا زانست بەرهەم دێ، دەگوازرێتەوە و ڕێک دەخرێ. لەم شێوازەدا و بە کەڵک وەرگرتن و کاریگەری دانان لەسەر دابەشکردنی هێزی کار بە شێوەیەکی نایەکسان، ئاکادێمیای ناوچەی بەکۆلۆنیکراو، ناچار دەکەن کە ئەو پەیوەندییانەی سوڵتە پەسەند بکا کە لە ڕێگەی بەستانداردکردن، بەئەنستیتۆیی کردن و بەکۆمەڵایەتی کردنی بوارێکی زانستیی تایبەتەوە دەسەپێندرێن (Alatas 2003). لەم شێوازەدا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردستان، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردەوە و سەرەتا لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیا شکڵی گرتووە و کۆی ئەو زانیارییانەی بەرهەم هاتووە لە ئێستادا وەک زانستێک لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی (Orientalism) پێناسەی بۆ دەکرێ. ڕۆژهەڵاتناسەکان لە چوارچێوەی گرنگیدان بە بوارەکانی زمانناسی، ئایین، مێژوو و نەژادەوە سەیری کوردیان کردووە. دواتر بە دامەزرانی چوار دەوڵەت نەتەوەی کۆلۆنیالیستی کوردستان، هەر کام لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسلام، لێکۆڵینەوەی ئێران و لێکۆڵینەوەی تورکی، بەشێک لە زانیارییان لەسەر کوردستان و کورد پێکهێناوە.

کەواتە لێرەدا لەگەڵ کۆلۆنیالیزمێکی ئاکادێمیکی زێدە بەرەوروو دەبینەوە کە لە مێژووی کۆلۆنیالیزم لە جیهاندا بێ وێنەیە.

چونکە سەرەڕای ئەو ڕەخنە گشتییانەی کە لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی گیراوە و لە سەعیدەوە دەستی پێ کردووە (Said 2003)، بە هۆی دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە کوردستان بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان گیرۆدەی تێگەیشتنی کۆلۆنیالی دوژمن بووە. کەواتە «زێدەبوونی» کۆلۆنیالیزمی ئاکادمێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کام لەو چوار دەوڵەت نەتەوە نوێیە، بەپێی مێکانیزمەکانی لەخۆگرتن و قەدەغەکردن (Inclusion and Exclusion) دیاری دەکەن کە چ بابەتێک سەبارەت بە کوردستان زانستییە.

فوکۆ بە سازکردنی دووانەی لێک جیانەبووی دەسەڵات/مەعریفە (Power/Knowledge) و ئاماژە کردن بەوەی کە «دەسەڵات ناتوانێ بێ مەعریفە خۆی بسەپێنێ و مەعریفەش ناتوانێ بێ دەسەڵات ساز ببێ» (Foucault 1980a, 52)، دەیەوێ پێداگری لەسەر ئەوە بکا کە مەعریفە و زانست لە لایەن ژمارەیەک لە زانا و توێژەرەکانەوە ساز نابێ، بەڵکوو پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە زۆر ئاڵۆزتر و کەمتر ئاشکرایە و لە دامەزراوەکان و بەپێی یاسای وردی پێشوەخت ساز دەبێ. بەم گوێرەیە، بۆ بەرهەم هاتنی هەر مەعریفەیەک دەبێ بارودۆخی ماددی (Material conditions) سازبوونی ئەو مەعریفەیە سەیر بکرێ. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بەپێی مێتۆدۆلۆژیی پێداچوونەوەییەک کە هەڵمانبژاردووە، ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ئێمە تەنیا نابێ ئاراستەکەی بەرەو بیرۆکەکان و زاناکان بچێ، بەڵکوو هەروەها و گرنگتر، دامەزراوەکان، کورسەکانی وانەوتنەوە، بورسی خوێندن، ژورناڵەکان، پرۆسەی چاپ، پشتیوانیی ئابووری لە توێژەران و بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکان، دەتوانن دەورێکی گرنگیان لە سەقامگیرکردنی ئەو بابەتانەدا ببێ کە وەک بابەتی زانستی پێناسەیان بۆ دەکرێ و ئەو بابەتانەی کە لەبەر بەئەنقەست ئامادەکردن یا نەکردنی بارودۆخی ماددیی پێویست، قەدەغە

دەکرێن و لە چوارچێوەی بابەتی زانستی دەخرێنە دەرەوە.

لە هەر شوێنێک کە پەیوەندیی دەسەڵات لە نێوان دەستە جۆراوجۆرەکانی خەڵک یاکوو نەتەوەکان لاسەنگ بێ (وەک پەیوەندیی کۆلۆنیالیستیی نەتەوەی سەردەستی تورک، فارس و عەرەب لەگەڵ نەتەوەی ژێردەستی کورد)، دەکرێ بە شوێن مێکانیزمەکانی سازکردنی مەعریفەدا بگەڕێین. فوکۆ بە شێوازێکی بەڵگەمەند باس لەوە دەکا کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەبەر هۆکاری لاسەنگییەکی ئەنستیتۆییکراو لە نێوان پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان پیاوان و ژناندا، بەرهەمهێنانی زانست سەبارەت بە ژنان بڕەوی زیاترە؛ هەر لەم ڕووەوە ئەگەر سەیری کتێبخانەکان بکەین، کتێبێکی زۆر سەبارەت بە ژنان و لە ئاستیکی زۆر کەمتردا سەبارەت بە پیاوەکان پەیدا دەکەین. هەر بەم گوێرەیە، سەبارەت بە ڕەشپێستەکان توێژینەوەی زۆر کراوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەبارەت بە سپیپێستەکان توێژینەوە و وتاری زۆر کەم دەبینین. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، لەبەر چەندین هۆکاری وەک فێمینیزم و بزووتنەوەی دژەکۆلۆنیالیستی ئەو لاسەنگییە گۆڕانی بە سەردا هاتووە. بەڵام هەر وەک چۆن میلز بە درووستی ئاماژەی پێ دەکا «تاکوو ئێستاش ناوەندی سەرنج پێدانی لێکۆڵینەوەی ئاکادێمیک لە زانستی مرۆییدا ئەو کەسانەن کە پەراوێز خراون» (Mills 2005, 69). ئەگەر سەیری مۆدێلی توێژینەوە لەسەر کوردستان و کوردیش بکەین، بە هیچ شێوەیەک نابینین لێکۆڵینەوە لەسەر ئاخێزگە و نەژادی فارس، تورک و عەرەب کرابێ، ئەمە لە کاتێکدایە دەیان توێژینەوە لەسەر ئاخێزگە و نەژادی کورد کراوە و دەکرێ (White 1993; Asatrian 2009; Hennerbichler 2012). چونکە کاتێک لە سەدەی بیستەمدا ئەو نەتەوانە دەبنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان و لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرژەوەندیی زلهێزەکان دەوڵەت بۆ کوردستان ساز نابێ، هەر کام لەو نەتەوانە لە بەرژەوەندیی دەوڵەت نەتەوەی خۆیان (لەسەر بنەمای یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا) پێویستیان بە ئەویترێک هەبووە. ئەم ئەویترسازییە کە من وەک ماکی سەرەکیی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی ناوی لێ دەبەم، لە بنەمادا بە مەبەستی ئابووری بووە و تاڵان کردنی کوردستانی بەدواوە هاتووە و لە ئاستی دووەم (و ڕەنگە بە هەمان ئەندازە گرنگ) لایەنی ناسنامەییی بەخۆوە گرتووە کە کورد وەک ئەویتری تورک، فارس و عەرەب ناسێندراوە.

لەم بەستێنەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیکی زێدە لە دوو لق ساز بووە: ١ مەعریفەیەک کە ڕۆژهەڵاتناسەکان سازیان کردووە و ناکرێ بوترێ هەمیشە زیانی هەیە و ٢ مەعریفەیەک کە ناوەند و توێژەرەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان سازیان کردووە و جگە لە چەند ئاوارتەیەک، هەمیشە لە بەرژەوەندیی چەوساندنەوەی کورد و داگیرکاریی کوردستاندا بووە. هەڵبەت زۆربەی کات، سازکردنی مەعریفە لە لقی دووەمدا پشت بە زانستێک دەبەستێ کە لە ڕۆژهەڵاتناسیدا بەرهەم هاتووە و بۆ شەرعیەت وەرگرتن، کەڵک لە هەندێک تیۆریی زمانی ـ نەژادی وەک نەژادی ئاریایی و زمانی ئێرانی وەردەگیرێ کە من وەک بەشێک لە هێژمونیی ئێران لە ناوچەکەدا و مێکانیزمەکانی سوڵتە بە سەر کوردستان وەک کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر پێناسەم بۆ کردووە (ئەردەڵان ٢٠١٩b).

لێرەدا بۆ شیکردنەوەی باسەکە باشترە لە هەندێک لە گرنگترین دامەزراوە و ناوەندەکان ورد ببینەوە کە ئەرکی سازکردنی مەعریفە لەسەر کوردستان و کوردیان بە ئەستۆ گرتووە.

ئەگەر سەیری بواری ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، زۆربەی کات مێژووی بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان و کورد بۆ کتێبی گرامری کوردی مائوریزۆ گارزۆنی (١٧٨٧) دەگەڕێننەوە (Van

(Bruineseen 2014, 20 و گارزۆنی وەک باوکی بواری کوردۆلۆژی (Kurdology) سەیر دەکەن؛ هەرچەند گالێتی ئەم مێژووە لە ئیتالیا و لە نێوان بانگخوازە مەسیحییەکان بۆ سەدەی سیانزەش دەگەڕێنێتەوە (Galetti 1995).هەروەها بە وردبوونەوە لە زیاتر لە دوو سەدە لێکۆڵینەوە لەسەر مژارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان، بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەرەتاکانەوە و تاکوو ئیستا دوو مژاری ئایین و زمان بۆ توێژەران زیاترین سەرنجڕاکێشیان هەبووە. ئەم حەزی بەرهەمهێنانی زانستییە هەر بۆ ئەو باسە دەگەڕێتەوە کە پێشتر میلژ وەک لێکۆڵینەوە لەسەر پەراوێزخراوەکان ناوی لێ بردبوو. کاتێک هەر لە سەرەتاکانەوە بانگخوازە مەسیحییەکان هاتنە کوردستان، دەبوایە لە یەکەم هەنگاودا زمانی کوردی فێر ببن و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ئینجیل نزیک بە سەدەیەک پێش لە قورئان تەرجەمەی کوردی دەکرێتەوە و تاکوو ئیستا چەندین وەرگێڕان لە ئینجیل بە زارە کوردییەکان دەبینرێ (Rzepka 2014)؛ یاکوو بە هەمان شێوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینەکانی ئیزدی، عەلەوی و یارسان، بەشێکی هەرە گرنگ لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی و لێکۆڵینەوەی کوردی پێک دێنن، چونکە بە لای ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ئەم ئایینە جگەئیسلامییانە سەرنجڕاکێشن، چونکە لە پەراوێزی ئایینی زۆرینەی هەرە زۆری کوردە موسڵمانەکاندا دەبیندرێن (Omarkhali 2014).

لە ئاستی زانیاریی مێژوویی بۆ ئەم بوارە، لێکۆڵینەوەی باش ئەنجام دراوە و سەرەڕای توێژینەوە چڕوپڕەکەی فان برۆینسێن سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ناوەندی (van Bruineseen 2014) لە هەمان کتێبدا، کۆنووسی سالآنەی کوردی، کە لە لایەن «کۆمەڵگای نەمسا بۆ گەشەی کوردۆلۆژی لەگەڵ ناوەندی ئەورووپایی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی» چاپ بووە، هەندێک لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤییەت و رووسیا (Omarkhali and Mossaki 2014)، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا (Gunter 2014) و لە وڵاتی چێک (Kubalek 2014) ئەنجام دراوە. لەم ڕوانگە نارەخنەگرانە و بە شێوازی وەسفی چەندین وتار و توێژینەوەی دیکەش بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەم هاتوون. سەبارەت بە دۆخی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی لە خودی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەکۆلۆنی گرتووە، چەند بابەتی گرنگ بەرهەم هاتوون بۆ نموونە دەتوانم سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئێران (محمدپور و رضائی ٢٠١٧) و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەترەوە، کتێبی تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم و کوردناسی (کەریمی ١٣٩۴) ناو ببەم. سەبارەت بە تورکیاش دوو وتاری ڕەخنەگرانە دۆخی کرانەوەی زیاتری ئاکادێمیای تورکیا بەتایبەت لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم و بەربەستەکان نیشان دەدەن (Scalbert-Yücel and Ray 2006;) Aras 2014). بەڵام، مەخابن، تاکوو ئیستا نە توێژینەوەیەکی جیددی سەبارەت بە بواری مێتۆدۆلۆژیی لێکۆڵینەوەی کوردی کراوە کە چوارچێوەی ئەم لقە لە زانستی نێوان-بواری نیشان بدرێ و نە تەنانەت لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری کراوە.

من پێم وایە ناکرێ توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بە تەواوی بە چاویلکەی ئەو ڕەخنانەوە سەیر کەین کە لە دوابەدوای کتێبەکەی ڕۆژهەڵاتناسی سەعیدەوە زاڵ بووە و وا دادەندرێ کە هەمیشە لە پشت لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاواییەکانەوە چەواشەکارییەک هەیە. بێگومان بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان، دەکەونە هەمان ئەو چوارچێوەیەوە کە ڕۆژئاواییەکان بە مەبەستی ناسینی ناوچەکانی دنیا ئەنجامیان داوە و هەر ئەم مەعریفەیە دەسەڵاتی پێیان بەخشیوە؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەشێکی گرنگ لە دەرکی ئێمە لە کوردستان و کورد، قەرزداری

بەرهەمە گرنگەکانی ئەو توێژەرانەیە. بۆ نموونە بەرهەمی ناوازەی ساغکردنەوەی مەم و زینی خانی کە ڕودێنکۆ لەسەر بنەمای نۆ دەستنووس ئەنجامی داوە و کۆنترینیان بۆ ساڵی ١٧٣١-١٧٣٢ دەگەڕێتەوە؛ هەر ئەم ساغکردنەوە گرنگە کۆتایی بەو گومانانە هێنا کە هەندێک لە دێرە نیشتمانییەکانی مەم و زین، هی خانی نەبن (van Bruineseen 2003, 43-44). بەڵام دەکرێ دڵنیا بین جگە لە هەندێک توێژەری ئاوارتەی وەک بێشیکچی و بەتایبەت بەرهەمە ناوازەکەی سەبارەت بە کۆلۆنیالیزم لە کوردستان (بێشکچی ٢٠١٨) کۆی ئەو مەعریفەیەی کە سەبارەت بە کوردستان و کورد لە لایەن تورک، فارس، عەرەب و ئەرمەنییەوە بەرهەم هاتووە، تەنیا و تەنیا بە مەبەستی سەقامگیرکردنی سیستەمی سوڵتە لە کوردستان ساز کراوە. هەر بۆیەش ئەگەر بمانهەوێ ئاراستەیەک بۆ توێژینەوە سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دیاری بکەین دەبێ سەرەڕای گرنگیدان بە تیۆری و مێتۆدەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم، بۆ تیۆری و مێتۆدەکانی دژەکۆلۆنیالیزم بگەڕێینەوە، چونکە هەم لەم ڕێگایەوە دەرکێکی باشتر لە بابەتی لێکۆڵینەوەمان بۆ ساز دەبێ و هەم زانستێک کە لە بەرهەمی توێژینەوەکەمان بەرهەم هاتووە، لە پێناوی ڕزگاریی کوردستان و بە مەبەستی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

## لە ئاراستەی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە بۆ دژەکۆلۆنیالیزم

سەرەتا بۆ ئەوەی مەبەستی خۆم لە هێنانەوەی دووانەی پۆستکۆلۆنیالیزم و دژەکۆلۆنیالیزم ڕوون بکەمەوە دەبێ پێناسەیەکی ڕوون لە هەر کامیان بە دەستەوە بدەم. بە وتەی ڕۆبێرت یانگ پۆستکۆلۆنیالیزم هەر ئەو شتەیە کە بێنیامین وەک «نەریتی ستەملێکراوان» ناوی لێ دەبا (Young 2015, 149)؛ دواتر یانگ کەمێک مەبەستەکەی خۆی لە نەریتی ستەملێکراوەکان شی دەکاتەوە کە بێنیامین لە تێزەکانی سەبارەت بە مێژوو باسی لێ کردبوو. لە ڕوانگەی یانگەوە پۆستکۆلۆنیالیزم نزیکایەتیی لەگەڵ هەندێک بزووتنەوەی سیاسی وەک مارکسیزم و سوسیالیزم، فێمینیزم و ژینگەپارێزی هەیە کە هەموویان خەبات بۆ گۆڕینی پێکهاتە زاڵەکانی دەسەڵات لە جیهاندا دەکەن. لە کاتێکدا مارکسیزم بەتایبەت پێداگری لەسەر ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کاپیتالیزم و چەوساندنەوەی چینی کرێکار دەکا، فێمینیزم دژ بە دەسەڵاتی پیاوسالارانە دەوەستێ کە لە ڕێگەیەوە ژن دەچەوسێتەوە، و خەباتی ژینگەپارێزی دژ بەو بێڕەحمییە هەڵوێست دەگرێ کە مرۆڤ زەوی دەچەوسێنێتەوە و لە ناوی دەبا، پۆستکۆلۆنیالیزم گرنگی بە دەسەڵاتی نەتەوەکانی جیهانی یەکەم و چەوساندنەوە و ستەمی مێژوویی ئەوان لە ئاست نەتەوە ماماوەند و کەم داهاتەکان دەکا (Ibid.). ئەگەر لەو توێژینەوانەش ورد ببینەوە کە بە ناوی تیۆریی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە دەکرێن، دەتوانین بڵێین کە نزیک لە هەموویان لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەکانی ئیستادا، دەیانەوێ بە شێوازی گشتی ستەم کەم بکەنەوە یاکوو بیسڕنەوە. هەروەها ئەم شێوازە لێکۆڵینەوانە گرنگییەکی زۆر بە کێشەکانی دانیشتووە ڕەسەنەکان (Indigenous people) لە ئۆسترالیا و نیوزلەندەوە بگرە هەتا ئامریکا دەدەن کە چۆن لە ئاکامی چەندین سەدە چەوساندنەوەدا زمان و کولتووریان نزیک لە لەناوچوونە. لە وڵاتانی ئافریکایی وەک نیجرییە و کنیا و لە ئاسیا بەتایبەت لە هیند نەریتێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالی هەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە ئاوێتەیەک لە تیۆرییەکانی بیرمەندانی مارکسیزم و فێمینیزم، ڕەخنە لە دۆخی مەوجود لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکارییەوە بگرە هەتا سیاسەتەکانی دەوڵەتەکان سەبارەت بە ژنان و ژینگە دەگرن و پێیان وایە قۆناغی ئیستایان لە کۆلۆنیالیزم تێنەپەڕیوە و هەر بۆیە وەک نیوکۆلۆنیالیزم

ناوی لێ دەبەن.
تیۆرییەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم هەرچەند هەمیشە سەرنجراکێشن و زۆر دەتوانن یارمەتیدەری توێژەری کورد بن بۆ ئەوەی بتوانێ چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ توێژینەوەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر چەندین ئاستی تیۆری و مێتۆدۆلۆژی کێشەی مەعریفی ساز دەکەن. ئێستا دەکرێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بپرسین کە بۆچی لە جیاتی بەکارهێنانی بیرۆکەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم، کەڵک لە دژەکۆلۆنیالیزم وەرگرین؟ دەکرێ بڵێم زیاتر پەیوەندیی بە ئەوەوە هەیە کە چۆن لە کێشەکان ورد دەبینەوە و چۆن کوردستان پێناسە دەکەین. بەکورتی من ئاماژە بەو ڕەخنانە دەکەم کە ئەگەر دۆخی پۆستکۆلۆنیالیزم هەڵبژێرین گیرۆدەیان دەبین: (١) بە قەبوڵ کردنی ئەم تیۆریيانە وامان نیشان داوە کە کوردستان لە دۆخی کۆلۆنیالیزمدا نییە؛ (٢) بیرمەندانی نەتەوەی کۆلۆنیالیستی تورک، فارس و عەرەب خۆیان کەڵک لەم تیۆرییانە وەردەگرن. واتە چونکە ئەم دەوڵەتانە خۆیان بەشێک لە جیهانی سێیەمن و لە رووی مەعریفییەوە هەوڵ دەدەن لە ڕۆژئاوا سەربەخۆ بن کەڵک لە تیۆری و مێتۆدۆلۆژیی پۆستکۆلۆنیالیزم وەردەگرن تاکوو سەرەوەریی کولتووریی خۆیان نیشان بدەن. بەم شێوەیە بیرمەندانی کورد تێکەڵ بە چەمکی هاوبەشی مەعریفی لەگەڵ دوژمنان دەبن. بۆ نموونە باس لەوە دەکەن کە ڕۆژئاواییەکان لە سەفەرنامەکانیاندا لە سەردەمی عوسمانی یاکوو قاجار، چۆن سەیری مرۆڤی ئەم ناوچانەیان کردووە، یاکوو لە فیلمەکانی هالیوود یا ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەیەمی بریتانیا، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی چۆن نیشان دەدرێ؛ (٣) ئەم تیۆرییانە گرێدراوی بواری لێکۆڵینەوەی کولتوورین و زیاتر جەخت لەسەر چۆنیەتیی پیشاندانی مرۆڤی جگەڕۆژئاوایی لە ڕۆمان، شێعر، فیلم و موسیقادا دەکەن. یاکوو بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری مۆزەخانەکان دەکەن کە چۆن ڕۆژئاواوییەکان لە دەستکەوتە کولتوورییەکانی ناوچەکانی دنیا سازیان کردووە؛ (٤) چونکە بواری لێکۆڵینەوەی کولتووری و پۆستکۆلۆنیالیزم ئاوێتەی یەکن، لە بنەڕەتدا چوارچێوەی تیۆریکیان مافخوازانەیە. هەرچەند تیۆرییەکانی مارکسیزم و فێمینیزم، بنەمای تیۆریکی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم، ڕەخنەگرانە و ڕادیکاڵ دەکا، بەڵام لە ئاکامدا دەستکەوتەکان بەرەو هەموارکردنی یاساکان لەناو دڵی دەستووری بنچینەییی دەوڵەت نەتەوەکاندا دەڕوا.
کەواتە ئەگەر ئێمە قەبوڵی بکەین کوردستان لە دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزمدایە و ئەم دۆخە ئاوارتە و کاتی نییە (ئەردەڵان ٢٠١٩c)، بۆ ڕزگاری، ڕێگەچارەیەک جگە لە دژایەتی کردن لەگەڵ کۆلۆنیالیزم نامێنێتەوە. ئامانجی سەرەکیی کۆلۆنیالیزمیش هەر وەک لە سەرەوەتر باسی لێ کرا، چەوساندنەوە و بەتاڵانبردنی سەرچاوە مادییەکانی کوردستان بە مەبەستی گەشەی ناوەندە، کە گەشەنەسەندنی کوردستانی لێ کەوتووەتەوە. لە ڕێڕەوی ئەم چەوساندنەوەدایە کە ناسنامەی کوردستانیبوون دەستکاری کراوە و سوڵتەی زمان و کولتووری تورکی، فارسی و عەرەبی بە سەر کوردستاندا زاڵ بووە. بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم سیستەمە، پێویست بەو تیۆرییانە دەکا کە ڕاستەوخۆ کۆلۆنیالیست بوونیان نیشان بدا و ڕێگەچارەی پێویست بۆ ڕزگاری دیاری بکا، نەک تەنیا کات بۆ چۆنیەتی پیشاندانی مرۆڤی کورد لە بەرهەمی ئەدەبی و سەفەرنامەکانی ڕۆژئاواییەکان تەرخان بکرێ (کریمی ١٣٩٦).
هەرچەند لە ڕوانگەیەکی نامێژووییەوە، هەندێک لە بیرمەندەکان پێیان وایە کە پێشگری «پۆست» لە چەمکی پۆستکۆلۆنیالیزم، بە مانای دوای کۆلۆنیالیزم نییە و تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم دەتوانن هەموو خەبات و بەرگرییەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیزمیش شرۆڤە بکەن، بەڵام ڕەخنە لە کۆلۆنیالیزم لە دەیەی

١٩٦٠ بەدواوە و بەتایبەت لە بەرهەمەکانی فرانتز فانۆندا دەبینرێ. هەڵبەت لە شێوازی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکدا، کۆلۆنیالیستەکان لە دووردەستەوە هاتبوون و وڵاتێکی دیکەیان بەکۆلۆنی کردبوو و لە نێوان کەمینەیەک کە لە لایەن ئەوانەوە جێگیر کرابوو و زۆرینەیەک کە دەچەوسانەوە و دانیشتووانی سەرەکیی ئەو وڵاتە بوون، هەمیشە سنوورێکی دیاریکراو لە هەموو بوارەکاندا دەبیندرا. لە کوردستان بە هۆی دامودەزگاکانی نەتەوەی سەردەست هەوڵ دەدرێ ئەم سنوورە بەڕوونی دیار نەبێ، ئەگەرچی کێ هەیە نەزانێ کە تورک، فارس و عەرەب، لە کوردستان ئەو کەمینە هاوردەیەن کە دەسەڵاتیان بە دەستە، زۆرینە دەچەوسێننەوە و سامانەکەیان بەتاڵان دەبەن؟ کەوابوو، بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کۆلۆنیالیزمی ئەوان باشترە کەڵک لە چوارچێوەیەکی تیۆریک وەرگرین کە بۆ ڕیفۆرم ساز نەکراوە، بەڵکوو مەبەستیەتی دژ بە کۆلۆنیالیزم بوەستێ و کوردستان ڕزگاری ببێ. چونکە لە ڕاستیدا مەبەستی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی ڕزگارکردنی خاکی کوردستانە.

تیۆرییەکانی دژەکۆلۆنیالیزم بۆخۆیان بە سەر سێ قۆناغدا تێپەڕیون چونکە لە سێ ئایدیۆلۆژی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هەر کامیان لە دوو ستراتێژیی جێگرەوەی یەک، واتە ڕیفۆرم و شۆڕش کەڵک وەردەگرن. لە سەدەی هەژدەیەم، ئایدیۆلۆژیی دژەکۆلۆنیالیزم، لەسەر بنەمای بیرۆکەی یاسای سروشتی، سەربەستی و مافەکانی مرۆڤ دامەزرا؛ شێوازی زاڵ لە سەدەی نۆزدەیەم لە هەندێک شوێن وەکوو یۆنان، ئیرلەند و ئیتالیا، لەگەڵ جۆش و خرۆشی ناسیۆنالیزم تێکەڵ بوو. لە سەدەی بیستەم، بەتایبەت دوای ١٩١٧، لەگەڵ بیرۆکەکانی سوسیالیزم و کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕانە یەکسان بووەوە (Young 2015, 85-6). بەڵام ئەوەی کە دیارە ئایین قەت وەک فاکتەرێکی گرنگ لە ئایدیۆلۆژیی دژەکۆلۆنیالیستیدا سەیر نەکراوە (هەرچەند نموونەی سەرکەوتووی وەک شۆڕشی مەهدیباوەڕانە لە سودان لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٣ تا ١٨٨٥ دەبیندرێ کە دژ بە دەسەڵاتی میسر و بریتانیا ڕاپەڕیبوون). بەڵام چۆن دەتوانین بە تیۆرییەکی گونجاو و هەڵبژاردنێکی ستراتێژییەکی شیاو بگەین؟

لە هەڵبژاردنی تیۆرییەکی گونجاو بۆ چوارچێوەی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان، کە بتوانێ یارمەتیدەری پرسی ڕزگاری لە کوردستان بێ، خوێندنەوەی ئەزموونی شۆڕشە دژەکۆلۆنیالیستییەکانی دیکە هەرچەند گرنگە، بەڵام زیاتر لەوە، پێویست بە هەڵوێستێکی دیاریکراو لە لایەن بیرمەندانی کوردەوە هەیە. دۆخی کوردستان لە هیچ نموونەیەکی دیکە ناچێت چونکە هیچ وڵات یا نەتەوەیەک لە یەک کاتدا لە لایەن چوار دەوڵەتی جیاوازەوە بەکۆلۆنی نەگیراوە و چوار نەتەوەی (تورک، فارس، عەرەب و ئەرمەنی) بە شێوازێکی سیستەماتیک هەوڵیانەداوە تا مێژوو، زمان و کولتوورەکەی دەستکاری بکەن. دیارە هەر شۆڕشێک لە کوردستان دەبێ بە مەبەستی ئازادیی خاکی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵک ڕاپەڕێنێت و هەروەها دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە سەرەڕای ئەوەیکە نەتەوەی کورد زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردستان پێک دێنێ، بەڵام هەر کەمینەیەک لە کوردستان لەبەر ژیان لەو ناوچەیە، لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە هەوڵ دراوە دەستکاریی ناسنامەکەی بکردرێ. بۆ نموونە لە ئیستادا لە کوردستان و بەدرێژایی سەد ساڵ کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، کار لەسەر ناسنامەیەکی جگەکوردستانی و تەنانەت دژەکوردستانی بۆ کەمینە ئایینی، زمانی و قەومییەکان لە کوردستان کراوە. ئەم دیاردە نەگریسە، ئاکامی کۆلۆنیالیزمە و تاوانبارەکەی حیزبە شۆڕشگێڕەکان یا خەڵکی کوردستان نین کە هەمیشە هەوڵیان داوە پشتیوانی لە فرەڕەنگی و جیاوازییەکانی کوردستان بکەن. بە وتەی سمیت، سیاسەتی «دووبەرەکی

ساز بکە و حکومەت بکە» هەتاکوو ئیستا ستراتێژییەکی بنەڕەتی بۆ کۆنترۆڵی خەڵکی خۆجێییە [نەتەوەی ژێردەست]. ئەم سیاسەتە هەتاکوو ئیستاش کاری پێ دەکرێ، چونکە بەداخەوە هێشتاش هەر سەرکەوتووە (Smith 2008, 99). دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە دەلاقەیەکی نوێ بە سەر پرسی ئیزدی، یارسان، عەلەوی، شەبەک، ئاسوری و کلدانی (ناسنامەی ئایینی وەک جێگرەوەی ناسنامەی کوردستانی)، لۆڕی، لەکی، هەورامی و زازاکی (ناسنامەی زمانی وەک جێگرەوەی ناسنامەی کوردستانی) و تورکمان، عەرەب و تورک (ناسنامەی قەومی وەک جێگرەوەی ناسنامەی کوردستانی) بکەینەوە.

لە ڕوانگەی خەباتی دژەکۆلۆنیالیستییەوە، هەمیشە گرنگییەکی زۆر بە ڕێکخراوەکان دراوە و تەنانەت سازکردنی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی ڕێکارێک بووە و لە هەندێک وڵاتەکان توانیویەتی دژبەرەکان بە دەوری بیرۆکەیەکی هاوبەشی دژەکۆلۆنیالیستی پێکەوە کۆ بکاتەوە. ڕێکخراوە (حیزب) بە هەموو قازانجەکانیەوە بە تەنیا ناتوانێ لە ڕووی ستراتێژییەوە سەرکەوتوو بێ. بەتایبەت، هەرچەند دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی هەمیشە هێزی سوپایی بۆ سەرکوت بەکار دێنێ، بەڵام بەکارهێنانی هێزی ڕەق بە تەنیا ناتوانێ مەشروعیەت بۆ داگیرکاری و مانەوە ساز بکا. بۆیە هەر دەسەڵاتێکی کۆلۆنیالیستی مۆدێلێکی تایبەت بە خۆیان لە سیاسەتی گێزەر و گۆپاڵ هەیە و بەوردی بەکار دێنن. هەر بۆیە هەر بزووتنەوەیەکی دژەکۆلۆنیالیستی، دەبێ هاوکات لە هەر دوو تاکتیکی ڕەق (توندوتیژی) و نەرم (کولتووری) کەڵک وەرگرێ. با بەکورتی سەیری سیاسەتەکانی گێزەر و گۆپاڵی دوژمنانی کوردستان بکەین و بۆمان دەردەکەوێ کە ئاکادێمیای کوردستان چۆن دەتوانێ یارمەتیدەری دژایەتی کردن و تێپەڕاندنی دۆخی کۆلۆنیالیزم بێ.

دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستان، بۆ مانەوەی داگیرکەرانە و هەروەها بەهێزکردنی سەردەستەییی خۆیان هەموو ژێرخانی کۆلۆنییەکەیان (کوردستان) لە ڕێگەی هێزی سوپایی و پۆلیس، یاسا وماڵیاتەوە کۆنترۆڵ کردووە. هەر لە کاتی ئەم کۆنترۆڵەدا، داگیرکەران لە فکری ئەوەدان کە زۆرترین هاودڵی و هاودەنگی لە نێوان خەڵکی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان بە دەست بهێنن. واتە زۆرترین ڕەزامەندی بە مانای ئەوە دێ کە کۆنترۆڵ ئاسانتر دەبێ. هەر بۆیە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بەڵگە دێنێتەوە کە مانەوەیان لە کوردستان لەبەر قازانج نییە و تەنانەت ئەو پارەیەی کە خەرجی گەشەی کوردستان وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو دەیکەن بە زیانیانە، بەڵام لەبەر مرۆڤدۆستی و سازکردنی وڵاتێکی مۆدێرن بە ئەستۆیان گرتووە. هەر بۆیە لە ئیستادا کارامەترین پاساو، کەڵک وەرگرتن لە چەمکی مۆدێرنیتەیە. واتە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان بە بیانووی مۆدێرن کردنی کوردستان، لە هەر کام لە پارچەکان، سیستەمێکی ئاڵۆزی ئابووری-سیاسییان بۆ سازکردنی کۆلۆنییەکی نێوخۆیی ساز کردووە.

بەتایبەت تورکیا و ئێران و لە ڕادەیەکی لاوازتر عێراق و سوریا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کولتوور و زمانیان مۆدێرنە و کولتوور و زمانی کورد دواکەوتووە. مۆدێلی عەرەبەکان زیاتر ئەوەیە لە ڕێگەی ئایینی هاوبەشی ئیسلامەوە، سەرەوەریی خۆیان بسەپێنن یاکوو شێوازێک لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان ساز کەن. کەواتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان پێشتر و لە ئیستادا بیر لە سازکردنی کولتوورێکی نیشتمانی (نەتەوەیی) دەکاتەوە. لە هەنگاوی یەکەمەدا و بە وتەی سەعید «لەبەر بوونی کۆلۆنیالیستەکان، گێڕانەوەی خاکی داگیرکراو تەنیا لە ڕێگەی وێناکردنەوە ئیمکانی هەیە» (Said 1993, 271). مەبەستی سەعید ئەوەیە سەرەتا دەبێ مرۆڤی بەکۆلۆنیکراو وێنایەکی لە سەربەستی و

سەربەخۆبوونی خاک (لێرەدا کوردستان وەکوو وڵات) و گرێدانــی پارچــەکان وەک نەتەوەی کوردســتانی هەبێ. بۆ ئەم کارە هونەرمەندان، ڕۆشنبیران و سیاسییەکان دەتوانن ماتریاڵێکی گرنگ بەپێی ئایدیۆلۆژیی دژەکۆلۆنیالیستی و بە مەبەستی ڕزگاری بەرهەم بهێنن.

لــەم ڕووەوە و لە ڕوانگەی فانۆن لە کتێبی بێچارەکانی سەر زەوی، کۆلۆنیالیزم سیستەمێکی چەوســاندنەوەیە کە لە فازی یەکەمدا نەتەوەی بەکۆلۆنیکــراو، لاســایی کولتــووری نەتەوەی کۆلۆنیالیســت دەکاتــەوە. لە فــازی دووەمدا ناسیۆنالیســتەکان لە چوارچێــوەی خەباتێکی دژەکۆلۆنیالیســتی (ناســیۆنالیزمی کولتووری) دژ بە کولتووری کۆلۆنیال دەوەستنەوە و ڕەتی دەکەنەوە. شۆڕشــگێڕەکان پشــت بە کولتوور و مێــژووی خۆیان دەبەســتن و هەوڵ دەدەن لەسەر ئەو بنەما جیاوازە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو ساز کەن. لەم قۆناغەدا هەرچی پەیوەندیی بە کۆلۆنیالیستەکانەوە هەیە دەبــێ بە گومانەوە ســەیر بکــرێ: پەیوەندیی ئابــووری لەگەڵ ناوەندی کۆلۆنیالیســت دەبێ کەم بکرێتەوە و هــەوڵ بدرێ بپچڕێت، زمانی کۆلۆنی دەبێ ســەر لە نــوێ بژیەتەوە و بەکار بهێندرێ، نووســین بەو زمانــە دەبێ زۆر ببێ و بەرهەمی زانســتی پێ بنووسرێ، ئەدەبیاتی ناوچەی بەکۆلۆنیکراو دەبــێ زیندوو بکرێتەوە. فانۆن لە فازی ســێیەمدا ئامــاژە بەوە دەکا کە لە ئاکامی بەر یەککەوتنی فازی نکۆڵی کردن و ڕەتکردنەوە بە شێوازی دیالێکتیکی، کولتووری نەتەوەیــی ســاز دەبــێ (Fanon 1966). لەم بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ســوڵتەی کۆلۆنیالیزم لە کوردستان، دەوری ئاکادێمیا لەو ڕەهەندەوە گرنگە کە دەتوانێ ئەو زانستە بباتە ژێر پرسیار کە ئاکادێمیای تورکیــا، ئێران و عەرەب دژ بە سەربەخۆیی کوردستان سازیان کردووە. واتە بە درزخســتنە ناو قەڵای زانســتی ساختە لەسەر کوردســتان و کورد، دامودەزگای ئایدیۆلۆژیکی کۆلۆنیالیزم لە ڕمان و نەمان نزیک دەبێتەوە و لە ئاکامیدا مانەوەی سیســتەمی کۆلۆنیالیستی لە کوردستان مەشــروعیەتی لە نێوان خەڵکدا لاواز دەبێ.

## لــە بــواری لێکۆڵینــەوەی کوردییەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستان

پاش جەنگــی دووەمی جیهانــی و لە ئاکامی سازبوونی بواری لێکۆڵینەوەی ناوچەیی (Area Studies) لە زانکۆکانی ئامریکا، خوێندنەوەیەکی نــوێ بۆ بــواری زانســتی مرۆیی و زانســتی کۆمەڵایەتــی بەپێــی هەرێمــی جوگرافیایی، نەتەوەیی و کولتووری کراوە. هەموو ناوچەکانی جیهــان لە ڕوانگــەی بەرژەوەندیــی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئامریــکاوە دابەش بە چەندین بوار و ژێربواری تایبەت کــراوە. ئامریکا لەم ڕێگایەوە توانیویەتی دەســەڵاتێکی بێ ڕەکابەر لە دنیادا پەیــدا بــکا. ئــەم ڕووداوە کە بە پشــتگیریی ســەرەتایی دامــەزراوەی فۆرد، دامــەزراوەی ڕاکفێلێــر و کۆمپانیای کارنێگــی، لە گەرمەی جەنگی سارد و دەستپێکی پرۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ئافریکا و ئاسیا (کە سەربەخۆیی چەندین وڵاتی لێ کەوتەوە)، دەســتی پێ کرا، بووە هۆی ئەوەی سەدان بەش و ئەنستیتۆ لەم بوارە نوێیەدا چالاکییان هەبێ.

ئەگەر پێشــتر بواری لێکۆڵینەوە لەســەر کوردستان و کورد بە کوردۆلۆژی (کوردۆلۆگی) دەناســرا، لــەم پۆلێنبەندییــە نوێیــەدا ناوی لێکۆڵینــەوەی کــوردی بــۆ دانــراوە و وەک ژێربوارێکی لێکۆڵینەوەی ئێران ئەژمار دەکرێ. لە ڕاســتیدا دەبێ ســەرنجی بوارێکی گەورەتر بدەیــن کە بــە ناوێکی نــوێ (و لە ئێســتادا تــەواو جێکەوتــوو) ناســراوە و ئەویش بواری لێکۆڵینــەوەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتە. ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرەتا لە بەستێنێکی سیاســیدا بەکار دەهــات، لەو کاتــە بەدواوە وەک یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی زانســتی مرۆیــی گرنگییەکی لەرادەبــەدەری پێ دراوە. لێکۆڵینەوەی ئیســلام (کە زۆربەی جار لەگەڵ

لێکۆڵینەوەی عەرەب و زمانی عەرەبی ئاوێتەی کــراوە)، لێکۆڵینەوەی تورکی (بە دوو ژێربواری گرنگی لێکۆڵینەوەی ســلجوقی و لێکۆڵینەوەی عوســمانی) و لێکۆڵینەوەی ئێران، ســێ بواری سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک دێنن. لــەم ڕوانگە نوێیەوە، لێکۆڵینەوەی کوردی لە زۆر لایەنــەوە وەک لقێکی بچووک لە بەشــەکانی لێکۆڵینەوەی ئێران دەناسرێ. لە ڕووی مەعریفەناســییەوە، زمانی کوردی، نەژاد، ئایینە جگەئیسلامییەکان لە کوردستان (ئێزدی، یارسان، عەلەوی و شــەبەک) هاوکات لەگەڵ ســۆفیگەری، کولتووری کــوردی (جەژنەکان، دابونەریــت، جلوبــەرگ)، موســیقا و هونەری تەلارســازی وەک بەشــێکی جیانەکــراوە لە زمانی ئێرانی (لقی زمانی هێند و ئەورووپایی)، نــەژادی ئاریایی، ئایینی کۆنی ئێران و عێرفانی ئێرانــی، و کولتوور و موســیقای ئێران ئەژمار دەکرێن. من پێشــتر ئەم لێکدانەوە تایبەتانەم وەک کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر پێناســە کردووە و نیشــانم داوە کە دەوڵەت نەتەوەی فارســەکان (بە ناوی ئێران) چۆن بۆ سازکردنی هێژموونیی کولتووری لە کوردســتانی گــەورە کەڵکی لێ وەرگرتووە (ئەردەڵان 2019b).

دیارە کە گرنگترین ڕەهەندی کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیکی زێــدە بۆ ئەو بەشــە دەگەڕێتەوە کە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی وەک بەشــێک لــە لێکۆڵینەوەی ئێران پێناســەی بــۆ کراوە. چونکــە هەرچیمان هەیــە و نییە بۆ نموونە لە ئینسایکلۆپێدیای ئیرانیکا یا دائرەالمعارف بزرگ اســلامی بە نــاوی ئێرانییەوە تۆمــار کراوە. لە هەمان کاتدا، بە ناوی ئیســلامەوە و دیسانەوە بــە کەڵــک وەرگرتن لــە ئاوەڵنــاوی ئێرانی، کــورد و تایبەتمەندییــە کولتوورییەکانــی لە ئینسایکلۆپێدیای ئیسلام کە چاپەمەنیی ناوداری بریل بڵاوی دەکاتەوە تۆمار کراوە. تورکەکان کە هەر لە سەرەتاوە لە ئاکادێمیای خۆیان هەوڵی نکۆڵی کردن و تەنانەت بەلاڕێدا بردنی پرســی کوردیان هەبووە. تەنانەت زانستی ساختەیان تا ئەو شوێنە ڕۆشتبوو کە لە تیۆریی زمانی هەتاودا زمانی تورکی کرا بــە دایکی هەموو زمانەکانی جیهان و کورد تەنیا تورکێکی شاخســتانی بوو کە لەبەر دواکەوتوویی و ژیان لە چیاکان، زمانی تورکیی لەبیر کردبوو. هەرچەند لە ئیســتادا و بەتایبەت لە ١٩٩٠ بەدواوە کرانەوەیەک بە سەر پرســی کورد لە زانکۆکانــی تورکیا ڕووی داوە بەڵام لە ئەم شێوازەشــدا هەوڵ دەدرێ گرنگی بە کەمینە نیشــاندان و تاوتــوێ کردنی مافی کەمینە لە تورکیایەکــی دێمۆکراتیکدا بکرێ. واتە تەنیا باس لە لایەنی سیاسی و بە مەبەستی تواندنــەوە، گرنگی بــە بــواری لێکۆڵینەوەی کــوردی دەدەن. بەڵام پرســیاری ســەرەکی ئەوەیە: ڕەوتی سەرەکی لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی لە لایەن ئاکادێمیای کوردی بە دەست کام لایەنانەوەیە و توێژینەوەکان لە دەوری کام تەوەرە سەرەکییەکاندا دەسووڕێنەوە؟

ئەگــەر قەبوڵی بکەین کە کوردســتان لە دۆخــی کۆلۆنیالیزمدایــە، بەڵگەنەویســتە کە دەبــێ ئاکادێمیای کوردی هەموو هەوڵی بخاتە گەڕ بەشــکم بتوانێ یارمەتیدەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان بێ و لەم ڕێگەیەوە وەک هێزی نــەرم لە بەرامبــەر ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزمدا بوەستێتەوە. بەڵام کێشەکە ڕێک هەر لــە هەمان دیاریکردنی ناوی لێکۆڵینەوەی کوردییــەوە دەســت پــێ دەکا. کاتێــک لە چوارچێــوەی چەمکی لێکۆڵینــەوەی کوردیدا بەرەبەرە لە سەدەی بیست و یەکەم و بە یارمەتیی ماددی حکومەتی هەریمی کوردستان چەندین بەش ســاز کراوە، وەکوو بەشــی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ئێگزێتر (کورسیی ئیبراهیم ئەحمــەد، بریتانیا)، ئەنســتیتۆی لێکۆڵینەوەی کوردی لــە زانکۆی ئێرفۆرت (کورســیی مەلا مستەفا بارزانی، ئاڵمان)، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ســێنتراڵ فلۆریدا (کورسیی جــەلال تاڵەبانی، ئامریکا). هەروەها لە چەندین بــەش لە فەرانســە، ئاڵمان، ڕووســیا و پۆلەند لە بەشــەکانی لێکۆڵینــەوەی ئێــران، زمانی

کوردی یا بەرنامەیەکی هاوشێوە دەخوێندرێ. سەرەڕای چەندین ئەنستیتۆ و ناوەند کە لەم بوارەدا چالاکن و بە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە هەبووە، بەڵام پێویست دەکا **١** بواری لێکۆڵینەوەی کوردی وەک لێکۆڵینەوەی کوردستان بناسێندرێ و **٢** ناوەندی سازکردنی زانست لە جیاتی لە ڕۆژئاوا و لە زانکۆکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالسیتییەکانی کوردستان بێ، لە کوردستان و بۆ خۆی بگێردرێتەوە.

سەرەتا دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە لە دوای دەستکەوتە زانستییەکانی ئەو کەسانەی زیاتر بە پۆستمۆدێرن ناسراون، گومانی سەرەکی لەسەر بوونی «یەک هەقیقەت» هەیە. هەروەها لە دنیای بوونی هەقیقەتەکان، سازبوونی هەقیقەتەکان ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتەوە گرێ دراوەتەوە. بە وتەی فوکۆ: «سیاسەتی گشتی»ی هەقیقەت: بە واتای جۆرەکانی گوتارێک دێ کە لە ڕێگەیەوە کارکردەکەی وەکوو هەقیقەت پەسەند و ساز دەکرێ؛ هەروەها بە مانای ئەو میکانیزم و نموونانە دێ کە ڕێگە بە تاک دەدا تا وتەی ڕاست لە هەڵە جیا بکاتەوە، مەبەست ئەو ئامرازەن کە ڕێگە بە هەر کام لەو وتەزایانە دەدەن؛ ئەو تەکنیک و ڕێکردانەن کە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت بایەخ دادەنێن؛ و پێگە بەو کەسانە دەدا کە ئەرکیان وتنی ئەو شتانەیە کە وەک هەقیقەت دەناسرێن (Foucault 1980b, 133). لە ڕوانگەی فوکۆوە کاری توێژەری بواری مێژووی بیرۆکەکان، نەک دۆزینەوەی هەقیقەت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دۆزینەوەی «کۆی گشتی ئەو ڕێسایانەیە کە لەسەر بنەمایان، بابەتی ڕاست و بابەتی هەڵە لێک جیا دەکرێنەوە و کاریگەرییە تایبەتەکانی دەسەڵات بە بابەتی ڕاستەوە پەیوەست دەبن، و هەروەها ئەمە بابەتی پێکدادانێک لەسەر هەقیقەت نییە، بەڵکوو بابەتی پێکدادانێکە لەسەر پێگەی هەقیقەت و ئەو دەورە ئابووری و سیاسییەی کە دەیگێڕێ» (Ibid.). لەم بەرجەوەندەوە، ئەگەر سەیری بواری لێکۆڵینەوەی کوردی بکەین بۆمان دەردەکەوێ هەرچەند بە وتەی حەمید بوزەرسەلان (Bozarslan 2009) یا مایکەڵ ڕوبین (Rubin 2016) بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دەستکەوتی زۆری هەبووە و لە ماوەیەکی کەمدا گەشەی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەر ئیستا لە دۆخێکی قەیرانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەداین، چونکە ئەو کەسانەی دیاری دەکەن کە ئەم بوارە دەبێ چی لە خۆی بگرێ و سنوورەکانی کامانەن، لە باشترین حاڵەتدا توێژەرە ڕۆژئاواییەکانن کە لە سایەی سەری کوردستان و کورد پیشە و ناوبانگێکیان دەسەت کەوتووە، باوەڕیان بە سازبوونی وڵاتێک بە ناوی کوردستان نییە؛ و دیارە لە خراپترین حاڵەتدا فارس و تورک و عەرەبەکانن کە دژ بە هەر جۆرە بیرۆکەیەکی پەیوەندیدار بە سازبوونی کوردستان دەوەستنەوە. بۆ ئەم دوو لایەنە دەسەڵاتی زانستییان هەیە؟ چونکە ئەوانن، بە وتەی فوکۆ، کە بواری ئابووری و سیاسیی سازکردنی پێگەی ئەو بابەتەیان هەیە کە وەک هەقیقەت لەسەر کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

دیاری نەکردنی سنوورەکانی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی و هەنگاو هەڵنەگرتن بۆ بواری لێکۆڵینەوەی کوردستان وەک بوارێکی سەربەخۆی زانستی، تەنیا پەیوەندیی بە توێژەرە کوردەکانەوە نییە. لە ڕاستیدا دەستپێک و کێشەی سەرەکی بۆ ئەو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانە دەگەڕێتەوە کە خۆیان بە دامەزرێنەر و خاوەنی سەرەکیی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دەزانن. لە لایەن ئەوانەوە باشترە (زانستیانەیە) کە کورد وەک کەمینەیەک لە باوەشی دەوڵەت نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکەدا سەیر بکرێ. ئەم شێوازە دیسان هێندە ڕوونە کە لەوپەڕی ئاشکرابوونی خۆیدا بەدەگمەن پرسیار لە مەشروعیەتی دابەشکارییە ساختەکەی دەکرێ. من پێموایە هەڵبژاردنی چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆیە گرنگە کە «کارامەمان دەکا تا سەبارەت بەو جیهانەی کە تیایدا دەژین، گریمانە و پێشبینیمان هەبێ...

و ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر مەودایەکمان بۆ دەرەخسێنێت کە گەڵاڵە داڕێژین، ستراتێژی دابنێین و کۆنترۆڵێکی زیاترمان بە سەر بەرگریی خۆماندا هەبێ» (smith 2008, 38). لە ڕاستیدا بۆ کوردستان و نەتەوەیەکی بەکۆلۆنیکراو تیۆری بەستێنێکە بۆ خەبات و گرنگییەکی ئێجگار زۆری بۆ ئێمە هەیە کە بزانین چۆن لە بەرامبەر دوژمناندا بوەستین و شکەستیان بدەین. لەم ڕوانگەیەوە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بەو مانایە نییە کە هەرچی تاکوو ئێستا سەبارەت بە کوردستان نووسراوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە وەلایەک بنێین و چاوپۆشییان لێ بکەین، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بەگوێرەی نیگەرانی و ئۆمێدەکانمان، لەبەر ڕزگاریی کوردستان و ئەو هیوایەی کە بۆ سەربەستی و سازکردنی کۆمەڵگایەک بە کەمترین شێوازی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، جێندەری و ژینگەیی هەمانە، چوارچێوەیەکی تیۆری هەڵبژێرین.

بۆ ئەوەی بابەتیانە بیرۆکەی خۆم نیشان بدەم باس لە چەند نموونە لە ناو سەدان نموونەی هاوشێوە دەکەم کە چۆن لە ڕێگەی تیۆری، دامو دەزگاکان، کۆنفرانسەکان و حەز و خولیاکانی ئەوانیتر، دنیای ئێمە ساز کراوە. لە زانکۆی ئێگزێتر (University of Exeter) لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشێک بە ناوی لێکۆڵینەوەی کوردی بە پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز بووە و لە پاییزی ٢٠٢٠دا چوارەمین کۆنفرانسی لێکۆڵینەوەی کوردی لەو بەشە بەڕێوە دەچێ. ئەوەی جێی سەرنجە زمانی کۆنفرانس ئینگلیزییە و توێژەرە کوردە گەنجەکان دەبێ بە ئینگلیزی پێکەوە قسە بکەن. هەرچەند ناکرێ ئەم شێوازە بە ڕێڕەوی گشتی ناو ببەین، چونکە بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان ساڵانە چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوە سەبارەت بە ئەو مژارانەوە دەگیرێ کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، بەڵام بەڵگەنەویستە تەنانەت لە کوردستانیش ئەگەر بابەتێک بە کوردی بنووسرێ یا پێشکەش بکرێ، گرنگییەکی ئەوتۆی نە لە ناوەندەکانی ئاکادێمیا پێ دەدرێ و نە دەخوێندرێتەوە و گوێی بۆ دەگیرێ. ئەم دۆخە سەبارەت بە چاپی کتێب و توێژینەوە لە دۆخێکی خراپتردایە. تاکوو ئێستا نەمبینیوە توێژەرێکی ڕۆژئاوایی سەرچاوە بە توێژینەوەیەک بدا کە لە بواری خۆیدا بە زمانی کوردی چاپ بووە. سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە کوردناسەکان زمانی کوردی بە باشی نازانن، ڕەنگە هەر بۆیان گرنگ نەبێ کە بزانن چ لە ئاکادێمیای کوردستان ڕوو دەدا. بەڕوونی دیارە کە زۆربەی توێژەرە ڕۆژئاواییەکان خۆیان لە پلەیەکی زانستیی بەرزتردا دادەنێن و پێیان وایە تەنانەت دەبێ توێژەرە کوردەکان لە لای ئەوان فێری تیۆری و مێتۆدۆلۆژیی گونجاو بۆ بواری لێکۆڵینەوەی کوردی ببن.

هەروەها لە ئێستادا گرنگترین ژورناڵێک کە بابەتی پەیوەندیدار بە کوردستان و کورد چاپ دەکا بریتییە لە کوردیش ستادیز ژورناڵ (Kurdish Studies Journal) کە بە زمانی ئینگلیزی بابەت تیایدا چاپ دەبێ و تەنیا پوختەی وتارەکان بە کوردی بڵاو دەبنەوە. هەرچەند تەنانەت ئەم پوختە کوردییەش لە ڕەوتی بواری لێکۆڵینەوەی کوردیدا کارێکی نوێیە (هەروەها زۆر باشە کە لە نوێترین ژمارەکاندا سەرەڕای زارەکانی کورمانجی و سۆرانی، زاری زازاکییان بە پوختە کوردییەکان زیاد کردووە) بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە کە نزیک لە هەموو بەڕێوەبەرە کوردەکان و زۆربەی توێژەرانی ئەم ژورناڵە، نە دەتوانن بە کوردی بنووسن و نە دەیانەوێ بە کوردی وتارێک بڵاو بکەنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر سەیری ئاکادێمیای ناوخۆی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەین زیاتر لە ٩٥٪ بەرهەمەکان (کتێب، توێژینەوە، وتار و تێزەکان) بە زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبین. بە هەڵکەوت ئاکادێمیسیەنێکی کورد دەبینی کە بە کوردی بابەتێکی جیددی بنووسێ و زمانی

کوردی لە باشــترین حاڵەتدا بۆ بەیانی باش و ماڵئاوایی لــە زانکۆکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەمــە لە کاتێکدایە کە لەو وڵاتانەی کە قۆناغی کۆلۆنیالیزمیان تێپەڕاندووە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران هەوڵ دەدەن بە زمانی دایکی خۆین بنووسن. ئەگەر بیانووەکەیان بوونی دوو یا سێ زاراوە لە زمانی کوردیدا بێ ئەمە لە ئاست بوونی چەند سەد قەوم و زمان لە نیجرییە و کێنیا لە ئاســتێکی زۆر کەمتردایە. گوگی وا تاینگۆ، زۆر ژیرانــە ئاماژە بەوە دەکا کە نووســین بە زمانی کۆلۆنیالیست بە مانای دەست و نەزەر وێستان بۆ ئەوانە و زمــان بێلایەن نییە. زمان هەڵگری کولتــووورە و زمانی کۆلۆنیالیــزم ئامرازێکە کە جیهانــی زێهنــی بەکۆلۆنیکــراوەکان دەخاتە ژێر ســوڵتەی خۆیەوە. لە ڕوانگــەی تاینگۆوە ئــەم بابەتــە بەتایبەت بۆ زمانی نووســین زۆر گرنگە، چونکە لــە کاتێکدا لە زۆربەی ماڵەکان بە شــێوازی زارەکی زمانــی بەکۆلۆنیکراوەکان دەبیســتدرێ، بەڵام لە کاتی پەروەردەدا تەنیا زمانی کۆلۆنیالیســتەکان بەکار دەبردرێ و لەم ڕێگەیەوە منداڵــەکان لەگەڵ مێژوو، جوگرافیا، موسیقا و ڕەهەندەکانی دیکەی کولتوورەکەیان بێگانە دەبن (Thiong›o 1994, chapter 4).

لە ئێران کە بــواری لێکۆڵینەوەی کوردی بە تەواوی لە ژێر هێژمونی بواری لێکۆڵینەوەی ئێراندایە، توێژینــەوەکان ناوەڕۆکێکی دیکە بە خۆیانەوە دەگرن. بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی زۆر بەرفراوان لە زانکۆی ســنە لە ژێر ناوی «کورد: فەرهەنگ و ئەدەبی ئێرانی و ئیسلامی» لە١٥-١٦ ڕەزبــەری ٢٠١٥ بەرێوە چووە و لێرەدا من وەک یەکێک لەو نموونانە باسی لێ دەکەم کە بەردەوام هەوڵ دەدرێ کوردستان و کورد وەک پاشکۆی ئێران و شارستانیەتی ئیسلامی نیشان بدرێ. زۆرینەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە کە لە توێژەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان (هەروەها چەند ئاکادیمیســیەنی ئێرانی) پێکهاتوون و لە ژمارەیەکــی کەمتردا لە پارچەکانی باشــوور و باکوورەوە بەشداری ئەم کۆنفرانسەیان کردووە.

بێگومــان، ئەم زانایانە بەشــداریی خۆیان هەم وەک چالاکییەکی زانستی لێکداوەتەوە و هەم، بە شیمانەی زۆرەوە، وەک ئەرکێکی نیشتمانی ســەیریان کردووە کە دەکــرێ یارمەتیدەری بووژاندنــەوەی کولتــووری کــوردەواری بێ و گەشــەی بــواری لێکۆڵینەوەی کــوردی لێ بکەوێتەوە. بــەڵام ئەوەیکە چۆن کورد ئاوێتەی فەرهەنگ و ئەدەبی ئێرانی و ئیســلامی دەبێ، ئەو پرســیارە ســەرەکییە کە پێویست بە وڵام ناکات؛ چونکە لە لای ئاکادێمســییەنی بواری لێکۆڵینەوەی کــوردی پرســیارەکە، لەوپەڕی ڕوونــی خۆیدا، بــووە بە ڕێســایەکی نەگۆڕی زانستی و بە هەر شێوەیەک لادان لە ڕێڕەوەی ســەرەکی وەک کردەوەیەکی نازانستی ئەژمار دەکرێ. هــەر وەک یەکێک لــە بەرێوەبەرانی کۆنفرانس ئامــاژەی پێ دەکا «ئەوەی کە جێی ســەرنجە ئەوەیە کە... کورد و ئێران بە تەواوی ئاوێتــەی یەک بــوون وەها کــە فەرهەنگێکی تێکهاڵاو و چین چین هەڵچنراو لە ســەر یەک ئەبینین؛ وەها کە مێژووی ئەم دووانە بە یەکەوە گــرێ ئەدرێن و هێماکانی[ســیمبول] وەها بە یەکەوە قوڵــف و بەند ئەکرێن کــە نەهامەتی یان بەختەوەریــی هەر کامێکیان، ئەوی تریش تێوەئەگلێنــێ» (جەباری ١٣٩٤، ٧). ئەم تێکئاڵانە لــە ڕووی مەعریفییەوە بــواری لێکۆڵینەوەی کوردی گیرۆدەی وابەســتەیییەک کردووە کە ڕاستەخۆ کاریگەریی لەسەر ناسنامەی کوردی داناوە.

بەدڵنیاییەوە، دەبێ ڕێز لە هەوڵی بێ وچانی توێژەرانــی کورد بگرین کە نیگەرانی داهاتووی ســازکردنی مەعریفەی کوردین و دەیانەوێ لە ڕێگەی گرتنی کۆنفرانس و توێژینەوەی وردەوە یارمەتیدەری گەشــەی کولتــووری کوردی و بەرگری کردن لە ناســنامەی کوردی بن. بەڵام ئەگەر کۆی هەوڵ و ماندووبوونەکە بەشێک لە چوارچێوەیەکی مەعریفی بێ کە مەشروعییەت بە سوڵتەی دوژمن دەدا و لە ڕێگەیەوە مانەوەی دەوڵەتــە کۆلۆنیالیســتییەکانی کوردســتان

درێژخایەنتــر دەکا، بیرکردنەوە و گومان کردن لــە کــۆی مێتۆدۆلۆژیی بــواری لێکۆڵینەوەی کــوردی، دەبێتە هۆی تێگەیشــتنێکی قووڵتر ســەبارەت بەو میکانیزمانەی کــە دەتوانین بۆ رزگاریی کوردستان بەکاریان بهێنین.

لە نموونە فراوانەکانی ئەم بەشەدا، دەکرێ ئاماژە بــە یەکێک لەو کتێبانــە بکەم کە لەم دواییانەدا ســەبارەت بە کوردســتان چاپ بووە و لــە رووی بەرهەمهێنەر، توێژەران و دەزگای چاپەمەنییــەوە لەوپــەڕی مەشــروعییەتی زانســتیدایە. ئەم کۆنووســە کۆمەڵەوتارێکە کە چاپەمەنیــی ناوداری ڕاتڵێج بە ناوی هەندبوکی ڕاتڵێج ســەبارەت بە کــوردەکان (Routledge Handbook on the Kurds) لە ســاڵی ۲۰۱۹ لــە ژێــر چاودێریی زانــای شــارەزای بواری لێکۆڵینەوەی کــوردی، مایکەل گونتەر، بڵاوی کردووەتەوە. کتێبێک کە ۳۳ وتاری لەخۆ گرتووە و نزیک بــە هەموو توێژەران، لە ناســراوترین زاناکانی بــواری لێکۆڵینەوەی کوردین. هەر کە ئاوڕ لە نــاوی کتێبەکە دەدەینــەوە لە جیاتی ئەوەی کۆنووسەکە سەبارەت بە کوردستان بێ ســەبارەت بە کوردە و هەڵبەتــە بەو جیاوازییە کە ســەبارەت بە کوردیش نییە و ســەبارەت بە کوردەکانــە. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ڕســتەی پێشــووی من بەئەنقەســت چوار جار وشەی «ســەبارەت»م بەکارهێناوە. کێن ئەیانەوێ ئێمە بناســن و بۆچی ئێمەیان کــردووە بە ئۆبژەی لێکۆڵینەوە؟ بەئۆبژەکردنی مرۆڤ یا گرووپێک لە مرۆڤەکان ئایا بە مەبەســتی مرۆڤسڕینەوە لە ئێمە نییــە؟ (Memmi 2003, 130-5)؛ ئێمە بۆ رۆژئاواییەکان و هەروەها بەشێوەیەکی چەندقات بۆ کۆلۆنیالیســتەکان ماکێکی زیادەی ئەو چوار وڵاتەین. تا ماوەیەکی زۆر وەک کێشەی کورد/ی (Kurdish Problem) ناویان لێ دەبردین چونکە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی، داوای قرتاندنی دەســتی چەپەڵی کۆلۆنیالیزمی لە کوردستان دەکــرد و لە ڕوانگەی ئەوانەوە سەرئێشــەی بۆ چوار دەوڵەتی کۆلۆنیالسیت، هاوپەیمانەکانیان لە دنیای ئیســلام، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بۆ تاڵان کردن و شــێواندنی نەزمی نێودەوڵەتیی ســازکراوی ئەوان، دەناوە. دواتر و لە دەمامکی نوێدا باســیان لــە دۆزی کــورد/ی (Kurdish Issue) و پرسی کورد/ی (Kurdish Question) دەکرد. بەڕاســتی کێــن ئەوانەی پرســیاری توێژینەوە ساز دەکەن؟ ئەم توێژینەوانە بایەخی بــۆ کێ هەیە و کــێ پشــتیوانییان لێ دەکا؟ ئەم پرســیارە بەجێیانە بــەرەو ئەوە دەمانبا کە دەبێ بەپێــی مێتۆدۆلۆژییەکی پێداچوونەوەیی هەمیشە گومانمان لە نووسەران و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەهەبێ.

ئەگەر پشــوودرێژ بین و هەر لەســەر ئەم کۆنووسە ڕامانێکی ترمان هەبێ، سەرنجمان بۆ ناونیشــانی پاژی دووەم ڕادەکێشرێ: سەرەتای مێژووی کورد! (Early Kurdish History)؛ لە هەڵەدان ئەگەر مێشــکتان بۆ لای پاشــایەتیی مادەکان یاکوو لانیکەم بۆ دوای هاتنی ئیسلام بگەڕێتــەوە. وتــاری یەکــەم باســی ئیمارەتە کوردییــەکان دەکا، دووەم وتــار بــۆ دۆخــی کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەم تەرخان کراوە و سێیەم وتاریش بۆ کۆتاییی سەردەمی عوسمانی و ســەرەتای تورکیــا لە ســەدەی بیســتەمدا گەڕاوەتەوە. هەر بەم ئاســانییە کۆنووسێک کە قەرارە گرنگترین مژارەکان لەســەر کوردستان و کورد لەخۆ بگرێ مێژوومان دەســڕێتەوە، لە تاریکیدا و بێ ناونیشــان دەمانهێڵێتەوە. وەک وایە پێشــتر نەبووبێتیــن و خاکەکەمان لەبەر مانەوە لە چاخی ســەهۆڵبەندان کەسی لەسەر نەژیابــێ! لــەم کتێبەشــدا وەک زۆر کتێبی هاوشــێوەی دیکە کورد دابەش کراوە (دابەش کردن بە مەبەســتی حکومەت کردن!)، لێرەدا باس لە دۆخی کورد/ی (Kurdish Situation) لە تورکیا، ئێران، عێراق، ســوریا و دیاســپۆرا دەکرێ. ئایا جێی ســەرنج نییە کە بۆ باس لە کوردســتان ناکرێ؟ لەوەش گەڕێین کە بەشی دۆخــی کورد لە ئێران، تەنیا لە یەک وتار پێک هاتووە و فارســێکی دژەکورد، دووپاتکراوەکانی

پێشووتری لێرەدا نووسیوەتەوە، بەو جیاوازییەی چونکە وتارەکەی لە ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨دا بەرهەم هێناوە پاراگرافێکی بەم شێوەیە بە کۆتاییەکەی زیاد کردووە: «هەڵبژاردنی حەسەنی ڕۆحانی «پراگماتیست» وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە ساڵی ٢٠١٣ لە سەرەتاوە گەشبینییەکی سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەو سەبارەت بە کاروباری ئیداری ساز کردووە کە گۆڕانکاری لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە. ڕۆحانی هەنگاوی تایبەتی سەبارەت بە نارەزاییەکان سەبارەت بە گرووپە پەراوێزخراوەکان لە ئێران هەڵگرتووە. بە ئاوردانەوە لە دۆزی کورد/ی، ڕۆحانی لە بوارەکانی سەرمایەگوزاری لە پیشەسازی و ژێرخاندا چەندین پرۆژەی گرنگی هەبووە... ڕۆحانی چەندین جار باسی لە فرەقەومی بوونی ئێران کردووە و وتوویەتی کە ئەم جۆراوجۆرییە قەومییە دەبێتە هۆی بەهێزیی ئێران و نابێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئەمنیەتی میللی»(Entessar 2019, 408). دیارە پێویست ناکا زیاتر لەسەر ئەمە قسە بکەم، ئەو کاتەی قەڵەمی توێژەرەکان لە خزمەت کۆلۆنیالیزمدا کاغەزەکان ڕەش دەکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەی هەتاکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەشێک بۆ ئەو بوارەی لە سەرەوە ڕەخنەم لێ گرت، واتە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی، دانەمزراوە و هەروەها لە جیاتی ئەوەی خوێندکارە بیانییەکان ڕوو لە کوردستان بکەن بۆ ئەوەی زمانی کوردی فێر ببن دەبێ لە هەندێک شوێن وەک ئەنستیتۆی ئینالکۆ لە فەرانسە فێری کوردی ببن، هێشتا بەشێکی بەرچاو لە توێژەرە کوردەکان لە ژورناڵەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی عەرەبی و فارسی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان چاپ دەکەن. چما زمانی فەقێیایەتی لە زانکۆکان بەرهەم دێتەوە و هێشتا زمانی کوردی نەبووەتە ئەو حەرفەی کە خۆی لە ئاستی ئەو زمانانەدا ببینێتەوە. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زانکۆ و قوتابخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان زمانی ئینگلیزی جێگەی زمانی کوردی دەگرێتەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا سەدان توێژەری کورد لەو پارچەیە ساز دەبن کە بەشانازییەوە باس لەوە دەکەن کە تەنیا بە ئینگلیزی دەتوانن بنووسن. جێی ئاماژەیە گرنگی نەدان بە توێژینەوە بە زمانی کوردی لە هەموو کوردستان لە ئاستێکی زۆر مەترسیداردایە. بە وتەی سمیت لە کتێبی زۆر سەرنجڕاکێشی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە مێتۆدۆلۆژی باسێکی گرنگی سپیڤاک دووپات دەکاتەوە کە پرسیاری کێ دەبێ قسە بکا؟ گرنگییەکی زۆر کەمتری لە پرسیاری کێ گوێ دەگرێ هەیە؟ (Smith 2008, 71)؛ چونکە لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی میدیاکان، تا ڕادەیەک ژێردەستەکان دەتوانن قسەی خۆیان بکەن. بەڵام کێشە ئەو کاتە ساز دەبێ کاتێک بە کوردی قسە دەکەی و دەنووسی و لە دەرەوەی مێتۆدۆلۆژیی باوی ئاکادێمیادا چالاکی دەکەی کەس هەیە گوێت بۆ بگرێ؟ تەنانەت لە کوردستان، توێژەرە کوردەکان ئەو تیۆری و مێتۆدانە پەسەند دەکەن کە بە زمانی ئینگلیزی بەرهەم هاتوون و بە زانستیتریان دادەنێن. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کەسانەی خۆیان بە شارەزای کوردستان دەزانن، دەیان جار هەڵەی زۆر زەقیان لە توێژینەوەکانیاندا کردووە کە توێژەرێکی گەنج لە کوردستان هیچ کات دووچاری نابێت.

## دەرەنجام

ئەم توێژینەوەیەی من ڕەنگە سەرەتایەک بێ بۆ باسێکی دوور و درێژ سەبارەت بە مێتۆدۆلۆژیی دژەکۆلۆنیالیزم و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە بوارە پەیوەندیدارەکانی لە کوردستان. من دوو پێشنیاری سەرەکیم هەبوو کە چوارچێوەی تیۆریکی دژەکۆلۆنیالیستی بۆ شرۆڤەی دۆخی کوردستان هەڵبژێرین و هەروەها لە جیاتی بواری لێکۆڵینەوەی کوردی بەرەو بواری لێکۆڵینەوەی کوردستان بڕۆین. بە ڕەچاوگرتنی ئەم دوو

ڕێکاره‌ ده‌توانین له‌ كۆلۆنیالیزمی ئاكادێمیكی زێده‌ خۆمان ڕزگار كه‌ین و به‌سته‌ێنێكی تیۆری بۆ ڕزگاریی كوردستان ساز كه‌ین. ئه‌م شێوازه‌ پێویستی به‌ وردبوونه‌وه‌، ئاراسته‌ی ڕه‌خنه‌گرانه‌، گومان كردن له‌ زانیاری، مێتۆد و تیۆرییه‌كانی پێشتووتر هه‌یه‌ و هه‌روه‌ها ده‌بێ سیسته‌می سوڵته‌ی كۆلۆنیالیستی له‌ هه‌موو لقه‌كانی زانستدا پیشان بدرێ. دیاره‌ قه‌باره‌ی كاری نه‌كرده‌ هێنده‌ زۆره‌ كه‌ من نامه‌وێ لێره‌دا به‌ ئه‌نجامیان بگه‌یه‌نم. به‌ڵام بۆ ده‌ستپێك هه‌ندێك ڕێكاری مێتۆدیك پێشنیار ده‌كه‌م، ڕه‌نگه‌ به‌ كه‌ڵكی توێژینه‌وه‌كانی خۆم و ئه‌و كه‌سانه‌ بێ كه‌ ده‌یانه‌وێ به‌پێی مێتۆدۆلۆژیی دژه‌كۆلۆنیالیستی له‌ خۆمان و دوژمنان تێبگه‌ن. له‌ ڕاستیدا به‌ وته‌ی فوكۆ «پرسی گرنگ بۆ من بریتییه‌ له‌وه‌ی كه‌ تێبگه‌م مرۆڤه‌كان چۆن له‌ ڕێگه‌ی به‌رهه‌مهێنانی هه‌قیقه‌ته‌وه‌ (به‌ سه‌ر خۆیان و ئه‌وانیتردا) حكومه‌ت ده‌كه‌ن... مه‌به‌ستی من له‌ به‌رهه‌مهێنانی هه‌قیقه‌ت سازكردنی قسه‌ی ڕاست نییه‌، به‌ڵكوو دامه‌زراندنی پانتاییه‌كه‌ كه‌ تیایدا بكرێ هاوكات پراكتیسی ڕاست و هه‌ڵه‌ ساز ببێ، ڕێكبخرێ و له‌گه‌ڵ یه‌كتردا بگونجدرێن» (Foucault 1991, 79). له‌م ڕوانگه‌یه‌وه‌، ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ به‌ سه‌ر خۆماندا حكومه‌ت بكه‌ین، ده‌بێ ئه‌و پانتاییه‌ ساز بكه‌ین كه‌ تیایدا مشتومڕی زانستی له‌ كوردستان، بۆ كوردستان و سه‌باره‌ت به‌ كوردستان بێ. سیسته‌می هه‌قیقه‌تی ئێمه‌ مه‌شروعییه‌ت به‌ ده‌سه‌ڵاتی ئێمه‌ ده‌دا و مه‌شروعییه‌تی ده‌سه‌ڵاتی دوژمنانی كوردستان ده‌سڕێته‌وه‌. سازكردنی هێزی به‌ره‌نگاری له‌ به‌رانبه‌ر دوژمنان، ئه‌ركی ئاكادێمیای كوردستانه‌ و هه‌نگاوێكه‌ به‌ره‌و ڕزگاری له‌ دۆخی هه‌میشه‌یی كۆلۆنیالیزم له‌ كوردستان.

## ڕێكاره‌كان

**١** زانست و مه‌عریفه‌یه‌ك كه‌ دامودەزگای كۆلۆنیالیزم له‌ ڕێگه‌ی زانكۆ، توێژه‌رانی نه‌ته‌وه‌كانی تورك، فارس، عه‌ره‌ب و ئه‌رمه‌نی و نوخبه‌ی به‌كۆلۆنیكراوه‌وه‌ سازی ده‌كا، بۆ به‌كۆلۆنی كردنی ئێمه‌ی كورد كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گیرێ. كه‌وابوو ده‌بێ هه‌میشه‌ به‌ گومانه‌وه‌ لێی ورد ببینه‌وه‌ و تا شوێنی مومكین چاوپۆشیی لێ بكه‌ین و ڕه‌تیان بكه‌ینه‌وه‌.

**٢** ده‌ستنیشان كردنی سنووره‌كانی توێژینه‌وه‌، ده‌بێ له‌ لایه‌ن توێژه‌رانی كورده‌وه‌ بێ. واته‌ بواری لێكۆڵینه‌وه‌ی كوردستان ئه‌و شته‌یه‌ كه‌ كورده‌كان باوه‌ڕیان پێیه‌، نه‌ك ڕۆژئاواییه‌كان!

**٣** خۆ دوور ڕاگرتن له‌و چه‌مكانه‌ی كه‌ دامودەزگای مه‌عریفیی كۆلۆنیالیزم سه‌باره‌ت به‌ كوردستان وكورد سازی ده‌كه‌ن. نابێ به‌ به‌رهه‌م و زانستی ئه‌وان سه‌رچاوه‌ بدرێ چونكه‌ مه‌شروعییه‌تیان بۆ ساز ده‌كا. كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ چوارچێوه‌ی تیۆریكی ئه‌وان به‌ مانای هێشتنه‌وه‌ی نابه‌رابه‌رییه‌كان و په‌ره‌پێدان به‌ سیسته‌می سوڵته‌یه‌. تا شوێنێك كه‌ ئیمكانی هه‌یه‌ ده‌بێ سه‌رچاوه‌ به‌ به‌رهه‌می توێژه‌ره‌ كورده‌كان بدرێ تا بازنه‌ زانستییه‌كان ساز ببن.

**٤** دژایه‌تی كردن له‌گه‌ڵ به‌شتكردنی (Objectification) كولتوور، ئایین، موسیقا و داب و نه‌ریتی كوردستان كه‌ وه‌ك كاڵا له‌ جه‌ژن، میدیا و مۆزه‌خانه‌كانی وڵاته‌ كۆلۆنیالیستییه‌كانی كوردستان و له‌ ڕۆژئاواو پیشان ده‌درێن.

**٥** به‌كارنه‌هێنانی هه‌ر جۆره‌ پۆلینبه‌ندییه‌ك كه‌ ئاكادێمیا و ئه‌نستیتۆكانی وڵاتانی كۆلۆنیالیستی كوردستان سه‌باره‌ت به‌ كوردستان سازی ده‌كه‌ن.

**٦** به‌كارهێنانی زمانی كوردی له‌ نووسین و توێژینه‌وه‌. وێستانی ئامانجدار دژ به‌ زمانی توركی، فارسی و عه‌ره‌بی.

**٧** گوشارخستنه‌ سه‌ر ئاكادێمیای ڕۆژئاوا بۆ به‌كارهێنانی زمانی كوردی له‌ كتێب و كۆنفرانسه‌كان.

**٨** ڕه‌خنه‌گرتن و دژایه‌تی كردنی توێژه‌ری ڕۆژئاوایی كه‌ به‌ باشی فێری زمانی كوردی

نەبووە.

**۹** هەڵبژاردنی کوردستان وەک یەکەی توێژینەوە؛ نەک وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوا باوە، کورد بکەینە یەکەی توێژینەوە و نەک وەک ئەوەی لای ئانارشیستەکان باوە، «کۆمەڵگا» بە سنوورێکی نادیاری کوردستانیبوونەوە وەک یەکەی توێژینەوە هەڵبژێرین.

**۱۰** بەراوردە نەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمان لەگەڵ گۆڕاوی هاوشێوە لە وڵاتی کۆلۆنیالیستەکان یاکوو بەراورد کردنیان لەگەڵ ئاماری مامناوەندیی ئەو وڵاتانە (مەگەر مەبەست نیشاندانی دۆخی کۆلۆنیالیزم بێ).

**۱۱** بەکارنەهێنانی هەندێک چەمک وەک کۆمەڵگای ئێرانی، تورکی و عێراقی و سووری. هەروەها تێکەڵ نەکردنی کوردستان و کورد وەک بەشێک لەو کۆمەڵگایانە بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکی هاوبەش. هەروەها وشیاری سەبارەت بە بەکارهێنانی جێناوەکانی وەک «ئێمە».

**۱۲** خۆ دوورگرتن لەو ئامارانەی کە بە هەر شێوەیەک دەیانەوێ بیسلمەنێن کوردستان و کورد دواکەوتووە. هەروەها بێ ئەوەی توێژەر کۆی کێشەکە لە دنیادا ببینێ، کوردستان وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو و ناشارستانی نیشان بدا.

**۱۳** بیرکردنەوە لە نووسینی مێژوویەک بە ناوەندی کوردستان. دوورکەوتنەوە لەو توێژینەوانەی کە کوردستان و کورد هەر بەئەنقەست بە وڵاتە کۆلۆنیالیستییەکان گرێ دەدەنەوە.

**۱۴** وشیاربوون سەبارەت بەوەی کوردستان لە ڕووی قەومی، ئایینی و زمانییەوە یەکدەست نییە. گرنگیدانی ناسیۆنالیزمی دژەکۆلۆنیالیزم دەبێ بە فرەچەشنیی کولتووریی نیشتمانی لە کوردستان بێ. نابێ توێژەری کورد یەکێک لەو پێکهاتانەی کوردستان بە خراپە مەحکوم بکات یا لە کۆی کوردستان دایبڕێ و بە شوێنانی دیکەوە گرێیان بداتەوە.

**۱۵** سازکردن و بەشداریی چالاکی توێژەران لە تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان توێژەرەکان لە کوردستان، بێ ئەوەی سنووری دەستکرد بە ڕەسمی بناسرێ.

## کتێبناسی


ـ ئەردەڵان، سارۆ. ۲۰۱۹a. «کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە.» گۆڤاری تیشک ۵۱: ۳۶-۴۵.

ـ ئەردەڵان، سارۆ. ۲۰۱۹b. «کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر: ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردستان هێژمونیی کولتووری ساز بکا؟» گۆڤاری تیشک ۵۲: ۲۴-۴۵.

ـ ئەردەڵان، سارۆ. ۲۰۱۹c. «کۆلۆنیالیزم و شۆڕش: توندوتیژیی پێویست بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم.» گۆڤاری تیشک ۵۳: ۳۲-۴۳.

ـ بێشیکچی، ئیسماعیل. ۲۰۱۸. کوردستان کۆلۆنییا نیڤدەولەتی. وەرگێڕان: وەلات تۆفیق (دهۆک: زانکۆیا دهۆک).

ـ جەباری، نەجمەدین. ۱۳۹۴. «سخن آغازین کنفرانس.» در مجموعه مقالات اولین همایش ملی کرد فرهنگ و ادب ایرانی و اسلامی (سنندج: انتشارات دانشگاه کردستان).

ـ سلێمانی کەماڵ، ئەحمەد محەمەدپور. ۲۰۱۹. «ئایا غەیرەفارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟ گێڕانەوەی حاکمییەت لە ناسنامەی ئێرانی.» گۆڤاری تیشک ۵۲: ۲۷۶-۳۰۱.

ـ کریمی جلیل. ۱۳۹۶. نظریەی پسااستعماری و کردشناسی (تهران: نشر نی).

ـ محمدپور، احمد و مهدی ڕضائی. ۲۰۱۷. «مطالعات کردشناسی در ایران: مروری بر موضوعات و ڕهیافتها.» ایران نامگ ۱ (۴): ۱۷۲-۲۰۸.

ـ Alatas, Syed Farid. 2003. «Academic Dependency and the Global Division of Labour in the Social Sciences.» CurrentSociology 51 (6): 599-613.

ـ Aras, Ramazan. 2014. «The Politics of the State and the Kurds as the Subject of the Research: An Analysis of the Development of Kurdish Studies in Turkey.» In Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien. 97-139 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung).

ـ Asatrian, Garnik. 2009. «Prolegomena to the Study of the Kurds.» Iran and the Caucasus 13: 1-58.

ـ Bozarslan, Hamit. 2009. «The «state of the art» and the future of Kurdish studies.» Infrom Daena to Dîn: Religion, Kultue und Sprache in der iranischen Welt. Edited by Allison Christine, Anke Joisten-Pruschke and Antje Wendtland, 293-302 (Wiesbaden: Harrassowits Verlag).

ـ Entessar, Nader. 2019. «Iran and The Kurds.» InRoutledge Handbook on the Kurds. Edited byMichael M. Gunter, 399-409 (London: Routledge).

ـ Fanon, Frantz. 1966. The Wretched of the Earth. Translated by Constance Farrington (New York:

(Wiesbaden: Harrassowitz Verlag).
- Rubin, Michael. 2016. «Problems in Kurdish Studies.» Paper presented at the annual meeting of the Middle East Studies Association. Accessed January 5, 2020 withhttps://www.aei.org/publication/problems-in-kurdish-studies/
- Rzepka, Marcin. 2014. «Text, Religion, Society: The Modern Kurdish Bible Translation in the Context of the Socio-political Changes in Kurdistan.» In Religious Minorities in Kurdistan: Beyond the Mainstream. Edited by Khanna Omarkhali, 353-390 (Wiesbaden: Harrassowitz Verlag).
- Said, Edward W. 1993. Culture and Imperialism (London: Chatto and Windus).
- Said, Edward W. 2003. Orientalism (London: Penguin).
- Scalbert-Yücel, Clémence and Marie Le Ray. 2006. «Knowledge, ideology and power: Deconstructing Kurdish Studies.» European Journal of Turkish Studies [Online] 5. Accessed February 16, 2020 with http://journals.openedition.org/ejts/777
- Smith, Linda Tuhiwai. 2008. Decolonizing Methodologies: Research and Indigenous Peoples (Dunedin: University of Otago Press).
- Stansfield, Gareth and Mohammed Shareef. 2017. «Introduction.» In The Kurdish Question Revisited. Edited by Gareth Stansfield and Mohammed Shareef, xvii-xxxiii (Oxford: Oxford University Press).
- Thiong›o, Ngugi wa. 1994. Decolonizing the Mind: The Politics of Language in African Literature (Harare: Zimbabwe Publishing House).
- van Bruineseen, Martin. 2003. «Ehmedi Xani›s Mem u Zin and Its Role in the Emergence of Kurdish National Awareness.» In Essays on the Origins of Kurdish Nationalism. Edited by Abbas Vali, 40-57 (Costa Mesa, California: Mazdad Publishers, Inc.).
- van Bruineseen,Martin. 2014. «Kurdish Studies in Western and Central Europe.» In Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien. 18-96 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung).
- White, Paul J. 1993. «Observations on Kurdish Origins.» The Journala of Arabic, Islamic and Middle Eastern Studies.
- Young, Robert J. C. 2015. Empire, Colony, Postcolony (Chichester, West Sussex: Wiley Blackwell).
- Young, Reobert J.C. 2016. Postcolonialism: An Historical Introduction (Chichester, West Sussex: Wiley Blackwell).
Grove Press).
- Foucault, Michel. 1980a. «Prison Talk.» In Power/Knowledge: Selected Interviews and Other Writings 1972-1977, by Michel Foucault, edited by Colin Gordon, 37-54 (New York: Pantheon Books).
- Foucault, Michel. 1980b. «Truth and Power.» In Power/Knowledge: Selected Interviews and Other Writings 1972-1977, by Michel Foucault, edited by Colin Gordon (New York: Pantheon Books).
- Foucault, Michel. 1991. «Questions of Methods.» In The Foucault Effect: Studies in Governmetality, translated by Graham Burchell, Colin Gorden and Peter Miller (Chicago: The University of Chicago Press).
- Galletti, Mirella. 1995. «The Italian contribution to Kurdology (13th to 20th century).» Journal of Kurdish Studies 1: 97-112.
- Galtung, John. 1967. «After Camelot.» In The Rise and Fall of Project Camelot: Studies in the Relationship between Social Science and Practical Politics. Edited by Irving Louis Horowitz (Cambridge, Mass.: MIT Press).
- Gunter, Michael M. 2014. «Kurdish Studies in the United States.» In Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien. 178-192 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung).
- Gunter, Michael M. (ed.) 2019. Routledge Handbook on the Kurds (London: Routledge).
- Hennerbichler, Ferdinand. 2012. «The Origin of Kurds.» Advances in Anthropology 2: 64-79.
- Jenkins, Keith. 2004. Re-thinking History (New York: Taylor & Francis e-Library).
- Kubalek, Petr. 2014. «Towards Kurdish Studies in the Czech Republic,» In Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien. 193-234 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung).
- Marx, Karl. 1972. The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte (Moscow: Progress Publishers).
- Memmi, Albert.2003.The Colonizer and the Colonized. Translated by Howard Greenfeld (London: Earthcan Publication).
- Mills, Sara. 2005. Michel Foucault (New York: Taylor & Francis e-Library).
- Omarkhali, Khanna and Nodar Mossaki. 2014. «A History of Russian Kurdology: With a brief Literature Overview.» In Wiener Jahrbuch fur Kurdische Studien. 140-177 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung).
- Omarkhali, Khanna (ed.). 2014. Religious Minorities in Kurdistan: Beyond the Mainstream

# کێشەکانی نووسینەوەی مێژوو لە خزمەت داڕشتنی سیاسەت


## هەڵسەنگاندنی کتێبی «ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران» عەلی عزەتیار[۱]

**مەعروف کەعبی[۲]**

ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ژورنالّی دەروازە (گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان) ،ژمارەی ۳ ساڵی ۲۰۱۹ چاپ بووە.[۳] سەرەتا زۆر سپاسی نووسەر و سەرنووسەرانی ژورنالّی دەروازە دەکەین کە لەگەڵ چاپی دووبارەی ئەم وتارە لە گۆڤاری تیشکدا ڕەزامەندییان نواند. دواتر، هۆکاری چاپی ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەخنەگرانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە لایەکەوە هەر لەم ژمارەدا گرنگترین بەشی ئەم کتێبە تەرجەمە کراوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەخنەگرانە، لەو دەگمەن بابەتە جیددییانە کە سەبارەت بەم مژارە نووسراوە.

## پوختە

ئەم وتارە بەســـەرکردنەوەیەکی بۆچوونەکانی کتێبـــی ئاخرین موفتی کوردســـتان دەکاتە ئامانجی خۆی تا نیشـــانی بدات کە مەبەستی ئـــەو کتێبە بـــۆ نووســـینی مێژوویێکی کورد لە ســـەدەی ڕابـــردوودا بۆ ســـەلماندنی ئەو بۆچوونەیە کە کـــوردەکان لە مێژوودا داییمە لە ئیســـلامی سیاســـی یا توندڕەوەیی ئایینی ســـڵەماونەتەوە و ئـــەوە دەبێ بیســـەلمێنێت کە کورد سروشـــتی‌ترین هاوپەیمانی زلهێزە ڕۆژاواییەکانن لە ئەمڕۆ و داهاتوودا. ڕەوایەتی مێژوویـــی کتێبەکـــە لە ســـەر دوو فەرزییە دامـــەزراوە. یەکـــەم، لاوازبوونـــی پەیوەندی نێوان ناســـنامەی کوردیی و ئیسلامیســـم لە کوردســـتان ڕەوتێکە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەکرێ بەدی بکرێت و دووهەم، دابەزینـــی پەیوەندی نێوان ئیسلامیســـم لە ئێران و ئیسلامیســـم لە کوردستان هەر لەو ڕەوتـــەدا. ئـــەو ڕەوایەتە هەروەهـــا لە لایەن دوو تێزی دیکەشـــەوە پاڵپشتی دەکرێت کە بریتیـــن لە «بایەخـــی کۆمەڵایەتی هاوبەش» لە نێوان کـــورد و ڕۆژاوا و «ڕەقیبی هاوبەش» لە پەیوەندیی نێونەتەوەییـــدا. لەو ڕەوایەتەدا ئەحمەد موفتـــی‌زادە پێگەیەکی ناوەندی پێ دەبەخشـــرێت تا هەروەها پیشان بدرێت کە ئیسلامە سیاسییەکەی ئەو جیاوازی هەبوو بۆ نموونە لە گەڵ ئەوەی ڕێبەرانی ئایینی شێعە لە ئێران نوێنەرایەتییـــان دەکرد. لە بەرامبەر ئەمەدا، باســـەکەی من هەوڵ دەدات پیشانی بـــدات کـــە **١** پەیوەندیی نێوان ناســـنامەی قەومی و ئایینی و شـــکڵ‌گرتنی ئیســـلامی سیاســـی لە جەرگەی بەستێنێکی بەرینتری مێژوویی واتە پرۆســـەی نوێســـازی لە ئێران لە سەدەی بیســـتەمدا دەبێ تاووتوێ بکرێن. **٢** ئیســـلامی سیاســـی لە ئێران هەڵقوڵاوی ئاڵوگـــۆڕی بنەڕەتـــی کۆمەڵایەتی-ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی ئەو وڵاتەیە لە سەردەمی دەســـەڵاتی بنەماڵـــەی پەهلـــەوی (١٩٧٩-١٩٢٥). ئەم بەســـتێنە، دیارە لە ئاســـتێکی بچووکتـــر لە ئێـــران، کوردایەتییەکی ئایینی خولقاند کە لە لایـــەن ئەحمەد موفتی‌زادەوە نوێنەرایەتی کرا. هەمان بەستێن پێکهێنەری بایەخە کۆمەڵایەتییەکانیشـــە کـــە خاڵێکی هاوبەشـــی خەڵکانی جۆربەجـــۆری ئێرانە کە دەبێ ئەوان وەک دۆستانی ڕاستەقینەی کورد بناسرێن.



## وشە کلیلییەکان

ناســـنامەی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیســـلامی سیاســـی، مۆدێرنیـــزم، ئەحمەد موفتی‌زادە


## پێشەکی

کتێبـــی ئاخرین موفتی کوردســـتان باســـی ژیانی ئەحمەد موفتـــی‌زادە (١٩٩٣-١٩٣٣) دەکات کـــە لـــە مـــاوەی دوو دەیـــە پێش ڕاپەڕینـــی ١٩٧٩ی ئێران لـــە ڕەخنەگرێکی دەســـەڵاتی پەهلەوی و چالاکێکی سیاســـی کورد گەشـــەی کرد و بوو بـــە بیرمەندێکی ئایینـــی کورد لە ئێـــران. موفتی‌زادە لە کاتی ڕاپەڕینـــدا داوای «خودموختاری ئیســـلامی»

بۆ کورد کرد بەڵام نەیتوانی پشـــتیوانییەکی جەماوەری بەرچاو ڕێــک بخات. بەپێچەوانە، ســـەرنجی خەڵکی کورد لە ئێـــران هەرچی زۆرتر بەرەوە ڕێکخـــراوە نائایینیی و نوێکانی دیکە ڕاکێشـــرا. موفتیزادە هەم قوربانییەکی بۆچوونە سیاســـی و توندخووەکانی سەردەمی دوا-ڕاپەڕیـــن بوو و هـــەم تاوانی بێبوردباری قەومـــی ڕژیمی نوێی دایەوە. لـــە بەر ئەمانە دەبێ داستانی ژیانی ئەحمەد موفتیزادە وەک ڕۆڵگێڕێکی مێژوویی بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی تێگەیشـــتنی مێژووییمان بوترێتەوە و بەشی ســـێهەمی کتێبی ناوبراویـــش زۆر بە جوانی لایەنە جۆربەجـــۆرەکان و گرینگەکانی ژیانی مرۆڤێکی خاوەن بنەما و تایبەت باس دەکات. موفتیزادە لـــە زیندانێکی درێژخایەندا خۆی بینییەوە و ماوەیەک دوای ئازادبوونی لە گەڵ ژیان ماڵئاوایی کرد. ســـەرەڕای ئەو لایەنانە، کتێبەکە ئامانجێکی سیاســـی شوێن دەگرێت کە لە ڕاستیدا هۆی نووسینی کتێبەکەی پێک هێنـــاوە. لە هەمان کاتدا، کتێبەکە مێژوویێکی ناڕوونی کورد لە ڕێگای تێکەڵکردنی چەندین مێژووی جیاوازەوە بەرهەم دەهێنێت تا ئیدیعا سیاسییەکەی کە کورد باشترین هاوپەیمانی ڕۆژاوایە بســـەلمێنێت. ئـــەم لێڵییە هەروەها ئاکامـــی بۆچوونێکی یەکدەســـتە بەرامبەر بە کـــورد بێ ئەوەی دیاری بکات کام کۆمەڵگای کوردەواریی و کام وڵاتی مەبەســـتە. بۆ وێنە، کتێبەکە بۆمان شی ناکاتەوە کە ئەگەر کورد لە هەرێمی کوردســـتان ســـزاواری یارمەتی ڕۆژاوایە، بۆچی کورد لە ئێرانیش پێویستی بە هەمان یارمەتی هەیە؟

کتێبەکـــە لـــە ڕێـــگای دوو فەرزییـــەوە مێژوویێکـــی کورد پەیوەندیدار بە باســـەکەی دەنووســـێتەوە. دوو تێـــزی دیکـــەش دەبنە پاڵپشـــتی ئەو ڕەوایەتـــە مێژووییە کە هەوڵ دەدات دەری بخـــات کـــە ئیسلامیســـم لە کوردستان و ناســـنامەی نەتەوایەتی کوردیی هـــەر لـــە کۆتایـــی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە ڕەوتێکی لـــە یـــەک دوورکەوتنەوەیان تاقی کردوەتەوە و ئێســـتا پەیوەندییەکی لاوازیان هەیە. باســـی نووســـەر زۆرتر (ئەگـــەر نە بە تەواوەتی) لە دەور لاوازبوونی پێگەی ئیسلامی سیاســـی دەخولێتەوە و نەک حاشاکردنی لە نەبوونی ســـەرەوەریی بیرۆکەیەکی جیهادیی لە کوردســـتان. بۆیە ئەگـــەر باس لە نەبوونی ســـەروەریی بیرۆکـــەی جیهادیـــی بکردایە (کـــە لانیکـــەم بە ئاشـــکرا نەیکـــردوە) ئەوا باســـەکەی دەکرا زۆرتـــر وەربیگرایەت. ئەم ڕەوتـــی دوورکەوتنەوەیە هەروەهـــا لە نیوان ئیسلامیســـم لە کوردســـتان [ی ئێران؟] و ئیسلامیســـم لە ئێرانیش هەربەوجۆرەیە. لەم ڕوانگەوە، ســـەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوایەتی بە سەر ئیسلامیســـم لە کوردستان دەتوانین لە لاوازبوونـــی پێگەی ڕێبەرانـــی ئایینی لە بزووتنەوە کوردییەکاندا ڕەچاو بکەین. هەر بەم پێیە، لاوازبوونی پەیوەندی نێوان ئیسلامیسم لـــە کوردســـتانی ئێران و لە ئێـــران دەبێ بە ئاشـــکرا دیار بێت لـــە بەر ئـــەو ئاقارەی کە مێژووی ئێران لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و لە ڕاپەڕین و حکوومەتێکی ئیســـلامیدا خۆی تێدا بینییەوە. تەنانەت ئیسلامە سیاسییەکی ئەحمـــەد موفتـــیزادەش ئیدیعایەکـــی وەها بەرپـــەرچ ناداتـــەوە. بـــە پێچەوانـــە، ژیان و خەباتی ئەو کەسایەتییە نامەیلی کوردەکان بۆ توندڕەویی ئایینی دەسەلمێنێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ئەو چەمکانە کە کتێبەکە بەکاریان دەهێنێت لە جێـــگای مێژوویی خۆیـــان دابنێم تا دوو خاڵ پیشـــان بدەم. یەکەم، بۆ شیکردنەوەی گریمانەی نامەیلـــی کوردەکان بۆ توندڕەوەی ئایینی ئێمە دەبێ بۆ هۆکاری زۆرتر بگەڕێین. دووهەم، لە ســـەر ئەوە پـــێ دادەگرم کە ئەو گریمانەیە لە جێگای خۆی نییە. ئەمە ڕاستە کە زۆربەی هێزە سیاســـییەکانی بەشـــدار لە بزووتنەوەکانی کوردســـتان بـــە خاوەندارێتی بەرنامەی سیاسی نائایینی ناسراون و تەنانەت

هێز و کەسایەتییە ئایینییەکانی بەشدار لەو بزووتنەوانە ناکرێ وەک توندڕەو بناسرێن. سەرەڕای ئەمە، مەیلەکان لە ئاڵوگۆڕ و بەستێنە مێژووییەکاندا شکڵ دەگرن نەک لە ناخی مێژوویەکی یەکخەتیدا، واتە لە نزمەوە بۆ بەرز یان لە خراپەوە بۆ باش. کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی کورد بەستێنی جیاوازیان تێپەڕ کردوە و بوونەتە خاوەن جۆرێک لە مەیدانی سیاسەت تایبەت بە خۆیان سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەو کۆمەڵگانە خاوەن گەلێک خاڵی هاوبەشی گرینگن. بۆ وێنە سەروەری «ئیسلامیسم»لە ئێران بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە ڕەوتی سەرکوتگەرانە و بەڕۆژاواییکردنی نوێسازی/چاکسازی (مۆدێڕنیزاسیۆن) لە ئێران کە لە چەندین دەیەی پێش ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێران تینێکی تایبەتی بە خۆیەوە بینی و دەوری هەڵگرت. لە هەمان بەستێنی مێژووییدایە کە ئیسلامی ئەحمەدی موفتیزادەش شکڵ دەگرێت. دەنا ئەویش لە خاڵێکی «پێشکەوتووتر»لە مێژووی کوردستانی ئێران خۆی دەبینییەوە بێ ئەوەی ببێتە خاوەن مەیلی ئیسلامی سیاسی. ئەم خاڵە لە بەشی دیکەی وتارەکەدا شی دەکرێتەوە، بەڵام وەک نموونەیەکی دیکە بۆ تیشک خستنەسەر پەیوەندی «مەیل»و بەستێنی مێژوویی، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە جەماوەریبوون و سەرکەوتنی کوردایەتی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بکەین کە بەرنامە کومەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییەکانی بە ئاشکرا تووشی شکست هاتن. کەوابوو، ئەم نموونانە دەریدەخات کە بە گریمانەگرتنی لاوازبوونی «ئیسلامیسم»لە کوردستان—نووسەر ڕوونی ناکاتەوە کام کوردستانی مەبەستە—یان هەر جێگایەکی دیکە لە جێگای خۆی نییە و ئەمەش لە بەر دەور و کاریگەریی بەستێن و ڕووداوە مێژووییەکانە. وێڕای ئەمەش، تێزەکانی «بایەخی کۆمەڵایەتی هاوبەش»لە نیوان کورد و ڕۆژاوا و «ڕەقینی هاوبەش»هەوڵ دەدەن باسی سەرەکی کتێبەکە پشتگری بکەن کە دەیهەوێت پێگەی کورد وەک سرووشتیترین هاوپەیمانی ڕۆژاوا بباتە سەرەوە. بە پیچەوانە، ئەم وتارە لای وایە کە تێزی یەکەم لە سەر تێگەیشتنێکی هەڵەی چەمکی سکوولاریسم دامەزراوە. ئەم تێگەیشتنە دەبێتە ڕیشەی ئەم گریمانانە کە نامەیلی بەرەوە توندوتیژی/ئیفراتگەرایی ئایینی و بۆچوونی پێشکەوتوو بەرامبەر بە ژنان خاڵی هاوبەشی کورد و ڕۆژاوان. تێزی «ڕەقیبی هاوبەش»لە سەر هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی ئەو لایەنانە دامەزراوە کە وەک ڕەقیبی یەکتر بەحیساب دێن. نموونەیەکی ئەو هاوپەیمانییە ئیران و سووریا بوو لە کاتی شەڕی ئێران-عێراق. سووریا وەک وڵاتێکی عەرەب و سوننە دەبوایە لە ڕووی مەنتیقیەوە هاوپەیمانی عێراق بوایە نەک ئێران. ئەم تێزە وا دەکات کە لە جەرگەی ڕکەبەرکێی نێونەتەوەیی ئێستادا کورد و ڕۆژاوا (واتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا) لە بەر ڕەقیبی هاوبەشییان دەبێ یەک بگرن. بەڵام مێژوو پێی نیشان داوین کە سەرگرتنی وەها هاوپەیمانییەک بە قازانجی وڵاتە ڕۆژاواییەکانە نەک کورد کە دایمە لە دووڕوویی نێونەتەوەیی زیانی پێ گەیشتوە.

بەدوای ئەمە باسێک سەبارەت بە سرشتی ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێران بەشێکی دیکەی ئەم وتارە پێک دەهێنێت تا بزانین تا چ ڕادەیەک ئەو ڕاپەڕینە ئیسلامیی بوو. ئەمە پەیوەندی بە باسەکەمان سەبارەت بە ئەحمەد موفتیزادەوە هەیە لە بەر ئەوەی مەیلی هێزی ئیسلامیی (شیعە) لە ئێران بۆ چنگخستنی دەسەڵاتی سیاسی لادانێکی (هاوچەرخ) بوو لە بنەما ناسراوەکانی ئایینی ئیسلام. ئەو لادانە ئاکامی ئەو جۆرە لە نوێسازیی خێرای ئێران بوو. ئەمە بەو مانا نییە کە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی دەربازبوونی نەبوو لە بەر ئەوەی ئەوە لە کۆتاییدا دەوری ڕۆڵگێڕان وەک لیبراڵەکان

و ڕادیکاڵەکان بوو کە چارەنووســی ڕاپەڕینیان دیــاری کرد. دەبێ ســەرنج بدەینــە ئەو خاڵە گرینگە کە لە کۆتاییدا ڕادیکاڵەکان بردیانەوە لە بەر ئەوەی بیروباوەڕی سیاسی ئەوان لانیکەم لە دوو دەیە پێش ڕاپەڕینەوە ببوە خاوەن هێژمۆنی فەرهەنگی (بەوجۆرەی گرامشی مانای دەکات) واتە ســەروەریی فەرهەنگی بەدەست هێنابوو. بەدوای ئەم بەشە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕووداوەکان کوردستانی ئێران لە سەردەمی ڕاپەڕیندا بەشێکی دیکەی ئەم وتارە پێک دەهێنێت. پێویستی ئەو لێکۆڵینــەوە لەوە دایە کــە ڕەوایەتی کتێبەکە هەم ناتــەواوە و هەم ئامانجــی ئەوەیە کە لەو ڕێگاوە فەرزییە و تێزەکانی خۆی بســەلمێنێت. بەدوای ئەمــەدا و بەجۆرێک بۆ بەرگری کردن لە قوربانی کردنەوەی ئەحمــەد موفتیزادە لە مێژوودا، باسێک سەبارەت بە دیاردەی ئەحمەد موفتیزادە پێشکەش دەکرێت، کەسایەتییەک کە میراتەکەی هێشــتا لە کوردســتانی ئێران هەست پێ دەکرێت، هەتاکوو جێگایەکی ڕەواتر لــە مێژوودا بۆ ئەو بســەلمێنین. لــە کۆتاییدا ئامــاژە بە دوو خاڵی دیکە پێویســتە. یەکەم ، لێکۆڵینەوە لە ســەر باسی کتێبەکە دەرسێکی مێژویــی تێدایە و ئەویش ئەوەیە کە نەهێڵین یەکجۆر ڕەوایەتی مێژوویی خۆی داســەپێنێت یــان ڕۆڵگێرانی دیکەی مێژوویــی بە قازانجی ڕۆڵگێرانی دیکە لە چاو ون بکەین. دووهەم خاڵ پەیوەندی هەیە بــە پێشبینی کردنی داهاتوو لە مێــژوودا و پێکهێنانی ڕەوایەتی مێژوویی بۆ دارڕتنی سیاســەت. لە بــەر پێشبینی کردنی داهاتوو، کتێبەکە بەتەواوەتی ئاســتی ڕەوایەتە مێژووییەکەی دادەبەزێنێت. زۆر بە هاســانی لە بەر ئەوەی داییمە وا پێ دەچێ کە ڕووداوەکان بەوجــۆرەی پێشبینی دەکرێــن ڕوو نادەن و ڕەوتێکی دیکە دەگرن.

## ناساندنی کتێبەکە

کتێبەکە لە ڕۆژەکانی ســەرهەڵدانی داعەش و پەرەستاندنی ناســەقامگیریی ئەم ساڵانەی دواییدا نووســراوە و چاپ بــوە. کتێبەکە بە حــەوت بەش دابەش کراوە. لە پێشــەکیدا، نووســەر گرینگی نووســینی کتێبێکی وەها دەتاتە بــەر باس. لە بەســتێنی نوێی هاتنی داعەشدا، باسی کورد هەمیسان زەق بوەتەوە و سەرنجی بیروڕای گشتی ڕاکێشاوە. بەتایبەت کاتێک کە «لێکترازانی [نەخشەی] ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بوەتــە ئەگەرێــک».[۴] لە لایەکی دیکەوە کاتێک کە هەواڵەکان بوونەتە باســی پێشــمەرگەی کورد کە لە شــارەکانی وەک کۆبانی و سنجار چالاکانە لە دژی حکوومەتی ئیسلامی [داعەش] شەڕ دەکەن، دەوری کورد لە ئاســتی گەورەتردا هێشــتا سەرەکی نییە. «خەبات و دەوری ئەوان تەواوکەری هەواڵەکان سەبارەت بە ئیفراتگەرایی ئیسلامی و دەوری چەکدارانەی ئامریکا و ڕووسیا لە ناوچەکەدایە. ســەرەڕای ئەوەی میدیــا گرینگی کەم بەمە دەدات، حکایەتــی کــورد خــاوەن دەورێکی گرینگ و ڕوو بە زیادبوونە لە هەموو ئەو ئاستە گەورانــەدا».[۵] نووســەر دەوری گــەورەی کــورد بــە ئاماژە بــە هەلومەرجی سیاســی تورکیا، شــەڕی کــورد لــە دژی داعەش لە ســووریا، خودموختاری هەرێمی کوردستان، و ســەرکوتی سیاســی و ئیعدامــەکان لــە کوردســتانی ئێران زەق دەکاتەوە.[۶] بە بڕوای نووسەر، «کەچی کاتێک ژمارەی کورد دەگاتە ۴۰ ملیــۆن کەســێک و کورد لــە نزیک بە هەموو ناکۆکییەکانی ناوچەکەدا دەور دەگێڕن، کوردستان جێگایەکی بەرزی لە بەرژەوەندی نەتەوایەتــی ئامریــکا و گوتاری سیاســەتی دەرەوەی ئەودا نییە. دەبێ هەیبێت. جیالەوەی ئێمە چۆن پرســی مافی چارەی خۆ نووسین بۆ کــورد لێک دەدەینەوە، ئەمە حاشــای لێ ناکرێت کە پرسی کورد، کە بەشێک لە هەموو نەســڵێکی نوێ لە هەلومەرجە سیاسییەکاندا پێــک دەهێنێت، لــەم ســەردەمە ئاڵۆزە و گواســتنەوەدا دەبێتــە بابەتێکــی بەتایبەت گرینــگ».[۷] بەڵام ئامریکا نفووزی پێشــووی

خۆ نەماوە و ئەمە بەو مانایە کە هەموو هاوپەیمانەکانی یەکجار گرنگن بۆ ئەوەی ئامریکا بتوانێت کاریگەری لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان بەوجۆرەی وا دەیهەوێت هەبێت.[٨] «دۆستی باوەڕپێکراو زەحمەت دەست دەکەوێت و هەربەوجۆرەی وا سەلماوە پشتگری کردنیشیان زەحمەتە».[٩] کەوابوو، کتێبەکە بە پێی هەلومەرجێکی بەوجۆرەدایە کە خۆی بۆ سەلماندنی دەوری گرینگی کوردستان [لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا] تەرخان دەکات.

لە بەشی دووهەمدا، عزەتیار مێژوویەکی ئیسلام لە کوردستاندا پێشکەش دەکات. بە ڕای نووسەر، هەلومەرجی ئێستا دوو پرسیاری گرینگ دەخولقێنێت کە هەر دوو پەیوەندییان هەیە بە «ئیسلامیسم (بە مانای سەرچاوەیەک بۆ گرووهێک بە مەبەستی سیاسی)». یەکەم، لە باری مێژووییەوە، دانیشتوانی کورد لە کوردستانی ئێران (و لە کوردستان بە گشتی) چ جۆرە پەیوەندییەکیان لە گەڵ ئیسلامی سیاسی هەبوە و ئەمە چۆن پەیوەندیی هەیە بە هەستی ناسیۆنالیزمی کوردیی ئەو خەڵکەوە؟ دووهەم، تا ئەو جێگای بە ئیسلام و ئیسلامیسم لە کوردستان دەگەڕێتەوە، چ تێگەیشتنێک لە پەیوەندی ئەو جۆرە هەستە و گەشەی ئیسلام و ئیسلامیسم لە ناو دانیشتوان و دەوڵەت لە وڵاتانی تورکیا، ئێران، سوریا و عێراق هەیە؟ بە بڕوای نووسەر، بەسەرکردنەوەی مێژووی کورد بۆ جواب بەو پرسیارانە گرینگە؛ مێژووی کورد دەریدەخات کە پێش سەرهەڵدانی «ناسیۆنالیزمی پان-کوردیی»، ناسنامەی ئیسلامی هەوێنی یەکگرتن لە کوردستاندا بوە. نوسەر لای وایە کە هاوژینییەتی ناسنامەی ئایینی و نەتەوایەتی لە کوردستان لەوانەیە یەکەم دیاردەی بەوجۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بێت.[١٠] سەرەڕای ئەمە، نووسەر لای وایە هۆی لاواز بوونی دەوری ناسنامەی ئیسلامی لە خەباتی نەتەوایەتیدا لە بەر ئەوە بوو کە ئەو جۆرە ناسنامە نەیدەتوانی جوابدەرەوەی پێداویستییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە جەرگەی گەشەی ناسیۆنالیزمەکانی دیکەدا بێت.[١١]

لە بەشەکانی ئەم وتارە لە سەر کتێبەکەی عزەتیار ئەو لایەنانە زۆرتر شی دەکرێنەوە. بەڵام پێش ئەوە بە کورتی ئاماژەیەک بە بەشەکانی دیکەی کتێبەکە پێویستە. بەشی سێهەم (لاپەڕەکانی ٧٨-٤٩) و چوارەمی (لاپەڕەکانی ١١٨-٧٩) کتێبەکەی عزەتیار (بڕوانە خوارترەوە) لەوانەیە سەرنجڕاکێشترین بەشەکانی کتێبەکە بن. لە بەشی سێهەمدا ژیان و بەسەرهاتی ئەحمەد موفتی‌زادە (لە زۆر لایەنەوە) بۆ یەکەم جار و بە جۆرێکی پڕ لە چێژ دەدرێتە بەر باس. لێرەدا کتێبەکە لە بردنە سەرەوەی زانیاریی مێژوویی ئێمە سەبارەت بە ژیانی ئەو کەسایەتییە دەورێکی گرینگ دەگێڕێت. لەو بەشەدا بەدوای ئەوەی باس لە چۆنیەتی پێکهاتنی نیهادی موفتی لە کوردستانی قاجار دەکرێت، دەوری ئەو نیهادە و باوە گەورە و باوکی ئەحمەد موفتی‌زادە وەک موفتی دەست نیشان دەکرێت. هەروەها، باسی شاری سنە دەکرێت و بە کەڵک وەرگرتن لە وتوویژ لە گەڵ کەسانی ئاگادار لەو مێژووە، تیشک دەخرێتە سەر چەندین لایەنی ژیانی ئەحمەد موفتی‌زادە (بڕوانە خوارترەوە). لە کۆبەندی ئەو بەشەدا، نووسەر ئاگادارمان دەکات کە ئەوەی کەئەحمەد موفتی‌زادە، هەروەک باوک و باوەگەورەی، داییمە خاوەن بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی بووە، بەو مانایە کە ئەوە ئاکامێکی ڕێبەربوونە لە کوردستانی سەدەی بیستەمدا، ئەگەرچی ئەوان وەک «ڕێبەرانی قەومی» ناناسرێن.[١٢] ئەوە شتێکی سەیر نەبوو کە تەنانەت نیهادی موفتیش لە سەر خەتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بوە نیهادێکی سیاسی. بەڵام لە ئاڵوگۆڕە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی دەیەکانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ (١٩٦٠ و ١٩٧٠)

دا، ئەحمەد موفتیزادە لەو نیهادە بڕا، نیهادێک کە لە بەر گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەدوای کۆماری مەهابادا ڕوو بە لاوازی ڕۆیشت.

لە بەشی چوارەمدا، لە جەرگەی ئالوگۆڕەکانی ئەو دوو دەیەدا گەشەی سیاسی و فیکریی ئەحمەد موفتیزادە دەدرێتە بەر باس. بەهاتنی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی ئێران، ئەحمەد موفتیزادە دەبێتە بیرمەندێکی ئایینی و سیاسی لە کوردستان. لەو بەشەدا گەلێک زانیاریی دەردەکەوێت کە یا تا ئێستا باس نەکراون یا بەمجۆرە بە وردی نەدراونەتە بەر باس. لە گەڵ ئەوەی ژیانی تاکەکەسی ئەو کەسایەتییە جێگای سەرنجە و کەسایەتییەکی خاوەن بنەما دەردەخات، کۆڕ و کۆمەڵی وەک یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە تاران لە دەیەی ١٩٦٠/١٣٤٠ و بە تایبەت دەوری ڕەحمان ئاغای موهتەدی، کەسایەتییەکی کۆن و مامۆستای زانکۆی ئێلاهییات لە تاران، لە سەر گەشەی کوردایەتیی و کاریگەری ئەو لە سەر موفتیزادە زەق دەکرێتەوە. بەشی پێنجەمی کتیبەکە باسی هەلومەرجی کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئێران و سەرهەڵدانی مەکتەبی قورئان دەکات. ئەگەرچی موفتیزادە داوای خودموختاری ئیسلامی دەکرد و بەرەیەکی جیاوازی لە بەرەکانی دیکەی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستاندا پێک هێنا، لە کۆتاییدا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتە ناکۆکییەوە. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە موفتیزادە لە نووسینی دەستووری کۆماری ئیسلامی پێداگری لە سەر مافی خەڵکی کورد کرد. ئەگەرچی نووسەر باسی ئەمە ناکات، بەڵام وا دەچێت کە بوونی مادەی پەیوەندیدار بە مافی خوێندنی زمانی کوردی لە پەنای زمانی «ڕەسمی»فارسی لانیکەم هەوڵی موفتیزادەی پێوە دیار بێت. کتێبەکە، دیارە نەک زۆر ڕاستەوخۆ، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە هەوڵەکانی دواتری موفتیزادە لە ناخی گەشەی ڕێکخراوەکانی دیکە و پەرەستاندنی «شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستان»دا بە جێگایەک نەگەیشت. بە پێی وتەی نووسەر، بە بڕوای ناسیۆنالیستە کوردەکان هەڵەی موفتیزادە خۆشباوەڕبوونی ئەو بە سازان لە گەڵ حکوومەت و نەک هاتنە پاڵ ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە بوو.[١٣] بەڵام نووسەر لای وایە کە موفتیزادە وەک خەڵکێکی زۆری دیکە لە ئێران بۆی هەبووە خۆشباوەڕ بێت بە بەڵێنەکانی حکوومەتی نوێ.[١٤]

بەشی شەشەمی کتێبەکە (لل. ٢٠٤-١٥٩) باسی سەردەمی ساڵەکانی بەندیخانەی موفتیزادە لە کۆماری ئیسلامیدا دەکات. لەوێدا عزەتیار باسی نامەکانی ئەو دەکات کە بۆچوونەکانی ئایینی و سیاسی موفتیزادە و هەروەها (وەک نووسەر دەڵێت) جۆری ئیسلامەکەی ئەو دەردەخەن: دەسەڵاتی شۆرایی، بێبەریی لە توندوتیژیی، و داواکاری بەهێزکردنی ژن. ئەمەش لایەنێکی باشی کتێبەکەیە کە سەردەمی ژیانی موفتیزادە زەق دەکاتەوە لە بەر ئەوەی هەم زانیاریی هەم لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو سەردەمە یەکجار کەمە. بەشی حەوتەم و کۆتایی کتێبەکە، بەپێچەوانەی بەتایبەت بەشەکانی سێهەم و چوارەم، باسە مێژووییەکان دەخاتە ژێر سێبەری هەلومەرجی سیاسی ئێستاوە. بۆ نموونە هەلومەرجی ئێستا و هەنووکەیی بوونی هەڵوێستی ئامریکا لە حاست کورد و هەروەها دەوری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێتە بەر باسی تێروتەسەل. بەمجۆرە باسە مێژووییەکان سەبارەت بە ناسنامەی ئایینی و ناسنامەی کوردیی، گەشەی ئەوەی ئەو بە ئیسلامیسم دەیناسێنیت، و چۆنییەتی سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی وەک ئەحمەد موفتیزادە دەکەونە ژێر سێبەری ئەو هەلومەرجەوە. ئەمە بەو مەبەستە دەکرێت تا کورد کە لە گەڵ ئیسلامی سیاسی ناکۆک

بـــوە و هەیە وەک «هاوپەیمانی سرووشـــتی» ئامریـــکا لـــە ناوچەکـــەدا دەســـت نیشـــان بـــکات.[١٥] بەداخـــەوە کتێبەکـــە پێـــش ڕێفراندۆمی ســـەربەخۆیی لە پاییزی ٢٠١٧ نووســـراوە و ئاکامەکانی ڕێفراندۆم زۆرێک لە ئیدیعا و کۆبەندییە سیاســـییەکانی کتێبەکە (کە پەیوەندی بە ژیانـــی موفتیزادەوە نییە) پووچەڵ دەکەنەوە.

بۆ شـــیکردنەوەی زیاتری باســـەکانی ئەو بەشانە وا لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، باسەکانی خوارەوە هەوڵ دەدەن بیرۆکە سەرەکییەکانی کتێبەکە بخەنە ژێر پرسیارەوە. لەبەر گرینگی باسە مێژووییەکان و کۆبەندییەکانی کتێبەکە، ئەم وتارە لەوانەی تۆزێک لە ڕەخنەی کتێب واوەتر بچێت تـــا بتوانێت هەڵســـوکەوتێکی گونجاوتری لە گەڵ ئەو کتێبە کردبێت.

## باسێک لە خزمەت دارژتنی سیاسەت

کتێبەکـــە لە بنەڕەتـــدا دەبێتە باســـێک بۆ داڕێژەرانی سیاســـەت لـــە ڕۆژاوا (واتە وڵاتە یەکگرتـــووەکان) تـــا ئەو بیرۆکەیـــە وەربگرن کـــە کـــورد (لـــە کام وڵات؟) دەبـــێ وەک «سرووشـــتیترین هاوپەیمان»ببینرێـــت لەو دەورەی کـــە ڕۆژاوا بەتەمایـــە لە ناوچەکە لە داهاتوودا بیگێڕێت:

*دەوڵەتـــی ئیســـڵامی [داعـــش] چ جـــۆرە میراتێک لە بیری موســـوڵمانانی پەراوێزخـــراو لـــە شـــوێنگەلێک وەک پاکســـتان و مالیـــزی لە ســـەد ســـاڵی داهاتوودا بەجێ دەهێڵێت، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامیش تێک بشکێندرێت؟ ئامریکا لە کوێ دەتوانێت تۆزێ نفووزی خۆی بپارێزێت و یان لانیکەم ئاسایشـــی شـــارۆمەندانی خۆی دابین بکات؟ ئەمانە پرســـیارگەلێکی چارەنووس‌ســـاز دەبن بـــۆ سیاســـەتی دەرەوە لـــە دوو دەیەی داهاتوودا. لەم دەقـــەدا [کتێبەکە] ئێمە ئـــەو [ڕاســـتییە] تاووتـــوێ دەکەین کە بۆچی کوردستان بۆ ڕاگەیشتن بە هەموو ئەو [پرسیارانە] حەیاتییە.[١۶]*

کتێبەکـــە جوابی خـــۆی بەو پرســـیارانە لە ناخی ڕەوایەتێکـــی مێژوویدا دەدۆزێتەوە کە لە ســـەر بناغەی گریمانەی نامەیلی کوردان بۆ توندوتیژی ئایینـــی دامەزراوە، دیاردەیەک کـــە پێچەوانەی ئەو شـــتەیە کە ڕۆژاوا خۆی پێ پێناسە دەکات. ئەمەو تێزەکانی «بایەخی کۆمەڵایەتـــی هاوبـــەش» لە نێـــوان کورد و ڕۆژاوا و «ڕەقیبـــی هاوبەش» لـــە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانـــدا کوردســـتان دەکاتـــە ئەو دیـــاردە حەیاتییـــە بۆ ڕاگەیشـــتن بە هەموو ئەو پرســـیارانە. لە ڕوانگـــەی کتێبەکەوە لە بـــەر ئەوەی کـــورد «خاوەن هەمـــان بایەخە کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕۆژاوایە» ئەوان دەکاتە «شەریکی درێژخایەن [بۆ ڕۆژاوا] لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا»لە کاتێکـــدا ڕەقیبـــی هاوبەش، هەروەک بەڵگە مێژووییەکان دەیســـەلمێنن، «هاوپەیمانـــی دایمی پێـــک دەهێنێت»هەر بەوجـــۆرەی «هاوپەیمانـــی ســـوریا لە گەڵ ئێران لە کاتی شـــەڕی ئێران-عێراقدا»شکڵی گرت.[١٧] تا ئەو جێگای بە تێگەیشتنی کتێبەکە لە چەمکی ئیسلامیسم دەگەڕێتەوە، ڕەوایەتە مێژووییەکەی لە ســـەر فەرزییەی لاوازبوونی پەیوەندی نێوان ئیسلامیســـم و ناســـنامەی نەتەوایەتی کـــوردی وەک ڕەوتێکی مێژوویی دامەزراوە.[١٨] لە هەمان کاتدا و وەک خاڵێکی پۆزێتیفی دیکە، پەیوەندی نێوان ئیسلامیسم لە کوردســـتان [ئێ ئێران؟] و ئیسلامیسم لە ئێران هەتا هاتوە کەم بایەختر بوە. بەڵگەکان بۆ ئەمانە دابەزینی ڕۆڵی کەســـایەتی ئایینیی وەک شێخ لە ڕێبەرایەتی بزووتنە کوردییەکان و ڕاپەڕینی ئیســـلامی لـــە ئێرانن.[١٩] کەوابوو لە ڕوانگەی کتێبەکەوە «لەم ســـەردەمەدا کە ئایدیۆلۆژیای توندڕەویی ئیســـلامیی هۆیەکی ســـەرەکی ناســـەقامگیریە [لـــە ناوچەکەدا]،

نامەیلی کوردستان بۆ ئیسلامیسم بایەخێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرت».[٢٠] ئەنجامی ئەم ڕەوایەتە پێشبینی کردنی داهاتووە بە پشت بەستن بە نموونەی ئەحمەد موفتیزادە:

> *لە بەر ئەو هۆکارانەی لە کتێبەکەدا ڕیز کران، لەوە ناچێت ئەمڕۆکە مەودای گرنگی سیاسی دامەزراو لە سەر ئیسلام لە کوردستان گەشە بکات. داستانی ئەحمەد موفتیزادە بەشێک لە گەشەی ئایدیۆلۆژیک لە کوردستان پێک دەهێنێت کە ئیسلامی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستان سنووردار دەکات.[٢١]*

ئەگەر ئەو هۆکارانە بۆ بەقەناعەتگەیاندنی سیاسەتداڕێژەران کەفایەت نەکات، ئەوا ڕوانگەی پێشکەوتنخوازانەی موفتیزادە بەرامبەر بە پرسی ژن دەبێ هیچ گومانێک نەهێڵێتەوە. بە وتەی کتێبەکە موفتیزادە لە سەر ئەو بڕوایە کە «لە هیچ جێگایەک لە قورئاندا نەهاتووە کە پیاو بانترە لە ژن».[٢٢] بە پێی بۆچوونەکانی موفتیزادە سەبارەت بە پرسی ژن لە کۆمەڵگا کە لە نامەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، نووسەری کتێبەکە بەو قەناعەتە دەگەیێنێت کە «لە نێو تەفسیرە ئیسلامییەکاندا ڕوانگەی ئەو [ئەحمەد موفتیزادە] سەبارەت بە دەوری ژن لە بنەماڵە، ژیانی ئایینی، و بڕیاردان دەکرێ بە شێوەیەکی گونجاو وەک ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخواز پێناسە بکرێت».[٢٣]

لێرەدا وەک خاڵێکی گرینگ دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە مێژووی سیاسی و نەزەریی ئایینیدا، ڕیشەی ئەو جۆرە ڕوانگانە بەرامبەر بە پرسی ژن لە کۆمەڵگا کە وەک ڕوانگەی «پێشکەوتنخواز»پێناسە دەکرێن، دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی چاکسازیخوازیی ئیسلامی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لە کارەکانی کەسانی وەک موحەممەد عەبدوو (١٩٠٥-١٨٤٩) و قاسم ئەمین (١٩٠٨-١٨٦٥)، وەکیل و خەڵکی وڵاتی میسر، ڕەنگ دەداتەوە. ئەو بۆچوونانە لە شێعرەکانی جەمیل سیدقی زەهاوی (١٩٣٦-١٨٦٣)، شاعیرێکی عێراقی دواجاریش ڕەنگ دەداتەوە: «چارشێوەکانتان بدڕێنن، ئەی ژنانی عێراق، حیجاب لە سەر خۆتان لابەن».[٢٤] زەهاوی داوای «لابردنی حیجابی دەکرد لە ژێر ناوی ئایینێکی پاراو و لە بەرامبەر بە فێمینیسمی ڕۆژاوایی».[٢٥] ئیسلامی چاکسازیخواز تەنها بەرەنگارییەک بەرامبەر هێرشی فەرهەنگی ڕۆژاوا نەبوو کە ڕاستییەک بوو لەو کاتەدا بە شوێن سەرووەری چەکدارانە و تێکنۆلۆژیی بە سەر وڵاتانی ناڕۆژاواییدا ڕووی دەدا. عەبدوو کە شاگردێکی جەماڵەدین ئەفغانی و موفتی میسر (١٩٠٥-١٨٩٩) و زانایەکی ئیسلامی بوو، لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونە کە ئیسلام دینێکی ئەقڵانییە لای وا بوو «کە داب و نەریت یا دیاردەکانی ڕابردوو بەرهەمی مێژوویین نەک یاسا بۆ ئەمڕۆ»و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە «بیری ئیسلامیی دەبێ لە سەر عەقڵانییەت و گەشەی زانستیی دابمەرزرێت».[٢٦] لە کتێبی ڕزگارکردنی ژنان کە یەکەمجار بە زمانی عەرەبی و لە ساڵی ١٨٩٩ لە ژێر ناوی تحریر المرأة بڵاو کرایەوە، قاسم ئەمین دەڵێ کە ژێردەستەیی ژنان ڕەوشتێکی نائیسلامییە و بە پێچەوانەی دەرسەکانی پەیغەمبەرە. ئامانجی سەرەکی ئەمین لێکگرێدانی ڕزگاری میسر و ڕزگاری ژنانی میسرە. لە ڕوانگەی ئەوەوە «یاسای ئیسلام واتە شەرع، یەکسانی ژنان و پیاوان لە هەر چوارچێوەیەکی یاساییدا بە مەرج دەگرێت. ئیسلام بانگەوازی ئازادی و ڕزگاری ژنانی کردوە و هەموو ماڤە ئینسانییەکانی بۆ سەلماندوە ئەویش ئەو کاتەی کە ژنان نزمترین پێگەیان لە هەموو کۆمەڵگاکان [ی دیکەدا] هەبوو».[٢٧] تا ئەو جێگای بە پرسی حیجاب دەگەڕێتەوە، ئەمین بۆچوونێکی لە نێوان ئەو شتەی لە ڕۆژاوا و لە وڵاتێکی وەک میسر باو بوە پێشنیار دەکات:

*ڕۆژاواییەکان لە دەرخستنی ژنانی خۆیان زۆر واوە ڕۆیشتوون بەجۆرێک کە بۆ ژنانی ڕۆژاوایی ئەوە ئەرکێکی زەحمەتە کە خۆیان لە بەرامبەر حەزی جینسی و هەستی بێشەرمانە و نەگونجاودا بپارێزن. ئێمەش لە لایەکی دیکەوە لە داپۆشینی ژنەکانمان زێدەڕۆیمان کردوە و پێش بەوە دەگرین کە ئەوان بێ حیجاب بچنە نێو پیاوان تا ئەو جێگای کە ئێمە ژنانمان وەک کەلوپەل کردوە بە موڵکی خۆمان.*[۲۸]

قاسم ئەمین لە سەر دەرخستنی پێگەی نزمی ژنان لە وڵاتی میسر سوور بوو و بە ڕوونی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە حیجاب لە ئیسلامەوە نەهاتوە؛ «[حیجاب] نەریتێکی زاڵ بوو لە لای زۆرێک لە گەلان و نەمانەکەی [لای زۆرێک لە گەلان] ئاکامی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بوو کە هاوکات لە گەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی شارستانییەت ڕووی دەدا».[۲۹] ڕوانگەی چاکسازیخوازیی ئەمین بەرامبەر ژیانی هاوبەش و تەڵاق و مەحکوومکردنی چەند هاوسەریی لە ڕوانگەیەکی «پێشکەوتنخواز»ی سەردەمی خۆیەوە سەرچاوەی دەگرت و هەوڵی دەدا لە گەڵ زانستی ئیسلامیی ڕێکیان بخات.[۳۰] سەرەڕای ئەمە، وەک خاڵێکی دیکەی گرینگ دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە داواکارییەکانی ئەمین بۆ دابین کردنی بەشێک لە ماڤەکانی ژنان کە نەدەگەیشتە ئاستی سیاسیی و ڕێبەرایەتی کردن، لە دەور چەمکی نوێی میللەت دەخولایەوە: میللەتی نوێ کە خاوەن زانست و خوێندنی هاوچەرخ بێت، پێویستی بە ژنی نوێ هەیە.[۳۱] کتێبەکەی دیکەی ئەمین لە ژێر ناوی ژنی نوێ شیکردنەوەی زۆرتری ڕوانگەکانی سەبارەت بە ماڤی ژنان و لابردنی حیجابی لە خۆ دەگرت. کەوابوو نموونەی قوتابخانەکانی چاکسازی ئیسلامیی سەرەتای سەدەی بیستەم تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتە گرینگەی کە پێشچوونی مێژوو لە خۆی دا بە مانانی پێشکەوتنی فیکریی و «پێشکەوتنخوازیی»زۆرتر نییە.

ڕوانگەی موفتیزادە لە ساڵەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، بەوجۆرەی کتێبەکە بۆ سەلماندنی ڕەوایەتە مێژووییەکەی بەکاری دەهێنێت، لە خۆیدا پێشکەوتنێکی فیکریی تایبەتمەند بە کوردەکان دەرناخات چوونکوو ڕیشەی ئەو جۆرە بۆچوونانە هەر وەک ئاماژەمان پێ دا زۆر بۆ دواوەتر و بۆ بەستێنێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. لە هەمان کاتدا، ئەو بۆچوونانە سەبارەت بە ژنان کە لە سەردەمی موفتیزادە و لە لایەن ئیسلامی چاکسازیخوازدا باس دەکرا، لەوانەیە «پاشکەوتوو»تر لەوانەی پێشوو بزانین. تەفسیری وتەکەی زەهاوی وەک کاردانەوەیەک بەامبەر بە فێمێنیسمی ڕۆژاوایی لە لایەن ئیلان پاپە لێرەدا لە جێگای خۆیەتی. وا دیارە کە هەتا سەدەی بیستەم بەرەو پێش دەڕوات، تێکەڵاوی ئیسلامی چاکسازیخواز و نەتەوەگەرێتی و فێمێنیسم جێگای خۆی دەدات بە دابڕانی ئیسلامیسم لە نەتەوەگەرێتی (سکوولار-نائایینی) و فێمێنیسم (ی ڕۆژاوایی). کەوابوو، ڕوانگای «پێشکەوتنخواز»ی موفتیزادە بەرامبەر بە پرسی ژن کە لە ساڵەکانی یەکەمی دەیەی ۱۹۶۰دا شکڵیان گرتوە، تەنانەت دەکرێ لە بەراوەرد لە گەڵ ڕوانگاکانی بیرمەندانی ئایینی سەرەتای سەدەی بیستەم لە وڵاتی میسر وەک بۆ پاش چوونەوەیەک ببینرێت. هۆیەکی دیکە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئیسلامی چاکسازیخوازی موفتیزادە دیاردەیەکی ڕادیکاڵتر بۆ وێنە لەوەی قاسم ئەمین پێشکەش ناکات لە کاتێکدا کە ڕوانگاکانی ئەو لە گەڵ نەتەوەگەرێتی نائایینی و فێمینیسم لە ئێران جیاوازن. لێرەدا هیچ تایبەتمەندییەکی کوردانە لە ڕوانگاکانی ئەودا بەدی ناکرێت. «ژنان»لەو ڕەوایەتە مێژووییە کە عێزەتیار پێکی دەهێنێت، بۆ نیشاندنی لاوازبوونی پەیوەندی نێوان ئیسلامیسم و ناسنامەی کوردیی دەبێتە بەردی مەحەک بۆ

پێوانی «پێشکەوتوویی»و «سکولاریسم».

ئەوە ئاســاییە کە نەبوونــی ئیفراتگەرایی ئایینی لە نێو کوردان لە کاتێکدا کە توندوتیژی ناوچەکەی گرتوە، ســەرنجی کەسێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەمە لە هەمان کاتدا داوامان لێ دەکات کە بەدوای هــۆکارە مێژووییەکان بگەڕێین بۆ تەفســیری ئــەو دیاردەیە. بەڵام بەوجــۆرەی ئەزموونــەکان دەریان خســتوە، خوێندنەوەی مێژوو لە ئیســتاوە بەرەو پاش و هەڵبژاردنی بەڵگەکان لە لایەن مێژوزانەوە بۆ سەلماندنی ڕەوایەتە مێژووییەکەی، هەوڵێکی ســەرنەکوتوو دەبێــت. لاوازبوونــی پێگــەی ڕێبــەری ئایینی لە بزووتنــەوەی کوردیدا لە باشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانێت وەک هۆیەک بۆ نەبوونــی ئیفراتگەرایــی ئایینی چاوی لێ بکرێت. هەروەها، لەو جێگانەی وا ناســنامەی نەتەوایەتــی پێش ناســنامەی ئایینی کەوتوە، ئەنجامەکان داییمە گەشــەکردنی «نامەیلی»بۆ ئیفراتگەرایی نەبوە. جیهانی عەرەب بە ژمارەیک دەوڵەت-میللەتی نوێوە پێناســە دەکرێت کە بــێ هەبوونی ناســنامەیەکی پتەوەی عەرەبی بوونیان نەدەبوو. بەلام، ئەو جیهانە هەروەها بە گەلێک بزووتنەوەی ئایینیشەوە دەناسرێت کە لە پێشــدا بەرەنگاریی بەرامبەر بە داگیرکاریی دەرەکــی و دواتر کاردانەوەبــوون بەرامبەر بە نوێســازیی ڕۆژاوایی دەوڵەتــان. ئیفراتگەرایی داییمە ئەو بزووتنەوانەی پێناســە نەکردوە. بۆ وێنە ئەخوانەالموســلمین لە ڕەوتێکی تێکەڵ بە داگیرکاریــی و پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ لە میسر ســەری هەڵدا و لە جەرگەی نوێسازی ئەو وڵاتەدا گەشــەی کرد و گەلێک ئاڵوگۆڕی بەخۆیــەوە بینیوە. شــکڵ و ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیــە گەلێک جار گۆڕانــی بەخۆیەوە بینیی. حەســەن ئەلبەنــا دامەزرێنەرێکی ئەو بزووتنەوەیە و ســەید قوتب ڕێبەرێکی دواتری ئەخوانەلموســلمین وەکوو یەک نەبوون لە بەر ئەوەی بەســتێن و گرفتەکانیــان جیاواز بوو. ئەحمەد موفتــیزادە کەوتە ژێــر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی قوتــب، خاڵێکی گرینگ کە کتێبەکە لە بیری دەکات. گرینگە لە بەر ئەوەی گریمانەی لاوازبوونی ئیسلامیسم و ناسنامەی نەتەوایەتــی کوردیی لە ڕەوتــی پێش‌چوونی مێژوودا پووچــەڵ دەکاتەوە چوونکوو مەیل بۆ بۆچوونەکانی کەسی وەک قوتب کە بانگەوازی حکوومەتی ئیســلامی دەکرد، لە ســەردەمی دواتــری ژیانــی موفتــیزادە ڕوو دەدات کە موفتی‌زادە دەبێتە خــاوەن مەیلێکی زۆرتر بۆ ئیسلامی سیاسی.

کەوابــوو ئاســتی چالاکیــی سیاســی و «ئیفراتگەرایی»بزووتنەوەکان و کەســایەتییەکان لە جەرگەی پڕۆســەیەکی زینــدووی مێژوویی دیاری دەکرێــت کە لەوێــدا گەلێک هۆکاری جۆربەجۆر ئەو بزووتنەوە و کەسایەتییانە تووشی ئاڵوگۆڕ دەکات. ئیســلامی سیاسی هاوچەرخ و دروشمی حکوومەتی ئیسلامی ئاکامی نوێسازی ســەرکوتگەرانەی دەوڵەتانی نوێیە کە هەروەها لە لایەن تێگەیشــتنێکی هەڵەی سکولاریســم ڕێنوێنی کــراون. ئایا نابێ مێــژووزان هەروەها لەمــەش ســەری ســوور بمێنێت کــە بۆچی «سکولاریســم»ی جەمال عەبدولناســر و حەمە ڕەزا شای پەهلەوی بەدوای خۆیاندا بە تەرتیب ئەخوانێکی ڕادیکاڵتر و حکومەتێکی ئیسلامییان بەدی هێنا نــەک چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیمۆکراتیک و «ســکولار»تر؟ چ هەلومەرجێک حەز بــۆ ڕادیکاڵبوونەوە، جــا ئایینی بێت یان نەتەوایەتــی، زیــاد دەکات؟ ئایــا نابــێ ئێمە ســەرنج بدەینە بەرنامەی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەتانی نوێ لە سەدەی بیســتەمدا؟ ئێران نموونەیەکی ئەو دەوڵەتانەیە. هەر وەک ســامی زوبەیدا دەڵێت ـ سەرچاوەی وەها لە لایەن کتێبەکەوە بە قازانجی کەســانی وەک ســاموێل هانتینگتۆن لە بەرچاو نەگیراوە ـ لە پێکهاتی ئایدیۆلۆژیی ڕاپەڕینی ئیســلامی ئێران، بۆ وێنە وەک ئەوەی ویلایەتی فەقیە،

*کارکــردی ڕێبەرایەتی و ڕۆڵی سیاســی*

*دەدرێتە فەقیە (لەم نموونەدا خومەینی) [...] کە کردەوەیەکی پێشتر نەناسراوە لە نەریتی شیعەدا کە دەوڵەت و کۆمەڵگای ئایینی لە یەکتر جیا کردووەتەوە [...] بیری شێعەی دوازدەئیمامی هەر لە سەردەمی ئیمامی شەشەم جەعفەر ئەلسادق، ئیمامەتی لە سیاسەت جیاکردووەتەوە لە خزمەت چەمکی فەلسەفی و عارفانەدا. دیارە چەندین جار لە جەرگەی سەدەکان و لە پەیوەندی لە گەڵ هەلومەرجی دیاریکراودا، لادان لەو تێگەیشتنە ڕووی داوە. لادانی خومەینی [...] کە فەقیە کردە میر و پاشایەتی ڕەت کردەوە، لادانێکی باوەڕپێکراوتر، ئەگەر نە چاوەڕواننەکراو، بوو لە بەستێنی دەوڵەت-میللەتی نوێدا کە خەڵکی موسوڵمان هەم وەک میللەت و هەم وەک بکەری مێژوویی دەسەڵاتی ئیسلام و تەنها نوێنەری عیدالەت و دانشی ئیسلامیی واتە فەقیەیان هەڵبژارد (تەکید زیاد کراوە).*[۳۲]

*ئەمە خاڵێکی سەرنجڕاکێشە کە هەڵبژاردنی چەمکی «کۆمار»یش بە هەمان شێوە بێوێنە بوو.*[۳۳]

بەمجۆرە دەردەکەویت کە پەیوەندی نێوان ئیسلامیسم و ناسنامەی کوردیی دەبێ لە بەستێنی گەشەی دەوڵەت-نەتەوەکاندا تاووتوێ بکرێت. بەڵام وەک خاڵێکی گرینگ دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و کولتووریی لەو وڵاتانەدا کە کوردی تێدا ژیاوە دەقاودەق وەک یەک ڕووی نەداوە. بۆ ئەوەی خۆمان لە بۆچوونێکی یەکجۆرپێناسەکردنی هەموو کۆمەڵگا کوردییەکان بپارێزین، هەر کام لەو وڵاتانە دەبێ بە جیاواز لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێت.

ئەمە وا دەکات کە هەوڵ بدەین وێنەیەکی بەرینتری مێژوویی پێک بهێنین تا هۆکارەکانی بەوجۆرەی دەوتریت مەیلی بزووتنەوە کوردییەکان بۆ پێناسەکردنی خۆیان وەک سکولار و پێشکەوتنخواز ڕوون بکەینەوە. بەهەمان ڕادە گرینگ ئەوەیە کە بۆمان دەربکەوێت کە ئایا ئەو گریمانەیە لە جێی خۆیدایە؟ ناسنامەی کوردیی لانیکەم لە ڕیزی هۆکارە سەرەکییەکان جێگا ناگرێت. وەک نموونەیەکی دیکە بۆ زەق کردنەوەی هۆکاری مێژوویی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کەمایەتییە دینییەکان، بۆ وێنە کورد لە ئێران و یان شیعە لە سوریا، مەیلیان بەرە سکولاریسم (هەروەها بەمانای سەلماندنی ماقی بەرامبەر بۆ هەموو دینەکان) دەچێ بۆ ئەوەی لە حکوومەتێک کە لە سەر یەک دین دانراوە، مافی ئایینەکانی دیکە پێشێل دەکرێت.[۳۴] وەک هۆکارێکی دیکە، مێژووی ئێران لە سەدەی بیستەمدا گەلێک بزووتنەوە و چالاکیی بەخۆیەوە دەبینێت کە ئامانجیان سڕینەوەی هەڵاواردنی ئایینی، جینسی و نەتەوەیی بوە. ئەو بزووتنەوانە بە نەسڵێکی خوێندەوار، ڕێکخراوی چەپ و چالاکی ژن و پیاو، ڕووناکبیران و نووسەران و هتد پێناسە دەکرێن. بزووتنەوەی کورد لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی بەملاوە داییمە لە باری بیروباوەڕ و بۆچوونەوە گۆڕانکاری تاقی کردووەتەوە و لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەکان و شۆڕشەکانی دیکە لە ئاستی ئێران، ناوچەکە و جیهاندا بوون. لە ساڵەکانی ۱۹۶۰ و ۱۹۷۰دا نەسڵێکی نوێ لە چالاکانی کورد سەریان هەڵدا کە بەرهەمی خوێندنی هاوچەرخ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان بوون. ئەحمەدی موفتیزادەش لەو نەسڵەدا جێگا دەگرێت. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدایە کە کاکڵەی ڕێکخراوەکانی دواتری کوردستان لە ئێران شکڵیان گرت. وڵاتانی دیکەش کە کوردیان تێدا بوو کەم تا زۆر ڕەوتێکی بەهەمان شێوەیان تاقی کردەوە. ئەگەرچی خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان کۆمەڵگا کوردییەکان زۆرن، ئەو کۆمەڵگانە لە ئاکامی هەڵسوکەوت

له گــەڵ دەوڵەتانی خۆیان بۆ ماوەی نزیک بە یەک سەدە، بوونە خاوەن خاڵگەلێکی تایبەت بۆ خۆیشیان. شیکرنەوەی ئەو خاڵە لە تاقەتی ئــەم وتارەدا نییە. بەڵام پێویســـتە جەخت لە ســـەر «بایەخی کۆمەڵایەتی هاوبەش»ی کورد و باقی کۆمەڵگاکانــی جێگیر لە ئێران بکەین کـــە لەو ڕەوتە مێژوویــیەدا پێک هاتون. ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگ پێک دەهێنێت: ئێمە دەبێ چۆن لە بەرامبەر ئەو بایەخە هاوبەشانەدا هەڵسوکەوت بکەین؟ بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگای کوردەواریی لە ئێران سێنتێزی ١ بەرەنـــگاری فەرهەنگی خـــۆی وەک کورد لە دژی هاوشـــێوەکردنی پێناسە قەومییەکان لـــە لایـــەن نوێســـازی ئێـــران (یا لـــە دژی هێژمۆنـــی فەرهەنگی فارس) و ٢ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریی ئەو کۆمەڵگا لە گەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەی ئێرانە. پێویســـتە جەخت لەسەر ئەو ڕاســـتییە بکەین کە کۆمەڵگاکانی دیکـــەی ئێران وا نییە کـــە خاوەن نامەیلی بۆ ئیفراتگەرایی ئایینی نەبـــن و هیچ بایەخێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشـــیان لە گـــەڵ کوردەکان نەبێت. لە کاتێکدا کە پشـــتیوانی نێونەتەوەیی بـــۆ هـــەر دەوڵەتێکـــی تـــازە و دیمۆکراتیک پێویستە، یارمەتی دانی خەڵکانێک کە لە ماڤی خۆیان بێبەش کراون بە مەبەستی پتەوکردنی دیمۆکراسی و بایەخە ئینسانییەکان پێویستە. ئەو خاڵـــە کۆمەڵایەتییە هاوبەشـــانەی نێوان کورد و خەڵکانی دیکەی هاوســـێ نابێ بکرێتە قوربانی سیاسەتی دەرەکی زلهێزانێک کە دەبێ هەرچی زۆرتر مل بۆ ڕێکخراوە شەرعییەکانی نێونەتەوەیـــی دابنەوێنن لـــە پێناو بەرگری لە شـــەڕ و پێکهێنانی ناســـەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا.

هـــەر وەک لـــە ســـەرترەوە ئاماژەمان پێ دا، مەیلێکـــی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ئاســـتی گەشـــەی وڵاتێکی «ناپێشـــکەوتوو»بە پێوەری «ژن»دیاری بکات. گوتاری گەشـــە (توســـعە) کە بەدوای شـــەڕی دووهەمی جیهانی پەرەی ســـەند، «ژن»ی وەک شـــێی (ئۆبجێکت) وێنا کرد و کردییـــە کاتەگۆرییەک.[٣٥] نوێســـازی ڕۆژاوایی تێگەیشـــتنێکی لە وڵاتانی نارۆژاوایی کـــردە باو کە پەیوەندییەکـــی نزیکی لە نیوان «ژن»لە لایەک و «سکولاریسم»و «نوێ کردنەوە (مۆدێرنیزاســـیۆن)» لـــە لایەکـــی دیکە پێک دەهێنا. لەو تێگەیشـــتنەدا، «سکولاریســـم»بە هەڵـــە وەک بەشـــێکی جیانەکـــراوە لـــە «نوێکردنەوە»دەبینـــرا نـــەک وەک جیاوازیی لـــە نێـــوان دەوڵـــەت و مزگەوت یـــان وەک هەوڵێـــک بـــۆ پێکهێنانـــی تاکـــی ڕەخنەگر. ئەو لێـــک گرێدانە وەک پێداویســـتییەک بۆ «گواســـتنەوە»بۆ «مۆدێرن»واتە هاوچەرخ/نوێ دەبینرا. لـــەم پەیوەندییەدا، بەرنامەی دەوڵەت بۆ گەشە ڕواڵەتێکی ڕۆژاوایی لە ژن پێک هێنا. ئەمە ئەو شـــتە بوو کە لـــە ئێرانیش ڕووی دا، ئەگەرچی گەشەی پێگەی کۆمەڵایەتی ژن لەو وڵاتە ئاکامی گەلێک هۆکاری وەک خوێندنی هاوچەرخ، یاســـاکانی پەیوەندیـــدار بە ژن لە کۆمەڵگا و بنەماڵـــە، و خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان بوو کـــە بزووتنەوەیەکـــی بەربڵاویان بە نـــاوی نێهزەتی ژنـــان بەڕێوە دەبـــرد. زۆرێک لـــە ڕێکخراو و کۆمەڵی ژنان ئـــەو نێهزەتەیان لە ســـاڵەکانی ١٩٦٠دا ڕێبەری دەکرد.[٣٦] بە هاتنی کۆتایی ســـاڵەکانی ١٩٧٠، کۆمەڵگای ئێـــران و هەروەها کۆمەڵگای کوردســـتان لەو وڵاتە ئاڵوگۆڕێکی جیدییان لە نیزامی جینسیی کۆمەڵـــگادا تاقی کردبـــووەوە و هەروەها ببوونە خاوەن نەسڵێکی نوێ لە ژنان. گۆڕانی نیزامی جینسی لە کۆمەڵگای کوردستان و ئەو جۆرەی ژنـــان لەو کۆمەڵـــگادا گۆڕانییـــان بەخۆیانەوە بینـــی، ئاکامی ئەو گۆڕانکارییـــە کۆمەڵایەتی، ئابـــووری و فەرهەنگیانە بوو کە لە ئاســـتێکی بەرینتـــر لـــە ئێراندا ڕوویـــان دەدا. چالاکیی ژنـــان دەورێکـــی گرینگی لـــەو گۆڕانکارییانە وا پەیوەنـــدی بـــە پیگەی ژنـــەوە هەبوو گێڕا و کەوابـــوو تایبەتمەندی پێناســـەی کوردیی وەک هۆیەک بۆ ڕواڵەتـــی نوێی ژنان لانیکەم

لەدواترەوە جێگا دەگرێت. دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە گرینگەش کە لێکۆڵینەوەیەک بۆ بەراوەردکردنی ئاستی کۆمەڵایەتی ژنانی کورد بۆ وێنە لە ئێران و عێراق دەبێ گەلێک جیاوازی گرینگ دەربخەن، ئەگەرچی هەردوو کۆمەڵگاکە کوردن؛ لێرەدا لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئەو جیاوازییانە جیا لە تێرامان لە ڕەوتە جیاوازەکان لە دەوڵەتە نوێکاندا بەدی ناکرێت.

کەوابوو پەیوەندی نێوان ناسنامەی نەتەوایەتی و ناسنامەی ئایینی و لەم پەیوەندییەدا پرسی «ژن»دەبێ لە ڕووناکیی گەلێک هۆکاری مێژوویی و لە جەرگەی ڕەوتێکی مێژووییدا تاووتوێ بکرێت. لە ئێستادا «نامەیلی کورد بۆ ئیفراتگەرایی»وەک دیاردەیەکی مێژوویی خۆی دەنوێنێت. کەچی بە شیکردنەوەیەکی کورتی وەک سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەکان قووڵتر لەوەن وا خۆیان دەردەخەن. ئەو جۆرەی دیاردەکان خۆیان دەردەخەن و ئێمە بەهیواین هەر ئەو جۆرە بێت کە ئێمە دەمانهەوێ دەربکەون، هەر ئەو شتە نین کە ڕەوتە مێژووییەکان نوێنەرایەتی و پێناسەیان دەکەن.

## ئەحمەد موفتی‌زادە قوربانی ڕەوایەتێکی مێژوویی

کتێبی ئاخرین موفتی کوردستان ڕۆڵێکی ناوەند دەداتە ئەحمەد موفتی‌زادە بۆ سەلماندنی گریمانەی نامەیلی کوردەکان بۆ ئیفراتگەرایی ئایینی و لە بەر ئەوەی پێشبینی داهاتوویەکی ئاڵۆزتر لە ناوچەکەدا دەکات، بانگەوازی ناساندنی کورد وەک هاوپەیمانی سرووشتی ڕۆژاوا دەکات ـ ئەم ڕۆڵە بۆ کورد هەر ئێستا لە بەر ئاکامی گشتپرسییەکی هەرێم لە سێپتامبری ٢٠١٧دا بایەخی خۆی لە کیس داوە! لەوانەیە بێ ئەوەی کتێبەکە خۆی هەستی پێ کردبێت، قوربانیکردنی موفتی‌زادە لە مێژوودا هەمیسان ڕوو دەداتەوە و لەو ڕەوایەتە مێژووییە بۆ سەلماندنی سیاسەتی ئێستا جێگایەکی مێژوویی شایان لەو زەوت دەکرێت. بە پێچەوانەی خوێندنەوەی کتێبەکە، ئەم وتارە لای وایە کە ئەحمەد موفتی‌زادە نوێنەرایەتی کوردایەتییەکی ئایینی دەکات کە هاوکات کاردانەوەیەکیش بوو لە بەرامبەر هاوجۆرکردنی فەرهەنگی گەلانی ئێران و بەرامبەر بەڕۆژاواییکردنی فەرهەنگ.[٣٧] دیارە ئەمە لە ئاستێکی زۆر کەمتر لەوەی لە ئاستی ئێراندا ڕووی دەدا. دوو لایەن واتە هاوجۆرکردنی فەرهەنگیی و بەڕۆژاوایی کردنی فەرهەنگ ئاکامەکانی گۆڕانکاریی فەرهەنگی نوێسازیی ئێران پێک دەهێنن، نوێسازییەک کە لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ و دەیەی ١٩٧٠دا یەکجار خێراتر بووەوە. بۆ ئەوەی ئەم باسە زۆرتر بکەمەوە، لە پێشدا ئاماژەیەک دەکەم بە سرشتی ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێران بۆ ئەوەی بزانین چەندە ئەو ڕاپەڕینە ئیسلامی بوو. ئەمە یارمەتیمان دەکات کە ئاماژە بەو زەمینە مێژووییانە بکەین کە تیشک دەخەنە سەر باس و ئیدیعاکەی ئێمە، زەمینەگەلێک کە بەتەواوی جیاوازن لەوەی کتێبەکە پشتی پێ بەستوە.

*مشتومڕ لە سەر سرشتی ڕاپەڕینی ئێران و ئەوەیکە ئایا ئەو ڕاپەڕینە ئیسلامیی بوو یان نە، درێژەی هەیە. لانیکەم هاودەنگییەک لەمەدا بەدی دەکرێت کە لایەنی ئیسلامی وردە وردە کەوتە پێش لایەنەکانی دیکەی نائایینی و لیبراڵ لە ڕاپەڕینەکەدا. لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم پرسیارە بەتەواوی پەیوەندی هەیە بە دەوری ئەحمەد موفتی‌زادە لە چالاکیی سیاسیی و ئایینی ئەو سەردەمەدا.*

بە پێچەوانەی گوتارێک کە لە بیرکردنەوەی چەپ و لایەنگرانی سەڵتەنەتدا زۆر دەبینرێت، ڕاپەڕینی ئێران نە ڕووداوێکی بەهەڵکەوتی

مێژوویی و نە ئاکامی سیاسەتی ئەو زلهێزانە بوو کە گوایا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پیاوێکی نەناسراو (واتە خومەینی)یان کردە کەسایەتییەکی بەناوبانگ. ئەو ڕاپەرینە هەروەها ئاکامێکی لێدەربازنەبووی نوێسازی لە ئێران نەبوو. ئەگەرەکان و هۆکاری دەرەکی بێگومان دەوری خۆیان لە مێژوودا دەگێڕن. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ باسەکەی ئێمە سەبارەت بە ڕاپەرینی ئێران و بە یارمەتی بیرتیژیی گرامشی ئێمە دەبێ سەرنجێکی وردتر بدەینە چۆنییەتی دۆخی فەرهەنگ لە ماوەی پێش ئەو ڕووداوەدا لەبەرئەوەی لە ئاکامی ئەو دۆخە فەرهەنگییە لە ئێران ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی بوە خاوەن هێژمۆنی/سەروەریی کولتووریی و سیاسی.[۳۸]

قبووڵنەکراو بۆ مێژوونووسینی لاساری چەپ و سەڵتەنەتخواز و لیبراڵ، ڕیشەی بەئیسلامی کردنی ڕاپەرین لە هێژمۆنییەکی فەرهەنگیدایە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی سەڵتەنەت لە سەردەمی «ڕاپەرینی سپی»(۱۹۷۹-۱۹۶۳) شای ئێرانەوە چنگی خستبوو. ئەو خاڵە سەرەکییەی وا ئامانجی ڕاپەرینی سپی پێک دەهێنا گۆڕانی ئێران بۆ «شارستانییەتێکی مەزن»بوو لە ڕێگای گۆڕانکاری بنەڕەتیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە. بە یارمەتی زیادبوونی داهاتی نەوت، ڕاپەرینی سپی بناغەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێرانی ژێرەوژوور کرد و ڕواڵەتێکی فەرهەنگی نوێی پێ بەخشیی. سەرەڕای ئەمە، نوێسازی بەرامبەر بوو لە گەڵ گەشەیەکی سەرەڕۆیانە و بێبەرنامەی ئابووریی و شارسازیی، «ڕۆژاوایی»کردنی فەرهەنگ لە ڕێگای وەرگرتنی شێوەیەکی ژیانی «ڕۆژاوایی»کە لە لایەن دەسگای ڕاگەیاندنی نوێی تەلەویزیۆن و سەنعەتی سینما نوێنەرایەتی دەکرا و سەرەنجام بەناوەندکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەرکوتی سیاسیی. لە ئەنجامدا نوێسازی بوە هۆی کۆچکردنی بەکۆمەڵی خەڵک لە لادێوە بۆ شار، پەرەسەندنی چینێکی کرێکاری کەم داهات و کرێکاری وەرزیی، و دەوڵەمەندکردنی بەشی سەرەوەی چینی ناوەند. ئەمانەش هەژاریی و گەرەکی کەمداهاتنشینی لە شارەکان پەرە پێدا، بۆشایی نێوان داهاتی چینەکانی گەورەتر کردەوە و گەندەڵی و خۆزلکردنەوەی سیاسیی و ماددیی پەرە پێدا. بەهەمان ڕادە گرنگ، ئێرانی دوای کودیتای ۱۹۵۳ لە دژی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراوی دیمۆکراتیک بەم خاڵانەوە پێناسە دەکرێت: ڕژیمێکی سەرکوتگەر و پۆلیسی نهێنی و نێوزڕاوی ساواک، بەرنامەکانی گرانخەرجی چەکدارانە و وێڵخەرجی زۆر زەق وەک بۆنەی ۲۵۰۰ساڵی یادی دامەزراندنی سەڵتەنەتی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۱. لە بەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، نوێسازی وڵاتی ئێرانی لە زۆر لایەنەوە گۆڕیی. بەڵام وەک خاڵێکی پەیوەندیدار بە باسەکەی ئێمەوە، هەمان نوێسازی هەروەها سرشتی نیهادی ئایینی شیعەی لە ئێران ئاڵوگۆڕ کرد.

لە ڕاستیدا لە هەمان ساڵەکانی یەکەمی ۱۹۴۰ەوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئێران بە ڕادەیەکی بەرچاو خۆی دەگۆڕی بۆ هێزێکی شۆڕشگێر و سیاسیی کە لە ڕێبەرایەتی (و هەروەها چالاکانی شەڕئەنگێزی) ئەو بزووتنەوەدا خۆی دەنواند. ئەو چالاکانە دەستیان دایە «ڕۆژنامەگەریی و ڕێکخستنی سیاسیی نهێنی و بۆنە ئایینییەکانیان وەک سەکۆیەکی سیاسیی [و سازکردنی] هاوکاریی لە نێوان کەسانی ئایینی چالاک و ڕووناکبیرانی وردە بورژوا».[۴۰] هەروەها کۆمەڵە ئیسلامییەکان گەشەیان کرد و ژمارەی موجتەهیدیش زیادی کرد.[۴۰] هەمووو ئەمانە سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ناوەندی ئایینی، مزگەوتی گەورە و بچووک، و مەدرەسە ئایینییەکان کە هەموویان لە لایەن ئەوقاف و باجی دینییەوە پشتگریی ماددیی دەکران.[۴۱] لە گەڵ ئەمەشدا، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕادیکاڵ لە ڕێگای

تۆڕێکی بەرینی مزگەوت و ئەنجومەنە ئایینییەکانەوە ئەنجام دەدرا. چالاکان لە ناخی ئەو تۆڕەدا کاسێتی سیاسییان بڵاو دەکردەوە کە لە ناویاندا قسەوباسەکانی ئایەتوڵڵا خومەینیشی تێدا بوو،[۴۲] و دەستیان دایە ڕێکخستنی کۆبوونەوە لە حوسەینییەکان. بەدوای مەرگی ئایەتوڵڵا بروجێردی کە مەرجەعی تەقلید لە ئێران بوو، خومەینی بوە ڕەخنەگرێکی دەنگبەرزی نوێسازی پەهلەویی. لە ئەنجامی ڕاپەڕینی خوێناوی ساڵی ۱۹۶۳دا خومەینی لە ئێران دوور خرایەوە. لە هەمان کاتدا نیهادی ئایینی شیعە لە ناوەندێک بۆ ڕێنوێنی کردنی سەڵتەنەت گۆڕدرا بۆ نیهادێک لە دژی سەڵتەنەت خۆی، و دەستی دایە بانگەوازکردن بۆ حکوومەتێکی ئیسلامی. ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی ئەگەرچی خێری لەوە دەبرد کە حکوومەتی شا بەرانبەریان نەرم و نیانتر دەجوڵایەوە لە بەراوەرد لە گەڵ سەرکوتکردنی توندوتیژی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ، دەستی دایە کەمپەینێکی خەستوخۆڵ بۆ تێوەگلاندنی کۆمەڵانی خەڵک لە سیاسەت لە ڕێگای کۆبوونەوە لە شوێنە ئایینییەکان وەک مزگەوت و حوسەینییە و لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوەی ڕاگەیاندنی نوێی کاسێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا. جیا لە خومەینی و کەسایەتییەکانی دیکە، چالاکییەکانی فیکریی و کرداریی عەلی شەریعەتی نوێنەرایەتییەکی گرینگی ئەو گۆڕانە فیکرییەی دەکرد. لەم ڕێگایەوە درووشمی حکوومەتی ئیسلامی کە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئایینییەوە بانگەواز دەکرا، وەک بەدیلێکی سیاسیی بەهێز لە نێو بەشێکی زۆر لە کومەڵانی خەڵکدا خۆی جێ خست. ئەم ڕەوت و بەدیلە لە وڵاتانی دیکەشدا خۆی دەرخستبوو کە نموونەی زەقی لە میسر و ئەخوانەکان بە ڕیبەرایەتی سەید قوتب بوو. پێش ئەوەی هێزە ئایینییەکان دەسەڵاتی سیاسی لە ئیران بەدەستەوە بگرن، ئەوان لە پێشدا دڵ و مێشکی خەڵکیان بەدەست هێنا بوو؛ هێژمۆنی کولتووریان چنگ خستبوو.

کەوابوو، ئەو تێگەیشتنە گشتییە کە لە لایەن لێکۆڵینەوەیەکی ساکاری مێژووییەوە پشتگری دەکرێت و لای وایە کە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ڕادیۆی هیزە ئوروپاییەکان ئایەتوڵڵا خومەینییان کردە کەسێکی بەناوبانگ و جێگرێکی سرووشتی شای ئێران لە بەرامبەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتری نوێسازی ئێران و ئاکامەکانی پێگەی خۆی لە کیس دەدات. ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە کە خاڵی دەسپێکەری هەر لێکۆڵینەوەیەک ئامانجی لێکۆڵینە دیاری دەکات و بۆمان دیاری دەکات بۆ چ بابەتێک بگەڕێین. بۆ وێنە ئەو بۆچوونەی کە ڕاپەڕینی سپی شای ئێران وەک سەردەمێکی «سکوولار» دەناسێنێت و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پێشڕەویی ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی لە ناخی ئەو سەردەمەدا لە چاو ون دەکات، بۆچوونێکە کە خاوەن تێگەیشتنێکی جیاوازە لە چەمکەکانی سکولاریسم و نوێسازیی لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەوەی وا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی نوێسازیی وەک تێپەڕبوون بۆ «بەنوێ/هاوچەرخ بوون»و سکولاریسم وەک بەشێکی حەیاتیی ئەو نوێسازیە دەبینێت.[۴۳]

ئەو باسەی سەرەوە بەو مانا نییە کە هۆکاری دیکە بۆ خۆشکردنی ڕێگای دەسەڵات بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی لە ئارادا نەبوو. لێرەدایە کە ئەگەرە مێژووییەکان لە بەرامبەر «قانوونەکانی مێژوو»زەق دەبێتەوە. ڕۆڵگێڕانیش دەوری گرینگیان هەیە. بۆ وێنە، لە کاتی ڕاپەڕیندا ڕادیکاڵەکانی هێزی ئایینیی ڕاپەڕین کە بێ ئەمما و ئەگەر خوازیاری حکوومەتێکی ئیسلامی بوون، دەبوایە هێزی لیبراڵی ئایینی کە بە کەسانی وەک سەرۆک وەزیران مێهدی بازەرگان و نێهزەتی ئازادییەکەی دەناسرا، بۆ ئەو مەبەستە پەراوێز بخەن. کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ۱۹۷۹دا لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئێرانەوە دەنگی پێ درا بوو بەڵام ڕژیمی نوێ هێشتا پێویست بوو کە جێ پێی خۆی قایم

بکات. سەرەنجام بەدوای وازهێنانی بازەرگان لە پۆستی سەرۆک وەزیران و داگیرکردنی سەفارەتخانەی ئامریکا لە تاران لە پاییزی ١٩٧٩دا، دەسەڵات بە قازانجی ڕادیکاڵەکان یەک لایەنەتر کرایەوە. ڕووداوگەلێکی گرینگتری دیکەش لە بەهاری ١٩٨٠دا پێگەی دەسەڵاتی قایمتر کرد.

## دیاردەی ئەحمەد موفتیزادە

ئەحمەد موفتیزادە بەرهەمی سەردەمێکی زۆر سەرنجڕاکێشە لە مێژووی ئێراندا. ئەو مۆری خۆی لەو مێژووە کوتا دیارە لە ناخی هەلوومەرجێک کە لە ڕابردووەوە بە میرات گەیشتبوو. لەم بەشەدا هەم هەوڵ دەدرێت ڕۆڵی مێژوویی ئەو شیی بکرێتەوە هەم نیشان بدرێت کە ئیسلامەکەی ئەو ئیسلامێکی ناچالاک (واتە پاسیڤ) نابێ چاو لێ بکرێت. ئیسلامەکەی ئەو ئیسلامێکی سیاسییە بە پێناسەکانی خۆیەوە کە بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراوە لە مێژووی ئێراندا. بەوجۆرەی کە لە کتێبەکەی عێزەتیاردا دەردەکەوێت، موفتیزادە لە کۆشی خێزانێکی بەرجەستەدا گەورە دەبێت. باوەگەورەی ئەو لە لایەن ناسرئەدین شای قاجار (١٨٩٧-١٨٤٨) وەک موفتی کوردستانی قاجار دیاری دەکرێت. موفتی لەقەبێک بوو کە کەسایەتییەکی زانای ئایینی دەکردە مەرجەعێک بۆ تەفسیری شەرع. لەقەبێکی دیکە لەم پەیوەندیەدا قادی بوو کە ئەرکی بەڕێوەبردنی یاسای شەرعی لە سەر شان دەکەوت. بە پێی ئەو نەقڵانەی گێڕاونەتەوە، کتێبەکە دەڵێ کە وەزیرانی شا بەدوای کەسایەتییەکی زانای سونەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی لە لایەن ناسرئەدین شاوە سەبارەت بە چەند گرفتێکی دینی ڕاوێژکاری لە گەڵ بکرێت. ئەو گەڕانە بەو مانا بوە کە زانایایەکی وەها هێشتا نەناسرابوو.[٤٤] بەڵام ناوبانگی عەبدوڵا دیشی باوەگەورەی ئەحمەد موفتیزادە سەرەنجام سەرنجی وەزیرەکانی ڕاکێشا و ئەوان بەمجۆرە زانای خۆیان دۆزییەوە. دەبێ ئەوە بوترێت کە ئەگەرچی لەوانەیە دیشی لە ناوچەکەی خۆیدا ناوبانگی هەبووبێ، بەڵام ئیدیعای ئەوەیکە زانایەکی وا لەو سەردەمەدا نەناسراوە دەکرێ گومانی لە سەر بکرێت لەبەرئەوەی ناوچەکانی کوردستان لە ژێر هەردوو حکوومەتی قاجار و عوسمانیدا داییمە کەسایەتی دیاری ئایینییان لێ کەوتوەتەوە ـ لایەنێکی دیکە گەشەی مەدرسە ئایینییەکان بوو لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا. هەروەها کەسایەتی وەک ئایەتوڵا مەردووخ کوردستانی خۆی لە بنەماڵەیەکی وەهاوە دەرکەوتوە. لە هەرحاڵدا عەبدوڵا دیشی لە کۆبوونەوەکەی لە گەڵ ناسرئەدین شا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر شا دەبێت بەجۆرێک کە نازناوی «موفتی سونەکانی ئێرانی پێ دەبەخشرێت. لەو کاتەوە (دەورووبەری ١٨٩٥) عەبدوڵا دیشی دەبێتە مەلا عەبدوڵا موفتی و یەکەمین موفتی سونەکان لە ئێران».[٤٥] چەندە ئەو داستانە ڕووی داوە دەکرێ گومانی لە سەر بێت لە بەرئەوەی نووسەر هیچ بەڵگەیەک پێشکەش ناکات. نووسەر تەنها ئاماژە بە نووسراوەیەک دەکات کە «بەخشین و بیرخستنەوەی نیشانەی موفتی»یە کە لە ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن ئەحمەد شای قاجارەوە (شا لە نێوان١٩٢٥-١٩٠٥) ئیمزا کراوە. سەرەڕای ئەمە، نیهادی موفتی لە کوردستانی ئێران و بەتایبەت لە شاری سنە وەردە وەردە جێ دەگرێت و لە لایەن خەڵکەوە ڕێزی لێ دەگیرێت. کوڕی عەبدوڵا دیشی واتە باوکی ئەحمەد موفتیزادە بەدوای مردنی باوکی جێگای ئەو دەگرێتەوە و دەبێتە کەسایەتیەک بە تێگەیشتنێکی زۆر لە بواری دیندا.[٤٦] «مەولانا مەحموود [باوکی ئەحمەد] کە سەردەمی موفتیبوونەکەی درێژترین ماوە بوە لە مێژووی سونە لە ئێران و کوردستان بە گشتی، بە سەر مزگەوتی دارولئیحساندا ڕادەگەیشت لە سەردەمی هەوڵە بەرزیخوازەکانی نوێسازیی بنەماڵەی

پەهلەویدا».[۴۷] ئەگەرچی نووسەر باسی ئەوە ناکات کە بۆچی ئاماژە بە سەردەمی نوێسازی لێرەدا گرینگە، بەڵام لەوانەیە بێ ئەوەی خۆی بزانێت باسی جیاوازی سەردەمی مەولانا و سەردەمی ئەحمەد موفتیزادە دەکات کە لە بەر دوو بەستێنی جیاواز بۆچوونە سیاسییەکانیان لە گەڵ یەکتر جیاواز بوون. سەردەمی ئەحمەد موفتیزادە هاوکات بوو لە گەڵ گۆڕانکاری بنەڕەتیی فەرهەنگی و فیکریی. هەر وەک عێزەتیار دەڵێت:

*وا دەوترێت کە مەولانا مەحموود خاوەن پەیوەندییەکی بێلایەنگرانە و تا ئەو جێگا بە بابەتە دینییەکان دەگەڕێتەوە خاوەن پەیوەندییەکی دۆستانە لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا بوو. ئەو خۆی وەک بەشدارێکی چالاکی سیاسی نەدەبینی و لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی قایمیش نییە کە بیسەلمێنێت کە ئەو ئەندامێکی سیاسیکراوی عولەماکان بوە [...] بەڵام نموونەگەلێک هەن کە ئاماژە بە ڕادەیەک توانایی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی ئەو دەکەن. ئەمە هەم ئاکامی تێگەیشتنی فەرهەنگی کوردایەتی ئەو و هەم ئەو باوەڕە بوو کە دەسەڵاتی موفتی لە پێش هەموو شتێکدا ئایینییە و بە تەواوەتی لە سەرۆکی وڵاتەوە سەرچاوەی نەگرتوە.[۴۸]*

ئێستا دەتوانین بچینە سەر بابەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی لە کوردستان لە سەردەمی نوێسازیدا. گەشەی ئەو بزووتنەوەیە لە ئێران کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بە تەواوەتی لە گەڵ کوردستان نایێتەوە کە پەیڕەوی لقێکی دیکە لە ئایینی ئیسلامە و سەرقاڵی بەرەنگاری فەرهەنگی کوردایەتی لە دژی سەرکوتی قەومی و فەرهەنگی دەوڵەتی نوێ بوو. جیاوازییەکان لەم هۆکارە ئایینی و فەرهەنگییانەی ژێرەوە سەرچاوەیان دەگرت.

نوێسازی ڕۆژاواییانەی ئێران مەترسییەک بوو بۆ فەرهەنگی فارس کە لە باری ئایینییەوە لە گەڵ ئیسلامێکی شیعەدا دەناسرایەوە کە بە درێژایی چەندین سەدە بە شێوەی هەرێمی لە لایەن نیهادێکی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی دەکرا. لانیکەم لایەنێکی گرینگ لەو نیهادە ڕووی کردە تێکۆشانی سیاسی بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. ڕوودانی ئەمە لە ناخی نوێسازی ئێراندا هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئەو نیهادە کە دابڕانێکی فیکریی تاقی بکاتەوە واتە بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە لە ڕێگای دەستبردن بۆ خەباتی سیاسی بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەوڵ بدات. لە هەمان کاتدا ئاستی گۆڕانکاریی فەرهەنگی لە ناوەندی ئێران یان لە شارە گەورەکان یەکجار بنەڕەتی تر بوو هەتا ناوچەیەکی وەک کوردستان. کەوابوو، لایەنەکانی گرینگی فەرهەنگی و ئایینی کوردایەتی لەمپەرێکی بەهێز بوون لە بەرامبەر کاریگەری بزووتنەوەی ئایینی ئێران لە سەر کومەڵگای کوردستان. ئەو جیاوازییە لە بەر کاریگەری ئاڵوگۆڕە فیکرییەکانی سەردەم زەقتریش دەبوونەوە. بۆ وێنە بەشێکی بەرچاوی نەسڵی خوێندکاری نوێی کورد لە ساڵەکانی ۱۹۶۰ و ۱۹۷۰ بەرەو جیهانبینی کۆمەڵایەتی (سوسیالیستی) و پێشکەوتنخواز مەیلیان هەبوو و سەرنجیان بۆ جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان ڕادەکێشرا. هاوکات لە گەڵ دەورهەڵگرتنی نوێسازی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ڕەخنەگرانی فەرهەنگی[۴۹] لە دژی ڕۆژاوایی کردن و ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی[۵۰] لە دژی نوێسازییەکی نابەرابەر گەشەیان کرد کە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕە فیکرییەکانی سەردەم بوون. چالاکانی کورد زۆرتر بە لای دووهەمدا شکانەوە کە ڕەخنەکان و بیرۆکەکانیان دواتر بوونە پێناسەی حیزبە نوێ کوردییەکان لە کاتی ڕاپەڕیندا، ئەو حیزبانەی وا گەشەی جەماوەریان بەرامبەر بوو لە گەڵ دابەزینی هێزی کۆمەڵایەتی موفتیزادەدا لە بەر ئەو

هۆکارانەی وا دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.
بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەی سەرەوە بەو مانا نییە کە هیچ بزووتنەوەیەکی ئایینی لە کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی سپیدا لە ئارادا نەبوو. بە پێچوانە ئەمە خاڵێکە کە لە لایەن توێژینەوەکان و یان بیرەوەرییەکانی پەیوەندیدار بەو سەردەمەوە لە بەرچاو نەگیراون. نوێسازی لە ئاکامدا مەیلێکی سیاسی و ئایینی لە کوردستاندا پێک هێنا کە بە ئەحمەد موفتیزادەدا دەناسرێتەوە، کەسایەتییەک کە لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئێراندا بوو بە نوێنەری با بڵێین کوردایەتییەکی ئایینی. هەروەک لە سەرترەوە ئاماژەی پێ درا، ئەحمەد موفتیزادە لە بنەماڵەیەکی موفتیدا لە دایک بوو کە ببوونە خاوەن پێگە و لایەنگرانی خۆیان. هەر دوو باوە گەورە و باوکی ئەحمەد موفتیزادە لە شاری سنە دادەنیشتن و شوێنی کاری ئایینیشیان مزگەوتی بەناوبانگی دارولئێحسان بوو. بەزوویی بۆمان دەرەکەوێت کە ئەو شارە بۆچی لە ژیانی ئەودا گرینگی وەردەگرێت. لە سەرەتاکانی ١٩٦٠دا ئەحمەد لە گەڵ باوکی بۆ تاران دەچێت کە لە بەشی ئێلاهیاتی زانکۆی تاران دەست بە دەرس وتنەوە دەکات. ئەحمەدیش ئەو هەلەی بۆ پەیدا دەبێت کە بەدوای نەخۆشکەوتنی باوکی دەرسیش بڵێتەوە. هەروەک باوکی ئەحمەد موفتیزادە، لە نێو مامۆستایانی سونی مەزهەبی دیکە لەو زانکۆیە حاجی عەبدولڕەحمان ئاغای موهتەدیش هەبوە کە کەسایەتیەکی دیاری سەردەمی کۆماری مەهاباد و گەورەبووی بنەماڵەیەکی ئاغاوات بوو. حاجی عەبدولرەحمان ئاغا کاریگەرییەکی زۆر لە سەر کوردایەتی نەسڵی ئەو سەردەمەی خوێندکارانی کورد دادەنێ.[٥١] لە درێژەدا ئەحمەد موفتیزادە دەبێتە میوانێکی دایمی ماڵی عەبدولرەحمان ئاغا لە تاران لە بەر ئەوەی ئەو ماڵە شوێنێک بوە بۆ کۆبوونەوەی بەردەوام سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیی. ئەو کاتەی ئەحمەد موفتیزادە بوو بە زاوای حاجی عەبدولڕەحمان ئاغا لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠دا، ئیتر ئەو دەمێک بوو وەک چالاکێکی هەڵسوڕاو بۆ داکۆکیکردن لە مافی سیاسی و فەرهەنگی و ئایینی کورد دەناسرا. یەکێک لە کارە دیارەکانی ئەو سەردەمەی ئەو نەسڵە کۆبوونەوە لە دەوەر «یەکیەتی خوێندکارانی کورد»لە تاران بوو.

چالاکیی سیاسی ئەحمەد موفتیزادە لانیکەم بۆ سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠ دەگەڕێتەوە. لەو ماوەدا لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە چالاکانی کورد زیندانی کرا. هەر لەو ساڵانەدا ئەحمەد موفتیزادە خۆی لە نیهادی موفتی جیا دەکاتەوە لە بەر ئەوەی پێی وا بوو کە ئەو نیهادە «شەرعییەتی خۆی لە شاوە وەردەگرێت».[٥٢] بەڵام وا دیارە کە هۆکاری دیکەی فیکریش لەو بڕیارە دەوری هەبووبێت. ئەمە خاڵێکە کە عزەتیار لە بەر چاوی نەگرتوە. هەروەک هاوڕێکانی سەردەمی یەکیەتی قوتابیانی کورد و زانکۆی ئێلاهیات باسی دەکەن، لەو ساڵانەدا ئەحمەد موفتیزادە سەرنجی بۆ لای بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی سەید قوتب ڕاکێشراوە و لە هەمان کاتدا باسی لایەنی «زانستیی»قورئان دەکرد و لای وا بوو کە سونە دەبێ خۆی لە وەهابییەدا ببینێتەوە.[٥٣] لە بەر ئەوە «ئیتر مەلایەتی وەلا نا و جلی مەلایەتییەکەشی لابرد و کۆت و شەلواری لە بەر کرد و ژیانێکی سادەی هەڵبژارد».[٥٤] بە پێی مێژوویی زاراوە هەر لەو سەردەمەدا بوو کە دابڕانێکی گەورە لە ئایدیۆلۆژییا و ڕێکخراوەدا لە نێوان ئەو و باقی چالاکانی بواری کوردایەتی لە نیوەی سالەکانی ١٩٧٠دا ڕوویدا. لە ئاکامدا موفتیزادە خۆی لە چالاکانی دیکە دوور خستەوە کە دەبوونە خاوەن مەیلێکی هەرچی زۆرتر بەرەو بیروباوەری چەپ. لە هەمان کاتدا بوو بە ڕەخنەگرێکی دیاری حکوومەت و نموونەیەک بۆ ئەمە قسەوباسی ئەوە لە بۆنەی ناشتنی تەرمی سوارەی ئیلخانیزادە لە ساڵی ١٩٧٦ کە شاعیرێکی دیار و لە ڕێی

هاوسەری ئەحمەد موفتیزادەوە خزمایەتییان هەبوو.[٥٥] لە هەمان کاتدا، ئەحمەد موفتیزادە ئیسلامێکی سیاسی تازەپێگەیشتووی لە ڕێگای ڕەخنە لە بەهاییەکان لەو ساڵانەدا لە خۆ نواند. بۆ وێنە لانیکەم جارێک لە گفتوگۆی گشتی لە بەرامبەر کەسایەتییەکی دیاری بەهایی بەشداری کرد.[٥٦] بە بڕوای پەیڕەوانی دینەکانی دیکە لە ئێران، حکوومەتی پەهلەوی زۆرتر ئاگای لە بەهاییەکان بوو تا خەڵکانی دیکە. لە گەڵ ئەمەشدا، موفتیزادە بوو بە ڕەخنەگری بیروباوەڕی چەپ و مارکسیسم کە هۆیەکی گرینگ بوو بۆ پێکهێنانی کەلێنی زۆرتر لە نیوان ئەو و باقی چالاکانی کورد کە ئەو پیشتر لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا لە گەڵیان هاوفیکریی و هاوکاریی هەبوو. لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا هیچ گومانێک لە سەر دەربەست بوونی ئەو بۆ چالاکیی لە پێناو مافەکانی کورددا نەبوو. بۆ وێنە جارێک نامەیەک لە لایەن چالاکانی کورد کە چوبوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەلا مستەفا بارزانی بۆ بڵاوکردنەوە بە ئەحمەد موفتیزادە دەگات. نامەکە باسی ناکۆکی نێوان بەرەی کوردیی لە کوردستانی عێراق دەکرد. ئەویش لە بەر دڵسۆزی و بۆ ئەوەی وەرەی چالاکانی کورد لە تاران بەو نامەیە دانەبەزێت، نامەکە بڵاو ناکاتەوە.[٥٧] جێگای ئاماژەیە کە چالاکانی کوردی ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ بە ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپ و شۆڕشەکانی سەردەم بوون کە لە بەرنامە و بیروباوەڕی ئەوەی وا بە شۆڕشی ساڵەکانی ٧-١٣٤٦/٨-١٩٦٧ شەریفزادە و موعەینی ناسراوە ڕەنگ دەدەنەوە.[٥٨] بە گوێرەی یەکێک لە چالاکانی خوێندەواری ئەو سەردەمەی کورد لە تاران، لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠دا گۆڕانێکی دیکە لە بۆچوونەکانی ئەحمەد موفتیزادە ئەوە دەبێت کە ڕەخنەی ئەو لە بیرۆکەی چەپ «دەگاتە ئاستی دژایەتیی و نەسازان».[٥٩] گۆڕانکاریی دیکە لە ژیانی موفتیزادەدا لە ژیان و هەڵسوکەوتی شەخسیی ئەویش دا بەدی دەکرا. لە ڕاستیدا ماوەی زیندان لە سەرەتایی ١٩٦٠دا و ڕووداوی لە دەستدانی هاوسەرەکەی لە ساڵی ١٩٧١ بە هۆی وەستانی دڵەوە، ئەویان لە باری عیرفانییەوە گۆڕیی و ئەمە لە ژیانێکی سادە و پاکی ئەو لە شاری سنە دەکرا بەدی بکرێت.

شوێنی ژیان ئەحمەد موفتیزادە هەم لە باری فیکریی و هەم لە باری کردارییەوە بۆ ژیانی ئەو وەک زانایەکی ئایینی گرینگ بوو. شاری سنە وەک ناوندی ئوستانی کوردستان و شارێکی گەورە لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران کەوتە بەر لێشاوی ڕەوتی بەرۆژاوایی کردنی فەرهەنگ و کۆمەڵگا کە لە ڕێگای تەلەویزیۆن و ڕادیۆ کە بەرنامە ناوچەییەکانیان هەرچی زۆرتر ڕواڵەتی رۆژاوایی بەخۆیەوە دەگرت.[٦٠] لە ڕاستیدا یەکێک لەو گەشە تێکنۆلۆژییانەی وا موفتیزادەی کردە کەسێکی ناسراوتر لە سنە بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنی سنە بە زمانی کوردیی بوو کە هەموو رۆژێک لە مانگی ڕەمەزاندا بڵاو دەکرایەوە. بە پێی وتەکانی بەرپرسی بەرنامەکە کاتێک بڕیاری دانانی وەها بەرنامەیەک درا «هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو کێ گونجاوترین کەسە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکە»و ئەویش ئەحمەد موفتیزادە بوو.[٦١]

بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر گرنگیی جموجوڵ و لایەنی ئایینی کۆمەڵگای کوردستان لەو سەردەمەدا دەتوانین ئاماژە بە ئایەتوڵا مەردووخ بکەینەوە کە بەجۆرێک کاردانەوەی نوێسازیی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگاکەی لە نووسراو و کتێبەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەک چاکسازیخوازێکی ئیسلامی و دواتر هەروەها وەک مێژوونووسێکی مێژووی نەتەوەیی کورد کە هەر دوو ئەوانە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕە فیکرییەکانی ئەو سەردەمەن. لە ساڵەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا هەروەها خاوەن نووسراوەیە بۆ وێنە لە سەر ڕەخنە لە

چەمکی سەید لە ئایینی شیعەدا. کەوابوو ئەگەرچی لەمپەرەکانی فەرهەنگی و دینیی ناسنامەی کوردیی کۆمەڵگای کوردەوایی لە کاریگەرییەکانی ڕەوتی بەهێزتری ئایینی لە ئێران لەو سەردەمەدا دەپاراست، بەڵام ئەو کۆمەڵگا خاوەن ڕەوتی ئایینی خۆیشی بوە. کەسایەتییەکی دیکە کە لەوانەیە ئیدیعاکەی ئێمە لێرەدا بێ‌بایەخ بکات شێخ عیزەدین حوسەینی (١٩٢٢-٢٠١١)یە لە بەر ئەوەی ئەگەرچی ئەو ئیمامی جومعەی مەهاباد بوو بەڵام دواتر زۆرتر لە گەڵ کوردایەتییەکی نائایینی خۆی بینییەوە و بوو بە وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینی ئێراندا. بەڵام ڕیشەی چالاکیی سیاسی شێخ عیزەدین دەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵەی ژ-کاف و لە بۆچوونەکانیدا کوردایەتی لە پێش ناسنامەی دینییەوە دەخست کە لە لای ئەو بە هیچ جۆرێک بەرەو ئیسلامی سیاسی نەڕۆیشت بەو مانای کە داوای دەسەڵاتی سیاسی بکات. لە ڕاستیدا ئەوە شێخ عیزەدین و نەک موفتی‌زادەیە کە باشتر دەتوانێت باسی کتێبی ئاخرین موفتی کوردستان بۆ نامەیلی کوردان بۆ ئیفراتگەرایی دینی بسەلمێنێت. ئەگەرچی ئیسلامی سیاسی موفتی‌زادە وەک ئیفراتی و توندوتیژ پێناسە ناکرێت، بەڵام بەئیسلامی‌کردنی سیاسەت لە فیکر و کرداری ئەودا گومانی لە سەر نییە. سەرەڕای ئەمە، خۆ پاراستن لە توندوتیژی و ئیفراتگەرایی لە ڕووداو و بەستێنە مێژووییەکاندا تاقی دەکرێنەوە. مەکتەبی قورئان نیهادێکی ناسیاسی و زۆر ئاسایشخواز نەبوو. بۆ وێنە لە شاری مەریوان لە هاوینی ١٩٧٩دا توندوتیژیشی لە خۆی نواند. گرینگی کەسایەتی ئایینی وەک موفتی‌زادە و مەردووخ و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی مەکتەبی قورئانی لایەنگرانی موفتی‌زادە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە کوردستانیش خاوەن بزووتنەوەیەکی ئایینی خۆی بوە کە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا و هەروەها لە گەڵ نوێسازی سەردەمی دواتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوە. لە ڕاستیدا مەکتەبی قورئان وەک بیرۆکەیەک ئاکامی بیروباوەڕی ئایینیی ئەحمەد موفتی‌زادەیە کە قورئان لە ناوەندی هەر تەفسیرێکی ئایینی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دادەنێت. لە ساڵەکانی نیوەی دەیەی ١٩٧٠دا ئەو ببوە ڕەخنەگری مەلاکان و تەفسیری ساکارانەی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر و ڕەخنەگری ئەو جۆرە دینەی وا لە ڕوانگەی ئەوەوە ئیتر لە لای خەڵک «پووچەڵ»ببوەوە.[٦٢] لە ڕاستیدا چ شتێک لە حاڵی ڕوودابوو کە وای دەکرد کەسایەتییەکی وەک موفتی‌زادە بێتە خاوەن ئەو تەفسیر و ڕەخنانە؟ بۆچی و کێ خەریک بوو دین لە لای خەڵک پووچ بکات؟ جوابی ئەو پرسیارانە هەمووی لە جەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەی کۆمەڵگای ئێرانی ئەو سەردەمەدا دەدۆزرێنەوە کە لەم وتارەدا ئاماژەمان پێ کردەوە. عزەتیار بە درووستی و بە جێگا بیرمان دەخاتەوە کە «هەروەک ئەوەی [مێهدی] بازرگان، پۆپۆلیسمی عەلی شەریعەتی خاوەنی ئەو توخمانە بوو کە سەرنجی موفتی‌زادەیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا».[٦٣]

ئەمە ڕاستە کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا کردەوەی ئایینی بەرەو لاوازیی دەڕۆیشت لە کاتێکدا کە نەسڵێکی گەنج و خوێندەوار پێناسەی کۆمەڵگای کوردستانیان پێک دەهێنا، بەڵام «سکولاریسم»ی پەهلەویش حەز و پێداویستی نەفسی و عیرفانی هەموو کەسێکی تێر نەدەکرد. بۆ وێنە بەرەو ساڵەکانی کۆتایی ١٩٧٠ نەسڵی بەتەمەنتری ئەو کۆمەڵگا هەرچی زۆرتر مەیلیان بۆ بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان لە خۆ پیشان دەدا. کەمکردنەوەی مەدرەسە و فیرقە ئایینییەکان و لە دەوردەرچوونی زۆرێک لە شێوە کۆنەکانی برین‌خۆشکرنەوە و هتد لە ئاستێکی بەرینتردا لە دژی پێگەی دین لە کۆمەڵگادا دەشکانەوە. لە شارەکان کە بیروباوەڕی دینی

لــه کزی دەرۆیشــت ـ ئەمە لــە هەڵبژاردنی نەریت و شــێوەی ژیانی نوێ خۆی دەنواند ـ جەماوەرێکی دیکە بەرەو کردارە ئایینییەکانی وەک حەجچــوون و بەجێهێنانــی نەریتەکان و ئەرکەکانی دیکە ڕادەکێشــران. دەبێ وەبیر خۆمــان بیهێنینەوە کە هەر لەو ســەردەمەدا تازەکانی تێکنۆلۆژیا واتە تەلویزیۆن، سینەما و خوێندنی هاوچەرخ دەوری چاکیان هەڵگرتبوو.

لێکۆڵینەوەکەمان هەتا ئێســتا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات. یەکەم، تێگەیشتن لە ڕاپەڕینی سپی وەک بەســکوولارکردنی کۆمەڵگا تێگەیشتنێکی ناتەواوە بۆ نیشاندانی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکانی ئەو سەردەمە لەبەرئەوەی ئەو تێگەیشتنە لە سەر تێگەیشــتنێکی هەڵەی ئەو چەمکە دامەزراوە. دووهــەم، نوێســازی ڕۆژاوایــی ئێــران تووی کوردایەتییەکی ئایینی چاند کە لە کەسی وەک ئەحمەد موفتی‌زادەدا خۆی دەرخست. لە لایەک ڕوانگای سیاسیی موفتی‌زادە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی لە دژی کورد و لە لایەکی دیکە بیروباوەڕی ئایینی ئەو ڕەخنەیەک بــوو نەک تەنها لــە پێگەی نزمی نیهادی ســونە لە ئێران بەڵکوو ڕەخنەیەک بوو لە شــێوەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ئێران.

ڕاپەڕینــی ئێران مەودایەکــی گەورەی بۆ کوردایەتی ئایینییەکــەی ئەحمەد موفتی‌زادە خولقاند بــەڵام هەمان ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی کوردستان چارەنووسی ئەویشیان دیاری کرد.

## کۆتایی

ئەم وتــارە هەوڵیدا تــا هەڵەبوونی ڕەوایەتێکی مێژوویی دەربخات کە لە سەر ئەم دوو گریمانە دامەزراوە: لاوازبوونی پەیوەندی نێوان ناسنامەی نەتەوایەتیــی کوردی و ناســنامەی ئایینی، و لاوازبوونــی پەیوەنــدی نێوان ئیسلامیســم لە ئێران و لە کوردستان (دیارە بۆمان دەرنەکەوت کە مەبەست کام کوردستانە؟). لە هەمان کاتدا ئەم وتارە جەختی لە ســەر بەستێنی مێژوویی کرد کە لە گەڵ کاریگەریی ڕۆڵی کەســایەتی، مەیلەکان دیاری دەکەن. تا ئەو جێگای بە ئێران دەگەڕێتەوە، لە بەستێنی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵــگای ئەو وڵاتە لە ســەدەی بیســتەمدا گۆڕانێکــی فیکریش پێک هات کە ئیســلامی کردە دیاردەیەکی سیاســیی بۆ چەنگ‌خستنی دەســەڵات. لە کوردستانیش لەو بەستێنەدا بوو کە توخمــی کوردایەتییەکــی ئایینیی چێندرا کە دواتر لە کەســایەتیی ئەحمەد موفتی‌زادەدا ڕەنگی دایەوە. جێگای شیاوی ئەو لەو مێژووەدا دەبێ لە ناخی ئەو ئاڵوگۆڕە فیکرییەدا دەســت نیشــان بکرێــت. ئەگەرچــی ئاڵوگۆڕەکانــی ســەردەمی ڕاپەڕینی ئێران ئەویان بەتەواوەتی خســتە پەراوێــزەوە، بەڵام ئەو مــۆری خۆی کوتاوە و میراتەکەی ئێســتاش لە کوردستاندا دەکــرێ ببینرێت واتــە لایەنگرانی ئەو لە هەر ئاســتێکدا کە بێت خاوەن بەرنامە و چالاکیی کۆمەڵایەتیــی خۆیانن. نموونــەی موفتی‌زادە نیشانی دەدات کە لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان ئــەو دیاردانە کە ڕەوایەتــی مێژوویی کتێبەکە پێــک دەهێنــن، تەنهــا لەبەر ئــەوەی مێژوو بەرەو پێــش چوە و کــوردی کردوەتە نامەیل بۆ ئیســلامی سیاســی، گریمانەیەکی لانیکەم ناتــەواوە کــە خۆی لــە بــەر لێکدانەوەیەکی چروپــڕدا ناگرێت. لــەم پەیوەندییەدا ئێســتا هەرێمی کوردستان بە کوردایەتییەکی ئایینی-سیاســی چالاکەوە پێناسە دەکرێت کە بە پێی ڕەوایەتی کتێبەکە نەدەبوو ئێمە شاهیدی بین. بەڵام هەمیسان ئەوە بەستێنە مێژووییەکانە کە مەیلی هێــزە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکەن. ئــەو کوردایەتیە دینییە لــە هەرێم هەم وەک بەدیلێ سیاســیی خــۆی دەرخســتوە و هەم کاردانەوەیــە بەرامبــەر بە ڕەوتــی پێکهێنانی نەتــەوەی کورد لــەوێ لە لایەن دەســەڵات و هێزێــک کــە زۆرتــر وەک کوردایەتییەکی «ســکولار»خۆی پێناســە کردوە و لە چەندین ساڵی ڕابردوودا مۆدێلەکانی نوێسازیی ڕۆژاوایی بۆ پێشخستنی وڵاتانی «ناپێشکەوتوو»بە بێ هیچ

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە کردە ڕێبازی خۆی (ئەوە دیاردەیەکی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»نییە کە ئاسایش و مەیل بۆ دەسەڵاتی ڕەهای کردە پێناسە زەقەکانی هەرێم بەڵکوو لاسایی کردنەوەی مۆدێلەکانی پێشوە کە لە عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا بەڕێوە چوە). لە لایەکی دیکەوە تێزی بایەخی کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوان کورد و ڕۆژاوا لە سەر تێگەیشتنی هەڵە دامەزراوە. نە کورد هەمووی یەکجۆرە و نەک ڕۆژاوا دیاردەیەکی یەک دەستە. تێزی ڕەقیبی هاوبەش دەری دەخات کە هەموو ڕەوایەتەکە لە خزمەت پێش‌بینی کردنی داهاتووی ناوچەکەدا بەکار دەگیرێت کە کورد دەکاتە هاوپەیمانێکی سرووشتیی ڕۆژاوا کە مەبەست وڵاتە یەکگرتوەکانە. لە بەر ئەو هۆیانە ئەحمەد موفتی‌زادە لەو ڕەوایەتەدا جێگایەکی شیاوی پێ نەدراوە. خەڵکی کورد لە گەڵ کۆمەلگا هاوسێکان خاوەن بایەخی کۆمەڵایەتیی هاوبەشن. ئەوانیش واتە کۆمەڵگای فارس، تورک، بەلووچ، عەرەب و هتد لە ئێران نە یەکدەستن و نە یەکجۆر. مەیلەکانی ئەو کۆمەڵگانەش لە بەستێنەکاندا و لە بەر دەورگێڕانی مێژوویی لەو کۆمەڵگانەدا شکڵ دەگرن.

## پەراوێز

[1] Ali Ezzatyar, The Last Mufti of Iranian Kurdistan: Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East (New York: Palgrave, 2016).

[2] زانکۆ: University of St Andrews, Scotland. ئیمەیل: Maroufcabi@gmail.com

[3] www.derwaze.net

[4] بڕوانە عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل. ٣.

[5] هەمان جێگا، ل. ٣.

[6] هەمان جێگا، ل‌ل. ۴-٣.

[7] هەمان جێگا، ل. ۴.

[8] هەمان جێگا، ل. ۴.

[9] هەمان جێگا، ل. ۵.

[10] هەمان جێگا، ل. ١٧.

[11] هەمان جێگا، ل. ٣۶.

[12] هەمان جێگا، ل. ٧٣.

[13] هەمان جێگا، ل. ١۵٢.

[14] هەمان جێگا.

[15] هەمان جێگا، ل‌ل. ٢١٢-٢١١.

[16] هەمان جێگا، ل. ٧.

[17] هەمان جێگا، ل. ٢١١.

[18] هەمان جێگا، ل. ٣٨.

[19] ئەم ئیدیعایانە لە ڕێگای چارتەوە پیشان دراون. بڕوانە هەمان جێگا، ل‌ل. ٣٩-٣٨.

[20] هەمان جێگا، ل. ٢١٢.

[21] هەمان جێگا.

[22] هەمان جێگا، ل. ١١٧

[23] هەمان جێگا، ل. ١١٧.

[24] بڕوانە ئیلان پاپە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ، ل‌ل. ٢٣٣-٢٣٢.

Ilan Pappe, The Modern Middle East (New York: Routledge, 2005).

[25] هەمان جێگا، ل. ٢٣٣.

[26] هەمان جێگا.

[27] قاسم ئەمین، ڕزگاریی ژنان و ژنی نوێ، ل. ٧.

Qasim Amin, The Liberation of Women [and] the New Woman (Cairo: American University in Cairo Press, 2000).

[28] هەمان جێگا، ل‌ل. ٣۶-٣۵.

[29] هەمان جێگا، ل. ٣٧.

[30] هەمان جێگا، ل‌ل. ١٠٠-٧۶.

[31] هەمان جێگا، ل‌ل. ٧۵-۶٢.

[32] سامی زوبەیدا، ئیسلام، خەڵک و دەوڵەت: بیرۆکە و بزووتنەوە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ل. ١٧١.

Sami Zubaida, Islam, the People and the State: Political Ideas and Movements in the Middle East (New York: I. B. Tauris, 2009).

[33] هەمان جێگا، ل. X.

[34] نیکی کێدی، «سکولاریسم و دەوڵەت»، ل. ٣۴.

Keddie, Nikki R., «Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison,» New Left Review. 226 (1997): 21-40.

[35] ئارتورۆ ئێسکۆبار، ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ گەشە: پێکهێنان و پێکهێنانەوەی جیهانی سێهەم، ل. ١٧١.

Arturo Escobar, Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World (Princeton: Princeton University Press, 1995).

[36] بۆ وێنە بڕوانە مهناز افخمی، زنان، دولت و جامعه در ایران: ١٩٧٨-١٩۴١ (ماریلاند: بنیاد مطالعات ایرانی، ٢٠٠٣).

[37] لێرەدا لە «کوردایەتی» کەڵک وەرگیراوە کە لێرەدا تەنها بەمانای «ناسیۆنالیزمی کوردی» نییە ئەگەرچی هەم جیهان‌بینی و هەم بزووتنەوەی فەرهەنگی لە خۆ دەگرێت کە لە سەر تێگەیشتنێکی نەتەوایەتی لە خۆ و مێژوو دامەزراون. کوردایەتی هەم بە مانای هەستی خۆ بە کورد زانین و هەم خەباتە بۆ دابین کردنی مافی فەرهەنگی و قەومی. هەر وەک ئێرانییەت، کوردایەتیش ئاماژە بە ناسنامەی قەومی دەکات و خاوەن پێناسەکانی خۆیەتی و ئەو

توانـــەی هەیە کە لە هەلومەرجە مێژووییەکاندا ڕادیکاڵ بێتەوە و یان سازگارکەر بمێنێتەوە.

[38] دەیوید فۆرگاکس، هەڵبژاردەی نووسراوەکانی گرامشی، ل. ٥٨.
David Forgacs (ed.), The Gramsci Reader: Selected Writings 1916-1935 (New York: New York University Press, 2000).
لێرەدا هێژمۆنی وەک خاوەن دەســەڵاتی سیاسی و چەکدارانە و وەک حکومەت و هێز پێناســە ناکرێت. بە بۆچوونی گرامیشــیانە هێژمۆنی بەمانای پاراستنی دەســەڵات/ئۆتوریتە یە نەک لە ڕێگای زەبروزەنگ بەڵکوو لــە ڕێگای ڕاکێشــانی ڕەزایەتی کۆمەڵگا. واتــە باوەڕەکان و بۆچوونەکان دەبنە دیاردەگەلێکی ئاسـایی بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگادا و وەک نەریت و باو چاویان لێ دەکەن.

[39] ســەید ئەمیر ئەرجومەند, عەمامە بۆ تاج: ڕاپەڕینی ئیسلامی لە ئێران، لل. ٩٧-٩٦.
Said Amir Arjomand, The Turban for the Crown: The Islamic Revolution in Iran (Oxford: Oxford University Press, 1988).
بۆ زانیاریی زۆرتر لە ســەر پێکهاتنی ڕێکخراوە ئایینی-سیاســییەکان بڕوانــە عزت‌الە ســحابی، نیم قرن خاطرە و تجربــە، جلد ١ (تهران: فرهنگ صبا، ١٣٨٨).

[40] ئەرجومەند، عەمامە بۆ تاج، ل. ٩٦.

[41] م. ئی. یاپ، ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ســەردەمی شــەڕی جیهانی یەکەمەوە تا ١٩٩٥، ل. ٣٣٧.
M. E. Yapp, The Near East since the First World War: A History to 1995 (London: Longman, 1996).

[42] هەمان جێگا، ل. ٣٤٣.

[43] بــۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تیۆری سکوولاریســم بڕوانە کێدی، «سکولاریسم و دەوڵەت».

[44] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل. ٥٥.

[45] هەمان جێگا، ل. ٥٦.

[46] یــەدوڵا بیگلەری، «کوردســتان و ڕاپەڕینی ســپی» وتووێژ لە گەڵ نووســەر، ٦ جــولای ٢٠١٧. ئەم وتووێژە یەکێکــە لە زنجیرە وتووێژێــک کــە لە لایەن نووســەرەوە ئەنجــام دراوە بــە ئیجازەی زانکۆی ســەینت‌ئاندرووس لە سکاتلەند لە ساڵی ٢٠١٧دا لە خزمەت لێکۆڵینەوەیەک بۆ تێزی دۆکتۆرا لە سەر ڕاپەڕینی سپی.

[47] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل.٥٩.

[48] هەمان جێگا.

[49] بــۆ وێنە بڕوانە رضــا براهنی، تاریخ مذکر (تهران: ناشــر اول، ١٣٦٣)؛ و جلال آل‌احمد، غربزدگی.

[50] اســد بهرنگــی، مجموعە آثار صمد بهرنگــی (تبریز: بهرنگی، ١٣٨٢).

[51] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردســتانی ئێران، ل. ٨٢؛ بیگلەری، وتووێژ.

[52] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل. ٦٩.

[53] بیگلەری، وتووێژ.

[54] هەمان جێگا.

[55] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل. ١٠٨.

[56] بیگلەری، وتووێژ.

[57] هەمان جێگا.

[58] بــۆ وێنــە بڕوانە محمد خضــری، لاپەڕەیەک لە تێکۆشــان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢ تا ٤٧ (ن: ن، ٢٠٠٣).

[59] بیگلەری، وتووێژ.

[60] برهان ایازی، آیینە سنندج (ایران: پیام، ١٣٧١)، ل. ٧٢٧.

[61] عزەتیار، ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، ل. ١٠٧.

[62] هەمان جێگا، ل. ١٠١.

[63] هەمان جێگا.

## سەرچاوەی کوردی و فارسی


ـ آل احمد، غربزدگی.
ـ افخمــی، مهنــاز، زنان، دولــت و جامعە در ایــران: ١٩٧٨-١٩٤١ (ماریلاند: بنیاد مطالعات ایرانی، ٢٠٠٣).
ـ ایازی، برهان، آیینە سنندج (ایران: پیام، ١٣٧١).
ـ براهنی، رضا، تاریخ مذکر (تهران: ناشر اول، ١٣٦٣).
ـ بهرنگی، اسد، مجموعە آثار صمد بهرنگی (تبریز: بهرنگی، ١٣٨٢).
ـ خضری، محمد، لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢ تا ٤٧ (ن: ن، ٢٠٠٣).
ـ سحابی، عزت‌الە، نیم قرن خاطرە و تجربە، جلد ١ (تهران: فرهنگ صبا، ١٣٨٨).


## سەرچاوە ئینگلیسییەکان


- Amin, Qasim, The Liberation of Women [and] the New Woman (Cairo: American University in Cairo Press, 2000).
- Arjomand, Said Amir, The Turban for the Crown: The Islamic Revolution in Iran (Oxford: Oxford University Press, 1988).
- Escobar, Arturo, Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World (Princeton: Princeton University Press, 1995).
- Ezzatyar, Ali, The Last Mufti of Iranian Kurdistan: Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East (New York: Palgrave, 2016).
- Forgacs, David (ed.), The Gramsci Reader: Selected Writings 1916-1935 (New York: New York University Press, 2000).
- Keddie, Nikki R., «Secularism and State: Towards Clarity and Global Comparison,» New Left Review, No. 226 (1997): 21-40.
- Pappe, Ilan, The Modern Middle East (New York: Routledge, 2005).
- Yapp, M. E., The near East since the First World War: A History to 1995 (London: Longman, 1996).
Zubaida, Sami, Islam, the People and the State: Political Ideas and Movements in the Middle East (New York: I. B. Tauris, 2009).

# له هەڵوەشانەوەی سەروەریی سیاسیی ئێرانەوە بەرەو دەوڵەتی کوردی

**سەرهەڵدانی پڕاتیکی سیاسی و دیسکۆرسی نەتەوەییی سەربەخۆ**
**لە نێوان کوردانی ڕۆژهەڵات لە دیاسپۆرا**

**خالید خەیاتی***

هەتا ئێستا کۆڕی ئاکادیمیکی، ڕاستەوخۆ لە سەر پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری هەر یەک لە کوردانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە دیاسپۆرا و هەروەها بەرجەستەکردنەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەوان لە سەر ئاجێندای سیاسیی تایبەت بە هەر پارچە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. هەر بۆیەش لە چوارچیوەی ئەم زەروورەتە و بە پێی ئامانجی ئاماژە پێ کراو لە سەرەوە، ئەم نووسراوەیە هەوڵ دەدات، بە ئاوڕدانەیەک لە دیاسپۆرای کوردانی ڕۆژهەڵات ـ هەرچەند سنوورداریش بێت ـ نە تەنیا ئاستەنگییەکانی پەیوەندیدار بەم دیاسپۆڕایە بە شێویەکی گشتی بخاتە بەر باس بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی تایبەتیترەوە لە سەر دەسکەوتەکانی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی هەمان دیاسپۆڕا ڕاوەستە بکات

## پێشەکی و ئامانج

دیاسپۆرای کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، کە سەرەتای پرۆسەی شکڵگرتنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا و شەستی زایینی، یانی ئەو کاتەی کە ژمارەیەک ڕووناکبیر و خوێندکاری کورد، یەکەم ڕێکخراوەی خوێندکاریی خۆیان لە ئاستی ئۆرووپا پێکهێنا، ئەمڕۆ بە هۆکاری گەشەی دیمۆگرافیک و بەرزبوونەوەی نفووسی کورد و هەروەها ئەم دەستکەوتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە ئەم دیاسپۆرایە لە فەزا گشتییەکاندا دەستەبەری دەکات، نە تەنیا بۆتە کەیسێکی پارادیگماتیک بۆ لێکۆڵینەوەی ئاکادێمیک بەڵکوو گەلێک جاران وەکوو ئەزموونێکی پۆزیتفی خۆگونجاندن باسی لێ دەکرێت. بە واتەیەکی دیکە، دیاسپۆرای کورد و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کە ئەمرۆکە وەکوو دیاردەیەکی گلۆبال هەزاران چالاکی و پراتیکی ترانسناسیۆناڵ و سنووربەزێن، لە دەیان میترۆپۆل و سەدان باژاری بچووک و مامناوەندیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە خۆی دەگرێ، لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئەدەبیاتی ئاکادیمیکدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە.

ئەم نووسراوەیە سێ ئامانج لە خۆی دەگرێت:

**١** یەکەم ئامانج ئەوەیە کە لە ژێر تیشکی ئەم پێناسە گشتییەی کە کۆمەڵناسی ئەمریکایی (Roger Brubaker 2005) لە خوارەوە بۆ چەمکی دیاسپۆرا پێشکەشی دەکات، ئاورێک لەو ئەدەبیاتە ئاکادیمیکە(لانی کەم لە بەشێکی) بدرێتەوە کە لە سەر دیاسپۆرای کورد وەکوو کەیسێکی پارادیگماتیک نووسراوە. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەرچەند لە زۆر ڕوانگەوە لە سەر دیاسپۆرای کورد ڕاوەستە دەکا، بەڵام تا ڕادەیەکی کەمتر ڕۆڵ یان کارتێکەریی پارچە جیاوازەکانی کوردستان و بە تایبەت پارتە سیاسییەکانی سەر بە هەر یەک لەم پارچانە لە پەیوەندی لەگەڵ بۆ نموونە پرۆسەی دیاسپۆراسازی و مۆبیلیزاسیۆنی دیاسپۆرایی دەخاتە بەر باس. هەر بۆیەش ئامانجی دووهەمی ئەم نووسراوەیە ئەوەیە کە **٢** بزانین کە لە بەستێنی گوتاری نەتەوەیی و هەروەها پراتیکی ناسیۆنالیسمی دوورمەودا (Anderson 1992) - کە لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا بەردەوام بەرهەم دێتەوە - کوردی ڕۆژهەڵات چ پێگەیەکیان هەیە و لە کوێ ڕاوەستاون. پرسیار ئەوەیە گەلۆ وەپێشخستنی پرسی سیاسیی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو ئاجێندای سەرەکیی دیاسپۆرای کورد، واتەی ئەوە دەگەیەنێ کە پرسی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی مارژیناڵ و پەراوێزخراوی هەبووە؟ **٣** لە چوارچێوەی سێهەم ئامانجدا، ئەم دەقە دەخوازێت کە لە ژێر تیشکی خاڵی یەکەم و دووهەم باسێک لە سەر پێگەی ئێستای کوردانی ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا پێشکێش بکات. گەلۆ دەتوانین بڵێین کە کوردی ڕۆژهەڵات لە حالەتی ئێستای خۆیدا ئاجێندای پارچەکانی دیکەی تیپەڕاندووە و بەم پێیەش توانیویەتی سەرەتایەک لە پراتیکی دیاسپۆرایی و گوتاری هۆویەتی تایبەت بە خۆی دەستەبەر بکات؟

هەر وەک لە پێناسەی خوارەوەدا باس دەکرێت، دیاسپۆرا هەم وەکوو چەمکێکی ئاکادیمیک، هەم وەکوو پێگەیەک بۆ وشیاری، هەم وەکوو پرۆسەیەک بۆ ناسنامەسازی و هەم وەکوو ئەزموونێک لە پراتیکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، تەنیا پەیوەندیی بە وڵاتی پێشووی خەڵکی کۆچبەر و پەنابەرەوە نییە، بەڵکوو بە هەمان ئەندازە و بگرە زیاتریش ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بە خۆگونجاندن و تێکەڵبوونی هەمان خەڵک لەگەڵ کۆمەڵگە و مۆئەسەساتی شوێنی تازەی نیشتەجێبوونیانەوە هەیە کە ئەویش لە وردەکارییەکانی خۆیدا کۆمەڵێک بابەتی وەکوو هەلی کار، هەلی خوێندن، دیاردەی ڕاسیسیم و هەڵاواردن، پرسی تاقمی کۆمەڵایەتی وەکوو ژنان، لاوان، منداڵان و هەروەها کۆمەڵێک شتی دیکە لەخۆی دەگرێت. سەرەرای ئەوەی کە پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کۆچبەر ڕاستەوخۆ لە سەر سیاسەتی وڵاتی پێشوو

کارتێکەریی هەیە و ئەمە بابەتێکی زۆر گرینگە، بەڵام ئەم نووسراوەیە تەنیا لە سەر پراتیکی سیاسی و گوتاری هۆویەتی کوردانی ڕۆژهەڵات و پەیوەندیی ئەم پراتیکە/گوتارە لەگەڵ پێگەی پرسی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیاسەت لە ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا ڕاوەستە دەکات.

## دیاسپۆرا وەکوو چەمک و تیئۆری

ئەگەر توێژەرانی بواری دیاسپۆرا سەردەمانێک ئەزموونی دیاسپۆرای جوولەکەیان (Safran 1991; Clifford 1994) وەکوو کەیسی نموونە (Paradigmatic case) و ئەزموونی ئەرمەنییەکانیان (Cohen 1995; Hovanessian 1995) وەکوو نموونەی دیاسپۆرای قوربانی (Victim Diaspora) پێناسە دەکرد، ئەمڕۆ بە گوێرەی کۆمەڵناسی ئەمریکایی (Roger Brubaker 2005: 5) کێڵگەی سێمانتیکی دیاسپۆرا، بەرفراوانتر لە هەمیشە دەیان دەستە و گرووپی کۆمەڵایەتی و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵگای نەتەوایەتی و کولتووریی دوورکەتوو لە وڵاتانی پێشووی خۆیان، لەخۆی دەگرێ. پێناسەی تیئۆریکی دیاسپۆرا بە گوێرەی ئەم کۆمەڵناسە بریتییە لە:

١ بڵاوبوونەوە لە فەزای جوگرافیایی (Dispersal): ئەو دیاردەیە کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی فرەڕەهەندە و بواری جۆبەجۆری مێژویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ئاماژە بە خەڵکانێک دەکا کە بە هۆی ئەو نادادپەروەری و ستەمانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەزموونی دەکەن، بە ناچاری ڕێگای کۆچ دەگرنە بەر. ئەوەش لە کاتێکدایە کە مەترسییەکانی ڕێگای سەفەر لە سەر سنووری وڵاتان و هەروەها ئازارەکانی دوای قۆناغی نیشتەجێبوون لە وڵاتانی تازە، نە تەنیا برینی کۆنی (Trauma) مرۆڤی کۆچبەر سارێژ ناکەنەوە بەڵکوو لەمەش زیاتر تووشی چەشنێکی دیکەی لە هەستی بێگانە بوون (Alienation) دەکەن کە لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆژەی خۆگونجاندن و پرۆسەی دەستەبەرکردنی ناسنامە لە لای هەمان مرۆڤ، کارتێکەریی درێژخایەن و یەکلاییکەرەوەی دەبێت (Safran 1991). بە هەر حاڵ، بە پێی ئەم بۆچوونە، ئەم تاقم و دەستە لە پەنابەر و کۆچبەرانەی کە بە دوای بڵاوبوونەوە، دەتوانن بە شێوازێک لە بەرامبەر پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆن یان تواندنەوەی کولتووریی وڵاتانی نیشتەجێبوون خۆڕاگری بکەن، ڕوو لە ئاراستەی دروست کردن و سازکردنی کۆمەڵگەی دیاسپۆرایی دەکەن کە ئەویش بە پێی کۆنتێکستی مەکانی و زەمانی فۆرم و ناوەرۆکی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێ.

٢ ئاوڕدانەوە لە وڵاتی پێشوو (Homeland Orientation): لێرەدا کۆمەڵگای دیاسپۆرایی کە لە ناخی کۆنتێکستی کولتووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتی نیشتەجێبووندا فۆرمی مۆئەسەساتی تایبەتی بە خۆی ساز کردووە ، نە تەنیا تووشی دابڕان لەگەڵ زێدی جارانی نابێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، چ بە ڕێگای خەیاڵ، چیرۆک و گێرانەوە و چ بە ڕێگای پراتیکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ترانسناسیۆناڵ بێ، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی پێشووی خۆی ڕادەگرێت و لە چوارچێوەی مۆئەسەسات و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا نەهادینەی دەکات. بە گوێرەی کۆمەڵناسی ئەمریکایی (Roger Brubaker 2005: 5)، ئاوڕدانەوە لە وڵاتی پێشوو (چ بە شێوەی خەیاڵی بێت یان واقیعی) وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ دەستەبەرکردنی هەستی پێکەوەبوون و ناسنامەی کۆلێکتیڤ خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. لەم پەیوەندییەدا، دیاردەی ناسیۆنالیسمی دوورمەودا (Long-distance Nationalism) کە ئاماژە بە هەبوونی چالاکیی سیاسی لە نێوان تاقمی دیاسپۆرایی – بە تایبەت تاقمی دیاسپۆرای بێ دەوڵەت- لە پێناو پەرەپێدان و گەشەپێدانی سیاسەت یان بە واتەیەکی دیکە وەسەرخستنی پرۆژەی دەوڵەتسازی لە وڵاتی پێشوو دەکات (Anderson 1992) یەک لەم پراتیکە گرینگانەیە کە لە فەزا گشتییەکانی وڵاتی تازەدا بەردەوام دەردەکەوێ

و بەرهەم دێتەوە.

**٣** پاراستنی ناسنامە (Identity Maintenance):
کۆمەڵگای دیاسپۆرایی بە لەبەرچاوگرتنی کاراکتەری فرەچەشن و فرەڕەهەند و گەلێک جار قەیراناوی و ناکۆک کە بە هۆی جیاوازیی نێوخۆیی لە ئاستی فاکتەرەکانی وەکوو نەتەوە، چین، ڕەگەز، جێندێر، تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی، مێژووی کۆچ و تایبەتمەندیی وڵاتی نیشتەجێبوون لە خۆی دەنوێنێ، دیسانیش هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەتە. مەبەست لێرەدا شکڵگرتنی ناسنامەیەکی تایبەتی دیاسپۆراییە کە نە تەنیا لەگەڵ ناسنامەی زۆرینەی کولتووری لە وڵاتی تازە جیاوازیی هەیە، بەڵکوو لە بەرامبەر ناسنامەی وڵاتی پێشووشدا هەڵگری کاراکتەری جیاکەرەوەی بەهێزە (Roger Brubaker 2005: 6). لە ڕوانگەی تیئۆریی پۆست-کۆڵۆنیالەوە، کۆچبەران و پەنابەرانی بە دیاسپۆراکراو لە هەیبەتی سووژەیەکی بەرهەمهێنەر پرسە مێژوویی و سیاسییەکانی وڵاتە کۆڵۆنیزەکراوەکانی پێشووی خۆیان ڕاگوێزی فەزا گشتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکەن کە لەوێ وەکوو سەرچاوەیەکی هۆویەتی هەم لە بەرامبەر سیاسەتی تواندنەوە یان ئاسیمیلاسیۆنی زۆرینەی کولتووری و هەم لە ڕەوتی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی و ململانێ لەگەڵ خەڵکانی سەر بە زۆرینە، لەسەر گەیشتن بە جومگە گرینگەکانی دەسەڵاتداری لە ناخی مۆئەسەساتی وڵاتی تازەدا کەڵکی لێ وەرگرن (Khayati & Dahlstedt 2015).

## دیاسپۆرای کورد وەکوو کەیسێکی پارادیگماتیک

لە چوارچێوەی پێناسەی سەرەوە، کۆمەڵناسی ئەمریکایی (Roger Brubaker 2005) کێڵگەی سێمانتیکی تیئۆری و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بە ڕووی دیاسپۆرای کورد دەکاتەوە و بەم پێیەش ئەم کەیسە بە سەرجەم ڕەهەندەکانییەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێت کە پەیامی سەرهەڵدانی خۆی لە نێو ئەدەبیاتی ئاکادیمیکدا ڕابگەیەنێ. لەم پەیوەندییەدا، ژمارەیەکی بەرچاو مەقالەی زانستی و تیزی دوکتورا کە بە دەستی کەسایەتیی ئاکادیمیکی کوردی و غەیرەکوردی نووسراون، نیشاندەری هەبوونی پێگەیەکی بە هێزە کە کەیسی دیاسپۆرای کورد بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

بە پێی بەشێک لەم بەرهەمانە، ناسنامەی گشتیی دیاسپۆرای کورد، لە پرۆسەی سازبوونی خۆیدا، وێکچووییەکی بەرچاوی لەگەڵ دیاسپۆرای ئەرمەنی و جوو هەیە، چونکە لە پەیوەندی لەگەڵ دیاسپۆرای کوردیشدا ئەوە هەستی کۆلێکتیڤی قوربانی بوونە (Collective Victimhood) کە دەوری سەرەکی دەگێڕێ. ئەگەر لە لای جووەکان دیاردەی هۆلاوکۆست و لە لای ئەرمەنییەکان کۆمەڵکوژیی ئەوان بە دەستی تورکەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ و ١٩١٥ دەبنە بنەما بۆ ناسنامەی دیاسپۆرایی، لە لای کوردانیش ئەوە تراژێدیگەلی وەکوو ئەنفال، بۆمبارانی کیمیایی، تواندنەوەی کولتووری، کۆمەڵکوژی لە شار و گوند و سەر سنوورەکان، کولتوورکوژی (Ethnocide)، زمانکوژی (Linguicide)، و هتد کە لە پێش قۆناغی کۆچ لە وڵاتانی ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق ئەزموونیان کردووە؛ ئەزموونێک کە ئێستا لە قۆناغی نیشتەجێبوون دەبنە ناوئاخنی هەستی کۆلێکتیڤی قوربانی بوون و لە پرۆسەی سازبوونی هۆویەتی دیاسپۆراییدا بە فۆرم و ناوەرۆکی تایبەت جیاوازەوە بەردەوام بەرهەم دێنەوە (Khayati 2008).

لە چەند نموونەیەیەکی دیکە لەم ئەدەبیاتەدا، دیاسپۆرای کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنەر لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیی ترانسناسیۆناڵ پێناسە دەکرێت کە لەوێدا دەستە و تاقمی جیاوازی کورد - بە تایبەت ژنانی کوردی بە دیاسپۆراکراو- بە ڕێگای ڕێکخراوە مەدەنییەکانیانەوە وەکوو کاراکتەری کارتێکەر و بەرهەمهێنەری پرۆژەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەردەکەون (Alinia 2004). لە

سـەر هەمان ڕێچکـەش، ژمارەیەکی دیکە لە سەرچاوەی ئاکادیمیک هەن کە بۆ نموونە لە ڕوانگەگەلی وەکوو پەیوەندیی نێوان جێندێر، نەتەوە و دیاسپۆرا (Mojab 2007)، پەیوەندیی نێوان مێدیا و دیاسپۆرا (Hassanpour 1998; Ayata 2011)، پەیوەندیی نێوان ناسنامە، زمان و مێدیا (Sheyholislami 2010)، ناسنامەی دیاسپۆرایی و ترانسناسیۆنالیسم (Wahlbeck 1999; Van Bruinessen 1999)، دیاردەی ناسنامەی لە دەقی ئەدەبیدا (Ahmadzadeh 2003)، ڕۆڵی نەوەی سیاسی لە فۆرمی دیاسپۆراییدا (Zettervall 2013)، کاراکتەری هۆویەتی نەوەی گەنج لە دیاسپۆرا (Eliassi 2010; Alinia & Eliassi 2014)، توندوتیژیی نامووسی و دیاسپۆرا (Begikhani & Gill 2016)، ئاکتیڤیسم و دیاسپۆرا (Eccarius-Kelly 2002; Beser 2011; Baser 2012)، دیاسپۆرا و لۆبی (Berkowit& Mügge 2014)، دیاسپۆرای بێ دەوڵەت (Eliassi 2016; Khayati 2008)، لە دیاسپۆرای قوربانی ڕا بۆ هاووڵاتیی سنووربەزێن (Khayati 2008; Khayati & Dahlstedt 2014) و هەروەها پەیوەندیی دیاسپۆرا و مووزیک (Pripp 2019) پێناسەی دیاسپۆرای کورد دەکەن.
هەبوونی دینامیکی کۆمەڵایەتی لە لای گرووپی دیاسپۆرایی کە هاوتەریب لەگەڵ کاراکتەرە ئەرێنییەکانی وڵاتی تازە دەبنە هۆی گەشەی زیاتری زمانەوانی و کولتووری، نموونەیەکی دیکە لەم لێکۆڵینەوانەیە کە تایبەتمەندییەکانی دیاسپۆرای کورد بەرجەستە دەکاتەوە. بۆ نموونە، وڵاتی سوئێد بە حوکمی تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی خۆی و هەروەها بە حوکمی ئەوەی میوانداری بەشی زیاتری ئەنتەلێنجێنسیای کوردی دەکا، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دیاسپۆرای کورد لەم وڵاتە بەراوەردکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، خاوەن پێگەیەکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی بەهێزتر بێت (Eliassi 2010; Khayati 2008). لەم پەیوەندییەدا وڵاتی سوئێد لە لایان توێژەران، وەکوو لانکە بۆ دیاسپۆرای کورد (Center of gravity for Kurdish Diaspora) پێناسە کراوە (Khayati & Dahlstedt 2016; Van Bruinessen 1999).

ئەم نموونانە کە ئاماژە بە بەشێک لە توێژینەوەی ئاکادیمیک لە سەر دیاسپۆرای کورد و ڕەهەندە جیاوازیەکانی ئەم دیاسپۆرایە دەکەن؛ نیشاندەری ئەم ڕاستییەن کە دیاسپۆرای کورد نە تەنیا لە ئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری بەڵکوو لە ئاستی سەمبۆلیک، سێمانتیک و مێتافۆریش وەکوو مەیدانێکی لێکۆڵینەوەی فرەڕەهەند میوانداری توێژەرانی خۆی دەکات. ئەم پرۆسەیە لە گەشە و هەڵکشانی بەردەوامدایە.

شایانی باسە کە هەتا ئێستا کۆڕی ئاکادیمیکی، ڕاستەوخۆ لە سەر پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری هەر یەک لە کوردانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە دیاسپۆرا و هەروەها بەرجەستەکردنەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەوان لە سەر ئاجێندای سیاسیی تایبەت بە هەر پارچە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. هەر بۆیەش لە چوارچێوەی ئەم زەرورەتە و بە پێی ئامانجی ئاماژە پێ کراو لە سەرەوە، ئەم نووسراوەیە هەوڵ دەدات، بە ئاوردانەیەک لە دیاسپۆرای کوردانی ڕۆژهەڵات ـ هەرچەند سنوورداریش بێت ـ، نە تەنیا ئاستەنگییەکانی پەیوەندیدار بەم دیاسپۆرایە بە شێوەیەکی گشتی بخاتە بەر باس بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی تایبەتیترەوە لە سەر دەسکەوتەکانی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی هەمان دیاسپۆرا ڕاوەستە بکات.

### گرفتە گشتییەکانی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دیاسپۆرا

### ـ سەرگەردانی لە نێوان دووفاقەیی وڵات و دیاسپۆرا

هەبوونی پەیوەندی نێوان پرۆسەی سازبوونی دیاسپۆرا و دەستەبەربوونی ناسنامەی دیاسپۆرایی لە وڵاتی نوێ لەگەڵ وڵاتی پیشووی مرۆڤی

دیاسپۆرانشین (چ لە ئاستی پراتیکی ڕۆژانە و چ لە ئاستی هەست و گێڕانەوە)، بە گوێرەی کۆمەڵناسی ئەمریکایی ((Roger Brubaker 2005، پێشمەرجێکی سەرەکییە. بە واتەیەکی دیکە، هەبوونی دیاسپۆرا بە هەبوونی وڵاتی پێشووەوە بەستراوەتەوە. هەر بۆیەش مرۆڤی دیاسپۆرایی بەرامبەر بە پرسەکانی پەیوەندار بە زێدی خۆی هەستیارە و بەردەوام لە حەولدایە کە وڵاتی پیشوو لە سەر ئەم ڕێچکەیە بڕوات کە ئەو پێی باشە و ئاواتی بۆ دەخوازێ. لەم تێکۆشانەدا، زۆر جاریش مرۆڤی دوورکەوتە لە پێناو پاراستن و بە هێزکردنی ناسنامەی دیاسپۆراییی خۆی و بە تایبەت لە حەولی ڕاگوازتنی بیرەوەرییەکانی وڵاتی پێشوو بۆ منداڵان و نەسلی گەنج، بە سەر ڕاستییە تاڵەکاندا تێدەپەڕێ و بە جێگای ئەو وێنەیەکی ئیدیئالیستی و ڕۆمانتیکی لە نیشتیمانی جاران (Safran 1991) ـ نیشتیمانێک کە هەر ئێستاش نیشتیمانترە لە نیشتیمانی تازە ـ بەرجەستە دەکاتەوە. بۆ مرۆڤی دیاسپۆرایی هەر وەک پرۆفیسۆری ئەم بابەتە لە زانکۆی لەیستێری بریتانیایی (Avtar Brah 1996) ئاماژەی پێ دەکات، وڵاتی پێشوو، تەنیا ئادرێسێکی تەریتۆریال و جۆگرافیایی نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکی ئیجباری و حاشاهەڵنگرە بۆ ناسنامە و وابەستەبوون بە چەشنێکی تایبەت لە جێگا و مەکان، کە لە فەزاکانی نێوان وڵاتی پێشوو و وڵاتی ئیستایی و هەروەها چەندین وڵات و ناوچەی دیکەدا خۆی دەنوێنێ. ئەم موعادیلە دیالیکتیکییە کە خۆی لە خۆیدا مەودای ناکۆکی و جیاوازیی نێوان واقعییەتی وڵاتی پیشوو و کۆمەڵگەی دیاسپۆرا دەستنیشان دەکا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤی دوورەوڵات بە بەردەوامی لە نێوان واقیع و خەیاڵ و هەستی ئەرێنی و نەرێنی لە لە هاتووچۆدا بێت. ئەم پێناسە تیئوریکییە، ئەزموونی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆراش دەگرێتەوە.

کوردستان، پێشکەوتنی یان بەردەوام بوونی خەباتی نەتەوایەتی لەوێ، بزوێنی سەرەکییە بۆ ئەوەی کە کوردانی دیاسپۆرا تۆڕی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی ترانسناسیۆنال دروست بکەن هەتا بە ڕێگای ئەوان فەزا گشتییەکانی وڵاتانی ئێستا لە پێناو پراتیکی ناسیۆنالیسمی دوورمەودا پاوان بکەن. بەم پێیەش لە دیسکۆرسی دیاسپۆرادا، وڵات وەکوو چەمکێکی بریندار و داگیرکراو پێناسە دەکرێت، کە ڕزگاریی ئەو، تەنیا بە ڕێگای بەشداریی هەموو کورد لە شۆڕشێکی ئاشتیهەڵنەگر و تەواووەختدا دەستەبەر دەکرێت. هەر بۆیەش لەو کاتانەی کە خەبات لە کوردستان گەرمە، مەودای ناکۆکیی نێوان ئێرە و ئەوێ کەم دەبێتەوە و دیاسپۆراش بە ورەتر لە هەمیشە لە فەزای مەجازی و واقیعیی وڵاتی تازەیدا دەردەکەوێ. بۆ نموونە، ئەو کاتەی کە سەرکردەیەکی کورد دەبێتە سەرۆکی وڵاتێک، یان پارچەیەکی کوردستان ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێ، یان کوردانی پارچەیەک لە بەرامبەر دوژمنێکی داگیرکار بەرگریی قارەمانانە دەکەن، یان خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بە کۆ لە مانگرتنی سەرانسەریدا بەشداری دەکەن، هەموو ئەوانە نە تەنیا وزەی تایبەت، بە ژیانی خەڵکی دیاسپۆرایی دەبەخشێت، بەڵکوو تەنانەت جاروبار مزگێنیی گەڕانەوەیەکی سەربەرزانەشی پێ دەبەخشێت؛ گەڕانەوەیەک کە لەوانەیە هیچکات وەدی نەیە بەڵام بەردەوام باسی دەکرێت. پێچەوانەکەشی یانی ئەو کاتانەی کە وڵات بێ دەنگ و سستە، سەرکردە و بەرپرسی حیزبەکان پێکەوە هەڵناکەن و دەبنە هۆکاری لێکترازان و ئینشیعاب یان پرسە نەتەوایەتییەکان بە جیدی وەرناگرن، دیاسپۆراش تووشی دڵساردی، دوورەپەریزی و تەنانەت دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێ. ڕەوتی لێکترازان لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەلێک جاران لە نێو کوردانی هەمان پارچە، دابڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێ کەوتۆتەوە؛ دابڕانێک کە بە هۆی نەبوونی دەستپێشخەریی حیزبی، تەنیا لە کاتی گەشەی خەبات لە وڵاتدا کەمڕەنگ دەبێتەوە.

## ـ غیابی ئاجێندای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرای کورد: بۆچی؟

بە درێژایی پرۆسەی فۆرم گرتنی دیاسپۆرای کورد، پرسی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ چ وەکوو چالاکیی لۆبیگەری و پەیوەندیی دیپلۆماتیک و چ وەکوو چالاکیی جەماوەری لە مەیدان و شەقامدا ـ جگە لە چەند بڕگەیەکی زەمەنیی کورتماوە، هیچ جارێک وەکوو ڕۆژەڤی سەرەکیی ئەم دیاسپۆرایە لە فەزا گشتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەرنەکەوتووە. لە جیاتی ئەوە، کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتی و ڕۆشنبیری ئەم پارچەیە بە تایبەتی لە ئاستی چالاکیی دیاسپۆرایی و ناسیۆنالیسمی دوورەوەدا، زیاتر لە چوارچێوەی پرۆژەی پارچەکانی دیکەدا ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەم نووسراوەیە پێی وایە کە غیابی پرسی ڕۆژهەڵات وەکوو سووژەیەکی دیاسپۆرایی دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکاری جیاواز؛ دوو هۆکار کە لە هەمان کاتدا بە یەکەوە بەستراونەتەوە:

(یەکەم) دیسکۆرسی دیاسپۆرایی کورد کە بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر کاریگەریی تێڕوانینی جەوهەرگەرایانەدایە، یانی ئەم ڕوانگەیەی کە کولتوور، نەتەوە و ناسنامە وەکوو دیاردەگەلی مێژوویی ڕاوەستاو و نەگۆڕ دەبینێ، لە بنەڕەتدا گرفت خوڵقێنە. ئەم تێگەیشتنە جەوهەرگەرایانەیە کە لەگەڵ میتۆدی پێکهاتەناسیی کۆمەڵایەتی ناکۆکە (Khayati 2008)، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای دیسپۆرایی کوردیدا ـ لانی کەم لە ئاستی زێهنییەتدا - زۆر بە زەحمەت تایبەتمەندییە فرەڕەهەند، فرەگێڕانەوە، فرەمەکان، فرەفەزا و فەرەکولتورییەکانی (Werbner 2002)، ئەم دیاسپۆرایە دەبینێ و دەسەلمێنێ. هەر چەند واقیعی دیاسپۆرای کورد، لیپاولیپە لە دیاردەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی فرەڕەهەند و جار و باریش ناکۆک لەگەڵ یەکتر، بەڵام دیسکۆرسی جەوهەرگەرایانە کە کوردبوون لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا وەکوو یەکەیەکی کولتووری/نەتەوەیی نەگۆڕ دەبینێ (Khayati 2008)، زۆر جاران نە تەنیا چاوی خۆی لە بەرامبەر پراتیکی زەقی پارچەگەرایانەی پاوانخواز دەبەستێ، بەڵکوو ئەم چەشنە چالاکانییەش وەکوو چالاکیی «تەواوکوردستانی» بەرجەستە دەکاتەوە. لەم پەیوەندییەدا، دروشمی «کوردستان یەکە، کورد یەک نەتەوەیە، دوژمنی کورد هەموو هەر یەکن و کورد وەکوو یەک زوڵمی لێ کراوە»، وەکوو خاڵی جەوهەریی سەرەکیی ئەم گوتارە، بەردەوام خاوەن ئەم هێز و خەسڵەتە بووە کە چالاکیی بەستراوە بە تاکە پارچەیەک یان تەنانەت تاکە حیزبێک، وەکوو چالاکیی خەباتکارانی دیاسپۆرا بۆ «تەواوی کوردستان» پێناسە بکات و لە ناخی کوردی دیاسپۆرادا جێگیری بکات. لەم فەزا دیسکۆرسییە جەوهەرگەرایانەیەدا، کە دەنگی جیاواز زۆر جار وەکوو نیشانەی پارچەگەرایی و بگرە دژە کوردستانی پێناسە کراوە، پرۆژەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ سەرڕای وەزبەخشییەکی زیاتر لە لایان ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی، لەوپەڕی خۆیدا تەنیا وەکوو سووژەیەکی مارژیناڵ لە پەراوێزی گوتاری دیاسپۆراییدا بمێنێتەوە.

(دووهەم) هۆکاری دووهەم تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ سەر لاوازیی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە. نەناسینی دیاسپۆرا و دەرفەتەکانی و نەبوونی پرۆژەگەلی تایبەت لەم پەیوەندییەدا، مەجال بە پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەدات کە لە پوتانسییەڵەکانی دیاسپۆرا لە ژێر سەردێڕی «دۆزی نەتەوەیی» بە باشی کەڵک وەرگرن و لەم ئاراستەیەشدا، مۆئەسەسات و تۆڕی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کاریگەر بخوڵقێنن. چالاکییەکانی دیاسپۆرایی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیساڵی ڕابردوودا و وەگەڕخستنی دەزگای گەورەی ڕاگەیاندن وەکوو مێدیا تی ڤی، دروست کردنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەنیستیتۆی کوردی و دەیان و سەدان ڕێکخراو و تۆڕی چالاکی بۆ ژن و گەنج و لاو لە مێترۆپۆلە

ئۆروپاییەکان، نموونەی بەرچاوی کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسییەڵەکانی دیاسپۆرای کوردن، کە لە ئاکامدا مۆبیلیزەبوونی بەشێکی گرینگی دیاسپۆرا ـ لە نێو ئەوانیشدا ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ـ لە بەرژەوەندیی ئەو ئاجێندا سیاسییەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەم پارتە دەستنیشانی دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە، بە حوکمی ئەوەی کە هەم لە باشووری کوردستان و هەم لە ڕۆژئاوای کوردستان چەشنێک لە سەروەری یان مودێلگەلێک لە حاکمییەتی سیاسیی کورد لە ئارادایە، ئەم دوو پارچەیەش بە پێی تایمینگ و کۆنژۆنکتووری سیاسیی هەر لایەک، لە ئاجێندای چالاکیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام لە پلەی سەرەوەدا بوون. لەم پەیوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە ڕیفراۆندمی ساڵی ٢٠١٧ لە باشوور لە لایەک و بەرخۆدانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئەرتەشی تورک لە لایەکی دیکەوە بگرێت کە لە هەر دوو حاڵەتدا گەورەترین مۆبیلیزاسیۆنی دیاسپۆراییی، لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات لێ کەوتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە، کە نە ئەم دیاردە سروشتییانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردوام کارەساتیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات خوڵقاندووە، نە ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی کە دەوڵەتی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨ بە ڕێگای مووشەکی دوورهاوێژ بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات ئەنجامی دا، هیچکامیان وەکوو نموونە نەبوونە ڕۆژەڤێکی هاوبەش و گشتگیر بۆ هەموو دیاسپۆرا، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا وەکوو سووژەیەکی ڕۆژهەڵاتیی ماونەتەوە. بە هەرحاڵ، ئاجێندای تەک پارچەیی یان بە ڕێژەیەکی خوارتر تەک حیزبیی کە بە درێژایی نیزیک سێ دەیە لە ناخی گوتاری «دۆزی نەتەوەیی» لە کۆنتێکستی دیاسپۆرای کورددا جێگیر ببوو، لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕێگای چەند هۆکارەوە چرژ و کەلێنی بەرچاوی تێکەوتووە؛ چرژ و کەلێنێک کە لە واقیعی خۆی سەرهەڵدانی شێوازێک لە پراتیک و وشیاریی دیاسپۆرایی و بگرە گوتاری ناسنامەییی سەربەخۆی لە نێو کوردانی ڕۆژهەڵاتدا لێ کەوتۆتەوە. ڕوویەکی دیکەی ئەم دەرفەتە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا باسی لێوە دەکرێت ئەوەیە کە «لەمەودوا پێویستە کوردانی ڕۆژهەڵات پوتانسییەڵە سیاسی، هزری و ئابووریی دیاسپۆراییەکانی خۆیان لە پێناو بەهێزکردنی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کار بهێنن». ئەم دیاردەیە لە ڕەوتی فۆڕمگرتندایە.

## دەرفەت و پوتانسییەڵی کوردانی ڕۆژهەڵات لە دیاسپۆرا

## ـ هەڵوەشانەوەی سەروەریی سیاسیی ئێرانی لە کونتێکستی دیاسپۆرادا

بڵاوبوونەوە و جێگیر بوونی نەسڵی سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هەر لە سەرەتاوە بە شێوازی دۆفاکتۆ (De dacto) هەڵوەشانەوەی سەروەریی سیاسیی ئێرانی (Iranian Sovereignty) لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا لەگەڵ خۆی هێنا. ئەویش بەم واتەیە، کە کوردی ڕۆژهەڵات (لانی کەم ئەم بەشەی کە هەڵگری دیسکۆرسی نەتەوەیی بوو) هەر بە دوای نیشتەجێ بووندا، لە ئاستی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، خۆی لە هاووڵاتیانی ئێرانی دوور خستۆتەوە و نە تەنیا لە پرۆژەگەلی وەکوو دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی و کۆڕ و ئەنجومەنی ئەدەبی و کولتووریی هاوبەش لە ژێر ناوی «ئێران»دا بەشداری نەکردووە، بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشەوە خۆی لە خەڵکی فارس زمان دابڕیوە. لە ڕوانگەی تیئۆریکەوە، ئەم دابڕانە، نیشاندەری ڕەفتارێکە کە بە گوێری بۆچوونی گابرییەل شێفێر، توێژەری ئیسرائیلی لە زانکۆی عیبریی ئوورشەلیم، تایبەتە بەم کۆچبەر و پەنابەرانەی کە پێکهێنەری دیاسپۆرای بێ دەوڵەتن. لەم بوارەدا، نووسەر پێی وایە کە خەڵکانی سەر بە دیاسپۆرای بێ دەوڵەت، مەشرووعییەتی ڕەفتاری سیاسیی خۆیان و دروستکردنی تۆڕ و ڕێکخراوەی ترانسناسیۆناڵ لە

پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی پێشوویان بەو بنەمایەوە دەبەستنەوە کە بەڵێ ئەوان «داکۆکی لە دۆزی نەتەوەیەکی ستەملێکراو دەکەن» هەر بۆیەش پێویستە ستراتێژیی دیاسپۆراییی خۆیان لە کۆتاییدا لە سەر جیابوونەوە، یان بە واتەیەکی دیکە لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سەر «ئەم نیشتیمانە مێژووییە بێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئی خۆیان بووە». لە حاڵێکدا کە دروست کردنی تۆڕ و ڕێکخراوەی ترانسناسیۆنال لە لایان خەڵکانی سەر بە دیاسپۆرای دەوڵەت-میحوەرەوە، پتەوکردنی پەیوەندییە ڕەسمییەکانی نێوان وڵاتی تازە و دەوڵەتی پێشوو دەکاتە پێکهێنەری ستراتێژیی دیاسپۆراییی (Sheffer 2002: 24-25) خۆی. پرۆسەی دابڕانی کوردی ڕۆژهەڵات لە ناسنامەی ئێرانی لەم ساڵانەی دوایی کەوتۆتە قۆناغێکی جیاوازترەوە، ئەویش بەم مانایە کە وشیاریی دیاسپۆرایی، ئێستا لە لای ئەوان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێکی تایبەت لە پراتیکی دیاسپۆرایی، کە نە تەنیا تا ڕادەیەکی بەرچاو خۆی لە پاوانی حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕزگار کردووە، بەڵکوو زۆر جاریش لە ئاست چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چیدیکە ئیلتیزامە نەریتییەکانی حیزبی بوون ڕەچاو ناکات. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم پراتیکە دیاسپۆراییە - کە کەسایەتی و تاکی حیزبی و غەیرە حیزبی دەگرێتەوە - جێگای سرنجن.

## ـ سەرهەڵدانی ئاجێندای ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا

لە سێ/چوار ساڵی ڕابردوودا، کوردی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی جۆربەجۆری ڕۆژئاوایی و هەروەها لە پلاتفۆرمی جیاوازی سۆسیالمێدیادا هۆگربوونێکی تایبەت بۆ دروست کردنی ڕێکخراوی مەدەنیی ترانسناسیۆناڵ بە مەبەستی وەگەڕخستنی چالاکیی هزری، مرۆیی، کولتووری، سیاسی، جێندێری و یەکسانیخوازی و کۆمەڵایەتی لە خۆی نیشان داوە. دروست کردنی ئەم ڕێکخراوە مەدەنییانە و هەروەها سەرهەڵدانی ژمارەیەک بزووتنەوەی جەماوەری کە بە گشتی ڕووی چالاکییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەکرێت بە ڕێگای سێ هۆکاری بە یەک بەستراوەوە ڕوون بکرێتەوە:

**(یەکەم)** هۆکار دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە «لۆژیکی قەناعەت پێهێنانی» حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان (بە تایبەت پ ک ک و تا ڕادەیەک پارتی دیمۆکراتی کوردستان)، کە هەتاکوو ئەم دواییانە بزوێنی سەرەکیی مۆبیلیزاسیۆنی سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵات بوون، وەکوو جاران بڕ ناکات. ئەوەی کە «نە پ ک ک و نە پارتی هیچ ستراتێژییەکی ڕوونیان بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان نییە»، نە تەنیا بۆتە فاکتەرێکی جێگیر لە ئاست وشیاریی دیاسپۆرایی کوردانی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو هەمان بۆچوون گەلێک جاران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکوو ڕەخنەی توند یان بە واتەیەکی دیکە لە فۆرمی ئانتی-دیسکۆرسدا، بۆ نموونە «منی ڕۆژهەڵاتی چیدیکە خۆم فیدای ئەوانی دیکە ناکەم، چونکە ئەو کاتەی ئێمەش لێمان دەقەومێ ئەوان نە تەنیا دەفریامان نایەن بەڵکوو هەر خەبەریشیان نییە» ڕەنگدانەوە لە خۆی دەنوێنێ». لە کۆنتێکستی لەم چەشنەدا، کوردانی ڕۆژهەڵات باسی دەستپێشخەری و ئالترناتیڤی تایبەت بە ڕۆژهەڵات دێننە ئاراوە.

**(دووهەم)** هۆکار دەگەڕێتەوە سەر ئەو گەشەسەندنانەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە فۆرمی چالاکیی مەدەنیی فرەڕەهەند و ڕەنگاوڕەنگ، و هەروەها سەرهەڵدانی جەماوەری بە خۆیەوە بینیوە. پشتیوانیی جەماوەری لە قوربانیانی زەویلەرزەی ناوچەی کرماشان لە ساڵی ٢٠١٧ و ناوچەی کۆتۆڵ لە ٢٠٢٠ و هەروەها و بە تایبەت مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر مووشەکبارانەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات لە شاری کۆیە، نموونەگەلێکن کە بزووتنەوەی

کۆمەڵایەتی کە - بە تەفسیری ڕۆشنبیرانی دووروەوڵات - لە لایەک هەڵگری خەسڵەتی مودێرنیتە، دیمۆکراسی خواز، فرەچەشن و وەخۆگرن و لە لایەکی دیکەشەوە نیشاندەری هەڵکشانی شعووری نەتەوەیین کە تاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لای خۆی وێنای دەکات. چالاکیی هاوتەریب و هاوشێوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ژێر کارتێکەریی ئەم بزووتنەوانە لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا سەری هەڵداوە، لە ڕەوتی گەشەسەندنی خۆیدا - و بە تایبەت لە تیکۆشانی گوتارسازانەی خۆیدا - نە تەنیا مەودای گوتاریی نێوان وڵات و دیاسپۆرای بەرتەسکتر کردۆتەوە بەڵکوو لەوەش زیاتر خەریکە وردە وردە ئاجێندای سیاسیی سەربەخۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکات. ئەم کۆبوونەوە بەرینانەی کە کوردانی ڕۆژهەڵات بە بانگاوازی حیزبی دیمۆکراتی کورستان (حدک) لە پاییزی ٢٠١٨ بە دژی مووشەکبارانی قەڵای دیمۆکرات لە چەندین شاری گەورەی ئورووپا بەڕێوەیان برد و بە تایبەت ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییەی کە لە ژێر دروشمی «ڕاسانی تاراوگە» لە سەر داوای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە شاری بروکسێل بەڕێوە چوو، دەتواندرێ وەک نیشانەی ڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی ئەم ئاجێندا ڕۆژهەڵاتییە لە فەزا گشتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەژمار بکرێت.

**(سێهەم)** هۆکاری سێهەم کە لە ژێر کارتێکەریی دوو هۆکاری سەرەوەدا سەری هەڵداوە - کە لە ژێرەوەدا وەکوو بەشی کۆتایی ئەم بابەتە بە وردی باسی لێوە دەکرێت - ئاماژە بە وەدەرکەوتنی نەسلێکی جیاواز لە ڕۆشنبیری کورد دەکا کە -سەرەڕای کۆمەڵێک گرفتی جیددی کە هەیەتی و لەم نووسراوەیەدا ئاماژەی پێناکرێت- لە ئاستی مەعریفە و فەزیلەتدا تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیامی ڕوونی پێیە. ئەم دەستکەوتە مەعریفییە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا، دەستەبەرکردنی تیۆریکی گونجاوی لە پێناو پێناسەکردنی کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەگەڵ ئێران و بەم پێیەش دەستنیشانکردنی پراتیکی سیاسی و ستراتێژیی ڕزگاری بۆ ئەم پارچەیەی بە ئامانج گرتبوو، خەریکە لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیدا نە تەنیا ئاجێندای سیاسیی دیاسپۆرایی کوردانی ڕۆژهەڵات لە جاران زەقتر دەکاتەوە، بەڵکوو وڵات و دیاسپۆراش لە مەیدانێکی گوتاری نەتەوەیی و دینامیکدا زیاتر لە جاران بە یەکەوە دەبەستێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیسمی ئێرانی لە لایەک و دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی بۆ کوردان لە لایەکی دیکە وەکوو ئانتی تێزی ئەم کۆلۆنیالیسمە دوو ڕەهەندی سەرەکیی ئەم گوتارەن.

## سەرهەڵدانی جیلی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا ـ بەشی کۆتایی

لە ڕەوتی فۆرماسیۆنی دیاسپۆرای ڕۆژهەڵات و بەرجەستەکردنی ڕۆژەڤی سیاسیی ئەم پارچەیە، ئەمڕۆکە چالاکیی ڕۆشنبیری لە نێو کوردانی ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا، پانتاییەکی سێمانتیکیی بەرینتر لە جاران دەگرێتەوە. لەم پانتاییە سێمانتیکییەدا، لە ئاکادیمیسیەن و خوێندکاری زانکۆکان ڕا بگرە هەتا دەگاتە شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ، خەباتکاری سیاسی، ژینگەپارێز، ڕۆژنامەنووس، هەڵسووڕاوی مافی ژن، کارمەند، و کاسبکاری ئاسایی، تووشی یەک دێن و لە حەوڵی خۆیاندا بۆ دەستەبەرکردنی دیسکۆرسێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵات، کە لەوێدا دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی ـ نە تەنیا وەکوو گارانتووری سەرەکیی مافی نەتەوەیی لە دواڕۆژدا، بەڵکوو وەکوو مەجالێک بۆ کەم کردنەوەی مەودای گوتاری نێوان وڵات و دیاسپۆرا و یان لەوەش زیاتر بە یەکگەیاندنی وڵات و دیاسپۆرا بە یەکتر لە بەستێنی گوتارێکی نەتەوەیی هاوبەشدا ـ بەردەوام باسی لێوە دەکرێت و دووپات دەبێتەوە. لەم ئاراستەیەدا، جیلی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات ـ سەرەڕای هەموو گرفتێک کە هەیەتی ـ خاوەن دینامۆ و وزەیەکی هزری و

پراکتیکیی بەهێزە کــە نە تەنیا لە چوارچێوەی دەقە گەورەکاندا بەڵکوو گەلێک جاران بە ڕێگای کورتە پەیام و ئاماژەی ســەمبۆلیکی جۆربەجۆر لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا، دەریدەبڕێ. لە ســەرهەڵدانی ئاجێندای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا و ڕۆڵی توێژی ڕۆشنبیر لــەم پەیوەیدنییەدا پێویســتە ئاماژە بە ســێ تایبەتمەندی بکرێت:

**(یەکــەم)** ئــەم بەســتێنە ڕۆشــنبیرییە ڕۆژهەڵاتییە لە خۆیدا دەربڕی تێگەیشــتنێکی سیاسیی وردبینانەیە و بەم پێیەش گۆڕانکارییە ناوچەییــەکان و کارتێکەریی ئەم گۆڕانکارییانە لە سەر پرۆژەی سیاســیی کورد و زەروورەتی نوێکردنــەوەی تیۆری و پراتیکی سیاســی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان دەخاتە بەر باس. لەم حەولە هزرییەدا، هەرچەند بەستێنی ڕۆشنبیری ـ هــەر وەک لە ســەروە ئاماژەی پــێ کرا ـ حەولــی ئەوە دەدات کە وڵات و دیاســپۆرا لە پانتایەکی گوتاریی نەتەوەییدا بگەیەنێتە یەک، بەڵام هەر ئەم حەولە لە ڕەوتی لەگەڵ فۆرمی دەستەڵاتداریی حیزبایەتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جار تووشی جیاوازی دێت.

**(دووهەم)** ئــەم بەســتێنە ڕۆشــنبیرییە گەشــەیەکی بەرچاوی مەعریفــی و هەروەها شــارەزایی بــە ســەر میتــۆد و چەمکەکانی تیۆریی سیاســیی تایبەت بە پرۆژەی نەتەوەیی لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســتانی پێوە دیــارە. ئەم تایبەتمەندییە، پێگەی ئەم بەستێنە دیاسپۆراییە لە بەرامبەر ئەم دەستە لە ڕووناکبیرانی نەتەوەی باڵادەســت، — کــە گەلێک جــاران لە جیاتی ڕەچاوکردنــی لایەنی ئێتیکیی دیالۆگی هزری، پەنا بۆ سیاسەت بازی، سەفسەتە، گێرەشێوێنی، شینگێڕی ئاشــکرا بۆ دەستەڵاتی زاڵ، بوختان کردن، یاریکردن بە وشــە، ڕاسیسمی شاراوە و خــۆ بە زلزانین، خۆدزینەوە لە بەرپرســیارێتی ... دەبــەن — بەهێزتردەکا. لەم ئاراســتەیەدا، پەیامی ڕوونی ئەم بەستێنە ڕۆشنبیرییە ئەوەیە کە «تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویســتە خۆی لە ســەرگەردان بوونی هۆویەتی لە نێوان دوو مەوجوودییەتــی ئێرانی بــوون و کوردن بوون ڕزگار بــکات، چونکە ئــەو دوو مەوجوودییەتە لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەبان».

**(ســێهەم)** ئەم بەســتێنە ڕۆشــنبیرییە تا ڕادەیەکی باش پشت ئەستوورە بە نموونەیەک لە ئەخلاقی گەردوونی و بەم پێیەش ناسینەوەی چەشــنێک لە حەقیقەتێکی جیــاواز کە لە ـ ڕوانگەی ئەوانەوە ـ ئەمڕۆکە لە هەیبەتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بەدی دەکرێ. ئەم حەقیقەتە کە لە وێنەی پەیامێکی گەردوونیدا خۆی وێنا دەکات لە ڕاســتیدا ـ وەکوو لە ئاماژەکانی ڕۆشنبیرانی دیاســپۆراییدا دەردەکــەوێ ـ زەقکــەرەوەی حەولێکــی بێ پســانەوە و ماندوونەناســانەی نەتەوەیەکن بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی جیاواز کە تەنیا بە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی هاوکێشەی ئیســتیعماری و کۆلۆنیالیســتیی هەنووکەییی ئێران و لە ئاکامدا دەســتەبەرکردنی سەروەریی سیاســی، وەکوو مافێکی گەردوونی بۆ هەمان نەتەوە، کۆتایی پێ دێ.

ئــەم ســێ تایبەتمەندییە کە بەســتێنی ڕۆشنبیریی کوردی ڕۆژهەڵاتی، لە کۆنتێکستی دیاسپۆرادا پێناسە دەکات، لە ڕوویەکی دیەکەوە نیشــاندەری ســەرەتایەکن لە پرۆسەیەکی بێ گەڕانەوە کە لەویدا، فۆرماســیۆنی دیاسپۆرایی لە لای کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان چیدیکە وەکوو پاشــکۆیەکی پارچەکانی دیکەی کوردستان و یان حیزبەکانی ســەر بــەم پارچانە خۆی وێنا ناکاتەوە. بەڵکوو لەمەودوا، پراتیکی دیاسپۆرایی و گوتــاری هۆویەتیی تایبەت بە خۆی، یان بە واتەیەکی دیکە ئاجێندای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لە فەزا گشتییەکانی وڵاتانی جێی نیشتەجێبووندا بەرهەم دێنێتەوە.

*. دوکتۆرای زانستی سیاسی/ زانکۆی لینشۆپینگ/سوئێد

## سەرچاوەکان


• Ahmadzadeh, Hashem (2003), Nation and novel: A study of Persian and Kurdish narrative discourse. Diss.

Routledge, 89-101.
• Hovanessian, Matine (1995), “Territoires de l’altérité: la diaspora arménienne”, in Bruneau, M. (cor.), Diasporas, Reclus, Montpellier, pp. 42–54.
• Khayati, Khalid. From victim diaspora to transborder citizenship?: diaspora formation and transnational relations among Kurds in France and Sweden. Diss. Linköping University Electronic Press, (2008).
• Khayati, Khalid and Magnus Dahlstedt (2014), «Diaspora formation among Kurds in Sweden.» (2014): 57-64.
• Khayati, Khalid, and Magnus Dahlstedt (2015), «Diaspora: Relations and communities across borders.», in Dahldstedt, Magnus & Neergaard, Anders (red,), International Migration and Ethnic Relations, (20015) pp. 80-103. Routledge.
• Laclau, Ernesto & Mouffe, Chantal (2001), Hegemony and Socialist Strategy, 2nd edn. London: Verso.
• Mojab, Shahrzad (2007), «Gender, nation and diaspora: Kurdish women in feminist transnational struggles.» Muslim Diaspora. Routledge, 2007:142-158.
• Safran, William (1991), “Diaspora in modern societies: myths of homeland and return”, Diaspora, Vol. 1, No. 1, pp. 83–99.
• Sheyholislami, Jaffer (2010), «Identity, language, and new media: the Kurdish case.» Language policy 9.4 (2010): 289-312.
• Pripp, Oscar (2019), «Music, Dance and Ethnic Elasticity in a Kurdish Cultural Association: The Complexity of Intercultural Experience.» El oído pensante 7.1 (2019): 100-118.
• Sheffer, Gabriel (2002), Diaspora politics: At home abroad. Cambridge University Press.
• van Bruinessen, Martin (1999), “Migrations, mobilizations, communications and the globalization of the Kurdish question”, Working Paper No. 14, Islamic Area Studies Project, Tokyo.
• Wahlbeck, Östen (1999), Kurdish diasporas: a comparative study of Kurdish refugee communities. Springer.
• Werbner, Pnina (2002), «The place which is diaspora: citizenship, religion and gender in the making of chaordic transnationalism.» Journal of ethnic and migration studies 28.1 (2002): 119-133.
• Zettervall, Charlotta (2013), «Reluctant victims into challengers-narratives of a Kurdish political generation in diaspora in Sweden.». Acta Universitatis Upsaliensis.
• Anderson, Benedict (1992), “The new world disorder”, New Left Review, 193, pp. 3–13.
• Alinia, Minoo (2004), Spaces of Diasporas, Kurdish Identities, Experiences of Otherness and Politics of Belonging, doctoral dissertation, Department of Sociology, Gothenburg University, Sweden.
• Alinia, Minoo, and Barzoo Eliassi (2014), «Temporal and generational impact on identity, home (land) and politics of belonging among the Kurdish diaspora.» (2014): 73-81.
• Ayata, Bilgin (2011), «Kurdish transnational politics and Turkey›s Changing Kurdish policy: the journey of Kurdish broadcasting from Europe to Turkey.» Journal of Contemporary European Studies 19.4: 523-533.
• Baser, Bahar(2011), «Kurdish diaspora political activism in Europe with a particular focus on Great Britain.» Diaspora dialogues for development and peace project. Berghof Peace Support, Berlin.
• Baser, Bahar (2012), Inherited conflicts: spaces of contention between second-generation Turkish and Kurdish diasporas in Sweden and Germany. Diss. European University Institute.
• Begikhani, Nazand, and Aisha K. Gill (2016), Honour-based violence: experiences and counter-strategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish diaspora. Routledge.
• Berkowitz, Lenka, and Liza M. Mügge (2014), «Transnational diaspora lobbying: Europeanization and the Kurdish question.» Journal of Intercultural Studies 35.1 (2014): 74-90.
• Brah, Avtar (1996), Cartographies of Diaspora: contesting identities, Routledge, London and New York.
• Brubaker, Rogers. «The ‘diaspora’diaspora.» Ethnic and racial studies 28.1 (2005): 1-19.
• Cohen, Robin (1995), “Rethinking ‘Babylon‘: iconoclastic conceptions of the diasporic experience”. New Community, Vol. 21, No.1, pp. 5–18.
• Eccarius-Kelly, Vera (2002), «Political movements and leverage points: Kurdish activism in the European diaspora.» Journal of Muslim Minority Affairs 22.1 (2002): 91-118.
• Eliassi, Barzoo (2016), «Statelessness in a world of nation-states: the cases of Kurdish diasporas in Sweden and the UK.» Journal of Ethnic and Migration Studies 42.9 (2016): 1403-1419.
• Hassanpour, Amir (2003),»Diaspora, homeland and communication technologies.» The media of diaspora.

# ئیسلامیزم و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەسووڵ محەممەدی

„

بە پێی ئیسلامیزم زیندوو کردنەوەی خەلافەت و هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی ئەم نەریتە سیاسییە دەبێتە یەکەم ئەرکی موسوڵمانان. بوونی ئەم ئایدیایە لەسەردەمی مۆدێڕندا وا ئەکا ئیسلام وەک دیاردەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ناونەتەوەیی، ئاقاری نوێ بۆ گرتنە دەسەڵات ببڕێ. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە بکرێ ئیسلامیزم وەک ڕێگایەک بۆ بڕینی ڕێگای گەیشتن بە یۆتۆپیایەکی ڕادیکاڵی ڕووە و ڕابردووش بخوێنرێتەوە. هەر بۆیە ئیسلامیزم لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا، دەکرێ وەک ئایدۆلۆژییەکی ئایینی بە تەفسیرێکی گشتگیرانە لە ئیسلام سەیر بکرێت کە ئامانجی کۆتایی، دەست بەسەرداگرتنی جیهان بە هەمو ئامرازێکەوەیە

“

## پوختە

ئیسلامیزم وەک تەفسیرێکی نوێ و هاوچەرخ لە ئیسلامە کە لەم سالانەی دواییی لە گشت جیهان و لە کوردستانیش توانیویەتی لە چوارچێوەی هیزێکی ڕێکخراو، مەدەنی و نەرم یان سەربازی، تواناکانی خۆی نیشان بدات. ئەم بیرۆکە ئیخوانی ـ مۆدێرنە لە چوارچێوەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خەلافەت، جێگیرکردنی یاسای شەریعەت و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سەروەریی خوا لە سەر زەوی وەک چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیک، لە ناو پانتای سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوتی سیاسی ئەکات. ئەم وتارە بە دەسنیشانکردنی لایەنە گرینگەکانی ئەم ئایدۆلۆژییە، پێی وایە لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە بۆشاییەکی هێز لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسلامیزم پوتانسیەلی ئەوەی هەیە وەک ئایدۆلۆژییەکی ئاراستەکراو کێشەی سەرەکی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ سێکۆلاری کوردی لەم بەشەی کوردستان پێک بێنێ. هەر بۆیە پێداچوونەوە و جومگەبەندیی دیسکۆرسێکی سیاسیی گشتگیرتر وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بەرەنگابوونەوە لە گەڵ ئەم ئایدۆلۆژییە، وەک ڕێگاچارەیەکی ستراتێژیک پێشنیار دەکا.

## پێشەکی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دواوە تا کوو ئەم دواییانەش، دوو ئایدیای گەورەی ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم، بە لک و پۆپە جیاوازەکانیانەوە، کاریگەریی بەرچاویان لە سەر پانتای سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەبو و هاوکات بە بەردەوامیشەوە زۆر جار لەگەڵ یەک تووشی مشتومڕ بوون. بە پێی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی هەر کام لەم دوو ئایدیایە ڕەنگە بۆ ماوەیەک لە وڵاتێکدا یان لە چەن وڵات دەسەڵاتیان گرتبێتە دەست یان تەنانەت هەژمۆنی بەرچاویان هەبووبێ؛ یان وەک نموونەی ناسیۆنالیزمی کورد، ئەم دوو تێفکرینە زۆر بە قووڵی ئاوێتەی یەک بووبن. بەڵام هەر دوابەدوای دارمانی سۆڤیەت و کۆتایی پێهاتنی مێژوو، دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان یان دژە چەپەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیان وابوو گەیشتونەتە ئامانجەکانیان و زۆربەی سۆسیالیستەکانیش بە گەڕانەوە بۆ سەر بنەماکانی دێموکراسی هەوڵیان دا دێموکراسی ڕووکەشیانەی ناسیۆنال ـ لیبراڵەکان دێموکراتیزەتر کەنەوە. بەڵام ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە دوای کەمتر لە ١٠ ساڵ لە گەڵ ئایدۆلۆژیایەکی نوێ و ئاڵۆز لە ژێر ناوی ئیسلامیزم ڕوبەڕو بوونەوە کە ویستی بونیات نانەوەی حاکمییەتی دینیی هەبوو و هەر لەسەرئەم بنەمایەش ئاستی توندوتیژییەکان و بلۆکە سیاسییەکان، ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات و سنورە سیاسییەکان سەر لەنوێ داڕێژرانەوە.

بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ئاستی کردەییەوە، بە تایبەت لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا، کاریگەریەکی زۆریان لەسەر کورد دانا؛ هێرشی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، دامەزرانی هاوکاتی شێوە دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان و لەدایکبوونی دەوڵەتی شکستخواردووی عێراق لە ناوچەکە، سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی بە ڕوانگەی جیهادی، لێکترازانی هاوسەنگیی ئایدۆلۆژیاکان، لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمێکی شێوەلیبراڵی کوردی لە باشوری کوردستان، پرۆسەی ئاشتی کورد-تورک لە باکوری کوردستان و لەبارچوونی هەوڵدانەکان، شۆڕش و دواتر شەڕی ناوخۆیی لە سوریا، وەدیارکەوتنی داعش و جێگیربوونی ئیمکانی سەرلەنوێ سازکردنەوەی خیلافەت، ڕۆژئاوای کوردستان و شەڕی کورد لە گەڵ داعش و دروستبوونی بەرەی چوارەمی جیهادی لە کورستان وەک نمونە هەرە زەقەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە توند و تیژانە بوون کە دەکرێ تەنانەت وەک دەرکەوتەی ئام ئاڵوگۆڕانەش سەیر بکرێن. بەڵام خالی جێگای سەرنج لە تەواوی ئەم ڕووداوانەدا، لە پەراوێزمانەوە، بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم ڕووداوانە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێگەیەکی جوگرافی ـ سیاسی

بووە.

سەرەڕای پەراوێز مانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەم بەشە لە کوردستان توانیویەتی لە باری سیاسی و فکری ئاڵوگۆڕی جیدی بە خۆیەوە ببینێ و هاوکات بە پێی ڕووداوەکانی ناوچەکە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێ و هەمیش چەشنە ئامادەبونێکی بەرچاوی سەبارەت بە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ئێران و کوردستانەوە هەبێ. ئەمە وای کردوە هاوکات لەگەڵ نەبوونی جموجووڵێکی توندی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوتە فکری و بزوتنەوە سیاسیەکانی ئەم بەشە، بە هەستیارییەکی زۆرەوە هەم بە لایەنی فکری و هەمیش بە لایەنی کردەی سیاسی، بڕواننە داهاتوو و چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکان. بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەم ئامادەبوونەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ نەتەوەیی و هەمیش وەک بزووتنەوەیەکی سیکۆلار و دیموکراتخواز و سۆسیالیست، چۆن دەکرێ لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزم هەڵسوکەوت بکرێت یان چۆن بە لایەنی سیاسیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەن گریمانەی سەرەکیی لە پشتە؛ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی دەسەڵاتداریی ئیسلامیستی (وەک دەوڵەت و وەک ئایین) لەلایەن تارانەوە بینیوە و چەمکی سەروەریی خوا-ی وەک ئەمری واقیع لە ناو سیاسەت وسەپاندنی یاسای شەریعەت بەسەر خۆیدا هەست پێکردوە، لەلایەکی تریشەوە لەم ساڵانەی دواییدا، هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونی بەرەی چوارەمی گرووپە ئیسلامییەکانی کوردستان و چوونیان بۆ ناو ڕیزەکانی داعش و جبهه التحرير، دەبینین گرووپی فەرمی و نیوە فەرمیی تر بە ئاجێندای ئیخوانییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوانگەی نەرم و نیانەوە لە هەوڵی دەس بەسەرداگرتنی کوردستانن. ئەم هەوڵانە بێگومان تەواوی لایەنە نەتەوەیی و سێکۆلارەکانی لە کوردستان بە یەک هۆکارەوە توشی نیگەرانی کردوە؛ ئەویش ئاجێندای ئیسلامیزمە کە لەهەناوی تەواوی گرووپە ئیسلامیەلاندا هەیە. هەر بۆیە ورووژاندنی پرسیارێک سەبارەت بە چۆنیەتیی بەرەنگار بوونەوەی ئیسلامیزە بوونی سیاسەت و سیاسەتی ئیسلامیزەکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کاتەی بۆشاییی هێز دەکەوێتە ناو ئێران، دەکرێ وەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر بۆ ڕۆژە سەختەکانی داهاتووی نزیک، بێتە بەرچاو. گرینگیی وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کاتێک زیاتر خۆی دەنوێنێ کە لەم خاڵە سەرەکییە ئاگادار بین کە ئیسلامیزم لە فۆرمی بزوتنەوەی ڕادیکاڵ (پەیوەستبوون بە گروپە جیهادییەکان) و لە فۆرمی ڕیفۆرمیست (گرووپی وەک ئیسلاح و دەعوە) خەریکی گەشەیەکی خێرا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەمە دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە وزەی بزوتنەوەی سیاسیی گەلی کورد بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

## ئیسلامیزم وەک هەوڵدان بۆ بونیاتنانەوەی سەروەریی خوا[1]

دوا بەدوای ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکانی سی ساڵی دوایی لە پانتای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسلامیزم وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز بەڵام چەن لایەنە زۆر جار وەک ئایدۆلۆژی، هەندێک جار وەک ڕێکخراوە و بزووتنەوەیەکی سیاسی و هەندێکجاریش وەک فۆرمێک لە فۆرمەکانی دەوڵەت پێناسەی بۆ کراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم چەمکە لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە پێگەیەکی تایبەتی لە قامووسی سیاسی بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام بێگومان سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک، دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرانی اخوان المسلمين لە ساڵی١٩٢٨کە هەر لە دەسپێکەوە وەک دژە کردەوەیەک لە هەمبەر گەشەکردنی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و دابەزینی ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی موسوڵمانەکاندا خۆی نیشان دا (Bunzel 2015)بنەما فکرییەکانی ئیسلامیزم دواتر بە هەندێک ئاڵوگۆڕەوە لەلایەن شیعەکانیشەوە باوەشی بۆ کراوە.

یەکەم خاڵی ئیسلامیزم لە لای ئیخوانییەکان، داکۆکی لە سەر ئەمە بوو کە وەدواکەوتوویی موسوڵمانەکان لە بەرامبەر ڕۆژئاوا، بە هۆی ئەوە بووە کە موسوڵمانی باش نەبوون، هەر بۆیە وەدەسهێنانەوەی شکۆی ڕابردوو، گرێدراوی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ژیان بە پێی شەریعەتە. لە سەر بنەمای ئەم تێفکرینە، ئیخوانولموسلمین، لە سەرەتای دامەزرانییەوە، سیستەمی خەلافەتی وەک ئایدیالێکی سیاسی بۆ جیهانی ئیسلام پێناسە کرد و پێی وابوو جیهانی ئیسلام، پێویستیی بە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو لە ژێر سێبەری تاقە ڕێبەرێکی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە و هەر بۆیە نابێ وڵاتانی جیهانی ئیسلام دابەش بکرێنە سەر دەوڵەتی جیا جیا. ئیسلامیزم لە جۆرە ئێرانییەکەی خۆشیدا هەر ئەم ڕەنگدانەوە سیاسییەی هەبووە.

به پێی ئیسلامیزم زیندوو کردنەوەی خەلافەت و هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی ئەم نەریتە سیاسییە دەبێتە یەکەم ئەرکی موسوڵمانان. بوونی ئەم ئایدیایە لەسەردەمی مۆدێرندا وا ئەکا ئیسلام وەک دیاردەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ناونەتەوەیی، ئاقاری نوێ بۆ گرتنە دەسەڵات ببڕێ. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە بکرێ ئیسلامیزم وەک ڕێگایەک بۆ بڕینی ڕێگای گەیشتن بە یۆتۆپیایەکی ڕادیکاڵی ڕووە و ڕابردووش بخوێنرێتەوە. هەر بۆیە ئیسلامیزم لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا، دەکرێ وەک ئایدۆلۆژییەکی ئایینی بە تەفسیرێکی گشتگیرانە لە ئیسلام سەیر بکرێت کە ئامانجی کۆتایی، دەستبەسەرداگرتنی جیهان بە هەمو ئامرازێکەوەیە. ئەم پێناسەیە هەڵگری چەند خاڵی سەرەکییە، ئایدۆلۆژیی ئایینی، تەفسیرێکی گشتگیرانە لە ئیسلام و دەست بەسەرداگرتنی جیهان بە تەواوی ئامرازەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. (Mozaffari 2007)هەر چوار خاڵی ئەم پێناسەیە لە ئیسلامیزم بە هەندێک تێبینییەوە لە ناو ئیسلامی سوننە و شیعەدا بە ڕوونی دیارن.

ئۆلیڤیە ڕوا، پێی وایە چەمکی ئیسلامیزم لەگەڵ سەلەفیەت و هاوکات دابڕان لە سەلەفیەت دروستکراوە. ئیسلامیستەکان بە گشتی تیۆلۆژیای سەلەفیەت ڕەچاو دەکەن: ئامۆژگاری بۆ گەڕانەوە بۆ قورئان، سوننەت و شەریعەت دەکەن و ئەو تەفسیرانە ڕەت ئەکەنەوە کە بەشێکن لە نەریت... بە بڕوای ڕوا، سێ خاڵ بە ڕوونی ئیسلامیستەکان لە فاندامێنتالیزمی مەلاکان جیا ئەکاتەوە؛ شۆڕشی سیاسی، شەریعەت و مەسەلەی ژن.(Roy 1994, 36) لەسەر ئەم بنەمایەیە ئیسلامیستەکان پێیان وایە پێویستە کۆمەڵگا لە ڕێگای شەریعەتەوە بە ئیسلامی بکرێت و ئیسلام بێتە ناو ژیانی سیاسیی مرۆڤەکانەوە. ئەم سێ خاڵە ئایدۆلۆژیکاڵە لە ناو شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لە ناو سوننەش دا بە ڕوونی ئەبینرێت، بە تایبەت کە لە ناو هەر دوو ڕەوتدا، زۆرێک لەو کەسانەی مەلا نەبوون، ئەم پێناسە نوێیەیان لە ئیسلام برەو پێدا. لە کاتێکدا ئیسلامیزم زۆر جار وەک فۆڕمێک لە ئیسلامی نەریتی ئەبینرێت، بەڵام ئیسلامیزم بە تەواوی لە ئیسلامی نەریتی جیاوازە، لە کاتێکا خولیای ئیسلامی نەریتی چۆنیەتیی ژیانی تاک بە پێی ئیرادەی خوایە، ئیسلامیزم لە خولیای دروستکردنی سیستەمێکی نوێدایە. لە کاتێکدا ئیسلامی نەریتی پێداگریی لەسەر بڕوا بە خۆ بوون هەیە، ئیسلامیزم لە قۆناخی یەکەمدا پەرچەکردارانە هەڵسوکەوت دەکات بە پیچەوانەی پێداگری لە سەر تاک، لەسەر کۆمەڵگا و پەیوەندییەکان پیداگری دەکات و لە قاڵبی ئایدۆلۆژییەکی سیاسیدا خۆی نیشان ئەدا.

هەر لە سەر ئەم بنەمایە ئیسلامیزم وەک خوێندنەوەیەکی مۆدێرن لە ئیسلام، بە خەیاڵکردێکی ئایدیالی بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ۴ خەلیفەی یەکەم، هەوڵ ئەدا ڕوانگەیەکی کلاسیک لە ئیسلام وەک سیستەمێکی جیهانی و گشتگیر پێشکەش بکات. لە دۆخی مۆدێرندا، ئیسلامیزم لە هەوڵی ئەوەدایە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بە مەبەستی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی یەکێتیی

ناو کۆمەڵگای ڕەسەن[ی ئیسلامی]، لێک گرێداتەوە. ئیسلامیستەکان کۆمەڵگای مۆدێرن دەکەن بە مەکۆی کردەوەکانیان، هەر ئەو کۆمەڵگایەی خۆیان بەرهەمهاتووی ئەون.(Roy 1994, 37) لەم تێگەیشتنەدا ئیسلامیزم بە نێونجیی تەوحید و پێویستی سەردانەواندەن بۆ ئەم تاقانەییەی خوا، وەک ئایدۆلۆژیایەک بەرەو شەرعیەت پێدانی سەرەوەریی خوا هەنگاو ئەنێت و تەواوی لایەنەکانی ژیانی تاک وکۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەخۆوە دەگرێت. هەر بۆیە چیتر ناتوانێ وەک ئایینێکی تاکەکەسیانە و پارێزگارانە سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێتە سیستەم و هەر چەشنە فەزایەکی سێکۆلار داگیر دەکا.

لە سەر بنەمای ئەمە ئیسلامیستەکان بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی شارستانییەتەکان، لە خەونی بەدیهێنانی سیستەمێکی نوێ بۆ جیهانن و ئەمە لەسەر بنەمای تێگەیشتنیان لە خوڵقاندنەوەی سەر لەنوێی شەریعەت ڕاوەستاوە. دەرەنجامی ئەمەش جێگۆرکێ کردنی سیستەمی سێکۆلاری ویستیڤالیا لەگەڵ سیستەمێکی جیهانیە. (Inbar 2008, 13) ئەمە وادەکا ئیسلامیزم، لە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکدا خۆی بنوێنێتەوە کە لانیکەم خاوەنی تێگەیشتنیکی بەرتەسک لە باوەڕی تیۆلۆژیک و باوەڕێکی ڕەها بۆ پێویستی هەبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەر بنەمای شەریعەتە. مەترسیی ئەمە کاتێک ڕوو ئەدا کە ئیسلامیزم، جیاوازیی نێوان دەوڵەت و سیاسەت بە هۆی سەپاندنی یاسای شەریعەت بە سەر تەواوی کەسەکان و گرووپەکان تێک ئەدات و پێی وایە سەروەریی خوا تەنیا لە ڕێگای شەریعەتەوە دەستەبەر دەبێ.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتی ئیسلامی وەک ئامانجی ئاشکرا یان شاراوەی ئیسلامیزم، ڕێگا بۆ بەدیهێنانی سەروەریی خوا دەکاتەوە. لە پێک گەیشتنەوەی سیستەم و سێکۆلاریزمدایە کە چەمکی جیهاد وەک ئامرازی دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی سەر لەنوێ بە تەفسیری نوێ لە ناو ئیسلامیزمدا ئەگەشێتەوە. سەید قوتب وەک پێشەنگی خوێندنەوەی سیاسییانە لە ئیسلام، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم گەشاندنەوەیەدا هەبوو؛ تا ڕادەیەک کە بۆ ئەم مەبەستە ئەکرێ ئاماژە بکرێتەوە سەر چەمکی جیهاد وەک خاڵی سەرەکیی بیرۆکەکانی سەید قوتب. سەید قوتب جیهاد وەک شۆرشی جیهانیی بەردەوامی ئیسلام، بە مەبەستی دامەزراندنی سەرەوەریی خوا لە گشت جیهان دەبینی. هەر ئەم ڕوانگەیە لە دروشمەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا بە ڕوونی تاکوو ئێستا بینراوە. بەسام تیبی، لەسەر ئەم بڕوایەیە بانگەوازی ڕوونی جێگۆرکێ پێ کردنی سیستەمی نەتەوە-دەوڵەت، لەگەڵ سەرەوەریی خوا، بنەمای ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئیسلامییە و دامەزرانی نەزمێکی نوێی جیهانی کە لەسەر بنەمای هێڵەکانی شەریعەت دامەزراوە، لە ئاکامدا دروستکردنی نیزامێکی ئیسلامی وەک ئەولەوییەتی ئیسلامی سیاسی لە هەناوی ئیسلامیزمدا بوونی هەیە.(Inbar 2008, 16)

هەر بۆیە بۆ تەواوی گرووپە ئیسلامیستەکان چەمکی سەروەریی خوا وەک بنەمای ئاشکرا و شاراوەی کردەوە و ئامانجی سیاسیی خۆیان ئەبینن ولە ڕێگای تەفسیری گشتگیرانە لە ئیسلام و گرتنەبەری هەر چەشنە ئامرازێک، ڕەوایی بەم کردەوە سیاسییەیان ئەبەخشن. گرینگیی ئاماژە پێکردنی ئەم خاڵە لەوەدایە کە چەمکی دەسەڵاتی خوا نابێ تەنیا وەک ڕیتۆریایەکی ڕۆمانتیک یان نۆستالۆژیایەکی ساکار بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ئیسلام سەیر بکرێت. بەڵکو پێویستە ئەمە وەک وەرچەرخانێکی گرینگی سیستەمێکی نوێ سەیر بکرێت کە لەگەڵ دێموکراسی و دەسەڵاتی نەتەوە ـ گەل دژوازیی هەیە و لەناو هەر دوو لقی شیعە و سوننە لە ئیسلامدا وەک یۆتۆپیایەکی سیاسی سەیر ئەکرێت.

## کورد و ئیسلامیزم

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم نزیکەی ٤٠ ساڵە لەگەڵ ئیسلامیزم لە ڕووبەڕووبونەوەدایە.

سەرەڕای ئەوەی لە ئێران، ئیسلامیزم لەگەڵ ئێرانییەتیش تێکەڵاویی بووە، بەڵام تایبەتمەندیی ئەم ئایدۆلۆژییە لە سەردەمی ئێمە لەوەدایە کە ئەم ئاجێندا سیاسییە ـ جیهانییە لە ناو کورد خەریکە لە قاڵبی چەمکی شەریعەت و ئوممەت، بۆشاییە سیاسییەکانی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ دەکاتەوە. کاتێک لایەنە شاراوەکانی ئەم تێبینیە پڕ ڕەنگتر ئەبێتەوە کە ئاماژە بکرێتە سەر پەیوەندیی ئیسلامیزم و سروشتی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئیسلامیزم وەک ئاجێندایەکی سیاسی ناونەتەوەیی لە هەوڵی سڕینەوەی سنورەکان بە مەبەستی دامەزراندنەوەی سەروەریی خوایە. دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان لە فۆرمی دەوڵەتی یەک نەتەوە و یەک ئاڵا و یەک زماندا ڕێکخراوە، یان ئەوەی سروشتێکی بە ڕواڵەت سێکۆلار بەڵام لە بنەڕەتەوە ئایینیی هەیە. ئەمەش گرێدراوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانەیە. لە هەر دوو حاڵەتدا ئەم سروشتە تایبەتەی دەوڵەت، دەتوانێ ببێتە هۆکاری تەشەنەکردنی بیرۆکەی ئیسلامیزم، بە چەن هۆکارەوە؛ ئەم دەوڵەتانە بە هۆکاری کەم و کورییەکانیان بەردەوام پوتانسیەلی رووخان یان شەڕ و ئاژاوەیان لە ناوخۆ هەیە و دەکرێ بە هۆی پەراوێز خستنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگاوە، چاوەڕوانی تەقینەوەی کۆمەڵگا بن. هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێ بەردەوام چاوەڕوانی لە دایکبوونی دەوڵەتی شکستخواردوو بین. نمونەکانی عێراق و سوریا وەک دەوڵەتی لاواز و شکستخواردوو، بەشێک لەم ڕاستیە دەنوێننەوە. ئەمە لە خۆیدا بەستێنێکی بەهێز بۆ ئیسلامیزم لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکی ئاراستەکراودا بەدی دێنێت. سەرەڕای ئەوەی ئێران خۆی نمونەی زەقی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیزم لە ناوچەدایە، بەڵام بە زۆر هۆکارەوە، دەکرێ لە داهاتوودا وەک نمونەی دەوڵەتێکی شکستخواردوو پێشبینی بکرێت و لە ئەگەری ڕوودانی ئەم دۆخە، دوور نابێ ئاجێندای سیاسیی ئیسلامیزمی سوننەش ببێتە یەکێک لە ئەکتەرە سیاسییەکان.

خاڵێکی تری جێگای سەرنج؛ ئیسلامیزم جیا لەوەی لەگەڵ بزوتنەوە ئازدیخواز و سێکۆلارەکان ـ کە بزوتنەی کوردیش هەم وەک نەتەوە و هەم وەک گەل بەشێک لەم بزوتنەوانەیە ـ جیاوازیی هەیە، ئایدۆلۆژیایەکە لە سەر بناغەی گەڕاندنەوەی پیرۆزی[٢] خوازیاری جێگۆڕکێ کردنی نەزمی جیهانی سێکۆلار، لەگەڵ دارولئیسلامێکی ئیسلامیزەکراودایە. ئەم ئایدۆلۆژییە وەک فۆرمێکی سیاسی لە جیاتی پیرۆزگرتنی چەمکە نەتەوەیی و بەها گەردوونییەکان، لە سەر پیرۆز بوونی چەمکی ئایینی و گرینگیی شەریعەت پێداگری دەکات. لەلایەکی ترەوە کێشەی ئیسلامیزم لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی دەگەڕێتەوە سەر هاوتەریبییەک کە ئیسلامیزم و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد هەیانە. لە هەر سێ بەشی کوردستان و لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئیسلامیزمیش وەک ئەکتەرێکی نا ـ دەوڵەتی خۆی لەگەڵ ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی تر وەک ڕکابەر دەبینێ. بەڵام جیاوازییەکی گەورە لەم ناوەدا هەیە، کوردایەتی وەک ئینتمایەکی سیاسی بۆ خاک و نیشتمان لە دەسپێکی دامەزرانیەوە- سەرەڕای ئەوەی ئاییندارەکانیش تێیدا بەشداربوون- بزوتنەوەیەکی سێکۆلار و پابەندی نۆرمە جیهانی و مافخوازەکان بووە.

## پارادۆکسەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی و ئیسلامیزم

لە سێ ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی قووڵی بە خۆیەوە بینیوە و لانیکەم شایەتحاڵی چەن وەرچەرخانی بنەڕەتی لە دیسکۆرسی سیاسی لە ناو ئێران و کوردستان بووە. هاوکات ڕوانگەی تاکەکانی کۆمەڵگاش سەبارەت بە ئایین، ناسێنە و شێوازی خەبات یان تەنانەت باوەڕ بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی پرسی کورد، گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هاوکات لە گەڵ ئەمە، لە پەراوێز مانەوەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئاڵوگۆڕە توند و تیژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، وای کردوە لە دۆخی چالاکی کەمی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بیرۆکەی نوێ و ڕێکخراوەی نوێ لە پانتای سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا چالاکی بنوێنن. ئەم دۆخە وای کردوە هەژمۆنی سیاسیی حیزبە کوردییە سێکۆلارەکان بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئیسلامیزم و بەشێک لە داینەمۆی کوردی دابەزێت و هاوکات لەگەڵ لایەنی ڕکابەریش تووشی بەربەرەکانێ بن. دۆخی لێکترازانی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و پاشاگەردانیی پانتای ڤێرچوال(مەجازی)، ئەم دۆخەی زەقتر کردووەتەوە. بە گەڕانەوە بۆ پرسیاری سەرەکیی ئەم نوسراوەیە، بزاڤی کوردی پێویستە لەگەڵ ئەم دۆخەدا چۆن هەڵسوکەوت بکات؟

بێگۆمان بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە، گرێدراوی هەڵسوکەوتی هێزە نەتەوەیی ـ سێکۆلارەکانی کورد لەگەڵ یەکترە. پێداگری لەسەر ئەم دووە بە واتای پێویستیی لێک نزیکبوونەوەی ئەم هێزانە و دەرهێنانی هەلو دەرفەتی گەشەی ئیسلامیزم لە پانتای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر چەشنە قەڵشتێک لەناو ئەم هێزانە، دەتوانێ وەک دەرەفەتێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی بەرەی نەتەوەیی ـ سێکۆلار ببینرێت. بەشێکی تری ئەم وەڵامدانەوەیە گرێدراوی جومگەبەندیکردنی دیسکۆرسێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی هێزە نەتەوەیی ـ سێکۆلارەکانە. هزری سیاسی بە تەنیایی سەبارەت بە بینینی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی کوێرە و پێویستە واز لە ڕوانگەی گشتگیری خۆی سەبارەت بە کورد وەک کۆمەڵگایەکی هاوچەشن و یەکگرتوو بێنێ. بەم تێبینیەوە، هێزە سیاسییەکانی کورد، دەتوانن هاوکات لەگەڵ بینینی کێشە سیاسییەکانی کورد، کۆمەڵگای کوردی بە تەواوی جیاوازییەکانیانەوە، وەک موسوڵمان، شیعە، یارسان و سوننە و لاییک یان ئاتەییست ببینن. گرینگی پێدانی جیاوازییەکان دەرفەتی جومگەبەندیکردنی دیسکۆرسێکی گشتگیرتر سەبارەت بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەخولقێنێ و هاوکات بەستێنی ڕکەبەرایەتیی زەقی ناو هێزە نەتەوەیی-سێکۆلارەکانیش کەم دائەبەزێنێ.

جومگەبەندیکردنی ئەم دیسکۆرسە پێویستە هاوکات لە گەڵ ئەوەی بە خەستی لە سەر سروشتی سیاسیی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێداگری بکات و ناسنامەی کوردی بە بنەما بگرێت، بەڵام بەو تێبینییە کۆمەڵناسانەیەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، پێویستە کێشەی کورد وەک مژارێکی سیاسیی جەوهەرخوازانە سەیر نەکات. ئاماژە بەم خاڵە بۆیە پێویستە کە لەم چەن ساڵەی دواییدا هەندێک هەوڵ بۆ هەژمون کردنی زات خوازییەکی میتۆدۆلۆژیک سەبارەت بە کورد و کێشەی کورد لە ئارادان و بەم ڕوانینیەوە هەوڵ ئەدرێت خوێندنەوەیەکی نا-کۆمەڵناسانە و نا ـ مێژوویی بۆ کۆمەڵگای کوردستان بکرێت. ئەم خوێندنەوەیە هاوکات کە مژارێکی دەرەوەی مێژوو و کۆمەڵگای کوردستانە، هەوڵدانێکیشە بۆ دابڕانی نەریتی بزاڤی کوردی لە لایەنی سۆسیالیست و دادپەروەریخوازیی خۆی. لە ئەگەری بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ هەژمۆنکردنی ئەم ڕوانگەیە، نەریتی سیاسیی سێکۆلای کوردی، هێزەکانی خۆی پێشکەش بە ئیسلامیزم دەکا.

دروستکردنی ئەم دیسکۆرسە بۆ دابەزاندنی هێز و توانای ئیسلامیزم، گرێدراوی لەبەرچاوگرتنی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ تەواوی هێزە کوردستانی و سێکۆلار و پێشکەوتنخوازەکانە. ئەوە گومانی تێدا نییە کورد وەک هەمو نەتەوەیەکی تر، مافی دیاری کردنی چارەنووس و دامەزرانی دەوڵەتی هەیە و پێویستە ئاسۆی دووری سیاسیی کورد هەر لەسەر ئەمە دابمەزرێ، بەڵام دژایەتیی ڕاستەوخۆی زلهێزە جیهانییەکان لەگەڵ سەربەخۆییی کوردستان لە ساڵی ۲۰۱۷ و پیلانگێڕییەکانی ڕووسیا و

ئەمریکا لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەبێ وەک ئەزمونێکی گرینگ بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرنجی پێ بدرێ. لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە بۆشاییەکی هێز لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە ئامانجی هێزە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان و لەلایەکی تریشەوە دەتوانێ ببێتە مەیدانی هێزە ئیسلامیستەکانی کوردستان. لە نێوان ئەم دووە- ئەگەر بگۆڕی تر لەبەر چاو نەگیرێت- بەدیهێنانی سەروەریی نەتەوەیی کورد تەنیا لە ڕێگای گرینگی پێدانی هاوپەیمانی لەگەل هێزە کوردییە سیکۆلارەکان و هەندێک لە چەپی ئەتنیکەکانی ترەوە ئیمکانی دەبێ. بۆیە پێویستە لە دەرەوەی هەندێک تێڕوانینی تەنگی پەیوەندیدار بە حیزبایەتی، کورد بتوانێ دیسکۆرسێک جومگەبەندی بکات کە هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بتوانن خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

## ئاکام

بە پێی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردی و قەڵشتەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەیەکی ئاڵۆزە. ئەم پرسە جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندخوازی ئێرانی، لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ هێزێکی تر خەریکی ڕووبەڕوو بوونەوەیە کە باوەڕێکی بە چەمکی سەرەوەریی گەل یان نەتەوە نییە و لە هەوڵی ئەوەدایە بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامیزم و لە ژێر ناوی دین و بە ڕێگای دامەزراندنی شەریعەتەوە، دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر کات. ئەم ویستە وەک بەردی بناغەی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیزم لە ناو هەر دوو ڕەوتی ئیسلامی ڕادیکال و ڕیفۆڕمیست و هەر وەها لەناو هەر دوو نمونەی شیعە و سوننەکەی بە ڕوونی ئەبینرێت. لە دۆخی ئەمێستاکەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسلامیزم بە یارمەتیی ئیخوانی جیهانی و کەڵک وەرگرتن لە هاسانکاریی بە ئەنقەستی دەسەڵاتی ئێرانی، لە هەوڵی ئەوەدایە پانتای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە دەست. گەشەکردنی ئەم هەوڵدانە لە داهاتوودا ئەتوانێ لە ڕێگای ڕێوشوێنی ئایینیەوە خەباتی کورد وەک بزاڤێکی سێکۆلار بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی. ئەم ئایدلۆژییە سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵگایەک، هەڵگری تایبەتمەندییەکی نەگۆڕە؛ ئەویش جیبەجێ کردنی یاساکانی شەریعەت لە پێناو دامەزراندنی سەروەریی خوایە. هەر چەند کورد لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، لەناو خۆی ڕووبەڕووی ئەزمونێکی لەم چەشنە بوویەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیی ئیسلامیزم دوای ٤٠ ساڵ بە تەفسیری نوێ، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی یۆتۆپیای ڕابردوو و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی نوێ، هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە چڕتر کردۆتەوە. هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئایدۆلۆژییە، پێویستی بە ئایدۆلۆژییەکی کراوەی نەتەوەخواز و پێشکەوتنخواز هەیە کە بتوانێ جومگەکانی کۆمەڵگا لێک گرێ بداتەوە. لە دۆخی ئەمێستاکە و داهاتوودا، تەنیا یەکڕێزیی هێزە نەتەوەیی ـ سێکۆلارەکان و دەرباز بوون لە قەیرانی ئێستاکەی سیاسەت لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەتوانی مەترسیی ئەم ئایدۆلۆژییە کەم بکاتەوە.

## پەراوێز

[1]. God sovereignty

[2]. return of the sacred


. Bunzel, Cole. Frome Paper State to Cliphate: The ideology of the Islamic State. Analysis Paper, Center for Middle East Policy at Brookings, Brookings, 2015, 48.

. Efraim Inbar, Hillel Frisch and, ed. Radical Islam and International Security:Challenges and responses. New York: Routledge, 2008.

. Mozaffari, Mehdi. «What is Islamism? History and Definition of a Concept.» Totalitarian Movements and Political Religions (Taylor & Francis) 8, no. 1 (2007): 17-33.

. Roy, Olivive. The Failure of Political Islam. Translated by Carol Volk. Massachusetts: Harvard University Press, 1994.

# بەخوابوونی مرۆڤ... بەمرۆڤبوونی خودا

## (لە نێوان سەلەفییزم و عیرفاندا، دوو جۆر خودا،  دوو جۆر دونیا)

موحسین ئەدیب*

"خودا و ئایین دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، هەموو ئایینەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان گرێ دەدرێنەوە بەخودایەک لە خوداکانەوە. بۆیە کاری نەکردەیە لە ئایین تێبگەیت تا لە جۆری خوداکەی نەگەیت، چونکە جۆری خودا و ڤیژن(بینین)مان بۆ خودا، ماهییەتی ئایینەکانمان بۆ مانیفێست دەکات، بەمانایەکی دی، خودا سەرەکیترین و بنەڕەتیترین کۆد و کلیلی تێگەیشتنە لە ئایین و لە ئاییندارەکانیش، واتە ئەگەر بتەوێت ئایین و ئاییندارێک بناسیت سەرەتا پێویستیت بەناسینی خوداکەی هەیە"

## له بری پێشەکی

بۆ تێگەیشتن لە هەر کایە و دیاردە و گوتارێک پێویستیمان بە کلیلێک یان کۆدێک هەیە، تێکرا تەماشاکردنی گوتارێک بەشێوەیەکی کوللی لە گەوهەری گوتار و کایەکە نەک نزیکمان ناکاتەوە، بەڵکوو دوریشمان دەخاتەوە و دەمانخاتە دۆخێکەوە کە نە لە زاهیر و نە لە باتنی شتەکە تێنەگەین.

لە و ڕووەشەوە کە خودا و ئایین دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، هەموو ئایینەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان گرێ دەدرێنەوە بەخودایەک لە خوداکانەوە. بۆیە کاری نەکردەیە لە ئایین تێبگەیت تا لە جۆری خوداکەی نەگەیت، چونکە جۆری خودا و ڤیژن(بینین)مان بۆ خودا، ماهییەتی ئایینەکانمان بۆ مانیفێست دەکات، بەمانایەکی دی، خودا سەرەکیترین و بنەڕەتیترین کۆد و کلیلی تێگەیشتنە لە ئایین و لە ئاییندارەکانیش، واتە ئەگەر بتەوێت ئایین و ئاییندارێک بناسیت سەرەتا پێویستیت بەناسینی خوداکەی هەیە.

ئەوانەی بڕوایان بەدونیای میتافیزکا و غەیبانیەت هەیە بە دوو شێواز مامەڵە لە گەڵ خودادا دەکەن:

یەکەم: بەمرۆڤکردنی خودا. ئەمەش زیاتر لای ئایینە ئاسمانییەکان یان ڕاستتر»ئیبراهیمییەکان« بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرجەستە دەبێت.

دووەم: بەخوابوونی مرۆڤ: ئەمەش زیاتر لای ئەو ئایینانە بەرجەستە دەبێت کە بەئایینی «زەمینی» ناسراون، وەک ئایینەکانی بودی و هیندۆسی و تاوی و کۆنفۆسیۆسی و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر و ئەو ڕەوتە عیرفانیانەی کە لە ناوەندی ئایینە» ئیبراهیمییەکان «دا دەرکەوتوون.

بەگشتی لە هەر دوو بارەکەدا دوو خاڵ گرنگیی ئەم باسە دەسەلمێنێت:

**١** مرۆڤ، یان لانی کەم بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان، ناتوانن پشت لە مەسەلە غەیبی و میتافیزیکییەکان بکەن. بۆیە گرنگە بەجۆرێک میتافیزیکا تەوزیف بکەین کە لە خزمەتی مرۆڤ و پێکەوەژیانیدا بێت، نەک بەپێچەوانەوە.

**٢** لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ مەسەلەیەکی گرنگە، هەر شارستانییەتێک دوور بێت لێی ڕووبەڕووی تەنگەژەی دەروونی و ئەخلاقی قووڵ دەبێتەوە. بۆیە دەبێت گرنگی بە لایەنە ڕۆحییەکان بدرێت بۆ دەرچوون لە تەنگەژە هەنووکەییەکان. واتە ناتوانین واز لە پێویستییە ڕۆحییەکان بهێنین، بۆیە لە بری ڕەتکردنەوەی خودا و ئایین، پێویستە ڤیژنمان بۆ خودا و ئایین بگۆڕین. لێرەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەسەلمێنێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری تانوپۆی بابەتەکەش، بەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوەدا دابەشی دەکەین:

**یەکەم:** خودا لە نێوان دەرگا و پەنجەرەکەی ئیمانوێل کانتدا.

**دووەم:** خودای ئاییندار و خودای بێ ئایینەکان!

**سێهەم:** پێغەمبەران و پرۆسەی نەویکردنەوەی خودا، یان بەمرۆڤکردنی خودا!

**چوارەم:** پیاسەکردن لە گەڵ خودادا، لە پێنا و بەخودابوونی مرۆڤدا.

**پێنجەم:** بێ شوناسیی خودا و بەخودابونی مرۆڤ

**شەشەم:** دەرکەوتەکانی بەخودابوونی مرۆڤ لای سەلەفییەکان

## یەکەم: خودا لە نێوان دەرگا و پەنجەرەکەی ئیمانوێل کانتدا

هەڵبژاردنی ئەم سەبتایتڵە بەئەنقەست و زیاتر لە پێناو کورتبڕینەوەی ئەو جەدەلەیە کە لە نێوان بڕوادار و بێ بڕواکاندا هەیە، سەبارەت بەوەی ئایا خودا هەیە یان نییە؟ ڕەنگە دێرینترین و هاوکات تازەترین و ڕەنگە ئەبەدیترین موناقەشە، لە سەر وڵامی ئەم

پرســـیارە ئەنجام درابێـــت و بدرێت. ئەوانەی بڕوایـــان پێی نییە زۆرترین بەڵگەی عەقڵییان ڕیزکـــردووە بـــۆ نەبوونی، بەپێچەوانەشـــەوە بڕوادارەکانیش چەندین بەڵگەیان هێناوەتەوە بۆ بوونی خـــودا. بەڵام توێـــژەر ڕای وایە کە بوون و نەبوونی خودا مەســـەلەیەک نییە لە ڕێـــگای کایەی عەقڵییەوە بســـەلمێت، واتە هەموو ئەو بەڵگـــە عەقڵیانەی بۆ بوونی خودا دەهێنرێنەوە، دەشـــێت هەمان ئەو بەڵگانەش بۆ نەبوونـــی بهێنینەوە، واتە لـــە یەک کاتدا بەڵگـــە عەقڵییەکانی بوونی خـــودا، بەڵگەی نەبوونی خوداشـــن. بۆیە ئـــەو بڕوادارانەی لە ڕێگای عەقڵەوە بەشوێن خودادا دەگەڕێن، بەڵگـــەی ئەوەیە کە بڕوایان بەبوونی خودا نییە، یان لانـــی کەم گومانیـــان لە بوونی خودا هەیە! بـــەم پێیە، ئەوەی دەیســـەلمێنێت کە بڕوادارێک بە ڕاســـتی بڕوای بە بونی خودا هەیـــە، ئەوەیـــە کـــە بەڵگەی عەقڵـــی بۆ بوونـــی نەهێنێتەوە. هەر لێرەوەیە فەیلەســـووفێکی بوونگـــەرای بـــاوەڕداری وەک (کیێرکێـــگارد) جەخـــت لە وە دەکاتـــەوە کە ناســـینی خودا لـــە ڕێگای لۆژیکـــی عەقلییەوە ئەستەمە .

بەڵام ڕەنگە زیاتر لە هەر فەیلەسووفێک (ئیمانوئێـــل کانـــت) ئەم مەســـەلەیەی زۆر بەجوانی یەکلایی کردبێتەوە و چارەسەرییەکی لۆژیکیـــی بۆکردبێت. ئەو پێـــی وایە کەخودا بەعەقڵ ناســـەلمێنرێت، بەڵام ناشـــکرێت لە ڕووی لۆژیکییەوە بڕوامان بەسەرەتای بنەڕەتی نەبێـــت کە کانت بە «بوونەوەری بنەڕەتی یان باڵا-- تراسینندال» ناوی دەبات، یان ئەوەی ئەرەستۆ بە هۆکاری یەکەم (العلة الاولي) ناوی دەبات، هەندێ فەیلەســـووفی موسوڵمانیش بە(الواجب الوجود) گوزارشتی لێ دەکەن.

> هەڵبژاردنی ئەم سەبتایتڵە بەئەنقەستەت و زیاتر لە پێناو کورتبڕینەوەی ئەو جەدەلەیە کە لە نێوان بڕوادار و بێ بڕواکاندا هەیە، سەبارەت بەوەی ئایا خودا هەیە یان نییە؟

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرەنجە، «کانت»، لـــە چوارچێـــوەی ڕوونکردنـــەوەی هەردوو چەمکـــی «نۆمین و فینۆمینـــۆ»دا زەربەیەکی گـــەورە دەدات لـــە خودای کڵێســـا و ئایینە ئیبراهیمییـــەکان بەگشـــتی، هـــەر بۆیەش کڵێســـا نەفرەت لـــە م فەیلەســـووفە مەزنە دەکەن و قەشەکان وەک سووکایەتی کردن، ســـەگەکانیان ناودەنێن«کانـــت»، بێگومـــان چارەســـەریی کانت بۆ بوون و نەبوونی خودا وای لە بەشـــێک لە «کانت ناســـان» کردووە بڵێن: «کانت لە دەرگای پێشەوە خودای کردە دەرەوە، بەڵام لە پەنجەرەوە هێنایەوە ژوور».

## دووەم: خـــودای ئایینداری و خودای بێ ئایینەکان!

بەمەبەســـت لە سەرەوە ئاماژەم بەخوداکـــەی «کانـــت» کـــرد، چونکـــە ئەمـــە دەلاقەیەکـــی بەسوودە تا زیاتر چەمکی خودا وەردبکەینەوە، چونکە ڕەنگە ئەو خودایەی کانت خاڵی هاوبەشی نێوان زۆرێک لـــە ئاینداریەکان و بـــێ ئایینـــەکان بێت، چونکە زۆرێک لـــە بـــێ ئایینەکانیش کێشەیان لە گەڵ ئەم خودایەدا نییە، کـــە ئەشـــێت بەخودای بەدیهێنـــەر «خالـــق» ناوی ببەیـــن، هەر بە نمونە عەرەبە موشـــریکەکانی پێش ئیسلام و سەروەختی ئیســـلامیش بڕوایان بەمجۆرە لە خودا هەبووە، وەک ئەوەی خودی قورئان دان بەوەدا دەنێت کە عەرەبە موشریکەکان بڕوایان بەخودای «خالق» هەبووە: «وائِن سَـــاَلْتَهُم مَنْ خَلَـــقَ السَـــمَاواتِ والاَرْضَ لیقُولُـــنَ اللهُ)، واتە ئەگەر پرســـیاریان لێبکەیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروســـتکردووە؟ پێـــت ئەڵێن خودا. بەهەمـــان شـــێوە هەندێـــک لـــە خەڵکە بێ ئایینەکانی ڕۆژئاواش کێشـــەیان لە گەڵ ئەم خودایەدا نییە، بەنمونە ئەرەستۆ ناوی لێ ناوە

جووڵێنەر یان هــۆکاری یەکەم(العلە الاولی)، یان ئــەوەی هەندێــک زانا و فەیلەســووف بەهێــزی پەنهانی لەقەڵەم دەدەن، ئەمە جگە لە وەی عاریفەکانیش خودا بە «هو» واتە «ئەو» ناودەبەن.

بــەڵام ئەوەی ئــەم خــودا بەدیهێنەر و جوڵێنەری یەکەم و هێــزە پەنهانە و «هو»ی عاریفــەکان لە خــودای ئایینــدارەکان جیا دەکاتــەوە (جیاکەرەوەیەکــی بنەڕەتیشــە)، بریتییە لە وەی خودای ئاییندارەکان ناسراوە و شوناســی هەیــە و جێــگا و مەکانێکــی دیاریکراویــان بۆ دەسنیشــان کــردووە کە ئاســمانە، بەڵام خودای بــێ ئایینەکان، یان «خودای فەیلەســووف و عاریفەکان» نەناسراو و بێ شوناسە «یان شوناسێکی سرکی هەیە»، ئەم شوناســداری و بێ شوناسییەی خوداش کاریگەریی زۆری هەیە لە تێڕوانینی ئاییندار و بێ ئایینەکان «فەیلەسووفەکان»، بۆ جۆری خودایەتیی خودا کە دواتر ڕوونتردەبێتەوە.

## ســێیەم: پێغەمبــەران و پرۆســەی نەویکردنەوەی خودا، یان بەمرۆڤکردنی خودا

ڕەنگە کاری سەرەکیی پێغەمبەران بەدیوێکدا هیچ نەبێــت جگە لە هێنانە خوارەوەی خودا بۆ ســەر زەوی، کاتێکیش خودا دێتە ســەر زەوی ئیدی دەبێتە هەڵگری هەموو خەسڵەت و ئەدگارەکانــی مرۆڤ، واتــە دەبێتە خاوەنی هەست و سۆز، ڕق و خۆشەویستی و هەڵگری سەرجەم ســیفەتە مرۆییەکان. هەر لێرشەوە ئەم جۆرە لــە خودا لە زیهنیەتــی مرۆڤەوە نزیکە و زۆر سانا لێیی تێدەگات، هەر ئەمەش ڕاڤەی ئەو دۆخەمان بۆ دەکات کە دواکەوتەی پێغەمبەران زۆر و زەوندن، بەڵام دواکەوتەی خودای فەیلەسووف و عاریفەکان زۆر کەمن، چونکە تێگەیشــتن لە خودای فەیلەسووف و عاریفەکان ئاسان نییە.

لێــرەوە لــە وە دەگەیــن کــە خودای ئایینــدارەکان بەتەنهــا بەدیهێنەر(خالــق) نییــە، بەڵکــوو (رب) واتــە بەرپرســمانە و ئاگاداریشمان دەبێت، واتە بەتەنها گەردوون و مــرۆڤ و بونەوەرەکانی دیکەی دروســت نەکردوە، بەڵکوو بەخێویشمان دەکات، ئاگای لێمــان دەبێت، نزاکانمان لــێ وەردەگرێت، کێشــەکانمان بۆ چارەســەردەکات، دۆستی دۆســتەکانمانە و دوژمنــی دوژمنەکانمانە. بەکورتــی ئەم جۆرە لە خودا(رب) ئەشــێت لە باشــترین دۆخــدا خاوەنکارێکی بەهێز و دەوڵەمەنــد بێت، هەر کەســێک لە گەڵیدا باش بێت لە گەڵیدا باش دەبێت و پاداشــتی دەکات، هەر کەســێکیش گوێڕایەڵی نەبێت لە گەڵیــدا خراپ دەبێت و ســزای دەدات و نەفرەتــی لێ دەگرێت، بۆ نموونە ســەیر بکەن مەسیحییەکان گرنگی بە خودای کوڕ دەدەن، نــەک خودای باوک، چونکە خودای کوڕ دەناسن بەڵام خودای باوک ناناسن، بۆیە زۆر گرنکیی پێنادەن.

ئەگــەر تێبینــی بکەین ئەم جــۆرە لە ئاییندااران(دواکەوتەی پێغەمبەران) ئەگەرچی خۆیان بە دۆست و پیرۆزکەری خودا دەزانن و پێیان وایە خواپەرســتی ڕاستەقینە ئەوانن، بەڵام لە ڕاستیدا بیانەوێت یان نەیانەوێت، پێ بزانن یان نەزانن، لە شکۆی خودایان هێناوەتە خوارەوە و خودایان لە خودابوون خســتووە و کردوویانەتە سوپەر مرۆڤێک کە خاوەنداریمان لــێ دەکات، واتــە «مولی»مانــە، مــادام خاوەنیشمانە بۆیەش دەبێت پەرستراو(معبود) بێت، واتە ملکەچی بین. بەم پێیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کــە خــودای بەدیهێنەر(خالق) لە گەڵ خودای بەرپــرس(رب) و خاوەن(مولی) و دواجــار خودای پەرســتراودا جیاوازییەکی زۆری هەیە، لە یەکەمیاندا بەتەنها بەدیهێنەرە و ئیــدی ئازاد و سەرپشــکی کردوین. بەڵام خودا بەمانای ڕەب و مەولا و مەعبود، کۆتمان دەکات و دەبێــت بە و جۆرە هەڵســوکەوت بکەین کە ئەو دەیەوێت.

## چوارەم: پیاسەکردن لە گەڵ خودادا، لە پێنا و بەخودابوونی مرۆڤدا

لە ڕووکەشـــدا بەخشـــینی ســـیفاتی مرۆیی بەخودا لای ئوســـوولی و ســـەلەفییەکان و دینداره تەقلیدییەکان و لە پێناو بەخشـــینی عەزەمـــەت و پیرۆزییـــە بەخودا، بـــەڵام لە گەوهەردا وەرگرتنەوەی عەزەمەت و پیرۆزییە لـــە خودا، چونکە کاتێک خودا هێندە ســـادە دەکەیتەوە و دەیهێنیتە ســـەر زەمین، ئیدی لە خودابوون دەکەوێت، مادام لە خودابوونیش دەکەوێـــت دواجار هیچ چارەنوســـێکی نییە جگـــە لە بەمرۆڤبوون، مادامیش وابوو، کەواتە دەبێتە هاوڕێ و ڕۆژانە دەســـت و پەنجەی لە گەڵدا نـــەرم و ڕەق دەکەین، تارادەی ئەوەی دەتوانیـــن قۆڵ بکەین بە قولێدا و پیاســـەی لەگەڵـــدا بکەین، بـــەو جۆرەی لـــێ بکەین کـــە خۆمـــان دەمانەوێت (یان ڕاســـتتر بڵێم دەســـەڵاتی ئایینی دەیەوێت)، چونکە کاتێک خـــودا دەکرێتە مـــرۆڤ، ئیـــدی بەخوابوونی مرۆڤیش ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ بەدوای خویدا دەهێنێت.

هەر لێرەوەیە، بۆ نمونە لە ئایینی ئیسلامدا ئایەتەکان هۆکاری دابەزینی (اسـباب نزول) یان هەیە و بەگشـــتی بەو جۆرە دابەزیون کە بەرژەوەندیی پەیامبەری ئیسلام و موسوڵمانە دەســـەڵاتدارەکانی بەرجەستە کردووە، ڕەنگە لەم ڕووەوە ئەو قسەیەی عائیشەی هاوسەری پەیامبەری ئیسلام باشـترین بەڵگە بێت کە دەڵێت: «مَا اَرَی رَبکَ اِلا یُسَـارِعُ فِی هَواکَ» واتـــە: «ئەبینم هەمیشـــە خواکەت زۆر خێرا هەموو ئارەزووەکانت بۆ دێنێتە دی» .

بێگومان بەڵگەی تر زۆرە لە ســـەر نەک بەخودا بوونی پەیامبەری ئیســـلام، لە وەش زیاتر هەندێک پێدراو هەیە دەیسەلمێنێت کە پەیامبەر لە خودا گرنگترە لای موســـوڵمانان، هـــەر بە نمونە ئاســـاییە موســـوڵمان کاتێک ناوی خودا دەهێنێت، هیچ شـــتێک نەڵێت لە نمونەی (جل جلاله)، بـــەڵام زۆر بەدەگمەن دەبینیت موسڵمانێک ناوی موحەمەد بهێنێت و بەدوایدا نەڵێت(صلی الله علیه وسلم). ئیدی با ئەو ئایەتانەش بوەستێت کە هەمیشە ناوی پەیامبەر بەدوای خـــودادا هاتووە، لە نمونەی ئایەتەکانـــی «ومـــن لم یؤمن بالله و رســـوله فإنا اعتدنا للکافرین ســـعیر» و» و اطیعوا الله ورسوله ولا تنازع و فتفشلوا «،....هتد.

بێگومـــان مەترســـیی ئەم خاڵـــە لەوەدا تۆختردەبێتەوە کە ئـــەم بەخوابوونەی مرۆڤ بەتەنها لە کەســـایەتیی پەیامبەری ئیسلامدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو زۆر سانا دەسەڵاتدارە ئایینـــی و سیاســـییەکانی دونیای ئیســـلام بەخودا بوونیان مومارەســـە کردووە، واتە ئەو شوناســـەیان بەخۆیان بەخشـــیوە کە پێشتر بـــە خودایان بەخشـــیوە، ئەمـــەش یەکێک لـــە هۆکارەکانی نـــەک بەتەنهـــا ئەنجامدانی توندوتیژیی زۆروزوەندە لە مێژو و ئێســـتای دونیـــای ئیســـلامدا، بەڵکـــوو خـــودی ئەو توندوتیـــژی و کاولکارییـــەش بەعیبادەتـــی پەتـــی لە قەڵـــەم دەدەن و بەهۆکاری چوونە بەهەشتی دەزانن. ئەم شەرعییەت بەخشینە ئیلاهییـــەش بەتوندوتیـــژی، خاڵـــی دیاری جیاکەرەوەی توندوتیژیی ئیسلامییە سەلەفی و ئوسوولییەکانە لە توندوتیژیی خەڵکانی دی و دواکەوتەی ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی وەک نەتەوەگەرایی و چەپگەرایی و ئەوانی دیش.

## پێنجەم: بێ شوناسی خودا و بەخودابونی مرۆڤ

ئە و خاڵە گەوهەرییەی خودای ئوسوولییەکان (ئەهلی حەدیس و سەلە لە فییەکان و قاعیدە و داعشـــەکان و...) لە خودای فەیلەســـووف و عاریفەکان(گـــوورووەکان) جیادەکاتـــەوە، بریتییە لە شوناســـی خـــودا، بەجۆرێک لای ئوســـوولییەکان شوناســـی خـــودا ناســـراوە، بـــەڵام لای فەیلەســـووف و عاریفەکان خودا شوناســـێکی سرک و نائاشـــکرای هەیە، یان وردتر بڵێم خودای ئوسوولییەکان بەجۆرێکە،

له توانادایه  بخرێته چوارچێوەی زمانەوە، واتە بەزمان گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام خودای عاریف و فەیلەسووفەکان لە وە زۆر سرکتر و بێ شوناسترە کە بە کەرەستە بێ تفاقەکانی زمان پێناسەبکرێت، یان کاتێکیش بە زمان باسی دەکەن شوناسەکە ئاڵۆزتر دەکەن. ڕەنگە ئەمەش ڕاڤەی ئەو دۆخەمان بۆ بکات کە خودای پێغەمبەرەکان زۆرترین دواکەوتەی هەبێت و خودای عاریفەکان کەمترین دواکەوتە وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە.

بەڵام ئەم بێ شوناسییەی خودا لای عاریفەکان، بەو مانایە نییە، کە ئەوان مامەڵە لە گەڵ خودادا ناکەن، یان خودا ناناسن، ئەوان دەیناسن بەڵام ناتوانن لە چوارچێوەی زماندا بەخەڵکی ئاسایی بناسێنن، عاریفەکان پێیان وایە بۆشایی نییە لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت مرۆڤ و ئەوەی پێی دەوترێت خودا . بە و مانایەی مرۆڤ توانای بەخودا بوونی هەیە، بەڵام مەبەست لە بەخودابوونی مرۆڤ، بریتییە لەوەی کە مرۆڤ لە ڕێگای هەندێک ڕاهێنانی ڕۆحی و پرۆسەی خۆپاککردنەوە و کوشتنی «ئیگۆ»وە دەگاتە ئاستی خودا، واتە لە زاتی خودادا حلول دەکات، وەک ئەوەی بودییەکان پێیان وایە «بودا» گەیشتووەتە قۆناغی خودا بوون، هەروەها «کریشنا»ش بەهەمان شێوە. هەندێک لە سۆفییە موسوڵمانەکانیش پێیان وایە «بایەزیدی بەستامی» گەیشتووە بەهەمان قۆناغ و «حەللاج»یش لە سەر هەمان بانگەشە شەهید دەکرێت. واتە بەخوابوونی مرۆڤ زیاتر لای ئەو ئایینانە بەرجەستە دەبێت کە بەئایینی «زەمینی» ناسراون، وەک ئایینەکانی بودی و هیندۆسی و تاوی و کۆنفۆسیۆسی و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر و ئەو ڕەوتە عیرفانیانانەی کە لە ناوەندی ئایینە»ئیبراهیمییەکان»دا دەرکەوتوون، لە نموونەی «غنوسییەت» لای مەسیحییەکان و تەسەوف لای موسوڵمانەکان.

بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین ئەم بەخوابوونەی مرۆڤ لای عاریفەکان تەواو بە پێچەوانەی بەمرۆڤبوونی خودایە لای ئوسوولییەکان، ڕاستە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوکیان خودایە، بەڵام ئوسوولییەکان خودا دادەبەزێنن بۆ ئاستی مرۆڤ، واتە خودابوون یەکسان دەکەن بە مرۆڤبوون، بەڵام عاریفەکان مرۆڤ بەرزدەکەنەوە بۆ ئاستی خودابوون. لێرەوە لە یەکەمیاندا بەخودابوونی مرۆڤ زۆر سانا دەبێت و زۆرێک لە مرۆڤەکان توانای بەخودا بوونیان هەیە، بەڵام لای عاریفەکان بەخودا بوونی مرۆڤ کارێکی زۆر قورسە و تەنها لە توانای ئەو مرۆڤانەدایە کە لایەنە ئاژەڵییەکانی مرۆڤبوون تێدەپەڕێنن و لایەنە ڕۆحییەکانی مرۆڤبوون دەرک دەکەن و گەشەی پێ دەدەن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئوسوولییەکان لایەنە ڕۆحییەکانی خودابوون سڕدەکەن و لایەنە ئاژەڵییەکانی گەشە پێدەدەن، بەکورتی عاریفەکان خودا بڵند دەکەنەوە، بەڵام ئوسوولییەکان نەویی دەکەنەوە، ئەمەش گەوهەری جودایی خودای عاریفەکان و خودای ئوسوولییەکانمان بۆ ڕاڤە دەکات.

بەم پێیە، خودای ئوسوولییەکان هەڵگری دوالیزمەی ڕق و خۆشەویستییە، واتە خودای ئوسوولییەکان ڕقی لە دوژمنەکانیەتی و دۆستەکانی خۆش دەوێت، هاوکاریی ئەوانە دەکات کە گوێرایەڵی دەکەن و دژی ئەوانەیە کە لە فەرمانەکانی لادەدەن. بەڵام خودای عاریفەکان یەکە و دوو نییە و لە مرۆڤ جودا نییە و بڕوایان بەیەکێتیی بوون(وحدة الوجود)

> **زۆر سانا دەسەڵاتدارە ئایینی و سیاسییەکانی دونیای ئیسلام بەخودا بوونیان مومارەسە کردووە، واتە ئەو شوناسەیان بەخۆیان بەخشیوە کە پێشتر بە خودایان بەخشیوە**

هەیە، ئەوان پێیان وایە ناشێت لە زاتی خودادا هەم ڕق هەبێت و هەمیش خۆشەویستی، خودا لای ئەمان خودی خۆشەویستییە و بەس، ئەو لە ئاسمان نییە، لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ کوێش نییە، ئەو نە چۆنێتیی هەیە و نە حەیسییەت و نە شوێن . بێگومان وەک ڕوونە کاتێک چۆنێتی و شوێن و گەوهەری خودا نادیار بوو، ئەو کات بەخودابوونی مرۆڤ(ئەگەرچی لە توانای هەر مرۆیەکیشدا بێت ببێتە خودا واتە حلول بکات تێیدا وەک عاریف و سۆفییەکان دەڵێن) کارێکی زۆر ئەستەم دەبێت، کاتێکیش مرۆڤ لە ڕێگای حلولە وە(بەزمانی سوفییە عاریفەکان) دەبێتە خودا، ئەو کات ئەم بەخودابوونەی عاریفەکان تەواو جودایە لەو بەمرۆڤبوونەی خودا کە سەلەفییە ئوسوولییەکان مومارەسەی دەکەن. پرۆسێسەکە چەندێک لە چەندێتێدا جیاوازە، (لای ئوسوولیەکان لە بەر ئەوەی خودا بەمرۆڤ کراوە، ژمارەی مرۆڤە بەخودا بووەکان زۆر و زەوەندە، دواتر ئەمە ڕوونتر دەکەینەوە)، بەڵام لای عاریفەکان (کەمترین مرۆڤ توانیاویانە بگەنە قۆناغی خودا بوون، واتە حلول بکەن). هەروەها لە چۆنێتیشدا پرۆسەکە تەواو جیاوازە، چونکە ئوسوولیەکان(سەلەفیەکان) تەواو ڕەنگ و دەنگ و شوناسی ئەو خودایە هەڵدەگرن کە دایانماڵیووە لە هەموو ئەدگارە خودایییەکان، بۆیە زۆریان(بە پیاوە ئایینیی و سیاسییەکانیانەوە) دەبنە خودایەکی توندوتیژ و پڕاگماتی و تێکدەر.

## شەشەم: دەرکەوتەکانی بەخودابوونی مرۆڤ لای سەلەفییەکان

ڕەنگە لای خوێنەری بەڕێز ئەوە گران بکەوێتەوە و نەتوانێت وێنای ئەوە بکات کە چۆن موسوڵمانێکی توندڕەو و سەلەفی (کە خۆی بە یەکتاپەرست دەزانێت) ئەتوانێت ببێتە خودا؟ بێگومان بۆ ساناکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، گەرەکە پێشوەختە ئەوە بڵێین کە لە گوتاری زاهیریاندا سەلەفییەکان و سەلەفییە جیهادییەکان، بانگەشەی بەخودابوون ناکەن و ئەوەش بە کوفری ڕووت لە قەڵەم دەدەن، بە پێچەوانەوە ئەوان ئەو تۆمەتە دەدەنە پاڵ فیرعەونەکان و هاوشێوەکانیان. بەڵام لە گەوهەردا و لە باتنی هەر سەلەفییەکدا بەخودابوون زۆرسانا خۆی مانیفێست دەکات.

تۆ تێبینی بکە کاتێک سەلەفییەک خۆی بەحەقی ڕەها، تۆش بە باتیلی ڕەها دەبینێت، لێرەشەوە دەست دەداتە دەعوە و تەبشیر و دەیەوێت هەموو دونیا لە ڕێگای بەسەلەفی کردنیانەوە کۆنترۆل بکات، ئەم ئیدیعایە و ئەم پرۆسە تەبشیرییە شمولییە جگە لە بەخودابوون و کاری خودا چی ترە؟ کاتێک سەلەفییەک زۆر سانا لە گیرفانی بچوکی خۆیدا، فتوای جۆراوجۆر دەردەهێنێت و ئەم کافر دەکات و ئەو بروادار پیشان دەدات، بەناوی خوداوە تەرغیب و تەرهیبی خەڵک دەکات و وەک مقاول بەهەشت و دۆزەخ دەبەخشێتەوە، ئەمە جگە لە خودابوون چی ترە؟ کاتێک سەلەفییەکان و بن لادن و بەغدادی و داعشەکان و بۆکۆحەرامەکان و...هتد ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کونفەیەکونێکدا بڕیاری قەتڵوعامی دەیان هەزار مرۆڤ دەدەن و چەندین وڵات ژێراوژوور دەکەن و سەدان هەزار خەڵک ماڵوێران و ئاوارە دەکەن، ئەمە جگە لە بەخودابوون ( بێگومان بەوجۆرەی خۆیان پێناسەی خودایان کردووە) چی ترە؟

بێگومان وەک لە سەرەتاوە ڕوونمان کردەوە ئەم سانا بەخودابوونە لای سەلەفییەکان، پەیوەندیی بە ڤیژنیانەوە هەیە بۆ خودا، وەک ڕوونمان کردەوە سەلەفیزم و وەهابیزم و دواجاریش داعشیزم خودا وەک مرۆڤێک وێنا دەکەن کە «دەستی هەیە، لەسەر کورسیی عەرش دانیشتوە، کۆمەڵێک فریشتەی لەبەر دەستدایە و کارەکانی بۆ ڕایی دەکەن، ئەم خودایە وەک مرۆڤ فێڵ دەکات، تورە دەبێت، ڕقی لەوانەیە کە گوێڕایەڵی ناکەن و لە سەر ئەو

بنەمایەش سزایان دەدات، ئەگەر لەگەڵی باش بێت لەگەڵت باش دەبێت و ئەگەر لەگەڵی خراپ بیت لەگەڵت خراپ دەبێت، هاوکاریی کۆمەڵێکە دژی کۆمەڵێکی تر، ئەم خودایە شەفاعەت و واسیتەی خەڵکانێک قەبوڵ دەکات بۆ لێخۆشبوون لە کەسانێکی تر و کۆمەڵێک خاسیەتی مرۆیی تر». واتە دواجار لای سەلەفیزم و داعشیزم (کە دیوە پراکتیکیەکەی سەلەفیزمە) خودا مرۆڤێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی جۆراوجۆرە، چی بوێت دەیکات.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بیرۆکەی بەمرۆڤکردنی خودا، تاچەندێک لە پشت دروست بوونی گروپگەلی وەک ئەلقاعیدە و داعشەوەیە؟ تا چەندێک ڕاڤەی ئەو توندوتیژییە بێشومارەمان بۆ دەکات کە داعشەکان بەناوی خوداوە دەیکەن؟ ئەم سادەکردنەوەیەی خودا بۆ مرۆڤ خۆی لە خۆیدا هەوڵی ئاسانکردنی بەخودا بوونە لای داعشە سەلەفییەکان، بەمانایەکی تر هەر تیرۆریستێک بەخۆی بزانێت یان نا خۆی بەخودا دەزانێت و لە بری خودا دەکوژێت و لەناودەبات. دواجار سەلەفییزم بیەوێت یان نەیەوێت، بەخۆی بزانێت یان نەزانێت، کاتێک خودا نەوی دەکاتەوە بۆ ئاستی مرۆڤ و سیفەتە مرۆییەکانی پێ دەخشێت، لە پێناو ئەوەدا نییە کە خودا بەمرۆڤەکان بناسێنێت، بەڵکوو لە پێنا و ئەوەدایە پرۆسەی بەخوابوونی مرۆڤ ئاسان بکات، لێرەشەوە مرۆڤ هەرچی خراپەیە بەناوی خودا و بە پشت بەستن بەخودا دەیکات، کەواتە سەلەفییزم بەر لە وەی دژی مرۆڤ و مرۆڤبوون بێت، دژی گەوهەری خودا و ماهیەتەکەیەتی.

لە کۆتاییی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەخودابوونی مرۆڤ کاریگەریی (ئەوەی لای عاریفەکان هەیە) هەیە لە سەر کلتوری ناتوندوتیژی و پێکەوە ژیان، بەتایبەت ئەوە ئاشکرایە توندوتیژی بەناوی ئایینە زەمینییەکانەوە زۆر کەمترە لەو توندوتیژیانەی کە لە دونیای ئیسلامدا بونیان هەیە. هەر بەنمونە وڵاتێکی وەک هیندستان کە زیاتر لە ملیارێک کەسی تێدا دەژی و هەڵگری هەزاران ئایین و مەزهەب و ڕەوتی جیاوازی ڕۆحین، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا تارادەیەکی باش توانای پێکەوە هەڵکردنیان هەیە، بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دۆخە پەیوندی بەوەوە هەیە کە ئەوان بروایان بەخودابوونی مرۆڤ هەیە، نەک بەمرۆڤکردنی خودا. ئەم یەکتر قبوڵکردن و تولێرانسە لای سۆفییەکان و لە عیرفانی (ئیسلامی)یشدا هەیە و لە مبارەیەوە نمونەمان زۆرە.

## پوختەی ئەنجامی باسەکە

لە تان و پۆی ئەم باسەدا دەگەینە دوو ئەنجامی گرنگ:

**١** نزمکردنەوەی خودا بۆ ئاستی مرۆڤ، سەرچاوەی تیرۆر و توتدوتیژی و ئاشووبی کۆمەڵایەتیە، بەرزکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی خودا، دەبێتە هۆی سنوردانان بۆ تیرۆر و بەهێزکردنی گیانی پێکەوە ژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

**٢** گۆڕینی ڤیژنمان بۆ خودا و بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤ بۆ خوابوون، لە ڕیشەوە ڤیژنمان بەرامبەر ئایین دەگۆڕێت، بەجۆرێک کە ئایینێک بەرجەستە دەکەین کە خزمەتی پێکەوە ژیان بکات، نەک دژی پێکەوە ژیان و جوانیەکان بێت.

*. دوکتۆرای فەلسەفەی دەستوور/سلێمانی

## سەرچاوەکان

[١]. الامام ڕب و قاسم الجنید، ڕسائل جنید، تحقیق: علی حسن عبدالقادر، القاهره، ١٩٨٨.

[٢]. بوشینسکی ا. م. الفلسفه المعاصره فی اوروبا، وەرگێڕانی: د. عزن قرنی، زنجیره کتێبی(عالم المعرفه) ،کویت، ١٩٩٢.

[٣]. حەلاج، دیوان الحلاج، لە کۆکردنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنساوی: لویس ماسینیون، بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ.

[۴]. د. موحسین ئەدیب: داعش کوڕی شەرعی سەلەفیزم، سلێمانی، ٢٠١۴.

[۵]. ئیمانوئیل کانت، نقد العقل المحض، وەرگێڕانی: د. موسی وهبه، مرکز الانما و القومی، بیروت، بەبێ ساڵی چاپ.

# کولتوور، ئایین، گۆڕانکاری

زانیار ئەحمەدی

کەڵکەڵەی ئەم وتارە بەیانی کاریگەرییەکانی کولتوور وشارستانیەت و ئایین لەسەر یەکترینن وئایین بە چەمکێ لە کولتوور دەزانێ، کە گۆڕانکاری تێیدا، وەک تایبەتمەندییەک خۆی دەرئەخا. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە جەخت خراوتە سەر شێوازی شیتەڵکاری و ئانالیزی ماناکان و ئاماژە بە لای تایبەتمەندیەکانی واتا سەرەکییەکاندا لە پەنای تاریفی تەوسیفی و بەرساختگەرایانەدا و هەروەها دووری کراوە لە تاریفی مەنتقی ئەرستویی کە هۆی چەواشە بوونە لەم بوارەدا. جا بەم پێیە سەرچاوەگەلێکی بەهێزی عیلمی لە ئانترۆپۆلۆجیستان و ئایین ناسان و فەیلەسووفان بە تایبەت فەیلەسووفانی کولتوور و ئایین لەم بوارەدا ژێرورڕوو کراون.

دەستاوەردی ئەم وتارە بەیانی چەند خاڵی لەیەکدا ڕۆچوون، کە وەختێ لە پەنای یەکتریدا دادەنرێن، ئێمە بە بەرهەمێکی مەنتقی دەگەیەنێت:

**شارستانییەت(sivilizasion):** نیازی ماددی ئێمەیە کە وەک کەرەسە و ڕووداو خۆی ئەنوێنێ .

**کولتوور( culture):** نیازی مەعنەویی ئێمەیە، کە لە هێماسازی و سەمبولسازی دا خۆدەردە خات .

**ئایین:** یەکێ لە چەمکە سەرەکییەکانی کولتوورە .

شارستانییەت و کولتوور، کاریگەریی گۆڕانکارییان لەسەر یەکتری هەیە.

کەواتە وەک کۆ بەرهەمی ئەم خاڵانە، ئایین وەک کولتوور گۆڕانکاری هەڵگرە.

گەورەترین بەرهەمی ئەم باسە ئەوەیە، کە کۆمەڵگای ئایینی بەوە دەگەیەنێت، ئایین چەمکێکی کولتوورییە ومێژووەمەندە و ئەمە یانی خۆهاوڕێ کردن لەگەڵ ڕەوتی نوێ لە دونیای نوێدا. بۆیە لە پە نای باسی شۆڕشی کولتووریدا کە لای (چارلز تیلۆر) و هەندیک لە توێژەران و بیرمەندان، لە دوای ١٦٩٠ەکان بە دواوە ڕوویداوە، ئەم وتارە پێی وایە، دەورانی چوارەمی ئایین بە شێوازێکی نوێ دەستی پێکردوە.

لەکۆتاییدا ئەم وتارە ئەمانکێشی بۆلای باسی چۆنیەتیی گۆڕانکاری هەر لە پایە هەتا سایەی ئایین، کە پانتایەکی گەورە لە توێژینەوەگەلی تر دەخاتە بەردستی توێژەرانی ئایینناسیەوە.


## کلید وشەکان (kay word)

کولتوورـ شارستانییەت ـ ئایین ـ گۆڕانکاری


## پێشەکی

لەم وتارەدا جەخت دەخرێتە سەر گۆڕانکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کولتووردا و ئایین وەک چەمکێک لە کولتوور دەناسینەوە و پێمان وایە وەک گۆڕانکاری لە هەمو بوارەکانی کولتووردا ڕوودەدات، هەروەها گۆڕان و گۆڕانکاری ڕوودەکاتە قەبارەی ئایینەوە هەر لە پایە هەتا سایە.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستە گرنگە پێش هەموو شتێک، لەگەڵ پێناسە و «چی بوونی» کولتوور و ئایین ڕووبە ڕو ببینەوە و لێرەدا لە تاریفگەلی زاتگەرایانە و داشکانباوەڕانە و ڕیدۆکشینستی «reductionism»، دوورەپەرێزی ئەکەین و پەنا دەبەینە بەر پێناسەگەلی تەوسیفی و پەدیدارشناسانە و فنۆمنۆلۆژیستی (phenomenologism).

جا بەم پێیە لە کولتوورەوە کە ئایین یەکێ لە ئێلێمێنتەکانیەتی، دەس پێ دەکەین و بۆ گەیشتن بەواتا و مانای ئەم تێرمە، قۆناغە مێژووییەکانی دەدەینە بەر شیتەڵکارییەوە، تا چەمکە نەناسراوەکانی، یەک لە دوای یەک دەرکەون و بزانین پێناسەی ئەم واتایە چییە؟ و لە کوێوە دەستی پێ کردووە؟ و بەکوێ گەیشتووە؟

لەم گەشتوگوزارە مێژووییەدا بەشەش قۆناغی زەنجیروار و یەک لە دوایی یەکدا تێدەپەرین، کە بەکورتی بریتین لە:

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی وشەیی و ڕیچۆڵ کردنی ماناییی کولتوورە.

**قۆناغی دوهەم:** قۆناغی کولتوور وەک «civilization» و شارستانییەتە، بەتوێکڵی سیاسی و ئەرزشییەوە، کە مرۆڤ دەکا بەمرۆڤی بێ کولتوور و خاوەن کولتوور.

**قۆناغی سێهەم:** قۆناغی کولتوور وەک زانیاری و زانین و فێربوون و ئازادیخوازی و مافی مرۆڤ و هتدە، کە وەک بەرهەمێکی دونیای ڕێنێسانس ئەژمێرێت، واتە ڕوو وەرگێران لە مرۆڤی خاوەن کولتوور، بۆ لای ئاسەوارەکانی شارستانییەت، وەک مانایەکی گشتی بۆ شارستانییەت.

**قۆناغی چوارەم:** قۆناغی کولتوور وەک

هەمـــوو دەســـكەوت و بەرهەمـــە مـــادی و مەعنەوییەكانی شارســـتانییەتە، بێ ئاوڕدانەوە بەلای باری ئەرزشـــیدا، كە هیچ جیاوازییەك ناخاتە نێوان شارســـتانییەت [وەك كەرەسە و ڕووداو] و كولتوور [وەك ڕچە و نەریت]

**قۆناغی پێنجەم:** قۆناغی كولتوور وەك باری مەعنەوی و پێویســـتی دەروونـــی و ڕۆحی لە بەرانبەر شارستانییەتەوە دەبینرێتەوە، كە بواری كەرەســـە و ڕووداو و باری ماددی مرۆڤ ڕەچاو دەكات، بۆیە بۆ یەكەمجار ئانترۆپۆلۆجســـتێك نـــاودار بەناوی«تایلـــۆر» بەنوســـینی كتێبـــی «primitive culture» [كولتووری ســـەرەتایی] مانایـــەك بۆ مرۆڤی بێ كولتـــوور ناهێڵێتەوە و تێنوارینی ئەرزشـــی لە كولتـــوور دەگرێتەوە و باری عیلمی و زانســـتی پـــێ دەدات و هەموو كـــەس و جێ و كاتێكـــی مرۆڤایەتی بەخاوەن كولتوور دەزانێت.

**قۆناغی شەشـــەم:** قۆناغـــی كولتوور وەك خوێندنەوەی تایبەتمەندییەكانی كولتوورە، كە دەتوانین لە ئەنداماوربوونی، وەك سیستەمێكی مێژوومەند و ئابستراكشن و دارِنراو لە ڕەفتاری ئادەمی، وەك سەمبولسازی و هێماسازی قسە بكرێ.

بۆیـــە لێرەدا كولتوور بریتیـــە لە بەرهەمی مەعنەویی مرۆڤی مێژوومەند، كە لە دوێنێ بۆ ئەمڕۆ، ئاســـۆیەك لە ئەزموونی دەستەیەك و ڕاســـتەوخۆ و خۆڕەس و خۆ چێـــژ، لە ڕێگای سەمبولسازی و هێماسازییەوە بەدی دەهێنێت.

لێرەدایە كە سەمبولســـازی ئەبێت بەخاڵی جیاوازیی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیكە و ئەبێت بەهەوێـــن و كاكڵەی كولتـــوور لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەكانیـــەوە و مـــرۆڤ بەگیانلەبـــەری خاوەن كولتوور تاریف دەكرێت و پێناســـەگەلی دیكە وەك گیانلەبەری سوشیاڵ و كەرەسەساز و بیرمەنـــد، لـــە بەرانبەر ئـــەم تاریفەدا ڕەنگ دەگۆڕن و دەچنە پەراوێزەوە بۆیە نەخشی دوو گەورەتوێـــژەر، وەك «كروبێـــر» و «كلاكین» لە ناسینەوەی ئەم مەبەستەگرنگە و جیاكردنەوەی سەمبول لە ڕەفتاری ئادەمی وەك گیانلەبەرێك، لە بەشـــی كولتوورناسیدا بەئەندازەی شكاندنی ناوكی ئۆتـــۆم لە بەشـــی زانســـتی تەجربیدا بەكەڵك و بەنرخ و جێی سرنجە.

لێرەدایـــە ئاییـــن، چوونكە هـــەم هەڵگر و هۆگـــری بـــار و ناوەڕۆكـــی مەعنەوییە و هەم زمانیشی زمانی سەمبولیكە، وەك ئێلێمێنتێك زۆر بەهێز لە كولتوور خۆی دەردەخات.

جـــا ئیتر بـــەم پێیە هەر وەك پێناســـەی كولتوور، لە ســـەر بنەمای تاریفی تەوسیفی و پەدیدار شناســـانە، چەمكەكانی ئایین ئەخەینە بەر تۆێژینەوە، تا بە «چی بوون»ی ئایین بگەین.

بۆیە لە دوای شیتەڵكاریی ئەم تێرمە، بەوە دەگەیـــن، دو وێنە لە ئایین لە بەرانبەر ئێمەدا خۆی دەنوێنێ، كـــە ئێمە وێنەی یەكەم وەك وێنـــەی «كاكڵەیی و كرۆكی» و یا «ســـەنتەری و هەوێنـــی» و یا وێنـــەی «لای كەمی ئایین» واتـــە وێنەیەك كە ئایین بێ ئەو ئایین نیە، ناو دەبەین، كە ئەویش وەك ئۆتۆ دەڵێ: «ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شكۆی مەزن» دایە.

وێنەی دوهەم: وێنەی مێژوویی ئایینە كە وەك بارانێ دەبینرێتەوە كە لە بۆشاییی ئاسماندا لەگـــەڵ هەڵم و دووكـــەڵ و ... تێكەڵ دەبێ و لەوێ كە دەدات لە زەوی، لەگەڵ خاك و خۆڵ و مەوادی دیكـــەدا ڕێ دەكەوێ و وێنە پاڵفتە بێ گەردەكەی نامێنێ، كە بـــە پێی بارودۆخی تۆپۆگرافیـــی ژینگە، ڕەنگدانـــەوەی جۆراوجۆر بەخۆیـــەوە دەگرێت، كە كاتـــی وا هەیە وەك سەیل و لافاو و كاتی وا هەیە وەك دونیایەكی سەرســـەوز و كانی و ئاو و كاتی وا هەیە وەك دەریایەكـــی مەنـــگ و كاتـــی وا هەیـــە وەك دەریایەكی ئاڵۆز خۆی نیشـــان دەدات، وێنەی یەكەم هەڵمی دەروونی بۆچوونی مرۆڤی خاوەن كەڵكەڵەی دینییە لە بەرانبەر شـــكۆی مەزندا، كە بەپێی كات و سات و ڕێگا و جێگا و مەودا، وێنەی دوهەم، واتە دینیمێژوویی، ساز دەكات. بۆیـــە ئایین لـــە ژێـــر كاریگەرییەكانی دونیای دەوروبـــەری خۆیدا قـــەرار دەگرێت و هەرچی

باری کەرەسە و ڕووداوەکان وەک شارستانییەت ئالوگۆڕی بەسەردا دێت، باری مەعنەوی و سەمبولسازیی مرۆڤیش گۆڕان و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە لە نێوان باری مەعنەوی وەک کولتوور و باری ماددی وەک کەرەسە و شارستانییەت، هاوشانیی و هاوڕێیی و هاودەنگی و هاوسەنگییان پێکەوە بێت، ژیانێک پڕ لە ئارامی و ئاسایش بە مرۆڤ دەس دەدات و ئەگەر بە پێچەوانەوە، ئەم ڕووداوە ڕوونەدات و هاودەنگی و هاوسەنگی لە نێوان کولتوورەکان و شارستانییەتەکاندا نەبێت، کارەسات و دابڕین و قەڵشت ڕوودەدات، کە دەبێ بەهۆی گرژی و خەمۆکی و شەڕ و ئاژاوە و نامۆیی و ناکۆکی لە ژیانی مرۆڤدا.

بۆیە ئایین وەک چەمکێکی بەهێز، لە چەمکەکانی کولتوور، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بەخۆیەوە نەبینێت، تووشی کێشەی نامۆیی و ناکۆکی لەگەڵ دونیای دەوروبەری خۆیدا دێت و ڕووداوەکانی سەدەکانی میانە (قرون وسطا)، وەک کوشتن و سووتاندن و بیر پشکنین و ئەنکزاسیۆن و ئەشکەنجە و ... ئەزموون دەکاتەوە و لە جێی ئەوەی مایەی ڕەحمەت بێت، ئەبێت بەهۆی زەحمەت و گرفت لە ڕێگای ژیانی مرۆڤدا.

هەر بەم پێیە، من پێم وایە کەرەسەکان و ڕووداوەکان بەپێی پێویست ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، واتە شارستانییەتەکان بگۆڕێن و لەوەی شارستانییەتەکان گۆڕانکاری ڕویان تێ دەکات، داخوازیی کولتووری هاودەنگ و هاوسەنگی خۆیانن، بۆیە کولتورەکانیش گۆڕانکاری ڕویان تێ دەکات و لەوێ ئایین کولتوورە و چەمکێ سەرەکی لەکولتووره، ئایینیش لە سەر هەتا پێ، گۆڕانکاری ڕوی تێ دەکات.

جا بەپێی دوایین توێژینەوە زانستییەکان، وەک فەیلەسوف و کولتوورناسی هاوڕۆژ و هاوچەرخ، «چارلز تیلۆر»، و زورینەیەک لە کولتوور ناسان دەڵێن، لە ساڵەکانی ١٩٦٠ کان بەدواوە، ئێمە لەگەڵ شۆڕشی کولتووریدا، لای کەمی لە بەشی سەرەوەی وڵاتانی زەریای ئەتڵەسییەوە ڕووبەڕووو بوینەتەوە، بۆیە ئاڵۆگۆڕی کولتووری، ڕووی کردووەتە تەواوی بەشەکانی کولتوور.

بەم پێیە ئایینیش ئەم گۆڕانکارییە لە نێوان لەرز و تای تایبەت بەخۆیدا ڕووی تێدەکات و ڕووی تێ کردووە و ئەم گۆڕانە تەواوی بوارەکانی ئایینی گرتووەتەوە.

بەچاوخشانێک بەسەر مێژووی ئاییندا، تا ئێستا وەک دیناسان وتوویانە، سێ دەوران لە دینداریمان تێ پەڕاندوە **١** دەورانی سەرەتاییی ئایین **٢** دەورانی تاک فەرماندەیی و ئۆتۆکراسیی ئایین **٣** دەورانی دیتران خوازانە و مرۆخوازانەی ئایین.

لەم سێ دەورەدا ئایین بەپێی بارودۆخی مێژووی لە پانتایی ژیانا و لە درێژاییی مێژوودا، هەر لە خودا هەتا تەواوی لق و پۆپەکانی، ئەزموونگەلی جۆراوجۆری تاقی کردووەتەوە.

بۆیە من پێم وایە ئێمە لە جیهانی دێموکڕاسیدا، لەم سەردەمەدا لەگەڵ دەورانی چوارەمی ئایین، کە دەورانی «مرۆخوازیی نوێ»یە، کە دەتوانین بەدەورانی دیالۆگی «مرۆخوایی و خوامرۆیی» ناوی ببەین، ڕووبەڕوو بووینەتەوە.

بگرە پێشتر لە دونیای ڕۆژئاوادا گەورەپیاوێک وەک نیچە بوو، بە بانگەوازی مەرگی خودا ئەمەی ڕاگەیاند و هاوشان لەگەڵ ئەودا لە ڕۆژهەڵاتیش گەورە فەیلەسوفی موسوڵمان، موحەمەد ئیقباڵی لاهوری وتی: خودا دەبێ نەخشێکی تر و ڕۆڵێکی تر، لە ژیانی مرۆڤدا بگێڕێت.

جا ئەم وتارە لە «تایلۆر» [١٨٣٢ ـ ١٩١٧ز] هەتا «تیلۆر» فەیلەسوف و کولتوورناسی، هاوچەرخی بەدی کردووەتەوە و لەسەر ئەم باوەڕەیە، دەبێ دین هەر لە پایە هەتا سایە، گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و ئێمە لەگەڵ سەردەمی چوارەمی ئاییندا، کە خوا لەم سەردەمەدا نە خوای تاک فەرماندەرە و نە

خوای خاوەن مافە، کە مافی بۆ ئەو بێت و مافی بــۆ بەندە، بەدی ناکرێتــەوە. بەڵکو خوا خوای هەڤاڵ و ڕەفێق و دیالۆگە و گوناح، نافەرمانیی خــوا و زەرەردان لــە خۆ نیــە، بەڵکوو گوناح، زەرەر لە دیترانە و ئایین وەک ئەزموونی جوانی ویســتانە و دەروون نومایانــە، وەک ئەزموونی خۆچێژ لە ژیاندا، ئاوری لێ دەدرێتەوە.

جا ئیتر پیاچوونەوە بەسەر زۆرێک لە بزاڤە ئایینییەکاندا ڕوودەدات و پرســیارگەلێکی زۆر لە ســەر گۆڕانکاری لە ئاییندا دێتە کایەوە، کە پێم وایە وتارەکە بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ، ئەم مەبەستانەی بەدی کردوتەوە.

هیوام چێژگرتنی زانستیی هەرچی فرەترە لەم بوارەدا، بۆ پوختەکردنی ئەم نیگا و بۆچوونە، لە ژێر شیتەڵکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا.

## کولتوور (Culture) چیە؟

پێناسەی کولتوور وەک هەر پێناسەیەکی دیکە لە دونیای زانســتی ئەمڕۆدا پاڵ بەزاتگراییی ئەرســتوویییەوە نادات، چونکە واتاکان خاوەنی ڕواڵەتگەلی جۆراوجۆر و بەرساختەی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییە یەک لە دووی یەکدا هاتووەکانن.

جا باش وایە کە پوختەیەک لە قۆناغەکانی بەدیهاتنی مێژوویی ئەم واتایە ڕەچاو بکەین و بەتاریفی تەوســیفی کە ئــەورۆ، لە کولتوور جێی باسە، بگەین.

## مێژووی واتای «کولتوور»

کولتوور (Culture) یــا «کاڵچر» بەپێچەوانەی سەرهەڵدان و بەدیهاتنە مێژوویییەکەی، وەک بزاڤێکــی کۆمەڵایەتی و مرۆڤناســانە، زادەی دونیای نوێ و مۆدێرنە.

پوختــەی بەدیهاتنــی وەک تێرمێکــی مرۆڤناســانە (anthropology) لەم قۆناغانەی خوارەودا ڕەچاو دەکرێت.

## قۆناغی یەکەم

کــــولتــور «Culture» و ناتــوور «nature» دوو وشــەی لاتینیــن، وەک ویتگێنشــتاین دەڵــێ بە«هاوشــێوەیی ڕەگەزیــەوە» [فامیلی ڕێزیمبلێنس] [family resemblance] پێکەوە بەسراونەتەوە.

[ناتــوور] «nature» سروشـــــــتە، وەک سروشتەماددیەکەیەتی.

[کولتــوور] «culture» پەروەردەیــە، وەک کۆمەڵێک زانین کە ئەبێ ڕەنگدانەوە و کارامەیی بێــت، کە ئەمە بۆ خۆی باری مەعنەویی هەیە. بۆیــە لە دوو تــەوەرەی پەروەردەکردندا بەکار براوە.

**تــەوەرەی یەکــــــەم:** پەروەردەکردنــی ژیانــی مــاددی، وەک پەروردەی کشــتوکاڵ «agriculture» پــەروەردەی بــاخ و باخداری «horticulture» پــەروەردەی هـــــەنــگ و هەنگداری «beeculture» پەروردەی ســەدەف «oysterculture» و پەروردەی مروارید «pearl culture».

**تەوەرەی دووهــەم:** پەروردەکردنی گیان و دەروونە و وشــەی «cultus» بەمانای پەرستنە، بۆیــە ئەم واتایە لە ســەدەکانی میانیدا «قرون وسطا» هەر بەمانای پەرستن بەکارهاتووە. ئەوەی لــەم قۆناغەدا ئەیبینینــەوە، ڕنگدانەوەی باری مەعنەویی کولتوور، لە مانا وشەییەکەیدایە، کە دەبێتە هەوێنــی بەدیهاتنی ماناعیلمییەکەی کولتوور.[۱]

## قۆناغی دووهەم

لەم قۆناغەدا، ئەم واتایە لە بەرانبەر ڕێورەسمی خێڵەکییەوە لە دوای ســاڵی ۱۷۵۰ لە ئەڵمانیا لــە مانــای «civilization» [سیویلیزاســیون] بەمانای شارستانییەت و بەشداربوون لە ژیانی شارنشــینی و ڕەفتار بە ڕەفتاری شاریکردن، بــەکار هێنرا، کــە تا ڕادەیــەک، تۆێکڵێک لە مانــای سیاســی «politicol»ی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگــرت و بارێکی ئەرزشــیی بە شــوێن خۆیدا دەکێشــا، واتە مرۆڤی خــاوەن کولتوور و مرۆڤی بــێ کولتوور،[۲] لەم قۆناغەدا کولتوور

هەنگاوێ بەرەولای مانا پەیداکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەڕوات، کە پلەیەک لە قۆناغی پێشوو جیا دەبێتەوە.

## قۆناغی سێهەم

دەورانی نوێخوازی و ڕێنیسانسە، دەورانی پێشاهەنگانێکی وەک کۆپرنیکۆس و گالیلە و نیۆتۆن و ... و مرۆڤی نوێیە ، ئەم دەورانە لە بەرانبەر بیر و باوەڕە چەق بەستووەکانی کلیسادا، پرسیارگەڵێکی زۆری هێنایە مەیدانەوە، کە هەم داخوازیی ڕزگاری و ڕهاییی عەقڵ لە پێ بەستەکانی ئایین، وەک ئیمان و بڕوانامە «Credo»کان بوو و هەم داخوازی پەرەسەندنی گشتی، ڕووناکبیری و عەقڵی خۆهەژێن بوو. بۆیە فەلسەفەگەلێکی نوێ و توێژینەوە لە بواری زانستە کومەڵایەتییەکان و زانستە مرۆڤناسانەکانەوە، هاتنە کایەوە و دەستیان کرد بەپەرەسەندن.

بەم پێیە بوو کە «ولتێر» لە ساڵی ١٧٥٦دا «فەلسەفەی مێژوو»ی خستە بازاڕی فەلسەفە و فەیلەسوفانێک وەک «کەندورسە» و «هێگل» بازاڕیان پێ گەرم کرد و دەریای بیر و نیگای دەوروبەری خۆیانیان پێ شڵەژاند.

لە ژێر ئەم تیشکەدا، لە بواری خەڵکناسی و کولتوورناسیەوە توێژەرانێک وەک «ئادلۆنگ» و «هێردر» مانا و واتای کولتووریان خستە بەر شیتەڵکارییەکی نوێخوازانەوە، تا وەکوو «کلێم» هات و لە ساڵی ١٨٤٣دا «مێژووی گشتیی کولتووری» لە چەن بەرگدا نووسی و هەروەها لە ساڵی ١٨٥٤دا «زانینی گشتیی کولتوور»ی تۆمار کرد، لێرەدا بوو بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاو، کولتوور وەک زانین و خاوەنی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندن، دەناسرێت.

ئەمجار کولتوور لە بەرانبەر بەربەریەتدا بە واتای زانیاری و زانین و فێربوون و ئازادی ئاماژەی پێ کرا.

لەم قۆناغەدا کولتوور مانایەک مرۆڤدۆسانە و ئازادیخوازانە پەیدا دەکات، کە هێشتا بارێک ئەرزشی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام پلەیەکی دیکە ماناکەی عیلمی و زانستگەرانە دەبێتەوە و وەک بەرهەمێکی عیلمی و زانستی، خاوەن مێژوو، ڕەچاو دەکرێت.[٣]

## قۆناغی چوارەم

لەم قۆناغەدا زنجیرەیەک لە فەیلەسوفان و مێژوونووسان و ئانترۆپۆلۆجیستان، واتای کولتووریان لە هەموو کار و بارێکی شارستانییەتدا بەگشتی ڕەچاو دەکرد.

بۆیە کەسانێک وەک «دانیەل‌فیسکی» و «ئشپنگلر» و «تاینبی» توێژینەوەیەکی زۆریان خستە بەر دەست. ئەمجار هاتن و وتیان «کولتوور» هەموو بوارە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەم قوناغە مانای کولتووری بردە ئاستێکی تروە کە تەنیا عەیبی ئەوە بوو کە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان «civilization» «شارستانییەت» و «culture» کولتووردا نەدەخست، بەڵام هەنگاوێکی تر ئێمەی بە مانای واتای عیلمیی کولتوور نزیک کردەوە.

## قۆناغی پێنجەم

لەم قۆناغەدا مرۆڤناسی بەناوبانگی بریتانیایی «سێر ئەدوارد برۆن تایلۆر (١٨٣٢ ـ ١٩١٧ز)» کە بە دامەزرێنەری بواری [مرۆڤناسیی کولتووری] [culturalanthropology] ئەژمێرێت، لە ڕوانگای مرۆڤناسییەوە سنوورەکانی کولتوور و شارستانییەتی لەگەڵ یەکتریدا جیا کردەوە و بە نووسینی کتێبی «توێژینەوەکان لە بواری مێژووی سەرەتاییی مرۆڤ و پەرەسەندنی شارستانییەت» جار بە جار بەلای تێرمی کولتووردا ئاوڕی ئەدایەوە، بەڵام هێشتا هەر وەک پێشینیان و هاوسەردەمانی خۆی، فرەترین ئاوڕدانەوەی بەلای شارستانییەتدا بوو و سنوورەکانی کولتوور و شارستانییەتی لە یەکتری نەناسیبویەوە، هەتا لە ساڵی ١٨٧١دا کتێبی [کولتووری سەرەتایی] [primitive

culture] دەنووسـێت و بۆمان دەردەخات کە هەموو گەل و کۆمەڵگایەک خاوەن کولتوورن و کولتوور ڕوو ئەکاتە بوارە مەعنەوییەکان و شارستانییەتیش بوارە ماددیەکان نیشانە ئەگرێت.[۴]

بۆیە هەر لە یەکەمین بەندی کتێبەکەیدا ئەڵێت: «کولتوور گلۆڵەیەکی یەکپارچە و لەیەک تەنراوە کە زانین و ئایین و هونەر و یاسا و ئاکار و تەواوی توانایی و هێز و عادەتی مرۆڤ، وەک ڕشتەگەلێکی بەیەکەوە بەسراوە لەخۆدەگرێت..» لەم قۆناغەدا کولتوور مانا و واتای عیلمی پەیدا دەکات و سنوورەکانی لەگەڵ شارستانییەدا جیا دەبێتەوە و مانایەک بۆ جیاکردنەوەی بێ کولتوور و خاوەن کولتوور، لە یەکتری نامێنێت و بەم پێیە وردە وردە لای زانایان و توێژەران، بەتایبەتی ئانترۆپۆلوجیستان «civilization»، بەواتای تەمەدوون و شارستانییەت ناسرا و «کولتوور» «culture» بەواتای چاند و نەریت و فەرهەنگ ئاماژەی پێ کرا.

سەرئەنجام لە ساڵی ۱۹۲۰دا بوو، کە «ئالفرد ویبر» بەتەواوی هێزەوە جەختی کردە سەر ئەم مانایە و نیگای ئەوانەی کە کولتوور و شارستانییەتیان بەپێچەوانەوە تاریف کردبوو و هەروەها نیگای ئەوانەش هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ئەم دوو واتایەدا دانەنابوو، ڕەت کردەوە و کەسایەتیگەلێک وەک «کرۆبیر» و «کلاکین»ی ئەمەریکایی پەیدا بوون کە ۱۶۴ مانا و واتا و تاریفیان لە پسپۆران و توێژەران لەم بوارەدا لە کتێبی «کولتوور، خوێندنەوە و پیاهاتنەوەیەک لە سەر ماناکان و تاریفەکان» کۆ کردەوە و بەمجۆرە کولتوور ئیتر لە پانتایی و دیمەنەیشنێک «dimension»ی تایبەت بەخۆیدا لە بواری عیلمیەوە سەری هەڵدا، کە قۆناغێکی نوێ بۆ ئێمە ڕەچاو دەکات.

### قۆناغی شەشەم

لەم قۆناغەدا زانایان و پسپۆران و توێژەران و فەیلەسوفان، نیگا و توێژینەوەی خۆیان خستە سەر تایبەتمەندییەکانی کولتوور، بۆیە ئەم جار سێ تایبەتمەندیی گرنگ بۆ کولتوور بەدی دەکرێتەوە، کە بگرە بتوانرێ ئاستە نادیارەکانی کولتوور بەتەواوی بۆمان ڕوون کاتەوە.

### تایبەتمەندیی یەکەم

کولتووریان وەک سیستەمێکی ئەندامەوار ناسیوە، کە لە دەرەوەی کار و کارکردەکانی بیۆلۆجیکاڵی «biological» ژیانی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ.

### تایبەتمەندیی دووهەم

جەخت دەکاتە سەر مێژوومەندی «historicity»ی مروڤ وەک مرۆڤی کەرەسەساز.

مێژوومەندی، واتا بوون و حزور و خۆ دیتنەوەی خۆ، بەتەواوی ئەزمونگەلی ژیانەوە، لە ئەزموونی دیتراندا، بەشێوازێک کە ئاسۆیەکی بەرین لە ڕابردوو بۆ ئێستا دابین بکات، بگرە بتوانین قسە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بکەین، بەجۆرێ بچینە باوەشی ئانالیزەوە نەک داوەری، تا تووشی ئاناکرۆنیسم[۵] نەبین، وەک ئەو شتەی کە دیلتای بە «ئەزمونی ژین»، «تەجربە زیستە» «Erfahrung» ناوی لێ دەبات و ئەم نیگایە بە مێژوومەندی، وامان لێ دەکات هیچ کولتوورێک لە کولتوورەکانی پێشین لە چاو نەخەین و لە دونیای ڕابردوویشدا خۆمان نەهێڵینەوە، بەڵکوو ئاسۆیەک لەوێ بۆ ئێرە ڕەچاو کەین و لەگەڵ ئیڤۆلەیشنی «evolution» کولتووریدا، بەپێی گۆڕانکارییە کەرەسەییەکان گۆڕانکاریمان لە دونیای مانا و کولتووردا بەسەردا بێت و ئەمە بەجۆرێ شانی خستۆتە سەر تیۆری «بنەمای سەرهەڵدان»هکەی «لۆید مورگان» واتە«principle of emergence» کە ئەم تایبەتمەندییە «ئەزموونی ڕاستە و خۆی ژین»، لەگەڵ تایبەتمەندیی یەکەم، واتە سیستەمی ئەندامەوار، یەک دەگرێتەوە و مرۆڤ لە پانتایی ژیان و درێژایی مێژوودا، وەک ئەزموونگەلێکی جیاواز دەخاتەبەرچاو، بۆیە

تایبەتمەندیی سێهەم گرنگترین تایبەتمەندیی مرۆڤە کە مـرۆڤ لە گیانلەبەرانـی دیکە جیا دەکاتەوە.

## تایبەتمەندیی سێهەم

تایبەتمەندیـی سـێهەم باری«تەجریـدی» و «ئابستراکشن» «abstraction»ی کولتوور دەخاتە بەر چاو کە لە دەسـت تێوەردان و ڕووتاندنی ڕەفتار و کـرداردا بەدی دەکرێت. یانی ئەوەی پەیوەندیی بە کردەوە و نەندامی مرۆڤەوە هەبێ ڕەفتارە و ئەوەی لە ناوەڕۆکی مانای ئەو شتەدا وەک ئەفراندن بەدی دەکرێت، «کولتوور»ە.

جیاکردنەوەی ئـەم دوو بوارە لە یەکتری، کارێکـی زۆر گرنـگ بـوو، کـە «کرۆبێر» و «کلاکین» وەک سـەرنج و وردبینـی بەلایدا چـوون و بەهۆی ئەمـەوە پەردەیان لەسـەر بەشێک لە مانای کولتوور و کولتوورناسی لادا، کە لە ژیانی زانستی کولتوورناسیدا، بەئەندازەی شـکاندنی ناوکی ئەتـۆم، لە ژیانی زانسـتی تەجربیدا، بەکەڵک و جێی سرنجە.

بۆیە «کولتـوور» ئیتر ناوێک بۆ کەرەسـە و ڕەفتـار و شـێوەیەک لە ژین نیـە، بەڵکوو ناوێکـە بۆ ئافراندن و ئـەم ئافراندنە لە ڕێگای سـەمبول و هێماسازییەوە سـەردەگرێت، کە خاڵی جیاوازیـی مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی دیکە و دونیای دەوروبەریەتی، واتە ئیتر تاریفە ئەرەسـتووییەکەی مـرۆڤ وەک گیانلەبەری سۆشـیال و تاریفـی مـرۆڤ بەگیانلەبـەری کەرەسەساز و تاریفی مرۆڤ وەک گیانلەبەری خاوەنـی ڕێ و ڕچە و عادەت و ... جێی خۆی ئەدا بە گیانلەبەری سەمبولسـاز و هێماساز و لێرەدایە کە تاریفی زمان وەک زمانی ئینسانی، زمانـی خاوەن سـەمبول و خـاوەن هێمایە، کەچی لە نێو گیانلەبەرانـدا پەیوەندیی زمانی وەک، سـیگناڵ و نیشانە بەدی دەکرێت، بۆیە بڕێ لە گیانلەبـەران وەک هەنگ و مێرووله و نەهەنگەکان و فیلـەکان و مەیموونەکان و ... ژیانی سوشیاڵ و کۆمەڵایەتییان هەیە و عیشق و خۆشـی و ناخۆشی لە ئاسـتێکدا ئەزموون دەکـەن و بڕێکیـان وەک گیانلەبەری خاوەن کەرەسە، لە کەرەسەی تایبەت بەهرە دەگرن و ... بەڵام تەنیا شتێک لێرەدا مرۆڤ تایبەتمەند دەکات و جیای دەکاتەوە لە هەموو گیانلەبەرانی دیکە، ئافراندنە لە سـەر بنەمای سەمبولسازی و هێماسـازی، واتە زوانی سەمبولسازە کە مرۆ لە گیانلەبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە و سەمبول بنەمـا و ناوەڕۆکی «کولتوور»ە و هەر بەخاتری ئەمەیـە، کەڕ و کوێری زگمـاک دەتوانێ ڕێی خۆی بۆ دونیای قسـەکردن بدۆزێتەوە، وەک ژیانـی «هیلێـن کیلێـر»[۶] ئەمەی بـۆ ئێمە سەلماند و ئەم جیاوازییە لە درێژاییی مێژوودا لـە دوای دۆزینەوەی ئاگر و چێشـت لێنان، ڕێگای ئینسان بۆ مرۆڤ بەدی هات.

بۆیـە لە ڕاسـتیدا نـە کار و کاردانەوە و ڕیفلێکسـی ئەندامـەکان و نـە وڵام دانـەوە بەدونیای دەوروبەر، [شەرتی‌کردن «condition reflex»] و نە کەرەسەسازی و نە ژیانی سۆشیاڵ و کۆمەڵایەتی، ناتوانن خاڵی جیاوازیی مروڤ لە گیانلەبەرانی دیکە بـن. بۆیە تاریفی مرۆڤ لە دونیای ئەمـڕۆدا جێی خۆی داوە بەمرۆڤی خاوەن «کولتوور»، واتە «مرۆڤی سەمبول‌ساز و هێماساز» بۆیە «کولتوور» و «سەمبول» و «زمان» لە «مێـژووی ئافراندندا» «مێژوومەندی»ی ئێمە لەگەڵ سیسـتەمێکی ئەندامـواردا ڕووبەڕووو دەکاتەوە، کە واتا و هێمای مرۆڤ و کولتوورمان پێ دەناسێنێ.

بە کوردی و بەکورتـی مرۆڤ گیانلەبەری خـاوەن کولتوور و کولتوور دونیای دەوروبەری ئێمەیە، واتە مرۆڤ بەشـوێن مانابەخشـین و مانادۆزینـەوە لە ژیاندایـە و ئەمەیە کە ئێمە ڕادەکێشێ، بۆ لای مانا و واتای ئایین کە وەک پێویستییەک لە ژیانی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێت.

بۆیـە بـۆ دەرخسـتنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیـە، دەبـێ بزانین ئاییـن چییە و چ کاردانەوەیەکـی لەگـەڵ کولتـوورەکان و شارستانییەتەکاندا هەیە؟

**«دین» چیە؟**

هەر وەکوو لە باســـی کولتـــووردا پەنامان بردە بـــەر تاریفی پەدیدارشناســـی و تەوســـیفیی کولتوورەوە، باش وایە هەر بەم پێیە لە باســـی ئایینیشـــدا خۆمان بپارێزین لە تاریفی داشکان باوەڕانە و ڕیدۆکشینیســـتی «red uctionism «تحویل‌گرایانـــە». تاریفی ئایین بە دیاریکردنی چەمکە هاوبەشـــە ســـەرەکییەکانی ئەتوانێت ڕێمـــان پێ بدات، تا «چی بوونـــی» ئەم واتایە بناســـین و لەگـــەڵ کولتـــووردا وەک باس‌کرا پێناســـەی کەیـــن و پەیوەندیی و نیســـبەتی ئـــەم دوانە پێکـــەوە بخەینە بـــەر تۆێژینەوە و شیتەڵکارییەوە.

برێ کەسایەتیی سەرشوناس لە تۆێژەرانی دین وەک «شـــلایرماخیر» و «ڕۆدلۆف ئۆتۆ» و «پۆل‌تیلیش» و «گئـــورگ زێمل»[۷] پێیان وایە دین و مەعنەوییەت بەشی دانەبڕاوی دەروونی مرۆڤـــن، بۆیە ئۆتۆ، قســـە لە بـــاری عاتیفی و دلاوێزانەیـــی دین و مەعنەوییـــەت دەکات و باس لە «نۆمن» واتە شکۆ و شەوکەتی حازر لە هەستیدا دەکات و یەکەمین ویستگەی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەم شکۆ مەزنەدا [کە بە«میستریۆم تری میندۆم» واتە «ڕازی سەرسورهێنەر» ناوی دەبات] ئیحساسی دڵسپاردن و خۆ لە دەسدان دەزانێ و قســـە لە ناوەڕۆکێک ئەکات، کە پێگە و جێگەی کۆتایین پەردەی دەروونی ئینسانە.

بۆیە پێم وایە خاڵی هاوبەشی تاریفی ئایین، دەگەڕێتەوە بۆ ئیحساســـی ئەم شکۆ مەزنە لە هەســـتیدا، کە یەکێک ناوی بـــە خوا دەبات و یەکێـــک بە ئەمری موقـــەددەس و یەکێک بە ئەمـــری مینوویی و نادیار و یەکێک بە ئەمری موتەعالی و بالادەست نیشانی دەکات.

کەمترین ســـەرنج بەوەمان دەگەیەنێ، کە ئەمە هەر ئەو هێماسازی و سەمبول سازییەیە، کە ئاستی مرۆڤی لە ئاستی گیانلەبەرانی دیکە جـــودا کردووەتەوە و بگرە بتوانین بڵێین، ئەمە هۆکاری سەرەکیی پێویستیی مرۆڤ بە دین و مەعنەوییەت لـــە درێژایی مێژوودا تا ئەمڕۆ بە شـــێوازگەلی جۆراوجۆر بووە و لەمەولایش لە وێنەگەلی جۆراوجۆری دیکەدا خۆی دەنوێنێت و بگـــرە هیچ کاتێک نەبوێـــت کە مرۆڤ بێ دیـــن و مەعنەوییەت ژیـــا بێت و هیچ کاتێک نەبێت کە بێ دین و مەعنەوییەت بژیت، وەک هیـــچ کاتێک نەبووە مرۆڤ بـــێ هونەر، بە لقە جۆراوجۆرکانیـــەوە ژیابێت و هیچ کاتێک نییە کە بتوانـــێ بێ هونەر بژیت و مەبەســـت لەم بەرانبـــەری کردنەی ئایین و هونەر، ئەوەیە کە ئایینیـــش وەک هونەر هەڵقـــولاوی دەروونە و بەشی دانەبڕاوی دەروونە.

بـــەلام بۆ ئەوەی بتوانین ئـــەم مانا بەرینە کولتوورییە بخەینە بەر تۆێژینەوەوە، تا چەمکە ســـەرەکییەکانی خۆی دەرخات، پەنا دەبەینە بەر زمانی ئیســـتعارە و تەمسیلەوە، هەر چۆن کتێبە ئایینیـــەکان وەک قورئان و تەورات و ئینجیل و ئاوێســـتا و وداکان و ئۆپانیشادەکان و ... بـــۆ بەیانی ئەم واتاگرنگە گەورەیە، پەنایان بردوووتە بەر زمانی ئیستعارە و تەمسیل و ڕەمز و سەمبولەوە.

بۆیـــە «پۆڵ‌تیلیش» دەڵـــێ: «زمانی ئیمان و ئاییـــن تەنها زمانی ســـەمبولیکە و بەس، و ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئیمانی خۆمان نیشـــان بدەین، کـــە پەیوەندیـــی ئێمە بـــە وجوودی موتڵەقەوە دەردەخا، بێجگە لە سەمبول و زوانی سەمبولیک ڕێگەیەکی دیکەمان نیە»[۸]

دین لە بنەرەتدا وەک «ئاو» وەهایە،[۹] وەک بارانێک وایە کە هەڵمی گەرمای زەمین دوای کار و کاردانەوەیەکی ئاسایی لە ئاسماندا، دەبێ بـــە هەورگەلی چڕ و پـــڕی بارانهێنەر، کاتێ کـــە باران دادەکا، بارانـــی بێ‌گەرد و بێ‌غەل و غەش لە ئاســـمانەوە دەس پێ دەکات، کاتێک لە ئاستی بۆشایی ئاســـماندا کەم کەم تێکەڵ دەبێ لەگەڵ تـــەم و دووکەڵ و مەواددی‌تردا، لـــە بێگەردی و خالیســـیی خـــۆی دەکەوێ و کاتێک دێتە ســـەر زەوی، دڵۆپ دڵۆپ لەگەڵ خاک و خۆڵ و گـــژ و گیا و مەوادی دیکەدا ئاوێتە دەبێ و لە جۆگەلەیەکەوە بۆ جۆگەیەک

و لە جۆگەکانەوە بۆ ڕۆبارەکان و هەروەها بۆ دەریاکان و زەریاکان بەڕێ دەکەوێ.

بەڵێ بارودۆخی دینیش هەر وایە، ئەساس و بونیادی دین ئەو ماناخوازی و ئەو شکۆ سەرسوڕهێنەرەیە، کە هەرکەس و هەر ئەزموونگەرێکی ئایینی بە ناوێکی تایبەتمەندەوە، کە سەرسوڕهێنانی ئەم، لە بەرانبەر ئەو شکۆ مەزنەد بەیان دەکات، هەر بەم پێیە پێغەمبەران و ئەزموونگەرانی باری مەعنەویی دین لە یەک دین قسە دەکەن، واتە«ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا» وەک ئەزموونگەری بەناوبانگی سوننەتگەرا «فریتیۆف شووان»، کە لە تێوری و ئەزموونی«وحدت متعالی ادیان»[باڵا نگەری یەکگرتوی ئایین بە گشتی] دا ئاماژەی پێ دەکات.

لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئوستوورەشناسی گەورە و بلیمەت «جۆزف کەمبڵ» دەڵێ: «ئەدیان و بانگەوازکەرانی ئایین لە جێی ئەوەی بەرەولای ئەزموونی عارفانەی دین ئاوڕ بدنەوە کە ئەزموونی حەقیقیی دینە، خۆیان تێکەڵ بەرەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکارە ئەخلاقییەکان دەکەن»و ئەمە بەهەڵەیەکی گەورە ئەژمێرێت.[١٠]

بەڵام کاتێک ئەم ئەزموونە زیندووە، هەتا هەتایە، لەگەڵ مێژوودا و بارودۆخە مێژووییەکاندا، وەک کات و سات و جێگا و ڕێگا و فەرهەنگ و نەریت و چاند و کولتوور و شارستانییەت و تەمەددونە جۆراجۆرەکاندا، تێکەڵ دەبێ، هەر لە ئایینە سەرەتاییەکانەوە، لە توتم و تابۆکانەوە تا ئایینە یەکتاپەرەستییەکان، ڕەنگ و بۆن و شێوازگەلی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەند بەخۆی نیشان دەدات. ئیتر لەم ڕوانگەیەوە وەک جان‌هێک دەڵێ لەگەڵ یەک دینیدا ڕوبەروو نابینەوە بەڵکوو لەگەڵ فرە ئایینیدا ڕوبەروو دەبینەوە.[١١] بۆیە قسە لە پلۆرالیسمی ئایینی واتە فرە دینی دێتە کایەوە، کە ئەگەر بە نیگایەکی فنۆمنۆلۆژیستی و پەدیدارشناسانە و بەرساختگەرایانە سەیری ڕەوتەکە نەکرێت، ناوەڕۆکە بنەماییەکە، کە ئاوبوون و پاکیەتی و سەفا و سەرسوڕمان، لە بەرانبەر شکۆی هەستیسازدایە، جێی خۆی ئەدات بەسەرگەرم بوون و شەڕ و ئاژاوە، لە بوارەئاسایی و ڕووەکییە مێژووییەکاندا و لە جێی ئەوەی دین ڕەحمەت بێت، ئەبێت بە زەحمەت بەسەر گیان و ژیانی مرۆڤایەتییەوە، لێرەدایە کە جەهل و نەزانینی موقەددەس بە ئەوپەڕی بێ‌ڕەحمییەوە خۆی ئەنوێنێ، کەمترین چاوپیاخشان بەسەر مێژووی ئایینداا ئەم حەقیقەتە و ئەم ڕەهەندە ئەخاتە بەر چاو،[١٢] بۆیە بەم پێیە ئێمە لەگەڵ دوو وێنە لە ئایین ڕووبەڕوو دەبێینەوە.

**یەکەم:** لەگەڵ وێنەی «ناوەرۆکی و بنەڕەتیی ئایین» و یا «وێنەی دەروونی و هەستەیی ئایین» و یا «وێنەی سەنتەری و هەوێنیی ئایین» ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە بریتیە لە «ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزن»دا.

بەم پێیە هەموو ڕێیەک بۆ بانە ئەچێ، هەرچەندە کە بانە بە بەهانە بکات و شایەد مانای«لانفرق بين احد من رسله»[١٣] و «وقل امنت بما انزل الله من كتاب»[١٤] هەر ئەمە بێت.

**دووهەم:** وێنەی مێژوویی ئایینەکە بەپێی بارودۆخە مێژووییەکان و کات و سات و جێگا و ڕێگا و ڕچە و چاند و کولتوور و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان، ڕەنگ و ڕواڵەتی تایبەتمەندی بەخۆیەوە گرتووە و ئەمەیش شایەد هەر هەمان مانای «شەریعەت» و «منهاج»[١٥] بێت، کە هەر ئۆمەتێک و هەر گەلێک بەپێی پێویست و ئاکارەکانی خۆیان وێنەی تایبەتمەند بەخۆیانیان گرتبێت.

کە تاریفە کۆمەڵناسیی و مێژووییەکان پشت بە وەها ڕوانگەیەک دەبەستن، بۆ نموونە ئەتوانین ئاماژە بە تاریفەکەی «دورکیم» بکەین کە پشت بە بەباوەڕەکان و کار و ئاکارە لاهووتیەکان ئەبەستێت کە شوێنکەوتوانی خۆیان، لە کۆبەستێکی ئەخلاقی بەناوی «ئوممەت»دا کۆ دەکاتەوە.[١٦]

جا لەسەر بنەمای ڕێژە باوەریی کولتووری «cultural-relativesm»، هیچ شەریعەتێک و مینهاج و ڕێ و ڕچەیەکی دینی بەرتر و سەرتر لەویتر ناناسرێت. لەبەر ئەوەی کولتوورەکان چی دینی و چی نادینییەکەی لە پێوەرگەلی عیلمیدا جێ ناگرن و پلە و ڕێژەیان بۆ دیاری ناکرێت.[۱۷] ئەگەر ئاورێک لە وێنەی یەکەم لە ئایین بدرێتەوە «وەستان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا» وەک پاڵفتەی بێ‌گەرد، خاڵی بنەمایی بەدیهاتنی ئایین و ناوەڕۆک و هەوێنی دین کە ئایین بێ ئەو ئایین نیە، خۆی دەنوێنێ و شایەد بتوانین بڵێین ئەمە کەمترین و گرنگترین خانەی شوناسی دینە. بۆیە هەر بیروبۆچوونێ بەناو ئایینەوە ئەم تایبەتمەندییەی تێدا بێت، بە دین دەژمێرێت، جا دەرکەوتنی لە بواری ژیانەوە، بەپێی ڕچە و پێگە و ڕێگە و جێگە و مەودا و کات و سات و چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە خۆی دەنوێنێ و خۆی دەنەخشێنێت، هەر وەکوو ئەو بارانەی کە ئاو بوونەکەی لە کات و سات و جێگا و ڕێگاگەلی جۆراوجۆرا بەشێوەگەلی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات.

لە ژێر ئەم تیشکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئایین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ ئەمری باڵادا «متعالی» و هومێد بەستن و ژیانە لەگەڵ ئاوا نیگایەکدا، کە لە دۆخێکەوە مرۆڤ ئەبات بۆ دۆخێکی دیکە بەڵام لەم بوارەدا هەوڵ لەسەر ئەوەیە کە قۆناغی داهاتوو دەسکەوتی چاتر بێت لە قۆناغی پێشوو و بگرە بتوانین بەبنەمای تەلایی ئایین بەگشتی ناوی ببەین؛ بۆیە من پێم وایە ئەم تاریفە لە ئایین لەگەڵ ڕیچۆڵ کردنی وشەی «دین» لە سانسکرێت و گاتەکان و ئاوێستادا، کە بەردەوام وشەی «دئنا» بەکار دەبات، دێتەوە و هەروەها لەگەڵ وشەی «religion»ی فەرانسەویدا بەواتای کۆمەڵگای دینی و وشەی «religioncer» لاتینیدا کە لە مانای مەعنەوییەت و ئەمری باڵاو ئەمری موقەددەسدا بەکار هاتووە، هاوشان و هاوڕێی هەیە و وا ئەزانم وشەی «دین» لە عەرەبیدا ڕیچۆڵی عەرەبی نیە، لە بهێما وەرگیراو لە (دینا)ی ئاوێستائییە کە ئەویش لە بهێما ئیزەدبانووی یوونانی و ڕۆمی، واتە ئارتیمیسە کە خوودای جەنگەڵ و شکار و ڕێ‌پیشاندان بووە، بۆیە لەوێدا کە بەشەر ڕێگای باڵا و موقەددەسی خۆی واتە «سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا» دەدۆزێتەوە، ناوی «دئنا» و «دینای» پێوەناوە و لەوەبەدواوە بۆ هەموو بارێکی دەروونی و پەنهان لە دیدە، کە مرۆڤ دەستەوەستانی بارەگای باڵای شکۆی مەزن بکات، بەتەواوی شێوە جۆراوجۆرەکانی «دین» و یا هەرچییەک لەم مانایەدا بێت، بەکاریان هێناوە. ئەمەش نیشانەیەکە، بۆ ئەوەی بەوە بگەین بنەمای ڕەسەن و ماددە و هەوێنی بێ‌گەردی دینی و کەمترین خانەی شوناسی دین و یا باشتر وایە بڵێین DNA دین، باری دەروونی و دڵ سپاردنە بەشکوی مەزن.

ئالێرەدایە کە ئەم دڵ سپاردنە لە نیگای «ڕۆدلۆف ئۆتۆدا» بە بنەمای بەدی‌هاتنی ئایین ئەژمێرێت[۱۸] و هەروەها «پۆڵ تیلیش» بەو جێیە دەگەینێ کە دەڵێ: ڕواڵەتی ئایین کولتوورە و ناوەڕۆکی کولتووریش (واتا بارە مەعنەوییەکە) ئایینە.[۱۹]

وا ئەزانم لێرەدا بەوە گەیشتین کە دین چەمکێکی سەرەکی لە کولتووری هەر گەلێکە، کە لە هەمیشەی مێژوودا پەنای پێ براوە و لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەنگدانەوەی هەمیشەیی بووە و بگرە ڕەنگدانەوەی هەتا هەتاییشی ئەبێت و بە وتەی جۆزیف کەمبڵ منداڵان و ڕەحەمی دووهەمی لە دایکبوونی ئادەمیە.[۲۰]

بەڵام ئەوەی لەم باسەدا جێی سەرنج و تێبینییە، ئەوەیە کە کولتوورەکان، چ ئایینی و چ نائایینییەکەی، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە، گۆرانکارییان بەسەردا دێت و بەم پێیە لە دایکبوون و سەرهەڵدان و گەنجی و کارامەیی و پیری و لەکار کەوتوویی و مەرگ و تەواوبوون ڕویان

تێ دەكات.

جا ئێستا جێی ئەوەیە بپرسین هۆكاری ئەم گۆڕانكارییە چیە؟

بۆ ئەم مەبەستە نیازمان هەیە كە كاریگەرییەكانی شارستانییەت و كولتوور لەسەر یەكتری ڕەچاو بكەین.

## كاریگەرییەكانی شارستانییەت «civilization» و كولتوور «culture» لە سەریەكتری

مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ (بەپێچەوانەی ئەوانەوە كە دوو بەش بینانە، بەشێ گیان و بەشێ جەستە ئەبیننەوە و بەشێك زەق و پڕڕەنگ دەكەن و بەشەكەی دیكە لاواز و كەمڕەنگ) بوونەوەرێكی سیستەماتیك و ئەندامـوارە، بۆیە ناتوانین هێڵێك لە نێوان گیان و لەشیدا و هەروەها لە نێوان نیازە ماددی و مەعنەوییەكانیدا [لەسەرەڕای شوناسی ئەم دوو بوارە] بكێشین.

بەڵام بێگومان چەرخەی لەش و گیان، مادده و مانا، شارستانییەت و كولتوور، لەم سیستەمە ئەندامـوارەدا وا لە دڵی یەكتریدا تەنراون، لە عەینی ڕوونی و ڕاشكاویدا، لە ناخی یەكتریدا، وەك كەلافێك سەردەرگووم و نادیارن و بەردەوام بەسەر یەكتریەوە لە ناو خۆیدا كاریگەرییان هەیە.

جا بەم پێیە پێویستە بزانین بەرهەمە ماددی و مەعنەوییەكانی مرۆڤ، چۆن لە یەك ئاڵاون و بە ڕۆخی یەكتریدا چوون؟

لەسەر ئاخرین پێگەیشتنە عیلمییەكانی ئانترۆپۆلوجیستان و كولتوورناسان، واتای (civilization) كە شارستانییەتە، باری نیاز و پێویستییە ماددییەكانی ئێمە دەگرێتەوە و هەروەها (culture) كولتوور [چاند و نەریت و فەرهەنگ] پێویستییە مەعنەوییەكانی ئێمە ڕەچاو دەكات.

جا بەپێی ئەو سیستەمە ئۆرگانیكە، كولتوور و شارستانییەت، بێ یەكتری مانا پەیدا ناكەن، وەك لەش و گیان بێ یەكتری مانایەكیان نییە، بۆیە لە هەرجێیەك شارستانییەتێك هەبێ، كولتوورێك هەیە و هەروەها لە هەرجێیەك كولتوورێك هەبێت، شارستانییەتێك هەیە، واتە لە هەرجێیەك كەرەسە و ڕووداوێك سەر بگرێت، داخوازی كولتوورێكی هاوسەنگ و هاودەنگی خۆیەتی و هەروەها لە هەرجێیەك كولتوورێك بەدیبێت، داخوازی كەرەسەیەك و یا ڕووداوێكی تایبەتە، كە هاوشانی و هاوڕێی بكەن لەگەڵ یەكتریدا.

بۆیە هەر كەرەسەیەك كە پێ دەخاتە چوارچێوەی ژیانەوە، ئاوازێكی تایبەت بەخۆی ئەچرپێنێ بە گوێچكەی گیانی ئادەمیدا و گیانی مرۆڤ دەهەژێنێ و مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو دەنگەدا ڕەوتێكی تایبەتی، كە ڕیفلێكس و كاردانەوەی سروشتی گیانی مرۆڤە، لە خۆی نیشان دەدا، كە دەرئەنجامەكەی بە شێوەی هەڵپەركێ و مۆسیقا و گۆرانی و شیعر و هۆنراوە و نومایش و شانۆ و میعماری و نەقاشی و وێنەگری و پەیكەرسازی و پەیكەرتراشی و درام و سینەما و ڕێ و ڕچە و نەریت و خوڵق و خو و پۆشاك و خواردن و خواردنەوە و نووسین و ... خۆی دەنەخشێنێ.

هاوڕێیی و هاوشانی و هاودەنگی و هاوسەنگیی ئەم دوو بوارە پێكەوە، ئەبێت بەهۆی ئاسایش و ئارامش و خۆشی و شادی و ئومێد بەژیان و كارامەیی لە بوارەكانی ژیانەوە و هەروەها بۆشایی و قەڵشتی و دابڕان لە نێوان ئەم دوو تێرمەدا، ئاڵۆزی و كێشە و قەیران و كارەسات بە باردێنێ و كۆمەڵگا لەگەڵ نامۆیی و ماندوویی و تۆران و خەمۆكی و بێزاریدا، ڕووبەڕوو دەكاتەوە، بۆیە كێشەی كلیسا و زانین لە سەدەكانی میانەدا «قرون وسطا»، بەشێكی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕین و قەڵشتی ئایین لە بەرانبەر عیلم و زانین و دەسكەوتەكەی وەك شارستانییەتێكی نوێ.

لەوێدا كە كلیسا وەك ئایین نەیتوانی كولتووری لەبار و هاودەنگ و هاوسەنگ و هاوڕێ و هاوشان، لەگەڵ شارستانییەتی نوێدا

ساز بکات و نەیتوانی ڕەوتەئایینییەکەی خۆی لەگەڵ دەنگی کەرەسەی نوێ و شارستانییەتی نوێــدا هەماهەنگ بــکات، تووشـــی گرژی و درژی و تونـــدی و تیـــژی و زبری لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا هات، بۆیە دەســـتی دایە ئەنکزاسیون «inquiscion» و بیر پشکنین و بەرێ خستنی دادگاگەلی سەرسوڕهێنەری کوشتن و سوتاندن و بەرێ خستنی زیندان و ئەشکەنجە و زەبر و لێدان و بەکۆیلەکردن و زەوتی ماڵ و ناموس و دوورخســـتنەوە لەگەڵ ئەنجامـــی کارگەلی ســـەخت و بەدەر لە توانا و تاقەتی ئاســـاییی مـــرۆڤ، تا بەو جێیەی ئێســـەکانی زانایانێک کەساڵیانی ســـاڵ لەوەوپێش مردبوون و نیگا و بۆچوونەکانیان هۆگرانێکی پەیدا کردبوو، کە بەشـــێوەیەک ئەو بۆچوونانە هاودەنگیی لەگەڵ کلیسا دانەبوو، لە گوڕ دەرئەهێنران و دادگایی دەکـــران و ســـەرئەنجام مەحکـــووم دەکران و لەبـــەر چـــاوی هۆگرەکانیان ئێســـەکانیان دەسووتێنران.[٢١]

بۆیـــە «پـــۆل تیلیش»یش هـــۆکاری ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە کەمتەرخەمی و غەفڵەتی کلیســـا و ئاییندارانـدا دەزانێت کە زوانی ئایین و زوانی عیلم و زانســـتیان نەناسی بوو.[٢٢] ئاوا گوێنـــەدان و کەمتەرخەمییـــەک هەڵقوڵاوی بارودۆخـــی بێ باوەڕی بەگۆڕانـــکاری لە نێوان شارستانییەت و کولتووردایە، کە مێژوومەندی لە ئایین دەگرنەوە و ئایین وەک کولتوور نابیننەوە و بەتەمای ئەوە نین هیچ ئاڵۆگۆڕێک لە ئاییندا بەســـەر بناسنەوە، لە هەمان کاتدا لە درێژاییی مێژوودا و لە پانتای ژیاندا، گۆڕانکاری، تەواوی بوارەکانـــی ژیانی شارســـتانییەت و کولتووری ئێمەی گرتووەتەوە.

ئـــەم کاریگەرییانەی کە ئەمـــڕۆ لە نێوان شارســـتانییەت و کولتـــووردا بـــەدی دەکرێت (مێژوویەکـــی دوور و درێـــژی هەیـــە) هـــەر هەمـــان کاریگەرین کە لە نێوان کەرەســـە و ســـەمبولدا بەدی‌کراون، وەک مەیموون ناسی ژاپۆنـــی، «مان»، دەڵـــێ: تێرمی«کولتوور» وەک هاوردەیەکی مرۆیی، ئەبێ تاریفەکەی جەخت بخاتە سەر سیســـتەمێکی ڕەفتاریی ئەوتۆ کە فێرخوازی وەک بناغەیەک بناسێتەوە و ئاڵوگۆڕ بەســـەر ژینگەدا بهێنێت و بـــۆ مانەوەی ژینی خـــۆی دەورێکـــی ســـەرەکیببینێت و ژیانی بەکەرەسەوە بەسرابێتەوە.

ســـەرهەڵدانی ئـــاوا مەودایەک لـــە ژیانی مرۆڤدا، ســـەرهەڵدانی «کولتـــوور»ی ژیانە کە مێژووەکەی ئەگەڕێتـــەوە بۆ کاتێک کە مرۆڤ «کەرەســـەی بۆ کەرەسەسازی» دروست کرد و ئەمە لای هەندێ لە دێرینەناسان دەگەڕێتەوە بۆ دوو تا ســـێ ملیۆن ساڵ لەمەوپێش و لای هەندێکـــی تر دەگەڕێتەوە بـــۆ کاتێ کە مرۆڤ بەسەر دوو پێی خۆیەوە وەستا.[٢٣]

ئاوا بۆچوونێک بە چاوپۆشـــی لە دروستی و نادروســـتییەکەی، ئەیەوێـــت پێمان بڵێ کە کەرەســـە و ڕووداوەکان، پایە و بنەما و بەردی بنەڕەتیـــی شارســـتانییەتن و کاریگەریی ئەم ڕووداوە گەورەیە لە بەدیهاتنی کولتووردا، وەک مرۆڤی سەمبولســـاز ڕۆڵی گرنگی هەبووە. ئەم ڕەوتەپیرۆزە لـــە درێژاییی مێژوودا، بە هەزاران پێـــچ و خەمی گـــەورە و بچووکدا تێپەڕیووە و هـــەر لە دەورانی غارنشـــینییەوە هەتا دەورانی چادرنشینی و خێوەتنشینی و تا دەورانی کێڵگە و کشـــتوکاڵ و تا دونیای سەنعەت و ماشێن و تـــا ئەمرۆی دونیای مەجـــازی و دونیای زانین و تیکنۆلـــۆژی و ئینترنێت و «گوندی جیهانی» «global village» لە خۆ دەگرێت.

ئـــەم ڕەوتە تا ئەمڕۆ وەســـتانی بۆ نەبووە و وەستانیشـــی بۆ نییە و بەهـــەر ئەندازە ڕەوتی کەرەسەیی و ڕووداوی، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، ڕەوتی فەرهەنگی و کولتووری و مەعنەویش بەو ئەندازەیە خوازیاری گۆڕانکارییەکی هاودەنگ و هاوســـەنگ و هاورێ و هاوشـــانە، کە کۆمەڵگا بەئاستی ئارامی و شادی و خۆشی دەگەیەنێت و کۆمەڵـــگا دەکات بەکۆمەڵگایەکی چالاک و تێکۆشەر و هومێدوار بەداهاتووی، خۆی کە لە دۆخێکـــەوە بەرە و دۆخێکـــی دیکە دەچێت و

ئـــازادی وەک بنەما و هەوێنێـــک تێیدا ڕەنگ دەداتەوە.

جا هەر وەکوو وتمان نەبوونی ئاوا هاودەنگی و هاوسەنگییەک، ئەبێت بەهۆی نەمانی ئازادی و گـــرژی و درژی و دابڕان لە نێوان کۆمەڵگادا و مرۆڤ لە خۆی نامـــۆ و بێگانە دەکات. وەک زمانە سوننەتیەکەی دەڵێت تووشی «هبوط»ی دەکات، واتە تووشی دابزینی دەکات، «هبوط» دابەزین و داکەوتنە، بەڵام بە زمانی ئەمڕۆ جێ مان و دواکەوتنـــە، کەمتەرخەمی لەم بوارەدا، واتە لە ئاســـتی گۆڕانکاریی ئایین وەک باڵێکی کولتوور، لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕە شارســـتانییەکاندا وەک کەرەســـە و ڕووداو، ئەبێـــت بەهـــۆکاری کارەســـاتگەلێک لە ژیانی کۆمەڵگادا کە ئەگەر قووڵ بیـــری لـــێ بکەینەوە، گیان و لەشـــی مرۆڤـــی خاوەنبیر دەلەرزێنـــێ، بۆیە من ناوی ئاوا کارەســـاتێک دەنێم «کارەساتی چرنۆبیلی ئایین لە دونیـــای نوێدا». بۆیە بەڕاســـتی لەم چـــەن دەیەیڕابردووەدا، بەشـــێک لـــەو ئاکار و دەرئەنجامانەمـــان بەنـــاوی دینەوە بە چاوی خۆمان بینی کە پاڵپشتەکەی دەقە ئایینییەکان و فەرمـــوودە دینییە موقەددەســـەکان بوون، و هۆکارەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەم قەڵشـــت و دابڕینە لە نێوان دین وەک کولتوور لە لایەکەوە و شارستانییەتی نوێ لە لایەکی ترەوە. بۆیە ئەم ڕەوتە بێفەڕە شـــێوەیەک لە ئازار و ئەشکەنجە و کوشتن و سووتاندن و بەدیلبردن و بەکۆیلە کـــردن و بیرپشـــکنین، دۆزەخێـــک بەنـــاوی بەهەشتەوە لە سەدەکانی میانە «قرون وسطا» و ئانکزاسیونمان وەبیر دەهێنێتەوە.

جا ئێتر لێرەدا ئەم پرســـیارە دێتە کایەوە، کاتێ کە کەلتـــوور لە بـــەردەم گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕیـــی هەتا هەتاییدایـــە، داهاتووی ئایین وەک چەمکێ لە چەمکە سەرکییەکانی کولتوور چی بەسەر دێت؟

نەشتەرگەریی گۆڕانکاری، تا چ ئاستێک لە گیان و لاشەی دیندا دادەنیشێ؟

وەک کولتـــوورەکان ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردن و تەواوبوون و مەرگیان بۆ هەیە، ئایا وەک نیچە لە «مـــرد دیوانە»کەیدا مەرگی خودای ڕاگەیاند، خودا دەمرێت؟

و یا وەکـــوو ئیقباڵی لاهووری دەڵێ: خودا دەبێ نەخشـــێکی تر و ڕۆڵێکی دیکە لە ژیانی مرۆڤدا کایە بکات؟

## گۆڕانکاری و چاکسازی لە ئاییندا هەر لە پایە هەتا سایە

«من بۆ سەبەت یا سەبەت بۆ من؟»

ئەمە وڵامی عیسای ناسری پێغەمەرە (د.خ) لە بەرانبەر سیستەمی فەقاهەتی ماڵۆمگەلی ئایینی یەهوود لە ڕۆژگاری خۆیدا، کە دەیانووت: بۆ بە پێچەوانەی ئایینی مووســـاوە کە ڕۆژی شەممە کارکـــردن حەرامـــە، تۆ کار دەکـــەی؟ بۆیە لە وڵامـــدا هەڵیدایە و ووتی: منـــم خاوەنی ڕۆژی شەممە، (من بۆ شەممەم یا شەممە بۆ من؟)[٢٤]

ئەم وتەیە وەک دەســـکەوتێکی زێڕین لە باســـی ئایین و ئایینناسیدا بۆ هەموو توێژەرانی ئـــەم بوارە ڕەچـــاو دەکرێـــت و هەروەها وەک خاڵێکی ســـەرەکی بۆ نیشاندانی مێژوومەندیی ئایین. ئاوڕی لێ دەدرێتەوە، تا پێمان بگەیەنێ کـــە ئایین لـــە پانتایی ژیاندا و لـــە درێژایی مێـــژوودا، گەشـــە دەکا و پەرە ئەســـێنێت و گۆڕانکاریی بەســـەردا دێت، واتە ئیڤۆلۆیشـــنی کولتـــووری (culture evolution) ڕووی تـــێ دەکات، هەر بەم پێیە وڵامەکەی عیســـا، وەک پرسیارێک لە فەلسەفەی دیندا و لە ئایینناسیدا بوو بەبزاڤێکی فەلســـەفی و ئایینی کە «من بۆ دین یا دین بۆ من؟»

واتە، ئایا ئایین تەختەکەی پرۆکرۆستیسە (procrustes)[٢٥] کـــە هەر قـــەد و قەوارەیەک دەبـــێ بەئەندازەی ئەو ببڕێـــت؟ و یا گیانە کە ڕژایـــە هەر جەســـتەیەک ئەیهەژێنێ و بەڕێی دەخات؟

بۆیە نیچە زۆر بەوردی لە عیسا و فەلسەفەی ڕەوتی ئەم گەورەپیاوە تێگەیشتبوو و لە «چنین گفت زرتشت»ـەکەیدا قســـە لە جوانەمەرگی

و زوو مردن دەكات و ئەڵێ عیسـای ناسـری جوانەمەرگ لە دونیا ڕۆیـی و ئەگەر بەقەدەر مـن لە ژیاندا بمایـەوە، ئەوندە گەورە و مەزن بوو، خۆی ئەندێشەكان و بیر و بڕواكانی خۆی دەخسـتەبەر نەشـتەری ڕەخنە و نەقدەوە[٢٦] و ئەمـە یانی پێغەمبەری، بەمانای بەربەسـت بـوون لـە پیاچوونەوەی مانا و هـاوردەكان و دەسـكەوتەكانی نییـە، بەڵكوو دەسـكەوتی پێغەمبـەران وەک هەمـوو دەسـكەوتەكانی بەشـەر، پیاچوونەوە خواز و ئەكشێنە و وەحی و ئەزموونی وەحیانی دەسـكەوتێكی «fixism» «فیكسـیزم» و چەقبەسـتوو و نەگـۆڕ نییە و ئەمیش وەک هەموو دەسـكەوتەكانی بەشەری ئەزموون هەڵگـرە و لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی دیكە گۆڕانی بەسەردا دێت.

جـا بەم پێیە، مەرجی مانـەوەی لە ژیانی كۆمەڵـگادا گۆڕانكاریـی هاوچەرخـە لەگەڵ بارودۆخـی ئاڵوگۆڕەكانی دونیـای دەوروبەردا، بەشـێوازێک كـە هاودەنگییەكـی بەپێـز و هاوسەنگییەكی بەهێزی تێدا بەدی بكرێت.

بۆیە ئێلێمێنتەكانی كولتوور هەر هەموویان سـەرهەڵدان و تەواوبـوون و گەشـەكردن و مـردن، ڕوودەكاتـە بارودۆخـە جۆراجۆرە فنۆمنۆلۆژیكییەكانیـەوە و ئایینیـش وەک ئێلێمێنتێكی كولتـووری بارودۆخی جۆراجۆر تێیدا سەر هەڵدەدات.

لێرەدایـە ئاییـن وەک ئێلێمێنتێكـی كولتـووری، ئەگـەر دەسـكەوتەكانی وەک دەسكەوتێكی بەنرخ، جێی ڕەزامەندیی كۆمەڵگا لە نـاوەوە و دەرەوە بوو، ئەوە وەک كولتووری سەرزیندە و ساخڵەم ناوی لێ دەبرێت و ئەگەر بەپێچەوانـەوە، لە نـاوەوە جێـی ڕەزامەندی نەبـوو و تەنها لـە ڕێگای لاسـاییكردنەوە و تەقلید و كۆنفۆرمیسم و فاناتیسمێكی دینی و مەزهەبیەوە خۆی داسەپاند، ئەوە كولتوورێكی نەخۆشە و ڕێگای مەرگی خۆی فەراهەم كردوە، كە پڕ دەبێ لە دەمارگرژی و درۆ و دەلەسـە و ڕیا و دووڕوویی و هەزاردەستی و هەزارچێرەیی و لەسەر خۆ و دیتران كڵاونان.

بۆیە نیچە لە «مرد دیوانە»كەیدا قسـە لە مەرگی خـودا دەكات و دەڵـێ ئێمە خوامان كوشتووە، دەستمان بەخوێنی خوا سوور بووە، خواكانیش تێكدەشكێن و دەڕوخێن، هەرچەندە ئەم هەواڵە بەئاسـانی قەبووڵ نەكرێت، نیازی بەتێپەڕینی زەمان هەیە، چونكە هەورەتریشقە و بروسكە پێویستی بە زەمان هەیە و هەروەها ئەستێرەكان بۆ دەركەوتن پێویستیان بەكات و زەمان هەیە، بۆیە دەڵێ: كلیساكان هەتا ئێستا بێجگە لە گۆڕستانێ بۆ خودا شتێک نەبوون.[٢٧]

ئەم باسـەی نیچە كوفربێژی و ناسزاكردن نییە بەڵكوو باس لە مەرگی كولتوورێكی ئایینی دەكات كـە سـەرهەڵدان و گەشـە و مەرگی بەخۆیەوە بیناوە.

وێنەمێژوویەكـی ئایین، كە هەمیشـە لە كەشـوهەوای «جێ و سـاتدا»، بەپێی ئاستی پانتاییـە كولتوورییـە كۆمەڵایەتییـەكان (culture area) دەركەوتـوون، ئەزموونگەلـی جۆراوجۆریان بەسـەردا تێپەڕیـوە، كە بەپێی سەردەمی دەركەوتنی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریی خۆیان، شێوازی بەرهەمی جۆراوجۆریـان لێ كەوتووەتـەوە، كە لە هەر دەركەوتنێكـدا مانـاكان و واتـاكان و ڕچە و ڕچەڵەكەكان و ئاكار و دەسـتوورە ئایینییەكان و بەشـداربوونی ئایین لە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریی خەڵكدا، شێوازێكی تایبەت بە خۆی نەخشاندوە.

بۆیـە هەر لە مانای خـوا و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ئەودا، هەتا مانای گوناح و تەوبە و... لە دینداریدا ئەم دەركەوتنـە جۆراوجۆرانە بەدی دەكەین.

ئەم ڕووبەڕووبوونـە، لەگەڵ خوا و دونیای دەوروبەردا دەتوانین لە سـێ دەورەی ئایینیدا بـەدی كەینەوە، كە ئێمـەی ئەمڕۆ گەیاندووە بەدەورەی چوارەمی دینداری:

**١** دەورانی سەرەتاییی ئایین

**٢** دەورانی سـەرەڕۆیی و تـاک فەرماندەری

«خودکامگی». «ئۆتۆکراسی» (autocracy) ئایین»

**٣** دەورانی دیترانخوازانە و نەوعخوازانە و یا مرۆخوازانەی ئایین.[٢٨]

لەم سێ دەورەیەدا ئایین بەپێی بارودۆخی کۆمەلایەتی و کەشوهەوای ڕامیاری و شێوازی ژیان لە دونیای دەوروبەریدا، ڕەنگدانەوەی بووە و بزاڤە ئایینییەکان وەک خوا و گوناح و تۆبە و ... لە ئاوێنەی ژیانی دەوروبەری خۆیدا خۆی نواندوە.

خوا و گوناح و ... لە ئایینەسەرەتاییەکاندا بەشێوازی توتم و تابۆکان دەرکەوتوون، کە وێنە سەرەتاییەکانی چەند خودایی و شیرکن، و وردە وردە خواکان لە خوایەکی چرووپڕدا وەک سەرۆکی خێڵ و هۆز و یا پاشایەکی زاڵ خۆی دەردەخات و دەسەڵاتی خۆی دادەسەپێنێ و بە شێوەی خوای سەرەڕۆ و تاک فەرماندەرانە شکۆ و شەوکەتی خۆی لە ئەزموونە دینییەکاندا دەنوێنێت. خواکانی دەورانی توتم و تابۆ، خوای هەرکەس بۆ خۆ ڕاکێشانە، کە لە هێماگەل و سەمبولگەلی جۆراوجۆردا وەک قوربانی بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتی خوا و یا بۆ دڵنەرم کردنی خواکان لە بەرانبەر قەڵسی و گرژیاندا بەدی کراوە.[٢٩]

لێرەدا بوو کە لە دەورانی چادرنشینی و خێوەتنشینیدا وردە وردە مرۆڤ پێکەو لە پەنای ڕۆبارەکاندا، بەدەست تێوەردانی کشتوکاڵ کۆبوونەوە و کەم کەم لە دێنشینییەوە بۆ شارنشینی و لە سەرۆک خێڵییەوە بۆ پاشایی و یەکفەرمانی و هەروەها لەم ئاوێنەیەدا بۆ لای یەک خودایی هەنگاویان هەڵگرت.

بەڵێ خوا وەک پاشا و پاشا وەک سێبەری خوا، سەرەڕۆ و تاک فەرماندەر خۆی لە ژیانی ئایینیی خەڵکدا دەنوێنێ و ئەزموونگەرانی ئایینی هەر لە پێغەمبەران هەتا عارفان و ... بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی خۆیان و پانتاییە کولتوورییەکانیان، نەخشی خوا لە ژیاندا وەک پاشای بەرین و خاوەنی تاج و تەخت و موڵکی بێهاوتا و نەبڕاوە، کە فەرمان هەر فەرمانی ئەوە و ئیتر هیچ، دەخەنە بەر باس و لێکدانەوە.

خوای تەوحید و یەکتاپەرستی لێرەدا، خوایەکی بە تەواوی مانا ئۆتۆکراس و سەرەڕۆیە و بەسەر عەرش و تەخت و بارەگای خۆیدا دامەزراوە، ئەوەی لە باسی بەرزی و بڵندی و شکۆ و شەوکەت و گەورەییی ئەودا بووترێت، عیبادەتە و بەوپێیە هەرچی لە کەمی و کەسری و ناتەوانی و دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتیی ئادەمی بوترێت هێشتا هەر کەمە، لێرەدا هۆکاری پەرستش، عیشق و خۆشەویستی و عەداڵەت و ئیحسان و دڵ سپاردن نییە، بەڵکوو تەنیا هۆکار، دەسەڵاتی زاڵ و سەرەڕۆیانەی ئەوە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە کەمترین فەرمان نەبردن لە بەرانبەر فەرمانەکانی ئەودا، هەرچەندە گەورەترین بەڵگەی لە پشتەوە بێت، گوناح لە قەڵەم دەردرێت و ئەبێت بەندە تەنیا و تەنیا فەرمانبەر و گوێڕایەڵی بێ ئەمما و ئەگەر بێت، واتە گوناح لە بهێما، نافەرمانی لە دەسەڵاتی باڵایە، بەخاتری هەر هۆ و هۆکارێک بێت، یانی فەرمانبردن، تەقوا و پارێزکاری دەژمێرێت و نافەرمانی گوناح و مەعسییەت ئەناسرێت، لەم ژیانە ئایینییەدا بەشی نیونیگایەک بۆ زەردەخەنەیەک نامێنێ، هەموو گیانی مرۆڤ و دونیای دەوروبەری دابەزین و بێدەنگی و سەنگینی شکۆی خاوەنشکۆیە، کە ژینی گۆڕیوە بە کڕنۆش و گەردەنکەچی و کوێلەیی و بەردەیی، کە هەرکەس مۆری بەردەیی و بێدەنگی و فەرمانبردن بخواتە نێوچاوانی، ڕزگاریی هەتاهەتاییی دەس دەکەوێ.

تۆبە لێرەدا بە واتای بەخۆداهاتنەوە و گۆڕان نییە، بەڵکوو گەڕانەوەیە بۆ دەرماڵی بێدەنگی و فەرمانبردن، هەرچەندە گەورەترین بەڵگە، پشتیوانی لە ڕێ دەرچوونی تۆ لە ئایینی پادشا بێت.

هەر بەم پێیە جا کاتێک کۆمەڵگای شارنشینی بەرەو ئاستی دامرکان و دامەزران

هەنگاوی نیا، وردە وردە کێشەی فەرمان و نافەرمانی لە نێوان دەسەڵاتی پادشا و حزووری خەڵک وەک دەسەڵاتێکی هاوسەنگ، دروست بوو، بۆیە لێرەدا باسی مافی پادشا و مافی هاووڵاتی، بەجۆرێکی تایبەت بەو سەردەمە پێش دێت و هەروەها لەم ئاوێنەیەدا، لە ئایینیشدا لە ئەزموونە دینیەکاندا، مافی خوا و مافی بەندە دێتە کایەوە و شایەد ئایەتی «و کان حقا علینا نصرالمؤمنین»[٣٠] بەجۆرێک ئاورێک بەلای ئەم واتا مێژووییەدا بێت کە مافی یارمەتیدانی ئیمانداران بەسەر خواوە دیاری دەکات، واتە بەندەکان بەسەر خواوە مافیان هەیە، وەک خوا بەسەر بەندەکانیدا مافی هەیە و هەر ئاوا واتایەکیش لە ئەحادیس و ڕیوایاتدا ئاماژەی پێ کراوە.[٣١]

ئەم سەردەمە بە سەردەمی دیتران خوازانە و مرۆخوازانەی ئایین دەژمێرێت، کە تەواوی ئێلێمێنتەکانی، ئایین وەک خوا و گوناح و تۆبە و ... مانایەکی نوێ بەخۆیانەوە دەگرن و ڕەنگدانەوەی مافی بەرانبەر لە نێوان خودا و مرۆڤدا خۆی دەنەخشێنێ، واتە بە پێچەوانەی دەورانی سەرەڕۆیی ئۆتۆکراسیی ئایینییەوە کە بێدەسەڵاتی و بێهێزیی مرۆڤ، شوناسی خواناسییە، ئەمجار مرۆڤ و تواناییەکانی، دەبێتە سەرهێڵ و سەرتەڵی دیاریکردنی شێوازی دینداری، ئەزموونی دینی لێرەدا لەسەر یەکگرتن و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیدا لە ڕێگای بیرکردنەوە و عیشق و عەلاقە و دڵ سپاردن و عەداڵەت و بەرانبەری سەر دەگرێت، نە لە ڕێگای گوێڕایەڵی و فەرمانبردنی بێ ئەمما و ئەگەر. خودا لێرەدا سەمبولی هێزەکانی خودی ئینسانە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بیانگەیەنێ بە سەرئەنجام، نە سەمبول و هێمای هێزی سەرتر و بەرتر و زاڵ بەسەر مرۆڤدا، گوناح لە ئاوا نیگایەکدا، دابڕینی مرۆڤ لە خوا نیە، بەڵکو دابڕین و لە خۆنامۆیی مرۆڤ لە خۆیەتی، تۆبە لە ئۆتوکراسیی ئایینیدا بەشێوەیەک خۆئازاری و مازۆخیسمە، کە لە هەموو بۆارێکەوە هەر خۆی سەرکوت دەکات، بەڵام لە مرۆڤخوازیی ئایینیدا، بەخۆداچوونەوەیە بۆ تێپەڕین لە ئەزموونێک بۆ ئەزموونێکی تر، واتا گوناح وەک پێوەرێک بۆ خۆناسی و دیترناسییە و بگرە مانای ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا درود و سەلامی خوای لێ بێت، هەر ئەمە بێت کە دەفەرموێ: «ئەگەر ئێوە گوناح نەکەن، خودا ئێوە لە ژیاندا هەڵدەگرێت و کەسانێکی دیکە دێنێتە کایەوە، تا گوناح بکەن و لە پاشان تۆبە و ئیستیغفاریش بکەن»[٣٢]

جا ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین ئەگەر ئەم هەموو ڕەنگدانەوە ئایینیانەمان لە درێژاییی مێژوودا و لە پانتاییی ژیانی مرۆڤدا بەم ئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرەوە، وەک گەشەسەندنی ئایینی و ئیڤۆلەیشنی کولتووری (culture evolution) بەهۆی ئاڵوگۆڕی کەرەسە و پێویستە ماددەییەکان لە ژیاندا، تێپەڕاندووە، سەرئەنجام و دەرئەنجامی دونیای ئایینیی نوێی ئێمە بەم هەموو ئاڵوگۆڕە ئاڵۆزانەوە، کە تیشکئاسا لە جیهانی دیمۆکراسیدا، کە ئازادییە تاکە کەسییەکانی لە ژێر بنەمای «ئەسڵی زەرەر»ی جان ئیستوارت میلدا دامەرزاندووە، بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەسڵی زەرەری جان ئیستوارت میل دەڵێ: «هیچ کەس مافی نییە کە لەبەر قازانجی تاکی من ڕێ بەمن بگرێت، بەڵکوو تەنیا مافی ئەوەی هەیە، ڕێ لە زەرەرگەیاندنی من بە دیتری بگرێت»[٣٣] بۆیە بە باوەڕی «تیلۆر»، فەیلەسووفی هاوچەرخی کانەدایی و زۆرینەیەک لە توێژەرانی ئەورۆ، شارستانییەتی ئێمە، لای کەمینەکەی لە وڵاتانی باشووری زەریای ئەتڵەسەوە، لە چەن دەهەی ڕابردوودا لە دوای (١٩٦٠)ەکان بەم لاوە، شۆڕشی کولتووریی بەسەردا هاتووە، واتە ئاوا شارستانییەتێک لە زۆرینەی ئێلێمێنتە کولتوورییەکاندا، داخوازیی کولتووریی تایبەتمەند و هاوسەنگ و هاودەنگ لەگەڵ خۆیدایە.

هەر بەم پێیە من باوەڕم وایە، ئێمە پێمان خستووەتە نێو سـەردەمی چوارەمی ئایینەوە، واتا سـەردەمی مرۆخوازیی نوێـی ئایینی و یا سەردەمی دیالۆگی «مرۆخوایی و خوامرۆیی».

لـە سـەردەمی چوارەمـی ئایینـدا، واتە سـەردەمی مرۆخوازیـی ئایینی، خـودا ئیتر خودای ئۆتۆکراس و تاک فەرمانده نییە، وەک لە دەورانی ئۆتۆکراسـیا وا بوو و هەروەها خودا خودای پاشـای خاوەن ماف نیه کە مافێک بۆ ئەو دانێین و مافێک بۆ بەندەکان، وەک خوای دیتر خوازانـە و مرۆخوازانە وابوو، بەڵکو خوای ئەم سـەردەمە خوای دۆست و هەڤاڵە، خوای گفتگۆ و دیالۆگە، خوای پێکەوە ژیانە.

ئەمجار بەپێچەوانەی سەردەمی سەرەتایی و سەرەڕۆیی ئایینییەوە، هیچ ترس و لەرزێ لە نافەرمانیی ئەو، جێی باس و خواسـی لە ژیاندا نەماوە، واتە وەک مەنتقییەکان ئەڵێن «سـالیبە بە ئینتیفای مەوزووعە» و بەپێچەوانەی دەورانی دیتر خوازانـە و مرۆڤخوازانەوە، مافێک بۆ ئەو و مافێک بۆ بەندە تا فەرمانی ژیان و ڕەوڕەوەی ژیانـی ئایینی بچرخێت، نییە. لەسـەر بنەمای «ئەسـڵی زەرەر»، خوایش حەقی نییە لە نێوان چەنـد هەڵبژاردەی ئازادانـەی مندا، هەرچەند بەزیانی منیش بێت، لە جێی من نیگا و بۆچوونی هەبێت، وەک ئیقباڵی لاهوریش ئەڵێ: «چونکە نـە ئەو منم نە من ئـەوم»[۳۴] بەڵکوو مرۆڤ بە تەواوی ئازادییەوە هەق بەخۆی دەدات، کە لێی بپرسێ تۆ کێی و من کێم؟

لە ئاوا دیالۆگێکـدا، مرۆڤی دیندار لەگەڵ خوادا ڕازونیـاز دەکات و لەگەڵیدا پێ دەکەنێ و لەگەڵیـدا وەک هاودەردێـک و یـا لە تاو خۆشەویسـتیدا فرمێسـک لـە چـاوی دێتە خوارێ و لەگەڵیدا ڕاز دەکات و بەسـەریدا ناز دەکات و هەروەهـا لە بوارگەلـی ژیاندا داوای لـێ دەکات و بەر ڕەخنە و ئەگـەری دەدات و لە تـەواوی هەڵسـوکەوتەکانی ژیاندا، وەک هاوڕازێک لە خـواردن و خواردنەوە و خەوتن و عیشـق و سـێکس و خوێندن و گوێگرتن و دیتندا، تەجروبە و ئەزموونی دەکات و لەوانەیە کاتێکیـش لـە تەنیاییـی خۆیـدا، دووکەڵی جگەرەیەکیش لەگەڵ ئاهێکا و یا مەدهۆشـانە و سەرخۆشـانە بە ڕوویدا بـدات. گوناح ئیتر لێرەدا نە نافەرمانییە و نە لە خۆنامۆیی و لە خۆ زیاندانە، بەڵکو گوناح ئەوەیە کە ئازادیی تۆ بەر بەئازادیی دیتران بگرێت و مافی ژیان و ژیانەوە و هەڵبژاردن و... لە کەسانیتر زەوت کات.

بـەم پێیە پیاچوونەوە بەسـەر فرەیەک لە بزاڤە ئایینییەکاندا ڕوو دەدات.

بەباوەڕی من لە دونیای نوێدا، مرۆڤی نوێ لەسـەر بنەمای ئازادییە تاکە کەسییەکان، کە لە وێشـدا ئازادیی جەسـتە و گیان و دەروون و بیـر و بۆچـون و چـۆن ژیانە، بـەرەو لای ڕەهایی لە پێبەسـتە ئایینییەکان ئەچێت، کە لە دەرەوەی وجوودی ئەودا وەک نوسـخەیەکی هەتاهەتایـی بۆی پێچراوە و لـە هەمان کاتدا وەختی بەکارگرتنی ئێکسـپایەر و تەواو بووە، واتـە بـەرەولای تاکەکەس باوەڕیـی جوانی ویسـتانە و دەروونن‌نومایانـەی «expressive» «ئیکس پریسێڤ»ی ئایینی دەچێت و بەواتای «چارلز تیلۆر» بەرەولای «کولتووری ڕەسـەن» و «فەرهەنگی ئەسـالەت» ئەچێـت، کە لەوێدا هەرکەس لە ئێمە بۆ پەروەردەکردنی گەوهەری مرۆڤایەتیـی خۆی، ڕێگە و ڕچـە و ڕەوتێکی تایبـەت بە خۆی هەیـە و زۆر زۆر گرنگە کە ئـەو ڕچە و ڕێگەیەی خۆی، خۆی بەدەسـتی بێنێت و بە شێوەیەکی ئازاد ژیانی خۆی بەسەر ببات، نە وەک لە دەرەوەی وجوودی خۆیدا لە لایەن کۆمەڵگاوە و یا بەشـێوازێکی ویراسی لە پێشـینیانی خۆی و یا لە لایەن دەسەڵاتێکی سەروەرانەی دینی و یا سیاسییەوە و ... لەسەر شانی بار کرێت، واتە بە چێژی خۆی ئەزموونە ئایینییـەکان بچێژێت و تاقیـی کاتەوە، نە بە وتە و قسەی ئەم و ئەو. بەم پێیە وەک «تیلۆر» ئەڵێ، ژیان و ڕچە و ڕێگای ئایینیی هەرکەس نـە تەنیا دەبێت بەرهەمی هەڵبژاردەی تایبەت بەخۆی بێـت، دەبێ لەگەڵ تانوپۆی وجوودیدا

تێکەڵ بووبێت و بەگیانیدا ڕۆچووبێت و لەگەڵیدا بدوێت و قسە بکات و لەگەڵ ئاڵوگۆڕە مەعنەوییەکانی مندا وا کە من دەمەوێت و بیرم لێ کردووەتەوە سازگار بێت، ئاوا بیروبۆچوونێ بەباوەڕی «تیلۆر» هەڵقوڵاوی ئەخلاقی ئازادی و ژیان لەسەر بنەمای قازانج و سوودی بەرانبەرە.[٣٥]

بۆیە بلیمەتانێک وەک فردریش نیچە (١٨٤٤ ـ ١٩٠٠ز) لە دونیای ڕۆژئاوادا و ئیقباڵی لاهووری لە دونیای ڕۆژهەڵاتدا (١٨٧٣ ـ ١٩٣٨ ز) پێشتر لە سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە کولتوورییە خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا ڕووبەڕوو دەبیننەوە، ئەوە بوو کە نیچە وەک پێشتر ئاوڕمان لێ دایەوە قسەی لە مەرگی خودا کرد و باوەڕی وابوو کە ئەم هەواڵە بەڕێوەیە، بەڵام زەمانی نەهاتووە، پێویستی بە زەمان هەیە و ئەبێ کات و ساتی خۆی بێتە پێش.

و هەروەها ئیقباڵی لاهووریش لە بوارگەلی زۆرەوە لەگەڵ بنەماییترین بزاڤە ئاینییەکاندا، بەتایبەتی بزاڤە ئیسلامییەکان، وەک باسی خوا و ئەزموونە دەروونییەکان و گۆڕانکاری لە ساختمانی دیندا و ئیمکانیەتی ئایین لە دونیای ئەوڕۆدا، شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایین و وەحی و پێغەمەری و خەتمی نبووەت و گوناح و تۆبە و بەهەشت و جەهەننەم و مافی مرۆڤ وفیقهـ و فەقاهەت و ... ڕووبەڕوو دەبێتەوە و قسە دەکات.

بۆیە ئیقباڵ «منی» ئینسانی و فەردانییەتی مرۆڤ لە ئاستێکی وەها سەر بەخۆدا دەزانێ، کە لە هەڵبژاردنی دوو هەڵبژاردەدا، ڕێ بەخودایش نادات کە لە جێی ئەو هەڵبژێرێت[٣٦] و هەروەها زۆرجار لەگەڵ خوادا دیالۆگ وەرێ دەخات، کە تۆ وەهات کرد و من وەهام کرد، تا بەو جێیە کە تای تەرازوو بەلای ئینساندا قورسایی دەکات[٣٧] و بە خودا دەڵێ تۆ ون بووی منی و یاکو منم ون بووی تۆ؟[٣٨] و لە برێ جێدا پێی دەڵێ: ئەمە چ کارێکە دەیکەی یا وا بکە یا وەها؟ و لە جێیەکدا بەوپەڕی جەسارەتەوە دەڵێ: «نقش دگر طرازه ده ادم پختەتر بیار/ لعبت خاک ساختن می نسزد خدای را»[٣٩]

واتە نەخشێکی تر کە شایستەی خودایی بێت وەرێ بخە، مرۆڤێک پوختەتر و ڕێکوپێکتر بێنە، گەمە و گاڵتە بەخاک و خۆل و خاکبازی سزاواری خودا نیە.

و لە جێیەک تردا پێی دەڵێ: ئێمە لە خوا ون بووین، ئەو بەشوێنی ئێمەدا وێڵە و بەدوای ئێمەدا دەگەڕێت، ئەویش وەک ئێمە نیازمەندی ئێمەیە و گرفتاری ئاوات و ئارەزووەکانیەتی.[٤٠]

هەرچەندە ئیقباڵ خۆی بە دەروێشی پیری ڕۆمی دەزانێت، بەڵام ئەگەر بە باشی تەماشا بکەن، خوای ئیقباڵ و خوای مەولانا و خوای گەورەپیاوێکی وەک غەزالی، سێ خوای جۆراوجۆرن و هەریەک بەجۆرێ ئەزموونی خوا ناسییان تێپەڕاندوە.

ئیقباڵ لێرەدا لە سەردەمێکی تایبەتدا، کە ئاسۆی سەردەمی چوارەمی ئایین لە دونیای نوێدایە قەراری گرتووە، خوایەکی نوێ و دیندارییەکی نوێ ئەزموون دەکات، ئیقباڵ تووشی شەتەحی سۆفییانە نەبووە، بەڵکو ئەیەوێ بڵێت هەر دین و ئایینێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت و بزاڤی ئایینیی هاوچەرخ نەخولقێنێ، ئاوا ئایینێک ناتوانێ لە چەرخەی ژیانی مرۆڤدا [کە بەردەوام کەرەسە و شارستانییەتی نوێ دێتە ئافراندنەوە و بەدوویدا کولتووری نوێ دێتە کایەوە] بمێنێتەوە. ئەو پێی وایە ئایینی ئیسلام، خاوەنی ئاوەها وزە و پتانسیەلێکی باڵایە، کە هەتا هەتایە دەتوانێت لە ژیانی مرۆڤدا، بمێنێتەوە و ئافراندنی ئایینی بێنێتە پانتاییی ژیانەوە.

ئێستا جێی ئەوەیە لەم وتارە دا، بەشی دیتران و داهاتووان لە توێژەران و توێژینەوەد بەدی کەینەوە و بپرسین گۆڕانکاریی ئایینیی ئێمە چۆن لە دونیای نوێدا ڕوودەدات؟ ئایینی ئیسلام، وەک کولتوورێک لە ژیانی موسوڵماناندا، لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا چۆن دێتەوە؟

ئەحـــکام و دەقە ئاینییـــەکان، لە بواری ئابـــووری و رامیـــاری و کۆمەڵایەتییەوە، چ لە قورئانـــدا و چ لە حەدیـــس و ریوایەتدا و چ لە مەکتەبە فیقهی و ئوسوولییەکاندا، چیان بەسەر دێـــت؟ ئایا گورانـــکاری و تەواوبوون رویان تێ دەکات؟ واتە فەلســـەفەی دیـــن چییە و چی بەدیـــن ئەژمێرێت و چی بە دیـــن ناژمێرێت؟ و ئایینی ئیســـلام چۆن لەگەڵ دونیای نوێ و مرۆڤی نویدا دێتەوە؟

## دەرئەنجام و کۆبەست

دەرئەنجام وکۆبەســـتی ئەم باســـە، چەندخاڵی گرنگن کە بەکورتی بریتین لە:

**١** گەیشـــتن بەبزاڤی رەشـــناڵ «rational» و لۆجیـــکاڵ «logical» کە بەرهەمێکی مەنتیقی «logical inference» لە وێنەی یەکەم لەچوار وێنەکەی قیاسی ئیقتیرانی مەنتقی«categorical syllogism» بەم شێوازەی خوارەوە تێیدا بەدی دەکرێتەوە:

**الف:** هەر ئایینێ کولتوورە.

**ب:** کولتوورەکان گۆرانکاریان بەسەردا دێت.

**ج:** ئایین گۆرانکاریی بەسەردادێت.

**٢** بە باوەری زۆرینەیەک لە فەیلەســـووفان و توێژەرانی کولتووری، لانی کەمی لەســـەرەوەی وڵاتانـــی زەریای ئەتڵەســـییەوە، شۆرشـــێکی کولتووری روویداوە و تـــەواوی ئێلێمێنتەکانی کولتـــووری خســـتووەتە نێو بازنـــەی گۆران و گۆرانکارییەوە و ئایینیـــش وەک ئێلێمێنتێک لە ئێلێمێنتـــە کارامەکانی کولتوور، لەگەڵ ئەم گۆرانکارییەدا رووبەروو بووەتەوە.

**٣** بەپێی توێژینەوەی مێژوویی ئایین ناسان، ئایین سێ ســـەردەمی لە گۆرانکاری ئەزموون کردوە و سێ دەورانی بەخۆیەوە بینیوە:

١. دەورانی سەرەتایی

٢. دەورانی تەک فرماندەری وئۆتۆکراسی

٣. دە ورانی دیتران خوازانەی ئایینی

کە هەر ســـەردەمێ بەپێـــی بارودۆخی خۆی لەدرێژاییـــی مێـــژوودا و لـــە پانتاییـــی ژیاندا رەنگدانەوەی تایبەتمەند بەخۆی بووە.

**٤** لەپەنـــای ئەم خاڵانـــەی ســـەرەوەدا، ئەم وتارە بەوەگەیشـــتووە، دەورانی چوارەمی ئایین بەفـــۆرم و نۆرم و وێنەیەکی نـــوێ لە دونیای دیموکراســـیدا، بەپێی ئاڵوگۆرە کولتوورییەکان روویداوە کە دەتوانین بەناوی (سەردەمی نۆێی مرۆ خوازیـــی ئایین) و یـــا دەورانی (دیالۆگی مرۆخوایی و خوامرۆیی) بیناسینەوە.

**٥** جا بەم پێیە ئەم گۆرانکارییە هەموو بوارەکانی ئایین وەک ئایینی مێژوویی، هەر لە پایە هەتا سایە لەخۆدەگرێت، بۆیە ئایینی ئیسلامیش بۆ ئێمـــە لەم بازنەیەدا، جێی شـــروڤە و ئانالیزە و پێویستی بە خەسارناســـی و پاتۆلۆژیی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەیە، کە ئەم باسە دەرگایەک بـــە رووماندا بۆ چۆنیەتیی ئەم خەسارناســـی و گۆرانکارییە، دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان


ـ قورئانی پیرۆز

ـ کتێبی موقەددەس

ـ اتّـو، رودلف١٣٨٠، مفهوم امر قدســـی، (ترجمـــه و توضیح: همتی، همایون)، تهران: انتشارات نقش جهان.

ـ آشوری، داریوش١٣٨٠، تعریف‌ها و مفهوم فرهنگ، تهران: نشر آگه.

ـ بـــرن، لوســـیلا١٣٨٤، جهـــان اســـطوره‌ها «دو مجلـــد، مجموعەی نویســـندگان»، [اســـطوره‌های یونانی]، (ترجمه: مخبر، عباس) تهران: نشرمرکز.

ـ پهلوان، چنگیز ١٣٨٨، فرهنگ و تمدن، تهران: نشر نی.

ـ تســـتا، گی؛ تستا، ژان ١٣٧٩، تاریخ تفتیش عقاید، (برگردان: افشار نادری، غلامرضا)، تهران: نشر جامعه ایرانیان.

ـ تیلور، چارلز١٣٨٧، تنوع دین در روزگار ما، دیداری دوباره با ویلیام جیمز، (برگردان: ملکیان، مصطفی)، تهران: نشر شور.

ـ تیلیش، پـــل١٣٧٦، الهیات فرهنگ، (ترجمه: فرهادپور، مراد/پاکزاد، فضل الله)، تهران: نشر طرح نو.

ـ تیلیـــش، پل١٣٨٥، پویایی ایمان، (ترجمـــه: ثقفی، محمد)، تهران: بهمن برنا.

ـ دورکیـــم، امیـــل١٣٨٣، صور بنیانی حیات دینـــی، (ترجمه: پرهام، باقر)، تهران: نشر مرکز.

ـ دوگرولیه، اریک ١٣٧٩، منشـــا عالم، حیات، انسان، زبان و فرهنگ، (مجموعه نویسندگان)، (قسمت زبان)، (ترجمه: رفیع فر، جلال‌الدین)، تهران: نشر اگه.

ـ زیمیل، گئورگ١٣٩٣، دین، (ترجمه: رضایی، امیر)تهران: نشر نی.

ـ شـــایگان، داریوش١٣٥٥، بت‌های رهنـــی و خاطرەی ازلی، تهران:

انتشارات امیرکبیر.
ـ فروید، زیگموند۱۳۶۲، توتم و تابو، (ترجمه: پورباقر، ایرج)، تهران: انتشارات اسیا.
ـ قربانی، اکبر۱۳۹۴، وحدت متعالی ادیان، بررسی ونقد نظریه‌ی فریتیوف شوان، تهران: نشرنگاه معاصر.
ـ کمبل، جوزف۱۳۷۷، قدرت اسطوره، (ترجمه: مخبر، عباس)، تهران: نشر مرکز.
ـ کهون، لارنس۱۳۸۱، متن‌های برگزیده از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، [مجموعه نویسندگان و مترجمین]، (ویراستار: رشیدیان، عبدالکریم)، [قسمت: «مرد دیوانه»، نیچه، فریدریش، ترجمه: کوچک‌منش، لیلا]، تهران: نشر نی.
ـ لاهوری، محمداقبال۱۳۷۹، بازسازی اندیشه‌ی دینی در اسلام، (ترجمه: بقائی، محمد[ماکان])، تهران: انتشارات فردوس.
ـ مارتینلی، فرانکو۱۳۷۸، تاریخ تفتیش عقاید، (ترجمه: لَدقیانی، ابراهیم)، تهران: نشر جهان رایانه.
ـ ناس، جان بایر۱۳۴۵، تاریخ جامع ادیان، (ترجمه: حکمت، علی اصغر)، تهران: انتشارات علمی فرهنگی.
ـ نیچه، فریدریش ویلهلم۱۳۴۹، چنین گفت زرتشت، (ترجمه: آشوری، داریوش)، تهران: نشر اگه.
ـ هیک، جان۱۳۷۸، مباحث پلورالیسم دینی، (ترجمه: گواهی، عبدالرحیم)، تهران: موسسه فرهنگی انتشاراتی تبیان.

**عەرەبی:**

ـ ابن الحجاج النیسابوری، مسلم ۲۰۰۵م، صحیح مسلم، القاهره (مدینه نصر)، دارالافاق العربیه، مجلد واحد.
ـ البخاری، محمد بن اسماعیل۲۰۰۷، صحیح البخاری، لبنان(بیروت)، دارالمعرفه، مجلد واحد، الطبعه الثانیه.

**وتارەکان:**

ـ فرامز قراملکی، احد؛ سیاری، سعیده ۱۳۸۸، تحویلی‌نگری در تعریف دین از دیدگاه دین‌پژوهان معاصرغرب، تهران: پایگاه مرکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی، دوره یازدهم، شماره۳۳.

**لاتین:**

ـ Tylor، Edward.B1891، primitive culture، London، Johnmurray، Albemarte street.
ـ Shayegan، Daryush1976، Idois of the mind and perennial memory، Tehran، Amir-kabir.

## پەراوێزەکان

[1] دارنراو لە دوو کتێبی:
ئا: آشوری، داریوش۱۳۸۰، تعریف‌ها و مفهوم فرهنگ، تهران: نشر آگه، ص۳۵و۳۶.
ب: پهلوان، چنگیز۱۳۸۸، فرهنگ و تمدن، تهران: نشر نی، ص۴۵.

[2] آشوری، داریوش۱۳۸۰، ص۳۵و۳۶.

[3] آشوری، داریوش۱۳۸۰، ص۳۷و۳۸

[4] Tylor ،Edward .B1891 ،primitive culture ،London ،John murray ، Albemarte street. P: 1.

[5] ئاناکرۆنیسم «Anachronisme» یانی «کات لێشێواویی مێژوویی» کە شێوازێک لە موغالیتەیە «Misleading» «هەڵە بشێودیتن» «هەڵەپێچ‌کاری» واتە: شێوازێک لە هەڵەپێچ‌کاری کاتییە کە دوێنێی مێژوو بە یاسا و پێوەرەکانی ئەمرۆ ڕەچاو دەکات.

[6] هێلێن ئادامیز کیلێر لە دایکبوویی ۲۷ ژوئینی ۱۸۸۰ز، کۆچی دوایی ۱ ژوئینی ۱۹۶۸ ز. ئەم کەسایەتییە ئەو کچە ئەمریکییە کەڕ و لاڵەیە، کە لە ۱۸ مانگیدا تووشی نەخۆشینی مێنێنژیت بوو، هەم چاو و هەم گوێی خۆی لە دەست دا و تا حەوت ساڵان هیچ شتێکی لە دونیای دەوروبەری خۆی نەدەزانی، بەڵام لە حەوت ساڵاندا بە هۆی کاریگەریی ماموستاکەیەوە، لە ڕێگای قامکەکانییەوە فێری قسەکردن بوو و بەم پێیە لەگەڵ دونیای دەوروبەریدا پەیوەندی ساز کرد و توانی بخوێنێت و بنووسێ و وتار پێشکەش بکات و بۆیە وەک پسپۆڕێکی لێهاتوو و بلیمەت کۆبەرهەمەکانی پتر لە یازدە کتێب و وتارگەلێکی زۆری بە سەرئەنجام گەیاند.

[7] شایگان، داریوش۱۳۵۵، بت‌های ذهنی و خاطره‌ی ازلی، تهران: انتشارات امیرکبیر، ص۱۱۵
لەم بوارەدا «مفهوم امر قدسی» لە ئۆتۆ و «دین» لە گئورگ زیمیل و «الهیات فرهنگ» لە پۆل تیلیش جێی سەرنج و تێبینین.

[8] تیلیش، پل۱۳۸۵، پویایی ایمان، (ترجمه: ثقفی، سید محمد) تهران: بهمن برنا، ص۶۸و۶۹.

[9] ئاوا هاوشێوە نواندنێک «تمثیل» «تشابه» لە زمانی پێغەمبەری خواوە موحەمەد (دـ خ) ئاماژەی پێ کراوە کە دین لە هەر پانتایەکدا بە گوێرەی بارودۆخی ئەو پانتایە و هەروەها بە گوێرەی ئاستە ئافرێنراوەکان لە مرۆڤدا خۆی نیشان دەدات.
بۆیە هاوردە وەحیانییەکەی خۆی بە باران پێناسە دەکات و ئاستی کۆمەڵگاکان و خەڵکیش بە زەوی و تۆپۆگرافییە جۆراوجۆرەکانی ژینگە پێکەوە دەنوێنێ.
بۆیە ئیمامی بوخاریی و ئیمامی موسلیمیش لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە لە پێغەمبەرەوە (د ـ خ) بۆمان دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر (د ـ خ) فەرمووی: «وێنەی ئەو هاوردەی لە ڕێ نیشاندان و زانین کە خودا منی پێ ناردووە، وێنەی لێزمەبارانێکی فەراوانە کە بە سەر وڵاتێکدا دەبارێ، هەندێک جێی هەیە بەپیت و خاوێن و لەبارە، ئاوە کە لە ڕۆخیدا دادەچێ، گژوگیا و سەوزاییەک باش دێنێتە بەر و سەوز دەبێت و هەندێ جێی هەیە سەخت و سەنگەڵان و شۆرەکات و مەنگاو و حەواوە و ئاو تێیدا دەمێنێتەوە و خودا خێروبێری بە خەڵک دەگەیەنێ و لێی دەخۆنەوە و ئاودێریی و کشتوکاڵی پێدەکەن و هەندێ جێمان هەیە کەچۆڕ و وەڵ و کرانەیە نە ئاو بە خۆیەوە دەگرێ و نە گژوگیایەکی لێ شین دەبێت، ئەم تەمسیل و هاوشێوەنواندنە، نموونەیە بۆ کەسێک لە دینی خودا زانیاری وەردەگرێت و لە ئەوەی خودا منی پێ ناردووە بەهرەمەند دەبێت و خۆی فێر دەبێت و دیترانیش فێر دەکات و هەروەها نموونەیە بۆ کەسێک کە ئاورێک بەلادا ناداتەوە و شتێک لە نارده خوداییەکە کە منی پێ نێردراوم بۆ خۆی وەرناگرێت» [البخاری، محمدبن اسماعیل۲۰۰۷م، صحیح البخاری، لبنان(بیروت)، دارالمعرفه، «مجلد واحد»«الطبعه الثانیه»کتاب العلم(۲۰)، باب فضل من علم و علّم ۱/۷۹ ص۹۴]. [ابن الحجاج النیسابوری، مسلم ۲۰۰۵، صحیح مسلم، القاهره (مدینه نصر)، دارالآفاق العربیه، «مجلد واحد»کتاب الفضائل(۴۳)، باب بیان مثل ما بعث به النبی(ص) من الهدی و العلم (۵)، (۲۲۸۲/۱۵)].

[10] کمبل، جوزف۱۳۷۷، قدرت اسطوره، (ترجمه: مخبر، عباس)، تهران: نشرمرکز، ص۹۹.

[11] هیک، جان۱۳۷۸، مباحث پلورالیسم دینی، (ترجمه: گواهی، عبدالرحیم)، تهران: موسسه‌ی انتشاراتی تبیان، ص۶۹تا۸۶.

[12] چاوێ بگێڕە بە [تاریخ جامع ادیان] نووسینی جان بایرناس،

هۆرگێڕانی: عەلی ئەسغەری حیکمەت.

[13] قورئانـــی پیـــرۆز ـ بەقەرە ـ ئایەتی ٢٨٥ کـــە هیچ جیاوازی و دووبەرکییەک ناخەینە نێوان هیچکام لە پێغەمبەرانەوە.

[14] قورئانی پیروز ـ شـــوورا ـ ئایەتی ١٥، لێرەدا تەنوینی تەنکیری «من کتابٍ» ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەر کتێبێک ناوی ئیلاهی پێـــوە بێت جێی ڕێز و حورمەتـــە و ئەبێ ئیمانی دینیبوونی پێ بێنین و جێگـــە و پێگـــەی دینیبوونی بـــۆ دیاری بکەین و بـــێ جیاوازی و سەرەوخوار دیتنەوە تەماشا بکرێت، کە ئایاتی ١٣ تا ١٦ سورەی شوورا بەیانی ئاشـــتی نێوان دینەکان بە ســـەنتەر و ناوەرۆکی خوداییبوونەوە دەکەن بێ جیاوازی و دووبەرکی.

بۆیە وامان تێدەگەیەنی پێغەمبەر موحەمەد، پێغەمبەری ئاشتی نێوان دینەکانە، نە وەک ناسیخ و هەڵوەشێنەوەی ئایینەکانی پێش خۆی.

[15] ئەم واتایە ئاماژە بە لای ئایەتی ٤٨ ســـوورەی مائیدەدا دەکات، کە دەڵێ بۆ هەر گەل و ئۆمەتێک و یان بۆ هەر ڕۆژگارێک، «شـــرعە» [لای من واتە دەستپێکردنێکی نۆی لەو جێدا، کە دین وەک دینبوون، دەستپێدەکات، کە ئەویش باسی خودا و شکۆی مەزنە لە هەستیدا] و «منهاج» ڕێ و ڕچە و نەریتی خواناســـییەکی تایبەتمان دابین کردووە، ئەوەی جێی ســـەرنجە لێرەدا نە «شـــرعە»کەیە و نە «منهاج»ـەکەیە، بەڵکوو ئەمە وەســـیلەیە بۆ گەیشتن و تێپەڕین بەرەولای چاکەکردنی هەرچی زیاتر و پترتر، واتە «فاســـتبقوا الخیـــرات»، کە جۆراوجۆربوون و ڕەنگاوڕەنگبوونـــی ئایینەکان، بێ جیاوازی و بێ ســـەروخواربوون لە پانتایـــی و درێژایی مێژوودا بـــە پێی بارودوخـــە مێژووییەکان بەدی دەکاتەوە و بەم پێیە ئێمە و هەر ســـەردەمێک «شـــرعە» و «منهاج»ی خۆمانمان هەیە، واتە خوێندنەوەیەک نۆی و ڕێ و ڕەچەڵەکێک ینۆی، لە ئایینمان بۆ دەستنیشان دەکات.

[16] دورکیم، امیل١٣٨٣، صور بنیانی حیات دینی، (ترجمە: پرهام، باقر)، تهران: نشر مرکز، ص٦٣.

[17] آشوری، داریوش١٣٨٠، ص٩٤.

[18] شایگان، داریوش١٣٥٥، ص١١٦.

[19] فرامرز قراملکی، احد؛ ســـیاری، سعیده١٣٨٨، مقالەی تحویلی نگـــری در تعریف دین از دیدگاه دینپژوهـــان معاصر غرب، دوره١١، شماره ٣٣، ص١تا٢٢، تهران: پایگاه مرکز اطلاعات جهاد دانشگاهی.

[20] کمبل، جوزف١٣٧٧، ص٩١.

[21] [تســـتا، گی؛ تســـتا، ژان١٣٧٩، تاریخ تفتیش عقائد، (ترجمە: افشار نادری، غلامرضا)، تهران: نشر جامعەی ایرانیان، ص٦١و ٦٢. مارتین لـــی، فرانکو١٣٧٨، تاریخ تفتیش عقائـــد، (ترجمە: صدقیانی، ابراهیم)، تهران: نشر جهان رایانه، ص١٢٩].

[22] تیلیش، پل١٣٨٥، ص١١٢تا١١٤.

[23] دوگرولیـــە، اریک١٣٧٩، منشـــا عالم، حیات، انســـان، زبان و فرهنگ، (مجموعه نویسندگان)، قسمت: زبان(ترجمە: رفیع فر، جلال)، تهران: نشر آگه ص ١٦٢و١٦٣.

[24] کتاب مقدس، انجیل مرقس ٢-٢٣تا٢٨.

[25] پرۆکرۆســـتیس، ڕێگری بەدناویی ئوستوورەی یۆنانەکە بە کوڕی پۆســـیدوون خـــودای ئاوەکان و دەریـــاکان دێتە ئەژمـــار. ئەم ڕێگرە، ڕێبوارانی بە میوانی ئەبردە ماڵی خۆی و لەوێدا دەیحەواندن و بەســـەر تەختێکەوە دەیخەواندن، ئینجا دەست و پێی دەبەستنەوە، ئەگەر قەد و قەبارەیـــان لە تەختەکـــە کەمتر بایە، ئەوندە چەکوشـــی لە قۆڵ و قاچیان دەدا، تا بە ئەندازەی تەختەکە دەربهاتبان و ئەگەر لە تەختەکە درێژتر ببان قـــۆڵ و قاچیانی دەبڕییەوە، تا لەگەڵ ئەندازەی تەختەکە ڕێککەوتبان، بۆیە ســـەرئەنجام خودا «تســـیوس» یا «تـــزە» پاڵەوان و قارمانی یۆنان و بنیاتنەری دێموکراســـی بۆ گەیاند و پرۆکرۆستیســـی هەر بەو دەردە برد کە ئەو خەڵکەکەی پێ لە ناو دەبرد. بۆیە لە ســـەر تەختەکـــەی خۆی خەوانـــدی، ئەم جار چون لـــە تەختەکەی درێژتر بوو لە جێی ئەوەی پێی ببڕێتەوە ســـەری لە لاشـــەی جیا کردەوە و هەموو ڕێبوارانی لە شـــەڕ و گەڕی نەجات دا، هەر بەم پێیە، ئەم واتا ئوســـتووریە بووە بە پەندێک بۆ نیگای دوگم و چەقبەســـتوو و نەگۆڕ [ابرن، لوسیلا١٣٨٤، جهان اسطورەها، «دومجلد» {اسطورەهای یونانی}، (ترجمە: مخبر، عباس)، تهران: نشر مرکز، ج ١، ل٣٣].

[26] نیچه، فریدریش١٣٤٩، چنین گفت زرتشـــت (ترجمە: آشوری، داریوش)، تهران: نشر آگه، ص٨٥ و ٨٦.

[27] کهـــون، لارنـــس١٣٨١، متنهـــای برگزیـــده از مدرنیســـم تا پستمدرنیســـم «مجموعـــه نویســـندگان و مترجمین»، (ویراســـتار: رشـــیدیان، عبدالکریم)، [قسمت «مرد دیوانه»، (ترجمە: کوچک منش، لیلا)]، تهران: نشر نی، ص١٠٤و١٠٥.

[28] بنوارە کتێبی [ڕوانکاوی و دین] نوسینی ئێریک فرۆم.

[29] فروید، زیگمونـــد١٣٦٢، توتم و تابو، (ترجمـــه: پورباقر، ایرج)، تهران: انتشارات آسیا، ص٧٨تا٩٣.

[30] قورئانی پیرۆز ـ ڕۆم ـ ئایەتی٤٧.

[31] عـــن معاذ بن جبل (رض) قال: «کنـــت ردیف النبی صلی الله علیه و ســـلم علی حمار فقال لی یا معاذ، أتدری ماحق الله علی العباد و مـــا حق العبـــاد علی الله؟ فقلت: الله و رســـوله اعلم، قال: حق الله علی العباد أن یعبدوه و لا یشـــرکوا به شـــیئاً و حق العباد علی الله أن لا یعذب من لا یشـــرک به شـــیئاً، قلت یا رســـول الله أفلا أبشـــر الناس؟ قال لا تبشرهم فیتکلوا» [البخاری، محمد بن اسماعیل٢٠٠٧م، کتاب اللباس(٧٧) باب: ارداف المراة خلف الرجل(١٠١)، رقم الحدیث: ١/٥٩٦٧، ص٨٤٩. کتاب الرقاق(٨١) باب: من جاهد نفسه فی طاعة الله (٣٧)، رقـــم الحدیـــث: ١/٦٥٠٠، ص١٥٩٦و١٥٩٧][ابن الحجاج النیســـابوری، مســـلم٢٠٠٥، کتاب الایمان، بـــاب: الدلیل علی أنّ من مـــات علی التوحید دخل الجنة قطعـــا، (١٠)، رقم الحدیث: ٥١، ٥٠، ٤٩، ٣٠/٤٨، ص٣٥].

[32] عن ابی هریرة: قال: قال رســـول‌الله (ص) «والذی نفسی بیده لو لم تذنبوا لذهب الله بکم و لجاء بقوم یذنبون فیســـتغفرون الله فیغفر لهم» [ابن الحجاج النیسابوری، مسلم٢٠٠٥، کتاب التوبه، باب: سقوط الذنوب بالاستغفار توبة (٢)، رقم الحدیث: ٢٧٤٩/١١، ص١١٤٥].

[33] تیلور، چارلز١٣٨٧، تنـــوع دین در روزگار ما، دیداری دوباره با ویلیام جیمز، (برگردان: ملکیان، مصطفی)، تهران: نشر شور، ص١٤٩.

[34] لاهوری، محمداقبال١٣٧٩، بازسازی اندیشەی دینی در اسلام، (ترجمە: بقائی، محمد «ماکان»)، تهران: انتشارات فردوس، ص١٨٠.

[35] تیلور، چارلز١٣٨٧، ص١٣٨تا١٧٠.

[36] لاهوری، محمداقبال١٣٧٩، ص١٨٠.

[37] [اقبال لاهوری پیام مشـــرق، ســـاقی‌نامه، محاورەی بین خدا و انسان]

[38] [اقبـــال لاهـــوری، زبور عجـــم، ما ز خدای گم شـــدەایم او به جستجوست]

[39] [اقبـــال لاهوری، پیام مشـــرق، باز به ســـرمه تاب ده چشـــم کرشمەزای را]

[40] [اقبـــال لاهـــوری، زبور عجـــم، ما ز خدای گم شـــدەایم او به جستجوست]

# سیاست، حلقه واسطه تروریسم و مذهب

رێناس کوردی

جهان عاری از خشونت، گر چه آرزویی زیباست، لیکن یک اتوپیای غیرواقع‌بینانه بیشتر نیست. وجود اختلاف در دریچه‌نگاه انسان‌ها به زندگی، تاریخ، آئین و ایده‌ها امری اجتناب‌ناپذیر است. به غیر از تفاوتهای نژادی، جنسیتی و جغرافیایی میان انسان‌ها و جوامع که می‌تواند خالق تفاوت‌های فردی و فکری باشد، شرایط متفاوت جوامع از دمکراتیک به استبدادی، از ثروتمند به فقیر، از سنتی به مدرن و سایر متغیرهای زندگی انسانی، قابلیت تعمیق شکافهای فکری و رفتاری را دارد

## مدخل

جریاناتِ، احزاب، سازمان‌ها و حکومت‌ها معمولاً حول برخی اهداف و چشم‌اندازهای مشروع یا نامشروع شکل می‌گیرند و طبیعی است که برای رسیدن به آن هدف‌گذاری‌ها باید مکانیسم‌هایی را تعریف کنند. داوری در مورد مشروعیت مکانیسم‌ها، مقوله‌ای متفاوت از مشروعیت حرکت‌هاست. گاه حرکت مشروع و مکانیسم آن نامشروع است و گاه حرکتی نامشروع از راه‌های متعارف و مشروع به دنبال تحصیل مقاصد خویش است. یکی از راه‌های نامشروع و غیرمتعارفِ رسیدن به اهداف و مقاصد، ترساندن و تصفیه و حذف مخالفان بر پایه‌ی اصلِ غافلگیری است که اصطلاحاً ترور نامیده می‌شود. قطع‌النظر از تفاوت بین ترور و تروریسم، داشتن تعریفی شفاف از ترور و شرایط وقوع آن و خشونت‌هایی که ذیل این مفهوم صورتبندی می‌شوند، پیش نیاز یک تحلیل درست در این زمینه است. ترور (Terror) از واژه‌ی لاتینی (Tras یا Terrere) مشتق و به معنی ترس یا ترساندن بوده و این واژه نخستین بار در سال ۱۷۹۶ میلادی در متمم فرهنگ لغات «فرهنگستان علوم فرانسه» و به معنی «رژیم وحشت» استعمال گردید. در کنوانسیون کشورهای اسلامی تروریسم چنین تعریف شده است: «سوء قصد، تهدید جان افراد بی‌گناه و تهدیدهای دیگر، ایجاد رعب و ترس، آدم‌ربائی، گروگان‌گیری، رفتار خشونت‌بار، اقدام مسلحانه علیه افراد غیرنظامی و بی‌گناه، تعدی به جان و مال و حیثیت دیپلمات‌ها، ایجاد ناامنی و اخلال در نظم و امنیت و آسایش عمومی، مساعدت مالی به تروریستها، تخریب یا تهدید به تخریب اموال شخصی و عمومی و محیط زیست[1]». با توجه به اینکه در این نوشتار رابطه‌ی اسلام و تروریسم مورد بررسی قرار می‌گیرد، این تعریف از تروریسم که توسط یک نهاد اسلامی ارائه شده است، -علیرغم کاستی‌هایش- مبنا قرار گرفته و هر عملی که مشمول این تعریف باشد، از نظر نویسنده یک کنش تروریستی است. برخی از وجوه مغفول در این تعریف از تروریسم را می‌توانیم در سایر منابع پی بگیریم. واژه‌نامه‌ی فرانسوی «روبر»، اعمال مستمر خشونت در راه یک هدف سیاسی و یا رفتار و کردار حاکی از عدم مدارا و دانشنامه‌ی «لاروس» هم اعمال خشونت‌آمیز سازمان‌های ضددولتی علیه دولت مستقر و همچنین شیوه‌ی خشونت‌آمیز دولت‌ها را تروریسم می‌نامند. فرهنگ اصطلاحات نظامی (ستاد مشترک ارتش و وزارت دفاع آمریکا) در تعریف تروریسم اهداف مذهبی و ایدئولوژیک را نیز به اهداف سیاسی می‌افزاید،[2] گر چه بسیاری معتقدند که تروریسم فاقد جنبه‌های ایدئولوژیک بوده و صرفاً ابزار است. برخی نیز سرکوب و ترساندن مخالفان از طریق بازداشت، شکنجه، اعدام و انواع آزارهای غیرقانونی توسط پلیس سیاسی مخفی را ذیل تروریسم می‌گنجانند.[3]

> در مورد خشونت‌هایی که در واکنش به شرایط ناعادلانه و خشونت‌های کور، استعماری یا استبدادی صورت می‌گیرد، تحلیل‌ها، قضاوت‌ها و آرای اخلاقی متفاوتی وجود دارد

خشونت در مقام کنش هرگز توجیه اخلاقی ندارد، لیکن بنا بر تعاریف فوق، هر نوع خشونتی ترور نیست. خشونت و سرکوبِ کنشگرانه گر چه محکوم و غیراخلاقی است، ولی لزوماً زیر عنوان تروریسم قرار نمی‌گیرد. دردریان معتقد است که میان دو پدیده‌ی جنگ و تروریسم از نظر تعریف تفاوت هست. جنگ، یک خشونت سازمان یافته از طرف دولت‌ها است، در حالی که تروریسم

کاربــرد نامنظم و پیشــبینی‌ناپذیر خشــونت، برای دســتیابی به اهداف گوناگون اســت گر چه می‌تواند ســازمان یافته باشــد.[۵] در مورد خشونت‌هایی که در واکنش به شرایط ناعادلانه و خشونت‌های کور، اســتعماری یا استبدادی صورت می‌گیرد، تحلیل‌هــا، قضاوت‌ها و آرای اخلاقــی متفاوتــی وجــود دارد و گاهــی در طبقه‌بندی خشــونت‌های سیاسی توجیه‌پذیر قــرار می‌گیرنــد. البتــه اگر نــوع واکنش‌ها و اقدامات دفاعی صورت گرفته مشــمول تعریف و مشــخصه‌های تروریسم قرار گیرد، نمی‌توان از تســمیه‌ی آن به ترور خــودداری کرد، بلکه در این شــرایط هم می‌توان آن را در رده‌ی ترورهای توجیه‌پذیر دســته‌بندی کــرد. «تروریســم معمولا دارای این مشــخصه‌های اصلی است: ۱. همراه با خشونت فیزیکــی بــا هدف ایجــاد ترس و ارعــاب اســت. ۲. نامنتظــره صورت می‌گیرد. ۳. دارای هدف و انگیزه‌ی سیاســی است. ۴. در فضایی خارج از جنگ رسمی بین دو گروه متخاصم اتفاق می‌افتد. لذا طبق بند اول اعمال عاری از خشونت فیزیکی، طبق بند دوم خشونت‌های رایج نظیر شکنجه و اعدام، و طبق بند چهارم شبیخون‌های جنگی غیرمنتظره و خشــونت‌بار در شــرایط جنگی، جزو تعریف و مقوله‌ی اصطلاحی ترور محسوب نمی‌گردند».[۶] امروزه برخلاف این ساختاربندی محدود، واژه‌ی تروریسم با ورود به عرصه‌های جدید قالب تازه‌ای پیدا کرده است. در گذشته ســوء قصد به جان شخصیت‌های سیاسی یک کشور ترور نامیده شده و به یک گروه تروریستی نسبت داده می‌شــد، اما امروزه با ایجاد تغییر در رویکرد، وقوع تروریســم جهانــی در قالب یک عبارت جهانشــمول مصادیق گوناگونی از قبیل تروریسم سایبری، بیوتروریسم، تروریسم انقلابی، تروریســم دولتی و... دارد. هم اکنون با طراحی یک بدافزار رایانه‌ای و انتشــار آن در سیستم‌های زیرساختی و حیاتی یک کشور در قالب تروریسم سایبری و همچنین ایجاد انواع شــرکت‌های هرمی به منظور اخلال در اقتصاد یک کشور، انتشار سلاح‌های میکروبیولوژیکی و انتشــار عمدی میکروارگانیسم‌های مختلف در قالــب بیوتروریســم و انجــام اقداماتــی از ایــن دســت، وجه تروریســم نویــن را مطرح می‌نماید.به هر روی و بــا امعان‌نظر به تعریف کلاسیک از تروریسم، توزیع ناعادلانه‌ی قدرت سیاســی، نظامی یا اقتصــادی در یک جامعه، گاه محــرک نیروها و اقلیت‌های تحت ستم در افتادن به ورطه‌ی تروریسم است و حتی در جوامع دمکراتیــک هــم گاهــی تمرکز قــدرت در گروه‌ها یا بخش‌هایی از جامعــه، گروه‌هــای ناراضی را بــه ترور وامــی‌دارد. و گاهی نیز قدرت برتر حاکــم در نظام‌های اســتبدادی با هدف کاســتن از نفوذ سیاســی یا قــدرت نظامی جریانــات اپوزیســیون، اقدام به ترور ســران یا چهره‌های متنفذ و کاریزماتیک مخالفان می‌کند.

> **بنیادگرایی اسلامی رادیکال ملهم از اندیشه‌ها و آراء کسانی چون ابن‌تیمیه، ابن‌حزم، مودودی و رشید رضا بود. اما مهم‌ترین شخصی که نظریاتش پایه‌گذار گروه‌های اسلامی رادیکال در دوران معاصر بود بی شک سیدقطب بود**

چنانکــه از تعاریــف مذکور در ابتــدای مقالــه برمی‌آیــد، تــرور در غالب حالات کنشــی سیاسی اســت و لذا ترورهای منتســب به پیروان ادیان زمانــی رخ می‌دهد که پیروان آن آیین در شــرایطی نابرابر از نظر توازن نیرو، قصد کنش سیاســی داشته باشند. با توجه بــه این که معمولا یــک ایدئولوژی و اهداف سیاســی ایدئولوگ‌ها مشوق انجام ترور است، غالباً اســتانداردها و برخوردهای دوگانه بــا آن صــورت می‌گیــرد و به عبــارت دیگر «آن کــس که به چشــم بعضی‌ها تروریســت اســت، به نظر دیگــران رزمنــده‌ی راه آزادی است[۷]». ایدئولوژی‌ها نقش توجیه‌گر جنایات

تروریســـتی را بازی می‌کننـــد و تفکرات دینیِ سیاســـی شده، فقط بخشـــی از ایدئولوژی‌هایِ انســـانی را تشـــکیل می‌دهند که دامان‌شان به ترور، توجیه و ارزش‌بخشـــی به آن آلوده شده است و بررسی تاریخی پدیده‌ی ترور مؤید این نکته اســـت که قطع‌النظر از ارزش‌های حاکم بر جوامع، بســـیاری از ایدئولوژی‌ها حداقل در مقطعی از تاریخ خود، به ورطه‌ی ترور کشیده شده‌اند. واضح‌ترین نمود تروریسم در سده‌های گذشـــته، دوره‌ی انقلاب کبیر فرانسه است که طـــی آن تدبیرهـــا و اعمال روش‌های ســـخت علیه ضدانقلابیون اشـــرافی و محتکران بورژوا صـــورت گرفت. ایـــن اقدامـــات در دو دوره‌ی مجزا صورت گرفت؛ نخســـت دوره‌ی تقســـیم قدرت بین شورای اجرایی موقت و کمون‌های شورشی و دوم دوره‌ی تســـلط ژاکوبن‌ها. پس از حاکمیت دوره‌ی ترور و وحشـــت در فرانسه، تروریسم بخشی از زبان سیاسی اروپا شد و در طـــول زمان معانی، کاربـــرد و کارکرد جدید و متفاوت‌تری یافت.[۸]

دوران انقـــلاب فرانســـه بـــه دوره‌ی رژیم وحشت و عصر ترور مشهور شده است، گر چه قبل از آن دوران هم همیشـــه تـــرور، ارهاب و ارعاب وجود داشـــته است و برخی، قتل هابیل توســـط قابیل را نخستین ترور تاریخ می‌نامند. در یـــک بررســـی تاریخـــی، ســـوابق اقدامات تروریستی تا دوران باســـتان نیز کشانده شده است. اقدامات تروریستی امپراطوری‌های روم نظیر تیبریوس در ســـرکوب مخالفان سیاسی، شـــکنجه، اعـــدام، تفتیش شـــدید عقاید مردم در هلنـــد و اســـپانیا در طول قرون وســـطی و استفاده‌ی آشـــکار و رسمی حکومت فرانسوی رابیس‌پیر از تروریســـم برای سرکوب مخالفان سیاســـی از جمله موارد تروریسم دولتی است. استفاده‌ی جنبش‌های سیاسی از راست افراطی تا چپ افراطی نظیر ببرهای تامیل سریلانکا و سازمان‌های شبه‌نظامی آمریکا از تاکتیک‌های تروریســـتی نیز زیـــر عنوان تروریســـم انقلابی طبقه‌بندی می‌شـــود. نوع دیگری از تروریسم تاریخی، تروریسم مذهبی است که دانشنامه‌هاَ و فرهنگ‌ها به اقدامات تروریستی کاتولیک‌ها و پروتســـتان‌ها در ایرلند شـــمالی بـــه عنوان نمونه‌هـــای آن اشـــاره می‌کننـــد. حرکت‌های اســـتقلال‌طلبانه نظیر جدایی‌طلبان ایرلند در بریتانیـــا، باســـکی‌ها در اســـپانیا و کبکی‌ها در کانادا نیز گاهی ذیـــل مفهوم ترور طبقه‌بندی می‌شـــوند و از تروریسم در این حوزه به عنوان ابـــزاری بـــرای تغییـــر ژئوپولیتیک اســـتفاده می‌گردد.[۹] اســـماعیلیان (باطنیان) که یکی از فرق شیعه هستند در قرون پنجم و ششم ه.ق با استفاده از خشونت و ترور در مرزهای حکومت سلجوقیان، سعی در به کرسی نشاندن منویات خلفـــای فاطمی مصر علیه خلفای تشـــریفاتی عباســـی داشـــتند. طی ایـــن دوره باطنیان به خون‌ریزی و کشـــتن مخالفان خویش و ارعاب مردمان پرداختند. پشـــتوانه‌ی داعیان سخنور باطنی، فداییان بی‌پروایی بودند که مهابت آنان چنان در دل‌ها جای‌گیر افتاده بود که بزرگان دین، دانشـــمندان، پادشاهان و سرداران از بیم کارد ایشان خواب راحت نداشتند، تا جایی که زیر لباس زره می‌پوشیدند.[۱۰] تروریسم هر بار در قالبی نو و توســـط افـــراد و جریاناتی دیگر ادامه‌ی حیات یافته و در دوران معاصر نیز این مار، گاه از آستین سکولاریسم سربرآورده است و گاه از آســـتین رادیکالیسم یهودی، مسیحی، اسلامی، بودایی و... .

### تروریسم، اسلام سنتی و اسلام سیاسی

نســـبت تروریســـم با اســـلام ســـنتی و اسلام سیاســـی دارای تفاوت اساســـی است. گر چه کمتـــر امکان دارد که یک آئیـــن یا ایدئولوژی با واقعیت‌های زیســـت جهانی تعامل و ارتباط داشته باشـــد و بتواند به‌صورت کلی خود را از خشـــونت برکنار دارد، لیکن اگر بتواند تعاملی نظام‌مند با مســـئله‌ی خشـــونت ایجاد کند و با کانالیزه کردن آن به ســـوی خشـــونت دفاعی

و رعایت اخلاقِ خشونت، آن را کنترل کرده و از خشونت رَها بپرهیزد، می‌توان گفت که کارنامه‌ی موفقی داشته است. جهان عاری از خشونت، گر چه آرزویی زیباست، لیکن یک اتوپیای غیرواقع‌بینانه بیشتر نیست. وجود اختلاف در دریچه‌نگاه انسان‌ها به زندگی، تاریخ، آئین و ایده‌ها امری اجتناب‌ناپذیر است. به غیر از تفاوتهای نژادی، جنسیتی و جغرافیایی میان انسان‌ها و جوامع که می‌تواند خالق تفاوت‌های فردی و فکری باشد، شرایط متفاوت جوامع از دمکراتیک به استبدادی، از ثروتمند به فقیر، از سنتی به مدرن و سایر متغیرهای زندگی انسانی، قابلیت تعمیق شکافهای فکری و رفتاری را دارد و حتی گاه علیرغم وحدت زمینه و زمانه، تعامل متفاوت والدین با فرزندان می‌تواند به شکل-گیری شخصیت‌های مختلف میان آنان منجر گردد. از سویی دیگر هم در دنیایی با محدودیت منابع، تضاد منافع امری طبیعی است و تلاقی شخصیت‌ها و منافع متفاوت و متضاد، تنش و اصطکاک را در پی دارد. اگر به این تنش‌های فردی، تنش‌های جمعیِ حاصل از تضاد منافع میان ملل و دول را نَیز اضافه کنیم، اذعان خواهیم کرد که خشونت قابل اجتناب نیست. لیکن نوع تعامل با خشونت است که تفاوت‌ها را خلق می‌کند. از نظر اسلام کلاسیک و سیره‌ی پیامبر اسلام.ص. «خشونت شری است که گریزی از آن نیست»، لیکن اسلام سیاسی «خشونت مقدس» را تبلیغ می‌کند که لاجرم به ترور نیز منجر می‌شود.

تا قبل از هزاره‌ی سوم و واقعه‌ی تروریستی ۱۱ سپتامبر، نقش مسلمانان به نسبت غیرمسلمانان در رویدادهای تروریستی بسیار کمرنگ بود. لیکن در بیست سال نخست هزاره‌ی جدید، هم بر حجم تروریسم مذهبی منتسب به اسلام‌گرایان رادیکال افزوده شده و هم بسیار بیش از حد نرمال به آن پرداخته شده است و این مسئله به اسلام‌هراسی[۱۱] دامن زده است. القاعده که مجری انجام عملیات ۱۱ سپتامبر بود، در سال ۱۹۸۸ و با هدف مبارزه با حضور شوروی در افغانستان پایه‌گذاری شد، لیکن تا سال ۲۰۰۱ و عملیات معهود، کمتر شناخته شده بود. بعد از تخریب برج‌های دوقلوی نیویورک، این سازمان بسیار مورد توجه رسانه‌ها قرار گرفت و در یک تعمیم غیرکارشناسی، «اسلام به طور کلی متهم به ترویج آموزه‌های تروریستی شد. در حالی که القاعده تنها به گروهی از بنیادگرایان اسلامی[۱۲] رادیکال تعلق دارد. بدین صورت تروریسم مذهبی، که یکی از زیر شاخه‌های تروریسم است بعدی جهانی به خود گرفت. تروریست-های مذهبی اعمال خود را با اصول مذهبی توجیه می‌نمایند. بنیادگرایان اسلامی رادیکال با دیدی قشری و تفسیری ظاهری از آموزه‌های اسلامی نظیر جهاد، دارالاسلام و دارالحرب رسالت خود را نابودی کفار و برپایی حکومت اسلامی معرفی نمودند. اینان حتی حکومت‌های اسلامی موجود را نیز در عداد جوامع جاهلی معرفی نمودند که باید حذف می-شدند. بنیادگرایی اسلامی رادیکال ملهم از اندیشه‌ها و آراء کسانی چون ابن‌تیمیه، ابن‌حزم، مودودی و رشید رضا بود. اما مهم‌ترین شخصی که نظریاتش پایه‌گذار گروه‌های اسلامی رادیکال در دوران معاصر بود بی شک سیدقطب بود. وی تأثیر مستقیمی بر رهبران القاعده، بن‌لادن و ایمن الظواهری گذاشت. این عده با اقداماتشان نه تنها خود بلکه کلیت جهان اسلام را نیز در معرض اتهام رواج تروریسم قرار دادند[۱۳]». جریانات رادیکال موسوم به اسلامی در دهه‌های اخیر هم در میان اهل سنت و هم در میان اهل تشیع توسعه‌ی فراوانی یافته و تحت اسامی متفاوت اعلام وجود نمودند و کریه‌ترین چهره‌ی این جریانات «دولت اسلامی عراق و شام» مشهور به داعش بود که تمام حدود و ثغور اخلاقی را زیر پا نهاد و باعث شکل گرفتن

اجماع و ائتلافی جهانی علیه رادیکالیسم اسلامی گردید.

این تفکرات محصول صورت‌بندی جریانی مدرن به نام اسلام سیاسی است که بعد از سقوط خلافت عثمانی شکل گرفت. این جریان در واقع تعقیب‌کننده‌ی سیاست‌های هویتی بوده و اطلاق اصطلاح پان‌اسلامیسم، می‌تواند برای آنان زیبنده‌تر باشد. تشکیل حکومت واحد اسلامی و احیای خلافت، دفاع از هویت یکپارچه‌ی اسلامی و بیرون کشیدن این هویت و سرزمین‌های متعلق به آن از زیر هژمونی کفار و غرب به هر قیمتی و با هر وسیله‌ای، جزو اهداف اصلی و اساسی جریانات رادیکال اسلامگراست. البته «تشکیل حکومت واحد و احیای خلافت، در برخی از جریانات نظیر اخوان المسلمین و حزب تحریر [فلسطین] چشم‌انداز بلند مدت است و برای رسیدن به آن باید مراحل زیادی طی گردد و در کوتاه مدت، در قالب همان مدل دولت-ملت فعالیت می‌کنند[۱۴]». تعقیب این اهداف با این روش‌ها به معنی ایدئولوژیک کردن دین است و چشم‌پوشی از مشروعیت اسباب تحصیل مقصود نیز منجر به شیوع ماکیاولیسم و مشروعیت‌بخشی و بلکه مقدس‌سازی خشونت شده و دروازه‌ای به سوی ترور است. اسلام نبوی و سنتی امری فرهنگی و اخلاقی است. پیامبر اسلام .ص. هدف از بعثت خویش را تکمیل مکارم اخلاق و توسعه‌ی زندگی اخلاقی معرفی می‌نماید.[۱۵] تعامل نبوی با سیاست گر چه منکرانه نیست و آن را نفی نمی‌کند، لیکن قدرت و سیاست را یک امر پیشینی و هدف تلقی نمی‌کند، بلکه آن را مکانیسمی می‌داند که تحصیل آن، توفیق اجباری است و هرگز صلح قربانی جنگ و رحمت قربانی خشونت نمی‌گردد و حدود اخلاق و انسانیت نادیده گرفته نمی‌شود. آئینی که انتخاب دین را آزاد می‌گذارد[۱۶]، اصل را بر صلح و پرهیز از جنگ می‌گذارد[۱۷]، ویران کردن اماکن مذهبی پیروان ادیان را حرام می‌کند[۱۸]، از تجاوز به حقوق و حدود غیرمؤمنان و جنگ‌های تهاجمی نهی می‌کند[۱۹] و در صورت مورد تجاوز قرارگرفتن نیز اخلاق جنگ را فراموش نکرده و به غیر از مردم مدنی، حتی به حفظ محیط زیست و حقوق حیوانات در سرزمین دشمن توصیه می‌کند[۲۰]، تجاوز به زنان را به شدت محکوم می‌کند[۲۱]، اسیران جنگی لشکر متجاوز را در قبال سوادآموزی به مردم عادی آزاد می‌کند[۲۲]، کشته شدن حتی یک بی‌گناه را برنمی‌تابد و آن را معادل کشتن بشریت می‌داند[۲۳]، و حتی دشمنی و بی‌عدالتی دیگران باعث نمی‌شود که پایبندی به عدالت را فراموش کند[۲۴]، غیرممکن است که مولد محصولاتی نظیر القاعده، داعش، حزب الله و الحشدالشعبی باشد.

> **از نظر اسلام کلاسیک و سیره‌ی پیامبر اسلام.ص. «خشونت شری است که گریزی از آن نیست»، لیکن اسلام سیاسی «خشونت مقدس» را تبلیغ می‌کند که لاجرم به ترور نیز منجر می‌شود**

در تلقی سنتی، سیاست امری پسینی و ابزاری است و اصل بر تربیت انسان و تزریق اخلاق به زندگی و اصلاحات از پایین است، که اگر با حکومت دینداران همراه شود، توفیقی اجباری و امری مطلوب خواهد بود. حاکم در جامعه‌ی اسلامی از مردم و جامعه مشروعیت می‌گیرد. طبق معیارهای عرفی زمان صدر اسلام، شورایی به نام اهل حل و عقد باید خلیفه را انتخاب می‌کردند و هیچ نص غیرقابل تغییری نیز در ابدی بودن این سازوکار وجود ندارد و لذا در زمینه و زمانه‌های مختلف، سازوکار انتخاب حاکم بر اساس عرف زمان قابل تغییر است و لذا حکومت و شیوه‌ی انتخاب حاکم امری زمینی

و شخص حاکم نیز غیرمقدس است. «ابوبکر نخستین جانشین پیامبر.ص. در نخستین نطق بعد از نشستن بر مسند خلافت، از حاکمیت خودش قدسیت‌زدایی کرده و مردم را مکلف به اطاعت از خود در هر شرایطی نمی‌داند بلکه ایشان را ناظر بر چگونگی حکمرانی خویش می‌کند و از آن‌ها می‌خواهد تا زمانی از او اطاعت کنند که از موازین درست حکومتداری تخطی نکرده است[۲۵]».

تلقی سنتی از دین، خشونت مقدس را تبلیغ نمی‌کند و اصل را بر کار فرهنگی و تربیت اخلاقی می‌گذارد. دیوید شوارتز می‌نویسد: «این تصور که غرب، اسلام را مشوق اوج‌گیری فعلی خشونت در خاورمیانه یا سهیم در آن می‌داند کاملا خطاست، چرا که شریعت اسلامی توصیه به تجاوزکاری نمی‌کند[۲۶]». سنت‌گرایی به معنی توقف در زمینه و زمانه‌ی خاصی نیست، بلکه تعهد به نسبت اهداف است بدون چشم‌پوشی از ابزار. در سنت‌گرایی گر چه اهداف وجود دارند، لیکن مسیر رسیدن به اهداف نیز مهم است و حصول اهداف، قربانی نمی‌گیرد. در این خوانش، دین برای انسان است و نه انسان برای دین؛ و لذا هرگز از امر دعوت اخلاق‌زدایی نشده و دین به دامان ماکیاولیسم نمی‌افتد. «میان سنت‌گرایی ناب که به شرط رعایت موازین دمکراتیک خواسته‌ای موجه است، باید با ملغمه‌سازی‌های ایدئولوژیک میان امر سنتی و مدرن تفاوت قائل شد. سنت‌گرایان فرقه‌های بی‌آزاری هستند که در گتوهای فیزیکی یا معنوی به کار خویش سرگرمند و از بی‌طرفی عقیدتی دولت برای پاسداشت آزادی‌های خویش بهره می‌برند. اما بنیادگرایی چیزی متفاوت از سنت‌گرایی بوده و بلکه در تمامیت‌خواهی، تنه به تنه‌ی ایدئولوژی‌های قرن بیستمی نظیر فاشیسم و کمونیسم می‌زند[۲۷]». حدیث «صَلُّوا خَلْفَ کُلِّ بَرٍّ وَفَاجِرٍ وَصَلُّوا عَلَی کُلِّ بَرٍّ وَفَاجِرٍ وَجَاهِدُوا مَعَ کُلِّ بَرٍّ وَفَاجِرٍ[۲۸]» که تبدیل به یک اصل فقهی نیز شده و دارای بعد حقوقی است، مبین اصول غیرایدئولوژیک برای تعیین حاکم در اسلام سنتی است. برآیند این بررسی کوتاه در مورد اسلام سنتی، تاکید بر اصالت اخلاق در رسالت ادیان است و حصول عرفان و ایجاد تعهد درونی از اساسی‌ترین اهداف آن است. اسلام سنتی نیز قابلیت تبدیل شدن به ایدئولوژی را دارد و احتمال خشونت در آن منتفی نیست، لیکن تشکیل حکومت اسلامی اصل نبوده و برای رسیدن به آن خشونت و ترور تقدیس نمی‌گردد. و حتی به قول یورگن تودنهوفر «ترور با اسلام همان‌قدر بی‌ارتباط است که تجاوز با عشق[۲۹]». در تلقی مدرن حکومت نه یک امر پسینی بلکه یک امر پیشینی است و اصل بر تشکیل حکومت اسلامی و انجام اصلاحات از بالا است که طی آن قرائتی رسمی از دین شکل گرفته و دولت و حاکمیت متولی انحصاری دین و امور فرهنگی در جامعه است. این تلقی است که پتانسیل تولید خشونت مقدس را داشته و بستری را فراهم می‌کند که احتمال نشو و نمای تروریسم در آن منتفی نیست. زیرا دین اگر ابزار سیاست شده و تشکیل حکومت بر مبنای آن تبدیل به هدف اصلی ایدئولوژی گردد، ماکیاولی می‌شود و برای حصول آن از مشروعیت و اخلاقی بودن ابزار، چشم‌پوشی می‌گردد.

> **اسلام سیاسی گفتمانی است که هویت اسلامی را در کانون عمل سیاسی قرار می‌دهد. هدف نهایی اسلام سیاسی، بازسازی جامعه بر اساس اصول اسلامی است و در این راه به دست آوردن قدرت سیاسی را مقدمه‌ای ضروری تلقی می‌کند**

## اسلام سیاسی

بنابر تعریف اسلامگرایان «اسلام سیاسی

اصطلاح جدیدی است که در مقابل اسلام سنتی پدید آمده و به دنیای مدرن تعلق دارد. بر اساس نظریه‌ی گفتمان، اسلام سیاسی گفتمانی است که هویت اسلامی را در کانون عمل سیاسی قرار می‌دهد. هدف نهایی اسلام سیاسی، بازسازی جامعه بر اساس اصول اسلامی است و در این راه به دست آوردن قدرت سیاسی را مقدمه‌ای ضروری تلقی می‌کند. اندیشمندان دلایل مختلفی برای ظهور اسلام سیاسی از جمله شکست نخبگان سکولار، فقدان مشارکت سیاسی، بحران خرده بورژوازی، دلارهای نفتی، توسعه‌ی نابرابر و اثرات زوال فرهنگی برشمرده‌اند[۳۰]». تفاوت اساسی اسلام سیاسی با اسلام سنتی، نوع نگاه آنان به چگونگی تشکیل حکومت اسلامی است. اسلام در سرزمینی با ساخت اجتماعی قبیله‌ای متولد شد که دارای یک امپراتوری و یا حتی یک حکومت مرکزی نیمه-مقتدر نبود، و لذا از همان ابتدا اقبال دولت‌داری و تشکیل حکومت به مسلمین رو کرد و این روند در روالی طبیعی ادامه یافت. مشروعیت اجتماعی پیامبر اسلام.ص. باعث شد که ایشان به جایگاه حکمیت میان پیروان همه ادیان و قبایل در شهر مدینه برسد و سپس مرجعیت و کاریزمای ایشان و زمینه و زمانه‌ی عصر بعثت، منجر به حاکمیت ایشان در سرزمین حجاز گردید. این جایگاه تاریخی برای جانشینان ایشان نیز حفظ گردید، بدون اینکه نصی مبنی بر لزوم تشکیل حکومت اسلامی برای ترویج این آیین وجود داشته باشد. با این توضیح که حکومت سیاسیِ جانشینان پیامبر.ص. از مردم و جامعه مشروعیت می‌گیرد، ولی تنها یک نسل بعد از ایشان سلسله‌ی اموی، نظام سیاسی را تبدیل به ارثی و سلطنتی کرده و مشروعیت اجتماعی حاکمان زایل گردید. چند قرن بعد و «پس از حمله‌ی مغول به سرزمین‌های اسلامی و شکست‌های نظامی سختی که مسلمانان متحمل شدند، ابن‌تیمیه یکی از افرادی بود که به تهییج مردم و علما برای مقاومت در مقابل متجاوزان می‌پرداخت. او اسلام را دینی سیاسی دانسته و شرکت فقها و علمای دین را در امور سیاسی و اجتماعی امری لازم می‌شمارد[۳۱]». ابن‌تیمیه متأثر از وضعیت فجیع مسلمانان، با ارائه‌ی تفاسیر جدید از برخی نصوص اسلامی، برای نخستین بار به تولید تئوری برای سیاسی جلوه دادن اسلام و لزوم تشکیل حکومت اسلامی نمود.

مدت‌ها بعد از ابن‌تیمیه، محمد ابن عبدالوهاب تحت تأثیر تعلیمات او و با همکاری مالی و نظامی محمد ابن سعود، در حجاز علیه دستگاه خلافت خروج کرد و شبه جزیره و قسمت اعظم عراق و قسمت‌هایی از سرزمین شام را تحت سیطره‌ی خود درآورد، گر چه بعدها توسط محمدعلی مصری سرکوب شد.[۳۲] او با نامیدن حکومت خود به دولت اسلامی، برای خود از اسلام کسب مشروعیت کرده و همزمان حکومت خلافت را غیراسلامی و نامشروع جلوه می‌داد. این برای نخستین بار در تاریخ اسلام بود که یک حرکت سنی‌مذهب، مشروعیت خلافت را زیر سؤال می‌برد و حکومت‌های دیگر در قلمرو خلافت و در دوران ضعف آن بعد از حمله‌ی مغول، مشروعیت خود را از خلیفه‌ی بغداد گرفته و به نام او خطبه می‌خواندند. خروج علیه خلیفه، به معنی جواز جنگ نظامی در دارالاسلام و علیه حکومت‌های اسلامی و صدور فتوای جهاد علیه مسلمانان بوده و تحول خطرناکی علیه صلح داخلی و امت واحده بود. «از مهم‌ترین وقایع این سال‌ها حمله به طائف و لشکرکشی به مکه مکرمه، قتل‌عام مردان و به اسارت بردن زنان و کودکان و سربریدن اطفال شیرخوار، جسارت به قبر پیامبر اسلام.ص. و تخریب گنبد و محل ولادت ایشان ... بوده است[۳۳]».

بعد از جنگ جهانی نخست و سقوط خلافت عثمانی، تقسیم سرزمین‌های اسلامی به کشورهای کوچک‌تر و در دست گرفتن

حکومت توسط حکام ظاهراً سکولار و غالباً نظامی، جریانات تندروی اسلام‌گرا تحت تأثیر آموزه‌های تئوریک ابن‌تیمیه و پراگماتیک محمد بن عبدالوهاب، ولی با ادبیات و شکلی نوین به سازماندهی مجدد خود پرداخته و در قالب احزاب و جریانات مدرن سربرآوردند. معروف‌ترین و مؤثرترین این احزاب، جماعت اخوان المسلمین است که در سال ۱۹۲۸ در مصر توسط حسن البنا تأسیس شد و اکنون دارای شاخه‌های سیاسی در دهها کشور اسلامی است که از نظر اسمی متفاوت ولی از نظر مبادی، سازمانی، اهداف و مقاصد دارای وحدت رویه هستند. هژمونی تئوریک اخوان المسلمین و سیطره‌ی فکری آن بر غالب احزاب و جریانات فوندامنتال موسوم به اسلامی که بعد از اخوان المسلمین تأسیس شده‌اند، غیرقابل انکار است و برخی از آن‌ها حاصل انشقاق مستقیم جریانی از این حزب و یا حداقل انشقاق رهبران فکری آن جریانات از اخوان المسلمین و تشکیل احزاب و جریانات جدید هستند. اخوان المسلمین خود در دوران بعد از انقلاب ۱۹۵۲ مصر، زیر هژمونی فکری سیدقطب قرار گرفت. آثار سیدقطب با استقبال فراوانی در میان تمام گروهها و جریانات اسلام‌گرا روبه‌رو گردید. تفسیر «فی ظلال القرآن» و کتاب «دراسات الاسلامیه» بارها تجدید چاپ شدند. لیکن کتاب «معالم فی‌الطریق» که مهم‌ترین اثر ایدئولوژیک اسلام سیاسی است، تا زمان حاضر نیز نه تنها اخوان المسلمین، بلکه مانیفست فکری تمام جریانات بنیادگرا و رادیکال موسوم به اسلامی محسوب می‌گردد. «زینب الغزالی یکی از اعضای برجسته اخوان المسلمین، دلیل اعدام سیدقطب را نگارش کتاب معالم فی الطریق می‌داند[۳۴]».

اسلام سیاسی شیعی معاصر نیز کاملاً از ایدئولوژی اخوان المسلمین و تفکرات سیدقطب متأثر شده است و رویه و اهداف و ادبیات این حزب، در دوران مبارزات بعد از کودتای ۲۸ مرداد و سپس انقلاب سفید، دوران انقلاب و استقرار جمهوری اسلامی ایران به وضوح مشهود است. ارتباط مستقیم میان روحانیت تشیع با جمعیت اخوان المسلمین و متأثر شدن از آنان نیز علنی بوده است. «تاسیس دارالتقریب اسلامی توسط شیخ شلتوت و با حمایت آیت الله بروجردی و قمی، نامه‌نگاری بین سیدقطب و کاشانی، دعوت سیدقطب از نواب صفوی[۳۵] برای کنفرانس اردن و ارتباط تنگاتنگ نواب با جماعت اخوان المسلمین و نشریه اخوان یعنی المسلمون، ملاقات طالقانی و شلتوت، ترجمه و انتشار سریع مهم‌ترین آثار سیدقطب در ایران توسط آیت الله خامنه‌ای، هادی خسروشاهی، محمد خامنه‌ای و دیگران و اعتراف و تصریح مکرر مؤلفان و مترجمان و ایدئولوگ‌های انقلاب اسلامی در ایران به اهمیت فوق‌العاده‌ی آثار سیدقطب برای پوشش خلاءهای فکری و ایدئولوژیک اسلام سیاسی شیعی در ایران[۳۶]»، همگی نشان‌دهنده‌ی عمق ارتباط این دو جریان است. خسروشاهی میزان اهمیت تفکرات سیدقطب برای نیروهای انقلابی در دوران پهلوی را بسیار خوب منعکس کرده و نشان می‌دهد که نوشتارهای سیدقطب موتور محرکه‌ی آن‌ها بوده است: «برادرانی که در آن روزهای بحرانی خواستار چاپ مستقل این مقالات بودند، هر کدام نقشی در مبارزه با طاغوت و پیروزی انقلاب اسلامی داشتند. بعضی شهید شدند و برخی امروز مسئولیت‌هایی در نظام دارند. معتقد بودند که «ما چه می‌گوییم[۳۷]» بیان‌گر خواسته‌های آن‌هاست. این کتاب مانیفست بچه‌ها شد و به همین دلیل ده‌ها بار در قطع کوچک جریکی چاپ و در سراسر کشور توزیع شد. علاوه بر نقش و تاثیر این کتاب در روشن کردن ذهن جوانان ایران، در پاکستان و افغانستان نیز مورد توجه گروه‌های اسلامی قرار گرفت[۳۸]».

احزاب و جریانات بنیادگرای اسلامی مردم را در جامعه‌ای که دارای حاکمیت سکولار است به سه دسته تقسیم می‌کنند: الف: حاکمان که کافر و طاغوت‌اند. ب: پیروان و همکاران‌شان که آن‌ها نیز کافرند. پ: مردم عامی که آن‌ها نیز چون حاضر به تکفیر دو دسته اول نیستند، کافر می‌گردند. لذا به غیر از خود و همفکرانشان هیچ مسلمانی در جامعه باقی نمی‌ماند.[۳۹] این جریانات هرگز حاضر به اعتراف به مخالفان فکری و اعتقادی خود نبوده و «هر جریان، تفکر یا شخصی که مخالف خود را نفی کند، مقدمه تروریسم در او وجود دارد[۴۰]». سیدقطب ایدئولوگ اسلام سیاسی در کتاب «معالم فی الطریق» که مانیفست آنان محسوب می‌گردد به این نکات تصریح کرده و شکاف بین اسلام سنتی و سیاسی را روشن می‌سازد. سیدقطب معتقد است که در سیستم سیاسی اسلام، چندصدایی مرفوض است و به جز یک حزب که الهی است، سایر احزاب شیطانی محسوب می‌گردند.[۴۱] نزدیکان شخص، پدر و مادر و برادر و همسر و طایفه‌اش نیستند، بلکه همفکران در اولویت‌اند.[۴۲] جغرافیایی که در آن حکومت اسلامی -آن هم به شرط موافقت آن حکومت با طبع ایشان- برقرار است دارالاسلام و غیر از آن درالحرب است و به جز دو گزینه‌ی جنگ و هدنه، هیچ ارتباط دوستانه‌ای بین این دو جغرافیا وجود ندارد؛[۴۳] یعنی دولت اسلامی به محض استقرار باید به همسایگانش حمله کند. هر نوع دلبستگی به قبیله و ملیت و نژاد و جغرافیای خاص، دلبستگی‌ای جاهلی است؛ در حالی که تمام این دلبستگی‌ها را قرآن در آیه ۱۳ سوره حجرات به رسمیت می‌شناسد و به آن احترام می‌گذارد. اسلام در سرزمینی که حکومت اسلامی نداشته و شریعت اجرا نمی‌شود، وجود ندارد؛ و این به معنی تکفیر هر مسلمانی است که در کشوری سکولار زندگی می‌کند، در حالی که پیامبر.ص. یارانش را به هجرت نزد نجاشی تشویق می‌نمود که حاکمی عادل از اهل کتاب بود. سیدقطب در تفسیر «فی ظلال القرآن» نیز مکرراً از اصطلاح جوامع جاهلی استفاده کرده و آن را به سرزمین‌های غیرمسلمانان یا حتی مسلمانان غیرهمفکر تعمیم می‌دهد و سلوک دولت اسلامی با جوامع جاهلی و غیراسلامی هم در ادبیات ایشان مشخص است و جز جنگ یا هدنه‌ای که از موضع قدرت است، هیچ انتخاب دیگری وجود ندارد.

> جریانات تندروی اسلام‌گرا تحت تأثیر آموزه‌های تئوریک ابن‌تیمیه و پراگماتیک محمد بن عبدالوهاب، ولی با ادبیات و شکلی نوین به سازماندهی مجدد خود پرداخته و در قالب احزاب و جریانات مدرن سربرآوردند

آن‌چه این تفکر و جریانات متأثر از این تفکر را خطرناک می‌کند، این نکته است که رسیدن به هدفِ نخستین یعنی تشکیل حکومَت اسلامی چنان مهم و مقدس است، که از مشروعیت یا عدم مشروعیت وسیله‌ی آن استنطاق نمی‌شود. و این به معنی اخلاق‌زدایی از امر دعوت و کنش سیاسی و افتادن در دام ماکیاولیسم است. و همین طرز تفکر است که راه ارتکاب خشونت رها و ترور را در قاموس سیاسی این جریانات می‌گشاید. در تفکر اخوان المسلمین، گر چه چگونگی تشکیل حزب و چارت سازمانی آن مشخص است، لیکن «مکانیسم تبدیل حزب به دولت، حلقه‌ی مفقوده است و این ابهام به رواج ماکیاولیسم در این تفکر دامن می‌زند[۴۶]». یعنی گر چه گاهی ابزار و مکانیسم آن مشروع و از راه مراجعه به آرای عمومی است، لیکن به هیچ عدم مشروعیتی برای مکانیسم‌هایی نظیر کودتا یا شورش نظامی اقلیت، در این پروژه‌ی ایدئولوژیک

اشاره نشده است و این ابهام یا اخفاء به معنی بازگذاشتن دست اعضا در ارتکاب چنین اعمالی است. گر چه تفکر اخوان المسلمین، غیرمسلمانان و حتی مسلمانان غیرسیاسی را قبول ندارد و حکم‌های سخت برای آنان صادر کرده و داوری‌ها سهمناکی را نیز در مورد آنان انجام می‌دهد، لیکن برای حصول مقصودهای سیاسی حتی حاضر به پذیرش اعضای غیرمسلمان است[۴۷]، به شرطی که دارای نفوذ، قدرت یا ثروت باشند. حتی عصام حسون یکی از شخصیت‌های اسلامگرا معتقد است که کشتن مسلمانان هم اگر تابع مصلحت باشد، جایز است.[۴۸]

در دهه‌های اخیر تفکر سلفیت جهادی در قالب جریانات و تشکیلات متفاوت نظیر القاعده، طالبان، الشباب، بوکوحرام، جهاداسلامی مصر، جبهه النصره، داعش، و ... سربرآورده است. این جریانات از نظر مانیفست سیاسی از تفکر اخوان المسلمین متأثر شده‌اند، با این تفاوت که در تفکر اخوان المسلمین، سیستم حزبی و ترکیبی از راه‌های مشروع و نامشروع برای تحصیل قدرت سیاسی وجود دارد، لیکن جریانات فوق، غالباً با سیستم میلیشیایی تشکیل شده و با تفسیری رادیکال و التقاطی از باب جهاد، برای تحصیل قدرت سیاسی، راهی جز جنگ‌های نامنظم نظامی، خشونت و ترور نمی‌شناسند. از نظر اعتقادی نیز اعتقاد وهابیت نقطه‌ی تلاقی تمام این احزاب و جریانات است. «سلفیت جهادی حاضر است از هر تاکتیکی برای فریب دشمن و استفاده از آن در جهت مقاصد خود بهره بگیرد و پس از موفقیت، آن را به خدا نسبت دهد، تا از این طریق هم خود را معتقد و فداکار نشان داده و هم موفقیت خویش را حمایت الهی معنی کنند. در واقع ریشه‌ی چنین تفکری در اندیشه‌ی اخوان المسلمین و بطور کلی در جنبش اسلام سیاسی به آسانی یافت می‌شود[۴۹]».

این جریانات حتی در امور کم اهمیت‌تر نظیر حجاب زنان نیز به تبلیغ و دیالوگ قناعت نکرده و به خشونت و اعمالی نظیر اسیدپاشی پناه می‌برند که یکی از زشت‌ترین وجوه تروریسم است.[۵۰] انجام عملیات انتحاری در اماکن عمومی و میان افراد مدنی، نیز یکی دیگر از روش‌های مورد استفاده‌ی رادیکالیسم اسلامی است که در ادبیات فوندامنتالیست‌ها از آن تحت عنوان عملیات استشهادی نام برده می‌شود، ولی در غالب موارد قربانیان این عملیات‌ها نه افراد نظامی دشمن، بلکه زنان و کودکان بیگناهِ مسلمان هستند و حتی در سال‌های اخیر دو مورد انتحاری در مسجدالحرام و مسجدالنبی در شهرهای مکه و مدینه رخ داد. اقدام به بمب‌گذاری و انفجار در اماکن عمومی، تاریخی و مذهبی نیز عملی است که مکرراً توسط این جریانات انجام می‌گیرد. بسیاری از مواقع مردمانی که در مسجدی مشغول عبادت هستند، قربانی این اعمال تروریستی می‌شوند. در منظومه‌ی فکری رادیکالیسم اسلامی، کافر حق زندگی آزادانه ندارد و حکم مرتد نیز قتل است و لذا تکفیر مخالفان و حکم به ارتداد آنان در غالب حالات مستمسک اینگونه اعمال تروریستی است. در صورت قبضه‌ی قدرت و دولتداری از سوی فوندامنتالیست‌ها نیز استفاده از واژگانی نظیر محارب یا مفسد فی‌الارض برای حذف و قلع و قمع مخالفان کافی است. و منفجر کردن اماکن مقدس مسلمانان نظیر مرقد

> **هر چقدر که القاعده نمونه‌ی جهش یافته‌ی اخوان المسلمین بود، به همان اندازه نیز داعش نمونه‌ی جهش یافته‌ی القاعده است. «داعش به لحاظ فکری نتیجه‌ی مشکلات داخلی سلفیت جهادی و القاعده است**

نبی-یونس در موصل که توسط داعش انجام گرفت، مستند به حکمی فقهی به نام سدذرائع است، چون از نظر تندروهای مذهبی زیارت قبور شرک است و لذا انفجار زیارت‌گاه‌ها کمک به مردم برای دوری از اعمال فاسد و شرک‌آمیز است. ترور نخبگان سیاسی و فکری نیز یکی از تاکتیک‌های این جریانات برای تحصیل مقصود است؛ ترور و قتل کسروی نویسنده‌ی دگراندیش، هژیر وزیردربار و رزم‌آرا نخست وزیر پهلوی توسط گروه فدائیان اسلام که تحت رهبری نواب صفوی روحانی شیعه فعالیت می‌کردند، از این جمله است.[۵۱] البته شیوه‌های ترور و خشونت توسط افراط‌گرایان، منحصر در این چند روش نیست.

شاید ژینوساید ایزدی‌های شنگال توسط داعش در سال ۲۰۱۴ و کشتار بی‌رحمانه از مردان و به گروگان گرفتن زنان و کودکان و حتی فروش آنان به‌عنوان کنیز و برده و تبدیل زنان به بردگان جنسی داعشیان، نقطه‌ی عطف جنایات و فجایع رادیکالیسم موسوم به اسلامی و بزرگ‌ترین عملیات تروریستی آنان باشد. در حالی که طبق موازین فقه جهاد، آنان کافر غیرحربی محسوب شده و حمله به آنان جایز نیست. هم‌چنین در بعد تئوریک، قرآن در آیه ۲۵۶ بقره، به‌-صورتی شفاف آزادی‌های دینی و مذهبی را به رسمیت می‌شناسد و وجه پراگماتیک آزادی مذهبی را نیز باید در تاریخ اسلام سنتی و همزیستی میان مسلمانان با غیرمسلمانان و حکومت‌های اسلامی با همسایگان‌شان جستجو کرد.[۵۲] شاهد آزادی مذهبی غیرمسلمانانی که در مرزهای اسلام نیز زندگی می‌کنند، سر پا ماندن و باقی ماندن کنائس یهودیان و کلیساهای مسیحیان و آتشکده‌های زرتشتیان و... در طول ۱۴ سده بعد از ظهور اسلام است، که هرگز متعرض تخریب و انفجار و غصب نشده‌اند و حتی عمر، خلیفه‌ی دوم، به هنگام تسلیم شدن بیت‌المقدس، از نماز گزاردن در کلیسای مرکزی این شهر پرهیز می‌کند، که روزی مسلمانان ناآگاه این کلیسا را به برکت نمازخواندن خلیفه‌ی دوم، غصب نکرده و به مسجد تبدیل نکنند.[۵۳] این مقایسه‌ها، عمق تفاوت اسلام سنتی و اسلام سیاسی را نشان می‌دهد.

هر چقدر که القاعده نمونه‌ی جهش یافته‌ی اخوان المسلمین بود، به همان اندازه نیز داعش نمونه‌ی جهش یافته‌ی القاعده است. «داعش به لحاظ فکری نتیجه‌ی مشکلات داخلی سلفیت جهادی و القاعده است. میدان عمل القاعده افغانستان بود، در حالی که کلیت سلفیت جهادی و ترور توجیه شده با اسلام، زاده‌ی عقل و فرهنگ عربی است. تفکرات ابومصعب الزرقاوی حلقه‌ی واسطه‌ی جهش القاعده به داعش بوده و زرقاوی پدر معنوی داعش است، گر چه قبل از صورت‌بندی داعش کشته شد. بعد از زرقاوی، ابوعمر البغدادی و سپس ابوبکر البغدادی که زمانی عضو اخوان المسلمین بود، رهبری این حرکت را در دست گرفتند. این جریان که «دولت اسلامی عراق» نام داشت، بعد از ناآرامی‌های سوریه با تغییر نام به «دولت اسلامی عراق و شام» و سپس «دولت اسلامی»، دایره‌ی فعالیتهایش را توسعه بخشید و از نظر استراتژیک نیز برخلاف مشی کلاسیک القاعده نوک پیکان حملات خویش را از دشمن دور به سوی دشمن نزدیک[۵۴] تغییر داد. برای نخستین بار به لزوم تشکیل خلافت تصریح کرده و عملاً آن را اعلام نمود. و حتی برخی از رهبران اخوان المسلمین را مرتد دانست[۵۵]».

این نکته‌ی اساسی نباید نادیده گرفته شود که نسبت دادن بنیادگرایی، رادیکالیسم و ترور به دین یا ادیانی خاص و مترادف دانستن این واژگان با همدیگر، یک نوع ضعف در تحلیل و نگرش تقلیل‌گرایانه به مسئله است. احتمال ظهور و بروز بنیادگرایی در هر ایدئولوژیِ دینی و غیردینیِ تاریخی وجود دارد که دارای

متون کلاسیک و تاریخ درخشان در دوران سابق باشند. نگاه نوستالژیک به تاریخ و آرزوی احیای مجد و سروری با تکیه بر بازگشت به متون، منجر به بنیادگرایی می‌گردد که لزوماً هم خشونت‌زا نیست، بلکه ضعف گفتمان و موضع فرودست صاحبان ایدئولوژی است که می‌تواند بنیادگرایی را بدل به رادیکالیسم نماید و منافذ تروریسم را به روی آن بگشاید. کشتار بی‌پروا و خشونت رهای بوداییان به نسبت مسلمانان روهینگیا، خشونت بی‌پایان آتئیست‌ها و چپ‌گرایان چین به نسبت اقلیت مسلمان اویغور، استراتژی تروریسم سیاه در ایتالیای اواخر قرن بیستم، میلیشیای میشیگان در ایالات متحده و گروه تروریستی شین‌ری-کیو در ژاپن، بخشی از تنوع فراوان و شیوع تروریسم در میان پیروان ایدئولوژی‌های دینی و غیردینی است. بررسی داعش به‌عنوان نماد رادیکالیسم اسلامیِ نیز شاهد این مدعاست که نمی‌توان صرفاً از طریق مفاهیمی چون سلفیت جهادی یا افراط گرایی دینی به تجزیه و تحلیل این جریان مهیب پرداخت. داعش و کلیت رادیکالیسم اسلامی بسیار متأثر از تفکر ناسیونالیسم عربی بوده و خواهان احیای شکوه امپراطوری عربیِ ماقبل حمله‌ی مغول است و تحقیر اعراب درِ دوران بعد از سقوط خلافت عثمانی، این عقده‌ها را به وضعیت انفجار رسانید. این تفکر از نظر فکری و سازمانی نیز بسیار زیر هژمونی مارکسیسم انقلابی است. همچنین داعش برآیند وضعیت اسفبار و فرودست سنی‌ها، آزار آنان و کشمکش مذهبی در سوریه و عراقِ بعد از صدام است و نقش افسران ارتش و دستَگاه اطلاعاتی صدام در آن مشهود است.[۵۶] ایدئولوژیک شدن دین از سویی و عقده‌های فروخورده‌ی ناشی از تاریخ طولانی استعمار و استبداد در میان ملل مسلمان از دگر سو نیز به شیوع رادیکالیسم در میان مذهبی‌ها دامن زده است.[۵۷] بر مبنای این داده‌ها، تأثیر عقده‌های روانی در شیوع خشونت و ترور نادیده‌گرفتنی نیست. «افرادی با توانایی‌ها و ظرفیت‌های شخصی ناکافی، افرادی که همیشه احساس می‌کنند در اقلیت هستند و مورد خصومت و ظلم قرار گرفته‌اند، مبارزان جوان و افراد در سن بلوغ و افراد دارای اختلال مغزی و بیماران روانی، بیش از سایرین دارای پتانسیل ابتلا به تروریسم هستند[۵۸]». حبیب علی الجفری از داعیان مشهور اهل سنت در یادداشتی کوتاه در توییتر می‌نویسد: «تروریسم و افراطی‌گری بیش از آنکه مسئله‌ای فکری باشد، مسئله‌ای روانی است؛ شخص روان‌پریش اگر مسلمان باشد، داعشی می‌شود، اگر مسیحی باشد، جیش‌الرب و اگر یهودی باشد، صهیونیست می‌گردد. روان‌پریش بودایی در میانمار آدم می‌سوزاند و روان‌پریش سکولار تبدیل به هیتلر و استالین می‌گردد. روان‌پریش‌ها همزمان با اصلاح تفکر، نیازمند درمان روانی‌اند[۵۹]».

کارن آرمسترانگ بنیادگرایی را واکنشی به بحران معنویت در دنیای معاصر دانسته و معتقد است «رجعت بنیادگرایان به متون بنیادین، به معنی محافظه‌کاری و وابستگی به گذشته نیست، بلکه عقاید آنان اساساً مدرن و ابداعی بوده و رجعت به آثار کلاسیک را نیز به روش‌های کاملاً مدرن انجام می‌دهند[۶۰]». هم او می‌نویسد: «بنیادگرایان یکی از ترسناک‌ترین حرکت‌های اجتماعی اواخر قرن بیستم بودند که نمازگزاران را در مساجد به رگبار بسته و پزشکان و پرستارانِ سقط جنین را در بیمارستان‌ها به قتل رساندَه‌اند. رؤسای جمهور خود را به گلوله بسته و حتی دولت قدرتمندی را سرنگون کرده‌اند. این‌ها البته اقلیت کوچکی از بنیادگرایان بوده‌اند، ولی سایر بنیادگرایان نیز هیچ جایگاهی برای دموکراسی، کثرت‌گرایی، تسامح دینی، صلح‌طلبی، آزادی بیان و جدایی دین از حکومت قائل نیستند. بنیادگرایان مسیحی کشفیات زیست‌شناسی و فیزیک را در مورد مبدأ آفرینش رد می‌کنند

و یهودیان و مسلمانان بنیادگرا هر دو جنگ اعراب و اسرائیل را که به‌طور یقینی غیردینی بوده، یکسره دینی تفسیر می‌کنند. همچنین بنیادگرایی محدود به یکتاپرستی نمی‌شود. بنیادگرایان بودایی، هندو و حتی کنفسیوسی نیز وجود دارند که دیدگاه‌های با دشواری بدست آمده‌ی فرهنگ لیبرالیسم را به دور می‌ریزند و به نام دین می‌جنگند و می‌کُشند تا تقدس را به صحنه‌ی سیاست و فعالیت‌های ملی بازگردانند[۶۱]».

اسلام سیاسی با توجه به تأثیرپذیری از ناسیونالیسم عربی و رادیکال بودن پیروان این تفکر، با ناسیونالیسم سایر ملل و بخصوص ناسیونالیسم کردی سر ناسازگاری داشته و تحت عنوان علمانیت کردی، آن را زیر تیغ تکفیر می‌برند. آنان با مترادف گرفتن اسلام و عربیت، توسعه‌طلبی، پان عربیسم و شوونیسم اعراب را احیای مجد اسلام و خدمت به اهداف ایدئولوژیک تعبیر می‌کنند، لیکن در هر سرزمینی که حتی اقلیتی از اعراب وجود داشته باشند، حق تعیین سرنوشت سایر ملل را خیانت به اهداف اسلام و سعی در راستای اجرای پروژه‌ی ابرقدرت‌ها تفسیر می‌نمایند. تا جایی که محمد حامد ابونصر چهارمین مرشدعام اخوان المسلمین، در سال ۱۹۹۱ و بعد از اجرای منطقه پرواز ممنوع بر فراز اقلیم کردستان، با نادیده گرفتن فاجعه‌ی انفال و کشتار ده‌ها هزار انسان بی‌گناه و تغییرات عمیق دموگرافیک در «باشور کوردستان»، طی بیانیه‌ای اعلام می‌کند که «جنبش شمال عراق با تحریک آمریکایی‌ها و علیه سروری و یکپارچگی عراق صورت می‌گیرد و درست کردن منطقه‌ی آرام هم دخالت در امور داخلی کشورهاست[۶۲]». و سروری سیاسی یک کشور عربی را مهم‌تر از ژینوساید نژادی و دموگرافیک و جغرافیایی یک ملت می‌داند و حتی مأمون الهضیبی یکی از شناخته شده‌ترین چهره‌های اخوان المسلمین، پا را فراتر گذاشته و با نادیده گرفتن حق تعیین سرنوشت ملت کرد و قربانی کردن آن به پای آرمان‌های شوونیستی اعراب، در مجمع عمومی اخوان المسلمین در کویت به تکفیر عمومی ملت کرد می‌پردازد: «کردها افراد نژادپرستی هستند که عموماً از اسلام خارج شده‌اند[۶۳]».

> **ایدئولوژیک شدن دین از سویی و عقده‌های فروخورده‌ی ناشی از تاریخ طولانی استعمار و استبداد در میان ملل مسلمان از دگر سو نیز به شیوع رادیکالیسم در میان مذهبی‌ها دامن زده است**

شیخ احمد یاسین بنیانگذار جنبش حماس نیز در یک مصاحبه‌ی تلویزیونی با شبکه‌ی الجزیره، با نادیده گرفتن شباهت‌های غیرقابل‌انکار میان فلسطین و کردستان که هر دو سرزمین‌هایی اشغال شده هستند، اعلام می‌دارد «آن‌چه اکنون در شمال عراق می‌گذرد، اسرائیل دوم منطقه است و ملت عرب بایدَ مواظب این توطئه باشد[۶۴]». بعد از تشکیل حکومت صفوی، هویت شیعی و هویت ایرانی به‌هم گره زده شده‌اند و در اسلام سیاسی شیعی، فاکتورهای تشیع و ایرانیت، جانشین فاکتورهای سنی بودن و عربیت در اسلام سیاسی سنی شده‌اند و هر گونه جنبش و حرکتی در داخل مرزهای ایران نیز علیه هویت شیعی و ایرانی تعبیر می‌گردد و حتی گاه تسلط فارس‌زبانان بر گفتمان اسلام سیاسی شیعی تا حد شوونیسم فارسی نیز گسترش می‌یابد. اعدام و ترور منجر به شهادتِ نخبگان سیاسی ملت کرد و رهبران جنبش‌ها و احزاب کردی ایرانی نیز در همین چارچوب قابل تحلیل است.

## پی‌نوشت

[۱] . کامـران هاشـمی، «حقـوق اسـلامی در تقابل تروریسـم بین المللی»، ص ۱۳۸.

[۲] . غلامرضا علی‌بابایی، فرهنگ سیاسی آرش، صص ۱۸۸-۱۹۰.

[۳] . داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی، صص ۹۸-۹۹.

[۴] . علیرضا طیب، تروریسم، تاریخ، جامعه شناسی، گفتمان، حقوق بین الملل، «گفتمان تروریسـتی: نشانه‌ها، دولتها و نظامهای خشونت سیاسی جهان»، جیمز دردریان، ص ۷۲۰.

[۵] . غلامرضا علی‌بابایی، همان، ص ۱۹۱.

[۶] . مهدی جواهری، «بررسـی تروریسـم از نظر گونه‌شناسی»، ص ۳۱.

[۷] . غلامرضا علی‌بابایی، همان ص ۱۹۱.

[۸] . همان، صص ۱۸۸ و ۱۹۱.

[۹] . علی عبدالله‌خانی، تروریسم شناسی، صص ۱۹-۲۱.

[۱۰] . میثـم کرمـی، غزالـی شناسـی، «غزالـی و اسـماعیلیان»، محمدجعفر محجوب، صص ۳۰۵ و ۳۰۸-۳۱۱.

[11] . Islamophobia

[۱۲] . بنیادگرایـی در بسـتر تاریخـی خود اشـاره دارد به جریانات جزم‌اندیـش مسـیحی در قـرون وسـطی که با تمسـک بـه قرائتی انحصارطلبانه و اسـطوره‌ای از اناجیل، در مقابل عقل و علم ایسـتاده و به قتل و شـکنجه‌ی دگراندیشـان می‌پرداختند. اطلاق این واژه به جریانات خشونت‌طلب اسـلامی، منجر به نوعی ارزش‌داوری و تعمیم رادیکالیسـم به کلیت اسـلام می‌گردد. در حالی که یکی از مشکلات اساسـی رادیکالیسم اسـلامی، شناخت سـطحی و جزیره‌ای از قرآن اسـت و اگر بنیادگرایی اسـلامی به معنای بازگشـت به قرآن باشد، بـدون تردید محصول آن بسـیار متفاوت از رادیکالیسـم خواهد بود. لذا اسـتعمال واژه‌ی بنیادگرایی برای رادیکالیسـم اسلامی با تسامح همراه است.

[۱۳] . مطلبی و همکاران، «تروریسـم ازمنظر بنیادگرایان اسـلامی رادیکال و فقه سیاسـی شـیعه؛ با نگاهی به عملیاتهای استشهادی»، ص ۱۲۰.

[۱۴] . ابوبکر علی، داعش؛ برآیند افراط‌گرایی دینی و شکست دولت، ص ۴۶.

[۱۵] . حدیـث: إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ صَالِحَ الأَخْـلَاقِ یا در روایتی مکارم الاخلاق؛ حدیث شـماره ۸۹۵۲ مسـند احمد – ۲۰۸۷۲ سنن کبری بیهقی.

[۱۶] . بقره ۲۵۶.

[۱۷] . انفال ۶۱.

[۱۸] . حج ۴۰.

[۱۹] . بقره ۱۹۰ و حج ۳۹.

[۲۰] . وَلَا تَقْتُلُـوا وَلِيـدًا طِفْلًا، وَلَا امْرَأَةً، وَلَا شَـيْخًا كَبِيرًا، وَلَا تُغَوِّرَنَّ عَيْنًا، وَلَا تَعْقِرُنَّ شَـجَرَةً إِلَّا شَـجَرًا يَمْنَعُكُمْ قِتَالًا أَوْ يَحْجِزُ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الْمُشْـرِكِينَ، وَلَا تُمَثِّلُوا بِآدَمِيٍّ وَلَا بَهِيمَةٍ، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تَغُلُّوا ، حدیث شماره ۱۸۱۵۵ سنن کبری بیهقی.

[۲۱] . نور ۳۳.

[۲۲] . محمد الصلابی، السیره النبویه، ج ۲ ص ۱۹.

[۲۳] . مائده ۳۲.

[۲۴] . مائده ۸.

[۲۵] . محمـد الصلابی، ابوبکر الصدیق، شـخصیته و عصره، ج ۳ ص ۱۲۶.

[۲۶] . علیرضا طیب، همان، «تروریسـم بین‌الملل و حقوق اسلامی»، دیوید شوارتز، ص ۳۸۰.

[۲۷] . صلاح‌الدین خدیو، یادداشت «آتشی که هاریسون را سوزاند!»، برگرفته از کانال تلگرامی شارنامه.

[۲۸] . حدیث شـماره ۶۸۳۲ سـنن کبری بیهقی. حدیث فوق مشعر به صحت و جواز امارت و امامت هر انسـانی اسـت که از نظر شریعت خوب یا بد تلقی شود.

[۲۹] . یورگن تودنهوفر، ده روز با داعش، ص ۳۰۰.

[۳۰] . عطایی - قاسـمی، «خوانشـی از اندیشه امام خمینی و حسن البنا پیرامون نظام سیاسی»، صص ۶۷-۶۸.

[۳۱] . میثم کرمی، همان، «غزالی و ابن تیمیه»، عباس زریاب خویی، صص ۱۵۰-۱۵۱.

[۳۲] . محمـد الصلابی، الدوله العثمانیه عوامل النهوض و السـقوط، صص ۳۸۲-۳۸۷.

[۳۳] . محمد ادیب غالب، من اخبار الحجاز و نجد فی تاریخ الجبرتی، ص ۹۳.

[۳۴] . همتـی و همـکاران، «جایـگاه اندیشـه سـیدقطب در میان نیروهای مبارز مذهبی در ایران پیش از انقلاب»، ص ۴۶.

[۳۵] . سـیدمجتبی نـواب صفـوی، بنیانگـذار و رهبـر تشـکیلات بنیادگرای فدائیان اسلام و پایه‌گذار تروریسم مذهبی در دوران قبل از انقلاب بود که در نهایت در سال ۱۳۳۴ اعدام گردید.

[۳۶] . همان، ۴۸-۵۷.

[۳۷] . ترجمه فارسی کتاب دراسات الاسلامیه سیدقطب.

[۳۸] . سیدقطب، ما چه می‌گوییم؟، ترجمه خسروشاهی، ص ۱۰.

[۳۹] . سەرو قادر، دین و سیاسەت، «مەبەستتان گەیشتنە بە کورسی حوکم»، ص ۳۰۴.

[۴۰] . همان، «ئایا گروپە ئیسلامیەکانی کوردستان دەستیان لە تیرور دا هەیە؟»، ص ۳۲۱.

[۴۱] . سیدقطب، معالم فی الطریق، ص ۱۴۹.

[۴۲] . همان، ص ۱۵۱.

[۴۳] . همان، ص ۱۵۱.

[۴۴] . همان، ص ۱۵۹.

[۴۵] . همان، ص ۱۶۱.

[۴۶] . سـەرو قـادر، همان، «چاوخشـانیک بـە لاپەرەکانی میژووی ئیخوان دا»، ص ۷.

[۴۷] . همان، «کومەلەی برایانی موسـلمان یا برایانی میسـری»، ص ۴۴. لوئیـس قانوس، نسـیف میخائیل و مریت بگ اعضای مسـیحی نامدار اخوان المسلمین هستند. البته همکاری و دوستی مسلمانان با غیرمسـلمانان امری طبیعی است، لیکن برای جریانی ایدئولوژیک که حتی مسـلمانان غیرهمفکر را نفی و تکفیر می‌کند، مسئله‌ای طبیعی محسوب نمی‌گردد و جز استفاده‌ی ماکیاولی از ابزارهای موجود برای

تحصیل مقصود، تفسیر دیگری برنمی‌دارد.

[۴۸] . سەرو قادر، همان، «گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکان و بەنارەوا تەکفیرکردنی موسلمانان»، ص ۲۵۲.

[۴۹] . ابوبکر علی، همان، صص ۲۳-۲۵.

[۵۰] . سەرو قادر، همان، صص ۳۳۸-۳۴۱. این منبع به موارد اسیدپاشی توسط اسلامگرایان تندرو در اقلیم کردستان اشاره می‌کند. در سالیان اخیر مواردی از اسیدپاشی علیه زنان کم‌حجاب در اصفهان ایران نیز صورت گرفت که با چراغ سبز امام جمعه شهر صورت گرفته بود، گر چه عاملان آن هرگز دستگیر و دادگاهی نشدند.

[۵۱] . محمد سمیعی، نبرد قدرت در ایران، صص ۴۲۲-۴۲۳.

[۵۲] . در این زمینه مطالعه کتاب هویت‌های مرگبار اثر امین معلوف نویسنده‌ی مسیحی لبنانی‌تبار و نامه سرگشاده یورگن تودنهوفر به ابوبکر بغدادی در کتاب ایشان یعنی ده روز با داعش توصیه می‌گردد.

[۵۳] . محمدحسنین هیکل، الفاروق عمر، ج ۱ ص ۲۵۸.

[۵۴] . از نظر سلفیت جهادی، دشمن دور کشورهای اشغالگر و ابرقدرت‌های جهانی هستند که حضورشان در کشورهای اسلامی نامشروع است. دشمن نزدیک نیز به مزدوران دشمنِ دور در کشورهای اسلامی و همچنین مسلمانان منحرف و به‌اصطلاح آنان، غیرموحد و مشرک و مرتد شده اطلاق می‌گردد.

[۵۵] . ابوبکر علی، همان، صص ۲۸-۴۴.

[۵۶] . در این زمینه مطالعه کتاب داعش؛ برآیند افراط‌گرایی دینی و شکست دولت، ابوبکر علی توصیه می‌گردد.

[۵۷] . در این زمینه مطالعه کتاب فربه‌تر از ایدئولوژی، عبدالکریم سروش توصیه می‌گردد.

[۵۸] . بارزان غفوری، «تروریسم چیست؟»، صص ۳۶۳-۳۶۴.

[۵۹] . توییت تاریخ ۲۸ آگوست ۲۰۱۸.

[۶۰] . کارن آرمسترانگ، بنیادگرایی، ص ۲۷.

[۶۱] . همان، ۲۵-۲۶.

[۶۲] . سەرو قادر، همان، «ئایا رابوونی ئیسلامی سیاسی هیچی بو کورد پییە؟»، ص ۲۹۲.

[۶۳] . سەرو قادر، همان، «هیچ حیزبیکی سیاسی بەناوی ئیسلام شەرعییەتی نییە تەکفیر و تیرور بەکاربینی»، ص ۲۴۴.

[۶۴] . سەرو قادر، همان، «ئایا رابوونی ئیسلامی سیاسی هیچی بو کورد پییە؟»، ص ۲۹۳.

## منابع


۱) فرهنگ سیاسی آرش، غلامرضا علی‌بابایی، نشر آشیان، ۱۳۸۷.

۲) دانشنامه سیاسی، داریوش آشوری، نشر مروارید، ۱۳۸۷.

۳) مسند احمد، احمد بن محمد بن حنبل، موسسه الرساله، ۲۰۰۱.

۴) سنن کبری بیهقی، ابوبکر بیهقی، دارالکتب العلمیه، ۲۰۰۳.

۵) السیره النبویه، علی‌محمد محمد الصلابی، دارابن‌کثیر، ۲۰۰۹.

۶) ابوبکر الصدیق، شخصیته و عصره، علی‌محمد محمد الصلابی، دارابن‌کثیر، ۲۰۰۹.

۷) الدوله العثمانیه عوامل النهوض و السقوط، علی‌محمد محمد الصلابی، دارالمعرفه، ۲۰۰۶.

۸) تروریسم، تاریخ، جامعه شناسی، گفتمان، حقوق بین الملل، به کوشش علیرضا طیب، نشر نی، ۱۳۸۲.

۹) تروریسم شناسی، علی عبدالله‌خانی، مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین‌المللی ابرار معاصر تهران، ۱۳۸۶.

۱۰) غزالی شناسی، به کوشش میثم کرمی، مؤسسه انتشارات حکمت، ۱۳۸۹.

۱۱) من اخبار الحجاز و نجد فی تاریخ الجبرتی، محمد ادیب غالب، دارالیمامه، ۱۹۷۵.

۱۲) ما چه می‌گوییم؟، سیدقطب، ترجمه هادی خسروشاهی، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، ۱۳۷۲.

۱۳) معالم فی الطریق، سیدقطب، دارالکتاب الاسلامی، ۱۹۸۳.

۱۴) دین و سیاسەت، سەرو قادر، دەزگای روشنبیری و راگەیاندنی گولان، ۲۰۰۰.

۱۵) بنیادگرایی، کارن آرمسترانگ، ترجمه کیانوش حشمتی، مؤسسه انتشارات حکمت، ۱۳۹۶.

۱۶) ده روز با داعش، یورگن تودنهوفر، ترجمه علی عبداللهی و زهرا معین‌الدینی، نشر کتاب کوله‌پشتی، ۱۳۹۸.

۱۷) داعش؛ برآیند افراط‌گرایی دینی و شکست دولت، ابوبکر علی، ترجمه صباح مفیدی و سمیه رحمانی، نشر واتا، ۱۳۹۵.

۱۸) نبرد قدرت در ایران؛ چرا و چگونه روحانیت برنده شد؟، محمد سمیعی، نشر نی، ۱۳۹۷.

۱۹) الفاروق عمر، محمدحسنین هیکل، مکتبه النهضه المصریه، ۱۹۶۳.

۲۰) مقاله حقوق اسلامی در تقابل تروریسم بین المللی، کامران هاشمی، مجله راهبرد، شماره ۲۱، پاییز ۱۳۸۰.

۲۱) مقاله بررسی تروریسم از نظر گونه‌شناسی، مهدی جواهری، فصلنامه علمی ترویجی مطالعات بین المللی پلیس/ سال ششم/ شماره ۲۴/ زمستان ۱۳۹۴/ صص ۳۱ -۶۴.

۲۲) مقاله تروریسم ازمنظر بنیادگرایان اسلامی رادیکال و فقه سیاسی شیعه؛ با نگاهی به عملیاتهای استشهادی، مسعود مطلبی، حسن آرایش، سیدرضا رحیمی‌عماد، فصلنامه پژوهشهای سیاسی جهان اسلام، سال ششم، شماره چهارم، زمستان ۱۳۹۵ ، صص ۱۱۹-۱۴۶.

۲۳) خوانش اسلام از ترور و تروریسم، واکاوی واژگان معادل، بهادر حاتمی، نشریه خردنامه، شماره ۱۴، بهار و تابستان ۱۳۹۴.

۲۴) خوانشی از اندیشه امام خمینی و حسن البنا پیرامون نظام سیاسی، عبدالله عطایی، بهزاد قاسمی، فصلنامه علمی پژوهشی پژوهشنامه انقلاب اسلامی، سال چهارم، شماره ۱۴، بهار ۱۳۹۴، صص ۶۵-۸۷.

۲۵) جایگاه اندیشه سیدقطب در میان نیروهای مبارز مذهبی در ایران پیش از انقلاب، محمدعلی همتی، محمدعلی تقوی، مرتضی منشادی، فصلنامه علمی پژوهشی پژوهشنامه انقلاب اسلامی، سال دوم، شماره ۷، تابستان ۱۳۹۲، صص ۴۵-۶۱.

۲۶) تروریسم چیست؟، ترجمه بارزان غفوری، فصلنامه زریبار، سال نهم، شماره ۵۶-۵۷، بهار و تابستان ۱۳۸۴، صص ۳۵۹-۳۷۳.

۲۷) توییتر حبیب علی الجفری

۲۸) کانال تلگرامی شارنامه، صلاح‌الدین خدیو.

# مەکتەبی قورعان؛ بەرانبەر بە گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخدا

**ڕزگار موکری**

”

مەکتەبی قورعان ئەگەرچی هەرگیز بە شێوەی ڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆی بەرانبەر ڕەوتی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد دەرنەبڕی، بەڵام هەموو ئاراستەکانی «گفتمانی» ئەم ڕێکخراوەیە، بە جۆرێک بوو کە توانی زەبر لە گوتاری هاوبەشی کوردی بدات و ئیزن نەدا ئەم گوتارە هاوبەشە پێک بێت کە دەیتوانی وەک گوتاری زاڵی سەراسەری لە کوردستاندا ببێتە بەرانبەر و تاکە بەردەنگی کۆماری ئیسلامی، لە ململانێ دیپلۆماتیک و نیزامییەکانی سەردەمی شۆڕشدا

“

ئەگــەر دامەزرانـــی کۆمـــاری کوردســـتان بـــە دەســـتپێکی مێـــژووی هاوچەرخـــی کـــوردی لەرۆژهەڵاتـــی کوردســـتان بزانین و لـــەم ســـەرەتایەوە لێکدانـــەوە بـــۆ ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بیری سیاســـی لەم بەشەی کوردســـتان بکەین، دەتوانین شوێنپەنجەی هێندێـــک گۆڕانکاریـــی هزریی سیاســـی و مەزهەبی لە توێی ڕووداوەکانی کوردســـتان دیاری بکەین. دیارە بە پێی هێندێک هۆکار لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بیری ئایینی وەک بنەمای کردەوەی سیاســـی نەیتوانیوە ببێتە هێژمۆن و گوتاری زاڵی سیاســـی پێک بێنێ، بەڵام ئـــەم جـــۆرە بیرۆکەیە کە ئیســـلامی سیاســـیی پێ دەگوترێ بوونی هەبووە و لە هێندێـــک قۆناغدا وەک ئەکتەری سیاســـی ڕۆڵیشـــی گێـــڕاوە. مەکتەبـــی قورعان یەک لەم گرووهانەیە کە لانی کەم لە ســـەرەتای شۆڕشی پەنجاوحەوتی گەلانی ئێرانەوە وەک جەریانێکی سیاســـی لە چوارچێوەی گوتاری ئیســـلامی سیاســـیدا چالاکیی کـــردووە. بۆ لێکدانـــەوەی چۆنێتی و جۆرایەتیی حوزوری ئەم تاقمە لە سیاسەتی ئێران و کوردستان دا پێشەکی پێویستە ئاماژەیەکی نەزەری بکەین بە جۆرەکانـــی ڕووبەڕوو بوونەوەی زانســـت و دیـــن، کە دواتر دەبێتـــە بنەمای ڕووبەڕوو بوونەوەی سیاســـەت و دیـــن و چەمکەکانی پێوەندیدار بە سیاســـەتەوە کە دێموکراسی و حوکمڕانی لەو چەمکانەن.

## جۆرەکانی پێوەندیی زانست و ئایین؛

چوار جۆری بۆچوون بە نیسبەت ئەم پرسەوە لـــە ئارادایە کە هـــەرکام بنەمـــای نەزەریی ڕەوتێکی تایبەتی سیاسی و فەلسەفین:

### یەکەم؛

لـــەم ڕوانگەیـــەوە دین و زانســـت یا دین و سیاســـەت دوو مەیدانی جیـــاواز لە یەکترن و هـــەرکام ئەرکێکیان لە ئەســـتۆیە کە هیچ پێوەندییەکیـــان پێکەوە نیـــە، دین مەیدانی ژیانی شەخسیی تاکە کە پێوەندیی هەیە بە دنیای ماوەراییەوە و زانست و سیاسەت، وەک درێژەی ئەم، پێوەندییان بەژیانی کۆمەڵایەتی و ئـــەم دنیاییـــەی تاکـــەوە هەیـــە. کە ئەم بیرۆکەیە بنەمای ئەندیشـــەی سێکۆلارەکانە بە نیسبەت سیاسەت و حوکمڕانییەوە و بەو پێیە دیموکراســـی بە حەوزەیەک دەزانن کە هیچ پەیوەندییەکی بە دینەوە نیە.

### دووهەم؛

دین و زانســـت لە پێوەندییەکی ئەزەلیدان و هەرچی لە زانســـتدا دەبیندرێ، ڕیشـــەی لە دیندا هەیە و دین بنەمای هەموو زانســـت و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە و بێ هەبوونی دین، زانست و سیاسەت و چەمکە پێوەندیدارەکان ناتەواون، هەر لە ســـەر ئەم بنەمایە شێوەی حوکمڕانیـــش هەرئـــەو شـــێوەیەیە کە دین ئاماژەی پێ دەکا و ئەوحکوومەتە ڕەسەنە کە لە سەر بنەمای دین و پێڕەوی حوکمی خودا بێت. ئەم شـــێوەڕوانینە بنەمای ئەندێشـــەی بنەماژۆ خوازە ئیســـلامییەکانە کە باوەڕمەند بە حکوومەتی ئیســـلامین، تاقـــم و گرووهە توندئـــاژۆ ئیســـلامییەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعیش و...

### سێهەم؛

بە پێـــی ئەم ڕوانگەیە دەگوتـــرێ ئەگەرچی ئیسلام و دین دەتوانێ سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ زانســـت بێت بەڵام زانستی نوێ هێندێک شـــتی بەدیهێناوە کە دەکـــرێ لە گەڵ دین ڕێک بخرێن و بنەمای دینیان بۆ بتاشـــرێ و وەک دەسکەوتێکی باش کە بەرهەمی عەقڵی بەشەری بە پشـــتوانەی دینەوەن پێشکەش کۆمەڵگا بکرێن، لەم دەلاقەیەوە حوکمڕانی و سیاسەتیش دەتوانێ لە دین بەرهەم وەرگرێ و حوکمی خودا بخرێتە چوارچێوەی هێندێک دەســـکەوتی نوێی مرۆڤ لـــەو پێوەندییەدا.

ديموكراسيش يەک لەو شتانەیە کە دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئیجتهادی ئیسلامی و هاوئاهەنگ کردنی بەشێک لە ئەحکامی دینی وەک دێموکراسیی ئیسلامی پێشکەش بکرێ یا بە کەڵک وەرگرتن لە هێندێک نەریت و حوکمی ئیسلامی وەک شۆڕا، حکوومەتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتداریە دێموکراتیکەکانی ڕۆژئاوا دابمەزرێ و بە نێوی دێموکراسیی دینی یا ئیسلامی سەقامگیر بێت. لەم ڕوانگەیەوە پاشگری ئیسلامی یا دینی حوکمی قەیدی هەیە و هێندێک قەیدوبەند بۆ دێموکراسی لە چوارچێوەی دین و ئیسلامدا ساز دەکات، ئەم جۆرەڕوانینە بنەمای هزری زۆریەک لە باوەڕمەندان و نوێخوازە ئیسلامییەکانی سەدەی بیستەم بووە کە دینیان بە سەرچاوەی ئیلهامدەری دەسەڵات و یاسا زانیوە و حوکمڕانانی پێشووی وڵاتە ئیسلامییەکانیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەرکێکی دروستیان لە ئیسلام و بنەما فێقهیەکانی وەک شورا و ... نەبووە، ڕاشد ئەلغنووشی، ئەبوئەعلای مەودودی، موتەهەری و... لە باوەڕمەندانی ئەم ڕوانگەیەن و ئەم شێوەڕوانینە بنەمای فکری ئیخوانیەکانو مەکتەبی قورعانیشە...

> مەکتەبی قورعان ئەو تەشکیلاتە ئایینییەی کە لە سەر دەستی ئەحمەد موفتیزادە دامەزرا، وەک سەرجەم تەشکیلات و ڕێکخراوە مەزهەبییەکان، بەڕوانگەیەکی پەروەردەییەوە شکڵی گرت و خۆی وەک جەریانێکی فکری ناساند

## چوارەم؛

ئەم ڕوانگەیە لای وایە دەبێ خوێندنەویەکی عەسری و سەردەمیانە لە سەرچاوە دینیەکان(کتاب، سنت و نص) بکرێ، کە بۆ ئەم مەبەستە لە زانستی «تەئویل» کەڵک وەردەگرن، جۆرێک لە زانستی نوێ بۆ خوێندنەوەی نوێ لەم سەرچاوانە بە پێی زەرفیەتی زەمانی و مەکانی. لەم ڕوانگەیەوە دین نە تەنیا نابێ و ناکرێ ڕێگر بێ لە بەرابەر دەسکەوتە بەشەرییەکان، بەڵکوو دەبێ خوێندنەوەیەک لە دین پێشکەش بکرێ کە هاوتەریبە لەگەڵ ئەم دەسکەوتانە، وەک جۆرەکانی حوکمڕانیی ڕۆژئاوایی دەبێ بنەمای یاسا لە دەسەڵاتداریێتیدا، عورف بێت نەک دین و خوێندنەوە نەریتییەکان. بە پێی ئەم باوەڕە؛ پاشگری ئیسلامی بۆ دێموکراسی، وەسفیە و حەکایەت لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئەم حوکمڕانی یا دێموکراسییە دەکات و هیچ قەید و بەندێکی بۆ ساز ناکات، نەسر حامێد ئەبوزەید، موجتەهیدی شەبستری، یۆسف ئەشکەوەری، عەبدولکەریم سرووش و... لە باوەڕمەندانی ئەم ڕوانگەیەن.

هەردوو جۆری دووهەم و سێهەمی ئەم پۆلێنبەندیە، لەڕووبەڕوو بوونەوەی زانست و دین یا سیاسەت و دین، دەبنە بنەمای ئیسلامی سیاسی. یەکەمینیان ئیسلامی سیاسیی بنەماژۆخواز و فێندامێنتالیستەکانە کە دەبنە بنەمای سەلەفییەکان و ئەوانەی کە ئیسلام بە سەرچاوەی هەموو مەعریفەتێک دەزانن و سیاسەت و حوکمڕانیش دەبێ لەم سەرچاوەیە تێراو بێت و بەدەر لە دین هیچ زانستێک ناتوانێ بوونی هەبێ و حەقیقەت بێ، واتە حەقیقەت یەک شتە، ئەویش حەقیقەتی دینی. جۆری دووهەمیش بیرۆکەی ئیسلامی سیاسیی نوێخوازە کە ئیسلام و دین وەک یەک لە گرینگترین سەرچاوەکانی زانست، سیاسەت و حوکمڕانی دەبینێ و حەول دەدا هیچ کام لەم دسکەوتە مرۆییانە لە دژایەتیدا نەبێ لە گەڵ دین و ئەگەر کەوتە دژایەتییەوە، حوکم بە نەفعی دین دەدرێ و ئەوە مەعریفە بەشەرییەکانن کە دەبێ لە گەڵ دین ڕێک بخرێن.

لە دۆخی سیاسیی کوردستانیشدا، بێجگە

له سێکۆلارەکان کە لە سەر بنەمایەکی جیاوازی هــزری کە باس کرا دامــەزراون، دوو جۆری ئیسلامی سیاســی کە یەکەمینیان ئیسلامی سیاسیی بنەماژۆخوازە و دووهەمین؛ نوێخواز، وەک بنەمــای هیندێک جەریان بوونیان بووە و بوونەتە هۆی دەســتەبەندیی سیاســی، بە تایبەت دوای شۆرشی پەنجاوحەوتی گەلانی ئێران و لە ساڵانی ڕابردوودا.

## گوتــاری ئایینی ـ سیاســیی مەکتەبی قورعان؛

مەکتەبی قورعان ئەو تەشــکیلاتە ئایینییەی کە لە ســەر دەســتی ئەحمــەد موفتیزادە دامەزرا، وەک سەرجەم تەشکیلات و ڕێکخراوە مەزهەبییەکان، بەرەوانگەیەکی پەروەردەییەوە شکڵی گرت و خۆی وەک جەریانێکی فکری ناساند، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردستان پتر لە سێ دەیە بوو لە ژێر هێژمۆنی جەریانێکی سیاسیی سێکۆلاردا بوو و بزووتنەوەی کوردی ئەگەرچی ســت بــوو بــەڵام کۆمەڵگای کوردی، لە ژێر کاریگەریی حیزبی دێموکرات و کۆمارەکەیدابــوو. لەم کاتــەدا پاش چەند ساڵ لە وانەی ئایینی کوتنەوە، موفتیزادە لە ژێر کاریگەریی هێندێک ڕۆشــنبیری دینیی فارس و عەرەب، نیزامی ئەندیشەییی خۆی خستە چوارچێوەی تەشــکیلاتێکی ئایینیی سیاســییەوە بە ناوی مەکتەبی قورعان. ئەو مەکتەبە کە داهێنانــی موفتیزادە بوو، وەک پێشــتر ئاماژەی پــێ کرا، لــە چوارچێوەی بیری نوێخوازانی دینی کە پێوەندیی زانست یا سیاســەت و دین بە پێویســت دەزانن و حــەول دەدەن دین و سیاســەت وەک دوو باڵی پێویست نیشــان بدەن و دین بە هۆی زانستی نوێوە نوێ بکەنەوە و ڕەنگ و بۆنێکی سەردەمیانەتری پێ بدەن، بەڵام لەو جێیانەی کە دژایەتییەک لە بەینی دین و زانســت یا سیاســەت پێش دێ بە قازانجی دین حوکم دەدەن،(جۆری سێهەمی پۆلێن بەندییەکە) لە ژێر کاریگەریی چەند سەرچاوەی مەعریفیدا گوتاری سیاسیی خۆی پێک دێنێ؛

### یەکەم؛

ئیســلامی خەلیفــە خــوازی؛ دوای مەرگی پێغەمبــەری ئیســلام خــــــەلیفــەکان دەسەڵاتدارییەکی نوێ لە ژێر ناوی خەلافەتدا دادەڕێژن کە شێوەی جێنشینی خەلیفەکان و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خەلیفەکان دەبێتە ســەرچاوەی موفتیــزادە و حــەول دەدا بە بەکارهێنانی هێندێک واتای وەک؛ «شــوورا»، «اهل حــل و عقد»، «اولی الامــر» و... دوای سەرکەوتنی شۆڕشی پەنجاوحەوت مۆدێلێکی نوێ لــەو خەلافەتە بە کەڵــک وەرگرتن لە شــوورای ناوچەیی وەک خــۆی جەختی لە سەر دەکاتەوە لە چوارچێوەی «خودموختاریی ئیسلامی»دا دابمەزرێنێ.

### دووهەم؛

لە ژێر کاریگەریی هێندێک بیرمەندی وەک ڕەشــیدی ڕەزا و ئەبو ئەعــەلای مەودوودی بــۆ بووژاندنــەوەی خەلافەتی نوێ و ڕاشــد ئەلغنووشــی بۆ دامەزراندنی دەســەڵاتێکی عەسریتری ئیسلامی، ئەو جۆرە لە حوکمڕانی دابمەزرێنــێ کــە بتوانێ وێــڕای ئەوەی کە ناوەڕۆکە دینیەکەی پارێــزراو بێ، ڕووکەش و بەهــا نوێیە سیاسییەکانیشــی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

### سێهەم؛

لە ژێر کاریگەریی عەلی شــەریعەتی شــیعە مەزهەبــدا بوو، کــە هەم لە باری شــێوەی تەبلیغــەوە، وەک شــەریعەتی شــێوازی مەکتەبی، واتە تریبۆنە ئایینیەکانی بۆ بەیانی ئەندێشــەکانی خۆی هەڵبژارد و هەم لە سەر واتای «تشــیع صفوی-تشیع علوی»، «اسلام نبوی-اســلام امــوی» هێنایە نێــو گوتاری ئایینی-سیاسیی خۆیەوە. لە لایەکی دیکەوە بە

پێداگری لەسەر واتای «امت واحدەی اسلامی» لە چوارچێوەی گوتاری شۆڕشــگێڕانەی دژە ناسیۆنالیستیی خومەینیدا بوو.

### چوارەم؛

موفتیـــزادە دوای ئـــەوەی ناتوانـــێ لە گەڵ ڕێژیمی ناوەندگەرای شیعەخوازی خومەینی لە سەر دوو بڕگەی یاسای نوێ؛ (بڕگەی ١٢ و ١١٥) ڕێکبکەوێ، بە دامەزراندنی «شمس» دەچێتە ژێر کاریگەریی ئیخوان المســلمین، بە شــێوەیەک کە موفتیزادە دەبێتە موفتیی تەشکیلاتێکی فرەنەتەوەییی ئێرانی، پێکهاتوو لە نەتەوە سوننەکانی ئێران، ئەو کاریگەرییە تا ڕادەیەکە کە بەشێک لەئەندامانی دە کەسی بەڕێوەبەری شـــەمس ڕاســـتەوخۆ کەســـانی دیاری ئیخوانن لە ئێران، کە ناســـر سوبحانی لە کەسانی بەرچاوی ئەو تاقمەن.

### مەبەســـتی مەکتەبی قورعـــان لە پێک هێنانی گوتارێکی جیاواز

موفتیـــزادە بە کەڵک وەرگرتن لـــەم واتایانە گوتاری ئایینی-سیاســـیی مەکتەبی قورعان بۆ دوو مەبەست پێک دێنێ؛

**١** لـــە کاتێکـــدا مەکتەبی قورعان شـــکڵ دەگرێ کە نزیک شۆڕشـــی گەلانی ئێرانە و گوتاری ئایینیی خومەینی لە پەرەسەندندایە، کاتێک کە شـــۆڕش ســـەردەکەوێ، گوتاری زاڵ لـــە ناوەند گوتاری ئایینیی خومەینییە و موفتیـــزادە بۆ ئەوەی بتوانێ بێتە ژێر چەتری ئەم گوتارەوە پێویســـتی بە هێندێک چەمک و واتایـــە کە لە چوارچێوەی گوتاری ناوەندا جێی بێتەوە، (ئەو واتایەنەی کە لە ســـەرەوە ئاماژەیان پێ کـــرا)، بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی شەریعەتی و خومەینی، حەول دەدا خـــۆ لـــەم گوتارە نزیک بکاتـــەوە تا لە قەوارەیەدا جێی بێتەوە.

**٢** کەڵک وەرگرتن لە واتای «خودموختاریی ئیســـلامی» و «پێشـــمەرگەی موســـڵمان»، حەول بـــوو بۆ پێکهێنانی گوتـــاری ئایینی-سیاسیی مەکتەبی قورعان لە بەرانبەر گوتاری نەتەوەییی حیزبی دیموکرات و گوتاری زاڵی کوردی لەو قۆناغەدا، بـــۆ ئەوەی لە گوتاری ئایینیی ناوەند نەترازێ. لەڕاســـتیدا زەرافەتی گوتـــاری ئەم جەریانە ئایینییـــە لێرەدایە کە نایهەوێ هاوتەریب بێ لە گەڵ ڕەوتی سیاسیی کوردســـتان و گوتارەکەی خۆی لە دژایەتی لە گەڵ گوتـــاری زاڵی کوردی جومگەبەندی دەکات. گوتارێک کە ئەگەرچی نەیتوانی سەر بکەوێ بەڵام توانیبووی چەترێکی بەرین بێ بۆ داواکارییەکانی گەلی کورد و جەماوەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە.

### موفتیـــزادە دوای دابڕان لە خومەینی و پێکهێنانی شەمس؛

دوای ئـــەوەی موفتیزادە ناتوانێ بەو ویســـتانە بـــگات کە بووی و لـــە گەڵ ناوەند لە ســـەر داواکارییەکانـــی پێک نەهات و دواتر لە لایەن دەسەڵاتی نوێوە تۆمەتبار بە دژی شۆڕش بوون کرا، کەوتـــە بیری دامەزرانی تەشـــکیلاتێکی دیکە،ڕێکخراوەیەک کە ئیدی زۆریش قەوارەی کورد بوونی پێوە دیار نەما و لە هەموو پێکهاتە ســـوننەکانی ئێران پێک دەهات، لەڕاســـتیدا «شووڕای مەرکەزیی سوننەت» یا «شمس» دژ کردەوەیەک بوو بە دوو شت؛

### یەکەم؛

دابڕانی گشـــتی لە بزوتنەوەی کوردی و ئەو دۆخەی کە بـــە دژی موفتیزادە و مەکتەبی قورعـــان لـــە کوردســـتان پێـــک هاتبـــوو، چون بەشـــێکی زۆر لە کۆمەڵـــگای کوردی سیاسەتەکانی ئەویان بەیەکێک لە هۆیەکانی شکستی کورد و هەڵوێستی دەسەڵاتی نوێ بە نیسبەت کوردستان دەزانی. بۆیە ڕێکخستنی وەها ڕێکخراوەیەک کە ڕووی لە پێکهاتەکانی دیکە و جەخت کردن لە ســـەر سوننی بوون بوو، بووە گەڵاڵەی ئەم تەشکیلاتە نوێیە.

## دووهەم:

موفتیزادە دەیویست بە پێکهێنانی بەرەیەکی سوونە بە دوو ئامانج بگات؛١. حەول بدات یارمەتیی وڵاتانی سوننیی ناوچە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ٢. لەو ڕێیەوە فشار بۆ دەسەڵاتی نوێ بێنێ کە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، ئەو بەڵێنانەی کە بەردەوام موفتیزادە ئاماژەی پێ دەکات کە چوار ڕۆژ پێش سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی پێی داوە و دواتر کەسانی دیکەی وەک مونتەزیریش جەختیان لە سەر کردووە بەڵام بێ بەڵێنییان کردوە.

گرینگییەکی دیکە کە پێک هێنانی شەمس هەیەتی ئەوەیە کە موفتیزادە زۆر لە قەوارەی ئیخوان نزیک دەبێتەوە، قەوارەیەک کە دەسەڵاتی نوێ زۆری پێ خۆشحاڵ نییە لەبەر ئەوەی حاکمانی نوێ باش تێدەگەن کە ئیخوان بە چ شێوەیەک کار دەکا و تواناییەکی زۆری تەشکیلاتی و ڕێکخستنیان هەیە، بۆیە هەر زۆر زوو بەرەنگاری دەبنەوە و چەند ڕۆژ دوای بەستنی دووهەمین کۆنگرەی شەمس موفتیزادە و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی دەستبەسەر دەکرێن.

## ئاکام

مەکتەبی قورعان ئەگەرچی هەرگیز بە شێوەی ڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆی بەرانبەر ڕەوتی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد دەرنەبڕی، بەڵام هەموو ئاراستەکانی «گفتمانی» ئەم ڕێکخراوەیە، بە جۆرێک بوو کە توانی زەبر لە گوتاری هاوبەشی کوردی بدات و ئیزن نەدا ئەم گوتارە هاوبەشە پێک بێت کە دەیتوانی وەک گوتاری زاڵی سەراسەری لە کوردستاندا ببێتە بەرانبەر و تاکە بەردەنگی کۆماری ئیسلامی، لە ململانێ دیپلۆماتیک و نیزامییەکانی سەردەمی شۆڕشدا. بۆیە پێویستە ئەوە وەک ڕاستییەکی سەرەکی لەبەر چاو بگیرێ کە گوتاری ئیسلامی-سیاسی لە هەر قەوارەیەکدا، چ لە قەوارەی نوێخوازی بە شێوەی موفتیزادە و چ لە قەوارەی فێندامێنتاڵیدا، دەتوانێ پێش بە ساز بوونی گوتاری هاوبەش بگرێ و لە گوتارێکی جیاوازدا لە چوارچێوەی هزری ئایینیدا حەول دەدات کۆمەڵانی خەڵک لە خۆی کۆ بکاتەوە، لانی کەم تا ئێستا نەیتوانیوە لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەییی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا خۆی پێناسە بکات. مەکتەبی قورعان وێڕای هێمنایەتیی زۆری بە نیسبەت جەریانە ئایینیەکانی دیکە نەیتوانی لەو قۆناغەدا کە دەبوو لە گەڵ ئەم گوتارە زاڵە هاوتەریب بێت، هاوڕا بێت و تەنانەت بە گەڵاڵەی گوتاری ئایینیی خۆی، وەک باس کرا، بە جەخت کردن لە سەر واتای «خودموختاریی ئیسلامی» و «پێشمەرگەی موسڵمان» لە بەرانبەر گوتاری زاڵی نەتەوەییدا ڕاوەستێ. لە لایەکی دیکەوە موفتیزادە و مەکتەبی قورعانەکەی بە پێچەوانەی جەریانە ئایینییە سەلەفییەکان و ئیخوانییەکان، توانی لە کوردستان بێ ئەوەی لە هێزێکی دەرەکی کەڵک وەرگرێ، تەشکیلاتێکی خۆرسکی ئایینی پێک بێنێ کە ئەو تواناییەی هەبێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لە مەیدانی سیاسیدا قسەی پێ بێ و ببێتە تەرەف حیسابی ناوەندێکی ئایینی. ئەم جەریانە بوو بە سەرەتای تەشکیلاتی بوونی بیری ئیسلامی سیاسی و بووە بەرانبەرێک ڕووبەڕووی نەهادی ڕۆحانییەتی نەریتیی کورد کە تا ئەو کاتە ئەگەر سیاسیش بووبێت، سیاسییەکی نەتەوەیی بووە و پێشەنگی زۆریەک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردستان بوون؛ بەڵام ئەحمەدی موفتیزادە بە پێک هێنانی مەکتەبی قورعان، ئیسلامی لە کوردستان بە سیاسی کرد و توانی بەو گوتارەی خۆی، بسەلمێنێ ئیسلام دەتوانێ بە تەشکیلاتەوە بێتە مەیدانی سیاسەت و کەڵێنیش بخاتە هەر ڕەوتێکی سیاسی لەم بەشەی کوردستاندا.

# ئاوڕدانەوەیەک لە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە پارچەکانی کوردستان

بابان ئەلیاسی*

گەرچی ڕێبەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە هەموو کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیست، وەک شێخ سەعید پیران، قازی محەممەد، شێخ مەحموود بەرزەنجی، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی، مستەفا بارزانی، هەموویان کەسایەتیی ناسراوی دینی بوون، بەڵام هیچکامیان ئیسلامی نەبوونە. هۆکاری سەرەکیی پشتیوانیی خەڵک لەو ڕێبەرانەش، ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان و داکۆکییان لە پرسی نەتەوەییی کورد

لـــەم نووســـراوەیەدا، تەنها پەرژاومەتە ســـەر ســـەرهەڵدان و گەشەی ئیســـلامی سیاسی لە باشـــوور، باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەوڵ دراوە، تیشک بخرێتە سەر قۆناغەکانی ســـەرهەڵدان و گەشەی ئیسلامی سیاسی لە بەشـــە جوداکانی کوردســـتان، بە تایبەت، لە دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوودا. لەم باسەدا، ڕەهەندەکانی دیکەی وەک: پەیوەندیی نەتەوە و وئایین لە کوردســـتان، دەوری کەسایەتییە دینییەکان لـــە بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، پەیوەندیی ئیســـلام و پێناسەی نەتەوەیی کورد و هتد، باس نەکراوە.

## پێشەکی

چەمکـــی ئیســـلامی سیاســـی، واژەیـــەک/ چەمکێکی نوێیە. گوتاری ئیســـلامی سیاسی لە ســـەر بنەمای پێناســـەی ئیسلامی دانراوە و ئەم پێناســـەیەش، بۆتە چەقـــی چالاکییە سیاســـییکانی. چەمکی ئیسلامی سیاسی، بە زۆری بۆ ناســـاندنی ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە بە کار دێت کە دەیانەوێ حکومەت یان دەوڵەتی ئیســـلامی کە لە ســـەر بنەمای پرەنســـیپە ئیســـلامییەکان دامەزرابێـــت، پێـــک بێنن. هێنـــدێ ڕەوتی ئیســـلامگەرا وەک میانەڕۆ و پراگماتیک ســـەیریان دەکرێ، بەشێکیشیان وەک توندئاژۆ.

دوای ڕووخانی ئیمپراتوریی عوســـمانی، وڵاتانی عەرەب لە سەر بنەمای ناسیونالیزمی عیلمانی دروســـت کران. لە هەمانکاتیشـــدا، بیری دروســـت کردنی ڕێکخراوی ئیســـلامی گەشـــەی کرد. محەمەد ئەیوب پێی وایە کە ئەم ئیسلامی سیاسییەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، دیاردەیەکی نوێیە و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دنیای موســـڵمان، لەگەڵ زاڵ بـــوون و بەهێـــز بوونـــی ئەوروپییەکان و، پاشـــان دژکـــردەوەی موســـڵمانەکان بە هێژمونی ئەورووپییەکان.[1] دەکرێ گەشـــە و سەرهەڵدانی ئیســـلامی سیاسی بگەڕێنینەوە بۆ چەند هۆکاری ســـەرەکیی وەک: وڵامێک بۆ کۆلۆنیالیزم وگەشەی سەربازی و ئابووریی ڕۆژئاوا، زیندوو کردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی دوای ڕووخانـــی ئیمپراتووریی عوســـمانی و، هەروەهـــا ململانـــێ لەگەڵ ســـەرهەڵدان و گەشـــەی ناسیۆنالیزم لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە وڵاتانی ئیسلامی.

حەمیـــد بۆزئەرســـلان، دوو قۆناغـــی مێژوویی گرنگ وەبیر دێنێتەوە. یەکەم ساڵی ١٩٢٨، کە ڕێکخراوی برایانی موســـڵمان لە لایەن حەســـەن ئەلبەنا، لە میسردادەمەرزێ. . قۆناغـــی دووەمیش، ئەکاتـــە ١٩٦٦، ئەویش کاتێیکە کە سەید قوتب، کە ئەندامێکی دیار و ناســـراوی برایانی موســـڵمان بوو، لە سێدار دەدرێ. کەچی پەنا بردن بۆ چەک لە وڵاتانی موسڵمان، لە بەرنامەی برایانی موسڵماندا نیە، بەڵام لە چەند کرداری ســـەربازیدا بەشداری دەکەن، کەدەتوانین ئامـــاژە بە کاتی دابەش بوونی فەلەســـتین لـــە ١٩٤٨و، پاشـــان لە شۆرشی میسر لە ١٩٥٢ بکەین.

دوو ڕووداوی گرنگ لە ساڵی ١٩٧٩، واتە بە دەســـەڵات گەیشتنی ئیسلامی سیاسی لە ئێران، لە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٧٩، هەروەها هێـــرش و ئابڵوقەدانـــی مەککـــە لـــە لایەن بزووتنـــەوەی جهیمـــان، لـــە ٢٠ی نوامبری ١٩٧٩، وەک دوو ڕووداوی گرنگی ساڵی ١٩٧٩ سەیر دەکرێن. ئەم گرووپە کە بە توندی دژی سیستەمی پاشایەتی عەربستان بوو، لە لایەن جهیمان ئەلعوتەیبی و محەمەد بن عەبدوڵڵا ئەلقەحتانی ڕێبەرایەتی دەکران[2] ئەو هێرشە نزیک دوو حەفتە درێژەی کێشـــا، سەدان و بگرە هەزاران کەس لەو پەیوەندییەدا گیانیان لە دەســـت دا. بەشێک لەوان حاجی بوون کە بۆ حەج چووبوونە عەرەبســـتان. ئەم ڕووداوە، جیا لەوەی ئەم وڵاتەی تووشی قەیرانی گەورە کـــرد، لە ئاســـتی جیهانیشـــدا دەنگدانەوەی زۆری هەبـــوو. ئەم دوو ڕووداوە، دەکرێ وەک قۆناغێکی گرنگی گەشـــەی ئیسلامی سیاسی

نێویان لێ ببرێ.

سەبارەت بە سەرچاوەی ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی، ئەبوبەکرعەلی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرچاوەی ئایدۆلۆژیی جەریانە ئیسلامییە سەردەمییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوە و کەسایەتییە ئیسلامییە نوێخوازەکانی، وەک جەماڵەدین ئەلئەفغانی، خەیرەدین تونسی و محەمەد عەبدۆ.[٣]

سەبارەت بە پێناسەی ئیسلامی سیاسی، زۆربەی نووسینەکان لە ڕۆژئاوا، لەو باوەڕەدان کە بزووتنەوە و کەسایەتییە ئیسلامی و دینییەکان، ئیسلامخوازی یان ئیسلامی سیاسی، وەک ئامرازی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایی (مشروعیت) و دەنگ وەرگرتن لە خەڵک بە کار دێنن. لەم پەیوەندییەدا بۆ وێنە، ئاریێ ژ. کنودسن، پێی وایە کە ئیسلام بۆ سیاسەت، وەک ئامرازێکی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.[٤] لای خۆیەوە، گویلەن دنوئیە، ئیسلامی سیاسی وەک ئامراز سیاسیچاولێدەکا کە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە کار دێت و ئیسلامی سیاسی، جۆرێکە لە بە ئامراز کردنی ئیسلام لە لایەن ئەو تاک، گرووپ و ڕێکخراوانەوە کە ئامانجی سیاسییان هەیە.[٥] بروینۆ ئیتیەنیش هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە ئیسلامگەرایی بە کار هێنانی سیاسیی ئیسلامە لە لایەن ئەکتەرە دژە نوێخوازییەکانەوە، کە نوێخوازی وەک هێرش بۆ سەر پێناسەی نەتەوەیی و دینیی خۆیان دەزانن.[٦] بە پێچەوانە، هێندێ ئیسلام ناسیش وەک ئولیڤییە ڕوا، ئیسلام وەک ئیدۆلۆژی پێناسە دەکەن.[٧]

بۆ گراهام فولر،[٨] بە گشتی ئیسلامی سیاسی و یان ئیسلامگەرایی، دەتوانێ وەک: کۆمەڵێک بیر و باوەڕ سەیر بکرێ، کە لە سەر شێوەی بەڕێوە بردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی موسڵمانی هاوچەرخ، هەڵوێست و قسەی خۆی هەیە. بە بۆچوونی محەمەد ئەیوبیش، بۆ ئەلمەودوودی خۆی، کە وەک یەکێک لە گەورە تیوریسیەنەکانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەناسرێ، ئیسلام پێش هەموو شتێ، ئیدۆلۆژیی سیاسییە. ناوبراو داوای لە لایەنگرانی کردووە، بۆ بەرپا کردنی دەوڵەتی ئیسلامی کار بکەن.[٩]

ئیسلامییەکان، خۆیانیش بە گشتی لەو باوەڕەدان کە دینی ئیسلام، هەموو پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی تێدایە و دەتوانێ وەڵامدەری هەموو پرسەکانی کۆمەڵگا بێت. بە بۆچوونی موحسین عەبدولحەمید، دینی ئیسلام، دینێکی گشتگیرە. هەموو ئامرازەکانی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا، چونیەتیی ئیدارە کردنی سیاسەت و ئابووریشی تێدایە.[١٠] بە گشتی ڕەوتە ئیسلامییەکان، لەو باوەڕەدان کە لە قورئان و سوونەتەکانی پەیامبەر و حەدیس، هەموو پێویستییەکانی بەڕێوە بردنی نیهادە سیاسییەکانی تێدایە و هەروەها وڵامی بۆ هەموو پرسیارەکانی تاکی نێو کۆمەڵگا پێیە.

> **چەمکی ئیسلامی سیاسی، بە زۆری بۆ ناساندنی ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە بە کار دێت کە دەیانەوێ حکومەت یان دەوڵەتی ئیسلامی کە لە سەر بنەمای پرەنسیپە ئیسلامییەکان دامەزرابێت، پێک بێنن**

## سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان

محەمەد سەید نووری بازیانی،[١١] پێی وایە دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان بیری سیاسیی کوردی و دروست کردنی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی. ئەو پێی وایە کە بیر و هزری سیاسیی ئیسلامیی کورد، کەوتۆتە پێش دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی و ئەو بیرەش بە

شـــێوەی جیاواز خۆی دەرخســـتوە. ئەو لەو بڕوایە دایە کە بیر و هزری سیاســـیی کوردی لە نێو بزووتنەوەکانی شێخ عەبیدوڵڵا نەهری، شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عەبدولسەلام دیـار بـووە و هەروەها بـە ڕوونـی لە نێو نووسینەکانی بیرمەندی ئیسلامیی نوێخوازی کورد، ســـەعید نوورسی[١٢] خۆی دەرخستوە. بە گوێـرەی بۆچوونی بازیانـی، هزر و بیری ئیسلامیی کوردی، بە شێوەی بزووتنەوەش خۆی دەرخســـتووە و، داوای ڕیفۆرم کردن لە دەزگا ئیدارییەکانی عوسـمانی و نەهێشتنی نادادوەری و ڕاوەســـتاندنی ســـەرکوت دژی گەلی کوردی، کردوە.

بەشـــێکیش لـە چاوەدێرانـی مێژووی سیاســـیی کورد لەو باوەڕەدان کە یەکەمین دەرکەوتنـی ئیســـلامی سیاسـیی کـورد، دەگەڕێتـــەوە بۆ کۆتاییی ســـەدەی هەژدە و سەرەتای ســـەدەی نۆزدە. ئەویش، بە گوتەی سامی شـــۆرش،[١٣] کاتێک دەســـت پێدەکا کـــە کۆمەڵێک میر و ســـەرۆک خێلی کورد، لە بـــەر ئـــەوەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەســـەڵاتدارانی عوسمانی یەکی نەدەگرتەوە، بە هاوکاریی شـــێخەکان، پەرەیان بە تەریقەتی ســـۆفیگەری داوە. ئەم ڕێبـــازەش، بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو پەرەی ســـەندووە. ئامانجی شـــێخەکانش ئەوە بوو، دەســـەڵات و کۆنترۆڵی دەســـەڵاتیان ڕابگرن بە ســـەر خەڵکەکەدا، بـــە جۆرێک کە بتوانن خەڵک بۆ پشـــتیوانی لە ڕێبەرانی سیاسی کۆ بکەنەوە. هێندێک شارەزای ئیسلامی سیاسی وەک عەبدولڕەحمان ســـدیق، لەو باوەڕەدان کە ڕیشـــەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئەفســـەرێکی کورد بە ناوی محەمەد فازل داغستانی لە نێو سپای عوسمانی بوە و سدیق پێی وایە کە داغستانی هەوڵی داوە، ڕێکخراوێکی برایانی موسڵمان لە نێو کوردەکان دروست بکا.

هووشەنگ ئاوسی[١٤] سەرەتای دەسپێکی ئیســـلامی سیاســـی دەگەڕێنێتـــەوە بۆ بڵاو کردنەوەی وتارەکانی ســـەعید نوورســـی لە ڕۆژنامـــەی ئەلبـــورکان لە ســـاڵی ١٩٠٧ لە ئیســـتانبووڵ، ئەو کاتەی کە نوورســـی لەوێ دەژیا. ناوبراو، لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشـــی ١٩٠٩، تۆمەتبار و دەسبەسەر دەکرێ. ئاوسی پێی وایە، دەکرێ ئەو ڕووداوە، وەک سەرەتای دەسپێکی ئیسلامی سیاسیی کورد لە تورکیە، چاو لێ بکـــرێ. مەســـعوود عەبدولخالەقش سەرەتای ســـەرهەڵدانی ئیســـلامی سیاسی ئەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ چالاکییەکانی ســـەعید نوورســـی و پێی وایە کە سەرەتای دەسپێکی بزووتنـــەوە ئیســـلامییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەو کاتەی کە نوورســـی لە ســـاڵی ١٩٠٨، بزووتنـــەوەی محەمـــەدی دروســـت دەکا. مەسعوود عەبدولخالەق پێی وایە کە لەوانەیە بزووتنەوەی محەمەدی، گرنگترین بزووتنەوەی ئیســـلامیی کـــورد بێت کـــە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی دروست کرابێ.[١٥]

بە گوێرەی بۆچوونەکانی سیوەیلیش، پاش ڕاگەیاندنی دروســـت کردنی دەوڵەتی عێراق لە ســـاڵی ١٩٢١، لە عێراق چەند کۆمەڵەی ئیسلامی دروســـت دەکرێن. ئەم کۆمەڵانەش شاخەیان لە کوردستان دەکەنەوە و، چالاکیی جۆراوجـــۆر دەس پێدەکەن، کـــە تێیدا زۆر تەرکیز دەکەنە ســـەر بانگەوازی ئیســـلامی، خێرخـــوازی، پـــەروەردە و بـــڵاو کردنەوەی کولتووری ئیســـلامی. ســـیوەیلی دەڵێ پاش دروســـت کردنی دەوڵەتی عێراق، دوو حیزبی ئیســـلامیی کوردیـــش بە ناوەکانـــی حیزبی ئیســـلامیی کورد و پارتی ئیســـلامیی کورد دروست دەبن. سیوەیلی پێی وایە کە دەکرێ دروســـت کردنی ئەو دوو حیزبە ئیسلامییە، وەک سەرەتای دروســـت بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان سەیر بکرێ.[١٦]

ســـەبارەت بە ســـازانی بیرو باوەڕ (ئیمان) لەگەڵ چەمکەکانی ســـەردەم وەک مودێرنیتە، زانســـت، دیموکراســـی و ئازادی، بە بۆچوونی

باڵجی، نوورسی تەواوی ژیانی لە هەوڵی ئەوە دا بوو کە بیسەڵمێنێ کە بیرو باوەڕ، نەک لەگەڵیان دژ نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەم چەمکانە بە تەواوی لە ئاشتەوایی دان.[۱۷] سەعید نوورسی هەوڵی دەدا، هاوکات لەگەڵ داکۆکی لە بایەخە ئیسلامییەکان، بە چاوی ڕێزەوە سەیری گەلەکەی بکا، ئەم جۆرە هەڵوێستەش، دواتر لە نێوان مەلا کوردەکان بەربڵاو بووەوە(مارتین ڤان بروینسن).[۱۸] ئیسلامی سیاسی ئەگەرچی پێش ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیست، لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، بەپلەی جیاواز چالاکیی هەبوە، بەڵام لە لەدەیەی ۱۹۸۰ەوە، ئیدی، لە کوردستان بە تایبەت لە باشووری کوردستان، زۆر بە هێزەوە خۆی دەرخستەوە. ئەویش بە دروست بوونی کۆمەڵێ حیزب و گرووپی ئیسلامیی جیهادی، وەک بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان.

## باشووری کوردستان

ئیسلامی سیاسی لە ڕێگای حیزبی ئیسلامیی عێراق، کە لقێکی برایانی موسڵمانە، گەیشتۆتە باشووری کوردستان. برایانی موسڵمان، لە ساڵەکانی ۱۹۴۰ بە دواوە، لە عێراق چالاکییان کردوە، بەڵام لە سەرەتا وەک ڕێکخراوی ساکار. پاشان لە ساڵی ۱۹۶۰، حیزبی ئیسلامیی عێراق دادەمەزرێت. دیارە بە هۆی دۆخی سیاسیی ئەو کاتی عێراق، دوای چەند مانگ قەدەغە دەکرێ. سەرەتای کاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی ئەو کۆمەڵانە کە لە دەیەکانی چل وپەنجا لە سەدەی ڕابردوو، لە لایەن برایانی موسڵمانەوە لە عێراق دروست کرابوون، وەک «جەمعیە ئەلئاداب ئەلئیسلامییە» لە ساڵی ۱۹۴۶، «کۆمەڵەی ڕزگاریی فەلەستین»، لە ساڵی ۱۹۴۹.

لە ساڵانی ۱۹۵۰بە دواوە، برایانی موسڵمان توانیان پەلوپۆ بهاوێژن بۆ باشووری کوردستان و، توانیان زانایانی دینی، ڕووناکبیر و لاوانی موتەدەیینی کورد، بۆ لای پرۆژەی ئیسلامیی برایانی ئیسلامی ڕابکێشن. کەسایەتیی هەرە ناسراوی کورد کە ئەندامی چالاکی (الاخوان المسلموون) برایانی موسڵمان لە عێراق بووە، شێخ ئەمجەد زەهاوییە. ناوبراو، لەو ڕێکخراوە مەدەنیانەی کە لە ساڵی ۱۹۴۰ لە عێراق دامەزراون بەشداریی کردوە. بەشداریی ناوبراویش، کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە پەرە سەندنی چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە، لە باشووری کوردستان.

گەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە باری ئیدئۆلۆژییەوە، سەر بە برایانی موسڵمانی جیهانییە، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی مەسعوود عەبدولخالق، چالاکییەکانی کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، بە زۆری لەسەر ئەو هێڵی فیکری ئیسلامییەی زانکۆی ئیسلامی کە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمید، ئەل-ئەفغانی و ڕەشید ڕەزا لە ساڵی ۱۹۰۸-۱۹۰۹دامەزراوە، کار دەکەن.[۱۹]

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شۆڕشی گەلانی ئێران(شۆڕشی ئیسلامیی ئێران) لە ساڵی ۱۹۷۹، ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە عیلمانییەکان و کەسایەتییە دینییەکان بەشداری لە چالاکیی سیاسیدا بکەن. لەگەڵ بەهێز بوونی شیعەگەری لە ئێرانی پاش شۆڕش، لە بەرامبەریشدا، کەسایەتییە دینییە کوردەکان کە بە گشتی سەر بە مەزهەبی سوننە بوون، دەستیان بە چالاکیی سیاسی ومەدەنی کرد. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، نە تەنیا بۆ شیعەکانی ناوچەکە، بگرە بۆ بزووتنەوە سوننییەکانی ناوچەکە و دوورتریش، بوو بە ئیلهام بەخش.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسلامی سیاسی، کاریگەریی لە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵات زۆر سنووردار بووە. عەلی عیزەتیار پێی وایە

لــه ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتان بزووتنەوەیەک کە بــە تەواوی دینی بێــت و تەنها ئامانجی گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بێت، وجوودی نەبــوە.[٢٠] خەباتــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەســەر بنەمای پرسی نەتەوەیی بنیــاد نراوە. ســەرەڕای ئــەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتان، ڕەنگاوڕەنگە، بەڵام بزووتنــەوەی نەتەوەیــی بــە گشــتی وەک بزووتنەوەیەکی عیلمانی(سکیولار) ماوەتەوە. بزووتنەوەکە هەوڵی داوە ئەم ڕەنگاوڕەنگییەی، لــە پــڕۆژەی نەتەوەییــی کورد لــە ئێراندا بگونجێنــێ. بە گشــتی لە نێــوان، دیندار و عیلمانییەکان، نە پێش شۆڕشی ١٩٧٩، نە لە دەورانی شۆڕشـــی ئیسلامیی ئێرانیشدا، گرژییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە.

ئیدئۆلۆژیی ئیســـلامی یان ئیسلامی سیاسی، لە کوردستانی ئێــران، لــە لایــەن ئەحمەد موفتیزادە، لە ساڵەکانی ١٩٦٠، هاوکات لەگەڵ ســەرهەڵدانی وتــاری سیاســی شــیعە لە ئێران دروســت بــوە. پێش ئەو سەردەمە، ئیســلام لە شێوەی کۆنەپارێز و ســوننەتی، لەئارادا بووە و بەشێک بووە لە پرۆژەی ناسیونالیزمی کورد.[٢١] لە ساڵەکانی ١٩٦٠، لە ســەروبەندی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە ئێران، زۆر کوردی دینداریش وازیان لە بیرو باوەڕی نەتەوەیی هێناوە و بەرەو لای پرۆژەی ئیسلامی سیاسیی مەکتەبی قورعان ڕۆیشــتن.[٢٢] ســەرەتای چالاکیی ئیسلامی سیاســی ســوننی لە کوردســتانی ئێران، ئەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ١٩٦٤، ئەو ساڵەی کە موفتی زادە لە زیندانی ســنە ئــازاد کرا.[٢٣] موفتیزادە تا ساڵی ١٩٦٣ چالاکیی نەتەوەیی دەکا و لــەو دەمە بــەدواوە، واز لە چالاکیی نەتەوەیی دێنێ و بەرەو چالاکیی ئیســلامی دەچــێ.[٢٤] جەماڵ خەســرەوی پێــی وایە کــە مەکتەبی قورعان کۆنتریــن ئیدیولۆژیی سیاسیی ئیسلامی ســوننییە لە کوردستانی ئێران.[٢٥]

> **ئیسلامییەکان، خۆیانیش بە گشتی لەو باوەڕەدان کە دینی ئیسلام، هەموو پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی تێدایە و دەتوانێ وڵامدەری هەموو پرسەکانی گۆمەڵگا بێت**

لە سەروبەندی شۆڕشـــی گەلانی ئێران، کەســایەتییە دینییــەکان، هــاوکات لەگەڵ بزووتنــەوە نەتەوەییەکانــی ڕۆژهــەڵات، لە قۆناغــی نهێنیدا دەردەچن. شــێخ عیزەدین حوسەینی و موفتیزادە وەک دوو کەسایەتیی دیاری دینــی دەردەکەون. لە ســەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، مەکتەبی قورعان یەکێک لە کاریگەرترین بزووتنەوە دینییەکان بوو، کە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستانی ئێراندا دەکرد.

موفتیــزادە وەک ڕێبــەری بزووتنەوەیەکــی کــورد هاتــە ناو مەیدانی سیاســیی ئێرانەوە و پشــتیوانیی لــە دامەزراندنی ســیتەمێکی ئیسلامی لە ئێران کرد، کە تێیدا، مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلات دەســتە بەر بکرێت. لە ســەرتای شــۆڕش، موفتیزادە، هاوکات لەگەڵ بردنە پێشی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی، داکۆکیی لە مافەکانی گەلی کورد کردوە. لەکونفرانســێکدا، کە لە ١٧ و ١٨ی مانگی مارسی ١٩٧٩، پێک هات، کەسایەتی و ڕێبــەرە دینییەکانــی شــارە جیاجیاکانی کوردستان(ڕۆژهەڵات)، داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە مەنیفســتۆیەکدا و لە سێ خاڵدا، گەڵاڵە کرد. مەنیفەســتۆکە لە لایەن شــێخ عێزەدینی حوسەینی، شێخ جەلال حسەینی، ئەحمــەد موفتی زادە، مەلا محەمەد ڕەبیعی، مەللا عەبدوڵا محەمەدی... واژۆ کراوە.[٢٦]

بەڵام بە هۆی ناڕوونیی هەلوێســتەکانی، موفتیزادە، هەم لە لایەن کۆماری ئیسلامی و، هەم لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە،

بە گومان و بەچاوی دوردۆنگییەوە لێی ڕوانراوە. لایەنی دینیی مەکتەبی قورعانیش زۆر بەرجەستە بووە و ئامانجی مەکتەب دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوە.[٢٧] بە بەشداری لە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی لە ٢١ی ئابریلی ١٩٧٩، مەکتەبی قورعان، هێڵی خۆی لە هێڵی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد جیا کردەوە، کە ئەوان ڕیفراندۆمیان بایکۆت کرد. بە گوتەی موفیدی، سیاسییەکانی ناوەند، موفتیزادەیان وەک نوێنەری کورد و سونە بەکار دەهێنا، تەنها بۆ بەدەست هێنانی ڕەوایی و مەشروعییەت بۆ سیاسەتەکانی ناوەند.[٢٨] هێندێک وەک بروینسن، موفتیزادە وەک ڕێبەرێکی ئیسلامۆ- ناسیۆنالیست[٢٩] سەیردەکەن وەک سیاسییەکی ئیسلامی کە هەوڵی داوە لە شیعە نیسبەتەن لیبراڵەکانی دەوروبەری ئەبولحەسەن بەنیسەدر، هاوکاری وەر بگرێ.[٣٠]

> **ئیسلامی سیاسی ئەگەرچی پێش ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیست، لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، بەپلەی جیاواز چالاکیی هەبوە، بەلام لە لەدەیەی ١٩٨٠وە، ئیدی، لە کوردستان بە تایبەت لە باشووری کوردستان، زۆر بە هێزەوە خۆی دەرخستەوە**

دوای دروست بوونی مەکتەبی قورئان لە لایەن موفتیزادەوە، زۆری پێ ناچێ کە مەکتەب تۆمەتبار دەکرێ بەوەی کە چالاکییەکانی سیاسییە و وەک هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبینرێ. زۆربەی ڕێبەرانی مەکتەب زیندانی دەکرێن و، پاشان لە سێدارە دەدرێن.[٣١] سەبارەت بە هێڵی فیکریی حوسەینی و موفتی زادە، حوسەینی وەک کەسایەتییەکی ئیسلامو-ناسیونالیست و نوێخواز، هەڵسو کەوتی دەکرد و دەناسرا، بەڵام موفتیزادە، زیاتر وەک دینداری دەبینرا، کە کاری دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ئێراندا، کە لە چوارچێوەی ئیسلامدا، تایبەتمەندییەکانی پێناسەی کورد دەستەبەر بکرێ.

لە ڕابردوو چەندین بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد، دین و ناسیونالیزمیان تێکەڵاو کردووە، بەڵام جەوهەرەکەی دین بووە. ئەزموونی موفتیزادە نیشانی دا، کە خزاندن و تێکەڵ کردنی ئیسلامی سیاسی بە پڕۆژەی سیاسیی کورد، نەیتوانی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ناڕوون بوونی هێڵی موفتیزادە، نە وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و، نە وەک بزووتنەوەیەکی ڕوونی ئیسلامی، بووە هۆی تێنەگەیشتن لە هەڵوێستە سیاسییەکانی مەکتەبەبی قورعان.

گەرچی ڕێبەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە هەموو کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیست، وەک شێخ سەعید پیران، قازی محەممەد، شێخ مەحموود بەرزەنجی، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی، مستەفا بارزانی، هەموویان کەسایەتیی ناسراوی دینی بوون، بەڵام هیچکامیان ئیسلامی نەبوونە. هۆکاری سەرەکیی پشتیوانیی خەڵک لەو ڕێبەرانەش، ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان و داکۆکییان لە پرسی نەتەوەیی کورد.

## باکووری کوردستان

عیلمانییە کەمالیستەکان دوای هاتنە سەرکار لە تورکیە، لە ماوەی دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠، هەنگاوی بنەڕەتیی توندیان دژی کوردە ناسیونالیستەکان و هەروەها ڕێبەرە دینییەکان، وەک شێخە سۆفییەکان هەڵگرت و هەموو مەدرەسە دینییەکان و تەکییەکان، قەدەخە کران. بەشێکیان بە نهێنی درێژەیان بەچالاکی دا، بەڵام تەریقەتەکانی سۆفی بەشێکی بەرچاو لە ڕۆڵی سونەتیی خۆیان

لە دەست دا.

گەرچی پێش سالەکانی ١٩٨٠، گوشاری عیلمانییەتییەت لە سەر دین خاوبوونەوەی بە خۆیەوە دیتبوو، بەڵام لە سەروبەندی کودتای سەربازیی ساڵی ١٩٨٠، چاو بەم سیاسەتەدا خشێنرایەوە. بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکان، ژێنراڵەکانی تورکیە لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتەوە، پرۆژەی بە ئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای تورکیەیان گرتە پێش. ئەویش بە خێراییەکی بەرچاو دەست کرا بە ساز کردنی مزگەوت، پەروەردەی ئیجباریی دین، خرایە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخەوە.[٣٢]

چەندین بزووتنەوە و گرووپی ئیسلامی لە ئاستی تورکیە، لە سالەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠، توانیان پشتیوانی و پشتگیری لە نێو کوردی تورکیە وەدەست بێنن، بە تایبەت بزووتنەوەی نوورسی، کە تێیدا، هەستی نەتەوەییی کورد بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێ.[٣٣] بزووتنەوەی نوورسی زۆرترین لایەنگریان هەیە، و لەوانەیە گەورەترین بزووتنەوەی دینی بێت لە تورکیە. بزووتنەوەی نوورسی، لە نێو کوردەکانی تورکیە، وەک جۆرێک تەریقەتی لێ هاتووە.[٣٤]

بە گوێرەی بروینسن، لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بە دواوە، لە تورکیە، پێناسەی ئێتنیکی و نەتەوەییی کورد، خۆی دەسەپێنێ بە سەر بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا و بزووتنەوەی کورد لە ژێر هێژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی ساز دەداتەوە. لە هەمان کاتدا، ناسیونالیزمی تورک، پەنا دەباتە بەر ئیسلامگەرایی، بۆ بەرەو پێشەوە بردنی پرۆژەی ناسیولائیزمی تورک. بە جۆرێک هەر دوو ئیدۆلۆژیی تورکیزم ـ ئیسلامیزم، دەبنە ئیدئۆلۆژییەکی دەوڵەت و تا ڕادەییەکی زۆر، وەک ئیدئۆلۆژیی نوێی دەوڵەت لە تورکیە دەچەسپێنرێ. لە لایەکی دیکەوە، ئەندامانی ناسیونالیستی پان-تورک، خۆیان دەخزێننە ناو بزووتنەوەی نوورسی کە فەتحوڵڵا گویلەن ڕێبەریی دەکا. لەو کاتە بە دواوە، گویلەنیش ئیدی وتارەکانی بە ئاشکرا هەڵگری ئیدئولۆژیی ناسیوناڵیستیی تورکن. بەهێز بوونی هەستی ناسیۆنالیستیی تورکەکان لە نێو بزووتنەوەی نوورسی، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی ئەندامەکانی کوردی نێو بزووتنەوەکە.[٣٥]

لە ساڵی ١٩٨٠، حیزبوڵڵای کوردی دادەمەزرێ و لە شارەکانی دیاربەکر و باتمان، چالاکی دەست پێ دەکەن. حیزبوڵڵا بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بپارێزێ لە نێو کۆمەڵگای کورد لە کوردستانی تورکیە، کەوتە شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ـ پ‌ک‌ک و لە ساڵەکانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥، لە شارەکانی دیاربەکر و باتمان، حیزبوڵڵا، بە سەدان ئەندامی پکک دەکوژن.[٣٦] عیسا ئالتسۆی (بەگاشی) لە کتێبێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ نووسیویەتی، کوردەکان وەک ئەندامانی نەتەوەیەکی مەزن ناو دەبات و دەڵێ، حیزبوڵڵای کوردی، وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، داکۆکی لە مافە ئیسلامی ئینسانییەکانی کوردی موسڵمان دەکا و بە دوای چارەسەرییەکی ئیسلامیانە بۆ پرسی کوردە لە تورکیە.[٣٧] بەڵام بروینسن پێی وایە کە لە ساڵەکانی ١٩٩٠، ڕێکخراوی حیزبوڵڵا، کە بە نهێنی لە باکووری کوردستان چالاک بووە، هاوکاریی سپای تورکی کردووە و بە سەختی دژی پکک شەڕی کردوە.[٣٨] لە تورکیە، سەرەڕای دەیان دەیە لەدامەزراندنی سیستەمی عیلمانییەت، بەڵام تەریقەتی نەقشبەندی، بە ڕێکخراوترین گرووپی ئیسلامی لە باکووری کوردستان ماوەتەوە.[٣٩]

## کۆبەند

دەکرێ قۆناغەکانی دروست بوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەم سێ قۆناغەی خوارەوە دابەش بکەین: یەکەمین قۆناغی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی ئەگەڕێتەوە بۆ

کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە. قۆناغی دووهەمیش، دەگەڕێتەوە پاش یەکەمین شەڕی جیهانی و قۆناغی سێیەم، دەگەڕێتەوە، بۆ ساڵەکانی ١٩٥٠.

جیاوازیی نێوان بزووتنەوە عیلمانی-دینییەکانی کورد لە ڕابردوودا و بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان، لەوەدایە کە لە ڕابردوودا، بزووتنەوەکان پرۆژەی نەتەوەییان هەبوو، بەڵام بە گشتی بە جەوهەری دینییەوە. ئیسلامییە هاوچەرخەکان، بە تایبەت لە عێراق، چەندین دەیە، یان ئەوەیە کە پرسی پێناسەی نەتەوەییی کوردیان پشتگوێ خست، یان ئەوەیە، تەنها بە دوای چارەسەرییەکی ئیسلامیانە بۆ پرسی نەتەوەییی کورد گەڕاون.

لە ڕابردوو، ڕێبەرانی کورد بە هێزەوە داکۆکیان لە پێناسەی نەتەوەیی کورد کردووە، بەڵام بۆ ئیسلامییە هاوچەرخەکان، بە گشتی پێناسەی ئیسلامی بە سەر پێناسەی نەتەوەیی کورددا زاڵترە. لە وتارەکانیان دا، بە گشتی مێژووی کورد دەبەستنەوە بە مێژووی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان.

لە بەرامبەر ئیسلامو- ناسیونالیزمی وڵاتانی دەوروبەر، لە نێو ئیسلامییەکانی کوردستانیش، کەسانی ئیسلامو-ناسیونالیست دەرکەوتوون، کە بە هێزەوە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دەکەن. ئەم چینە لە ئیسلامو-ناسیونالیستە کوردستانییانە، داکۆکی لە هەر دوو پێناسە، واتە ئیسلامی بوون و کورد بوونیان دەکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران، ئیسلامی سیاسی بە هێزەوە خۆی دەرخست، هەر وەک لە باکووری کوردستان، ڕێبەرایەتیی سیاسی کەوتە دەست ڕێبەرە عیلمانییەکان. لە باشووری کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، بە تایبەت جەریانی سەلەفیی جیهادی، زۆر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە هێزتر بوو.

لە کۆتاییدا، لەم کورتە نووسراوەیەدا، هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە هەر سێ پارچە گەورەکەی کوردستان، هەتا پاش ساڵەکانی ١٩٨٠. بەڵام، ئەم نووسراوەیە دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە بپەڕژێتە سەر بەشێک لەو ڕێکخراو و جەریانە ئیسلامیانە لە کوردستان، کە پاش ساڵەکانی ١٩٨٠ و دواتر، چالاکییان دەست پێ کردوە. بە تایبەت جەماعەتی جەماعەت و ئیسلاح و، هەروەها سەرهەڵدانی سەلەفیسم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە پرسی چالاکیی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و گرووپەکانی دیکە...، دەشێ ببن بە بابەتی لێکۆڵینەوەی جودا.

*. پسپۆڕ لە بواری ئیسلامی سیاسی

## سەرچاوەکان


[1]. Ayoob, Mohammed. 2008. The manyfacesofpoliticalislam - religionandpolitics in themuslimworld. Michigan :Éditeur :University of Michigan.

[2]. بۆ زانیاریی زیاتر، سەیری ئابڵووقەی مەکە، لە کاییەنگر و پیجی هادی جهەیمین بکە. https://mail. google. com/ mail/u/0/#search/johaymin+maque?projector=1

[3]. Kurdcanal TV. 2014. Interview avecAboubakr Ali. « ئیسلامی سیاسی لە کوردستان». https://www. youtube. com/watch?v=UJ0C2FfxUpY&feature=share&app=desktop

[4]. Knudsen, Are J. « Political Islam in the Middle East ». In: Michelsen Institute - CMI Report, R 2003: 3

[5]. Denoeux, Guilain. « The Forgotten Swamp: Navigating Political Islam ». In : Middle East Policy, June 2002 , p. 61, vol. 9. , n° 2, p. 56-81.

[6]. Étienne, Bruno. « L'islamisme comme idéologie et comme force politique ». In : Cités, 2003, vol. 14, n° 2, p. 45-55.

[7]. Roy, Olivier. 1992. L'échec de l'islampolitique. Paris. Collection: Édition du Seuil.

[8]. Fuller, Graham E. «The Future of Political Islam ». New York: Palgrave Macmillan, 2003, p. xi.

[9]. Ayoob, Mohammed. « The many faces of political islam - religion and politics in the muslim world ». Michigan : Editor : University of Michigan Press, 2008, p. 67. 213 pages.

[10]. چاوپێکەوتــن لەگەڵ موحســن عەبدولحەمیــد، یەکێک لە ڕێبەرانی پێشووی حیزبی ئیســلامیی عێراق و سەرۆکی حکومەتی گواستنەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٤.
[11]. Al-Baziani, Muhammed S. N. 2011. «الإسلاميون فى كردستان العراق والمشاركة السياسى». Pp. 26-29, in : الحركة الإســلامية فى كردســتان. Éditeur : Centre Al-mesbar.
[12]. سەعید نوورسی دامەزێنەری بزووتنەوەی نوورسیبوە. ئامانجی بزووتنەوەکەش، خوێندنەوەی نوێ بووە بۆ دەقە دینییەکانی ئیسلام، بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی کۆمەڵگای سەردەم.
https://rlp. hds. harvard. edu/faq/said-nursi.
[13]. Shoresh, Sami. (2011). « دعــوات الإصلاح وفتاوى العنف: الإســلام السياســى فى كردســتان العراق». Pp. 29-33, In : الحركة الإســلامية فى كردســتان. Éditeur : Centre Al-mesbar.
[14]. Awsi, Houchang. (2014). « Kharītahal-īslām al-siyasî al-kurdī wa-al-mawqif min Dāish ». Al-Markaz al-kurdî li dirāsāt al-astratijî. 2014.
[15]. Abdulkhaliq, Masoud. (2014). « ناســنامەی حیزبــە کوردســتانییەکان ڕەوتەکانیــان، ئایدۆلۆژییەکانیــان، هەڵســەنگاندنەکانیان». Hewlêr (Erbil) - [Irak]: Libraire de HajiQadirKôyî, Série 194, 2ème Édition 2014.
[16]. Siwayli, Idris. (2011). النشــأة والتطــور: التيــارات الإســلامية فى كردستان العراق». Pp. 2-7, in : الحركة الإسلامية فى كردستان. . Éditeur : Centre Al-mesbar.
[17]. Balci, Bayram. (Juillet 2003). « Les écoles néo-nurcu de FethullahGülen en Asie centrale : implantation, fonctionnement et nature du message véhiculé par le biais de la coopération éducative». Pp. 305-330, In : Sciences, savoirs modernes et pouvoirs dans le monde musulman contemporain. N° 101-102, https://journals. openedition. org/remmm/54
[18]. Van Bruinessen, Martin « The Kurdsand Islam », Working Paper no. 13, Islamic Area Studies Project, Tokyo, Japan, 1999.
[18]. Van Buinessen, Martin. (1991). « Religion in Kurdistan ». First published in Kurdish Times (New York) vol. 4, nos. 1-2 1991, Pp. 5-27.
[19]. Abdulkhaliq, Masoud. (2014). سەرچاوەی پێشوو
[20]. Ezzatyar, Ali. (2016). The Last Mufti ofIranian Kurdistan: EthnicandReligiousImplications in theGreaterMiddle East. New York : Publisher : Palgrave Macmillan.
[21]. Mofidi, Sabah. (2006). Cited By Jamal Khosrawi et al. , in “The Islamist Maktab-Quran in Iran and Its Challenges for Kurdish Nationalism”, IN: Journal of Ethnic and Cultural Studies 2016, Vol. 3, No. 1, 59-73
[22]. Jamal Khosrawi et al. “The Islamist Maktab-Quran in Iran and Its Challenges for Kurdish Nationalism”, IN: Journal of Ethnic and Cultural Studies 2016, Vol. 3, No. 1, 59-73
[23]. Kurdistan Tribune Report. (2014). « History of Sunni political Islam in Eastern Kurdistan (Iran)», http://kurdistantribune. com/history-of-sunni-political-islam-eastern-kurdistan-iran/.
[24]. Mofidi، Sabah. Religion and Politics in Eastern Kurdistan (With a Focus on Maktab Qur’an During Iranian Revolution, 1979). Journal of Politics and Law; Vol. 8, No. 3; 2015 ISSN 1913-9047 E-ISSN 1913-9055 Published by Canadian Center of Science and Education
[25]. Jamal Khosrawi et al. ,سەرچاوەیپێشوو
[26]. Mofidi, Sabah. (2006). سەرچاوەی پێشوو
[27]. Mofidi, Sabah. (2006). هەمان سەرچاوە
[28]. Mofidi, Sabah. (2006). هەمان سەرچاوە
[29]. دەســتە واژەی ئیسلامۆناســیونالیزم، لــە لایــەن گومز بە کار هێنــراوە Garcia, Luz Gomez. 2011. « Vers un islamo-nationalisme ». Pp. 23-36, in : Confluences .Méditerranée, vol. 76, n° 1
[30]. Martin van Bruinessen. (1999). سەرچاوەی پێشوو
[31]. Kurdistan Tribune Report. (2014). « مێــژووی ئیســلامی سیاسیی ســوننە لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان», http://kurdistantribune. com/history-of-sunni-political-islam-eastern-kurdistan-iran/
[32]. Leezenberg،Michiel. « POLITICAL ISLAM AMONG THE KURDS”. University of Amsterdam. Paper originally prepared for the International Conference ‘Kurdistan: The Unwanted State’, March 29-31, 2001, Jagiellonian University/Polish-Kurdish Society, Cracow, Poland
[33]. Van Bruinessen, (1992)سەرچاوەی پێشوو
[34]. Van Bruinessen. (1991) سەرچاوەی پێشوو
[35]. Van Bruinessen, (1999)سەرچاوەی پێشوو
[36]. MehrzadBoroujerdi, Nader Entessar, Martin Kramer, Joseph A. Kéchichian, EmrullahUslu□izbullāh. http://www.oxfordislamicstudies. com/article/opr/t236/e0317
[37]. MehrzadBoroujerdi, Nader Entessar, Martin Kramer, Joseph A. Kéchichian, EmrullahUslu□izbullāh. http://www.oxfordislamicstudies. com/article/opr/t236/e0317
[38]. Van Bruinessen, (1999) هەمان سەرچاوە
[39]. Rabasa, Angel et F. Stephen Larrabee. 2008. The Riseof Political Islam in Turkey. Santa Monica (Californie): Publishedbythe RAND Corporation.

# اولویت گفتمان هویتی در کوردستان؛

## بازسازی معنایی تقابل گفتمانی در جوانان روژهه‌لات

**هیوا روژهه‌لات**

از ناسیونالیسم در ادبیات عامه‌ی کوردی به عنوان کوردایه‌تی یاد می‌شود. کوردایه‌تی معرف هویت ملی کوردی در تقابل با سایر لایه‌های هویتی است. کوردایه‌تی مفهومی ذهنی ـ کنشی است. کوردایه‌تی را می‌توان نوعی از هویت دانست که متأثر از ساخت شناختی- معرفتی مدرن است. کوردایه‌تی بیانگر خودآگاهی ذهنی کنشگر نسبت به شاخصه و کاراکترهای فرهنگی بوده و همچنین ساحت عینی ـ کنشی بر اساس آن شکل می‌گیرد

**مقدمه**

فاعلیــت یا تحت انقیاد بودن کنشگر(ســوژه)، وجــه بارز و اصلــی مجادلات تفکــرات نظری مدرن اســت. ســوژه مدرن از توانایی ذهنی و عقلی برای شــناخت و بازشناســایی ابژه‌های عینی برخوردار اســت. کشف دکارتی «من» یا «خود» ســرآغاز این ماجراجویی عظیم است. ســوژه در قالب و چهارچــوب گفتمانها متولد شــده و کنشگری سیاســی- اجتماعی وی در این قالبها محدود می‌شود. هرچند آزادی عمل سوژه یا کنشگر در داخل گفتمانها هنوز محل مناقشــه اســت و هر کدام بنا بــه ضروریات و شرایط خاص حدود آزادی کنشگران را ترسیم کرده، با این حال ســوژه یا کنشــگر در داخل بســترهای گفتمانی خلق شــده و به وسیله‌ی همان گفتمــان از وی تمرکززدایی می‌شــود. البتــه خلــق چهارچوبهای جدید و شــکافتن هسته‌های سخت گفتمانی و درانداختن طرح نو همواره محتمل است.

مقاومــت و رهایی مدیون تلاش مســتمر سیســتماتیک و نهــادی- حزبی، بازاندیشــی خلاقانه و ارائه‌ی گزاره‌های نو اســت. ملتهای تحت ســلطه، همــواره گفتمانهــای هویتی و ساختارهای مقوم ســلطه را به چالش کشیده و هرگــز خــود را بــه واســطه‌ی آن بازنمایی نمی‌کننــد. بــا این حــال، بایــد گفتمان‌های محصور کننده ســوژه‌ی تحت سلطه رژیمهای استعمارگر(اســتعمار داخلــی) را از زوایایــی مختلــف مــورد ارزیابی قــرار داد. بین ســوژه و گفتمانهــا رابطه‌ای دیالکتیــک وجود دارد. محصول و برایند این تقابل، هویت می‌باشــد. بر این اســاس باید گفت رویکرد کلاســیک و تکینگی هویتی امروزه بر اساس واقعیات عینیِ چندان پذیرفته نیست. فضای گفتمانی معمولاً فضایی متکثر اســت و به سختی ممکن است گفتمانی بــه مرکز واحد بدل شــده و همه‌ی گفتمانها را حذف کند. البته در ســاختارهای توتالیتر، ســاختار، همه‌ی توان خــود را برای




مبــارزه گفتمانــی و حــذف سراســری به کار می‌گیرد. نظامهــای توتالیتر با کمک ابزارهای قوی نظیر نظام آموزشی و رسانه‌های جمعی به تولید و بازتولید عناصر هویتی در راستای حفظ قدرت احزاب مسلط یا اقوام مسلط می‌پردازند. اقوام مسلط در نظامهای سیاسی مشرق زمین تلاش مســتمری بــرای ســاختن هویت واحد انجام می‌دهند. اســتراتژی هویت‌ســازی این جوامع در راستای سیاستهای کلان و کل‌گرای آنها صورت می‌گیــرد. البته باید گفت تعارض گفتمانی همیشــه در چهارچوب تقابل اقوام و یک ســاختار مســلط صورت نمی‌گیرد؛ بدین معنا کــه ســلطه و هژمونی همواره از ســوی قدرت مســلط بر زیردســتان اعمال نمی‌شود. برای نمونه با این که ممکن اســت تصور شود شاکله‌ی هویت کوردی از انسجام و همبستگی برخوردار است، با این حال تعارض شدیدی در بین عناصر سازنده درونی آن وجود دارد.

گفتمانهــا، هویتهــای مختلــف و متمایز را تولیــد می‌کننــد. گفتمانها ســاحت عینی زندگی را دربرگرفته و اشــکال مختلفی به آن می‌دهنــد. گفتمانهای هویتی همواره در تقابل بــا «دیگری» شــکل می‌گیرنــد. تقابل خود و

دیگری هسته‌ی اصلی شناخت گروهی و هویت‌یابی جوامع است. بر این اساس یک گروه یا یک اجتماع انسانی با انتساب ویژگیهای متمایز، ساختار هویت خود را شکل می‌دهد. بنابراین دو مفهوم «خود» و «دیگری» را می‌توان با دو مفهوم هویت و «دیگربودگی» انطباق داد. از قدیمی‌ترین فرهنگهای انسانی همواره با تمایل به یافتن یک هویت روبه‌رو هستیم. انسان برآن است که خود را بشناسد بنابراین در پی یافتن شباهتها و تفاوتها با سایر همنوعان خود بوده است. بدین ترتیب، مکانیسم مقایسه به صورت یکی از اساسی‌ترین مکانیسمهای حیات فرهنگی انسان از آغاز وجود داشته است. از طریق این مکانیسم است که خود را از دیگری جدا کرده و هویت می‌یابد. بنابراین شاید بتوان دیگربودگی را شرطی اساسی برای زایش هویت به شمار آورد.» (فکوهی، ۱۳۸۴: ۲۲) البته دیالکتیک خود و دیگری با این شرط اساسی شکل‌گیری هویت منسجم و همبسته است، با این حال به نظر می‌رسد این متد شکل‌گیری هویت به زیرساختهای فکری و شناختی ویژه نیاز دارد. جوامع سنتی به دلیل برخورداری از هویت پیشینی که اغلب از منابع فرانسانی و متافیزیکی تغذیه می‌شود، کمتر دچار گسست و انشقاق هویتی شده و به سختی به بازاندیشی در ساختار هویتی خود می‌پردازد. بنابراین به دلیل عدم دریافت داده‌های جدید، به سختی اشکال متکثر هویتی را می‌پذیرد. بر همین اساس برخی معتقدند» تنها مدرنیسم است که با وجود دیگری به هویت دست می‌یابد». (کاجی، ۱۳۷۸: ۱۹)

تقابل مداوم «دیگریها» باعث تنوع منابع هویت‌ساز شده و نظم مستقر جهان تک‌ساحتی را برهم می‌زند. البته در پارادایم هویت ترکیبی، بنابه شرایط فرهنگی و جغرافیایی(برای نمونه در ساختار توتالیتر) لاجرم یکی از لایه‌ها ممکن است پاسخ جامع‌تری به سؤال «من کیستم؟» افراد بدهد. بنابراین در این شاکله می‌توان اولویتهای هویتی و درجات تشخص‌بخشی آن را مشخص کرد.

رویکردهای نظری جدید در باب هویت، قایل به جهانهای هویتی موازی یا متداخل در درون یک جهان اجتماعی هستند. بر این اساس «هویتهای خالص مفاهیمی موهوم‌اند که اغلب در ایدئولوژیهای کلی‌پرداز عصر مدرن عنوان شده‌اند. به سخن دیگر، این ایدئولوژیها، هر یک به گونه‌ای، در پی خالص‌سازی هویت قومی، ملی و مذهبی برآمده‌اند. اما از چشم‌اندازی غیرایدئولوژیک، هویتها همواره ناخالص، مرکب، آمیخته، ناتمام، سیال، گذرا و پیوسته در حال بازسازی‌اند و در ارتباط با هویتهای دیگر تصور می‌شوند و تعین و تشخص می‌یابند. انواع ناسیونالیسم در عصر مدرن، با برجسته کردن بخشی از هویت چندبخشی و چند پاره مردم، به انکار خصلت موزائیک‌گونه هویتهای اجتماعی برخاسته‌اند.» (بشیریه، ایران‌نامه سال بیست و یکم: ۲۷۱) ممالک جهان سوم به ویژه کشورهای خاورمیانه، توتالیتاریانیسم فکری- فرهنگی پیشینی خود را با تأسی به چهارچوب نظری ناسیونالیسم، در یک قالب مدرن بازسازی کرده‌اند.

> **فرایند هویت‌یابی کوردی در دوره‌ی معاصر در درون کلیت بزرگتر هویت ایرانی شکل گرفته است. بنابراین، این فرایند همواره با دو چالش اساسی مواجهه بوده است؛ چالش درون‌سیستم و چالش برون سیستم**

هویت ترکیبی خبر از درون ناآرام شاکله‌ی هویتی جوامع می‌دهد. انشقاق ساختارهای هویتی مونولوگ کلاسیک، خصلت پویایی و باززایی هویت را آشکار می‌کند. «در روزگار ما، هویت، نوعی دگرگونی و متفاوت بودن را

تجربه می‌کند. این دیگرگونه شـــدن در بعضی موارد بیشـــتر و در بعضی کمتـــر اتفاق افتاده است؛ چنین پدیده‌ای در گذشته مثل و مانند نداشـــت. هویتها در گذشـــته جبری‌تر بودند؛ امروزه هویتها کمی مختارانه‌تر هستند. امروزه ارتباطات و امکانات تکنولوژیکی فرصتی فراهم آورده‌اند تا هویتها آزادانه‌تر و شکننده‌تر باشند و نیز نوعی شـــکل‌گیری بالغانه بیشـــتر در آن به چشـــم می‌خورد. به تعبیـــری دیگر، ممکن است هویتها تبدیل به مجموعه‌هایی بشوند که مرتب در حال شـــکل گرفتن باشند». (قادری، ۱۳۸۷: ۲۹)

فراینـــد هویت‌یابـــی کـــوردی در دوره‌ی معاصـــر در درون کلیت بزرگتـــر هویت ایرانی شکل گرفته است. بنابراین، این فرایند همواره با دو چالش اساسی مواجهه بوده است؛ چالش درون‌سیســـتم و چالش برون سیســـتم. از یک ســـو کوردها تلاش کرده‌اند در مقابل سیاست همسان‌ســـازی مرکـــز و تولید هویـــت ملی بر اساس شـــاخصه‌های و مولفه‌های فرهنگی قوم فارس مقابلـــه کرده، از ســـوی دیگر در درون کلیت هویتی خود نیز با چالشـــهایی اساســـی دســـت‌به گریبان بوده است. شـــاکله‌ی هویت کـــوردی از دو منبـــع و گفتمـــان اصلی تغذیه می‌شـــود (البتـــه از گفتمـــان فرهنـــگ مدرن یا مدرنیســـم هم متأثر شـــده اســـت ولی این تأثیرگـــذاری تغییرات عمده به دنبال نداشـــته اســـت)؛ مذهب و ناسیونالیســـم کوردی. تضاد این دو نوع رویکرد در برســـاخت گفتمانی در سراسر تاریخ معاصر کوردها دیده می‌شود. این دو گفتمان تضاد شـــناختی ـ معرفتی خود را در سطح نهادی هم نشـــان می‌دهد. در تقابل با احـــزاب و نهادهای مـــدرن ملی‌گرای کورد، مذهـــب هـــم به بازســـازی خود دســـت زده و نهادها و تشـــکیلات جدید را تولید کرده است. احزاب و نهادهای مذهبی در کوردستان متأثر از کلیـــت مذهبی اهل ســـنت بـــوده، رویکرد فرامرزی داشـــته و از منابع غیرکوردی تغذیه می‌شود. ســـاختار جامعه کوردی یک ساختار مدرن نیســـت و اصولا کوردهـــا بدون تجربه‌ی تغییرات مدرنیته پای به دوران مدرن نهاده‌اند. به طور کلی می‌توان گفـــت جوامع خاورمیانه صرفا همســـایه مجازی جوامع مدرن هستند. هویت کلاســـیک و اولیه‌ی کوردی یک هویت مذهبی اســـت و اصولا همـــه‌ی جوامع در ابتدا نوعی هویت مذهبی راتجربه کرده‌اند. نگارنده معتقد اســـت عواملی که جوامع اروپایی را وارد دوران مـــدرن کـــرده، در خاورمیانـــه و به طور خاص در کوردستان وجود نداد. جوامع غربی با نقد ساختار معرفتی ـ هویتی پیشین و برپایی عصر روشـــنگری به دوران مدرن پیوستند. هر چند احزاب سکولار و نهادهای حزبی در طول بیش از هفـــت دهه‌ی تلاش مســـتمری برای بازســـازماندهی جامعه کـــوردی حول مفاهیم ســـکولار و ملی‌گرایانه کرده‌اند، با این حال به نظر می‌رســـد توفیق چندانی کسب نکرده‌اند. این نوشتار تلاش می‌کند به این سؤالات پاسخ دهد:

- آیا چرخش گفتمانی ـ هویتی در کوردستان روی داده است؟
- کدام گفتمـــان هویت‌ســـاز در اولویت تولید سوژه‌ی کوردی قرار دارد؟
- جهان‌زیســـت ذهنـــی ـ کنشـــی(هبیتاس) ســـوژه‌ی کورد متأثر از کـــدام جهان گفتمانی است؟

## زمینه نظری بحث

پیر بوردیو در زمره جامعه‌شناســـانی است که تلاش نظری گســـترده‌ای بـــرای تعیین نقش کنشـــگر و ســـاختار در بازآفرینی جامعه کرده اســـت. کوشـــش بوردیو شـــرح و بســـط نوعی «ســـاختار گرایـــی تکوینی» یا نوعـــی جامعه شناسی اســـت که از بنیان های فکری تحلیل ســـاختاری اســـتفاده کنـــد. اما ســـاختارها را بـــه مثابه ی چیزهایـــی در نظر بگیـــرد که به واســـطه‌ی کنش، تولید و باز تولید می‌شـــوند.

بر این اســاس ســاختارها «ســاخت دهنده» هستند یعنی کنش را هدایت و مهار می‌کنند؛ اما ســاختارها در عین حال «ســاختمند» هم هســتند، بــه این معنا کــه کنشــگران آنها را تولیــد و باز تولید می‌کنند. بنابراین، بوردیو بر دیالکتیک ساختار و کنش تأکید می‌کند، اما در عین حال نخستین کار مهم علوم اجتماعی را کشف ساختار عینی و رها کردن دانش روزمره می‌داند(جلایی پور، محمدی، ۱۳۸۸:۳۱۷).

بوردیو تلاش می‌کند دســتگاه نظری خود را بر اســاس مفاهیــم جدید تدویــن کند. بر همین اســاس «بوردیو تلقــی جامعه به منزله مجموعه‌ای از افراد، یــا واحدهای ارگانیک، یا سیســتمهای اجتماعی را رد می‌کند. در عوض از حوزه‌ها یا میدانها اجتماعی سخن می‌گوید. ایــن عمل یادآور تلقی وبــر از جامعه به منزله قلمروهــای اجتماعی(دیــن، حقــوق، اقتصاد و سیاســت) اســت که هر یک منطق نســبتا مســتقل خاص خود را دارند. میدانها از قبیل دانشــگاه، اقتصاد، ورزش و مدارس قابل تقلیل به یکدیگر یا به سیستم منطقی بزرگتری مثلا سرمایه‌داری نیســتند. بلکه از افرادی ـ که به نحو عینی در مجموعــه‌ای از روابط اجتماعی قــرار گرفته‌اند ـ تشــکیل شــده‌اند که دارای منابع گوناگونی (انواع ســرمایه‌ها) هســتند و برای کســب پرســتیژ، ثروت و قــدرت تلاش می‌کنند.» (سیمن، ۱۳۸۸: ۱۹۸)

میدانهــا ســاحت عینــی مبــارزه و تضاد کنش‌گران هســتند. تبیین میدان در دستگاه نظری بوردیو بــه تبییــن تضادگرایی نزدیک می‌شود. در میدانها منافع عینی و مادی وجود دارد که چگونگی دســت‌یابی به آنها کنشگران را رودرو و در مقابل هم قرار می‌دهد. تضاد در میدانها بر ســر منابع ارزشمند، کمیاب و انواع سرمایه‌ها درمی‌گیرد. در این عرصه، کنشگران برســر کنترل و انحصار منابع ارزشــمند با هم رقابت می‌کنند. بوردیو ســعی می‌کند به نوعی تحلیل ســاختاری نزدیک شــده و تضاد بر سر



منابع را و درگیری بر سر آنها را ، نوعی اجبار و تحمیل ساختارها تلقی کند. بدین معنا همه‌ی کنشگران در میدانها وارد بازیهای از پیش طراحی شده با قواعد خاص می‌شوند. از نظر بوردیو، میدان، شبکه‌ای از روابط است که جدا از آگاهی و اراده افراد وجود دارد. وی «میدان» را عرصه نبردها و کشمکشها و رقابتها قلمداد می‌کند : «میدان» مانند نوعی بازار رقابتی است که در آن انواع سرمایه‌ها به کار می‌رود و مایه گذاشته می‌شود. زمینه قدرت (سیاست) ازهمه مهمتراست. سلسله مراتب روابط قدرت و زمینه سیاسی، ساختار همه زمینه‌های دیگر راتعیین می‌کند (ریتزر، ۶۸۲:۱۳۸۸).

فضای اجتماعی برآیند میدانهای مختلف است. بوردیو معتقد است فضای اجتماعی مشتمل بر میدانهای مختلف است. برای مثال از میدان زیباشناختی، میدان قانون، میدان سیاسی، میدان فرهنگی، میدان آموزشی، میدان دینی. هریک از این میدانها بر اساس الگوی یک «بازار» در نظر گرفته می‌شوند که برای کالاهای نمادینی که در هر میدان تولید می‌شود تولید کنندگان و مصرف کنندگانی وجود دارد. برای مثال، میدان هنر متشکل است از نقاشان، خریداران آثار هنری، منتقدان، مدیران موزه‌ها و ازاین قبیل (لش، ۳۴۰، ۱۳۸۳).

بوردیو مفهوم هبیتاس یا عادت‌واره را برای تلاقی و اتصال کنشگر/ساختار به کار می‌برد. بر این اساس هر واحد، طبقه یا گروه اجتماعی را بر اساس هبیتاسهای مشترک می‌توان تعریف کرد. هبیتاس مجموعه‌ای قابلیتهای عینی/ذهنی است که کنشگر را هدایت می‌کند. بوردیو هبیتاس را همچون یک ساخت ذهنی/شناختی در نظر می‌گیرد. و این ساختارهای ذهنی به شناختی اطلاق می شود که از طریق آنها، کنشگران با جهان اجتماعی برخورد می کنند . انسانها دارای یک رشته از طرحهای ملکه ذهنی شده‌اند که با آنها جهان اجتماعی‌شان را درک و فهم و ارزشیابی می‌کنند و از طریق همین طرحهای ذهنی آدمها عملکردهایشان را تولید کرده و آنها را درک و ارزش‌گذاری می‌کنند . ساختمان ذهنی محصول ملکه ذهن شدن ساختارهای جهان اجتماعی و همان ساختارهای اجتماعی تجسم‌یافته وملکه ذهن‌شده است . ساختمان ذهنی در نتیجه اشغال بلندمدت یک جایگاه اجتماعی در داخل جهان اجتماعی شکل می‌گیرد و متناسب با ماهیت جایگاه افراد در جهان اجتماعی تغییر می‌پذیرد. برای همین افراد گوناگون ساختمان ذهنی واحدی در جامعه ندارند، بنابراین افراد با جایگاه یکسان ساختمان ذهنی مشابهی نیز دارند. بوردیو ساختمان ذهنی را دیالتیک ملکه ذهن شدن عوامل خارجی و خارجی شدن عوامل درونی توصیف می‌کند . (ریتزر ۱۳۷۸: ۷۱۳ )

**ممالک جهان سوم به ویژه کشورهای خاورمیانه، توتالیتاریانیسم فکری-فرهنگی پیشینی خود را با تأسی به چهارچوب نظری ناسیونالیسم، در یک قالب مدرن بازسازی کرده‌اند**

سیدمن معتقد است که مفهوم هبیتاس، مفهومی دشوار و یا دست کم کشدار است. وی معتقد است که هبیتاس به طرحهای تفسیری، عمدتا ناخودآگاه یا به نحو ضمنی به کارگرفته شده‌ای اشاره دارد که نحوه کار جهان و نحوه ارزیابی را به ما نشان می‌دهد، و دستورالعملهایی برای کنش ارائه می‌کند. بوردیو مدعی است که افراد طی اعمالشان توسط این چارچوبهای کلی تفسیری هدایت می‌شوند. البته انسانها ابزارهای بی‌روح یا آلت دست هبیتاسهای خود نیستند. هبیتاس بیش از آنکه قواعدی سفت و سخت تعیین‌کننده اعمال آدمی باشد.

دســتورالعملهای آزادی عمل است که به افراد اجازه استراتژیزه کردن ، انطباق با موقعیتهای جدیــد و ابداع اعمالی نو را می‌دهد. (ســیدمن، ۱۳۸۸: ۱۹۷)

هبیتاســها در جریان جامعه‌پذیری شکل می‌گیرند. در دستگاه نظری بوردیو، هبیتاسها همچون طرح‌واره‌هایی در نظر گرفته می‌شوند که بــر اســاس اکولــوژی اجتماعی/فرهنگی/ سیاســی شــکل می‌گیرند. بنابرایــن خانواده، رسانه‌ها، آموزش و پرورش و گروه همسالان، به عنوان کانالهای اصلی شــکل‌گیری هیتاسها محسـوب می‌شــوند. هبیتاس در واقع همان ســاختهای اجتماعــیِ ذهنــی شده‌ای اســت که بدواً از طریق تجارب نخســتین فرد به ذهن او منتقل می‌شود و شکل می گیرد (نهادهای نخســتین) و ســپس تجربیــات بزرگســالی (نهادهای ثانوی) بدان اضافه می‌شــود. به این ترتیب است که ساختارهای اجتماعــی در ذهــن و در درون افــراد از طریق درونی ســاختن عناصــر بیرونی حک می‌شــوند و به صــورت منــش درمی‌آیند. (توسلی، ۱۳۸۳: ۵)

> کوردایه‌تی در مرتبه‌ی اول در تقابل با هویت کلان یا فرگیر ایرانی معنی پیدا می‌کند. در فاز دوم در تقابل با عناصر درون سیستم (مذهب) موجودیت خود را شکل می‌دهد

## بازسازی معنای میدانهای هویتی-کنشی

در این قســمت از نوشــتار تلاش خواهم کرد تــا رویکرد جوانان روژهــه‌لات را در خصوص تقابل گفتمانی(مذهب و ناسیونالیسم کوردی) بررســی کنم. اطلاعات لازم بــرای این بخش بــا متد فوکــس گــروپ (Focus Group، گـــــــروه‌متمرکــز) گردآوری شــده اســت. فوکس گروپ یکی از روشهای اکتشافی کیفی اســت که کاربــرد زیــادی در تحقیقات علوم اجتماعی بــه ویژه مردم‌شناســی دارد. روش فوکس گــروپ یا گفتگوی گروهــی متمرکز، یکــی از روشــهای متــداول در روش تحقیق کیفی است که محققان از طریق آن اطلاعات لازم برای تحقیقات را جمع‌آوری کرده و یا از آن در مرحله پیشا تحقیق، به صورت اکتشافی و برای تشــریح دقیق ابعاد مســئله‌ی تحقیق بــه‌کار می‌برند در این روش گروه محدودی از افراد مطلع(۱۲ تا ۲۲ نفر) تشــکیل می‌شــود و از آنها خواســته می‌شــود تا دیدگاه خود را در مــورد موضوع مورد نظــر به صورت آزادانه بیان کنند. مشــارکت‌کنندگان فوکس گروپ این تحقیق ۲۲ نفر می‌باشند. این افراد در دو مرحلــه دیدگاههای خود با توجه به ســؤالات تحقیــق ارائه کرده‌انــد. نظرات ارائه شــده با تکنیک تحلیل تماتیک (تحلیل مقــولات) مــورد بررســی قرار گرفته و نتایج آن را در راســتای سؤالات تحقیق ارائه می‌شود.

## یافته‌های تحقیق

### ۱ کوردایه‌تی؛ ناسیونالیســم عاطفی

از ناسیونالیسم در ادبیات عامه‌ی کوردی بــه عنــوان کوردایه‌تی یاد می‌شــود. کوردایه‌تی معرف هویت ملــی کــوردی در تقابل با ســایر لایه‌های هویتی اســت. کوردایه‌تــی مفهومــی ذهنی ـ کنشــی اســت. کوردایه‌تی را می‌توان نوعی از هویت دانســت که متأثر از ساخت شناختی- معرفتــی مــدرن اســت. کوردایه‌تــی بیانگــر خودآگاهی ذهنی کنشگر نسبت به شاخصه و کاراکترهای فرهنگی بوده و همچنین ســاحت عینی ـ کنشــی بر اســاس آن شکل می‌گیرد. جنبش هویت‌گرای کوردی از همان ابتدا با دو چالش اساسی مواجهه بود؛ در سطح رسمی و کلان با هویت مسلط فارس‌گرا و در سطح خرد با هویت مذهبی ســنت‌گرا. بیشتر پاسخگویان این تحقیق مفهــوم کوردایه‌تی را درک نکرده و قابلیــت فهــم ابعــاد آن را ندارنــد. در واقع

خودآگاهی کوردایه‌تی در میان‌ذهنیت جوانان شکل نگرفته اســت. ریبوار در همین خصوص می‌گوید: « تا الان که هفده سال سن دارم در مــورد این مفهوم یا چیزی شــبیه این، چیزی از والدینم نشــنیدم. آنها بیشتر در مورد انجام عبادات و مناســک مذهبــی و توصیه با انجام آن حرف می‌زنند. خدا، دین، عبادات، بهشت، جهنم. . به دفعــات در گفتگوهای روزانه تکرا می‌شوند.»

هاوژیــن در همیــن خصــوص می‌گویــد: «کوردایه‌تی به چه معنیســت؟ من چیزی سر در نمــی‌آورم. تــو کلاس درس بعضــی مواقع معلما اشاراتی می‌کنن. من بیشتر سرم تو لاک خودمه. کاری به اینجور چیزها ندارم.»

کوردایه‌تی بالقوه یک مفهوم سیاسی است. این مفهوم توســط نخبگان فرهنگی ـ سیاسی تولید شده اســت. کوردایه‌تی در مرتبه‌ی اول در تقابــل با هویت کلان یا فرگیر ایرانی معنی پیدا می‌کنــد. در فــاز دوم در تقابل با عناصر درون سیســتم (مذهــب) موجودیــت خود را شــکل می‌دهد. عمومیت بخشیدن پارامترها و عناصر هویت قوم مســلط به عنوان هویت ملی در میــان دارندگان هویت چنــد پاره به تضاد و تناضــع دائمی می انجامــد. این فرایند همه شــهروندان یک جامعه را بــه تبعیت از هویت مســلط ایرانی (که در اســاس هویت یک قوم اســت) فرا می‌خواند. این امر دارندگان هویت مســلط را در جایگاه برتر قــرار داده و به جای تقویت مناســبات اجتماعی و همبستگی میان گروههــای مختلف قومی به جداســازی دامن مــی زند. در جوامع چنــد قومی «تک هویت» ، هویت مســلط با بهره‌گیری از فرهنگ‌پذیری یــک طرفه به اســتحاله فرهنگــی قومیتها در قالــب هویت ملی می‌پردازنــد. در صورتی که گروههــای قومی اقلیت بــه مقاومت فرهنگی یا سیاســی دســت بزنند و در مقابل «ادغام» و اســتحاله واکنش نشــان دهند، نوعی بحران یا هویت مغشــوش شــکل می‌گیرد. در ایران، در طول تقریبا یک ســده‌ی اخیــر، نظامهای سیاســی همواره تلاش کرده‌اند با ارتقا جایگاه هویت قــوم فارس به هویت ملــی، دیگر اقوام ایرانی را به تعلــق و پایبندی به آن فراخوانده و عملا سیاست یکسان‌سازی و ادغام هویتهای ایرانــی در قالب هویــت ایرانی را بــا حمایت فرایندهــای قانونی انجــام داده‌اند. بیشــرین تأثیرگــذاری سیاســت یکسان‌ســازی و ذوب قومیتهای ایرانی به وســیله فراگیرسازی زبان فارســی و به وســیله‌ی نظام آموزشی صورت گرفته است.

بیشــتر پاســخگویان این مباحثــه‌ی آزاد معتقدنــد هویت مســلط چالش جــدی برای شــکل‌گیری ناسیونالیســم کــوردی به وجود آورده اســت. آنهــا معتقدنــد نهــاد خانواده و مدرسه در مناطق کوردنشین، تلاش می‌کنند هژمونی فرهنگ مســلط را توسعه دهند و در راستای سیاستهای آنها حرکت می‌کنند. هیوا در خصــوص اثرگذاری هویت مســلط و زبان فارسی در فرایند هویت‌سازی می‌گوید: «ما به زبان فارسی می‌خوانیم. تمام کتابها هم به زبان فارسی اســت. ما هیچ کداممان نمی‌توانیم به زبان کوردی بنویسیم. ما در گروههای دوستی مجازی هم به زبان فارسی می‌نویسیم.»

ریبــوار در خصــوص سیاســت‌زدایی نهاد خانــواده کــه منجر بــه هویت‌زدایــی هویت کوردی می‌شود معتقد است: «والدینم اغلب از اینکه چیزی از سیاست سر در بیارم می‌ترسن. همیشــه می‌گویند کاری به سیاســت نداشته بــاش. آنها می‌گن کســی از کوردایه‌تی حرف بزنه سروکارش با دولت و زندانه. هر کی تلاش بکنه چیــزی بگه مخالف دولت باشــه گرفتار میشــه. اونا میگن دولت چطوری باشــه ما هم بایــد اونجوری فکــر کنیم و اونجــوری عمل کنیم.»

سیاســت‌زدایی نهــاد خانــواده و فضــای عمومــی کــوردی منجــر بــه شــکل‌گیری بی‌اعتمادی بین فردی و نهادی شده است. در

ایــن حالت جوانان به فضای فردگرایانه ســوق داده می‌شــوند که تمامیت جامعه‌ی خودی را به عنوان دشــمنان خود تلقــی می‌کنند. این رویکــرد عمومی جوانــان را تشــویق می‌کند بیشــتر در فکر کنشــگری اقتصــادی و تأمین منافع اقتصادی خود باشند. در این چهارچوب شــناختی، کوردایه‌تی و ناسیونالیســم کوردی اهمیــت چندانــی نداشــته و کمــاکان هویت مذهبی به عنوان شناســه هویتــی در اولویت قــرار دارد. در واقــع، ناسیونالیســم کوردی یا کوردایه‌تی در حاشــیه‌ی هویــت مذهبی قرار گرفتــه و آن را می‌تــوان نوعی ناسیونالیســم عاطفی یا منفعل نامید. بدین ترتیب ســاخت هویت درون‌سیستم کوردی جوانان از دو لایه یا گفتمان هویتی تشکیل شده است که هویت مذهبی در مرکز قرار گرفته و هویت فرهنگی- ملــی کوردی در پیرامون هویــت مذهبی قرار دارد. ژیوان در خصوص ناسیونالیســم عاطفی می‌گوید: «بیشتر در منزل ما موسیقی کوردی شنیده می‌شــود و همه به آن علاقه دارند. در مراســمات اغلب لباس کوردی می‌پوشــیم و کوردی می‌رقصیم. بیشــتر نامهایمان کوردی اســت ولی بندرت خودآگاهی هویتی در مورد کلیت هویت ملی کوردی در بین جوانان وجود دارد.»

هویت نســل دهه‌ی اول انقــلاب ملتهای ایرانی بر اســاس ناسیونالیســم کوردی شکل گرفته بــود. بعد از مدتها جنبــش کوردی در ماههای اولیه انقــلاب فعالیت علنی خود را با محوریت حق تعیین سرنوشت و با درون‌مایه‌ی هویــت کوردی آشــکار کــرد. در ایــن دهه ، جنبش از پشــتیبانی همه طبقــات اجتماعی برخوردار بود. خودآگاهی هویتی- سیاســی به مدد نخبگان سیاسی کوردی شکل گرفته بود. به نظر می‌رســد در دهه‌ی چهــارم انقلاب، با نوعــی زوال هویت کوردی روبه رو هســتیم و ناسیونالیسم عملگرای کوردی به ناسیونالیسم عاطفی و منفعل فروکاهش یافته است.

فروکاهش ناسیونالیســم عمل‌گرای دهه‌ی اول انقــلاب کــه تمام تــلاش خــود را برای دستیابی به خودمختاری سیاسی به کار گرفته بود، چگونه صورت گرفت؟ هر تغییر فرهنگی- سیاســی نیازمند عوامل درونی و بیرونی است. فراگیر شدن هویت ملی کوردی و جایگیر شدن آن در مرکز هویتی، نیازمند یک گسست واقعی و تاریخی بود. به نظر می‌رســد نخبگان کورد، به دلیل مبارزات نظامی و رویارویی مستقیم با ساختار نوظهور، فرصت چندانی برای گفتمان سازی هویتی نداشــتند. گفتمان‌سازی هویتی بر اساس شــاخصه‌های جدید هویتی نیازمند نوعی گســســت و ایجاد شــکافهای ذهنی بود. هرچند در همــان اوایل هم بارهــا در مجامع و محافل سیاســی کوردی از اولویت گفتمانی هویتی به کرات ســخن رانده می‌شــد- کورد مســلمان یا مسلمان کورد- با این حال فرصت و مجال کافی برای شکستن پوسته‌های سخت هویــت مذهبی وجود نداشــت. در این حالت، هویت ملی کوردی به مــوازات هویت مذهبی شکل گرفت و نتوانست همچون چتری فراگیر همــه‌ی خرده هویتها را در ســایه‌ی خود قرار دهد. این عمل نیازمند رنســانس و روشنگری کوردی بود. روشــنگری کوردی با نقد ساختار فرهنگی مسلط(درون سیستم و برون سیستم) می‌توانست خلاء و شــکافهای ذهنی- هویتی را ایجــاد کنــد. بدین‌ترتیــب نوعــی آنتروپی (بی‌نظمی و آشــفتگی) ذهنی- هویتی شــکل می‌گرفت. روشنگری کوردی در فاز بعدی باید تلاش می‌کرد این خلا را با داده‌های جدید پر کند. آنتروپی و خلاء ایجاد شــده باعث ایجاد انگیزش عمومــی جهت بازتولیــد نظم جدید بر پایه هویت جامع و فراگیر کوردی می‌شــد. احزاب ســکولار در آن مقطع بــه ویژه احزاب چپ کوردی و ایرانی تلاش زیادی برای ایجاد گسســتهای هویتی انجام دادنــد. اما آلترناتیو احــزاب چپ قرابــت چندانــی با بســترهای تاریخــی- فرهنگی جامعه کوردی نداشــت به

همین دلیــل با واکنش تقابلی مواجهه شــده و در عمــل چنــدان توفیقی کســب نکرد. در ســوی دیگر احزاب ســکولار هویت‌گرا، تلاش چندانــی بــرای تابوزدایی از نقــد و به چالش کشــیدن ساختار مذهبی نکرده و عملا پروسه گفتمان‌ســازی کــوردی عقیم مانــد. بنابراین میدان مذهب کماکان ســعی در نشــان دادن اقتدار خود برای هویت‌سازی داشت.

## ۲ هویت مذهبی جامعه کوردی

واقعیت امر این اســت علیرغم تلاش نخبگان فرهنگی- سیاســی کوردی، جامعه کوردستان هنوز به عنوان یک جامعه مذهبی شناخته می‌شود. ساختار مسلط سیاســی ایران نیز، کوردســتان را بــا دوگانــه‌ی مذهبی ـ قومی بازنمایــی می‌کند. باخروج عینی نیروهای سیاسی کورد از ساحت و میدان عمل(انتقــال نیروهای نظامی و تشــکیلات سیاسی به خارج از کوردســتان)، مذهبیون مجال بیشــتری برای خودنمایی و بازتولیــد هویــت مذهبی پیدا کردند. غیبت نیروهای سیاســی هویت‌گــرا، باعث شــد نیروهای مذهبــی بــدون چالــش درونی بــه تقویت گفتمانی و نهــادی خود پرداخته و موقعیت مرکزگرایانه و منولوگ خود را تقویت کنند. کاســتلز از هویت منولوگ در ســاحت ترکیبی با عنوان هویت مشــروعیت‌بخش نام می‌بــرد. هویت مشــروعیت بخش بــه معنای هویتی اســت که توسط نهادهای غالب جامعه ایجاد می‌شود تا ســلطه‌ی آنها را بر کنشگران اجتماعــی گســترش داده و عقلانی کند . این موضــوع هســته‌ی اصلــی نظریه‌ی اقتــدار و ســلطه‌ی سنت است اما با نظریه‌های گوناگون مربــوط بــه ملی‌گرایــی نیز همخوانــی دارد . (کاستلز، ۱۳۸۰)

> به نظر می‌رسد در دهه‌ی چهارم انقلاب، با نوعی زوال هویت کوردی روبه‌رو هستیم و ناسیونالیسم عملگرای کوردی به ناسیونالیسم عاطفی و منفعل فروکاهش یافته است

گفتمان‌سازی هــــویتی مذهبی در چهار دهه‌ی اخیر متاثر از ساختارهای فراملی امت‌گرا (برای نمونه اخوان...) یا ساختارهای بومی‌شده نظیر مکتب قرآن صورت گرفته اســت. در هر دو حالــت هویــت مذهبی در خدمــت فرایند امت‌سازی بوده و سوژه‌ی کوردی را در حاشیه این مفهــوم تولید و بازســازی می‌شــود. این گفتمــان تلاش زیادی بــرای هژمونیک کردن خود انجام داده اســت، البته کشورهای عربی و ترکیه هم در راســتای منافــع خود و تقابل دوگانه شیعه- ســنی به این امر دامن زده‌اند. (نگارنده معتقد است در صورت به وجود آمدن خلاء قدرت در ایران، گروههای رادیکال مذهبی شــبیه آنچه در عراق و ســوریه شــکل گرفت، با حمایت ترکیه و کشورهای عربی در مقابــل نیروهــای هویت‌گرا در کوردســتان قد علم خواهند کــرد). احمد یکــی از حاضرین در فوکس گروپ معتقد اســت: «مذهبی بودن در اولویت است. ما یک ملت مسلمان هستیم. ما کوردهــا در طــول تاریخ تلاش زیادی برای توســعه اسلام انجام دادیــم. همــه‌ی مــا بایــد برای ســربلندی اســلام و اهل تسنن تلاش کنیم.»

همین ذهنیت باعث شــد مدتهای مدیدی مذهبیون در مســاجد کوردستان در خصوص تقویت اســلام عملگــرا و رادیــکال به بحث و تبــادل نظر بپردازند. آنها در همین چهارچوب و با عملیــات روانی ویژه، به عضوگیری از بین جوانان کورد برای جنبشهای رادیکال مذهبی از جملــه داعش می‌پرداختنــد. یگانهای ویژه داعش کوردی بر اســاس همین گفتمان شکل گرفــت. یکــی از پاســخگویان فوکوس گروپ در همیــن زمینــه می‌گوید: «جوانــان زیادی را می‌شناســم در آن ایام تــلاش می‌کردند به

صفوف جهادیون اسـلامی بپیوندند.» مقایسه انگیزش جوانان کورد برای پیوستن به احزاب چـپ و هویت‌گـرا، در مقایسـه بـا گروههای جهادی و غیر جهادی بسیار معنادار است.

موفقیت سـاختارهای رسمی و غیررسمی مذهبی در دینامیسم تضاد بین مذهبی نهفته است. امروزه به نظر می‌رسد تضاد قومی به تضاد مذهبی استحاله پیدا کرده است. احزاب چپ و هویت‌گرای کوردی به دلیل دوری از صحنه و ساحت تقابلی، قافیه را به ساختارهای مذهبی باخته‌انـد. در واقع این میـدان مذهب(مذهب سنی) اسـت که توانسته اسـت تضاد هویتی بـا میدان کلان مذهبی (شـیعه به عنـوان مذهب ملـی ایرانی) را حفظ کـرده و این تقابل را به عنوان موتـور محرکه‌ی هویتی به کار گیرد. مذهب‌گرایی سنی از تبعیـض مذهبـی نـه قومی بیشـترین سـودمندی را بـرای ایجـاد تـوازن درون سیسـتم هویتی به دسـت مـی‌آورد. این مسـئله باعث تقویـت گفتمان مذهبی شده و سایر گفتمانهای مبتنی بر ناسیونالیسـم کوردی به حاشـیه رانده می‌شوند. حال آنکه گفتمـان مذهبـی هم در کوردسـتان همواره در راسـتای گفتمان عام جهـان اجتماعی اهل تسـنن گام برداشـته و هرگز به منافع خاص‌گرای کوردی توجه نکرده است.

> **هویت ملی کوردی به موازات هویت مذهبی شکل گرفت و نتوانست همچون چتری فراگیر همه‌ی خرده هویتها را در سایه‌ی خود قرار دهد. این عمل نیازمند رنسانس و روشنگری کوردی بود**

تجربیات زیسـته‌ی کنشگران جوان کورد، بر اساس هبیتاس یا عادات‌واره ذهنی مذهبی شـکل می‌گیرد. بایـد اذعان کرد کـه جامعه کوردی هنوز یک جامعه سـنتی اسـت و حتا در میانه راه سـنت به مدرن هم نیست. مسلط بودن گفتمان هویتی مذهبی از نشانه‌های بارز این امر اسـت. کلیت فضای ذهنی- شناختی جامعه ایرانی متأثر از ایدئولوژی حاکمیت، یک کلیت مذهبی است. نظام آموزشی ایران در پی تولید یک سوژه مذهبی است. در این سیستم القـای اهداف اعتقادی به دانش‌آموزان و تولید یک سوژه‌ی مذهبی (مذهب شیعه) در اولویت قرار دارد. اهداف اعتقادی این سیستم عبارتند:

۱ ایجاد زمینه‌ی لازم برای خودشناسی و خداشناسی و تقویت روحیه‌ی حقیقت‌جویی.

۲ تقویت ایمان و اعتقاد به مبانی اسـلام و بسـط بینش الهی بر اسـاس قـرآن کریم و سـنت پیامبر (صلی الله علیه و آله و سـلم) و ائمـه ی معصومین (علیه السـلام) با مراعات اصول ۱۲ و ۱۳ قانون اساسی در مورد پیروان مذاهـب اسـلامی و اقلیتهـای دینی. (البته این مراعات مذهبی هرگز در عمل تحقق پیدا نکرده و سیسـتم تمام تـلاش خود را بـرای یکسان‌سـازی مذهبی به کار گرفته اسـت. این مسئله هم به شـکل گفتمانـی و در قالب متون درسـی( تمامـی دروس) و هـم به شـکل برنامه پنهان به شدت پیگیری می‌شود. اردوهای متعدد مذهبی با عناوین مختلف به شهرهای مذهبی از جمله این موارد و برنامه‌ی پنهان آموزشی است. )

۳ پـرورش روحیـه پذیـرش حاکمیـت مطلق خداوند بر جهان و انسـان و اعمال این حاکمیت در جامعه بر اساس اصل ولایت فقیه (در این دسـتگاه گفتمانی تعلیـم و تربیت بر اهداف آن‌جهانی و تربیت یک سـوژه بر مبنای تعالیم مذهبی شـیعه به ویژه مهدویت تأکید می‌شود.) (عسکریان، ۱۳۹۱)

با قبول این امر که سیسـتم آموزشـی در پی شـکل دادن به هبیتاس(عادت‌واره) ذهنی و تفسـیری دانش‌آموزان بر مبنای سـاختمان شـناختی مذهبی اسـت، نوعی تقابـل با این رویکـرد کلان در دانش‌آمـوزان غیـر شـیعه

شــکل می‌گیــرد. در اینجاســت کــه گفتمان مذهبی ســنی‌گرا وارد کارزار شــده و گفتمان هویت ساز خود را ارائه کرده و نوعی مقبولیت مقطعی کســب می‌کند. باید اذعان کرد به جز دهه‌ی اول بعد از انقــلاب، در دهه‌های بعدی همواره گفتمان مذهبی در کوردســتان و سایر نواحــی سنی‌نشــین در اولویــت بوده اســت. زیســت- جهان و تجربیات روزانه‌ی کنشگران کوردستان بر اساس هبیتاسهای مذهبی شکل می‌گیرد. در واقع دســتگاه مذهبی سنی‌گرا به موازات مرکز به ســازماندهی موقعیت و فضای اجتماعی کوردی پرداخته است. محمد یکی از مشارکت‌کنندگان در فوکس گروپ در همین خصــوص می‌گوید: « من پایبنــدی زیادی به انجام عبادات ندارم. ولی فکر می‌کنم همیشــه به نوعی تحت تأثیر آموزه‌های مذهبی هستم. ما باید در دشمنی با شیعه، مذهب خودمون را حفظ کنیم. همه چیزمان تابع قواعد مذهبیه. همــه چیز با عیار مذهب ســنجیده می‌شــود. «در همین خصوص یکی دیگر از پاســخگویان می‌گویــد: «در کل همه به نوعی می‌خواهند از مذهب بهره‌برداری خودشــونو بکنند. در واقع مذهب به کالایی برای اعتبار بدل شــده. مثلا پدرم به زور به حج رفت تا اعتبار کسب کند».

درواقع مذهبیون اهل تســنن هم با تأسی از مذهبیون شیعه، تلاش می‌کنند با تمرکز بر منســک‌گرایی دینی، بازتولید گفتمان مذهبی ســنی‌گرا به تأخیر نیفتد. ســاختار سیاســی مذهبی‌گــرای ایران هم تمایــل زیادی دارد تا تقابل کنشــگران نواحی پیرامــون را به تقابل مذهبی ســوق دهــد. در این حالــت گفتمان هویت‌گرا کــه خواهان حق تعیین سرنوشــت و خودمختاری سیاســی است به حاشیه رانده خواهد شــد. ســاختار قدرت در ایران وانمود می‌کند که با ســاختار مذهبی در کوردســتان چالش جدی نــدارد. در واقع تلاش می‌کند با تأکید بر اشــتراکات کلان مذهبی، شــکافهای قومی را غیر فعال کند. سیستم مسلط سیاسی تلاش می‌کنــد با دادن آزادیهــای محدود در برگزاری مناســکات مذهبی، چالش هویتی را به درون جهان اجتماعی کوردی سوق دهد. در واقع سیستم مسلط مذهبی‌گرا با این کار خط تعارض مذهب(اهل تســنن) را با گفتمانهای چپ و سکولار کوردی پویا نگه می‌دارد. در این حالت، از یک سو انرژی تعارضی سوژه‌ی کوردی به ســاحت مذهبی منتقل شده، از سوی دیگر سیستم سیاسی به نوعی خودارضایی سیاسی در به عقب راندن جریانهای هویت‌گرای کورد، دست پیدا می‌کند. بدین ترتیب میدان مذهب عملا به تســخیر سیستم سیاســی مسلط در می‌آید. سیســتم به این نتیجه رســیده است تقابل مذهبی کنترل شــده بهترین شــیوه‌ی کم‌اثر کردن چالشهای هویت‌گرا در کوردستان است. هانا یکی از پاسخگویان جوان در همین خصــوص می‌گوید: «دشــمن اصلی ما مذهب شیعه است. ما باید برای مقابله با آنها پایبندی بیشری به مذهب خودمون نشان دهیم. هرجا که رفتیم باید آشــکارا بگوییم سنی هستیم تا آنها بفهمند ما هنوز قدرت رویارویی داریم.»

## نتیجه‌گیری

جهــان اجتماعی کوردی با وجــود ویژگیهای فرهنگی-اجتماعــی و تاریخــی متأثــر از سیاســتهای یکسان‌ســاز مرکز اســت. با این حــال میدان قومیت به تعبیــر بوردیو از قواعد درون‌سستم خود هم تبعیت می‌کند. با الهام از دستگاه نظری بوردیو می‌توان جهان اجتماعی کــوردی در قالب «میدان قومیت» و « میدان مذهب» در نظر گرفت. هر یک از این میدانها دارای هویــت فرهنگی، مناســبات اجتماعی و شــیوه‌های زندگی متمایز هستند. هر کدام از میدانها تلاش می‌کنند تا به جایگاه»هژمونیک» دســت یابند. میدان مسلط از یک سو، درصدد هژمونیــک کردن خصوصیات خــود بوده و از ســوی دیگر، به طور مــداوم در جهت تولید و بازتولیــد گفتمان ویژه‌ی هویتــی خود تلاش

می‌کند.
از نظـر بوردیـو فضـا و قلمـرو اجتماعی جایـگاه رقابتـی شـدید و بی‌پایان اسـت. در جریان این رقابت و تعارض شدید در میدانهای مختلف، تفاوتها و ویژگیهای منحصر به فردی آشکار می‌شود که بنیاد هستی‌شناختی زندگی اجتماعـی را فراهم مـی‌آورد. تعارض، تنش و جدال ویژگی فراگیر فضای اجتماعی و به تبع آن میدانهـای اجتماعی اسـت. بوردیو معتقد اسـت کنشـگری و مبـارزه‌ی در تعامل بین میدانها مانع از بازتولید دایمی میدانهای مسلط می‌شود. به نظر می‌رسد علیرغم وجود تعارض و تنـش بیـن میـدان قومیت و مذهـب در سـاحت گفتمانـی کوردی، همچنان میدان مذهب بر اسـاس شـاخصه‌ها و عناصر فراانسـانی در صـدد بازتولیـد هویت کنشـگرای کوردی است و تـا حدودی هـم در هژمونیک کردن جایگاه خـود و تداوم آن موفق عمل نموده است.
میـدان مذهـب در جهـان اجتماعـی کـوردی تـلاش گسـترده‌ای بـرای تدویـن چهارچوب گفتمانی- کنشی عام انجام می‌دهد. بر این اساس، هر میـدان اجتماعی هبیتاس یا عادت‌واره خود را تولید می‌کند. هبیتاس، الگوی کنشی و سبک زندگی را در هـر میدان تعیین می‌کند. همان طور که گفته شد، فضای اجتماعی هژمون در صدد یکسان‌سازی هبیتاسـها در قالب هویت واحد بوده اسـت. بـا این حال، شـکل‌گیری این الگوی کنشـی و سـبک زندگی مسـتلزم رویه‌ای سـاختارگرا و مکانیکی است، رویه‌ای که عاملیت کنش‌گر را بر نمی‌تابد، و چه بسـا الزامـات و محدودیتهای را پیش روی وی قرار می‌دهـد. نظـام فرهنگی- هویتی مسـلط در جهان اجتماعی کوردی برای تولید و بازتولید نظام هنجارین، هبیتاس ویژه و سـبک زندگی عام، تلاش وسـیعی را انجـام داده و به تعبیر بوردیـو از «خشـونت نمادین» هم اسـتفاده کرده اسـت. میـدان مذهب کـوردی به طور مداوم کنشـگران هویت‌گرا را متهم به انحراف اخلاقی، بی‌دینـی و... می‌کنـد. بدین ترتیب تلاش می‌کند سـاحت مبـارزه را از میدانهای ناهمساز تخلیه کرده و جایگاه هژمونیک خود را تداوم بخشـد. هبیتاسهای میدان مذهبی به شدت مطلق، جزم‌گرا و لایتغیر فرض می‌شوند. از آنجاییکه جهان اجتماعی کوردی به وسـیله یک ساخت سیاسی مستقل کوردی هویت‌گرا اداره نمی‌شود، گفتمان کلاسیک مذهبـی همچنـان یکه‌تـازی می‌کند. سـاخت مسلط سیاسی و سـاختار مذهبـی توتالیتـر کوردی(مذهب اهل تسـنن) به شـدت با جریانهای دموکراتیک و هویت‌گرا مقابلـه کرده و مانع از چرخـش گفتمانهـای هویتی می‌شوند.

> ”
> **درواقع مذهبیون اهل تسنن هم با تأسی از مذهبیون شیعه، تلاش می‌کنند با تمرکز بر منسک‌گرایی دینی، بازتولید گفتمان مذهبی سنی‌گرا به تأخیر نیفتد**
> “

باید گفت احـزاب هویت‌گرا یـا چپ کـوردی بـا نوعـی از «غیـاب تجربـه» رویدادهـای جهان اجتماعی کوردی مواجهه هستند. بدین معنا که این احزاب از نزدِیک با این جهان اجتماعی درگیر نبوده و عملاً رویدادها را از دور لمس می‌کنند. در این حالت اثرگذاری آنها به حداقل رسیده و میدان تعارض به تسـخیر مذهبیونـی در می‌آید که در میدان حضور عینی داشـته و تقریبا بیشتر تریبونها را هم در اختیار دارند.
سـرمایه‌ی فرهنگـی و اجتماعـی جهان و فضـای اجتماعـی کـوردی متأثـر از میدان و گفتمان مذهبی است. این میدان به طور مداوم کیفیت و میزان این سرمایه‌ها را از طریق فرایند و کانالهای جامعه‌پذیری کنترل می‌کند. نگارنده معتقد اسـت هبیتاس و عادت‌واره‌ی شـناختی



در ساحت زیســتمانی کوردی جوانان متأثر از میدان مسلط مذهب است. با این اوصاف چگونه می توان هبیتــاس هویت‌گرا و ناسیونالیســتی تولیــد کــرد؟ از کنشــگر جوانــی کــه از نظام هنجاریــن مذهبــی پیــروی می‌کنــد و به یک کنشگر فردگرا تبدیل شــده و از ساحت ذهنی وی سیاســت‌زدایی شده، چگونه می‌توان انتظار داشت به بازاندیشی در این وضعیت بپردازد.

گفتمان مذهبی خود را مشروع تلقی کرده و با ابزارهای مختلف و ساختارهای نهادی مانع از مشروعیت‌زدایی خود می‌شود. میدان مذهب، گفتمــان ترکیبی هویــت را برنتافته و به طور مداوم بر تکینگی خود اصرار می‌ورزد. گفتمان و میدان  هویت‌گرا در صورتی می‌تواند جایگاه خود ارتقا ببخشــد که انگیزه‌هــا و محرکهای ویژه‌ای را تولید و کنشگران جوان را از کنترل هنجارین مذهب خارج کند. گفتمان مذهب به هیچ وجه تابع قواعد گفتمان دموکراتیک نبوده و به شــدت در مقابل نوگرایی واکنش نشــان می‌دهد. با این که هویت دورن‌سیستم کوردی تا حدودی متکثر و ترکیبی اســت با این حال گفتمان هویت‌گرا به گفتمانی حاشیه‌ایی بدل شــده اســت . از گفتمان هویت‌گرا می‌توان به ناسیونالیســم عاطفی نام برد که توانایی ایجاد انگیزش عملگرایانه‌ی آن به شدت کاهش پیدا کرده اســت. نظام مســلط مذهب‌گرا( ساخت سیاســی رســمی قدرت)  هم با ارائه‌ی آزادی کنترل شــده به میدان مذهبی کوردی، تلاش می‌کنــد تقابل و تضاد را بــه عرصه‌ی مذهبی رانده تا جریان هویت‌گرا را تضعیف و از عرصه مجادلات گفتمانی ـ کنشی خارج کند.

البته بر اســاس دســتگاه نظــری بوردیو میدانهــا هرگــز قابل تقلیل بــه یکدیگر نبوده و همــواره شــانس ســربرآوردن را دارنــد. در ساحت گفتمانی کوردی تضاد مستمری برای تولید ســوژه‌ی کوردی بیــن گفتمان مذهب و ناسیونالیســم کــوردی وجــود دارد. بوردیو معتقد اســت میدان سیاست از بقیه‌ی میدانها مهمتر و تعیین‌کننده‌تر است. جهان اجتماعی کوردی برای دســتیابی به حقوق خود و حفظ توازن گفتمانی ناگزیر اســت مبارزات خود در عرصه‌هــای مختلف را تداوم بخشــد. گفتمان هویت‌گــرا باید میدان سیاســت(قدرت) را در هــر دو حالت دوران مبارزه و دوران تثبیت در اختیار گیرد. زمانی که جهان اجتماعی کوردی در خلا قدرت به سر می‌برد و برای دستیابی به قدرت سیاسی یا تشکیل دولت- ملت کوردی در حال مبارزه اســت، تا رســیدن به وضعیت آرمانــی، هژمونیــک کردن گفتمــان و میدان هویت‌گرا جهت تجمیــع نیروها و دموکراتیزه کردن ساحت سیاســی- فرهنگی کوردی یک ضرورت حتمی تاریخی است.

# « شیکاری »

# جومگەیەکی نامۆ:

## ئیسلامی سیاسی لە کوردستان

ڕامان هەوشاری

ڕێگەچارە ئەوەیە بۆ بەرگری لە دزەکردنی جومگەی نامۆ بۆ لێک ترازانی ناسنامەی کوردستانی، بۆشاییی ناسنامەی کوردی پڕ بکرێتەوە. کوردی مسوڵمان لەوە تێبگات کە سەرەڕای هاوئایین بوون لەگەڵ فارس و تورک و عەرەب، بەرژەوەندیی جیاواز و زۆر جار دژ بە یەکیان پێکەوە هەیە. بەو قەناعەتە بگات کە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییی خۆیان، کوردستانیان داگیر کردووە و بە ئێستەشەوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا کورد بە مسوڵمان یان کافر ناودێر دەکەن

## پێشەکی

پێش چوونە نێو باسەکەوە پێویستە هەڵوێستی ئەم وتارە لە هەمبەر ئایین ڕوون بکرێتەوە.

کوردستان، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووبەڕوو بوونـەوەی لەگەڵ ئیسـلامدا، بە شـێوەی جیـاواز دژکردەوەی نواند، بەڵام لەو کۆمەڵگا تایبەتانەیـە کـە ئیسـلامی لە ناسـنامەی خۆیدا جێ کـردەوە. دینەوەر و شـارەزوور لە بنکەکانی سـەرهەڵدانی زانایانی مسوڵمان بوون. مامۆستای ئایینی و شێخ لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی کۆمەڵایەتیدا وەک سەرۆک خێڵەکان دەوریـان دەگێڕا. لـە کاتی پەرەسـەندنی ئیسلامەوە لە کوردستان دابونەریتی ئایینیی ئیسـلام بەڕێوەدەچێ. سا ئیسلامی سیاسی، لەو ئیسـلامەی کـە پتر لە هەزار سـاڵە لە کودستاندا باوە، جودا دەکرێتەوە. لە درێژەدا تایبەتمەندییەکانـی جێگیر بوونی ئیسـلام لە کۆمەڵگای کوردسـتان تاوتوێ دەکەین و پاشان بۆشاییی ناسنامەی کوردی کە لەوێوە ئیسلامی سیاسی دزەی کردە کوردستانەوە، لێـک ئەدەینەوە. لـە کۆتاییدا بـاس لەوە دەکەین ئەگەر بڕیار وا بێ ئیسلامی سیاسی لـە کوردسـتاندا شـەرعیەتی هەبێت، چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟

تەنانەت لە سـەردەمی پێش مادەکانەوە، واتـە ئەو سـەردەمەی خێڵە کـوردەکان لە فێدێراسیۆنی گەورەی ماددا یەکیان نەگرتبوو، فرەڕەنگیـی ئایینی پێناسـەیان بـووە. ئەو خوێندنەوەگەلەی کوردستان بە پێکهاتەیەکی میترایـی یان زەردەشـتی ناودێـر دەکەن، کوردسـتان وەکوو کۆمەڵگایەکی یەکدەست وێنـا دەکەن. دەبێ لە هـەر لێکدانەوەیەکدا خاڵێکی بنەمایی ئەمە بێت کە کوردسـتان وڵاتێکی فرەئایین و ئایینزایە.

لە وەهـا دۆخێکدا سـوپای عەرەبەکان، بیر و باوەڕی ئیسـلامیی گەیاندە کوردستان. چۆنیەتیـی هاتنی ئیسـلام بۆ کوردسـتان و دژکـردەوەی کـوردەکان مەبەسـتی ئەم وتـارە نییە، هەر بۆیـە لێیناکۆڵینەوە. ژیانی خێڵەکیی کوردەکان هێدیهێدی دابونەریتە ئیسلامییەکانی لە خۆیدا جێکردەوە. بانگەشە بـۆ ئایینزای سـوننیی شـافعی لـە لایەن سـەلجووقییەکانەوە کوردستانیشی گرتەوە. بەڵام لەو سەردەمەشـدا یارسان لە باشووری کوردسـتان و ئێـزدی و عەلەوی لـە ناوەند و ڕۆژئاوای کوردسـتاندا خـاوەن پێکهاتەی کۆمەڵایەتیـی خۆیان بـوون. تەریقەتەکانی قـادری و نەقشـبەندیش(لە نێـو کوردانی مسـوڵماندا) خاوەن پێگە و شـوێنکەوتووانی خۆیان بوون. کولتوور و کۆمەڵگای کوردستان، ئایینی ئیسلامیان بە چەشنێک لە پێکهاتەی خۆیاندا جێ کردبووەوە کـە وێڕای ڕاگرتنی بنەماکانی ئیسلام، ڕەنگ و مۆرکی کوردییان لێ دابـوو. ئەم ڕەوشـە تـا سـەرهەڵدانی عوسمانی و سـەفەوی و ململانێیان گۆڕانی ئەوتۆی بە سـەردا نەهات. ڕیشـەی دەست تێوەردانی دەرەکی لە پلۆرالیسـمی ئایینیی کوردستان بۆ دەسـپێکی ململانێیی ئەو دوو دژبەوە دەگەڕێتەوە. عوسـمانیی دەمارگژ لە پێناو ئایینزای سـوننیی حەنەفی و سەفەویی دەمارگـرژ لە پێناو شـیعەی دوازدە ئیمامی، کوردسـتانیان کردە مەیدانـی تێکهەڵچوون. سـەرەڕای ئەوەی کوردەکان لـە ئایینزادا لە هەر دوو دژبەر جیـاواز بوون، لە هەر دوو لا خوێنـی کورد دەڕژا. خێڵە کـوردەکان بوون بە ئامرازی ئەو دوو داگیرکەرەی کوردسـتان. بێجگە لە چەند دەسـتەبژێرێک وەکوو شێخ ئەحمەدی خانی و شەرەفخانی بدلیسی، کورد بەگشتی لە دۆخەکە تێنەگەیشت. یەکێک لە بنەماکانی بۆشاییی ناسـنامەی کوردی، ئەم خاڵەیە کە لە پێش مۆدێرنەوە تا ئەم سەردەمە درێژ بووەتەوە. خێڵ و سـەرۆک خێڵی کورد تەنیا سنووری لەوەڕگە و مەودای دەسەڵاتی خۆیان بینیوە، نەک کوردستان. ئەولیا چەلەبی لە «سـیاحەتنامە»کەی خۆیـدا دەگێڕێتەوە کاتێ (لە سـەردەمی ئەبداڵ خان، کوڕەزای

شەرەفخانی بدلیسی) شاری بدلیسمان گەمارۆ دابوو، سوپاکەیان لە سێ بەش، دوو بەشی کورد بوون. پاشا وتی؛ نەکا ئەم کوردانە لێمان هەڵگەڕێنەوە و پشتیوانیی ئەبدال خان بکەن! ئەمیش هاواری کردبوو ئەی تورکانی غازی چ کارەن. تورک لەو سەردەمەشدا خۆی وەکوو پێکهاتەیەکی تورکی- ئیسلامی پێناسە دەکرد، بەڵام کوردەکان بە ئێستەشەوە لە وەها وێناکردنێکدا کۆڵن. ڕاستە وێنا کردنی دەوڵەت لە پانتایی جوگرافیای کوردستاندا بۆچوونێکی مۆدێڕنە، بەڵام هەوێنەکەی لە بیچمێکی پێش مۆدێڕنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم بۆچوونە، ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتداریی پێش مۆدێڕنیان بووە و تەنانەت بۆ پاساوی درێژەدان بە داگیرکاریی خۆیان بە سەر نەتەوە دراوسێکانیاندا، کەڵکاژۆی دەکەن. ناسنامەی تورکی- ئیسلامیی عوسمانی و فارس- شیعەی سەفەوی تا ئەم چرکەساتە جڵەوکێشی دەسەڵاتی یەکەی سیاسیی ئێران و تورکیان. کورد نەتەنیا وەها ناسنامەیەکی پێش مۆدێڕنی نەبووە، تەنانەت هەستی بە داگیرکراویش نەکردووە. هەر خێڵ بۆ پاراستنی خۆی لە لەناو بردنی خێڵە کوردەکانی تردا هاوکاریی داگیرکەری کردووە.

سەفەوی و عوسمانی لە گۆڕینی دیمۆگرافی و ئایینی کوردستانی بندەستی خۆیاندا بەوپەڕی دڕندەییەوە جووڵانەوە. کۆمەڵی یارسان و ئێزدی و عەلەوی، یان کۆچ دران، یان بە زۆر ئایینەکەیان گۆڕدرا. ئەو تەونەی دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی نایانەوە، جمهووریی ئیسلامی و تورکیای نێئۆعوسمانی لە سەری دانیشتوون. بەشی

> تەنانەت لە سەردەمی پێش مادەکانەوە، واتە ئەو سەردەمەی خێڵە کوردەکان لە فێدێراسیۆنی گەورەی ماددا یەکیان نەگرتبوو، فرەڕەنگیی ئایینی پێناسەیان بووە

شیعە نشینی زاگرۆس بوون بە پاشکۆی عەجەم و ئیماندارانی باکوور و تەنانەت باشووری کوردستان، چاو لە دەمی ڕەوتە ئیسلامییەکانی تورکیان(ئیخوان و گولەنیسم).

## چ کەلێنێک لە ناسنامەی کوردیدا دروست بوو کە ئیمانداری کورد ڕێگەی خواناسیی لە ڕێچکەی ئیخوان و سەلەفیگەری و نێئۆعوسمانیسمدا دەبینییەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای باسەکەمان، واتە ئەو ئیسلامەی پتر لە هەزار ساڵە کوردستان لەگەڵی سازاوە. دڕندەیی سەفەوی لە هەمبەر خێڵە کوردە سوننییەکان زۆربەی کوردەکانی کرد بە هۆگری خەلافەتی عوسمانی، بەڵام هەندێ لە خێڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای جیاوازیی ئایین سەر بە دەسەڵاتی عەجەم مانەوە. ئەم دۆخە خاڵێکی گرنگ دەردەخات. کورد بەرامبەر بە سیاسەت و ئایین هەڵوێستێکی خێڵەکیی نواندووە. ئەم هەڵوێستە بە هۆی وێنا نەکردنی کوردستان وەکوو وڵات تا ئەم سەردەمە درێژ بووەتەوە.

مامۆستای ئایینی و شێخ لە بەستێنی کوردیدا بانگەشەی ئیسلامیان دەکرد. ناسنامەیان کوردی بوو. تا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، هەر ڕووناکبیر، شاعر، خوێندەوار و کەسایەتییەکی نەتەوەییی کورد، قۆناغی حوجرەی تێپەڕ کردبوو. بگەڕێینەوە دواتر، پاش لە ناو چوونی میرنشینە کوردەکان، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئاڵای مافخوازیی کوردی بە دەستەوە گرت. ڕاستە کاراکتێری شێخ عوبەیدوڵڵا نەتەوەیی بوو تا ئایینی، بەڵام هێزی

لە تەریقەتەوە وەرگرت. واتە هێزی تەریقەت کە پێکهاتەیەکی خێڵەکیی هەبوو، خستە خزمەت دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەییەوە. شێخ مەحموودی بەرزەنجی(حەفید) و پێشەوا قازی محەممەدیش لەو کەسایەتییانە بوون. ئەو ئیسلامە ناسیاسییە کە لە بەرەبەیانی ئیسلامەوە لە کوردستان بەشێک لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بوو و «خانی»یەکان لە حوجرەی ئەو ئیسلامەوە هاتنە دەرەوە، بوو بە بەشێک لە خەباتی نەتەوەیی، دژ بە داگیرکەران. هەڵبەت لە بیرمان نەچێت کەسانێک وەک مەلا ئیدریسی بدلیسی، سەلەفی ڕاستەقینەی سەرکردەی ڕەوتە ئیسلامی- سیاسییەکانی هەنووکەی کوردستانە کە تەنیا ئامانجیان خزمەت بە دەسەڵاتی داگیرکەرە. نە مەلا ئیدریس و نە ئەم سەرکردانە، تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بە داگیرکەر نازانن. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ مەحموودی حەفید، پێشەوا، شێخ عێززەددینی حسەینی و... وەک کەسایەتیی ئایینی، کاراکتێری نەتەوەیی بوون و کوردستانیان بە داگیرکراو دەزانی. ئەوان نوێنەر و ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگای خۆیان بوون.

ناسیۆنالیسمی عەرەبی لە دژی داگیرکەرە ئورووپاییەکاندا سەرەتا بە ئیسلامخوازییەوە سەری هەڵدا. پاش سەربەخۆ بوونی دەوڵەتە عەرەبییەکان، ڕەوتە ئیسلامییەکان ئاراستەی خۆیان بۆ ژیاندنەوەی ئیسلام گۆڕی. جیاوازیی کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان ئەوە بوو کە کورد نەتەنیا ئیمانداریی نەخستە خزمەت دەستەبەر کردنی مافی سەربەخۆییەوە - ئەمە بە واتای کەڵکاژۆ کردن لە ئایین بۆ خزمەت بە نەتەوە نییە، بەڵکوو دارشتنی شێوە خوێندنەوەیەکە لە ئایین کە بە پێی سەردەم(سەردەمی نەتەوەخوازی) خۆشەویستیی نیشتمان دەبێتە بەشێک لە ئیمانداری. وەک لە حەدیسدا هاتووە «خۆشەویستیی نیشتمان بەشێک لە ئیمانە». واتای زێد لە سەردەمی نەتەوەخوازیدا تا ئاستی نیشتمانی نەتەوە بەرز کرایەوە - ، تەنانەت ئیسلامییەکان چ بە ئامراز بوونیان لە دەستی داگیرکەران، چ بە پاشکۆ بوونی ڕەوتە بناژۆخوازەکان، لە بەربەستە سەرەکییەکانی ڕزگاریی کوردستان بوون.

## تا ئێرە چەند خاڵ زەق دەبێتەوە:

یەکەم: شێوەژیانی خێڵەکی، بەربەستی سەرەکیی ئەوە بوو کە کورد جیاوازیی ئایینی (یارسان، ئێزدی و عەلەوی و...) و ئایینزایی (سوننیی شافعی لە هەمبەر سوننیی حەنەفیی تورکان و ئیمامییەی عەجەمان) خۆی بکاتە یەکێ لە بنەماکانی سەربەخۆییی ناسنامەی خۆی. بە پێچەوانەوە، حکوومەتی عەجەم کوردە شیعەکانی لە دژی یارسان و حکوومەتی تورک کوردە سوننەکای لە دژی ئێزدی و عەلەوی هان دەدا.

دووەم: خاڵێکی دابڕان لە نێوان کاراکتێری سەرکردە ئایینییەکانی پێشوو و سەرکردە ئایینییەکانی ئەم سەردەمە بەرچاو دەکەوێ.

شاڵاوی ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان و بگرە دژوازەکان گەیشتنە کوردستان. کوردستان بەگشتی و دەستەبژێرانی کورد بەتایبەتی لە واقعی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی کوردستان تێنەگەیشتبوون. بزووتنەوەی ئیخوان و وەچە بناژۆخوازەکانی لە پاش مارکسیزم گەیشتنە کوردستان. بەڵام هەڵوێستی ئیماندارانی کورد لە هەمبەر ڕەوتە ئیسلامییەکان هەر وەکوو هەڵوێستی ئەو دەستەبژێرانە بوو کە مارکسیزم ـ لێنینیسم ڕایکێشان. ئەو دوو تاقمە لە چەند خاڵدا یەک دەگرنەوە.

١ هەردوکیان ئیدئۆلۆژییان لەو ڕەوتگەلە وەردەگرت کە لە ناوەندی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان پێکهاتبوون. هەڵبەت لە کات و شوێندا جیاوازییان هەیە. بۆ وێنە کورد لەگەڵ چەپی تاران

و ئەستەموڵ و دیمەشق و بەغدا سەرەتا ئاشنا بوو. بەڵام ئیخوان و سەلەفییەت بە لاواز بوونی سۆڤییەت و بەرەی چەپ لە ئەفغانستانەوە تا باکووری ئەفریقا تەشەنەی کرد و کوردستانیشی گرتەوە. میناکێکی تر کە کورد لە هەمبەر ناوەندی داگیرکەران چاو و دەم بەسراوە، ڕەوتی گولەنیسمە. فەتحوڵڵا گولەن، شوێنکەوتووی شێخ سەعیدی نەورەسییە، بەڵام دژ بە دانانی بە مافی کورد لە تورکیادایە و لە پارتە فاشیستەکانی تورکیاوە نزیکە. شێخ سەعیدی نەورەسی باس لە مافی کورد دەکات بەڵام لە فەتحوڵڵا گولەندا بەراوەژۆ دەبێت. خەسار ئەوەیە ڕەوتی گولەن لە هەرێمی (باشووری) کوردستاندا خەریکە پەرەدەستێنێ. واتە دیسان خەریکە پابەستەیی ناسنامەی کوردستان بە ناسنامەی تورکی ـ ئیسلامییەوە دووپات دەبێتەوە.

**۲** هەردوکیان لە دینامیسمی کۆمەڵگای کوردستان تێنەگەیشتبوون و بەزۆر دەیانویست ـ بە ئێستەشەوە ـ کۆمەڵگایەکی خێڵەکی بکەن بە کۆمەڵگایەکی ئینتەرناسیۆنال یان بەستێنی ئوممەتی واحیدەی ئیسلامی.

**۳** هەردوکیان لە ڕەهەندی سیاسەت و بەرژەوەندیی نەتەوەیی داگیرکەران تێنەگەیشتوون. مێژووی ئەم سەردەمە نیشانی داوە کە هەر ئیدئۆلۆژییەک و ڕەوتی سەر بە وی لە ئاکامدا لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان حاواوەتەوە. بۆ میناک جموجووڵی ئیسلامی سیاسی، ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی تورکیادایە و ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی ئێران.

چەپ و مسوڵمانی کورد کە ویستیان دامەزراندنی کیانێک بە پێی ئیدئۆلۆژیی خۆیانە و زۆر دڵپاکانە و باوەڕدارانە تێوەدەچن، لە دەق و سەرچاوەی دەستە دوو و سێ کەڵک وەردەگرن، لە باری دەروونییەوە پابەستە و ڕاکێشراوی ناوەندەکانی دەسەڵاتن (داگیرکەرانی کوردستان)، لە ستراتژییاندا، هەڵبەت ئەگەر هەیانبێت، کوردستان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردستان بزرە. ئەوەیش بۆ زەین و هەڵسوکەوتی خێڵەکیی ئەوان دەگەڕێتەوە. لە ئاکامدا بە هەندێ بەرژەوەندیی بەرتەسک دەحاوێنەوە.

دیارە هەندێ هەوڵ دراوە کە چەپ یان ئیسلامی سیاسی خۆماڵی بکرێن. چەپی ناسیۆنال یان لەم دواییانەدا مەکتەب قورئان، سەرەڕای بەشداری نەکردنیان لە سیاسەتدا هەڵوێستی نەتەوەییان گرتووە، دوو میناکی دڵخۆشکەرن.

پرسەکە بەم سانایییە چارەسەر نابێت. چەپێک کە کوردستان نەکات بە یەکەی لێکۆڵینەوەی خۆی، داهاتوویەکی لە گەمەی سیاسیی کوردستاندا نابێ. ئیخوانولموسلمین و خەلەفەکانی کە تێکەڵ بە بەرنامەی داگیرکەرانی کوردستان بوون، جێی تێڕامانن. ئیخوان لە تورکیا نێئۆعوسمانیزمی بووژاندەوە، کوردی خێڵەکیی باکووریش پەیوەست بە ژیانەوەی نێئۆعوسمانیزم بوون. هەڵبەت جووڵانەوەی نەشیاو و نەزانکارانەی ئەو لایەنانە کە دروشمی مافخوازیی کوردیان دەدا لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی نێئۆعوسمانیزم لە باکووردا پتر لە پیلانی حکوومەتی تورکیا خەساری گەیاند. لە باشووری کوردستان بە ڕواڵەت حکوومەتێکی سێکۆلار دەسەڵاتدارە، بەڵام ئیسلامی سیاسیی ناکوردستانی، خەریکە قووڵاییی کۆمەڵگای باشوور داگیر دەکات. کێشەی ڕەوتی نەتەویی لە بەرانبەر ئەم جۆرە لە ئیسلامی سیاسییدا «ناکوردستانی بوون»یەتی، نەک ئیسلامی بوون.

لە ڕۆژهەڵاتدا کە پێکهاتەی سیاسییەکەی ـ ئێران ـ لە سەر درۆ و ساختەکاری دامەزراوە، بۆ بەشی شیعەنشینی زاگرۆس پیلانی دابڕانی ئەو بەشەی لە کوردستان هەیە. هەوڵ بۆ سەربەخۆ کردنی «فەیلی» وەکوو پێکهاتەیەکی شیعە و ناسنامەدار کردنی لە ڕۆژهەڵات و باشووردا کە هێدیهێدی لە

کوردستان داببڕدرێت، میناکی ستراتێژیی جمهووریی ئیسلامیی ئێرانە بۆ کوردستان. لقی ئیخوان لە ئێراندا کە بە جەماعەتی دەعوەت وئیسلاح ناسراوە، دەورێکی نەرێنیتر دەگێڕێت. پڕۆژەی دابڕانی فەیلی لە کوردستان سەرناگرێت، بۆ ئەوەی کە لە بەشی کەلهوڕ و گۆراندا لایەنگری نییە و تەنیا لای چەند کەسی تاراننشینەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت. جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، لە لایەکەوە درێژکراوەی فیکری ئاکپارتیی تورکیان، لە لایەکی ترەوە لە جمهووری ئیسلامی ئێراندا مۆڵەتیان پێ دراوە. لە هەڵبژاردن و ئەو بەرنامانەی کە شەرعییەت بە جمهووریی ئیسلامی ئەدات چالاکن. لەوە گەڕێین چەندە لە بنەماکانی ئیخوانی سەرەتایی دوور کەوتوونەتەوە، بنەماکانی ئەهلی سوننەتیش ڕەچاو ناکەن. ڕێگەیان بۆ پڕۆپاگەندا بێسنوورە. بۆ وێنە گۆڤارەکەیان بە کەیفییەتی زۆر باشەوە بۆ هەموو جێیەکی ئێران، بە تایبەت ناوچە سوننینشینەکان دەڕوات. ئەگەر بە فیکر درێژکراوەی ئیخوانن، بە پێکهاتە بوونە بە بەشێک لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی جمهووریی ئیسلامی. ئەم ئەندازیارییە لە پڕۆژەی پەرەدان بە سەلەفییەت لە کوردستاندا مەترسیدارترە، بۆ ئەوەی کە سەلەفییەت قووڵایی کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵام لە کوردستاندا ئیمانداری ئاسانگیر زۆرن. هەر بۆیە ئیخوان کۆنگرەی «دگرپذیری و رواداری»ی لە مهاباد بەڕێوە برد. دەعوەت و ئیسلاع بۆ پەرەدان بە فیکری ئیخوان بە ئامراز بوونی بۆ جمهووریی ئیسلامی هەڵبژاردووە. ئێرانیش بە یەک مەبەست ئەم ئەندازیارییە دەکات. ساز کردنی بەربەستێکی ناوخۆیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە دژی بەرەی نەتەوەخواز.

> **لە ڕۆژهەڵاتدا کە پێکهاتەی سیاسییەکەی – ئێران – لە سەر درۆ و ساختەکاری دامەزراوە، بۆ بەشی شیعەنشینی زاگرۆس پیلانی دابڕانی ئەو بەشەی لە کوردستان هەیە**

کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ دەرباز بوون لە ئەندازیاریی جمهووریی ئیسلامی پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند هەیە. کەسایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ مەحمودی حەفید و... هین سەردەمی کلاسیکن – لە باری مێژوویی و هێماییەوە جێگەی بایەخداریان لە پرسی کورد و کوردستاندا هەیە -. نە کەسایەتیی وەها بەرهەم دێتەوە، نە دەتوانین ئەو ئیسلامە کوردییە وەکوو پێشوو بەرهەم بێنینەوە. لێرەدا ڕێککەوتنێک پێویستە کە نۆژەن کردنەوەی هزری کوردستانی بەدوور لە پاشکۆ بوون بۆ ڕەوتە نامۆکان بکات بە ستراتێژیی گشت لایەنەکان، بە ئیسلامییەکانیشەوە.

ڕێگەچارە ئەوەیە بۆ بەرگری لە دزەکردنی جومگەی نامۆ بۆ لێک ترازانی ناسنامەی کوردستانی، بۆشاییی ناسنامەی کوردی پڕ بکرێتەوە. کوردی مسوڵمان لەوە تێبگات کە سەرەڕای هاوئایین بوون لەگەڵ فارس و تورک و عەرەب، بەرژەوەندیی جیاواز و زۆر جار دژ بە یەکیان پێکەوە هەیە. بەو قەناعەتە بگات کە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییی خۆیان، کوردستانیان داگیر کردووە و بە ئێستەشەوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا کورد بە مسوڵمان یان کافر ناودێر دەکەن. لە لایەکی ترەوە، لە دەرەوەی ئایینداریدا، هەر لایەنێک خۆی بە هەڵگری ئاڵا و دروشمی مافخوازیی نەتەوەی کورد دادەنێ، ئەتوانێ نائایینی بێت، بەڵام نابێ دژەئایین بێت. ئەگەر ڕەوتە نەتەوەخوازەکان بە دژەئایین ناودێر ببن، ئەوە بیانوویەکە کە ڕەوتێک وەکوو جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح شەرعییەتیی لێ وەردەگرن.

# توتالیتێری تیئۆکڕات و لایەنگری تیرۆریزم

**ڕۆژبین بۆکانی**

پوست مودێڕنیتە خاوەن ئەو بۆچوونەیە کە تەواوەتی چەمکە موتڵەق و
باڵادەستەکان، پێکهاتە خوازییەکی دەستکردن و شوناسێکی توتالیتارییان
هەیە. بە واتایەکی ڕوونتر لە چەمکی بە جیهانی بووندا کە پۆست
مۆدێڕنیتە پێشەنگیەتی و لە دیسکۆرسی ئەودا دەردەکەوێ هێچ چەمکێکی
ئابسلووتمان نییەو ئەوەی هەیە و نییە کاتییە و دەروازەی ڕەخنە و
چاکسازی و دارشتنەوەی لە سەر گرێژەنەی پشت بۆ کراوەتەوە

سەرەتا هەوڵ دەدرێ پێناسەیەکی گشتی بۆ ئوتۆریتە و دەسەڵاتخوازیی مرۆیی بخرێتە ڕوو. دوایە گوتاری زاڵی ئایدیۆلۆژیی ئیسلام و بە تایبەت ئیسلامی سیاسی و کاریگەری وباندۆڕی ئەو ڕەوتە لە سەرکۆمەڵگا و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد تاوتوێ بکرێ.

بە گشتی مرۆڤ بوونەوەرێکە، ئاوەزی لە دەسەڵات و میرایەتی تێر نابێت و پلە و قاتێکی بەرز و بڵیندی دیاریکراویشی تێدا نابیندرێ. هەر بۆیە ئەگەر بەربەست و ستۆپێکی بۆ دەستنیشان نەکرێ، دەسەڵات و توانستەکەی بە ئاقارێکی شەڕاژۆیی و دژە مرۆییدا دەڕوات و هەموو فاکت و نیشانە و خسڵەتە پاقژە مرۆڤایەتییەکان ژێرپێ دەخات و بە قەولی دورکیمی کۆمەڵناس، لە وەها دۆخێکدا کۆمەڵگایەکی ئانۆمی و بێ ئەخلاق و بێ یاسای لێ دەکەوێتەوە. یانی لە ئەساسدا یاسایەک مانای واقعیی خۆی نامێنێ، هەتا ئیدیۆمی «سەروەریی یاسا» مانایەکی هەبێ. لە وەها دۆخێکدا جڵەوی دەسەڵات لە جیهانبینیەکی لۆژیک و ئەندێشەیەکی پاک ڕەهەندەوە، دەکەوێتە قەوارەیەکی ڕێژیم ئاسای نێرۆن و هیتلێر وسەدام و خومەینیزمەوە. سەیرئەوەیە ئەو جۆرە حکوومەتانە بە ژانرە جۆراوجۆرەکانیەوە، هەموویان بە شێوەیەک سێبەری ئایینیان بە سەرەوە بووە و یەکێ لە کەرەسەکان و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتە زاڵمانەکانیان، کەڵک وەرگرتن لە وزە و پوتانسیەلی ئایینە کە فۆبیایەکی ڕەشی هەمەگیر، دۆڵپا ئاسا، دەکاتە باری قورس و هەمیشەییی مێشکی مرۆڤی چەوساوە .

بۆ ئەوەی لە نێوان دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دێموکڕات خوازیدا مابەین و جیاوازیەک دابنێین و بە زمانێکی سادە و ساکار دێموکراسییەت لە دەسەڵاتێکی ئابسلووتی دیکتاتۆڕ جیا بکەینەوە، دەڵێین دێموکراسی دوو نیشانەی سادەی هەیە:

١ لە دەسەڵاتی دێموکڕاسیدا، گەل هەست بە ئەمنیەت و ئاسایش دەکاو ترس و فۆبیا مانایەکی ئەوتۆی نییە.

٢ دێمۆکراسی جۆری دامەزراندن و بە دەسەڵات گەیاندنی دەسەڵاتدار نییە، بەڵکوو ئەو توانست و ئازادییەیە کە گەل بتوانێ زۆر بە ئاسانی و بێ گیر وگرفت حاکم یان دەسەڵاتدارێک لە سەر کورسی دەسەڵات وەلا بنێ.

لە پاتۆلۆژیی ئۆتۆریتەی توتالیتێرەکان، بە تایبەت ئۆتۆریتەی تێئۆکڕاتیسمدا، چونکە لە لایەکەوە نایانەوێ و ترسیان لەوەیە کە هاکا دەسەڵاتیان لێ بستێندرێتەوە و بە زۆری نەک بە خوایشت لە کورسیی سەدارەت وەلا بندرێن، لە لایەکی کەشەوە بۆ ئەوەی کەرامەت و مەزنایەتیی خۆیان بە سەر چینی کۆیلە و بندەستدا بکەنە خاڵی هەرە پیرۆز و دایمی، پەیتا پەیتا خەریکی سازاندنی قارەمان و سلێبریتی دینین.

هەر قەوارەیەکی حکوومی و دەسەڵاتخوازی، بە هەر جۆرە فاکتێکی دیاری کراوی ئۆتۆریتەیەوە، دەبێ لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان دابین بکات. سەرەتاییترینی ئەو فەکت و پێداویستییانە: یەکەم، نان، کار، ئازادی. دووهەم: دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە.

١ نان، کار، ئازادی: کاک دوکتور قاسملووی شەهید لە گوتارێکدا ئاماژە بە ویست و داخوازیی «شەمچەیەک» دەکات، واتا «شەمچەیەکی» لە حکوومەتی توتالیتێر تێئۆکڕاتی ئێرانی ویستوە. دوایە دەفەرموێ: شەمچە، ئاوردووی دەوێ. شوێنی ئاور کردنەوەی پێویستە و... زۆر شتی دیکەی پێویستە تاکوو بتوانی ئاورەکەی پێ بکەیتەوە. لە سیاسەت و ئۆتۆریتەی دەسەڵاتدا، دوو چەمک و پارسەنگن کە باڵانسی هێز و جووڵەی مرۆڤ ڕادەگرن. یانی نان بە بێ

دابین کردنـــی کار مانایەکی نییە و کاریش بـــە بێ هەبوونـــی نان ناتـــەواو و ناموەکینە. لـــە واقیعدا هەر دووکیـــان چەمک گەلێکی ئۆبژەکتیون و دەبێ بە ڕوونی کۆمەڵگا هەست بـــە بوونیان بکات، ئەگەریش نـــان و کار لە قـــەوارەی تیئۆریەوە نەکەونـــە چوارچێوەی گوتاری پراکتییەوە ئـــەوە بێ گومان دەبێتە سوبژەکتیوێکی خەیاڵاوی وبەس!

زۆربەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکان نەیانتوانیوە و ناتوانن کۆمەڵگاکەیان لە کار و نانی پێویست پاراو بکەن. چونکە یاسا و دارێژەی دەسەڵاتیان بۆ ئاســـایش و بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی نییە و زۆرتر بـــۆ کۆت و زنجیـــری کۆیلایەتییە. دەســـەڵات و ئۆتۆریتەیەکی ڕەشی ڕەها، نە تەنیـــا کار و نـــان دابین نـــاکات، بەڵکوو لە دەمیشیان دەگرێتەوە. دیارە ڕاگرتنی جەماوەر لە بێکاری و کەمداهاتیدا، بە پێی پرۆســـە و دارێـــژەی ڕەوتـــی حکوومەتداریەکەیانەوەیە تاکوو کۆمەڵگایەکی نەمرنەژی و بێ ئەنوا چێ بکەن و مرۆڤگەلێکی پاسیڤ و بێ لایەنی لێ بکەوێتەوە.

لە دەسەڵاتە ڕەها و فەندەمینتاڵییەکاندا بـــە تایبەت فەندەمینتاڵی ئیســـلامی ئێرانی/ فارســـی ـ چونکە ئەم باس و وتانە زۆرتر لە قەوارەی ئـــەم حکوومەتەدا خـــول دەخوات ـ زۆربـــەی گوتاری زاڵ بە ســـەر ئەدەبیاتی حکوومی و یاســـای گشـــتی و دیسکۆرس و ویژمانی ئەو دەسەڵاتە، دەکەوێتە چوارچێوەی تەیمانی ســـوبژەییەوە و چونکە دەســـەڵات و شـــوناس و پیرۆزیـــەکان لە ســـوبژەیەکی موتەڵەقـــی متافیزیکییەوە وەرگیراون و دیارە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر جۆرە ڕەخنەیەکیش لە وەها پیرۆزی گەلێک ناکرێ و نابێ ببێ و تابۆیەکی ڕەش و حەرامەتییە.

لەو حکومەتانەدا کاتێ نان و کار دەچێتە ســـەر پشتی شێر، دیارە ئازادی تەواو پەڕاوێز خـــراوە و بـــە تاک و کۆوە لـــە ژێر زەخت و گوشارێکی دەستنیشان کراودان.

**٢** دابیـــن کردنـــی ئەمنیـــەت و ئاســـایش بەســـتراوەتەوە بـــە عەداڵەت و دەســـەڵات و دەستڕۆیشـــتوویی عەداڵـــەت لـــە وڵاتدا. لە هەمـــوو دەســـەڵاتە ئایدۆلۆژیســـتەکاندا، ئازادی بـــە هیچ شـــێوەیەک ڕەنگ و مانای نییـــە و لە کوولەکەی تەریشـــدا نێوی نییە. لـــە کۆمۆنیزمی ئیســـتالینیزمی پێشـــوو و کۆریای باکووری ئێستا، لە نازیسمی ئاڵمان، فاشیسمی فرانکۆ و فاشیسمی ئیتالیاوە بگرە هەتا زۆربەی دەســـەڵاتە ســـەرەڕۆکانی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە زۆربەشیان خۆیان دەبەســـتنەوە بە ئاییـــن و ئایینزاوە و هەمووییـــان خـــاوەن توتـــم و هێماگەلێکی نگەتیڤـــی تایبەتین، وەک تاک حیزبی بوون، تـــاک ڕێبەری و ڕێبەر خودایی، خوێنڕێژی و ســـەرکوتگەری، فۆبیایی بوون، نارسیسم و... هیتد.

لە هەمووی ئەو دیکتاتۆرە سانترالیزمانەدا، عەداڵەت و ئەمنیەت بە دەگمەن دەبیندرێ. ئەگەریش عەداڵەتێک هەبـــێ بۆ لایەنگرانی دەست و گوێ لە مستەکانی خۆیانە و پشت گوێ خستنی خواســـت و خوازەی زۆرینەی کۆمەڵگایـــە. لە هەر ڕێژیمێکـــدا ئەگەر دوو لایەنـــی چەکـــداری و دادپـــەروەری و داد، هاودەســـت بن و چاو لە کرداری نگریســـی یەکتر بپۆشـــن، گەندەڵی بە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵـــگادا ڕۆ دەچێ؛ تەواوی ئازارەکەشـــی دەکەوێتە چـــاو و دەروونـــی جەماوەری بێ دەرەتانـــەوە. لـــە لایەکی ترەوە دەســـەڵاتی ڕەها بە ئەنقەســـت بێ عەداڵەتی و نائەمنی و بشێوی بڵاو دەکاتەوە و پەرەی پێ دەستێنێ، تاکـــوو کۆمەڵگا لە ئازارێکی ڕۆحی و ڕەوانیدا بتلێنەوە و کۆمەڵگایەکی نەخۆشی ئانارشیسم و ئانۆمیکی لێ بخۆڵقێت.

وەک گوتـــرا دەســـەڵاتی مۆنۆلۆگـــی ئیسلامی شـــیعی ئێران، بەرایی بوونی خۆی بـــە مێتافیزیکەوە گـــرێ داوە. ئەم حکومەتە ئابســـلووتە، لە سەر یاســـای موتڵەقییەت و

ڕەهـــا ڕاوەســـتاوە و خۆی دەبەســـتێتەوە بە بنەما پێرۆزەکانی ئیســـلام و بـــە گەرمیش پڕۆپاگەنـــدەی ئـــەوەش دەکات کـــە ئێمە ئیســـلامی ڕاســـتەقینەین و ڕەوت و کردار و بۆچوونمان لە سەر ئەساسی ئیسلامی «شیعی ئەسناعەشـــەرییە» و بە هیچ شـــێوەیەکیش ڕەخنە و دەســـتێوەردان لە یاســـای بنەڕەتی دەســـەڵاتدا بوونی نییە، چونکە ئیسلام دینی متافیزیکییە و مرۆڤ توانســـتی ئەوەی نییە کە تێڕوانینی جیاوازی هەبێ و ڕەخنەی لێ بگـــرێ. جێی ئاماژەیە ئـــەم فاکتە یەکێ لە خاڵە گرینگەکانی کونتراست و پارادۆکسیکاڵی نێـــوان پوســـت مودێرنیتـــە و دەســـەڵاتە ئیســـلامییەکان بـــە گشـــتی و دەســـەڵاتی ئاخوندی بـــە تایبەتییە. پوســـت مودێرنیتە خاوەن ئـــەو بۆچوونەیە کە تەواوەتی چەمکە موتڵەق و باڵادەستەکان، پێکهاتە خوازییەکی دەستکردن و شوناسێکی توتالیتارییان هەیە. بـــە واتایەکی ڕوونتر لـــە چەمکی بە جیهانی بووندا کە پۆســـت مۆدێرنیتە پێشـــەنگیەتی و لە دیسکۆرســـی ئـــەودا دەردەکەوێ هێچ چەمکێکی ئابسلووتمان نییەو ئەوەی هەیە و نییە کاتییە و دەروازەی ڕەخنە و چاکســـازی و داڕشتنەوەی لە ســـەر گرێژەنەی پشت بۆ کراوەتەوە؛ لە باری فەلسەفییەوە ئەم خاڵەی کە باس کرا یەکێ لـــەو چەمکە گرینگانەیە کە ئیســـلام لە بەرانبەریدا ڕاوەســـتاوە و بە کـــردەوە دژایەتـــی دەکات و لەبەر ئەوەی بە کردارو پراکتیکانە نەیتوانیـــوە بەربەرەکانێی لەگەڵ بکات، لە تیروریزم کەڵک وەردەگرێ و ئیســـلامی سیاســـی لێ کەوتوەتـــەوە کە ڕەگ و ڕیشـــەی هەمـــوو تیرۆریزمێکـــی ئیســـلامی دەگەڕێتەوە ســـەر ئیخوانییەکان. ئەگەر مۆرفۆلۆژیکـــی هەموو حیزب و لایەنە ئیســـلامییەکان ئانالیزە بکەیـــن، بە منۆلۆگ و ڕادیکالیســـم و لیبرالیســـمی ئیسلامییەوە لایەنێکـــی وا نابینیـــن کە بە کـــردەوە و بە ئاشکرا، دژایەتیی ئیخوانییەکان بکات، مەگەر ئـــەوەی ڕەخنەی ئەوەیان لـــێ بگرێ کە لە باری دێسپۆتیســـم و فەندەمینتاڵیەوە کەمتر پاسیڤ و ناچالاک بووبێتن.

هـــەر بـــەو پێیـــە بۆمـــان دەردەکەوێ کـــە توتالیتێـــری ئێرانی مۆنیســـمە و دژی مۆدێرنیســـم و بـــە تەواوەتی دژی پۆســـت مۆدێرنیســـمە. چونکە سفەت و خوازەی ئەم ڕێژیمە فەندەمینتالیسمە تاک ڕەهەندی، بیر تەســـکی، دژی فرە دەنگی و فرە ڕنگییە، لە بەرانبەردا پۆســـت مۆدێرنیتـــە ڕەنگاڵە بوون و پلۆرالیســـم هێمای بنەڕەتییەتی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تازەگەری و کرێژ هاویشـــتنی پێوە دیـــارە. ئەم هەمووە هـــاژ و گیف و تیرۆریزم پەروەرییـــەی وەهـــا ڕێژیمێک هەرەشـــە بۆ دژکـــردەوەی بە جیهانی بوونـــە، پەلەقاژەی نەتوانـــەوە و خۆ نەگونجاندنـــە، خۆ قەتیس کردن و ڕاسیســـمێکی ئیســـلامی سیاسییە کە توانایـــی گۆڕینی فکر و ئەندێشـــەیەکی فەناتیکـــی نییە و هەر بۆیـــە پەنا دەباتە بەر تیرۆر و شەڕاژۆیی و تۆقاندن و ئاژاوە.

پۆســـت مۆدێرنیـــزم بە گشـــتی لەگەڵ هەر جۆرە ڕەوت و بزاوتێکی ئیدئۆلۆژیســـتی و بیرۆکەیەکـــی چوارچێـــوەدار ناتەبایـــە و نکۆڵیی لـــێ دەکات. هەرچەندە لەو پێناوەدا، بەشێک بیرمەندانی ئیسلامی وەک پرۆفیسۆر ئەکبەر . س. ئەحمەد بڕوایان بە دوو پۆســـت مۆدێرنیسمە واتا( ڕۆژئاوایی. ئیسلامی). بەڵام ئەم تیۆرییـــە لە گەڵ بنەما زانســـتییەکانی کۆمەڵناسی و پۆست مۆدێرنیتەیی پارادۆکسە و دژایەتیـــی قووڵی تێدایـــە، چونکە زۆرێک لـــە چەمکـــە ئیســـلامییەکان نەگـــۆڕ و لە ســـەر بۆچوونی لـــە مێژینەیی خۆی ســـوور و مســـۆگەرانە پێداگـــرە و دیـــارە پۆســـت مۆدێرنیش قەبوولـــی نییە. تایبەتمەندییەکی دیکەی پۆســـت مۆدێرن پلۆرالیســـمە و ئەم چەمکە لە گەڵ ڕەوتە ئیســـلامییەکان و بە تایبەتی ئیسلامی جیهادی و فەندەمینتاڵخۆاز و سەلەفییەت زۆر جیاواز و نا ئاشنایە. ترس

وشەڕی ئیسلامی بناژۆخواز و تیرۆرپەروەر لە سەر ڕەوتی بە جیهانی بوونە. ئەم ڕەوتە دوو ڕەهەندی گەورەی بۆ ئیسلامیستەکان خستووەتە ڕوو:

١ دێموکراسی و پلۆرالیسم گەورەترین دوژمنی سەرەکیی دنیای ئیسلامن، چونکە جیلی نوێ و چاو کراوە لەگەڵ دنیای ئەنتێرنێت و پێوەندییە خێراکان، ڕەهەندە بەرفراوانەکانی دێتە بەرچاو و ئیدی ناتوانێ لەگەڵ دەسەڵات و ئۆتۆریتەی داخراودا هەڵبکات؛ بەهاری عەرەبی، شۆڕشی سەر شەقامی ئەم دواییانەی بەغدا و ناوچە شیعە نشینەکان نموونەیەکی بچووکی دەرخەری ئەو ڕاستییەن، هەر بۆیە دەسەڵاتە کۆنەپارێزەکانی وەک ئێران و تورکییە خەریکی ئاژاوە و شێواندنی ئەو ڕەوتەن. دیتمان کە بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئێران، چۆن بزاڤی شۆڕشی سوورییەیان خستە ناو زەلکاوی تیرۆریزمی ئیسلامی و، داعیش و ئەلقاعیدە و... یان لێ ساز کرد. تاکوو بتوانن ڕەوتی ڕزگاریخوازی بە لاڕێدا بەرن و لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەیەک بێ بۆ دنیای ڕۆژاوا کە لە تیرۆریزمی ئیسلامی سڵ بکەنەوە. هەر وەک دەبینین لە کورستاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و بە چڕی خەریکی پەرە پێدان بەو ڕەوتی سەلەفییەت و فەندەمینتالیزمی ئیسلامی سیاسین، کە دواتر بە چڕی باسی لێوە دەکرێ.

٢ دنیای ئیسلام خاوەن باگراوەند و مێژوویەکی دەسەڵاتداریەتی و ئۆتۆریتەیەکی تایبەتی ئەمپراتۆریی ئیسلامی بووە. شەڕی ئەوان بۆ ڕابردوو و گەڕانەوە بۆ سەردەمانی زێڕینی دەسەڵاتداریەتیی خەلیفەکانی ئیسلامە. بەڵام ئێستا کۆمەڵگا ئیسلامییەکان تەواو ئاشنای پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمن و ڕێژیمەکانیان ئەو ترسە بە جوانی هەست پێ دەکەن. حاکمانی دیسپۆتیسمی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی، بە خۆشیی خۆیان ناتوانن لەگەڵ ئەو ڕەوتی بە جیهانی بوون وئۆتۆریتەی مۆدێرنیزاسیۆنەدا خۆ ڕێک بخەن، چونکە زۆرتر شێوازێکی عورفی و دیکتاتۆر پیشەییە و پاشماوەی گوتاری کلۆنیالیزمین و ئێستاش ئایدیای چەوساندنەوە و داپڵۆساندنیان هەر لەمێشکدایە. هەر وەک فرید هاڵدی دەڵێت: «بۆ ئەوەی باشتر لە فەندەمینتاڵی ئیسلامی تێبگەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناو دەقە مێژووییە ئیسلامییەکان.»

> **هەر قەوارەیەکی حکوومی و دەسەڵاتخوازی، بە هەر جۆرە فاکتێکی دیاری کراوی ئۆتۆریتەیەوە، دەبێ لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان دابین بکات**

لە ڕوانگەی پۆست مودێرنیسمەوە، ئایدیای ئایین و متافیزیکەکان، مەعریفە، شوناس و ڕەهەندێکی زەینی و سوبژەکتیوە، ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە سەر زانستی هێستۆریسیزم و مێژوو ناسی، چونکە بە ڕای هیستۆریسیزم، ئەوە مرۆڤە خودا و سروشتی خولقاندووە و بە زانست و زانیارییە جۆراوجۆرەکانەوە هەرچی دەبینرێ و لە ژیانی کەوناراییدا بە پێی ئەزموون و کردار هەستی پێ دەکرێ، واقعێکی سەربەخۆ و تایبەتی نییە و بوون و نەبوونیان بەرهەمی زەینی و ڕەنج و کرداری بەشەرە و مرۆڤ ناوەندی جیهانە و(هیومەن سانتراڵە). هەر بەو پێ و بۆچوونە، زانستی پۆست مۆدێرن هەموو پێکهاتەکان دەبەستێتەوە بە ڕەوت و ڕەهەندی مێژوویی و جیا لەو بەستێنە هەر جۆرە ڕاستییەک و حەقیقەتێکی متافیزیکی وەک ئایین و ئەندێشەی دینخوازی ڕەت دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە مرۆڤ لەو ئاستەدا نییە بتوانێ دەقە ئایینی و پیرۆزەکان تەئویل و ڕاڤە بکات، چونکە

ئەو دەقانە لە متافیزیکی نادیارەوە هاتوونەتە خوارێ و ئەم بۆچوونە کۆنتاکتێکی سەرەکیی نێوان ئیسـلام و پۆست مۆدێرنیتەیە. چونکە وەک گوترا بە ڕای پۆسـت مۆدێرنیستەکان هیچ دەق یـان چەمکێکی ئەوتۆ و تابۆ کراو نییـە ونابێ ببێ کە مـرۆڤ نەتوانێ ئانالیز و تەئویلی بـکات. لێرەدا بـە تەواوەتی بۆمان ڕوون بـووەوە کـە هەر جـۆرە پاڕادایمێکی پۆست مۆدێرنیزم لە حوکمی کاتالیزۆرێکدایە بـۆ دنیای ئیسـلام بە هەموو لـق و پۆپ و ڕەهەندەکانیەوە.

مۆدێرنیتە و بە تایبەتی پۆست مۆدێرنیتە زانسـتێکی مەعریفی/ئەزموونـی مرۆڤییە و هەمـوو ئەو ڕەنـج و زەحمەتانەی هاتوونەتە بەرهـەم، زەمینییـە و ئاکاری سـەر گۆی زەوییە. لە ئەساسـدا دینیـش بۆخۆی دەڵێ ئەرکی سەر شانی دین و ئایین ڕێ پێشاندەر و ئەخلاقە بۆ مرۆڤ، واتا ڕێنماییە و توانستی چارەسەری گرێ پوچکە زانستییەکانی نییە. هەر وەک مامۆستا شێخ عێزەددینی حسەینی وەک پسپۆڕێکی ئایینی دەڵێ: «سەردەمانێکی کەونـارا و دێرین، دیـن هەنگاوێک لە پێش زانستدا بووە و جڵەوی ژیانی گرتبوە دەست. بەڵام لە چاخی ئەمڕۆدا ئاشـکرایە زانست و پێشکەوتن پێشڕەوی ژیانن و دەسەڵاتی زۆر زیاتر لە ئایین و شوناسـە دینییەکانە و دەبێ دین پێڕەوی بێت». ئایا ئەوە دەمارگرژییەکی ئیدەئالیسـتانە نییـە ئەگـەر بـە زۆری و نالۆژیکانە و بە ڕمب و شیرەوە بەرانبەر عیلم وزانست ڕاوەستی و بە بیریکی ئانتۆگوئیسمی بناژۆخوازانەوە هەڵوێست بگری و جەخت لە سەر ئەوە بکرێ کە ئەوەی سەدان ساڵ لەوە پێش گوتراوە نەگۆڕ و موتڵەقە؟

هـەر وەها هیچ کەس ناتوانێ بڵێت تەنیا قسـەی من حەقە و حەقیقەتێکی موتڵەق و بێ سنوورە؛ هەموو ڕاستی و هەموو حەقێک کاتـی وسـنوردارن. واتا ئەوەی مـن باوڕم پێیەتی و بیری لێ دەکەمەوە بۆ من ڕاسـتی و حەقیقەتــە، دەبێ باوڕیشــم بــەوە هەبێ کەســانێکی دیکە لە کلتوورێکــی جیاوازدا فکــر و ئەندێشــەیەکی جیاوازیــان هەیە و هێما و توتم و نیشــاگەلێکی دیکە بۆ ئەوان حەقیقەت و ڕاستییە، بەو پێیە ماف و ویست و حەقیقەتەکان کاتی و سنووردارن و بە پێی ڕەوتی زەمەن هەمیشە ئەگەری گۆڕانیان لە سەرە.

کلۆنیــال توتالیتێری ئێرانی خۆی مەکۆ، ســەرچاوە، هانــدەر، ڕێکخــەر، پشــتیوان و ئەنجامــدەری تیرۆریزمــی نگریســی نێونەتەوەییە و بە داخــەوە جیهانی ڕۆژئاوا دوای چــوار دەیە تازە دەیهــەوێ دانی پێدا بنێ و بێنە ســەر قســەی کورد و شوناسی ڕاســتەقینەی ئەم دەجاڵەیان بۆ ڕوون بێت، جا هەتا ئێســتا ڕەنگە لە بــەر بەرژەوەندیی بازرگانی و ئابووری و سات و سەودای پشت پەردە خۆیان لەو ڕاستییانە بواردبێ.

ســاڵی ١٣٥٧( ١٩٧٩) شۆڕشی گەلانی چەوســاوەی ئێرانــی لە باربــردرا و فۆڕم و بێچمی فەندەمینتاڵ ئایدیالیســتی ئیسلامی بــە خۆیەوە گرت و دروشــمی ســەدەکانی ناوینــی زیندوو کــردەوە و وەک ئەمپڕاتۆرە پێشووەکانی ئومەوی و عەباسی و عوسمانی، بانگەشــەی «ئۆممەتی واحیدەی ئیسلام»ی کرد. بــەڵام لە بنەڕەتدا لە ســەر دوو خاڵی گرینگی نەگوتراو خولی دەخوارد:

**١** هەوڵی ئەم دەســەڵاتە ئانارشیە مۆنیسم خوازە، مردەوەژی (زیندوو کردنەوەی مردوو) کردنەوی ئەمپڕاتۆریی سەفەوی/شــیعی بوو. هــەر بۆ ئەو مەبەســتە کەڵکەڵــەی هیلالی شێعەی خستە ڕۆژەڤی کاری دەسەڵاتەکەیەوە و هەموو هەوڵی تەمەنی ئایدیالیســتانەی بۆ دەستەبەر کردنی یوتووپیا خەیاڵییەکەیەتی، تاکوو هێژمۆنی شیعیســم بە ســەر دونیای ئیسیلامیدا زاڵ بکات.

**٢** ڕاســتە بە ڕواڵەت دەگوترێ ئیســلام بۆ یەکڕیزیی دنیای ئیسلامی، باوەڕی بە نەتەوە و

نەتەوەخوازی نییە و هەموویان بە چاوی برای دینی دەبینێ و «ئۆممەتی واحیدەی ئیسلام» وتەی سەرەکی ئایینی ئیسلام بوە؛ بەڵام هەر لە سەردەمانی دەسەڵاتی حکومەتەکانی سەدەکانی سەرەتای ئیسلام، هەوڵ وکۆشش بۆ پەرەپێدانی نەتەوە و زمان و کلتووری عەرەبی بوو. دەسەڵاتی کلۆنیالیزمی شیعیی ئێرانیش، هەوڵی بۆ ئەوە بوە باڵانسی دو هێز ڕابگرێ: شێعیزم و فارسیزم.

بەو باگراوەندە فکری ئینگیزاسیۆنە ٢٥٠٠ ساڵەیەی ڕابردوو کە دیارە باندۆرێکی قورسی ڕاسیسمی لە سەر ئایدیای ئەم ڕێژیمەش بووە، هەوڵی بۆ لاواز کردن و پووچەڵ کردنی کلتوور و زمانی باقی نەتەوەکانی جۆغرافیای ئێران داوە و لە سەرووی هەموانیشەوە زەخت و گوشارێکی زیاتر و ڕەشتری لە سەر کورد تەرخان کردووە. خومەینی لە خۆڕا نەیدەگوت: «ئێمە لەگەڵ کورد شەڕ ناکەین، بەڵکوو لەگەڵ کافردا دەجەنگێین». ئەو جۆرە دروشمانە تەنیا بۆ کورد دانراوە. چونکە خەباتی کورد شێلگیرانەتر و نەپساوە بووە، هەر بۆیە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کوردستان گوتاری میلیتاریزەی ڕێژیم بوە.

تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەوڵی داوە لە باری دینداری و دین باوەڕییەوە ناوچەی کوردستان وەک دین خوازێکی فەناتیکی کۆنە پارێز دەست نیشان بکات و لە ڕێفلێکس و پەرچە کرداری بووندا گەلێکی بناژۆخوازی شەڕانگێز و توندئاژۆی لێوە دیار بێ. ئەگەر چاوێک بە جۆغرافیا و باڵای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بنەخشێنین، دەبینین سێ ڕەوتی ئیسلامی هەڵسووڕن و سەیر ڕیشەشیان داکوتاوە. جێی ئاماژەیە هەر لایەنێک لە ناوچەیەکدا خەریکی چالاکین:

**١** یەکەم لایەن ڕەوتی ئەحمەدی موفتی زادەیە بە ناوەندی شاری سنەوە. هەموو دەزانین ئەو ڕەوتە کە بە کاک ئەحمەدی یان بە موفتی زادەیی دەناسرێن هەر لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ وە بە کردەوە ئەکتیڤن. ئێستا ئیدی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای سنەی قارەمان لایەنگرانێکی زۆریان هەیە، بوونەتە دوو بەشی جیاواز. بە داخەوە هەر خۆ لە قەرەی چەمکی نەتەوەیی و کورد بوون نادەن و بە ڕوونی دەڵێن کێشەی سەرەکیی ئێمە و هەموو لایەک کێشە و گرفتی ئایینی و ئایینزاییە. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە جیا لە خەڵکی بازاڕ و ئاسایی بەشێکی بەرچاوی مامۆستایانی قوتابخانەی لە خۆ گرتووە و ئەم سیاسەتە دەتوانێ کاریگەریی توندی لە سەر منداڵانی قوتابخانە هەبێ.

**٢** جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، لە سەر دەستی ناسری سوبحانی دامەزراوە و هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، عەبدولڕەحمانی پیرانی خەڵکی ڕوانسەر ڕێبەرایەتیی دەکات. لە ئەساسنامەی (جەماعەتدا) هیچ ئاماژەیەک بۆ نەتەوە و کێشەی نەتەوایەتی و کورد بوون نەکراوە و بەرژەوەندیی دەسەڵاتی تاران لەسەرووی ئیش و کاریاندایە، چونکە لە ئەساسنامە و لە بەیاننامەی کۆنگرەی چواریاندا، بە ڕوونی جەخت لە پاراستنی دەسەڵات دەکەنەوە و خۆیان بە ڕێفۆرمیست دەناسێنن. ئەم تاقمە زۆرتر لە ناوچەی مهاباد و بۆکاندا چالاکن بە تایبەت مهاباد و باقی شارەکانی دەورووبەر و هەر لەم دواییانەشدا لە مەهاباد دوایین کونگرەی خۆیان بەست. لە مانیفێستی دەعوەت و ئیسلاحدا سێ خاڵ بەرجەستە کراوە: ئیسلامخوازی، مرۆڤ سالاری و ڕیفۆرمیستی بوون.

ئەم ڕەوتەش هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی و زمانییان نییە! لایەنگران و ئەندامانی ئەم جەماعەتەی دەعوەت و ئیسلاح بەشێکیان پزیشک و دوکتورەکانن بە ئەندامەتیی خەڵکی ئاسایی و جۆراوجۆرەوە. پارە و دراو بە ئاشکرا لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیان دابین

دەکرێ.

۳ لایەنی سێهەم دەکەوێتە خوارووی کوردوستان وبە ناوەندایەتیی سەلاسی باوەجانی. ئەم ڕەوتە بە ڕەوتی سەلەفییەت و توند ئاژۆ دەناسرێن و بەشێکی بەرچاوی ناوچەی کرماشان لە خۆ دەگرێت، بە تایبەتی ناوچەی سەلاسی باوەجانی و دەوروبەر، کە پێک هاتوون لە ئایینزای سوننی، لایەنگری لەو ڕەوتە دەکەن. هەڵبەت جێی ئاماژەیە لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەم و زۆر لایەنگر و ئەندامی چالاکیان هەیە. زۆر مامۆستای لاو لە زۆربەی دێهاتەکانی بەربڵاوی کوردستان بە چڕی پڕۆپاگەندە بۆ ئەو ڕەوتە سەلەفییە دەکەن.

بەڵام ئەم ڕەوتانە بۆ پێک هاتوون و مەبەست لە ڕێکخستنیان دەبێ چی بێ. بۆ چی ڕاست لە ناوچە جێ ئاژاوە و سوننییەکان دامەزراون وەک کوردستان و بلووچستان .

۱ دامەزرانی ئەم ڕەوت و لایەنانە لە کوردستان بۆ بەش بەش کردن و بە لاڕێدا بردنی وزە وهێزی نەتەوەخوازیی گەلی کوردە. تاکوو یەکدەست و یەکگرتوو نەبن و هەر یەکەو لە ئاوازێک بنوڕێن. چونکە کورد بە پێی نەریتی دێرین هەمیشە لە خەباتدا شێلگیر بووە، بۆ ئەوەی تین و ئاگری گەرمی نەتەوایەتی نوشووستی بێنێ و کەمتر لە بیری چالاکیی سیاسی و کورد بووندا بن، هەر بۆیە لە ئەساسنامەی هیچ کام لەو ڕەوتانە کێشەی نەتەوەیی جێگایەکی ئەوتۆی نییە. سەیر ئەوەیە نەتەوەی باڵادەست و حاکم بە ڕوونی باس لە چارەی نەتەوەیی و جەخت کردن لە پاراستنی بەها نەتەوایەتییەکانی فارس دەکەن. عەلی شەریعەتی وەک تیئۆریسێنی ڕەوتی شیعیسم لە کتێبی «دووبارە ناسینی شوناسی ئێرانی ئیسلامی»دا بە ئاشکرا و بە ڕوونی باس لە پاراستن وپەرەپێدانی نەتەوە و مەزهەبی ئێرانی «شیعە»دەکات و بە دوو تای تەرازوویان دەقەبڵێنێ و دەڵێ گەڕانەوە بەرەو شوناسی نەتەوە و قەوم ئۆمانیستییە و دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ. بەڵام بۆ گەلی کورد و باقی نەتەوە بندەست و ماف خوراوەکانی ئێران بقەیە و کوفرێکی نەبەخشراوە و حوکمەکەشی «موفسیدول فیلئەرزە».

۲ ئاشکرایە ڕێژیم باش دەزانێ کورد ئەگەری گەیشتن بە مافەکانی لە ئارادایە، ئەگەر وەها دۆخێک ڕەخسا چی لەوە باشترشەڕی نەتەوەیی و ئایینی هەڵگیرسێت و دوژمنایەتییەکی قوڵ دەست پێ بکات.

وەختایەک ڕەوتی سەلەفیەتی فەندەمینتاڵی سوننی لە پەناگوێی کرماشانی زۆرینە شیعەدا چالاک دەکرێ و پڕۆپاگەندەی دژی شیعە و یارسان و باقی ئایینەکانیتر دەکرێ، دیارە هەوڵ بۆ شەڕی ناوخۆ و ئۆتووتالیتەی کۆمەڵگای کوردی خۆش دەکرێ.

لەم دۆخە هەستیار و مەترسیدارەدا ئەرکی مامۆستایانی ئایینی زۆر قورس و بەرچاوترە و ئەوان دەبێ ئەو مەترسییە بە گیان و بە دڵ هەست پێ بکەن و دژبەری ڕاوەستن و ئانتی تێزی خۆیان دەستنیشان بکەن. هەموو لایەک دەزانین کە کوردستان سەدان ساڵە توانیویەتی ئایین لە گەڵ کلتووری خۆیدا بگونجێنێ و هیچ ناتەباییەکیشیان لە نێواندا نەبووە. ئەم سەردەمە بە جۆرەها ڕەوت و پارتی ئیسلامی بە تەمای ئاژاوە و دوو بەرەکی نانەوەن و دەبێ ماکە و سەرچاوەی ئەو ڕەوتانە سەرکۆنە بکرێن تاکوو داهاتوویەکی ڕوون و ئاسۆیەکی گەش دیاری و خەڵاتی گەلی کورد بێ.

## ژێدەر


[۱]. جهانی شدن و جهان سوم / عبدالعلی قوام.

[۲]. بازشناسی هویت ایرانی اسلامی/ علی شریعتی.

[۳]. از مدرنیسم تا پست مدرنیسم : لارنس کهون / مترجم: عبدالکریم رشیدیان.

[۴]. عقل سیاسی ایرانی و هویت خواهی کردها / هێرش قادری.

# ژینۆسایدی کورد

**جەواد دانش پەژوو***

کۆمەڵکوژییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە
دوو هۆی مەزهەبی و قەومی کراون و دەبێ
بە پێی «کۆنوانسیونی قەدەغە کردن و سزادانی
جینایەتی کۆمەڵکوژی» ڕێکخراوی نەتەوە
یەکگرتووەکان پێناسە بکردرێن و بەدواداچوونیان
بۆ بکرێ

به ئاورێکی کورت لە مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەلکوژی، بەدرێژایی مێژوو لە شـوێنە جیاوازەکانی سـەر گـۆی زەوی، روویداوە و رێژیمە دیکتاتۆرەکان، لەلایەک بۆ پاراسـتنی دەسـەلاتی خۆیان و لە لایکی دیکە بۆ لە ناو بردنـی کۆمەڵانی خەڵک، لە ژێر ناوی دین و نەتەوە، دەستیان داوەتە کوشتاری بە کۆمەڵ و لەو پێناوەدا دەیـان میلیۆن کەس گیانان لەدەست داوە و مالیان بە تالان براوە.

شـەڕی نێوان دین و ئایینە جیاوازەکان، وەک شـەڕی مەسـیحییەکان لـە دژی موسـوڵمانان، ناسـروا بە شەڕی»سـەلیبی«، سی ساڵ شـەڕی نێوان ئایینە جیاوازەکانی مەسیحی، کوشتاری یەهودییەکان بە دەست موسوڵمانەکان و ئاڵمانییەکان و، کۆمەلکووژیی ئەرمەنییـەکان لە تورکیـە، چەند وێنەیەکی دزێو لە کۆمەلکووژیی مێژوون. لە سەردەمی هاوچەرخیشـدا دەتوانین ئامـاژە بکەین بە کوشتاری بۆسنییەکان بە دەستی سێربییەکان لە سـالانی نێوان ١٩٩٢ تا ١٩٩٥، کە تێیدا زیاتر لە دووسەد وپەنجا هەزار کەس گیانیان لەدەسـت دا. لە رووئاندا زیاتر لە هەشتسەد هەزار توتسـتی، تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا لە ساڵی ١٩٩٤ قەتڵوعام کران و پێناچی ئەو کۆمەڵکوژیانە بەم زووانە کۆتاییان پێبێ.

لە دوای شـەڕی دووهەمـی جیهانی و سیاسەتی ولاتی ئاڵمانی نازی بۆ لەناو بردنی یەهودییـەکان و هێرشـی هێزەکانی ئاڵمان بـۆ ولاتـی لەهێسـتان و قەتڵوعامی خەڵک لە ولاتـە ئوروپاییەکان، رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتۆەکان لە سـەر ئەساسـی پێشنیاری رافائێـل لێمکین(Raphael Lemkin)، یاسـا ناسـی لەهێسـتانی، بۆ بەرگـری کردن لە کۆمەڵکـوژی و سـزادانی جینایەتـکاران، یەکەم جار لە دێسامبری ١٩٤٦، بریارنامەی ژومار٩٦ی بۆ بە تاوان ناسـاندنی ژینۆسـاید لەئاسـتی نێونەتەوەییدا و دواجاریش لە٩ی دیسـامبری ١٩٤٨، کۆنوانسـیونی »قەدەغە کردن و سـزادانی جینایەتی کۆمەڵکوژی«ی پەسـەند کرد. ئەو کۆنوانسیۆنە، لە رێکەوتی ١٢ی ژانویەی ١٩٥١، کەوتە بواری جێبەجێ کردنـەوە. بە پێی ئـەو کۆنوانسـیۆنە هەمو دەوڵەتانـی ئەنـدام، چ لەکاتی ئاشـتی و چ لەکاتی شـەڕدا، کۆمەڵکوژی، وەک تاوانێکی نێونەتەوەیی چاو لێدەکەن و پێشـگیریی لێ دەکەن و تاوانباران بە سزا دەگەیەنن. هەروەها بریار درا کە ولاتانی ئەندام لە کۆنوانسـیۆن، ئـەو بریارە بۆ پەسـەند کـردن و جێبەجێ کردنی ببەنە شـوینی بریاردانی ولاتەکانیان، کە بەداخەوە تا ئێستاش ئەم ئەرکە جێبەجێ نەکراوە.

بە پێی مـادەی دووەمی کۆنوانسـیۆن، کۆمەڵکوژی بە هەمو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگوترێ کە بە مەبەستی (نییەتی) لەناوبردنی بەشێک یا دەستەیەکی میللی، قەومی، نژادی یا مەزهەبی بێتە ئاراوە.

١ کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک.
٢ زیان پێگەیاندنی جیددی جەسـتەیی یا رووحی بە کۆمەڵێک.
٣ خسـتنە ژێر گوشار و پێکهێنانی ژیانێکی نالەبار بـۆ کۆمەڵێک کە ببێتـە هۆی لە ناو بردنی توانای جەسـتەییان بە شـیوەیەکی گشتی یا بچوک.
٤ پێشگیری لە زاوزێ لە کۆمەڵێکدا.
٥ راگواسـتنی بە زۆری منالان لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی دیکە.

## لەمەڕ کۆنوانسـیۆن و ئەو پێنج خاڵەی سەرەوە کە «ژینۆساید» پێناسە دەکات، پێویستە ئاماژە بە چەند مەسەلە بکرێت:

### یەکەم

پەسـەند کردنی ئەو کۆنوانسـیۆنە لە لایەن رێکخراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانەوە، یەکەم و گرینکتریـن هەنـگاو لە پێناو پاراسـتنی مەوجودییەتـی قەوم، نەتـەوە و کەمایەتییە

مەزهەبییەکانە. هەر چەند ئەو کۆنوانسیۆنە و دادگای نێونەتەوەیی، دەگەڵ هێندێک گیرو گرفت بەرەورووییە، بەڵام ئەو دادگایە، توانیویەتی لەو ماوەیەدا هێندێک هەنگاوی زۆر گرینگ لە پێناو پاراستنی کەمە نەتەوە و مەزهەبەکان و هەروەها دادگایی کردن و بەسزا گەیاندنی جینایەتکاران هەڵێنێتەوە.

## دووهەم

خاڵێکی گرینگی دیکە لەو پێوەندییەدا کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، مەسەلەی سزادانی جینایەتکاران لە ئاستی نێونەتەوەییدایە. دەزانین کە زۆربەی کۆمەڵکوژییەکان، بەدەستی کاربەدەستان و دیکتاتۆرەکان جێبەجێ کراون و کۆمەڵانی خەڵک توانای بەربەرەکانی و موجازاتی جینایەتکارانیان، (کە لە ڕاستیدا هەمان دەسەڵاتدارەکانن) نییە و چاوەڕوانی سزادانی تاوانباران بە دەستی خۆیان دوور لە هەر چەشنە مەنتیق و لە ڕاستیدا پارادۆکسە. سەرەڕای ئەمانەش دەزگای قەزاییی ئەو وڵاتانە، نەتەنیا سەربەخۆ لە حکوومەت نین، بەڵکۆ بۆخۆیان بەشێکن لە حکوومەت و زۆر جار دەستی باڵایان لە قەتڵوعامی خەڵکدا بووە.

> **کۆمەڵکوژی تەنیا کوشتنی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو لەناو بردنی کۆمەڵێک خەڵک لە ژێر ناوی دین و قەوم، بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە پێی پلان، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ماوەیکی دووروودرێژدایە**

لەو پێوەندیەدا پێویستە لە سەر بابەتێکی دیکەش بوەستین. ئێمە دەزانین کە کوشتاری بەرفراوانی خەڵک، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە سەرانسەری کوردستان و بە تایبەتی قەتڵوعامی گوندنشینەکان، لەباری تواناییەوە ناتوانێ کاری تاکە کەسێ بێت. کەوابوو ئەو جۆرە کوشتارانە بە بێ هێزێکی بەرفراوانی نیزامی، ڕێکخراوەیی، ماڵی و ئینسانی بەتایبەتی سیاسی جێبەجێ ناکرێت. ئەو ڕاستییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕێژیم لە تەواوییەتی خۆیدا لە پشتی ئەو کارەساتانەیە. کەوابوو چۆن دەکرێ ڕێژیم یان دەوڵەت کە خۆی عامیلی ئەو قەتڵوعامانەیە خۆی دادگایی و محاکەمە بکات؟

سەرەڕای ئەوانەش، دەبێ ئاماژە بەو خاڵە لاوازەی ئەساسنامەی دادگای نێونەتەوەییی لاهەش بکرێ کە دادگا ناتوانێ کەسایەتیی یاسایی، بەڵکوو دەتوانێ تەنیا کەسایەتی حەقیقی دادگایی بکات. ئەوە بەو مانایەیە کە کەسانی وەک ڕەفسەنجانی کە لە پۆستی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، پلاندارێژەری تیرۆرەکان بووە، یا خەلخاڵی لە پۆستی حاکمی شەرع کە هەزاران لاوی ئێعدام کردووە، دەکرێ تەنیا وەک کەسایەتیی حەقیقی دادگایی بکرێن.

دادگایی کردن و سەرئەنجام سزادانی تاوانباران تەنیا کاتێک مومکینە کە حکومەت بە هەر هۆیەک برووخێ و تاوانباران بکەونە دەستی دەزگای سیستمی تازە پێکهاتووی قەزاییی بێ لایەن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە دادگایی کردنی سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق و حوسنی موبارەک، سەرۆک کۆماری پێشوی میسر بکرێ. بەڵام ڕادەی ڕووداوی لەم جۆرە لە ژومارەی قامکان تێناپەڕێ.

بەو هۆیەوە پێکهێنانی دادگای نێونەتەوەیی سزایی لە ساڵی ١٩٩٨دا، خاڵێکی زۆر گرینگ بوو. ئەو دادگایە توانی ٢٢ کەس لە ئاڵمانییە نازییەکان، بە تاوانی «جینایەتی شەڕ»سزا بدات و هەروەها سلۆبۆدان میلۆشۆویچ، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی سێربستان، بکێشێتە دادگا. هەر لەو پێوەندییەدا دەسەلاتدارانی سودان لە سەرەتای مانگی فوریەی ٢٠٢٠ ڕایانگەیاند

که عومەر حەســەن بەشیر، سەرۆک کۆماری پێشــوی ئــەو وڵاتــە، ڕادەســتی دادگای نێونەتەویی لاهە دەکەن.

### سێهەم

بــە پێی کۆنوانســیۆن و ئەساســنامەی ڕۆم بــۆ تاوانی «ژینۆســاید»، دەبــێ تاوانباران بە مەبەســتی لەناوبردنــی کۆمەڵێــک یا خود بەشــێک لەو کۆمەڵــە، خەڵکیــان قەتڵوعام کردبێت. بە بێ ســەڵماندنی ئەو مەبەســت و نییەتــە، هیــچ تاوانێک وە ک ژینۆســاید پێناســە ناکرێ و تاوانبــاران، دەکرێ وەک تاوانباری شــەڕ بناسرێن بەڵام نــەوەک تاوانباری ژینۆســاید. ئەگــەر تاوانبــاران، تەنانــەت یەک کەســیش بەمەبەســتی لەناو بردنی کۆمەڵێک بکووژن، دەکرێ وەک ژینۆساید بناسرێ. کەوابوو بۆ پێناسە کردنی تاوانی «ژینۆساید»، نییەتی تاوانباران بۆ لەناو بردنــی کۆمەڵێکی میللی، قەومی، نژادی یا مەزهەبی، یان بەشێک لەوان گرینگە.

پرســیار ئەوەیــە کە چۆن دەکرێ ئەو نییەتە بسەلمێندرێ؟ ڕاســتییەکەی ئەوەیە کە کەس بە دڵخــواز دان بەو تاوانــەدا نانێت، چونکە ســزای تاوانی «ژینۆســاید»، زۆر لە ســزای «جینایەتی شەڕ» قورسترە. بۆ سەلماندنی ئەو تاوانە پێویستە دادســتان، پشت بە فاکتۆری جۆراوجۆری وەک ڕادە، چۆنیەتی و شــوینی کوشــتار، کوشــتاری خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع، مێتودی کۆمەڵکوژییەکان و بەتایبەتی چەکــی بەکار هێنراو و بەگشــتی هەر جۆرە بەڵگەیەک کە دەتوانێ نیشانەی ژینۆساید بێ، ببەستێ. ئەوە ئەرکێکی زۆر گرینگ و قورسە کە بتوانرێ تاوانی ژینۆساید بە سەر تاوانباران بسلمێندرێ.

ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی کوشــتاری کورد لە باشووری کوردستان هەڵســەنگێنین، دەکرێ ئاماژە بە چەند فاکتۆری گرینگ بکەین کە بە پشــت بەســتن بەوان، دەتوانین تاوانەکانی ڕێژیمی بەعــس بەرامبــەر بــە کــورد، وەک تاوانی «ژینۆساید» پێناسە بکەین. ئەو فاکتۆرانە نیشان دەدەن کە ڕێژیمی بەعس، بە پێی پلانێکی لە پێش داڕێژراو، لە ماوەیەکی دوور و درێژ و بە شێوەیەکی سیســتماتیک، بە مەبەستی لەناو بردنی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان، خەڵکی قەتڵوعام کــردووە. بۆ وێنە دەتوانین ئامــاژە بە ڕفاندن و لەناو بردنی بارزانییەکانی تەمەن لە ١٢ساڵ بــەرەو ژوور لە ســاڵی ١٩٨٣، کیمیابارانی گوندەکانی بالیسان و شــێخ وەسان، خاپوور کردنی زیاترلە ١٧٠٠ گوند و هەروەها قەتڵوعامی زیاتر لە پینج هەزار کــەس لە شــاری هەڵەبجە بە بۆمبارانی شیمیایی، بکەین.

> دادگایی کردن و سەرئەنجام سزادانی تاوانباران تەنیا کاتێک مومکینە کە حکومەت بە هەر هۆیەک بڕووخێ و تاوانباران بکەونە دەستی دەزگای سیستمی تازە پێکهاتووی قەزاییی بێ لایەن

قەتڵوعامــی خەڵکی کورد بە مەبەســتی لەنــاو بردنیان، تەنیا بە عێراق نەوەستاوە و ئەو پرۆسەیە ساڵانێکی دوور ودرێژە لــە لایــەن حکومەتەکانی زاڵ بەسەر بە کوردستان، بە پلان و بە شێوەیەکی سیســتماتیک و لــە هەمــوان گرینگتر بە مەبەســتی لەناو بردنی ئەو کۆمەڵە(نەتەوەیە) جێبەجێ دەکرێ. باسی هەمووی ئەو پرۆسانە لە کوردســتانی باکوور و ڕۆژئــاوا لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە، بەڵام بە پێویســتی دەزانم، زۆر بە کورتی ئامــاژە بە چەند وێنەیەک لەو ڕووداوانە لە کوردســتانی ڕۆژهەڵات بکەم کە دەتوانرێ لە چوارچیوەی تاوانی «ژینۆساید»دا، لیکدانەویــان لەســەر بکــرێ. ئێعدامــی بە کۆمەڵی لاوانی کورد بە دوای ســەرکەوتنی شۆڕش لە ســاڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لەوان

ئێعدامی دوو دەستەی ٥٩ و ٣٨ کەسی لە لاوانی کورد لە ساڵی ١٣٦٢لە شاری مەهاباد، قەتڵوعامی گوندنشینەکان، تیرۆری تاک و بە کۆمەڵ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کوشتن و ئێعدام، زیندانی کردن و شکەنجەی چالاکانی مەدەنی و ژینگە و هەروەها کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران تەنیا بەشێکن لە کوشتاری کورد.

## چوارەم

خاڵی لاوازی ئەو کۆنوانسیۆنە ئەوەیە کە کۆی ئەو پێنج ماددەیە، تەنیا سەرنج دەداتە باری فیزیکییەوە و هیچ ئاماژەیەک بە بواری پاراستنی زمان و کولتوری نەتەوەکان ناکات و هەروەها کۆچی بە زۆرەملێ تەنیا بە منداڵان دەبەستێتەوە. پرسیارێکی کە لەو پێوەندییەدا دێتە گۆڕێ، ئەوەیە کە کۆچی بەزۆرەملی بەشێک لە نەتەوەیەک وەک کورد کە زیاتر لە ١٢٠٠٠٠٠ کەسیان لە کاتی شەڕی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، بۆ ناوچەی خۆراسان گوێزراونەتەوە دەکەوێتەوە کام خانەوە؟ لە بابەت زمان و کولتوور کە لە ڕاستیدا بەردی بناغەی هۆویەت و ناسنامەی گەلێکە و بە هۆی پەراوێز خستنیان لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوە، بە ناوی دەوڵەت-میللەت یەکێکی دیکە لە کەموکورییەکانی ئەو کۆنوانسیۆنەیە و پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدرێ.

## کورد و کۆمەڵکوژی

خەڵکی کوردیش بەداخەوە بە درێژایی مێژوو لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەورووی کۆمەڵکوژی و کۆچی بەزۆر بووتەوە. لە کاتی شەڕی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤، زیاتر لە یەک میلیۆن وسێ سەد هەزار کورد بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی ناوچەی کوردستان، بەرەو ناوچەی خۆراسان گوێزراونەتەوە و جێگایان بە ئازەرییەکان پڕ کراوەتەوە. کۆمەڵکوژیی کوردەکان لە ناوچەی درسیم بە دەستی حکومەتی تورک، بۆمبارانی شیمیایی حەڵەبجە لە لایەن حیزبی بەعسەوە، ڕفاندن و بێ سەروشوێن کردنی نیزیک بە هەشت هەزار بارزانی و وێران کردنی هەزاران گوند، نموونەیەکی بچووکن لە نەهامەتییەکانی کورد و بە کۆمەڵکوژکردنیان. داعش لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ هەم بە تاوانی کورد بوون و هەم بەتاوانی ئێزدی بوون، هێرشی کردە سەر ئێزدییەکان. هەر لە شەوی یەکەمی هێرشەکە، زیاتر لە ١٨٠٠ کەس کوژراون، ٤٠٠ کەس لە گوندی کوچو زیندەبەچاڵ کراون و زیاتر لە ٣٠٠٠ کچ، ژن و منداڵیان دەگەڵ خۆیان بردووە و وەک کۆیلە، هێرشی جینسیان کراوەتە سەر و فرۆشراون.

## کۆمەڵکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە دوای سەرنەکەوتنی وتووێژەکان لە نێوان نوێنەرانی کورد و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و پاش فتوای خومەینی لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، هێرش کرایە سەر کوردستان و شەڕ دەستی پێکرد. دوو حەوتو دواتر بە فەرمانی خومەینی هێرش کرایە سەر ٤٠ گوندی کوردستانی سەر بە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، مهاباد، ورمێ، پیرانشار و سنە. لەو هێرشانەدا بە پێی ئامارەکان ٣٠٤ کەس لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر و پەککەوتە و تەنانەت کەمئەندامیش قەتڵوعام کراون. دەگەڵ ئەوەی کە بە پێی ڕاپۆرتی نێردراوی خومەینی، مەهدی بەهادوران، تاوانباران ناسێندران و لە کەسانی سەر بە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بوون، هیچ بەدواداچوونێکی بۆ نەکرا و تاوانباران هیچ لێپرسینەوەیان لێ نەکرا و پێشنیارەکانی مەهدی بەهادوران بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانباران و هێور کردنەوەی بارودۆخەکە لەبەرچاو نەگیران و پشتگوێ خران. لە کۆی ئەم هێرشانەدا جیا لەو ٤٠

گوندەی کە قەتڵوعامیان تێدا کراون، لەسەر یەک ٣١ گوندی دیکەش سووتێندراوان و وێران کراون.

## لە پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵکوژیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پێویستە ئاماژە بە چەند مەسەلە بکرێ:

### یەکەم

کۆمەڵکوژییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە دوو هۆی مەزهەبی و قەومیی کراون و دەبێ بە پێی «کۆنوانسیونی قەدەغە کردن و سزادانی جینایەتی کۆمەڵکوژی» ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسە بکردرێن و بەدواداچوونیان بۆ بکرێ.

### دووهەم

بە پێی پێناسەی کۆمەڵکوژی لە مادەی دووهەمی «کۆنوانسیونی قەدەغە کردن و سزادانی جینایەتی کۆمەڵکوژی»، کۆمەڵکوژی تەنیا کوشتنی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو لەناو بردنی کۆمەڵێک خەڵک لە ژێر ناوی دین و قەوم ،بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە پێی پلان، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ماوەیکی دوورودرێژدایە. بەو هەڵسەنگاندنە، لەناو بردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسپێکی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تا ئێستا بە شێوەکانی قەلاچۆ کردنی گوندەکان، کوشتاری گوندنشینەکان، تێرۆر و ئێعدام کردنی لاوانی کورد، کوشتنی کۆڵبەران و هەروەها کوشتنی چالاکانی مەدەنی، دەکەوێتە خانەی کۆمەڵکوژییەوە وهەر لەو چوارچێوەدا دەبێ بەدواچونی یاساییی بۆ بکرێ.

هەر لەو پێوەندیەدا بە پێویستی دەزانم ئامارێکی کورت بخەمە بەر چاوی خوێنەران: لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٧ـەوە تا ئێستا، ٢٤٨٥ لاوی کورد بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێعدام و تێرۆر کراون، لە وانە ١٤٨ کەسیان ژن و ٦٠ کەسیان ژێری ١٨ ساڵ بوون.

هەر لەو ماوەیەدا، لەسەر یەک ٥٦٩ کەس تێرۆر کراون و لەوانە بەداخەوە ٤٤٨ کەسیان گیانیان لەدەست داوە. بەشی زۆری تێرۆرەکان واتا ٢٨٧ کەس لە کوردستانی باشور تێرۆر کراون.

### سێهەم

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە قەتڵوعامی گوندنشینەکان لە ناوچەکانی هاوسنووری ناوچە ئازەرینشینەکانی وەکوو مهاباد، نەغدەدە، شنۆ و ورمێ ڕوویانداوە، پێویستە ئاگاداری پلانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران، بۆ ئاژاوەنانەوە لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەری بین و زۆر بە وردبینانە، پلانی دەوڵەت لەو پێناوەدا پووچەڵ کەینەوە.

*. دوکتۆرای زانستی پەروەردە

## پەراوێز

[١]. ئیعدامی بەکۆمەڵ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەکوو سەقز، سنە، پاوە، مەریوان، بۆکان و مهاباد ڕوویان داوە. باسی ئەو دوو ئیعدامە بە کۆمەڵانەی مهاباد تەنیا بە هۆی ڕادەی زۆری ئێعدامکراوەکان لە کاتێکی کورتدا بۆە.

## سەرچاوەکان


[١]. عزیزی، ستار: حمایت از موجودیت اقلیتها در پرتو مجازات مرتکبان ژینوساید در رویه قضائی بین المللی، ص ١٢٩.

[٢]. نوریزاده (سام. آ). کنوانسیون منع و مجازات کشتار دستەجمعی (قتل عام).

[٣]. ژینۆساید لە عێراقدا. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد. وە رگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محمد سالّح تۆفیق، سلێمانی ٢٠٠٤، صفحە ٥٢.

[٤]. سنندجی، سعید: بە سادگی همە نسل کشی‌ها. وب سایت ایران گلوبال. گروە اینترنتی فرهنگ و گفتگو. http://www.iranglobal. info

[٥]. بهادران، مهدی ٥٨/٦/٢٤، کیهان ١٣٥٨/٦/٢٦.

[٦]. محمد ابراهیمی: اساسنامە دیوان کیفری بین المللی، اساسنامە رم.

[٧]. سعید ک الف: عناصر ژنوساید و توسعە مفهوم عدالت کیفری بین المللی.

# دۆخی ژنان لەڕێکخراوە ئیسلامییەکانی سەردەمدا

**ماردین هەورامی**

”

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا بەدی ناکرێن کە شایەد هۆکارەکەی بۆ بەرتەسک کردنەوەی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بگەڕێتەوە. بەهۆی مەترسیی گیر و گرفت، ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیدا ڕێگەیان پێ نەدراوە بەڵکو لە ئاستی بەدەنەدا و بۆ کار و چالاکیی دیاری کراو ڕێکخستنیان بۆ کراوە

“

فێمێنیزم وەک فەلسەفەیەکی ژنانە پێویستە لە لایەن پیاوانەوە بە هێند وەربگیرێ و بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. ئەگەر پیاوان لە بواری ڕۆشنبیریی ژناندا یارمەتیدەر نەبن، ئەوا هەم ژنان تووشی سەرگەردانیی سیاسی و دڵساردیی هزری و کۆمەڵایەتی ئەبنەوە و هەم هەر وەک مارکس گوتەنی «لە کۆیلەکردنی ژناندا هیچکەس بە ئەندازەی پیاوان خەسارمەند نابێ». لە کوردستاندا سێ ڕەوتی فێمێنیستی هەیە. بەهۆی ئەوە کە ئەو ڕەوتانە لە ژێر چەتری ئایدۆلۆژیای سیاسی و فیکریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادان، هەندێک جار دژایەتی و هەندێک جار هاوپێوەندی و هاریکاری لە نێوانیاندا دروست ئەبێ.

**فێمێنیزمی دینی:** بەشی هەرە زۆر و شاراوەی ژنان سەر بەڕەوتی ئایینخوازانی کۆمەڵگان و بە حوکمی ئەوەی کە پێڕەوانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان زۆرینەن، فێمێنیزمی دینی پشکی لە هەمووڕەوتەکان زیاترە.

**فێمێنیزمی لیبراڵ:** ئەو ڕەوتە لە کوردستاندا بریتییە لە ژنانی سەر بە ئەحزابە دێموکرات و سیکۆلارەکان و هەروەها ژنانی خوێندەوار و ئاکادیمی و سەربەخۆ پێکهێنەری پەیکەرەی ئەوڕەوتەن.

**فێمێنیزمی مارکسی:** ئەو ڕەوتە فێمێنیستییە، بریتییە لە شوێنکەوتووانی ئەحزابی چەپ و مارکسی. بەهۆی خوێندنەوەی مارکسیانە سەبارەت بە پرسی ژنان ڕادیکاڵترن. ئەو ڕەوتە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمینەن و لە گشت کوردستاندا تەنیا لە پەکەکەدا چالاکن.

## ژن و ئیسلامی سیاسی:

ئامانجی ئیسلامی سیاسی، ڕەچاوکردنی سیاسەتی ئیسلامییە؛ بەڵام جیاوازیی نێوان ئیسلامی سیاسیی ئەم سەردەمە و ئیسلامی نەریتی زۆر بەرچاو و ڕوونە. ئیسلامی سیاسی بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە بە شێوەی سیستماتیک خەریکی ڕێکخستنی ژنانە و بە ڕێژەی بەرچاو کەڵکی لە ژنان وەرگرتووە. لەڕابردوودا ئیسلامی «چوار مەزهەبە»، لە سەر بنەما دینییەکان گرنگیی تایبەتی بە پرسی ژن داوە، بەڵام وەکوو ئیسلامی سیاسیی ئەو سەردەمە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و چەکدارییان بۆ ژنان نەکردووە. بەپێی داتاکان، سروشتی ژن بە پێچەوانەی پیاوان نەرم و نیان و میهرەبانترە هەر بۆیە لە ڕەوت و پرۆسەی سەرهەڵدانی دینەکاندا و لە جەرگەی شەڕی ئیمپراتۆر و تەنانەت هۆزەکاندا، کەمترین بەشدارییان هەبووە. «بە بۆچوونی داڤید کۆک، ژن لە سەردەمە کۆنەکاندا فرە بە کەمی لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەکان بوون، بەڵام ئەوان زۆر جار تەنها ڕۆڵی یارمەتی گەیاندنیان بینیوە لە جەنگەکاندا» (ماجد خلیل، ئیسلامی سیاسی و ئیسلامییەکانی کوردستان، ل ٥٢).

بە خوێندنەوەی مێژووی ئەدیان و دەسەڵاتە سیاسییەکانی ڕابردوو، بۆمان دەرئەکەوێ کە ژنان بە ڕێژەیەکی کەم بەشداری شەڕەکان بوون و کوژراون. شەهیدانی ژن لە ئیسلامدا دەگمەنن و بە ئەندازەی قامکەکانی دەستن. هۆکاری گرنگیدان بەو بابەتە ئەوەیە کە هەتا ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا زیاتر بێ، مەترسیی توندئاژۆ و ڕادیکاڵ بوون زیاتر ئەبێ.

بێداریی ئیسلامی بە ئیلهام وەرگرتن لەڕیفۆرماسیۆنی مەسیحییەت و هەروەها لە دژی ئیسلامی نەریتی سەری هەڵدا و چاکسازیی کرد. سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و چاکسازیی دینی، خوێندنەوەی نوێ و جیاوازیان لە پرسی ژن نەکردووە و تەنانەت ڕێکخستن بۆ بەشداریی ژنان لە پرۆسەکەدا نەکراوە. هاندەری سەرەکی بۆ بەشداریی ژنان لەڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا لەڕاستیدا بەشداریی ژنان لەڕێکخراوە غەیرە

دینییەکاندا بوو. «هاوکات هەوڵ ڕێکخراوەی تیرۆریستی کە ژنی لە پێناو نیازەکانیدا بەکار هێنـــا و ڕۆڵی جەســـوورانەی (بوێرانەی) دایە، ڕێکخراوێـــک بوو کـــە سروشـــتی کارکردنی، سروشتێکی سێکۆلار بوو» (هەمان سەرچاوە، ٤٩).

## بە دوو هۆکاری ســـەرەکییەوە، دەتوانین بەشـــداریی زۆری ژنـــان لەڕێکخـــراوە ئیسلامییەکاندا وەک مەترسی بنرخێنین:

**یەکەم:** بەشـــداریی ژنان ڕۆحیە و ورەی زیاتر ئەداتـــە پیـــاوان و ئەوانیش لـــە ڕەوتی کار و چالاکییەکانیانـــدا چالاکتـــر ئەبـــن. **دووهەم:** بەشـــداریی ژنان لە گرووپە ئیســـلامییەکاندا لـــە ئاســـتی ســـەرکردایەتی نییـــە و بەهۆی ڕوانیـــن و خوێندنەوەی پیاوەهەندانە، ژنان لە ئاســـتی خوارەوە و کاری چەکداریدا کەڵکیان لـــێ وەردەگیرێت. لەو گرووپانـــەدا ڕۆڵی ژنان ڕۆبۆتیکە و هەروەها هیچ ماف و یاسایەکی نوێ و سەردەمیانە دەرحەق بە ژنان ڕەچاو ناکرێ. باسکردن لەسەر پرســـی ژنان لە ئیسلامدا بە گشـــتی دەبێ ڕاســـتبێژانە و بەئینسافانە بێت. شـــرۆڤەی دۆخی ژنان پێش و پـــاش هاتنی ئیسلام، شـــرۆڤەی ڕادیکال و تاک ڕەهەندییە فێمێنیســـتییەکان، دەکێشـــێ بە تەنگەژەدا. بـــۆ نموونە بەر لە هاتنی ئیســـلام لە هەندێک ناوچەی عەرەبســـتاندا کچان زینـــدە بەچاڵ ئەکران، بەڵام دوای ســـەرهەڵدانی ئیســـلام، ڕیفۆرمێکـــی گـــەورە لە دۆخـــی ژناندا پێک هات. دوای فەوتی پێغەمبەر (د.خ) بەشـــێکی زۆر لـــە فەرموودەکانـــی پێغەمبـــەر (د.خ) لە زمانی حەزرەتی عایشـــەوە وەرگیراوە، ئەوەش نیشانەی بەرزبوونەوەی شکۆی ژنان و جێگای متمانەبوونـــی بە ژنە. یـــا ئەوەیکە لە مێژووی ئیســـلامدا ناوی دەیان ژنـــی بەناوبانگ وەک ڕابیعـــەی عەدەوی ، ڕابیعە شـــامی و ... بەدی دەکرێ کە شـــان بە شانی پیاوان قۆناخ و پلە مەعنەوییەکانی تەسەوفیان بڕیوە و ....

سەرەڕای هەستیاری و گرنگیی بەشداریی ژنان لە گرووپە ئیســـلامییەکاندا، توێژینەوەی کەم سەبارەت بەو بابەتە ئەنجام دراوە. «بەهۆی کەموکورتیی سەرچاوە و ڕۆڵی ناسەرەکیی ژنان لە ڕەوتی کار و چالاکیی ئیســـلامی سیاسیدا، توێژینەوەکان باری زانســـتی بە خۆوە ناگرن» (هەمان ســـەرچاوە، ل ٤٥). ژنـــان بەهۆی ئەوەی لـــە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا، لە ئاســـت پیاواندا کەموکورتی نەهێنن، مەجبوورن ڕادیکاڵتر بن و لە ئاکامدا بـــە پەروەردەکردنێکی چەکداری لە بەشـــی سەربازی و تیرۆردا ڕێکخستنیان بۆ ئەکەن. ڕێژەی زۆری بەشداریی ژنان لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا گەیشـــتووە بە ئاستێک کە هەندێک لە خاوەنڕایـــان پێیان وایە کە «ژنان دایکـــی پەروەردەکردنی مەیدانەکانی جەنگن» (هەمان ســـەرچاوە، ل ٤٧) و ئەوە ژنانن کە پیاوان بۆ کاری تیرۆریســـتی هان ئـــەدەن. ئەوەی لە نێـــو داتاکاندا پیشـــان دراوە و لێکۆڵینەوەری لەبارەوە کراوە «لەساڵی ١٩٨٥وە تاکوو ئیستا سووچ و تاوانی سەرەکیی نزیکەی٣٤٪ تەواوی کردە تیرۆریستییەکان بەرۆکی ژنان دەگرێ » (هەمان سەرچاوە ل ٤٩)

بابەتێکـــی لـــەو چەشـــنە پێویســـتی بە توێژینـــەوەی زانســـتی و مەیدانـــی هەیە کە لە هەمـــوو بوارەکانی سیاســـی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ســـایکۆلۆجیکی و .... شـــرۆڤەی ئەو دیاردە نوێیە بکات. لێرەدا پێویســـتە ئاماژە بە بابەتێـــک بکرێ و ئەویـــش ئەوەیە کە هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان توندئاژۆ و تیرۆریست نیـــن و تەنانـــەت دژایەتیی قووڵ لـــە نێوان ڕەوتەکانی ئیســـلامی سیاسیدا بەدی ئەکرێ. لە ســـەدەکانی ڕابردوودا جیهانی ئیســـلام تا ڕادەیەک ڕەنگی ئینترناسیۆنالیستی پێوە دیار بووە و هەموو موسڵمانێک لە هەر ناوچەیەکەوە بیویســـتایە بێ هیـــچ بەڵگە و پســـوولەیەک دەیتوانـــی هەمووناوچە و وڵاتان ببڕێ و خۆی بگەیەنێتە حیجاز و فەریزەی حەج بەجێ بێنێ و بێ هیچ کێشـــەیەک بگەڕێتـــەوە بۆ وڵاتی خۆی. جیهانی ئیسلام لە چاخی ئێستەدا هەر

لــە ئەندۆنیزیاوە هەتا مەغریــب و مەراکیش، بێجگە لە سنوورە سیاسییەکان بەسەر گرووپ و ڕێکخــراوە ئیســلامییەکاندا دابــەش بوون. بە ڕێکخراوکردنی دینی ئیســلام لە چەندین دەیەی ڕابردوودا، ســەبارەت بە دین بەگشتی و هەروەها ســەبارەت بە نەتەوەکان و دونیای ئیمــڕۆ، لێکەوتەوە و دەرئەنجامــی ئەرێنی و نەرێنیی بەدواوە بووە.

## کوردستانی ڕۆژهەلات و ئیسلامی سیاسی:

لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات بــە دوو هۆکاری ســـەرەکییەوە وەک چالاکیــی دوو تەریقەتی نەقشــبەندی و قــادری بــە درێژاییی چەند ســـەدە لە کوردســـتاندا و هەروەهــا هەبوونی دەســـەڵاتێکی ناوەندخواز و ســـەرکوتگەر لە قەجەرەکان بەدواوە، ڕێگە نــەدراوە ڕەوتێکی نوێــی دیکە لە کوردســـتاندا ســـەر هەڵبدا. کەمینەبوونی ســـوننە لە ئێران و دراوسێتی و تێکەڵی لەگەڵ شـــیعەکان، جۆرێک هەراس و ترســـی لە دڵی مامۆستایانی ئایینی و خەڵکدا دروســـت کردووە کە بە شـــێوەی نەخوازراو، دۆخێکــی خودسانســـۆری بەســـەریاندا زاڵ ببێ. لە ناوخۆی ئێرانــدا، دوو ئایینی بابییە و بەهائییە، لە ســـەردەمی قەجەرەکاندا سەریان هەڵــدا، بەڵام لە کوردســـتان هیچ فیرقەیەک دروست نەبوو. هەرچەن لە ئاخر و ئۆخرەکانی قەجەرەکاندا، دەســـەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بە جۆرێک لائیک و غەیرەدینی بوو، بەڵام ڕەوتی شیعەگەری لە دوورەوە و لە دەرەوەی دەزگای دەســـەڵات ئــاگاداری کوردســـتان و ناوچــە ســـوننەکان بووە. مێژووی ئیســـلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دێرین نییە و کاک ئەحمەدی موفتیزادە و کاک ناسری سوبحانی پێشـــڕەوانی ڕەوتی نوێگەرین لە کوردســـتان. ســـەرهەڵدانی شۆڕشـــی گەلانی ئێران بوو بە دەرفەتێک بۆ خۆدەرخســـتنی نوێگەریی دینی (ئایینــی) لەڕۆژهەڵات. ئــەوەی کە ئەو ڕەوتە نوێیە پێوەندی و مامەڵەی لەگەڵ دەســـەڵاتی خومەینــی چــۆن بــوو؟ هەروەها هــەوراز و نشـــێوەکانی لە ماوەی ژیانی سیاسیدا چۆن و چین؟ باسێکی جیاوازە و دوورە لە مەبەستی ئەم وتــارە. ئــەوەی لێرەدا گرنگــە، ئاورێکی کورتــە لەسەرڕێکخســـتنەکانی ژنــان لە ژێر چەتری ڕێکخــراوە دینییەکاندا، لەو بوارەدا نە ســـەرچاوەی باوەڕپێکراو بە دەســـتەوەیە و نە ژنێکی سەر بەڕێکخراوەکان ئامادەی وتووێژن.

لەڕۆژهــەڵات بێجگە لە ڕێکخراوی خەبات و ســـپای ڕزگاری، ڕێکخراوە دینییەکانی دیکە لە ژێر چەتری کۆماری ئیسلامیدا مانەوە و بە شـــێوەی نهێنی و نیوە نهێنــی و بە هەندێک تێچـــووەوە درێژەیان بە چالاکیــی خۆیان دا. لایەنی موفیتزادە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی خاوەن هەڵوێســـتن و لە پرۆســـەی سیاسیی کۆماری ئیســـلامیدا (هەڵبژاردن) بەشـــداری ناکەن و بێجگە لە شوێنە فەرمییەکان هەمیشە ژنان و پیاوان جل و بەرگی کوردی دەپۆشـــن. (ئامۆژگارییەکانی کاک ئەحمەد بۆ ژنان. ل٨١) کۆماری ئیسلامی بەهۆی زاڵبوون بەسەر ڕەوتە دینییەکانــی (ئایینییەکانــی) ناوچەکەدا، بە وردی ئاگاداری ڕەوتەکانی ناوخۆی کوردستانە و بەو هۆیەوە فرە بە مەترســی بۆ سەر خۆی نازانێ. کۆماری ئیســـلامی بۆ خــۆی لە باری ڕووبەری خاک و حەشیمەتی شیعەوە لە ناوخۆ و دەرەوە، گەورەترین شۆڕشـــی ئیسلامییە لە سەدەی ڕابردوودا. «شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران پێگەشتووترین حەڵقە لە زنجیرەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی شاخەی دووهەمی هاوچەرخە» (جنبشهای اسلامی معاصر، ص ١۴٠)

کۆمــاری ئیســـلامی کاریگەری لەســـەر هەمـــوو ڕەوتە ســـوننە و شـــیعەکانی ناوچە هەیــە و هاریکاریــی ڕاســـتەوخۆیان دەکا. بۆ نموونە لە فەلەســـتین، حەمــاس و فەتح، لە لوبنان حیزبوڵڵا، هەمـــوو ئیخوانەکان لە دژی وەهابییـــەت، لــە ئەفغانســـتان ئەلقاعیـــدە و لەیەمەن حوســـییەکان و ... بە گژ دەوڵەتانی ناوەندی و تەنانەت یەکتردا دەکاتەوە. کۆماری

ئیسلامی لەگەڵ ڕادیکاڵترین ڕێکخراوەی سوونە وەک ئەلقاعیدە و تەنانەت داعش پێوەندیی هەیە هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە ئەندازیاریی شەڕ و پێکدادانەکانی ناوچەکەدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە.

ئیسلامی سیاسی لە کاتی سەرهەڵدانیدا درگای فتوای کردەوە و بەرەبەرە دەستیان بە چاکسازی کرد. یەکێ لەو بوارگەلە کە چاکسازیی تێدا کرا، پرسی ژن بوو. «تەڵاق، میرات، مارەکردن، کار و پیشە لە دەرەوەی ناومال بۆ ژنان، بەردباران(سنگسار) ، شاهیدی و دادوەری «(سخنرانیهای کاک احمد و جزوە ئامۆژگارییەکان بۆ خوێشک‌گەل) و ... هتد بابەتگەلێک بوون کە خوێندنەوەی نوێی بۆ کرا و تەنانەت ئاسانکاریی تێدا کرا. ئەو چاکسازییانە نیگەرانی و تووڕەیی سەلەفی ساڵحی لێ کەوتەوە کە بەشی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستانن. ئەو چاکسازییانە لە ڕوانگەی ڕەوتە فێمێنیستییەکانەوە هیچ بایەخێکیان نییە، چونکا ئەوان دژایەتییان لەگەڵ چوارچێوەی دین بەگشتی هەیە.

ئیسلامی سیاسی بە هەموو ڕەوتەکانییەوە ڕێکخستنی بەرچاویان بۆ ژنان کردووە. لە ڕێکخراوەکانی باشووردا ژنان هەم پلە و پێگەی باشتریان پێ دراوە و هەم لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکترن.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا بەدی ناکرێن کە شایەد هۆکارەکەی بۆ بەرتەسک کردنەوەی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بگەڕێتەوە. بەهۆی مەترسیی گیر و گرفت، ژنان لە ئاستی سەرکردایەتیدا ڕێگەیان پێ نەدراوە بەڵکو لە ئاستی بەدەنەدا و بۆ کار و چالاکیی دیاری کراو ڕێکخستنیان بۆ کراوە. نموونەی چالاکییەکانی ژنان بریتین لە پێکهێنانی کلاسی قورئان، کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت و ... هتد. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهۆی نەبوونی چالاکیی ئازاد، ژنانیش لە کاروباری سەربازیدا بەشدار نین مەگەر ئەوەی کە لە وڵاتێکی دیکەدا ڕاهێنانی چەکدارییان پێ بکرێ. سەبارەت بە چەکداریی ژنانی ڕۆژهەڵات، نە بەڵگەیەک لە بەر دەستدا هەیە و نە کەسێکیش هەتا ئیستە لەو پێوەندییەدا گیراوە. کۆماری ئیسلامی نموونەی مەزنی ئیسلامی سیاسیی «شیعە»یە و لە بەرامبەردا عەرەبستان، تورکیا، میسر، پاکستان، ئەفغانستان و ... نموونەی ئیسلامی سیاسیی سوننەن. دۆخی ژن لەو وڵاتانەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو شپرزەیە. شایەد هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی خاوەن دەزگای سیاسیی دیمۆکراتیک بن بەڵام عورف و یاسا ناوخۆییەکان لە سەر بنەمای بیروباوری زۆرینەی کۆمەڵگایە کە ئەویش دینە. لە ئێران ژنان لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بە پێی یاسای دیاریکراو دەرەتانیان پێ دراوە. لە پەرلەمان و پۆستەکانی وەزارەتدا ژنان بەدی ئەکرێن و لە پاڵ ئەوەشدا هاوسەرگیریی کاتی (موتعە)، چەن هاوسەری و ... بە زۆری باوە.

لە تورکیا، دەسەڵاتی سیاسی لانیکەم ڕەوتی ئیخوانگەری هەم وەک جەماوەر و هەم حیزبی سیاسی بەهێزترین و بەدەسەڵاترینە. ئیخوانەکان لە تاکتیدا لە ناو هەموو ڕەوتە دینییەکاندا نەرم و نیانتر و دیموکراتیکترن. لە عەرەبستان دۆخی ژنان شپرزەیە. چەن هاوسەری لە لووتکەدایە. ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، وەهابییەت وەک جەوهەرەی دەسەڵات ماوەیەکەیە مافی دەنگدان، ماشین لێخوڕین (ئاژوانی) و هتدی بە ژنان داوە. لە ئەفغانستان و پاکستان ساڵانە چەندین ژن بەردەباران (سەنگسار-ڕەجم) ئەکرێن و چەن هاوسەری دیاردەی بەرچاوە. ئەحزاب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەجۆرێک کۆپی کراوی بیرۆکەی ئیخوانگەری و وەهابییەتن و تەنانەت پەیوەندییەکان تا ئاستێکە کە باری ماڵی و فیکری لەلایەن ئەحزابی دایکەوە دابین ئەبێ.

ئەڵبەت ئەوەش بگوترێ کە ئەحزابی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی عەرەبستان، پاکستان، میسر و تەنانەت باشووری کوردستان، مامەڵەیان لە گەڵ ژنان نەکردووە و ئەوەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.

دۆخی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەریی سێ وێژمانی وەک: «دەسەڵاتی سیاسیی ناوەند» ، «عورفی کۆمەڵگا» و «حیزبە سیاسییەکانی کوردستان» دایە. بیدعەی ئیسلامی سەبارەت بە پرسی ژنان بەرنامە و مانیفێستێکی جیاوازیان نییە، بەڵام لە ئاستی نێوخۆییدا ژنانیان بە شێوەیەکی ئایدۆلۆژیک ڕێکخستووە. هێماکانی جیاکردنەوەی ژنانی سەر بەڕێکخراوە ئیسلامییەکان بریتین لە حیجاب و چارشێوی جیاواز و تایبەت کە دژی ڕەنگی ڕەشە.

ژنان لە باری ڕۆحی و دەروونییەوە، لە ناو ڕێکخراوە ئیسلامییە توندئاژۆکاندا لە ئاستەنگ و دژواریدا ئەژین و لە هەموو بوارێکەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی ئەبنەوە. توندوتیژی لە ناو ڕێکخراوە دینییەکاندا (ئایینییەکاندا) شاراوەیە و بە نهێنی ئەمێنێتەوە.

دووگیانی، خوێندنی باڵا، خاوەن سەرچاوەی ماڵی و سەربەخۆیی ئابووری، نابنە هۆی پاراستنی ژنان لە توندوتیژی؛ تەنانەت لە هەندێک کاتدا تێچووی ژنانی خوێندەوار و خاوەن ئابووریی سەربەخۆ، سەبارەت بە توندوتیژی زیاترە کە ئاشکرا نابێ» (کار، مهرانگیز، خشونت علیه زنان، ص ٢٨٩). توندوتیژی شێوازی جۆراوجۆری هەیە، هەر بۆیە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو توندوتیژییانە لە ناو ڕێکخراوە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکاندا سەبارەت بە ژنان، دیاردەی توندئاژۆیی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک ژنان بە شێوازی خوازراو یا نەخوازراو لە ناو دۆخێکی کۆنکرێتی و توندوتیژییانەدا ئەژین، ئیتر مەجبوورن تۆڵەی خۆیان لە شوێنێکی دیکەوە بکەنەوە. ڕێگاکانی تۆڵە بریتین لە هەڵاتن، خۆکوشتن، خۆتەقاندنەوە، کاری تیرۆریستی و ... بەپێی هەندێک داتا، ئەنجامدەرانی زۆربەی تیرۆر و خۆتەقاندنەوەکان لە فەلەستین، لوبنان، ئەفغانستان و ... ژنان بوون.

توندوتیژییەکانی ناو ڕێکخراوە جیهادییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام ئەدرێ و ئیتر بە شێوەی خۆرسک ژنان بەرەو ئاکاری توندڕەوی و ڕادیکاڵبوون ئەبات. ئەو باسە باسێکی زانستی و سایکۆلۆژیکییە و پێویستی بە شرۆڤەی زیاتر هەیە. ژنانی شوێنکەوتووی ئەحزاب و ڕێکخراوە ڕادیکاڵ و بونیادخوازەکان، ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییانە ئەبنەوە کە بریتین لە: توندوتیژیی سێکسی، توندوتیژیی دەروونی، توندوتیژیی ڕەگەزی، توندوتیژیی ماڵی، توندوتیژیی سیاسی و هتد. بۆ نموونە لە ڕێکخراوێکی وەک قاعیدە، داعش و ... چوارچێوەی کار و چالاکیی ژنان بەرتەسک ئەبێتەوە، خوێندەواری بوونی نییە، هاوسەرگیری و هەڵبژاردنی مێرد لەسەر خواستی ژن نییە، لە کاتی کوژرانی مێرددا، ژن سەر لە نوێ ئەبێ مێرد بکاتەوە، منداڵ بینین و سک و زا سنووری نییە و ژن بەردەوام منداڵی ئەبێ، لە باری ماڵییەوە ژنان بە توندی بەستراوەی پیاوانن، ژنانی دیکە وەک غەنیمەت ئەگیرێن دەبنە دووهەم و سێهەم ژنی پیاوان و ...

لە نێو ڕێکخراوەکانی وەک ئیخوان کە بە ڕواڵەت دیموکراتیکترینن، ئەو دیاردەگەلە ئەبینرێ؛ ئەڵبەت نەک وەکوو لایەنەکانی دیکە کە ژنان مەجبوور بە جیهادی سێکسین. ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک ڕێکخراوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەرحەق بە ژنان ئەوەندە توندوتیژ نین و دیاردەی چەن ژنی هێشتا نەبووە بە باو. شایەد هۆکاری ئەو دیاردەیە ئەوە بێ کە ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی دۆخی ئاڵۆز و شەڕخوازانە نەبووبێتنەوە.

# لە دینداریی‌یەوە هەتا چەکداری

ئاگری ئیسماعیل‌نژاد*

لە حکوومەتە جیاوازەکانی پێش کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، دین بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی بووە، چون لە ڕاستیدا شا یان نوێنەرایەتیی «الله»ی کردووە، یان ئەوەی پێویستی بە پێکهاتەی ئاخوندی بووە، هەتا ڕەوایی بۆخۆی دەستەبەر بکات و کۆمەڵگای ئێران لەژێر ڕکێفی خۆی بنێ؛ هەر دوو بارەکە یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتداری سیاسی بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە پێکهاتەی ئاخوندی بووە و ئەوەش بە ڕوونی بەومانایەیە کە چینی ئاخوند لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا دەسەڵاتێکن و دەسەڵاتێک بوون

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ یەکێ لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، نەک لەبەر ئەوەی کە هەتا سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، هیچ دەسەڵاتدارییەکی ئیسلامیی شیعە لە گۆڕێ نەبووە؛ بەڵکوو بەو هۆکارەی کە ئەو دەسەڵاتدارییەی پاش ئەو شۆڕشە هاتە سەرکار، هەموو پرس و قەیرانەکانی کە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بە پێوەری ڕوانگەی وەلیی فەقێ کە لە ڕاستییدا دەسەڵاتێکی تئۆکراسییە وڵام دەداتەوە.

پاش شۆڕشی ٥٧ لە ئێران، دەسەڵاتداریی شیعی کە لەسەر سێ کۆڵەکەی ئێرانی بوون، شیعە بوون و ویلایەتی فەقێ دامەزرابوو، زۆر زوو لەگەڵ نەتەوەی کورد بەرەوڕوو بۆوە، ئەوان وەک هێزی بەرانبەر بە کورد سێ چەکیان بەدەستەوە بوو:

**١** ڕەوایی ئیسلام لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا.

**٢** باوەڕمەندانێک کە ئامادە بوون لە پێناو وەدیهاتنی خەونی سەرکردەکانیان هەموو کارێک بکەن.

**٣** ڕێکخراوەی پێکهاتەمەندی ئاخوندی کە وەک ڕایەڵەیەکی لێهاتوو و هەموو ئێرانی تەنیبوو.

لەو وتارەدا باسێک لەسەر ئەوە دەکەین کە گرینگترین هۆکاری ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان و کۆماری ئیسلامی بە هیچ خاڵێکی هاوبەش ناگەن چییە؟ و هەروەها باس لەوە دەکرێت کە کۆماری ئیسلامی، چ کارتێکەرییەکی لەسەر گوتاری نەتەوەیی - دیمۆکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە!

وشە گرینگەکان: کوردستان، بزووتنەوەی کوردستان، ئاخوند، کۆماری ئیسلامی، ئیسلام، شیعە

## پێشەکی

سەرجەمی ئەو وتارە لە بازنەی چەمکی ئیمامەت لە دینی شیعەدا دەخولێتەوە، ئیمامەت چوارەمین بنەمای سەرەکیی باوەڕمەندانی شیعەیە کە ئەوان بە پێی ئەو بنەمایە، لەو باوەڕەدان کە دەسەڵات، لە خوداوە بۆ ئیمامەکانیان شۆردەبێتەوە[١] و لە پرسی ئیمامەت دا دوو باس گرینگە:

**١** ئەوەی کە ئیمام لە ڕاستییدا تەنیا ڕێبەری سیاسی نییە، بەڵکوو خاوەنی دەسەڵاتی سیاسییە .

**٢** ئیمام خاوەنی مەعسوومییەتە بەو مانایە کە هیچ هەڵەیەک ناکات.

هەر دوو باس یەک شت دەردەخەن، ئەویش بێ بایەخ بوونی کۆمەڵگا و تاکە. جا ئەو تاکە باوەڕمەندێکی نێو دینی شێعە بێت، یان موسوڵمانێکی غەیری شیعە یان کافرێک زۆر جیاواز نییە. گرینگییان بۆ دەسەڵاتدارییەکە فەرق دەکات، بەڵام لە ئاستی بڕیاردا زۆر جیاوازییان نییە. خومەینی لەسەر ئەو باسە ئایەی ٦ی سوورەی ئەحزاب لە قورئانی پیرۆز بە بەڵگە دێنێتەوە[٢] (خمینی:٢٨) ، «پێغەمبەر بۆ موسوڵمانان لە خۆیانیش فەرزترە»[٣] (ئەحزاب:٦)

چەمکی ئیمامەت لە ڕەوتی مێژووی شیعەدا، پێکهاتەیەکی بە دەوری خۆیدا خولقاندووە کە ئەو پێکهاتەیە لە ڕاستییدا بەرێوەبەران و پارێزەرانی دین لە کۆمەڵگای شیعەدا لە خۆی دەگرێ، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی وەلیی فەقێ لە چەمکی ئیمامەت، بەرێوەبەرانی دین لە ڕاستییدا دەبن بە جێگرەوەکانی ئیمامی زەمان، کە خاوەنداریێتی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکات و ئەو دەسەڵاتدارییەی لە خوداوە بۆ هاتۆتە خوارێ.

لێرەدا ئێمە ئەو پێکهاتەیە ناو دەنێین پێکهاتەی ئاخوندی کە لە فەقێی ئاسایی و ڕەوزەخوێنەکانەوە هەتا مەرجەعی تەقلید لە ئایینی شیعەدا دەگرێتەوە.

لە ئەدەبیاتی فەرمیی کۆماری ئیسلامیدا

بــەو پێکهاتەیــە دەگوتــرێ: سیســـتەمی ڕووحانیەت. خومەینی ئەو چینە وەک نیگابان و پارێزەری ئیسلام دادەنێ.[۴]

پێکهاتــەی ئاخونــدی لــە ڕاســتییدا، ڕایەڵەیەکی پێشامۆدێرنە، ئەگەر ئەو پێکهاتەیە لە کۆمەڵگادا نەمێنێ یان ئەوەی بێتوو پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە کیس بدات، لە ڕاستییدا ئــەوە خودی دینە کە پێگەی کۆمەڵایەتیی لە کیس دەدات، ئێمە هیــچ دینێکمان نییە کە دەسەڵاتی لە پشت نەبووبێ و نەبێ.

دیــن کاتــێ دەتوانــێ مانــەوەی خۆی لە ڕەوتی مێــژوودا بیپارێزێ کــە پێکهاتەی پارێــزەری ئــەو دینە، بیپارێــزێ و ڕوونە ئەو پێکهاتەیــەش ئەگــەر بیهەوێــت دیــن بڵاو بکاتەوە، دەبێت بیکاتە ڕایەڵە و ئەگەر بیهەوێت لە ڕەوتی مێژوودا بیپارێزێ، دەبێت دەسەڵاتی بۆ دابین بکات.

بەڵام ئەو باســە لە ئایینی شیعەدا بە پێی چەمکی ئیمامەت و خوێندنەوەی وەلیی فەقێ لەو چەمکە زۆر جیاوازە و ئەوان لەو باوەڕەدان کە دەســـەڵاتی سیاسی هی خودایە و خوداش ئەو دەســـەڵاتەی ڕادەستی ئیمامەکان کردووە و لەســـەردەمی بەرپێواربوونی ئیمامی زەماندا، ئەوە دەسەڵاتەکە ڕادەستی «فەقێیەکی عادڵ» دەکرێــت. چەمکی وەلیی فەقــێ، هەموو ئەو مافانەی کە پێغەمبەری ئیســلام لە سەردەمی دەسەڵاتداریدا هەیبووە بۆ وەلیی فەقێ قائیلە. (خمینی:۵۳،۵۴)[۵]

ئەگەر لە ڕووی فەرهەنگییشەوە لە پێگەی پێکهاتــەی ئاخوندی لە فەرهەنگی شـــیعەدا بڕوانیــن ، ئاخوند کە لــە فەرهەنگی ئێرانیدا، وەک چینی پارێزەری دیــن ئەژمار دەکرێن، پێگــەی زۆر گرینگیان لــە کۆمەڵگادا هەبووە و لــە کــۆن ڕا چینی پارێــزەری دین وەک چینێکی تایبــەت لە پێکهاتــەی چینایەتیی فەرهەنگی ئێرانیدا، ناسراون.

ئاخوندیش پــاش بڵاوبوونەوەی ئیســـلام و بەتایبەتی دوای دامەزرانی دەســـەڵاتداریی ســـەفەوی، لەلایەن کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە، وەک کەسانی جێگای باوەڕی ئەوان ناســـراون، خەڵک بە ڕێــزەوە لەگەڵیان دواون و لــە ڕووی ژیانی تایبەتیشـــەوە، باوەڕ پێکراوی کۆمەڵگای خۆیــان بوون و تەنانەت باوەڕ پێکراوی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگاش بوون، هەتا ڕادەیەک کە موسوڵمانێک بەرێگای ئاخوندێکەوە دەتوانێ حەج یان نوێژ و ڕۆژوو بۆ کەسێکی مردووی خۆی بکرێت[۶] (خلجی:۱۱۸).

ئەوە ســـەرەڕای ئەوەیە کە چینی ئاخوند، خومس، ســـەرفترە، خێر و خێرات ، زەکات و سەدەقاتیش دەتوانێ وەرگرێ و بە پێی شەرع و دیــن بۆی حەلالە و بە پێــی کۆمەڵگا بۆی ڕەوایە، ئەو سەرچاوەی داهاتە، هەتا ڕادەیەک سەربەخۆیان دەکات.

پێگــەی کۆمەڵایەتیشـــیان، وا دەکات کە ئــەوان چینێکی دەســـت ڕۆیشـــتوو بن؛ هەم بەرانبەر بــە بەرهەڵســـتەکانیان و هەم لەنێو چینی دەسەڵاتداری سیاسیدا.

لــە حکوومەتــە جیاوازەکانــی پێــش کۆماری ئیســـلامی لە ئێراندا، دین بەشــێک لە دەسەڵاتی سیاســی بووە، چون لە ڕاستیدا شــا یان نوێنەرایەتیی «اللــە»ی کردووە، یان ئەوەی پێویســـتی بــە پێکهاتــەی ئاخوندی بووە، هەتــا ڕەوایی بۆخۆی دەســـتەبەر بکات و کۆمەڵــگای ئێران لەژێر ڕکێفی خۆی بنێ؛ هــەر دوو بارەکە یەک مانــای هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەســـەڵاتداری سیاسی بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە پێکهاتەی ئاخوندی بووە و ئەوەش بە ڕوونی بەومانایەیە کە چینی ئاخوند لە پێکهاتەی سیاســـی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا دەسەڵاتێکن و دەسەڵاتێک بوون.

دەکرێت ئــەو دەســـەڵاتە وەک یەکێ لە دەســـەڵاتە نەرمەکانی نێو کۆمەڵــگای ئێران سەیر بکەین.

دین لە ڕاســـتیدا بە مانــای ئەوەیە کە تۆ ئەندامی گرووپێکی[۷] (نیکفر:۲۴) و موســـوڵمان بــوون بەمانــای ئەوەیــە کە ئەو کەســـانە لە

ئەندامانـــی گرووپـــی موســـوڵمانان! هاوکات لەگـــەڵ ئـــەوە دیـــن دەتوانێ شـــێوازێک لە ڕێککەوتنـــە کۆمەڵایەتییـــەکان بێـــت، بەڵام لـــە جـــۆری پیرۆزکراوەکـــەی[٨] (نیکفـــر،٢٤).
پیرۆزبوونـــی دیـــن، ڕواڵەتـــی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکەی دەشارێتەوە، بەڵام ڕاستیی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی دیندا، ئێمە کۆمەڵێ ڕایەڵـــەی پەیوەندیمـــان هەیە کە لـــە نێوان چینی پارێزەری دین(لە ئیســـلامی شـــیعەدا ئاخوندەکان)، ناوەندە دینییەکان، دەقی پیرۆز و تاکـــی باوەڕمەند لەگەڵ ئـــەوان و هەر وەها لەنێو تاکەکانی باوەڕمەنددا پەیوەندیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی ساز دەکات. ئەو پێوەندییە بنەمای ســـۆزداری و پیرۆزیشی هەیە.

ئەوەی لێرەدا گرینگـــە ئەوەیە پێکهاتەی ئاخوندی لـــە کۆمەڵگای ئێرانـــدا ئەگەر تەنیا دەمراســـتی کۆمەڵگای دینی نەبێت، یەکێ لە گرینگترین دەمراستەکانی کۆمەڵگای دینییە و دەتوانێ ئەو کۆمەڵگایە بجوڵێنێ و ئاراســـتەی بـــکات و پێش بەهێنـــدێ کاری بگرێت، یان ناچاری بکات هێندێ کار بکات.

ئـــەو پێکهاتەیـــە، لە کۆنەوە ئـــەو ڕۆڵەی لـــە کۆمەڵگای ئێراندا گێـــڕاوە. ئاخوندەکان لە مەشـــرووتەدا ڕۆڵیان هەبووە، لە ســـەردەمی قاجاردا ئاخوند و مزگەوت ڕۆڵی سەرەکییان لە کۆمەڵگادا هەبوو، بـــۆ وێنە فتوای ئاخوندەکان بـــوو کە حکوومەتـــی قاجاری ناچـــار کرد بۆ جاری دووهەم هێرش بکاتە، ســـەر ڕووسیا و دەســـکەوتی ئەو هێرشەش بوو بە ڕێککەوتنی تورکمانچای.[٩]

پێکهاتەی ئاخوندی لە فەرهەنگی ئێران دا، کارتێکەریی لەســـەر ڕای گشتیی ئێرانییەکان هەبووە، بەڵام پێکهاتەکە لە ســـەردەمی پێش مۆدێرنـــدا ڕایەڵەکـــراو نەبـــووە و ئەگەریـــش ڕایەڵەیەکـــی بووبێت ئـــەوە ڕایەڵەیەکی لاواز بووە و دەرەتانی ئەوەی نەبووە هەموو کۆمەڵگا بجووڵێنێ!

مۆدێرنیـــزم لـــە ئێرانـــدا دەرفەتی ئەوەی بـــۆ پێکهاتـــەی ئاخونـــدەکان خوڵقاندووە کە ڕایەڵەیەکی توندوتۆڵ هەم لەنێو پێکهاتەکەی خۆیـــان و هـــەم بـــۆ کۆنترۆڵـــی کۆمەڵگای موسوڵمان سازبکەن و هاوکات بەو ڕێگایەشەوە کارتێکەریـــی زیاتر و بەرفراوانتر بخەنە ســـەر باوەڕمەندان، هەڵبەت لەگەڵ ئەوەی هەمیشە مۆدێرنیـــزم و مۆدێرنیتـــە، لەلایەن پێکهاتەی ئاخوندەکانەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام ئاخوندەکان بە باشـــی کەڵکیان لە مۆدێرنیزم وەرگرتووە. ئەوان لـــە ئێران یەکەم کەســـەکان بوون کە دژی تێلگراف قســـەیان کرد، بەڵام پاشان بە بەرفراوانـــی تێلگرافیان بـــەکار دێنا، بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆیان بـــە لایەنگرانیان بگەیەنن، ئـــەوەی کـــە فتـــوای تەحریمـــی تەنباکووی سەرکەوتوو کرد تلێگراف بوو.[١٠]

لە ســـەردەمی ئینترنێتدا لەگەڵ ئەوەی لە جوغرافیـــای ئێران هێڵـــی ئینتێرنێت فیلتێرە و زۆر کێشـــەی هەیە، بـــەڵام ئاخوندەکان بە بەرفراوانی کەڵک لـــە ئینتێرنیت وەردەگرن و زۆربەی نزیک بە هەموو مەرجەعە تەقلیدەکان ماڵپەڕی تایبەتیان بۆ پەیوەندی گرتن لە گەڵ موقەللیدەکانیـــان هەیە و تەنانـــەت ماڵپەڕی زیارەتی مەجازی هەیە، لە پەنا هەموو ئەوانەوە سیســـتەمی بانکی بـــۆ کۆکردنـــەوە خێرات، ســـەدەقە و زەکات و، کاناڵـــی ماهـــوارەی بۆ گەیاندنی بۆچوونی خۆیان بۆ موقەللیدەکانیان بەکار دێنن.

گرینگیـــی جادەوبان، تێلگـــراف، بانک و نیزامی ماڵیی مۆدێـــرن، ماهوارە و ئینتێرنێت بـــۆ پێکهاتەی ئاخوندی لە ئێـــران ئەوەیە کە ڕایەڵەیـــەک لە نێـــوان مەرجەعـــی تەقلید و موقەللیددا ساز دەکات و ئەوەش بەو مانایەیە کـــە موقەللید زیاتر لەژێر ئەمر و دەســـتووری مەرجەعی تەقلیددا دەبێت و، ئەوان بەو ڕێگایە هەم کارتێکەری لەسەر موقەللیدەکانیان زیاتر دەکـــەن و هەمیش زانیاریی زیاتریان لەســـەر دۆخی موقەللیدەکانیان پێ دەگات و دەرفەتی

ئەوەیان بۆ دەخوڵقێ ڕاستەوخۆتر بچنە نێو ژیانی موقەللیدەکانیانەوە.

## ڕایەڵەی پێکهاتەی ئاخوندی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران

پێکهاتەی ئاخوندی لە سێ کۆڵەکەی سەرەکی پێکهاتووە، مەرجەعی تەقلید، مەدرەسە دینییەکان و مزگەوت. لە نێوان ئەو سێ کۆڵەکەیەدا مەرجەعی تەقلید زیاترین ڕۆڵی هەیە و بەو پێیەش چون مەرجەعەکان لە دوو شاری پیرۆزی نەجەف و قوم کۆدەبنەوە، ئەو دوو شارە وەک ناوەندی ڕایەڵەی پێکهاتەی ئاخوندی سەیریان دەکرێت.

لە نێو مەرجەعەکاندا کەسانێک کە زیاترین موقەللیدیان هەیە ، یا دەستیان دەڕوا زیاترین مانگانە بە فەقێکانیان بدەن، واتە پووڵ و پارەی زیاتریان بەدەستەوەیە، دەتوانن هێژمۆنییەک بۆ خۆیان سازبکەن و بەو شێوەیە دەکرێت، بڵێین لەگەڵ ئەوەی کە مەرجەعییەت لە دینی شیعە چەند ناوەندییە، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە چەقی دەکەوێتە یەک شوێن و لای یەک کەس و لە هەموو قۆناغێکی کاتیدا چەقی ئەو پێکهاتەیە، ڕوون و دیارە دەکەوێتە کوێ و سەرشانی کێ.

مەرجەعەکان لە ڕاستیدا بەڕێوەبەری ئاخوندەکانی‌ترن، ئەوان بەو ڕەواییەی لە ڕووی دینییەوە پێیان دەدرێ، دەتوانن چینی ئاخوند نەک هاوشێوە، بەڵام وێڕای باقی کۆمەڵگای موسوڵمانی شیعە بەڕێوە بەرن، کە ئەوەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێکهاتەکە یەکدەستتر دەکات و شانسی مانەوەی هێزی نەرمی پێکهاتەکە و کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگای موقەللیدەکان زیاتر دەکات.

ئەوەی کە ناوەندگەرابوونی ڕایەڵەی پێکهاتەی ئاخوندی لە ئێراندا سەقامگیرتر دەکات، دەسەڵاتی سیاسییە. دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی سەردەم بەتایبەت پاش ئەوەی قوم بوو بە ناوەندی قوتابخانەیەکی گرینگی دینی، ئەو قوتابخانەیە و مەرجەعەکانی دەوری ئەو قوتابخانەیە، لەلایەن هێزی سیاسیی ئێرانەوە چاوەدێری و ئیدارە دەکران.

## لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سێ ڕووداوی گرینگ ڕوویدا

**یەکەم:** بۆ یەکەم جار مەرجەعێکی تەقلید بوو بە بالاترین دەسەڵاتی سیاسی واتە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لە یەک کەسدا کۆبۆوە.

**دووهەم:** قوتابخانەی قوم بەسەر قوتابخانەی نەجەفدا سەرکەوت[۱۱]، ئەوەش لە ڕووی دینیدا ئەو مانایەی هەبوو کە خوێندنەوەی دینیی سوننەتگەرا لەنێو شیعەدا کە خۆی لە بەشداری لەکاروباری سیاسی دەپاراست، پەراوێز کەوت و زیاتر مەیدان درا بە خوێندنەوەی وەلیی فەقێ کە باوەڕی بە دەسەڵاتداریی سیاسیی ئاخوند لە سەردەمی بەرپێواربوونی ئیمام مەهدی بوو؛ ئەوان لە مادەی پێنجی دەستووری کۆماری ئیسلامیدا دەڵێن: «لە سەردەمی بەرپێواربوونی ئیمام زەمان[ئیمام مێهدی] لە کۆماری ئیسلامیدا، سەرپەرەستی و پێشەوایی ڕادەستی مەلایەکی خاوەن بڕوا و بەئیمان، دادپەروەر، ئاگاداری زەمانە، بەڕێوەبەر و شارەزا دەکرێت...» .

**سێیەم:** مزگەوتەکان لە ناوەندێکی ئایینییەوە گۆڕان بۆ ناوەندێکی نیزامی و ئەمنییەتی

خومەینی لە پاش گەیشتنی بە دەسەڵات، یەکەم کاری کە کردی ئەوە بوو کە باوەڕدارانی کردە چەک بەدەستی حکوومەتەکەی. ئەو جارە سەربازەکان لە ڕاستیدا «پاسداری ئیسلام» بوون، گرینگیی ئەو باسە لێرەدایە کە پاسدارەکان شەڕەکانی خۆیان وەک شەڕی پیرۆز دەدیت و ئەگەر دەکوژران دەچوونە بەهەشت و ئەگەریش کەسیان دەکوشت، ئەوە دوژمنی ئیسلامیان کوشتبوو!

خاڵێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر کە دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ و ئەو بابەتەی پێ پشتڕاست بکرێتەوە ئەوەیە کە، دەیان پێشمەرگە

دەگێڕنەوە کە هێندێک لەو پاسدارانەی بە دیل دەگیران، دەگریان. ئەوان دڵخۆشییان دەدانەوە کە ئێمە کەسی دیل ناکووژین، کەچی لە جوابی دڵخۆشی دانەوەیان دا پاسداری گیراو گوتوویە: «من لە مەرگ ناترسم ، بۆ ئەوە دەگریم شەهید نەبووم هەتا بچمە بەهەشت»!

شەڕی وا لە سنوورەکانی توانایی مرۆڤ تێدەپەڕێت و تەنانەت ترس کە لە زاتی هەر شەڕکەرێکدایە، وەک خەیانەت لە قەڵەم دەدرێ، خەیانەتێک کە ناتوانێ لە خودای بشارێتەوە. لە شەڕی ئاساییدا فەرماندەکەت بەسەرت دا دەڕوانێ، ئەویش وەک تۆ مرۆڤە، ترس و سۆز و خۆشەویستی هەیە و ئاگاداری زۆر شتیش نییە، بەڵام لە شەڕی پیرۆزدا، خودا چاوی بەسەرتەوەیە، ئەوە خودایە دەبێ لە هەموو کەس زیاتر سۆز و خۆشەویستیت بۆی هەبێت و هەر خۆشی سەرکەوتووت دەکات. هیچ چەشنە کەمتەرخەمی و ترسێکت لەو ناشاردرێتەوە و ئیتر لێرەدا سنووری شەڕەکە مرۆڤەکان دیاری ناکەن، بەڵکوو هێزێکی بانسروشتی دیاریی دەکات.

سپاکەی خومەینی لە ڕاستیدا هێزێکی «ئاخر زەمانی» بوو. هێزێک کە لە پێناو وەدی هێنانی دەسکەوت لە دنیاکەیتردا چەکی دەست دابوویە. کە وایە ئەگەر تەنانەت لەم دنیاش دەسکەوتی نەبوایە دڵسارد نەدەبۆوە، چون دڵنیایان کردبوو لەو دنیا دەینێرن بۆ بەهەشت و تەنانەت کلیلی دەرگای بەهەشتیشیان دابووە دەستی!

ئەوەی مەرجەعێکی تەقلید بوو بە باڵاترین دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا سێ ئالوگۆڕی گرینگی تری هێنایە گۆڕێ:

**یەکەم:** دین هەموو کەشی کۆمەڵایەتیی ئێرانی تەنی و لە ڕاستیدا دەرفەتی کۆمەڵایەتی بۆ هیچ باوەڕێکیتر نەما.

**دووهەم:** دامەزراوەکان لە دامەزراوەیەکی سیاسییەوە گۆڕان بۆ دامەزراوەی دینی یان بوون بە پارێزەری حکوومەتی دینی، بۆ وێنە ئیدارەی تاپۆ لە ڕواڵەتدا هیچ بنەمایەکی دینیی نییە، بەڵام لە کردەوەدا مڵکی هەموو ئەو کەسانەی کە دژی حکوومەت بوون وەک مڵکی وەلیی فەقێ لە قەڵەم دەدا و بەو شێوەیە دەبوو بە بەشێک لە پێکهاتەی پارێزەری دەسەڵاتی وەلیی فەقێ. خومەینی لەو پەیوەندییەدا دەڵێت: «دنیا ئاوایە، تەنیا دانانی قانونی تەواوکەر نییە و خۆشبەختیی مرۆڤ دابین ناکات، پاش دانانی قانون، پێویستە هێزی بەڕێوەبەر پێک بهێندرێ لە حکوومەتدا؛ کە هێزی بەڕێوەبەر نەبێت ئەو دەسەڵاتە تەواو نییە»(خومەینی:٢١)[١٢]

**سێیەم:** لەشکرێک لە باوەڕمەندانێکی چەکدار سازبوون، کەسانێک کە لەپێناو وەدی هاتنی ئامانجەکانی ڕۆژی پەسڵان شەڕی دەکرد، نەک لە پێناو ئامانجی ئەم دنیایەدا. زۆر بە ڕێککەوتی مەبینن کە زۆربەی فەرماندەکانی سپا ژیانی سیاسی و نیزامیی خۆیان لە کوردستانەوە دەست پێکردووە. ئەوان لە ڕاستیدا کوردستانیان بە شەڕگەی کفر و ئیسلام دەزانی و دەزانن.

کۆی ئەو ئالوگۆڕە لە پێکهاتەی ئاخوندی و کۆمەڵگای ئێراندا وای کردووە کە بڵێین ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک ڕووبەڕووین کە جیهانبینیی ئەو لەگەڵ هەموو جیهانبینییەکانی ئێستادا جیاوازە و هەموو شتێک بە پێوەری تایبەت بەخۆی سەیر دەکات و ئەوەی پێوەرەکەی چەندە لەگەڵ پێوەری گشتی و مرۆڤی دێتەوە گرینگ نییە، تەنیا ئەوە گرینگە کە ئێمە بزانین ئەو پێوەری خۆی هەیە و پێوەرەکانی وەک پێوەری ئێمە نین.

## چەکدارانی خومەینی لە کوردستان

بزووتنەوەی کوردستان وەک گوتارێک دوو کۆسپی گەورەی دەخستە سەر ڕێی گوتاری وەلیی فەقێ لە تاران:

**یەکەم:** بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی خاوەنی جیهانبینیی سێکۆلار

بوو و هەیە! ئەوە لە کاتێکدایە کە گوتاری وەلیی فەقێ گوتارێکی دینییە!

**دووهەم:** بزووتنەوەی کوردستان، خوازیاری دابەشکاریی دەسەڵاتداری لە ئێران دابوو، گوتاری وەلیی فەقێ خوازیاری کۆکردنەوەی دەسەڵات لە یەک تاک دایە! نەک لە یەک ناوچەش.

لە قۆناغی کاتی ١٠ ساڵی یەکەم لە دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، گەورەترین کێشەی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و دەسەڵاتداریی ئیسلامی کە نوێنەرایەتیی گوتاری وەلیی فەقێی دەکرد، لە ڕاستیدا جیاوازیی جیهانبینیی سێکۆلار و دینی بوو. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کە خومەینی فتوای جیهاد لە دژی کورد دەدات[١٣]، یان خومەینی بە پانەوە باسی ئەوە دەکات کە «ئێمە لەگەڵ کورد شەڕ ناکەین، بەڵکوو لەگەڵ کفر شەڕ دەکەین». لێرە تەنانەت وشەی کافریش بەکار ناهێنێ، بەڵکوو وشەی کفر بەکار دێنێ.

ئەوەی کە کێشەی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و گوتاری وەلیی فەقێ لە پرسی جیهانبینیی سێکۆلارەوە دەست پێدەکات، بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە دەبێت گوتاری سێکۆلاریزم لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان وەلا بنێین، بەڵکوو بۆ خەسارناسیی کۆی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە نێو بزووتنەوەی کوردستاندا گرینگە. دەتوانین ئاماژە بە هێندێک هۆکار بکەین کە ڕاستکەرەوەی ئەو بابەتەن:

**یەکەم:** چەکدارانی دیندار لە ڕوانگەی خۆیانەوە بۆ شەڕی کفر و موسوڵمان بۆ کوردستان دەهاتن، نەک بۆ پاراستنی خاکی ئێران. ڕوونە کە چەکداری دیندار وەک لەسەرێش باسی لەسەر کرا، ژیانی ئێستای خۆی لە پێناو ژیانی ئەو دنیایتری دادەنێ، بۆیەش ئەو هیچ کات ئامادە نییە، لەگەڵ «کافر یان لەویش خراپتر کفر» بسازێ یان ئاشت بێتەوە، بەڵکوو ئەگەر هاتوو سازشێکیش لە گۆڕێ بێت، ئەوە، ئەو کات هاوشێوەی «ڕێککەوتنی حودەیبییە» ڕێککەوتنێکی مەسڵەحەتییە!

هەر ئەو هۆکارەش بووتە هۆی ئەوەی کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی زەربەی قورسی لەلایەن بزووتنەوەی کوردستانەوە وێ کەوتووە، بەڵام ئامادە نەبووە ئاشتی قەبوڵ بکات و پێملی خواستی بزووتنەوەکە بێت، ئەگەر داوای دانوستانیشی کردووە، بۆ مەبەستی تایبەت و کاتی تایبەت بووە.

**دووهەم:** لەگەڵ ئەوەی کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی خاوەن جیهانبینیی سێکۆلارە، بەڵام چون کۆمەڵگای کوردستان بەتەواوی بە دین تەندراوە و چون گوتاری زاڵی ئەو کۆمەڵگا دینییەش گوتاری شیعەگەرییە، بزووتنەوەی کوردستان ڕوو بە گوتاری سوننیگەریی چووە.

**سێیەم:** ڕوونە کە گوتاری سوونیگەری لە بزووتنەوەی کوردستاندا و سەرکەوتنی گوتاری شیعەگەری لە تاران، مەترسیی ئەوەی سازکردووە کە کوردی شیعە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دابڕێ، یان بەو شێوەی کە سەنگی خۆیەتی تێیدا بەشدار نەبێت.

## کۆتایی

پێکهاتەی ئاخوندی لە دەسەڵاتداریی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە گرت، ئەوان پێشتر پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبوو، بە هۆکاری ئەوەی کە نوێنەرایەتیی پێگەی کۆمەڵایەتیی دینیان دەکرد.

ئەو پێکهاتەیە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بزووتنەوەی کوردستانیان کردە ئامانجی خۆیان و بە ڕێگای دین و ڕەواییی شۆڕشی نوێ لەنێو خەڵکدا، زەربەی زۆر قورسیان لە بزووتنەوەکەدا، سەرەڕای ئەوەش بۆ یەکەم جار وایان کرد کە پرسی دین هەم لە ئاستی نێوخۆییی بزووتنەوەکە و هەم لە ئاستی

دەرەوەی گوتاری بزووتنەوەکەدا گرینگیی زۆر پەیدا بکات، ئاخوندەکان بە چەکدارکردنی دیندارەکانی لایەنگریان، شەڕێکی قورسیان تووشی کوردستان کرد، ئەوان بە تێکەڵ کردنی سەرکوتی کوردستان لەگەڵ شەڕی پیرۆز لە دینی ئیسلامدا، دۆخێکیان تووشی نەتەوەی کورد کرد کە هەتا فتوای جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد، کە نەتەوەیەکی موسوڵمانە، چوو.

پێکهاتەی ئاخوندی لە ئێستاشدا، ڕۆڵێکی سەرەکیی بۆ سەرکوتی کوردستان دەگێڕن و ئەوان بنەمای سیاسەتی ناوچەییشان لەسەر هەمان پێکهاتە دامەزراندووە. ئەوان خۆیان بە پارێزەری ئیسلام دەزانن و سەرکوتی کوردستانیش بە بەشێک لە هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی حکوومەتی ئیسلامی دادەنێن.

کورد چ بیبەوێت لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا ناڕاستەوخۆ ئاڵوگۆڕ سازبکات، و چ بیبەوێت بە ڕێگای دانوستانەوە هێندێ دەستکەوتی هەبێت، لەگەڵ دیاردەی حکوومەتی ئاخر زەمانی و پێکهاتەی ڕایەڵەکراوی ئاخوندی ڕووبەڕووە. پێکهاتەیەک کە سیاسەتی تەناهیی خۆی بە پێی ئایەی ٦٠ی سوورەی ئەنفال دارشتووە[١٤] (خمینی:٢٨)، «تا بۆو دەکرێ چەک و جبەخانەی شەڕ و ئەسپی سواری پەیدا بکەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن؛ کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنوو هەن نایان ناسن، بەڵام خودا دەیان ناسێ. هەر ماڵێکی لە ڕاهی خودای بەخت کەن، خودا دەیبژێرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ»(قورئانی پیرۆز: ئەنفال ٦٠) بەشی یەکەمی ئەو ئایایە لەسەر لۆگۆی سپای‌پاسداراندا هاتووە.

ئاخوند شەڕی مان و نەمانی خۆی لە دەسەڵاتدا دەکات و حکوومەتەکەش بنچینەکەی لەسەر دەسەڵاتی چەق بەستوو دامەزراوە و ئامانجیشی ئەوەیە خەڵک بۆ بەهەشت بەرێ، نەوەک دنیایان بۆ ئاوەدان بکاتەوە!

لە دۆخی وادا هەر چەشنە هیوایەک بە دانوستان و ئالوگۆڕی نێوخۆیی لە ڕێژیم ،هیوایەکی دوورەدەستە! چون کێشەی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و گوتاری وەلیی فەقێ لە کێشەی نێوان جیهان‌بینیی سێکۆلار و دینییەوە دەست پێدەکات و هەتا دابەش کردنی دەسەڵات و داماڵینی دەوڵەت و قانون لە دین دەچێتە پێش و تەنیا کیشەیەکی ساکار و زوو خۆ بەدەستەوەدەر نییە.

کۆتا ڕستە ئەوەیە هەر چەشە دانوستان و هیوا بە ئاڵوگۆڕی نێوخۆی ڕێژیم بۆ بزووتنەوەی کوردستان دەبێ، لە چوارچێوەی ڕوانگەی وەلیی فەقێوە ببیندرێ نەک لە چوارچێوەی سیاسەتی سێکۆلار یان لاوازی و توانایی ڕێژیمدا.

پێویستە لە کاتی دانوستان یان بەتەما بوون و گەڵاڵە دارشتن بۆ ئاڵوگۆڕ لەنێوخۆی ڕێژیمدا، لەبیرمان بێت کە حوکمی دژایەتی کردنی وەلیی فەقێ لە قانونی دادی ئێراندا، حوکمی بەغییە، کە دەکاتە دژایەتی لەگەڵ خودا و ئیمامی زەمان.[١٥]

*. ڕۆژنامەنووس

## پەراوێز


[1] https://bit.ly/2TGOBs8

[2] موسوی خمینی روح الله، ولایت فقیه، ناکجا

[3] قورئانی پیرۆز، هەژار موکریانی

[4] https://bit.ly/3aQKjUS

[5] https://bit.ly/3aQKjUS

[6] خلجی مهدی، نظم نوین روحانیت در ایران، چ دوم، بوخوم آلمان ٢٠١٠

[7] محمدرضا نیکفر، اقتصاد دین، درسگفتارهای در رادیو زمانه،اینترنیت، ٢٠٠٧

[8] هەمان

[9] https://bit.ly/2TRbVC2

[10] https://bit.ly/2VO7ZEO

[11] https://bbc.in/2QgUeel

[12] https://bit.ly/3aQKjUS

[13] https://bit.ly/2QbBqgL

[14] موسوی خمینی روح الله، ولایت فقیه، ناکجا

[15] https://bit.ly/3aED4yY

# له خولیای شۆڕشی ئیسلامییەوە
# تا بازنەی داخراوی پێگەیاندنی هەموو تاکەکان

**ولاّت زاگرۆس**

بۆ باس کردن لە مەکتەبی قورئان، سەرەتا دەبێ ئەحمەدی
موفتیزادە وەک دامەزرێنەر و ڕێبەری ئەم لایەنە کە وتار و
نووسراوەکانی بووەتە نێوەڕۆکی سەرەکیی هزری ڕێکخراوەکەی
و شوێنکەوتوانی بناسین. وتەکانی کاک ئەحمەد و باوەڕ بە
ڕێبازەکەی هێڵی سەرەکیی دیاریکەری چالاکییەکانی ئەم لایەنەن
–مەکتەبی قورئان لەو دەگمەن لایەنانەیە لە هەنووکەدا، ناوی
ڕیبەرەکەی لە خودی ڕیکخراوەکە بەناوبانگترە

ســـاڵێک بەر لە ســـەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، مەکتەبـــی قورئان بە ئایدیای بونیادنانی کۆمەڵگا و دەســـەڵاتێکی ئیسلامییەوە دامەزرا و لەم ماوەیەدا گەلێک هەوراز و نشێوی بڕیوە بەڵام لەو کاتـــەوە تا هەنووکـــە ڕێکخراوترین لایەنی ئیســـلامی ســـوننەیە لـــە خۆرهەڵاتی کوردستان.

ئەگـــەر بمانهەوێ لایەنە ئیســـلامییەکانی بەشـــی ســـوننەی خۆرهەڵاتی نیشـــتمان بە شێوازێکی گشتی پۆلێنبەندی بکەین دەتوانین ناو لەم لایەنانە بەرین کە بریتین لە:

**ڕەوتەکانی ســـەر بە ئیســـلامی سوننەتی:** ســـۆفییەکان؛ زۆربەیان گرێـــدراوی تەریقەتی نەقشـــبەندیین. دەروێشـــەکان؛ زۆربـــەی دەروێشەکان لایەنگری تەریقەتی قادرییەن.

**ڕەوتەکانی ســـەر بە ئیســـلامی سیاســـی:** ئیخوانیەکان؛ لەم بەشـــەی نیشـــتمانەکەماندا بـــە ناوی جەماعەتی ئیســـلاح و دەعوە خۆیان دەناســـێنن. بناژۆخوازە ئیسلامییەکان؛ دابەش دەبن بە ســـەر لایەنگرانی ئەلقاعیدە، تاڵیبان و داعەش و ...کە خەڵک زیاتر وەک سەلەفییەکان ناویـــان دەبـــەن. مەکتەبی قورئـــان؛ یان کاک ئەحمەدییەکان.

ئەمە پێنـــج گرووپی ســـەرەکی و لایەنی ڕێکخراوەیی ئیســـلامی ســـوننەتی و ئیسلامی سیاسین لە بەشی ســـوننەی کوردستاندا - بە دڵنیایەوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی سوننەی زاگرۆس خۆیان لە ڕێکخســـتنی هیچکام لەم لایەنانەدا نابیننەوە- لەو پۆلێنبەندیە گشتیەدا کـــە کردمان، هەموو گرووپـــەکان خاوەن دوو تایبەتمەندیی هاوبەشن، جگە لە گرووپی کاکە ئەحمەدییـــەکان، گرووپەکانی دیکە تایبەت بە تەنیا زاگرۆس و بەشـــی ســـوننە نیشینی ئەم بەشەی نیشـــتمانی ئێمە نین، بەو واتایەی کە لە دەرەوەی زاگرۆس دامەزراون و ئەم لایەنانە وەک لق و شوێنکەوتووی گرووپەکانی دایک- لـــە دەرەوەی زاگرۆس- دێنـــە ئەژمار ، بەڵام مەکتەبـــی قورئان تایبەت بە بەشـــی ســـوننە نشـــینی خۆرهەڵاتی کوردســـتانە بەو واتایەی کە هەر لەم بەشـــەی نیشتمانیشـــدا دامەزراوە و نەشـــی توانیـــوە پەل بۆ وڵاتانـــی دیکە یان ناوچەکانی دیکەی زاگرۆس بکێشـــێ. هەروەها دامەزرێنەرەکەی-ئەحمەدی موفتیزادە- کورد زمانـــە و هەر لەم بەشـــەی نیشتمانیشـــدا لە دایک بووە و زۆربەی بەرهەمەکانیشی بە زمانی کوردیـــن و باوەڕی بە ژێردەســـتیی نەتەوەی وڵات داگیرکـــراوی زاگرۆس بـــووە و بۆ دەرباز بوون لـــە دۆخی ژێردەســـتەییش هەوڵی داوە ـ ڕاســـت بوون یان هەڵە بوونی شـــێوازەکەی بابەتێکی دیکەیە ـ ناوبـــراو لە وتارێکدا کە لە دووهەمیـــن کۆنگرەی ڕێکخراوەی شەمســـدا پێشکەشی دەکات دەڵێت» شەمس بۆ ئەم سێ ئامانجە دامەزراوە، لابردنی ستەمی چینایەتی، ســـتەمی نەتەوایەتی و ستەمی ئایینی.[١] بەڵام دامەزرێنـــەری هیچکام لـــە گرووپەکانی دیکە کورد نین و باســـێک لە ســـتەمی نەتەوایەتی ناکەن.

بـــۆ باس کـــردن لـــە مەکتەبـــی قورئان، ســـەرەتا دەبێ ئەحمـــەدی موفتیـــزادە وەک دامەزرێنـــەر و ڕێبەری ئـــەم لایەنە کە وتار و نووســـراوەکانی بووەتە نێوەرۆکی ســـەرەکیی هزری ڕێکخراوەکەی و شوێنکەوتوانی بناسین. وتەکانی کاک ئەحمـــەد و باوەڕ بە ڕێبازەکەی هێڵی ســـەرەکیی دیاریکـــەری چالاکییەکانی ئەم لایەنەن -مەکتەبـــی قورئان لەو دەگمەن لایەنانەیە لـــە هەنووکەدا، ناوی ڕیبەرەکەی لە خودی ڕیکخراوەکە بەناوبانگترە.

ئەحمـــەدی موفتیـــزادە ناســـراو بە کاک ئەحمەد ســـاڵی ١٣١٣ لە شـــاری ســـنە و لە بنەماڵەیەکـــی ئاینیدا لە دایک بـــووە. هەر لە منداڵیـــەوە دەنێردرێتە بـــەر خوێندنی ئاینی و لەشـــارەکانی سنە و مەریوان و ماوەیەکیش لە باشوری کوردستان سەرقاڵی خوێندن دەبێت. لە تەمەنی هەژدە ســـاڵیدا لـــە لایەن باوکیەوە دەکرێتـــە بەرپرســـی قوتابخانـــەی ئایینیـــی دارالحســـان. هەر لـــەم ســـەردەمەدا حەفتانە

بەر لە نوێژی هەینی لە شاری سنە بۆ نوێژ خوێنان وتار دەخوێنێتەوە و لەم ڕێگەوە زیاتر دەناسرێ. لە ساڵی ١٣٣٦دەچێتە تاران و لە ڕادیۆ کوردیی تاراندا دەس ئەکات بە کار کردن و هاوکات لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کە ئەو کات لە تاران دەردەچوو دەبێتە قەڵەمێکی دیاری ئەو ڕۆژنامەیە. (هەندێ کەس دەڵێن کە ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لە لایەن موفتیزادەوە وەرگیراوە بەڵام لەبەر کەمیی تەمەن کراوە بە ناوی کەسێکی دیکەوە) لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٨تا ١٣٤٢لە زانستگەی ئیلاهیات وانەی فەلسەفەی ئیسلامی دەڵێتەوە. ساڵی ٤٢ بەر بە کار کردنی لە ڕادیۆ کوردی دەگرن و ڕۆژنامەی کوردستانەکەشی دادەخەن. هەر لەو ساڵەدا بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا دەسبەسەر دەکرێت و وەک لایەنگرانی دەبێژن لە بەندیخانەدا خەونێک دەبینێت و ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕدرێت و هەر لەم بەندیخانەیە لەگەڵ ژمارەیەک مەلای شیعە ئاشنا دەبێ. ساڵی ١٣٥١وەک بەرپرسی نووسەرانی ڕادیۆ سنە دیاری دەکرێت و پاش ماوەیەک لە لایەن ساواکەوە بەر بە کار کردنی لە ڕادیۆ دەگیرێت. لە ساڵی ١٣٥٥دا دەبێتە حاکم شەرعی پارێزگای سنە. لە سەرەتای ساڵی ٥٦دا یەکەمین لقی مەکتەب قورئان لە مەریوان دادەمەزرێنێت و چەند مانگ دوواتر لقی سنەی مەکتەب قورئانیش دادەمەزرێنێت. لە پانزەی مانگی ڕێبەندانی ساڵی پەنجا و حەوتدا حیزبی هاوسانیی ئیسلامی بونیاد دەنێت. لە ٢٧ی ڕەشەمەی پەنجاو حەوتدا بەشداری کۆبوونەوەی ڕێبەرانی ئایینی دەکات لە شاری سەقز. ڕۆژەکانی ٢٠تا٢٢ی جۆزەردانی٥٨ بە دەسپێشخەریی موفتیزادە کۆنفرانسی خودموختاری لە سنە بەڕێوە دەچێت. لە ٥٨/٥/١١دا لە بەربژێر بوونی پارڵمانی شارەزایانی ئێران دەکشێتەوە، هەر چەن دواترو بە هۆی بانگهێشتی مونتەزریەوە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەم پارڵمانەدا دەکات. لە مانگی خەرمانانی ٥٨دا زنجیرە وتارێک لە حسەینیەی ئێرشادی تاران پێشکەش دەکات و لەواندا بە ئاشکرایی دژایەتیی کەسانێکی وەک خامنەیی و هەندێ دەسەڵاتداری دیکەی کۆماری ئیسلامی دەکات. لە ساڵی ١٣٦٠دا ڕێکخراوەی شەمس دادەمەزرێنێت و ساڵی ١٣٦١ بە فەرمانی ڕاستەو خۆی خومەینی دەستبەسەر دەکرێت[٢].[٣]

مووسا مووسەوی قەدریجانی، کە لە ساڵی٥٨ەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ نوێنەری وەلی فەقێ بوو لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران بەم چەشنە باس لە دەسبەسەر کردنی موفتیزادە دەکات: لەگەڵ فەرماندە بروجێردی- ئەو کات فەرماندەی سپا بوو لە پارێزگای سنە- بەو ئاکامە گەیشتین کە موفتیزادە چووەتە قۆناغی دژایەتیی کۆماری ئیسلامییەوە و هەر بۆیە دەبێ لەبەرامبەریدا بە توندی هەڵوێست بگرین، بەڵام پێمان وابوو دەبێ سەرەتا ئیزن لە ئیمام(مەبەست خومەینیە) وەرگرین نەکا بەم کارەی ئیمە ڕازی نەبێت، هەر بۆیە خۆم چووم بۆ لای ئیمام و باسم لە دوژمنایەتییەکانی موفتیزادە کرد لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. بەر لەوەی دەریبڕم کە دەمانهەوێ دەستبەسەری کەین، لە نێوانی قسەکانمدا وتی: تا ئێستا دەستبەسەرتان نەکردووە؟ لە کۆتایشدا پێی وتم: هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کەسێکی فاسید و مۆفسیدە! بەم چەشنە ڕەزایەتی خومەینی بۆ دەستبەسەر کردنی کاک ئەحمەد وەردەگیرێت و لە ڕۆژی ٨ی خەرمانانی ١٣٦١دا پاش ئەوەی چەن کەس لە نزیکەکانی وەک فارۆق فەرساد، سەعدی قوڕەیشی... دەسبەسەر کرابوون خۆیشی ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێت. هەر لە ساڵی ١٣٦١دا نزیکەی سەد و هەشتا کەسی دیکە لە ئەندامانی مەکتەبی قورئان دەستبەسەر دەکرێن. زۆربەی گیراوەکان پاش ماوەیەک و ژمارەیەکی کەمیشیان پاش دوو، سێ ساڵ ئازاد دەکرێن. بەڵام کاک

ئەحمەد بۆ ماوەی دە ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا تووشی دژوارترین ئەشکەنجەکان دەبێت و تەنیا کاتێک بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەزانن کە تەمەنی ناوبراو روو لە کۆتاییە و هەردەم ئیمکانی مەرگی هەیە لە بەندیخانە ئازادی دەکەن.[۴] ساڵی حەفتا و یەک پاش چەن هەیڤ لە ئازاد کرانی لە بەندیخانە کۆچی دوایی دەکات.

موفتیزادە خاوەن دیوانێکی شیعر و دەیان وتار و بابەت و دوو نامیلکەیە بە ناوەکانی «بابەتێکی کورت لەمەڕ دەسەڵاتی ئیسلامی» و «لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستاندا».

دەکرێ بە کورتی و بە گشتی بیرو باوەڕ و ژیانی کاک ئەحمەد بە سەر سێ قۆناغدا دابەش کەین (لە قۆناغی دووهەمدا مەکتەب قورئان دادەمەزرێنێت و بەو پێیەش ئاڵوگۆڕەکانی ژیان و بۆچونەکانی ئیتر لە چوارچێوەی تاکدا نامێنێتەوە و وەک ڕێکخراو کاریگەریی لەسەر شوێنکەوتوان و کۆمەڵگاکەی دادەنێت):

**یەکەم؛** قۆناغی نەتەوەیی، ئەم قوناغە تا کاتی دەسبەسەر کرانی لە ساڵی چل و دووی هەتاویدا درێژەی دەبێ. لەم ماوەیەدا ئەندامی حیزبی دێمۆکراتە و لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەدات.

**دووهەم؛** قۆناغی خەباتی سیاسی بۆ دابین کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی، بە گیرانی لە ساڵی شەست و یەکی هەتاویدا کۆتایی پێ دێت. موفتیزادە لەم قۆناغەی ژیانیدا وەک خۆی دەڵێت: بەو ئاکامە دەگات کە بیروباوەڕی نەتەوەیی لاوەکی و بێ ناوەڕۆکە و دەبێ دەستی لێ هەڵگرێت و ڕوو کاتە بە وتەی خۆی ئیسلامی ڕاستەقینە.[۵]

لەم قۆناغەدا، هەوڵی کاک ئەحمەد پەروەردە کردنی تاکی موسوڵمان بە پێی قورئان و سوننەت-بە بۆچوونی خۆی- بە مەبەستی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو حکوومەتێکی ئیسلامییە کە ئەم بەرنامەیە بە هەندێک گۆڕانکاری لە هەزر و بیری ناوبراودا تا کۆتایی ژیانی هەر درێژەی هەیە. بەڵام ئەو خاڵەی کە جیاوازییەکی جەوهەریی نێوان ئەم قۆناغە و قۆناغی دواتر پێک دێنێ بەرجەستە بوونی لایەنی سیاسی و ئامانجی سیاسییە لە کار و چالاکییەکانی موفتیزادەدا بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی دواتر. واتە هەرچەند موفتیزادە دواتر، قۆناغی شۆڕشی ۵۷ و تێوەگلانیان لە سیاسەتدا بە شتێکی نەخوازراو و ناچاری دەزانێت بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە کاک ئەحمەد پێش لە شۆڕشی ۵۷ یش پەیوەندیی لەگەڵ ڕێبەر و زانا ئاینییەکان بە سوننە و شیعەشەوە بووە بە مەبەستی دروست کردنی بەرەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی. لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەمە ڕاستە کە لەگەڵ خومەینی چەندین ساڵە لە پەیوەندیدان دەڵێت: بەڵێ من لە ڕێگەی ئەو مەلایانە کە هاتووچووی عێراقیان دەکرد لەگەڵ ئیمام لە پەیوەندیدا بووم و لە ئامۆژگارییەکانی ناوبراو کەڵکم وەردەگرت».[۶]

دواتر کاک ئەحمەد بەم شێوەیە باس لەو قۆناغە دەکات: «...لەبەر ئەوەی لە ڕووی ـ تزکیە ـ[۷] پێ نەگەیشتبووین زیانێکی زۆرمان لێ کەوت چونکە کارێکی وا گەورە پێویستی بە ڕێکخستنێکی گەورەیە لە بەر ئەوەی ئێمە لە سەرەتای بانگهێشتندا بووین و ئامادەگیی ئەو کارەمان نەبوو خراپ شکایەوە بە سەرماندا».[۸]

**سێیەم؛** قوناغی بەندیخانە و چەن هەیڤی ئازادیی پاش بەندیخانە تا کاتی کۆچ کردنی؛

> **پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەندامانی مەکتەب قورئان کە بەختەوەریی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەبیننەوە، لە ڕیفراندۆمی «بەڵێ-نا» بۆ کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەن**

هەرچەن زۆربەی کاتەکانی دەسبەسەرکرانی لە ژووری تاکەکەسی و بێ چاوپێکەوتن بووە و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەیانهێشتووە پەیامەکانی بگاتە دەرەوەی بەندیخانە و لە ئاخری ماوەی دەسبەسەرکرانیدا ئیزنی ناردنی چەن نامەیان پێ داوە بۆ لایەنگرانی، وەک لەو نووسراوانەدا و لە تۆمارە دەنگییەکانی دەردەکەوێ لەم قۆناغەی ژیانیدا، پەشیمانە لەوەی کە کاری سیاسیی کردووە (پێشتر ئاماژەم بە نموونەیەک کرد) و پێشنیاری ئەوە دەکات بە لایەنگرانی کە خەریکی پاکژکردنی دڵ و دەروونیان بن و خۆیان لە چالاکیی سیاسی و خۆنواندنی کۆمەڵایەتی بپارێزن و خەڵک بۆ لای ئیسلامی راستەقینە (خوێندنەوەی خۆی لە ئیسلام) بانگهێشت بکەن، لە باری هزریشەوە یەکجار لە مرۆڤ دۆستیی گاندی نزیک دەبێتەوە و بۆ نموونە وەک ئەز لە چەن کەسی باوەڕ پێکراوی ئەندامی مەکتەب قورئانم بیستووە دەڵێن: پاش ئەوەی لە لایەن ئەشکەنجەگەرانەوە ئەشکەنجە دەدرا، ئەم داوای لێبوردنی لەوان دەکرد و پێی دەوتن کە بمبوورن بوومە هۆی ئەزیەتی ئێوە!

هەروەها پاش مەرگی خومەینی گەردنی ئازاد دەکات و لە خودا دەپارێتەوە کە لە تاوانەکانی خومەینی خۆش بێت.[۹]

لە دێڕەکانی دواتردا هەندێک وردتر باس لە چالاکییەکانی موفتیزادە و مەکتەبی قورئان دەکەین.

## شۆڕشی گەلانی ئێران و بارودۆخی مەکتەبی قورئان

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەندامانی مەکتەب قورئان کە بەختەوەریی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەبیننەوە، لە ڕیفراندۆمی «بەڵێ-نا» بۆ کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەن و دەنگی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی ئەدەن.[۱۰]

وەک حەسەن ئەمینی باسی لێ دەکات، ئەندامانی مەکتەب قورئان تا ماوەیەکی کەم بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران ژمارەیەکی بەرچاو نەبوون [۱۱] و کاک ئەحمەد داوای ئەوەی کردبوو لە خومەینی کە سەرکەوتنی شۆڕش دواخرێت!! بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بەستێن بۆ شۆڕشێکی ئیسلامی لە ناوچەکانی خۆیان ئامادە بکەن بەڵام پاش شۆڕش، پێیان وایە دەبێ ئەو جڤاکەی کە بە وتەی خۆیان هێشتا بۆ شۆڕشی ئیسلامی لەبار نییە، لەگەڵ مەلاکانی تاران ڕێکبخەن و هەربۆیە لە ڕیفراندۆمی بەڵێ-نا بە کۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەکەن بێ ئەوەی بزانن چییەتیی ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە مەلاکانی تاران خستوویانەتە بەردەم خەڵک بۆ دەنگدان چییە؟

> لێژنە و دەسەڵاتی لێژنەیی، یەکێک لە بنەماییترین بیرۆکەکانی کاک ئەحمەدی موفتیزادەیە بۆ دەسەلاتداریەتیی کۆمەڵگا و دژایەتیی بەڕیوەبەرایەتیی تاکەکەس دەکات

هەڵبژاردنی شوراکان لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ٥٨دابەڕیوە دەچێت و لە شاری سنەدا مەکتەب قورئان دەنگی یەکەم دەهێننەوە و لە پانزە کەسی هەڵبژێردراوی خەڵکی سنە هەشتیان مەکتەب قورئانی و نزیک لە موفتیزادەن و ئەم سەرکەوتنەش پیشاندەری پشتیوانیی زۆربەی دەنگدەرانی سنەیە لە مەکتەب قورئان و ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە لەم کاتەدا کاک ئەحمەدییەکان-ئیسلامی سیاسی-ڕێکخراوێکی زۆر شوێندانەر و بەهێز لانیکەم لە شاری سنە دان.[۱۲]

سەرکەوتن لە سنە و بەشداری لە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا دەکرێ وەک قۆناغی کورتی نێوانخۆشیی مەکتەب قورئان و ئاخوندەکانی بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران ناوی لێ بەرین کە سەردەمێکی زۆر کورت

دەخایێنێ و پاش ئەوەی کە بۆ موفتیزادە روون دەبێتەوە خـــودی یاســـای بنەڕەتیی کۆماری ئیســـلامی بناغەی هەڵاواردنی سیســـتماتیکە، دەس ئەداتـــە چالاکی بۆ ڕیفـــۆرم لە کۆماری ئیســـلامیدا. لە ڕاســـتیدا کێشـــەی سەرەکیی ناوبـــراو لە هەڤبەر یاســـای بنەڕەتیی کۆماری ئیســـلامیدا پەســـەندکرانی بەندەکانـــی ١٢ و ١١٥ بـــوو -تەنیا هەڵاواردنـــی مەزهەبی- هەر بۆیە پاش پەســـەند کرانی ئەم دوو مادەیە بەو ئاکامـــە دەگات کە دەســـەڵاتداران بە هیوای وەدی هێنانی خەونەکانی ئەو نین وەک خۆی دەڵێت: مەخابن، بەداخەوە هەموو ڕێسەکانمان بوونە خوری...ئاخرین هەوڵەکانیشمان بە ئاکام نەگەیشـــت و بـــە ڕوونی دەیبینـــم ئەوەی لە جیاتی بنەما و ڕێڕەوی ئیســـلامی دەنووسرێت، دەسنووســـێکی مەرگە کە زۆربەی شارەزایانی ناشارەزا یان ئەوانەی دەروەستی کۆمەڵگا نین بۆ خەڵک و بۆ شۆڕشی خەڵکی ئێرانی دەنووسن. هەنووکە ئایدیاکانمان- شۆڕشی ئێران، ئیسلام زینـــدوو دەکاتـــەوە و فەریادرەســـی خەڵکانی دیکـــەش بێت- بوونەتە خـــەون و خەیاڵ؛ بەو هۆیـــەی کە کارنامەی شـــۆڕش- مەبەســـتی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە- خەریکە نێوەرۆکی شۆڕشـــیش بەرەو نەمان دەبات... و ڕادەگەینـــم تا دۆخەکە بەم چەشـــنەیە، هیچ هیوایەکم بە ڕاســـت بوونەوەی ڕێگەی شۆڕش نییە.[١٣]

## پێکهێنانی ڕێکخراوەی شـــەمس (شمس کورت کراوەی شورای مرکزی اهل سنته)

پاش ئـــەوەی موفتیزادە لە یاســـای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و هەندێ -نەک هەموویان- لە کاربەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی بێهیوا دەبێت، هەوڵ ئـــەدات ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ســـوننیەکانی ئێـــران دامەزرێنێت و لـــەم ڕێگەیەوە بـــە ئامانجەکانـــی، کە پێک هێنانی دەســـەڵاتێکی ئیسلامییە کە لە لایەن لێژنەیەکەوە(شـــۆرا) بەڕیوە بچێت بگات. هەر بۆ ئەم مەبەســـتەش لە ٢٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨دا نامەیـــەک بۆ ژمارەیـــەک لە زانایانی ســـوننەی سەرانســـەری وڵاتی ئێران دەنێرێت و بانگهێشتی دروســـت کردنی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ســـوننەکانی سەرانســـەری ئێرانیان دەکات و هـــەر لـــە گـــەڵ ئـــەم نامەیەشـــدا پەیڕەو و پرۆگرامی پێشـــنیار کراوی خۆی کە پێکهاتوو لـــە ١٥ ماددەیە بـــۆ زانایانی ئایینی دەنێرێت.[١٤] یەکەمین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیە لە بەهاری ســـاڵی شەســـتدا و لە شاری تاران دەگیرێت و پەیڕەو و پرۆگرامی پێشنیار کراوی ناوبراو بـــە بێ هێچ دەســـکارییەک و تەنیا بە زیادکردنی ماددەی شـــانزە پەســـەند دەکرێت و لێژنەیەکـــی پێکهاتـــوو لـــە دوازدە کەس بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی دیاری دەکرێت، هەرچەند ڕێکخراوەی شـــەمس خاوەن کەســـێکی وەک ڕێبـــەر نییە بەڵام دیارترین کەســـایەتییەکەی موفتیزادەیە و وەک باس کـــرا لە پێکهێنانیدا دەوری ســـەرەکیی دەگێڕێـــت و بۆچونەکانی ڕێڕەوی چالاکییەکانی شەمس دیاری دەکەن.

لێژنـــە و دەســـەڵاتی لێژنەیی، یەکێک لە بنەماییتریـــن بیرۆکەکانـــی کاک ئەحمـــەدی موفتیزادەیـــە بۆ دەســـەڵاتداریەتیی کۆمەڵگا و دژایەتیـــی بەڕیوەبەرایەتیی تاکەکەس دەکات، بەڵام لـــەو ڕێکخراوەیـــەدا کە بۆ دەســـتەبەر کردنی مافی ســـوننیەکان پێکیهێنا، ئەم هێڵە بنەماییـــەی هزری خۆی، لە ژێـــر پێ ناوە و زۆربـــەی نزیک بەتەواوی کەســـانی بەشـــدار تەنیا وەک ســـەیرکەر ئامـــادەی کۆبوونەوەکان بوون و بەرنامەی پێشـــنیار کـــراوی ناوبراو بێ هیچ دەسکارییەک پەســـەند کراوە و ماددەی شازدەیش کە بە پەیڕەوی پێشنیار کراوی ناوبراو زیاد دەکرێت، تەنیا بە فەرمی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە شەمس بەڕێوەبەری سەرەکیی هەیە و خـــاوەن ڕێبەرە و ئەویـــش کەس نییە جگە لـــە کاک ئەحمەدی موفتیـــزادە، هەر چەن لە مادەی شـــانزەدا ناوی مەلایەکـــی بەلووچیش هاتووە بەڵام وەک بەشدارانی کۆنگرەکە باسی

دەکەن ناو هێنانی ئەم کەسایەتییە بەلووچەیش بە پێشنیاری موفتیزادە بووە.

کۆماری ئیسلامی هەر زوو دەس ئەداتە دژایەتی کردنی ڕێکخراوەی شەمس و بە گرێدراوی بیانییەکان و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدا بردنی شۆڕش تاوانباریان دەکات و خومەینی ڕێکخستنی سوننییەکانی ئێران لە لایەن شەمسەوە، بە پیلانی ئەمریکا و عەرەبستان ناودێر دەکات و هەڕەشە لە بونیادنەرانی شەمس دەکات و دەڵێت چاوەڕوانی بەرەنجامی چالاکییەکانتان بن.[١٥]

## دووهەمین کۆنگرەی شەمس

لە ساڵی ١٣٦١دا موفتیزادە هەوڵ ئەدات کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوەی شەمس -لە هەندێ شوێندا وەک ساڵیادی دامەزراندنی شەمس ناوی لێ براوە- لە تاران پێک بێنێت؛ بەڵام لەگەڵ دژایەتیی توندی دەسەڵاتداران بەرەوڕوو دەبێ و بە ناچاری شوێنی بەستنی کۆنگرە دەگۆڕێت بۆ کرماشان و لە ماڵی خۆیدا بەڕێوەی دەبات، لە دوازدەکەسی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی، تەنیا چوار کەسیان ئامادەی کۆنگرەی دووهەم دەبن و هەرچەن ڕێژەی بەشدار بووان زیاتر لە کۆنگرەی یەکەمە بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئامادە بووان کوردن و سوننەکانی دەرەوەی کوردستان، بەشداریان بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی یەکەمدا زۆر لاواز بوو.[١٦] پاش ئەم کۆبوونەوەیە و تا ئەو کاتەی موفتیزادە لە ژیاندایە، چالاکییەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەی شەمس بەدی ناکرێت و پاش کۆچی دوایی موفتیزادەیش تەنیا چالاکیی بەرچاوی ئەم ڕێکخراوەیە بەستنی کۆنگرەیەک بووە و چەن ڕاگەیاندراوێک کە لە قامکەکانی دەست تێناپەڕن.

## پەیوەندیی نێوان مەکتەب قورئان و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

هەرچەن وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد موفتیزادە لە چەن وتاردا باس لە ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی دەکات، بەڵام لایەنی ئایینی بەسەر چالاکییەکانیدا زاڵە و تەنانەت یەک ماددەیش لە پەیڕەو و پرۆگرامی شەمس بۆ باس لەسەر مافی نەتەوایەتی و چینایەتی تەرخان نەکراوە و هەموو ئاواتەکانی شەمس لە لابردنی ستەم لە سەر سوننەکان کورت کراوەتەوە. لەیەکێک لە نامەکانی ڕێکخراوەی شەمسدا بۆ خومەینی کە دەکرێ وەک داخوازییەکانی شەمس لە دەسەڵات پێناسەی بکەین هیچ باسێک لە ستەمی نەتەوایەتی ناکرێت و داخوازییەکانیان بەم چەشنە کورت دەکەنەوە **١** هاوسانیی شیعە و سوننە **٢** لابردنی حیزب و حیزبگەرایی-مەبەست دەسەڵاتێکی ئیسلامیی ڕەهایە کە موسوڵمان بوون بنەمای کارەکانی بێت نەک لایەنگری ڕێکخراوەیی و حیزبی - **٣** چەسپاندنی دروشمی نا بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات-مەبەست ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەو کاتە -.[١٧] ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆچی هەڵوێستەکانی ڕێکخراوەی شەمس وەک هەڵوێستی کاک ئەحمەد یان مەکتەبی قورئان ناودێر دەکرێت؟ وڵامی ئەم پرسیارە لە خاڵی شازدەهەمی پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوەی شەمسدایە کە ئاماژە بەوە دەکات، هیچ چالاکی و ڕاگەیاندراوێکی شەمس نابێ بێ چاوەدێریی ناوبراو و مەولەوی عەبدولعەزیزی مەلازادە بەڕێوە بچێت. هەروەها لەم ماوەیەدا و تا کۆچی دوایی موفتیزادە، ناوبراو کەسی یەکەم و وتەبێژ و دەربڕی هەموو داخوازییەکانی مەکتەب قورئانە. کاک ئەحمەد چالاکییەکانی ڕێکخراوەی شەمس بە دژی مەکتەب قورئان نازانێت و پێی وایە بۆ یەک ئامانج (دەسەڵاتی ئیسلامی) هەوڵ ئەدەن بەڵام بە جیاوازیی ئەرکەوە و بەم چەشنە باس لە جیاوازیی نێوان شەمس و مەکتەبی قورئان دەکات، شەمس لێژنەی بەڕێوەبەریی سوننەکانی ئێرانە، لە دوو بارەوە چالاکییەکانی لەگەڵ چالاکیی مەکتەب قورئان جیاوازی

هەیە؛ مەکتەب قورئان سەرقاڵی کاری بناغەیی ئیســلامی و ڕاهێنانە بە پێی ئامۆژگارییەکانی قورئــان، بەڵام شــەمس ئەرکەکانی ڕواڵەتی و لە ڕێــرەوی بەڕیوەبەرایەتیی ئیســلامی و ئەو ئەرکانەی لەم پەیوەندیەدا دەکەوێتە سەرشانی چالاک دەبێت.[١٨]

هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییانەی موفتیزادە، شــەڕێکی دژوار بەســەر خەڵکی زاگرۆســدا ســەپێندراوە و خومەینی دژ بە نەتەوەی کورد لە ٢٨ی گەلاوێــژی ١٣٥٨دا فتوای جەهادی دەرکــردووە، بــەڵام مەکتەبی قورئــان و لە ساڵانی دوواتردا ڕێکخراوەی شەمس لەبەرانبەر فتــوای جەهاد و هێرشــەکانی دیکەدا بێ هەڵوێستە-بەڵگەیەک بــۆ دژایەتیــی هێرش بۆ ســەر کوردســتان لەلایــەن مەکتەبی قورئانەوە لەم سەردەمەدا نییە، یان لانی کەم من بەرچاوم نەکەتووە- تەنانــەت لێژنــەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان (ئەوان موفتیــزادە وەک ڕێبەری خۆیان پێناســە دەکــەن و ڕادەگەیەنن شــــــوێنکەوتووی ڕێبــازی خومەینیشن) لە پەیامێکدا کە بۆ خومەینیی دەینێرن پشــتیوانیی خۆیــان لــە هێــرش بۆ ســەر کوردســتان دەردەبڕن و دەڵێن: کوردستان لە چنگی ناپاکان، ســاواک، فیدایی، دەرەبەگ و دیموکراتەکان بەم هێرشــە ڕزگاری دەبێت.[١٩]
هەر لە کاتی هێرش بۆ ســەر زاگرۆسدا کاک ئەحمەد لە ڕاگەیاندراوی ٢١ی پوشپەڕی ساڵی ٥٩دا دەڵێت: لە ئێستا بەدواوە کاری ئێمە تەنیا پەروەردەو بارهێنان و بانگەشەی ئیسلامییە، بێ ئەوەی خۆمان سەرقاڵی کێشە سیاسییەکانی ڕۆژ بکەیــن (هەرچەن ناوبراو پابەندی ئەم وتەیەی خۆی نابێت و ماوەیەکی کورت دوای ئەم وتارە هەوڵی پێکهێنانی ڕێکخراوەی شەمس ئەدات). لایەنگرانم ئەگەر کردار یان دروشــمێکیان بە ناباش زانــی ئەوپەڕی دژکردەوەیان دەبێ ئەوە بێــت کە لەگەڵــی هاوڕێ نەبــن.[٢٠] لە چەن وتار و نووســراو و ڕاگەیانــدراوی دیکەدا و لە کاتێکدا چەن کــەس لە نزیکانــی موفتیزادە دەسبەرسەر کراون و زاگرۆس لە ئاور و ئاسنی دەســەڵاتی داگیرکەردا دەســوتێت، بانگەشە بــۆ بێدەنگی و خــۆ دوور گرتن لە بەرەنگاریی ڕەوا، دەبێتــە هۆی ئەوەی خەڵک لە مەکتەبی قورئــان دوورکەونەوە و بــە پێی بەرواردەکان هێزە شۆڕشگێڕەکان (حدکا، چریکە فیدایەکان و کۆمەڵە) لە شــاری سنە دەســتی باڵا پەیدا بکــەن. کاک ئەحمەد لــە وتارێکدا کە مانگی خەرمانانی ٥٨ لە حســەینیەی ئێرشــادی تــاران پێشکەشــی دەکات لــەم پەیوەندییــەدا دەڵێت: من بە ئیمامم(مەبەست خومەینیە) وت: ئەم شۆڕشە ئیتر ئیســلامی نییە، کۆنەپەرەستیە. لەســەر شــانم واجبــە بە دژی خەبات بکەم، بــەڵام بە خاتری ئەم خەڵکە موســوڵمانە دژ بەم کۆنەپەرەســتییە خەبات ناکەم.[٢١] پرســیار ئەوەیــە موفتیزادە کــە تێگەیشــتووە شــۆڕش لە ڕێگەی خــۆی لای داوە، بۆچی و هــەر لەبــەر خاتــری خەڵک دژی ئەم کۆنەپەرەســتییە خەباتێکی ڕەوا و لە بەرەی هێزەکانی دیکەی کوردســتاندا ناکات؟ دەکــرێ بێدەنگییەکەی بەو چەشــنەش لێک بدەینەوە کــە ناوبراو کۆماری ئیســلامیی (بە هەمــوو بەلارێــدا چوونەکانیەوە لــە ڕوانگەی ناوبــراوەوە) لە لایەنە کوردییەکان پێ باشــتر بوو بێــت، هەر چەن لایەنگرانی بە توندی ئەم بۆچوونە ڕەد دەکەنــەوە. موفتیزادە لە یەکێک لە نووســینەکانیدا لەمەڕ لایەنــە کوردییەکان دەڵێت: ئــەوەی لــە کوردســتان ڕوو ئەدات تێکەڵێکــە لە ١. داخوازییە ڕەواکانی خەڵک ٢. ئاوات و خولیــای ئینقلابی، کە تێکەڵی هزری

> **سەرکەوتن لە سنە و بەشداری لە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا دەکرێ وەک قۆناغی کورتی نێوانخۆشیی مەکتەب قورئان و ئاخوندەکانی بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران ناوی لێ بەرین**

دەرەکی و سیاسەتی دەرەکی بوون و دەکرێ لە ڕێگەی شۆڕشێکی ئیسلامییەوە ئەو ئاوات و خەیاڵانە دەستەبەر بکرێن .٣. پیلانی دژی گەلیانە و گرێدراوی ڕێکخراوە سیخوڕیەکانی ئیمپریالیستی کە هەندێ کات خۆیان لە ژێر دەمامکی پشتگیریی مافی نەتەوایەتیدا دەشارنەوە و هەندێ کاتیش بە هێنانە پێشەوەی هەندێ کەسی بە ڕواڵەت ئاینی و لە ڕاستیدا بووکەڵەی کایەی ئەو لایەنانە، بەکرێگیراوانی ئەنجامدانی ئەم پیلانانە لە ڕێگەی ئەم کەسانەوە بە خەڵکی ناوشیار وەک دڵسۆز و لایەنگری خەڵک دەناسێنرێن.[٢٢]

کۆماری ئیسلامی ئەو بێدەنگی و بێ هەڵوێستیەی مەکتەبی قورئان، وەک هەلێک بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە و بە دنەدانی هەستی ئایینی و ناساندنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی وڵات بە دژە ئایین ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی مەکتەبی قورئان تێکەڵاوی سپای داگیرکەر دەکات و دژ بە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان شەڕیان پێ دەکات. هەر لەم پەیوەندییەدا حەسەنی ئەمینی دەڵێت: «ناکرێ حاشا لەو ڕاستییە بکەین کە زۆر کەس لەوانەی بوونە جاش سەرەتا هاوکارییان لەگەڵ ئێمە دەکرد، بەڵام کاتێک زانیان ئێمە دژایەتی بە ئەندام بوونیان دەکەین لە ناو سپادا وردە وردە یان کشانەوە یان لە مەکتەبی قورئان چوونە دەرەوە».[٢٣]

هەرچەن مەکتەب قورئان و کاک ئەحمەد، لە سەرەتادا کۆماری ئیسلامی بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بەردەوام دژ بەم ڕەوتە پیلان دادەڕێژن بۆ نموونە لە شاری سنە دژ بە موفتیزادە پشتیوانی لە سەفدەری دەکەن، لە لایەکی ترەوە لە کاتێکدا مەکتەب قورئان دەنگی یەکەمی ئەو کاتی شاری سنە و هاوپەیمانی دەسەڵاتدارانی تارانە، بەلام بە پێچەوانەی خواستی ئەمان، ئیبراهیم یونسی دەکرێتە پارێزگاری سنە و وەک حەسەن ئەمینی دەڵێت؛ کاک ئەحمەد بە هۆی ئەوەی عاشقی ئیسلام بووە لەبەرامبەر ئەم ستەمانەی حاکمییەتدا و بۆ پاراستنی ئیسلام هیچ دژکردەوەیەکی ئەنجام نەدا.[٢٤]

> **موفتیزادە لە چەن وتاردا باس لە ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی دەکات، بەڵام لایەنی ئایینی بەسەر چالاکییەکانیدا زاڵە و تەنانەت یەک ماددەیش لە پەیڕەو و پرۆگرامی شەمس بۆ باس لەسەر مافی نەتەوایەتی و چینایەتی تەرخان نەکراوە**

خاڵی سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە موفتیزادە لە ساڵی شەست و شەشدا و پاش چەندین ساڵ بەندیخانە و ئەشکەنجەی خۆی و دەیان هاورێی و کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران و دانیشتوانی زاگرۆس بە فەرمانی خومەینی و شوێنکەوتوانی کە مونتەزیریش ئەو کات دووهەمین کەسی کۆماری ئیسلامی بوو لە نامەیەک کە لە بەندیخانەوە بۆ مونتەزیری دەنێرێت، باس لەوە دەکات کە بەردەنگی نامەکە-مونتەزێری- لە گەڵ خومەینی کەسانێکن کە حەز بە سەرکەوتنی ئیسلام دەکەن و حەز بە شەرمەزاریی دین ناکەن هەر بەم هۆیەش ڕێزیان لێ دەگرێت.[٢٥]

ئەمانە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە هەرچەن موفتیزادە لە زۆر شوێندا باسی لە ستەمی نەتەوایەتی کردووە، بەڵام لای ئەو گرینگ ستەمی ئایینی بووە و دەسەڵاتی بە ناو ئایینیی بە هەموو خراپەکانیەوە لە دەسەڵاتێکی نائایینی پێ باشتر بووە.

لێرەدا دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کە ژینگەی سیاسی و هزریی ئەو کاتی کوردستان، بە تایبەت لە ناو هەندێک لە لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بە جۆرێک بووە کە ئەم لایەنانەی بە ئاشکرا لە خانەی دژبەرانی مەکتەب قورئان و بەرنامە و پێڕەوی ئەو دادەنا، بەڵام نابێ ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە لە بەرانبەردا کاک ئەحمەدیش هەموو کات بە شک و گومانەوە

ســـەیری هەموو لایەنە غەیرە ئیســـلامییەکانی کوردســـتانی بە بێ جیاوازی کـــردووە و لە زۆر کاتیشـــدا بە توندی هێرشـــی کردووەتە ســـەر هەموویـــان (کە نموونەیەکـــی زۆر بچوکیان لە ســـەرەوە ئاماژەی پێ کـــرا)، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەڵوێســـتێکی هەر لـــەو جۆرەی(دژبەرانە) بەرانبـــەر بە دەســـەڵاتی ناوەنـــدی لانیکەم لە یەک ســـاڵی ئەوەڵی دوای شۆڕشدا زۆر کەمتر (بە نیســـبەت لایەنەکانی تری کوردستان) لێ دەبینین. هـــۆکاری ئەمە دەتوانین لە چوارچێوە فکرییەکەی کاک ئەحمەد و لایەنی بەرانبەریدا بدۆزینـــەوە کە هـــەر دوولا (مەکتەب قورئان و لایەنە چەپەکان بێجگـــە حدکا) رزگاریی تاکی کورد نەک لـــە خوێندنەوەیەکی کوردانە بۆ ئەو کاتی کوردســـتان، بەڵکوو لـــە جیهانبینیەکی ســـەرووکوردیدا دەبیننەوە کـــە تێیدا فاکتەری کوردبوون و مافی کورد وەک نەتەوەیەک، وەکوو خاڵێکی کۆکـــەرەوە و هاوبەش لـــە ناو هەموو لایەنەکاندا، لە دەرەجەی دووهەم و سێهەمدایە. لـــەم حاڵەتەدا لایەنێک دەیهـــەوێ مافی کورد لە ژێر چەتری دەســـەڵاتێکی ئیسلامی وەدەس بێنێت[٢٦] هەربۆیە نائاســـایی نییە ئەگەر خۆی لە دەســـەڵاتێکی ئیسلامی (ئەگەر بە رواڵەتیش بێت) نزیکتر بزانێت و لەو لاشـــەوە لایەنێکی تر دەیهەوێ شەڕی چینایەتی و خەبات بۆ هەرچی بەرجەستەتر کردنەوەی سنوورەکانی چینایەتی بکات بۆیە هیچ نائاسایی نییە ئەگەر دژبەرایەتیی کۆنەپەرەســـتی و دواکەوتوویی-بە خوێندنەوەی خۆیان- لە لایەنی بەرانبەردا بکەن.

بـــەڵام دەســـەڵاتدارانی کۆماری ئیســـلامی هیچکات باوەڕیان بە موفتیزادە -لە بەشی گیرانی ناوبـــراودا نموونەیەکـــم هێنایەوە کـــە بۆچوونی خومەینـــی لەمـــەر موفتیزادە چۆن بـــووە- یان هیچ لایەنێکی دیکە نەبـــووە. لەم پەیوەندییەدا ڕێکخـــراوەی چریکـــە فیدایییەکان دەنووســـن: موفتیزادە چەندین جار سەردانی شارەکانی قوم، تاران، بەلووچســـتان و کرماشانی کرد کە هۆی تەواوی ئەم سەردانانە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بوو وەک ڕێبەری سوننەکان و کوردەکان. بەڵام بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی، کێشـــەیەکی بنەڕەتی لـــە ئارادا بوو، ئەویش بـــێ بڕوایی خومەینی و کومیتەکانی لایەنگری خومەینی بوو بەرانبەر بە ئەحمەدی موفتیزادە.[٢٧]

ئەمە لـــە کاتێکدایە کە هەر چەن ڕۆژ بەر لە دەسبەســـەر کرانی و لـــە نامەیەکدا کە بۆ خومەینیـــی دەنێرێت، ئاســـتی داخوازییەکانی دێنێتـــە کەمترین ئاســـت و دەڵێـــت: من لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا دوو تاوانم هەیە یەکەم ئەوەی کە دەمهەوێ چاکســـازی لە یاســـای بنەڕەتیدا بکرێـــت، دووهەم ئەوەی کـــە لەبەرانبەر کرداری زاڵمانەی بەرپرســـانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر خەڵکدا نارەزایەتی دەردەبڕم.[٢٨] ئەم دێڕانە پێشاندەری ئەوەن کە موفتیزادە لەم سەردەمەشدا بە هیچ چەشنێک خوازیاری لە نێو بردنی کۆماری ئیسلامی نییە و هەر خوازیاری چاکسازییە لە سیستمێکدا کە پێشتر ڕایگەیاندبوو هیچ هیوایەکی پێی نەماوە.

کاک ئەحمـــەد ســـەرەڕای بـــاوەڕی لـــە ڕادەبـــەدەری بـــە خومەینـــی و دەســـەڵاتی ئیســـلامی، لە لایەن کۆماری ئیســـلامییەوە و بەر لـــە هەموویان خودی خومەینیەوە زیاترین ئەشـــکەنجە و ئازاری بەســـەردا سەپا، کۆماری ئیســـلامی لە مێژووی خۆیدا و تا هەنووکەش هەمـــوو لایەنەکانی دۆســـتی خـــۆی تەنیا بۆ بەردەبازی ســـەرکەوتن و هێشـــتنەوەی خۆی ویســـتووە و پاش ئەوەی کەڵکیان نەماوە یان بەرانبـــەری نارەزایەتییـــان دەربڕیـــوە بە هەر چەشـــنێک بـــۆی کرابێت لە نێـــوی بردوون، هـــەر چەن ڕەنگە ئەو کات دژوار بووبێت بەڵام هەنووکە زۆر ساکارە بەو ئاکامە دروستە بگەین کە کۆماری ئیسلامی نە ڕیفۆرم هەڵگرە و نە لە ڕێگەی خەباتی نەرم و نیانەوە لە نێو دەچێت.

## چـــەن داهێنایکی کاک ئەحمەد لە باوەڕە ئیسلامییەکاندا

لـــە تایبەتمەندیەکانی هـــزری کاک ئەحمەد

گرنگــی دان بە عەقڵی مرۆڤە کە وای لێ دەکا بە پێی ســەردەم و کۆمەڵگای خۆی و دنیای ئیســلام، ســەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئایین بکات و لەگــەڵ ئەوەدا مافی ئەوەش بە زانایانی ڕابردوو و هاوچەرخی خۆی ئەدات کە بە پێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی خۆیان باس لە بابەتە ئاینییەکان بکەن ئەم مافەش بۆ خۆی دەپارێزێــت کە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە دین هەبێــت.[۲۹] ئەم چەشــنە بیرکردنەوەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی کــە دەمارگرژی و خۆ بە حەق زانین و ئەوانی دیکە بە ناحەق لەقەڵەمدان تا ڕادەیەکی زۆر کەم بێتەوە و لە ڕاســتیدا لە ڕێژەگەرایــی نزیــک دەبێتەوە و هەر ئەم تایبەتمەندییە هزرییەش دەبێتــە هۆی ئەوەی کە خۆی و پاشان شــوێنکەوتوانی لە ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکە نەرم و نیان تر بن.

یەکێــک لە ناســراوترین و مشــتومڕهەڵگرترین بیرۆکەکانی کاک ئەحمەد، کێشــەی بوونی کافر لە سەردەمی ئێستە و باقی سەردەمەکاندایە. لەم پەیوەندیەدا موفتیــزادە بەو ئاکامــە دەگات کــە لــەم ســەردەمە و زۆر لە سەردەمەکانی تری مرۆڤایەتیشدا کافر بوونــی نییە یا نەبووە.[۳۰] ئەم بیرۆکەیەی کاک ئەحمــەد لــە لایــەن هیــچ زانایەکی ئایینیی ناســراوی دیکەوە نەســەلمێندراوە و شوێنکەوتوانیشی وەک پێویســت نەیانتوانیوە بــرەوی پێ بــدەن، دەنا ئەگــەر بیرۆکەیەکی لەم چەشــنە بوایەتە بیرۆکــەی زاڵ لە هزری موســوڵماناندا ڕەنگــە شــایەدی زۆر لە ڕەوتە ئیســلامییە بناژۆخــوازەکان و جەنایەتەکانی داعــش و... بەرانبــەر خەڵکــی ناموســوڵمان نەبوایەتین.

موفتیزادە لە کۆتاییەکانی ســاڵی حەفتا و لە بەندیخانەوە بەم چەشــنە لەمەڕ بەردەباران کردن بیرو باوەڕی خۆی دەردەبڕێت؛ بەردەباران کرانی مرۆڤ بە هیچ چەشنێک بە دروست نازانم و حوکمەکەی بە دژی قورئان و بە نائیسلامی دەزانم. ســەرەڕای ئەوەی بەردەبــاران کردن دژی ئامۆژگارییەکانی قورئانە، پرســیار ئەوەیە: کەسێک کە خوا بە گەورەترین بەخشەندەکان و پێغەمبەری ئیســلام بە ڕەحمەت بۆ هەمووان و دنیا بزانــێ، چۆن دەتوانێ بــاوەڕ بکات کە یاســایەکی ئاوا دژەمرۆڤانــە، لەگەڵ بەزەیی و بەخشینێکی وەها مەزندا پێکەوە کۆ ببنەوە؟

> **هەرچەن مەکتەب قورئان و کاک ئەحمەد، لە سەرەتادا کۆماری ئیسلامی بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بەردەوام دژ بەم ڕەوتە پیلان دادەڕێژن**

لە مانگــە ســەرەتاییەکانی شۆڕشــدا کە کەشــوهەوایەکی شۆڕشــگێڕانە بەسەر شاری ســنەدا زاڵە و شار جمەی دێ لە خۆپیشاندان و شــوعار و شەڕ و گوللە، جارێکیان لە شــەقامێکی سنەدا کچێک بەرەو ماشینێک کە موفتیزادە و هاوڕێیانی تێیدا دەبن دێــت و بە«خائین» و «خۆفرۆش» ناوی دەبات، لەو کاتەدا هەڤاڵانی موفتیزادە زۆر پێیان گران دەبێت و دێن کــە پەلاماری کچە بدەن بــەلام موفتیــزادە پێشــگرییان لــێ دەکات و پێیــان دەڵێ کە ئەم کچە بە تێگەیشــتنی خۆی وادەزانــێ کە مــن خائینم، بۆیە ئــەو لــە بەرانبــەری خائیــن و خۆفرۆشــدا هەڵوێستی نیشــان داوە کە ئەمە زۆر کردارێکــی جوان و شۆڕشــگێڕانەیە، هەر چەندیــش کە من خــۆم دەزانــم خەیانەتکار نیم.[۳۱]دواتر هەر ئەم شتە ڕاست لە نووسراوەکانی کاک ئەحمــەددا ڕەنگ دەداتــەوە و لە بارەی هەڵســوکەوت لەگەڵ دژبەراندا ئەم بۆچوونە بە شــوێنکەوتوانی پێشــنیار دەکا و ئەم چەشنە تلۆرانســە بۆ جڤاکــی ئێمە یەکجار پێویســتە یەکێک لە هۆکانی ئاشتەواییی کۆمەڵگایە.

ئــەم چــەن نموونەیەم بۆیــە هێنایەوە بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات کە بۆچوونەکانی کاک ئەحمەد بەرانبەر ئایین، خاوەن گەڵێک شــتی

نوێــن و بــە عەقڵییەتێکی جیـــاوازەوە ئایینی لێکداوەتەوە، هەر بۆیە شوێنکەوتوانیشی لەباری ئایینییـــەوە لەگەڵ لایەنــە ئایینییەکانی دیکە گەلێک جیاوازن.

هەر وەک پێشـــتر باسم کرد چەن هەیڤ پاش ئـــازاد بوونی لـــە بەندیخانــە، موفتیزادە کۆچـــی دوایی دەکات و لە شـــاری ســـنە بە خاک دەســـپێردرێ، لەم سەردەمەدا هەر وەک ســـەرەتای شۆرشـــی گەلانی ئێـــران زیاترین لایەنگری مەکتەبی قورئان لە شـــاری سنەدان و ژمارەیەکـــی کەمیش لە شـــارەکانی دیکەی پارێزگای ســـنە، هەر چـــەن ئامارێکی فەرمی لەســـەر لایەنگرانی هیچ کام لە ڕێکخراوەکان تـــا هەنووکـــەش لەبەردەســـتدا نییـــە بەڵام وێدەچێـــت بە بەراورد لەگـــەڵ ئەو کاتەی کە دەنگی یەکەمیان لە شـــاری ســـنە هێنایەوە، ڕێژەی لایەنگرانیان بە هۆی بێدەنگی بەرانبەر شەڕی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد دابەزیبێت.

## یەکەم قۆناغی پاش کاک ئەحمەد

ئەم قۆناغە لە کۆچی دوایی موفتیزادەوە دەس پێـــدەکات و تاکوو تیرۆری یەکێک لە کەســـە نزیکەکانـــی ناوبـــراو بە ناوی فارووق فەرســـاد درێـــژەی دەبێ، فەرســـاد کاتێک لە شـــاری ئەردەبیل دەبێ (لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دوور خراوەتەوە بۆ ئەو شارە) لە لایەن ڕێژیمەوە تیـــرۆر دەکـــرێ. لـــەم ماوەیـــەدا لایەنگرانی مەکتەب قورئان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک مەترســـی بۆ ســـەر دەســـەڵات چاویان لـــێ دەکرێ و ڕێبەران و کەســـانی بەناوبانگی مەکتەبیش لە هەر کۆبونەوەیەکدا بە شاراوەیی یان ئاشـــکرا، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیســـلامی دەردەبڕن و خوازیاری لەناو چوونین و تەنانەت هەڵوێســـتی فاروق فەرساد بەرانبەر کۆماری ئیســـلامی، لە هەڵوێستی ڕیبەرەکەی توندوتیژتـــرە. لەم مـــاوەدا ئەندامانی مەکتەب قورئـــان لەگەڵ ئـــەوەی خەریکی پـــەروەردە و بارهێنـــان (یا خود وەک موفتـــیزادە ناوی دەبات،تزکیە)ی خۆیانن، هاوکات ئەو قسەیەی کاک ئەحمەدیشـــیان کردووەتە چرای ڕێگای تێکۆشانیان: «بێ گومان هیچ میللەتێک نابێت لە بەرانبەر پێشێل کردنی مافەکانیدا بێ دەنگ بێ، بەو هۆیەی کە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا، ســـتەملێکراوێک کە ملکەچـــی نادادپەروەری دەبێت، گوناهی لە ســـتەمکار زیاتـــرە».[٣٢] بە تیرۆری فاروق فەرساد ئەم قۆناغە کۆتایی دێت و دژایەتیی ڕاســـتەوخۆی کۆماری ئیسلامیش لە لایەن لایەنگرانی مەکتـــەب قورئان ڕوو لە کزی دەکات.

تـــا ئـــەم قوناغـــەش زۆربـــەی ئەندامانی مەکتەب قورئان ســـەر بـــە توێژێکی تایبەتە و کەمتر وەک لایەنێک دەردەکەوێ کە هەمووان لـــە هەر چیـــن و توێژێکەوە ببنـــە ئەندامی و دیســـانیش زۆربەیان هەر لە دانیشتوانی شاری سنەن.

## پاش تیرۆری فاروق فەرساد تا ساڵی٧٥

لـــەم ماوەیەدا کێشـــە نێوخۆییەکانی مەکتەب کـــە پێشـــتر کاک ئەحمـــەد لـــە نامەکانیدا هۆشداری لەمەڕ داوە و یەکێک لە هۆکارەکانی کشانەوەیان لە سیاسەتیش بەوە ناو دەبا، زیاتر ســـەرهەڵئەدەن و دوو ڕەوتـــی جیـــاواز و دوو بۆچوونی جیاواز لە نێو مەکتەبدا ســـاز دەبێت، جیاوازییەکانی دوو لایەن یەکیان لەســـەر ئەو باوەڕەیە کە مەکتـــەب قورئان وەک موفتیزادە بۆی دیاری کردووە دەبێ ســـەرقاڵی پەروەردە و ڕاهێنانی ئیســـلامی و قورئانـــی بێ و کاری بە سیاســـەت نەبـــێ وەک خۆیان باســـی لێ دەکەن قوناغی هەنووکە قوناغی بانگهێشـــتن-دەعوەت[٣٣]-ە. لایەنی دیکەی مەکتەب قورئان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ خەریکی چالاکیی سیاسیش ببن، هەروەها لایەنی یەکەم لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شێعر و وتار و نووسراوەکانی کاک ئەحمەد بۆ ئـــەم قۆناغەی کاریان تەواوە و کاریـــان بە بۆچونی هیـــچ زانایەکی دیکەی

ئیســـلامییەوە نییـــە. لایەنـــی دووهـــەم پێی وایـــە کە دەبێ کەڵـــک لە بۆچوونـــی زانایانی دیکـــەش وەربگیرێت و تەنانەت بە نیســـبەت زۆر لـــە بۆچوونە بنەماییەکانـــی موفتیزادەش خوێندنـــەوەی تەواو جیاوازیـــان هەیە و پێیان وایە دەبێ سەر لە نوێ بەو بۆچوونانەدا بچنەوە.

## جیابوونەوە لـــە نێو ئەندامانـــی مەکتەب قورئاندا و چالاکییەکانیان

ئاکامـــی جیاوازیی بۆ چوونی ئەم دوو لایەنە لە ســـاڵی ٧٥دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لێکترازان لـــە ڕیزەکانی مەکتـــەب قورئانـــدا ڕوو بدات، لایەنی دووهەم کە پێشتر بە کورتی باسمان لە بۆچونەکانیان کرد بە سەرپەرەســـتیی حەسەن ئەمینـــی بە»مەکتـــەب قورئانی کوردســـتان» ناسراون و لایەنەکەی دیکە وەک خۆیان دەڵێن بە ڕێبەرایەتیـــی لێژنەیەکـــی بەڕیوەبەرایەتی (شورا یەکێک لە بنەما هزرییەکانی موفتیزادەیە بـــۆ بەڕیوەبەرایەتی ئیســـلامی) کە وتەبێژ یان دیارترین کەسایەتییان سەعدی قورەیشیە،ئەم لایەنە بە «لیژنـــەی بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەب قورئان» دەناسرێن.

. لایەنی ســـێهەمیش کە بە «ڕەخنەگران» ناویان دەبریێت و لە ســـاڵی ٨٩ بـــەدواوە بەرە بەرە لە لایەنی سەعدی قورەیشی جیا بوونەوە. ئەمانـــە بەهـــۆی ئەوەی کـــە کار و چالاکی یا تەشـــکیلاتێکی بەرچاویان نەبووە کەمتر لە ناو خەلکدا ناســـراون بەڵام کێشـــەی سەرەکییان لەگـــەڵ لێژنـــەی بەڕیوەبەرایەتیـــی مەکتەب قورئـــان، دەگەڕێتـــەوە بـــۆ بەوتـــەی خۆیان «چاوەدێری»ی سەعدی قورەیشی و دەسەڵاتی ڕەهای ئەو لە لێژنەی بەڕیوەبەرایەتیدا.

هەرچـــەن بـــە هـــۆی کەشـــی داخراوی کوردســـتان، ئامـــار و ڕێـــژەی ئەندامانی هیچ لایەنێک بە ڕوونی دیـــار نییە، بەڵام وێدەچێ لایەنگرانی شـــوڕا یان لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی مەکتـــەب قورئان لـــە زۆرینەدا بـــن. بە پێی ئـــەو بەدواداچوونانـــەی کە خـــۆم کردوومە، لایەنگرانـــی حەســـەن ئەمینی (خـــۆی وەک حاکم شـــەرعی کوردســـتانیش دەناســـێنێت) کەمینەن و تەنیـــا لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شـــاری ســـنە کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەیە، بەڵام لایەنگرانی باڵی شـــوڕا لە زۆربەی شـــارە ســـوننەکانی پارێزگاکانی ســـنە، کرماشـــان و ئورومیە کۆبوونـــەوەی هەفتانەیان هەیە. (هەر شـــانەیەکی ڕێکخراوەکـــە[٣٤] بە جیـــا و هەر ماوەیەک جارێک لە ماڵی یەکێک لە ئەندامانی شانەکە کۆ دەبنەوە). لەم کۆبوونەوانەدا بە پێی تەمەن و ئاستی تەشـــکیلاتی شانەکە باس لە بابەتە جیـــاوازەکان دەکرێت و هەندێ کاتیش شـــانەکان لە کۆبوونەوەکەیانـــدا وانەبێژێک-بە پلەی سەرتری تەشـــکیلاتی- دێنن و وانەیان پـــێ دەڵێتەوە و باســـە ئیســـلامییەکانی ئەم لایەنە لە وتار و بابەت و شێعرەکانی موفتیزادە تێناپەڕێت. هەروەها ئەم لایەنە لە منداڵەوە بۆ گەورە و لە ئاستە تەمەنییە جیاوازەکاندا، ژن و پیاو پۆلی جیاواز و تایبەتیان هەیە. ئەم لایەنە لە ماوەی پانزە ســـاڵی ڕابـــردوودا زیاتر خۆیان ســـەرقاڵی کاری بازرگانـــی کـــردووە بە هۆی ڕیکخراوە بوونیشـــیان و ئازادی چالاکیان لەم بوارەدا تا ڕادەیەک زۆر سەرکەوتوو بوون.

بە وتەی لایەنگران و کەســـە ناسراوەکانی ئـــەم لایەنە لـــە ئێســـتەدا مەکتـــەب قورئان (مەبەســـتیان باڵی سەر بە خۆیانە) بە نیسبەت زەمانی کاک ئەحمـــەد ئەندام و لایەنگری زۆر زیاتری هەیە و ئەمە خۆی نیشانەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە بزانین ڕێبازەکەی کاک ئەحمەدمان ون نەکردووە و باش ڕێگەمان بریوە.

بەڵام لـــە هەمان کاتیشـــدا ڕەخنەگرانیان ئەمـــە بە پێوەرێکـــی باش بۆ هەڵســـەنگاندنی دۆخەکە نازانن و لـــە بەرانبەردا دەڵێن ئەوەی کە زیاتر لە هەشتاد لە سەدی هەڤاڵە کۆنەکانی کاک ئەحمەد و ئەوانەی کە سەردەمێک لەبەر بڕوا بەو ڕێبازە کەوتوونەتە بەندیخانە، ئێســـتە لە ناو مەکتەبدا نەماون، نیشـــانەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە بزانیـــن هەڵەیەک کراوە و دەبێ بە

خۆماندا بچینەوە.[٣٥]

بــە باوەڕی ئــەز، بەرز بوونــەوەی ڕێژەی ئەندامانــی لیژنــەی بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەب قورئان بۆ چەن هۆ دەگەڕێتەوە؛ یەکەم، بە هۆی ڕێکخراوە بوونیان و چالاکیی سەرکەوتوانەیان لە بواری بازرگانیــدا، زۆر کەس لەبەر وەدەس هێنانــی قازانجی تاکەکەســی دەبنە ئەندامی ئــەم ڕێکخراوەیە. دووهەم؛ پێم وایە کۆمەڵگای کوردی بە گشــتی دژی کۆماری ئیسلامین و ئەندام بوون لە مەکتەبی قورئاندا بە چەشنێک پیشــاندەری ئەم بێزارییە لە کۆماری ئیسلامی لە هەمان کاتیشدا ئەم بێزاری دەربڕینە نابێتە هۆی نرخ دان و کێشــەیەک بۆ ئەندامان پێک نایەت هەر بۆیە دەبێتــە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێــژەی ئەندامانی مەکتەب قورئان. ســێهەم؛ کەم بوونــەوەی چالاکیی حیزبــەکان بووەتە هۆی ئــەوەی کە بۆشــاییەکی سیاســی لە کوردســتاندا پێک بێت و مەکتەبی قورئانیش کەڵکی خۆی بۆ کۆکردنەوەی ئەندام لەم کەشە وەرگرتووە. چوارەم؛ زۆربەی بە ئەندام بوونەکان بنەماڵەییــە و منداڵــی ئــەم بنەماڵانە هەر لە منداڵییەوە بە هۆی ئەو پۆلە تایبەتییەی بۆیان دادەنێــن، ئاوێتەی ئەم گرووپە دەبن و یەکجار کەمن ژمارەی ئەو ژنانەش کە هاوســەرەکەیان ئەندامی مەکتــەب قورئان بێ و خۆیان بتوانن هەڵگــری بیروباوەڕێکی جیاواز بــن. پێنجەم؛ کۆماری ئیسلامی گرفتێکی ئەوتۆ بۆ بانگەشە و چالاکییەکانی هیچ لایەنێکیان پێک ناهێنێت. بەرزبوونــەوەی ڕێــژەی ئەندامانی»لیژنــەی بەڕێوەبەرایەتیــی مەکتــەب قورئــان» بە هەر هۆیەک بێت ئــەو ئەنجامەی لێ کەوتوەتە کە ئەندامانیان لــە تەنیا چین و توێژێکی تایبەتدا قەتیس نەبێ و لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا توانیویانە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای سوننەی زاگرۆس ئەندام و لایەنگر کۆ بکەنەوە و ببنە ڕێکخراوترین لایەنی سوننەی خۆرهەڵاتی کوردستان.

لایەنگرانی حەســەن ئەمینی هەندێ کات بە ڕاگەیێنــدراو بیروبۆچوونی خۆیان لەســەر پرسەکانی ڕۆژ دەردەبڕن و هەوڵی هاوپەیوەندی و یەک گوتاری لەگەڵ ســوننەکانی دەرەوەی کوردســتانیش ئەدەن و ئایدیایان دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیســلامییە، بەڵام لایەنی دووهەم لەهەمبەر هیچ چەشــنە پرســێکی سیاسی و کۆمەڵایەتــی، بە فەرمی بــۆ کۆمەڵانی خەڵک باس لە بۆچوونی خۆیان ناکەن.

دیارترین چالاکییەکانی هــەر دوو باڵەکە بریتین لــە دیاری کردنــی ڕۆژەکانی جەژنی قوربان و ڕەمــەزان، بەدەر لە حاکمیەتی تاران و کۆبوونــەوەی مەولــودی خوێنــی کــە لەم کۆبوونەوەیەدا زیاتر شێعرەکانی کاک ئەحمەد دەخوێندرێتەوە. ئەوەی دیارە نە ئەم چالاکییانە و نــە چالاکیــی بازرگانیی باڵی شــۆرا، هیچ مەترسییەک بۆ دەســەڵاتی کۆماری ئیسلامی درووس ناکەن و ڕێژیم وەک مەترسی بۆ سەر خۆی بە ئەژماریان ناهێنێت.

موفتیزادە لــە یەکێک لە نامەکانی ئاخری تەمەنیــدا، کــە بــۆ شــوێنکەوتووانی ناردووە نووســیویەتی: «بەدڵنیایەوە ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە خۆتان لە هەر چەشــنە کارێکی سیاســی بەدوور بگــرن»، هەروەها پێــان ڕادەگەینێت کە «دەبێ خۆیان لــە خۆنواندن و دەرکەوتنی سیاســی و کۆمەڵایەتی دوور بگــرن».[٣۶] باڵی شــۆرا بە ئاماژە بــەم وتانەی ناوبــراو، لایەنی حەســەن ئەمینی بە لادەر لــە ڕێگەی کاک ئەحمەد ناو دەبەن و خۆیان بە شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی ڕێبازەکەی دادەنێن.

بە پێــێ نووســراوەکانی کاک ئەحمەد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی دابمەزرێ و یاسای ئیسلامی بەڕیوەبەرێت، پێویستە تاک بە تاکی ئــەو کۆمەڵگایــە لەگەڵ حاکم یــان نوێنەری دەســەڵاتداری ئــەو جڤاکە بەیعــەت بکەن و ئەگەر تەنانەت یەک کەسیش بەیعەتی نەکرد حوکمی ئەو دەســەڵاتە ئیسلامییە لەسەر ئەو یەک کەســەدا جێبەجێ ناکرێت.[٣٧] هەروەها جارێک لە وەڵام بە کاک فاروق فەرساد کە لێی

دەپرسێ کەی هەلومەرجی»مەککی»[٣٨] بۆ ئێمە تەواو دەبێ؟ دەڵێ «فاروق گیان، سەدوپەنجا ،دووسەد ،شایەدیش سێ سەد ساڵی تر.»[٣٩]

ئەم بۆچوونە لە دنیای ئەمڕۆدا زیاتر لە خەون نزیکە تا بینینی ڕاستییەکانی کۆمەڵگا و ڕوونە هیچکات و لە جڤاکی سەردەمدا کە هەزاران بیروبۆچونی جیاواز و میدیا و ڕاگەیاندنی جیاوازی هەیە، ئەو ڕۆژە نایەتە دی کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگایەک وەک یەک بیر بکەنەوە، کە واتە قۆناغی بانگهێشتی مەکتەب قورئان وەک بازنەیەکی داخراو وایە کە تا هەتاهەتایە دەبێ لە ناویدا بخولێنەوە -یا خود کاتێک گەیشتن بە دەسەلات، بە ژمارەی بۆچوونی تاکەکان یاسا دیاری بکەن- ئەگەر شوێنکەوتوانی بیانهەوێ بەتەواوی شوێن کەوتووی موفتیزادە بن. لێرەدا پرسیارگەلێک لە هەڤبەر چالاکییەکانی باڵی لێژنەی بەڕیوەبەرایەتی دێتە ئاراوە: قۆناغی بانگهێشتن و تەزکیە کەی تەواو دەبێ؟ ئاخۆ ئامانجی لایەنێکی ئیسلامی دەتوانێ بەدەر لە دەسەڵاتێکی ئیسلامی بێت؟ ئەگەر بە هیوای چالاکیی سیاسی نین بە شێوازی حیزبێکی دیاریکراو، مەبەستیان لە هەوڵەکانیان بۆ ڕێکخستنی لایەنگرانیان-هەر وەک حیزبێکی سیاسی- چییە؟ یا خود ئەوان کاتێک هەوڵی بەدەستەوەگرتنی ئامرازەکانی دەسەڵات- ئابووری- ئەدەن، لە دوواڕۆژدا چۆن خۆیان لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەپارێزن؟

ئەم پرسیارانە لە داهاتوودا و پاش کۆماری ئیسلامی وڵامەکەی ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە دەتوانین ئەم قسەیەی کاک ئەحمەد بەم چەشنەیش لێک بدەینەوە؛ ناو براو زانیویە هیچکات کۆمەڵگایەک وەدی نایەت هەمووان وەک یەک یان ئیسلامی بیر بکەنەوە، هەر بۆیە ئەم وتەیە دەتوانێ بەو ماناش بێت کە لایەنگرانی بگەنە ئەو قەناعەتەی کە هیچکات هەوڵی سەپاندنی یاسای ئیسلامی نەدەن و لە ڕاستیدا بەو ئاکامە بگەن کە ئایین پەیوەندیی نێوان تاک و خودایە نەک ئامرازیک بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگا و وەدەس هێنانی دەسەڵات و دەکرێ وەک هەنگاوێکی باش چاوی لێبکەین بۆ جیایی نێوان ئایین و سیاسەت.

## دەرەنجام

مەکتەبی قورئان هەر وەک لە سەرەتادا باسم کرد ڕەوتێکی ئیسلامیی کوردییە و بە داهێنانەکانی کاک ئەحمەد لە ئاییندا لەگەڵ زۆر لە بایەخ و پرنسیبەکانی هەنووکەی مافەکانی مرۆڤ یەک دەگرێتەوە و ئەگەر دەیان هەوێ لە چوارچێوەی یاساکانی داگیرکەردا یاری نەکەن دەبێ وەک ڕێبەرەکەیان دەڵێت: لە هەڤبەر نادادپەروەرییەکاندا دژکردەوە پیشان بدەن و باری نەتەوەییی هزری کاک ئەحمەد، زیاتر بەرجەستە کەنەوە و وانەکانی ڕابردوو، ئەوانی هێنابێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی، هیچ کێشەیەکمان لە بنەڕەتەوە چارەسەر ناکرێ. هەرچەن ڕزگاری لە ژێردەستیی نەتەوەیی سەرەتای ڕێگەیە و نیشتمان دەبێ جێگەی هەمووانی تێدا بێتەوە، ئەمە بەو واتایە نییە خەبات بۆ لابردنی ستەمەکانی دیکە دووا بخەین بۆ کاتێکی دیکە. بە پێچەوانەوە بەو واتایە یە کە نابێ هیچکام لە خەباتەکانمان دژی یەک بن و هەمووشیان بە ڕۆحێکی زاگرۆسییەوە بەڕیوە ببرێن و بەر لە هەموو لایەنگرییەک ئێمە ئەو ڕاستییە قەبووڵ کەین کە کوردین پاشان ئاینی یان چەپ یان فیمینیسم یان....

تێبینی: بە هۆی ئەوەی کە شێکاری و بابەتی زانستیانە لەمەڕ دۆخی هەنووکەی لایەنەکانی شوێنکەوتووی کاک ئەحمەد زۆر دەگمەنە، خۆم هەوڵمداوە بە وتوویژ و پرسیار کردن لە چەن کەسی لایەنگری هەر سێ باڵەکە تا ئەو شوێنەی دەکرێ زانیاریی دروست کۆ بکەمەوە.

## سەرچاوەکان


١. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ١٤٣، ٩٧/٢/٩

٢. موفیدی، سەباح، کارکرد سیاسی دین در کردستان، گۆڤاری رۆژەڤ، گۆڤاری خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران، ژمارەی یەکەم، ١٣٨٥، ل٧٤-١١٥

٣. بۆ نووسینی ئەم ژیاننامەیە بێجگە لە سەرچاوەی ئاماژە پێکراو، سەردانی ماڵپەڕەکانی مەکتەبی قورئانم کردووە و کەڵکم لەوانیش وەرگرتووە. هەروەها خۆم وت و وێژم لەگەڵ چەن کەسی باوەڕ پێکراوی لایەنگری موفتیزادە کردووە.

٤. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ١٦٨-١٨٧، ٩٧/٢/٩

٥. نامە ژمارە٢ بۆ ئەندامانی مەکتەب قورئان، موفتیزادە لە بەندیخانەوە ٦٩/٤/٣٠. لە ساڵی ٦٧بە دواوە لە بەندیخانەوە زنجیرەنامەیەک بۆ دەرەوە دەنێرێت. ژمارەی ئەو نامانەی کە بۆ ڕێنمایی و وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی ئەندامانی مەکتەب قورئان دەیان نێرێت ١٢دانەیە.

٦. وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی تهران مصور١٣٥٨/٤/٣١. علامە احمد مفتی زادە و کوردستان- کۆکراوەی بێهزاد خۆشحاڵی.

٧. پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون؛ (موفتیزادە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئەم چەمکە هەیە)

٨. چۆن و لەکوێوە دەس پێ بکەین، وتووێژ لەگەڵ کامەران حەمە سەعید، ل٧٦

٩. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ٢١٠، ٩٧/٢/٩

١٠. موفیدی، سەباح، کارکرد سیاسی دین در کردستان، گۆڤاری رۆژەڤ، گۆڤاری خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران، ژمارەی یەکەم، ١٣٨٥، ل٧٤-١١٥

١١. یاد ایام،بەشی دووهەم، گۆڤاری راه ما،ل٢٥

١٢. موفیدی، سەباح، کارکرد سیاسی دین در کردستان، گۆڤاری رۆژەڤ، گۆڤاری خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران، ژمارەی یەکەم، ١٣٨٥، ل٧٤-١١٥

١٣. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ٥١-٥٢، ٩٧/٢/٩

١٤. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل٧٣-٧٩ ، ٩٧/٢/٩

١٥. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ٩٠، ٩٧/٢/٩

١٦. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل١٣٤-١٣٧، ٩٧/٢/٩

١٧. نامەی ڕێکخراوەی شەمس بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی،١٣٦٠/٣/٨

١٨. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ١٤١، ٩٧/٢/٩

١٩. علامە مفتیزادە و کردستان، کۆمەڵە بەڵگەی چاپەمەنی، کۆکراوەی بێهزاد خۆشحاڵی

٢٠. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ٦٨، ٩٧/٢/٩

٢١. موفیدی، سەباح، کارکرد سیاسی دین در کردستان، گۆڤاری رۆژەڤ، گۆڤاری خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران، ژمارەی یەکەم، ١٣٨٥، ل٧٤-١١٥

٢٢. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل ٢٤٠، ٩٧/٢/٩

٢٣. وتووێژ لەگەڵ حەسەن ئەمینی، گۆڤاری چشم انداز ایران، تایبەت بە کوردستان، ژمارەی٢.

٢٣. وتووێژ لەگەڵ حەسەن ئەمینی، گۆڤاری چشم انداز ایران، تایبەت بە کوردستان، ژمارەی٢.

٢٤. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل٢٠٢، ٩٧/٢/٩

٢٥. موفیدی، سەباح، کارکرد سیاسی دین در کردستان، گۆڤاری رۆژەڤ، گۆڤاری خوێندکارانی کوردی زانستگەی تاران، ژمارەی یەکەم، ١٣٨٥، ل٧٤-١١٥

٢٦.چاو پێکەوتنی کاناڵی NRT لەگەڵ سەعدی قورەیشی، بەشی سێهەم، ٩٨/٣/٢٨

٢٧. نامەی سێی خەرمانانی ١٣٦١ بۆ خومەینی

٢٧. چۆن و لەکوێوە دەس پێ بکەین، وتووێژ لەگەڵ کامەران حەمە سەعید، ل١٤

٢٨. موفتیزادە، ئەحمەد، ئیمان و کفر، ماڵپەڕەی لێژنەی بەڕیوەبەرایەتی مەکتەبی قورئان، ١٣٨٧/١١/١٦

٢٩. وت و وێژ لەگەڵ کیهان ١٣٥٧/١٢/٨

٣٠. ڕەنگە بوتریَ ئەوان بە خۆیان ناڵێن شانەی تەشکیلاتی و کەسیش خاوەن پلەی تەشکیلاتی نییە، ئەم بۆچونە بە ڕواڵەت ڕاستە بەڵام بۆ دابەش کردن و گەیاندنی مەبەست، هێنانی وشەی شانە ی تەشکیلاتیم پێ پێویست بوو، هەروەها دروستە بە فەرمی پلەی تەشکیلاتی لە ناو مەکتەب قورئانیەکاندا دیاری ناکرێ، بەڵام هەر کەس ئاشنای کۆبونەوەکان و خۆیان بێت دەزانێ بە شێوازی نافەرمی پلەی تەشکیلاتی لە ناو ئەندامانی مەکتەبی قورئاندا هەیە.

٣١.ئەم بەسەر هاتەم لە یەکێک لە ئەندامانی باوەڕ پێکراوی مەکتەب قورئان بیستووە.

٣٢. بە باوەڕی کاک ئەحمەد و لایەنگرانی لە ئێستادا ئەرکی ئەمان تەنیا پێگەیاندنی خۆیانە و بانگهێشتنی خەڵکانی دیکەیە بۆ ڕێبازەکەیان. ئەوان ئەم قوناغە وەک قۆناغی دەعوەت پێناسە دەکەن.

٣٣. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل٢١٧، ٩٧/٢/٩

٣٤. کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل١٩٧، ٩٧/٢/٩

٣٥.از منتقدین به نظارت خاص،تراژدی مکتب قرآن،٩٦/٥/٢٨، کاناڵی تێلێگرامی کۆڕی هاوڕێیانی نوێ

٣٦.کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل٢١٧، ٩٧/٢/٩

٣٧.کدیور، محسن، جفای جمهوری ئیسلامی به احمد مفتیزاده،ل١٩٧، ٩٧/٢/٩

٣٨. قۆناغی «مەککی» و «مەدەنی» بە ئیلهام وەرگرتن لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام ناودێر کراوە و مەبەست لە قۆناغی مەدەنی ئەو قۆناغەیە کە خەریکی پەروەردە و بانگهێشتنن، بەڵام قۆناغی مەدەنی قۆناغی ئاشکرا بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتە.

٣٩. چاوپێکەوتنی کاناڵی NRT لەگەڵ فوئادی ڕۆحانی٩٨/٣/٢٨

# شوێنپەنجەی مەکتەب قورئان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سیروان کرماشانی**

"

زۆرێک لە شۆڕشەکانی کورد لەسەر دەستی کەسایەتییە ئایینییەکان سەریان هەڵداوە و ئەگەریش لەکۆتاییدا بەدەستی دەسەڵاتەکان لەناو چووبێتن، بەڵام لەلایان کۆمەڵگەوە پاڵپشتی کراون و ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی مەکتەب قورئان لە ڕەوتە ئایینییەکانی دیکەیە؛ مەکتەب قورئان بە پێچەوانەوە، لەپاڵ دەسەڵات جێی گرت. کۆماری ئیسلامی سەرەتا بۆ لاواز کردنی ڕەوتی ناسیۆنالیستی و بەتایبەت چەپ لە کوردستان مەکتەبی بەکار هێنا و پاش مەرگی موفتیزادە، مەکتەب چالاکییە سیاسییەکانی ڕاوەستاند

"

ئایین و ئایدۆلۆژی، لە ویستگەکانی مێژوودا کەرەستەی بەر دەستی پاوانخواز و بەرژەوەندیخوازان بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجیان. کاهینەکانی میسر و ئاخوندەکانی ئێران، دوو هێڵی هاوتەریبی ئایدۆلۆژین؛ بەو جیاوازیەی کە لە دوو ویستگەی مێژوودا و بە تایبەتمەندیی خۆیان، بانگەشەیان بۆ فکر ومەرامیان کردووە و کۆمەڵگەیان بەلاڕێدا بردووە، بەڵام ئامانجی کۆتاییی هەردوو، بەرژەوەندی بووە لە بەرگی ئاییندا. هاوکات لە مێژووی هاوچەرخدا، گرووپگەلی فکری، لەژێر ناوی ئیسلام و بە دروشمی جیاواز سەریان هەڵداوە کە یان بە ویست و ئیرادەی کۆمەڵگە پێک هاتوون و پاشتر دەسەڵاتەکان دەستیان تێوەرداون و لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێناون، یان لە بنەڕەتەوە دروستکراوی وڵاتانی داگیرکەر بوون بە مەبەستی دابەشکردنی کۆمەڵگە و ئاسانکاری لە کۆلۆنیالیزم.

بیردۆزییەکانی مارتین لۆتێر و تەقەلای کۆمەڵگەی ڕۆژاوا لە سەدەکانی ناوەڕاست، کۆتایی بە دەسەڵاتی قەشە و باڵادەستیی کەنیسەکان هێنا کە بۆ ساڵانێکی زۆر حوکمیان بەسەر خەڵکدا دەکرد. دواتر کۆمەڵگە توانی خۆی لەژێر دەسەڵاتی کەنیسە ڕزگار بکات و لەگەڵ سنووردار کردنیان، گەشە بە تەکنۆلۆژیا و شارستانییەت بدات. ئەم پرسە هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نەکراوە وبەکارهێنانی ئایین لەلایان دەسەڵاتداران و بەرژوەندیخوازانەوە وەک کەرستەیەک بۆ گەیشتن بە ویستیان، کۆمەڵگەکان دەکاتە قوربانی.

لە وڵاتی ئێران کە فارسی شیعە دەسەڵاتدارە و هەوڵ بۆ تواندنەوەی کەمینە دەدات، چەندین فکری جیاوازی سوننە بوونیان هەیە کە هەرکام خۆی بە ڕێگەی ڕاست دەناسێنێت و هاوکات ململانێی یەکتر دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە شێخ، سۆفی، دەروێش و تەریقەت کە مێژووی دوورتریان هەیە، چەند گرووپی دیکەی وەک «مەکتەبی»، «سەلەفی» و «دەعوەت و ئیسڵاح» سەریان هەڵدا کە سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی بڕێکیان دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە، دەسەڵاتی تاران ڕێ بە گەورەبوونەوەی بڕێکیان دەدات کە ئەمەش بە واتای ئەوەیە بە شێوازی ناڕاستەوخۆ پاڵپشتییان لێ دەکات.

## ئەحمەدی موفتیزادە

موفتیزادە لەدایکبووی شاری سنە و کوڕی مەلا عەبدوڵڵا دشەیی، یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە ناوی ئاوێتەی ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی ڕژێمی شا و هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو. هۆگرانی بە کەسێکی بوێر و چاونەترسی دەناسن و شوێنکەوتووانی دەڵێن کاک ئەحمەد ڕێبەری ئەهلی سوننەتی ئێران بوو (نامەی مەکتەب بۆ ڕاشد الغنوشی، کە لە ساڵی ١٣٩١ بە نهێنی ئاراستەی کراوە) و هەندێک جار لە وتار و بابەت و سۆشیالمیدیا و بۆنەکاندا، نازناوی ڕێبەری ئایینی-نەتەوەیی بۆ بەکار دەهێنن. ڕەخنەگران دەڵێن مەکتەبیەکان بە مەبەستی سڕینەوەی ڕاستییەکانی مێژوو، موفتیزادە پیرۆز دەکەن. بەگشتی جگە لە شوێنکەوتووانی و کەسانێک کە لەژێر کارتێکەریی هەژموونی ڕاگەیاندنی مەکتەبییەکانن، موفتیزادە نەیتوانیوە خۆی لە دڵی کۆمەڵانی کوردستان جێ بکاتەوە و هەتا ئیستاش ڕەخنەی لە سەرە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی، دەرفەتەکانی بەردەم کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ دەربڕینی داواکارییەکان کرانەوە .حیزبەکان وەخۆ کەوتن بەڵکو بتوانن لەو دەرفەتەی ڕەخساوە، مافەکانیان دەستووری بکرێتەوە. بەڵام ئەمە بە دڵی ئاخوندەکانی تاران نەبوو کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو. هاوکات کاک ئەحمەدی موفتیزادە، دامەزرێنەری مەکتەب قورئان، هەوڵەکانی بە دروشمی حکومەتی ئیسلامیی شۆڕایی چڕ کردەوە؛ خۆی لە خومەینی نزیک کردەوە و توانی متمانەی بازنەی دەوری خومەینی

بەدەســت بهێنێت تا ئەو شــوێنەی تێکەڵ بە شــاندی متمانەپێکراوی خومەینی دەبوو. کاک ئەحمەد کە ماندووی دەستی ڕژێمی پاشایەتی بوو، کۆماری ئیسلامیی بە دەرفەتێک دەزانی بۆ گەشــتن بە ئامانجەکانی. لە کاتی وتاردانەکانی خومەینــی، لەوکەســانە بوو کە لــە نزیکترین شوێنەکان بە خومەینی و شانبەشانی خەڵخاڵی دادەنیشــت کە بە قەسابی کوردستان ناسراوە و پاش کۆتایی هاتنی وتارەکانی خومەینی، مایکی لەبەردەم خومەینی لادەبرد. [١و٢]

ئامانجەکانی موفتیــزادە لە ڕواڵەتدا لەپێناو کورد و ئەهلی سوننەت بوون بەڵام لە ناوەڕۆکدا، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیســلامی لە تاران و دەستخستنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو؛ بەڵام بوونی حیزبەکانی لە پێش خۆی وەک لەمپەر دەبینی. کۆماری ئیســلامی و مەکتەب قورئــان ئەگەر لەبابەت چەند خاڵی یاسای بنەڕەتی ناکۆکیان هەبوایە، بەڵام لە بابەت بێکاریگەر کردنی حیزبەکان و پرسی پێکهێنانی حکومەتــی ئیســلامی، یەکیــان دەگرتەوە و هاوســتراتیژی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، تەقەلای کۆماری ئیســلامی هەڵوەشانەوەی بەرەی کورد بوو هەر بۆیە ســەرەتا هەوڵیــدا ناکۆکی بخاتە نێوانیان و لاوازیان بکات. بە باڵادەســت کردنی مەکتــەب قورئــان و ڕۆڵ دان بــە موفتیزادە، دەنگــی جیاوازی لەناو بەرەی کورد ســاز کرد و ئەمەش بووە هــۆی قووڵ بوونەوەی ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لاوازکردنی پێگەی کورد لە بەرانبەر تاراندا.

دوکتور حســەین خەلیقی کــە ئەندامێکی دانوســتانکاری وتووێژەکانــی ســاڵی ١٣٥٧ی هەیئەتی کورد لەگەڵ شاندی کۆماری ئیسلامی بوو، لــە وتووێژێکی ســاڵی ١٣٩٧ ئاشــکرای دەکات کــە موفتیــزادە ڕۆڵــی تێکدەرانەی لە دانوسانەکان هەبووە و دەڵێت: «من هەر ئەوکات بە سەرکردەکانی کوردم ڕاگەیاند کە موفتیزادە ئێمــەی فرۆشــت». دوکتور خەلیقــی دەڵێت: «موفتیــزادە بەڵێنــی دابوو بەبــێ هاوئاهەنگی هیچ کارێک نەکات، کەچــی لەگەڵ نوێنەرانی تــاران و بەتایبەت تاڵەقانــی یەکیان دەگرت و کاک ئەحمــەد لــە کۆتایی دانیشــتنەکەدا بە ڕەفســەنجانی دەڵێت: بڕیار هەر ئەوە دەبێت کە پێشتر قسەمان لێ کردووە[٣].

دیمەنەکانــی ئــەوکات دەری دەخات کە مەکتەب قورئان، بە ئامادەییەوە پێشــوازییان لە شــاندی تاران کــردووە و لەکاتی هاتنە ژووری شــاندەکە بــۆ نــاو مزگەوتی گەورەی ســنە، مەکتەبییەکان ئەم دروشمەیان پێکەوە دووپات دەکــردەوە: صلی علی محمد ـ خمینی و کاک ئەحمەد[٤]. شــاندەکە پێکهاتبوون لە کەســانی وەک ئایەتوڵا تاڵەقانی، بەهەشــتی، بەنی سەدر و ڕەفسەنجانی. ئەم دروشمەی مەکتەبییەکان بۆ چەند مەبەست دەوتراوە؛ لەوانە:

١ دەربڕینــی نیەتپاکیی مەکتــەب قورئان بۆ نوێنەرانی تاران.

٢ نواندنــی پێبەنــد بوونــی کاک ئەحمەد و مەکتــەب قورئــان بــە خومەینــی و کۆماری ئیسلامی.

٣ هەوڵ بۆ وەلانانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی تر.

٤ موفتیــزادە وەک تاکەلایەنــی وتووێــژ و دانوسانکاری کورد لەبەرچاو بگیرێت.

لە یەکێک لە سەردانەکانی موفتیزادە بۆ تاران لە ســاڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی بەڵێنی سپاردنی ڕێبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی و خودموختاریی ناوچــە کوردییەکانی پێ دابــوو.کاک ئەحمەد لەلایان تارانــەوە زەق کرایەوە و هەلومەرجیان بۆ ڕەخســاند کە لە مەیدانی سیاســەتدا زیاتر دەربکەوێتک؛ تاران دەرگای بەرووی موفتیزادەدا زیاتر کردەوە و لــە ڕۆژنامەکاندا وەک عەللامە، بەرپرســی باڵای حکومی و ڕێبەر ناوی دەهات (کیهــان ژ٤٧١-١٣٧١/١١/٢٦، جمهــوری اســلامی، اطلاعــات ژ١٩٨٤٣-١٣٧١/١١/٢٧). بەرپرسیاریەتیی کومیتــەی ئینقلابــی ئەهلی ســوننەتی خرایە ئەســتۆ و ئیــزن بە مەکتــەب قورئــان درا بۆ بەرگری لە دەســتکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی

بەشێوەی سنووردار چەکیان هەبێت. موفتیزادە لە لاپەڕە ٧٦ی کتێبی «دربارە کردستان»دا دەڵێت: «دەوڵەت هاوکاریی نەدەکردین، براکانمان بە مەبەستی پاراستنی جادەکان و شارەکان لە مەترسییەکانی دژەشۆڕش (مەبەست حیزبەکان)، پێویستییان بە فیشەک بوو، لەکاتێکدا لیژنەکانی ئێمە بۆ چەککردنی خەڵک، سەدان چەک و بڕێکی زۆر فیشەکمان ڕادەستی پێگە سەربازییەکان کردبۆوە، بەڵام فیشەکیان پێ نەداین و لە باتی ئەوە، دەستیان کرد بە پرچەککردنی دەرەبەگە ئیسلامییە موسوڵمانەکان و خەڵقییەکان.» موفتیزادە لەم چوارچێوەدا و لەنێوان وتارەکانی حسەینیەی ئیرشادی تاران لە ساڵی ١٣٥٨دووپاتی دەکاتەوە کە: «ڕەنگە بشزانن ئێمە بووین کوردستانمان پاراست.»

تایبەتمەندییەکی کاک ئەحمەد، بوونی جیاوازی بوو لە وتەکانیدا؛ لەسەر زۆر بابەتی ئایینی و نەتەوەیی بە شێوازی دوولایەنە قسەی کردووە یان دوو بۆچوونی جیاواز لە یەکی هەبووە بۆ بابەتێک. بۆ وێنە ئەگەر لە جێیەک باس لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت دەکات، لە شوێنێکی دیکە دەڵێت: شوێن قورئان و سوننەت مەکەون (کتێبی نامەها، نامەی ژ٦ ل٧٨-٧٩). زۆرکات دروشمی نەتەوەیی داوە و تەنانەت بە خەڵکی دەوت خودموختاری لە گیرفانمدایە، بەڵام لە پەرتووکەکانی لە دژی نەتەوەگەرایی قسە دەکات. لە شوێنێک کورد وەک گەلێکی زوڵملێکراو ناو دەهێنێت و باس لە ستەمی نەتەوەیی دەکات بەڵام هەر لەو وتارەدا دەڵێت پرسی نەتەوە ئاگرێکی سووتێنەرە. ئەم دژبەیەکییەی کاک ئەحمەد لە بۆچوونە ئایینی و سیاسییەکانی، ڕێگەی بۆ دەربازبوو و شوێنکەوتووانی لەمەڕ ئەو ڕەخنانە کردۆتەوە کە ئاراستەی ڕێبەرەکەیان دەکرێت و لە وەڵامی ڕەخنەکان، وتەیەکی موفتیزادە هەڵدەبژێرن کە گونجاوی کات و شوێن بێت. ئەم پرسە سەری لە بڕێک کەس کە ئاگاداری لایەنی دیکەی کاک ئەحمەد و هەروەها مێژوو نین شێواندووە و بەهۆی ئەوەی کە موفتیزادە خرایە زیندان، بە دژبەری کۆماری ئیسلامیی دەزانن.

ئەحمەدی موفتیزادە جگە لەوەی بڕوای بە جیهاد نەبوو، دەیوت لەسەر گۆی زەوی کافر بوونی نیە (نامەی ژ٦ ل٧٥ لە کتێبی نامەها). لە دوای کۆچی دوایی موفتیزادە، هاوشێوەی قادیبانیەکان ناکۆکی کەوتە نێو مەکتەبییەکان و دابەش بوون بەسەر دووباڵی سەرەکیی «مەکتەب قورئانی کوردستان» و «مەکتەب قورئان» کە باڵی یەکەمیان لەو باوەڕەدان موفتیزادە وەک هەر مرۆڤێک هەڵەی بووە بەڵام باڵەکەی دیکە، موفتیزادە پیرۆز دەکات و لەسەر ئەو باوەڕەن حەزرەتی موحەممەد ڕەسووڵی کوبرا و ئەحمەدی موفتیزادە ڕەسووڵی سوغرایە. (ڕاگەیاندنی ژ٢ ساڵی ١٣٨١).

موفتیزادە لە هەندێک بابەتدا بۆچوونی جیاوازتری هەیە و دەڵێت: مرۆڤ لەجۆرێک مەیموون لەدایک بووە(کتێبی حکومت اسلامی لاپەڕە٥٩)، هەر لەو چوارچێوەیەدا لە تۆمارێکی دەنگیدا دەڵێت: مرۆڤ پێشتر بوونەوەرێکی وەحشی و دڕندە و خراپکار بووە و پاشتر مرۆڤی لێ لەدایک بووە و دوای ئەوەی لەسەر دوو دەست و پێ ڕۆشتووە هەستاوەتە سەر پێ[٥].

## خاڵە هاوبەشەکانی مەکتەب قورئان و کۆماری ئیسلامی

موفتیزادە بۆ ماوەیەک ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام پاش هاتنە دەر لە حیزب، ڕێگەی دیکەی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی گرتە بەر. هەوڵی دا حیزبێک دابمەزرێنێت بەڵام لەلایەن سەلاح موهتەدی (ئەندامی کۆمەڵە و ژنبرای خۆی) دەستبەسەر کرا[٦]. پاشان مەکتەب قورئانی دامەزراند بەڵام بە هەبوونی حیزب و ڕێبەرانی سیاسی و ئایینیی ئەوکات کە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەهێزیان هەبوو، موفتیزادە نەیدەتوانی بە هاسانی و بە بێ پاڵپشت دەرکەوێت. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی

ئێران و هاتنە سەردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی خومەینی، موفتیزادە دەگمەن کوردێک بوو کە لە خومەینی نزیک بووەوە.

دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئایینی و تێکەڵ کردنی دین و سیاسەت، ستراتیژیی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و کاک ئەحمەد بووە و لەو چوارچێوەیەدا دەڵێت: «ئەو ئیسلامەی ئێمە پێشکەشمان دەکرد، ڕەسەن و بێ دەستێوەردان بوو، لەگەڵ سەرکەوتنی ئینقلاب، کارەکانمان ڕاوەستاند و لە ناخی دڵەوە و ڕاستگۆیانە، خۆمان وەقفی ئینقلاب کرد» و پاشان دیان بەوەدا دەنێت کە «بۆ پێشگرتن لە گرفت، برێک ڕاگەیاندنەکانی ئیمام خومەینیمان سانسۆر دەکرد» (درباره کردستان لاپەڕە ٧٨). لە درێژەدا ئەو گلەییە لە دەسەڵاتی تاران دووپات دەکاتەوە و دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕێگا و ناوچە هەستیارەکانمان پاراستبوو، فیشەکیان پێ نەئەداین.» (درباره کردستان لاپەڕە ٧٩). لە کۆبوونەوە بە بەرپرسانی حکومیی وتبوو: «ئێمە میراتگری ئەو کەسانەین کە بەدرێژاییی مێژوو، لە پێناو ئیسلام شەریان کردووە و گیانی خۆیان بەخشیوە و دەبێ یاسای بنەڕەتیی ئێران ١٠٠٪ ئیسلامیی بکرێتەوە.» (درباره کردستان لاپەڕە٨٥).

کاک ئەحمەد لە بابەت دەسەڵاتی نوێی ئێران دەڵێت: «خوێنی سەدان هەزار و ملوێنان شەهیدی مێژووی ١٤سەدەی ئیسلام لە شۆڕشی ئێران هاتە بەرهەم.»(دربارەکردستان لاپەڕە ٦٨). ئەو دەڵێت:»سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە نرخی گیانی دەیان هەزار شەهید بەدەست هاتووە و ئەگەر درێژەی شۆڕشە ئیسلامییەکان ڕەچاو بگرین، دەبێ (کۆماری ئیسلامی) بە خونچەی ئامانجەکانی سەرجەم شەهیدانی مێژووی ئیسلام بناسین- بەداخەوە هەر شۆڕشێک، لەلایان دژبەرانی شۆڕشەکان و خۆپەرستان تووشی برێک گرفتی ڕوون و شاراوە دەبێتەوە کە هەر بێستانێک مێش و مێرووی زیانده‌ر و ئافەتی گەورە و بچووکی هەیە» (دربارەکردستان لاپەڕە ٢٣٩). مەبەستی کاک ئەحمەد لە بێستان، کۆماری ئیسلامی و لە مێش و مێروو، حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامییە. کۆماری ئیسلامی و موفتیزادە، دەیانویست حکومەتێکی تەواو ئیسلامی پێک بێت، بەڵام ئامانجی ڕەوت و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستەمێکی سێکۆلار وکراوە بوو. بەم پێیە مەکتەب قورئان و کۆماری ئیسلامی، کەوتبوونە یەک بەرەی دژ بە ڕەوتی خەباتی ڕۆژهەڵات. بەڵام موفتیزادە بۆ ئەوەی ڕوخساری مەکتەب قورئان ناشیرین نەبێت، ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی دەوڵەتی ئێرانەوە گوشاری دەخستە سەر حیزب و سەرکردە سیاسییەکان.

کاک ئەحمەد پێی وابوو پرسی نەتەوەکان، ئاگرێکی وێرانکەرە و دەڵێت: «ئەگەر شۆڕشی ئێران بەئیسلامی بکرێت و جیاوازییەکانی لەناو بەرد، ئەم ئاگرە وێرانکەر و ئاژاوەسازکەرەی نەتەوە لە ئێران و وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە دەکوژێتەوە» (دربارەکردستان لاپەڕە٧١). لە کتێبی موفتیزادە هاتووە: ئەوە «کوردە» کە ناهێڵێت وڵاتانی داگیرکەری وەک ئێران، خۆی لە کۆتی زلهێزە جیهانییەکان ڕزگار بکات و دەڵێت: زلهێزەکان لە پارچەکردنی کورد بەسەر وڵاتاندا، بە چەندین جۆر بەهرەیان لێ وەر دەگرن ـ هەرکات یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە کورد تیایدا دەژی، بیهەوێت خۆی لە کۆتی نۆکەرایەتیی زلهێزەکان ڕزگار بکات، یان لە یەکێک لەو وڵاتانە حکومەتێکی ئینقلابی سەر هەڵبهێنێت، زلهێزەکان لە ڕق و تورەیی ڕەگداکوتاوی گەلی زوڵملێکراوی کورد لە دژیان کەڵک وەر دەگرن. (دربارەکردستان لاپەڕە ٧٢). مەبەستی موفتیزادە ئەوەیە کە ئێران خەریکە خۆی لە چنگ زلهێزەکان ڕزگار دەکات بەڵام ئەو زلهێزانە بەردەوام گەلی کورد وەک کەرستە لەدژی ئێران بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێت خۆی ڕزگار بکات! هەروەک لە وتەکانیدا پرسی نەتەوە ڕەد دەکاتەوە، هاوکات وشەی زوڵملێکراو بۆ کورد بەکار دەهێنێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی جیاواز و دژبەیەک بوونی بۆچوونەکانی.

موفتیزادە لە کاسێت و پەرتووکەکانی، هێرش دەکاتە سەر حیزب، کەسایەتییە ئایینی ـ نەتەوەیی، سەرکردەی سیاسی و ڕەوتە کوردییەکان. لە کتێبەکەی موفتیزادەدا، لەمەڕ کۆمەڵە هاتووە: سەرەکیترین پێگەی ئەم بەدڕەوشتییانە، بنکەی «های» سەر بە کۆمەڵە لە شاری سنە بوو کە پاش ئەوەی لەلایان سوپای پاسداران هەڵگیرا، دەست بەسەر برێکی زۆر قورسی پێشگرتن لە دووگیانی دا گیرا. لە درێژەدا بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، دیانپیانانی ئەو کچانە دەهێنێتەوە کە لە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە دیانپیانانی زۆرەملێ کرابوون(درباره‌کردستان لاپەڕە ٤٩). هەروەها موفتیزادە کە ناڕاستەوخۆ بە شێخ عێزەددین دەڵێت «ضدانقلاب»، تەشەری لێ ئەدات، برێک لە گرفتەکانی ئەخاتە ئەستۆی و پێشنیار بە لایەنە سیاسییەکان دەکات هێرش نەکەنە سەر پێگەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران(درباره کردستان لاپەڕە٨٣-٨٤). کردنەئامانجی مەلا سوننییەکان، بۆ شکاندنی شێخ عێزەدین بوو کە بە ڕکابەریی خۆی دەزانی و ئەوەش لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی تازەپێگەشتووی تاراندا بوو.

شێخ عێززەدین، پێشنوێژی مزگەتی گەورەی مهاباد و ڕێبەرێکی نیشتمانی ـ ئاینیی ڕۆژهەڵات وتبووی: «جیاوازیی من وموفتیزادە لەوەدایە ئەو ئایینییەکی کوردە و من کوردێکی ئایینیم». شێخ عێزەدین کە پێگەی بەهێزی جەماوەریی هەبوو، ئایینی خستە خزمەت پرسی نەتەوەی کورد، بەڵام کاک ئەحمەد وەک ڕکابەر لێی دەڕوانی و بەو بۆنەوە هێرشی دەکردە سەر مەلا. تەنانەت شوێنکەوتووانی ئێستاکەی کاک ئەحمەد لە بابەت مامۆستایانی نیشتمان پەروەر، هاوشێوەی ڕێبەرەکەیان کاک ئەحمەد بیر دەکەنەوە. ئەو ڕوانگەیەی کاک ئەحمەد بۆ مەلاکان، گوازراوەتەوە بۆ شوێنکەوتووانی و مامۆستاکان بە نەیاری خۆیان دەزانن؛ جگە لەو مامۆستایانەی کە پەسەندی مەکتەب و ڕێبەرەکەیان دەکەن، نوێژ لەپشت ئەو مەلایانە ناخوێنن کە دیان بە مەکتەب و موفتیزادەیا نانێن و بە خۆفرۆش و بەکرێگیراو ناوزەدیان دەکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا: موفتیزادە پاش زەویلەرزەی تەبەس لە ناوەندی ئێران، لە ڕێی نامەیەکی دەستنووس لە ١٣٥٧/٦/٢٨ داوا لە کوردانی ڕۆژهەڵات دەکات هاوکاری بۆ لێقەوماوان کۆ بکەنەوە. لەنامەکەدا مەلا سوننییەکان بە دینفرۆش، نەخوێندەوار، مێزەربەسەر، بێ ئیمان، ڕیسوا، بەدناو، بەکرێگیراو و ئاژەڵی مردارخۆر دەچوێنێت و لەکۆتاییی نامەکەیدا بە ڕێزەوە ناوی ئاخوندەکانی قوم دەهێنێت و دەڵێت «مراجع بزرگوار دینی در قم». موفتیزادە لە نێوان وتار و پەرتووکەکانی، دەیان جار هێرش دەکاتە سەر مەلا سوننییەکان بۆ نموونە لە کتێبی درباره کردستان لاپەڕەکانی ٧٣، ٨٢، ٨٣ و ٧٨ (سێ جار)، هاوکات بەڕێزەوە ناوی مەلا شیعەکان دەهێنێت و دەڵێت: علمای مذهبی / آیت‌الله (درباره‌کردستان لاپەڕە ٦٢)، آقای صفدری (درباره‌کردستان لاپەڕە٦٤)، آقایان و برادران اهل تشیع (درباره‌کردستان لاپەڕەکانی ٦٨و٦٩).

## گەلەکۆمەی ناپیرۆز!

لە پەرتووکەکەی موفتیزادەداهاتووە: یەکگرتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، گەلەکۆمەی ناپیرۆزە. ئەو لایەنانەی یەکیان گرتبوو بریتی بوون لە: کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادی (کە ئەندامانی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوون)، فیداییانی خەڵق، حیزبی دیموکرات، حیزبی تودە و حیزبی ڕزگاری. جگە لە هێرش کردنە سەر ئەو حیزبانە، موفتیزادە سەرکردەکانیان بە ساواکی و بەرپرسی ئەشکەنجە لە ساواک، تریاکی، خیانەتکار و قاچاخچی ناو دەبات (درباره کردستان -ل ٨٣-٨١) و پێی وایە ئەم حیزبانە لە کوردستان بەردەوام پیلانی لەناوبردنی کۆماری ئیسلامییان دادەڕشت. بەم پێیە، بۆ پووچەڵ کردنەوەی

ئەم پیلانە نگریسانەی حیزبەکان، موفتیزادە (وەک دەڵێت) بانگهێشتی کۆنفرانسەکانی خۆی دەکردن بەڵکو ڕێ لە بەکرداری بوونی پیلانی نگریسی حیزبەکان بگرێت. هەروەها موفتیزادە نایشارێتەوە کە خواستەکانی لەڕێی دەوڵەتەوە بەسەر حیزبەکاندا دەسەپاند و بەمشێوەیە حیزبەکان بیانوویەکیان بۆ خیانەت نەدەما چونکە (وەک دەڵێت) حیزبەکان غیرەتیان نەبوو بەئاشکرا دژایەتیی ئیسلام بکەن (درباره کردستان - ل ٨٣-٨٢).

## مەکتەب قورئان؛ جووڵانەوە، هزر یان حیزب؟

مەکتەبییەکان دەڵێن مەکتەب قورئان، فکرێکی نوێ و جووڵانەوەیە و فەرموودەکانی کاک ئەحمەدمان کردۆتە بەرنامەی ژیانی خۆمان. بەکارهێنانی وشەی «فکر» بۆ مەکتەب قورئان، جوان کردنی وشەی «ئایدۆلۆژی»یە چونکە مەکتەب، بەدەر لەوەی خۆی بە جووڵانەوەیەکی باوەڕمەند دەزانێت، خاوەنی چەندین بیرۆکەی جیاوازە و خۆیان لە سەرووی گرووپەکانی دیکەوە دەبینن. بۆ وێنە کاک ئەحمەد مەزهەبەکانی دیکەی پێش خۆی ڕەد دەکاتەوە (کتێبی حکومت اسلامی لاپەڕە١٧).

دەشێت لەئیستادا، مەکتەب بە شێوەی حیزبێکی داخراوی ئایینی پێناسە بکرێت؛ جێگرەوەی موفتیزادەیان هەیە کە ڕۆڵی سەرکردەی حزب دەگێرێت، هەڵبژاردن و واسیتەکاری و پلەداریان هەیە، شوورای بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەب ئەرکی هاوشێوەی کۆمیتەی سیاسیی لە ئەستۆیە، هەر شارێک شوورایەکی هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵ و ئیزنی شوورای ناوەندیی سنەدایە، هیچ ئەندامێک بۆی نییە بەبێ ئیزن لەگەڵ میدیایەک قسە بکات و نابێ وڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە کە خەڵک لێی دەپرسن، کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆژانە و حەفتانە و مانگانەیان هەیە. هەموو مەکتەبییەکان لەناو ماڵەکانیان وێنەکانی موفتیزادە و جێگرەکەیان بە گەورەیی هەڵواسیوە. تەنانەت (هاوشێوەی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق) شێوازی سمێڵ تاشینی پیاوەکان وەک موفتیزادەیە. بەهۆی ئەوەی کاک ئەحمەد لە سنە بووە، ژنانی مەکتەبیی شارەکانی دیکە لە شێوازی جل پۆشین چوونەتەوە سەر کلتووری ژنانی مەکتەبیی شاری سنە، ڕەخنە وەرناگرن و تێکرا و سیستماتیک وەک حزبێکی داخراو مامەڵە دەکەن.

ئەگەرچی ناوی مەکتەب وەک حزبێک تۆمار نەکرابێت بەڵام هاوشێوەی حزبێکی داخراوە و لەناو سنوورەکانی ئێران سەرقاڵی چالاکییە. لە ناوخۆی ئێراندا، سەدان کەس لەسەر بیروباوەڕی ئایینی لە زیندانن و دەیان چالاکی ئایینی چاوەڕێی حوکمی سێدارەن، نۆحەخوێن و مەلاکانی دەسەڵات بێڕێزی بە سوننەکان دەکەن، مەلاکانی سوننە بەهۆی هەڵوێستی ئایینی و نەتەوەیی بانگهێشتی دادگای شوورای ڕۆحانییەت دەکرێن، هەزاران کەس دەگیرێن و دەکوژرێن، شارەکانی کوردستان مان دەگرن، دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی و ژینگەپارێزی و کۆڵبەر دەستبەسەر دەکرێن یان دەکوژرێن بەڵام مەکتەب قورئان بە فەرمی هەڵوێستێکی ئەوتۆی نیە، کەچی کاتێک ئەندامێکی مەکتەب بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بانگێشت بکرێت، لە سایت و پێگەکانی خۆیان میدیایی دەکەنەوە، وێنە چاپکراوەکانی بڵاو دەکەنەوە و هەواڵەکەی دەنێرن بۆ سەرچاوەکانی دیکە بڵاو بکرێتەوە. دەیان پەیجی ئەندامانی مەکتب لە سۆشیالمیدیاکان هەڵگری پاشگری «کورد» و «کوردستان»ن کە بە ڕواڵەت نەتەوەیین بەڵام بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیی خۆیان دەکەن و تەنیا وێنەکانی موفتیزادەیان داناوە نەک هێما کوردییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا کە کاک ئەحمەد هەندێک جار دەڵێت ئێمە گرووپێکین، بەڵام لایەنگرانی دەڵێن ئێمە گرووپ و حیزب نین بەڵام جووڵانەوە و فکرین لەکاتێکدا ڕێکخستنیان هاوشێوەی حزبێکی

داخراوی ئاینیی ئایدۆلۆژیکە.
ڕەنگە هەلومەرجی ئیستای ئێران بخوازێت کە نەتوانن وەک حیزبێک دەرکەون، بەڵام ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێت، مەکتەب وەک حیزبێک ناوی تۆمار دەکات و لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا لە دەسەڵاتی ئێران، بە پێی پێشینە و هەڵسوکەوتی، هەوڵ بۆ پێکهێنانی هێزی چەکدار دەدات؛ بۆ ڕوودانێکی وەها، ئابووری و شوێنکەوتوو و ڕێکخستنی دەوێت کە مەکتەب لە بێدەنگیی کۆماری ئیسلامیدا کاری بۆ کردووە. فکری مەکتەبی کاک ئەحمەد، سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان ناوچە سوننییەکانی نەگرتۆتەوە، بەهۆی ئەوەیکە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵات شیعەیە و داڵغەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوایەتییە. مەکتەب هەوڵی داوە چالاکییەکانی هەناردەی وڵاتانی دراوسێی وەک هەریمی کوردستان بکات و لە ئازادیی کەشی میدیای هەرێم کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ناساندنی موفتیزادە وەک ڕێبەرێکی ئایینی و نیشتمانی. مەکتەب قورئان، لایەنگرانێکی لەناو حیزبە ئیسلامییەکانی باشوور گرتووە و جگە لەوەی ئەو حیزبە ئیسلامیانە، لەبابەت چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی موفتیزادە لەناو شارەکانی باشوور هاوکاریی مەکتەب دەکەن، یارمەتیدەری شۆڕای بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەب قورئان بوون کە ساڵی ۲۰۱۴ لە شاری هەڵەبجەی شەهید مزگەوتێک بە ناوی «کاک ئەحمەدی موفتیزادە» بکاتەوە.
هۆیەک کە ناهێڵێت فکری کاک ئەحمەد گەشە بکات، جیاوازی لە بۆچوونە ئایینییەکانیەتی. مەکتەبییەکان هەوڵیان داوە بۆچوونە جیاوازەکانی موفتیزادە زەق نەبێتەوە و تەنیا ئەو لایەنە فکرییەی موفتیزادە ئاشکرا دەکەن کە هاوتەریبی سوننییە. چونکە سوننییەکی حەنەفیی بەلووچ، یان باوەڕمەندێکی باشووری کوردستان، کە بەهۆی کەشی ڕەخساو بۆمیدیا و بیروباوەڕی ئایینی لە هەرێم ئاستی زانیاریی لەمەڕ بابەتە دینییەکان لە سەرەوەیە، ناتوانێت لەگەڵ ئەو باوەڕانەی موفتیزادە بگونجێت کە پێی وایە مرۆڤ لە مەیموون و حەیوانی وەحشی لەدایک بووە یان کە دەڵێت: لەبری قورئان و حەدیس پرسیار لە من بکەن (کتێبی نامەها، نامەی ژ۶ ل۷۸-۷۹). چەند هۆکار بۆ زەقتر بوونی مەکتەب قورئان لە ئیستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتین لە:

**١** ئاوەڵابوونی دەستیان لە کار و چالاکی و بانگشە.

**٢** سەرکوت کردن و لەسێدارەدانی ئەندامانی ڕکابەری مەکتەب لەلایان دەسەڵاتەوە وەک سەلەفییەکان، هەر چەند کە دواجار خودی کاک ئەحمەد بووە قوربانیی نزیک بوونەوەی لە دەسەڵات و متمانەی لە ڕادەبەدەری.

**٣** نەبوونی میدیای ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

**۴** نەبوونی بژاردەی دیکەی جێگرەوە بۆ تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بۆ بەشداری لەچالاکیی ئایینی یان سیاسی و ڕێکخراوەیی. شیمانە دەکرێت لە ئەگەری گەڕانەوەی حیزبە سیاسییەکان یان سازبوونی گرووپی ئایینیی دیکە، ئەگەر دەوڵەتێک یارمەتیی نەدات، مەکتەب قورئان بکەوێتە کەشێکی سڕ بوون.

بە گوێرەی مەکتەب، ئەوان کە لە ئیستادا سەرقاڵی تەزکیەی نەفس (خاوێن کردنەوەی دەروونی خۆیان)ن، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە دەستێوەردانی سیاسەت بکەن و ئەگەر کاتی بگات، دەستێوەردانیان دەبێت. لە گریمانەی ڕەخسانی وەها کەشێک، مەکتەب (هاوشێوەی سەرەتاکانی) ناتوانێت بە بێ پشتبەستن بە دەسەڵاتێک ڕۆڵی ئەوتۆ ببینێت چونکە کۆمەڵگە چیدیکە وەرگری گرووپە داخراو و ئیدئۆلۆژیکەکان نییە مەگەر ئەوەی پێداچوونەوە لە ستراتیژیان بکەن و لایەنی نەتەوەییان چڕ بکەنەوە. کەشی ئیستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت خواستی داهاتووی کۆمەڵگە، پرسی نەتەوەیی دەبێت نەک نەک پرسی ئیسلامی سیاسی. هەر چۆنێک بێت، پرسی سەرەکیی

ڕۆژهەڵات، پرسی ڕزگاری و نەتەوەییە و بزووتنەوەکەشی بزووتنەیەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیکە.

## ڕێکخراوی پێشمەرگە موسوڵمان

چەندین هۆکار بۆ پێکهێنانی پێشمەرگەموسوڵمان گومان دەخاتە سەر موفتیزادە کە لەم پرسە تێوەگلاوە: وتە و نامە و ڕاگەیاندراوەکانی کاک ئەحمەد دەیسەلمێنێت کە پێشمەرگەموسوڵمان بە هاوکاری و لەسەر پێشنیاری ئەو ساز کراوە. لە ڕاگەیەندراوێکی ٨ برگەییدا کە چەند لایەنی سیاسی دەیخەنە ئەستۆی کاک ئەحمەد و بە ڕاگەیاندنی ژمارە٨ی بەرواری ١٣٥٨/١٢/٦ی کرماشان ناسراوە، بەم جۆرە ڕوو لە دەسەڵاتی تاران هاتووە:

**١** ئێمە خوازیاری هەڵوێستی توندی دەوڵەتین بۆ سەرکوتی تەواوەتی خۆفرۆشەکانی حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی خەڵق و کۆمەڵە و هاوشێوەکانیان.

**٢** ئێمە خوازیاری بەتواناکردنی هێزە خەڵکی و ئینقلابییەکان و بەتایبەت پێشمەرگەموسوڵمانی کوردین بۆ وەرگرتنەوەی کوردستانی لەدەستچوومان.

**٣** ئێمە خوازیاری هەڵوێستی هێزە چەکدارەکانین لەچوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگەموسوڵماندا بۆ گەڕانەوەی کۆچکردوان (لە کرماشان).

**۴** ئێمە خوازیاری ئەوەین دەرفەتی زیاتر نەدرێتە حیزبەکانی سەرەوە بۆ پرچەک بوونیان بۆ دابەشکردنی کوردستان و ئامانجە دژە ئایینییەکانیان.

**۵** ئێمە خوازیاری ڕاگرتنی هەرچەشنە دانوسانێکین بۆ سازان لەگەڵ سەرکردەکانی کوفر لە ناوچە و پێدانی مافی یەکلایەنە لەلایەن لیژنەی نیەتپاکییەوە.

**۶** ئێمە خوازیاری خاوێن کردنەوەی خێرای وەزارەتی پەروەردەی کرماشان و کوردستانین لە تاقمەکانی بە ڕواڵەت چەپ و دژبەری ئینقلاب.

**٧** ئێمە خوازیاری بڕیاری خێرای بەرپرسانی وڵاتین بۆ خاوێن کردنەوەی هەرچی زووتری کارمەندانی سازشکار و دوڕوو، کە لە نێو هێزەکانی ژاندارمێری، بەتایبەت ڕێگری دەکەن لە کۆتاییهاتن بە کارەساتی کوردستان.

**٨** ئێمە خوازیاری بەڕێوەبردنی فەرمانی بڕیارنامەی ئیمام خومەینی لەبابەت داخستنی سنوورەکانین بە دەستی سوپا، بۆ بەرگرتن لە هاتوچۆی دژبەرانی شۆڕش و هێنانی چەک بۆ ناوچەکە. هەرچەند برگەکانی ئەم ڕاگەیاندنە بەگشتی نزیکە لە ویستەکانی کاک ئەحمەد بەڵام شوێنکەوتووانی، ئەم ڕاگەیاندنە ڕەت دەکەنەوە.

لە گەڵ ئەوەی کە کاک ئەحمەد ڕەتی کردووەتەوە و گوایە حکومەت کەڵکی خراپی لە پێگەی ناوبراو وەرگرتووە، بەڵام هەر چۆنێک بێت پێشمەرگەموسوڵمان هەر لە سەرەتاوە بەناو و وێنەی موفتیزادەوە دەستی بە کار کرد و بڕێکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەب قورئان، لە نێو ڕیزەکانی ئەو هێزە جێیان گرت. برووجێردی، یەکێک لەو بەرپرسانە بوو کە ڕۆڵی سەرەکیی بینی لە ڕاکێشان و ڕێکخستنی ئەو مەکتەبییانە لەناو پێشمەرگەموسوڵماندا کە بەشداربوون لە کوشتن و لە سێدارە دانی گەنجانی ڕۆژهەڵات. چەکدارانی موفتیزادە تێکەڵ بە سپای پاسداران بوون و بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد. چەکدارانی مەکتەب قورئان و سپای پاسداران، تێکەڵاوییان هەبووە و هەندێکجار شانبەشانی یەکتر لەدژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە. بۆ وێنە لە کاتی تێکشکانی چەکدارانی مەکتەب لە شەڕێک لەگەڵ هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی بۆکان، دەنگی یا حسەین بەرز دەبێتەوە و ئەوکاتە دەزانرێت پاسداریان لەگەڵدایە. ئەمە دەبێتە بابەتی هونەرمەندانی ئەوکات و وەک سروودی حەماسی دەوترایەوە[٧]. یەکێک لەو هۆکارانە بواری بۆ سازبوونی هێزی پێشمەرگەموسوڵمان ڕەخساند، زیندوو کردنەوەی زەینیەتی ئایینیی سیاسی

بوو لە کوردستان لەسەر دەستی موفتیزادە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دیوێکی تردا، کە توانی کوردانێکی باوەڕمەند بە ئیسلام، بەرەو ڕێکخراوی پێشمەرگە موسوڵمان ڕابکێشێت.

لە وتووێژەکان بەم شێوازە ئاخاوتنە دەڵێت: «حەقیقەتی مەتڵەب ئەوەیە، لەدوای ماوەیەک لە ئینقلاب، وەختێک تمیشام کرد ئەوانە زۆریان پەیدا کردووە و ئەوجار خەریکن ئیتر لابدەن لەو ڕێگایەی وا قەولیان داوە و تەعوهدیان کردووە و خەریکن ناڕاستی بدوێن لەگەڵ میللەتی کورد، کەوتمە بەرهەڵستدانەوەیان». کاتێک موفتیزادە هەستی کرد بە تەواوی لە دەسەڵات پەراوێز خراوە و هێزی پێشمەرگەموسوڵمان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئەودایە، خۆی لێ بێبەری کرد. حەسەن ئەمینی یەکێک لە کەسانی دیاری مەکتەب لەبابەت پێشمەرگە موسوڵماندا دەڵێت: «نکۆڵی ناکەم ڕێژەیەکی زۆر لەوانە پێش پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە، لەگەڵ ئێمە هاوکارییان دەکرد بەڵام پاش پێوەندی کردن بەوانەو، لەگەڵ دژایەتیی ئێمەدا ڕوبەڕوبوون، چیتر دابڕان و ڕۆشتن.» هەرچەند موفتیزادە داوای لە ئەندامانی مەکتەب کردبوو کە ڕیزەکانی پێشمەرگەموسوڵمان جێبهێڵن بەڵام درەنگ بوو؛ چونکە جگە لەوەی هەڵگرتنی چەک ببووە سەرچاوەی بژێویان، تێکەڵ بوونەوەیان بە کۆمەڵگە ئەستەم ببو. لە ئیستایا هەندێکیان لە ژیاندا ماون و بە پلە و پۆستەوە مانگانە خانەنشینی وەر دەگرن.

## مەکتەب قورئان و توندوتیژی

بەهۆی ئایدۆلۆژییەک کە هەیەتی، مەکتەب دەنگی جیاوازی پێ پەسند ناکرێت و ناتوانێت ڕەخنە وەرگرێت. ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بە دەیان ئوتۆمبێل هێرشیان بردە سەر مەلای گوندی یەکشەوە لە بۆکان و چوونە ناو مزگەوتی گوندەکە، بەبۆنەی ئەوەی ڕەخنەی لە موفتیزادە گرتبوو. هەروەها لە چەندین شوێنی وەک مزگەوتی دارولئێحسانی بەردبڕانی سەقز، گوندی ئاخکەند، مزگەوتی نوور لە سنە و ... کەسانێک کە هەڵگری بیری جیاواز بوون تێکهەڵچوون. هەروەها بەبیانووی ئەوەی ڕەخنەیان لە سەعدی قورەیشی (ڕێبەری ئیستاکەی باڵی مەکتەب قورئان) گرتووە، ئەندامانی باڵی زۆرینە لە ١٣٩٢/٤/٢٣ هێرش دەبەنە سەر دوو لە ئەندامانی باڵەکەی دیکە و بە بەرچاوی بنەماڵەکەیانەوە لێیان ئەدەن. جگە لەوەی دوو باڵی مەکتەب قورئان ناتوانن یەکتر پەسەند بکەن، فکرەکانی دیکەشیان لا پەسەند نیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەعدی قورەیشی (جێگری موفتیزادە لە باڵی مەکتەب قورئان)، لە دواترین وتووێژی لەگەڵ میدیایەکی باشوور وتی: «ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ فکرەکانی دیکە نیە». لەکاتێکدا هەر لەو وتووێژەدا قورەیشی نایهەوێت دیان بەو باڵەی دیکەی مەکتەب قورئاندا بهێنێت کە لە ڕابردوودا سالانێک پێکەوە بوون[٨].

هێرش بۆ سەر ڕەخنەگران و ناکۆکی لەگەڵ فکرە جیاوازەکان، ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەگەر مەکتەب قورئان لە داهاتوودا هێز و دەسەڵاتێکی هەبێت، ئەگەر بۆی بگونجێت هەوڵی سڕینەوەی لایەنەکانی دیکە ئەدات. بەپێچەوانەی وتەکانی موفتیزادە و قورەیشی کە باس لە «محبت» خۆشەویستی و هەڵکردن لەگەڵ فکرەکانی دیکە ئەکەن، هاوشێوەی جوولانەوە توندئاژۆکان، بەهرە و توانای کردەوەی توندوتیژییان تێدایە و بڕوای ئەندامانیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دەڵێن: «ئامادەین لەپێناو مەکتەب و فکری کاک ئەحمەد، گیانی خۆمان بەخت کەین.»

نە دەسەڵات متمانەی بە کاک ئەحمەد دەکرد کە چەکی بداتێ و نە دەیتوانی شەڕی حیزبەکان بکات، ئەگەرنا بیرۆکەی پێکهێنانی هێز لەلایان موفتیزادەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش کۆماری ئیسلامی. لەسەر مەیلی موفتیزادە بۆ شەڕی چەکداری، دەکرێت ئاماژە بدەینەوە بەو نامەیەی بەرواری ١٣٥٧/١٢/٢٦ کە ناردی بۆ سەرهەنگ (عەقید) سەفەری فەرماندەی

لەشکەری ٢٨ی سنە و داوای چەکوچۆڵی کرد. موفتیزادە لە نامەکەدا بۆ سەرهەنگ سەفەری دەڵێت: پاسدارەکانی ئێمە پارێزگاری لە شار و ناوچەکانیان لە ئەستۆیە، تا ئیستا پاسدارەکانمان چەکی جۆراوجۆری لەرادەبەدەریان لەچنگ خەڵکی نەشیاو سەندووە و پێشکەشی لەشکەریان کردووە، چەندین جار رامگەیاندووە چەک و دەمانچەکانمان فیشەکی تیا نیە بەڵام وڵامی سەیر دەبیستین. سەرهەنگ سەفەری لە وڵامدا پێی وتبوو پێویستە رەزامەندیی نوێنەری ئیمامی لەسەر بێت. ئەم بڕیارە، مەکتەبییەکانی تورە کرد و جگە لەوەی مانیان گرت، بەرەو بنکەکانی سەفدەری و پاشان لەشکەر دەرۆن و لە ئاکامی ئەو هەڵکوتانە، شەڕی خوێناویی ٥ رۆژەی شاری سنە هەڵدەگیرسێت.

## زیندانی کردنی موفتیزادە

خومەینی زۆربەی دەنگە جیاوازەکانی وەک موجاهیدین و حزبە کوردییەکان و تەنانەت کەسانی نزیک لەخۆی کپ کرد. موفتیزادەش بڕێک ناکۆکیی بنەڕەتیی لەگەڵ پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەبوو کە ئامادە نەبوو دەسەڵات بداتە پارێزگاکان. بڕێک لە چالاکییەکانی مەکتەب قورئان هاوتەریبی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، بەڵام دەوڵەت سنووری بۆ دەستڕۆیشتووییەکانی موفتیزادە دانا و دەسەڵاتی ئەوتۆی پێ نەدەبەخشی. لەگەڵ ئەوەی موفتیزادە (هاوشێوەی خومەینی) دەیویست دەسەڵاتێکی تەواو ئیسلامی دابمەزرێت، هەوڵی ئەوە بوو دەسەڵاتی تەواوەتیی کوردستان بخرێتە ئەستۆی بەڵام تاران داخوازییەکانی بەدی نەهێنا. بەپێی نزیکبوونی موفتیزادە لە دەسەڵات و ڕێبەرانی تاران، چاوەڕوانکراو بوو ئەگەر پارێزبەندیی هەبێت و دەسەڵات، چاو لە هەندێک کردار و گوفتاری بپۆشێت و موفتیزادە بەو پاڵپشتییە، وتاری بوێرانەی ئەدا و ڕەخنەی لە دەسەڵات دەگرت. پێش زیندانی بوونی، موفتیزادە زنجیرە وتارەکانی خۆی لە حسەینیەی ئیرشادی تاران بەڕێوە دەبرد کە هێرشی دەکردە سەر دەسەڵات. سەرەتای شەستەکان و کاتێک موفتیزادە هەستی کرد بەکارهێنراوە و سەرەڕای هەموو دڵسۆزییەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی تاران بڕوای پێی نیە و گوتاری خودموختاری بە ڕێبەرایەتیی موفتیزادە درۆ بووە، کاک ئەحمەد زمانی ڕەخنەکانی توند کردەوە و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٨٣ی زاینی خرایە زیندان.

بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی ڕەخنەکانی دوایینی موفتیزادە لەچوارچێوەی ستراتیژیی مەکتەبدا دەبینن و دەڵێن پێشتر لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی، چاوی لە هەموو ئەو بێڕێزییانە دەبەست کە بە سوننی دەکرا و جگە لەوەش، سووکایەتی نەما بۆخۆی بە مامۆستاکانی (ئەو مامۆستایانەی لەگەڵ ئەودا یەکدەنگ نەبوون، تەنانەت مامۆستا نەتەوەییەکانیش) نەکات بەڵام کاتێک بینی خزمەتەکانی بە کۆماری ئیسلامی بێ ئاکام بووە، کەوتە ڕەخنەی توند لە دەسەڵات. موفتیزادە لەروانگەی لایەنە سیاسییەکانەوە، وەک کەسێکی سەپاو لای دەسەڵاتەوە دەبیندرا کە نە دەکرا دووری بخەنەوە و نە متمانەی پێ دەکرا. لە کەشێکی وەک ئەوکاتدا کە کەمتر لە ٣ ساڵ لە فەرمانی جەهادی خومەینی تێپەڕ ببوو و لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەنگی نارازی کپ دەکرا، کەمتر کەسێکی تەنانەت حکومی بوێریی تیا هەبوو ڕەخنە بگرێت، بەڵام موفتیزادە بوێرانە سووکایەتیی بە دەسەڵات دەکرد و تەنانەت وتەکانی بۆنی هەڕەشەی لێ دەهات تا ئەوەی لەلایان دەسەڵاتەوە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ زیندانی کرا. ئەمەش بە نوقتە گۆڕانێک لە ژیانی سیاسیی موفتیزادە دێتە هەژمار.

وەک ئاماژە درا، دەرهاویشتەی لێکۆڵینەوەی ژیان، بەسەرهات و کتێب و وتەی بەساڵاچوانێک کە لە نزیکەوە موفتیزادەیان ناسیوە ئەوەیە کە موفتیزادە زیاتر لەوەی لە بەر «کوردایەتی» و «دیانەت» زیندانی کرابێت، شەڕی دەسەڵات ئەو

چارەنووســـەی بۆ پێکهێنا. لە ڕوانگەی ئایینەوە، لە هەندێک بابەتی ســـەرەکیدا موفتیزادە دووره لە ئەهلی ســـوننەت و زۆرکات بەدڵی شیعەیە. یان لەڕوانگـــەی کوردایەتی، بەرهەڵســـتکاری لایەن و ســـەرکردەی سیاســـیی کوردی بووە و زۆرکات لەپاڵ دەسەڵاتدا جێی گرتووە بۆ وێنە، لە نەورۆزی خوێناویی شـــاری سنە، چوونە پاڵ کۆماری ئیســـلامی ئێران؛ کـــە ئەمانە دەکرێت لەپێناو گەیشـــتن بە دەســـەڵات بێت. یەکێک لە کێشـــە ســـەرەکییەکانی موفتیـــزادە لەگەڵ دەسەڵات، بڕگەی ١٢ی یاسای بنەڕەتی بوو کە بەپێی ئەو یاسایە، دینی فەرمیی ئێران مەزهەبی جەعفـــەری ١٢ ئیمامییە . بەپێی ئەم یاســـایە ئەهلـــی ســـوننەت ڕۆڵی لە دەســـەڵاتی ئێراندا نەدەبوو کە موفتیزادەشـــی دەگرتەوە. بە گشتی دەکرێت چارەنووســـی موفتیزادە بە چارەنووسی ئەو کەسانە بشوبهێندرێ کە سەرەتا لە دەسەڵات نزیک بوونەوە و دواتر لە لایەن دەسەڵاتەوە دوور خرانەوە. ئەم کەســـایەتییانە ناکۆکییان بۆ هاتە پێش، بـــەڵام بەهۆی پاوانخوازیی دەســـەڵات، ئازادی و ژیانیان لەدەســـت دا کە کاک ئەحمەد یەکێک لەوان بوو.

## پەشـــیمانیی موفتیـــزادە و دیانپیانـــان بە خراپ بارهێنانی شوێنکەوتووانی

موفتیـــزادە بەر لە کۆچی دوایی، لە بڕگەیەکی ڤیدۆیی دیان بەوەدا دەنێت کە شوێنکەوتووانی بـــە خراپی بار هێنـــاوە و دەڵێـــت: بڕێک کات ئەلاڵێمەوە لە خوا کە منیش ئەزانم بەندەکانتم خراپ بار هێناوە و دواتر داوای لێبوردن لە خوا دەکات. هەروەها دەڵێت: خوایە ئەگەر دەرفەتم نابـــێ و مردن لەپێشـــە، ئیزنم پـــێ بدە پاش مردن و لە عالەمی بەرزەخ جارجار پێوەندی بە شوێنکەوتووانم بگرم لەگەڵ ئەم خۆشەویستانەم بە خەو پێیـــان بێژم وا بکـــەن و وا مەکەن[٩]. موفتیزادە کە دوو دەیەی لە بەردەســـتا بووە بۆ ڕێنمایی کردنی شوێنکەوتووانی، بە دەم گریانەوە داوای کاتی زیاتر دەکات کە هەڵەکانی ڕاســـت بکاتەوە. گریان و هەســـت و سۆز تا ئێستاکەش بەشـــێکی دانەبڕاوی بەکارهاتـــووە لە مەکتەب قورئـــان و هەروەها بەکارهێنانی بڕێک وشـــەی وەک«محبـــت» کە لە ئایینی مەســـیحیدا زیاتر بەکار دێت، لەناو مەکتەب قورئان باوە.

خەو لای ئەحمـــەد موفتیزادە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە بۆیـــە لەدرێژەی تەمەنی خۆیدا دوای دیتنـــی خەو، فتـــوای نوێی دەرکردووە یا لە باوەڕێکی پاشـــگەز بۆتـــەوە و دواتر داوای لە هۆگرانـــی کردووە بیروبـــاوەڕو کرداریان بگۆڕن. هەروەها خەو لای ئەندامانیش پێگەی تایبەتی هەبـــووە تا ڕادەیـــەک کە لـــە کۆبوونەوەکانیان بە ئەندامـــان دەڵێن: پاش دیتنـــی خەو بۆمان دەرکەوتووە کـــە موفتیزادە لەپـــاش حەزرەتی محەمەد و ئەبووبەکری ســـدیق، سێهەم کەسی ناو ئیسلامە.

کاک ئەحمـــەد لە وتـــار و پەرتووکەکانی، خۆی بە پێغەمبەری ئیســـلام و خولەفا دەچواند و هەڵدەســـەنگاند و پێی ناخـــۆش نەبوو ئەگەر لایەنگرانی پیرۆزی دەکەن. پرسی پیرۆز کردنی کاک ئەحمەد بۆ وتارە سۆزداری و جیاوازەکانی دەگەڕێتەوە بـــەڵام بەهۆی ڕەخنەیەکی زۆر کە ڕووبەڕوی بووەوە، لە ژێر گوشـــاری ڕای گشتیدا ناچاردەبێ بڵێت: «نەفـــرەت لە من ئەگەر قایل بم بە بوت بـــوون و نەفرەت لەوەی بە زانابوون بوتم لێ ساز دەکات، بەتایبەت پاش مردنم، یان دژایەتیی کوفرێکی وەهـــا نەکات» (کتێبی نامەها نامەی ژ٥ لاپەڕە٥٨).

## دەرهاویشتەی مەکتەب قورئان

مەکتەب قورئان هەر لە ســـەرەتای پێکهاتنیەوە وەک دەنگێکـــی جیاوازی نێـــو ڕەوتی کوردی دەرکەوت وئێستاشـــی پێوە بێـــت، جومگەکانی کۆمەڵگـــەی کوردەواریـــی تووشـــی لێکترازان کردۆتەوە. تەنانەت ئەگەر تێکۆشـــانی موفتیزادە لـــە ڕوانگەی خـــۆی بۆ ڕزگارکردنـــی کۆمەڵگە بووبێت، بـــەڵام کارەکانی لە چەنـــد ڕەهەندی وەک سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی، خەســـاری لێ

کەوتەوە. پەروەردەی مەکتەبییەکان وەها بوو کە خۆیان لە کۆمەڵگە دەپاراست و ئەوەش بە هۆی ئامۆژگارییەکانی موفتیزادەوە بوو. بەوتەی موفتیزادە، کۆمەڵگە تووشی قەیرانی ڕەوشت و ئایینی بۆتەوە، لە هێڵی خۆی لایداوە. ئێستاکە شوێنکەوتووانی لە تێکەڵ بوو بە کۆمەڵگە خۆیان دەبوێرن. تێکەڵ بە کۆمەڵگە نابن و ژیانی دوورگەییان هەڵبژاردووە؛ لە شارەکانی ڕۆژهەلات، خۆیان لە خەڵک جیا کردۆتەوە و هەوڵیان داوە لە یەک گەڕەک نیشتەجێ بن. بەهاران و گوڵشەن لە شاری سنە، شەهرەک لە سەقز وجادە سلێمانی لە بانە لەو گەڕەکانەن کە مەکتەبییەکان لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و تێیدا نیشتەجێن.

ئیزن نادەن بنەماڵە و بە تایبەت منداڵەکانیان تێکەڵ بە کۆمەڵگە بێت؛ منداڵی مەکتەبی پێکەوە دەبرێنە سەیران، میوانی، وەرزش و کەلاسیان بۆ دادەنێن و هەر لە منداڵییەوە لەسەر بیروباوەڕی مەکتەب و موفتیزادە پەروەردە دەکرێن. بنەماڵەی مەکتەب (بەهۆی نەبوونی ڕەزامەندیی شۆڕای بەڕێوەبەرایەتیی سنە، تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە) بە گشتی سەتەلایتیان نییە و ئەگەر هەیانبێت، سەرپێچییان کردووە و ناتوانن وەکوو پێویست تێکەڵ بە دنیای ئەمڕۆکە ببن. ئەندامان وا ڕاهێندراون جگە لە خۆیان، خەڵکیان پێ عەوامە؛ بەو مانایەی کە ئێمە ڕاستییەکان دەزانین بەڵام کۆمەڵگە نازانێت و بە چاوی بەزەیی سەیری خەڵک دەکەن. بە لای مەکتەبییەوە، ئەندامێکی هاوفکری خۆی، خۆشەویسترە لە ئەندامێکی خێزانی خۆی کە مەکتەبی نەبێت. دابڕانی مەکتەبییەکان لە کۆمەڵگە، هۆکارە بۆ دابەش بوونی کۆمەڵگە و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان داناوە. لە ئێستادا مەکتەب قورئان لە بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکاندا خۆی لە کۆمەڵگە جیا کردۆتەوە و دژی نەورۆزە.

زۆرێک لە شۆڕشەکانی کورد لەسەر دەستی کەسایەتییە ئایینییەکان سەریان هەڵداوە و ئەگەریش لەکۆتاییدا بەدەستی دەسەڵاتەکان لەناو چووبێتن، بەڵام لەلایان کۆمەڵگەوە پاڵپشتی کراون و ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی مەکتەب قورئان لە ڕەوتە ئایینییەکانی دیکەیە؛ مەکتەب قورئان بە پێچەوانەوە، لەپاڵ دەسەڵات جێی گرت. کۆماری ئیسلامی سەرەتا بۆ لاواز کردنی ڕەوتی ناسیۆناڵیستی و بەتایبەت چەپ لە کوردستان مەکتەبی بەکار هێنا و پاش مەرگی موفتیزادە، مەکتەب چالاکییە سیاسییەکانی ڕاوەستاند.

سڕبوونی سیاسیی مەکتەب، لەپاش موفتیزادەوە دەستی پێکرد و ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوو، لە بێدەنگیی دەسەڵاتی تاراندا سەرقاڵی بەهێزکردنی جووڵانەوەکەیان بوون. پێشبینی دەکرێت پاش هەر ئاڵۆزییەک لە ئێران، مەکتەب قورئان کە مەیلی شەڕی چەکداریی تێدابووە، چەک هەڵبگرێتەوە و وەک حیزبێکی چەکداری ئایینی درێژە بە چالاکی بدات و دیسان دژی ڕەوتی کوردی بەکار بهێنرێت.

ڕەنگە بێدەنگیی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر پەرەسەندن و گەورەبوونی مەکتەب قورئان، بە ئاگابوون و بە مەبەست بێت؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ئێستادا سپۆنسەری هەندێک جووڵانەوەی ئایینی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە، هاندەری پەرەسەندنی گرووپە ئایینییەکانە تاکوو بتوانێت لە کاتوساتی خۆیدا بەکاریان بێنێت. گرووپەکانی ئیخوان، دەعوەت و ئیسلاح و هەروەها مەکتەب قورئان، زۆرترین چالاکییان هەیە و ڕێگەپێدراون و بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوەیان هەیە و لە ئەگەری هەر چەشنە ئاڵۆزییەک لەناو ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەم گرووپە ئایینییانە پێدەچێ بەگژ یەک، یان حزبەکاندا بکرینەوە.

کۆبوونەوەکانی مەکتەب قورئان ڕۆژانە و هەفتانە لە ماڵ و باخی ئەندامان و هەندێک جار لە سەیرانگاکان بەڕێوە دەچێت بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بیانبینن. لەڕاستیدا ئەگەر

کۆماری ئیسلامی بیویستایە، دەیتوانی ڕێگریان بێت بەڵام بەوەی کە ڕێگریان نابێت، شێوازێکە لە ڕێگەپێدان بە پەرە سەندنیان. مەولودییەکانی مەکتەبییەکان بە سەدان کەس لە خۆ دەگرێت و بە چەندین پرۆژێکشـــن، وێنەکانی موفتیزادە گەورە دەکەنەوە بەبێ هیچ ڕێگرییەک. مەکتەب قورئان دەڵێت بەم دوو هۆکارە هێزە ئەمنییەکانی ئێـــران بەرمان پێ ناگرن یەکـــەم: ئێمە کارمان بە سیاســـەت نیە. دووهەم: ڕێژەی ئەندامانمان زۆرە و لێمان دەترسن. لەڕاستیدا دوورەپەرێزیی مەکتـــەب لـــە سیاســـەت، خواســـت و حەزی کۆماری ئیســـلامیە بەڵام خاڵی دووهەم دوورە لە ڕاســـتی کە کۆماری ئیســـلامی لە مەکتەب بترسێت. کۆماری ئیســـلامی کەمپی ئەشرەفی لـــە موجاهیدیـــن  پێ چۆڵ کردن و هێرشـــی مووشەکیی کردە سەر حیزبی دیموکرات، کەواتە دەتوانێـــت مەکتەب قورئان لەناو ســـنوورەکانی خۆی هەڵوەشێنێتەوە بەڵام نایکات چونکە ڕەنگە لە داهاتوو بەکاری بهێنێـــت لەدژی حیزبەکان یان هەر لایەنێک کە بیهەوێت.

خاڵـــی لێـــک جیـــا کـــەرەوەی دوو باڵی مەکتـــەب کـــە بووەتـــە هـــۆی پەرەســـەندنی زیاتری لقی«مەکتـــەب قورئان»، دەگەڕێتەوە بۆ: ڕەخســـاندنی هەلی کار بۆ ئەندامان، کارئاسانی لە زەواج بە کەمترین تێچوو لەناو گرووپەکەیان، هاوکاریـــی ئابووریـــی یەکتـــر و بانگەشـــەی کوردایەتییە. بە دووکانـــدار دەڵێن ئەگەر ببیتە ئەندام، لەمەودوا پێداویســـتییەکانمان  لای تۆ دەکڕین و دەچنە لای ســـەرتاش و پێی دەڵێن ئەگـــەر ببیتە ئەنـــدام لەمـــەودوا دێینە لات بۆ ســـەرچاککردن و ...هتد. هاوکاریـــی ئابوورییان تەنیـــا ئەندامانـــی نـــاو مەکتـــەب و نزیک بە خۆیان دەگرێتەوە و بەدەر لەوە، بە مەبەســـتی بانگەشە بۆ زۆرکردنی ڕێژەی ئەندامان. هەرکات دووکاندارێـــک دەبێتە ئەندامـــی مەکتەب، لەوە بەدوا سەرجەم مەکتەبییەکان پێدوایستییەکانیان لەوێ دەکڕن و تەماح وەبەرنان، ڕێگەیەکی باوە لەنـــاو باڵی زۆرینەی مەکتەب. ئەم شـــێوازە لە ژیانی دوورگەیی، سیستمی ئابووریی ڕابردووی جووڵەکە وەبیر دەهێنێتەوە کە ســـەرجەم خێر و بێریـــان بۆ ناو خۆیانە و خۆیان لە غەوارە جیا کردۆتەوە. لە ئیســـتادا بەهۆی هەوڵەکانی باڵی زۆرینەی مەکتەب لە بواری ئابووری، ڕوخساری مەکتەبی بە کۆمپانیایەکی بازرگانی دەچوێت.

لەوانەیە زۆربوونی ڕێژەی ئەندامانی مەکتەب قورئان، ســـەرنجی حیزب و لایەنی سیاســـی ڕاکێشابێت و ئەگەر بە وتەی ئەندامانی مەکتەب قورئان بێت، حیزبـــەکان و مەکتەب قورئان لە دانوســـتان و نزیکبوونـــەوەدان. گریمانەی وەها ئەگەرێک، بە واتای چاوی تەماح برینە لە ڕێژەی ئەندامانی مەکتەب بـــۆ دوارۆژی دیاری کردنی چارەنووســـی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان. هاوپەیمانییەکـــی وەها دەشـــکێت چونکەوەک بـــاس کـــرا، ســـتراتیژیی مەکتـــەب قورئـــان، دەســـەڵاتێکی ئایینیە و شیمانە دەکرێت وەکوو چوار دەیە پێشتر، بچێتەوە پاڵ دەسەڵاتی ناوەند یان ئەوەی کە دژی ڕەوتی زاڵ بوەستێتەوە کە هەمان ڕەوتی سێکۆلار و نەتەوەیییە.

## سەرچاوەکان


[1]:https://www.youtube.com/watch?v=NBpZVMamzW8

[2]:https://www.youtube.com/watch?v=Awa4dgqmp5M

[3]:https://www.youtube.com/watch?v=kv3MVdpfJSY

[4]:https://www.youtube.com/watch?v=MaCsuE1ʉq5Kw&t=4s&fbclid=IwAR1XttSWfPP1Xu5A7cBNiOMugnJ-Sry-wtqcy9o1FBvv5bBUoT-exr-FmWs

[5]:https://www.youtube.com/watch?v=qM1FinVn0GM

[6]:https://www.radiofarda.com/a/o2-kurdistan-funɟdementalism/28565027.html

[7]:https://www.youtube.com/watch?v=IYiyJA8LEPg&feature=youtu.be

[8]: https://www.facebook.com/RadioRudaw/videos/1050769875322284/?t=259

[9]: https://www.youtube.com/watch?v=IPtsE0C1djM&feature=youtu.be

# ئیسلامی سیاسی و تیرۆر

**ژیار نەقشبەندی**

”

هەوڵی ئەم وتارە ئەوە دەبێت، کە لە بەستێنێکی مێژووییدا و بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر وێنە مێژووییەکاندا، تێگەیشتن و ڕوانگە دینییەکانی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی کە پاساو بۆ ئاکاری توندوتیژ و شەڕی توندی دەسەڵات دێننەوە، بخاتە بەردەست. بۆ ئەوەی بتوانرێت بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوە و هەروەها ئاستەنگەکانی ئەم وتارە، شرۆڤەیەکی ورد بکرێت، لە درێژەدا بەپێی دابەشکارییەکی تایبەت بابەتەکان داڕێژراون

“

## پێشەکی

ئەگەرچـــی هێندێک دینـــی وەک «بوودیزم»، ڕەهەنـــدە کۆمەڵایەتییەکەیـــان زەقترە و پێ لەسەر پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆی باوەڕمەند و خـــودا دادەگرن و زۆرتر تـــاک تەوەرن، بەڵام لـــە بەرانبـــەردا، زۆرینەی ڕەهـــای دینەکان، بەرنامە و ڕێبازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشن. بانگەوازدەر و دەســـەڵاتخوازن. دینگەلێکن کە نێوانگر لە نێوان باوەڕمەند و خودادا دادەنێن. نێوانگرێک کە ڕێوشـــوێنەکانی پەیوەندیگرتن بە خـــوداوە دیـــاری دەکات. ئاکامـــی ئەمە، ســـەرەڕای جیاوازییە جوگرافییەکان، دەبێت بەوە کـــە میراتە فەرهەنگییەکانـــی کۆمەڵگا، زۆرتر لەڕێگای جێگۆڕکێـــی کۆمەڵایەتییەوە، خوێندنەوەیەکـــی نوێیان بۆ بکرێت و تەنانەت ئەگەری گۆڕانی بنەڕەتیشـــیان لە ئارادا بێت. بۆیە، بە گشـــتی دین هـــەم دەتوانێ پارێزەر و نۆژەنکـــەرەوەی پێودانـــە فەرهەنگـــی و کۆمەڵایەتییـــەکان بێـــت، هەمیش دەتوانێت، وەک ڕەوتێکـــی شۆڕشـــگێڕ و تێکدەری بەها کۆمەڵایەتییەکان بێتە کایەوە.

دینی ئیســـلامیش، لەڕەوتی مێژوودا، زۆر بە خێرایی ناوەرۆکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خـــۆی دەرخســـت. کۆچـــی موحەممـــەدی پێغەمبـــەری ئیســـلام، لـــە ســـاڵی ٦٢٢ ی زایینیدا، لە مەککەوە بۆ مەدینە، بوو بە خاڵی وەرچەرخـــان لە ژیانی سیاســـیی ئەودا. «لەو کاتەوە موحەممەدی پێغەمبەر، شوناســـێکی سیاســـیی دا بە بزووتنەوەکـــەی. و بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵـــەی باوەڕمەندانی دینیی دارِشـــت، کە بە ئوممەت ئەناسرا. » (داریتی ۴، ١۵۴).

لە ســـاڵی دووهەمـــی کۆچیدا، شـــەڕی «وەدان» وەک یەکەمیـــن هەنگاوی بەکردەوە بۆ سەرخستنی کیانی دینی هەژمار دەکرێت. دواتر هەر لەو ســـاڵەدا، ٧ شـــەڕی تر کران. لێـــرەوە بوو، کە دینی ئیســـلام بوو بە هێزی کۆمەڵایەتی و سیاســـی. بوو بە ئیســـلامێکی سیاســـی، کە ئامانجـــی بەدەســـتەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی حکوومەتی دینی بوو.

بەکورتـــی، دەتوانیـــن وەهـــا پێناســـەی ئیسلامی سیاسی بکەین، کە بریتییە لە باوەڕ بە شەریعەتی ئیسلام، وەک تاکە سەرچاوەی ژیانی تاکەکەسی و ژیانی بەکۆمەڵ پێکەوە. واتا ئیســـلامێک کە جیا لەڕێکخستنی پەیوەندیی تـــاک و خـــودا، بانگەشـــەی ڕزگارکردنـــی مرۆڤایەتیش دەکات.

لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ تیۆرییەکانـــی ئیسلامی سیاسیدا، «ڕۆزێنتال»، ڕۆژهەڵاتناسی ئامریکایـــی، لەڕەخنـــە لەڕوانگەکانی «عەلی عەبدولـــڕەزاق»دا کـــە دەڵێـــت: «حکوومەت لـــە بنەما و پێویســـتییەکانی ئیســـلام نییە»، بەگوێرەی مێژوو و ســـەرچاوەکانی ئیســـلام، دەڵێت: حکوومەتێک کە قانوونەکانی سزادان و قانوونـــە مەدەنییەکانـــی لەســـەر بنەمـــای شەریعەت نەبێت، حکوومەتی ئیسلامی نییە. تەنانەت ئەگەر لەوێ ئیسلام دینی ڕەسمیش بێـــت.» (عنایـــت، ١٢٦). ئـــەم خوێندنەوەیـــە کـــە لە لایەن زۆربـــەی ئیســـلامخوازەکانەوە بەشـــێوازی جۆراوجـــۆر دەربـــڕاوە، بە ڕوونی پێناسەی ئیسلامی سیاسیمان بۆ دەخاتەڕوو. پێناسەیەک، کە لەم وتارەیشدا وەک سەرەتای باسەکە لەبەرچاو گیراوە.

لەلایەکی ترەوە، دەســـەڵاتخوازی و هەوڵ بۆ دەســـت بەســـەرداگرتنی ســـەرچاوەکانی دەسەڵات، ئاکارێکی ئاساییی هەموو بزووتنەوە سیاســـییەکانە. هەمـــوو دەســـەڵاتێکیش، بۆ درێـــژەدان بـــە تەمەنی خۆی، پێویســـتی بە ســـەرچاوەیەک هەیە بۆ ڕەوایی. بە درێژاییی مێـــژووی مرۆڤایەتی، دین خۆی یەکێک بووە لـــە بەرچاوتریـــن ســـەرچاوەکانی ڕەواییدان بە دەســـەڵاتی سیاســـی. بـــەڵام پەیوەندیی دین لەگەڵ کۆمەڵگا و دەســـەڵاتی سیاســـی، هەمـــووکات پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند بووە. بۆیە بە ئاسانی پۆلێن ناکرێت.

ئەوەی ڕوونـــە، زۆرینەی ڕەهای دینەکان

بــە پەراوێزخران ڕازی نابن و لە ســەردەم و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، هەوڵی بەشداری کردن لە دەســەڵات و تەنانەت پاوانی دەســەڵاتیان داوە. دینی ئیسلامیش دەکرێت لەم سۆنگەیەوە هەڵبسەنگێندرێت.

هەوڵــی ئەم وتــارە ئەوە دەبێــت، کە لە بەســتێنێکی مێژووییدا و بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر وێنە مێژووییەکاندا، تێگەیشتن و ڕوانگــە دینییەکانی لایەنگرانی ئیســلامی سیاسی کە پاساو بۆ ئاکاری توندوتیژ و شەڕی توندی دەســەڵات دێننەوە، بخاتە بەردەست. بــۆ ئــەوەی بتوانرێــت بــە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوە و هەروەها ئاستەنگەکانی ئەم وتارە، شــرۆڤەیەکی ورد بکرێت، لــە درێژەدا بەپێی دابەشکارییەکی تایبەت بابەتەکان داڕێژراون. گرینگترین پێوەرەکانی دابەشکارییەکە بریتی بوون لــە: مەودای نێــوان ڕووداوەکان، یەکە سیاسییەکان و جیاوازییە جوگرافییەکان و لە هەمووی گرینگتر وێژمانی سیاسیی هاوبەش.

لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی تیرۆریزمدا، ئەم وتارە باس لەوە دەکات، کە چۆن بانگەوازی ئیسلامخوازی لە لایەن ڕەوتە بناژۆخوازەکانەوە دەگۆڕدرێــت بۆ ئاکاری توندوتیــژ. تیرۆر بەو مانایە کە «چ وەک کردەوە و چ وەک وێژمان، بەمانای تۆقاندن و ترساندنە.»(داریتی ٨، ٣٢٨). تۆقاندن لەپێنــاو ئامانجێکی سیاســیدا. یان وەک «ڕەوتێک لە خوێندنەوەکان بۆ تیرۆریزم [کە] ئــەم دیاردەیە دەگەڕێننــەوە بۆ باوەڕە یۆتۆپییــەکان و قیامــەت باوەڕیی سیاســی. تیرۆریــزم زیاتر لەوەی ســتراتیژییەک بێت، دانپێدانان، کردەوەیەکی باوەڕمەندانە و ئاکامی خولیــا بەکۆمەڵە بناژۆییەکانــە، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەسەنایەتیی ئیدیۆلۆژی، ئێتنیکی یان دینیدا.»(داریتی ٨، ٣٢٨).

## سەردەمی موحەممەدی پێغەمبەر

ژیانی پێغەمبەری موسوڵمانان، بۆ دوو قۆناغی گشتی دابەش دەبێت.

قۆناغی یەکەم، لە ساڵی ٦٠٩ی زایینییەوە و بە بانگەشــەی بۆ وەرگرتنی پەیامی خودا و خۆناساندنی وەک ناردەی خودا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتــی، دەســتی پێکــرد. ئــەم قۆناغە، کــە ژیانی موحەممەدی پێغەمبەر لە شــاری مەککــە لەخــۆ دەگرێت، ١٢ ســاڵ درێژەی کێشــا. لەم ماوەیەدا پێغەمبەر، کۆمەڵگاکەی خۆی بانگهێشت کرد، کە واز لە باوەڕەکانیان بهێنــن و راســپاردەکانی ئەو(خودا) بکەن بە ڕێنوێنی ژیانی داهاتوویان. بەڵام پاش مردنی خەدیجــەی هاوســەر و لەپاشــان مامی، لە بانگەشــە بۆرێبازەکەیدا ئاستەنگی زۆر هاتنە ڕێگای. بەم هۆیەوە کەوتە بیری کۆچ کردن بۆ شــاری مەدینە. بەمەیش ئەم قۆناغە لە ژیانی کۆتاییی پێهات.

قۆناغی دووهەم، لە ساڵی ٦٢٢ی زایینییەوە و بــە کۆچی سیاســیی پێغەمبەر بۆ شــاری مەدینە، دەســتی پێکرد و بە کۆچی دواییی ئەو کۆتاییی پێ هات. لە شــاری مەدینە، بە کردەوە جێپێی موحەممەدی پێغەمبەر قایمتر بوو و پەرەی بە بانگەوازەکەی دا. لەم ماوەیەدا کە ١١ ســاڵ درێژەی بوو، دینی ئیســلام لە بزووتنەوەیەکی لاوازەوە، بوو بە دەســەڵاتێکی بەهێزی سیاسی.

لەماوەی ١١ ســاڵی ئاماژەپێکراودا، نزیک بە ٣٠ شــەڕروویدا. شەڕەکان لە نێوان سوپای پێغەمبەر و خێڵە دژبەرەکانی پەیامی ئیسلام و دواتر حکومەتی ئیســلامی، بوون. خێڵگەلێک، کە لــە دۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو ســەردەمەی کۆمەڵــگای عەرەبدا، بەرادەیەک دەسرۆیشــتو بوون، کە سەربەخۆ هەموورێوشوێنەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاری دەکرد.

لەســەر بنەمای ئەم دوو قۆناغە، تەنانەت قورئــان، کتێبــی پیــرۆزی موســوڵمانان، دابــەش کراوە بەســەر ســوورەتە مەککی و مەدەنییەکاندا. واتا، ئەو ســوورەتانەی قورئان کە پێش و پــاش کۆچ (هیجرەت) بۆ مەدینە هاتــوون. خوێندنــەوەی قورئــان بەپێی ئەم

دابەشکارییە، کۆمەڵێک زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر ورد و بەنرخی تێدادەبێت. واتا، بەڕوونی دەریدەخەن، کە پێگەی ئیسلام چۆن لە بزووتنەوەیەکی ساواوە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی پەرەسەندوو و لەپاشانیش بۆ حکوومەتی ئیسلامی.

خاڵێکی ورد کە ژیانی سیاسیی موحەممەدی پێغەمبەر لە میراتگرەکانی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پێغەمبەرڕەواییی لە سەرچاوەیەکی ئاسمانی وەردەگرت، بۆیە شەڕی سوپای ئیسلام لەگەل کۆمەڵی بێباوەڕەکان بە دینی ئیسلام بوو، بەڵام دوای خۆی مشتومڕ و ململانێی تێگەیشتن لە پەیامەکەی سەری هەڵدا. شەڕی ناوخۆییی ئیسلام لە پاش پێغەمبەر دەستی پێکرد کە لە کۆی مێژووی ئیسلام تا سەردەمی هاوچەرخدا دووپات بووەتەوە. لە پەراوێزی ئەم واقعە نوێیەدا، چەمکگەلی سیاسیی وەک جیهاد، تەکفیر، لادان، داهێنان (بیدعە) و. . هتد لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئیسلامیدا هاتنە کایەوە. چەمکگەلێک، کە چیرۆکی شەڕی میراتی ئیسلام بوو. و سەرەڕای شەڕ لەگەڵ بێباوەڕان، ، شەڕی توندی دەسەڵات لە ناوخۆی لایەنگرانی وباوەڕمەندان بە دینی ئیسلام هاتە کایەوە.

## سەردەمی چوار خەلیفەی ڕاشدین

لەدوای کۆچی دواییی پێغەمبەرەوە، ململانێی ناوخۆیی بۆ وەرگرتنی ئەو دەسەڵاتەی کە بە میرات بەجێ مابوو، دەستی پێ کرد.

لە سەردەمی ئەبووبەکر، خەلیفەی یەکەمدا بوو کە تەکفیر، وەک سزای توند بۆ نەیارانی سیاسی، بۆ یەکەمجار بەکار برا. پێناسەی خەلیفەی یەکەم بۆ تەکفیر بە شێوەیەکی گەوهەری بە پرسی زەکات نەدانەوە بەسترابووەوە. بەم جۆرە دەبینین، یەکەم شەڕی دینیی موسوڵمانان، پاش سەردەمی موحەممەدی پێغەمبەر، خێڵی بەراست لە ئیسلام هەڵگەڕاوە و خێڵی موسوڵمانی زەکاتنەدەری لەیەک جیا نەکردەوە و بەیەک چاو لە هەردووکیانی ڕوانی.» (ئەسەسەرد، ٦). پاشان هەر لەڕێگەی سیاسەتەکانی خەلیفەی یەکەمەوە بوو کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی تا عێراق و شام بەربڵاو بوویەوە.

عومەری کوڕی خەتاب، خەلیفەی دووهەم، بەوپەڕی هێزەوە پەرەی بە حکوومەتی ئیسلامی دا و شەڕی ساسانییەکان و بیزانتییەکانی کرد. ئەم قۆناغە دوای ئەوەی کە خەلیفەی دووەم بە دەستی نەیارانی تیرۆر کرا، کۆتایی پێهات.

لە سەردەمی عوسمان، خەلیفەی سێهەمدا، کۆمەڵێک سەرهەڵدان ڕوویان دا. عوسمان سەر بە خێڵی «بەنی ئومەییە» لە هۆزی «قورەیش» بوو. ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەسەڵاتدا کردی، بوون بە هۆی بەهێزبوونی پێگەی بەنی ئومەییە. ئەمەش نارازی بوونی خێڵە دەسەڵاتدارەکانی تری هۆزی قورەیشی لێ کەوتەوە. بۆیە «لە سەردەمی خەلیفەی سێهەمدا، یەکەمین ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ لە ئیسلامدا پێکهات.» (ئەسەسەرد، ١٢). ئەم ئۆپۆزیسیۆنە ئاکامی دوو واقعی سیاسیی ئەو سەردەمە بوو. یەکەم، ئەوە کە هەرچی لە سەردەمی سەرەتای ئیسلام دوور دەکەوتنەوە، لایەنی کاریزماییی دامەزراوە ئیسلامییەکان لاوازتر دەبوو. دووهەم، خەلیفەی سێهەم لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ئیسلامیدا، نەیتوانی ئۆتۆریتەی خۆی بەکار بهێنێت. ئەمەیش پاساوێکی باش بوو بۆ یاخی بوونی نەیارە سیاسییەکانی.

«بەرهەڵستکارەکانی خەلیفەی سێهەم، لە ڕوانگەیەوە کە نەیاندەتوانی بەبێ بیانوویەکی دینی پاساوی لێ هەڵگەڕانەوە و کوشتنی بدەن، بانگەشەیان بۆ ئەو تیۆرییە کرد کە هەتا عوسمان لەسەر کار بێت، گەرەنتیی پاراستنی خاوێنیی ئیسلام ناکرێت.» (ئەسەسەرد، ١٤) بۆیە

به پاســاوی لادانی له ئیســلام، هەڵیانکوتایە سەری و تیرۆریان کرد.
«ئەگەر گێڕانەوەی «تەبەری « ڕاست بێت، کە وتوویەتــی یاخیبووەکان لێنەگەڕاون خزم و کەسوکاری عوســمان نوێژی لەسەر بکەن و لە گۆڕســتانی موســوڵماناندا بینێژن، ئەوە هیچ گومانێک لەســەرڕوانینی تەکفیرییانەی یاخییــەکان نامێنێــت. بەپێی ئــەم ڕوانینە، یاخییــەکان پــاش ئــەوەی «عەلــی کوڕی ئەبووتالب»یان کرد بە سەرکردەی خۆیان و... دواتر لەویش هەڵگەڕانەوە و ئەویشیان تەکفیر کرد. ئیتر ٣-٢ ساڵ پاش کوشتنی عوسمان، لەو کۆمەڵە ڕادیکاڵە، گرووپی «خەواریج» پەیدا بوون.» (ئەسەسەرد، ١٥)
بۆیە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیش پڕ بوون لە ململانێ و شــەڕی توندوتیژی لایەنە دژبەیەکەکان بۆ سڕینەوەی یەکتر.
عەلــی کــوڕی ئەبووتالب، کــە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، دوای ماوەیەک بوو بە خەلیفەی چوارەم. عەلی، پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، زۆربەی حاکمان و کاربەدەســتانی هەرێمــە جۆراوجۆرەکانی لەسەر کار لادا. بەڵام «موعاوییە»، کە پسمامی خەلیفــەی ســێهەم و حاکمی شــام بوو، بە بڕیاری عەلی ڕازی نەبوو.
ناکۆکییــەکان لە ســەردەمی خەلافەتی خەلیفەی چوارەم گەیشتە لووتکە و کۆمەڵگای ئیســلامی بەســەر لایەنگرانــی عوســمان و لایەنگرانــی عەلیدا، دابەش بــوون. ئەمە، بوو بە هۆی شــەڕێکی ناوخــۆی دووورودرێژ. لەم قۆناغدا، ئیتر بەپێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو، هێزی جۆراوجۆر و بەرژەوەندیگەلی جۆراوجۆر، مژوولی شەڕی دەسەڵات بووبوون. بەرفراوانیی حکوومەت و جوگرافیای ئیسلامیش هۆکارێک بوو، کە ئەم شــەڕانەی قووڵتــر دەکردەوە. لە کۆتاییــدا، عەلــی، خەلیفــەی چوارەمیش، بەدەستی خەواریجەکان تیرۆر کرا.
ئەوەی لــە دوای ســەردەمی خەلافەتی چــوار خەلیفەکەدا، بە کردەوە ڕوویدا، قووڵتر بوونەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەناو حکوومەتی ئیسلامی و جیهانی ئیسلامدا بوو. بە تێپەڕینی کات، جلوبەرگی ئیدیۆلۆژی کرا بە بەر شــەڕی دەســەڵاتدا و لایەنەکان بەوپەڕی توندوتیژییەوە، بەگژ یەکتردا چوونەوە و مێژوویەک لە نەحەسانەوە و نەحەوانەوەیان بۆ نەســڵەکانی داهاتووی هەمــوو ناوچەکە، بەجێهێشت.
بەدوای تیــرۆری خەلیفــەی چوارەمدا، حەســەنی کوڕی لەلایەن خەڵکــی کووفەوە بەیعەتــی لەگــەڵ کــرا ـ بــەڵام موعاوییە ناچاری کرد، واز لــە خەلافەت بهێنێت و بە هێمنی دەســەڵاتەکەی ڕادەســت بکات. لە پەیمانێکدا، حەســەن ڕازی دەبێت خەلافەت بــدات بــە موعاوییە و ئەویــش لەبەرانبەردا، ڕێگە بدات پاش مردنی، موســوڵمانان خۆیان جێگرەوەی موعاوییــە هەڵبژێرن. بەڵام، پاش مردنی موعاوییە، «یەزید»ی کوڕی بانگەشەی جێگرتنەوەی باوکی کرد. ئیمام«حسێن» کوڕی بچووکتری عەلی، کە ململانێی دەسەڵاتەکەی یەزیدی کرد، لە «کەربەلا» کوژرا.
لــە وەها کاتێکدا، لە گۆڕەپانی سیاســیی کۆمەڵگای ئیســلامیدا، شــەڕی دەســەڵات گــۆڕدرا بــۆ ڕەوت و ئیدیۆلۆژیی سیاســیی تۆختــر. ئــەم ڕەوتگەلە، ئەگەرچــی تا پاش خەلیفــەی چوارەمیش بە گومــان و ئاماژەوە باسیان لە خولیا سیاسییەکانی خۆیان دەکرد، بەڵام لەپاش ئەو ســەردەمە، بەڕاشکاوی و لە پێگــەی حەقیقەتەوە بەرگرییــان لە ئامانج و ئیدیۆلۆژییەکەیان دەکرد.
گرینگتریــن ئەو ڕەوتانەی، کە لە هەناوی هــزری ئیســلامییەوەڕێبازی خۆیــان وەک ڕێچکەی ڕاســت و لەســەر حەقی ئیسلامی ناســاند، بریتــی بوون لە: ســوننە، شــیعە، خەواریج. ئەم ســێ ڕەوتە و ڕەوتێکی زۆرتری هاوتەریبیش، کە لەو سەردەمەدا ئومەوییەکان نوێنەرایەتییــان دەکرد، کــۆی ناکۆکییەکانی

ئیسلامی سیاســی تا سەردەمی هاوچەرخیان لە خۆیاندا کۆ دەکردەوە و بە میراتیش دایان بە نەسڵەکانی داهاتوویان.

## ســەردەمی پــاش چــوار خەلیفەکە تا هەڵوەشانەوەی خەلافەت لەعوسمانیدا

ڕەوتە سیاســییەکانی ئیســلام، لە بەستێنی بەرژەوەندیی سیاسیی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی ئەو ســەردەمەوە بیچمیان گرت. ناکۆکیی ســوننە و شیعە، بە ڕاشکاوی لەســەر پرســی جێگرتنــەوەی موحەممەد پێغەمبەری ئیســلام ســەری هەڵــدا. دواتر، وەک هەموو شەڕە ڕووتەکانی تری دەسەڵات، جلوبەرگــی هزری و ئیدیۆلۆژیشــیان بەبەردا کــرد. بەجۆرێک کــە میراتگرانی ئیســلام، جیهانبینیــی تایبەت بە خۆیان لەســەر ئەو پاساوە سیاسییانە دامەزراند.

لە بەستێنی ئەم جیاوازیبیانەدا، «سوننەکان لە ســەدەی ٨ی زایینیــەوە، هەوڵیان دا، بەو جۆرەی کە لە حەدیسەکاندا هاتبوون دریژە بە نەریتی ئاکاری ڕۆژانەی پێغەمبەر (سوننەت) بدەن. لە سەدەی ٩ی زایینیدا، ئیسلامی سوننە بە چروپری لە ڕێگەی خوێندنگە(مەدرەســە) دینییەکانەوە دامەزرابوو.» (داریتی ۴، ۱۵۶)

کێشەی شیعە لەگەل سوننە، لە سەردەمی خەلافەتی عوسماندا دەســتی پێ کرد. دواتر «ڕووداوەکانی کوشــتنی خەلیفــەی چوارەم و حســێنی کوڕی، پێگەی شــیعەیان وەک ڕەوتێکی دژ بە دەسەڵاتی زاڵ، جێگیر کرد. لە پاشانیش، پرسی «ئیمامەت» وەک گرینگترین ڕەهەندی دینی و سیاسیی شێعیزم، دارێژرا.» (داریتی ۴، ۱۵۶)

ڕەوتی ســێهەم، واتا خەواریج، ســوننە و شــیعەیان پێکەوە ڕەت دەکــردەوە. خەواریج ٢٥ ســاڵ دوای کۆچی دواییــی موحەممەد، ســەریانهەڵدا. «ئــەوەی کــە خەلافەت مافی ئاریستۆکراسیی مەککە، واتا هۆزی «قورەیش»ە، ڕەوتی خەواریجی لە سوننە جیا دەکردەوە. لە بەرانبەردا، ئەوەی کە شیعە خەلافەتی بە مافی خێڵێکی تایبەت لە هۆزی قورەیش، واتا خێڵی «بەنی هاشــم» دەزانی، دیسان بە پێچەوانەی ویستی خەواریج بوو. لە لایەکی دیکەیشەوە، خەواریــج کردەوەیان بە پێوەر بۆ باوەڕمەندی دەزانی. و باوەڕیشــیان بە توندوتیژی نواندن دژ بە نەیارەکانیان هەبوو. بۆیە وەک ڕەوتێکی توندئاژۆ لــە مێژووی ئیســلامدا دەرکەوتن.» (عنایت، ٢٧)

خەواریــج ڕەوت و خوێندنەوەیەکــی جیــاواز بوون، کــە ئــاکاری توندوتیژیان لە پێنــاو بیروبۆچوونیاندا، برەو پــێ دا. «ئەوان یەکەم گرووپی بناژۆخواز لە ئیســلامدا بوون، کە لە دەقە پیــرۆزەکان تیۆریی «تەکفیر»یان دارشــتووە.» (ئەسەســەرد، ١٥). یەکەم جار، بە تەکفیرکردنــی خەلیفەی ســێهەم(ئەگەرچی هێشــتا وەک گرووپ نەناســرابوون) و دواتر خەلیفەی چوارەم دەســتیان پێ کرد. پاشان، شــەڕی بەردەوامیان لە دژی ئەمەوییەکان و دەسەڵاتدارانی تری جیهانی ئیسلام کرد.

»ســاڵانی پاش تیرۆرکردنــی خەلیفەی چــوارەم، دەریدەخــەن کــە خەواریجەکان کۆڵنەدەرانە بانگەشــەیان بــۆ ئیدیۆلۆژییەک کردووە، کە بنەما شەرعییەکەی پشتئەستوور بوو بە خاوێنــی و بێگەردیی دین. بەڵام ئەم ئیدیۆلۆژییــە، گرووپێکی جەنگاوەری دری لێ درووســت کردن، کە بۆ گەیشــتن بە ئامانج، تەنیا یەک ڕێوشــوێنیان دەناســی، کە شەڕ بوو. و... «ئیبن کەســیر» نووسەری موسوڵمانی سەدەی ١۴ی زایینی، دەڵێت ئەگەر خەواریج لە هەر شــوێنێکی دنیا بەهێز بن، هەموو دنیا گەندەڵ دەکەن.» (ئەسەسەرد، ١٨)

شــەڕی تونــدی ئیدیۆلۆژیی میرنشــینە ئیسلامییەکان، لە سەدەی ١٣ی زایینی و بە هاتنی مەغۆلەکان، تا ڕادەیــەک دامرکایەوە. بەدوای ئەمانە و لە ســاڵی ١٥١٧ی زایینیدا، خەلافەت لە «موتەوەککەلی سێهەم»، دواپین خەلیفــەی عەباســییەوە، بە ڕادەســتکردنی

نازناوی خەلافەت و شمشـــێر و باڵاپۆشەکەی پێغەمبەری ئیســـلام بە «ســـوڵتان ســـەلیمی عوســـمانی»، گوازرایـــەوە بۆ عوســـمانییەکان کەڕووبەرێکی زۆر لە جیهانی ئیسلامیان لەژێر دەست بوو.

لە بەرانبەر حکوومەتی «عوســـمانی»دا کە هێڵی نوێـــی خەلافەتـــی ڕێبەرایەتی دەکرد، دراوســـێ و دوژمنەکـــەی واتا «ســـەفەوی»، بـــە ڕەســـمیکردنەوەی شـــیعەگەری، هەوڵی دا بەرەیەکـــی بەهێز دژ بـــە نەیارەکەی پێک بهێنێت. بۆیە ئیسلامی سیاسیی نوێ، تێکەڵ بە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تر بوو، کە تایبەت بە کۆمەڵگا و ژیانی عەرەب نەبوون. دواتر شەڕی سوننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامیی دەرەوەی عەرەبـــدا، لەســـەر ئـــەم پاشـــخانە مێژووییە بەردەوامیی بـــوو. واتا ڕووبـــەری جوگرافیای ئیســـلامی سیاســـیی بەکردەوە بەربڵاوتر بوو. لـــە وەهـــا هەلومەرجێکـــدا، مێژوویـــەک لە پاکتاوکردن و ململانێی توندوتیژ و کوشـــتن بەناوی پیرۆزییەکانەوە کران. تەنانەت گەیشتە فەرمانـــی حکوومەتـــی بـــۆ بێرێزیکـــردن بە پیرۆزییەکانی یەکتر لەلایەن سوننە و شیعەوە.

هەڵوەشانەوە و دابەشبوونی حکوومەتەکانی ســـەفەوی و دواتریش عوسمانی، ئاماژە بوون بۆ ســـەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ. لە سەردەمی پـــاش هەڵوەشـــانەوەی عوســـمانیدا، جیهانی ئیسلام کەوتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا و ڕەوتی نەتەوەخوازی (ناســـیۆنالیزم). لەم ســـەردەمەدا، بۆ ماوەیەکی کورت ئیسلام لە ڕووبەرە ناعەرەبییەکەیدا کەوتە پەراوێزەوە. لـــە ڕووبەرە عەرەبییەکەیشـــیدا، کە بەتازەیی لەژێر لاشـــەی حکوومەتی عوســـمانیدا و بە پارڤەکـــراوی قامەتی ڕاســـت دەکـــرەوە، لەو گۆڕانکارییە جیهانییانە بێبەش نەبوو.

## سەردەمی پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەت لە عوسمانیدا

لە سەردەمی پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لـــە حکوومەتی عوســـمانیدا و پاش شـــەڕی یەکەمـــی جیهانی، لە حکوومەتی عوســـمانی چەندین قەوارەی سیاسیی نوێ جیا بوونەوە. کۆمەڵگای موســـوڵمان لەو قەوارە و وڵاتانەدا، کەوتنە ژێر کاریگەریـــی ڕەوتە جیهانییەکانی وەک نەتەوەخوازی، دێموکراسی و سۆسیالیزم. بۆیە ئیسلامی سیاســـی، جیا لەوەی وێژمانی دژبـــەری بۆ زیاد بوو، لەناوخۆیشـــدا کەوتەوە بەر ڕاڤەی نوێ و ســـەردەمیانە لە بنەماکانی ئیسلام.

«بە گۆڕانی شـــێوازەکانی ئەمەگناســـیی سیاسی، چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی» جێگای باوەڕمەندیـــی دینیی گرتـــەوە.» (عنایت، ٨١). ئەمە کاریگەریی لەســـەر تـــاک و کۆمەڵگای موسوڵمان هەبوو. هەم هەســـتی نەتەوایەتی و هـــەم «پێکهاتنی وڵاتگەلی فـــرە مەزهەبی وەک لوبنـــان و عێـــراق، دۆخـــی ناکۆکییـــە مەزهەبییەکانیان [بەشـــێوەیەکی کاتی] هێور کردەوە.» (عنایت، ٨٢).

بەهۆی ئـــەوەی کەڕەوتی نەتەوەســـازی لە وڵاتانـــی ناوچەدا، لە بنەڕەتەوە ســـەقەت بـــوو، دوای ماوەیەکی کورت، ناســـیۆنالیزمی ڕاســـپێردراو (بـــە پاڵپشـــت و لە پاشـــکۆی بەرژەوەندیـــی زلهێزەکانـــەوە) کـــە نەیتوانی بنەمای چەمکی حاکمییەتی نەتەوەیی جێگیر بـــکات، بۆخۆیشـــی بوو بە لایەنێکی شـــەڕ و ئاڵۆزی لەم وڵاتانەدا.

ڕەوتـــی نەتەوەســـازی و نەتەوەخوازی لە وڵاتانی ناوچەی ئیسلامدا، لە پێشدا سەربەخۆ نەبوو. لە پاشـــانیش هەرچـــی هەوڵیان دا لە هێـــزە جیهانییـــەکان داببڕێن و ســـەربەخۆ ڕەوتەکە بەرەو پێش بـــەن، بۆیان جێبەجێ نەبـــوو. چونکە لـــە لایەک، ئـــەوان بەرهەمی گەشـــەی ئاســـاییی کۆمەڵـــگا نەبـــوون و لە بەستێنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریان هەڵنەدابوو. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر ویســـتی دابڕانیشـــیان بووبێت، بەڵام هێزی ئابووری و سیاسیی ئەو دابڕانەیان نەبوو. لە پاشانیش، بە

بۆچوونێکی تایبەت لە پرسی گەشەی سیاسی، دەستیان کرد بە نوێکردنەوە (مۆدێرنیزاسیۆن) ی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆچوونێک کە بایەخی بە بەشداریی خەڵک نەدەدا و لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەیڕوانی.

لەئاکامدا، هەرچی ڕەوتی نەتەوەخوازی لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا دواکەوت، هێزی ئیسلامی سیاسی بەهێزتر لە جاران خۆی ڕێکدەخستەوە. بە گشتی لە پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەتەوە، دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی ناوچەدا بەناوی حاکمییەتی نەتەوەوە نەیارانی خۆی دەسڕییەوە. لەو لایشەوە، ئیسلامی سیاسیی نوێ، بە تەکفیرکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵات، خوازیاری دامەزراندنی حاکمییەتی خودا و حکومەتی دینی بوو. بۆیە، دیسان کومەڵگا دوو جەمسەری دەبووەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕەوتی نەتەوەخوازی، هێزی خۆی لە چەمکە مرۆڤتەوەرە نوێکان و هەروەها ڕێکخستنەوەی نەزمی نوێی جیهانی وەردەگرت، کە نەتەوەتەوەر بوو. واقعی نوێی سیاسیی جیهان، قەوارەی دەوڵەتی نەتەوەییی بەڕەسمی دەناسی. بۆیە لە زۆرینەی ڕەهای وڵاتانی ناوچەدا، ڕەوتی نەتەوەخوازی بەسەر ئیسلامی سیاسیدا سەرکەوت. لە لایەکی ترەوە، ڕەوتی ئیسلامی سیاسی هێزی خۆی لە میراتێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی وەردەگرت. هێماگەلی ئیسلامی و نۆستالۆژیی حکوومەتی دینی و ئیسلامی خاوێنی سەردەمی موحەممەد، دەیتوانی بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵ مانابەخش بێت و ببێت بە مایەی جووڵەی سیاسی و تەنانەت کردەوەی توندوتیژیش.

ئەگەرچی لە سەردەمی نوێدا، ئیسلامی سیاسیی نەرمئاژۆ و دێموکراسیخواز و نەتەوەیی سەریان هەڵدا، بەڵام بەزۆری تێکەڵ بەڕەوتی ڕەسمیی سیاسەت بوون و ڕەهەندە ئیسلامییەکەیان کاڵتر بووەوە.

**ـ ئیخوان موسلمینی میسر**

بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین لە وڵاتی میسر، لە ژینگەی پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەتدا سەری هەڵدا. ئیخوان، لە سەرەتادا لە بەستێنی نەتەوەخوازیی عەرەبیدا هاتە بوونەوە و گەشەی کرد. لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینیدا، لە ئاکامی هەلومەرجێکی ئاڵۆزی مێژووی سیاسیی میسردا دامەزرا. «بە وتەی حەسەن بەنا، ئەم ئاڵۆزییە ئاکامی خەبات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە نێوان حیزبی وەفد و حیزبی لیبراڵی قانوونخوازدا بوو.» (عنایت، ١٥٤). «ئیخوان لە کۆمەڵی لاوانەوە (جمعیة الشباب) لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینیدا، بوو بە هێزێکی سیاسی. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین قۆناغەکانی ناکۆکیی ئاشکرای عەرەب و ئیسراییلدا.» (عنایت، ١٥٥). لە کۆتاییدا، «بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە پەیوەندی لەگەڵ دابەش کردنی فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٧ی زایینیدا و یەکەمین شەڕی عەرەب و ئیسراییل، هەرچی زۆرتر کاریگەریی لەسەر ئیخوان هەبوو کە بەرەو بناژۆخوازی هەنگاو هەڵبگرێت.» (عنایت، ١٥٧)

«ئیخوان، جۆرێکی پێداگرترە لە خوێندنەوەی «ڕەشیدڕەزا». خوێندنەوەیەک، کەڕەنگدانەوەی چاوەڕوانیی سەرکەوتن و کرانەوەیەکە کە ئیخوانەکان دەیانویست بە هێزی شمشێر بیهێننە دی» (عنایت، ١٦٠). بەڵام هەرچی کات تێدەپەڕی، هەڵوێستەکانی ئیخوان توندتر دەبوون.

«حەسەن بەنا [دامەزرێنەری ئیخوان] نەیتوانی مەیلی گۆشکردنی حیزبەکەی بە هێزی چەکدار، کۆنترۆڵ بکات. لە ئاکامی ئەم مەیلەدا، حیزب ڕێکخراوێکی تەناهیی بەناوی ڕێکخستنی تایبەتەوە پێک هێنا، کە ئەرکی پاراستنی حیزب و تیرۆر کردنی نەیارە سیاسییەکانی بوو. ئەوەی باسکی ئەم مەیلەی بەهێزتر کرد، شەڕی فەلەستین بوو، کە ئەندامانی ئیخوان کاریگەرانە بەشدارییان

تێدا کرد. حەسەن بەنا بۆ ئەم ئاکارەی، زۆرتر لەژێر کاریگەریی چەمکی « جیهاد»دا بووە.» (ئەسەسەرد، ٣٠)

هزری «حەسەن بەنا» کە لەسەر بیرۆکەی چاککردنی کۆمەڵ(ئیسڵاح) دارڕژابوو، لەلایەن «سەید قوتب»ـەوە کرا بە بیرۆکەیەکی توندئاژۆی تەکفیری و لەو سۆنگەیەیشەوە، ئیخوان پاشتر کۆمەڵی موسوڵمانان و دەوڵەتی پێکەوە تەکفیر کرد.

سەید قوتب، بەرهەمی قۆناغێکی جیاوازترە لە ژیانی سیاسیی ئیخوان. واتا قۆناغێک کە ئیخوان لە بەشداریی سیاسی بێبەش کرا و تەنانەت سەید قوتب دەستبەسەر کرا. ئەو بەشێکی بەرچاو لە بیرۆکەکانی لە بەندیخانەدا دارشت. «هزری سەید قوتب، برێکی زۆر بێزاری لە پەرەسەندنی شارستانیەتی ڕۆژئاوای بە ئاشکرا پێوە دیارە.» (ئەسەسەرد، ٥٠)

«سەید قوتب، لە کتێبی « مەشخەڵانی ڕێ»دا، کە تێیدا تیۆرییەکی ڕوونی بۆتاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئاکاری دەوڵەت دارشت، دید و ڕوانینی خۆی بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان گەڵاڵە کرد. و... [ئەو] نەک بە لۆمەکردنی دەوڵەت دانەکەوت، بەڵکوو کۆمەڵیشی دایە بەرڕێژنەی ڕەخنە.» (ئەسەسەرد، ٦٠)

سەید قوتب، میراتگری هەمووڕەوتە تەکفیرییەکانی پێش خۆیەتی، کە بە خۆپەرموونێکی کەم وێنەوە ڕەخنە لە نەزانینی (جاهیلییەت) کۆمەڵگا بە گشتی دەگرێت. لەم پەیوەندییەدا، لە شوێنێکدا دەڵێت: «ئەمڕۆ، لە جاهیلییەتێکدا لە بابەتی جاهلییەتی سەردەمی سەرەتای ئیسلام و بگرە دژوارتردا دەژین. هەرچی لە دەوروبەرماندا هەیە جاهیلییە. بۆچوونی کۆمەڵانی خەڵک، دابونەریت و ڕاهاتنیان، هونەر و ویژەیان، تەنانەت زۆر لەو شتانەی ئێمە بە فەرهەنگی ئیسلامی، چاوگی ئیسلامی، فەلسەفەی ئیسلامی و بیرکردنەوەی ئیسلامیان تێدەگەین. هەر هەمووی دەسکردی ئەم جاهلییەتەیە.» (ئەسەسەرد، ٦٣)

ئەم جۆرە لەڕەتکردنەوە و تەکفیری کۆمەڵگا و هەموو شارستانییەتی سەردەم، نۆستالۆژییەکی چالاک و بەهێزە. وەک دواتریش دەرکەوت، لە هەلومەرجی گونجاودا، توانی جووڵە بە هێزی کۆمەڵایەتی بکات و سەردەمێکی نوێی توندوتیژی و تیرۆر بخولقێنێت.

هزری تەکفیری، هەموو شارستانییەتی ڕەت دەکردەوە و تەنیا بە پاوانی دەسەڵاترازی ئەبوو. ڕێبازێک بوو کە توندئاژۆ و دەمارگرژەکانی بۆ ململانێی توندی دەسەڵات تەیار دەکرد. ڕێبازێک، کە ناوەڕۆکەکەی لە دەقی پیرۆزەوە هەڵێنجرابوو و ڕەوایی ئاسمانیی هەبوو. ئەوان، توندوتیژی و کوشتن و کوژرانیان بە ناوی خودا و لە پێناو خودا و دیندا بە پیرۆز ئەناسی و توخمی توندوتیژییان لەڕۆحی لایەنگران و کەسەکانیاندا دەچاند.

## ـ ئیخوانی سووریە

ئیخوان موسلمین لە سووریە، وەک دوانەی ئیخوانی میسری، لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینیدا، لە شاری حەڵەب دامەزرا. ئیخوانی سووریش، هاوچەشنی ڕەوتە ئیسلامییەکانی تری سەردەمی دوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت و سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەییی نوێ (مۆدێرن)، بەهۆی یەکلانەبوونەوەی شەڕی دەسەڵات و جێگیرنەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی ڕەها و دەسڕۆیشتوو، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی چینی ناوەڕاستی شارەکان لەدەست نەدات، بیری ئیسلامیی تێکەڵ بە بیری نەتەوەیی کردبوو. بۆیە ئیخوانی سووریش، گرینگترین ئامانجەکانی بە شەڕ دژی داگیرکاریی فەرانسە و هەروەها ڕابوونی ئیسلام لە جیهانی عەرەبدا، ڕاگەیاند.

ئیخوانی سووریش، چالاکانە لە شەڕی فەلەستین دژی ئیسرایل بەشداریی کرد.

ئەوان لــە درێــژەی کار و چالاکییەکانیاندا، دوو گرووپی چەکداری «ســەرایا» و فوتوە»یان دامەزراند. ئەم دوو گرووپەیان بۆ جێبەجێکردنی هزری توندئاژۆیان بەکار برد. بەڵام لە ســاڵی ١٩٥٢ی زایینیدا و دوای دۆڕاندنی عەرەبەکان بە ئیســراییل، لە لایەن حکوومەتی سووریەوە هەڵوەشــێندرایەوە و سەرکوت کرا. پاش ئەمە بوو بە هێزێکی ئۆپۆزیســیۆن و دواتریش جیا بوونەوەی ئیخوانی لــێ کەوتەوە. «ژمارەیەکی زۆریــان لە ئیخوانی میســری دابڕان و بوون بە هاوڕای سیاســەتەکانی ناســر لە میســر. بەشێکیشــیان لەســەر بیروبۆچوونەکانیــان شێلگیرانە مانەوە.» (عنایت، ٢٥٤)

بەدوای هاتنەســەرکاری حیزبی «بەعس» لە ســووریە، لــە ســاڵی ١٩٦٣ی زایینیدا، ئیخــوان ســەرکوت کــران. بەڵام لــە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٦ تا ١٩٨٠ دا، بە ڕێبەرایەتیی «عەدنان سەعدەدین»، شەڕێکی توندیان دژی حکوومەتی بەعسی «حافز ئەسەد» بەڕێوە برد و کۆمەڵێک کردەوەی تیرۆریســتییان ئەنجام دا. دواتر، لــە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ دا، لە شــەڕی بەناوبانگــی «حەممــا»دا، ٣٠/٠٠٠ ، کەســیان لەلایەن حکوومەتی بەعســەوە لێ کوژرا.

ئاشکرایە، کە ئیخوانی سووری، لە کاروانی ڕەوتی ئیســلامی سیاســیی توندئاژۆدا جێی گرتــووە. ئەم ڕەوتــە لە پەراوێــزی چەمکی «جیهــاد»ەوە بۆچوونــی خۆی بــاس ئەکرد. چەمکێک، کە ڕێکخراوە بناژۆخوازەکانی دواتر، بایەخی تایبەتیان پێ دا. جیهاد، بەمانای شەڕ لــە پێناو خودا و حەقدایــە. واتا پیرۆزکردنی کوشــتن و توندوتیژی لــەلای ئیخوانەکانی سووریە، هاوچەشــنی ڕێکخراوە هاوبیرەکانی تری.

لە کۆتاییدا، ئیخوانی سووریش لەم قۆناغە لە مێــژووی وڵاتانی ئیســلامیدا، لە بەرانبەر هێزی دەوڵەتی نــوێ و ڕەوتی نەتەوەخوازیدا شکستی خوارد.

### ـ فیداییانی ئیسلام لە ئێران

دامەزرێنەری بزووتنەوەی فیداییانی ئیســلام، «نەواب سەفەوی» بوو.

فیداییانی ئیســلام لە ئێــران، ئەگەرچی ناکۆکــی هەیــە لەســەر ئــەوەی وەک تاقم بناســرێن یان وەکڕەوتێکی سیاسی، بەڵام بە گشــتی لە چوارچێوەی ئیســلامی سیاسیدا ئەژماریــان پێ دەکــرێ. «یەکەمین چالاکیی فیداییانی ئیســلام، لە هاندانی خەڵکی ئێران بۆ پشــتیوانی لە خەڵکی فەلەستین، لەکاتی شەڕی عەرەب و ئیسراییلدا دەستی پێ کرد. بەڵام مێژووی ئەو، لەگەڵ [ڕێکخراوێکی وەک] ئیخوانی میسر، لە دوو شتدا جیاوازن. یەکەم، ئەمان هیچ کات نەبوون بــە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە خۆیان بۆ ئامانجەکانیان تەرخان بکەن. ئەگەرچی هێندێک لە درووشــمە دژە ئەمپێریالیســتییەکانیان گشــتگیر دەبووەوە. دووهــەم، پاڵەوانێکی بەڕادەی حەســەن بەنا خاوەن ئاوەزی سیاسی، یان هاوچەشنی سەید قوتب خاوەن بۆچوون، یان هاوشانی «ئەبولعەلا مەودوودی» زانایان نەبوو.» (عنایت، ١٧٠)

لــە مانیفێســتی فیداییانی ئیســلامدا، کە نەواب ســەفەوی دایڕشــتبوو، باســی لە ســەرچاوەکانی گەندەڵیــی ئێــران و جیهان دەکرد. ئەو هەناسەیەی ئەم مانیفێستەی پێ داڕێژرابوو، لەگەڵ لێدوانە ئاگرینەکانی ســەید قوتب و ڕوانگــە تەکفیرییەکانی ئەودا لەیەک چەشن بوون. «نەواب»یش وەک سەید قوتب، باسی لە» گەندەڵیی فەرهەنگ» دەکرد.

فیداییانــی ئیســلام، بەهــۆی کۆمەڵێک کردەوەی تیرۆریســتییەوە ناوبانگیان دەرکرد، کە لە نێــوان ســاڵەکانی ١٩٤٥ تا ١٩٦٣ی زایینیدا بەڕێوەیان برد. لە ناو ئەو کەســانەی فیداییانی ئیسلام تیرۆریان کردن، ڕووناکبیر، کەسایەتیی دینی و کەسایەتی و کاربەدەستانی حکوومەتییــان تێدا بــوو. نــەواب حوکمی بێرێزیکــردن بە دینی (ئیرتــداد) بۆ نەیارانی دەردەکــرد، کــە چەمکێک بوو لەچەشــنی

چەمکی «تەکفیر»ی سەید قوتب.

فیداییانی ئیسلام، ئەگەرچی ڕێکخراوێکی دانپێدانەنراو و قەدەغەکراو بوون، بەڵام ساواک (ڕێکخراوی هەواڵگریی ڕێژیمی پالەویی ئێران)، لە زۆر کاتدا و لە پێنــاو لاوازکردنی نەیارانی هاوبەشــی خۆی و فیداییاندا، چاوپۆشــیی لە کردەوەکانیــان دەکــرد. لــە هێندێک جاری وەک تیــرۆری «ئەحمــەدی کەســرەویدا»، تەنانەت زانیاریشــی پێــدەدان. نەواب کە لە هەوڵی ســەرنەکەوتووی تیرۆری کەسرەویدا دەسبەســەر کرابــوو، بەردرا. پاشــتریش کە ئەندامانــی ڕێکخراوەکەی بەهۆی کوشــتنی کەســرەوییەوە گیران، بە تکای کەســایەتیە دینییەکان لە بەندیخانە دەریهێنان.

لەپاش شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران، کەسایەتییە بەناوبانگەکانی فیداییانی ئیسلام، وەک «ســادقی خەڵخاڵی»، پلە و دەســەڵاتی سیاسییان پێ درا. خەڵخاڵی پاش سەرکەوتنی مــەلاکان لە ئێــران، بوو بە حاکم شــەرعی دادگاکانی شــۆڕش. ئەو حوکمی کوشــتن و لەداردانی هەزاران کەســی بە تاوانی «شــەڕ لەگەڵ خودا» (موحارەبە) و «گەندەڵی لەســەر عەرد» (فەساد فیلئەرز) واژۆ کرد.

ڕێکخــراوی فیداییانــی ئیســلام، پێش شۆڕشــی ١٩٧٩ و هاتنــە ســەرکاری کۆماری ئیســلامی، وەک ڕەوتە ئیســلامییە هاوچەشــنەکانی، نەیتوانیبوو بە دەســەڵات بــگات. تەنیا پــاش دامەزرانــی حکوومەتی ئیســلامی لە ئێــران، توانیان بەشــدار بن لە بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی ئیســلامیدا. بۆیە ژیانی سیاسیی فیداییانی ئیسلام دوو قۆناغی ئۆپۆزیســیۆن و حکوومەتداریی ئەزموون کرد. ئەگەرچی لــە حکوومەتدا زۆرتــر وەک هزر تێکەڵی دەسەڵات بوون.

## ـ جەماعەتی ئیسلامیی پاکستان

لە پاکســتانیش، ڕەوتی ئیســلامی سیاسی، بەناوی ڕێکخــراوی «جەماعەتی ئیســلامی» دەرکەوتن. جەماعەتی ئیســلامی لە ســاڵی ١٩٤١ی زایینیــدا و لەلایــەن « ئەبولعــەلا مەودوودی «یەوە دامەزرا.

هەلومەرجــی تایبەتی وڵاتی پاکســتان، کاریگەریی لەســەر هزر و ڕێبازی ئیســلامی سیاســی لەو وڵاتە بووە. وڵاتی پاکســتان، لە بنەڕەتەوە بەهۆی شوناســی ئیسلامییەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینیدا پێکهات. بۆیە ئیسلام، بەشێکی سەرەکیی هزری سیاسیی ئەو وڵاتە لەخۆ دەگرێت.

جەماعەتی ئیســلامی، نەک ئەوەی وەک ئیخوانــەکان و فیداییانی پێــش حکوومەتی ئیســلامیی ئێران، نەکەوتنە پەراوێزی ڕەوتی سیاسیی ڕەسمییەوە، بگرە چالاکانە بەشدارییان تێداکرد. ئەم بەشدارییە سیاسییەی جەماعەتی ئیســلامی، دوو ئاکامی هەبوو. یەکەم، بەهۆی جەماعەتی ئیســلامییەوە ناوەرۆکی ئیسلامیی حکوومەتی پاکستان تۆختر بوو. بۆیە بۆ وێنە، «لە قانوونی بنگەهیی ١٩٥٦دا، پێگەی ئیسلام بــە دیاریکردنی نــاوی وڵات وەک «کۆماری ئیسلامیی پاکستان» دانی پێدانرا و [تەنانەت] ڕێوشــوێنە نائیســلامییەکان قەدەغە کران.» (عنایــت، ١٨٢). دووهــەم، بەهــۆی مامەڵەی جەماعەتــی ئیســلامی لەگەڵ سیاســەت و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ دەسەڵات، ڕوانگەکانیان نەرمتر بوون و ڕەنگی واقعیتریان لێ نیشــت. جەماعەتــی ئیســلامی لە زۆرینــەی ڕەهای هەڵبژاردنەکانــدا، کە لە ١٩٧٠ دا دەســتیان پێکرد، بەشــدارییان کرد و زۆر کەم بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد. بۆیە لە درێژەدا بەشێکیان بوون بــە سیاســەتڤانی پیشــەیی و کەمتر ئیسلامی مانەوە.

لەگــەڵ هەمــوو تایبەتمەندییــەکان، بەڵام دیســان جەماعەتی ئیســلامیش، وەک ڕەوتێکی ئیســلامی سیاســی دێنــە ئەژمار. بیروبۆچوونــی مەودوودیــی دامەزرێنــەری جەماعەتــی ئیســلامیش، خوێندنەوەیەکــی بناژۆخوازانە لە قانوون و شــەریعەتی ئیسلام

بــوو. «مەودوودی»یش باوەڕی بە جیهاد بووە. «[ئەو] لە ســەرەتادا، دژی بزووتنەوەیەک بوو کە پاکســتانی پێکهێنا. لەبــەر ئەوەی کەڵک وەرگرتن لە ئیسلامی ـ کە دینێکی جیهانییە ـ بــۆ ئامانجــی ئیدیۆلۆژیکی لەلا دروســت نەبــوو. بەڵام دواتــر کە بینــی بزووتنەوەی جیاخوازیی پاکســتان بانگەشەی سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی ئیسلام دەکات، ڕای گۆڕی.» (عنایــت، ١٨٤). مەودوودی، وەک بناژۆخوازانی تری جیهانی ئیســلام، توندوتیژی نواندن بۆ وەستانەوە دژ بە خراپەی بە پێویست دەزانی. بەڵام بە هێندێک پاساوی هزری و فەلسەفی، دواتر هێندێک لە پیرۆزیی شەڕ و توندوتیژیی کەم کــردەوە. ئەمەیش وەک باس کرا، لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتیی پاکســتاندا بوو.

ڕوانگەی مــەودوودی لەپەیوەندی لەگەڵ «شــەریعەت»دا، زۆرێــک لــە تەمومــژەکان دەرەوێنێتەوە. ئەو، شــەریعەت وەک «گەڵاڵە و بەرنامەیەکی پوخت بۆ ژیان و سیســتەمی کۆمەڵایەتیی گشتگیر دەبینێت، کە بەبێ ئەو ناتوانین لە قانوونە ئیســلامییەکان تێبگەین و بە کردەییش ناکرێن.»

بەگشتی، لە قۆناغی پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەتــدا، ئەم چــوار ڕەوتەی ئیســلامی سیاسی، گرینگترین وێنە مێژووییەکان بوون. ئەمان پێگەی کۆمەڵایەتی و هێزی سیاسییان هەبوو. خاوەن خوێندنــەوەی تایبەتی خۆیان بــوون. بــەڵام هەموویشــیان لانیکــەم لەم قۆناغەدا، کــەم یان زۆر، کەوتنــە پەراوێزی ڕەوتــی گشــتیی سیاســەتی نێودەوڵەتی و چەمکــی حاکمییەتی نەتەوەییەوە. لە قۆناغی پاش هەڵوەشانەوەی خەلافەتەوە تا سەردەمی هاوچەرخی ئیســلامی سیاسی کە لە درێژەدا باس دەکرێت، ئیســلامی سیاسی، بە گشتی و بەهــۆی خەباتێکی دووروودرێژ و بە تێچووی زۆرەوە، وەنەوزێکی کورتی دا.

لە ماوەی پشــوودانی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاســیدا، حکوومەتەکانــی وڵاتانــی ناوچە، دەرفەتــی ئەوەیان بۆڕەخســا کە گەشــە بە کۆمەڵگا و وڵاتەکەیان بدەن. ئەوان کۆمەڵێک کێشــە و قەیرانــی چارەســەرنەبوویان لەلا کەڵەکــە بووبوو. بەڵام هیــچ کات نەیانتوانی ئەزموونێکی باشی دەســەڵاتداری پێشکەش بکەن. بۆیە ئیسلامی سیاسی، دوای ماوەیەک توانی دیســان وەک هێزێکی سیاســی خۆی ڕێکبخاتــەوە. ئــەم جارەیــش وەک هەموو هەڵسانەوەکانی تری، بە گوڕوتینێکی زیاتر لە پێشووەوە، جێگرەوەی حاکمییەتی دنیایی بە جیهانی ئیســلام و جیهانی دەرەوەی ئیسلام ناساند.

## سەردەمی هاوچەرخی ئیسلامی سیاسی

ســەردەمی هاوچەرخی ئیســلامی سیاسی، بەگوێرەی مەبەستی ئەم وتارە، بە دوو ڕووداوی گرینگی سیاســیی کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ی زایینــی، دەســت پێدەکات. یەکەم، شــەڕی موجاهیدینی ئەفغانســتان لەگەڵ یەکیەتیی ســۆڤیەتی پێشوو. دووهەم، شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، کە بوو بە هۆی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیســلامیی ئێران. ئەم دوو ڕووداوە، ئیسلامی سیاســیی جووڵاند. بــە جۆرێــک کە کۆی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕدران.

لە لایەکەوە شــەڕی موجاهدینی ئەفغانی بوو بە دەرفەتێکی زێڕیــن، بۆ پەیوەندیگرتن و یەکترناسینی ئیســلامخوازەکان لە وڵاتانی جۆراوجــۆری ئیســلامییەوە، بــۆ جیهــادی سەراسەریی دژی کفر و جاهلییەت. لەلایەکی تریشەوە، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخووندەکانــەوە لــە ئێراندا و گوتــارە توندە شۆڕشــگێڕانەکانیان و هەروەها بانگەشەیان بۆ ڕێبەرایەتی کردنی جیهانی ئیسلام و هەناردە کردنی شــۆڕش، هەموو ئیســلامخوازەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد.

حکوومەتی ئیســلامیی ئێران، سەرەڕای ئەوەی بانگەشــەی بۆ یەکگرتنی موسوڵمانانی

هەمـــوو جیهـــان دەکـــرد، بەڵام لەڕاســـتیدا حکوومەتێکی ئیســـلامیی شـــیعە بـــوو، کە زۆرێـــک لە ڕەوتە ســـوننییەکان لە بنەڕەتەوە بە موسوڵمانیان ئەژمار نەدەکردن. لە لایەکی تـــرەوە، زۆر زوو دەرکـــەوت کـــە ئیدیۆلۆژیی کۆماری ئیســـلامیی ئێران، بۆخـــۆی لەگەڵ یەکگرتنێکـــی لـــەو جـــۆرەدا ناگونجـــێ. ئەو یەکگرتنێکی دەویســـت کە پێگە و دەسەڵاتی ئەو بباتە سەرەوە.

لەژێـــر کاریگەریـــی گوتـــار و دواتـــر سیاســـەتەکانی کۆمـــاری ئیســـلامیدا، هەلومەرجێکی نوێ لەهاوکێشە سیاسییەکانی ناوچـــەدا هاتە ئـــاراوە. لە لایەکـــەوە، وڵاتانی ئیســـلامیی ناوچە کەوتنە خۆ و لەســـەرووی هەموویانەوە عەرەبستانی سعوودی، ناوەرۆکی ئیسلامیی خۆی زەقتر کردەوە. چونکە لەپاش ساڵانێک ڕێبەریکردنی جیهانی ئیسلام، ئێستا نەیار و هاوبەشی بۆ درووست بووبوو. هەروەها غیرەتی موسوڵمانەتیشـــیانی زیندوو کردەوە، کە بە هۆی دەســـتپێکردن بە هەناردەکردنی نەوت و ســـامانی زەبەلاحی هاتوو لە نەوتەوە، ئەگەری بوو کاڵ ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ڕەوتە ئیســـلامییە جیهادییەکانیش، بیانوویان دەســـت کەوت کە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان بە گەندەڵ و لادەر لە ئیسلام بناسێنن و پۆل پۆل خەڵـــک ببەنە ڕیزەکانیانـــەوە، بۆ جیهاد لەڕێـــی خودا و دامەزراندنەوەی ئیســـلامێکی بێگەرد و خاوێن.

بەهۆی ئـــەو دوو ڕووداوەی ئاماژەیان پێ کـــرا، لە ســـەردەمی هاوچەرخدا، ئیســـلامی سیاســـی لە دوو جۆردا بیچمی گـــرت. واتا، ئیســـلامی سیاســـیی حکوومەتی و ئیسلامی سیاسیی شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزیسیۆن.

گرینگترین ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی حکوومەتـــی (کە خاکی لەبەردەســـتدا هەیە) ئەمانـــەن: ئێران، عەرەبســـتان، پاکســـتان و لەم دواییانەیشـــدا تورکیە. گرینگترین ڕەوتە ئیســـلامییە شۆڕشـــگێڕەکانیش بریتیـــن لە: «تاڵەبان»، «ئەلقاعیدە» و «داعش» لە ئیسلامی سیاسیی ســـوننە و «حیزبوڵا» و «ئەنسارولڵا» و «حەشدی شـــەعبی» لە ئیسلامی سیاسیی شیعەدا.

## ـ ئێران و ئیسلامی سیاسیی شیعە

حکوومەتـــی ئیســـلامیی ئێـــران، بەرهەمی خوێندنەوەیەکـــی زۆر تایبـــەت و بێ هاوتا لە ئیســـلامی سیاســـییە. واتا کۆماری ئیسلامیی ئێـــران لەناو کەمینەی شـــیعە لـــە جیهانی ئیســـلامدا، لە بەشی شـــیعەی ١٢ ئیمامی و لەســـەر بنەمای تیۆریـــی ویلایەتی فەقیهیی خومەینی، دامەزراوە. ئەم پێگە دوورکەفتەیە، لە هزر و ئیدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیدارەنگی داوەتەوە.

هزری سیاســـیی کۆماری ئیسلامی، ڕێک لەو گریمانە ســـۆزدارانەیەی شـــیعەوە دەست پێدەکات، کە پێی وایـــە، «مەرج نییە زۆرینە لەســـەر حەق بن ». ئـــەم بۆچوونـــە، لەلای شـــیعە، بە بەســـەرهات و چیرۆکی خەلیفەی چوارەم و حســـێنی کوڕی پەلوپۆی پێ دراوە، کـــە بەرهەمی مشـــتومڕی مێژووییـــی نێوان سوننە و شیعەیە، لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی جێگرتنەوەی پێغەمبەری ئیســـلامدا. لەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییانە، شـــیعە چەمکگەلی وەک «ئیمامەت»، «ویلایەت» و «عیسمەت»ی دارشتووە.

لە تیۆریی ویلایەتـــی فەقیهی خومەینیدا کە سەرچاوەی ســـەرەکیی قانوونی بنگەهیی حکوومەتـــی ئیســـلامیی ئێرانـــە، وەلیـــی فەقیهـــ وەک تاکە گەرەنتیـــی بۆڕێگرتن لە داهێنان(بیدعـــە) لە ئیســـلامدا ناســـێندراوە. مەبەستی خومەینی لە تیۆرییەکەی، ویلایەتی ڕەهـــای فەقیهە، بەپێچەوانـــەی تیۆرییەکانی دیکەی ویلایەتی فەقیهـ کە باس لە ویلایەتی سنووردار و دیاریکراوی فەقیهـ دەکەن.

لە سیاســـەتەکانی کۆماری ئیســـلامیدا، بنەمـــای «تەقیـــە» وەک بنەمایەکـــی باوەڕی

شـــیعە، پەرەی پــێ دراوە. تەقیە، چەمکێکی هـــەرە سیاســـی و پراگماتیســـتیی مەزهەبی شیعەیە، کە بەرهەمی پێگەی پەراوێزکەوتووی ئەوان لە جیهانی ئیسلامدا بە درێژەی مێژووە. بنەمـــای تەقیە لە لای شـــیعە، رێگە دەدات بــە خەڵکەکەی کە بۆ خۆپاراســـتن، تەنانەت حاشــا لە باوەڕە دینییەکانــی خۆیان بکات. ئــەوان بۆ ئەم ڕاڤەیەیــان، بەڵگە لە ٣ ئایەی قورئــان (ئالــی عیمــران ٢٨، نەحــل ١٠٦، ئەلموئمینــوون ٢٨) و هەروەهــا لــە وتەی ئیمامەکانیان، دێننەوە.

کارنامـــەی کۆماری ئیســـلامیی ئێران و حکوومەتــە ئیســـلامییەکەی، لەپەیوەنــدی لەگــەل پرســـی توندوتیـــژی و تیـــرۆردا، گەیشتووەتە لووتکە. ئەو لە یەکەم ڕۆژەکانەوە بە تاوانی «شــەڕ لەگەل خــودا» و «گەندەڵی لەسەر عەرددا»، بێ بەزەییانە خەڵکی کوشت و نەیارانی خۆی سڕییەوە. «شەڕ لەگەڵ خودا» و «گەندەڵــی لەســەر عەرددا» لــە قورئانەوە وەرگیراون (ئایەکانی ٣٣ و ٣٤ ی ســـوورەی مائیــدە) و لــە ڕێیانەوە کۆماری ئیســـلامی پیرۆزیی بە کوشتوبڕ و تاوان بەخشی.

بۆیە، کۆماری ئیســـلامی ڕوو لە ناوخۆی کومەڵگا، چەنــدە بۆی لوابێت، بەناوی دینەوە دەســـتی لە هیچ تاوانێک نەپاراســـتووە. لەم پەیوەندییــەدا، بە شـــێوەیەکی بەردەوامیش کەڵکــی ئاوەژووی لە چەمکــی «حاکمییەتی سیاسی» وەرگرتووە. ئەم چەمکە کاتێک لەگەل چەمکی «تەقیە»دا تێکــەڵ دەبێت، ڕووکاری ناوەوەی مەکینەیەکی تیرۆر پیشان دەدات کە بە ناوی پیرۆزیی دینەوە هەڵدەسووڕێت.

ڕوو لە دەرەوەیش، کۆماری ئیســـلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی بەدەســـەڵات گەیشـــتنیەوە، بانگەشـــەی هەناردەکردنی شۆڕشی کردووە. ئەگەرچی لە ســـەرەتاوە بە ئاگربەستی شەڕی ٨ ســـاڵە، دەرکـــەوت کــە تێگەیشـــتووە کە دەستڕاگەیشـــتن بەو ئامانجە، زۆریش ئاسان نییە، بەڵام پاشـــتر لەساڵی ٢٠٠٣ ی زایینی بەدواوە، بەهۆی نەمانی دەســـەڵاتی ســـەدام حسێن و شپرزبوونی دوخی ناوخۆی عێراقەوە، کۆمـــاری ئیســـلامی جارێکـــی تـــر خەونی هەناردەکردنی شۆڕشـــی لەلا زیندوو بووەوە و لە ناوچەکەدا هەوڵی دروووســـتکردنی هیلالی شـــیعەی دا، کە مەبەســـت لەوە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی شیعەیە.

کۆماری ئیســـلامیی ئێران، بۆ تێپەڕاندنی بەربەست و ئاستەنگە حقووقییەکان و هەروەها بۆ پیشـــاندانی ڕواڵەتێکـــی یەکگرتنخوازانەی شیعە، کەڵکی لە ڕێکخراو و ڕەوتە ئیسلامییە شـــیعەکانی وڵاتانـــی دراوســـێ وەرگـــرت. ڕێکخراوەگەلــی وەک حیزبوڵــڵای لوبنــان، حەشدی شـــەعبیی عێراق، ئەنسارولئیسلامی حووســـییەکانی یەمــەن، ئەگەرچـــی بەنـــاو هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامین، بەڵام زۆرجار وەک جێبەجێکاری سیاســـەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەردەکەون.

خاڵێکـــی گرینگـــی تر، کــە هێندێکیش پێکدژ دەنوێنێت، پشتیوانیی تاکتیکی و کاتیی کۆماری ئیســـلامی لەڕێکخراوە تیرۆریستی و جیهادییە سوننەکانی وەک تاڵیبان، ئەلقاعیدە و لقەکانیەتـــی (وەک ئەنسارولئیســـلام لـــە کوردســـتان و...). ئەم پێکدژییە، لە سۆنگەی ئاڵوگۆڕە سیاسییە ناوخۆیی و جیهانییەکانەوە ئەکرێت لێکبدرێتەوە.

## ـ ئیسلامی سیاسیی سوننەی هاوچەرخ

لــە ســـەردەمی هاوچەرخدا، بــە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسیی شـــیعە، کە لەژێر چەتری کۆمـــاری ئیســـلامیدا کۆ بوونەتـــەوە، لەلای ئیسلامی سیاسیی ســـوننە، مەیلێکی زۆرتری سەربەخۆبوون و یەکترقەبووڵ نەکردن هەیە. بۆیە چ عەرەبســـتانی ســـعوودی وەک ڕەوتی حکوومەتی، چ ڕێکخراوەکانی وەک ئەلقاعیدە و تاڵەبان و داعش و. . هتد، هەریەکە مێژووی خۆیـــان بە جیا هەیە، ئەگەر ســـەردەمێکیش هاوکارییان بووبێت.

## عەرەبستانی سعوودی

گرینگتریـــن نوێنەری ئیســـلامی ســـوننە لە حکوومەتـــدا، وڵاتی عەرەبســـتانی بنەماڵەی ســـعووده. بنەماڵەی ســـعوود، لـــە ٣ قۆناغی مێژووی عەرەبستاندا، لەسەدەی ١٨ی زایینی بەدواوە، دەسەڵاتی ئیسلامیی دامەزراند.

لـــە حکوومەتـــی یەکەمـــی بنەماڵـــەی سعووددا، کە لە هەرێمی «نەجد»ی عەرەبستان دامەزرا، ئـــەو بنەماڵەیە بە هاوپەیمانی لەگەڵ «موحەممـــەد کـــوڕی عەبدولوەهـــاب «ی کەســـایەتیی دینی، بزووتنەوەی «وەهابی « و دەسەڵاتێکی تیۆکراسییان دامەزراند.

وەهابییـــەت، خوێندنەوەیەکی تایبەتە لە ناو ئیسلامی ســـوننەدا. ئەو بە تێکهەڵکێشانی ڕێچکـــەی حەنبەلـــی و خەباتێکـــی خۆخاوێنکەرەوانە لەپێناو بنبڕکردنی داهێنان (بدعـــە) لـــە ئیســـلامدا، ڕەوتێکـــی نوێی لە ئیســـلامی سیاســـیی ســـوننەدا ئاراستە کرد. وەهابییەت، بەهۆی ئەوەی کە هەر لە ١٧٤٤ی زایینیەوە، تێکەڵی دەســـەڵات بووە و هەروەها لە وڵاتێکـــدا بوو کە ماڵی خـــودای لێ بووە، لەگەڵ ئەوەی کەمینەی سوننەی پێکدەهێنا، بەڵام بایەخێکی تایبەتیی وەرگرت.

ســـێهەمین قۆناغی حکوومەتی بنەماڵەی سعوود کە دوایین قۆناغیشی بوو و هەتا ئێستا درێژەی هەیە، لەسەرەتاکانی سەدەی ٢٠ ەوە دەســـتی پێکرد. لەم قۆناغـــەدا، بە یەکگرتنی پاشایەتییەکانی «حیجاز» و «نەجد»، پاشایەتیی عەرەبســـتانی ســـعوودی پێکهات. پاشایەتیی عەرەبســـتانی ســـعوودی بـــە هەڵبژاردنـــی وەهابییەت، هاوکات لەگەڵ دژایەتیی توندی شیعە، خۆی لە جیهانی سوننەیش جیاکردەوە. هزری توندئاژۆی وەهابییەت کە بە «تەوحیدی» و «ســـەلەفی» یـــش دەناســـرێتەوە، لەگـــەڵ خاوەندارێتیی ماڵی خودا، ئەو بوێرییەی دا بە عەرەبستانی ســـعوودی، بۆ ئەوەی بانگەشەی ڕێبەریی جیهانی ئیسلام بکات.

داهاتـــی وڵاتـــی عەرەبســـتان جیـــا لەو بەشـــە بچووکەی کە لە کشتوکاڵەوە دەهات، ئـــەوی دیکە بەهۆی پیرۆزییـــە دینییەکان و بەتایبەتیتریش بەهۆی سەردانی حاجییەکان بـــۆ ماڵی خوداوە بـــوو. بۆیە ئاســـایی بوو کە دەسەڵاتی سیاســـی، ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت بەخۆی دابتاشـــێ و ســـەرچاوەکانی ڕەواییی دەسەڵات پاوان بکات.

لە دەیەی ٨٠ ی زایینییەوە، کە عەرەبستان نەوتی هەناردە کرد، وردەوردە بوو بەیەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان. هەلومەرجەکە گۆڕدرا. پەیوەندیی عەرەبســـتان لەگەڵ دنیای دەرەوە درووست بوو. و کەوتە ژێر کاریگەریی هزر و هەروەها شێوازی ژیانی ڕۆژئاوا. ئەمە بۆ دەسەڵاتی عەرەبستانی سعوودی دوو پاشهاتی گرینگـــی هەبوو. یەکەم، ڕەوتێکی ئیســـلامی سیاسی لە عەرەبستان ســـەری هەڵدا، کە بە هەڵســـوکەوتی عەرەبســـتان دڵخۆش نەبوو و ڕەخنەی جددیـــی لە شـــێوەی بەڕێوەبردنی وڵات دەگـــرت. ئەمانە لە کۆتاییدا حکوومەتی بنەماڵەی ســـعوودیان تەکفیـــر کرد. دووهەم، مەترســـیی ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکـــی ســـێکۆلار، لەهەناوی کۆمەڵگای عەرەبستاندا، بەهۆی نوێ بوونەوە (مۆدێرنبوون) و گەشەی ئابووری وڵاتەوە، زیاتر دەبوو.

سیاســـەتی حکوومەتـــی عەرەبســـتان لە هەلومەرجی نوێی جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆی وڵاتدا، بریتی بوو لە پاراســـتنی دەســـەڵات و هاوکات هەوڵدان بـــۆ نۆژەنکردنەوەی گوتاری سەلەفی و تەوحیدی. بۆیە لەناوخۆ، سەرکوت و داپڵۆســـینی درێژە پێدا و لەدەرەوەیش یار و نەیـــاری تاکتیکـــی بۆخـــۆی دەدۆزییەوە و سیاسەتێکی پراگماتیستیی گرتەبەر.

## میسر

لەمیسری ســـەردەمی هاوچەرخدا، ئیسلامی سیاســـی سەرکوت کرا و پەراوێز خرا. تەنیا لە پاش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ڕووخانی حکوومەتەکەی حوســـنی موبارەکەوە بوو، کە

دەرفەتی بەشـــداریی سیاســـی لە حکوومەتدا بەڕەوتێکی ئیســـلامی سیاسیی وەک ئیخوان درا.

لە حکوومەتی نوێی میسردا، ئیخوان (وەک ڕەوتی ئیســـلامی سیاسی)ئەگەرچی زۆرینەی دەنگیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای شۆڕشدا بەدەســـت هێنا، بەڵام تا ئێســـتایش شـــەڕی ڕەوتی ئیسلامی و ڕەوتەکانی تر نەگەیشتووەتە کۆتایی.

## تورکیە

لە ئێستادا، گرینگترین ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیەدا، حیزبی «ئاکەپە » بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغانە، کە خەریکە لە دەسەڵاتەوە، کوودەتا بەســـەر دامەزراوە دێموکراتیکەکان و قانوونی بنگەهیـــی وڵاتدا دەکات. ئـــەوەی کە چەندە دەتوانێت خەونـــی دامەزراندنەوەی خەلافەت بهێنێتە دی، ڕوون نییە. بەڵام بە کوشـــتوبڕی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و گرتن و سڕینەوەی نەیارەکانی تری، سەلماندوویتی کە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت توندوتیژ بێت.

## ـ ڕێکخراوە شۆڕشـــگێڕەکانی ئیسلامی سیاسیی سوننە

لـــە ســـەردەمی هاوچەرخـــدا، ڕێکخـــراوە توندئاژۆکانی سەر بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی ســـوننە، بە شـــێوەیەکی زۆر ســـەرنجڕاکێش سەریانهەڵدا. ئەوان لە پەراوێزی شەڕی سارد و جیهانـــی دووجەمســـەرییەوە، دەرفەتی خۆ دەرخستنیان بۆ هاتە پێش.

## موجاهدینی ئەفغانستان

کوودەتای حیزبی کۆمۆنیســـتی ئەفغانســـتان لـــە ســـاڵی ١٩٧٨ی زایینیـــدا و گۆڕانکارییە ڕیشـــەیییەکانی دەســـەڵاتی کۆمۆنیستی، لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و نەریتیی ئەفغانستاندا، بوو بە هۆی ســـەرهەڵدانی شـــەڕی ناوخۆ. لە ساڵی ١٩٧٩دا، یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، بۆ پاڵپشتیی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە ئەفغانستان هێرشـــی کردە سەر ئەو وڵاتە و لەوێ جێگیر بوو. خێڵە جیاجیاکانی ئەفغانســـتان، سوپای ئازادیـــی نەتەوەییی ئەفغانســـتانیان پێکهێنا، کە شـــەڕی ســـۆڤیەت بکەن. موجاهدین لە کۆمەڵێک تاقم و گرووپی جیاجیا پێکدەهاتن کەڕەنگدانـــەوەی کۆمەڵـــگای فرەچەشـــنی ئەفغانستان بوون. بەناوبانگترین سەرۆک خێڵ و فەرماندەکانـــی موجاهدین کەســـانی وەک ئەحمەد شـــا مەسعوود، جەلالەدین حەقانی و حیکمەتیار بوون.

داگیرکردنـــی ئەفغانســـتان لەلایـــەن ســـۆڤیەتەوە، دژ بـــە بەرژەوەندییەکانـــی کۆمەڵێک هێزی ناوچەیـــی و جیهانیش بوو. بۆیە هەریەکە لە وڵاتانی ئامریکا، پاکســـتان و عەرەبستانی سعوودی، یارمەتیی موجاهیدینی ئەفغانستانیان دا.

لە ســـاڵی ١٩٨٨ی زایینی، کە سۆڤیەت لەلایـــەن موجاهدینـــی ئەفغانســـتانەوە لـــە ئەفغانستان دەرکرا، ئەفغانستان دابەش بووبوو.

## تاڵیبان

پاش سەرکەوتن لە شەڕی سۆڤیەت، کۆمەڵگای ئەفغانســـتان شـــەکەت بووبوو. خەڵکیش لە هەڵســـوکەوتی موجاهدین و ناکۆکییەکانیان بێزار بووبوون. پاکســـتانیش، بۆ بەرژەوەندییە سیاســـی و ئابوورییەکانـــی پێویســـتی بـــە دەوڵەتێکی هاوپەیمان هەبوو لە ئەفغانســـتان. لەم بەستێنەدا، ڕێکخراوی ئیسلامیی « تاڵیبان» دامـــەزرا. تالیبـــان لـــەو خوێندکارانە(تەلەبە) پێکدەهات، کە لەلایەن پاکستانەوە پشتگیری دەکران و لە سنووری پاکستان و ئەفغانستاندا، لە خوێندنگە(مەدرەسە) دینییەکاندا، خرابوونە بەر خوێندنی ئیســـلامی. بـــە جۆرێک کە «تا دێسامبری ١٩٩٤، ١٢٠٠٠ تەلەبەی ئەفغانی و پاکســـتانی لـــە قەندەهـــار پەیوەندییان بە تاڵیبانەوە کرد.» (رشید، ٧٣)

«تاڵیبـــان بە خێرایـــی توندئاژۆیانەترین

ڕاڤەکان لە قانوونی شەریعەتی بەڕێوە برد کە پێشـتر وێنەی نەبوو و... لە سـاڵی ١٩٩٥دا، ١٢ پارێزگا لە ٣١ پارێزگاکەی ئەفغانستانیان گرتە دەسـت.» (ڕشـید، ٧٤). دواتر لە سـاڵی ١٩٩٦ەوە، تا سـاڵی ٢٠٠١، بەسـەر زۆربەی خاکی ئەفغانستاندا حکوومەتیان کرد. تاڵیبان لەم ماوەیـەدا، تیـرۆر و توندوتیژییان وەک ئاکارێکی ئاسـاییی حکوومەتی ئیسـلامی و شەریعەتی ئیسـلامی ناسـاند. ئەوان سزای سەردەمە کۆنەکانیان زیندوو کردەوە.

لـە سـاڵی ٢٠٠١ەوە، بەهۆی هێرشـی ئامریکاوە لە دەسـەڵات لابران. لەو کاتەوە تا ئێستا وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، خەریکی خەڵک کوشتن و تیرۆرن.

## ئەلقاعیدە

ڕێکخـراوی ئەلقاعیـدە، وەک ڕەوتێکـی بناژۆخوازی ئیسـلامی سیاسـیی سـوننە، بەرهەمی شەڕی ئەفغانستان و سۆڤیەت بوو. لەو سـەردەمەدا، کە عەرەبسـتان یارمەتیی موجاهدینـی ئەفغانی دەدا، بـۆ یەکەم جار عـەرەب و ئەفغانـەکان یەکتریـان بینی و ئەکتریان ناسی. پاش کۆتاییی شەڕ، «ئوسامە بین لادەن» ئەلقاعیـدەی لەگەڵ بنکەیەکی سەربازیدا بۆیارمەتیی ئەو عەرەب ـ ئەفغانانە دامەزراند کە پاشـماوەی شەڕی موجاهیدین بوون.

بین لادەن کوڕە دەوڵەمەندێکی سعوودی بوو. لە ماوەی شەڕدا عەرەبستان بە ڕاسپاردن ناردبووی بۆ ئەفغانسـتان. سەرکەوتن بەسەر سـۆڤیەتدا، بین لادەنی هێنابووە سـەر ئەو باوەڕە کە، ئەگەر دەکرێت بەسـەر زلهێزێکدا زاڵ ببیـت، ئەمە بـۆ زلهێزەکانی تریش هەر دەبێت. بۆیەلە سـاڵی ١٩٩٠ دا کە گەڕایەوە عەرەبسـتان، زۆر زوو کەوتـە بیانووگرتن و ڕەخنەی توند لە بنەماڵەی پاشایەتی. بە هۆی کێشەکانی لەگەڵ بنەماڵەی سعووددا، لە ساڵی ١٩٩٤دا، مافی هاووڵاتیبوونی لێ سەندرایەوە.

لەو سـاڵەدا گەڕایەوە بۆ ئەفغانستان. لە ساڵی ١٩٩٦دا، بین لادەن، یەکەمین ڕاگەیەندراوی جەهادی دژ بە ئامریـکا بڵاو کردەوە، کە بە وتەی ئەو عەرەبستانی داگیر کردبوو.

ئەلقاعیـدە، لە درێـژەی چالاکییەکانیدا، زۆربـەی وڵاتانی ئیسـلامیی تەنییـەوە. لە ئێستادا، نزیک بە ٤٠ لقی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسـلامی هەیە، کە هەموویان بە کردەوەی توندوتیژ و تیرۆریستی دەناسرێنەوە. لقەکانی ئەلقاعیدە لە کوردستانیش لە تاوانەوە گلاون.

## داعش

داعـش ڕێکخراوێکـی توندئـاژۆی دیکەی ئیسـلامی سیاسییە، کە لە سـاڵی ١٩٩٩دا، لەلایـەن «ئەبـوو مەسـعەب زەرقاوی»یەوە دامـەزرا. سـەرەتا لەژێر نـاوی «جەماعەتی تەوحیـد و جیهاد» دا چالاکیـی دەکرد. لە سـاڵی ٢٠٠٤ تێکەڵی ئەلقاعیدە بوو. سـاڵی ٢٠٠٦، دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق ڕاگەیاند. لە پاشـان لە سـووریە و عێراق، بە دڕندەیی هەوڵـی داگیرکردنـی ڕووبەرێکـی زۆرتری خاکی دا.

داعـش لـە دڕندەیـی و خوێنمژیـدا ئەزموونێکـی تایبەتـی پێشـانی جیهان دا. حەزی مەرگدۆسـتیی داعـش، خۆی بابەتی لیکۆڵینەوەیەکی زۆرە.

دوای هێرشـی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی بۆسەر داعش، ئەو خاکەی لە عێراق و سووریە داگیری کردبوو، لێی وەرگیرایەوە. بۆیە ئێستا بە نهێنی خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە.

## لە کۆتاییدا

ئیسـلام چ بەپێـی دەق، چ بەپێـی ڕاڤەی ڕێبازە ئیسـلامییەکان، دینێکی سیاسی بووە. لە هەموو مێـژووی ئیسـلامدا، بە دەگمەن ڕەوتی وەک سـۆفیگەری بووە، کە توانیبێتی لە بەرانبەر مەیلی دەسـەڵاتدا ڕابوەسـتێ و دەسـەڵاتی دنیاییی نەوێت. بۆیە، بەگشـتی

دەتوانین چەمکی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، لانیکەم لەم وتارەدا، بەیەک مەبەست و مانا بەکار ببەین.

ئیسلامی سیاسی، لەدوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت لە عوسمانیدا، هەموو کات لە پەیوەندییەکی تۆکمەدا بووە لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەخوازیدا. بۆیە لەم سەردەمەدا، ئیسلامی سیاسی چەمکێکی فرەڕەهەندتر و ئاڵۆزتر بووە.

لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی تیرۆریزمدا، پێویستە بەرچاوڕوونییەکی زۆرترمان ببێت.

تیرۆریزم، چەمکێکی سیاسیی نوێیە، کە لە پاشکۆی بزووتنەوە مرۆڤتەوەرەکان و لەپاش شۆڕشە گەورەکانی ڕۆژئاواوە گەڵاڵە کرا. ئەوەندە کە چەمکێکی سیاسییە، ئەوەندەیش توێژینەوەیی نییە. ئەم چەمکە لە پەراوێزی ڕەهەندە سۆزداری و ئیدیۆلۆژیکییەکەیەوە، دواتر «بەزۆری کەوتە ژێر کاریگەریی ململانێ سیاسییە گەورەکانی وەک شەڕی سارد، ململانێ نەتەوەییەکان و لەم دواییانەیشدا، جەمسەربەندییە دینی و سیاسییەکان.» (داریتی ٨، ٣٢٨). بەڵام بە گشتی، پاش گشتگیربوونی بەها مرۆڤییەکانی وەک مافی مرۆڤ و دیموکراسی، چەمکی تیرۆریزمیش بوو بە جێگای سەرنجی کۆڕ و ناوەندی زانستی، سیاسی و... هتد.

شرۆڤەی ئیسلامی سیاسی لە سۆنگەی تیرۆریزمەوە، بۆئەوەی کە تایبەتمەندییە مێژووییەکەی ون نەکات، پێویستە لە پەراوێزی یەکجۆرکردنی ویژمانەکانەوە بچێتە پێش. بەتایبەتیتر، هەڵسەنگاندنی مێژووی کۆنی ئیسلام، بە پێوەری ویژمانی پەیوەندیدار بەم سەردەمە، ئەگەرچی بۆ مەبەستی تایبەتی وەک مژاری ئەم وتارە بە کەڵک دێت، بەڵام لە کۆمەڵێک ڕاستیی مێژووییش بێبەشمان دەکات.

لەم وتارەدا بابەتی یەکجۆرکردنی ویژمان، بەتەواوەتی لەبەرچاو نەگیراوە. ئەمە دوو هۆی هەیە. یەکەم مەودای کاتیی وتارەکە، وەک لە سەردێڕەکەیشیەوە دیارە، مەودایەکی زۆری ١۴ سەدەییە. بۆیە وتارێکی کورتی ئاوا ناتوانێت بەشێوازی زانستی وەها ئامانجێک بپێکێت. دووهەم، مژاری وتارەکە، تارادەیەکی زۆر لە ناوەرۆکی خۆیدا هەڵگری ئەو پێکدژبوونەیە.

سەرەڕای هەموو تێبینییەکان، بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەی لەم وتارەدا بۆ پەیوەندیی ئیسلامی سیاسی (نەک سوننەتی) و تیرۆریزم کرا، دەکرێت پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە بەگوێرەی وێنە مێژووییەکان، پەیوەندییەکی مانادار لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە. ئەگەر تیرۆریزم، بەمانای تۆقاندن و بەکارهێنانی توندوتیژی بە ئامانجی سیاسی و بەبێ جیاکردنەوەی خەڵکی ئاسایی و نەیاری سیاسی بێت، مێژووی ئیسلامی سیاسی لێوانلێوە لەم وێنانە. بە تایبەتیتر، کە چەمکگەلی نوێ وەک ئازادیی سیاسی، پێکەوە هەڵکردن، یەکسانیی مرۆڤەکان و. . هتد لە بنەڕەتەوە بە هزر و فەلسەفەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە بناژۆخوازەکانی نامۆن.

ئەگەرچی ئیسلامی سیاسی هێشتا بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان مانابەخشە، بەڵام تا ئێستایش نەیتوانیوە لەگەل جیهانی سەردەمدا بحاوێتەوە.

## سەرچاوەکان


- رشـید، احمد. گالبان، زنـان، تجارت مافیا و پـروژه عظیم نفت در آسـیای مرکزی(چاپ اول). ترجمه:نجلـه خندق(١٣٨٢). تهران: نشربقعه.
- عنایت، حمید. اندیشـه سیاسی در اسـلام معاصر (چاپ ششم). ترجمه: بهاءالدین خرمشاهی(١٣٩٢). تهران: انتشارات خوارزمی.
-. قورئانی پیرۆز. وەرگێڕان: هەژار. نشر احسان
- ئەسەسـەرد، فەرید. سەید قوتب و تیۆریی تەکفیرکردنی کۆمەڵ و دەوڵەت(٢٠٠٢). بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری.

-Darity، William A. international Encyclopedia of the Social Sciences(second edition). 2008. volume 4. printed in the united states of America

-Darity، William A. international Encyclopedia of the Social Sciences(second edition). 2008. volume 8. printed in the united states of America

# سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**شاهۆ مەتین**

ئەو ڕەوتە سەلەفییانەی کە دواتر ناسناوی جیهادییان وەرگرت، لە ژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی سەید قوتبدا، بە لەبەردەستدا بوونی فتوای بە کافر زانیینی موسوڵمانان و شارۆمەندانی ئاسایی، بوونە گەورەترین هێزی تێرۆریستیی جیهان و لە دوورترین شوێنی دونیا هێرش و شەڕی زۆریان ڕێکخست، کە تاکوو ئەو سەردەمە لە هیچ گرووپێکی تیرۆریستیی تر نەبینرابوو



ماکس وێبێر، یەکێک لە کۆمەڵناسانی بواری دین، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کاریگەریی دین لــە ئالوگۆڕی بایەخەکان و ڕوانیینی تاکەکان و هاوکات لە درێژەیدا، لە ســەر هاوکێشەی کۆمەڵایەتــی و ئابوریــی کۆمەڵگا هەیە. لەم لێکۆڵینەوەیــەدا، وێبێر بــە کەڵک وەرگرتن لــە گوتــاری کلیســا و ڕەوتەکانــی، جۆری بنیاتناسیی لە ڕێکخراوێکی دینیی پێشکەش کردووە، تاکوو شێواز و پرۆسێسی جۆراوجۆری دروست بوونی ڕێکخراوێکی دینی بناسێنییت.

هەروەها دۆرکهایــم بڕوای وایە کە ڕۆڵی ئەسڵیی دین، وەدیهێنانی پەیوەندیی توندوتۆڵ لــە ڕێــگای دابونەریــت و ڕێورەســـمەکانی نێــوان تاکەکانی کۆمەڵــگا و بەرهەمهێنانی یەکگرتوویــی ئەخلاقییــە بــۆ کۆمەڵگا. لە ڕاستیدا دینەکان بە هێما و ئەساسی کۆمەڵگا دێنە ئەژمار و سنووره مۆراڵییەکان دادەڕێژن.

دۆرکهایم بڕوای وایە کە جیاوازیی بیروباوەڕ و ڕێورەســمەکان لــە نێوان کارێکــی پیرۆز و ناپیرۆزدا، دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی گرینگی لە هاوســەنگ کردن و وەبەریەک کەوتنی لە نێوان ساختار و دژە ساختار، نەزم و شپرزەیی لە نێــو کۆمەڵــگا و تاک دروســت دەکات و لــە کۆتاییدا دینــەکان هەم لە ســەر دۆخی سیاســی و کۆمەڵایەتی کاریگەری وەردەگرن و هەمیــش کاریگەری دادەنێن و ســەرەڕای چاوگەی جوغرافــی و کەلتوورییان، بەرهەم و دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی دێنە ئەژمار.

ئیســتا لە ســەردەمی وەبەریەککەوتنی کلتوریی نێوان ژیارەکان و هاوکات سەردەمی جیهانگیــری و خوێندنــەوەی نویێ لە دین و هەروەها کاریگەریی ڕیشەیی و جێکەوتوویی مەزهەبەکان، سەلەفیزم وەک یەکێک لە ڕێبازە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان بڕوای بە پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان دین و بەستێنی کۆمەڵایەتی نییە و بە بۆچوونی ئەوان، لە نێوان باڕودۆخی هەنووکەییی کۆمەڵگا و ئەوەی گەورەکانمان و سەرچاوە دینییەکانی پێشینیان وتوویانە و کردوویانــە، دژووازی هەیە و ئەوە کۆمەڵگای سەردەمە کە ڕێگای ڕزگاری ون کردوە .

ئەم پرۆسێسە، ئەوانی تووشی شەرێکی پڕ مشــتومڕ لەگەڵ هەموو شوناسە دینییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئیسلام کردووە ئەوان بــە لادان لە ئیســلامی ڕاســتەقینە و بــێ بڕوایی تۆمەتبار دەکــەن و خۆیان لە بــواری پابەندییان بە قورئان و ســوننەت، بەرەســەنترین دەزانــن و تەنانــەت خۆیان گرێــدراو بە هیچ مەزهەبێک ناکەن و لەگەڵ هیچ حیزبێک سازانیان نییە و هەموو ئەوانەی وەک خۆیــان نیــن بە گومڕاو سەرلێشــێواو دەزانن.

ســەلەفیزم، گەڕانــەوە بۆ دینی ڕاســت و دروســتی پێشــینییان و بــۆ فەرمایش و فەرموودەکانیــان بە نیســبەت سیســتەمی

سیاســی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرەتای ئیســلام، بــە ڕێگەچارەی دەربــاز بوون لەم قەیرانە مەعریفییــە و دەرباز بوون لەم لادانە لە ئیسلامی واقعی، دەزانێت.

ســەرەرای جیاوازیی ڕەوتەکانی هەڵگری ســەلەفیزم(بانگخوازی، جیهــادی)، چ لــە بواری ئەندێشە و چ لە لایەنی پراگماتیستی، تایبەتمەندیــی بەرچــاوی ئــەم تێڕوانینە مەزهەبییە ئەوەیە کە بە پشــت بەســتن بە نەریتی خەواریج، بۆ چوونەکانی ئیبن تەیمییە و محەممــەد بن عەبدولوەهــاب و لێکدانەوە و شــیکاریی جۆراوجۆر لــە بۆچوونی(ئیمام ئەحمەد حەنبــەل) دامەزراوە.

ویســت بۆ پاککردنــەوەی بێ باوەڕی لە ئیســلام و گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی پێغەمبەر و پێداگری بۆ ســەرچاوەکانی ئیســلام، لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئــەم تێڕوانینەن. ئەوان بڕوایــان وایە کە جودایی نێوان دین و سیاســەت لە ئارادا نییە و تەنیا پێغەمبەر و هاوەڵەکانی مافــی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگایان بە پێی ویســتی خوا هەبووە. لە سەر ئەم ئەساســە، بە لاسایی کردنەوەی ژیانــی پێغەمبەر و هاوڕێیانی، دەکرێ پرۆسەی دارمانی کۆمەڵگای ئیسلامی پێچەوانە بکرێتەوە وبگەڕێندرێتەوە سەر ئەساسی دروســتی خۆی. سەلەفییەت وەک ڕێبازێکی مەزهەبی لە نێو موسوڵمانان، بە پاساوی ڕیفۆرم لە سەدەی چواری کۆچیدا هاتە نێو مێژووی ڕەوتە مەزهەبییەکانی دیکە؛ تاقمێک لە پەیڕەوانی ئیمام ئەحمەد حەنبەل لە ســەدەی چوارەمی کۆچیدا دروست بوون و دنیابینیی خۆیان بە نیســبەت دین هەبوو. ئیبن تەیمییــە شــوێندانەرترین بیرمەندی نێو ئــەم ڕەوتەیە و دواتــر محەممەد کوری عەبدولوەهاب، ڕێنسانســێکی بەسەر هێنا کە

> **دۆرکهایم بڕوای وایە کە ڕۆڵی ئەسڵیی دین، وەدیهێنانی پەیوەندیی توندوتۆڵ لە ڕێگای دابونەریت و ڕێورەسمەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی یەکگرتوویی ئەخلاقییە بۆ کۆمەڵگا**

بە شــێوەی پراکتیکی بەســتێنی لە بەردەم سەلەفیزم کردەوە.

لــەم بیســت ســاڵەی دواییــدا، هزری ئیســلامیی ســەلەفیزم، بــە ئەندێشــەی کەســانێکی وەک (ئەبوو عەلای مەودوودی و ســەید قوتب)، بەهێز بووە و بە بەرنامەڕێژیی دیاریکراوی سیاسی تەیار کراوە، کە دواتر بە ڕێنوێنیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرێک لە ڕەوتە سەلەفییەکان گۆڕدران .

ســەلەفیی تەبلیغی بە شــوێنکەوتوویانی ئەبووعەلای مەودوودی زانای دینیی هێندی-پاکســتانی دەگوترێ کە لە سەر ئەم بڕوایەن کە فەرمایەشــی خــوا دەبێت لە ڕێگەی بانگەشــە و تەبلیغی ناتوندوتیژانــەی دینییــــەوە بڵاوبکرێتــەوە؛ لــە کاتێکدا ئەو ڕەوتە ســەلەفییە جیهادییانەی لە ژێــر کاریگەریــی بۆچوونی ســەید قوتبدان، ڕێبــازی توند و ڕادیکاڵیــان وەرگرتــووە و پشــتیوانی لە بەجێ گەیاندنی جیهاد دەکەن .

تێگەیشــتنی سەلەفییەکان لــە خواپەرەســتی لــە گــەڵ تێگەیشتنی موســوڵــمانەکان لــە یەکتاپەرەســتی جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە.

بە گوتەی ســەید قوتب، یاســا و دانانی یاسا تایبەت بە خوایە و دەستێوەردانی مرۆڤ، کۆمەڵگا بــەرەو خوڕافات دەبا. ئەو کۆمەڵگای ئیســتا بــە «ســەردەمی تاریکپەرەســتیی پێش هاتنی ئیسلام» دەشــوبهێنێ و هەموو ئــەوان بە بێ ئاگا پێناســە دەکات. بەم پێیە ســەید قوتب بە ئاشــکرا و ڕاشکاوانە، هەموو مرۆڤایەتی بە ئیســلامی و نائیسلامی بە بێ ئاگا دەزانێت و وەک دەرهاویشــتەی ئەم بێ ئاگایی و خوانەپەرەستنە، «جیهاد» بە ئەرکێک بۆ خواپەرەستانی ڕاســتەقینە تا دامەزراندنی

فەرمانڕەواییی خوا دەزانێت .

لە سەر ئەم بنەمایە، ئەو ڕەوتە سەلەفییانەی کە دواتر ناسناوی جیهادییان وەرگرت، لە ژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی سەید قوتبدا، بە لەبەردەستدا بوونی فتوای بە کافر زانینی موسوڵمانان و شارۆمەندانی ئاسایی، بوونە گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان و لە دوورترین شوێنی دونیا هێرش و شەڕی زۆریان ڕێکخست، کە تاکوو ئەو سەردەمە لە هیچ گرووپێکی تیرۆریستیی تر نەبینرابوو. ڕێکخراوی جیهادیی سەلەفیزم، ڕێکخراوێکی ئاڵۆز و شاراوەن، ئاشنا بە ڕێبازی قاعیدەن، بڕوایان وایە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە گەر سێ کەسی موسوڵمان پێکەوە بن، ئەوە دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و ئەمیر دیاری بکەن و لەو شوێنە، بە فەرمانی ئەمیرەکەیان جیهاد بکەن. لە ڕوانگەی سەلەفییەکانەوە، پێناسەیەکی کۆنکرێتی بۆ کافر بوون دیاری نەکراوە و هەر گرووپێک لە هەر شوێنێک، کافربوون بە شێوەی دنیابینیی خۆی شرۆڤە دەکات .

> **لەم بیست ساڵەی دواییدا، هزری ئیسلامیی سەلەفیزم، بە ئەندێشەی کەسانێکی وەک (ئەبوو عەلای مەودوودی و سەید قوتب)، بەهێز بووە و بە بەرنامەڕێژیی دیاریکراوی سیاسی تەیار کراوە**

چوار جیاوازیی بنەڕەتی، سەلەفییەکان لە ڕەوتە مەزهەبییە ڕادیکاڵەکانی تر جودا دەکاتەوە کە بریتین لە : بەرزبوونەوەی حوکمی جیهاد لە سەر پێنج ڕوکنی بنەماییی ئیسلام، بە کافر زانینی موسوڵمانگەلێک کە هاوبیری خۆیان نیین و پاساو هێنانەوەیان بۆ کردەوەی تیرۆریستی لە بەرامبەریان، ڕەوایی بەخشین بە هێرش دژی شارۆمەندانی ئاسایی و لە کۆتاییدا ئەنجامدانی هێرشی خۆکوژی.

سەرەڕای بناغەی هزریی جیهاد، لێکۆڵەران، سەبارەت بە گەشە و پەرەگرتنی ئیدئۆلۆژیی جیهادی لە نێو موسوڵماناندا، ئاماژە بە هۆکاری مێژوویی و بارودۆخی ئاڵۆزی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای موسوڵمانان دەکەن. واتە سەلەفیزم بەرئەنجامی هۆکارگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە لە ناوچەکەدا بەستێنی بۆ ڕەخساوە .

سەرەڕای جیاوازیی ئیدئۆلۆژیکییان و بڕوا و مەبەستی سازمانییان، دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕەوتە سەلەفییە لەگەڵ ڕەوتەکانی تر، ڕایەڵەی توند و سەرچاوەی جۆراوجۆری هێزیانە، کە بە پێچەوانەی ڕێکخراوە تیرۆریستە کلاسیکەکانی تر کە پێکهاتەی پلەداری ئەستوونی و ڕێبەریی دیاریکراویان هەیە، لە ڕایەڵەی ئاسۆیی دروست بوونە و زۆر بە کەمی لە چوارچێوی سازمانی گەورەدا بە دیار دەکەون .

«کۆرتۆلۆس» لە ناسناوی «گرووپ لە ناوگرووپدا» بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانیان کەڵک وەدەگریت. ئەم گرووپانە ناوەندی فەماندەیی و ڕێبەریی دیاریکراویان نییە و ئەوەی تاکەکان لە نێو ئەم ڕایەڵانە پێکەوە دەبەستێتەوە، هزر و بڕوای تیۆریک و هاوبەشی ئەندامانی ئەم ڕایەڵەیەیە و بەردەوام لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگا دەچنە ناو باسی مەزهەبی و لەم ڕێگایەوە، بە کاریگەری دانان لە سەر تاکەکان، هەوڵی ڕاکێشانی تاک دەدەن. لە دێهاتەکان کۆڕی پەروەردەی ناو مزگەوت یا وتاری ئێوارانیان هەیە و لە شارەکان بە فرۆشتی نامیلکە و لە ڕێگای ئینێرنێتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکی و بانگەشە دەکەن. سەرەڕای بەڵێنی مەزهەبیی تاکەکان لە سەر بنەمای پەیوەندیی دۆستانە و برایانە، پێکهاتەکە ئەوان بە توندی لە بەرامبەر پرسە ئەمنییەتییەکان پارێزراو دەکات .

ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمی توندڕەو و ڕادیکاڵ لەم ساڵانەدا هەموو سنووره نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی بە خێرایی بڕیوە و توانیویێتی لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە، هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدات و بووەتە سەرچاوەی هێز و بە دەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتیش، تاکوو لە کاتی پێویست بە ئاسانی هێزەکانی کۆ بکاتەوە. بە مانایەکی تر سەرەڕای ململانێی نیزامی، سیاسی، میدیایی و ئەمنیەتی کە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەرامبەری دەکرێت، ئەم ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ لە حالی پەرەسەندنی چالاکیی هێرشی تیرۆریستی، ڕێکخستن و وەرگرتنی هێزی لاو لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندایە .

کۆمەڵگای سوننی مەزهەبی ئێرانیش بە کوردستانەوە، وەک ناوچەیەکی گرینگی کۆمەڵگای ئیسلامی، بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەمبەر مەترسیی ئەم تەوژمە ئیسلامی ـ عەرەبی و جیهانییە دایە. لەم ساڵانەی کۆتاییدا، بە سەرنج دان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دونیا، ئەکتیڤ بوونی کێشەی مەزهەبی لە جیهانی ئیسلامیدا، هێندێک لە چالاکیی ئەم ڕەوتە دۆگماتیست و توندڕەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویداوە .

ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییە بناژۆخوازە، ناسین، گواستنەوە و بڵاو کردنەوەی وێژمانەکەی لە سەرەتادا لە ڕێگای ئاموشۆکردن و گۆڕینەوەی هزر و ئەندێشە لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستانی باشوور، بۆ ڕۆژهەڵات گواستەوە.

کوردستانی باشوور بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر، بە تایبەت نزیکایەتیی زۆر و دراوسێیەتیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەوتە دینییەکانی جیهانی عەرەبی و هەروەها ناسیاویی خەڵکی ناوچە بە زمانی عەرەبی، ڕۆڵی گرینگی لە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی لایەنە دینییەکان هەبوە .

ئەم هاتووچۆکردن و پەیوەندییانە، هەموو کات لە ئارادا بوون، تاکوو ئێستاش ناوەندی شوێن دانانی ڕێبازی قادری و نەقشەبەندی، سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات دەپێویت و پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوان لە هەر دوو لای سنوور هەیە. ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییانە، بە هاموشۆکردنیان لەگەڵ هێندێک لەو حیزبە جیهادییانەی باشووری کوردستان (بزوتنەوەی ئیسلامی، جوندولئیسلام و دواتر ئەنسارولئیسلام)، بووە هۆی جێکەوتنی ئەم بیرە جیهادییە لە ناو سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتیش و بگرە تاقمێک لە لاوانی هۆگر بەم هزرە، هەوڵی تیرۆر و خۆتەقاندنەوە و چوونە ناو ڕیزی ئەلقاعیدە و داعشیان داوە. هەرچەند تاکوو ئێستا کەسێکی دیاریکراو وەک ڕێبەری سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدیار نەکەوتووە، بەڵام محەمەد عەلەوی لە بۆکان و عەبدولحەمید عالی لە مەریوان، دوو بانگخوازی ئیسلامین کە پەیڕەوانی ڕێبازی سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵات گوێیان لێ دەگرن .

**سەرەڕای جیاوازیی ئێدئۆلۆژیکییان و بڕوا و مەبەستی سازمانییان، دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕەوتە سەلەفییە لەگەڵ ڕەوتەکانی تر، ڕایەڵەی توند و سەرچاوەی جۆراوجۆری هێزیانە**

کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک ناوچەیەکی زۆرینە سوونی نشینی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بە تایبەت بە هۆی پشتیوانیی لۆجستیکی، پەروەردە و ڕاهێنانیان و ئابوری بۆ ئەم ڕەوتانە، لە ڕێگای ناوەندە مەزهەبییەکانی دنیای ئیسلامی و لە ئارادابوونی شوێنی گونجاوی گەشە کردنیان، لە تەوژمی بناژۆخوازیی گرگرتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پارێزراو نابێت .

چون گەشەی خێرایان لە پەراوێزی شارەکان، بەڕێوەبەری و پێشنوێژیی

هیندێک مزگەوت، وەرگرتنی قوتابیی ئایینی و پەروەردە کردنیان و چوونە ناو ریزی ڕێکخرای تیرۆریستیی وەک داعش و خۆتەقاندنەوەیان، نیشانەی بوونیان و ڕۆڵ گێڕنیان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە لایەکی ترەوە، گەشەی سەرمایەداری، دروست بوونی چینی فەقیر، جیاوازی و بێ عەدالەتی لە دنیای سەردەم (کە پێچەوانەی ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمە کە بانگەوازی گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێرینی ئیسلام و قۆناغی حەزرەتی محەممەد و خەلیفەکان دەکات)، بۆتە دەنگی نارەزایەتیی خەڵکێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئیسلامی، دژی مۆدێرنیسم و ئەو دەرکەوتانەی کە بۆ گەلانی بەرهەم هێناوە .

بەهێزتر بوونیان و گەشە و بلاوبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم ڕەوتە مەزهەبییە توندڕەوە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان لە داهاتوویەکی زۆر دوور نا، لەوانەیە ڕەوتی ڕادیکاڵ و پراگماتیستی تر بێنێتە ئاراوە.

هاتنی بیری سەلەفیزم وەک ڕوانینێکی حوکمە شەرعییەکان و تێگەیشتنی ڕادیکاڵ لە ئیسلام و تەیار بە ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێرانە و هەروەها ئەو ژینگە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ گەشەیان، هاوکات پشتیوانیی مالی و لۆجستیکی لە دەرەوەی سنوورەکان، ئەم ڕەوتەی بۆ ئەمنیەتی شارۆمەندانی کوردستان کردووەتە مەترسییەکی جیددی و پێویستی بە هەڵویستە لەسەر کرد هەیە.

لە ئاکامدا هزری بناژۆخوازی سەلەفیزم، وەک هێما و هێزی ڕوانگەی شەرعی بۆ کۆمەڵگا و حاکمیەت، بە هیچ شێوەیەک توانای پێکەوەسازانی لەگەڵ ڕوانگە و ڕوانینی پارتە نەتەوەییەکانی وەک دیموکرات (کە بڕوای بە پلۆڕالیزمی زمانی، کلتووری و دینیی ناو جڤات و فێدراڵیزم لە وڵاتێکی سێکۆلاردا هەیە کە ڕێز لە هەموو ئایین و ئایین زایەک بگیرێت و مافی مومارەسەکردنی ئازادی، بە مەرجی پێشل نەکردنی ئازادییەکانی خەڵکی دیکە بدات)، و هاوکات لەگەڵ ڕێکخراوە دینییەکانی وەک (سۆفییەکان، جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و...) نییە و خۆی لە بەرامبەر هەموو ڕەوتەکانی تر بە دروستتر دەزانێت بە توندی لەگەڵیان لە ململانێدایە .

> ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمی توندڕەو و ڕادیکاڵ لەم ساڵانەدا هەموو سنوورە نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی بە خێرایی بڕیوە و توانیویەتی لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە، هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدات

سەلەفیزم، لەسەر گوێرایەڵیی توندی بە یاسا و ڕێساکانی شەرعی ئیسلام و چالاکیی فێندەمێنتاڵیستی وەک کەرەسەیەک بۆ دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگا و ڕزگاریی خەڵک، پێداگری دەکات و بە توندی لەگەڵ جیهانبینیی دیموکراسی، ئازادی و ناسیۆنالیزم لە کێشەی مەعریفیدایە. لەبەر ئەوەی ئەم گوتارانە بە گوتاری کافران دەزانێت، هاوکات لە شێوازی ئەم ڕێکخراوە ڕادیکاڵەدا، پێکەوەسازان و سەقامگیری و ئاسوودەیی بوونی نییە، چون بەردەوامیی هزر و ئەندێشەی لە ناو کۆمەڵگادا لە ڕێگای بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ئەم ئایدیا و حیزبانە، ئاراستە دەکات.

پێویستە بەرەیەکی بەربلاوی کلتوری، سیاسی و مەعریفانە، لە بەرابەر ئەم جۆرە بیرکردوەیەدا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر کاتێک دەرفەتی خۆ زیندوو کردنەوەی بۆ برەخسێت، لە ژێر ناونیشانێکی تردا دێتەوە مەیدان.

# ناسیۆناڵیزم چییە و کێ ناسیۆناڵیستە؟

عومەر حەمیدی

هەوڵی ئەم کورتە باسە ئەوەیە کە جوابی ئەو پرسیارە گشتییانەی کە لە بیری ژن و پیاوی کورددا هەیە، بە پشت بەستن بە سەدان لێکۆڵینەوی ئاکادیمیکی ئەنجام دراو و سەدان کتێب و هەزاران مەقالە کە لەم بارەیەوە نووسراوە، بداتەوە. هەروەها مەبەستی هاروژاندنی وتووێژی تێئۆریک و پێشوازی لە ڕەخنەی پسپۆڕان و ئەکادیمیسیەنەکانە

بێنیدیک ئەندرسن لە کتێبە بە ناوبانگەکەی «کۆمەڵــگای خەیاڵی»، هــەوڵ ئەدا جوابی ئەم پرســیارە بداتەوە: ناســیۆنالیزم (بیری نەتەوەیی) چییە کە لە دووســەت و چەند ساڵی ڕابردودا، میلیۆنەها مروڤ گیانیان لە پێناویدا بەخت کردوە؟

هەوڵــی ئــەم کورتە باســە ئەوەیە کە جوابــی ئەو پرســیارە گشــتییانەی کە لە بیری ژن و پیاوی کورددا هەیە، بە پشــت بەستن بە سەدان لێکۆڵینەوی ئاکادیمیکی ئەنجام دراو و ســەدان کتێــب و هەزاران مەقالە کە لەم بارەیەوە نووســراوە، بداتەوە. هەروەهــا مەبەســتی هاروژاندنی وتووێژی تێئۆریک و پێشــوازی لە ڕەخنەی پسپۆڕان و ئەکادیمیسیەنەکانە. وشەی ناسیۆنالیزم لە ناو کورددا وا نــاوی بە خراپ دەرچووە کە کەمتر کەســێک (تەنانەت حیزبە سیاسیە نەتەوەییەکانیــش) دوێرن ڕاشــکاوانە بڵێن کــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیە (نەتەوەییە) و ئیمــە ناسیۆنالیســتین(نەتەوەیین). لــە نــاو بەرەی چەپــی کوردیشــدا، باش وایە بە ســەگ بیت و بە ناسیۆنالیســت نەبیت. کێ ناسیۆنالیســتە؟ ئەو کەسانەی کە ساڵی ١٧٨٩ لە دیواری زیندانی باســتیل چوونە ســەر ناسیۆنالیست بوون. ئەو کەسانەی کە دیواری بێرلینیان لە ســاڵی ١٩٨٩دا هێنا خوار ناسیۆنالیســت بوون. ئەو کەســانەی کە لە ســەرەتاکانی ســەدەی نــۆزدە، لە ئەمریکای لاتین دژی ئیســتیعمار ڕاپەڕین، ناسیۆنالیســت بوون. ئەو کەســانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئاسیا و ئافریقا چۆکیان بە ئیســتیعمار دادا، ناسیۆنالیست بــوون. بنیادنەران و باوکانــی وڵاتانی ئازاد و پێشــکەوتووی ئیمڕۆ ناسیۆنالیست بوون. ئەگەر لە سوئێدییەک بپرسی کوێندەریت؟، ئەگەر هەمو تەمەنیشــی لە بێلژیک ژیابێت دەڵێت سوئێدیم. ئەگەر هەرڕەشەیەکیش لە سەر وڵاتەکەی ببێت، تا پێی گیانبەخت کردن بەرگری دەکات. سوئێدیش ناسیۆنالیستە. لە کوردێکی ئاسایی بپرسی کورد چی گەرەکە؛ بــێ شــک دەڵێــت: دەوڵەتــی خۆمانمان گەرەکــە، یانی بەخاوەن بوونی دەســەڵاتی سیاسی. کوردیش ناسیۆنالیستە. شتێک کە کۆدەنگیی زۆرێک لە ئاکادیمیســیەنەکانی بواری ناســیۆنالیزمی لەســەرە و مێژووش پشتڕاستی کردووتەوە، ئەوەیە کە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، مەرجی پێویستی(شرط لازم) پێشــکەوتی هەر گەلێکــە. مەرجی تەواوکەریش (شــرط کافی) ڕەچاو کردنی سیاسەتێکی نەتەوەییە. هەر بۆیەش ئوروپا و ژاپۆن و کۆریای باشــوور و ســینگاپوور کــە هەر دوو مەرجەکەیــان وەدی هێناوە، ئاوەدان و پێشــکەوتوون و ئێران و پاکستان و کۆریــای باکــوور، بە هۆی ئــەوەی کە سیاســەتی نیشــتمانییان نەگرتووەتە بەر، کاول و دواکەوتوون.

ئایا ناســیۆنالیزم ئیدئۆلۆژییە؟ بێنیدیک ئەندرســن و بەشــێکی زۆری زانایانــی کۆمەڵناســی و پسپۆڕی ناسیۆنالیزم دەڵێن: ناســیۆنالیزم بنچینەی فەلسەفیی بەهێزی نیــە کــە وەک لیبرالیزم و مارکســیزم بە ئیدئۆلۆژی دابندرێــت. لیبراڵەکان ئازادیی تاک لە سەرووی گشت شــتێک دادەنێن، بروایان بە مالیکیەتی خوسوســی و بازاڕی ئازاد هەیە. مارکسیستەکان دژی مالیکیەتی خوسووســی و بازاڕی ئــازادن و مالیکیەتی دەوڵەتی و دیکتاتۆریی پرولیتاریان گەرەکە. ناسیۆنالیســتەکان چی؟ ئــەوان لە زیاتر لە دووسەت ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو شتە دووپاتە دەکەنــەوە کە لە ئینگلیزیــدا پێی ئەوترێ تاریفێکــی یەک دێــڕی. ئەڵێــن: دنیا لە گەلانی جیاواز پێکهاتوە و هەر گەلەی مافی خۆیەتــی خۆی ئیدارە بکات و هیچ گەلێک بۆی نیــە کە فەرهەنگ و یاســا و زمانی خۆی، بە سەر گەلێکی تردا بسەپێنێت.

## مێژووی تیئۆرییەکانی ناسیۆنالیزم

بە بڕوای زۆرێک لە مێژوناسان و کۆمەڵناسان، ناسیۆنالیزم لە سەدەی هەژدە و بە شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئەمریکاوە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا سەری وەدەر ناوە. کاتێک لە ساڵی ١٧٩٣ شۆڕشگێڕەکانی فەڕانسە بڕیاریان دا سەری شای ئەو کاتە، (لویی شازدە) بپەڕێنن، پرسیارێک هاتە گۆڕێ کە پێشتر بیری لێ نەکرابۆوە: باشە ئەگەر شا بکووژین مافی دەسەڵاتداری کە لە لایەن خواوە دراوە بە شا چی بەسەر دێت و ئەو مافە بە کێ دەدرێ؟ جوابەکەی هاسان و ڕوون بو: مافی دەسەڵاتداری هینی میللەتە. لە سەدەی نۆزدە، دوو بۆچوونی جیاواز لە سەر دیاردەی ناسیۆنالیزم هەبو کە سەرەڕای دژایەتییان لە زۆر بواردا لە سەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم و مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان بە یەک ئاکام دەگەیشتن. لە لایەکەوە لیبراڵەکان کە مافی تاکیان بە سەرەکی دەزانی، باوەڕیان بە مافی گرووپ نەبووو و دژی سەربەست بوونی گەلانی بچووک بوون. جۆن ستیوارت میل (١٨٦. کان) باوەڕی وا بوو کە لە بەرژەوەندیی سکاتلەندی و وێلزییە کە واز لە فەرهەنگ و دابونەریتی دواکەوتووی خۆیان بهێنن و شارسانییەت و تەمەددون و فەرهەنگی مەرکەز (لەندەن) فێر بن. یان باسک و بریتانییەکانی فەڕانسە، پشت لە مێژوو و دابونەریتی سووک و بێبایەخی خۆیان بکەن و ببنە پاریسی و زانست و فەرهەنگی گەشاوەی پاریسی بکەن بە سەرمەشق و خۆیانی تێوەگلێنن و فێری ببن و لە بیر خۆیانی بەرنەوە کە سەردەمێک بریتانی یان باسکی بوون. هەر وەها بڕوای بە یەک وڵات و یەک زمان هەبوو و دەیگوت هەر وڵاتەی بە یەک زمان، ئەویش زمانی نەتەوەی باڵادەست و پێشکەوتوتر بدوێت و زمانە ئێتنیکییەکان ئەبێ لە ناو بچن. جۆن ستیوارت میل و باقی لیبراڵەکان باوەڕیان بە گەلانی سوپێریۆر بە مانای باڵا دەست-پێشکەوتو- خاوەن توانا و گەلانی ژێردەست هەبو و دەیانگوت: میللەتە دواکەوتووەکان، چونکە بە هۆی دواکەوتوویییەوە توانای دەسەڵاتداری و ئیدارەی خۆیانیان نییە، لە بەرژەوەندییانە کە لە ناو گەلە باڵادەستەکاندا بتوێنەوە. کاتێک کە بە هۆی پەرەسەندنی سەنعەت و بازرەگانی، خەڵکی دێهات ڕوویان لە شارەکان کرد و ئێتنیکە جوراوجۆرەکان لە تەنیشت یەک نیشتەجێ بوون، لیبراڵەکان داهاتووی ئەو تێکەڵاوییانەیان بە شیکاگۆ هات پات دەشوبهاند. شیکاگۆ هات پات، لە چەشنی دیزیی فارسەکانە، کە تۆ گۆشت و نۆک و ئاو و خوێ و تەماتە و... بە یەکەوە تێکەڵاو دەکەیت و دەیکوڵێنی و دوای ماوەیەک کوڵین، گۆشت و نۆک و تەماتە و... ئەگۆڕێن و تام و ڕەنگی یەکدی دەگرن و شتێکی نوێ دروست دەبێت کە پێی دەکوترێ ئاوگۆشت. ئەوانیش پێیان وابوو کە ئێتنیکی جیاواز، بە فەرهەنگ و زمان و ڕابردوی جیاوازەوە، تێکەڵ دەبن و میللەتێکی یەکدەستی نوێ دەخولقێ. تەجرەبەی ئیرلەندی و ئیتالیایی و لاتینیەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، هەڵە بوونی ئەم بۆچوونەی بە ڕوونی دەرخست. ئیرلەندیی ئەمریکایی خۆی لە ئیرلەندیی بێلفاست بە ئیرلەندیتر دەزانێت، هەر وەها ئیتالیایی و لاتینی و ڕەشە ئەفریقاییەکان. لیبراڵەکانی سەردەمی خۆمان وەک وێل کێمیلا و چارلز تە یلر، جۆن ستیوارت میل بە تەواوی

> ئەو کەسانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، لە ئەمریکای لاتین دژی ئیستیعمار ڕاپەڕین، ناسیۆنالیست بوون. ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئاسیا و ئافریقا چۆکیان بە ئیستیعمار دادا، ناسیۆنالیست بوون. بنیادنەران و باوکانی وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتووی ئیمرۆ ناسیۆنالیست بوون

بەرپــەرچ دەدەنــەوە و ناســیۆنالیزم و مافی دیاری کردنی چارەنووس بە ڕەوا دەزانن. ویڵ کیملیکا لە ســەر گرینــگ بوونی فەرهەنگی هەر ئیتنیکێک پێ دادەگرێت و ئەڵێت ژیانی دەروونیی تاک بەبێ فەرهنگی خۆی مومکین نییــە و مرۆڤ لە خۆی بێگانە دەبێت و ئازاد نییە. ناسیۆنالیســتە فارســەکان درۆ بەزمان کیملیــکاوە ئەکەن. کیملیــکا ئەڵێ ئیتنیکی ناو وڵاتە چەند فەرهەنگییەکان دووەدەستەن. یەکەم: ئەوانەی کــە موهاجیرن و لە وڵاتانی ترەوە کۆچیان کردووە و هاتوونە وڵاتێکی تر، ســەرەڕای ئەوەی کە هاتوون ئەسیمیلە بن، ئەبێ زمان و فەرهەنگیان پارێزراو بێت بەڵام بۆیان نییە کــە داوای ئوتۆنۆمی و فیدراڵیزم یا جیابوونەوە بکەن. دووهەم: ئەو کەســانەی کــە کەمایەتین و لە ســەر زەویــی خۆیان نیشــتەجێن و ڕەنگــە بە بــێ ئیزنی خۆیان لکێندرابێتن بە گەلێک و وڵاتێکی تردا، مافی خۆیانە کە داوای دیاری کردنی چارەنووســی خۆیان بکەن.

لە لایەکەی تر، مارکس و ئێنگڵس بوون کە ئەوانیش باوەڕیان بە میللەتی باڵادەســت و ژێردەســت هەبــوو. (نەتــەوەی مێژوویی و نامێژوویــی) ئەوانیش باوەڕیــان وا بوو کە ئەو میللەتانــەی کە توانــای خۆێیدارەیی و دەسەڵاتدارییان نییە، ئەشــێ ببنە قوربانیی میللەتە گــەورە و پێشــکەوتووەکان و وەک قانگەڵاشکێک بسووتێن و ئاگری پەرەسەندنی ســەرمایەداری خــۆش بکەن تــا پرۆلیتاریا دروســت بێت و سۆســیالیزم بۆ مرۆڤایەتی بە دیــاری بهێنێت و یەکســانی و عەداڵەت جیهان دابگرێت (بزن شیردا بۆ داپیردا داپیر کلکــە قوڵــەی وێدا). ســەبارەت بە وڵاتانی گــەورەی ئوروپاییش دەیانگــوت: پرۆلیتاریا دەم لەسەرپشــت، ها بەشوێن بورژوازییەوە و بە زوویــی دەیانڕووخێنێ. مارکس و ئەنگڵس خۆیان وەک دوو گەنجی سیاسی و تێکەڵاوی باســی تیئۆریکی ئەو ســەردەمە، شاهیدی تۆفانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لــە ئوروپا بوون (۱۸۴. کان). بەڵام ئەوان وایان دەزانی کە ناســیۆنالیزم دیاردەیەکی کاتییە و ماتریالیزمی تاریخــی حوکمی لەناوچوونی دیــاری کــردوە. ئەیانــوت هەندێک گەل، فۆســیلێکن کــە پاشــماوەی دەورانی کۆنن و لە ڕاســتیدا زیددی شۆڕشن. ئەم چەشنە گەلــە دواکەوتوو و ئیرتیجاعییانە ئەشــێ لە بەرپێی دەوڵــەت- میللەتە گەورەکان بکرێن بە قوربانی. ئەیانوت ناســیۆنالیزم گەمەیەک و فێڵێکــە کە بــورژوازی بۆ بــە لارێدابردنی پرۆلیتاریــا، کەڵکــی لێ وەرئەگرێــت. دێرە بــە ناوبانگەکەی مانیفیســتی کۆمۆنیســتی کە دەڵێــت: پرۆلیتاریا خاکــی باوکیی نیە، بۆچوونیان بە باشی نیشان ئەدات. مارکس و ئەنگڵس قەت هەوڵیان نەدا کە ڕوونی بکەنەوە کە ناســیۆنالیزم چییە کە وا خەڵک گیانی لە پێناو دادەنێن. دیارە پێشــبینیەکانیان نەهاتە دی و پرۆلیتاریای وڵاتانی ســەنعەتی، وەک ئەوان پێشبینییان کردبووو کە: «پرۆلیتاریای هەر وڵاتێــک، دەســەڵاتی بورژوازیی وڵاتی خــۆی دەڕوخێنێ»، تا ئیمــڕۆش کە زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵ لەو کاتە ڕابردووە، مسۆگەر نەبــووە و بەڵکە ئەو وڵاتانەش کە حکوومەتی مارکسیســتیان هەبوو، هەر کــە دەرەتانیان بــۆ هەڵکــەوت، گەڕانــەوە دواوە و دەوڵەتی نەتەوەییــان پێــک هێنــا. وەک دەبینین «یەکێتیــی جومهوورییەکانــی ســۆڤیەت»، تەنیــا جومهوورییەکانی مــاوە. کاتێکیش کە لە ئاخرەکانی ســەدەی نۆزدە، ســەرهەڵدانی ژمارەیەکــی زۆر دەوڵەتــی تــازە، پانۆرامای سیاسیی جیهان بە تایبەت ئوروپای گۆڕی، مارکسیستەکانی ئینترناشناڵی دووهەم ناچار بوون کێشــەی نەتەوەیی بکەن بە تەوەرەی ســەرەکیی کۆبوونەوەکانیــان. بەتایبــەت مارکسیســتە ئوتریشــییەکان، تیئۆرییەکی نوێیان لە سەر ناسیۆنالیزم، لە سەر بنچینەی تایبەتمەندیــی کاراکتەری هەر نەتەوەیەک و

جیاوازیی فەرهەنگیی نەتەوەکان خستە بەر دەستی بەشدار بوان؛ بەڵام نەیانتوانی لە لەمپەری «ماتریالیزمی مێژوویی» بپەڕنەوە و هەوڵەکەیان بۆ تاریفێکی دروست لە ناسیۆنالیزم پووچەڵ بۆوە. تا ئیمڕۆش کە نەتەوە، ئولگووی سەرەکیی پێکهاتنی هەمو دەوڵەتانی جیهانە، مارکسیستەکان سەریان لە بەفر ناوە و کای کۆن بە با دەکەن. هەرچەند لە بیست ساڵی ڕابردوودا، هەندێک مارکسیست وەک تام نارین، «تیئۆریسیەنی سیاسی و تیئۆریسیەنی بواری ناسیۆنالیزم کە خۆشی ئیسکاتلەندییە ونووسەری کتێبی گرینگ و دەیان مەقالەی عیلمیە»، ڕاشکاوانە دەڵێت: گەورەترین هەڵەی مارکسیزم تێنەگەیشتنی لە ناسیۆنالیزم بووە. یان ئێریک هۆبزباون، مێژوناس و خاوەنی چەندەها کتێبی بەناوبانگ کە لە تەمەنی زۆر گەنجییەوە (چاردە-پازدە ساڵی) ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا بوو و کاتێکیش لە تەمەنی نەود و سێ ساڵیدا مرد، کارتی ئەندامەتیی حیزبی کۆمۆنیستی هەر لە باغەڵدا بوو، ئەڵێت: بزووتنەوە مارسیستییەکان وشۆڕشەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، هەموویان بە شکڵ و ناوەڕۆک ناسیۆنالیستی بوون (کووبا، ویەتنام، چین، کامبۆج و...). پیاو قسەیەکیش بۆ دز بکات. بەڕاستی مارکسیست لێنینیست، لەم چەشنەی کە ئێمە هەسمان، لە دنیای پێشکەوتوودا و تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی دنیای سێهەمیش وەک ئەمریکای لاتین و ئاسیا و تەنانەت ئەفریقاش دوایان براوە و مارکسیستەکانی خۆراوا سەرقاڵی شەڕی ڕەنگی پێست و مافی هێمۆسێکشوال و پشتیوانیی حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیسلامن. وابزانم کورد بە پێی سەرە و ژمارە، زیاترین کۆمۆنیستی هەیە کە هەڵبەت ئەوانیش خۆیان بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردییەوە هەڵواسیوە.

ئەزانم تا ئێستا جوابی پرسیاری ناسیۆنالیزم چییەم نەداوەتەوە. بۆ جوابی ئەم پرسیارە پێویستە چەند وشە و کۆنسێپت مانا بکەینەوە.

**١** ئیتنیک چییە و کێ ئیتنیکە؟ **٢** میللەت چییە و کێ میللەتە؟ **٣** دەوڵەت ـ میللەتی ئێرانی لە ناوەڕۆکدا چییە؟ **۴** «تمامیت ارضی» چییە کە بووەتە پاژنەی ئاشیلی ناسیۆنالیزمی فارس؟ و هەندێک بابەتی دیکە.

## ١. ئیتنیک چییە و کێ ئیتنیکە؟

ئیتنیک لەوشەی یۆنانیی ئیتنۆس، بە مانای گرووپێک لە خەڵک، کە دەچنەوە سەر بەرەی بابێک وەرگیراوە. تاریفەکەی «ماکس وێبر»ی ئاڵمانی ئێستاش کۆدەنگیی ئاکادیمیای لە سەرە. ئەو ئەڵێ ئیتنیک بە دەستەیەکی گەورە لە خەڵک ئەوترێ کە پێیان وایە بە ڕەچەڵەک یەکن. پێویستیش ناکات بە تێستی دی ئێن ئەی بسەلمێندرێت. هەر ئەوەندەی باوەڕەکە گشتگیر بیت بەسە. بۆ نموونە فارسەکان بە گشتی ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر کوروش و داریووش و هەخامەنیشی یان ئێمەی کورد ئەڵێین: ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین. هەم کورد ئیتنیکە و هەم فارس و هەم هەر دەستەیەکی گەورەی خەڵک وەک سوئێدی و ئینگلیسی و سکاتلەندی و باسک و... ئەنترۆپۆلۆژیستەکان دوای زیاتر لە سەد ساڵ لێکۆڵینەوە لە چوار قورنەی جیهان، ئەڵێن ئیتنیک درێژەی (کین) بە مانای خزم و کەسە. وەک خۆشمان دەزانین، خێزان هەیە، بنەماڵە یا خانەوادە هەیە، قەوم و خێش هەیە، تایەفە هەیە، ئێڵ و عەشیرەت هەیە کە گشتیان خزمن. چەند ساڵ لەمەوبەر پارلمانی بریتانیا بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخۆشینە ژێنێتیکەکان وەک شێرپەنجەی سینگی خانمان و چۆنیەتیی پەرینەوەی لە دایک و نەنک و نەنکە گەورە و... بۆ خانمانی توش بووی ئێستا، لە زانایانی

بواری ژێنیتیکی خواست کە ئامارێک لە ڕادەی بڵاوبوونەوەکەی دەربهێنن. ئەوانیش لە دەسپێکردندا ویستان بزانن، ژن و پیاوێک کە دووسەت ساڵ لەمەوبەر ژیاون، ئەگەر دوو تا سێ منداڵیان بووبێ و جیلەکانی دوای خۆشیان هەر تاکەی دوو تا سێ منداڵیان بووبێت، تا ئێستا چەند مروڤیان لێ کەوتۆتەوە. جوابەکەی پێنجسەد هەزارە. بۆیە ڕیچارد دۆوکین، بایۆلۆژیستی بەریتانی ئەڵێت: ئەگەر تۆ چەند پشتت لە شارێکی نە گەورە و نە بچووک ژیابن، شانسی ئەوەی زۆربەی خەڵکی قەدیمی شارەکە خزم و کەست بن هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەوەی ئیتنیکەکان خۆیان لە یەک ڕەچەڵک دەزانن، ڕەنگە لە تەجرەبەی خۆیانەوە هاتبێت. هەندێک کەس پێیان وایە وشەی «قەوم»ی کوردی مانای ئیتنیک نادات. بە بڕوای من قەوم پڕ بە پێستی خۆیەتی و دەقاودەق لە تەک مانا یۆنانییەکەی و بۆچوونەکەی ماکس وێبڕ و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان دێتەوە. فارسە ناسیۆنالیست و هەدەندێک لە کوردە سیاسییەکانیش، لە بری قەوم، لە وشەی «میللییەت» کەڵک وەردەگرن. لە سەدەی نۆزدە، وشەی میللییەت وەک جنێو بە ئیتنیکە بێ دەسەڵاتەکان دەگوترا. پێیان ئەگوتن میللییەت بەو مەبەستە کە ئێوە شایستەی دەسەڵاتداری نین و ئەشێت ژێر چەپۆکە بمێننەوە. من خۆم لە ئیسماعیلی نووری عەلا، ڕووناکبیر و نووسەر و هەڵسووڕاوی لیبراڵی ئێرانیم بیستوە کە بە دروستی میلییەت بە ورکە میللەت(خردە ملت) مانا دەکاتەوە. لە بیست سێ ساڵی ڕابردوودا، ئیتنیک بە مانایەکی بەربڵاوتر بە کار ئەهێندرێ و بووە بە چەترێک کە گشت گرووپێک جگە لە چین (کرێکار و جووتیار و سەرمایەدار و...) جنسییەت (ژن و پیاو)، دەگرێتە خۆ. کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەکە کێشەی ئیتنیکییە. لە ئێران کیشەی ئیتنیکی کورد وئیتنیکی فارسە. ئیتنیکی فارس دەسەڵاتی سیاسی، فەرهەنگی، سەربازی، ئابووری و یاساداناني بە تەنیایی گرتووەتە ژێر دەستی خۆی و کوردیش پێی ڕازی نییە و گەرەکیە چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست و ملیش نادا و بێدەنگ نابێت. دەوڵەتی فارسیش هەوڵی لە گرێژەنە بردنی بزووتنەوەکەی ئەدات. لە پارچەکانی تریش لە تەک ئیتنیکی تورک و عەرەبە.

> **به بڕوای زۆرێک لە مێژووناسان و کۆمەڵناسان، ناسیۆنالیزم لە سەدەی هەژدە و بە شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئەمریکاوە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا سەری وەدەر ناوە**

## ٢. میللەت چییە و کێ میللەتە؟

دەیوید میلەر، فەیلەسووفی سکاتلەندی دەڵێت: میللەت گرووپێکی گەورەی خەڵکن کە پێیان وایە مێژوویەکی هاوبەشیان هەبووە. ڕەنگە مێژووەکە تەنانەت ئەفسانەش بێت. شاهنامەی فیردەوسی کە فارسەکان وەک مێژووی خۆیان و سەرچاوەیەک بۆ ناسین و ناساندنی ڕابردووی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن ئەفسانەیە و ڕووداوی مێژوویی نیە. ئێرنێست ڕێنان، فەیلەسووف و زمانناسی فەڕانسەوی دەڵێت: میللەت ڕۆحە، پرێنسیپێکی مەعنەوییە. بە ڕای من ڕێنان ڕۆح و پرێنسیپی مەعنەوی بە مانا دێکارتییەکەی بە کار دەهێنێت کە پێی وابو مرۆڤ لە دووبەشی جیاوازی ڕۆح و جەستە پێکهاتووە و گرێیەکی بە قەدرایی دەنکە نۆکێکیشی لە ناو میشکدا بە کورسیی ڕۆح دەزانی. ڕێنانیش میللەت بە ڕۆحێک دادەنێت کە کورسییەکەی سەر دڵی تاکە. لە ڕوانگەی

کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکانەوە، میللەت بــە گرووپێکی گەورە لە خەڵک دەگوترێ کە خاوەنــی فەرهەنگ و مێژوویەکی هاوبەشــن و لــە وڵاتی خۆیان دەســەڵاتی سیاســی و مافــی خۆبەڕێوەبەری(حق حاکمیت) و مافی یاســادانانیان هەیە یان بــە دەرەجەیەک لە وشــیاریی نەتەوەیی گەیشتوون کە نەخوازن بێگانە حکوومەتیان بەســەردا بکات و داوای خۆئیدارەیی بکەن و حیزبی سیاسیی نەتەویی خۆیان، بۆ بەدەســتهێنانی دەسەڵاتی سیاسی پێک هێنابێت. لە ئێران فارس میللەتە چونکە دەســەڵاتی سیاسیی هەیە. کوردیش میللەتە چونکە لە زیاتر لە حەفتا ســاڵ لەمەوبەرەوە حیزبی سیاســیی خــۆی پێکهێناوە و داوای مافی خۆبەڕێوەبــەری دەکات و زیاتر لــە حەفتا ســاڵ پێش ئێســتا جومهووریی خۆی دامەزراند کە بە دەستی خائینان و لەشکری دەوڵەتی فارس لە ناو چوو.

ببێنیدیــک ئەندرســــن، ســێ تایبەتمەندی بــۆ میللەت دەستنیشــــــــان ئــەکات: **۱** میللــەت کۆمەڵگایەکــی سیاســیی خەیاڵییە بەو مانایە کــە ئەندامانی ئــەم کۆمەڵگایە یەکتری ناناسن، هەرگیز چاویان بە یەکتری ناکەوێت و ناوی یەکتریش نابیســتن، بەڵام خۆیان و کەسانێک کە نایانناسن بە ئەندامی ئەم کۆمەڵگایە ئەزانن. **۲** میللەت سنووردارە، بــەو مانایە کە خۆیان لــە نەتەوەکانی تر بە جیاواز دەزانــن. ئەڵێت: ئەگــەر نەتەوەیەک زیاتــر لــە میلیاردێکیش بێت لە شــوێنێک دەبڕێتەوە و نەتەوەیەکی تر دەست پێدەکات. بۆیە شتێک بە ناوی میللەتی جیهان نیە. بەم تاریفە شتێک بە ناوی میللەتی ئێران ناتوانێ بوونــی هەبێــت و ناســیۆنالیزمی ئێرانیش، ناسیۆنالیزمی فارســە و ژێرانە خۆی لەپشت دروشمێکی فێڵبازانە حاشار داوە. **۳** میللەت سەربەســتە (مافی خۆیەتی کە سەربەســت بێت). مافــی دەســەڵاتدارێتیی خۆی هەیە. لــەم بارەیــەوە ئەڵێت چونکــە میللەت بەم شکڵە کە لە دووسەت و چند ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە گۆڕەپانی سیاســەتی نێودەوڵەتییەوە، بەرهەمی رووخانی ئیمپراتۆرییەکان و پاشــا قەدەرقودرەتــەکان و لەناچوونی دەســەڵاتی کلیســا و پەرەسەندنی سەنعەت و بازەرگانیە، گشت گەلێک گەرەکیە لە ژێر ئاسمانی وڵاتی خۆیدا بە سەربەســتی بژی. لە شوێنێکی تر سەبارەت بە کۆمەڵگای خەیاڵی ئەڵێت: لە ناو ئــەو کۆمەڵگایانەدا یەکگرتوویی و برایەتــی، ئاســۆیی(افقی)یە. بــەو مانایــە کــە ژن و پیاو و کرێکار و خاوەن کار، دەستەنگ و ســەرمایەدار، ئاغا و ڕەعیەت، شارســتانی و عەشــیرەت، لە بەرەیەکدا بۆ یەک مەبەســت، کــە مســـــۆگەر کردنی مافی سەربەستیی نەتەوەییە، بە بێ جیاوازی کۆ ئەبنەوە. ئەندرسن ئەڵێت کــە ناسیۆنالیســتەکان نەک بۆ کوشتن بەڵکە بۆ کوژران لە پێنــاوی نەتــەوەی خۆیان، دەچنــە گۆڕەپانــی خەبات. بە ڕای من تێگەیشتن لەم بۆچوونەی ئەندرسن، بۆ ئێمەی کورد گەلێک هاسانە. سەرەنج بدە سەر نێوی «پێشمەرگە» یانی کەسێک کە لە پێناوی گەلەکەیــدا پێش بە مەرگ دەگرێت یان کەســێک کە لە پێنــاوی کورددا خۆی بۆ مــردن وەپێش ئەخات. یان لە ســرودی نەورۆزدا دەڵێ: نەورۆز بــوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە – لاوان بە عشق ئەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە. ئەوەشم کوتبێت کە بە هۆکاری ئیدئۆلۆژیکەوە هەندێک لایەن ناوی شــەریفی پێشــمەرگەیان وەلا ناوە و گەریلا یان شــەڕوان بە کار ئەهێنن. ئەو کەسانەی

> **میللەت دەتوانێت لە چەند ئێتنیک پێکهاتبێت بەڵام ئێتنیک ئەو تایبەتمەندییەی نییە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە میللەت سیاسییە و حیزب و نیهادی سیاسیی بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆی ڕێکخستووە**

که کتێب و مەقالەی فەلسەفی یان زانستی ئەنووسن، ئەگەر وشەیەکی نوێ یان نامۆ لە نووسراوەکەیاندا دەرکەوێت، خەڵک ئەپرسن نووسەر چ وشەگەلێکی لەبەردەست بووە و کەڵکی لێ وەرنەگرتوون و مەبەستی چی بووە کە وشەی نامۆی داناوە؟ ئەم ڕێکخراوانەش وشەی پێشمەرگەیان لەبەردەست بووە، بەڵام دیارە مەبەست ئیدئۆلۆژیک بووە و ویستویانە خەباتی خۆیان نەتەوەیی و تەنیا بۆ کورد دەرنەخن . یانە ناوی بە شکۆ و بە شەرەفی کورد و کوردستان لە سەر ڕێکخراوەکەیان دانەنێن. دڵنیام مێژوو پەشیمانیان دەکاتەوە. ئێرنێست گێلنێر فەیلەسووف و تیئۆریسییەنی ناسیۆنالیزم و باوکی مەکتەبی مۆدێرنیزم دەڵێ: «میللەت یانی دانانی میچێک لە سەر چوار دیواری ماڵی فەرهەنگی خۆت». لە شوێنێکی تر دەڵێت: «ئەشێ سنووری سیاسیی هەر وڵاتێک دەقی سنووری فەرهەنگیی ئەو وڵاتە بێت». هەر وەها دەڵێت: «نابێ دەسەڵاتدارن لە باری ئێتنیکییەوە لە تەک ئەو خەڵکانەی حوکمیان بە سەردا دەکەن جیاواز بن».

جیاوازیی میللەت و ئێتنیک. ئێتنیک ڕەنگە داواکاریی سینفیی هەبێت. وەک ئیزنی دانانی مەدرەسە بە زمانی دایکی، یان جێگەی عیبادەتی تایبەتی خۆیان، یان پشکی کار بۆ ئەندامانیان. ئەگەر جوابی ویستەکانیان بدرێتەوە نابن بە هەرەشە لە سەر دەوڵەتی ناوەندی و داخوازیی جیابوونەوە و خۆبەڕێوەبەری ناکەن. بەڵام میللەت داوای دەسەڵاتی سەربەخۆ یا بەشداریی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری دەکات و بە کەمتر لە ئۆتۆنۆمی ڕازی نابێت. ئێتنیک ڕەنگە خاکی خۆی نەبێت یا بوویێتی و لە دەستی دابێت، بەڵام میللەت لە سەر خاکی خۆی نیشتەجێیە. میللەت دەتوانێت لە چەند ئێتنیک پێکهاتبێت بەڵام ئێتنیک ئەو تایبەتمەندییەی نییە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە میللەت سیاسییە و حیزب و نیهادی سیاسیی بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆی ڕێکخستووە. ئەوەشمان گوتبێت کە کێشەی ئێتنیکی جیاوازیی لە تەک کێشەی میللیدا هەیە. کێشەی میللی بە تەمای گۆڕینی بۆڕۆکرسی لە تارانە. باسی جیاکردنەوەی سێ قووە و کەرتی تایبەت و کەرتی دەوڵەتی، مەیدانی جموجۆڵ و ڕادەی دەسەڵات و سەربەستیی ئەم کەرتانە دەکات. وەک کۆمۆنیست و ئیسلاح تەڵەب، جیبهەی میللی و شاخوازیی کورد و غەیرە کورد. بەڵام ناسیۆنالیست کێشەکەی ناوچەیی و مەحەللیە. فەرقی بۆ ناکا ئەحمەدی نەژاد لە سەرکار بێت یان جاستین ترۆدۆ یان فیدێل کاسترۆ یان بۆریس جانسۆن. ئەو گەرکیە فەرهەنگەکەی و گەل و خاکەکەی لە ژێر چنگی غەیرە کورد ڕزگار بکات. هەر وەک دەبینین ئێمەی کورد بۆ مافی خۆمان لە گژ جومهووریی ئیسلامیی دڕندە ڕۆچووین و کۆبێکی یەخەی یەکێک لە لیبراڵترین و ئینسانیترین حکوومەتەکانی دنیایان لە کانادا گرتووە و داوای جیا بوونەوە دەکەن.

## میللەتەکان چۆن خۆیان پێناسە ئەکەن؟

زۆربەی میللەتانی ئورووپا بە زمان، (جگە لە سویس کەسێ زمانی ئیتالیایی و فەرەنسەوی و ئاڵمانیی تێدایە). ئاڵمانییەکان بە خوێن و ڕەگەز. بەم هۆیەوە دوای ڕووخانی سۆڤیەت، هەر ڕووسیەک بیتوانیبا بیسەلمێنێ کە بە خوێن و ڕەچەڵەک ئەڵمانییە بە شارۆمەندی ئەڵمان وەردەگیرا و هەزاران کەسیس ڕێگەیان پێ درا ببنە ئەڵمانی، لە کاتێکدا کە زمانیان ڕووسی بوو. ئوتریشییەکانیش زمانیان ئەڵمانییە بەڵام بە ئاڵمانی داناندرێن. ژاپۆن خۆی بە ڕەگەز پێناسە دەکا. هەروەها وڵاتی کۆریا. دیارە کۆریای باکوور خۆی بە وڵاتی ئیدئۆلۆژیکی، دیمۆکراتیکی، سۆسیالیستی، خەڵقی ئەزانێت و کیم ئیل جوون و باوکی، کۆریای باشوور(کە خۆی بە ڕەگەزی کورەیی دەزانێت)یان پێ فاشیست بوو. «یەکێتیی

ســـۆڤییەت» خۆی بە میللەتی ئیدئۆلۆژیک و کۆمۆنیست دەزانی. فەڕانسە و ئەمریکا خۆیان بە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئەمریکا (یەکســـانی لە بەرامبەر یاسا، ئازادی و برایەتی) پێناســـە دەکەن؛ هەر بۆیەش هەر کەسێک کە ئەم پرەنســـیپانەی قەبووڵ بێت دەتوانێت ببێت بە شـــارۆمەندی ئەمریکا یان فەڕانســـە. تایلەند خۆی بە میللەتی بوودایی دەزانێـــت، کـــە لە لایـــەن پێنج لەســـەدی دانیشتوانی موســـوڵمان بەرپەرچ دەدرێتەوە. پاکســـتان خۆی بـــە میللەتی ئیســـلامی ناو دەبات. ئێران خۆی بەمیللەتی شـــیعە پێناسە دەکات و تـــازەش نیـــە. لە زەمانی شـــاوە بە میللەتـــی ڕێبەری جیهانی شـــیعە ناســـراوە. ئێرانییەکانیش بە ســـیکۆلار و چەپ و ڕاست و میللی و شاییەوە بێدەنگەیان لێ کردووە و باسیشـــی ناکەن. تێبینییەکی خۆم: لە باری مێژووییەوە ســـەلماوە ئەو ئیتنیکانەی کە لە ســـەرزەوی و وڵاتی خۆیـــان هەڵدەقەندرێن و وڵاتیـــان نامێنێت، ناتوانن هەمیســـان کۆ ببنـــەوە و دەوڵەت-میللەتـــی خۆیـــان پێک بهێنـــن. بەڵام جوو، ســـەرەڕای ئـــەوەی دو هەزار ســـاڵ بێ وڵات بـــوون و وەک هەرزن بە دنیـــادا بڵاو ببوونەوە، توانیـــان کۆ ببنەوە و ئیســـرائیل دروســـت بکەنـــەوە. زۆرێک لە ئاکادیمیسیەنەکان، هۆیەکەی لە وەگر بوون و پابەندیی جووەکان بە دابونەریت و سوننەتی خۆیان دەزانن. سەرەڕای ئەوەی جوو، بەپێی سەر، ئەیتیئیســـت و بێ دین و زانای بواری جوراوجۆری لە زۆربەی گەلان زیاترە؛ هەموو شـــەممەیەک دوور لە بیر و بـــاوەڕی دینی، جووەکان بە ورد و درشتیانەوە، لە هەر وڵاتێک کە نیشتەجێن، لە کەنیسەکانیان کۆ دەبنەوە و کڵاوێکـــی بچووک لە تەپڵە ســـەریان قایم دەکەن و گوێ دەدەنـــە ڕاباعی و دەمەقاڵەی لە تەکا ئەکەن. هەمو ئێـــوارەی جومعەیەک ڕێز لە شـــەبات دەگرن و لە ماڵەکەیاندا شەم هەڵدەکەن. قاپ و کەوچکی گۆشت و گیایان جیـــا دەکەنەوە و دەیان هەڵســـوکەوتی تری لەم چەشنە. عەبباســـی ئەمانەت مێژونووسی ئەم ســـەردەمەی ئێران و مامۆســـتای زانکۆ لە ئەمریکا کە خۆشـــی بەهایییـــە، پێی وایە کە ســـوننەتی شـــیعە، ئێرانی لە پێنجســـەد ساڵی ڕابردودا ڕاگرتوە. شیعەگەری فاکتێکی گەورەیە لـــە سیاســـەتی ئێرانییەکانـــدا. لە بیرمانە کاتێک شـــاپووری بەختیار بە میهدی بازرگانـــی لیبراڵـــی گـــوت وەرن ڕیفراندۆم بکەین؛ بازرگان لە جوابدا گوتی، «دوومیلیۆن کەس لە شەقامەکانی تاران بە ئەڵڵاهوئەکبەر ڕیفراندۆمیان کرد.»

### ٣. دەوڵەت ـ میللەتی ئێرانی

ڕوناکبیرانـــی مەشـــرووتە وەک زۆربـــەی ڕوناکبیرانی دنیا، شۆڕشـــی فەڕانســـەیان بە سەرمەشـــقی خۆیـــان دانابوو. کە شۆڕشـــی مەشـــرووتە ســـەری نەگرت، ڕێگا بۆ ڕەزاشا خۆش بو کە ببێت بە دەســـەڵاتداری ئێران. ئەویش کە خۆی ناسیۆنالیستێکی فارس بوو، بۆ ئەوەی ڕوناکبیرانی ئەو کات ڕەگەڵ خۆی بخات، هەولی دا بە ڕواڵەتیش بێت وای پیشان بدات کە بە ئامانج و خواستەکانی مەشرووتە وەفادارە و سەرمەشـــقە فەڕانســـەییەکەی بۆ ئێران لە بەر چاوە بەڵام بە پێچەوانە ڕۆیشت. شۆڕشی فەڕانسە، کۆتایی بە پاشایەتی هێنا، ئەم خۆی بوو بە شا و بنچینەی پاشایەتییەکی بنەماڵەیی تری دامەزراند. شۆڕشی فەڕانسە مڵکی شا و خاوەن زەوییە گەورەکانی دابەش کرد، ئـــەم زەوی و زارێکـــی زۆری بۆ خۆی دابڕی و بـــوو بە زەویدارێکی هـــەرە گەورە. شۆڕشی فەڕانسە، کۆتایی بە دەسەڵاتی دین و کڵیسا و پۆپ و پیاوە دینییەکان هێنا، ڕەزا شا حەوزەی عیلمییەی قومی دامەزراند.

لە هەمو وڵاتانی ئاســـیایی و ئەفریقایی کاتێک دەوڵـــەت میللەتـــەکان پێکدەهاتن، ئیتنیکەکانی کە لە دەوڵەتە تازەکاندا ددان بە مافیاندا نەدەنرا و داخوازییەکانیان پشـــتگوێ

ئەخرا، بە حەق لە ترسی ئەوەی کە ئیتنیکی زاڵ جیاوازی دابنێت و ئەوان زەرەرمەند بن، دژایەتیی دەوڵەت- میللەتی تازەیان ئەکرد. لە ئیرانیش هەر وەتر؛ بەڵام ڕەزا شا پڕۆسەی میللەتسازیی لە ئێران بە ڕشتنی خوێنی لوڕ و کورد و عەرەب، سەر خست. یانی شتێکی بە ناوی دەوڵەتی ئێران و میللەتی ئێران دروست کرد کە لە ڕاستەقینەدا جغجغەیەک(زرورق) بوو کە سەر حکوومەتی ئیتنیکی فارسی داپۆشی. ئێستاش هەروەتر. دەوڵەت-میللەتی مۆدێڕنی ئێرانی، شتێک جگە لە حکوومەتی ئیتنیکی فارس نییە و نەبووە. کورد و عەرب و لوڕ، دڵرەقی و کوشت و کوشتاری ڕەزاشایان لە بیر نەچووەتەوە و تا سیستەمێکی نوێی دەسەڵاتداری کە ددان بە مافی باقی نەتەوەکان دابنێت و جینایەتەکانی گشت حکوومەتە زاڵم و خوێنڕێژەکان قەرەبو نەکاتەوە، ئێران ڕۆژێکی خۆش بە خۆیەوە نابینێت. گۆرانییەکی لوڕی هەیە ئەڵێت: «مرغ زردوم مرغ زردوم سیر ازیت نەوردوم. نامەای بنویسید سی این رضا شا مرغم سقط بی بیاد تماشا.

> **ئەندرسن ئەڵێت کە ناسیۆنالیستەکان نەک بۆ کوشتن بەڵکە بۆ کوژران لە پێناوی نەتەوەی خۆیان، دەچنە گۆڕەپانی خەبات. بە ڕای من تیگەیشتن لەم بۆچوونەی ئەندرسن، بۆ ئێمەی کورد گەلێک هاسانە**

## ۴. «تمامیت ارضی»

ئەم کۆنسێپتە بەگشتی بۆ داگیرکەریی وڵاتان لە لایەن هێزی بێگانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەو مانایە کە وڵاتێک، سنووری خۆی تێپەڕێنێت و شار و گوندی وڵاتێکی تر داگیر بکات. فارسەکان لە ئێران بۆ سەرکۆنە کردنی هەرچەشنە مافخوازییەکی نەتەوە غەیرە فارسەکان قوتیان کردووەتەوە. باسی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیزم بکەی، «تمامیت ارضی»ت خستووەتە مەترسیەوە. باسی خوێندن بە زمانی دایکی بکەی هەروەتر. تەنیا کاتێک «ایرانی باغیرت»ین کە لە ژێر ئاڵا سێ ڕەنگەکەی ئەوان، بۆ ڕاگرتنی ئێران بەم شێوەیەی کە هەیە؛ زمان فارسی، کوروش و داریوش و ئیمامی شیعە، باوکمان و خۆمانیان بۆ بە کوشت بدەین، جار و باریش بمانبەنە تەلەویزیۆن، ئەسمەر یارم جوانەیەک بڵێین و هەڵپەڕکێیەک بکەین و بچینەوە ماڵی خۆمان و فززە نەکەین. «تمامیت ارضی» بۆ فارسێکی سیاسی، چ دەوڵەتی و چ ئۆپۆزیسیۆن، یانی درێژەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و نیزامی و یاسادانان و سەروەریی فەرهەنگی هەر بەم چەشنەی کە لە زەمانی ڕەزاشا(۱۹۲۵)وە تا ئیمرۆ بووە، بە سەر جوغرافیای ئێران و کانگا و سەرچاوە سروشتییەکان و نەتەوەکانی تری ناو ئێران. ئایا ناسیۆنالیستەکان جیاییخواز (تجزیەطلب)ن؟ بەڵێ. ناسیۆنالیست ئاواتی ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەییی خۆی لە سەر خاکی باب و باپیرانی دامەزرێنێت. ئەگەر بە هەر هۆکارێکەوە بۆی نەگونجا بە ئۆتۆنۆمی ڕازی دەبێ کە ئەویش شکڵێک لە جیابوونەوەیە. فارسەکانیش ئەم ڕاستییە دەزانن هەر بۆیەش بە کوتەک و زیندان و سێدارە و تەوس و تۆماج، هەر وشەیەکی کە ئەو مانایەی لێ بکەوێتەوەیان لێ قاچاغ کردووین. تێنینیی خۆم: من ناڵێم نابێت هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەین، ئەڵێم ئەشێ مەجبووریان کەین کە ددان بە ناسنامە و داخوازییەکانی ئێمە، تەنانەت بە مافی جیا بوونەوەشەوە دابنێن، ئەگینا ئەمجارەش دەمانکەنە کەوا سووری بەر لەشکر، شەڕمان پێ دەکەن و بە دەستی بەتاڵ دەماننێرنەوە ماڵ و کوشت وبڕ و داپڵۆسان درەنگ یان زو دەست پێدەکاتەوە. کەر هەمان کەرە و کورتان گۆڕاوە. تاقیکردنەوەیەکی فیکری کە

جوابەکەی کورد گوتەنی: دەراوەکە قولی ڕەش و سپی دەردەخا. وایدانێین سبەینێ لە ناو ئەرتەشدا کوودەتایەک لە لایەن مەسەلەن مارکسیستەکانەوە ڕوو بدا، بەیاننامە بڵاو بکەنەوە و لە شۆڕشگێڕانی مارکسیست و سۆسیالیست داوا بکەن کە بۆ بەرگری لەم شۆڕشە نوێیە چەک هوڵگرن و بێنە مەیدان. وای دانێین لە هەمان کاتدا حیزبە کوردییەکان ڕیفراندۆم بکەن و سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنن و دەوڵەتی شۆڕشیش کردەوەی کوردەکان بە دژی شۆڕش ناو بەرێت و ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بە نایاسایی بزانێت، پێتان وایە تفەنگی کۆمۆنیستی کورد سینگی کێ دەبڕێ؟ هەمان پرسیار لە موسوڵمانی سەلەفی و ئیخوانی و ئیسلاح تەڵەبی کورد بکەن. ئەشێت ئێمە حیسابی دینداریی موسوڵمانی کورد تەنانەت مەلا کوردەکان لە حیسابی ئیسلامییە سیاسییەکانی وەک ئیخوان جیا بکەینەوە. لە باری سایکۆلۆژییەوە، ناسیۆنالیزم زۆر لە دینداریی ئاسایی و غەیرە سیاسی بەهێزترە.

## تیئۆرییەکانی ناسیۆنالیزم

تیئۆرییەکانی ناسیۆنالیزم زۆرن بەڵام بە گشتی دەیانکەین بە دوو دەستە.

### یەکەم

ئەوانەی کە ناسیۆنالیزم بە خراپ نازانن و ئەڵێن کە سروشتی و ئاسایی و ڕەوایە کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت. ئەم گرووپە کە خۆیان لە چەند لایەن و مەکتەبی جیاواز پێکهاتوون، کێشەی سەرەکییان لەسەر کۆن و نوێ بوونی دیاردەی «نەتەوە»، «ناسیۆنالیزم» و «دەوڵەت»ی نەتەوەییە (بەم شێوەیەی کە ئیمڕۆ لە جیهاندا باوە). دەستەیەک بە ناوی « پرایمۆڕدالیست ئەڵێن میللەت دیاردەیەکی نوێ نییە و میللەتەکان هەمیشە بوونیان هەبووە. کەسانی وەک «ئێدوار شیلز» و «کلیفرد گیرتز»، ئەڵێن کە ناسنامە و هۆوییەتی خێزانی و ئیتنیکی، سروشتین و لە کۆنەوە لە تەکماندا بووە و نوێ نیە. ئەگەر ئەم هەستە بە پێوانەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێنی، لە تەک عەقڵا جۆر نایەتەوە. مەبەست ئەوەیە کە ئەم هۆوییەتانە بە پێوەندیی خوێنی و زمانی و جوغرافیایی و مێژوویی پێناسە دەکرێن، نەک پێوەندیی ڕاستە وخۆ. هەستی ئیتنیکی و نەتەوەیی لە جنسی هەستی خۆشەویستییە و تاک ئامادەیە کە بۆ بەرژەوەندیی ئەندامانی نەتەوە و ئیتنیکی خۆی، لە بەرژەوەندیی خۆی چاوپۆشی بەکات.

دەستەیەکی تر، سۆسیۆبایۆلۆژیستەکانن کە لە گەڵ پرایمۆڕدالیستەکان هاوبیرن، پێیان وایە کە تەعەسسوبی خێزانی و ئیتنیکی ڕیشەی بیۆلۆژیکیی هەیە و تایبەتمەندییەکی تەکامولیی(بە مانا دارووینیەکەی) مرۆڤە. ئیمڕۆ بە باشی ئەزانین کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئێمە ڕیشەی ژێنێتیکیان هەیە. بۆ نموونە هەمو مروڤێک لە بەرزایی بەرز، ئاوی قووڵ، تاریکی و بوونەوەری دڕندە ئەترسێت. شانسی ئەوەی کەسێک لە سنە یا پاریس تیمساح بیخوا، یەک لە چەندسەد میلیۆنە بەڵام هەمو کەسێک لە تیمساح ئەترسێت. بەڵام تێکست کردنی کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل، بە پێی ئامار یەکجار زۆر کوشندەیە، بەڵام کەس لێی ناترسێ چونکە مێشکی ئێمە کۆنە و مۆبایل و تێکست و ئۆتۆمۆبێل نوێن و کاتێک مێشکی ئێمە میلیۆنەها ساڵ لەمەوبەر بە دەستی تەکامول دروست دەبوو، بەرزایی و ئاوی قووڵ و بوونەوەری دڕندە هەبوون و ئۆتۆمۆبێل و... نەبوون. ئێمە منداڵی ئەو کەسانەین کە لە بەرزی و بونەوەری دڕندە و... ئەترسان. ئەوانەی کە نەدەترسان یا لە بڵێندی بەربوونەوە و ملیان شکا یان شێر وپڵنگ و .. . خواردنی و منداڵیان لە پاش بەجێ نەما. هەستی نەتەوەییش بە هەمان

شێوە لەو کاتەوە هاتووە کە باب و باپیران و نەنکە پیرانی ئێمە کۆچەر بوون و هەر ڕۆژەی لە شوێنێک. ئەو شتەی کە لە تاڵان و کوشتن و برینی ئیتنیکەکانی تر و بوونەوەری درندە پاراستنی، یەکگرتوویی و هەستی خۆشویستنی یەکتری بو. دیارە بۆ ئێمەشیان بە جێ هێشتوە و لە تەکماندا لە دایک ئەبیت.

دەستەیەکی تر گرووپە مۆدێرنیستەکانن، کە لە ئاکادیمیادا زۆربەن. ئەوان پێیان وایە کە نەتەوە و دەوڵەت و نەتەوەخوازی، دیاردەیەکی نوێ و بەرهەمی ڕێنێسانس، ڕیفۆرمەیشن، عەسری ڕەوشەنگەری، شۆڕشی سەنعەتی و عیلمین. ئەوان سەرەڕای ئەوەی ئەم دیاردانە بە ڕەوا دەزانن، پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بە هەنگاوێکی گرینگی بەرەوپێش، لە ژیانی مێژوویی هەر نەتەوەیەکدا پێناسەی پێدەکەن.

دەستەیەکی تر پێیان دەگوترێ «ئێسێنشالیست»ـەکان کە پێیان وایە کێشەی ئیتنیکیی ئەمڕۆ، سەرچاوەکەی، کێشەی کۆنی ئیتنیکەکانە کە تا ئیمڕۆش درێژەی هەیە. ئەم بۆچوونە لە نوسینەکانی ڕۆژنامە گەورەکان لە چەشنی نیوێۆرک تایمز و ئیکۆنۆمیست و.... ڕەنگدەداتەوە. کاتێک دۆناڵد ترامپ پاش کشانەوەی هێزەکانیان لە کوردستانی ڕۆژئاوا، ئێژێ: کیشەی کورد و تورک کێشەیەکی چەند هەزار ساڵەیە، دەری ئەخا کە نیوێۆرک تایمز و ئیکۆنۆمیست ئەخوێنێتەوە و دەست لە کتێب نادا.

**دووهەم**

ئەوانەی کە ناسیۆنالیزم بە نەرێنی و خراپ و فیڵی ئیلیت و سەرکردەکان دەزانن.

ئەوانە پێیان وایە کە هەستی نەتەوەیی هەستێکی هەڵەیە وسەرکردەکان بۆ دەسکەوتی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی، کەڵک لەم هەست و سۆزە هەڵەیەی کۆمەڵانی خەڵک وەردەگرن. چەند ساڵ لەمەوبەر پرۆفسۆر «پۆڵ کۆلییەر»ی ئابووریزانی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە تەک پرۆفیسۆر «ئەنکە هۆیفلر»ی ئەمریکایی، تێئۆرییەکی نوێیان لە ژێر ناوی «گرید یا گریوەنسس»، هێنایە ئاراوە. گرید یانی تەماح و گریوەنسس یانی نارەحەتی و دڵشکاوی و خەمباری. تێئۆرییەکە ئیددیعای دەکرد کە: دەکرێ گشت کێشەیەکی ئیتنیکی و شەڕی ناوخۆ لە ڕووی بەرژەوەندیی ئابووریی بەشدارانیەوە ڕوون بکرێتەوە. ئەیانوت هۆی سەرەکیی نارازی بوونی کۆمەڵانی خەڵک لە حکوومەتی ناوەندی، زەبروزەنگ نیە، بەڵکوو سەرکردەکان بۆ بەدەسەت هێنانی سەرچاوەی ماڵی و دەسەڵاتی سیاسی، خەڵک هان دەدەن و شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی دروست ئەکەن. ئەم تێئۆرییە زۆر زوو کەوتە بەر ڕەخنە و دیبەیتێکی زۆری لەسەر کرا. ئاخری بڕیاریان دا کە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لەسەر بکرێت. وابوو کە گرووپێکی گەورەی پسپۆڕانی بواری جیاواز و ڕۆژنامەوانان، تێئۆرییەکەیان لە تەک سی کەیسی بزووتنەوەی ئیتنیکی و شەڕی ناوخۆیی وڵاتانی جیاواز هەڵسەنگاند. دوای دە ساڵ کار و لێکۆڵینەوە و سەدان ڕیپۆرتی مەیدانی، ڕایانگەیاند کە ئەم تێئۆرییە پڕە لە هەڵە و خەڵکی وڵاتان لە دەست زوڵم و زۆری حاکمان و زیندان و کوشتوبڕ و بێ مافی تووڕە و دڵتەنگن. زۆربەی خەڵک تەنانەت سەرکردەکانیش، گیان لەسەر

> **ئەشێت ئێمە حیسابی دینداریی موسوڵمانی کورد تەنانەت مەلا کوردەکان لە حیسابی ئیسلامییە سیاسییەکانی وەک ئیخوان جیا بکەینەوە. لە باری سایکۆلۆژییەوە، ناسیۆنالیزم زۆر لە دینداریی ئاسایی و غەیرە سیاسی بەهێزترە**

دەست، هەوڵی دەرباز بوون لە دیکتاتۆری و بێ مافی ئەدەن. نووسەرانی تیئۆرییەکەش ئاکامــی لێکۆڵینەوەکانیان قوبووڵ کرد و لە تیئۆرییەکەیان پاشگەز بوونەوە.

دەستەیەکی تر کە لە کۆنەوە ناسیۆنالیزم و هەســتی نەتەوەیی بە هەڵەی کۆمەڵانی خەڵــک و فێڵــی ئیلیت و ســەرکردەکان دەزانن، مارکسیستەکانن. ئەم بیرۆکەیەش وای دانــاوە کــە «ماتریالیزمــی تاریخی»، جەبری تاریخە و سەرمایەداری کۆتایی پێ دێت و سیستەمی سۆسیالیستی و بەدوایدا کۆمۆنیستی زاڵ ئەبێت و جێگایەک بۆ بیری نەتەوەیی نامێنێــت. تەنانەت کۆمۆنیســتەکان پێشبینییان کــردووە کــە لــە داهاتوودا تاک، نــەک هەر پێناســەی نەتەوەییــی گــەرەک نابێت، بەڵکە پێناســەی چینایەتی-پرۆلتاریایــش نامێنێــت و پێناسەی ئەندامەتیی حیزب، جێــگای نەتــەوە و چیــن ئەگرێتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ڕوونکردنەوەیەک لە ســەر تێئۆریی سیاسی بکەم: تێئۆریی سیاســی باوەڕێکی «نورماتیو»ە . وتــەی نورماتیو بە وشــەی «ئەشــێ»، «ئەبێ» و بە فارسی «باید» دەســت پێدەکات. بۆ نموونە ئەشێ خەڵــک خزمەتی دایــک و باوکی پیر و لە کارکەوتووی خۆیان بکەن. یان؛ هەر گەلێک ئەبێ بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات. یا (همه اقوام ایران باید با هم برابر باشند). لە بەرامبەر وتە و بیــری نۆرماتیودا، بیری «ئیمپێریکاڵ»مــان هەیــە. ئیمپێریکاڵ بیر و بۆچوونــەکان لەســەر زەوی، لە مەیدانی کردەوەدا بــە ئامار هەڵدەســەنگێنیت. بۆ نموونە بۆ خزمەت بــە دایک و باوکی پیر، دوای لێکۆڵینەوە بە ئامار پێت دەڵێت چەند لە ســەدی خەڵک ئەم کارە ئەکەن و چەند لە ســەد نایکەن. یان ســەبارەت بە مافی دیاری کردنی چارەنــووس، بە ئامار ڕوونی ئەکاتەوە کــە چەند نەتەوە و کەی و چۆن ئــەم مافەیان بە دەســت هێنــاوە و چەند نەتــەوەش تا ئێســتا نەیانتوانیوە. بە زمانی نورماتیو دەتوانی بە دڵی خۆت قســەی زل بکەی و ڕێگا چارە بۆ دنیا بدۆزیتەوە. بەڵام بەزمانــی ئیمپێریکاڵ، وســتەت لێوە نیە. دیارە سیاسەت و زانست بە وردی گوێچکە ئەدەنــە وتــەی نورماتیو بــەڵام بۆ ئەوەی بزانێت چی بــکات، چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و وەڵامــی ئیمپێریکاڵ ئەبێت. تێۆرییــە مارکسیســتییەکان دەمێکــە بە تایبەت ســاڵانی شەستی میلادی، بە تەجرەبە و کــردەوە و ئیمپێریــکاڵ، وەدرۆ کەوتوونــەوە. بۆ نموونە پێشــبینییەکانی مارکــس و ئینگێڵــس: کــە بزووتنــەوە نەتەوەیییەکان دواییان دێت بــە پێی ئامــار پێچەوانەکەی ســــەلما. لە کۆنفرانســی وییەنــەوە(١٨١٤-١٨١٥) تا کونفرانسی وێرسای (١٩١٩-١٩٢)، لە هەر پێنج شــەڕی کە زیاتر لە هەزار کوشــتەی لێ بکەوێتەوە یەکێکیان شەڕی ئێتنیکی و ناسیۆنالیستی بوون. لە کۆنفرانســی وێرسای تا ڕووخانی ســۆڤیەت(١٩٩١)، لە هەر بیســت شەڕی کە زیاتر لە هەزار کوشتەی بووبێت، نۆیان ئێتنیکــی و ناسیۆنالیســتی بــوون. دوای ڕوخانی ســۆڤیەت تا ئیمڕۆ لە هەر بیست شــەڕی لەم چەشــنە پازدەیان ئێتنیکی و ناسیۆنالیستی بوون .لە حەفتاکانی میلادیدا چەند کەســێک هەوڵیان دا کە لە ڕوانگەی مارکســیزمێکی ســەردەمییەوە، سەرنجی دیــاردەی ناســیۆنالیزم بدەنــەوە. یەکێک

> هەستی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بەشێکە لە سایکۆلۆژی و کاراکتەری مروڤ. لە «ژین»ــەکانماندایە و ئەم هەستە لە ناو گشت کۆمەڵگایەکدا هەیە و سروشتیە

لەو کەسانە تۆم نارین بوو کە تیئۆریی پەرەگرتوویی نابەرابەریی نووسی. ئەوی تریشیان مایکڵ هێشتێر بوو کە تیئۆریی ئینترنال کۆڵۆنیالیزمی دانا (کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی یان ناوەکی). هەر دوو تیئۆری، بە تیئۆریی ئیقتیسادی لە قەڵەم دەدرێن و سەبارەت بە بریتانیا نووسراون. بە پێی تیئۆریی کۆڵۆنیالیزمی ناوەکی، سکاتلەند و وەیڵز، بە شێوەیەک کراون بە کۆڵۆنیی ئینگلستان. با رووناکی بخەینە سەر بار و دۆخی سکاتلەند. سکاتلەند و ئینگلستان لە ساڵی ١٦٠٣ی میلادییەوە هاوپەیمان بوون لە ساڵی ١٧٠٧ بەم لاوە، بوون بە یەک وڵاتی یەکگرتو و لە تەک وەیڵزدا، یونایتد کینگدمیان پێک هێناوە. ئابووریی سکاتلەند زۆر بەهێزە و لە چەشنی ئینگلستانە. سکاتلەند، پارلمانی خۆیان هەیە و لە پارلمانی وێستمینیستیری لەندەنیش فراکسیۆنێکی کاران و بریارەکانیان بە برە. بەڵام سەرەرای ئازادی و ئابووریی باش هەوڵی جیابوونەوە ئەدەن و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مافی خۆیان ئەزانن و بە رێگای پێشکەوتنی زیاتری خۆیانی دادەنێن. یان کاتاڵۆنەکانی ئیسپانیا کە باشترین ئابووریان هەیە، خەڵک تێر و تەسەل و ئازادن، بەڵام گەرەکیانە جیا ببنەوە. یانە باسکە فەرەنسی زمانەکانی کانادا، لە یەکێک لە ئازادترین و خۆشبژیوترین وڵاتانی دنیا دەژین و گیروگرفتی ئابوورییان نیە، بەڵام هەوڵی جیا بوونەوە ئەدەن. ئەوەشم گوتبێت کە کیبیکییەکان هەرگیز ملیان نەدا کە منداڵەکانیان بە ئینگلیزی بخوێنن و فەرەنسی زمانی خوێندنیانە. ئەگەر گەرەکم بێت باسەکە لە چەند دێرێکدا کورت بکەمەوە ئەڵێم: هەستی نەتەوەیی و ئیتنیکی، بەشێکە لە سایکۆلۆژی و کاراکتەری مروڤ. لە «ژین»ـەکانماندایە و ئەم هەستە لە ناو گشت کۆمەڵگایەکدا هەیە و سروشتیە. ئەگەر تۆ لیوانێک ئاو بەرەو ژوور هەڵدەی، ئاوەکە لە کاتی رژانە خواردا ئەبێت بە دڵۆپی خر و دەرژێتە سەر ز ەوی. هۆیەکەشی تایبەتمەندیی مولیکۆلی ئاوە. ئەو چەشنەی کە هیدرۆژێن و ئوکسیژنەکان بە یەکەوە پەیوند بوون، حوکم دەکات ئاو تەنانەت لە مانگیش ببێت بە دڵۆپ. مروڤەکانیش بە پێی سروشتیان بە وتەی فەیلەسووفی ئاڵمانی یۆهان گاتفرید هیردر: هەر میللەتە تایبەتمەندی و لێهاتوویی و ئیستیعدادی خۆی هەیە و گەرکیانە بە ئازادی لە ناو هاوچەشنی خۆیاندا بژین و رێگای پێشکەوتنی خۆیان بگرنەبەر.

ناسیۆنالیزم هەستێک و ویستێکی نەتەوەییە. هەر گەلەی بە پێی ساختاری سایکۆلۆژیکی خۆی دەخوازێ گەشە بە فەرهەنگی خۆی بدات، زمانی دایکیی خۆی بپارێزێ، دەسەڵاتی ماڵی خۆی بە خۆی بێت و کەس بە زۆرەملێ حوکمی خۆی بە سەردا نەسەپینی. رێگای پێشکەوت و حەسانەوەی خۆی بگرێتەبەر و بروا. ئەگەر ناسیۆنالیزم بۆ ئازادی و دیمۆکراسی بووبا، باسک و کاتاڵۆن و ئیرلەندی و سکاتلەندی، کەمیان نییە. ئەگەر بۆ ئابووری بوایە، کاتاڵۆنیا یەکێک لە سەرکەوتووترین بەشەکانی ئیسپانیایە. ئەگەر بۆ زمانی دایکی بوایە، سکاتلەندییەکانیش زمانی دایکیان ئینگلیسیە. باش وایە نەتەوە بشوبهێنین بە کەنیشکێک یا کورێکی گەنج، کە کاتێک دەگەن بە تەمەنێکی تایبەت گرینگ نیە جوانە یا ناشیرینە، باڵابەرز یا کورتەباڵایە، خوێندەوارە یان نا، پارەدارە یا خێر، گەرەکی ئەبێت هاوسەرگیری بکات و ئەشیکات. نەتەوەش بە هەمان شێوە. ئەگا بە تەمەنێک کە ئەتوانێت خۆی رزگار بکات و ئەیکات. مامۆستا هێمن گوتەنی:

لە شان و باهۆی خۆم رادی
هەڵگرم ئالای ئازادی

# اصلاح‌طلبی ایرانی
## (خوانشی با رویکرد جامعه‌شناسی معرفت)

آسو کُردستانی

"
اصلاح طلبان کُرداز مبانی نظری و معرفتی چندان مستحکمی برخوردار نیستند و ایدئولوگ شناخته شده و مطرحی ندارند و بیشتر متاثر از گفتمان مرکز می باشند. تا جایی که عده‌ای آن را به ماری تشبیهی نموده اند که سرش در تهران و دمش در کُردستان می باشد. بر این اساس می توان گفت، جریان اصلاحات در کُردستان همچون جریانی پیرامونی بیشتر از آن که ناشی از ضرورتهای جامعه کُردستان باشد، تابعی از نوسانات مرکز بوده و بیشتر از آن که متغیری کنشگر باشند؛ واکنشی هستند
"

*هیچ انسان خردمندی جامعه را تخریب نمی‌کند تا دوباره آن را از نو بسازد، مگر آن جامعه مساعد اصلاح نباشد.*

## مقدمه

طرح مباحث و مفاهیمی چون ایده اصلاح طلبی و رفرم سیاسی به اواسط دهه سوم انقلاب و مشخصاً با روی کار آمدن و به قدرت رسیدن سید محمد خاتمی در خرداد ماه سال ۷۶ بر می گردد. اگر چه طرح چنین مباحثی تحت عناوین دیگری چون مشروطه خواهی و قانون گرایی از لحاظ تاریخی مسبوق به سابقه و به دوران انقلاب مشروطه (۱۹۰۶) بر می‌گردد. جنبشی که با کش و قوسهای فراوان تا به امروز به حیات خود ادامه داده و از جنبشی نسبتاً مستقل و دمکراتیک و ترقی خواه، به جریانی وابسته به نظام سیاسی و مرتجع تقلیل یافته و بیش از آن که دغدغه تغییر و اصلاحات دمکراتیک داشته باشد، درصدد به بیراهه بردن مطالبات دمکراسی خواهانه به منظور حفظ نظام، جهت تامین منافع گروهی اقلیت حاکم می‌باشد.

جهت شناخت و فهم هر چه بیشتر جریان اصلاح طلبی، به تعبیر فلاسفه لازم است دوگانه اصلاح طلب و اصول گرا در رابطه با زمینه‌های اجتماعی تاریخی خاص جامعه ایران، تحلیل و واکاوی شود. از این رو تعمیم این نظریات در مورد جوامع دیگر موضوعیت ندارد. این نوشتار درصدد است از مَنظر جامعه شناسی معرفت، ایده اصلاح طلبی در ایران و متعاقب آن جایگاه اصلاح طلبان کُرد را در این موازنه قدرت، در رابطه با پرسش کُرد بررسی نماید. تا از این طریق به فهم هر چه بیشتر خاستگاه اصلاح طلبی و پاسخی مناسب در خور عنوان بحث ارائه دهد.

## تعریف اصلاحات

اصلاحات یا رفرمهای سیاسی خود یکی از عوامل عمده تحولات سیاسی بوده اند. این نوع تغییر سیاسی ممکن است در ابتدا محدود باشد و سعی در اصلاح برخی جنبه‌های جامعه داشته باشد و سپس دامنه گسترده تری یابد (بروس کوئن، ۱۳۷۲: ۴۲۱).

در اندیشه سیاسی و اجتماعی برای اصلاحات تعاریف متعددی ارائه شده است. بسیاری از این تعاریف مشابه هم هستند. به طور کلی می توان گفت: (اصلاحات هواداری از سیاست تغییر زندگی احتماعی، اقتصادی و سیاسی، اما بدون شتاب که اندیشه قهر انقلابی را کنار نهاده و خواستار دگرگونی آرام نهادهای اجتماعی است) (دیانی نژاد، ۱۳۹۳ :۶۲). برخی نویسندگان مفهوم اصلاحات را در مقابل انقلابات به کار می برند، در حالی که تعمیق انقلاب ها نیازمند اصلاحات از بالاست (بشیریه، ۱۳۸۴: ۱۸۸). بشیریه بر این باور است، (در کشورهایی که امکان وقوع انقلاب از پایین نشد، انجام اصلاحات از بالا جانشین انقلاب شد. اصلاحات میجی در ژاپن در سال ۱۸۶۸، اصلاحات معروف بیسمارک در آلمان و اخیراً اصلاحات گورباچف در شوروی سابق پیامدهای بزرگ و انقلابی به همراه آوردند) (همان : ۱۸۶).

انجام اصلاحات در هر جامعه‌ای مستلزم آن است که رژیمهای سیاسی از حداقلی شرایط دمکراتیک برخوردار باشند. هانتینگتون معتقد است، میان دمکراسی و اصلاحات سیاسی رابطه متقابل وجود دارد و ضعف و قوت هر یک موجب ضعف و قوت دیگری می شود (کدیور، ۱۳۸۶: ۱۰-۱۱). علاوه بر آنچه گفته شد، (پیروزی اصلاحات از جمله نیازمند وقوع آنها در موقعیتهای خاصی است. معمولا وقتی رژیمهای سیاسی دچار بحران آشکار و فزاینده شوند، اصلاحات از موضع ضعف و در واکنش به بحران صورت گیرد، به همین دلیل ممکن است خود موجب تشدید بحران شود و اثر مطلوب را باقی نگذارد. بر عکس اصلاحات از موضع قدرت و پیش از بروز

بحران صورت گیرد، کارسـازتر است. از حیث نـوع نظامی کـه اصلاحـات در آن صورت می گیرد، رژیمهای بسـته و اقتدار طلب را باید از رژیمهای دمکراتیک جدا کرد. رژیمهای اقتدار طلب از این حیث آسیب پذیرند و ممکن است اندکی اصلاحـات، کنترلهای رژیـم را کم کم تضعیف کنـد و به تشـویق و تقویت مخالفان نظام و احتمالا سـرنگونی و فروپاشی آن منجر شـود. بر عکس نظامهای دمکراتیکتر، ظرفیت بیشـتری برای رفرم دارند. از لحاظ نوع، هدف اصلاحات سیاسـی ممکن است پاسخگویی به بحران مشروعیت رژیم، ترمیم مبانی اقتدار آن و یا پاسـخگویی به بحران مشارکت و گسترش و تقویف مجاری مشـارکت عمومی در سیاست باشـد) (بشـیریه، ۱۳۸۴: ۱۸۷). اغلـب پیـروزی اصـلاح طلبان به همکاری بخشـهای عمده‌ای از نیروهای مخالـف و اصلاح طلب در خارج از حیطه حاکمیت سیاسی نیاز دارد (همان، ۱۸۷-۱۸۸).

## جامعه شناسی معرفت

(شـاخه‌ای از جامعه شناسـی را که به مطالعه روابـط بین تفکر و جامعه می پردازد، می توان جامعه شناسـی معرفت نامید) (کـوزر، ۱۳۷۳ : ۲۱۱). جامعه شناسی معرفت یکی از جوانترین شـاخه‌های جامعه شناسـی اسـت؛ به عنوان نظریه در صدد اسـت، رابطه میان شـناخت و هسـتی را تحلیـل کند و به عنوان پژوهشـی تاریخی- جامعه شناختی می کوشد صورتهایی را که این رابطه طی تحول فکری و معنوی بشر به خود گرفته است بررسی نماید.

ایـن شـاخه از جامعـه شناسـی در صدد تعقیب دو هدف اساسـی اسـت، (از یک سو ، هدفش عبارت اسـت از کشف معیارهای عملی موثر برای تعیین مناسبات متقابل میان اندیشه و عمل اسـت. از سـوی دیگر، امیدوار است با اندیشدن کامل در این مساله از آغاز تا پایان به شـیوه‌ای ریشه دار و خالی از تعصب، نظریه‌ای متناسب با موقعیت حاضر درباره اهمیت عوامل غیر نظری مشـروط کننده در شـناخت عرضه دارد) (مانهایم، ۱۳۸۰ :۳۴۰).

از لحـاظ تاریخی اگر چه جامعه شناسـی معرفت ریشه در تفکر قرن نوزدهمی اروپا دارد، اما پیشینه آن به گذشـته‌های بسیار دورتر بر می گردد. به طور کلی جامعه شناسـی معرفت از دو جریان تفکر اروپایـی قرن نوزدهم متاثر اسـت. یکی سنت مارکسیسـتی در آلمان، که در ذیل آن اندیشـمندانی چون کارل مارکس، جورج لوکاچ، ماکس شـلر و کارل مانهایم قرار دارند. دیگری سنت دورکهایمی در فرانسه می باشـد. علاوه بر دو جریان نامبرده شده، سنت پراگماتیـزم و رفتارگرایـی اجتماعی آمریکا به عنوان سـومین محور، بر رشد و توسعه جامعه شناسـی معرفت تاثیر گذار بوده اسـت (کوزر، ۱۳۷۳: ۲۱۲) ایـن نوشـتار با تاکیـد بر جامعه شناسـی معرفت بویـژه آراء کارل مانهایم، در صدد تبیین خاسـتگاه ایده اصـلاح طلبی در ایران میباشد.

مانهایم به عنـوان نماینـده اصیل جامعه شناسـی معرفت و یکی از اندیشـمندان تاثیر گذار در ادامه سـنت مارکسیستی به شمار می رود. اگر چه خود مانهایم از سنت مارکسیستی نبود، اما سخت تحت تاثیر آن بود. وی به همان اندازه که تفسیر مارکسیستی را تعمیم داد، به همان انـدازه آن را از کلیـه پیرایه‌های جدال بـر انگیزی که در آثار بنیانگذاران برجسـتگی داشت، زدود (همان: ۲۱۵) .

جهـت گیری جامع مانهایـم، (ایده امکان (Probability)) را پـرورش داد، مبنی بر اینکه کل ایـده ها، حتی حقایـق (Truths)، نه فقط وابسته به موقعیت اجتماعی تاریخی ای هستند که در آن پیدا شـده اند، بلکـه تحت تاثیر آن وضعیت نیز هسـتند) (همان: ۲۱۵). وی معتقد بود که شناخت شناسی epistemology (بدان گونه که کانت سـاخته و پرداخته بود) منسوخ شده است و نظام علمی جدیدی که همانا جامعه

شناسی شناخت می باشد باید بر جای آن تکیه زند. بر طبــق نظر مانهایم هر گونه شــناختی مقیــد بــه موقعیــت situationgedunden ـ یعنی وابســته به مجموعه‌ای از شرایط و اوضاع اجتماعی و تاریخی ـ اســت (مانهایم، ۱۳۸۰: ۴). جامعه شناسی شــناخت مانهایم درصدد است (بر این پرســش پرتو افکند کــه چگونه علایق و مقاصد برخی گروههــای اجتماعی در برخی نظریه ها، آموزه ها و جنبشهای فکری جلوه گر می شــود. آنچه برای پی بردن به هر جامعه‌ای اهمیت بنیادی دارد، عبارت اســت از تشخیص انواع گوناگون شــناخت و ســهم منابع جامعه که وقف پروردن هر یک از این انواع شــناخت می شــود) (همــان: ۳۲). بنابراین مانهایم ادعای مارکسیستی را مبنی بر اینکه «معرفت کامل» از طریق حاکمیت طبقه پرولتاریا به دست می آید قبول ندارد و معتقد اســت جامعه شناسی معرفــت مجهز به گــواه معتبری برای کشــف حقیقــت نبوده و فقــط درک ما را از نظام ایده هــا افزایش می دهد (کــوزر، ۱۳۷۳: ۲۱۶). علاوه بــر موارد فوق، به نظــر مانهایم آدم با ملاحضه چشــم اندازهای افراد و گروه ها نسبت به امور و بــه عبارتی با ملاحضه « شــیوه نگرش افراد نســبت به امری، درک آنان از آن و تفســیری که از آن در ذهن خود دارند، درگیر کاری می شــود که بیش از توصیف جامعه شناسی است. مانهایــم بر خلاف مارکس به جای تاکید صرف بــر عوامل اقتصادی، به نقــش تنوعی از عوامل مانند نســل ها، گروههای منزلــت، گروههای شغلی و امثال آن تاکید می کند (همان، ۲۱۷).

از نظر مانهایم هر عصری از ســبک اندیشه خاصی برخودار اســت و مقایسه میان سبکهای اندیشــه ناممکن اســت، زیرا هر ســبکی، یک حوزه از بنیاد متفاوت (شاید بتوان گفت نسبتا مطلق) را نمایش می دهد. در هر زمانه، از یک ســو گرایش به حفظ وضع موجود و از ســوی دیگــر گرایش به تغییر وضع موجود احســاس می شــود. اقدام به حفظ وضع موجود، موجب پدید آمــدن ایدئولوژیها می گردد تا اندیشــه را بــا آرمانــی جلوه گر ســاختن بیــش از حد گذشته و تاکید فزونمایه بر عوامل ایجاد کننده ایســتایی و ثبات به خطا افکند. از طرف دیگر توجــه به تغییــر وضع موجود، بنیــاد پیدایش اوتوپیاهاست، که هم بر آینده ارج می نهد و هم عوامل رهبری کننده به دگرگونی را گرامی می دارند. مانهایم معتقد اســت، در شرایط مذکور دســت یافتن به حقیقت امکان چندانی ندارد و تنها امید وی برای دســت یافتن به حقیقت، روشنفکران مســتقل و تسلیم ناشده می باشد (مانهایم، ۱۳۸۰: ۴).

## ایــده اصلاح طلبی ایرانــی از مَنظر جامعه شناسی معرفت

از مَنظرجامعه شناســی معرفــت، تفکر اصلاح طلبــی محصــول شــرایط اجتماعــی تاریخی جامعه ایران میباشــد. همچنــان که در مقدمه ذکر شــد، ایده اصلاح طلبی در ایران همزمان با به قدرت رسیدن سید محمد خاتمی به طور رسمی شروع شد. برای فهم بیشتر این موضوع، لازم است در فرایندی تاریخی این مسئله مورد مداقه و بررسی قرار گیرد.

همچنان که بر همگان آشــکار است، پس از انقلاب ســال ۵۷، قدرت سیاســی در ایران توســط روحانیون و گروههای تندرو و افراطی که امــروزه تحت عناوین اصول گرا و محافظه کار شناخته می شوند، قبضه شد و تا سال ۷۶ از انسجام نسبی برخوردار بود. پیامد به قدرت رسیدن نیروهای افراطی، کشور را در دو جبهه داخلی و خارجی با چالشــهای اساسی روبه رو نمــود. در جبهه خارجی به خاطر اســتراتژی صدور انقلاب، در نخســتین ســالهای پس از انقلاب با جنگ عراق مواجه شــد، که متعاقب آن هزینه‌های انســانی، اقتصادی، اجتماعی و سیاسی زیادی برای کشــور به بار آورد. مزید بر این عامل، به خاطر سیاســت نه شــرقی نه غربی، کشــور از لحاظ بیــن المللی در انزوای

کامل قرار گرفت.

با به قدرت رسیدن نیروهای تندرو، در حوزه داخلی گفتمان جدیدی بنام سنت گرایی ایدئولوژیک شکل گرفت، (که ضدیت با لیبرالیسم غربی، سنت روشنگری، تاکید بر بسیج توده ای، نخبه گرایی، رهبری، اطاعت و انظباط و همبستگی بر اساس هویت مذهبی از عناصر اساسی آن به شمار می رفت. این گفتمان در واکنش به فرایند فروپاشی همبستگی و توده‌ای شدن جامعه در عصر پهلوی پدیدار شد، که خود حامل دو گرایش عمده بود. یکی گرایش محافظه کارانه تر گروههای سنتی بالا و دیگری گرایش کم و بیش ضد سرمایه دارانه و رادیکال گروههای سنتی متوسط و پایین) (بشیریه،۱۳۸۳:۷۰۴ - ۷۰۵). ایدئولوژی سنت گرا با همه مظاهر غربی و بویژه با دمکراسی و حقوق بشرسر ناسازگاری داشت و به غیریت سازی پرداخت، عاملی که دشمن اصلی جامعه مدنی به شمار می رود و درصدد یکسان سازی نیروهاست، در حالی که جامعه مدنی مستلزم کثرت گرایی است. پیامد چنین وضعیتی، نیروهای افراطی به سرکوب و سلاخی تنوعات جامعه ایران از زنان گرفته تا نیروهای قومی و مذهبی، نیروهای سیاسی مخالف و غیره پرداختند. سرکوب مبارزات حق طلبانه مردم کُرد، تُرکمن، بَلوچ، دامن زدن به جنگهای قومی و مذهبی در مناطق مختلف ایران (قارنا و قلاتان)، قتل و عام زندانیان سیاسی در سال ۶۷ و غیره نمونه ی بارز چنین رفتارهای خصمانه‌ای می باشد. در نتیجه عوامل فوق، رژیم در بعد داخلی نیز با بحران مشروعیت و اقتدار روبه رو شد. در چنین شرایط بحرانی، دولت از انجام کار ویژه‌های خود جهت انسجام میان طبقات حاکمه از یک طرف و ایجاد تفرقه در میان طبقات و گروههای متعارض از طرف دیگر ناکام ماند. به تعبیر مانهایمی در چنین وضعیتی نیروها و هیات حاکمه به خاطر جایگاه، سلایق و از همه مهمتر منافع متفاوت، در دو قطب مخالف هم قرار گرفتند. گروهی خواهان حفظ وضع موجود بودند و امروزه در ادبیات سیاسی ایران به اصولگرایان یا محافظه کاران معروف هستند. گروهی دیگر که خواهان تفییر وضع موجود بودند، امروزه تحت عنوان اصلاح طلبان شناخته می شوند. اقدام به حفظ وضع موجود، موجب پدید آمدن سنت گرایی ایدئولوژیک (اسلام) گردید، که بیشتر در صدد آرمانی جلوه‌گر ساختن گذشته و تاکید بیش از اندازه بر عوامل ایجاد کننده ثبات و ایستایی، بـه منظور پنهان ساختن و لاپوشانی کردن مناسبات و ساختهای اجتماعی جهت توجیه کردن و استوار ساختن مناسبات مذکور بودند . توجه به عامل تغییر، بنیاد پیدایش اوتوپیای اصلاح طلبی گردید. اگر چه اصلاح طلبان، در نظر بیشتر بر آینده ارج می نهند و بر عامل دگرگونی تاکید مینمایند، اما وقتی به قدرت می رسند به سان اصولگراها عمل می کنند.

## ایده اصلاح طلبان کُرد از مَنظر جامعه شناسی معرفت

ایده اصلاح طلبان کُرد به جریانی گفته می شود که همچون اصلاح طلبان ایرانی خواستار تغییرات تدریجی، بدون خشنوت و آرام نهادهای اجتماعی می باشند. این مفهوم در مقایسه با اصلاح طلبان ایرانی به نسبت مفهوم نو پایی است که در مناطق کُردنشین ایران به ویژه در ایام انتخابات قارچ گونه اما از نوع سمی آن، رشد و نمو یافته اند.

اصلاح طلبان کُرداز مبانی نظری و معرفتی چندان مستحکمی برخوردار نیستند و ایدئولوگ شناخته شده و مطرحی ندارند و بیشتر متاثر از گفتمان مرکز می باشند. تا جایی که عده‌ای آن را به ماری تشبهی نموده اند که سرش در تهران و دمش در کُردستان می باشد. بر این اساس می توان گفت، جریان اصلاحات در کُردستان همچون جریانی پیرامونی بیشتر از آن که ناشی از ضرورتهای جامعه کُردستان

باشد، تابعی از نوســانات مرکز بوده و بیشتر از آن که متغیری کنشگر باشند؛ واکنشی هستند.

بر اساس معرفت شناسی مانهایمی میتوان گفــت، هیچ گونه ارتبــاط ارگانیکی میان ایده اصــلاح طلبان کُــرد و زمینههــای اجتماعی و تاریخی کُردســتان بویژه دو استان کُردستان و آذربایجان غربی وجود ندارد. بعنوان گواهی دال بر این ادعا می تــوان گفت، اگر چه انتظار می رفت ایده اصلاح طلبی در اســتانهای کرمانشاه و ایلام رونق بیشــتری داشــته باشد، بر عکس در دو اســتان کُردســتان و آذربایجان غربی از رشــد چشــمگیر تری بر خوردار بوده است. بر مبنای این استدلال می توان گفت، ایده اصلاح طلبی در مناطق کُردنشــین ایــدهای وارداتی بوده و هیچ ســنخیتی بــا زمینههای اجتماعی و تاریخی کُردستان ندارد. بلکه بواسطه اصلاح طلبان مرکز نشــین از کانال رســانه ها و از آن مهمتر بواسطه دانشجویان کُرد در دانشگاههای کشــور به کُردســتان ســرایت نموده است. در این رابطه مــی توان به نقش کلیدی کســانی همچــون عبدالله رمضانزاده بعنوان ســخنگوی وقت دولت اصلاحــات، حمید رضا جلایی پور، احســان هوشمند، جلال جلالی زاده، و عدهای از کُردهــای مقیم مرکز اشــاره نمود. بعدا ایده فوق در میان عده محدودی از تحصیلکردهگان قشری و سطحی با خمیر مایهای از گرایشهای ملی ـ مذهبی با چاشــنی تندتر ســنی گرایی، همچــون خالد توکلــی، صلاح خدیــو، فرهاد امین پور، عبدالله سهرابی، حاسل داسه، احمد عزیزی و غیره که بیشــتر کنشهایشان معطوف به اجرایی شــدن دو ســه مورد از اصول قانون اساســی در رابطه با ملتهای ایران و رسیدن به پســتهای مدیریتی بود، اشــاعه یافت. علاوه بر موارد مذکور، در ایــن اواخر ایده اصلاح طلبی در میان یکی از جریانهای دینی نوپا که امروزه در کُردستان به نام «دعوت و اصلاح » شناخته می شــوند، اشــاعه یافته اســت. تــا جایی که جماعــت دعوت و اصــلاح آخرین کنگره (۹۸) خود را در تهران برگزار کردند.

ایده اصلاح طلبی در کُردستان، در ابتدای امر به ســان حربهای انتخاباتــی در واکنش به بحران مشــارکت مطرح شــد. زیرا در سالهای قبل از خرداد ۷۶، میزان مشارکت در کُردستان در مقایســه با اســتانهای دیگر کشــور تفاوت معناداری داشت. اما در سالهای بعد با عملیاتی کردن پروژه فوق، میزان مشارکت در انتخابات بویژه در انتخابات ریاست جمهوری سید محمد خاتمی به میزان چشمگیری افزایش پیدا کرد.

لازم به ذکر است، در رشد و پیشرفت نسبی جریان اصلاحات در کُردستان، چندین فاکتور نقش اساســی داشــتند. از همــه مهمتر نقش احزاب ملی گرای کُرد بــود. عدهای از رهبران احــزاب کُرد، متاثر از غلبه گفتمان اصلاحات و تحلیل شــرایط اقتصادی، اجتماعی و سیاسی، بر این باور بودند که جمهوری اســلامی در یک بحران و بن بســت تاریخی قــرار گرفته و برای خــروج از بحــران، نیازمند اصلاحات اساســی است. بر اساس این تحلیل، در بعضی دورههای انتخاباتی و بویژه در انتخابات مجلس شــورای اسلامی نسبت به کاندید شدن بعضی نامزدهای اصلاح طلب چراغ سبز نشان دادند، با این امید تغییرات فوق مجرایی باشــد برای حل و فصل مطالبات کُردها. از طرف دیگر عدهای از فعالین فرهنگی و مدنی با حسن نیت در این وادی گام نهاده، به امیــد آنکه تبعیضات قومی و مذهبی از مجرای تغییرات فوق بر طرف شود، در حالی که در عمل چنین اتفاقی صورت نگرفت. علاوه بر دو عامل فوق، عــدهای دیگر نیز آگاهانه در جهت خدمت به نظام و با انگیزه کمرنگ جلوه دادن مبارزات راســتین ملت کُرد و در راس آن فعالیت احزاب ملی گرا که از خاستگاه تاریخی و جایــگاه اجتماعی خاصی برخوردار بودند، در صدد بودند تفکر اصلاح طلبی را همچون بدیل و آلترناتیــو احــزاب کُرد نشــان دهند. اگر چه بانیــان این فکر در ابتدا بــه خاطر عدم حضور میدانــی احزاب موفقیتهای کســب نمودند، تا

جایـی که در این اواخر رسـانه یکی از احزاب کُرد به تریبـون اصلاح طلبان حکومتی تبدیل شده بود، اما در دراز مدت بیشتر نقشه‌های بد خواهانه شان نقش بر آب شد.

## نتیجه گیری

مبتنی بر رویکرد جامعه شناسـی معرفت می توان گفت، ایده اصلاح طلبی رابطه ارگانیکی با شـرایط اجتماعـی تاریخی جامعـه ایران دارد. بـه تعبیر مانهایـم، گروههای حاکم در جمهوری اسلامی از شرایط اجتماعی یکسانی برخوردار نیسـتند. اختـلاف در موقعیتهای اجتماعی، اختلاف در دیدگاه نسـبت به امور و مسـائل جامعه ایران را به دنبال داشته، اگر چه اختـلاف نظرها بیشـتر در تاکتیک بوده تا در اسـتراتژی. به عبارتـی حفظ نظام وجه اشـتراک هر دو گروه بـوده و هر وقت کلیت نظـام به خطر افتـاده، هر دو گـروه با اعلام کردن حالت استثنایی، کلیه اختلافات خود را کنار گذاشته و در مقابل مردم متحد شده اند. برخورد مشـابه و گاها خشن تر اصلاح طلبان در مواجهـه با نارضایتیهای سراسـری آبانماه ۹۸، در مقایسه با اصول گرایان مصداق عینی این ادعاست.

بر اسـاس موقعیتهای متفاوت، گروههای حاکم (اصـول گراها) برای حفظ وضع موجود بـه ایدئولوژی اسـلامی متوسـل شـده اند، تا این کـه وضع موجود را توجیـه نمایند. از طـرف دیگر گروههای در حاشـیه قدرت، در واکنش به بحران ها و دسـت یافتن به قدرت، به یوتوپیای اصلاح طلبی متوسـل شـده اند. نکته قابل تامل در این اسـت، هر وقت اصلاح طلب ها به قدرت رسـیده اند به سـان اصول گرا عمل نموده و اختلاف فاحشـی بین وعده ها و عملکُردشـان وجود داشته و بیشتر از آن که بدنبال اصلاحات و تغییر باشـند، در صدد حفظ وضـع موجود بوده انـد. برعکس اصول گراها تبدیل به اصلاح طلبهای آینده شده اند. انتقاد این روزهای احمدی نژاد به وضع موجود و سران سه قوه نمونه بارز این ادعاست.

در واقـع ایده اصـلاح طلبی بـرای نظام دو کارکرد اساسـی داشـته. نخست خود ایده اصلاح طلبی به سـان ایدئولوژی عمل کرده و کارکردهای اساسـی ایدئولوژی را ایفاء نموده اسـت . یعنی بـا ایجاد نوعـی آگاهی کاذب، مانع شناخت وضعیت و از آن مهمتر در صدد تحریف واقعیتهای جامعه ایران و با توسـل به انواع فریبـکاری ها به حفظ و ماندگاری نظام جمهوری اسلامی کمک نموده است. بیشتر از آن که در صدد تغییر باشد در فکر حفظ نظام، و به جای تاکید بر آینده در صدد بازگشـت به گذشته بوده است . تاکید خاتمی و روحانی بر مردم سالاری دینی و به همان شیوه تاکید میر حسین موسـوی به بازگشت به دوران طلایی امام خمینی، تایید کننده این ادعاسـت. غافل از آن که خود ایده اصلاح طلبی در واکنش به بحرانهـای دوران امـام و خفقان حاکم در آن دوره شـکل گرفت، به همان شـیوه در غرب با گـذار از حکومتهـای دینی به دمکراسـی رسـیدند، نـه با بازگشـت به دیـن، علاوه بر این نظامهای مردم سـالار مشروعیت خود را از مردم کسـب می کنند نـه از دین. دومین کارکرد، اصلاح طلبی به مثابه کاندوم سیاسی است. به این معنا اصلاح طلبان حدود نزدیک به سـه دهه به طور مسـتمر نقش ضربه گیر و سـوپاپ اطمینان نظـام را داشـته اند و با ترفندهـای مختلف ضربـات وارده به نظام را دفع و از بارداری نظام جلوگیری کرده و نقش اپوزیسـون و بدیل اصـول گراها را بازی کرده اند. با این اقدام به سـان کاندومهای تاخیری و گاها از نوع خـاردار، مرگ نظام را به تاخیر انداخته اند.

در مورد اصلاح طلبان کُرد هم باید گفت، ایده اصلاح طلبی در مورد مناطق کُردسـتان بویژه اسـتانهایی کـه دارای ترکیب جمعیتی کُرد و سـنی هسـتند، هیچ گونه سـنخیتی

نــدارد. علم کردن ایده اصــلاح طلبی با هدف تقلیــل دادن مســئله کُرد، بــه اجرایی کردن چند اصل قانون اساسی و دست یافتن به چند پســت مدیریتی، در خوشــبینانه ترین حالت کمک چندانی به حل مســئله کُرد نمی کند. به تعبیر عباس ولی، تا زمانی که هویت قدرت سیاســی در ایران بر اســاس هویت زبانی یک اتنیــک و مذهب خاص (زبان فارس و شــیعه دوازده امامی)، تعریف شــود و مســئله کُرد از یک مســئله امنیتی ـ نظامی به یک مســئله حقوقــی ـ سیاســی تبدیل نشــود، هــر گونه تغیــرات اصلاح طلبانــه در چارچــوب قانون اساسی کمک چندانی به حل مسئله کُرد نمی کند، چون اساسا مسئله کُرد موضوعی خارج از قانون اساسی است و ایده اصلاح طلبی به جز نقش ایدئولوژی، کاندوم سیاســی و آلترناتیف احــزاب کُرد بودن، هیچ کارکرد دیگری ندارد. بر این اســاس می توان گفــت، جریان اصلاح طلبی در مناطق کُردســتان بــرای نزدیک به ســه دهه، به جز منافعی ناچیز برای یک عده ســودجو و فرصت طلب، تا اکنون کوچکترین دســتاورد عملی در ارتباط با حل مسئله کُرد نداشته است.

تجربــه عملی ســه دهه اصــلاح طلبان ، همچنان بر مبنای ابتدایی ترین مبانی منطق و اســتدلال و همچنیــن شــعار معترضین در خیابانهــای ایران، « اصــلاح طلب، اصول گرا، دیگر تمامه ماجــرا»، می توان دریافت، پروژه اصلاحــات در ایران به ســه دلیل با شکســت مواجهه شده است. نخست، نبودن حداقلی از شرایط دمکراتیک در ایران، دوم، شکل گیری ایــده اصلاح طلبی در واکنــش به بحرانها و از موضع ضعف برخورد کردن با شرایط بحرانی، که نه تنهــا کمکی به حل مشــکلات نکرده، بلکه خود باعث تشدید مشکلات و ایجاد نوعی ســردرگمی اجتماعی شده اســت. سوم، عدم ائتلاف و همکاری عملــی میان اصلاح طلبان حکومتی و نیروهای مخالف و اصلاح طلب در خارج از حیطه حاکمیت سیاسی.

با اســتناد به دلایل، شــواهد و دادههای عینی می توان گفت، ایدئولوژی اصلاح طلبی در ایران تاریخ مصرفش به ســر آمده و در یک بن بســت تاریخی قرار گرفته اســت. به تعبیر پارتو جامعه شــناس، دیگر نقش شیر و روباه بازی کردن اصلاح طلبــان و اصول گرایان به ســر آمده و نمی توانند برای همیشه با توسل به ایــن حربهها مردم را اغفال کنند. در حالی که با یک تبارشناســی ابتدایی می توان گفت، اصلاح طلبان همان روباههای مکاری هستند که در هیئت و شکل شیر ظاهر می شوند.

به عنوان ســخن پایانی می تــوان گفت، ایــده معیوب اصــلاح طلبی نمــی تواند برای همیشــه در یک ســیکل معیوب ادامه داشته باشد. برای خروج از وضعیت فوق، چارهای جز تغییر ساختارهای اساسی و به معنای دقیق تر انقلاب وجود نــدارد، چون جمهوری آخوندی یا به تعبیر «شــیرکو بیکس» جمهوری اعدام، دیگر قابل اصلاح و جرح و تعدیل نیســت. اگر چه انقلاب میتواند الزاما خشونت آمیز نباشد، بلکه از راه مســالمت آمیز و به تعبیری از نوع مخملی باشد، چیزی که امروزه در بسیاری از کشورها و بویژه کشورهای اقتدار گرای بلوک شرق سابق رایج است .

## منابع


[۱]. بشــیریه، حســین (۱۳۸۳)، عقل در سیاست (ســی و پنج گفتار در فلســفه، جامعه شناسی و توسعه سیاسی)، تهران، نشر نگاه معاصر، چاپ اول

[۲]. بشــیریه، حســین (۱۳۸۴)، آموزش دانش سیاسی، تهران، نشر نگاه معاصر، چاپ پنجم

[۳]. دیانــی نژاد، زهره (۱۳۹۳)، کالبد شــکافی چهــار انقلاب رنگی، تهران، نشر نگاه معاصر، چاپ اول

[۴]. مانهایــم، کارل (۱۳۸۰)، ایدئولوژی و اتوپیا: مقدمهای بر جامعه شناسی شناخت، ترجمه ی: فریبرز مجیدی، تهران، سمت، چاپ اول

[۵]. کوزر، لویس (۱۳۷۳)، جامعه شناســی معرفت، ترجمه ی: سعید سبزیان، نامه علوم اجتماعی دانشگاه تهران

[۶]. هانتینگتون و همکاران ، ســاموئل (۱۳۸۶)، گذار به دمکراســی، ترجمهی: محمد علی کدیور، تهران، نشر گام نو، چاپ اول

# «روانگه»

۷

# ئێمە و ئەوانیتری حکوومەتی ئێران

**مستەفا هیجری***

> ستەمی نەتەوەیی لە ئێران لە سەر دوو جومگە خۆی ڕاگیر کردووە، یەکەمیان پێکهاتەی حکومەت و یاسا و دەسەڵاتەکەیەتی. دووهەمیان بەناو ئۆپۆزسیۆن، ڕۆشنبیر، ئاکادیمسییەن و تیۆرسییەنەکانی چەمکی ئێرانشار و شۆڤێنیزمی ئێرانییە کە گوتار و دەق بەرهەم دەهێنن و دەرخواردی دسەڵاتی ستەمکاری دەدەن تا پاساوێک بۆ زیاتر لە سەد ساڵ چەوساندنەوە ساز بکەن. تەنانەت بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیۆن، زیاتر لەوەی کە کەڵکەڵەی ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسیی ئێستایان هەبێت، نیگەرانی بێ جێیی دوارۆژی خاکی ئێرانن و ترسێکی شاراوە کە لە توێی نووسین، هەڵوێست و بۆچوونەکانیاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێ




ئێــران جوغرافیایەکی فرەنەتــەوەی هەیە و لانیکــەم شــەش نەتــەوەی گــەورە و چەنــد کەمینە و پێکهاتــەی دیکەی تێدا نیشــتەجێن. هەر کام لەم نەتەوانە خاوەنی خاک و نیشــتمانی خۆیانن. ئەگەرچی ئەم نەتەوانــە لە ڕوانگەی سیاســەتی دەوڵەتی ئێرانەوە بە کەمینــە ئەژمار دەکرێن، بەڵام لە ســەر یــەک، زۆرینــەی دانیشــتووانی جوغرافیای ئێران پێکدێنن. نەتەوەی کورد، یــەک لەم نەتەوانەیە کــە لانی کەم ١٠٪ ی دانیشــتووانی ئێــران پێــک دێنێ و لە پارێزگاکانی ورمێ، ســنە، کرماشان، ئیلام و بەشــەکانی دیکــەی ئــەم جوغرافیایەدا نیشتەجێن.

سەرەڕای فرەچەشنی و فرەنەتەوەبوونی ئێــران، پێکهاتــەی حکومەتــی ئێســتا و پێشــووتر، لەگەڵ ئــەم فرەییــە یەکانگیر نەبووە. ئەوەی هەبــووە نکۆڵی لێ کردن و سڕینەوەی ئەم جیاوازییانە بووە. دەسەڵات لــە ناوەند لە لایەن نەتەوەی باڵادەســتەوە قۆرغ کــراوە و لــە هاوکێشــەیەکی بەناو ناوەند-پەراوێــز، پرســی فرەنەتەوەیــی لە ئێران هیچ کات لە دەســتووری بنچینەیی و گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا جێگەیەکی نەبووە و بە کێشەیەکی هەستیار و پرسێکی ئەمنیەتی لێکدراوەتەوە. هەمیشە لە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا مەبەست لە «ناوەند»، نەتەوەی باڵادەســتی فارس بووە کە نەتەوە بندەســتەکان بە «ئەوانیتر»ی خۆی وەسف دەکات.

بەڵام کوردســتان بەهۆی پێشــینەی ئازادیخــوازی و ئاســتی بەرزی وشــیاریی نەتەوەیی، هەر لە دەستپێکی سازبوون و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە، بووەتــە مەیدانی بەرگری، کە لە یادەوەریی مێژووە پرشنگدارەکەی بە سەنگەری ئازادی دەناسرێتەوە.

خومەینــی لە ١٩ی ئاگۆســتی ١٩٧٩، فتــوای جیهــادی لە دژی کــورد دەرکرد کە تاکوو ئێســتاش بەردەوامــە. لە ئاکامی ئــەم سیاســەتەدا، مەترســیی جیددی لە سەر ناســنامە و ئاسایشی نەتەوەییی کورد دروست کراوە کە چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێ.

ئەگەرچی ســتەمی نەتەوەیی لە هەموو نەتــەوە بندەســتەکان دەکرێ، بــەڵام لە

کوردستان ئەم ستەمە چەندقات زیاترە. لە چوارچێوەی ســـتەمی نەتەوەییەدا، ناوچەی نەتەوە غەیرە فارسەکان، سیمای جوغرافیای سەرکوت و داگیرکراوی بە خۆوە گرتووە.

مەبەست لە ستەمی نەتەوەیی، کۆی ئەو بارودۆخەیە کە بە پێوەرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان و بە بەراورد لەگەڵ ناوەند، ناوچـــەی نەتەوە غەیرەفارســـەکان ستەمیان لێ دەکرێ و دەچەوسێندرێنەوە. تایبەتمەندیی ناوەندگــــــەرایی و دەوری یەکلاکەرەوەی ئیدیۆلۆژیی ناســـیۆنالیزمی ئێرانی، وای کردووە کە ناسنامەی ناوەند دژ بە ناسنامەی ئەوانیتر بێت. لەم سۆنگەیەوە هەر بڕیار یان پرۆســـەیەک کە لە ناوەندەوە بـــەرەورووی بـــوون و مانـــەوەی کـــورد و نەتەوەکانـــی دیکـــە بووەتەوە، ڕاســـتەوخۆ ناسنامە و ئاسایشی ئەوانی کردۆتە نیشانە.

دەســـەڵات لـــە ئێرانـــدا مانایەکـــی نادێموکراتیک، خۆســـەپێنەر و داگیرکەری هەیـــە و بـــەردەوام هەوڵی داوە ســـەرجەم سامان و سەرچاوەکانی ناوچە نەتەوەییەکان تاڵان و کۆنترۆڵ بکات.

دژایەتیکردنـــی مافـــــــی دیاریکردنی چارەنـــووس، ســـەرکوتی سیســـتماتیک، نەبوونـــی دەرفەرتـــی چالاکیی سیاســـی و یاســـایی، بە تاڵانبردنی ســـەروەت و سامان و ســـەرچاوەکانی کوردستان و ڕاگواستنیان بەرەو ناوەند، کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان و هەوڵ بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان، هێنانی بەلێشـــاوی کاربەدەست و بەرپرسی ئیـــداری و بەڕێوەبـــەری ناخۆجێیی ســـەر بە ســـوپای پاســـداران و هێزە ئەمنییەکان، پەراوێزخســـتنی نوخبەی کورد، کوشـــتنی ڕۆژانـــەی کۆڵبـــەران و کاســـبکاران و کردنـــە ئامانجی ژینگەپارێـــزان و چالاکانی مەدەنی و چالاکوانانـــی مافەکانی ژنان، لە ســـێدارەدان و زیندانی و بێ سەروشـــوێن کردنـــی چـــالاکان و تێکۆشـــەرانی کورد، گواستنەوەی ســـەرچاوەکانی ئاو، تێکدانی ژینگە و ســـووتاندنی دارستانەکانی داوێنی زاگرۆس، مینرێژکردنی ناوچە سنوورییەکان، میلیتاریزەکردنی شار و گوندەکان، ئەمنیەتی کردنی ئیدارە، خوێندنگا، مزگەوت و شوێنە گشتییەکان، نموونەگەلێکن کە سەلمێنەری ئـــەو ڕاســـتییەن کـــە بـــە تـــەواوی مانا، پێوەندییەکی داگیرکاری و چەوساندنەوە بە سەر کوردستاندا زاڵە.

پەیڕەوکردنی سیســـتمی پـــەروەردە و ڕاگەیاندنی ئیدئۆلۆژیک، لەپێناو جێ‌خستنی ئەو بیرۆکەدایـــە کە ئێران یەک نەتەوەیە و نەتەوەکانی دیکە قـــەوم و وردەفەرهەنگن. ئاســـمیلەکردنی زمـــان، مێژوو، ناســـنامە، دابونەریت و بەگشـــتی هەوڵی شـــێواندن و تواندنەوەیـــان لە میدیا، کتێبی دەرســـی، شـــانۆ، ســـینەما و پـــڕۆژە ئەمنیەتـــی و فەرهەنگییەکانـــدا ڕەنگـــی داوەتەوە. خاڵی جێی ســـەرنج، ســـەقامگیربوونی سیاسەتی نکۆڵـــی کـــردن و چەوســـاندنەوە لە دەقی یاساکانی ئێراندایە.

پێوەرێکـــی گرنـــگ کـــە لە ســـتەم و هەڵاواردنی چەندقات جێی سەرنجە، بابەتی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی پەیوەســـت بـــەم بـــوارەن. لە ســـەردەمی هاوچەرخـــدا، ناوەنـــد هەوڵـــی داوە وێڕای گۆڕینی دێموگرافیای ناوچە نەتەوەییەکان، لە ئاســـتێکی نزمـــی گەشەنەســـەندوویدا ڕایانبگرێـــت و لـــە ســـتانداردەکانی ژیانی ئەمرۆیی بێبەشـــیان بکات. داهاتێک کە لە ئابووریی یەک بەرهەمی ئێران دابین دەکرێ و ســـامانی گشـــتیی ئەم وڵاتەیە، سەرفی پڕۆژە ئەمنی و فەرهەنگی و ســـەربازییەکان دەکرێت کە ئەویش ئامانجەکەی بەربەست سازکردن لە ڕێگەی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە مافەکانیانە. ئامـــارە فەرمییەکانی خودی ڕێژیم پێوەرێکی دیکەیە بۆ هەڵســـەنگاندن و بەراوردی ئەم ناهاوســـەنگییە. بۆ نموونە،

پارێزگای ئیــلام لە بواری خۆســووتاندنی ژنان و دانیشــتووانی لە ئاستی ئێراندا پلەی یەکەمی هەیە. پارێزگای کرماشان لە رووی بێکارییەوە پلەی یەکەمی هەیە. بە ڕێژەش بێت، شــار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاســت ئەم دیاردانە و کۆمەڵێک قەیرانی دیکە بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای ناوچەکانی دیکە زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە.

ســتەمی نەتەوەیــی لــە ئێــران لــە ســەر دوو جومگــە خۆی ڕاگیــر کردووە، یەکەمیــان پێکهاتــەی حکومەت و یاســا و دەســەڵاتەکەیەتی. دووهەمیــان بەنــاو ئۆپۆزســیۆن، ڕۆشــنبیر، ئاکادیمســییەن و تیۆرســییەنەکانی چەمکــی ئێرانشــار و شــۆڤێنیزمی ئێرانییــە کە گوتــار و دەق بەرهەم دەهێنن و دەرخواردی دەســەڵاتی ســتەمکاری دەدەن تا پاســاوێک بۆ زیاتر لە ســەد ســاڵ چەوساندنەوە ســاز بکەن. تەنانەت بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیۆن، زیاتر لەوەی کە کەڵکەڵــەی ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاســیی ئێســتایان هەبێت، نیگەرانی بێ جێــی دوارۆژی خاکی ئێرانن و ترســێکی شــاراوە کە لە توێی نووسین، هەڵوێست و بۆچوونەکانیاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

دەرگای بەرژەوەندیــی نەتەوەیــی ئێرانی لە ســەر پاژنەی ســەروەریی یەک نەتــەوە دەســووڕێتەوە. هــەر بابەتێک کە پەیوەســت بێت بە مەیلــی پاوانخوازانەی ئەوانەوە، نەتەوەیی، پێشــکەوتوو و فەرمی هەژمــار دەکــرێ و لایەنی یاســایی پێ دەدرێت. لەبەرامبەردا، ئەوەی پێوەندیی بە ناوچــە نەتەوەییەکانــەوە هەبێت مەحەلی، دواکەوتوو، نافەرمی و بە نایاســایی هەژمار دەکرێت. شــۆڤێنیزمی ناوەند، بە نەتەوەیی، خەڵکســالاری ئایینی، ناسیۆناڵیزمی ئێرانی و ناســیۆناڵیزمی مەدەنی مانا دەکرێتەوە. لە بەرامبەردا دەنگی ئازادیخوازی و بزووتنەوەی نەتەوەیــی و دێموکراتیکــی ئەوانی تر بە فێرقەگەرایی، قەومگەرایی، ناســیۆنالیزمی قەومــی، ئاژاوەنانــەوە، بەســتراوەیی بــە بێگانــە، جوداییخــوازی و تێپەڕبــوون لە هێڵی ئاسایشــی نەتەوەیی و ســەروەریی ناوەنــدە لێکدەدرێتەوە. لە ڕاســتیدا ئەمە جەوهەری ڕاستەقینەی گوتاری ناوەندە کە لە تیۆریزەکردنی شــۆڤێنیزمی باستانگەرای ســەردەمی پەهلەوی و دواتر لە سەردەمی کۆماری ئیســلامیدا ڕەگــە مێژووییەکانی دیارە.

لە کۆماری ئیسلامیدا، ئێرانی ئیسلامی ئەو چەمکە بووە کە بە ڕێی هێژمۆنی زمانی فارســی، خوێندنەوەیەکی تایبەت لە یەک ئایین و گەڕانەوە بۆ بەهاکانی شارستانیەتی ئیســلامی پێناســە کــراوە و ئەدەبیات و دەقــی تایبەتیان لە ســەر بەرهەم هێناوە. ســتەمی نەتەوەیی لــە بنەڕەتدا بە ڕێگەی دانانی ســنوورەکانی نابەرابــەری لە نێوان ناوەند و ئەوانیتر پێکهاتــووە کە ڕەهەندی جوغرافیایی، ئابووری، سیاسی، دامەزراوەیی، فەرهەنگی، زمانی، ژینگەیی و ئایینیی هەیە. لەم ژینگە سیاسی و فکرییەدایە کە ڕێگەی گەیشــتنی زۆرینە بە مافەکانیان لە لایەن کەمینەی فارســەوە بەربەستی بۆ دانراوە و بە توندترین شێوە دژایەتی دەکرێ.

بێبەشکردنی نەتەوەکان لە مافەکانیان، سووکایەتی و دروســت بوونی هەستی بێ مافی و چەوسانەوە، هەڵاواردن و سەرکوت بــە شــێوەی ڕاســتەوخۆ، ناڕاســتەوخۆ، پێکهاتەیی و یاســایی ســەقامگیر کراوە. کــۆی ئــەو هەلومەرجەیە کــە دژایەتی، ناکۆکی و کەلێنەکانی نێوان ناوەند و نەتەوە بندەستەکانی بە پانتایی جوغرافیای ستەم و داگیرکاری درێژ و قووڵ کردووەتەوە.

لەگــەل ئەوەیکــە ئێمــە وەک حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران لە دەلاقەی ناســنامەوە دەڕوانینە پرســی نەتەوەیی، بە ڕوانگەی ئیداری و مافی هاووڵاتی بوونیش

بێت، هیچ دەرەتانێک بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە نەماوەتـــەوە. هەر بۆیە لـــە ڕوانگەی هەســـت بـــە بەرپرســـیارێتی بەرامبەر بە نەتەوەکەمان، لە سەر جەوهەر و ناوەرۆکی مافی نەتەوەیی خۆمان پێداگرین.

زێهنیەتـــی بـــێ بنەمـــــــا لەســـەر جیاییخوازبوونـــی نەتـــەوەکان لـــە لایەن ناوەندەوە، قەیرانی ئاسایشـــی نەتەوەیی بۆ ئەوانی تر پێکهێنـــاوە. بەردەوام بوونی وەها هەلومەرجێـــک، پاڵنەرێکـــی سروشـــتی و فاکتەرێکی بەهێـــزە بۆ دەربازبوونی کورد و ئەوانی تر لەم دۆخە چەقبەســـتووە. دۆخی ئێســـتا، بە تەواوی مانا دۆخی بنبەستە، بەو مانایە کە سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک قەیرانی تێکچرژاوی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیـــی و ئیـــداری، پرســـی نەتەوەییی نەتەوەکان بە چارەســـەرنەکراوی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ناوەند بەرامبەر بەم پرسانە وڵامـــدەر نییـــە، بەڵکوو تەنیـــا بەرامبەر بە ئاسایش و بەرژەوەندەییە پێناسەکراوەکەی، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ کە ئەنجامەکەی بووە بە هێشـــتنەوەی جوغرافیای سەرکوت و داگیرکاری کە نەتەوە بندەســـتەکانی لێ نیشتەجێن. هەمووی ئەوانە و زۆری دیکە و پێداگریی ناوەند لەسەر بەردەوام بوونی لەو سیاســـەت و بەرنامە هەڵەیەدا ئەو ئاسۆیەی زۆر لاواز کـــردووە کە کـــورد و نەتەوەکانی دیکە بتوانن بە شـــێوەی ئاشـــتیخوازانە و دڵخوازانە لە ئێرانی یەکگرتوو و یەکپارچەدا بمێننـــەوە. هەربۆیەش ویســـت و ئیرادەی جیابوونـــەوە ڕووی لە هەڵکشـــانە و بووەتە گوتاری بەشـــێکی بەرچاو لە ڕای گشـــتیی ئەوانیتری ناوەند.

ڕەگەکانـــی ئـــەم دژایەتییـــەی کورد و نەتەوەکانـــی دیکە و ئیـــرادەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیـــان لەگەڵ ناوەند دەبێ لە دووتوویێ خەبات و تێکۆشـــانی بەردەوامی ئـــەوان لە قۆناغە هەســـتیارەکانی تەمەنی کۆمـــاری ئیســـلامیدا، خوێندنـــەوەی بـــۆ بکرێت. دواییـــن نموونـــەی بەرچاوی ئەم بەرەنگارییە، خۆپیشـــاندان و ڕاپەڕینەکانی ماوەی ڕابردوو بـــوو کە بە گوێرەی زانیاری و ڕاپۆرتـــە مەیدانییـــەکان و یـــەک لەوان ڕاپۆرتـــی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، زۆربـــەی قوربانییان لـــە جوغرافیای نەتەوە بندەســـتەکان و بەتایبـــەت لـــە ئەهواز و کوردستان ڕوویان داوە. ئەم ڕووداوانە خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکـــەرەوەن کە بوونەتە هۆی بەرینتربوونـــەوەی درز و کەلێنەکانی نێوان ناوەند و نەتەوە بندەستەکان.

بۆ ئێمە، بـــەو ڕادەیە کە تێکەوەپێچانی تۆماری کۆماری ئیســـلامی ئامانجمانە، بەو ڕادەیەش پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دوو هێڵی سەرەکی و پرەنسیپی نەگۆڕن، بەڵام گرینگتر لەمانە، تێپەڕین لە عەقڵانییەتێکە کە بیهەوێ ئەزموونی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی دووبارە بکاتەوە. هەر بۆیە پێمان وایە دەربازبوون لە بنبەستی سیاسیی ئێستا و بنیاتنانی سیســـتمێکی کارامە و وڵامدەر لە داهاتوودا، پێویســـتی بـــە خوێندنەوە و عەقڵانییەتێکی جیاواز هەیە.

ڕابردوو سەلماندوویەتی هەر سیستمێکی سیاســـی کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا لە بەر یەک هەڵدەوەشـــێتەوە و هەر وڵاتێک لەم چەشـــنە کە پارچەپارچە دەبێت، ئەنجامی کۆکردنەوەی لەڕادەبەدەری دەســـەڵاتە لە ناوەنـــد و هەڵاواردن و ئینکارکردنی ئەوانی تـــرە، کە دواجار دەبێتە هـــۆی تەقینەوەی نارەزایی و ڕقی پەنگخواردوو و ڕادیکاڵیزمی شۆڕشـــگێڕانەی ســـتەملێکراوەکان. کـــورد و ئەوانـــی تـــری دەوڵەتی ئێـــران بە دوای سەروەری و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانـــن بـــە هەر شـــێوەیەک کـــە بۆیان بگونجێت.

*. وتاری لێپرســـراوی گشـــتیی حـــدکا کە لـــە ڕێکەوتی ۲۱ی سەرماوەزی ۱۳۹۸ی هەتاوی لە پەرلەمانی ئوورووپا پێشکەش کراوە.

# "وتووێژ"

**وتوویژ لەگەڵ برایم فەڕشی**

برایم فەڕشی لە دایکبووی شاری بۆکان و دانیشتووی ئاڵمانە. لە بواری دراما، ئەدەبیاتی نوێی ئاڵمان، شانۆپێداگۆگی، کامپیوتێر، داڕشتنی سیستەمی فێربوون و مێتۆدی نووسین خوێندوویە. جگە لە بەرهەمی شانۆ و فیلم، نووسراوەکانی لە تۆیی کتێب، گۆوار و ڕۆژنامە و لە ڕێگای ماڵپەڕەکانەوە بڵاو کراونەتەوە. ئەو بە ساڵان وەک شانۆپێداگۆگ لە فێرگە و ناوەندەکانی فێربوون و زیندان، پڕۆژەی شانۆپێداگۆگی بەڕێوە بردووە و جگە لە شانۆ لە زنجیرەی تەلەویزیۆنی دەوری گێڕاوە و دۆبلۆری فیلم بووە. نوێترین پڕۆژەی برایم فەڕشی که لە ساڵی ٢٠١١ ەوە بەردەوامە، دامەزراندنی ئەنستیتۆی Lernhaus بۆ «پرۆسەی فێربوون»ە.

*مامۆستا برایم فەرشی! سازدانی ئەم چاوپێکەوتنە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی جەژنی دووی ڕێبەندان. ئێمە دەزانین کە یەکێک لە کارە سەمبولیک و هونەرییەکانی قۆناغی ژێکاف و کۆماری کوردستان، بەڕێوەبردنی شانۆی دایکی نیشتمانە. ئایا دەکرێ ئەم شانۆنامەیە وەک دەرخەری ڕۆحی سەردەمی کۆمار سەیر کەین؟ ئامانجەکانی ئەم شانۆنامەیە چی بوون؟*



سپاس بۆ ئێوە، من مامۆستا نیم؛ ناوم برایم فەرشییە و ناوەکەی خۆم لە مامۆستا پێ خۆشترە! ئەوە بۆ من جێگای خۆشییە، کە ڕێک لەم ڕۆژەدا وڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە. ئەم جێژنە لە هەر مرۆڤێکی نیشتمانەکەم و لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونیانە، پیرۆز بێت.

نمایش یان شانۆنامەی دایکی نیشتمان کە لە شارەکانی مەهاباد و خانێ نیشان درا، پرۆژەیەکی نەتەوەیی- سیاسی- هونەری- فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بە تایبەت قازی محەممەد و عەبدولڕەحمان زەبیحی بوو، کە ڕەنگە میرحاج لە باشوورەوە تێکستەکەی لە گەڵ خۆی بۆ سابڵاخ هێنابێ، کە لەوێ ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە. نازاندرێ ناوی ئەو کتێبە یان دەستنووسە، چی بووە و کێ نووسیویەتی، بەڵام دەزاندرێ کە تێکستی هاوردە، ناوەرۆکی جیاواز لە دایکی نیشتمانی هەبووە و ڕەنگ و بۆی سیاسیی سەردەمی مەلەک مەحموودی پێوە دیار بووە و داوای پاشایەتی بۆ کوردی تێدا کراوە، کە لە سابڵاخ کراوەتە کۆماری و یەک پەردەشی بە ناوی پەیمانی سەعدئاباد لێ زیادکراوە.

ئەم نمایشە لە هاوینی ساڵی ۱۹۴۳ لە گاراجی عەبدول پێشکەش کراوە و لە ماوەی ۴۰ ڕۆژدا، بە بەراوەردی من نزیک چل هەزار کەس لە ناوچەی موکریان، شار و دێ بینیویانە و خەڵک لە دێهاتەوە گوتویانە دەچینە سابڵاخ بۆ بینینی دایکی نیشتمان. بەم پێیە شانۆنامەی دایکی نیشتمان پلان و پرۆژەیەکی سیاسی- نەتەوەیی بوو. قازی محەممەد بە حزووری زەبیحی و ڕەنگە میرحاج، کاتێک شانۆنامەکەی داوە بە غەنی بلووریان وەک بەرپرسی بەشی لاوانی ژ.ک، گوتوویە: «ئەوە کارێکی تەبلیغییە و کارتێکردنی لەوە زۆرترە کە من بچم بۆ خەڵک قسە بکەم». واتە شانۆنامەی دایکی نیشتمان هەڵگریی پەیام بۆ خەڵک بووە و بیری پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە ڕێگای ئەم شانۆنامەیەوە بردراوەتە ناو خەڵک. لە ڕێگای ئەو شانۆنامەیەوە خەڵک بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان و دامەزراندنی کۆمار ئامادە کراون.

بینەرانی ئەم شانۆنامەیە هەموو چین و توێژەکانی گوند و شاربوون و ڕۆژانە سێ کەڕەت بەیانی و دوای نیوەڕۆ و ئێوارانە پێشکەش کراوە و ژن و منداڵ و گەورە وبچووک، چوونەتە سەیری شانۆی دایکی نیشتمان. ئامانجەکانی ئەم شانۆنامەیە تێگەیاندنی خەڵک لە پلان و پرۆژەی نوخبەکانی ئەو سەردەمەی کورد لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی بووە، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە لایەن سۆڤیەت و بریتانیاوە دەستی بەسەردا گیرابوو. بەڵێ ڕەنگدانەوەی ڕۆحی سەردەمی کۆمار و هەموو سەردەمەکان، بە ئێستاشەوە، بووە. ئامانجی «دایکی نیشتمان» پێکهێنانی کۆماری کوردستان بوو. پلانی سیاسیی نەتەوەیەکی دابەش کراو، کە لە ڕێگای شانۆوە، گوێزراوەتەوە بۆ ناو خەڵک.

*وەک دیارە شانۆنامەی دایکی نیشتمان نەماوە. چۆن دەتوانین لەم دەقە نزیک ببینەوە؟ ئایا دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە کە شانۆکارێکی وەک بەڕێزتان بەپێی بەڵگەکان و هەروەها پێداویستییەکانی قۆناغی ئیستای*

*بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە کوردستان یاکوو وەک یەکەم دەقی شانۆیی لە رۆژهەڵات شانۆنامەکە بنووسێتەوە؟*



ناوەرۆکی شانۆنامە و باسەکانی دیارن کە من لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە چارەگە سەدەیەک بەر لە ئێستا لە گۆواری گزنگ لە سوید و بە کرمانجی لە ستانبووڵ بڵاو کراوەتەوە، کرۆکیی شانۆنامەکە و ناوەرۆکەکەیم باس کردووە، کە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی تێدا بەکار هێندراوە. بەڵێ، بە کەڵک وەرگرتن لەو لێکۆڵینەوەیە و بیرەوەری و لێکۆڵینەوەی کەسانی تر، دەکرێ شانۆنامەیەکی هاوشێوە بنووسرێتەوە. بەڵام بێگوومان سەردەمی ئێمە پێویستی بە درامای سەردەمیانە بۆ هەمان مەبەستی سەربەخۆیی هەیە. دیارە لە سەردەمی ئێستاشەوە دەکرێ خۆ بگوازینەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان و خۆ لە جیهانی ئەمرۆ و شانۆی سەردەمدا ببینینەوە. ئەوە دەکرێ و کراوە. ئەوەشم گوتبێ هەر لە سەردەمی نمایشی دایکی نیشتمان، ئێمە لەو وڵاتانەی کە کەوتنە بەر هێرشی فاشیسم، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ئۆوروپا، لە گەڵ شانۆ و نمایشی نیشتمانی رووبەڕووین، بۆ وێنە لە بولغارستان کە شەڕی پارتیزانی بە دژی فاشیسم لە ئارادا بوو. ئێمە ساڵی ١٩٩٥ شانۆنامەیەکمان لە واسیلی خانچیف بە ناوی «نانی ژەهراوی» لە ئاڵمان پێشکەش کرد، کە رێک لە گەڵ شەڕی پارتیزانی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک دەگرێتەوە.

*ئێوە وەک دەرهێنەر و یەکێک لە ئەندامەکانی «تیپی شانۆی لاوی بۆکان» لە ساڵی ١٩٧٩ و لە قۆناغی رزگاریی کاتیی رۆژهەڵات، شانۆی مانگرتنتان لە هەندێک لە شارەکان وەکوو سنە، سقز، مەهاباد، بۆکان و خانێ بەڕێوە برد. دەکرێ زیاتر لە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بدوێن؟ هەروەها ئایا پێش لەم شانۆیە، تیپەکەی ئێوە چالاکیی دیکەی لە کوردستان هەبوو؟*



تیپی شانۆی لاوی بۆکان، بە پێی نۆرمەکانی شانۆ، ساڵی ١٩٧٣ دامەزرا. یەکەم شانۆنامە کە لە بۆکان پێشکەش کرا ناوی «حفره» کونە ئەشکەوت بوو، داستانی چەند سەرباز کە لە بەرەکانی شەڕ رایان کردبوو، پەنایان بۆ ئەشکەوت هێنابوو، کە لەوێ لە گەڵ پیرەپیاوێک، واتە لە گەڵ مێژوو ئاشنا دەبن. هەر ئەو کات جووڵانەوەی باشوور لە گەرمەی خۆیدا بوو. «حفره» کە نووسەرەکەی ناسر ئێرانی بوو، لە ناوچە و مێدیای ئەو سەردەم دەنگی دایەوە.

پاشان شانۆنامەی «باڵتە»ی نیکۆلای گوگول پێشکەش کرا، کە باس لە دوو توێژی کۆمەڵگا دەکا، بەرگدروو(خەیات) و کارمەند. ئەو دوو توێژەی کە لە بۆکانی ئەو سەردەم دوو توێژی گرنگی ناو کۆمەڵگا بوون. خەیاتەکان دوو گوزەری بازاڕی بۆکانیان پێک دەهێنا، زۆرینەی خوێندەواری ئەو کات کارمەند بوون. ئەم شانۆنامەیە تیپەکەی بردە ناو خەڵکەوە.

ساڵی ١٩٧٥ شانۆنامەی «پسر خاک» کوڕی خاک، لە نووسینی عومەر حەمیدی ئەندامی گرووپەکە پێشکەش کرا. ناوەرۆکی شانۆنامەکە باس لە چەند گوندی لورستان بوو. گوندێک، وڵاتێک کە دووچاری وشکساڵی هاتبوو، مەلای دێ خەڵک هان دەدا، گوند جێ بهێڵێن، بەڵام کەسانێک دژی ڕادەوستن و نایانەوێ وڵات و زێد بەجێ بهێڵن. لەو شانۆنامەیەدا زێد، نیشتمان و مانەوە لە سەر زەویی خۆت، پەیامی سەرەکی بوو. شانۆنامەکە تژی بوو لە ڕێورەسمەکانی ناو کوردەواری، لە بووکەبارانەوە هەتا ڕەگەکانی تری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. کوڕی خاک لە سینەما سەعدیی بۆکان چەند ڕۆژ پێشکەش کرا و هەزاران

کەس بینیان. دواتر لە مەهاباد پێشکەش کرا. هەر ئەو ساڵە ساواک لە بۆکان و سەقز دەستی بە گرتن کرد، دوو لە ئەندامانی تیپی لاو گیران، عومەری حەمیدی هەتا پاییزی ١٣٥٧ لە زیندان مایەوە. کەسانێک لە گرووپەکە دوور کەوتنەوە و بۆکانیان بەجێ هێشت. بەڵام کاری شانۆ بەردەوام مایەوە. لە درێژەدا تیپی شانۆی مێرمنداڵ دامەزرێندرا و شانۆنامەی «بچەها و سگها» ئامادەی پێشکەش کردن کرا، بەڵام ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری مەهاباد، بە بیانووی ئەوەی کە لە شانۆنامەکەدا بێرێزی بە شاهەنشا دەکرێ، پێشی بە پێشکەش کردنی شانۆکە گرت.

هەتا گەیشتن بە ساڵی (١٩٧٩)١٣٥٧ شانۆی لاو سێ شانۆنامەی تری پێشکەش کرد؛ «سگی در خرمن جا» لە نووسینی نووسەری کرماشانی نوسرەتوڵلا نەویدی. ناوەرۆکی ئەو شانۆنامەیە باس لە ژیانی وەرزێران و گرفتەکانی لە گەڵ مەلا و بازاری بوو. ژن دەوری سەرەکیی لەو شانۆنامەیەدا دەگێڕا. جێ خەرمان دەبێتە مەیدانی کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی، دایکێک بۆ پارێزگاری لە هەر دەنکە گەنمێک بە گژ هەر کەسێکدا دەچێت کە لە خەرمان نزیک بێتەوە. ئەم شانۆنامەیە، لە بۆکان و ناوچە، بۆچوونی گەلێک لە خەڵکی سەبارەت بە دەوری کچان لە شانۆدا گۆڕی، دایکی ئەو کچانەی کە لە گەڵ تیپەکە کاریان دەکرد، بە ڕێز و شانازییەوە سەیری کچەکانی خۆیانیان دەکرد.

حەز دەکەم لێرە یادی یەکێک لەو دایکانە و کچەکەی بکەمەوە. من سێ ڕۆژ بەر لە پێشکەش کردنی ئەو شانۆنامەیە، ئەو خانمەم لە تیپەکە دەرکرد، کە دەوری سەرەکیی هەبوو، ڕۆیشت و لە گەڵ دایکی هاتەوە، دایکی کە خانمێکی کارەکەر و زەحمەتکێش بوو، کاری ماڵانی دەکرد، هات بەو زمانە ساکارەی خۆی داوای کرد کە ئیزن بدرێ کچەکەی لە گەڵ تێپەکە بمێنێ. لەم چرکە ساتەوە ئەو کچە تەواو گۆڕا و لە سەر سەکۆ دەورێکی گێڕا کە وەبیرهێنانەوەشی، مچورک بە لەشمدا دەهێنێ. ئەو خانمە و ئەو کچۆڵانەی لەم شانۆنامەیەدا دەوریان گێڕا، خۆشەویستیی مەزنی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و وێنەیەکی نۆیان لە شانۆ، پێشکەشی بینەران کرد. ئەم شانۆنامەیە لە هۆڵی شانۆی دەبیرستانی کورشی کەبیر پێشکەش کرا، کە تازە ساز کرابوو. دەبێ لێرە یادێک لە ڕەسوڵ پەناهی، ڕەییسی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان بکەمەوە، کە بەڵێنی دروست کردنی ئەو هۆڵەی پێ دایین و بەڵێنەکەی بردە سەر.

شانۆنامەی «عمو زنجیرباف»، شێتخانەیەکی پڕ لە نووسەر و پسپۆڕ و نوخبەی وڵاتی دەنواند، کە پرسی ئەم توێژەی ناو کۆمەڵگای هێنایە سەر سەکۆ. «دووری غەریب» بەسەرهاتی گوندێکی کرماشان دەگێڕێتەوە. ئەم شانۆیە، بە قوڵاییی فەرهەنگ و فولکلۆر و گیروگرفتەکانی ناوچەکانی کوردستاندا دەچێتە خوار، کە فرە تەئسیری لە سەر خەڵک دانا. نووسەری ئەم شانۆنامەیە، نوسرەتوڵلا سەیافی دۆست و هاوکار و بەرپرسی تیپی شانۆی کرماشان بوو. دوا شانۆنامەی بەر لە پێشکەش کردنی مانگرتن، شانۆنامەیەکی بێدەنگ بوو لە نووسینی عەبدوڵلا ئەمینی کە لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکان لە ساڵی ١٣٥٧ پێشکەش کرا.

تیپی شانۆی لاو، لەم سەردەمەدا تێکەڵ بە خۆپیشاندان و چالاکیی خەڵک کرا. کەماڵ حەمیدی، ئەندامی تیپی شانۆی لاو، کە دەبیرستانی کوورش کەبیر بە ناوی ئەوەوە کراوە، یەک لەو کەسانە بوو، کە لە خۆپیشاندانی خەڵکی بۆکاندا کوژرا، موتەلیب چابوک، سەید ئەسعەد حوسێنی کە بە دەستی حکوومەتی ئیسلامی کوژران، ئەندامانی تیپی شانۆی لاو بوون.

شانۆی مانگرتن، پاش شانۆنامەی دایکی نیشتمان، یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی

بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خانێ، مەهاباد، بۆکان، سەقز و سنە پێشکەش کرا. ناوەرۆکی شانۆنامەکە باس لە مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووک بوو، کە لەگەڵ ئەو سەردەمەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەهاتەوە. شانۆنامەکە لە باشوورەوە هاوردرابوو، نووسەرەکەی عەبدولڕەحمان زەنگەنە بوو. ئەم شانۆنامەیە دەستپێکی سەردەمێکی نوێی شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. چل ساڵ بەر لە ئێستا!

*لە ساڵی ١٩٨٠ تیپەکەی ئێوە شانۆی «خودموختاری یانی چی» بەڕێوە دەبا. دەتوانن پێمان بڵێن نووسەری ئەم شانۆنامەیە کێ بوو و دەتانویست چ پەیامێک بگوازنەوە؟ گرنگیی ئەم شانۆیە لە لایەن فۆرمیشەوە سەرنجڕاکێش بووە. ئایا مەبەستتان بووە لە فۆرمی پێشکەش کردنی بەیتی کوردی کەڵک وەرگرن؟*



یەکێک لەو باسانەی کە لەو سەردەمەدا بۆ خەڵک و تەنانەت حزبەکان ناڕوون بوو، دروشمی خودموختاری بوو. لە چوار هێزی ئەو کات کۆمەڵە، چریک فەدایی، دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی و حزبی دێموکڕات، کە لە «هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد»دا بەشدار بوون، تەنیا دێموکڕات ئەو دروشمەی هەبوو، بە بێ ئەوەی بەرنامەی نووسراوی لە بەر دەستدا بووبێ، کە خودموختاری چییە؟ ئەم بابەتە گرنگترین باسی سەردەمی شەڕی سێ مانگە بەر لە پێکهێنانی «هەیئەتی نوێنەرایەتی»بوو. چریک فەدایی بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی ستالین و مەسەلەی میللی، خودموختاری بە دەستی شۆڕاکانی هێنایە کایەوە، کە بوو بە بەرنامەی کۆمەڵەش. پاشان داوای هەشت خاڵ، ١٢ خاڵ و دواتر باسی خودگەردانی هاتە پێش، کە هەمووی دەبووە هۆی بشێوی و خەڵک سەرەندەریان لێ نەدەکرد. ئەوە ڕاست بە پێچەوانەی سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو، کە خەڵک دەیانزانی حکوومەتی کوردیی کۆماریی کوردستان، چییە.

ئێمە لە شانۆی لاو ئەم باسەمان کردە پرسیاری شانۆ، بۆ ئەوەی باسەکە بەرینە ناو خەڵک. هەر ئەو کارەی کە لە ڕێگای نمایشی «دایکی نیشتمان»ەوە کرابوو. فۆرمی شانۆنامەکە لە فۆرمی شانۆی «شۆڕایی» نزیک کرابووەوە، کە بینەر بەشداری شانۆکە دەبێت. دەوری گرێدانی بینەر و شانۆگێڕەکان درابوو بە «ڕاوی» کە لە کەسایەتیی بەیتبێژەکان نزیک کرابووەوە و دەستی شانۆگێڕی ئاواڵە دەکرد بۆ گەمەی شانۆیی و پێوەندی دەگەڵ بینەر.

بەیتبێژ هەم چیرۆکی بەیتەکە دەگێڕنەوە، هەم بە گۆڕینی دەنگ دەوری کەسەکانی ناو بەیتەکە دەگێڕن. لە شانۆی خودموختاری یانی چی، ڕاوی دەچێتە ناو بینەران و پرسیار دەکا و بینەر بەشداری پرۆسەی شانۆ دەکرێن. ئەم شێوە لە نواندن و بەشداری پێ کردنی بینەر، دەبووە هۆی ئەوەی بینەر دەوری خاو و پاسیڤ نەبینێ و بەشداری پرۆسەیەک بێ، کە پێوەندیی بە ژیان و داهاتووی خۆی و نیشتمانەکەیەوە هەیە.

خودموختاری یانی چی، لە خانێ، مەهاباد، بۆکان، سەقز و سنە پێشکەش کرا، هەزاران کەس لە ڕێگای ئەم شانۆنامەیەوە، تێکەڵ بە پرۆسەیەکی سیاسی کران، بۆ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن، کە چییان دەوێ و چۆنیان دەوێ. نووسەری شانۆنامەکە برایم فەرشی بوو.

دەمەوێ ئەوەش زیاد بکەم، لە کوردستان، خەباتێکی گەرمی فەرهەنگی، هونەری، ئەدەبی دەستی پێکردبوو، لە مەهاباد یەکەمین کۆنگرەی ئەدەبی و هونەری، بە بەشداریی زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسترا، لە سنە

خەباتێکـــی نوێـــی مۆســـیقا و تازەکردنەوەی مۆسیقا دەستی پێکردبوو، لە بۆکان و کرماشان، شانۆ دەوری تازەی دەبینی، لەو شارانەی ڕادیۆ و تەلەویزیۆن هەبوو، سەردەمێکی نوێی کاری تەلەویزیۆنـــی کوردی دەســـتی پێکردبوو، بە کورتی ژیاندنەوەیەکـــی فەرهەنگیی مەزن لە گۆڕێدا بوو. یەکەمین جەشـــنوارەی مۆسیقا لە شـــارەکانی مەهاباد و بۆکان و سنە لە ماوەی یەک هەفتـــەدا بە بەشـــداریی هونەرمەندانی کـــورد و ئازەری و تورکمـــان بەڕێوە چوو، کە هەزاران کەس بینەری بوون. هەر لە توێی ئەم جەشـــنوارەیەدا، بۆ یەکەمجار تیپی سروودی کـــوردی کە لە کـــوڕان و کچانـــی مەهاباد و بۆکان پێکهاتبوو، هەم ســـروودی نوێ و هەم ســـرودە بەناوبانگەکانیـــان بە شـــێوازی نوێ پێشـــکەش کرد. بۆ یەکەمجار بەیتبێژی کورد حەمەجان و قالە مەڕە هاتنە ســـەر ســـەکۆی شـــانۆ. ئەوان بەیتی «کانەبی» چیرۆکی ژنێکی کوردیان گێڕایـــەوە، کە پاش مەرگی براکەی، دەچێتە شـــەڕی عەجەمان، کە ڕێک لە گەڵ حەماســـەکانی ئەو سەردەمە دەهاتەوە کە کچ و کوڕان لە بەرەکانی شەڕ لە گەڵ حکوومەتی ئیسلامی، دەیانخوڵقاند.

نووســـین و خوێنـــدن بە زمانـــی کوردی لە شـــارەکانی کوردستان دەســـتی پێکردبوو، هەمـــووی ئەوانە لـــە گەڵ درێژەی شـــەڕ لە کوردســـتان و داگیرکردنەوەی کوردســـتان، تەفروتونا بوون. شەڕ خەباتی شاری سەرکوت کرد!

خەباتی شـــار، کـــە خەباتێکی نـــوێ بوو ڕاگیرا و حکوومەت پاش دەستبەسەرداگرتنی شـــارەکان، هونـــەر و فەرهەنـــگ و ئەدەب و خـــاوەن هونەر و ئەدەبی کێشـــایە ژێر ڕکێفی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و فەرهەنگیی خۆی. چل ســـاڵ بەســـەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیوە و خەتی فکـــری، سیاســـی، فەرهەنگیـــی حکوومەتی ئیســـلامیی ئێران بە ســـەر هونەر و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا سەپێندراوە. حکوومەت دەیان و سەتان کەسی خۆی لەو بوارانەدا ڕاهێناوە و پەروەردە کردووە وهەمـــوو کارێکیان پـــێ دەکات. زۆرێک لەو کەســـانەش کە تەنانەت خۆیان دوور ڕاگرتووە لـــە حکوومـــەت، لایەنـــی فکـــری، هونەری، ئیدئۆلۆژیکـــی حکوومەت بە ســـەر خۆیان و کارەکانیانەوە دیار و بەرچاوە.

لە کوردســـتان لە ماوی ئەو چل ســـاڵەدا چەشـــنێک ئاسیمیلاسیۆنی نەرم، کە پەردەی زانســـت و مۆدێرنیســـمی ئەورۆییی بەسەردا کێشـــراوە، بـــواری فەرهەنـــگ و هونـــەر و ئەدەبیات و زمان و ڕۆشـــنبیریی داگرتووە، کە تەنانەت ڕەنگە ئەو کەســـانە خۆشیان هەست بـــەو ئاسیمیلاســـیۆنە و دەوری خۆیـــان لەو بەســـتێنەدا نەکەن، کـــە فەرهەنگ و هونەر و زمان و ئەدەبیات و تێگەیشتن، بنکۆڵ دەکەن. ئەوەش دەبێ بگوترێ و بە دەنگی بەرز بگوترێ، لە گەڵ حکوومەتی ئیســـلامیی ئێران، حزب و مێدیا و نووسەر و هونەرمەند و چالاکانی بواری فەرهەنگ ســـووچدارین، لەو ئاسیمیلاسیۆنەی بە سەر خۆمان و خەڵک هاتووە و هێندراوە.

من بە ڕۆژنامەی دیواری بەناوی «تئاتر» لە دەبیرســـتانی کوورشی کەبیری بۆکان، دەستم بە کاری ئاشـــکرای هونەریی شـــانۆ کرد و بە شـــانۆنامەی «خودموختـــاری یانـــی چی؟» لە شاری ســـنە، کۆتاییم بە شانازییەک هێنا، کە هیچکات بۆم پڕ نەکرایەوە!

*دەکرێ زیاتـــر بۆمان باس کەن کە ناوەندی شـــانۆی کۆچەر لە هەندەران چـــۆن دامـــەزرا؟ کام هونەرمەندان تیایدا بەشدار بوون و چۆن توانیتان دژوارییەکانی بەڕێوەبردنی شـــانۆ لە ئەورووپا چارەســـەر کەن؟*



ناوەندی شـــانۆی کۆچەر، ســـاڵی ١٩٨٩ لە دادگای کۆڵن بە ڕەسمی ئیزنی کاری وەرگرت و ناوی وەک

کۆمەڵەیەکی هونەری- فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی تۆمار کرا و بوو بە ئەندامی ڕەسمیی کۆمسیۆنی کۆمەڵەکان لە ژێر چاوەدێریی بەشی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتیی شاری کۆڵن. پێوەندیی ڕەسمیی ناوەندی شانۆی کۆچەر لە گەڵ شارەداری و هەموو ئیدارەکانی تر بوو بە ئاسایی. ناوەندی شانۆی کۆچەر لە درێژەدا پێوەندیی ڕاستەوخۆی لە گەڵ بەشی تایبەت بە کاری فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی پارلەمانی ئوورووپا پەیدا کرد. دواتر شارەداری کۆڵن بینایەکی تایبەتی لە ئیختیار ناوەندی شانۆی کۆچەر نا، کە لەوێ جگە لە شوێنی ئیداری، کتێبخانە، ستودیۆ بۆ بەرنامەی تەلەویزیۆنی و ویدئۆیی ساز کرا. کۆچەر بەردەوام چەند کارمەندی هەبوو کە ڕۆژانە کاریان دەکرد و بەرنامەکانیان بەڕێوە دەبرد، کە نەک بە تەنێ شانۆ، بەڵکوو هەموو بەشەکانی تری ئەدەبی، هونەری، موسیقا و زانست و لێکۆڵینەوەی لە خۆی دەگرت.

ئەو کەسانەی کە پێکهێنەری ناوەندی شانۆی کۆچەر بوون بریتین لە، گەوهەر فەرشی، جەمیلە کەریمی، ئێران مەرزەنگی، فیروز سەنجابی، برایم فەرشی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، فەرید ئەحمەد (ڕۆژئاوای کوردستان)، کرمانج«ناوی کۆچەر پێشنیاری ئەم بوو»، داوود، حەمدی، ئەبوزەید (باشووری کوردستان)، ڕوودین (باکووری کوردستان)، دواتر ئەندامانی کۆچەر ڕووی لە زیادکردن نا و جگە لە چوارپارچە شانۆگێڕەکانی تیپی شانۆی تفلیس جاسم ئینسان و ئینگە ئینسان و سولەیمان فەرشی کە خوێندکاری زانستگا لە کازاخستان بوو، بوون بە ئەندامی کۆچەر کە هەر سێکیان لە شانۆی ماندانادا، دەوری شانۆگێڕ و دەرهێنەریان هەبوو.

دەپرسن دژوارییەکان چۆن چارەسەر دەکران؟ ئێستا کە بیر لە وڵامی ئەم پرسیارە دەکەمەوە، خۆشم وڵامێکی گونجاوم نییە. لەوە دەچێ ئێمە ئەو دەم کەسانێکی تر بووبێتین.

کار، خوێندن، شانۆ چۆن لە گەڵ یەک گرێ دەدرا؟ بۆ بەشێک لە کارمەندانی کۆچەر و چەند شانۆگێڕ، گرفتی کار چارەسەر کرابوو. ئەوانەی دی کە خوێندکاربوون و کاریان دەکرد، شانۆ کاری دوای خوێندن و کار بوو. پشتگیریی ئیدارەی کار بۆ هەر کەسێک یەک هەتا سێ ساڵ بوو، کەسانێک کە ساڵەکەیان کۆتایی پێ دەهات، دەڕۆیشتن و ئاوڕیان لە شانۆ نەدەدایەوە، کەسانێک هەڵپەرەستانە خۆیان گەیاندە کۆچەر، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان و هاوکارانی ناوەندی شانۆی کۆچەر، مرۆڤی بەرز بوون. هەر کام لەو کەسانە تاقیکردنەوەیەکیان بۆ کورد لە دەرەوە نەخشاند کە لە مێژووی کورددا، پێشتر و دواتر وێنەی نەبووە. کەسانی سەر بە میللەتێکی پارچەپارچەکراو، خۆیان لە یەک تیپی شانۆ، بۆ یەک مەبەست و ئامانج دیتەوە و ڕواڵەتێکی نوێیان لە کورد لە دەرەوەی وڵات نیشان دا. هەرچەند دەبێ ئەوەش بۆ مێژوو باس بکرێ کە کار و ژیانی ئێمە لە کۆچەر پڕ لە ژان و دەرد و ئەلەم و گرفت و گرفتاری بوو. کۆچەر یارمەتیدەری هەر کەس و هەر کوردێک بوو، بەڵام پێچەوانەکەی کەمتر بیندرا.

لە کۆچەر، لێکۆڵینەوە لە سەر موسیقا، بەیت، فۆلکلۆر، ئەدەبیاتی زارەکی و پێشینەی شانۆ لە کوردستان دەکرا، دەیان سمیناری مێژوویی، هونەری و ئەدەبیی مانگانە و ساڵانە بە پێی پلان بەڕێوە دەچوو. کۆنسێرتی مەزهەری خالقی، کۆنسێرتی ڕێزگرتن لە ناسر ڕەزازی و مەرزیە فەریقی، فستیوالی یادی ۷۵ ساڵەی حەسەن زیرەک، بەرنامەی شەوی کۆچەران (ئەدەبیات، شانۆ، کابارێت، موسیقا)، نەورۆز لە گەڵ نەجمەددین غولامی، شانۆی منداڵان، کاناڵی ۲۰۰۰ (بەرنامەیەکی هونەریی تەلەویزیۆنی- ویدئۆیی)، بەرنامەی یادی هێمن و هەژار لە تویی سی دی و کاسێتی «هێمنانە» و «هەژارانە» کە دەچێتە ڕیزی ئەدەبیاتی گوتن. بەرنامەی شانۆی ڕادیۆیی بۆ منداڵان

وەک «شاری منداڵان» لە تویێی کاسێت و سی دی، شەوی ڕۆشنبیریی گفتوگۆ و دانوستاندنی نووسەران و شاعیران. پێشکەش کردنی شانۆ بە زمانی کوردی و ئاڵمانی لەوانە «نانی ژاراوی»، «زەوی»، «ماندانا»، «گوڵی خوێناوی»، «شەڕ لە ماڵی هەژار»، «نەک بە تەنیا پێکەوە» و دەیان بەرنامەی دیکە بە زمانی کوردی و ئاڵمانی، بەشێک لە چالاکییەکانی ناوەندی شانۆی کۆچەر بوون، کە لە ئاڵمان و ئوورووپا بۆ کورد و ناکورد ناسیاو بوو.

کۆچەر خاوەنی ئارشیوی شانۆی کوردی بوو. ناوی گەلێک هونەرمەند، بیرمەند، نووسەر و شاعیری کورد، گرێدراوی ناوی شانۆی کۆچەر بوون. قادر دیلان، جەمال نەبەز، هومەر دزەیی، ئیقباڵ حاجبی، دڵشاد سەعید، ناسر ڕەزازی، مەرزیە فەریقی، مەزهەر خالقی، مارف عومەر گوڵ، شوان پەروەر، دڵشاد سەعید، پەروین موشیروەزیری، فیروز فەرووخ، ئەسعەد سەراجەددینی، عەلی عەبباسی، سولەیمان فەرشی، ڕەزا حەمە فەرەج، خالید ڕەشید، ئاسۆ سەڵتە، بەکر لەگزی، ئاوات دەوڵەت و دەیان کەسی تر لە هەر چوار پارچەی کوردستان و زۆر سەربازی ون کە دڵخوازانە وخۆبەخشانە تۆزی سەر سەکۆ و هۆڵەکانیان هەڵدەمژی بۆ ئەوەی سیمایەکی تر لە کورد نیشان بدرێ! دەبێ ئەوەش زیاد بکەم، هەموو بەرهەمەکانی کۆچەر وەک کتێب، نووسراوە، ویدیۆ، فیلم، کاسێت و سی دی پارێزراون و هەمووی دیجیتاڵی کراون، بەڵام نووسراوەکان کە چەند بەرگ کتێب لە خۆ دەگرن، تایپ نەکراون.

*ئێوە ئەزموونێکی زۆر و پڕ ناوەرۆکتان لە نووسینی شانۆدا هەیە. ئیستاشی لەگەڵدا بێ شانۆنامەی کوردی یەکێک لەو ژانرانەیە کە کەمترین گرنگیی پێ دراوە. حەز دەکەین لە کۆشکی ئاواتەوە دەست پێ بکەن و باس لە ناڵەیەک، لە هاوار، ماندانا و بەرهەمەکانی دیکەتان بکەن.*



ئەوەی دراما و ئەدەبیاتی نواندن گرنگی پێ نەدراوە، گەلێک هۆی هەیە. شانۆ گرێدراوی کیانی هەر نەتەوە و وڵاتێکە. گەر کیان نەبێ، دەبێ نەتەوەیەکی تێگەیشتوو، پسپۆڕ و نوخبەی بەهەڵوێست و مێژوو و زمان و فەرهەنگی زەنگینت هەبێ. شانۆ لە وڵاتانی وەک یۆنان لە سەر دەستی فەیلەسووفەکان پێکهات، ڕووی دەرەوەی فەلسەفە و بیر وهزر بوو. کوردستان دوور لە فەلسەفە لە ئایین و ئایینخوازیدا خولی خواردۆتەوە. نمایش و نواندن و گەمەی نمایشی، وەک پراتیک لە هەموو شوێنێکی کوردستان بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بووە، بەیت و تەنانەت گاتاکانی زەردەشت، لایەنی ئەدەبی و درامایی شانۆ و نمایش و ماتریاڵ بۆ شانۆ بوون. بەڵام ئاوردانەوە لەو سەرمایەیە لە لایەن کورد خۆی و شانۆگێڕانەوە نەبووە، تێگەیشتن لە شانۆ بە ناوی شانۆی کورد نەبووە. شانۆگێڕانی کورد، خۆیان لە گەڵ شانۆی هەر کام لەو چوار وڵاتە تێکەڵ کردووە. سەرمایەی شانۆیی کورد دزراوە و بە بێنرخ سەیر کراوە و پسپۆڕانی کوردی ئەم بوارە، لە حاند شانۆی ئەو وڵاتانە، بێنرخانە سەیری خۆیان و شانۆی خۆیانیان کردوە. وێنە و بەڵگە بۆ ئیسباتی ئەم قسەیە زۆرە.

کۆمەڵگا و نوخبەگەلێک کە لە خۆیان و فەرهەنگ و مێژوو و زمانیاندا شتی بەنرخیان نەدیتەوە، دەبنە چاولێکەر و لاساییەکەرەوی ئەدەبیات و هونەر و فەرهەنگ و سیاسەت و شارستانییەتی نەتەوەکانی تر، ئەوە لە ئێمە ڕووی داوە. ئەوە شانۆ و دراما و فیلم و هەموو بوارەکانی هونەر دەگرێتەوە. هەروەک ئێوە باستان کرد، گرنگی بەو ژانرە نەدراوە، جا یان لە نەزانی یان بە زانایی و بە قەست!

ئەوەی پێوەندیی بە منەوە هەیە، هەرچەند کارم کردووە، بەڵام دابڕاوم و لە خۆم ڕازی نیم و بە قووڵی ئاوڕم لە درامای کورد نەداوەتەوە. هەرچەند پێم وایە کۆمەڵێک کاری سەرەتاییم

کردووە، کە لە ئەدەبیات و درامای نەتەوەکانی دراوسێ ناچێ، بە تایبەت «ماندانا» و «زەوی» و چەند کاری ناتەواو!

«کۆشکی ئاوات» بەرهەمی شاخ و ژوان لە گەڵ تاریک و ڕوونــی «هێمن» بوو. بەرهەمی نووسینی شەو هەتا بەیانی بوو. ئەو شانۆنامەیە کە هەمووی شــیعرە، لە شاخ بە بۆنەی دووی ڕێبەندان پێشــکەش کرا و دواتر لە هەندەران جارێکی تر لە سەرڕا نووسیومەتەوە. لە شانۆی کۆچەر، یەکەمین بەرهەم بوو کە بۆ پێشکەش کردن بەدەســتمانەوە گرت و بڕیار بوو ئیقباڵ حاجبی موســیقای بۆ بنووسێ و بەیتبێژ یان بەیتبێژان کارێکتێرەکانی بلێژن. پاش حەولی چەند مانگە، سەری نەگرت.

شــانۆنامەی «ماندانــا» بە وتەی جاســم ئینسان، دەرهێنەری شــانۆنامەکە، ناچێتە ناو هیچکام لەو ژانرانەی کە ئەو وەک دەرهێنەر و درامانووس لێی شــارەزا بوو. ئەو پێی وابوو ئەو تێکســتە درامای تایبەت بە نووسەرەکەیەتی. بۆچوونەکەی ڕاســتە، ماندانا بەرهەمی گەڕانی نووســەرێکی کوردە بۆ پەیداکردنی وڵامی ئەو پرســیارە: «کینەم» من کێم؟ بــۆ وڵام دانەوە بەو پرســیارە بەرۆکی زەردەشت، میترا، مانی، زەروان، شەڕەفخانی بتلیسی، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد، قانع، مەولەوی و زۆری تــر هەتــا نووســەران و شــاعیرانی ســەردەم دەگرێ. ئاکام لــە دوو کارێکتێری سەرەکیی«ماندانا» و «کەیکاووس» دەردەکەوێ. ناوی ماندانا لە ماندانای  کچی پاشای کورد و دایکی کوورش بنیاتنەری کیانی پارس گیراوە، کە خۆی هەڵگری ناکۆکییە. کەیکاووس ناوێکی ئەفسانەیی شانامەی فیردەوسی، لێرە بۆتە ناوی نووسەر و ڕۆشەنبیرێکی کوردی سەردەم کە بە وتەی خۆی بە شــوێن ڕاستییەکاندا دەگەڕێ. کەیکاووس شــەو و ڕۆژ سەری لە خویندنەوە و نووســین دایــە و خــۆی بــە خواردنــەوە ڕادەگرێ. کەیکاووس لە گەشتەکەیدا لە گەڵ زەردەشــت، خانی و شەڕەفخان ڕووبەڕو دەبێ و دانوســتاندن و کێشە و کێشمەکێشەکانیان دەگاتە ئەو شــوێنەی، نووســەر خۆی و کورد ڕووت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو کێیە. ئەم کێشمەکێشــە، بە مەرگی ماندانا بە دەســتی کەیکاووس کۆتایی پێ دێت. ئینگە ئینســان، کچەکوردێکی لە دایکبــووی تفلیس، دەوری ماندانا و سولەیمان فەرشــی لە ڕۆژهەڵاتەوە، دەوری کەیکاووسی گێڕا.

زمانی شــانۆنامەکە کرمانجی و ســۆرانی بــوو، ســیروان ڕەحیم لە باشــوورەوە دەوری زەردەشــتی گێــڕا. بەرهەمێکی شــانۆیی کە هەموو پارچەکانی کوردســتان تێیدا بەشــدار بوون. ئەم شانۆنامەیە ســاڵی ١٩٩٧ لە کۆڵن پێشــکەش کرا. بەر لەو، شــانۆنامەی «زەوی» نووسینی برایم فەرشی پێشکەش کرا. هەروەها چەند شــانۆنامەی تــر بە بۆنــەی هەڵەبجە، ڕەوەکــەی ســاڵی ١٩٩١، «شــەڕ لــە ماڵی هەژار» بە زمانی ئاڵمانی بە بۆنەی کوشــتاری کورد لە  نەورۆزی ســاڵی ١٩٩٢ لە باکووری کوردســتان. هەر لە بەستێنی دراما، نووسینی «درامای ســەرکۆمار» لــە بەرنامەدا بوو، کە بە هۆی نەبوونی زانیاریی پێویســت دوای شەش مانگ بێ ســەرئەنجام ڕاگیرا! ئەوەی پێوەندی بە ئەدەبیاتی درامــاوە هەبێ، من پێم وایە لە وڵاتی ئێمە، چاولێکەری و لاســایی کردنەوە و مودێرنبازی باوە. لە ناوخۆی وڵات، لە باشــوور و ڕۆژهەڵات، تەنانەت لە زانستگاکانیان، بایەخ بەو هونەرە نەدراوە و ئێمە بەیس و بنەمایەکی دیارمان بــۆ درامای کوردی نییە و وەک باس کرا، وەشوێن ئەدەبیاتی دەستەچەندەمی ترک و فــارس و عــارەب کەوتووین. مــن لە توێی دوو کتێبدا، باســی لایەنەکانی درامای کورد و شانۆی کوردستانم کردووە، کە بەر لە چارەگە سەدەیەک بڵاوکراونەتەوە.

*لە شــانۆنامەکانی ئێوەدا ڕەخنە لە پێکهاتــەی کۆمەڵایەتیی کوردســتان بەڕوونی دەبیندرێ. تەنانەت لە پێرسۆناژی*

*ماندانادا، ئاڵۆزییەکانی ژن کوشتن تا ئەو شوێنە دەڕوا کە ئاوێتەی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری لە کوردستانیش دەبێ. ئەم ئاڵۆزییە، یاکوو باشترە بڵێم ئەم هەستە دژ بە یەکانە، بەردەنگ لە دۆخێکی سەرگەردانیدا دەهێڵێتەوە. چۆن توانیوتانە لەگەڵ ئەوەی لە غوربەت دەژین گیرۆدەی کێشەکانی کوردستان بن؟*



ئەم پرسیارە و بۆچوونەکەتانم بە دڵە. ئێمە هەموومان لە حاڵەتی سەرگەردانیدا گەورە دەبین. خوو دەگرین بەو نۆرم و فۆرم و ئەو فەرهەنگەی بەسەرماندا داسەپێندراوە. ژیانی ڕۆژانەی ژێرچەپۆکانە بە ئاسایی وەردەگرین و ڕەنگە چێژیشی لێ وەرگرین، بە بێ ئەوەی بزانیین کە ئێمەی منداڵانی کورد، هەر لە منداڵییەوە لە سروشتی خۆمان دوور دەخرێینەوە و ئازادیی خۆیی بوونمان، لێ وەردەگرن و بنەماڵەکانیشمان دەوری جیددی لە سەرگەردانیی ئێمەدا دەگێڕن. ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە تورکیا و ئێران، سەت ساڵە سیستیماتیک دەبیندرێ.

تاکی کورد بە پێی ئازادنەبوون، بێ کیانی، بێ دەسەڵاتی و ژێرچەپۆکەبوون، خۆی نەبووە. خۆی بە مانای ناسنامە، کەسایەتی و گرێدراو بە پێکهاتە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئایینی و بگرە مێژووییەکان. ئاڵۆزی لە هەموو پێکهاتەکانی ئێمەدا هەیە، سەتی هەرە زۆری نەک خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو ئاکادمێسینەکانی کورد، ناتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، کەمترین حەول بۆ گەڕانەوەی کەسایەتیی زمانی کوردی لەو کەسانەدا لە ڕۆژهەڵات و باکوور دەبیندرێ. تێگەیشتنی گشتی، تێگەیشتنی تورکی، فارسی و عەرەبییە. فەرهەنگی ڕۆژانەی خەڵک و ئاخافتنیان کوردانە نییە، بە تەواوی فارسی و تورکی و عارەبیش نییە. قووڵتر بڕوانین کورد لە تێگەیشتنی ئایینەکانی دژ بەخۆیدا، لە کیانەکانی دژبەخۆیدا، گەر نەتوابێتەوە، گرفتار و زیندانی ماوەتەوە. کەیکاووس خۆی سەرگەردانە و گەرەکییە نەتەوەکەی لە سەرگەردانی ڕزگار بکات. ئەم ناکۆکییە، ناکۆییەکی دەروونییە، کە مرۆڤی کورد و نوخبەکانی لێی ڕزگار نەبوون.

ماندانا وەک ژن، لە ناو خۆیدا و لە گەڵ کەیکاووس سەرگەردانە. تەنانەت خانی و زەردەشت و شەرەفخان لە شانۆنامەکەدا، وڵامیان بۆ پرسیارەکان نییە؟ ئەوە بەو مانایە نییە، کە نووسەری مانداناش لەو بازنەیە دەرباز بووە؛ نا، جیاوازی ئەوەیە کە نووسەری ماندانا دەزانێ کە لە ناوەوە گرفتارە.

بەڵێ، دەروونی ڕۆشنبیرەکانی کورد، ژنکووژیی تێدایە، کە لێرە مەبەست قووڵتر لە «پەیکەر کوشتنە»! ڕاستە؛ من لە دەرەوەی وڵاتی خۆم دەژیم. دوورم لە خەڵک و لە ژیانی ڕۆژانە و هەناسەکانم تێکەڵ هەناسەی خەڵک نییە و بە تەواوی دوورم لە هەست و ئازار و ژیان و خەم و شادیی ئەو خەڵکەی کە لە هۆڵێکدا هاوهەناسە دەبووین؛ لە شەقام و کۆڵان و شوێنی ژیان و کار بەیەکەوە بووین. ئەوەش خۆی درامە!

هونەرمەندی سیاسی بە تایبەت شانۆکار، دەبێ ڕێگایەک بۆ ئەم گرفتەی خۆی بدۆزێتەوە. من گرفتی گەڕانەوەی جەستەم بە زیندوویی بۆ چارەسەر نەکرا، بەڵام هەموو ڕێگاکانی پێوەندی گرتن و زانیاری وەرگرتنم تاقی کردۆتەوە و لە سەردەمی بەر لە ئینتەرنێت زانیاریی و ماتریاڵی زۆرم بە دەست دەگەیشت و پێوەندییەکی بەربڵاوم لە گەڵ ناوخۆ و ناوەندەکان و کەسەکان هەبوو، تەنانەت لێرەوە بە ناوی تر هاوکاریی گۆوارە کوردییەکانی ناخۆم دەکرد و زۆرکەس لە ناوخۆوە، باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات سەردانیان دەکردم، بە تایبەت لە سەردەمی شانۆی کۆچەر. هاوکارییەکی بەردەوامم لە گەڵ مێدیای کوردی لە دەرەوە و

ناوەوە هەبوو. بەڵام دیسانیش گرفتی دووری لە زێد و خەڵک چارەسەر نەکرا.

دەبێ ئەوەش بێژم کە خوێندنەوەی بەسەرهاتی شاعیران و نووسەران و بە تایبەت بیرمەندانی دژی فاشیستی ئاڵمان کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان ژیابوون، گەلێک یارمەتی دام کە خۆم و خەڵک و هونەرەکەم نەدۆڕێنم. شانۆنامە و نووسراوەکانم ئەوە دەردەخەن. دەبێ ئەوەش بڵێم کە هاتووچۆ بۆ باکوور و باشوور و تێکەڵاوبوون لە گەڵ کوردانی ڕۆژئاوا و کوردانی کۆمارەکانی پێشووی سۆویەت هەمووی هۆ بوون بۆ ئەوەی، من هیچکات هەست بە نامۆبوون نەکەم. هونەر و نووسین بۆ من بوون بە زێد، کە خۆی ڕەنگدانەوەی زێد و خەڵک بوو. جگە لەوە من هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بە بازنەی هونەری، فەرهەنگی، زانستی، ئەدەبی، کاری و پیشەییی کۆمەڵگای ئاڵمان بووم و بەرهەمی شانۆیی، سینەمایی و ئەدەبیم بەو زمانە هەبووە و ئاکتۆر و شانۆگێڕی زمانی ئاڵمانی بووم و بیست و دوو ساڵ ئەندامی ناوەندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان بووم و بەرپرسیارەتیم لە ناوخۆی ئاڵمان و لە پێوەندی لەگەڵ دەزگاکانی ئورووپی و ناونەتەوەیی هەبووە و ئێستاش پێوەندی بەربڵاوم لە گەڵ نووسەران و شاعیران و بیرمەندان و هونەرمەندانیان هەیە و بەشداری کارەکانیان هەم. کەوایە تێکەڵبوونی من لە گەڵ کۆمەڵگای ئاڵمان و دانەبڕانم لە خۆم و نەتەوەکەم و زێدەکەم، باشترین ئیمکانی بۆ زیندووبوون و بەردەوامیم لە هەردوو لا، مسۆگەر کردووە. بەو حاڵە، من لە خۆم بە نیسبەت کوردبوونم و بەرپرسیارەتیم ڕازی نیم، دەزانم کاری جیددیم بۆ خەڵکەکەم پێ دەکرێ و ڕابووردو و ئێستام ئەوە دەسەلمێنێ، بەڵام بۆچی بۆم ناکرێ، تەنیا بەشێک لە وڵامەکەی لای خۆمە!

بەڵێ، ناکۆکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و کارەکانی ڕەخنەئامێزی من نیشانەی ئەوەیە کە من لە گەڵ کۆمەڵگای خۆمان، سیاسەت و فەرهەنگەکەی کۆک نیم و نابم. گەر ماندانا بەتاڵ بکرێ لە ڕەخنەی بنیاتی- فەلسەفی- کۆمەڵایەتی- هزری، دەبێ فڕێ بدرێ، گەر کارەکانی برایم فەڕشی لە ڕەخنە پاک بکرێنەوە، نرخی پووڵێکی ڕەشیان نامێنێ! هونەرێک، کتێبێک کە ڕووی لە ڕەخنە و تڵیشاندنی کێمەکان نەبێ، نەبوونی خاسترە، لە بوونی!

**تیشک** *ئێوە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٣ سێ کۆنفرانسی شانۆکارانی کوردتان بەڕێوە برد، دەکرێ ڕوونتر لە سەر ئەم کۆنفرانسانە بدوێن؟*



ئیدەی کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد بەرهەمی گفتوگۆی هاوڕێ زەنگەنە شانۆکار و برایم فەڕشی لە کافەیەکی شاری کۆڵن بوو. مەبەست، ڕەخساندنی ئیمکان بۆ کاری تیۆریک، فەلسەفی، هونەری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی لە مەڕ شانۆی گرێدراو بە کورد و کوردستان بوو. نەتەوەی کورد خاوەنی ئیمپراتوری و هاوشانی یۆنان و میسرییەکان بوو، بوونی کیان لە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا گرێدراوی بوونی دامودەزگا لە هەموو بوارەکان، لە وانە شانۆ و نواندن و ڕێورەسمە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان بووە، هەر بەو چەشنەی کە لە یۆنان و میسر بیندراوە.

گەڕان بە شوێن ڕێوشوێنەکانی شانۆ لە کۆندا و هەروەها دۆزینەوەی بنەماکانی فکری، هزری و فەلسەفی، فەرهەنگی سەردەمی ئێستا لە شانۆدا مەبەستی کۆنفرانسەکان بوون. لە ماوەی حەوت ساڵ، سێ کۆنفرانس لە شارەکانی مونیخ و نورنبێرگ بەسترا کە هەر کام لەو کۆنفرانسانە سێ ڕۆژی دەخایاند و کۆمەڵێک سمینار، گفتوگۆ، گرووپی کار و پلۆنۆم لە سەر باس و بابەتی جیاواز بەڕێوە

دەچوون. لە وڵاتانی نورویژ، سوید، ئاڵمان، هولەند، بلژیک، فەرانسە و بریتانیا بەشداری کۆنفرانس دەکرا. بارودۆخێکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری شانۆ پێکهاتبوو. ڕەنگە ساڵی ٢٠٢٠ لە فۆرم و قەوارەیەکی نوێ کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد دریژە پەیدا بکات.

*پێم خۆشە خوێنەران زیاتر لەگەڵ لایەنێکی دیکەی ئەزموونی هونەریی ئێوە ئاشنا ببن. بەڕێزتان ساڵی ٢٠١٨ فیلمێکی بەڵگەنامەییتان ساز کرووە، ئەم فیلمە چۆن و بۆچ مەبەستێک ساز کراوە؟*



ئەو فیلمە کاری هاوبەشی محەممەد محەممەدی کامێرامەن و فیلمساز بوو لە گەڵ من. فیلمەکە گەڕانەوەیەکی دۆکیۆمێنتاریی بو بۆ چارەگە سەدەیەک پێشتر، ئەو کاتەی باشووری کوردستان پاش ڕەوە مەزنەکە لە ساڵی ١٩٩٢ بوو بە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی. ئەو کاتە یەکیەتیی ماموستایانی ئاڵمان بە پێی پرۆژەیەک لە کوردستان خوێندنگە(مەدرەسە) یان ساز دەکرد. هەر ئەو کەسانە پاش چارەگە سەدەیەک ئاوڕ لەو مێژووە دەدەنەوە و کوردستانی ئەمرۆ و ئەو کات بەراوەرد دەکەن و ڕەخنەگرانە هەڵیدەسەنگێنن. بۆ سازکردنی ئەو فیلمە و ئاوردانەوە لەو ساڵانە لە شازدە سەعات فیلم کەڵک وەرگیراوە کە ئەو کات فیروز فەڕوخ(هاوکاری زانستیی زانستگای کۆڵن)، یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی دروست کردنی قوتابخانە بۆ کوردستان، ساڵی ١٩٩۴ لە هەموو شوێنەکانی باشووری کوردستان بەرهەمی هێنابوو، کە لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا گیانی لە دەست دا و ماتریالەکان لای من مابوونەوە. فیلمەکە گرێ دەدرێتەوە بە سەرهەڵدانی داعش و ئەو کارەساتانەی لە کوردستان ڕوو دەدەن. بە کورتی فیلمەکە ڕابردوو، سەردەمی دوای ڕەوەکە و سەردەمی داعش و دوایە نیشان دەدات و پرسیاری داهاتوو دەکاتە پرسیاری سەرەکی. فیلمەکە بە زمانی ئاڵمانی سازکراوە و شایەدحاڵەکان کورد و ئاڵمانی بوون. فیلمەکە ٩٠ خولەک دریژە و ئەوە ناوەکەی بوو. Die Schule zwischen Hoffnung und Aufbruch.

خەتی سەرەکیی فیلمەکە چاوخشاندن بوو بە سەر ژیانی منداڵ و لاوان و چۆنیەتی مەدرەسە و فێربوون لە وڵاتێک کە لە گەڵ شەڕ و وێرانی و بێ خانومانی ڕووبەڕوون.

*سەرەڕای ئەزموونی هونەری، بە هۆی خوێندنی ئاکادمیک لە ئاڵمان، ئێوە بەشداری چالاکی خوێندکارە کوردەکان لە ئەورووپا بوون. گوایە لە دەیەی هەشتای زایینی هەم لە پراگ و هەم لە کۆڵن چالاکییەکان چڕ ببوونەوە. ئەمە لە کاتێکدایە لەو قۆناغەدا لە ڕۆژهەڵات هیچ جۆرە چالاکییەکی لەو جۆرە نابیندرێ. پێش لەوەش چالاکیی خوێندکارە کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆرتر گیرۆدەی بزووتنەوەی چەپی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران بوو. دەمەوێ لەوە تێبگەم کە جیابوونەوە و چالاکیی خوێندکارە کوردەکان چۆن بووە و چالاکییەکانتان زۆرتر لە چ بوارێکدا بووە؟*



کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەرلین لە سەر دەستی کەسانی وەک عەبدولڕەحمان قاسملو، عیسمەت شەریف وانلی..... و کەسانی تر دامەزرا. ئەوانەی ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوورووپا بوون، ئەندام یان کەسانی نزیک لە حزبەکان بوون. لە سەردەمی جوڵانەوەی باشوور، مستەفا بارزانی کۆمەڵەی خوێندکارانی، وەک باڵوێزخانەی کوردستان ناو نابوو، کە واش بوو، هەر وەها لە سەردەمی جووڵانەوەی

۴۶ و ۴۷ لە ڕۆژهەڵات کۆمەڵەی خوێندکاران دەوری گێڕا و تەنانەت ساواک حەولی ئەوەی دا لە ڕێگای ناردنی دوو کەسی ناودار، ئاگاداری ناو کۆنگرەکەیان بێ، کە سەری نەگرت. پاش دووپارچەبوونی پارتی و دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانی و قووڵ بوونەوەی ناکۆکییەکان، کۆمەڵەی خوێندکاران بوو بە چەند کوتەوە، هەر حزبەی جگە لە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆژئاوا، ئەوانی دی کۆمەڵەی خوێندکارانی خۆیان دامەزراند.

خوێندکارانی کوردی ناو حزبە کۆمۆنیستەکان، جگە لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق، لە ناو حزبەکەیاندا کاریان دەکرد.

خوێندکارانی باکوور دوای پێکهاتنی پارتی کرێکارانی کوردستان، وازیان لە حزبی کۆمۆنیستی تورکیا هێنا و بوون بە بنیاتنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی خۆیان و هەر ئەوان کەسانی سەرەکیی پێکهێنەری دامودەزگاکانی پ‌ک‌ک لە ئۆورووپا بوون و دەوری سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی تەلەویزیۆنی مەد تی وی هەبوو.

ساڵی ۱۹۸۷ لە ڕێگای دۆستێکەوە ئاگادار کرام کە ڕێکخراوی لاوانی حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان سەفەرێکی دوو هەفتەیی بۆ لاوان بەرەو مۆسکۆ، بە قەتار ڕێکخستووە، ئەم پێوەندی و سەفەرە ڕێگای پێوەندیی تری کردەوە. پاش ئەم سەفەرە لە گەڵ کوردەکانی باشووری سەر بە حزبی کۆمۆنیستی عێراق ئاشنا بووم و پێشنیاریان کرد کۆنگرەیەک بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئۆورووپا و ناوەندی پراگ، لە ئاڵمان بگرین. لەم کۆنگرەیە لە گەڵ کۆمەڵێک کوردی باشوور و ڕۆژئاوا ئاشنا بووم و چەند کوردی ڕۆژهەڵات بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ئاڵمان. یەکەم چالاکیی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئاڵمان دوای ئەو کۆنگرەیە، ڕێکخستنی فێستیواڵی دووی ڕێبەندان لە ساڵی ۱۹۸۸ بوو، کە لە زانستگای کۆڵن بە بەشداریی کەسانی ناو بەدەرەوەی کورد وەک قادر دیلان، شوان پەروەر، جوان حاجۆ، کەریم حیسامی، غەنی بلووریان، گوڵمراد موڕادی، جەمشید حەیدەری و گەلێکی تر بەرپا کرا. چەند ڕۆژ دوای ئەم فێستیواڵە کارەساتی هەڵەبجە ڕووی دا و کەسانێک لە بریندارەکان هێندرانە نەخۆشخانەی بۆخووم، کە ئێمە سەردانمان کرد و هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی ناوەرۆکی فێستیواڵی نەورۆز بۆ یادکردنەوە و لە قاودانی ئەو کارەساتە بگۆڕیین، کە لە ئاڵمان گەلێک خۆپێشاندنی لە کۆڵن و بۆن و شارەکانی دیکە لێ کەوتبووە. ئەم فستیواڵە بوو بە فستیواڵێکی ناونەتەوەیی کە ڕێکخراوی جیهانیی لاوانیش بەشدارییان تێدا کرد. دروشمی سەرەکیی ئەو فێستیواڵە ئەوە بوو: «لە ژێر مەشخەڵی هەڵەبجە یەکگرین». حیزبەکانی باشوور لە حەولی نزیکبوونەوە لە گەڵ یەک بوون، کۆمەڵە خوێندکارییەکانیش بە هەمان شێوە. لە پاییزی ساڵی ۱۹۸۸ کۆنگرەی یەکگرتنەوە لە بەرلین ساز کرا، بەڵام پاش کۆتاییی کۆنگرە، ئەم ڕێکخراوەیە و ڕێکخراوەکانی تری خوێندکاری لە ناو چوون. چۆنیەتیی وردی ئەم کۆنگرەیە لە نامیلکەیەکدا لە لایەن منەوە باس کراوە، کە وەختی خۆی بڵاوکراوەتەوە. بەم چەشنە هەم کۆمەڵەی خوێندکاران نەما، هەم چالاکیی من لە ڕێکخراوەی کوردی دەرەوەی وڵات، کۆتایی پێ هات و پاش ئەوە ناوەندی شانۆی کۆچەر ساز کرا.

**پێشنگ** *دوای ساڵی ۱۹۹۷ بە هۆی گۆڕانکارییەکانی ناو ئێران و کرانەوەیەکی ڕێژەیی زانکۆکان بە سەر خوێندکارە کوردەکاندا، چالاکیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵات و ئێران دەچێتە قۆناغێکی نوێ و پڕ بەرهەمەوە. لە ئێستاشدا خوێندکارێکی بەرچاوی کورد لە ڕۆژئاوا سەرقاڵی خوێندنن. ئایا دەتوانین بەرەوە سازکردنی بەرەیەکی خوێندکاریی کوردی بڕۆین؟*



گرفتی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوانەی کە بە نــاوی خوێندکاری لە ناو و دەرەوەی کوردســتان سازکراون و ســازدەکرێن، حزبی بوون و بگرە خوێندکاری نەبوونە، ئەوە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوورووپا و هەموو لقەکانیشی وا بوو. حزبەکان و کەســانی حزبی هــەر چوارپارچــە دەوری گەلێک خراپ لەو بەســتێنە و لە بەســتێنی هونەری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و پیشــەیی دەگێــڕن. ئەوە ڕێگا لە بەردەم هەر چەشــنە یەکگرتنێک دەگــرێ و گرتوویە. ڕاشــکاوانە دەڵێم حزبەکانی کورد لــە هەموو پارچەکان، حزبی ســەدەی بیســت ویەک نیین و زیانی گەورەیان لە فەرهەنگ و هونەر و ئەو کارگەلە داوە کــە دەبێ دوور لــە حزبایەتی و دوور لە ئایین و ئیدئۆلۆژی و دەوڵەت و حکوومەت بن. لەو فەرهەنگەدا داهاتووی ڕوون بۆ فەرهەنگ، هونەر و زانست نابینم تا ئەو کاتەی حزبەکان واز لەو سیاســەت و خوو وعادەتە زیانبەخشە نەهێنن. هەر تاکێــک مافی خۆیەتی ئەندامی کام حزب بێ، بەڵام هیچ تاک و هیچ حزبێک مافی تاپۆکردنی هونەر، فەرهەنگ و زانست و دەزگا پیشەییەکانی نییە.

خوێندکارانــی کورد لــە دەرەوەی وڵات، دەتوانــن گەلێک ســوودبەخش بن بۆ خۆیان و دۆزی کورد، گەر ڕێکخراوی ســەردەمیانەی خۆیان ساز بکەن. ڕەنگە نیازی گەورەی خۆشیان بێ بۆ چارەســەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە تووشی دەبن. ســەردەم تەواو گۆڕاوە و ئێستا تەنیا ئەو کەســانە لە زانســتگاکان خوێندکار نیین کە لە کوردستانەوە دێن، گەلێک منداڵی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دایک بوون و دوورن لــە وڵات و کۆمەڵگا و بگرە زمان و فەرهەنگی کوردســتان. بوونی کۆمەڵەی خوێندکاران کە هەموو لاوانی کوردی هەر چوارپارچە لە خۆی بگرێ، ڕەنگە ببێتە باشترین پشتیوانی سیاسی و ســەنگین وگرانترین ڕێکخراوی کورد، جگە لەوە زۆرێک لە کوردەکان کە خوێندنیان تەواو کردووە، ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتان لە بواری سیاسی- زانســتی- هۆنەریی- فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی و ئیداریــی دەوریــان هەیــە. ئەم ســەرمایە مەزنە دەتوانێ ســوودی گــەورەی بۆ کورد و کارتێکردنیان لە سەر سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دام ودەزگاکانیــان هەبێ. کــورد و حزب و نوخبەکانی لەم بەستێنەدا نووستوون.

*لە هەمان ســەردەمی چالاکیی خوێندکاریدا، ئێــوە وتووێژێکی چڕوپڕتان لەگەڵ مامە غەنــی بلووریان ئەنجام داوە کە دواتر لــە دووتوێی کتێبێکدا، بە ناوی سەدەی کارەســات، چاپ بوو. دەشزانین لە ئێران، غەنی بلووریان، لەســەر بنەمای هەمــان چاوپێکەوتنەکانی ئێوە، کتێبێکی بــە ناوی ئاڵەکــۆک چاپ کــرد کە بووە هــۆی مشــتومڕ و قســەی زۆری لــێ کەوتەوە. دەکــرێ زیاتر لە چۆنیەتیی ئەم چاوپێکەوتنانــە ئاگادارمان بکەنەوە و باس لەوە بکەن کە جیاوازیی ســەرەکیی نێوان دوو دەقی ســەدەی کارەسات و ئاڵەکۆک لە چیدایە؟*



غەنــی بلووریان ڕێبەندانی ســاڵی ١٩٨٩ لــە فێســتیواڵی دووی ڕێبەندان بەشدار بوو. بیستبووم کە ئــەو ئەندامی ســازمانی جەوانان و یەکێک لە بەشدارانی نمایشی دایکی نیشتمان بووە، داوام لێی کرد لە سەر ئەو بابەتە وتووێژی لە گەڵدا بکەم. هاوینی ئەو ســاڵە هــات بۆ کۆڵن و نە تەنیا باس لە دایکی نیشــتمان، بەڵکوو باسی میرمیــرن کرا و لــە درێژەدا بوو بە شــازدە کاتژمێر کە لــە یەک هەفتــەدا بەڕێوە چوو. باسی ســەردەمی منداڵی هەتا ئەو کاتەی لە ئێران دەردەچێ و لە ڕێگای عێراق و ســووریە دەگاتە مۆســکۆ و لەوێڕا بەرەو پراگ. سەدەی کارەسات بە شێوەی گفتوگۆیە، گفتوگۆیەکی سیاسی دەربارەی سەردەمێکی پڕ لە کێشەی

جیهانـــی، ناوچەیـــی و ســـەردەمێکی گرنگی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات.

مامە غەنـــی دەبوو ڕووبـــەڕوو وڵامی ئەو پرســـیارانە بداتەوە کە لێی دەکرێ، لە چەند شـــوێن دڵی پڕ بوو، فرمێســـک بە ڕوومەتیدا شـــۆڕ بووە. لە زۆر شـــوێن قســـەمان لە یەک هەڵدەبەزییەوە. گفتوگۆیەکی ساکاری بێ قرە نەبوو.

«ئاڵەکۆک» کە بە دەستی حامید گەوهەری و بـــە کەڵک وەرگرتن لە ١٦ کاســـێتی یەک سەعاتە و نەوەد خولەکی من، وەک ڕۆمان بە بێ پرسی من داڕێژراوە، جەوهەری ڕەخنەگری و وتووێژیـــی لێ وەرگیراوە و بە ناوی بیرەوەریی مامە غەنی بە دەســـتی گەوهەری وەسەریەک خـــراوە، کە دەکرێ بێژم وەک نووســـەر مامە غەنـــی دەوری تێدا نەبووە. بـــەڵام بلووریان و گەوهەری بە هاوکاریی یەکتر و ڕاوێژ لە گەڵ یەک، کتێبەکەیان وەسەر یەک ناوە.

کتێبـــی ئاڵەکۆک لە ســـوید چـــاپ کرا، دواتر لـــە ئێران لە لایەن کەســـێک بە ناوی «رضا خیری مطلق» کرا بە فارســـی. خەیری کارمەندی پێشووی ڕادیۆ تەلەویزیۆنی مەهاباد و پاسداری ســـەردەمی حکوومەتی ئیسلامی بوو، کـــە برایەکی وەک پاســـدار کوژرا و ئەو کەسە دواتر کرا بە پسپۆڕی مەسەلەی کورد و ڕێگای بۆ خۆش کرا، هاتوچۆی باشوور بکات و زۆربەی بەرپرسانی باشوور ببینێ و کۆمەڵێک کتێـــب بە مەیلـــی ناوەنـــدە ئەمنیەتییەکانی حکوومەت بنووســـێ و لە ناوەندەکانی ســـەر بـــە حکوومەت لە تاران چاپیان بکات. ئەوەی غەنی بلووریان، حامید گەوهەری یان هەرکیان ئیزنیان بەو کەســـە داوە یـــان پێوەندییان لە گەڵـــی هەبووە، بۆ مـــن ڕوون نییە، بەڵام ئەو کتێبە بـــە وتەی چەنـــد زیندانییەک، بەر لە چـــاپ بە دەســـتنووس دراوە بـــە زیندانییە کوردەکان بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و پەندی لێ وەر گرن و واز لە کوردبـــوون بهێنن. کتێبی ئاڵەکـــۆک پاش چـــاپ کردن بۆ مەبەســـتی چەواشـــەکردنی جوڵانەوەی کورد، بەربڵاو لە شارەکانی کوردستان بڵاوکرایەوە.

لـــە درێـــژەی وڵامـــی پرســـیارەکەتاندا، مەبەســـتی چاپ و بڵاوکردنـــەوەی ئاڵەکۆک و سەدەی کارەســـات لە بنەڕەتدا جیاواز بوو، سەدەی کارەسات بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی نزیک بە ســـەدەیەک ڕووداوەکانی سیاســـی و کاراکتێری سیاســـەتمەدارەکانی بڵاوکرایەوە. ئاڵەکۆک بە ڕۆمان کردنی ژیانی کەسێک بوو، کە چارەگە ســـەدەیەکی لە زیندان و چارەگە ســـەدەیەکی لە ئاوارەیی تێپەڕی. ژیانی مامە غەنی خۆی کارەسات بوو.

من پـــاش کۆتاییـــی وتووێژەکـــە، کۆپی هەموو کاســـێتەکان و ریزی وردی بابەتەکانم دا بـــە مامە غەنی. بڕیار بـــوو گوێیان بداتێ و وڵامـــم بداتەوە، ئەو کارە نەکـــرا و بێ خەبەر مامەوە، هەتا کتێبەکەیـــان بە ناوی ئاڵەکۆک لە چاپ دەرهات. پـــاش دەرچوونی کتێبەکە بـــە تەلەفوون لە گەڵ مامە غەنی زۆر بە زبری قســـەم کرد و داوام لێ کرد هـــۆی کارەکەم بۆ ڕوون کاتەوە، کـــە بۆچی کارێکی وا کراوە، ئـــەو بەڵێنـــی دا نامیلکەیەک بـــڵاو کاتەوە و باســـی ڕاســـتیی کتێبەکە و وتووێژەکە بکات. بەداخەوە ئەو کارەش نەکرا. «ئاڵەکۆک» خۆی بەڵگەنامەیەکە بۆ ئیســـپاتی کارەسات، کە بە دەستی بە ناو نووسەر و مێژوونووس و سیاسیی کورد خوڵقا. ئـــەوەی جیاوازیی ئەو دوو کتێبە لە چیدایە، جیا لەوەی باس کرا، دەکرێ بێتە بابەت بۆ لێکۆڵینەوە. ئەوەش بگوترێ سەرجەم کاسێتەکان وەک خۆی و بە شێوەی دیجیتاڵی ماوەنەتەوە.

*ئێوە لـــە هەر دوو زمانی کوردی و ئاڵمانیـــدا ئەزموونی شـــێعریتان هەیە و کتێبکـــی دوو زمانەتان بە ناوی ســـەدەی ســـەرما چاپ کـــردووە. ژیانـــی غوربەت، ئاوارەیی و کوردایەتـــی چ کاریگەرییەکی لەسەر شێعری ئێوە هەبووە؟*



مـن خۆم لـە بازنەی شـاعیراندا نابینم و لێشـی نازانم. بە ویست، نەمویستووە شـیعر بنووسـم و بهۆنمەوە، بەڵام پەخشاننووس و تێکستنووس هەم، کە خۆم ناوی «وێنەم» لێناوە. گەنگەشەی ناو مێشـکی من»بیر و هزرە« کە لە تێکست و پەخشـان و کورتە تێکست-دا دەریدەبڕم، کە ئەوەی ئاخریان ڕەنگە لە ئافۆریسم (Aphorism) نزیک بێ. حـەزم لە نووسـین و جەڕباندنی وشەکانی زمانی زەنگینی کوردییە و جار هەیە بـە ڕۆژ و هەفتە، خۆم لە گەڵ چەند وشـە و ڕسـتەیەک بـۆ پەیداکردنی مانـای هزریی خەریـک دەکەم، ئـەم پرۆسـەیە هەرجار و هەمووجـارێ، دەمگەشـێنێتەوە و هەسـتی ئازادبوونم پێ دەبەخشێ! ئەو حەزەم بۆ زمانی ئاڵمانیـش هەیـە و هەر دوو زمـان لای من گەلێـک لە یەک نزیکن و هـەر دوو زمان بە قووڵی خزمی یەکن.

من کـوردم و بە هـەر دوو زمان خۆم و نەتـەوە و زێد و بوون و هزرم دەردەخەم. جار لـە هەڵەبجە دەسـووتێم و جار لە شـارێکی هەندەران، جـار لە ئامێدم و جار لە هەولێر و کرماشان و عەفرین و کۆبانێ. جار گۆی زەویم و جار کوردسـتان. جار ئـالان کوردیم و جار سەری سەردارانی هەڵواسـراو، جار شیرین و کەمانگەر و جار خودی خۆمم.

تێکسـتەکانی مـن پێشـتر لـە کتێبی ساڵانەی شیعری ئاڵمانیدا بڵاودەکرانەوە، لێرە و لەوێ دامودەزگای ئاڵمانی لەوانە ڕێکخراوی مافـی مرۆڤ کەڵکیـان لێ وەرگرتـووە و لە بۆنەکان خوێندراونەتەوە. پێشتر کۆمەڵێک لەو تێکستانە، وەک نامیلکەیەک بە زمانی ئاڵمانی بڵاو کراونەتەوە. خۆم لە شـانۆ بـۆ ڕاهێنانی دەنگ بە هەر دوو زمان کەڵکم لێ وەرگرتوون.

ئەو تێکستانە ڕەنگدانەوەی من و جیهانی منن، بۆ وێنە تێکستی سـەدەی سەرما باس لە دۆڕانی هەسـتی ئینسان لە سەدەی بیست و یەک دەکا، سـنوور باس لە بەزاندنی سنوور دەکا، گـۆی زەوی باس لە ئینسـان و زەوی دەکات، گەلێک لە تێکسـتەکان باسی مێژوو، فەلسەفە، هزر، جوانی و ئەوین لە خۆ دەگرن. بەڵێ کوردستان لە من و ژیان و بەرهەمەکانمدا ڕەنگیـان داوتـەوە، چ پێم زانیبێـت، چ پێم نەزانیبێت.

بەرهەمەکانم لاسایی کردنەوەی هیچ شوێن و هیچ ڕێچکە و هیچ کەسێک نییە. بۆم گرنگ نەبووە و گرنگ نییە، بەرهەمەکانم دەچێتە ناو چ ڕێچکـە و فۆرمێکـەوە. گرنگ ئەوەیە برایم فەرشـی هەسـت و بیر وهزری خۆی، وەک خۆی بە شـێوەگەلی جیـاواز دەردەبڕێ، جار دەبنە پەخشـان، شیعر، تێکسـت، شانۆنامە، وێنە، یاخود یەک ڕستە، یان بابەتێک لە توێی نووسینێکی سیاسی، زانسـتی، یان هونەریی. مـن لە بەر دڵی هیچ کەس و هێزێک شـتم نەنووسـیوە و نانووسـم. هیـچ سفارشـێکم وەرنەگرتـووە و وەری ناگرم. کارەکان چەندە لـە گەڵ قالیـب و تابـووت و پێوانەی ئەم و ئەو دێتەوە، بۆ من گرنگ نییە. من بە شـوێن پەسـەندکردنی ئەم و ئەو یا ئەو شوێن و ئەم شـوێنەوە نەبووم. گەر وام کردبـا، دەبووم بە کەسێکی تر لە دەرەوەی خۆم. ئەوە بەو مانایە نییە کـە بیروبۆچوونی ئەم و ئـەو وەرنەگرم، بە پێچەوانەوە، وەک پرینسـیپ بیروبۆچوونی زۆر کەس لە هەمـوو ڕەدەیەکدا وەردەگرم و ڕەخنەگرانی بەرهەمەکانی خۆم خۆش دەوێ. کاری هونەری، کارێکی کۆمەڵایەتییە و دەبێ گوێبیسـتی بیروبۆچوونی کۆمەڵگا بین. بەڵام کۆمەڵگا من وەشوێن خۆی نادا و من وەشوێن کۆمەڵگا ناکەوم.

هەرچی نووسـیومە، لە وانە ئەو تێکستانە بەرهەمی کات و سات و چرکەکانی ئینسانێکە کە بە درێژایی تەمەنی، تاقیکردنەوەی خۆی هەبووە. ئەو کەسە لە خاکی کوردستان و لە ناو فەرهەنگ و زمان و شارسـتانییەتی کوردەوە، سـەری هەڵداوە و لە ئاڵمان گیرساوەتەوە، نە بە هەڵکەوت بەڵکوو بە ویسـتی خۆی هاتووە

و به ویستی خۆی گیرساوەتەوە. تێکستەکان کوردی- ئاڵمانی- ئینسانین. من غەریب نیم و هیچکات هەستم به غەریبی نەکردووە، تێکستەکانیشم بەرهەمی غەریبی نیین. ناڵە ناڵە له هیچ بەرهەمێکی مندا نییە. هەستی نامۆ بوون و خەمۆکی له کارەکانمدا نابینرێ. بێ هیوایی له بەرهەمەکانمدا جێگای نەبۆتەوە، ئەوەش لە دەرەوە فێر نەبووم، له وڵات فێربووم. من منداڵی سروشتێکی تەڕ وتوش و دڵڕفێنم و سەردەمێک کەژەوان بووم و له بەرزترین شاخی ناوچەکە خلۆر بوومەتەوە و هەستاومەتەوە، له کاتی داگیرکردنەوەی سەقز گوللە به بن گوێچکەمدا ویزەویزیان کردووە. چەندەی له گەڵ ژان نزیکایەتیم هەیە، زۆرتر له گەڵ ژیان. ئەدەبیات و هونەر، هاوڕیی ژیان و ژان و خۆشییەکانم بوون و هەن.

*لە دوایین کتێبتاندا بە ناوی «پازڵی کوردبوون کورد: له ناو ئەدەبیات و سیاسەت» هەست دەکرێ وەک پیواز پاک کردن، لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەدەبیات و سیاسەت له کوردستان، بە دەم گریانەوە، چەندین پرسی گرنگ سەبارەت بە بوونی کورد دەرووژێنن. چ شتێک ئێوەی هاندا کە ئەم کتێبە بنووسن؟ پێتان وایە ناسنامەی کوردی زیاتر بەرەو سازکردنی وێنەی کۆتایی پازڵەکە دەڕوا یاکوو پرش و بڵاوتر دەبێ؟*



دیسان پرسیارێکی باش. بەڵێ له کاتی نووسینی ئەم کتێبە، تووشی گەلێک حاڵەت بووم. هەرچەند کورد زەمانێکی گەلێک زەنگین و ئەدەبیاتێکی پڕ لەهەست و خۆشەویستی و ئەوین ودڵداری و پڕ له ڕەنگدانەوەی سروشت و ڕەنگدانەوەی سۆز وعاتیفەی بۆ زێد و نیشتمان و خەبات و وەرگرتنی ئازادی هەیە، بەڵام ئەو ئەدەبیاتە و خوڵقێنەرانی جگە له بەخشینی هێز، بیر وهزریان له سەر بەیس و بنەوانی فەلسەفی بە مرۆڤی کورد نەبەخشیوە و مرۆڤی کوردیان له زیندانی تێگەیشتنی ئایینی، هەموو ئایینەکان، بە تایبەت ئیسلام ڕزگار نەکردووە و نەیانتوانیوە ناسنامەی نەتەوەیی گشتی بە هەموو تیرە و باوەڕمەندانی هەمە جۆر و ئاخێوەرانی جیاواز لە ژێر ناو و ناسنامەی کوردی ببەخشن، تەنانەت تا ئێستا نەیانتوانیوە زمانێکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن له یەکتر، ئەدەبیاتێکی گشتگیر و تێگەیشتنێکی گشتگیر له سەر بنەمای هزری گشتگیر بخوڵقێنن. بەڵێ زۆرجار بێزار بووم. شانۆنامەی «دایکی نیشتمان» که باسمان کرد، بە شیعرەکانی حاجی قادر ڕازاوەتەوە که بە چڕی پەسنی خودا دەدات، خودایەک که عوسمانلی و پارس و عارەب خۆی پێوە هەڵدەواسن بۆ قڕکردنی کورد. خانی خۆی دەکاتە غوڵامی خودا و دوای ئەوە دەگاتە باسی مەم و زین، هەموو شتێک له خۆی، بۆ خودا دادەماڵێ. ئەم تێگەیشتنانە لە ناوەوە، کوردیان کۆیلە هێشتۆتەوە و هزری ئازاد بیرکردنەوەیان لێ وەرگرتووە و هەموو داکەوتنەکان و شکەست و کارەساتەکانی خۆیان بە ڕەزای خودا بەستۆتەوە. ئەم تێگەیشتنە له ئەدەبیاتی کوردیدا، منی بێزار کردووە و بێزارم دەکات.

کتێبی «پازڵی کوردبوون» دەرفەتێکە بۆ لاکردنەوە له پرسیارە سەرەکییەکانی ناسنامەی کورد و پێکهاتەکانی و دەرخستنی لایەنەکانی. ئەو کتێبە ئاوڕ لە ئەدەبیات، سیاسەت، ئیدئۆلۆژی، ئایین و کیان دەداتەوە کە دەوریان له بێ ناسنامە کردن، یان پاک کردنەوەی ناسنامەی کورد هەبووە. هەروەها بەرهەمەکان و تێگەیشتنی کۆمەڵێک له ڕۆشنبیران و شاعیرانی سەدەی بیست و پێشتر، ڕەخنەگرانە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. کتێبەکە حەولێکە بۆ دیاڵۆگ و گەڕانەوەی ڕەخنەئامێز و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی دەروونی و زیهنیی ڕۆشنبیرانی کورد له بەستێنی ئەدەبیات، نەتەوە، سیاسەت. من پێم

وایە پرۆسەی ناسنامەی کوردبوون، لە بووندایە، بەڵام لەمپەری یەکجار زۆر لە سێ لایەنەوە بۆ بێ ناسنامە کردن و بێ ناسنامە بوون لە ئارادیە، یەک لایەنی ناوخۆیی، دوو ناوچەیی و سێ جیهانی، مەبەست بە تەنیا سیاسەت نییە، بەڵکوو جگە لە سیاسەت مەبەست پرۆسەی فکری، فەرهەنگی، ئیدئۆلۆژیک، ئایینی، کۆمەڵایەتی و هەروەها ئابوورییە. مرۆڤی کورد لە هەموو ئەو خاڵانەدا، کەمایەسیی جیددیی هەیە و هەر کام لەو خاڵانە دەتوانێ کورد لە ناسنامەی خۆی تەنانەت بە دڵخواز دوور خاتەوە. گرفتی کورد تەنیا سیاسی نییە، بەڵکوو گرفتێکی کۆمپلێکس و چڕوپڕ و ئاڵۆزە. هەر بۆیە ئەدەبیات و بە تایبەت شیعر و خاوەنەکانیان، کە لە کتێبەکەدا بە خەستی باسیان لێ دەکرێ، نەیانتوانیوە، بەرەنگاری ئەو ئاڵۆزییە هەمەلایەنەیە ببن. کتێبەکە خوێنەر لە گەڵ پرسیاری زۆرتر ڕووبەڕوو دەکات.

*یەکێک لە چالاکییە هەرە گرنگەکانی ئێوە ئیش کردن لە سەر مژاری پەروەردە بووە. ئێوە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژە فیکرییەکەی خۆتان، لە ساڵی ٢٠١١ ئەنیستیتۆیەکتان لە ئاڵمان بە ناوی لێرنهاوس دامەزراندووە و بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا پەرەتان بە چالاکیی خۆتان لە ئاستی چەند وڵاتی ئوورووپاییدا داوە. پێمان خۆشە هەم بزانین پێناسەی پیداگۆژی بۆ ژیانی مرۆڤی مۆدێرن چییە و هەم کەمێک زیاتر لە گەڵ پێکهاتە و شێوازی کارکردنی ئەنستیتۆکەتان ئاشنا ببین.*



وەک شانۆپێداگۆگ و داڕێژەری سیستەمی فێربوون، کاری من بەو مانایەی کە لە پەروەردە و ڕاهێنان، «ئامووزش و پەروەرش» دەکرێ، نییە. من کەس پەروەردە ناکەم، کەس ڕاناهێنم و ئەو تێگەیشتنە بە چاوپۆشی لە  سروشتی مرۆڤ و وەرگرتنی سەربەخۆیی و پاسیڤ کردنی دەوری کەسایەتیی ئینسان و خاوکردنەوەی مێشک دەبینم.

ئێمە لە «لێرنهاوس» ئێمکان بۆ فێربوون پێکدەهێنین و هاوڕێیەتیی «پرۆسەی فێربوون» دەکەین و چێژوەرگرتن دەگەڕێنینەوە بۆ فێربوون و مەیل و ویست و خواست دەکەینە بنەما بۆ فێربوون. ئەو تێگەیشتنە کە لە سەدەکان و هەزارەکانی پێشوو، هەتا ئێستا لە فێرگە ئایینی و نائایینییەکان و بە ناوی زانست و پێشکەوتن پەرەی ساندووە و مرۆڤ «پەروەردە« دەکات و «ڕادەهێنێ»، تێگەیشتنی من و هاوکارانم نییە.

لە سیستەمەکاندا (سیاسی، ئیدئۆلۆژیک، ئایینی...) لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا دوا قۆناخی خوێندن، تاک وەک تاکی جیاواز لە یەک، تاکی ئازاد، تاکی خاوەن تایبەتمەندی سەیر ناکرێ. منداڵ، لاو و گەورە، وادارەکرێ خۆی لە گەڵ نۆڕمەکان و داخوازییەکانی سیستەم و کەسی سەرەوەی خۆی لێرە موعەلیم یا ئوستاد ڕابهێنێ و خۆی بگونجێنێ و پەیتا پەیتا لە ڕێگای تاقیکردنەوە و ئیمتیحانەکان بیسەلمێنێ کە ئەو بە گوێرەی چاوەڕوانییەکان، پەروەردە کراوە و بە پێی ویستی سیستەم و نۆرمەکان و ویست و داخوازی فێرکار و پەروەردەکار، ڕاهێندراوە.

ئەم سیستەمانە ئیمکان بۆ هەر تاکێک بە پێی تایبەتمەندییەکان و چۆنیەتیی کەسایەتییان پێک ناهێنن. لەو سیستەمانەدا، پێداگۆگی بە مانای هۆمانیستی، ئینسانی کە ڕەنگدانەوەی چۆنیەتیی تاک و ویست وخواست و توانا و لێهاتووییەکانی بێ، نابیندرێ، هەر چەند لە چەند سەدەی ڕابردوو و سەدەی ئێستا گۆڕانکاری لە تێگەیشتن لە پێداگۆگی و مێتۆدەکان پێکهاتووە و ئینسانیتر لە سەدەکانی ناوەڕاست و سیستەمی تۆتالیتێری سیاسی و ئایینی، لە گەڵ منداڵ هەڵسوکەوت دەکرێ.

ناسـینی تاکـە کـەس و ئاگاداربوون لە گرێکانی سـەر ڕێگای فێربوون لە تاکەکەسدا گرنگە. چین ئەو گرفتانەی پێش بە پرۆسـەی فێربوون دەگرن؟ ئێمە بۆ فێربوون، سروشـتی مرۆڤ و هۆمانیسم بە بەیس و بنەما دەگرین. ئەو بەیـس وبنەمایەی کە لە مەدرەسـەکان و زانسـتگاکان لە بەرچاو ناگیـرێ. ئیجبار بۆ فێربـوون و خۆگونجاندن لە گەڵ سیسـتەم دەبن بە بنەما. مەدرەسـەکانی کلیسا و دواتر مەدرەسەکانی سـەردەمی گەشەی سەنعەتی و سـەرمایەداری، مرۆڤیـان بۆ مەبەسـت و ولامدانەوە بە نیـازی خۆیان پەروەردە دەکرد. کـەم نیین ئـەو کتێـب و بەڵگەنامانەی کە مەدرەسـەکان وەک سـەربازخانە و شـوێنی چەوساندنەوە دەنەخشێنن.

ئێمـە «فێربـوون» وەک پرۆسـەیەکی بەردەوامی نەپچڕاوە دەبینیین کە لە منداڵدانی دایکـەوە بۆ منداڵ دەسـت پێـدەکات، هەتا مردن. ئێمە سـوود لە نۆیرۆلۆژی، بیۆلۆژی و هەروەها سیسـتەمی جووڵەی Brain Gym و مێتۆد و جووڵەکانی شـانۆ و شانۆپێداگۆگی بۆ خوردبوونـەوە(Konzentration) و لەناوبردنی بلۆکەبوونی ناو مێشک، وەردەگرین، بۆ ئەوەی بە پێی ویست و خواست و تایبەتمەندییەکانی تاک، پرۆسـەی فێربوون بەرێـوە بچێ. ئێمە کە لە سـەردەمی دیجیتاڵـی و دوو جیهانی ڕێئاڵ و مەجازی و دووربوونەوە لە سرووشتدا دەژین، پێویستمان بە پێداگۆگیی هۆمانیستی و دێموکراتیـک هەیە بۆ ئـەوەی منداڵ و لاو توانایی بڕیاردانی سەربەخۆ پەیدا بکەن.

لێرنهاوس(ماڵـی فێربـوون) ماڵێکە پڕ لە ئیمکان و کەرەسە بۆ فێربوون و چێژوەرگرتن لە فێربوون، هەر لە کتێب و مێدیۆمی تر هەتا دەیان چەشـن پرۆگرام و گەمـەی فێربوون. ناوەنـدی ئەو پرۆژەیە کەرەسـە و مێتۆدەکان نین، بەڵکوو مرۆڤ و مرۆڤ و چۆنیەتیی کار و هەڵسوکەوت لە پرۆسەی فێربوونە. ڕێگایەکی نـوێ کە هێدی هێدی جێـگای خۆی لە ناو کۆمەڵگا، فێرگە و زانستگا لە ئاڵمان دەکاتەوە و لە چەند سـاڵی ڕابردوودا جگـە لە ئاڵمان لە ئیتالیا و فەرانسەوە خوێندکار بۆ ئاشنابوون لە گـەڵ لێرنهـاوس دێنە کۆڵـن و پێنج تا شەش هەفتە لامان دەمێننەوە. ئەوە جگە لەو خوێندکارانەی زانسـتگا و فێرگەکانی شاری کۆڵن و شارەکانی تری ئەیالەتەکانە. مێدیا لەم بەستێنەدا پاڵپشتی کارەکانمان بوون.

*لە پێداگۆگی مۆدێرنیشدا ڕەنگە یەکێـک لـە مـژارەکان ئەوە بـێ چۆن پرسـیارمان هەبێ و بە چ شـێوازێک بە شـوێن وەڵامدا بگەڕێین. وەک هایدیگەر ئامـاژەی پـێ داوە، ئـەم گەڕانەیـە کە هەقیقـەت وێنا دەکا. ئێـوە چۆن بۆ ئەم باسە دەڕوانن؟*



پرسـیارکردن ڕەنگدانـەوەی بیرکردنـەوەی مرۆڤـە. کاتێـک منداڵێکی سێ ساڵان لە باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە و لە دایکی دەپرسێ: «من لە کوێوە هاتووم؟» و دایکی وڵام دەداتەوە. «تۆ لە زگی مندابووی» و ئەو وڵامە منداڵ تێر ناکا و دیسان دەپرسێ: «نا، یەکەم کەس لە کوێوە هاتووە؟». مانای ئەوەیە کە پرسیارکردن، نیازە بۆ دەرخسـتنی حەقیقەت، پرسـیاری»من لە کوێـوە هاتووم» نیـازە بۆ فێربـوون، نیازە بۆ خۆناسـین، نیازە بۆ بوون و، پێوەندیی بەوەوە نییە کە پرسـیارکەر منداڵێکی سێ ساڵانە، یاخۆ فەیلەسووفێکی حەفتا ساڵە.

ئـەوەی «چـۆن پرسـیارمان هەبـێ؟» گـەر مەبەسـت ئـەوە بێ»چـۆن دەگەیـن بـە پرسـیارکردن؟» گرێـدراوی کەسـەکە و دەوروبـەری و کۆمەڵـگا و فەرهەنـگ و ڕەخسـاندنی بوار بۆ پەیداکردنی کەسایەتیی پرسـیارکەرە. گەر مەبەست فۆرم و مێتۆد بێ، کە «چۆن پرسیار بکەین؟» بۆ ئەوە وڵامم نییە و وڵامەکەش لە پێوەنـدی لە گەڵ منداڵ بە

پێویست نازانم. ئەوەی «بە چ شێوازێک بە شوێن وڵامدا بگەڕێین؟» لێرەش گەر مەبەست تەکنیک و مێتۆد بێ، باسێکی بێ بڕانەوە دەهێنێتە پێش و بەکارهێنانی هەر مێتۆدێک، وڵامی جیاواز دەداتەوە. لە بواری پێداگۆگی و شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ منداڵ لە مەدرەسەکان، مێتۆدگەلی جیاواز بۆ ئارمانجی جیاوازی سیستەمە فکری، ئیدئۆلۆژیک، سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بەکاردەهێندرێن.

بەڵێ هونەرێک بە ناوی هونەری پرسیارکردن لە هەر مرۆڤێکدا بەدی دەکرێ و ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ فێرببێ، بەڵام ئەوە مەسەلەی منداڵ نییە، منداڵ بە پێی سروشت و ویست و خواستی خۆی پرسیار دەکات و لە پرۆسەدا، ستایل و شێوە و فۆرمی خۆی پەیدا دەکات کە لە تاقیکردنەوەی خۆی و تێگەیشتنی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو منداڵەی «پرسیاری لە کوێوە هاتووم»ی لە دایکی کردووە، بە ئێمە دەسەلمێنێ کە «پرسیارکردن» گرنگە، نە «چۆن پرسیارکردن». ئەڵبەت گەر مەبەستی ئێوە «چۆن پرسیارمان هەبێ»، لایەنی پێداگۆگی و مێتۆدیک بێ، دیسان دەمانخاتە ناو ئەو بازنەیە و دوورکەوتنەوە لە سروشتی تاکەکان، کە نابێتە ڕەنگدانەوەی تاک و تایبەتمەندییەکانی و مرۆڤ دەخاتە ناو گەمەیەکەوە، کە گەمەی منداڵ نییە! گەر ئەو منداڵە ئیمکانی پرسیارکردنی لێ وەرنەگیرێ، بەربەست نەکرێ بە هۆی فەرهەنگی، داب و نەریت و ئایین و عەیبە و چی و چی، لە پرۆسەی فێربووندا، خۆی تێدەگا و دەزانێ چۆن پرسیارەکانی بێنێتە گۆڕێ. گرفت ئەوەیە کە نە لە ناو بنەماڵەکان، نە لە باخچەی منداڵان هەتا دوا پلەکانی زانستگا، ئەو دەرفەت و ئیمکانە ئازادە بە تەواوی نابیندرێ، کە پرسیار بکەن.

بەشی دووهەمی پرسیارەکە«بە چ شێوازێک بە شوێن وڵامدا بگەڕێین؟». گەر منداڵ و لاو خۆی بتوانێ وڵامی پرسیارەکانی پەیدا بکات، پێویستی بە کەسی بەرانبەر(دایک و باوک، موعەلیم و ...) نامێنێ، هەر وەک چۆن ئێستا ئینترنێت ئیمکانی بۆ منداڵان و لاوان دابین کردووە، خۆیان وڵام بۆ پرسیارەکانیان پەیدا بکەن. ڕەنگە لێرە بگوترێ، گەر خۆی بە بێ چاوەدێر(موعەلیم، دایک و باب و پێداگۆگ) لە وڵام بگەڕێ، ئەوە ڕەنگە بە لاڕێدا بڕوا؟ ئەم شک و گومان و بێ باوەڕییە، بەرهەمی «ڕاهێنان و پەروەردە و پێداگۆگی» و کۆمەڵگای سەقەتە. بەرهەمی بنەماڵە و باخچەی منداڵان و مەدرسە و ئایین و فەرهەنگ و داب و نەریت و کۆمەڵگای ناساخە. گەر لە منداڵییەوە منداڵ ئیمکانی بۆ ڕەخسابێ و گرنگی بە سەربەخۆیی فکری، کەسایەتی، فەرهەنگی و پرۆسەی فێربوون و خۆگرتنی کەسایەتی درابێ، هێندە تێگەیشتوو و باوەڕبەخۆی لێ دەردێ، کە بزانێ چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە وڵامەکان پەیدا بکات. گەر وا نەبێ، هاوڕێیی کردنی منداڵ، سوودبەخش دەبێ. دوبارەی دەکەمەوە هاوڕێیی کردن. لە هاوڕێیی کردندا، دیالۆگ و گفتوگۆ هەیە و منداڵ بەشدار دەبێ لە گفتوگۆ و لە ڕێگای دیالۆگەوە بۆچوونەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

باشترین و هۆمانیستیترین و سروشتیترین شێواز بۆ پەیداکردنی وڵام، چوونە ناو پرۆسەی گەڕانە، کە ئێوە لە زمانی هایدیگەرەوە باستان کرد. گەر مەبەستی هایدیگەریش چوونە ناو ئەو پرۆسەیە بێ، کە مرۆڤ تاقیکردنەوەی خۆی پەیدا بکات، ئەوە پڕبایخە! ئەو تاقیکردنەوەیە دەتوانێ تەنانەت، وڵام پەیداکردن بۆ مەسەلەیەکی ماتماتیک بێ. کە وایە پێداگۆگی جێی باسی ئێمە، گەڕانەوە بۆ پێداگۆگی سروشتی و هۆمانیستییە. فەیلەسووف و پێداگۆگەکان، بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن و ڕێگا پەیداکردن یارمەتیدەر هەن، بەڵام جێگای مێشک و بیرکردنەوە و تاقیکردنەوەی تاکە کەسەکان ناگرنەوە. گەر ئەوە ڕوو بدات، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی ئەو گرفتانە دەبێتەوە، کە بەردەوام ڕووبەڕووی بۆتەوە.

**وتوویژ لەگەڵ هاوژین مەلا ئەمین**

”

هاوژین مەلا ئەمین (١٩٧٣ زاینی)؛ مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سلێمانی، پسپۆڕ لە فەلسەفەی ئیسلامی، دەستەی دامەزرێنەر و سکرتێری ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و ئەفسانە و سۆفیزم. خاوەنی چەند کتێبە، لە بواری فەلسەفە و کەلامی ئیسلامیدا لەوانە: ١. تیوری حیکمەتی نەمر لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی (بە زمانی عەرەبی) ٢. دەروازەیەک بۆ زانستی کەلام ٣. فەلسەفەی ئیسلامیی کیندی و فارابی ٤. فەلسەفەی ئیسلامیی فارابی ٥. فەلسەفەی ئیسلامیی ئیبن ڕوشد ٦. دەروازەیەک بۆ گنوسیزمی ئیسلامی کە بەرگی یەکەمی پرۆژەی وەرگێڕان و ڕاڤەی تەواوی نامە و کتێبەکانی سوهرەوەردییە و وەرگێڕان و ڕاڤەی نامەی باڵندەی ئیبن سینا و ئاوازی باڵی جوبرەئیلی لەخۆگرتووە. هەروەها چەند کتێبێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنەی هابرماس، باسی میتۆدی دیکارت، دادپەروەری وەک ڕەوایی جۆن ڕۆڵز، دیالیکتیکی ڕۆشنگەریی هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ، ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی عەلی عەبدولڕازق، موسا و یەکتاپەرستی فرۆید. لە ساڵی (٢٠٠٧ ز)ـەوە لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سلێمانی مامۆستایە و لە بەشەکانی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ڕاپەڕین مامۆستای وانەبێژ بووە، دەستەی دامەزرێنەری، بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی هەڵەبجە و کۆمەڵەی توێژینەوەی ڕۆشنگەری و سەرنووسەری گۆڤاری ڕوانگە و ڕەخنە بووە. هەروەها سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری(دیدگا) و گۆڤاری ڕیفۆرم و پاشکۆ عەرەبییەکەی بووە بەناوی (الإصلاح).

“

*لە قۆناغی پاش جەماڵەددین ئەفغانی ئەو بەرەیە لە ئیسلام کە ناوی خۆیان نا بزوتنەوەی ڕابوونی ئیسلامی، وەرچەرخانی نەتەوەییشان تێدابوو بۆ وێنە ڕەشید ڕەزا، لایەنگری بیری شوڤێنیزمی عەرەبیش بوو. ئێستا لێرە ئەو پرسیارەمان هەیە ئایا باوەڕمەندان بە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، دەتوانن هەڵگری باوەڕی نەتەوەییش بن؟*



بێگومان پەیوەندییەکەی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان کلتوور بەگشتی و ئایین و ناسنامەدا بە تایبەت، بە تایبەت گەر لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلۆژیای کەلتوورییەوە لە ئایین بڕوانین. بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵانەشەوە کە لە نێوان ناسنامە و ڕوانین لە خود و شوناسی دەستەجەمعی و ناسیۆنالیزمدا هەیە، دەتوانین کە لە نێو فۆرمە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزمدا، ڕوون و ڕەوان و ڕیشەیی، بگرە وەک ڕەگەزێکی دامەزرێنەر و پێکهێنەرێکی سەرەکی سەیری ئایین بکەین.

گەر ناسیۆنالیزمێکی «سێکۆلار» لە مێژووی مرۆڤایەتیدا توانیبێتی خۆی بونیات بنێت، یان ئەگەری بونیاتنانی هەبێت، گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئەگەرە بە نێو پرۆسەیەکی درێژخایەن و ڕیشەییی چاکسازیی ئایینی و کلتوریدا تێپەڕیوە و پێشتر پرۆسەی سێکۆلاریزەیشن لە دڵی کلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیدا جێگەوتووە و جێگای خۆی خۆش کردووە و ئەمەیە کە ئەو ئەگەرەی ڕەخساندووە.

چونکە ئایین، ڕەگەزە سەرەکییەکەی پێکهاتنی کلتوور و خەیاڵ و نۆستالۆژیای دەستەجەمی و زۆرینەی هەرە زۆری کۆد و هێما و میناک و میتافۆڕ و کاریزما و کاراکتەرە کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەکانە و لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و لە نێو زمان و سایکۆلۆژیای دەستەجەمیدا، جێگای هەرە دیاری خۆی هەیە، ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی، بەبێ دیالیکتیکێکی قووڵ لە گەڵ ئایین و کلتوور و زمان بە واتا فراوانەکەی خۆی، تەواو ئەستەمە کە بتوانێت قودرەتی دەرکەوتن و خۆ بونیاتنانی هەبێت. بێگومان ئەمە بە پلەی یەکەم کاتێک کە باس لە فۆرمێکی مەدەنی یان «سێکۆلار» لە ناسیۆنالیزم دەکەین؛ ئەگینا نموونەی فۆرمە توند و هەرە تۆکمە و بنەڕەتی و سەراپاگیرەکانی ناسیۆنالیزم زۆرن کە پەیوەندیی ڕاستەوانەیان لە گەڵ ئایین و سود وەرگرتنی تەواویان لێی، هیچ جێگای مشتوومڕ نین.

**دوای هەرەسهێنان و گەندەڵبوونی تەواوی خەلافەتی عوسمانی، خاوەندارێتیی تورکەکان لە ئیسلام و میراتە سیاسی و فەرمانڕەواییەکەی، بووە شوێنی گومان و بێ متمانەیی زۆر و بووە هۆی ئەوەی کە عەرەب بیر لەوە بکەنەوە کە جارێکی دی خاوەندارێتی لە ئیسلام بگەڕێننەوە**

ئەم پەیوەندییەی ناسیۆنالیزم و ئایین لە نێو ئایینە «ئیبراهیمییەکان»دا پەیوەندییەکی زاڵ و کاریگەرترە، بە تایبەت لە ئایینی یەهودی و ئایینی ئیسلامدا کە بە واتا ئیتنی و کلتوورییەکەی، وەک ئاماژەمان پێ دا، بەو پرۆسە مێژووییانەی ڕیفۆرم و سێکۆلاریزەیشندا وەک پێویست پێنەپەڕیون و بۆ خۆیان لە بنەڕەتدا چیرۆک و حیکایەتی گەورەی دامەزراندنیان، پەیوەندیی بە دەستەبژێربوون و باوک و مێژوویەکی میسۆلۆژییەوە هەیە کە وەک هەویری شێلراو و ئامادەکراوی گوتارێکی ناسیۆنالیستی وایە کە هەر ئەوەندەی زەحمەتە لە تەنوورەکەی بنرێت.

بە تایبەت لە ئایینی ئیسلام و لە هەر سێ نەتەوەی عەرەب، تورک و فارسدا، بە پلەی جیاجیا، ئایین و مەزهەب لە پەیوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا، ڕۆڵێکی

هێندە بونیاتنەر و چارەنووساز و خەیاڵساز و ئایندەساز دەگێڕن کە ئێدی بە هیچ شێوەیەک فەرامۆش کردنیان، جێگای باوەڕ و متمانە نییە. بەبێ زێدەڕۆیی دەتوانین بڵێین کە ئەم سێ نەتەوە و ناسیۆنالیزمە، بە تەواوەتی ئیسلامیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە و خاوەندارێتی لێ دەکەن. خاوەندارێتیی فارسەکان لە ئیسلامی شیعەگەرا، ڕاستییەکی دیار و ئاشکرا و ڕوونترە و تا ئەندازەیەکی زۆر خاوەندارێتییەکی بێ ڕکابەرترە لەوەی کە لە نێو ئیسلامی سوننەگەرا و هەردوو نەتەوەی عەرەب و تورکدا هەیە، پەیوەندیی مێژوویی ئایینی ئیسلام خۆی، بە چەمکەکانی سیاسەت و دەسەڵات و فەرمانڕەواییەوە، ئەم دۆخەی ئاڵۆزتر کردووە.

بەهەر حاڵ دوای هەرەسهێنان و گەندەڵبوونی تەواوی خەلافەتی عوسمانی، خاوەندارێتیی تورکەکان لە ئیسلام و میراتە سیاسی و فەرمانڕەواییەکەی، بووە شوێنی گومان و بێ متمانەیی زۆر و بووە هۆی ئەوەی کە عەرەب بیر لەوە بکەنەوە کە جارێکی دی خاوەندارێتی لە ئیسلام بگەڕێننەوە بۆ خۆیان و عەرەب وەک خاوەنە ڕاستەقینەکەی ئیسلام، هەوڵی ئەوە بدات کە لە بەر ئاوێنەکانی ئەم ئایینەدا جارێکی دی خۆی دابڕێژێتەوە و لێرەوە ئایین و ناسیۆنالیزمەکەی خۆی وەک مێژوو و وەک نۆستالۆژیا و حیکایەتی گەورە و کلتوور، ئاوێتە و ئاوێزانی یەکدی بکات.

ئێمە لە بۆنە و نوسینی دیکەشدا ئاماژەمان بەوە داوە کە چ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان حیکایەتە دامەزرێنەرەکانی ئیسلام و دەسەڵاتخوازی و میراتی پیرۆز و خاوەندارێتی لە ئایینـدا بەواتا سیاسییەکەی، کە ئەمانە دواجار ڕۆچوونەتە نێو واتا سیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی موسوڵمانبوون خۆیەوە و بەستوویانەتەوە بە هاوبەشیی سەرەکی و خاوەندارێتیی سیاسی و دەسەڵاتخوازانەوە لە ئیسلام و بەشداریی چالاک لە میراتی خەلافەتدا. گومان لەوەدا نییە کە هەندێک ئەزموونی لابەلا، یاخود هەندێک دەسەڵاتدارێتیی «کوردی» ئیسلامخوازی وەک پاشای کۆرە و سەلاحەدینی ئەیوبیمان هەن لە مێژوودا، بەڵام دواجار ئەم نموونانە نەیانتوانیوە وەک خاوەندارێتی لە ئیسلام، میللەتی کورد بە هیچ جێگایەک بگەیەنن.

> **بێگومان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان کلتوور بەگشتی و ئایین و ناسنامەدا بە تایبەت، بە تایبەت گەر لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیی و ئەنترۆپۆلۆژیای کەلتوورییەوە لە ئایین بڕوانین**

کورد لێرەدا نموونەیەکی هێندە ناوازە و دەگمەنیش نییە و ئەمە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی موسوڵمانیش جگە لەو سێ نەتەوەیە هەر ڕاست دێتەوە و لە شوێنی خۆیەتی. تایبەتمەندی و جیاوازیی کورد لێرەدا ڕەنگە قوڵتر و توندتر بێت کە بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە لە دەرەوەی ئەم گەمەیەوە بمێنێتەوە و شوناسی خۆی بە شتێکی جیاواز لە ئایینی ئیسلامەوە ببەستێتەوە. بێگومان هۆکارەکانی ئەمە زۆر و ئاڵۆزن و ئێرە جێگای ئەو باسە نییە، بەڵام زۆر بە سادەیی تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بەو سێ نەتەوەیەوە هەبێت، ئەوان موسوڵمانبوون تەنیا لە پەراوێزی ئەو خاوەندارێتییەی خۆیان لە ئایینیدا دەبینن و بزوتنەوە ئیسلامییە سیاسییە کوردییەکان بە ڕەهەندە «بەناو ئەنتەرناسیۆناڵ و جیهانییەکەی ئیسلام»، دەخەڵەتێنن و لە پەراوێزی خۆیاندا دایان دەنێن و هەموو بانگەشەیەکی جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە ئەوان بە کوفر و بێباوەڕی و پارچەکردنی دونیا و جیهانی ئیسلامەوە دەبەستنەوە، هەر بۆیە باوەڕی من وایە کە

چەند شیاو و بگرە پێویستە بۆ بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی عەرەبی یان تورکی یان فارسی کە ئیسلامی بێت و چەند ئەوان دەتوانن کە سوود لەو میراتە وەربگرن بۆ پێکهێنانی ناسیۆنالیستی و نەتەوەسازی، ئەوەندەش بۆ بزوتنەوەیەکی کوردی ئەمە ئەستەمە و ڕێگای تێناچێت و خۆبەستنەوە بە مەزهەبی شافیعی، یان جیاوازییەوە لە گەڵ ئیسلامی سوننە و ئیسلامی شیعە بەوەی کە ئێمە خۆمان ببەستینەوە بە ڕێڕەوی شافعی و ئەشعەرییەوە و بەمە خۆمان جیابکەینەوە، ئەمە لەم ڕاستایەدا هیچ سوود و بەها و بایەخێکی نییە. هەروەها خۆبەستنەوە بە تێگەیشتنێکی میللیی کوردییەوە لە ئیسلام بێگومان ئەمەش هیچ توانای ئەوەی نییە کە ئەو ڕۆڵە ببینێت، هەر بۆیە من ڕام وایە کە نەخێر، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان نەیتوانیوە و ناشتوانێت هەڵگری دیسکۆرسێک و پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی بێت و مەحکوومە بەوەی کە لە پەراوێزی ئەو نەتەوانەی دیکە و پرۆژە ئیمپریالیستییەکانیاندا بمێنێتەوە و بۆ ئەمەش لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەم بزوتنەوانەدا نموونەی زۆر و زەبەندەمان هەن چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە باکور و چ لە باشوور بە تایبەت.

*ژێئۆپۆلێتیکی کوردستان لە سێ ڕووەوە گرینگە: یەکەم لە مێژوودا سێ دینی زەردەشتی، کریستان و ئیسلام پێک دەگەن. دووهەم: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کوردستان تەنیا ناوچەیەکە کە ئاوی شیرینی هەیە سێهەم: کوردستان ناوچەیە کە لەڕووی تەناهییەوە گرینگیی بۆ چوار وڵاتی گەورەی ناوچە هەیە. پەیوەندیی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەگەڵ ژێئۆپۆلێتیکی کوردستان چۆن لێکدەدەنەوە؟ کاریگەریی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەسەر ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟*



بێگومان گەر گرنگی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژیی کوردستانی گەورە لێکبدەینەوە، لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە دەتوانین ئەمە وەک هۆکارێکی دیکەی دەسبەردارنەبوونی کوردستان و دواجار دەسبەردار نەبوونی بزووتنەوە سیاسییەکانیشی لە لایەن ئەو نەتەوە سەردەستانەوە ببینین، پرسەکە بە بڕوای من هەر تەنها پاشکۆیەتیی کلتووری و کاریگەربوون بە دەوروبەر نییە، تەنانەت لە پەیوەندیدا بە هەڵگرتنەوەی هەندێ بیروباوەڕی دیکە و ئایدیۆلۆژیای دیکەشەوە ئەمە هەر ڕاستە.

**ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بە واتا گشتی و فراوانەکەی دوو دیوی یەک پارەن، بێگومان ئەمە پەیوەندییەکی زۆری بە ڕیفۆرم نەکردن و ئەوجا سروشتی تایبەتی ئیسلامی سیاسی خۆیەوە هەیە**

هەموو بزوتنەوە سیاسییە تورکی و عەرەبی و فارسییەکان، لە هەوڵی لەخۆگرتنی بزوتنەوە سیاسییە کوردییەکان و دانانیان لە پاشکۆی خۆیاندا بوون و زۆر جار بۆ ئەمە یان پەنایان بۆ درۆی گەورەی یەک نەتەوەبوون بردووە، پەنایان بۆ ئەوە بردووە کە کورد تورکی شاخ یان عەرەب یان عەجەم و ئێرانین، یان پەنایان بۆ خەڵەتاندنی سیاسی لە شێوەی مافی کلتووری و هەندێ مافی دیکە بردووە و بەمە ویستوویانە کە کورد و هێز و توانای بوونی بەدوای خۆیاندا پەلکێش بکەن. بەشێکی زۆری ئەم گەمەیەش هەمیشە یەک لە ناونیشانەکانی یان کۆمۆنیزم یان ئیسلامیزم

بووە. واتە فۆرمێکی هەڵخەڵەتێنەری ئینتەرناسیۆنالیزم و پانگەرایی بە بێ ئەوەی کە کورد لە چەقی هیچکام لەو بزوتنەوە و هێزانەدا دبێت.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە تایبەت لەم کاریگەری و بەرکاربوون و هەوڵی پەیوەستکردنەوەیە بەدەر نەبووە، هەر بۆیە دەبینین کە ڕەوتی ئیسلامگەرای رۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی، یان گرێدراوی ئیخوانی جیهانی و ئەردۆغانیزمە، یان گرێدراوی سەلەفیزم و فۆرمە پاشکۆکانی دیکەی ئیسلامگەرایی توندڕەوە. هەموو ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەراوێزی یەک لەو کەلکەڵە و بزوتنەوە و هێزە داگیرکەرانەی کوردستانن یان، گرێدراوی هەندێ هێز و دەسەڵات و باوەڕی سیاسی و ئایینیی دیکەن وەک سەلەفیزمی سعودی کە هیچ پەیوەندییەکی بە نەریت و کلتوور و مێژوو و بوونی مرۆڤی کوردەوە نییە و لانیکەم ڕۆڵی لەخۆ نامۆکردنی کلتووری دەبینێت.

جیۆپۆلەتیکی هەستیاری کوردستان بۆتە مایەی ئەوەی کە داگیرکەرانی ئەم نیشتمانە هەرگیز دەسبەرداری ئەوە نەبن کە بەناوی ئایینەوە کار بکەن بۆ ئەوەی کورد و کوردستان لە پاشکۆی خۆیاندا بهێڵنەوە.

> **به بڕوای من زەمینەی سێکۆلاریزم لە رۆژهەڵات، بە هۆی ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زەمینەیەکی زۆر لەبارە، حیزب و بزووتنەوە سێکۆلارەکانی رۆژهەڵات دەبێت ئەم دەرفەتە لە بەرچاوبگرن**

*بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان وەک ڕێکخراوەیەکی گەورە و سەرەتاییە لە بواری ئیسلامی سیاسی. کارتێکەریی ئەو ڕێکخراوایە لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامییەکانی رۆژهەڵات چۆن دەبینن؟*



بێگومان ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسییدایە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەت لە ژێرکاریگەریی هێڵی ئیخوانی و ئەردۆغانی و لە ژێر کاریگەریی هێڵی سەلەفی جیهادیی و مەدخەلیدایە، ئەم کاریگەربوونە برێک ڕووداوەکانی دەههەی نەوەدەکان کاریگەریی لە سەری هەیە، بەجۆرێک لە جۆرەکان، بزوتنەوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕەوت و بزووتنەوە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە و بە تایبەت باشور و باکووری کوردستانەوە.

بزوتنەوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، چ ئیسلامی و چ سۆسیالیستی و چ ناسیۆنالیستییەکانیان، دەشیا ئەگەر گۆڕانکارییەکانی دوای هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە جۆرێکی دیکە بکەوتایەتەوە، لە دوای قازی موحەممەد و کۆماری مهابادەوە ئیدی ئەوان ڕێبەر و پێشەنگ بوونایە و پارچەکانی دیکە بکەوتنایەتە ژێر کاریگەریی رۆژهەڵات بەڵام هەلومەرجەکان بەشێوەیەک کەوتنەوە و بە تایبەت بەهۆی جەنگی ئێران عێراق و زۆر ڕووداو و هۆکاری دیکەوە، بەجۆرێک کەوتنەوە کە بزوتنەوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات لە گەڵ گرنگیی مێژوویی و هێزی تایبەتیی خۆیاندا پاشکەوتن و سستی و پەراوێزکەوتن بەخۆیانەوە ببینن. بێگومان ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە و خوێندنەوەی تایبەت و تێگەیشتنی زیاتری پێویستە لەوەی کە ئێستا لێرەدا ئێمە دەتوانین بیخەینە ڕوو.

*پەیوەندیی ئیسلامیی سیاسی و تێرۆریزم چۆن دەبینن؟*



ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بە واتا گشتی و فراوانەکەی دوو دیوی یەک پارەن، بێگومان ئەمە پەیوەندییەکی زۆری بە ڕیفۆرم نەکردن و ئەوجا سروشتی تایبەتی ئیسلامی سیاسی خۆیەوە هەیە کە ئێمە لە زۆر بۆنەی دیکەدا لەسەر ئەم بابەتە راوەستاوین. ئیسلامی سیاسی پرۆژەی بەدەسەڵات گەیاندنی بیروباوەڕ و تێگەیشتنێکی ئایینیی دیاریکراوە کە لە هەر بەرگێکدا بێت گومان لەوەدا نییە کە ئەم پرۆژەیە، وەک ئەوەی کە مێژوو و نموونەکان شاهیدن و سەلماندوویانە، بە توندوتیژی و سەپاندن و تیرۆر کۆتایی پێ دێت.

*رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە نێو ئایینزای شیعە چۆن تاوتوێ دەکەن؟*



ئایینزای شیعەگەری خۆی ئایینزایەکی ئاوێزانترە بە سیاسەت و دەستە و تاقمگەرایی سیاسی و بە سروشتی خۆی ئامادەیی زیاتر تێدایە بۆ ئەوەی کە ئاوێتە بە سیاسەت و توندوتیژیی سیاسیش ببێت، لە بەر ئەو رابردووە حەماسەت ئامێز و هەستەقوولەی کە بۆ قوربانی بوون و مەزلومییەت هەیەتی، ئەگەرەکانی پیرۆزکردنی توندوتیژی لە نێو ئەم رەوتەدا، هەروەها ئەگەرەکانی ئاوێتەبوون بە تیرۆریزم گەر زیاتر نەبن، هیچ کەمتر نین لەوەی کە لە نێو گرووپە سەلەفییە جیهادییەکاندا هەیە، بەڵکو پێچەوانە بەوەی کە لە رووی سیۆلۆژییەوە چاوەرواندەکرێت، ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا لێک نزیکبوونەوەی سەلەفیزمی جیهادی و شیعەگەریی سیاسیمان لە فەلەستین و ئەفغانستان و کوردستانیش، بەچاوی خۆمان بینی.

*جیهانبینیی ئیسلامی سیاسی و شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئایینە کوردییەکان (وەکوو ئایینی یاری، ئێزدی، شەبەک و عەلەوی) هەتا چەندە بە پێی مافی ئایینی و مافی مرۆڤە؟*



ببورن کە ناچارم خراپ وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە یان بڵێم کە ئەم پرسیارەتان شایستەی وەڵامدانەوە نییە، یان هەڵگری دژیەکییەکی ناوەکییە، چ لە نێو جیهانبینی و چ لە نێو هەڵسوکەوتی ئیسلامی سیاسیدا، فرەیی و جیاوازی، بە تایبەت فرەیی و جیاوازیی ئایینی جێگایان نابێتەوە. لە دیدی ئەوانەوە، بە تایبەت ئایینە کوردییەکان زیاتر لەوەی ئایین بن هەرتەقە و بیدعە و پاشگەزبوونەوە و مورتەددین، ئەوان بەهیچ شێوەیەک دان بە ئایینە کوردییەکانی وەک ئێزدی و یاری و عەلەویدا نانێن و بە پاشگەزبووەوە لە ئیسلام لە قەڵەمیان دەدەن و هەڵکردن لەگەڵیان شتێکی بیر لێ نەکراوەیە، یەهودی و مەسیحی لە دیدی ئیسلامی سیاسییەوە، زیاتر شایەنی قبوڵکردن و پەسەندکردنن. لە دیدی ئەوانەوە، ئایینەکوردییەکان لادان و پاشگەزبوونەوەن لە ئیسلام، مێژووی نوێ و هاوچەرخیش باشترین بەڵگەن بۆ ئەم قسەیەی ئێمە و مامەڵەی داعش لە گەڵ ئێزدییەکان نموونەیەکی هەرە دیاری ئەم روانگە و تێروانینەیە.

*ئایا دەکرێت مەکتەبی قورئان وەک خوێندنەوەیەکی کوردی لە ئیسلام سەیری بکەین؟*



بێگومان نەخێر، راستە رێبەر و سەرانی مەکتەبی قورئان کوردی رۆژهەڵاتن، بەڵام مەبەستمان

چییە لە خوێندنەوەیەکی کوردی لە ئیسلام؟ گەر تەنها ئەو واتایەی سەرەوە بە جێبهێڵین بێگومان خوێندنەوەی مەکتەب قورئان و ڕێبەرانی هیچ پەیوەندییەکی بە پرس و کێشەی کورد و کوردایەتییەوە نییە. لە گەڵ ڕێزم بۆ ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە ئیسلامییە، بەڵام میللەتی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت وریای ئەوە بێت کە پاشکۆیەتیی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان تەنها هەڵقوڵاوی وابەستەییی ئەوان نییە. تێگەیشتنی ئەوان لە ئیسلام خۆی خودی کێشەکەیە و تەنها بەشێک لەم پرسە پەیوەندیی بە دەرەوەی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەوە هەیە، کێشەی میللەتی کورد، چۆن کێشەی نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکراو، ئاواش کێشەی ئازادی مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی و مافی ژن و ئازادییە مەدەنییەکان و دیموکراسی و کێشەی بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراسییە، کێشەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتووریی فرە ڕەهەندە کە ئیسلامییەکان لە پەیوەندیدا بە تێگەیشتن و چارەسەرییەوە خاوەنی هیچ ڕوانگەیەکی ئازادی و ڕەهایی بەخش نین، خوێندنەوەی مەکتەب قورئان لە ئیسلام هیچ پەیوەندییەکی بە کورد و کێشە شارستانی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانییەوە نییە، بگرە تێگەیشتنێکە خۆی لە خراپ حاڵیبوونێکی گەورەوە لە کێشەی کورد و لە کورتکردنەوەیدا بۆ کێشەیەکی سیاسی و بگرە کێشەیەکی مەزهەبی بە واتا تایبەتەکەی دەستپێدەکات.

*داهاتووی ئیسلامیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟*



ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەشێت سەرچاوەی نیگەرانی و مایەی سەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی بێت، دەشێت ئەو خەنجەرە بێت کە لە پشتەوە لە بزوتنەوەی کوردایەتی دەدرێت و هیچ دوور نییە کە دۆخێکی هاوشێوەی ئەوەی کە لە باشوور هەیە ئێستا، لەوێش دووبارە بێتەوە.

*پێت وایە دەبێت پەیوەندیی حیزبە سێکۆلارەکان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بێت؟*



بە بڕوای من زەمینەی سێکۆلاریزم لە ڕۆژهەڵات، بە هۆی ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زەمینەیەکی زۆر لەبارە، حیزب و بزووتنەوە سێکۆلارەکانی ڕۆژهەڵات دەبێت ئەم دەرفەتە لە بەرچاوبگرن و لەو زەمینە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە سودببینن، بەبڕوای من سازشکردن لە گەڵ ئیسلامی سیاسی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەشێت کێشەی گەورە بۆ ئایندەی بزوتنەوەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات دروست بکات، بێگومان پشتبەستن بە ڕەوایەتیی شۆڕشگێڕانە، وەک ئەوەی کە لە باشور بینسمان، یاخود گرەوکردن لە سەر هەست و سۆزی نەتەوەیی خەڵک، هەڵەی گەورەن. ئەوەی کە پێویستە بکرێت سەرڕێگا خستنی ئەزموون و هەلومەرجێکی مەدەنیی و دیموکراسی بنەڕەتیی ئەوتۆیە کە ئیسلامی سیاسی تێیدا خۆبەخۆ بپوکێتەوە و بتوێتەوە، نەک ئەوەی کە شەڕی لەگەڵ بکرێت یان سازش، کە هەردوکیان هەڵەی ستراتیژین و ئێمە لە باشوری کوردستان تا ئێستاش لە نێو ئەو هەڵانەدا دەژین.

*ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لەسەر بیری ئیسلامیی سیاسی چۆن تاوتوێ دەکەن؟*



کۆماری ئیسلامی، یان ڕاستتر بڵێم «شۆڕشی ئیسلامیی ئێران»، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە



سەر ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لە هەموو جیهاندا، کاریگەریی ئەم ئەزموونە سنووره بینراوەکان و سنووره ڕاستەوخۆکانی خۆی تێدەپەڕێنێت. هەروەها سنوورەکانی جیاوازیی ئاینزایی تێدەپەڕێنێت و هەندێک جار ئیلهامبەخشی دابەشکردنەوەی جیهانی ئیسلامییە بەسەر ئەرسۆدۆکسیەتی شیعەگەرا و ئەرسۆدۆکسیەتی سوننەگەرادا، ئیلهامبەخشی لەناوبردنی هەموو جیاوازییەکانە لە نێو ئەم دوو ئاشە مەزنەی تێگەیشتندا لە ئیسلام. کۆماری ئیسلامیی ئێران، توانی نموونەی درێژخایەن و پڕ هەژموونترین دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیی نەیار بە خۆراوا و ئیسرائیل، لە مێژووی هاوچەرخدا پێشکەش بکات، هەروەها توانی نموونەیەکی کردەکیی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی سیاسی بخاتەڕوو، توانی نموونەیەکی مەرجەعییەتی ئایینی و سیاسی بۆ ئاینزای شیعە لە جیهاندا پێشکەش بکات کە ئەمانە بۆ ئیسلامی سیاسی سەرباری هەر ڕەهەندێکی تایفەگەرانەی خۆی، بە شێوەیەکی گشتی تەواو ئیلهامبەخش و کاریگەر بوون و بە بڕوای ئێمە کەوتنیشی بە هەمان شێوە پڕ کاریگەری و درێژخایەن دەبێت.

## وتوویژ لەگەڵ مەلا سەید حەسەن واژی

محەممەد حەسەن ناسراو بە مەلا سەید حەسەن واژی کوڕی حاجی مامۆستا مەلا سەید نوورەدین واژی پەسویێ. شوێنی لە دایک بوون: پەسوێی پیرانشار لە پارێزگای ورمێ، بەرواری لە دایک بوون ١٣٥٢/٧/١، خوێندەواری: قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەی دەوڵەتی، ١٣ ساڵ خوێندن لە حوجرە و ناوەندە ئایینییەکان، بەڵگەنامەی سەتحی ٣ی حەوزە بەرانبەر بە لیسانس، لە ساڵی ١٣٧٧ بووە بە مەلا لە ئاوایی پەسویێ بۆ ماوەی ١١ ساڵ، ٤ ساڵ لە ئاوایی شنۆزەنگی پیرانشار و ٧ ساڵ لە مزگەوتی عەشەرە موبەششەرەی پیرانشار وتاربێژی ئایینی بووە. بڕوانامەی زانستە ئایینییەکانی لە خزمەت باوکی وەرگرتووە. پاش زیاتر لە ٢٥ ساڵ چالاکیی نیشتمانی لە ناوخۆ، لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە جێ هیشتووە. کار و چالاکی: توێژینەوەی هزری و مەیدانی لە چەند تەوەردا، نووسینی چەندین بابەت و بەڕێوەبردنی دەیان کۆنفرانس و بەشداری کردن لە کۆمەڵێک سمینار و کۆبوونەوەی گەورە.

*سپاس مامۆستا بۆ ئەوەی، لەپێوەندی لەگەڵ باسێکی هەستیار کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئیسلامی سیاسی دەناسرێتەوە، کاتت بۆمان تەرخان کرد. وەکوو یەکەم پرسیار، تکایە پێناسەیەکمان لە ئایین و دەسەڵاتی ئایینی بدەنێ؟*



بە نێوی خوا، سەرەتا ماندوونەبوونی و دەسخۆشیتان لێ دەکەم.
کردنەوەی باسێک لەسەر ئایین و دەسەڵاتی ئایینی و بزاڤ وجەریانات و رێکخراوە ئایینییەکان ولێک کردنەوەی چەمکەکانی ئیسلامی سیاسی، دەوڵەتی ئیسلامی وحکومەتی ئیسلامی، هەڵگری باسێکی چڕ و پڕە. ئەو بابەتە لێوردبوونەوەی تایبەتی پێویستە وئەگەر ئاورێکی زانستییانە و وردی لێ نەدرێتەوە، ڕەنگە ناشیانە لێدوانی، غەدر بێ لە خۆی مژارەکە و بەردەنگ و لە کۆتادا خەسار و لێکەوتەکانی زێدەتر بن لە بەرهەمەکانی. کەواتە وەک پرسیارەکەت فەرموو پێداویستی لەپێشینەی ئەو مژارە ناسینی ئایین ودەسەڵاتی ئایینییە، و ئەسڵەن ئایین ڕۆڵی چییە؟ و کەڵکی بۆ مرۆڤایەتی چییە؟ کەڵکی بۆ تاک چییە؟ ئایینی ئیسلام لە درێژەی ئایینە مێتافیزیکییەکاندایە، بەشەر لە سەرەتای مێژووی ناسراویەوە و لەو کاتەوە کە بەسەرهاتی ژیانی وەک خۆی لە لەوحە و پەرتووکەکاندا نووسراوە، بۆژیانی خۆی و بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی رۆژانەی، بۆ هەبوونی کۆمەڵگایەکی رێکوپێک، ناچار بووە شتێک پێڕەو بکات وەکوو یاسا، شتێک پێڕەو بکات وەکوو نەرێت و عورف و عادەت، کە ژیانەکەی بە جۆرێک بێت کە خۆی تێدا ببینێتەوە؛ تێیدا بحەوێتەوە، تێیدا بحەسێتەوە. هەیە بۆخۆی یاسایەکی رێکخستووە وەکوو ئەو مەکتەب یا رەوتانەی کە ئینسانی بوونە یا بە ئەدەبیاتی ئەورۆ هۆمانیستی، ماتریالیستی، پۆزێتیڤیستی، ئەگزیستانسیالیستی و بەهەر نێوێک کەهەیە، ـ باشەری وشە و دەستەواژەنەکەین ـ گرینگ ئەوەیە بەشەر بۆ ژیانێکی ئارام و خۆش، پێویستی بەیاسا هەیە، پێویستی بە دیسیپلین هەیە، پێویستی بە تەعریف کردن و رێکخستنی بایەخەکان هەیە، نیازی بە تەعریف کردنی مافەکان هەیە، نیازی بەپێناسەیەکی ورد لە ئەرکەکان هەیە و ئەگەر ئەرکەکانیان بەرێوەببەن و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، بە پێی عادەت ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵگایەکی بەختەوەرە. ناڵێین تەواو و بێ کەم وکۆرییە، بەڵام کۆمەڵگایەکی زیندوو و لەسەر سکەیە، کۆمەڵگایەکە کە بەپێی ئەو توانا زانستییانە بەرێوەدەچێ.

ئایینی ئیسلام یەکێکە لە رێکارەکان بۆبەختەوەریی مرۆڤ چ بە تاک، چ بەکۆمەڵ. ئەو یاسا و رێسایانەی هەن بەشێکیان سەرچاوە وباکگراوندەکەیان، باکگراوندی تەواو بەشەرییە. یانی لە ئەساسدا دارشتنەکەی دارشتنێکی بەشەرییە و بەشەر بۆ خۆشی و بەختەوەریی خۆی و کۆمەڵگای، بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی، بۆ ژینگە پاراستن و بۆ هەموو پێداویستییەکانی، تێفکریوە رێیەک بدۆزیتەوە کە ئینسان بگەیەنێ بە کەنارەیەکی ئارام و ژیانێکی سەرکەوتوو. ئەو خەڵکانەی کە باوریان بە مێتافیزیک و دەسەڵاتێک هەیە لەسەرەوەی دەسەڵاتەکانی دیکە، -کە هەمووشیان ئەو زاتە بەنێوی ئەڵڵا ناناسن- ئەوانیش هەوڵیان داوە لەوفیکر و هزرەرا کە هەیانە یاسا و رێسا و بنەمایەک وەربگرن کە خزمەت بە خۆیان و هاوبیرەکانیان و کۆمەڵگای بەشەری بکات.

کەواتە ئەگەر لەو گۆشە نیگایەوە چاوی لێ بکەین، ئیسلام لە پۆلێنبەندییەکدا کە دەکرێ، لەبەشی یاسا و رێسا ئاسمانی و مێتافیزیکییەکانە، کە بێ گومان هاتووە بۆ بەختەوەر کردنی بەشەر. کە قسە لە بەختەوەریی ئینسان دەکرێ، تەنیا قسە لە مرۆڤ نییە، بەڵکوو قسە لە ژینگە و

ئێکۆسیستەمێکە کە تێیدادەژی، پێویستە ئەرک و مافی خۆی تەعریف بکات، مافی ژینگە و ئاژەڵان پێناسە بکات و هەروەها تەواوی ئەو شتانەی کە خزمەت دەکەن بەوەی کە کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بێ بە هەموو ڕەهەند و لایەنەکانەوە. کەواتە ئایینی ئیسلام، لە درێژەی ئایینە میتافیزیکییەکاندایە، تەعریفی ئینسانە باوەردارەکانە لە ئەرک و ماف. تەعریفی نیزامێکی مەعریفەتی و بایەخەکان دەکات بەو پێوەرەمێتافیزیکییانە کە دەیانناسێ. کەواتە ئیسلام بۆ خزمەتە بە بەشەر، بە ژینگە، بە بەختەوەری. خەڵک ناگرێتە خزمەت، بەڵکوو بۆخۆی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. ئەوکەسانەی باوەڕمەندن بە بیرێکی مێتافیزیکی و خودایی، نابێ وا بیربکەنەوە کە بەشەر دەبێ خزمەتی خوا بکات، چوونکە خوا پێویستی بە خزمەتی بەشەر نییە. ئەوە زەعف و لاوازییە بۆ ساحەتی خودایی کە بەشەر خزمەتی خودا بکا. لەو ڕوانگەیەوە تەنانەت بەندایەتی‌کردن، خزمەتە بەخۆت بۆ خاوێن کردنەوەی جەستە یان دەروونت تا لە کۆتاییدا بتوانی وەکووتاکێکی سالم، خزمەت بە کۆمەڵگا بکەیت. هەڵبەت ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئێمە بڵێین ئەو خزمەتگوزارییە لەسەر خوای واجبە، بەڵام لە ئاکامدا ئەوەی خوا ئەمری پێ دەکا، هەر لە بەرژەوەندیی بەشەرە. کەواتە لە یەک پێناسەدا ئایینی ئیسلام بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە چوارچێوەیەک و کۆمەڵە بایەخێک دەناسێنێ و بەپێی وی ئەرک و مافەکان تەعریف دەکات و لە ئاکامدا، مرۆڤێکی سالم و ڕێکوپێک پەروەردە دەکات کە پێش هەموو کەس خزمەت بەخۆی، بە بنەماڵەی خۆی و خزمەت بەکۆمەڵگا بکات، بۆ بەختەوەریی کۆمەڵگا و خزمەتی ئایین بە مرۆڤایەتی.

*ئیستا پرسیارێکی دیکە، هۆکاری دروست بوونی ئەو ڕەوتە جیاوازانە چییە لە خودی ئایینـدا، لەکاتێکدا وەکوو دەق، دەقێکی تاک و دیاریکراو هەیە؟*



بۆ ئەو پرسیارە دەبێ بە دوو شێوە وڵامتان بدەمەوە؛ وڵامێک بە زمانێکی سادە بۆ لێ تێگەیشتنێکی گشتی و وڵامێکی پسپۆڕانە بۆ ئەو کەسانە کە ئاگاداری زیاتریان لەسەر بابەتە هزرییەکان هەیە. ئەوەی وەک ئایین، وەکوو دەقی پیرۆزهەیە بۆخۆی قسەناکات. چونکە باسی ئێمە ئایینی ئیسلامە، من نامەوێ لەسەر ئایین و ئایینزاکانی دیکە بەگشتی قسە بکەم. دەقی پیرۆزی ئیسلام قورئان و سوونەتە. تەنانەت سوونەتیش بەو ئامانجە کە وەکوو دەقی پیرۆز سەیری بکرێ، پاڵێوراوە. زۆر شتی ناراست کە بە ئامانجی جیاواز دراونەتە پاڵ نێردراوی خوا، بژار کراون و بەشێک لە فەرموودەکانیش کە حەزرەت دروودی خوای لەسەر بێ، نەک بە سیفەتی نێردراو، بەڵکوو بۆ وێنە بە سیفەتی ئەمیر فەرموویەتی، کاتینە. قورئان و ئەو بەشە لە سوونەت کە وەکوو سەرچاوە دەمێنیتەوە، کەمتر قسە لە خاڵەوردەکان و واتا پاژەکییەکان دەکەن. بەڵکوو دەتوانین بڵێین زۆرینەی کات و بەتایبەت قورئان، هێڵەگشتییەکان دەخەنە بەر باس و ئیتر لە ڕەهەندەکانی دیکەدا ئازادیی داوە بە مرۆڤ، بەو مەرجە کە هێڵە سوورەکان بپارێزێ. مادام دەڵێین ئایین لە خزمەتی مرۆڤدایە، ئەگەر بێنی بەشەر کۆنکرێت لە خەندەکێک داحاسێی کەیت، ڕێگەت بە بیرکردنەوەی نەداوە، بەربەستت بۆ دروست کردوە لەوەی کە خۆی ببینێتەوە و وەکوو مرۆڤ، کەڵک لە بیر و هزر و عەقڵی خۆی وەرگرێ.

ئایین لە دەقی پیرۆزدا وەکوو هێڵی گشتی دابەزیوە، چوارچێوەیەکی دروست کردووە، بەڵام وەکوو بینایەکی کۆنکرێت و چەقبەستوو دانەڕێژراوە کە هەموو وردەکارییەکی تێدا بێت. خاڵە گشتییەکان باس کراون و ئیزن بە مرۆڤ

دراوە بۆخۆی دەق وەدەنگ بێنێ، یانی تەفسیر لە دەق بکات. بەڵام بەو مرۆڤانەی کە توانایان هەیــە، نەک هــەر کەس لە خۆیــەوە بە بێ شارەزایی قسەی لێ بکات. هەردەقێکی گشتی کــە هــات، خەڵکانێک دێن هــەر یەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە چ شتێک بۆ وی ئەولەویەتی هەبێ، لــەو بەشــەڕا دەچیتە نــاو بابەتەکە. ئەوانەی بــۆ وێنە ئەخلاق و فەزیلەتیان بەلاوە گرینگە، مانای ئەوە نییە شتەکانی دیکە نابینن و لەبەرچاوی ناگرن، بەڵکوو فۆکووسیان لەسەر ئەخلاق و فەزیلەت دەبێ. بەشێک فۆکووسیان لەســەر فیقهـ و شــەریعەتە وەکــوو ئەحواڵی شەخسییە، بەشێک لەسەر حوکم ودەسەڵاتی ئایینــی، هەر یەکە، بەپێی ئــەو ئەولەویەتەی بۆ وی هەیە لەســەر بەشــێک زووم دەکات و لەگەڵ ئەوەیش حورمەت لە بەشــەکانی دیکە دەنێ. مانای ئەوە نییە ئەو کەســەی کە تەنیا فۆکووسی لەســەر ئەخلاقە دەسەڵات نابینێ، بەڵام هــەر تاقــم و گرووپێــک کێهەی پێ گرینگترە، زێدەتر لەسەر ئەو بابەتە قسەدەکات و هــەوڵ دەدات ئەگەر مەکتەبێک دروســت بکات یا تەفسیرێکی بەشــەری بخاتەڕوو، لەو بەشە پتر بمێنیتەوە. ئەوە بەشێکە لە هۆکاری وەی کە چۆنە خوێندنەوەکان توێ توێ بوونە و هەر یەکەی بە لایەکدا قسەی لەسەر دەکات. بەڵام هەر بە گشــتی ئایینی ئیســلام ئیجازە دەدات هەر بە پشتبەستن بە دەق، کە مرۆڤ بە عەقڵ و بۆچوونی خۆی و بە پشتبەستن بە بەڵگە نەک بە هەوا و هەوەس و ویستی خۆی بڕواتە نێو پرسەکان. بەڵام ئایینی ئیسلام وەکوو بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەوجار لە پۆلێنبەندیدا بە دوو بەشی زۆر سەرەکی دابەش دەبێ. بەشێکی بەشــی کەلامییەتی کە پێی دەوترێ ئوسوول یا بنچینەکان. ئەوە جیهانبینی و بەشــی خودا ناســییەکەیەتی، جیهانبینی بەشێکە کە هەر بە پێی بەڵگە و ســەرچاوە دینییەکان تەقلید و لاســاکەریی لە بنچینەکانیدا دروست نییە. یانــی یەکێــک دانپێدانانــی بە خــودا و بەو بەشــەی کە لە دینی ئیسلامدا پێی دەگوترێ ئوســوولی باوەڕ و بە ڕوکنی ئیمان دەناسرێ، کوێرکوێرانە بێ. بەو شەش ئەسڵانە کە ئیمان بە خودا و بە مەلائیکە و کتێبە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی قیامەت و قەزاوقەدەرە، کە ئەوانە تەفســیر هەڵگرن. لەو بەشــەدا کە بەشی ئوسوول و جیهانبینییە، بەپێی دەقەکان زۆرینەی زانا ئایینیــەکان پێیان وایە، تەقلید دروســت نییە. هەڵبــەت نارەوابوونی تەقلید مانای ئەوە نییە هەموو کەس دەتوانێ لەو بەشە گرینگە بۆخۆی فیکرێکی هەبێت، تەقلید یانی وەدواکەوتنی کوێرکوێرانە و بێ پرســیارکردن لە بەڵگە. لەو بەشــەش ئینســانەکان جیاوازن و هەرکــەس بــە پێی زەرفییــەت و توانایی خــۆی تەکلیفی لەســەرە لە بەڵگە بپرســێ. کەواتە لەبەشــی ئوســوولییەکەیدا مەزاهیب و شــێوە بۆچوونەکانی یەکجــار زۆرن و ڕێگە پێدراویشە. لەبەر وەی کە خوداپەرەست بوون یا یەکتاپەرەســت بــوون پێوەندیی بە تاکەوە هەیــە. ئەو تاکە دەبێ قەناعەتی لەو شــتانەدا بۆ دروســت بــێ. بە ئیســتلاحی دین دەڵێن بێعسەتی پێ بگات و قەناعەتی بە بوونی خودا وکەون و مــەکان بە پێی تەعریفی ئیســلام بۆ دروســت بێ. ئەو قەناعەتە بە کوێرکوێرانە وەدواکەوتن دروســت نابێ، کەواتە لە بەشــی ئوســوولیدا، بەرفراوانیــی جیاوازییەکان ڕێگە پێدراوە و هەرکەسە بەپێی بۆچوونەکانی خۆی بــەڵام بە گوێڕاگرتن لە زانایــان و وردبوونەوە لــە بەڵگەکان، لە کوێ قەناعەتی بۆ دروســت بــێ، دەتوانێ بڵێ ئەو دەلیلانــەم قەبووڵ بوو و لەوە قەناعەتم لا دروســت بوو. لە ئوسوولدا ئێمــە دوو مەزهەبی زۆر ســەرەکیمان هەیە، مەزهەبی ئەشــعەری و ماتوریــدی. ئەو دوانە زۆر سەرەکین نە بەو مانایەی کە ساختارێکی کۆنکرێتن، بەڵکوو بەو مانایە کە سەرکەوتوون و بەشــی زۆری موسوڵمانانی دونیا، بەڵگەکانی ئەشــاعیرە و ماتۆریدییەیان بە دڵە و قبوڵیان کردووە. دیارە هیچ ئینحسارێکیش بۆ ئەو دووە

نییە و خەتی دیکەش هەن و ڕێگە پێدراویشە. بەڵام هــۆکار چییە کە ئــەو دوو مەزهەبە وا سەرکەوتوون؟ ئاســاییە کە ئەوە بە هەڵکەوت نییــە و لەبــەر وەیــە کــە خوێندنەوەکەیان توانیویەتــی زۆرتریــن ڕێــژەی حەقخــوازان گیرۆدەی خۆی بکا. حەقخوازی تایبەتمەندیی لەمێژینەی مرۆڤە و مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ هزر و بیرۆکەیەکی لاواز توانایی مانەوەی نییــە و لەکۆتاییدا بیرۆکەیــەک دەمێنیتەوە کــە توانیبێتی باشــترین ولام بــۆ زۆرترین و گرینگتریــن پرســیارەکانی حەقخوازان دابین بکات.

بەشی فرووعیش هەیە، واتا بەشی کردە و ڕەفتارەکان کە پێنج ڕوکنی ئەســڵیی هەیە لە ئیســلاما وەکوو شادەوئیمانی و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات وحەج. کە بەشــێکیان هەر بە زمانن، بەشێک بەزمان وبە جەستەن، بەشێک بە ماڵن و بەشــێک بەجەستە و بەماڵیشن. لەو بەشەی کــە پاشــکۆیەکانن، دیتنــەوە و هەڵێنجانی ئەحکام تەخەسسوس و پســپۆڕیی پێویستە. کەسایەتیی شــارەزا لە فەننی دەوێ کە پێی دەڵێن موجتەهید. موجتەهیدیش چەند تاقمی هەیــە: موجتەهیدی موتڵــەق، موجتەهیدی فی‌المذهب، موجتەهیدی فی‌الفتوی کە ئەوانە یەک لەدوای یەک مەیدانی قسەکردنیان بەپێی زانست و پسپۆڕی جیاوازە. دەستەواژەیەکیش هەیە لەژێــر نیشــانی (تجزی اجتهــاد) کە زانایەک لەیەک بابەتی تایبەت دا پســپۆڕە و بــۆی هەیە حوکم هەڵێنجێ. ئەوانە گشــتیان باسی پســپۆڕانەن و من زیاتر ناچمە نێو وردە کارییەکانیــان. گرینــگ ئەوەیە ئــەو پەیامە وەربگرین کە ئەوە بەشی پڕاگماتیکی ئیسلامە و دەبی بە زانست و پسپۆڕی پێش بە ئانارشیسم بگیرێ. کەســانێک زانســتیانە یاســاکان لە دەقەکان هەڵدێنجن. ئەوکەسانەی پسپۆڕ نین، یاســاکان ڕەچاو دەکەن وسیستەمی قەزاییش بەپێی وی حوکم دەکا. کە دەڵێین وەرگرتنی حوکم لە دەقەکان بەشــی فرووعە واتا فەرعی بــەر عەقیدەیــە، یەعنی دوای ئــەوەی کابرا بیروبــاوەڕ و جیهانبینییەکــەی بە قەناعەتەوە دامەزرا، جا ئەوجــار ئەرکی بۆ دیاری دەکرێ و دێتە ئەســتۆی. پەس لە بەشی فرووعیشدا دوبــارە هەبوونی جیاوازی ڕێگە پێدراوە، بەڵام بە تاکی پســپۆڕ کە حوکم هەڵبێنجێ لە دەق و حوکمیــش هەڵبێنجێ نەک بۆ ئەوەی ژیان لەخەڵــک قورس بــکات، بەڵکوو بــۆ ئەوەی ڕێــکار ببینێتەوە کە خەڵــک ژیانێکی ڕەوان بکەن. ئــەوەی کە پێغەمبــەر درودی خوای لەســەر بێ، دەفەرمــێ ئیختلافی ئۆمەتی من ڕەحمەتە، یەعنــی ئیختلافی زانایانی ئۆممەت لــە هەڵێنجانی حوکم لە دەق بە پێی زروف و زەمان بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەکان بێ کە ئەو حوکمە کارهاســانی بۆخەڵک بکات و دین لە ئەو خەڵکە نەبێتە شــتێکی دەست و پێ‌گیر، بەڵکــوو بتوانن کێشــەی ڕۆژانەی خۆیانی پێ چارەسەر بکەن.

بەڵام بێمە سەر وەڵامی ئەسڵی و پسپۆڕانەی پرســیاری جەنابت؛ خوا یەکە، پێغەمبەر یەکە و دەق یەکــە، بەڵام ئێمە دەبینین کە گرووپ وئەحــزاب و ڕەوتــە ئیســلامیەکان، زۆرجار لەگــەڵ یەکتر تەنانەت زاویــە پەیدا دەکەن. نەک هەمپوشانییان نییە، بەڵکوو هەیە یەکتر بە دەرچوو لە بازنــەی دین تۆمەتبار دەکەن، شــەڕ لەگــەڵ یەکتر دەکــەن و لــە یەکتر دەکــوژن. ئەوە دەگەڕێتــەوە بۆ چەند هۆکار کە لە کۆتاییدا تێگەیشــتنێک بۆ مرۆڤەکان لە ئایین ساز دەکا. جا بە پێی ڕێژەی ڕەخنەکردن و پەســندکرانی هێرمێنۆتیک لە کۆماڵگاکاندا، ڕێژەی گــرژی و هاڵۆزییەکانیش ســەروژوور دەکا. ئێپیســتێمۆلۆژی واتــا ماریفەتناســی، دەتوانــێ زۆرترین کارتێکەریی هەبێ لەســەر لێک نزیک کردنــەوەی خوێندنەوەکان، بەڵام بەداخەوە کەمترین ڕێژەی ئاگاداری لەو چەشنە زانستە لە نێو کۆمەڵگادا هەیە. ماریفەتناسی، ڕێخۆشــکەرە بۆ هەڵســوکەوتێکی شێوازمەند لەگەڵ دەقــەکان و مەیدان و دەرفەتی عەقڵ

ڕوون دەکاتەوە. هەر ڕێژەی دەرفەت و مەیدانداریی عەقڵ لە هەنبەر نەقڵیشە، کە زۆرترین باندۆری لە زۆربوونی ڕەوتە فکرییەکان هەیە. ئەوەی کە لە فەلسەفەدا پێی دەڵێن هێرمۆنۆتیک یانی زانستی پێشفەهمەکان، یانی باکگراوندە زێهنییەکان، هەرتاکێک بەپێی پەروەردەی خۆی، بە پێی سایکۆلۆژیی خۆی، بەپێی باروودۆخی ئاووهەوایی، بە پێی شەڕایتی ئیقلیمی، بەو ژیانەی کە تێیدایە تەفسیر لە دەق دەکات. بەڵام بەشێک لە خوێندنەوەکان و بە دیاریکراوی بناژۆخوازان، نەک هێرمێنۆتیک و دەوری دۆخ لەسەر لێکدانەوەی دەق ناسەلمێنن، بەڵکوو تەنانەت ڕێگە بە عەقڵیش نادەن دەوری هەبێ و پێیان پێویست نییە پاڕادۆکسە ڕواڵەتییەکانیش وڵام دەنەوە. لایەنی بەرامبەرەکەی گیرۆدەی عەقڵ و خرەدی خۆداڕێژە و مەیدانێکی ئەوتۆ بۆ نەقڵ واتا دەقە پیرۆزەکان ناهێڵێتەوە. لەوسەر تا ئەوسەری ئەو جەغزە بە بەسترانەوە بە ڕێژەی دەوری عەقڵ لەسەر نەقڵ، بە دەیان خوێندنەوەی لێ ساز دەبن. خوێندنەوەی ناوەندی ئەو دوو لایەنە، مەدرەسەی ئەشاعیرەیە کە گونجانێکی تەواوی لەنێوان عەقڵ و نەقڵ ساز کردووە ، چون پێبەندی ئێپیستێمۆلۆژییەکی ڕێئاڵیستیک و واقیعبینانەیە، وەکوو یەک مەدرەسە ماوەتەوە و شاخە شاخە نەبووە.

دیارە ئەو کێشانەی کە ئێمە ئیستا دەیبینین لە دونیای ئیسلام، دەچێتە بەشی ئوسوولیەکەی نەک بەشی فرووع، یانی لە جیهانبینییەکەیە نەک لە ئیدئۆلۆژی. جیاوازیی بۆچوون و بەریەک کەوتن و ئەویتربوون، لە بەشی فیقهیدا گرینگ نییە، چون ئەوان ڕێکارن بۆ ژیان و تاکی پسپۆڕ واتا موجتەهید دەیکات. بەڵام لە بەشی جیهانبینییەکەی بەشی پتری کێشەکان دەگەڕێنەوە سەر پێناسەی باوەڕ واتا تەعریفی ئیمان. دیارە ئەوەی بۆ تاکێک بووە بە ئیمان، ئیلزام نییە بۆ تاکێکی دیکەش هەر ئەوە ئیمان بێ، ئەوەی کەسێک تێیدا بە قەناعەت دەگا بەنیسبەتی خۆی تەواوە. بەڵام لە پێناسەی ئیماندا جیاوازیی زۆر هەیە کە ئیمان داخوا هەربە بیروباوەڕێکی پتەوی کە گومانی تێدا نەبێ دەگوترێ و ئەو تێگەیشتن و ئەو بیروباوەڕەیە کە بۆی دروست بووە، یان عەمەلی ساڵحیشە. ئیختلاف و گرژیی ئەسڵی ئەلەو جێیە دروست دەبێ. بەشێک پێیان وایە ئیمان بە بیروباوەڕێک دەڵێن کە بۆ ئەو تاکە ببێ بە یەقین و کردەوەی چاکیشی لەگەڵ بێ، یانی لەو تەفسیرەدا عەمەلەکە بەشێکە لە ئیمان، کەواتە ئەو کەسانەی کە تەرکی عیبادەتێکیان کرد، ئیمانیان ناقیس بووە، بەشێک لە ئیمانیان چووە. بەڵام بەشێک پێیان وایە عەمەل بەشێک نییە لە ئیمان، یانی شەتر نییە شەرتی ئیمانە. شەرتی ئیمان ئەوەیە کە ئیماندار کردەوەی دروست بکات. بەشێک پێیان وایە نەشەرتە و نەشەترە، یانی کردەوە نە بەشێکە لە ئیمان و نەمەرجە. بەشێکی دیکە پێیان وایە عەمەل بەرهەمی ئیمانە، نە مەرجە و نە بەشێکە لەوی؛ بەڵکوو کەسێک ئیمانی هەبێ، بەرهەمەکەی ئەوەیە کردەوەی باش بن. وەکوو دارێک سەمەردەدا، ئیمانیش سەمەر و بەروبوومی هەیە، بەروبوومی ئیمان کردەوە چاکەکانن. پەس گرژیی ئەسڵی لەسەر ئەو جێیە دروس بووە کە تۆ دەگەڕێیەوە سەر ئوسوول و لە پێناسەی ئیمان دەپرسی. لەو جێیە چۆنییەتیی تەفسیری دەق، کە قورئان و سوننەتی پاڵێوراوە، ئەو جیاوازییانەی دروست کردون. دەق بۆخۆی قسە ناکا، ئینسانە کە وەقسەی دێنێ و ڕێز لە شعووری ئینسان گیراوە کە بۆخۆی بێ، تەفسیری دەق بکات. دەق بۆیە بە شکڵی هێڵی گشتی هاتووە کە ئینسان بە تێگەیشتنی خۆی، بەڵام نەک بە ئیشتیا، بەڵکوو بە پشتبەستن بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی، تەفسیری بکا. لەوێش ڕەوتی دینیی جیاواز شکڵیان گرتووە کە لێرە مەجال نییە بۆ چوونەناو وردەکارییەکان و ئەوەی حەواڵەی خوێنەرانی گۆڤارەکە دەکەم، شوکر

خەڵکی خوێندەوار زۆرە و پێویستە ئەوان بۆخۆیان لێی بکۆڵنەوە. لە تەفسیری دەقدا بەپێی ئەو پرەنسیبانەی باسمان لێ کردن، ئەهلی زاهیر و ئەهلی باتین پەیدا بوون. بەشێک هەن تەنیا ڕواڵەت دەخوێننەوە و بە ئەسڵی دەگرن. بۆ تێگەیشتن لەدەق پێیان وایە ئەو وشانە چۆن هاتوون ڕێک دەبێ بەپێی مانای لۆغەتەکان لە زاراوەی عەرەبی مەعنا بکرێن. ئالەوانە کە ئەهلی زاهیرن، سرییەک ڕەوتی فیکری دروست دەبن. بۆ وێنە جەریانی خەواریج، کە لە سەردەمی هەوەڵی ئیسلامدا ساز بوو و تا ئەوڕۆش جەریانە توندئاژۆیەکان شاگردی مەکتەبی خەواریجن، لە ئاسەواری مەعناکردنی ڕواڵەتیی ئایەتەکان بوون. سەلەفییەت و نەوسەلەفییەتی ئەوڕۆ بەشێکە لە هەمان جەریانی خەواریج کە ئاکامی تەفسیر کردنی ڕواڵەتیی قورئان بوو و جەریانی سەلەفییەتیش زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەو گەورەپیاوانەی کە بە سەلەفیی‌سالح دەناسرێن. دیارە ئەو باسە بۆخۆی هەڵدەگرێ کە زۆری قسە لەسەر بکرێ و لێرە ئەو مەجالە نییە. تەفسیری ڕواڵەتیی قورئان، خۆی لەخۆیدا ئاوسە بە دروست کردنی سرییەک بزاوتی توند، چون کابرا چاو لە ڕواڵەتەکە دەکات، تەئویل واتا ڕاڤەیەکی زانستی و عەقڵانی ناکات، یانی بەپێی تێگەیشتنەکان ڕاڤەیەکی بەشەری بۆ ڕواڵەتی دەق بکاو بیگونجێنێ. بەڵکوو ڕاست دێ دەقەکە مانادەکات و ڕاستەوخۆش دەیسەپێنێ. هەڵبەت هەر لەسەر مانای ڕواڵەتیی دەق، جەریانێکی مەعقولی ڕێکوپێکی وەکوو سەلەفی سالحی لێ دروست بووە کە لەو شوێنانەی مانا ڕواڵەتییەکان کێشەیان لەسەرە، ئەوەی کە ئەسڵی مەعنایەکە چییە، حەواڵەی خوای دەکات. زۆرینەی زانا گەورەکان لە سەلەفی سالحن، کە زۆر جیاوازن لە سەلەفییەکانی ئەوڕۆ. هەر لەپاڵ سەلەفی ساڵحدا، جەریانێکی دیکە دروست بوون بە نێوی (باطنی) کە وتیان هیچ ئایەتێک لەسەر ڕواڵەتی مانا ناکرێ، هەموو وشەکان (بطون) و ناوەرۆکیان هەیە وەکوو توێ‌توێی پیوازی، ئەوان ڕێک پێچەوانەی ڕەوتەکەی پێشوون و ئەوسەر ئەوسەری جەغزەکەن. ئەوان هەر ئایەتێک بخوێندرێتەوە، تەفسیرێکی باتینیی لێ دەکەن، یانی لەسەر دەق لایدەبەن، ڕواڵەتی دەقەکە لەبەرچاو ناگرن و مانای دیکەی لێدەدەن و دەڵێن لە دەروونی خۆیدا هەڵگری ئەو مەنایانەی دیکەیە. کەواتە گەرچی لێرە جێگای شی کردنەوەی تەواوی ئەو باسە نییە، لە واقیعدا ئەو ڕەوتە جیاجیا فیکرییانە، ئەلەو جێیەدا دروست بوونە کە دەق چۆن تەفسیر دەکەی؟ بەپێی ڕواڵەتەکەی؟ (تفویض) دەکەی؟ یا تەئویلی دەکەی؟ ئەو جیاوازییە لە ڕوانگەدا بوو بە هۆی وەی کە جەریاناتێک دروست بن وەکوو خەواریج، مورجیئە، موعتەزیلە و جەبرییە و . . . کە ژێرشاخەشیان یەکجار زۆرن. هەر یەکەی بە تێگەیشتن و باکگراوندێکی کە هەیەتی، بە شێوەیەک دەقی تەفسیر کردووە بۆ جیهانبینییەکەی. جگە لەو باسە ڕابردووانە، لەسەر باسی زات و سیفاتی خوا و پێگەی عەدڵ لە نیزامی خواییشدا کێشە زۆرە و مەدرەسەی جیاوازی لێ ساز بوونە. کەواتە ئاخێزگەی هەمووی ئەو ڕەوتانە، چۆنییەتیی تەفسیری دەقە و لەکۆتادا هەموویان هەڵقوولاوی دەقن، بۆیە هەموویان ئیستناد بە دەقە دینییەکان دەکەن، هەموویان بۆ کردەکانیان تەوجیهی دینییان هەیە. بەڵام دابرانەکان لە ئەسڵی دەق پەیدا نەبوونە، بەڵکوو بەپێی هێرمۆنۆتێک و پێش‌فەهمەکان، باکگراوندە زێهنییەکان لە تەفسیری بەشەری لەدەقەکان دروس بوونە و ئەوە مانای ئەوەیە تەفسیرە بەشەرییەکان پیرۆز نین. ئاکامی بابەتەکە ئەوەیە کە دەق، خۆی لەخۆیدا پیرۆزە. ئەوەی کە وەکوو دین دەیبینین، لێکدانەوەی مرۆڤە بە باکگراوند و پاشخانە فیکرییەکانی خۆی لەدەق. تەفسیری بەشەری لە دەق پیرۆز نییە، دەق خۆی پیرۆزە. کەواتە ئەوەی

ڕۆژانە ئێمە بەرخوردمان لەگەڵی هەیە وەکوو ئەحـــزاب وجەریانات و نیحلــە فیکرییەکان، ئەوانە هەڵقولاون لە تەفسیری بەشەری لەدەق. کەواتا بۆخۆیان عەینـــی دین نین، ئەگەرچی غەیری دینیش نین. ئەوە روونکردنەوەیەک بوو لەسەر چۆنییەتیی دابرانەکان و لێکەوتنەوەی ئـــەو هەمووە جەریاناتە. دیـــارە لە جێی خۆی دەبـــێ تەک‌تەکی وانەش باســـێکی فراوانیان لەسەر بکرێ.

*ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، وەکوو گوتارێکـــی دژبـــەر، خـــۆی لــــەدەرەوەی ناســـنامەی نەتەوەییی نەتەوەکان پێناسە دەکات. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بێینە ســـەر باسی ڕۆژهەڵات، هەرەشەکان بۆ سەربیری نەتەوەیی چین؟ دیارە ئـــەم وتارە دژبەرە دەکرێ غەیری ئیســـلامیش بێت و دژ بە بیری نەتەوەییش بێت. بەگشتی ئەم وتارە دژبەرە کە لێرەدا مەبەســـتمان ئیســـلامی سیاسییە، چۆن پێناسەدەکرێت؟*



ئیســـلامی سیاســـی لە بەشـــێکدا زاویـــەی هەیـــە لەگـــەڵ بیـــری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم، لە بەشێکدا هەمپووشـــانیی هەیـــە، یەعنـــی عمـــــــووم وخسووســـێکی (مـــن وجە)ی پـــێ دەڵێن لە زانســـتی مەنتیقدا. بەشـــێکی زاویـــەی هەیە، زاویەکە لەو بەشـــەیە کە ئیســـلامی سیاســـی دەیهەوێ دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکات بە باکگراوندی حکومەت کردنی ئیسلامی. ئەساس و شالوودەی دەســـەڵاتی ئیسلامی، لەڕوانگەی ئیسلامی سیاســـییەوە یان ئەسڵەن لەڕوانگەی ئایینەوە دروســـت کردنـــی دەوڵەت-ئوممەتە، یانـــی چوارچێـــوە و مەرزێکـــی جوغرافیایـــی بەهەوێنـــی نەتـــەوەی تێـــدا جـــێ نابێتەوە. جوغرافیاکەی جوغرافیایەکی بەربەرین‌ترە، هەر وەکـــوو ئایدۆلۆژیـــا ئینســـانییەکان و جەریانە چەپەکانیـــش وان کـــە عەداڵەت‌میحـــوەرن و بەحســـی دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتی دەکەن. وەکـــوو گولۆبالیـــزم و ئـــەو جەریاناتانەی کە جەهان‌وەتەنن و ئەو ئایدیایانەی کە بەحســـی مێترۆپۆلی جیهانی دەکەن. لەئاکامدا ئیسلامی سیاسی دەیهەوێ دەوڵەت بە هەوێنی ئوممەت دروســـت بکات کە جوغرافیاکـــەی جەهانییە، یانی جەهان‌وەتەنە، لەوێوە زاویەی هەیە لەگەڵ ناســـیۆنالیزم کـــە دەیهـــەوێ دەوڵەت-نەتەوە دروست بکات. بەشێکیشی هەمپووشانیی هەیە، لـــە چوارچێوەیەکـــدا نەتەنیا ئیســـلام، بەڵکوو هەمـــوو ئەوانەی جەهان‌وەتەنـــن، هەریەک لە فیکـــرەکان کە چاویان لـــێ دەکەی، ئەوانیش نوسخەیان هەیە بۆ خۆشبەختی و بەختەوەریی بەشـــەر. ئیسلامی سیاســـیش کە ئێمە باسی لێ‌دەکەین، لە نیگاهی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وشیاوسالاریدا کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکات، لەوێدا لەگەڵ ناســـیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە هەمپوشانیی هەیە. ئەو، ئیددیعایەکەی ئەوەیە کە لەچوارچێـــوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، دەبـــێ مافی نەتەوەکان دابین بێ. کەواتە ئێمە لەسەر ئەو بەشە زۆم دەکەین کە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لەســـەر ئەرزی واقیـــع دەیبینین وەکوو ئیسلامی سیاسی کە بۆخۆی خۆی ئاوا پێناسە کردوە، بۆیە بۆ ئێمەش بووە بە کێشـــە، لەبەر ئەوەی کـــە بەراســـتی لەگەڵ نەتـــەوەکان و بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەی کورد، تەنیا لەســـەر ئەو بەشەی کە زاویەی هەیە، جەخت دەکەنەوە. ئەوان لەهەر کـــوێ دووبـــەرەدەی دەوڵەتێکی ئیسلامیان پێکەوە نابێ، هاتوون بە سیاسەتی ئاســـیمیلەکردن و ئیزۆلەکـــردن، لـــە فیکری سڕینەوەی بیری نەتەوەییدا بوونە، یانی ئەوانەی کـــە بانگەشـــەی درووســـت‌کردنی دەوڵەتـــی ئیســـلامی دەکـــەن، وەک ئـــەو ئیســـلامی سیاســـییەی ئەمـــڕۆ، نـــەک وەک مەفهوومە کلاسیکەکەی، گەرچی بەشێکی هەمپووشانیی هەیـــە لەگەڵ ناســـیۆنالیزم، بەڵام بەراســـتی بۆخۆیان تەنیا لەســـەر خاڵە ناکۆکەکە جەخت دەکەنەوە و بە پاساوی ئەو زاویەیەی کە هەیە،

لەگەڵ ئێمە وەکوو دژبەر ڕەفتار دەکەن. من پێم وایە ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕێفلێکس و دژکردەوەیە بەرامبەر بەوەی کە ئەوان دەیکەن، چون لەهەرکوێ دەسەڵاتێکی ئیسلامییان دروست کردووە، بەتایبەت لە کوردستانی خۆمان، پێش هەموو شتێک شەڕیان لەگەڵ نەتەوە کردووە و بۆیان بەکوفر حیساب کردووینە. ئەوە کە بە کوفریان حیساب کردووە، کردوویانە بە موجەویز و مۆڵەتێک کە ئێمەی پێ بکووژن. پێشمەرگەیەک کە موسوڵمانە، نوێژ دەکات، ڕۆژوو دەگرێ، ئەهلی شەعائیر و مەناسیکی دینییە، دەیکووژن وەکوو دژبەر. کەواتە ئەوە ئەوان ئێمە دەبەنە ئەو خانە کە پێمان وابێ ئیسلامی سیاسی نەتەنیا بەردەنگە، بەڵکوو دژبەرە بۆ دەسەڵاتێک کە خەریکە دەوڵەت-نەتەوە دروست دەکا. خۆ ئەو بەشە کە بەشی ناسیۆنالیزمی کوردییە، وەکوو سوژەی ئێمە، ئەگەر ئەویش دەوڵەت-نەتەوە دروست بکات، دەوڵەت دروست دەکات بۆ نەتەوەیەکی موسوڵمان. بڕیار نییە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام بکات، بەڵام بەڕاستی ڕەفتاری نەشیاوی ئەوانە کە ئێمەی ناچار کردووە بەوەی کە پێمان وا بێ زاویەمان هەیە لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، ئەوان بە شێوازێکی پراکتیکی سەلماندوویانە کە ئێمە بە دژبەر دەزانن، بێگوومان ئێمەش ئەو بەشەی لەسەر زەق دەکەینەوە و بەدژبەری دەزانین.

*چۆنە لەنێو موسوڵمانان کە هەرگیز کێشەی شوناسی ئایینیان نەبووە و بەتایبەت لەنێو نەتەوەی کورد کە قەیرانی شوناسی نەتەوەییشی هەیە، ڕەوتێکی وەک ئیسلامی سیاسی سەرهەڵدەدا؟*



خوای داهێنەری ئینسان دەفەرمێ ئامانجی جیاوازییەکان لە خەلقی ئینساندا، یەکتر ناسین و دانپێداهێنان بە یەکترە و ئامانجی ئایینیش، پەروەردەی تاکێکی ڕەوشتمەندە و دەیهەوێ بە دەست ئەو تاکە ڕەوشتمەندانە، کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێ. داکۆکی لە ڕەوشت و ئەخلاق دەگاتە شوێنێک کە پێغەمبەری ئیسلام د. خ لە ئاڵقەی وانەگوتنەوەی (اصحاب صفە) کە مامۆستای کردەیی و زانستی ڕەوشت بوون، دادەنیشێ و کەڵکیان لێ وەردەگرێ. نێوی شاری یەسریب دەگۆڕێ بە مەدینە کە بە واتای ڕێزلێنان لە شارستانییەت و ڕەفتاری مەدەنی و دانپێدانان تەنانەت بە شارۆمەندیی موشریکە. بەڵام بەداخەوە دوابەدوای دەورەی ٣٠ ساڵەی خیلافەتی ڕاشیدە، وەک پێغەمبەر پێشبینیی کردبوو، سیستەمێکی تۆخ و گەزەندەی پاشایەتیی عەشیرەتی دامەزرا کە زیاتر لە خەڵک، غەدر بوو لە خودی دین. لە مێژووی ئیسلامدا زۆر جار هەر دینداران دژی ئەو چەشنە حکوومەتانە شۆڕشیان کردووە کە کەڵکی کەڵەکاوییان لە دین وەرگرتووە و دینیان کردۆتە ئامێری قرتێخستن و قەڵاچۆ کردنی خەڵک. ئەوە لە مێژووی ڕۆژئاواشدا بەرچاوە و ئەربابی کلیسا زۆریان غەدر لە دین و خەڵک کردووە و لە زنجیرە دادگاییەکی سەدان ساڵە بەنێوی ئەنگیزاسیۆندا، هەزاران جیابیریان لە سێدارە داوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری پەرەئەستاندنی ڕیفۆرمخوازیی ئایینی و پرۆتێستانتیزم کە ویستوویەتی دین بگێڕێتەوە سەر شوێن و ڕاستیی خۆی، گەرچی ئەوانیش زۆر تووشی توندوتیژی بوونە. لە مێژووی ئیسلامیشدا حاکمانی خۆسەر و بەنێو زانایانێک کە ناوەرۆکیان لە دین ئەستاندووە، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتی بناژۆخوازی وەک ئەحزابی ئیسلامی، کە زۆرینەیان لەژێر کاریگەریی هزریی سەیدقوتبدان. سەیدقوتب لە تەفسیری (فی ظلال القرآن) و کتێبی (معالم فی الطریق)دا دەستەواژەی «کۆمەڵگای جاهیلی»ی داهێنا، خەتی سووری تاکی پەڕاند، کۆمەڵگای بە کافر و موسوڵمانەوە بە کافر دانا، جیهاد دژی ئەو کۆمەڵگایەی بە ڕەوا دانا و

بناژۆخوازی و توندئاژۆیی، پاساوی دینیی بۆ هێندرایەوە. لە لایەکی ترەوە پەرەئەستاندن و بەجیهانیبوونی ئەو فەلسەفانەی کە هێرشیان دەکردەسەر ئەسڵی دین و هەوڵی سڕینەوەیان دەدا و تەنانەت دینیان لە سنووری تاکەکەسیشدا قەبووڵ نەبوو، هەروەها داگیرکاریی زلهێزان و چەوساندنەوە و شکاندنی شکۆی گەلانی موسوڵمان و ئیستیعماری جەستەیی و هزریی ئەوان، کۆمەڵەهۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتانەبوون. گەرچی توندئاژۆییی ئەو ڕەوتانە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر فکری خەواریج، بەڵام ئەوانیش لیپاولیپ بوون لە گرێی دەروونیی سەرکوت و شکانەوە و داگیرکاری و خۆشیان بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتیان کرد و بە لادان لە پەروەردەی تاک و کارکردن لەسەر ئەخلاق و ڕەوشت و ڕێزگرتن لە نەیاران، کە شێوەی ڕەفتاری ئیسلامی نەریتییە، هەوڵیان دا بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ئیشک و زاڵ و سەپێنەرانە.

لە کوردستانیش گەورەپیاوان و زانایان و خەباتگێڕان زۆرینەیان شاگردی مەکتەبی ئیسلامی نەریتی و عیرفانن کە سەرمەشقی ڕەوشت و دینداری بوونە. بەڵام بەداخەوە ڕەفتار و هێندێک وەخت خوڕافەخوازیی بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی و ئەوکەسانەی بەنێوی شێخ چالاکییان هەبوو، -جا هۆکارەکەی بیرچەوتی بێ یا بەرژەوەندیخوازی- ناوەرۆکی ئایینی لە پەروەردەی ئەخلاقی بەتاڵ کرد و زۆر کات دووکانێک بەنێوی دین کرایەوە. ئەوە خۆراکی دا بە تاقمێک کە ئەو هەلە بقۆزنەوە و ئیسلامی نەریتی بە گشتی پەلامار بدەن و بە هەوێن وەرگرتن لە بیرۆکە بناژۆخوازە نێودەوڵەتی و ئیسلامییەکان، بوون بە بەڵایەک لە ئایین و نەتەوە. بۆشاییەکیان لەنێوان ئەو دوو چەمکە ساز کرد و بیری نەتەوەییان بە دوژمنی دین لەقەڵەم دا و چاوپۆشییان لەو ڕاستییە کرد کە زێدەتر لە پەنجا دەوڵەتی ئیسلامی بە هەوێنی نەتەوە ساز کراون. بۆچی بۆ وان ڕەوایە و بۆ کورد ناڕەوایە؟ بەڵام ئەوە شتێکی ئاساییە کە هەر فکرێکی نوێ کە دێ، ماوەیەک یارگیری دەکا و جەماوەرێک گیرۆدەی خۆی دەکا، تا ڕاستییەکانی وەدەر دەکەون، هەرکات ڕووی ڕاستیی وەدەرکەوت، خەڵک لێی هەڵدەگەڕێتەوە. ئەوە ڕاستییەکە کە ئێستا نکووڵی لێ ناکرێ و هەڵسوکەوتی ئەو بناژۆخوازانە لەگەڵ نیشتیمانپەروەران و بەتایبەت سەرهەڵدانی داعیش و مامەڵەی دەوڵەتی ئیسلامگەرای تورکیە و داعیش لەگەڵ پرسی کورد و ڕووداوەکانی دەورەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییی باشور و پرسی ڕۆژئاوا و کۆبانی و عەفرین، بۆتە هۆکاری ڕوونبوونەوەی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو ڕەوتانە، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتیش. ئێستا جێگە و پێگەی ئەو جەریاناتانە زۆر لاواز بووە و ئەرکی کۆمەڵگای کوردی و زانایانی ئایینیی کوردستان ئەوەیە کە بگەڕێنەوە سەر پەروەردەی تاک و چیتر ڕێگەی کەڵک وەرگرتنی ناڕەوا لە ئایین بۆ بەرژەوەندیی حیزبی و جەریانی نەدەن. بۆ وەی جاریکیتر ئایین ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێ و خەڵک خێر و خۆشیی لێ ببینێ و ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی کە کۆلۆنیالیسم و گوزار و پاوانخوازی لەڕێگەی خوێندنەوە بناژۆخوازەکانەوە لەسەر ئایینی داناوە، نەمێنێ و ئەوەش ئاساییە کە کاتی پێویستە.

*لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلام کەتەنیا سەروەری وحاکمییەتی خوایە، زۆرجار دەگوترێ جیابیری و پابەند نەبوون بە بنەما فیکرییەکانی ئەم دەسەڵاتە، حوکمی تەکفیری بەدواوەیە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟*



ئەوەش لە دوو ساحە و مەیدانی جیاواز دەکرێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ. یەکەم ئەوەی کە ئیسلام وەک تیۆری و وەک خۆی چی دەوێ؟ و لە

بەشــە پراکتیکییەکەیدا لە بەعزە دەورەیەکدا چی کردووە؟ دووهەم ئەوەی کە ئەورۆ ئەمری واقیعە. کێشــەکە ئەوە دروســتی کردووە کە ئێستا لەســەر ئەرزی واقیعە. بەڵام بە گشتی هەڵســوکەوتی ئیســلام کە وەکوو دین دێتە کۆمەڵگایــەک، دابــەش دەبێ بــەدوو بەش: بەشــێکی دەســەڵاتی بەڕێوەبەری و پراکتیزە کردنی یاسا گشتییەکانی دین بۆ بەڕێوەبردنی مەدەنییانــەی کۆمەڵگا، کــە دەروا لە ولاتێک دەولەتی ئیسلامی دادەڕێژێ بە چوارچێوەیەکی تایبــەت. گومانی تێدا نییە ئــەو کارە دەکات. بەشــێکی دی بەشــی قبووڵ کردنی ئایینی ئیسلامە وەکوو باوەڕی تاک. ئیسلام کە دەڕوا بۆ شوێنێک و دەســەڵاتی لەو جێیە دارشت، هیچ ئیجبارێکی نییە بە گشتی وەکووئایین بۆ قبووڵ کردنی ئایینەکە: (لااکراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی)، زەبر لە وەرگرتنی دیندا نییە، ئەوەی وەزیفەی دینداران، یا پســپۆڕانی ئایینییە، ئەوەیە ڕوونکردنەوە بدەن، خەڵکیش ئــازادە دین قبــووڵ بکات یا نەیــکات. دیارە پێغەمبەریــش بۆخۆی دەفەرمــێ (انما بعثت معلمــا) من موعەلیمــم، موعەلیم ئیجبارێکی نییە. یا (و ما علی الرســول الا البلاغ) ڕەسوڵ هیچ ئەرکێکی لەســەرنییە جگە لە گەیاندنی دروستی چەمکەکان بەخەڵک. ڕەسووڵ بریتیە لە پێغەمبەر یا زانایان، کە واریســی ئەنبیان. تەنیا دەبێ تەبلیغ بکەن، بەشــی فیکرییەکەی ئیجباری تێدا نییە. لە بەشی دەسەڵاتێکدا کە بە نێوی دەســەڵاتی ئایینیی ئیســلام، وەکوو تیــۆری و مەفهــوم و مەعنایەکەی دروســت دەبێ، ئالەوێدا ئێمە ئیماندار و یەکتاپەرەستمان هەیە کە هەم وەکوو بە بیر و باوەڕ وەریگرتووە و هەم لە چوارچێوەکەدا خــۆی گونجاندووە، ئەوە ئەرک و مافەکانی خۆی پێناســە کراون، شارۆمەندیشــمان هەیــە یانــی ئەوانەی کە شــەهروەندن، لە وڵاتێکی ئیســلامیدا دەژین بەڵام بۆخۆیان موســوڵمان نین. ئیسلام وەکوو تیۆری ئەوانەی کە ئــەو فیکرە قبووڵ ناکەن، مافی شــارۆمەندیان لێ ناستێنێتەوە و هەموو مافێکیــان بۆ دابین دەکات، ماف و ئەرکێ کە بــە ڕوونــی تەعریــف کــراوە و ســێمپڵی مێژوویيشمان هەن کە تەنانەت لە بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسانیشــدا، بە ڕوونــی ئاماژەی پێ کراوە. بەڵام پێویســتە ئەوە ڕوون کەینەوە کە ئەوەی لە ســەر ئەرزی واقیعە، غەیری ئەوەیە کە دیــن ئاماژەی پــێ دەکا. ئەوەی ئێســتا دابەزاندنــی دیــن وەک خۆی نییــە. لەکوێ دەسەڵاتێکی ئایینی دروست بوو، ئەوی‌ترەکەی خــۆی واتا ئەوانەی کە ئاییــن قبووڵ ناکەن، وەکــوو کافــر یــا تەنانــەت وەکــوو مورتەد هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. شەڕیان لەگەڵ دەکەن، حەزفیان دەکەن، دەیانکوژن، دەریان دەکــەن. ئێمــە ئەو هەمــووە غــەدرەی کە دیتوومانــە لە چوارچێوەی ئەو شــوێنانەن کە دەسەڵاتی ئیسلامییان لێ دروست بووە، جا چ ئەوەی لە ئەفغانســتان دروســت بوو، وەکوو دەســەڵاتی تالیبــان یا ئەلقاعیــدە، چ وەکوو کۆماری‌ئیسلامی، چ وەکوو داعش. لە هەرکوێ ئەوانە دروست بوون، تەنانەت لە نەرمترینەکەیدا وەکوو ئەوەی لە تورکیە دەگوزەرێ؛ ئەگەرچی وڵاتەکە بە هەوێنی ئیسلامی نییە، دیارە لەوێ بەحیساب سیستمێکی سکۆلارە، بەڵام ئەوانەی کە لەسەر دەسەڵاتن بەشێکیان کە باکگراوندی ئایینییان هەیە. ئێمە ئەوە بەرچاو دەبینین کە ئەوانەی لەگەڵ خۆیان نین، بە دژیان چاو لێ دەکەن، مافی شــارۆمەندییان نادەنێ. کەواتە وڵامەکــە ئەوەیــە ئایین وەک خــۆی ئەوەی غەیــری خۆی بێ بە دژی چاو لێ ناکا و مافی شارۆمەندیی دەداتێ: (و ان احد من المشرکین اســتجارک فاجــره حتی یســمع کلام الله)، تەنانــەت ئەگــەر موشــریکێک هــات مافی شارۆمەندی و جیرانێتیی لە تۆ ویست، حەقی جیرانەتــی بدەیــە و بە کردەوە بیســەلمێنە بۆئەوەی ئەو نمونەی جێبەجێ کردنی کەلامی خوای لەســەر مرۆڤەکان و تاکەکان ببینێ و بزانێ باشــە، نەک ئەو هەمووە بێڕەوشــتی و

بەدرەوشتییەی کە ئەورۆ بە نێوی ئایین دەیکەن. کەواتە ئایین وەک بەشی نەزەرییەکەی غەیری خۆی لە وڵاتی خۆیدا وەک شارۆمەند وەردەگرێ، بەڵام بە کردەوە و لە دابەزاندندا بەداخەوە ئەوەمان زۆر کەم دیتووە.

*یەکێک لە بنەماکانی شرۆڤەی دەقی پیرۆز، مێژووی ئیسلامە، روونە کە مێژووی ئیسلام خۆی پیرۆزنییە و رەنگە زۆر شت بەو شێوەیەی کە هەیە نەنوسرابێتەوە. پێوەندیی نێوان مێژووی ئیسلام و دەقی پیرۆز چۆن هەڵدەسەنگێنی؟*



هەرشتێک وەکوو مەفهووم و چەمکی گشتی، کوللی قسەی لێ دەکرێ، چ بەشەری بێت، چ بەشەری نەبێ وخودایی بێ، واتا و کوللییەتی بەحسەکە شتێکە و وێنە و مەسادیقەکانی شتێکی دیکەن، تەنانەت لە ساحەی زانستیشدا هەر وایە. ئایینی ئیسلام وەکوو ئایینێکی مێتافیزیکی، ئایینێکە کە لە دەقدا خۆی نیشان دەدا، مێژوو نموودی دەقەکە و نمودی ئایینەکەیە. مێژوو بۆخۆی پیرۆز نییە، تەنیا بەشێک لە مێژوو لە ئیسلامدا کە وەک شتێکی پیرۆز بەحسی دەکرێ سوننەتە، یانی رەوشت، کە ئەویش مێژوو نییە و بە هەڵە تەفسیردەکرێ. پێغەمبەر درووودی خوای لەسەربێ دەفەرمێ (علیکم بسنتی و سنة الخلفاء الراشدین المهدیین من بعدی). واتا بۆ جێبەجێ کردنی دەق وەکوو نمونەی عەمەلیی ئیسلام، ئەرکە لەسەر ئێوە چاو ببرنە رەفتاری من و رەفتاری خەلیفە راشیدەکانی دوای من. کە کۆیەکەی دەکاتە ٣٠ساڵ و لە ئیمام حەسەن تەواو دەبێ. گەرچی بەشێک پێیان وایە دەورانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش هەردەورانی خولەفای راشیدەیە. دەفەرمێ خوو و رەوشت، لەوێ باسی مێژوو ناکات، باسی خەسڵەت دەکات. وەکوو سێمپڵی کردەوەییی دابەزاندنی دین. چۆن مێژوو ئاوێنەی کۆمەڵناسییە، لەوێش سوننەت ئاوێنەی ئایینە، چون ئایین بۆخۆی قسەناکات. دەفەرمێ ئێوە لەسەرتانە ئەوە بە ئەسڵ بگرن، سوننەتی من، خوو و خدە و رەوشتی من، لەگەڵ رەوشتی خەلیفەکانی دوای من کە ئەهلی رۆشدن، یانی پێگەیشتوون لە مەکتەبی نەبەویدا، نافەرمێ لەگەڵ دەورەکەش. دەورەیەکی ٣٠ ساڵە باس لێ دەکا، ئەویش نەک ئەو٣٠ ساڵە بە رەفتارە گشتییەکەیەوە، بەڵکوو تەنیا خسڵەتی خەلیفەکان، چون دەفەرمێ ئەوان نمودی تەتبیق و دابەزاندنی دەقن. جا ئەو کردەوەیی کردنە لە پێغەمبەردا سەتاسەتە چون مەقامی عیسمەت و نبووەت و ریسالەتی هەیە و لە خەلیفەکانیشدا نموونەیەکی گونجاوی بەشەرییە، دیارە لەوێ کەموکۆڕی دەبێ، بەڵام نمونەیەکی گونجاوی بەشەرییە لە تەتبیقی شەریعەت و دین. کەواتە مێژوو بۆخۆی پیرۆز نییە و مێژوو بەشێک لە بەڵگە و ئەدیللەی شەرعیش نییە و بۆ شرۆڤەی ئایینیش بەڵگە هێنانەوە لە مێژوو دروست نییە، چون مێژوو بەپێی عادەت خەڵکانێک لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا دەینووسن و مێژوو ئیستنادی پێ ناکرێ.

*دەسەڵاتی ئیداری و بەڕێوەبەری لە ئیسلام تەنیا بۆ راپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵگایە، واتە تەنیا دەوڵەتمەداری دەکات؟ یان ئەوەی کە وەک فەزیلەتێک، بیر لەو دونیاش دەکاتەوە و بەهەشت و بەختەوەری لەو دونیاش بۆ تاکەکان مسۆگەر دەکات؟*



دەسەڵاتی ئایینی کە ئێمە بەنێوی دەوڵەتی ئیسلامی کە بناغەکەی لە مەدینە دامەزراوە و دەورانی مەدەنی پێ دەڵێن، لەگەڵ دەورانی مەککی کە

هیدایەتە دوو شتی جیاوازن. ئێمە کە دەڵێین دەوران بەمانای زەمان نە، هەر لەیەک ڕۆژدا و لەیەک ماڵدا دەکرێ دەورەی مەککی و مەدەنیش هەبێ. دەورەی مەککی یانی ئیرشاد، یانی ڕێنوێنیکردن، ئیستیدلال، تەوجیە، دانووستان و بەشی نەزەر. یەکێک بە زمانێکی پاراو خەریکە خەڵک هیدایەت دەکات، بە مانای ڕێگە پیشاندان کە بۆ خۆی لەو چوارچێوە فیکرییەدا کە هەڵیبژاردووە، خۆی ببینێتەوە لەگەڵ خوای خۆی و بۆ ئەو دونیای دیکەش کە بەشێکە لە باوەڕی مێتافیزیکیی ئەو کەسە، وەکوو تاک بەئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ و لە دەروونی خۆیدا لەگەڵ خوای خۆی پێک بێت بۆ چوونی بەهەشت یا خۆپاراستن لە چوونی جەهەنەم. ئەو بەشە دەورانی مەککییە و تەنیا لە بەشی ئیرشاد و ڕێنوێنی کردندایە. بەڵام کە هاتییە سەر دەوڵەتی ئیسلامی و دەورانی مەدەنی، دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی تەنیا نوسخەیەکی خوداییە بۆ ئیدارەی دونیا، بە تەفسیری بەشەری لەو نوسخە خوداییە، کە مادام بەشەرییە دەکرێ هەڵەی هەبن. لە دەقەکەدا هەڵە نییە وەکوو شتێکی گشتی، بەڵام بەشەر لە تەفسیرکردنەکەدا و هەروەها لە دروست کردنی دەسەڵاتەکەش دەکرێ بەهەڵە چووبێ. ئەو شتەی کە پێیدەکوترێ دەوڵەتی ئیسلامی، لە واقیعدا تێگەیشتنی تاکی موسوڵمانە لە یاسایەکی مێتافیزیکی بۆ دارشتنی دەسەڵاتێک کە ئەو دەسەڵاتە بتوانێت بەشەر بە کافر و موسوڵمان و بە هەموو ئایین وئایینزا و بەهەموو کەمینە ئەتنیکییەکانەوە، ژیانێکی خۆشیان بۆ دابین بکات کە لە پەنا یەک، وەکوو ئینسانێکی بەباوەڕی بەبایەخ بژین و کێشە و قەیران بۆ یەکتر دروست نەکەن و یەکتر ئازار نەدەن. باشترین موسوڵمان ئەو کەسەیە کە موسوڵمانان لە دەست و زمانی لەئەماندا بن، کەواتە دەسەڵاتی ئایینیش تەنیا بۆ جێبەجێ کردن وبۆ بەڕێکردنی ژیانی مەدەنی و ڕۆژانەی خەڵکە، نەک بۆ ڕۆژی دوایی. بەشی قیامەتەکەی دەکەوێتە بەشی هزرییەکەی کە لەوێ ئەرکی دین، تەنیا موعەللیم بوون و ڕێنوێنی کردنە وەکوو پێشتر باسی کرا کە خەڵک بۆخۆی ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ بۆ وەی لەگەڵ خوای خۆی پێک بێت.

### *هەوێنی ئایینی ئیسلام وەحیە، پێگەی عەقڵی مرۆڤ لێرەدا چۆنە؟*



چییەتی و چۆنییەتیی وەحی لە نێو زانایانی ئایینیشدا ئیختیلافێکی زۆری فیکری و کەلامیی لەسەرە، کە دەچێت دە خانەی فەلسەفەشەوە ولێرە ئەوەهەڵناگرێ بچینە نێو وردەکارییەکانی. دیارە لەم سەر تا ئەو سەری جەغزەکە، لەسەر تەفسیری وەحی و تەنانەت لەسەر پێناسەشی ئیختیلاف هەیە. بەڵام ئەوە کە لە ئاسمان ڕا مەلائیکەیەک هاتبێتە سەر ئەرز و پەیامی خوای وەک یەک بەستەی نەگۆڕ بە ڕەسوڵێک گەیاندبێ، ئابەو تەعریفە، وەحی دەبێتەوە هەمان ئەو دەقەی ئێمە بەحسی دەکەین کە قورئانە. و بەپێی (و ما ینطق عن الهوى ان هو الا وحی یوحی) واتا پێغەمبەر بە ئیشتیا و ئارەزوو و مەراقەکانی خۆی قسە ناکات و ئەوەی دەیڵێت وەحیە، بەشێک لە ژیانی پێغەمبەر، بەشە وەحیانییەکەیەتی نەک بەشە ئینسانییەکەی، ئەو بەشە کە سوننەتی پاڵێوراوە، ئەویش بەشێکە لە دەقی دین. وەحی شتێکە لە ئاسمان ڕا دێ بەڵام چون بەشەر دەبێ تەفسیری کات، پەس عەقڵ دەوری هەیە. بەڵام لە دونیای ئیسلامدا بۆچوونەکان لەسەر عەقڵ بە دوو بەشی سەرەکیدا دابەش بووە: بەشێک کە هەم موعتەزیلییەکانن بە دوو باڵی بەغدادی و بەسری بە چەند جیاوازییەک کە هەیانە و هەم ئەهلی تەشەییوعیش، ئەوانەعەقڵ بە یەکێک لە ئەدیللەی ئەحکام دەزانن، یانی دەڵێن هەرحوکمێک کە عەقڵ

پەسـەندی نەکـرد، باتڵـە. بەشـی دووهەم ئەشاعیرەکانن کە ئەوانیش عەقڵ بەکار دێنن بەڵام نەک وەک دەلیلی حوکم، بەڵکوو زێدەتر بۆتەتبیقی یاسـا بەکاردەهێنرێ. گەرچی لەو شـوێنانە کـە حوکم لە دەقەکانـدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ نەکـراوە، عەقڵیش دەور دەبینێ. ماتووریدییەکان لەگەڵ ئەشاعیرە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لە هەنبەر عەقڵ زیاتر لە موعتەزیلـە نزیکـن. و بـە گشـتی جگە لە خەواریجی پێشـوو و سـەلەفییەتی سەردەم، هیچ کام لە مەدرەسـە ناسـراوەکانی ئیسلام دژایەتییەکیان لەگەڵ عەقڵ نییە.

دیـارە تەدوینـی یاسـا و ڕێکخسـتنی دەسـەڵات بەشـێکە، جێبەجـێ کـردن و چەسـپاندن بەشـێکی دیکەیـە. ئێسـتا لە دونیای پێشکەوتووشـدا وایە کە سـازوکاری تەدوینی یاسـا سـەربەخۆیە و کاری بە ئیجرا نییە. سیستەمی بەڕێوەبەریی وڵات یا نیهادی دەوڵەتـە کە بەپێی بـارودۆخ خوێندنەوەی بۆ دەکا کە ئەو یاسایە هەلی ئیجرای بۆ ڕەخساوە یان نا؟ لەو بەشە کە زۆرینەی ئەهلی‌سوننەتە، چەمکێـک هەیە بەنێوی (مقاصد الشـریعه). ئالەوێ عەقڵ بـۆ تەتبیق بەکار دەهێندرێ. با وێنەیەک لە دەورانی خولەفای ڕاشـیدە ئاماژە پێ بکەین. حوکمی دزی-کردن بەشـەرایتی شەرعیی خۆی کە ڕێژەی ماڵی دزراو چەند بێ و لە کوێیش ئاگاداریی لێ کرابێ و کەسـێک دزیبێ، دەس‌پەڕاندنە. دیارە فەلسـەفەی ئەو ئەحکامانە دەبێ لە جێی خۆی باسی لێ بکرێ و لـە دەرەوەی بازنەی باسـەکەی ئێمەیە. لە زەمانی حەزرەتی عومـەردا گرانی و قاتوقڕی پەیدابوو، ئەو وەختە حوکمی دەسـت‌پەڕاندن لەسەرهیچ دزێک جێبەجێ نەکرا. چون لەوێ، نەبوونی و برسـیەتی هۆکار و هاندەری دزی بوو، نەک تێکدانـی ئەمنییەتی کۆمەڵگا. یانی لەگـەڵ کەسـێک ڕووبەڕوو دەبـووی کە لە برسـان چووە دزی کردووە، نەک ویستبێتی دەسـتدرێژی بکاتە سـەر خەڵک. حەزرەتی عومەر، تەنفیـز و چەسـپاندنی حوکمەکەی ڕاگـرت و تەعلیقـی کـرد. لـەوێ ئەوانەی دزییان دەکرد زۆرئاسـان سزایەکی سووکیان دەدان و خەڵاسـیان دەهات. دەی خۆ دەلیلە شەرعییەکەی ئینکاری دروست نییە، چون ئەو حوکمە بەشێکە لە مەنتووقی قورئان. مەنتووق یانـی دەقێکی ڕوونە و جێی تەفسـیری نییە و لەگەڵ مەفهووم جیاوازە، کە لێرە شـوێنی کردنەوەکەی زۆر نییە. کەواتە عەقڵ لە دینی ئیسـلامدا یا بە دەلیلی حوکم دەزانرێ، وەکوو قورئان و سوننەت وعەقڵ کە موعتەزیلەکان و شـیعەکان کردەیان بەو بەشەیە، یان وەکوو فەقیهەکانی ئەشـاعیرە، وێـرای ڕێزلێنان لە عەقڵ(لەژێر نێوی قیاس)، لەو شـوێنانەدا کە حوکم لـە دەقەکاندا ناڕوونە، لە شـوێنەکانی دیکە وەکوو موسوڵمان، کرێدیتی یاسادانەری بۆ خـوا دەپارێزێ، بەڵام زێدەتـر لە ئیجرادا عەقـڵ بایەخی پێ دەدرێ. وەکوو دونیا ئەوڕۆ وادەکات وئەمـن ئـەوم پـێ دیمۆکراتیکتر وکراوەترە. یانی بە گشـتی یاسایەکەداڕێژراوە، بـەڵام لەهەر دەورەیەکدا و بۆهەر بارودۆخێک عاقڵانـە بەڕەسـی و لێکدانەوە بۆ یاسـاکان دەکـەن کە بزانـن زەمینەی ئیجـرای هەیە یـان نا؟ یـان ئـەو قانوونە، بە شـێوەیەکی کاتی دەبـێ هەڵپەسـێردرێ؟ کەواتە عەقڵ جێگاکەی لە دیندا پارێـزراوە، لەگەڵ وەحی هیچ کۆنتاکتێکیان نییە. ئەوەی کە دەکوترێ وەحـی و عەقڵ هـەردوو جیلـوەی خوایین، ڕاسـتە. وەحی هاتووە و ئیجازەی تەسەڕڕوف و دەسـت‌تێوەردانیش بە عەقڵی مرۆڤ دراوە. مـرۆڤ دەتوانێ لە عەقڵ هـەم وەکوو دەلیلی حوکم هـەم لە ئیجرا و چەسـپاندندا کەڵک وەربگرێ و لەگەڵ وەحی هیچ دژایەتییەکیان نییە و کەڵـک وەرگرتنی هـاوکات لە عەقڵ و وەحی، دەبیتە هـۆکاری ژیانێکی خۆش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا کە هاوسەنگییەکی گونجاوی بۆ حەساوەیی جەستەیی و ئاسوودەیی ڕووحی، تێدا ڕەچاو کراوە.

*عەقڵــی مرۆڤ لەگــەڵ نیزامی مەعریفیی دینی پێوەندییان چۆنە؟*



مرۆڤ زۆر گەورەیە. ئەگەر وەکوو ئینســـانێکی دیندار چـاوی لێ کەین، عەقڵ دیارییەکی خوداییە بـــۆ مــــرۆڤ، ئەگــــەر وەکــــوو ئینســــانێکی دینداریشـــی چاو لـــێ نەکەین، ئینســـان پێکهاتـــووە لە جەســـتە و عەقـــڵ. یانی لە جەســـتە و هـــزر و بیرکردنەوەیەکـــی کە هەیەتـــی. کەواتـــە عەقڵ لەگـــەڵ وەحیی خودایی و زانستی بەشەری هیچ کێشەیەکی نییە، بەو مانایەی کە ئەوانە ببنبە بەردەنگی یەکتر یان ببن بـــە دژبەر بۆ یەکتر. نیزامی مەعریفیــــی دینی، نیزامێکە کە تەفســـیری مرۆڤ لە دەق دایڕشتووە. مرۆڤێکی ئیماندار و مرۆڤێکی کە ئیمانـــدار نییە، یا مرۆڤێکی ئیمانداری موسوڵمان و مرۆڤێکی ئیمانداری غەیرەموسوڵمان، هەردووک عەقڵیان هەیە و هەردووکیان لێکدانەوە بۆ شـــتەکان دەکەن. نیزامــــی مەعریفیــــی دینی هەڵقـــوڵاوە لە تێگەیشتن و تەفسیری دینداران لە وەحی، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کارا بۆژیانێکی ســـەرکەوتووانە و مەبەستدار بۆخەڵک. ئیتر عەقڵییەتـــی دینـــی و عەقڵـــی ســـێکۆلار، هەردووکیان عەقڵی بەشـــەرین و ئەگەرچی جیاوازییان هەیە لـــە تەعریفی بایەخەکاندا. بەڵام مـــن زاویـــە و دژایەتییەکی ماهەوی نابینم و هەمپوشانیشیان هەیە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە سەتاسەت تێگەیشتنەکان یەکـــن، چــــوون باکگراونـــد و پاشـــخانە فیکرییەکانیان یەک نییە. ئاساییە تەفسیریان لــــە بایەخـــەکان و پێناســـەیان لـــە حـــەوزەی ئەرزشـــی جیاوازە و ســـرییەک شـــتی جیاوازیان لـــێ دەکەوێتـــەوە، بەڵام نەئـــەوەی کە دژی یـــەک بـــن و زاویەی تووندیـــان هەبـــێ و بەریـــەک کەوتنی لێ دروست بێ.

*داگیرکاری لە ئیســـلامدا ڕەهەند و کارێگەرییەکانیان بە چ شـــێوەیەکە؟ بە تایبەت بۆ نموونە ئێمە باســـی کوردستان بکەیـــن، کوردســـتان لـــە نێـــوان دوو دۆخدایـــە، دۆخـــی ئوممەتی ئیســـلامی و دۆخی مەملەکەتی ئیســـلامی، ئەم لایەنە داگیرکارییە چۆن ئەبینی؟*



ئەوە نکۆڵی لێ ناکرێ کە ئیســـلام لـــە کاتـــی خـــۆی بـــە هەوێن و بۆنمایەیەکی ئێدئۆلۆژیکی، ئایینی و مێتافیزیکییەوە کشوەرگوشایی کردووە. لە پێشدا لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان و دواجار پەلـــی هاویشـــتووە و لەگەڵ دوو دەســـەڵاتی لەمێژینەی ئەو سەردەمی دونیا واتا ئیمپراتۆری ڕۆم و عەجەم(نەک فارس)، شاخبەشاخ بووە و کشوەرگوشـــایی کـــردووە. ئەوە ئاســـاییە لە کشوەرگوشاییدا تۆ دەڕۆی داگیرکاری دەکەی، بەو مانایەی کە تۆ دەڕۆی دەسەڵاتێک لادەبەی و بۆخۆت لە شـــوێنی وی دەبی بەدەســـەڵات. ئیسلامیش کە دەسەڵاتەکانی دیکەی وەلاناون، بۆخـــۆی وەک دەســـەڵات چۆتـــە وێ، کـــە بەشێکیش کوردستاناتی ئێمەیە. وەکوو ئیستا دونیـــای لیبراڵ یا دونیـــای دیمۆکرات کە وا تێدەگا لە بەشێک لە دونیادا ڕشتە دەسەڵاتێک هەن کە داپڵۆســـێنەرن، دەســـەڵاتی ڕەشـــی ئێســـتبدادی و دیکتاتـــۆرن و خەڵـــک دەچەوسێننەوە، دەڕۆن کشوەرگوشایی دەکەن. کشوەرگوشایی هەمیشـــە نابێ بە داگیرکاری. بەڵێ ئیســـلامیش کشوەرگوشـــایی کردووە، دەوڵەت-ئوممەتێکی دروســـت کـــردووە وەکوو دەســـەڵات و دەوڵەتی ئیســـلامی. هاتووە لە ناوچـــەی ئیمـــەش ئێمپراتۆریـــی عەجەمی تێکشـــکاندووە، لە قادسییە شـــەڕی سەخت کراوە و لەچەن شوێنێک دەرگیری هەبووە، تا هاتـــووە وڵاتەکەی گرتووە و ئـــەوە نکۆڵی لێ ناکرێ. بەڵام هاتنی ئیســـلام لەسەر بیرۆکەی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچە ئێتنیکییەکان و بۆ

وێنە نیشتیمانی نەتەوەی کورد دانەمەزراوە. لە گرتنەوەی (ســوادالعراق)دا، ئەوە دەبینین لە ســەردەمی حەزرەتی عومەردا دەگەڵ وڵاتانی عەرەبی جێ هێشت و گەیشت بە مەملەکەتی غەیری عەرەب و هات بۆ کوردستانات، (کە بە فتوح ســوادالعراق دەناسرێ) ســەحابییەکان لەســەر داوای حەزرەتی عومــەر کۆبوونەوە و ئیجماعیــان بەســت (ئێجمــاع یەکێکــە لە ئەدیللەی ئەحکام کە پێشتر باسمان لێ کردن و بەمانای کۆدەنگیی زانایان لەسەر بابەتێکە)، کــە حاکم بگۆڕن بــەڵام نەبن بــە مالیک و خاوەنی مڵکەکە. ئەوکات سیستەمی ئابووریی وڵاتان شــتێکی وەک فیئۆداڵیتە بوو و خەڵک کاری لەســەر مولکی دەوڵــەت دەکرد. مولک هی دەوڵەتان بووە و زۆر لەمێژ نییە خاوەنایەتیی نادەوڵەتی لەسەر مڵک هەیە. ئەگەر بگەڕێیەوە ســەر مێژوو و چاوی لێکەی ڕوونە کە کاتێک لە وڵاتێک حاکمــەکان دەگۆڕان، ئەربابەکانی مڵک دەگۆڕان بەڵام بۆ خەڵکەکە زۆرجیاوازیی نەبوو، دوێنێ کاری بۆ ئەو دەســەڵاتە دەکرد و لەسەر ئەو مولکە بەروبوومی خۆی هەڵدەگرت و بەشــی وی دەدا، ئەوجــار کــە حاکمەکان دەگــۆڕان، خاوەنــی مڵک دەگــۆڕا و خەڵک بەجۆرێک دەبوو بە کاریگەری خاوەنی دواتر و کاری بــۆ وی دەکــرد. بەڵام کە موســوڵمان گەیشــتنە کوردستانات لە قادســییە بەولاوە، حەزرەتی عومــەر فەرمووی ئەلێــرەوە وڵات عەوەزبوو و دەچینە نێو میللەتانی غەیرەعەرەب، ئەگەر وەک پێشێ ئێمە مڵک وەکوو غەنیمەتی شەڕی چاو لێ بکەین و بێین لێرە مالیکی ئەو مڵکانە بگۆڕین، یانی لە واقیعدا مڵکی کوردمان کــرد بە ئی عەرەب. پەس فەرموون با ئێجماع بکەین. ئەلێرە ڕا کە وڵاتی عەرەبی تەواو دەبێ و واریدی ســنووری کــوردان دەبین، با چیتر مڵک غەنیمەتی شــەڕ نەبێ و مڵک ڕادەستی خۆیان کەینــەوە، دەوڵەتمان ببێ بەڵام مڵک هی خۆیان بێ. دیارە حەزرەتی عومەر نایهەوێ دێمۆگرافــی بگــۆڕێ و ئــەوەش بەڵگەیەکی مێژووییە لەسەرئەوەی کە سنوری کوردستان لەکوێدا دەســپێدەکا. تۆ بــە گۆڕینی مالیک دێمۆگرافیش دەگۆڕی، ڕاســتە لەوێ مڵکەکە هــی ئەو وەرزێرە نەبووە کە کاری لێ کردووە، بەڵام خاوەنی ڕابردوو هاوڕەگەزی خۆی بووە و ئەگەر بێی و مڵکەکە بدەی بە عەرەبێک، ئیتر تۆ دێمۆگرافیت گۆڕی.

هاتــووە، بەڵێ هاتووە و کشوەرگوشــاییی کــردووە و کوردوستانیشــی بــە ئەدەبیاتــی ئیســلامییەکەی فەتح کردووە. چۆتە هەرکوێ مامۆســتا و فێــرکاری بەجێهێشــتووە تــا جیهانبینییەکە بۆ خەڵک شــی کەنەوە، بەڵام خەڵک چارەنووسی خۆی لەبەردەستی خۆی بێ و بۆخۆی خۆی بەڕێوەبەرێ. ئاساییە لە هەموو کشوەرگوشاییەکدا گۆڕانکاری پێکدێن، بەڵام چۆن ئێستا دونیای لیبراڵ و دیمۆکرات دەڕوا و پێی وایە دەبێ داگیرکەر دەرکا و خەڵک ڕزگار کا، ئایینی ئیسلامیش کە هاتووە بەو فیکرەوە هاتــووە، بەڵام چەندە جێبەجێ کراوە یا چەند جێبەجێ نەکراوە، چــی خراپ یا چی چاکی لێ کەوتۆتەوە، ئەوە خۆی باسێک هەڵدەگرێ و منیش پێم وا نییە کە سەداســەد جێبەجێ کرابێ. بەڵێ لە زۆر جێیان ڕەنگە غەدریشی لێ کەوتبێتەوە، چوون ئەو تاکەی هاتووە، فەردە، کەســە، ڕاســتە بە باکگراوندێکی ئایینییەوە هاتووە، بەڵام تاکێکە و ڕەنگە نەیتوانیبێ ئایین وەک خۆی جێبەجێ بکا. ئەو دەستەی هاتووە ڕەنگە تەعەسسوبێکی هەبێ و بە دەمارگرژی یا بە تێگەیشتنێکی خۆی خەریکی تەتبیقی دین ببێ. کەواتە هاتووەهەم خاڵی ئەرێنیی هەبوونە، بۆ وێنە دەســەڵاتی زاڵی زاڵم هەبووە کە لێرە لایبردوون، هەم زەرەریشــی لێ کەوتۆتەوە لە بازە بەشــێکی. کەواتە دەوڵەتی ئیسلامی بەڵێ هاتووە کشوەرگوشاییشــی کــردووە، بەڵام بە زۆر خەڵکی موســوڵمان نەکردووە و هەوڵیشی نەداوە دێمۆگرافی بگۆڕێ، ئەگەرچی لێشــی کەوتۆتەوە. لێی کەوتۆتەوە باسێکە و ئەوەی‌کە فکرەکەی خۆی ئەوە بێ، باسێکی جیاوازە.

*مەسـەلەی تەئسیر و تەئەسسوڕ (تأثیر و تأثر)، شوێندانان و شوێن‌وەرگرتنی ئاییـن و نەتـەوە بەتایبەتییەکـەی ئێمە مەبەسـتمان کوردە و ئـەو نەتەوانەی کە باڵادەستن لەم ناوچەیە، وەکوو مەسەلەن بڵێین لـە ئێران، لە عێراق لە تورکیە، ئەو تەئسـیرو تەئەسسـورەی ئایین و نەتەوە لەسەر یەکتر بە چ شێوەیەک دەبینن؟*



تەئسیر و تەئەسسوڕ شتێکی ناچارە واتا خۆپاراسـتنی لـێ ناکرێ. لە گلۆبالیزمدا و بەجیهانیبووندا کە تا ئیستاش دونیا نەیتوانیوە وەک خۆی قەبووڵی بکا، ئەو دەسـەڵاتانەی کـە جیهان‌وەتەنن و سـنوور ناناسـن، زۆریان کار بە نەتەوە نییە، فکرێکیـان هەیـە دێن بە پێی ئـەو هەوێنە فکرییەی خۆیان هەنگاو دەنێن، کە ئیسلامیش یەکێکە لەوانە. ئیسـلام هاتۆتـە ئەو وڵاتانە و ئێمە با لەسـەر دۆخی ئیسـلام و کورد قسە بکەین. لێـرە هەم کاریگەریی لەسـەر کورد هەبووە و هەم تەئسـیری لە کورد وەرگرتووە. یانی خزمەتگوزاریی دوولایەنە لە بەینی ئیسلام و کـورد بەرچـاوە، کارتێکەریـی دوو لایەنە بەرچاوە، ئاساییە لەو پرۆسەیە هێندێک شت لـە دەسـت دەدەی، بـەڵام هێندێک شـت وەدەسـت دێنێ. من پیم خۆشە لێرە ئاماژە بە بابەتێک بکەم، بایەخەکان نەگۆڕ نین، تەنانەت بایەخە نەتەوەییەکان نەگۆڕ نین، ئەو شتەی ئـەورۆ دەبـێ بە بایـەخ، ئـەوە بایەخی ئەو نەتەوەیەیە، ئەو زمان و زاراوەی کە ئەورۆ کورد بۆ ئاخاوتن بەکاری دێنێ، ئەورۆ ئەوە زمانیەتی نەک زمانە مێژووییەکەی. زاراوەی ئەورۆ زمانی خۆیەتی، خۆ ئێمە ئەگەر چاو لێ بکەین کورد لە سـەیرێکی مێژووییـدا، جلکەکەی گۆڕانی بەسـەردا هاتووە، ئەو جلکەی کە ئەورۆ ئێمە لەبـەری دەکەین، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سـەر مێژوو جیاوازە لەو جلکەی کە کورد دووسـەد سـاڵ یا پێنسەد سـاڵ لەوەی پێش لەبەری کردووە. گۆڕان بەسـەر جلکەکەماندا هاتووە، گـۆڕان بەسـەر زمانمانـدا هاتووە، بەسـەر زاراوەماندا هاتووە، ئەوە شـتێکی ئینسـانی و پارێزهەڵنەگرە. ئایینی ئیسـلامیش کە هاتۆتە کوردستانات، هەم لێرە برێک کوردێندراوە، واتا تەئسـیری لە عالمانی کـورد وەرگرتووە، هەم لەولاشەوە کاریگەریی خۆیشی هەبووە. خەڵک نێویان بوونە بە نێوی ئیسلامی، پۆششیان بووە بە پۆشـشـی ئیسـلامی، ڕەفتاریـان بوونە بە ڕەفتاری ئیسلامی و ئەوە ئاساییشە، هەر وەکوو ئێمە ئیسـتا لە جیهانیبوون و گلۆبالیسـم یا گلۆبالیزێیشـێنی ئەورۆدا، ئـەوە دەبینین کە دەوری لەسەر لیباسمان هەبووە، دەوری لەسەر نێـوی منداڵەکانمان هەبووە، بـە باوەڕی من ئەوانە نابێ زۆر نەرێنی وەرگرین. ئەوە نیشانەی زیندووبوونی ئەو نەتەوەیەیە، کە چالاکی دەکا، خۆی فەرامۆش نـاکا، مێژووی فەرامۆش ناکا، ئەسڵەکانی خۆی وەکوو نەتەوە فەرامۆش ناکا، ئیزۆلـە نابـێ، ئاسـیمیلە نابـێ، بـەڵام خزمەتگوزاریی دوولایەنەی دەبێ، ئاسـاییە لەوەدا کە لە کارتێکەریی دوولایەنە هەمیشـە خەسـاریش هەیە. ئـەو پرۆسـەیەی کە لە فەلسەفەی ئەورۆدا پێی دەڵێن گوزار، لە گۆزار لـە کۆمەڵگایەکـی بـەدەوی بـۆ کۆمەڵگای پێشـکەوتوو یا گوزارەکانی هاوشێوە، حەتمەن هێندێک شـتی باشیش لەدەس دەچێ، بەڵێ تەئسیر و تەئەسسوڕ هەیە، خەساریشی هەبووە و دەسکەوتیشی هەبووە.

*ئیسـلامی نەریتـی یـا هەمان ئیسلامی سوننەتی لە کوردستان ئایا تەنیا هەڵگری بارێکی ئەخلاقییە یا خۆد ڕەهەند و لایەنی جیاوازیشی هەیە؟*



ئیسلامی نەریتی، دەبێتە ئەویتری ئیسلامی سیاسی بەو خوێندنەوەیە کە پێشـێ بۆمان کرد. ئیسـلامی نەریتـی خوێندنەوەیەکی زۆر زیندوو و بەرۆژە

له ئایین و له ئیسلام. بەڵام پێداگری له سەر ئەخلاقە، ئیسلامی نەریتی دژ نییە لەگەڵ دروست بوونی حکومەت و دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام هەوڵیش بۆ دروست کردنی دەوڵەت وەک ساختار نادا. هەوڵ دەدا تاکی موسوڵمان پەروەردە بکا، یانی ئەگەر هەوڵ بدا دەسەڵاتی ئایینیش دروست بکا، ئیسلامی نەریتی بە مێتۆدێکی دیکە دەیهەوێ دەسەڵاتی دینداران و کەسانی بە ڕەوشت دروست بکا، نەک دەسەڵاتی ئایینی وەکوو ساختارێکی ئێشک. ئیسلامی نەریتی ئەویتری ئیسلامی سیاسییە، ئیسلامی سیاسی دەیهەوێ دەوڵەت و لە لووتکەدا حکومەتی ئیسلامی دروس بکا، مانای ئەوە نییە ئەو پەروەردە فەرامۆش دەکا و مانای ئەوە نییە ئیسلامی نەریتیش دەسەڵاتی ئیسلامی ئێنکار دەکا، بەڵام ئیسلامی نەریتی خوێندنەوەیەکی نەرم و نیان و گونجاوە لەگەڵ کلتوری مرۆڤ، لەگەڵ ئینسان، کار لەسەر ئەخلاق دەکا، کار لەسەر دروست کردن و پەروەردەی تاک دەکا و دەیهەوێ تاکەکەش بە بیرۆکە و باکگراوندێکی ئایینی دروست بکا؛ لە کۆتاییدا کۆمەڵگایەکە ببێتە کۆمەڵگایەکی ئەخلاقمەدار و ڕەوشتمەند. ئەو کۆمەڵگایە ئەگەر تاکەکانی، پەروەردەیەکی ئینسانی و ئەخلاقیی دروستیان هەبێ، هەرئەوانن سبەی دەسەڵات دەگرنەدەست و هەر ئەوانیشن کە ئەگەر لە دەسەڵاتدا بن ئەخلاقمەدارانە و ڕەوشتمەندانە حوکم دەکەن و دوور دەبن لە گەندەڵی. کەواتە ئیسلامی نەریتی لە کوردستانی ئێمە، هەوڵی نەداوە بۆ دروست کردنی دەوڵەت و حکومەتی ئیسلامی بەڵام هەوڵی داوە بۆ سەقامگیر کردن، بۆ گونجانی ڕێنماییەکانی دین و بۆ دروستکردنی تاکێکی دینداری بەئەخلاقی ڕێکوپێکی بەدوورلە گەندەڵی و خەراپەکاری. کاری ئیسلامی نەریتی لە وڵاتی ئێمە ئەوە بووە کە زۆرینەی دەعوەتگەرەکان و بانگخوازە ئایینییەکانی کوردستانات دەگرێتەوە.

**پێشنگ** *سۆفیگەری لە کوردستان چ دەورێکی بووە و هەیەتی؟*



سۆفیگەری لە کوردستان نێوێکی تەواو نییە بۆ بابەتەکە، چون تەریقەت هەن بۆ پەیوەندیی مەعنەوی لەگەڵ خوا، بۆ ئاشتیکردن و پێکهاتنەوە لەگەڵ خۆت. دیارە تەریقەتەکان زۆرن، هەموو پێیان ناڵێن سۆفی، سۆفییە، دەروێشە و لە بەشێک لە ناوچەکانی دیکە تەریقەی دی هەن و نێوی دیکەشیان هەن، کەواتە گوتنی وشەی سۆفی یا سۆفیگەری، پڕ بە پێستی نییە، بەڵام بووە بە شتێکی مەشهور و گەرچی نادروست بێ، وشەکە جێکەوتووە؛ دەنا بابەتەکە گشتیترە لەوەی مەوزوعی عیرفانی ئیسلامی. دیارە عیرفان لە نێو ئایین و ئایینزاکانی دیکەشدا هەیە، ئەو جەریانی سۆفیگەرییە کە مەشهوورە لە وڵاتی خۆمان، یان عیرفان لە کوردستاناتدا، بەشێکە لە مەکتەب و مەدرەسەی ئیسلامی نەریتی. گوتمان ئیسلامە نەریتییەکە بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق، پێویستی بە پەروەردەی تاک هەیە، پەروەردەی تاک میکانیزمەکەی هەمان عیرفانە. یانی عیرفان لە کوردستاندا مەکتەب و مەدرەسەیەکە کە ئینسانەکان پەروەردە دەکا بۆ ئەوەی ئەخلاقی بژین و هاوکات شەعائیری دینی، فرووعیاتی دین جێبەجێ دەکەن. شەریعەت لەگەڵ تەریقەت دژ نییە، تەواوکەری یەکترن، بەڵام عیرفان یا ئەوەیکە بە سۆفیگەری دەناسرێ لە کوردستاندا، مەعنا دروستەکەی یانی مەعریفەت یانی شناخت، یانی خۆناسین، کە ئەوە لە دینی ئیسلامدا وەک ئەسڵێک وەردەگیرێ. (من عرف نفسه فقد عرف ربه) واتا هەرکەس خۆی بناسێ پەروەردگاری خۆیشی دەناسێ، هەرکەس خۆی وەکوو وێنە و ئاکام و بەرهەمی مەکتەبێک بناسێ، ئاساییە ئەوکات ئەو مەکتەبەی کە ئەوی پەروەردە کردووە یا ئەو خوایەی کە پەروەردگاری ئەوە،

ئەویش دەناسێ، دەزانێ خوا ڕەحمەتی لەسەر خۆی نووسیوە، هەمووی ڕەحمەتە. کەواتە بەرهەمی سۆفیگەری یا عیرفان لە کوردستاندا، کەسانی گەورەی وەکوو مەولانا خالید و حاجی قادر کۆیی و زۆرێکی دی لە پیاوە گەورەکان کە لە کوردستاندا هەربوونە تا دەگاتە حەزرەتی سراجەددین و... ، یەکجار زۆرن ئەوانەی کە شێخانی تەریقەت بوونە، هەم مامۆستای خەڵک بوونە، هەم عارف بوونە هەم واریع بوونە. یانی ئەهلی وەرع و تەقوا و پاریزگاری بوونە، هەم ئینسانی بە ئەخلاق بوونە، کە ئەوانە هەموویان شاگردی ئەو مەکتەبەینە، کە ئەو مەکتەبە بۆ کورد و بۆ کوردایەتی هەم لە زمان و ئەدەبیاتدا هەم لە شۆڕشەکاندا، گەورەترین خزمەتی کردووە و بە واقیعی نوسخەیەکی کوردانەیە لە دین. نوسخەی کوردی یانی ئەوەیکە بە ڕواڵەت پێی دەڵێن خۆماڵی کردن(دانش بومی‌سازی)، کە ئیستا لە دانشگاکان قسەی لێ دەکری. تەسەووف و عیرفانیش لە کوردستاندا خوێندنەوەیەکی کوردانەیە پڕبەپێستی کۆمەڵگای کوردەواریی خۆمانە و بۆ خەڵک نامۆ نییە. لە لەدایک بوون تا مردن لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیەتی، نەهامەتییەکانی هەست پێ دەکا، لە کوێ هەستی بە غەدر کردبێ، دژی داگیرکەر ڕاوستاوە، بە درێژاییی مێژوو و خەبات و بەرخۆدانی کورد، ئەوانەی چەکی شەڕەفیان پێ بووە و لە سەنگەری خەبات و بەرخۆداندا بوونە، بەشی زۆریان پابەند  بوونە بە عیرفان و تەریقەت و ئیسلامی نەریتی لە کوردستاناتدا تا ئەمڕۆش. کەواتە عیرفان خزمەتی بە نەتەوەی کورد کردووە و نەتەوەی کوردیش خێری لێ دیوە، خوێندنەوەیەکی کوردانەیە لە ئایینی ئیسلام.

بابەتێک کە جێی خۆیەتی ئاوڕێکی خێرای لێ بدەینەوە، بەڵام خێرا لێی نەگوزەرێین، ئەو ڕاستییەیە کە بەداخەوە زۆرینەی کات خوێندنەوەیەکی ئاوەژوو لە ئیسلامی نەریتی دەکرێت و زۆر کەس کاتێک کە نێوی ئیسلامی نەریتی یا سوونەتی دەبیستێ، پێی وایە قسە لە خوێندنەوەیەکی گۆشەگیر، کۆن و بەردینە لە دین دەکرێ. کەچی بە پێچەوانەوەوە، ئیسلامی نەریتی خوێندنەوەیەکی دینامیک، زیندوو و بەرۆژە کە هاوکات هێمای نەرمی و پێکەوەژیانە. دینداری بەپێی ئەو شتەی لە حەدیسی قودسیدا ڕوون کراوەتەوە، سێ پلەی ئیمان و ئیسلام و ئیحسانی هەیە کە عیرفان و نەریت نوێنەری باڵاترین پلەی دینداری واتا ئیحسانە و ئامانجەکەی پێکەوەژیان و هەستپێکردنی چاوەدێریی هەمیشەییی خوا و بەتایبەت خزمەتگوزاریی ئایین و نیشتیمانە. بۆ وێنە پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی جەریانی برایانی سنووسی، بە سەرکردایەتیی پێشەوا عومەر موختار بدرێتەوە، کە مەدرەسەیەکی عیرفانییە بەڵام لە کاتی داگیرکرانی وڵاتی ئەلجەزایر لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئیتالیاوە، گشت تەکیە و خانەقاکانی خۆی کرد بە سەنتەری چالاکی و خەبات و بەرخۆدان دژی داگیرکەران و گەرچی گیانی خۆی لەسەر دانا و بەدەست داگیرکەرانی وڵاتەکەی شەهید کرا، بەڵام پێگەیەکی ئاوێتە لەگەڵ ڕێزی تەنانەت لە دڵی داگیرکەراندا وەدەست هێنا و ئەو خەبات و چالاکییەی دەستی پێکردبوو، لەئاکامدا دەستی نەیارانی لەسەر زێد و نیشتیمانەکەی قوڵە کردەوە. دیارە هەر ئەوەش بوو بەسەرهاتی ئیمامی ڕەببانی و سۆفییەکانی هیندووستان لە هەمبەر داگیرکەرانی وڵاتەکەیان. لە کوردەواریی خۆمانیش بەشی هەرەزۆری خەباتگێڕان و ڕێبەرانی چالاکیە نەتەوەییەکان، هاوکات ڕێبەرانی ئایینی بە باکگراوندی عیرفان و نەریت و تەسەووفن. کەسانێک وەکوو پێشەوا قازیی شەهید، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی نەمر، بنەماڵەی شێخانی شەمزینان و بنەماڵەی بارزانی و کەسانی هاوشێوە. دیارە ئەو مەدرەسەی عیرفانە، پارێزەر و پەرەپێدەری

زمان و ئەدەبی کوردیش بووە و شاعیر و ئەدیبی گەورەی پەروەردە کردووە. وەکوو مەولەوی تاوەگۆزی و مامۆستای نالی و مەحوی و مەلای جزیری و مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕڕیس.

*پێگە و دەوری ڕەوتە ئیسلامییەکان، مەبەستمان بە دیاری کراوی ئیسلامی سیاسی و سەلەفییەتێکە کە ئێستە لە کوردستاندا هەیە بە تەعبیری ئەمڕۆ نەک تەعبیرە مێژووییەکەی، دۆخی ئێستا و مەترسییەکانیان بەگشتی چییە و لە کۆتاییدا ئەگەر دەکرێ گرێی بدەین بە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئەرکی کۆمەڵگای موسوڵمان لە ڕۆژهەڵات نیسبەت بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی چۆنە؟*



ئێمە باس لە ئەوەی دەکەین کە ئەورۆ وەکوو جەریانی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەرزی واقیع دەناسرێ لە کوردستاناتدا، ئەوەی کە هەیە لە وڵاتی ئیمە وەکوو ئیسلامی سیاسی یا ئەحزاب یا تەنانەت جەریاناتی ئیسلامی سیاسیش کە هەن، لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە زاوییەیان هەیە. بۆخەڵکی ئیمە و بۆ کوردەواری ئەورۆ خەراپی لێ کەوتووەتەوە. ئەگەرچی ئەوانیش مافی بوونیان هەیە هەر وەکوو جەریانێکی چەپی مافی خۆیەتی ببێ و بانگەشەی خۆی بکا، وەکوو ئەوانەی کە کار دەکەن بۆ مێتروپۆلێکی جیهانی، وەکووئەوانەی کاردەکەن بۆ گڵۆبالیزم. لەئاکامدا ئەوانیش مافی خۆیانە هەبن، بەڵام خاڵێکی کە بۆتە هۆکار زۆرجار دژایەتیی لێ بکەوێتەوە ئەوەیە کە کورد لە چ قۆناغێکدایە و بۆ لەو قۆناغەدا ئیسلامی سیاسی بە زەرەری جووڵانەوەی کوردە؟ لەو وڵاتانە کە نەتەوە وەک خۆی وڵاتی هەیە، زمانی هەیە، بە گشتی شوناسەکەی دان-پێداهێندراوە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵای هەیە، زمانەکەی بە زمانی فەرمی دەناسرێ، کولتورەکەی، وەکوو کولتورێکی فەرمی لە دونیایەدا، دانی پێدادەهێندرێ. بەڵێ ئەو وڵاتی خۆی هەیە. چون قەیرانی شوناسی نییە لە چوارچیوەی وڵاتەکەی خۆیدا، ڕێگە دەدا هەر ڕەوتێک بەو مەرجەی خەڵک ئازار نەدا و توقێنەر نەبێ، چالاکیی خۆی بکا و بوونی هەبێ. بەڵام ئیستا کورد لە کوردستاندا بەگشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کە ئیمە لەسەر دۆخی خۆمان قسە دەکەین، قەیرانی شوناسی هەیە، واتا چوارچێوە جوغرافیایەکەی لە ژێر هەڕەشەدایە کە دێمۆگرافیی بگۆڕدرێ، ئەوەی کە ئێمە لە باکووری ڕۆژهەڵات دەیبینین کە بە غەدر ناوی ئازەربایجانیغەربییە، یا ئەوەی لە کرماشان دەیبینێن، لە بەشێک لە ئیلام دەیبینین، لەوێدا ئێمە دەبینین کە داگیرکەرەکان خەریکن جوغرافیایەکەی ڕۆژبەڕۆژ لێ چووکەتر دەکەنەوە. ئەوجوغرافیایەی کە ئەورۆ لەو چەن ئوستانەشدا هەیە، خەریکە ئەویشی لێ دەستینن و چووکەی دەکەنەوە، مافی خوێندن بە زمانی خۆی نییە، فەرهەنگ و دابونەریتەکانی خۆی ناتوانێ جێبەجێ بکا، و بە مانای پڕبەپێستی وشە قەیرانی شوناسی هەیە، لەو دۆخەدا کە کورد لەو حاڵەدایە، لەو لاوە ئەحزاب و جەریاناتی ئیسلامیش تەبلیغی دەسەڵاتێک دەکەن بە هەوێنی دەوڵەت-ئوممەت کە بەشێکیان بێگومان لەژێرکارتێکەریی ناسیۆنالیزمی عەرەبیشدان، تەنانەت بە پۆشاک و بە قسەکردن و بە شکڵیانەوە دیارە، نکۆڵی لێ ناکرێ ئەوانەش دەبن بە بەشێک لە سڕینەوەی شوناسی کوردی، یانی کورد بۆخۆی بەلاڵێدراوە، ئیستا کورد هەر چوارپارچەی داگیرکراوە، خەریکە ناسیۆنالیزمی تورک و عەرەب و فارس دێمۆگرافییەکەی دەگۆڕن و دەیانەوێ شوناسی بگۆڕن، هەرلەو دۆخەشدا، جەریاناتێکی بە نێو ئەحزابی ئیسلامی کە

ئیستا هەن، کە بە داخەوە ئەوانیش نەیانتوانیوە وەکوو حیزبی کوردیی ئیسلامی خۆیان نیشان بدەن، لەژێر کاریگەریی ناسیۆناڵیزمی عەرەب و تـــورک و فـــارس‌دا، تەبلیـــغ دەکـــەن بۆ دەســـەڵاتێک بە هەوێنی ئوممەتی ئیسلامی. ئاساییە ئەوە دەتوانێ هەڕەشە بێ لەسەر ئەو خەبـــات و بەرخۆدانەی کە کورد ئەورۆ دەیکا بۆ مســـۆگەرکردن وسەقامگیرکردنی شوناسی خۆی چونکە چوارچێوەی جوغرافیاییەکەی، یا ئابوورییەکەی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی، هەمـــووی ئەوانە لەژێـــر هەڕەشـــەدان. ئەو قەیرانەیـــە کە ئێمە وەکـــوو خەتەردەیبینین. پێویستە ئەلێرەرا دەلاقەیەکی چووکە لەسەر هەڵســـوکەوتی جەریانی نەوســـەڵەفییەت یا ئیسلامی سیاسی بە گشتی لەگەڵ ئەو بابەتە بکەینەوە، ئەویـــش ئەوەیە کە ئەوانەی لەژێر ئەو نێوانە کار دەکەن بـــۆ ئایین، نەیانتوانیوە ئایینی ئیســـلام بکوردێنن. بەڕاســـتی ئایین لەگەڵ ئێتنیک هیچ کێشـــەیەکی نییە. ئایین بۆ خزمەتـــە بە نەتەوە، هەرنەتەویەکیش بۆی هەیـــە ئایین بـــە خزمەتی خـــۆی بگرێ بە پاراســـتنی بایەخەکانی کە بۆخۆی هەیەتی. بەڵام ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە، لەژێر کارتێکەریی ناســـیۆنالیزمی عەرەب و تـــورک و فارس بە داخەوە ڕووناکبیران و پسپۆڕانیان سەرکەوتوو نەبوونە کە بانگەشە بۆ ئیسلامێکی سیاسی بە بۆن و بەرامەی کوردی بکەن. ئێشکالێک کە کاتی خۆی لە نێـــو ئوممەتی عەرەب ڕوویدا ئەوەبوو کە بەشێک لە بەڕواڵەت ڕووناکبیرانی ئایینی، بەتایبەت ســـەیدقوتب، هاتن لە تاکی مووەحید و تاکی مولحیدڕا (بە داوێژی خۆی)، کردیـــان بە جامیعەی جاهیلـــی و جامیعەی تەوحیدی. ئێمە هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکان بە یەک چاو نابینین، بەڵام خوێندنەوەی ئەو جەریانە ئێدیئۆلۆژیک و حیزبە ئیســـلامییانە کە ئێمە بەرکەوتنمان لەگەڵیان هەیە، وەکوو ڕادیکاڵیـــزم و جەریانـــی فەندەمێنتالیســـتی ئیسلامی، تەواو لەژێر هەژموونی فکری سەید قوتبە کە تاکی مووەحید و تاکی جاهیلی کرد بە کۆمەڵگای تەوحیدی و کۆمەڵگای جاهیلی، کـــە گشـــتگیرییەکی ترســـێنەری تێدایـــە. خوێندنەوەی ئەو جەریانی فەندەمێنتاڵیستی و ڕادیکاڵیزمـــی ئیســـلامییە کە ئـــەورۆ لێرە حیزبە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتییان دەکەن لەســـەر کۆمەڵـــگای کوردی ئەوەیـــە کە ئەو کۆمەڵگایـــە کۆمەڵگایەکی جاهیلییە کە دەبێ وێرانـــی کـــەن. پێیـــان وایـــە جامیعەکـــە جامیعەیەکـــی تەوحیدی نییـــە و جاهیلییە. یانی مامەڵەیان لەگـــەڵ تاک نییە کە بەرای وان بۆ وێنە فلان تاکە لە دین لایداوە و دەبێ ڕینوێنیـــی بکەن و بیگەڕیننـــەوە لای دین؛ بەڵکـــوو شـــەڕیان لەگەڵ کـــۆی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایە کە بە جاهیلی دەناســـێنن. کەواتە دەتوانن هەڕەشـــەیەکی زۆرگەورە بن لەسەر ئەو بیرە ناســـیۆنالیزمە کوردییە. بەڵام بیری ناسیۆنالیستیی کوردیش دەبێ خوێندنەوەیەکی زانستی و دروست لەســـەر ئەو بابەتە بکا کە هەر وەکـــوو جەریانێکی ئایینـــی دەتوانێ لە جەریانێکـــی نـــەرم و خزمەتگـــوزاری وەک ئیسلامی نەریتی کە لە خزمەتی نەتەوەدایە، ببێ بـــە جەریانێکـــی فەندەمێنتالیســـتی و ترســـێنەر، جەریانـــی ناســـیۆنالیزمیش نابێ فەرامـــۆش کا کە خـــودی ناســـیوناڵیزمیش دەتوانێ بەدیهێنەری فاشـــیزمی موســـولینی بێت. یانی ناســـیۆناڵیزمیش نابێ وەکوو دژبەر خەریک بـــێ بەریەک کەوتن دروســـت بکا، دەبـــێ ئەویش خوێندنەوەیەکی دروســـت لە ناســـیۆنالیزم بکا. ناســـیۆنالیزمیش بە مانای ئێنکاری ئایین نییە، ناسیۆناڵیزمیش دەتوانێ خوڵقێنـــەری جـــــــەریانێکـــی شـــیبهە فەندەمێنتاڵیزمی ئیســـلامی بێت کە ئەویش دەبێتە شـــۆڤینیزم یـــا فاشـــیزمێکی تۆخی موسولینیستی. ناسیۆناڵیزم یا ئێنترناسۆناڵیزم دەتوانن خوڵقێنـــەری توندوتیژی بن. کەواتە ئێمە لێرە وەک کورد حەرەکەتی نامەعقوولمان بەرابەر دەکرێ، بەڵام بۆخۆمان دەبێ عەقڵانی

و ئینسانی ڕەفتاربکەین. خەڵکانێک هەن دەیانهەوێ بە سیاسەتی ئیزۆلەکردن و ئاسمیلەکردن ئێمە بفەوتێنن. ئێمە لە عەینی ئەوەیدا کە پێش دەگرین و خەبات دەکەین دژی وەی، بەڵام نابێ ئەوەش ئێمە وا لێ بکا کە هێرش بکەینە سەر بیروباوەڕی خەڵک. هەموو کەس و هەموو جەریانیک بە یەک چاو ببینن. کەواتە ئەمەش دەبێ خوێندنەوەی لەسەر بکەین و وشیاریش بین. تاک لێرە ئەرکی هەیە، وشیار بین و فەرقیان بکەین ئەو حێزب و جەریانانەی کە دەیانهەوێ بیری کوردی بسڕنەوە، ئەو جەریانە ئیسلامییانەی کە ئێمە بە کۆمەڵگای جاهیلی نێودەبەن، غەزا دەکەن لەگەڵ ئێمە و جیهاد دەکەن لەگەڵ ئێمە و دەیانهەوێ ئێمە بە عەبد و جارییەبگرن، ئێمە نەهێڵین ئەوانە لە نێو ئێمە بوونیان هەبێ، مافی خۆمانە وەکوو گەلی کورد کە دژی ئەوانە خەبات بکەین، ئیجازە نەدەین لە نێو ئێمە مەلایەتی بکەن، ئیجازە نەدەین لە نێو ئێمە بنکە و دەزگایان هەبن. چون بەڕاستی ئەوانە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، حەرەکەتی دیکە وەکوو داعش دروست دەکەنەوە کە بیری نەتەوایەتییەکە بفەوتێنێ و وڵاتەکەمان کاول بکات، بە عەبد و جارییەمان بگرن. بەڵام ئەوەش نابێ ببێ بە پاساو کە ئێمە هەر کەسێک شەعائیری دینیی بەڕێوەبرد یا نیشانە دینییەکانی پێوە بوو، وەکوو ڕدێن و عەبا ومێزەر ومزگەوت و ئەنجامدانی فەریزەکانی دینی، لەخۆڕا هەمووان بە یەک چاو ببینین. کورد دەبێ وشیارتر بێ لەوە، بخوێنێتەوە هەر لە نێو کوردستانی ئێمەدا ئێستە حیزب و جەریانی وا هەیە کە بەڕاستی ئەگەر خزمەت بە خەبات نەکا دژیشی ناوەستێ. بەڵام ئەوانەی دژی دەوەستن، ئەرکە لەسەر ئێمە کە ئێمەش هەوڵ بدەین کە ئەوانەش لە نێو گەلی کورد نەمێنن، ئەو جەریانەی کە بە جەریانی سەلەفی دەیانناسین نەک سەلەفی ساڵح. ئەوەی بە جەریانی سەلەفی یا بە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی یا بە جەریانێکی فەندەمێنتالیستی تۆخی دەناسین کە خەڵک لە نێو ئێمە بە نێوی داعیش و تالیبان و ئەلقاعیدە و ئەوانە دەیانناسێ، ئەوانە دەتوانن هەڕەشەی جیددیان هەبێ بۆ سەر کیانی کوردی. حێزبەکانی دیکەش دەبێ خوێندنەوەی دروستیان لەسەر بکرێ، یانی باڕومبەندی بکرێن، لە کوێ هەڵەن و لەکوێ دژی ئێمەن، لەوێ لە بەرانبەریان ڕاوەستین، بەڵام لە کوێ خزمەت بە بیر و باوەڕی خەڵک دەکەن و دەیانهەوێ خزمەت بە ڕزگاریی نەتەوە بکەن، ئێمەش مافمان نییە بیانسڕینەوە، دەبێ دانوستانیان لەگەڵ بکەین و وەک خۆی ئیعترافیان پێ بکەین. چون ئەگەر بمانهەوێ بیانسڕینەوە دەبن بە بەردەنگ و دەبن بە دژبەر. ئیعترافیان پێ بکەین، چون ئەوان هەبن چاکە. جەریانی ڕادیکاڵیزم و فەندەمێنتاڵیزم بەڕاستی بۆ ئیعتراف پێکردن نابن، بەڵام حیزب و جەریاناتە ئیسلامییەکانی دیکە هەریەکەی بە ڕێژەی خۆی دەبێ ئیعترافیان پێ بکەین، دانوستانیان لەگەڵ بکەین و بیانکێشینە نێو چاخی خەبات، بیانکێشین بۆ ئەوەی کە ئەرکداریان کەین کە وەزیفەیانە داگیرکار لەو وڵاتە دەرکەن و دوایەش بە ئەندازەی خەباتی خۆیان تەنخایی بکەن. مادام بەشیان نەبێ لە ڕزگاریی نەتەوەکەیاندا، دوایێ نابێ داواکاریی زۆریشیان هەبێ. با بێن بە ئەرکی خۆیان وەک تاکێک لە کۆمەڵگای کوردی هەستن، کۆمەڵگایەکەش کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، با خزمەت بە ئیسلام بکەن و بەو کوردە ماڵویرانەش بکەن کە ئەوەش کوردە و موسوڵمانە. داگیرکەر لە وڵاتی کوردی دەربکەن و یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی کورد لە قەیرانی شوناس دەرچێ و وڵاتی خۆی بە کیان و ئاڵای خۆی دروست بکا، میللەتەکەش موسوڵمانە، با ئەو میللەتە موسوڵمانە لە چوارچێوەی خۆیدا حەساوە بێ و بحاوێتەوە.

# ”وەرگێڕان“

# شۆڕش، کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەب قورئان*

عەلی عێزەتیار
و: ڕەزا فەتحولاّنەژاد

## ئاماژەی تیشک

ئەم وتــارە بەشــێکە لە پەڕتووکــی «دوایین موفتیی کوردستانی ئێران؛ دواهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا». عەلی عێزەتیار، نووسەری ئەو پەڕتووکە هەوڵ دەدات بە یارمەتیی مێتۆدی نووسینی ژیاننامە و لــە ڕێــگای گێڕانــەوەی ژیانی سیاســی-کۆمەڵایەتیــی کاک ئەحمــەدی موفتیزادەوە، دواهــات و کاریگەرییەکانــی جۆراوجۆریــی نەتەوەیــی و ئایینیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لەســەر پرســە سیاســی و نێودەوڵەتییەکان پیشان بدات. ئەو پەڕتووکە، سیاسەتی لایەنی بەرانبــەری کورد، واتــە ڕژێمی ئیســلامی، دەردەخات کە تەنانەت هەڵگری بزووتنەوەیەکی ئایینی-نەتەوەیــی هێور و ناتوندوتیژ، بە وتەی نووســەرەکەی، وەک «مەکتەبــی قورئان»یش نەبوو. دەقی کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە بەشــی یەکەمدا بۆ تێگەیشــتن لە ئیســلامی سیاسی لە کوردستاندا بەستێنی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە ســەدەی بیستدا کە تێیدا ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی موفتیزادە سەریان هەڵداوە باس دەکات. بەشی دووەم کــە زۆرترین بەشــی پەڕتووکەکەی بۆ تەرخان کراوە، بەشی ژیاننامەکەیە. لە ڕێگای ژیاننامەکــەوە ســەرەڕای بایەخــی مێژوویی، دەیەوێــت نموونەیــەک لــە «بزووتنەوەیەکی ئیســلامیی ناتوندوتیژ و پێشکەوتوو لە بواری بەهــا کۆمەڵایەتییەکان، وێــڕای ئۆرتۆدۆکس بــوون،» زەق بکاتــەوە. بەشــی ســێهەمی پەڕتووکەکــە دوابینانەیــە و دەیهەوێــت بە پشت بەســتن بە بەشــەکانی پێشوو، دۆخی سیاسیی کوردستان لەنێو ڕەوتە سیاسییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شرۆڤە بکات. بەپێی ئەم کتێبە گەرچــی زۆربەی خەڵک و تەنانــەت ناسیۆنالیســتە کوردەکانیش خۆیان بە موســڵمانی ئاسایی دەزانن، بەڵام بەستێنی سیاســی-چاندیی کوردســتان، هەڵگــری ئیســلامی سیاســی نییە. هەر لــەو کاتەدا، پیشــان دەدات کە لــە هەر چــوار پارچەی کوردستاندا بەها دێمۆکراتیکەکان و کۆمەڵگای کراوە گرنگایەتیی هەیە و ئیســلامی سیاسیی توندوتیژ، بــە گوێــرەی کۆمەڵگاکانی تر زۆر کەم و لاوازترە و کوردســتان دەتوانێت وەک هاوپەیمانێکی دێمۆکراتیکی ڕۆژئاوا بێت.

وێــڕای گرنگایەتیــی ئــەم بەرهەمــە بەتایبــەت لە باری مێژوویــی و ژیاننامەیی و ناســاندنی ئیسلامی سیاســی لە کوردستان و کەســایەتییەکی کورد لە ئاســتی جیهانیدا و بەرهەمهێنانــی وێژە لەو بــوارەدا، وەک هەر بەرهەمێکی تر لە بــواری جیاوازەوە ڕەخنەی لەسەرە. بۆ وێنە ئەو پەڕتووکە بە جۆرێ وەک موفتیی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردســتان باسی کاک ئەحمــەد دەکات، کەچی وێڕای ئەوەی کــە لە بنەماڵــەی موفتی و موفتیــزادە بووە، بەڵام هەر لەو ســەردەمەدا کەسانی بەناوبانگ و گەورەتری ئایینی لە کوردســتاندا هەبوون و بێجگە لە بزاڤی مەکتەب، بۆ خەڵک بە گشتی و لایەنەکانــی تر وەک موفتیی گشــتی نەبوو و نەناســرابوو. هەروەها، سەبارەت بە ناساندنی مەکتــەب وەک بزووتنەوەیەکــی ناتوندوتیژ، پێویستە سەرنجی قۆناغە جیاوازەکانی چالاکی و پێگەی سیاسیی مەکتەب و پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامیدا بدرێت. وانەبووە کە هەمیشە ناتوندوتیــژ بووبێت، بەڵکو بە هۆی گەیشــتن بە چەقبەســتوویی سیاسی، چارەیەکی تری نەبوو. ئەو بزووتنەوەش لە ســەرەتادا هەڵگری توانســتی توندوتیژی بوو. لەڕاستیدا مەکتەب لە بەرانبەر ڕژێمدا ناتوندوتیژ، بەڵام لە بەرانبەر هێزە کوردییەکانی تر کە وەک ڕکابەر سەیری دەکردن توندوتیژ بــوو. بۆیە تاڕادەیەکیش بە پاڵپشتیی دەسەڵاتی ناوەندی بەتایبەت لەگەڵ لایەنی چەپی ڕادیکاڵدا، لــە بەرانبەر یەکتردا توندوتیژییان نواند. هــەم چەکداری هەبوو و هەم داوای دەســەڵاتی زیاتر و چەکوچۆڵی لە ناوەند دەکــرد بۆ بەرەنــگار بوونەوەی چەپی ڕادیــکاڵ و هەروەها زاڵبوون بە ســەر بزاڤی

ســەرەکیی بزووتنەوەی کــوردی، واتە ڕەوتی سـێکیولار بــە گشــتی. کاتێک دەســتی لە هەرەشــە و بەرەنگاری کێشا کە کەوتە دۆخی لاوازی و بۆیان دەرکەوت کە حکوومەت وەک ئامرازی سیاســی لە گرووپە ئیســلامییەکان کەڵک وەردەگرێت و هیچکام لە ویستەکانیان جێبەجێ ناکات.

هــەر لەو پێوەندییــەدا خاڵێکی تر ئەوەیە کە کەشــێکی سیاسی-ئیسلامی کە مەکتەب لە کوردستاندا پێکیهێنا ناڕاستەوخۆ بووە هۆی کەڵک لێ وەرگرتنی حکوومەت و یارمەتی دا بۆ یارگرتن و ڕاکێشــانی هەندێ خەڵکی سادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێــزە کوردییەکان و لە ئاکامدا، پێکهێنانی ڕێکخراوی ســەرکوتکەری «پێشمەرگە موسڵمانەکان»، وێڕای ڕەتکردنەوەی پێوەندیــی ئــەو ڕێکخراوەیــە لەلایەن کاک ئەحمەدەوە، کە لەو کتێبەشــدا باس دەکرێت. ئــەو پەڕتووکــە وێــڕای ئاماژەیەکــی کەم، گرنگایەتــی بەو کاریگەرییە ناڕاســتەوخۆیەی ئەو کەشــە نادات کە لە سیاسەتدا زۆر گرنگە. هەروەهــا گەرچی کاک ئەحمەد کۆچی خۆی و هاوڕێیانــی بۆ کرماشــان دەبەســتێتەوە بە دوورەپەرێزی لــە براکوژی، بەڵام ئەگەر وەک لە ســەرەتادا خۆی بە دەسەڵاتدار و هاوبەشی حکوومەتــی ئیســلامی دەزانی، دەســەڵاتی لەلایــەن حکوومەتــەوە بپارێزرایە، هیچ دوور نەبوو کــە شــەڕی ئایدۆلۆجیایی ئیســلام-کۆمونیســت کە بە توندی لە ژێر کاریگەریی مەلا شیعەکاندا کەوتبووە داوی، درێژە نەدات و بە پشــتیوانیی برا موسڵمانەکانی لە دژی برا کوردەکانی ڕانەوەســتێت، وەک لە ســەرەتادا وەستا و خۆی خستە بەرەی ڕژێمی ئیسلامی فارس-شیعە تەوەر و متمانەی پێ کرد. کەواتە بــارودۆخ و ئاســتی دەســەڵاتی مەکتەب لە توندوتیژ بوون و نەبوونیدا کاریگەر بوو.

لە باری تیۆریکیشــەوە، بیری سیاســیی کاک ئەحمــەد، ئەوەنــدەش ئاشــتیخوازانە نەبــووە. لــە بیروڕاکانیدا لەســەر حکوومەتی ئیســلامی و شــوڕا باس دەکات کــە دەبێت پســپۆڕان و بلیمەترین کەســانی موسوڵمان بۆ ئەو حکوومەتە هەڵبژێردرێن و دەڵێت ئەوە خەڵکیتریــن حکوومەتە. بــەڵام بەپێچەوانەوە وا نییــە و بە دابەزاندنی خەڵک بە گشــتی بۆ گرووپێک لــە خەڵک و بە ســنووردارکردنی حکوومەت بە کەسانی ئایینی و بێبەری کردنی لایەنەکانــی تر، مۆدێلێکــی نادێمۆکراتیک لە حکوومەت پێشــکەش دەکات کە شێوەیەکی تر لە ڕژێمی ئیســلامی و بناخەی توندوتیژی و ناکۆکییــە، بەجێی ئــەوەی کە مۆدێلێک بۆ پێکەوەژیان بێت.

وێڕای ئەو ڕەخنانە، ئەو پەڕتووکە هەندێک ڕاســتی دەردەخــات. بەتایبەت ئەو بەشــەی کــە لێرەدا پێشــکەش دەکرێت بە هاســانی دەریدەخات کە کاک ئەحمەد لە سیاســەتدا هەڵەی کرد. وەک خۆی باسی پسپۆڕایەتی لە زانســتی ئایینیدا دەکات و لە ئاســتی ئەوەدا بووە کە لەگەڵ زانایانی ئایینیی تر لە کاروباری ئایینیدا پێڕەویان لێ کرێت، لە سیاسەتیشــدا دەبا پســپۆڕایەتیی ڕەچاو کرایــە. دیارە کاک ئەحمــەد پســپۆڕی سیاســی و شــارەزای سیاســەت نەبوو. بۆیە باشــتر دەبوو کە وەک ئەرکی مرۆیی-نەتەوەیی لــەو بوارەدا پێڕەوی کردبایە لە پســپۆڕانی سیاسی و ئەوانەی کە خاوەن ئەزموون بوون و لە کێشەی نەتەوەییدا ببوایەتــە پاڵپشــتی ڕێبەرانی سیاســیی ئەو ســەردەمەی کورد، تاکو تووشی تاکڕەوی و لە ئاکامدا قوربانی کردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەبێت. بــێ گومان بوونــی کاک ئەحمەد لە بــەرەی کوردیــدا و لە لێژنــەی ڕێبەرایەتیی کوردستاندا، دەیتوانی هاوسەنگییەکە بگۆڕێت و زیاتر بە قازانجی کوردستان بێت. کەسایەتییە گــەورەکان، وەک کاک ئەحمــەد، تەنیا هی خۆیان نین و بەرپرســیارێتییان زیاترە و زیانی هەڵــەی سیاسیشــیان زۆر کاریگەرتــرە. لەم ئاستەدا دادوەری لەســەریان ئیدی لە ئاستی ڕەوشــتی تاکەکەســی تێدەپەڕێت و بە پێی

ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیی کوردستان، لەســەر کەســایەتییان دادوەریـــی دەکرێت. ڕەچاوکردنی ڕەوشــت لە ئاستی گشتیدا زۆر گرنگترە لە ڕەوشــت لە ئاســتی تاکەکەسیدا. بۆیــە دەبوا بە ڕاوێژ (کە ئەرکێکی ئایینیشـــە) لەگــەڵ باشــترین پســـپۆڕان و شــارەزایانی سیاســـەت و پێکەوە پرســەکانیان تێپەڕاندایە کە بەداخــەوە لە ڕێبازی کاک ئەحمەددا، ئەو ڕەوشتە سیاسییە نەبینرا. ئەم وتارە بە جۆرێک ئەو ناکارامەییە سیاسییەی ڕێبەرایەتیی کاک ئەحمەد و مەکتەب و هەڵەی سیاســـیی ئەوان پیشان دەدات. دەریدەخات کە کاک ئەحمەد چەند ڕەحەت بڕوای بە سیاســەتوانە شـیعە-فارسەکان کردبوو و ئەوەی پێشبینی نەکردبوو کە ڕەنگە کڵاوی سیاسیی لەسەر نێن. گەرچی لە ئاکامدا بەوە گەیشــت کــە نەدەبوو باوەڕی پێیان بکردبایە، بەڵام خۆتەوەری لە جێی ڕاوێژ و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و زانستی دیتران، هەمــوو دەرفەتەکانی لێ ســەند و حکوومەت کاتــی پــێ کریــن. لەکاتێکدا کــە ئەوانەی شــارەزایی و ئاگاییی سیاسییان لەسەرەوە بوو بە هاسانی لە مەبەست و سیاسەتی حکوومەت تێدەگەیشتن و بڕوایان پێ نەدەکرد.

هەرچۆنێک بێــت، وێڕای دەســـپێکێکی ناســەرکەوتوو و هەبوونی ئەزموونێکی تاڵ لە سیاســەتدا، مەکتەب قورئان جێگە و پێگەی خــۆی لە کۆمەڵــگای کوردســتاندا هەیە. بە ڕای نووســەری پەڕتووکەکــە، مەکتــەب لە پاش قۆناغی ســەرەتایی و لە ئێســتادا ئەدی چارەســەری کێشەکانی ئێران و کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتیی ئیسلامیدا نابینێت. وەک گرووپە کوردییەکانی دیکە، خۆی لە ڕێگای سەرکوتی ئازادی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پێناسە دەکات. باســی هەڵاواردنی ئایینی و نەتەوەیی و مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس دەکات و لەو پێنــاوەدا بە شــێوەی ناتوندوتیژ چالاکی دەنوێنێت. بۆیە لــە داهاتوودا بە هەبوونی بیر و ڕوانگەی سیاســیی کراوەتــر و نەتەوەییتر، دەتوانــن بە پێچەوانەی ڕابردوو، بەشــێک لە بەرەی کوردستانی بن و وێڕای خاوەن ڕا بوون لە بواری ئایینی بەتایبەت لە چەشنی چاندی، لە هەڵوێســتی سیاســیی بەکۆمەڵــی کورد پشتگیری بکەن و تێیدا بەشدار بن و باشترین هەڵوێستی سیاسی پێڕەو بکەن و بەپێچەوانەی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩، وەک کاک ئەحمەد خــۆی دەڵێت نەبنە داری دەســتی دوژمنان: «لاوی کــوردم خۆت نەکەیتە داری دەســتی دوژمنت/ دوژمنت نەتباتە مەیدان بۆ برای خۆ کوشتنت». دیارە گەر هەموو لایەنە کوردەکان لــە پێش هەر ئایدۆلۆجیایــەک، بەرژەوەندیی نەتەوەیی لــە ئاراســتەی مرۆڤایەتیدا ڕەچاو بکەن و لە پشت یەکتر دەبن، دوژمنیان باشتر دەناسن و نابنە داری دەستی. ئەگەریش شەڕی ئایدۆلۆجیا بکــەن و بەپێچەوانەی نەتەوەکانی تر بەرژەوەندیی کۆمەڵگای خەیاڵیی موسڵمانان و چەپەکانی تەواوی جیهان بخەنە پێشــەوە، ئەوا بە ســاکاریی دەبرێنە گۆڕەپانی برای خۆ کوشتن.

## هەواڵ لە تارانەوە

لــە ١٩٧٨دا، نــاوە بــە نــاوە هەواڵــی نارەزایەتیدەربڕیــن بــە دژی ڕێژیمی شــا لە شارەکانی سەرانسەری ئێران زیاتر بە شێوەی بــەردەوام دەبیســترا. گرووپــە خوێنــدکارە چەپگــەراکان بە ئاشــکرا دەســتیان کرد بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی جیاجیا لە پێتەخت، کە دواتر لە شکڵی کۆبوونەوەی سیاسی و شەوە شــێعری دژەشــا و دژەئیمپریالیزمدا پەرەیان سەند. پرۆسەی بەردەوامی دەستبەسەرکران و ئەشکەنجەکردنی جیابیرە گومانلێکراوەکان لە لایەن ساواکەوە، ترس و تووڕەییی بەربەرینی بــەدواوە بوو. لــە ژانویــەی هەمان ســاڵدا، خوێندکارانی حــەوزەی عیلمیە لە پێتەختی مەزهەبیی ئێران، قومدا، خۆپیشاندانی بەرینیان بە دژی دەوڵەتی پاشایەتی وەڕێخست. هۆکاری ئــەم نارەزایەتییانە وتارێک بــوو کە بە ناوی

خوازراوەوە بڵاو کرابووەوە (کۆدی ئاســـایی بۆ ساواک) کە ناوی مەلایەکی ئێرانیی نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتی کە تا ئەوکاتە کەمتر ناســراو بوو، ئایەتوڵڵا خومەینی، کە لە خۆشەویستیدا پێیان دەگــوت ئیمام (واتە ڕێبەر) بە نۆکەری بێگانــە هێنابوو. دەوروبەری بیســت کەس لە خۆپیشــاندەران کوژران، کە سەرەڕای مشتی ئاسنینی بەردەوامی دەوڵەتەکە، بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان. ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی ئەو کەســانەی گیانیان لەدەســتدا بوو لە قوم بوو بە هەوێنی نارەزایەتیی دیســان گەورەتریش و خۆپیشــاندانی زۆر گەموگــوڕی دیکەی لە سەرانســەری وڵاتەکــەدا لێ کەوتــەوە کە تا بەهاریش درێژەیان هەبوو.

هاوینــی ١٩٧٨ ئارامییەکــی کەمــی بەخۆیەوە بینی کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی شــا بە ڕادەیەکی بەرچاو لە سانســۆری کەم دەکردەوە و ئاڵوگــۆڕی بەرچاوی لە ئەندامانی پایەبەرزی ساواکدا پێکدەهێنا. لە کاتێکدا هەر ٤٠ ڕۆژ جارێک، هەزاران نارازی لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئێراندا کۆ دەبوونەوە، کاتێک خۆپیشــاندانەکان لەگەڵ مانگی شــینگێڕانی شــیعە هاوکات بوو، ژمارەی خۆپیشــاندەران دەســتی کرد بە کەم بوونــەوە. ئەمە تا ١٩ی ئاگۆســت، ئەوڕۆژەی کە زۆرێک لەو بڕوایەدان ڕۆژێــک بوو کە بوو بە هۆی ئەوەی شۆڕشــی ئێــران گەڕانــەوە بــۆ دواوەی بــۆ نەبێت. لە شاری باشووریی ئابادان، سینەمایەک بە ناوی ســینەما ڕێکس ئاگری تێبەردرا. پتر لە ٤٠٠ کەس تێیــدا مردن و ئەمەش بــووە یەکێک لە گەورەتریــن کۆمەڵکوژییەکانــی دەرەوەی شــەڕ لە مێژووی جیهاندا. لە کاتێکدا ئێســتا ئیدی لە ئاستێکی جیهانیدا ئەو بۆچوونە هەیە کە ئەوە کاری شۆڕشــخوازە ئیســلامگەراکان بــووە، ئایەتوڵــڵا خومەینی، لــە بنکەکەی لە نەجەفی عێراقەوە، تاوانی ئاگردانەکەی خستە ئەســتۆی ســاواکەوە. ئەم تاوانبارکردنە بووە خاڵی ســەرنجی خۆپیشــاندەران. بە زوویی، خۆپیشــاندان بەرینتر بووەوە و سەدان هەزار کــەس لە خەڵکی ئێــران بە پشــتیوانی لەو تاوانبارکردنە هاتنە ســەر شــەقامەکان. شا لە ٨ی پێســتامبردا، هەنگاوێکی پێشترنەبینراوی هەڵگرت و یاسای سەربازیی لە تاران ڕاگەیاند (هەروەها لە چەند شــاری دیکەیشدا). کاتێک هەزاران خۆپیشاندان بە نیشانەی مل نەدان بە حکوومەتی نیزامی دەرکەوتن، بێسەروبەرەیی لێ کەوتەوە. دەیان خۆپیشــاندەر لە هێرشی توندی کوژران کە بە بەرینی شــەرمەزار کرا، تەنانەت شا بۆ خۆیشی بە نابەدڵی مەحکوومی کرد. ئایەتوڵڵا خومەینی لە تاراوگەوە ڕایگەیاند کە هەزاران کەس بە دەســتی ســوپای شــا شــەهید کراون. ڕێکەوتی ٨ی ســێپتامبری ١٩٧٨ بە هەینیــی ڕەش ناوزەد کرا. ڕێژیمی شا گڵۆڵەی کەوتە لێژییەوە.

کاتێــک نارەزایەتییەکانی تــاران، تەورێز، مەشهەد و قوم گەیشــتنە کوردستان و سنە، تەرکیزی زۆریان لەسەر کرا و خەڵک هاودەنگ بوو لەگەڵیان. خەڵکی کورد بە شێوەی سروشتی هاوسۆز بوون بەرامبەر ئامانجی خۆپیشاندەران و بۆچوونی گشتیی ڕیفۆرم و تەنانەت گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا. هەســتی لــە لایەن زۆربەی خەڵکەوە هەبوو کــە دەیگوت ڕێژیمێکی نوێ لە ئێراندا لەکۆتاییدا بــە مانای مافی زیاتر بۆ خەڵکی کوردیــش دەبێت. بەڵام جیاوازییەکی لە هەستی شۆڕشخوازانەی خەڵکی کوردستان و باقی ئێراندا هەبوو. لە کوردستاندا، فەزایەکی زیاتر کرداری و کەمتر سەرخۆشانە لەئارادا بوو، کە ڕووداوەکانی پاشتر نیشاندەری ئەم ڕاستییە بوون. بە پێچەوانەی شۆڕشــخوازەکانی باقیی ئێران کە پشتیوانییان لە ئامانجی بەرزەفڕانەی وەک نەمانی نفووزی ڕۆژئاوا لە ئێران و دابەش کردنی سۆسیالیســتیی ســامانی وڵات دەکرد (تەنانــەت لە لایــەن ئەو ئیســلامییانەوە کە وتەبێژییەکی سوسیالیســتی ـ مارکسیستییان کردبووە پیشــەیان)، کوردەکان شۆڕشەکەیان لە ڕوانگەیەکی پێگەی پلە دووهەمی مێژوویی

ئیتنیسیتەی خۆیانەوە دەبینی.

کاتێک هەواڵی زیاتر لە نارەزایەتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا لە کوردستان بڵاو بووەوە، زۆرێک لە گرووپە خوێندکارییەکان لە سنە دەستیان کرد بە کۆبوونەوەی نارەسمی و زیاتر ئاشکرا بە دژی شا، گرووپگەلێک کە بە هۆی ناسەقامگیری لە شوێنەکانی تردا دنە درابوون. هەواڵەکانی چەندین نموونەی ئاگردان و بەردباران کردنی دامودەزگای دەوڵەتی لە لایەن هاوڵاتییان لە کوردستاندا بە نێو جەماوەری سنەدا بڵاو بوونەوە. زۆربەی چالاکییەکان لە کوردستان، لەم قۆناغەدا بە شێوەی فەرمی ڕێکخستنیان بۆ نەکرابوو. هەروەها، جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێشتا حیزبێکی قەدەغەکراو لە ئێراندا بوو، هێشتا هیچ گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە لە کوردستاندا نەبوو کە ناسرابێت یان چالاک بێت.

سەرەڕای ڕەخنەی ئاشکرای لە ڕێژیمی شا، موفتیزادە بە پێی ڕاپۆرتەکان بەرامبەر ئەو بۆچوونەی کە شۆڕش خەریک بوو ڕووی دەدا، نیگەران بوو. دەیگوت: «ئێمە بە ئەندازەی پێویست باڵغ نین. ئێران ئامادە نیە. ئێمە (کوردەکان) ئامادە نین.» موفتیزادە تەنیا کەسێکی دیار لە سنە بوو کە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ڕێژیمەکە گرتبوو و ئاماژەی بە کەم بوونەوەی تەمەنی کردبوو، کەوابوو وەها هەستێک بۆ زۆرێک بە نابەوەخت و بە ڕادەیەک نابەختەوەرانە لەقەڵەم دەدرا. سەرەڕای هەستی خۆی لە بارەی ئامادەیی کۆمەڵگاکەی بۆ گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ڕادەی گەورەدا، ناوبراو هەستی بە پێویستیی پشتیوانی لە داواکارییەکانی خەڵک کرد. یەکێک لە ناسیاوەکانی وەبیر دێتێتەوە کە «بۆچوونی ئەوە بوو کە ویستی خەڵک ئەوی ناچار دەکرد بە پێچەوانەی ویستی خۆی، دەرگیری ڕووداوەکان بێت». ئەگەر موفتیزادە کەسێک بوو کە بەپێچەوانەی ویستی خۆی پەڕییە نێو قۆناغی داهاتووی ڕووداوەکان بەبێ ئەوەی خۆشبین بێت، بەڵام بەشدارییەکەی مەبەستێکی ڕوونی لە پشت بوو.

لە ئاگۆستی ١٩٧٨دا، ئەو گومانە زیاتر و زیاتر دەبوو کە ساواک خەریک بوو بە شێوەیەکی چالاکانە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی یەکتر هان بدات تا لەم ڕێگایەوە، یەکیەتیی نێو ڕیزی خۆپیشاندەران لاواز بکات. هەڵوێستێک کە شا لە حەوتووەکانی پێشتریدا بە ئاشکرا دەربڕیبوو (ئەوە کە ئەگەر ڕێژیم برووخێ، ئێران دەبێتە «ئێرانستان» و پارچەپارچە دەبێت)، پەرەی بەم گومانانە دابوو. دانیشتووانی سنە وەبیریان دێتەوە کە لە مانگەکانی ئاگۆست و سێپتامبردا تراکتیان بینیوە کە تێیاندا ڕاگەیەندرابوو شارەزایانی شیعە لە قوم ڕایانگەیاندووە کە سوننییەکان لە کوردستان موسوڵمان نین. ئەم پەیامە بە خێرایی لە کوردستاندا بڵاو بووەوە کە بۆ زۆرێک مانای ئەوە بوو کە ساواک دەستی لە پروگانداکردن بەمەبەستی پێکهێنانی دووبەرەکی لە ئەدەبیاتی لایەنەکاندا هەبوو، تیۆرییەکی پیلانگێری کە گرینگیی خۆی پەیدا کرد. خەڵک باسیان لە «سەرچاوەی بێ ناونیشان» دەکرد کە پێشبینیی هێرشێکی لەناکاوی پۆلیسی نهێنیی شایان لە کوردستاندا دەکرد. دەنگۆکان زیاتر و زیاتر دەبوو بە جۆرێک کە دەیان کەس چوونە لای موفتیزادە و پرسیان لێ کرد داخوا ناوبراویش ئەو دەنگۆیانەی بیستووە و بۆچوونی لەسەر ئەو ئەگەرە چیە. تا ڕادەیەک لەم کاتانە بوو کە ناوی موفتیزادە وەکوو جۆرە وتەبێژێکی خەڵکی سنە چووە ناو ئەو وتارانەی کە لە لاپەرەکانی ناوەوەی ڕۆژنامە ئێرانی و بیانییەکان بڵاو کرانەوە. پەیامی موفتیزادە ڕوون بوو: «وشیار بن، یەکگرتوو بن و دژی هەر جۆرە دووبەرەکییەک لە نێو خۆتان (کوردەکان) و موسوڵمانەکانی تر (شیعەکان) ڕابوەستن».

هەروەها لەو کاتەدا بوو کە گرووپێک کە بە

کەمی دەناسرا و بە خۆیان دەگوت کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە و داوایان لە حەشیمەتی کوردستان کرد کە «بە دەنگ بانگەوازی پیاوی ژێری خواوە برۆن»، مەبەستیان موفتیزادە بوو. ئێمە دەزانین کە ئەم گرووپە پێشەکیی کۆمەڵە لە سنە بوو. کۆمەڵە لەو قۆناغەدا شتێکی ناسراو نەبوو، سەرەڕای بانگەشەکانیان کە دەیانگوت دە ساڵ پێشتر دامەزراون. بەپێی وتەی عەبدوڵڵا موهتەدی، گرووپەکە هێشتا بە نهێنی چالاک بوو و بە مەبەستی لەمەترسی نەخستنی بوونیان بە ئاشکرا پلاتفۆرمی گشتیی خۆیان ڕانەگەیاندبوو، لە هەمان کاتدا ئەو ئیدیعایەش کرابوو کە ئەوان لە ماوەی دەیەی پێشتریدا ژمارەیەک لە ئەندامانی خاوەن ڕێزی کۆمەڵگای کوردییان کردبووە ئەندامی خۆیان. ئەم کەسانە لە گرووپی جیاجیای کۆمەڵگای مەدەنیی پێکهاتوو لە چینوتوێژی جیاواز وەکوو گرووپی کرێکارانی زەحمەتکێش پێکهاتبوون. ئەو ڕاگەیەندراوەی کە پشتیوانیی لە ئەحمەد موفتیزادە دەردەبڕی، وا لێکدەدرێتەوە کە یەکەمین ڕاگەیەندراوی لەدایکبوونی گرووپی کۆمەڵەیە.

جۆرە هەستێکی ڕەزامەندی و یەکگرتوویی، ئاوێتە لەگەڵ دڵەڕاوکێ لە سنەدا هەبوو و کاتێک لە مانگی ئۆکتۆبردا، کەشوهەوا خەریک بوو ساردتر دەبوو، ئەو تێگەیشتنە لە سنەدا جێی گرت کە هێزەکانی دەوڵەت زەحمەتە دەست بکەن بە ڕەشبگیری لە نێو چالاکاندا. بۆ زۆرێک لە خەڵک، ئەمە وەکوو سەرکەوتنێک بۆ خەڵکی کوردستان لەقەڵەم درا. خەڵک توندوتۆڵتر بوون. شۆڕشی ئێرانی بە فەرمی لە کوردستان دەستی پێکردبوو.

### وتاردان لە مەیدانی ئیقباڵدا

لە شاری مهاباد، یەکێکی دیکە لە شارە گەورەکانی کوردستان، یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی ئایینی ئاگری شۆڕشەکەی دەگەشاندەوە: شێخ عیزەدین حوسێنی. شێخ عیزەدین کە نزیک دە ساڵ پێش شۆڕشەکە وەکوو بەرنوێژی هەینیی شارەکە دیاری کرابوو، ئێستا ئیدی زیاتر وەدەرکەوتبوو و ببووە پشتیوانی پرسی تایبەتی مافەکانی کورد. بە پێچەوانەی ئەو شێخانەی سەرەتای بزووتنەوە ئیسلامی ـ نەتەوەییەکانی کوردستان کە پێشتر ئاماژەمان پێداون، شێخ هەست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆی لە وتار و سەمبولیزمی ئایینیدا زۆر زەق نەکردەوە. ناوبراو دیسکۆرسێکی دێموکراسی و خودموختاری بۆ کەمایەتییەکانی نێو ئێرانی ڕەچاو کرد.

موفتیزادە و شێخ عیزەدین پەیوەندیی دۆستانەیان هەبوو. «شێخ عیزەدین سەردانی موفتیزادەی دەکرد و موفتیزادەش دەچێتە سەردانی شێخ. لە ١٩٧٦دا، کاتێک موفتیزادە لە مهاباد بوو، لە لای شێخ عیزەدین مایەوە. ناوبراو دواتر هانی عیزەدینی دا تا خۆی لە شا دوور بخاتەوە»، تەرجیحێکی سرووشتی بۆ کەسێک کە خۆی بەوە جیا کردبووە کە وازی لە پۆستی بەرزترین موفتی دانراو لە لایەن شاوە هێنا. بەڵام شێخ عیزەدین لەو کاتەدا، سەرەڕای هەستە نەتەوەییەکانی، ڕۆڵی خۆی وەکوو کەسێکی سیاسی نەدەبینی. پاش ئەوەی شا ئێرانی بەجێ هێشت و شۆڕشەکە سەرکەوتوو بوو، شێخ عیزەدین بوو بە یەکێک لە خۆشەویستترین کەسایەتییەکانی کوردستان. لە هەمان کاتدا، لە ماوەی مانگە سەرەتاییەکانی شۆڕش، شێخ کە هێشتا بە دەست ئەوە دەیناڵاند کە لە لایەن شاوە دیاری کرابوو، خۆشەویستییەکەی کەوتە ژێر سێبەری خۆشەویستیی موفتیزادەوە. لە بەرەبەری ساڵی ١٩٧٩دا، خەڵکێکی کەم لە سنە لە بیریانە کە ناوی شێخیان بیستبێت یان ئاگاداری ئەو خۆپیشاندانە بچووکانە بووبن کە شێخ ساڵی پێشتری لاوانی کوردی ڕێبەری کردبوو. «ئەوە موفتیزادە بوو کە شۆڕشخواز بوو»، ئەمە بیرەوەریی کەسێکە. بەڵام ئایا ئەو ئیمکانە

هەبوو کە ئەوانەی زیاتر لە کەمپی موفتیزادەدا چالاک بوون، لەبەر ئەوەی لە چالاکییەکانیاندا زیاتر لەگەڵ کەسانێکی تایبەت هاتوچۆیان هەبوو، ئاگایان لە مارکسیستەکان یان پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبووبێت؟ لەبەر ئەو شوێنەی تێیدا دەژیان و ئەوەی دەیانویست بیبیستن؟ وەڵامەکە تا رادەیەک لۆژیکییە. «لە ماوەی شۆرشەکەدا، هیچ نهێنییەک لەو بارەیەوە نەبوو کە کێ چالاک یان خۆشەویست بوو و کێ نەبوو. هەر کەسێک کە توانیبای پشتیوانیی خەڵک بۆ لای ئامانجەکانی رابکێشێت یان داوا لە خەڵک بکات برژێنە سەر شەقامەکان، خۆی نەدەشاردەوە. هەموویان هەوڵیان دەدا. ئێمە باسی ئەو کۆبوونەوانەمان بیست کە کۆمۆنیستەکان جارجارە دەیانگرت. بەڵام هیچکات زیاتر لە ٢٠٠ کەس نەبوون. ئێمە لە کوردستان دەژیاین، ئێمە لە مەیدانەکەدا بووین، ئەمە روون بوو».

لە سەرانسەری ئێراندا، مانگرتنی گشتی لە سێپتامبری ١٩٧٨دا کە ئیفلیجکەر بوو، بووە تەواوکەری خۆپیشاندانە توندوتیژەکان. لە سەرانسەری کوردستاندا، خۆپیشاندان ئەمجارە هەر حەوتوو لە ئارادا بوو. هەواڵی جۆراوجۆر لە بارەی ئەو گرووپی لاوانەی کە لە ورمێ راپەڕیبوون و دواتر ئەو خۆپیشاندان و دەستبەسەرکرانەی لە پاوە روویان دا، گەیشتە گوێ. لە مهاباد، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی راپۆرتەکان لە دەورووبەری شارەکەدا هێرشیان کردە سەر هێزە حکوومەتییەکان. لە تاران و ژمارەیەکی زۆر لە شارەکان لە سەرانسەری ئێراندا، سوپای شا لە بەرامبەر سەرهەڵدانی خەڵکدا حەپەسابوو، شتێک کە هەیەجان و هاوکات نیگەرانیی لە کوردستان لێ کەوتەوە.

لەو کاتانەدا، لە سنەدا و لە سەرانسەری شوێنە بەرچاوەکانی کوردستاندا، خۆشەویستیی موفتیزادە زیاتر بوو. یەکێک وەبیری دێت و دەڵێت: «کەس لەو کاتەدا خۆشەویستییەکەی ئەوەندەی ناوبراو نەبوو. ئەو تەنیا کەسێک بوو». لە ئۆکتۆبری ١٩٧٩دا، موفتیزادە بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لەم خۆشەویستییەی، لە مەیدانی سەرەکیی شاری سنە، مەیدانی ئێقباڵدا، خۆپیشاندانێکی رێک خست. بریار بوو ئەو شوێنە ببێتە مەیدانێک بۆ خەڵک کە دەنگی بەرهەڵستکارییان دژی رژێمەکە هەڵبڕن و رێبەرانی جیاجیا تێیدا لە بارەی یەکگرتوویی کوردەکانەوە بدوێن، بەڵام کاتێک دەنگۆی لە باقیی کوردستان بڵاو بووەوە کە رووداوێکی وا خەریکە بەرنامەرێژیی بۆ دەکرێت، ناوی «خۆپیشاندانی ئەحمەد موفتیزادە»ی لەسەر دانرا. تاکەکان لە سەرانسەری کوردستان بەرنامەیان دانا بچنە سنە و لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداری بکەن. شێخ جەلال، برای شێخ عیزەدین لە بانەش تێدا بەشدار بوو. بەپێی هەڵسەنگاندنی بناژۆخوازەکان، لە نێوان دە تا پانزدە هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون. ئەمە تا ئەو کاتە گەورەترین کۆبوونەوەی کوردستانی پێش شۆرش بوو. پاش ئەوەی چەندین کەس بەرهەڵستکاریی خۆیان بەرامبەر شا و پێویستیی یەکگرتوویی لە کوردستان دەربڕی، موفتیزادە چووە سەر سەکۆ.

موفتیزادە بەپێی راپۆرتەکان تەنانەت لەوانی دیکە توندتر و بۆ ماوەیەک زیاتر دوا. ئەو باسی پێویستی دانانیاسایەکی بنەرەتی و سڕینەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆ کرد. هەروەها هاوکات کە باسی پێویستی بۆیەکگرتوویی و دژبەری بەرامبەر توندوئاژۆیی لە کوردستان کرد، بۆچوونی خۆیبە پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەربڕی.

لە کاتێکدا گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی جیاجیا کە خاوەن روانگەی جۆراوجۆر بوون، بە هۆی خۆپیشاندانی سەرانسەریی ئێرانەوە نێویان دەهاتە نێو هەواڵەکانەوە، موفتیزادە بە ئەگەری زۆرەوە بە هۆی جۆراوجۆریی ئەو هەواڵانەی لە

ناوەندە ئایینییەکانی ئێرانەوە دەهاتنە دەرەوە، بەهێزتر بوو. لەم کاتەدا، ئایەتوڵڵا خومەینی ئیدی لە دەروبەری پاریس (نۆفێل لۆ شاتۆ) نیشتەجێ ببوو و خەریک بوو هەواڵەکانی بە خەستی لە لایەن ڕاگەیەنە بیانییەکانەوە ڕووماڵ دەکرا. بانگەوازی خومەینی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی شا بە خێرایی دەبووە خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشەکە و موفتیزادە هان درا کە دامەزرانی دێموکراسییەکی ئیسلامیی بەرینتر، لەسەر بنەمای سیستمی شۆرایی یەکدەنگی، دەکرا ببێتە ڕاستییەک. ئەوەندەی کە ئێمە دەزانین، موفتیزادە لەم خاڵە مەزەنییەدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هیچکام لە شۆڕشخوازەکاندا نەبوو. تەنیا پەیوەندیی ناوبراو لەگەڵیان لە ڕێگەی مزگەوتی سەرەکیی شیعەکان لە سنە، حوسێنییەی مەسجێدی، و بەڕێوەبەری حوسێنییەکە، شێخ عەلی سەفدەرییەوە، بوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەم پەیوەندییە بە ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر بۆچوونی ناوبراو لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو. لەم قۆناغەدا، موفتیزادە لە وتاربێژییەکانیدا لە «کۆماری ئیسلامی» کەڵکی وەرنەدەگرت و زیاتر باسی چەمکە گشتییەکانی دەکرد.

یەکەم جار، ویستە سیاسییەکانی موفتیزادە بە ئاستێکی بەرزدا بۆ شارێک دەگوتران تا لێیان تێبگا. بە پێچەوانەی شەپۆلی هاودەردی دەربڕین لەگەڵ ئیسلامگەرایی «دێموکراتیک»، کە پشتیوانیکردن بوو لە گۆڕینی ڕژێم لە ئێراندا، بەشێک لە دانیشتووانی کوردی سنە لەگەڵ هەڵوێستەکانی موفتیزادە ڕاحەت نەبوون. کاتێک قسە و دەقی وتەکانی لە مەیدانی ئێقباڵدا لە ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، ئەو تێگەیشتنە کە پێی وابوو کە موفتیزادە، سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی ئایینیە، لە بنەڕەتدا ناسیۆنالیستێکی کوردە، گۆڕا. بەتایبەتی، دامەزرێنەرە لاوە مارکسیستەکانی کۆمەڵە (کە هێشتا وەکوو زەحمەتکێشان دەناسران) دژی بۆچوونی ئایینی لە کۆمەڵگادا بوون، با ئیدی دەوڵەت ڕاوەستێ. چاوەدێرێک دەنووسێت: «ئەوان ڕاستیان دەکرد. ئەم ئایدیۆلۆژییانە دوو بەرەی دژ بەیەک بوون. ئەو (موفتیزادە) لەگەڵ جۆرێک حکوومەتی ئیسلامی هاوڕا بوو.» لە هەمان کاتدا، هەر وەک چۆن لە باری مێژووییەوە بینیومانە، کۆمەڵگای کوردی بە گرێدانی مافە سەرەکییەکان بە مەنشووری ئیسلامەوە ڕاهاتبوو. وتاربێژییەکەی مەیدانی ئێقباڵ لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە بە لێدوان لەدژی شا لێکدرایەوە و بە جۆرێک کە ڕووداوەکانی دواتر نیشانیان دا، زەبری لە خۆشەویست بوونی موفتیزادە نەدا. جیاوازیی نێوان دەیەکانی پێشوو و ساڵی ١٩٧٩ کە تێیدا ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو باڵای کردبوو، ئەوە بوو کە تەنها بەشگەلێکی قاڵبووی کۆمەڵگا هەبوون کە دژی سەمبۆلیزمی ئیسلامی بوون. لەم قۆناغە هەستیارەدا، لە کۆتایی ١٩٧٩دا، ئەم کەس و گرووپانە دەستیان کرد بە سووک نیشاندانی پاوان کردنی ڕێبەری لە لایەن موفتیزادەوە. هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵە، یەکێک لەو گرووپانە بوو. پاش ئەوەی لە نوامبری ١٩٧٨دا دەوڵەتی سەربازی لەسەر کار دانرا، مانگی پیرۆزی موحەڕەم کە پڕاوپڕە لە مانای گیانبازی و سەرکوت لە مێژووی ڕووداوەکانی شیعەدا، گەیشت. لە دیسامبردا، میلیۆنان خۆپیشاندەری ئێرانی لەسەر شەقامەکان بوون. زۆربەی سەرنجی سوپای شا لەسەر تاران و شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان بوو. گرووپەکانی ئۆپۆزیسۆن لە تەواوەتیی خۆیاندا هێزیان گرت، لەوانە ئەو گرووپانە لە کوردستان بوون. کاتێک لە لایەکەوە موفتیزادە دەستی کرد بە بانگەشە بۆ دیسکۆرسێکی جەماوەری کە دەوڵەتێکی دروست لە بڕوای ئەودا چۆناوچۆنە، لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانیان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی کورتەباسەکانی موفتیزادە لەسەر قسەکانی

لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی، حیزبەکانی دیکە لە کوردستان دەستیان کرد بە قۆستنەوەی شەپۆلێکی بەرتەسکتری نارەزایەتی بەرامبەر ئیدەی دەوڵەتی ئیسلامی و بەهێزکردنی ئەو ئیدەیە. درووشمی دژەئیسلامی لەسەر دیواری ماڵەکان لە سنە لە پڕا دەرکەوتن، لەوانە لەسەر دیواری ماڵی بنەماڵەی موفتیزادە. لەسەر دیوای ماڵی براکەی موفتیزادە کە جێگەی ڕێزی خەڵک بوو، نووسرابوو «هیچ خوایەک بوونی نیە، بەڵام خوا... ماوەی بەسەرچووە». دیسانیش، وا دەردەکەوت کە ئەوە موفتیزادەیە کە شانسی زیاتری هەیە.

لە کۆتاییەکانی ئەو مانگەدا، کاتێک دوو مامۆستای ئایینی و چەند کەس لە قوتابییەکانیان لە سنە لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر کران، موفتیزادە داوای مانگرتنی لە بەردەم مزگەوتی جامیعەی سنەدا کرد. لە پێشوازی لە بانگەوازەکەیدا، سەرەڕای کەشوهەوای زۆر ساردی مانگی نوامبر، هەزاران شارۆمەندی سنە ڕێگەی مزگەوتەکەیان گرتە بەر. ئەوان بەڵێنیان دا هەتا ئازادیی ئەو کەسانە لە مزگەوتەکەدا بمێننەوە. لە پاش چەندڕۆژدا، زیندانییەکان ئازاد کران و موفتیزادە سەرکەوتنی ڕاگەیاند. بە بڕوابەخۆبوونەوە وتی: «دەوڵەت ناڵێ چۆن بوو بڕیاری ئازادکردنیانی دا، بەڵام وا دیارە ناچار بەو کارە بووە. مانگرتووەکان کە لە سەرکەوتنەکەیان سەرمەست ببوون، بڕیاریان دا درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەن. ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی بەم جۆرە ڕووداوەکان کورت دەکاتەوە:

*«وا دیارە بەرپرسانی ناوچەکە لەبەر ترسان لە دنەدانی عەشیرەتە کوردییەکان کە حەشیمەتیان سێ ملیۆن و نیو بوو و هەروەها ترسان لە ئەگەری زیندووکردنەوەی نەریتی شەڕڤانانەیان، بڕیارن داوە ملکەچی داخوازییەکان بن... لە کاتێکدا موفتیزادە جەختی کردەوە کە کوردەکانی ناوچەکە نایانهەوێ بشێوییەکان بقۆزنەوە و دەوڵەتی جیای خۆیان لە ئێران دابمەزرێنن... بەرهەڵستکارانی شا لە سنە بە گشتی وا دیار بوو خۆیان لە توندوتیژیی جەماوەری کە هەر لە سەرەتای ساڵدا دەیان شار و شارۆچکەی ئێرانی گرتبووەوە، نادەن... موفتیزادەی ۴۲ ساڵە کە ئیدیعای وتەبێژیی کوردە سوننییەکانی دەکرد کە پێکهێنەری دوو لەسەر سێی حەشیمەتی کوردی ئێران بوون، وتی کە پشتیوانی لە «بەرخۆدانی پاسیڤ» و مانگرتنی ئاشتیخوازانە بە دژی دەوڵەت دەکات».*

موفتیزادە لە لێدوانەکانی بۆ لایەنگرانی خۆی و ڕاگەیەنەکان زۆر ڕوون بوو، «ڕق»ی خۆی لە دەوڵەتی سەربازیی دانراو لە لایەن شاوە دەربڕی و خوازیاری گۆڕانکاریی قووڵی دێموکراتیک بوو. ڕۆژنامەنووسە ئەمریکاییەکە دەبینێت کە «لە ئێستادا، ژمارەیەک لە پەیڕەوانی لاوتر و کەمتر بناژۆخواز دەیانهەوێ لەگەڵ ئەم جۆرە نارەزایەتی دەربڕینە بن تا خۆیان لە توندوتیژی لابدەن». چاودێرێکی ڕووداوەکان دەڵێ: «گەر ئەم ڕێگەیە سەرکەوتوو نەبێت، دەست دەدەینە چەک». لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەی ڕەوتی یارییەکە و دەکرێ بگوترێ بە شێوەیەک کە سەرسوڕمانی زۆرینەی لێ کەوتەوە، هەندێ لاو جار جار لە کاتی مانگرتنەکەدا خۆیان دەکرد بە مزگەوتەکەدا و گاڵتەیان بە مانگرتووان دەکرد و درووشمی دژەئاینییان دەگوتەوە. پێڕەوانی موفتیزادە دەستبەجێ ئەم لاتولووتانەیان بە «کۆمۆنیستەکان» ناو برد.

هەر لەو کاتانەدا، خۆشەویستیی شێخ عیزەدین لە بەشی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا زیادی دەکرد. ئەوە لەو قۆناغی

پێش شۆڕشە بوو کە خۆی ئامادە کرد ببێتە ڕێبەرێک کە ببێتە چەتری حیزبە ناسیۆنالیستە جیاجیاکانی کوردستان. هەروەها ئەو هەمیشە کەسی دەستی ڕاستی خۆی لەگەڵ بوو، سەلاح موهتەدی. موفتیزادە و ژنبراکەی (سەلاح موهتەدی) کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وەکوو ڕێبەرێک لە نێو چەپەکانی مهاباددا دەناسرا، پەیوەندییەکانیان لەم دواییانەدا بە هۆکاری ڕوون تێکچووبوو. موفتیزادە چەپەکانی کە ئەو کوردانە بوون کە هەموویان وەکوو بەشێک لە چینی باڵادەستی تاران، خوێندەوار بوون، تۆمەتبار بە لاوازکردنی یەکیەتی لە نێو خەڵکی سنەدا دەکرد. بە بۆچوونی موفتیزادە، ئیدەکانی ئەو چەپانە لە بنەڕەتدا نەگونجاو بوو بۆ خەڵکی کوردستان. کۆمەڵەش بەش بە حاڵی خۆی، کە پشتیوانیی سەلاح موهتەدی لەگەڵ بوو، ئێستا ئیدی بە شێوەیەکی چالاکانە بە دوای وەپەراوێزخستنی موفتیزادە بوو و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبووە دژی ئەندامانی مەکتەب قورئان.

لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرەکەی، عەبدولڕەحمان قاسملوو کە بە زوویی دەبێتە ڕێبەرێکی زۆرناوبەدەرەوە، شێخ عیزەدین بەردەوام دەبێت لە جیاکردنەوەی ڕوونی خۆی لە ئیدەی دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستان کە تێیدا مافی کوردەکان بەفەرمی نەناسرابێت و هەروەها بەردەوام دەبێت لە ڕەخنەکانی لەو ئیدەیە. بەپێی وتەی نووسەرێک لەسەر کوردستان لە کاتی شۆڕشەکە، «هەرچی زیاتر خۆی لە خەمی ئایینی دوور دەخستەوە، ئەوەندە زیاتر ئاستی خۆشەویست بوون و ڕێزگرتن لێی زیادی دەکرد».

## سەفەری شا

لە ١٦ی ژانویەی ١٩٧٩دا، موحەمەدڕەزاشای پەهلەوی، لە نێوەڕاستی خۆپیشاندانە بەربڵاو و توندە جەماوەرییەکان ئێرانی بەجێهێشت. شا، شاپوور بەختیاری وەکوو سەرۆکوەزیر لەسەر کار دانا، شاپوور پێرەوی موحەمەد موسەدیق (سەرۆک وەزیرانی خۆشەویستی ئێران کە لە ١٩٥٣دا کودەتای لێ کرا) و بەرهەڵستکارێکی لەمێژینەی شا بوو. لە کاتێکدا شا بە فەرمی وازی لە تاجی پاشایەتی نەهێنابوو، سەردەمەکەی لەڕووی کاریگەرییەوە کۆتایی پێهات. ئەو ئیدی بۆ ئێران ناگەڕێتەوە.

لەیەکی فێوریەدا، ئایەتوڵڵا خومەینی لە نێو ئاپۆرای لایەنگرانی کە بەپێی ڕاپۆرتەکان ژمارەیان چەند میلیۆن بوو، گەڕایەوە ئێران. خومەینی لە لایەن بەختیارەوە پێشوازیی لێ کرا کە دەیویست بیکاتە سەرۆکی کارتۆنیی شۆڕشەکە بەڵام دەسەڵاتی ڕادەست نەکات. بەڵام خومەینی هەر زوو پاش گەڕانەوە بۆ وڵات ڕایگەیاند کە ئەو دەوڵەت دیاری دەکات و ئەوەش کە، دەوڵەتی بەختیار هەر وەک دەوڵەتەکەی شا نارەوایە. شەڕی گەورە و قورس لە نێوان لایەنگرانی خومەینی لە لایەکەوە و سوپای هێشتا وەفادار و لایەنگرانی بەختیار لە لایەکی دیکەوە هاتە ئاراوە. ڕاپەڕین لە نێو ئاستە جیاجیاکانی سوپادا سەریهەڵدا، بە جۆرێک کە هەموو یەکە سەربازییەکان پشتیوانیی خۆیان لە ئایەتوڵڵا ڕاگەیاند. بە زوویی، سوپا، لە ڕێگەی شورای بەرزی سەربازییەوە، بە فەرمی بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاند و بەمەش دوایین بزمار لە تابووتی حکوومەتی پاشایەتی درا. دە ڕۆژ دوای گەڕانەوەی خومەینی، سەرۆکوەزیران بەختیار لە ژێر هەڕەشەی دەستبەسەرکراندا ناچار دەکرێت لە وڵات هەڵبێت. لە ١١ی فێوریەی ١٩٧٩دا، شۆڕشەکە بە فەرمی ڕێژیمی شای ڕووخاندبوو.

موفتیزادە، وێڕای گرووپەکانی دیکە لە ئێران و ناوچەی کوردستان، بە پارێزەوە پێشوازیی لە دەرچوونی شا کرد. ناوبراو حەوتوویەک پاش گەڕانەوەی خومەینی بە کورتی سەردانی تارانی کرد و چاوی بە ئیمام لە نێو ژمارەیەکی زۆر ئاخونددا کەوت. لە

کاتێکدا هیچ حیزبێکی گەورە ـ لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە ـ لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بە ئاشکرا پلاتفۆرمی ڕێژیمی نوێی شۆڕشیان ڕەت نەکردەوە، ژمارەیەک گومانیان لە ڕاگەیەندراوەکانی خومەینی زیاتر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە باوەڕی بە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو و هەروەها کۆمەڵە کە گرووپێکی مارکسیستی زیاتر ڕادیکاڵ بوو و تا ڕادەیەک پلاتفۆرمێکی ناسیۆنالیستیی هەبوو، زۆر حەزیان لە ئیدەی دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو. ئەوان هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، خەریکی کۆکردنەوەی لایەنگری زیاتر لە ناوچەکانی خۆیان بوون (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باکووری کوردستان و کۆمەڵەش لە باشووری) بە جۆرێک کە بە زیانی موفتیزادە بوو. بە پێچەوانەی حیزبەکانی دیکەی ناوچەکە، موفتیزادە لە بارەی کارکردن لەگەڵ ڕێژیمە نوێیەکە زیاتر لە حیزبەکانی تر لە کوردستاندا خۆشبین بوو. «دەیگوت، ئێستا کاتی شەڕ لەگەڵ ڕێژیم نیە. ئەمە ڕێژیمێکی خەڵکییە، خۆشەویستە. با یارمەتیدەریان بین». ئەم قسانە بەتایبەتی توورەییی مارکسیستەکانی لێ کەوتەوە کە چالاکانەتر دەستیان کرد بە دژایەتی لەگەڵ نفووزی. یەکێک لە دانیشتوانی سنە لەبیریەتی کە بە زوویی پاش دەرچوونی شا، لە ئاستی شاردا تراکت بڵاو کراوەتەوە و وتراوە موفتیزادە لە لایەن مەلاکانی تارانەوە کڕدراوە، تۆمەتێک کە ئەو بە بێ بنەمای لەقەڵەم دەدا.

تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی بەرچاو و گونجاو لەگەڵ تێزی دۆکتۆرای ئەم دەقە، کوردستانی ئێران تەنیا ناوچەیەکی سەرەکی لە ئێران بوو کە تێیدا پشتیوانییەکی جەماوەری ئەوتۆ لە ئایەتوڵڵاکە نەبینرا. کەواتە لە کاتێکدا موفتیزادە تا ئەم قۆناغە لە سنە خۆشەویست بوو، بەڵام وەکوو کەسێک کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانی دەوڵەتی ئیسلامیی شۆڕش بوو، دەکرێ بڵێین خۆی کەوتە بەرەیەکەوە کە دژی ڕەوتی باو لە ناوچەی بەرینتری کوردستاندا بوو. موفتیزادە کە بە هۆی چالاکییەکانی «کۆمۆنیست»ە لاوەکانەوە دڵسارد ببوو، لە باسەکانیدا دەستی کرد بە کوتانی بیروبۆچوونەکانیان. «ئەو بووە کەسێکی ڕقئەستوور لە بەرامبەر ئەوانەی پشتیوانییان لە مافەکانی کوردەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ئیسلام دەکرد. هەستی هاودەردی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان (وەک کۆمەڵە کە بۆ زۆر کەس ناسرابوو) نەبوو، بەڵام ئاستی خۆشەویستیی ئەو گرووپانە گۆڕدرا». موفتیزادە لە لای ئەوانەی لەو پشێوییەدا ببوونە بەرپرسی باڵای کوردستان و ئێرانی پاش شۆڕش خاڵێکی بەرچاوی هەیە: ئەو لەگەڵ ژمارەیەک لە شۆڕشخوازە سەرکەوتووەکاندا لە زینداندا ببوو و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵیان هەبوو. ناوبراو هەوڵی دا دەستبەجێ لەمە سوود ببینێت. ئەو بە باوەڕی بەو بەڕواڵەت ئیمانە چاکەی، پێی وابوو دەتوانێ هانی ئێران بدا کە سیستەمێکی ئیسلامیی گونجاو لەگەڵ تێگەیشتنی لە سیستەمی شۆرایی کە لە قورئاندا باسی کراوە، دابمەزرێنێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەمە لە کۆتاییدا دەبووە هۆی هاتنەئارای ناناوەندگەرایی و خودموختاری بۆ ناوچەی کوردی و سوونییەکانی ئێران. ناوبراو دەستی کرد بە دیدارکردن لەگەڵ سیما بەرچاوە سەرکەوتووەکانی شۆڕش لە پێتەخت و بەرنامەی دیداریشی لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی کورد بە هیوای شکڵگرتنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە کوردستان دانا. بەڵام لە بەهاری ١٩٧٩دا، هەندێ لە حیزبە کوردییەکان بۆچوونیان جیاواز بوو و بە هەستێکی ئۆپۆرتۆنیستانەوە چوونە پێش.

## ڕاپەڕین لە کوردستان

لەو کاتەدا کە موفتیزادە خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ چوون بۆ تاران تا لەگەڵ ژمارەیەک سیمای شۆڕشە ئیسلامییەکە دیدار بکات،

هەواڵێک لــە مهابادەوە گەیشــت کە هەموو کەســێکی لە ئێران و لە کوردســتاندا تووشی شڵەژان کرد. لە کۆتاییەکانی مانگی فێوریەی ١٩٧٩دا، پارتیزانە کوردەکان هێرشــیان کردە ســەر پادگانی ســەربازی لە شــاری مهاباد و گەمارۆیان دا. لە ڕەوتی ئەم هێرشــەدا، ئەوان هەروەها فەرماندە گشتییەکەی پادگانەکەیان بریندار کرد کە ژنبرای ســیمایەکی بەرچاوی شۆڕشــە و وەزیری کاری دەوڵەتی خومەینی، داریووش فرووهەر، بوو. لە ماوەی چەندڕۆژدا، بــۆ یەکەم جــار زۆربەی هەواڵەکان لەســەر شۆڕشــەکەی ئێــران، ســەرنجیان لەســەر ڕووداوەکانی کوردســتان بوو. بە هۆی ئەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو و شێخ عیزەدین ڕۆڵی وتەبێژەکانی ڕووداوەکانــی مهابادیان دەگێڕا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەڕایەوە نێو چەقــی ڕووداوەکان. حیزبــی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە پادگانەکەی لە دەســت ئەو کەسانەی تالانیان کردبوو، دەرهێنا و دەستی کرد بە وتووێژکردن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی. لە کاتێکدا عیزەدین و قاســملوو پشــتیوانیی خۆیان بە ئاشکرا لە شۆڕشــەکە و شەخســی خومەینی دەربڕی، کردەوەکانیان پێچەوانەی ئەمەی نیشان دەدا. لە سەرانسەری ئێراندا، کوردستان بە شوێنێک بینرا کە یەکەم ناوچەیە کە خۆی لە ئاراستەی گشتیی شۆڕشەکە جیا کردووەتەوە.

موفتیــزادە ئــەو بۆچوونــەی هەبــوو کە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ناوەندی لەم کاتەدا دەســتی کوردەکان لە شکڵبەخشین بەیاسای بنەڕەتیــی نوێــدا لاواز دەکات، یاســایەکی بنەڕەتی کە لە پاش ڕیفراندۆمی ٣٠ی مارس لەســەر کۆمــاری ئیســلامی، بەرنامەڕێژییان بۆ دەکــرد. بۆچوونی ئەمە بوو کە باشــترین شانســی بەرەوپێش بردنی مافەکانی کورد لە هەر ڕێژیمێکــی نوێدا لە ڕێگــەی دیالۆگەوە بــوو، تەنانەت ئەگەر هیچ شــتێک گارانتیش نەکرێــت. هەمــوو گرووپە ســەرەکییەکانی دیکەی کوردســتان بەنیســبەت ئەم بۆچوونە ڕەشبین بوون.

لە ٥ی مارســی ١٩٧٩دا، لــە جەرگەی ناســەقامگیری لــە مهابــاددا، موفتیــزادە بەهەرحاڵ ســەفەری تارانی کرد تا چاوی بە سیما ناســراوەکانی شــۆڕش بکەوێت. ئەوان لــە ١٢هەمین ســاڵوەگەڕی کۆچــی دوایی موحەممەد موســەدیق، سەرۆکوەزیرانی ئێران لە ١٩٥٠کاندا کە کودەتای لێکرا و لە ئاســتی جیهانیــدا خۆشەویســت بــوو، کۆبوونــەوە. ئایەتوڵــڵا مەحموود تاڵەقانی ئەورۆژە لەســەر قەبری موســەدیق لێدوانێکی پڕهەســتی دا، ڕێــزی لە کۆچکــردوو گــرت و ڕایگەیاند کە میراتی موســەدق بــۆ هەمیشــە لەیادەکاندا دەمێنێتەوە. موفتیزادە کاتێــک لە تاران بوو، لە ڕێگەی کەســانی دیکەوە چاوی بە تاڵەقانی کەوت و پێی ڕاگەیاند کە ئەو خۆشبینە و پێی وایــە ڕێککەوتنێک دەکرێ لــە نێوان خەڵکی کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا لەســەر سیستمێک بکرێــت کە هەموو حیزبــەکان پێی ڕازی بن. ئەو پێشنیارە پەیوەست بوو بە باسێکی فەرمی بــۆ دامەزرانی سیســتمێک کە بــە هۆیەوە کوردســتان ببێتە ناوچەیەکــی خودموختار، بەڵام بە تەواوی گونجاو لەگەڵ هێڵی دەوڵەتی ناوەندی و لەســەر بنەمای بڕیارە قورئانییەکان کە باسی هاودەنگی لەسەر دەسەڵات دەکەن، بێــت. کاتێک موفتیزادە گەڕایەوە ســنە، زۆر دڵنیــا نەبوو لەوەی کــە کۆبوونەوەکەی چۆن وەرگیراوە و بە کەسانێکی وت کە بە پارێزەوە خۆشبینە.

لــە ڕاســتیدا، گریمانەی موفتیــزادە کە ڕێژیمی ئیســلامی لەگەڵی وتووێــژ دەکات، نزیک بە حەوتوویەک دواتر دەرکەوت: ئایەتوڵڵا خومەینــی ڕاگەیەندراوێکی دەکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی شــۆڕش لەگەڵ موفتیزادە وەکوو نوێنــەری ڕەوای خەڵکی کورد وتووێژ دەکات. ســەرەڕای ئەمە، موفتیزادە بــۆ خۆی گومانی لەوە هەبوو کە دەوڵەتەکە لە کردەوەدا مەلای

شیعەی مزگەوتی حوسەینییە لە سنە، عەلی سەفدەری، لەو بە باشتر دەزانێ. دیارە سەرەڕای ئەمەش، موفتیزادە هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ ڕێژیمەکە.

نزیک دەڕۆژ دواتر (۱۶ی مارس)، موفتیزادە کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو بەرەوپێشچوونەی هێنابوویە ئاراوە، چووە شاری سەقز تا لەگەڵ مامۆستایەکی ئایینی ناسراو کە پێشنوێژی هەینیی شارەکە بوو (مەلا عەبدوڵڵا موحەممەدی) دیدار بکات. کاتێک ناوبراو لە سەقز بوو، هەواڵی چاوەڕواننەکراوی بشێوی لە سنە بڵاو بووەوە. کەسێک کە لەو کاتەدا هاوسەفەری موفتیزادە بوو، لەم بارەوە دەڵێ: «لە سەرەتادا هەواڵەکە ڕوون نەبوو. دەمانزانی کە هێرش کراوەتە سەر پادگان لەوێ، بەڵام نەمانزانی ئەو هێرشە چەندە بەربڵاو و چەندە سەرکەوتوو بووە». سنە لە حەوتووەکانی پێش سەفەرەکەی موفتیزادە هێور بوو و موفتیزادە هێشتا لەو بڕوایەدا بوو کە لەو قۆناغەدا پشتیوانیی شارەکەی لەگەڵە. «ئێمە پێمان وابوو ئەوە لایەنگرانی شا یان سەربزێویی نێو سوپا دژی شۆڕشخوازە ئیسلامییەکانە».

لەڕاستیدا ئەوەیەکەمین هێرشی بەرچاوی کۆمەڵە بوو: هێرش بۆ سەر پادگانی سەربازی لە سنە بە بەرنامەیەکی تۆکمەی لەگەڕخستنی سوپا و دەستگرتن بەسەر شارەکەدا. لەم هێرشەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەفەرەکەی موفتیزادە و لە ڕاستای مل نەدان بە ڕێبەریی ناوبراودا بوو، ئەندامانی کۆمەڵە سەرەتا وێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی شارەکەیان داگیر کرد. ئەوان پەیامێکیان بۆ شارۆمەندانی شارەکە بڵاو کردەوە: پادگانی سوپا دەبێت دەستی بەسەردا بگیرێت و «هەر کەس چەکی هەیە بەرەو پادگان ڕێبکەوێت!» ڕاپەڕیوەکان کە بە لانی زۆرەوە گرووپێکی چەند سەدکەسی بوون، لە کاتی نزیکبوونەوەیان لە پاسگای سەربازیی دەروازەی پادگانەکە، هیوادار بوون کە خەڵک پێیان پەیوەست دەبێت. یەکێک لەم ڕاپەڕیوانە کەس نەبوو جگە لە عەبدوڵڵا موهتەدی.

موهتەدی ئیدیعا دەکات کە ئەو ڕێپێوانە بەرەو پادگان بەمەبەستی لاوازکردنی نفووزی موفتیزادە نەبووە، بەڵکوو ئاکامی ئەوە بوو کە خەڵکی سنە لە چەکە قورسەکانی سوپا لە ماوەی حەوتووەکانی پێشوویدا نارازی بوون. ناوبراو ئیدیعا دەکات کە شەڕێکی نێوخۆیی لە نێوان ئەوانەی لایەنگری موفتیزادە بوون و ئەوانەی لەگەڵ مەلای شیعەی سنە بوون، بوو بە هۆی ناسەقامگیری و هاتنەئارای ویستی لەکارخستنی سوپای دەوڵەتی ناوەندی لە سنە (کە لەگەڵ مەلای شیعە، سەفدەری بوو) لە لایەن زۆر کەسەوە. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چی کۆمەڵەی لەو کاتەدا دنە دا، ئەوان بە پێچەوانەی ویستی موفتیزادە بەرەو پادگانەکە وەڕێکەوتن.

کاتێک ئەوان گەیشتنە پادگانەکە، لە بەرامبەر سوپاکەدا دەستەوەستان بوون، سوپایەک کە بە دەوڵەتی ناوەندی وەفادار بوو. ئامادەبوونی سەربازی لە سنە، کە پێتەختی بەڕێوەبەریی کوردستان بوو، بەرچاوتر و بەهێزتر بوو لەوەی مهاباد. هەروەها، سنە خاوەنی ئەو نەریتی ڕاپەڕینە نەبوو کە مهاباد خاوەنی بوو، ناوچەکانی دەورووبەری بۆ شەڕی پارتیزانی کەمتر گونجاو بوون و ئەوەندەی شارەکە پاش سالانێک ئاڵوگۆڕی کولتووریی لەگەڵ پێتەخت لە خەتی ڕووداوەکانی تاراندا بوو، ئەوەندە شوێنی مانەوەی پێشمەرگە نەبوو. ئەگەرچی ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی بیروبۆچوونی مارکسیستی لە سنە زیاتر هەستپێکراو بێت تا لە مهاباد کە ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی خۆشەویستیی کۆمەڵە لەوێ زیاتر ببوو، هێرشەکەی سەر پادگانەکە کرچوکاڵ بوو. پاش بڵاوبوونەوەی چەند هەواڵی پێکدژ لەسەر ڕوودانی شەڕ لە پادگانەکە و دەستبەسەرداگرتنی ڕێژەیی بەسەر

پادگانەکــە، لە ئێوارەی ڕۆژی ١٦ی مارســـدا دەستبەســـەرداگرتنەکە بە شکســـت کۆتایی پێهـــات. نزیک بە ١٥٠ ڕاپەڕیو دەستبەســـەر کران و لە بەند ڕاگیران. ژنبرای موفتیزادە کە برای چووکەی هاوسەری کۆچکردووی بوو، لە دەستبەسەرکراوانی هەمان ئەو ڕێژیمە بوو کە ئەو ئێعتباری خۆی لە پێناودا دانابوو.

دەستبەســـەرکردنی ســـەدان لاو لـــە پادگانەکە لە هەمان کاتدا ڕووداکە دەرگیری لە سەرانسەری کوردستاندا ڕووی لە زیادبوون بـــوو. کاتێک زانرا کـــە ژمارەیـــەک کورد لە پادگانەکە دەستبەسەر کراون، چەندین شەڕی چووکە لە ســـنە و دەورووبـــەری هاتنە ئاراوە. پارتیزانە کوردەکان کە لـــە ڕووداوەکان وەدوا کەوتبوون، داوای ئازادیی چالاکەکانیان دەکرد و بەڵێنیان دا کە بـــە زۆری چەک پادگانەکە بگرن.

بە گشـــتی ئێمە دەزانین کە لە مانگەکانی پـــاش شۆڕشـــەکە، ماشـــێنی ئەمنییەتیـــی دەوڵەتی ناوەندی بە زۆری نارێکوپێک بوو. لە سەرانسەری ناوچەی کوردستاندا تێگەیشتنێک هەبوو کە بەو پێیە دەوڵەتی ناوەندی خەریک بوو بە قازانجی غەیرەکوردەکان و دانیشتووانی شیعە لە کوردســـتاندا کار دەکات، ئەویش لە ڕێگـــەی دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەوان تا لە گەرمەی ئاڵۆزییەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن و پێشگرتن بە چەکداربوونی خەڵکی خۆجێییی ناوچەکـــە. ئەمـــە خەڵکێکـــی زۆری هان دا و بوو بە هۆی ئەو گومانە کە دەوڵەتی شـــۆڕش خەریکی پلانڕێژییە بۆ بێبەشکردنی کوردەکان لەو مافانەی کە دەیانویســـت لـــە حکوومەتی داهاتوودا بەدەســـتیان بێنن. ئەم ڕوانگەیە لە لایەن ڕێبەرانی دیکـــەی کوردەوە پەرەی پێ دەدرا، وەک شێخ عیزەدین و قاسملوو. بەشێک لە ڕاپۆرتێکی واشـــینگتۆن پۆست بە ڕێکەوتی ٢٠ی مارســـی ١٩٧٩، ڕووداوەکانـــی پـــاش شکستی پلانی دەستبەسەرداگرتنی پادگانەکە بەم شێوە باس دەکات:

*«ڕاپۆرتی کوژراوەکانی شـــەڕەکە لە ۴ کەسەوە گەیشتە ١۵٠. دوابەدوای ئەمە ڕووداوێکی تەنانەت بچووکتری شەڕ لە شارێکی کوردیی دیکە کە بچووکترە، قـــوروە، لە نزیک ناوەنـــدی هەمەدان، ڕوویداکە تێیـــدا ژمارەیەک کوژران و بریندار بوون. ڕاپۆرتەکانی ئەو شەڕەکە لە لایەن دوکتۆرێکی بریتانیاییەوە کە لەوێ نەخۆشخانەیەکی بەڕێوە دەبرد، پشتراســـت کراوەتەوە، ناوبـــراو دەڵێ ستافەکەی بە ژمارەیەکی زۆر بریندار ڕاگەیشتوون....*

وێدەچێ ڕاست بێت کە شەڕەکەی سنە پاش ئەوە دەســـتی پێکردووە کە هـــەم کۆمیتەی ناوچەیی شـــۆڕش و هـــەم ســـوپا، داخوازیی خەڵکیـــان بۆ دابەش کردنی چەکوچۆڵ لە نێو خەڵکی خۆجێیی بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرامبەر کەمینەیەکی زۆری ئێرانیی شارەکەدا، ڕەت کردووەتەوە...

سەرەڕای ئەمەش، بە شێوەیەکی بنەڕەتیتر وا دیـــارە کە بشـــێوی کاتێک لـــە ناوچەکەدا پەرەی سەند کە خومەینی بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و تێیدا ئەحمەدی موفتیزادە، ڕێبەری کوردی میانەڕۆی وەک تەنیا ڕێبەری سیاسی و ئایینیی «کوردەکان» ناو بردووە.

ئەمە هەوڵێکی ئاشـــکرای لـــە ژێرپێنانی داخوازیـــی بەهێزتری خودموختارییە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کە سیمایەکی مەزهەبی، شـــێخ عیزەدین حوســـێنی، وتەبێژەکەیەتی. ناوبراو پاش شۆڕشـــی ئیســـلامی لـــە لایەن کوردەکانـــەوە لـــە چەپەوە بۆ میانـــەڕۆ وەکوو وتەبێژی داخوازییەکانیان هەڵبژێردرا.

موفتیـــزادە بە پەلـــە گەڕایەوە ســـنە. لە ڕێگـــەدا، ناوبـــراو و ناســـیاوەکانی هەوڵیان دا بزانن ڕووداوەکان چۆن بووە. ئەوان باســـی ئەو ئەگەرەیـــان کرد کە ڕێژیمی نوێ، ســـەرەڕای ڕاگەیەنـــدراوە ئاشـــکراکانی، ڕەنـــگ بێـــت

بەمەبەستی لاوازکردنی هێزی دانوستانی کورد لە وتووێژەکان لەسەر خودموختاری، خەریکی ناکۆکی نانەوە لە ناوچەی کوردستان بێت. هەر چۆنێک بێت، موفتیزادە هیوادار بوو کە بوونی لە سنە ببێتە هۆی دامرکاندنی شەڕەکە.

موفتیزادە لە ڕێگەی ناوبژیوانەوە، دژایەتیی خۆی لەگەڵ کردەوەکانی کۆمەڵە ڕاگەیاند و ئەوانی بە ڕووخێنەری ئامانجی پارێزراوبوونی مافی زیاتر لە کوردستاندا ناو برد. یەکێک لە شایەتحاڵەکان وەبیری دێتەوە و دەڵێ: «زۆر توند بوو لە قسەکانیدا». موفتیزادە نوێنەری بۆ پادگانەکە نارد و هەوڵی دا ئەو ترسانە بڕەوێنێتەوە کە چەکوچۆڵ خەریکە دەدرێتە ژمارەیەک هاوڵاتیی تایبەت. یەکێک لە نوێنەرەکان وەبیری دێتەوە کە ڕێکاری موفتیزادە ئەوە بووە کە هیچ چەکێک نابێ دابەش بکرێت ئەگەر بەگشتی بکرێت و هەروەها نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارەی ئەگەری توندوتیژی لە نێوان کوردەکان و سوپا، یان لە نێوان کوردەکان دەربڕیوە. موفتیزادە دەڵێ: «ئەگەر کەسێک لەوە تووڕە بێت کە شتێکی وەرنەگرتووە، ئەوە دەتوانین ئەو کەسە هێور بکەینەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک بکوژرێت، ئەوە ڕێگەی گەڕانەوە نیە». لە شاردا دەنگۆ بە هۆی سەرچاوەی بێ ناونیشانەوە بڵاو کرایەوە کە موفتیزادە کەسانێکی ناردووە بۆ پادگان بەو هیوایەی کە لایەنی خۆی چەکدار بکات و باقی خەڵکی شار لە چەک بێبەش بکات، ئەوە تۆمەتێک بوو کە هیچکات جێی نەگرت، بەڵام خوێندنەوەیەکی بەربڵاوتری لێ کەوتەوە کە بەو پێیە دەگوترا موفتیزادە هاودەستی دەوڵەتی شۆڕش بوو. موفتیزادە دواتر ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو لەگەڵ ئەو هێزە کوردییانەی کە چەکدار بوون هاوکاریی کرد و بەشێکیان ڕەنگە ئەویان وەکوو ڕێبەریان ناسیوە. بەڵام مەکتەبی قورئان ئەو بۆچوونە کە موفتیزادە هێزێکی میلیشیایی بەمەبەستی پاراستنی شارەکە و پاراستنی دەسەڵاتی یاسا ڕێکخستووە، ڕەت دەکاتەوە. لەو کاتەدا، عەبدوڵڵا موهتەدی بە هیوابراوی لە چاڵەڕەشێکی کاتی لە نزیک پادگانەکە چاوەڕێی دەکرد. ناوبراو لە کاتی دەستبەسەربوونیدا، بۆ زیاتر لە جارێک تەنیا چەند خولەک دوور بوو لەوەی لەسێدارە بدرێت. «ئەوان چەندین جار جلەکانیان لەبەر داکەندین، چاومانیان بەست و بۆ لەسێدارەدان ڕیزیان کردین. دەمتوانی دەنگی ئەو سەرباز و میلیشیایانەی ئێمەیان دەستبەسەر کردبوو ببیستم کە لەگەڵ یەکتر موناقشەیان هەبوو داخوا ئێمە دەبێ لەسێدارە بدرێین یان نا. کەسێک دەیگوت کاتیەتی، یەکێکی دیکە دەینەڕاند و دەیگوت نا! ئەمە ڕێگەی پێ نەدراوە! پێموابوو ئەوە کێشەکە تەنیا لەسەر ئەوە بوو کە کاتەکە گونجاوەیان نا».

کاتێک موفتیزادە لەگەڵ کەسانێک لە حیزبە جیاوازەکان و شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو دوا، ئەو قسە بڵاو بووەوە کە ناوبراو چاوی بە چەند میوان لە مهابادەوە دەکەوێت. شێخ عیزەدین و سەلاح موهتەدی هاتبوونە سنە و دەیانویست موفتیزادە ببینن.

موفتیزادە لە ٢٠ی مارسدا، جا ڕۆژێک پێشتریان پاشتری، لە ماڵی براکەی، عەبدوڵڵا موفتیزادە، پێشوازیی لێیان کرد. کاتێک موفتیزادە ڕووبەڕووی ژنبراکەی و ئەو شێخەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستتر دەبوو دانیشت، جەوەکە خەماوی بوو. ئەوان باسی دیدارێکی بەرنامەڕێژی کراوی لێژنەیەکی پایەبەرزیان لە تارانەوە کرد کە بڕیار بوو لە چەند ڕۆژی دواتردا بێن بۆ باس لەسەر ئازادکردنی زیندانییەکان و ئاگربڕ. لە هەمان کاتدا، موفتیزادە ڕەنگە بۆ یەکەم جار ئاگادار کرایەوە کە عەبدوڵڵا موهتەدی یەکێک لەو کەسانە بووە کە بەرەو پادگانەکە ڕێپێوانی کردووە. سەلاح موهتەدی داوای لە موفتیزادە کرد کە نێوبژیوانی بکات. شێخ عیزەدین هەوڵی دا خۆی لە باسی چاکییەکانی ئەو

کــردەوەی ڕاپەڕیوەکان ئەنجامیان دابوو، نەدا، و بە ســادەیی ئامــاژەی بــە پەیوەندییەکانی موفتیــزادە لەگەڵ دەوڵەت کــرد و پێداگریی کرد کە عەبدوڵڵا دەبێ بەبێ پێشــمەرج ئازاد بکرێت.

موفتیزادە لەسەر ئەو خاڵە جەختی کردەوە کە ئەوە هەڵە بووە کە بەرەو پادگان ڕێپێوانیان کردووە و هەڵەیەکــی زیاتریش دەبێت ئەگەر تەنیــا بۆ یــەک زیندانی وتوویــژ بکرێت. ئەو ڕوونی کردەوە کە ئــەو لەو پێگەیە نیە کە بە هۆیەوە بتوانێ داوای ئازادکردنی بێ پێشمەرج بۆ کەســێک بکات و ئەوە دەبێت بەشــێک لە وتووێژێکــی بەرینتر بێت لەســەر ئازادکردنی باقیی زیندانییەکان وێڕای ئاگربڕ. ئەو ڕەخنەی توندی لە سەلاح لەبەر هەوڵەکانی بۆ تێکدانی ئــەو بەرەوپێشــچوونانەی لەگــەڵ دەوڵەتی ناوەنــدی بەدەســت هاتبوون گــرت، چونکە بیستبووی کە سەلاحیش یەکێک لەو کەسانە بــووە کە لە ڕێپێوانەکەدا بەشــداریی کردووە. میوانــەکان تکایــان لــە موفتیــزادە کرد کە لانیکەم بە هەوڵدانی بۆ ئازادکردنی ژنبراکەی خۆی وتووێژەکان دەســت پێبکات. موفتیزادە بــەردەوام بوو لــە ڕەتکردنــەوەی تکاکەیان. لە کۆتاییــدا جەوەکە تێکچــوو و هیچ جۆرە هاوڕاییەک نەهاتە ئاراوە. عێزەدین و موهتەدی بە پێی ڕاپۆرتەکان لە نێو ئاڵوگۆڕکردنی چەند قسەیەکی خۆمانە بە ساردی و لە کاتێکدا زۆر تووڕە بوون، شوێنەکەیان بەجێ هێشت. ئەوان پێش لە گەیشــتنی لێژنەکەی تاران، سنەیان بەجێ هێشت. ئەوە دوایین جارێک دەبێت کە موفتیزادە لەگەڵ ژنبراکانی قسەی کردبێت.

## «بەڵێنی خودموختاری لە گیرفانمدایە»

لێژنەی دەوڵەت کە لە ٢٥ی مارسدا بەمەبەستی وتوویژ لە بارەی زیندانییەکانەوە گەیشتە سنە، لە لایەن ئایەتوڵڵا تاڵەقانییەوە بەرپرســایەتی دەکرا، کەســێک کە موفتیزادە لەسەر مەزاری موســەدیق چاوی پێی کەوتبوو. ئەو لە لایەن ئەبولحەســەن بەنی ســەدر، ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی، و هەروەها ئایەتوڵڵا بێهێشتییەوە هاوڕێیەتــی دەکــرا. لێژنەکە کــە کاتالۆگێک لە ســیما زۆر ناســراوەکانی دەوڵەتی شۆڕش بوون، گرینگیی ڕووداوەکانی کوردســتانیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی بە کەم نرخاند.

لــە وتووێژەکانــدا کە لە ژێــر چاودێریی قورســی جەماوەری خەڵک بەڕێــوە دەچوو، تاڵەقانــی قەبووڵی کرد کــە زیندانییەکان لە بەرامبــەر ڕاگرتنــی شــەڕخوازی و هەروەها چوونــە دەرەوەی هێزەکانی پێشــمەرگە ئازاد بکرێن. پتر لەمەش، تاڵەقانی پشتیوانیی خۆی بۆ مافی ئازادیی کولتووریی کوردەکان دەربڕی و خوشــحاڵی لەوە دەربڕی کــە وتووێژەکان بــۆ خودموختاری لــە کوردســتان دەکرێت سەرکەوتووانە بن. کومیتەیەکی پێنج کەسی لە سنە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی شارەکە دیاری دەکرێت تا مانگێکی دواتــر کە هەڵبژاردنێک لە ئاستی شــاردا بۆ دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک (شــوورای ئیدارەی شار) بەڕێوە دەچێت. ئەو هەڵبژاردنانە لە ڕاســتیدا دەبووە یەکەمیــن هەڵبژاردنەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا. یەکەمین «فەرماندار»ەکان دەبوونە موزەفەر پەرتۆما (زانایەکی ڕێکخراوی «ناسا» کە لە ئەمریکا خوێندوویەتی)، دوو کەس لە پێڕەوانی موفتیزادە (فواد مەردۆخ ڕوحانی و هادی موڕادی) و دوو کەس لە نێوان چەپەکان (یووسف ئەردەڵان و سەعید شێخولئیسلامی). زیندانییەکان لە کاتێکدا شەڕی چەکداری لە ناوچە کوردییەکان ناوە ناوە بەردەوام بوو، ئازاد کران.

لە شــتێکدا کە لــە ئاکامێکــی پۆزەتیڤ دەچوو، حیزبە ناسیۆنالیســتە کوردە چەپەکان دەستبەجێ دەســتیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە موفتیزادە بۆ هاودەستبوونی لەگەڵ ڕێژیمەکە. ئــەوان ڕایانگەیانــد کــە «ئەگــەر موفتیزادە بەشــداریی لە هەوڵەکان کردبایە، یان لانیکەم بە ئاشــکرا دژایەتی نەکردبایــەن، پادگانەکە

دەستی بەسەردا گیرابوو. ئەوکات ئەوە ئێمە دەبووین کە داواکانی خۆمان دەخستەڕوو». پتر لەمەش، لەو ڕاگەیندراوانەی دوای وتووێژەکان لە لایەن دەوڵەتی شۆڕش و تاڵەقانییەوە بڵاو کرانەوە، ڕۆڵی موفتیزادە گرینگیی پێویستی پێ نەدرابوو. کەسێکی تر، موزەفەر پەرتۆما، کرابووە بەرپرسی شۆڕای شارەکە.

ئەوەی بۆچی ڕووداوەکان بەم شێوەیە ڕوویان دا، ڕوون نیە. ئایا لێژنە ئێرانییەکە ویستیان بەوەی خۆیان بنەستەکە بشکێنن، خۆیان خاوەن ئێعتبار بکەن؟ ئایا ئەوان داواکارییەکی موفتیزادەیان جێبەجێ کردبوو کە نەیدەویست وەکوو هاریکاری ڕێژیم بناسرێت، بە ڕەچاوکردنی ئەو حەساسییەتانەی لەو کاتە لە سنە هەبوو؟ ئایا ئێرانییەکان هەستیان بەوە کردبوو کە موفتیزادە خەریکە خۆشەویست بوونەکەی لەدەست دەدا؟ تیۆریی جۆراوجۆر هەیە کە بۆچی ئەم شتە ڕوویدا، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بگوترێ کە ئاکامەکە زۆر کەمتر لەوە بوو کە پێی بگوترێ ئایدیال، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵەکانی ئەوکاتی موفتیزادە بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی لەو ئەرکەی لە کوردستان لەسەر شانی خۆی هەستی پێ دەکرد. ناوبراو تا ڕادەیەک زۆر لەسەر وتوویژ لەگەڵ لێژنەکەی تاران سەرمایەگوزاریی سیاسیی کردبوو. بە بۆچوونی زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی قورئان لە ئێستا و لەو کاتەدا، خومەینی لەگەڵ متمانەبەخشین بە سوننییەک کە سەمپاتییەکەی بۆ ناسیۆنالیستی کوردی ناسرابوو، کێشەی هەبوو. ئەمە وێدەچێ بەو فاکتە بە باشی خۆی دەرخات کە وا دیار بوو دەوڵەتی ناوەندی، سەرەڕای ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانی، زیاتر پشتیوانیی لە مەلا شیعەکانی ناوچەکە دەکرد. موفتیزادە و عەلی سەفەدەری، ئاخوندی شیعەی پایەبەرز لە سنە، ئەجێندای سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەک یەکیان نەبوو، ئەگەرچی هەر دووکیان هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد. جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکی نێوانیاندا، ڕاپۆرت درا کە سەفەدەری ئیدیعای کردووە کە دووبەرەکی لە کوردستاندا قەبووڵکراو نییە و ئەوەش کە شەرمە کە «سنە هێشتا شەهیدی بۆ شۆڕشەکە نەداوە». موفتیزادە بەپێی ڕاپۆرتەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر گرووپێک لە خەڵکی ئامادە لە شوێنەکە ڕەخنەی توندی لە سەفەدەری گرتووە و وتوویەتی «دەڵێی ئەوە تاقیکاریی شانازییە! شانازی پێش بە مردنی لاوێک دەگرێت!». سەفەدەری بەم وەڵامە توندە تووشی شڵەژان دەبێت.

ڕیفراندۆم لەسەر کۆماری ئیسلامی تا چەندی دیکە بەڕێوە دەچوو. ڕیفراندۆمەکە پرسیارێکی سادە بوو، «بەڵێ یان نا بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئێران». هیچ وردەکارییەک لە بارەی ئەوەی چ جۆرە «کۆماری ئیسلامییەک» نەخرایەڕوو.

هێڵی شەڕ، گەر وای ناو بنێین، لە نێوان موفتیزادە و باقیی حیزبەکانی کوردستان لەسەر ئەم مەسەلەیە کێشرا. موفتیزادە هانی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆمی دەدا و بەردەوام بوو لە دژایەتیکردنی توندوتیژی وەکوو ڕێگەیەک بۆ کاریگەری دانان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی نوێدا. کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پشت شێخ عیزەدینەوە پشتیوانییان لە بایکۆتی ڕیفراندۆم کرد. ئەوان دەیانگوت کە سروشتی ناڕوونی دەستەواژەی «کۆماری ئیسلامی» ئیزنیان پێ نادا پشتیوانی لە دەنگی «بەڵێ» بکەن. سەرەڕای هەوڵی ناوبژیوانەکان بۆ دروستکردنی یەکگرتوویی لە ئامانج لە کوردستاندا، لەوانە برای شێخ عیزەدین، شێخ جەلال (کە لە دەورووبەری ئەو کاتەدا سەردانی موفتیزادەی کرد)، هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانیان نەهاتە ئاراوە.

کاتێک بە کورتی دوای یەکی ئاوریل، ئاکامەکانی ڕیفراندۆم ڕاگەیەندرا، سەرەڕای «بەڵێ»ی زۆر بەرچاو لە سەرانسەری ئێران

(بــە پێــی ڕاپۆرتــەکان تــا ۹۹٪)، ژمارەی بەشــداربووان لــە کوردســتان لە باشــترین حاڵەتــی خۆیدا بە شــتێک لە نێــوان ٥٠ تا ٦٠ لەســەد مەزندە دەکرا، کە هەندێ لایەن ژمــارەی بەشــداربوونیان تــا ڕادەی ١٥٪ بە کەم مەزندە کــرد. کەمایەتییە ئینتیکییەکانی تر لە ئێران، لەوانەیە کەمایەتییە ســوننییەکان، بــە ژمارەیەکــی زۆر زیاتر بەشــدارییان تێدا کــرد. تاران لەمە حاڵی بــوو، ئاکامەکە بوو بە هۆی زیاتر بوونی گومانی تاران لە پشــتیوانی بۆ شۆڕشــی خواوەند لە کوردستان و هەروەها یەکەمیــن نیشــانەی بەرچــاوی لاوازبوونی توانایی موفتیزادە بۆ کاریگەری دانان لەســەر ڕووداوەکان بوو. بە پێچەوانەی شێخ عیزەدین کە ئێستا ئیدی خەریک بوو لە باقی کوردستان باشــتر بناســرێت، موفتیزادە ئەوەندەی زیاتر وەکــوو کەســێکی هاوپەیمانــی ئیســلامیی شۆڕشخوازەکانی لایەنگری خومەینی و کەمتر وەکوو ناسیۆنالیستێکی کورد دەناسرا ، ئەوەندە زیاتر خۆشەویستی و ڕێزی دەکرێتە قوربانی و دەیبەخشییە گرووپە گرینگەکانی دیکە.

پــاش ڕیفراندۆمەکــە، ســنە پرۆســەی ئامادەکاری بۆ شــوڕای شاری کە بڕیار بوو لە ١٣ی ئاوریلی ١٩٧٩ بێت، دەستی پێکرد. ئەم هەڵبژاردنە، یەکەمین «هەڵبژاردنی گشــتی»ی ڕێژیمــی نــوێ، وەک تاقیکارییەکــی گەورە بۆ دێموکراســیی ئەو کۆمــارە تازەپێگرتووە و سەقامگیری لە کوردستاندا بوو. لە ڕووداوەکانی پێش هەڵبژاردنەکــەدا، ئەحمــەد موفتیزادە کەسانێکی بەربژێر کرد کە ڕێزیان لە مەکتەب قورئــان و پلاتفۆرمی ئێرانێکی ئیســلامی بە خودموختاریــی کوردســتانەوە دەگــرت. ئەم گرووپــە بە «لیســتی موفتیزادە» ناســرابوون. کۆمەڵــە، لە لایەکــی تــرەوە، پلاتفۆرمێکی سوسیالیستی ـ مارکسیستی، بە خودموختاری کوردستانی هەبوو.

کاتێــک ئەنجامــی هەڵبژاردنەکــە بڵاو کرایەوە، لیســتی موفتیزادە پانزدە کورســیی بردبــووەوە، زیاتر لــە هەر حیزبێکــی تر لە پێتەختی کوردســتاندا. فواد مەردوخ ڕوحانی، ئەندامێکی مەکتــەب قورئان، زۆرترین دەنگی هێنابووەوە. کۆمەڵە، ســێ کورســیی بردەوە. ئەمە دیسانیش بۆ ئەوان دەرکەوتنێکی بەرچاو بــوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنیا چەند مانگ پێشتری ژمارەیەکی زۆر کەم ناویشیانی بیستبوو. بەڵام بەگشــتی، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە موفتیزادە، سەرەڕای ئەو ڕەشبینییانەی بــە هــۆی پەیوەندیــی ناوبــراو لەگــەڵ دەوڵەتــی ناوەندییەوە باس دەکــران، وەکوو خۆشەویســترین سیما لە ســنەدا مایەوە. بە جۆرێک، موفتیزادە بڕیاری خەڵکی کوردستانی وەرگرتبــوو بۆ تێوەگلان لە کاروباری دەوڵەتی ناوەندی. لە هەمان حاڵیشدا، ڕاگەیەندراوەکانی تاران لە بــارەی هەڵبژاردنەکەوە یارمەتیدەری موفتیزادە نەبوون، چونکــە ئەوان ئاگایانە یان نائاگایانــە خەریکی دابــەش کردنی خەڵکی کوردســتان بوون. ســەرکۆمار بەنیســەدر لە ئاماژە بــە ئاکامەکــە، کاندیداکانی کۆمەڵەی بە «ناموســولمان» ناو برد، کە بووە ڕەسمێکی گشــتیی ڕێژیم و تا دەهــات زیاتر مارکی بێ ئیمان و قەبووڵنەکراو لە چاوی ئیســلامەوەی لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی دەدا.

دەڵێــی لەم قۆناغــەدا، جۆرێــک پچڕان لــە وەفاداریی جەمــاوەری کوردیــدا هەبوو. پشــتیوانی بۆ کۆمارێکی ئیسلامی وا دیار بوو کە لە ئاســتێکی نزمدایە، وەک لە بەشداریی زۆر کەمی خەڵک لە ڕیفراندۆمەکە لە بەراورد لەگەڵ سەرانســەری ئێراندا دەرکەوتبوو. هەر لەو کاتەدا، پشــتیوانی بۆ موفتیــزادە ـ تەنیا ڕێبەرێکــی کورد کە پشــتیوانی لە هاریکاری لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی دەکرد ـ لە ئاستێکی بەرزدا مایەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرچاوەیەکی متمانەپێکــراو نییــە کە ژمارەی بەشــداریی خەڵــک لە ڕیفراندۆمەکەدا نیشــان بدات، ئایا دەکرێ شتەکە بەو جۆرە بووبێت کە ژمارەکە

زیاتر لەوە بوویێت کە تا ئەمڕۆ لە لایەن حیزبە کوردییەکان و مێژوونووسەکانەوە قەبووڵ کراوە؟ لە ڕوانگەی عەبدوڵڵا موهتەدییەوە، ڕوونکردنەوەی ئەمە ئاسانە. موفتیزادە وەکوو کەسایەتییەکی خۆشەویست و جێی متمانە مایەوە، ڕەنگە جێی متمانەترین تاکەکەس لە کوردستاندا. بەڵام بۆ زۆر کەس، دەنگدان بە شۆڕاکەی لە سنەدا بە مانای تەئیدی پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی نەبوو.

خەڵک بە جۆرێک بڕوایان بەوە هەبوو کە ڕەنگە ئەو بتوانێ زۆرترین دەستکەوت لە وتووێژەکانی لەگەڵ تاران بەدەست بێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خەڵک کەمترین مەیلی بۆ بیرۆکەی کۆمارێکی ئیسلامی هەبوو.

هەر لەو کاتانەدا، لە تاران، یەکەمین نیشانەکانی دژایەتی لە نێو دامەزراوەی دەسەڵاتی نوێی ئێراندا دەرکەوت. ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، کە بە کەسێکی میانەڕۆ ناسرابوو، بە پێی ڕاپۆرتەکان، کێشەی هەبوو لەگەڵ بڕیاردانە یەکلایەنەکانی ڕێژیم کە خەریک بوو دەبووە شتێکی باو و هەروەها لەگەڵ هەڵنەکردنی لەگەڵ جیابیران. ناوبراو حەوتوویەک پاش هەڵبژاردنەکان لە کوردستان دەنگی هەڵهێنا و وتی کە ئێران لە مەترسیی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەدایە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەمە بوو بە هۆی کۆبوونەوەی چرپوپڕی ناوبراو و خومەینی و وەڵامدانەوەی ئاشکرای خومەینی کە وتی بەرێز تاڵەقانی (لە جیاتی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی) پەشیمانە لەوەی ئەنجامی داوە. پەیوەندیی نێوان تاڵەقانی و ڕێژیم بە درێژایی هاوینەکە بە خراپی مایەوە.

دیسانیش بژاردەیەکی فەرمیی ڕێژیم بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەڵک کە زۆر خۆشەویست بوو، واتە موفتیزادە، لە هەوڵەکانی بۆ قەناعەتهێنان بە خەڵک لە سنە کە دڵنیا نەبوون لە قازانجەکانی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕێژیمەکەدا، بەردەوام بوو.

ناوبراو دەیگوت: «بەبێ وتووێژ، هیچ شانسێکمان نیە» و بەمەش دەیگوت کە تەنانەت ئەگەر هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە خودموختاری شکست بێنن، دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئیسلامی بۆ کێشەکە تەنیا ڕێگەیەک بوو کە بۆ ڕێژیم قەبووڵکراو بوو. لە کۆتاییی مارسی ١٩٧٩، موفتیزادە سەفەری تارانی کرد تا بۆ دووهەمین جار لەگەڵ خودی ئایەتوڵڵا خومەینی دیدار بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە کاتی قسەکردنیدا لەگەڵ «ئیمام»، «وتی کە کوردەکان دەیانەوێ ببن بەشێک لە کۆماری ئیسلامی و ئەوان باوەڕیان بەیەکیەتیی سوننی ـ شیعە هەیە. ناوبراو هانی خومەینیی دا تا سیاسەتگەلێک وەک گرینگی نەدان بە سوننییەکان لەیاسای بنەڕەتیدا نەهێنێتە ئاراوە کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوخۆییی ئیسلامی... ناوبراو هەروەها پشتیوانی لە مافە کولتووری و زمانییەکان، بە ئاماژەی تایبەتی بە کوردەکان، لە چوارچێوەی ئێرانی یەکپارچەدا کرد». بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئیمام ڕووخۆش و ئەرێنی بووە لە وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی موفتیزادەدا.

لە گەڕانەوەی بۆ تاراندا، موفتیزادە چاوی بە لایەنگرانی لە فرۆکەخانە کەوت. لە وتاربێژییەکدا، ناوبراو لایەنگرانی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئەندامانی پایەبەرزی دەوڵەت دڵنیایان کردووەتەوە کە لە هەر یاسایەکی بنەڕەتیی نوێدا، خودموختاری بۆ کەمایەتییەکان ڕەچاو دەکرێت. هەروەها ئاگاداری کردنەوە کە سەرەڕای کشانەوەی کاندیداتۆرییەکەی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگاندا (یەکەمین مەجلیسی خوبرەگان)، ئەو لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکات کە لە لایەن ئایەتوڵڵا بێهێشتییەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. لە کۆتایی قسەکانیدا، ناوبراو ڕستەیەکی زۆر چارەنووسسازی دەربڕی کە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانییەوە، دژایەتی هەبوو لەگەڵ ئیدعاکانی. ناوبراو وتی: «بەڵێنی خودموختاری لە گیرفانمدایە».

هەر لەو سەروبەندەدا، پێشمەرگەکانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، بەردەوام زەبری توندیان لە سوپای ئێران لە ناوچەی کوردستاندا دەوەشاند و سەلمابوو کە هەر جۆرە وتووێژێک یان ئاگربڕێک لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕاناگرێت. لە کاتێکدا شۆڕای شار بە فەرمی بەسەر شاری سنەدا دەسەڵاتی هەبوو، ئەو ڕاپەڕیوانەی کە دەگوترا سەر بە کۆمەڵە بوون لە مانگەکانی هاوینی ١٩٧٩دا هێرشیان دەکردە سەر وێستگە کاتەکییەکانی پۆلیسی لۆکاڵ و بەمەش لە ئۆتۆریتەی فەرمانداری فەرمییان کەم دەکردەوە.

## ساختەکاریی یاسای بنەڕەتی و تێکچوونێک لەگەڵ ڕێژیم

بیرۆکەی پێکهێنانی دامەزراوەیەکی بەشێوەی دێموکراتیک هەڵبژێردراو بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسایەکی بنەڕەتی شتێک بوو کە یەکەم جار لە لایەن خومەینییەوە، ئەوکاتەی کە لە تاراوگە لە فەرانسە بوو، پێشنیار کرابوو. ئیمام ڕایگەیاند کە «شۆڕای یاسای بنەڕەتی» لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ نووسینی یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ، و ئەو شۆڕایە خاوەن دەسەڵاتێک دەبێت کە لە لایەن دەوڵەتی کاتییەوە بۆی دەگوازرێتەوە.بەڵام لە هاوینی ١٩٧٩دا پرۆسەیەکی جیاواز ئاشکرا بوو.

پاش ئەوەی ڕیفراندۆمی سەرەتایی بۆ کۆمارێکی ئیسلامی دەنگی هێنابوو، هەڵبژاردنەکان بۆ شۆڕایەکی تەئیدی یاسای بنەڕەتیی هاوتەریب لەگەڵ بیرۆکەی شۆڕای یاسای بنەڕەتی بەرنامەڕێژی بۆ کرا. لە ئامادەسازییەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنانەدا، ڕەشنووسەکانی یاسای بنەڕەتی ئامادە کرا و لە نێوان ئاوریل و ژوئەندا بڵاو کرایەوە. ئەو ڕەشنووسانە بە جۆرێک هیوابەخش بوون، ئاماژەی تایبەتیان بە مافی کەمینەکان و ئیتنیکی کوردی تێدا بوون. حیزبە کوردییە چەپەکان دیسانیش داوای ئاماژەی تایبەتیتریان دەکرد بە هاوبەشیکردن لە سەرچاوەکان و ئازادیی خوێندن بەزمانی دایکی، بەڵام زۆرێک خۆشبین بوون. سەرەڕای ئەمەش، لە هاویندا، شانسی کوردەکان و موفتیزادە بەرەو خراپی ڕۆیشت.

خومەینی لەو باوەڕەدا بوو کە نوسخە سەرەتاییەکانی یاسای بنەڕەتی بە ئەندازەی پێویست ئامادە بوون. بە بۆچوونی ئەو، ڕەشنووسێکی یاسای بنەڕەتی دەبوو دەستبەجێ و بەبێ هەڵبژاردنەکان و بەبێ پێداچوونەوە و تەئیدی شۆڕای یاسای بنەڕەتی بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. کاتێک لە لایەن گرووپە نائیسلامییەکان و هەندێک لە هاوقەتارانی خودی خومەینییەوە، لەوانە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، بەرامبەر بەو بیرۆکەیەی خومەینی نارەزایەتی دەربڕدرا، دەسەڵات درایە شۆڕایەکی دیکە: «شۆڕای خوبرەگان» کە بچووکتر و کەم ئەندامتر بوو، هەر ئەندامێکی هەڵبژێردراوی ناوچەیەکی نزیک بە ٥٠٠٠٠٠ کەسی بوو. ئەم دامەزراوەیە دوایین پێداچوونەوە و دواتەئیدی یاسای بنەڕەتیی دەکرد. سەیر ئەوەیە کە ئەوانەی کە بە توندی دژی بیرۆکەی ڕیفراندۆمی دەستبەجێ بوون، دواتر لە بڕیارەکەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە.

عەبدولڕەحمان قاسملوو بڕیار دەدات خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی شۆڕای خوبرەگان بۆ شاری کورد و تورک تێکەڵاوی ورمێ، لە باکووری ئێران (چونکە مهاباد کورسیی پێ نەدرا) کاندیدا بکات. لە ئاگۆستی ١٩٧٩دا، پاش چەندین دەرگیری، هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی کاریگەر کونترۆڵی چەندین شاری گرینگی کوردستانیان لەدەستدا بوو، لەوانە مهاباد و پاوە. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی بەشداریی قاسملوو لە هەڵبژاردنەکاندا بەرچاوتریش بکات، ئەوە نیشانەی ویستی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ قەبووڵکردنی سەروەریی حکوومەتی ناوەندی بەسەر ناوچە کوردییەکانەوە بوو.

موفتیـــزادە، بەش بــە حاڵی خــۆی، بڕیاری دا کاندیداتۆریـــی خــۆی لــە هەڵبژاردنەکان بکشێنێتەوە و دەیویست وەکوو کارناسێکی بێ لایەن بێت کە ڕاوێژ دەدا بە دامەزراوەی یاسای بنەڕەتی لەســەر پرسە ئیتنیکی و ئاینییەکان. هەڵبژاردنــەکان بــۆ شــۆرای خوبــرەگان بەرنامەڕێژیی بۆ کرا و لە ٣ی ئاگۆستدا بەڕێوە چوو. قاســملوو بە بەدەستهێنانی نزیکەی ٨٠ لەســەدی دەنگــەکان، بە ســەرکەوتووییەوە کورسییەکی لە شۆڕاکە بردەوە.

ســەرەڕای ئەمــەش، لــە نێــوان کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنــەکان تا کۆبوونەوەی شــۆڕاکە، قورسترین شەڕەکانی ئەو مانگانە لە ناوچەی کوردستان ڕوویان دا. بە دیاریکراوی، حکوومەتــی ناوەندی لــە هەوڵێکی لەناکاوی بــۆ دەستبەســەرداگرتنەوەی شــاری پاوەدا شکســتی خوارد و خەســاری قورسی بینی. خومەینی تــووڕە بوو و ڕەخنــەی توندی لە سوپا گرت لەبەر ئەوەی فەداکارییان نەکردبوو و داوای کــرد جارێکی تر هەوڵ بدرێتەوە. لە ١٨ی ئاگۆســتدا، خومەینی وەکوو فەرماندەی گشــتیی هێــزەکان، یەکەمین فەتــوای بۆ هێزەکانی ســوپا دەرکرد. لــە فەتواکەیدا کە نێوەڕۆکێکی بێڕەحمانــەی هەبوو، خومەینی داوای لە هێزەکانی ئەرتەشی شۆڕش کرد کە دەستبەجێ بچنە نێو کوردستانەوە و هەڕەشەی لێ کردن لە ئەگەری شکستخواردنیاندا، سزای قــورس دەدرێن. ئەمە تــا ئەوکاتە، ئەگەرچی جێی موناقشــەیە، ڕەقترین و ڕاستەوخۆترین بانگــەوازی جەماوەریی ناوبراو بوو بۆ شــەڕ، تەنانەت ڕەقتر لە وەڵامەکانی بە هێرشــەکانی شا بۆ سەر خۆپیشاندەرەکان.

هەر دوابــەدوای ئەوەی هەواڵی بردنەوەی قاســملوو لــە هەڵبژاردنەکان بــڵاو بووەوە، سووربوون لەسەر پێشگرتن بە بەشدارییەکەی روون بووەوە. لە حەوتووەکانی پێش یەکەمین کۆبوونــەوەی شــۆڕای خوبــرەگان لە ١٨ی ئاگۆســتدا، حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران بــە فەرمی قەدەغــە کرا. قاســملوو بە ئاشــکرا بە کەســێکی گەندەڵی ســەر بە «حیزبی شــەیتان» نــاو بــرا. کاندیداتۆری و ئەندامەتییەکــەی لە دامەزراوەی نووســینی یاسای بنەڕەتی هەڵوەشێندرایەوە، لەو کاتەیدا هەزاران سەبازی دەوڵەت لە چەند سەد مایل ئەولاتر بە ســەرکەوتنی کەمەوە لە شــەڕی پێشمەرگەدا بوون.

کاتێــک هەواڵــی ئــەوە بــڵاو بــووەوە کــە خومەینــی ســەرکەوتنی قاســملوو لە هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاندووەتەوە، گوشارەکان بۆ ســەر موفتیــزادە، کە جارێکــی تر وەکوو کارناســێکی ســەربەخۆ بۆ شــۆڕا بانگهێشت کرابوو، زیادی کرد تا بایکۆتی بکات.

موفتیــزادە و قاســملوو تــا ئــەم کاتــە پێوەندییەکــی تــا ڕادەیــەک دۆســتانەیان پێکــەوە هەبوو. پلاتفۆرمی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران، دێموکراســی بــۆ ئێران و خودموختــاری بۆ کوردســتان، و هەروەها ئەجێندای ناسیۆنالیســتییەکەی بۆ موفتیزادە جێی پەســند بوو. ئــەوە جیاوازیی بەرچاوی هەبــوو لەگــەڵ ڕەتکردنــەوەی کۆمەڵــە لە لایەن موفتیــزادەوە، لەبەر ئــەوەی ئەجێندا مارکسیستییەکەی کۆمەڵە تا ڕادەیەک سوور بوون لەســەر لە نێوبردنی نەریتــی ئایینیی پارێزگاریخوازانــە لە کۆمەڵگای کوردســتاندا. ئەگــەر بەپێــی هەڵکەوتــەی جیۆگرافییەوە بــڕوانین، وەک پێشــتر گوتــرا، حیزبی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران ڕکابەری ســەرەکیی موفتیــزادە نەبــوو لــە ناوچەی باشووری کوردســتانی ئێراندا لە دەورووبەری ســنە. ڕەنگە گرینگترین خــاڵ ئەوە بێت کە موفتیزادە، وەکوو ئەندامێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران، سەمپاتییەکی زۆری بــۆ ئامانجــی قــازی موحەممــەد و ناسیۆنالیســتە کوردەکانی پێشــووی کۆماری مهاباد هەبووبێت. سەرەڕای ئەوەش، موفتیزادە نەیدەتوانی لەگــەڵ بیرۆکەی وازهێنانی تەنیا

نوێنـــەری ناوچەکە لە دامەزراوەی نووســـینی ڕەشنووســـی یاســـایەکی بنەڕەتیـــدا کە لەو قۆناغەدا لەســـەر سنووری پەســـندبووندا بوو، خـــۆی بگونجێنێـــت. بەرنامـــەی بنەڕەتیـــی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران کە لە کۆماری مهاباددا بڵاو کرایەوە، دەیگوت «ماف نادرێت، ماف دەســـەندرێت». بـــە پێچەوانەی ئەمـــە، موفتیـــزادە دەیگوت کە لـــە بەرامبەر شـــەڕی نێوخۆییدا کە ببـــووە هۆی ڕیزبوونی زۆربەی غەیرەکوردەکان لە پشـــت دەوڵەتەوە، قســـەنەکردن تەنیـــا ڕێگـــەی گارانتیکردنی ئەوە بوو کە هیچ بەرەوپێشـــچوونێک نەیێتە ئاراوە. ناوبـــراو ڕایگەیاند کە لە کۆبوونەوەکاندا بەشـــداری دەکات. لـــە ڕاســـتیدا، موفتیزادە خەریک بوو بە ســـەرمایەی سیاســـیی خۆی لەسەر دەرهاویشتەی یاسای بنەڕەتی قوماری دەکرد.

کاتێک شۆڕاکە کۆ بووەوە، بە هۆی لابردنی دەســـتبەجێی زۆربەی ئەو ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتییـــەی کە دوو مانگ پێشـــتر بینرابوو، زۆرێکی تووشـــی ڕاچڵەکاندن کرد. لە جیاتی ئەوە، بن کۆمیتەکان کۆبوونەوەی نووســـینی یاســـایەکی بنەڕەتیی نوێیان لە پشت دەرگای داخراوەوە ڕێکخســـت، یاســـایەک کـــە زیاتر لەخۆگری ڕەهەندە فیقهییە ئیســـلامییەکان بێت، لەوانـــە بنەڕەتی بیرۆکـــەی بەناوبانگی خومەینـــی، واتە ویلایەتـــی فەقیهـ هیچکام لـــەم زیادکردنانە لەگەڵ بەهاکانی ئیســـلامی سیاسی نەدەگونجان. کاتێک لە لایەن زۆربەی زاناکانەوە تەعبیر کـــران، تەنانەت زۆر کەمتر لەگەڵ بیرۆکەی مافی کەمینەکان دەگونجان. موفتیزادە لە نزیکەوە چاوەدێریی پرۆسەکەی دەکـــرد و ئەندامانی کومیتەکـــەی لە بارەی گرینگیی نووســـینی یاســـایەکی بنەڕەتی کە هەموو هاووڵاتییانی ئێران ڕازی بکات، دەدواند.

لـــەو ســـەروبەندەدا، نزیک بە ســـێ ڕۆژ پاش کردنەوەی یەکەمین شـــۆڕای خوبرەگان تـــا کۆتاییەکانی ئاگۆســـت، خومەینی بڕیاری گەمارۆدانی شـــاری مهابـــادی دا. بۆیەکەمین جار لە دوای شـــۆڕش، حکوومەتی خومەینی کەڵکی لە هێرشـــی ئاســـمانی لـــە ڕادەیەکی بەرینـــدا وەرگرت و شـــارەکەی بـــە جێتی شـــەرکەر و دواتر تۆپخانـــە تۆپباران کرد. ئەو ڕاپۆرتانەی کە باســـی کۆمەڵکوژییان دەکرد و دەرکەوت کە بڕواپێکراون و کوشتنی سەدان کەس پشتراست کرایەوە. ڕێژیم لە پشکنینی بێ ســـنووری خۆی بەمەبەســـتی دۆزینەوەی ســـەدان پارتیـــزان کە زۆربـــەی هەرەزۆریان پێشـــمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، ســـەرکەوتوو نەبوو و ئەوان پاش پاشەکشە دواجار شارەکەیان گرتەوە دەست.

لە ســـنە، هەر لە هەوڵی شکستخواردووی دەســـتگرتن بەســـەر پادگانەکـــەوە، دەوڵەتی ناوەندی درگا بە درگا بەدوای پێشـــمەرگەدا دەگەڕا. کە مانگی سێپتامبر نزیک دەبووەوە و کاتێک لە پاش کـــوژراو و بریندارێکی زۆر لە ناوچەکانی تری کوردســـتان، شەڕەکە توندتر دەبـــوو، ڕوون نەبـــوو کە کونترۆڵی شـــارەکە دەکەوێتە دەســـت کێ. لـــەم قۆناغەدا کە نە یاســـایەکی بنەڕەتی و نە شـــۆڕای ئەندامانی هەمیشـــەییی دامەزرێنـــەر بوونـــی هەبـــوو، بڕیاردانی شـــۆڕش لەسەر نەزم و دادپەروەری شـــتێکی گرینگ نەبـــوو. ئایەتوڵڵا خومەینی، وێڕای ناردنی یەکە ســـەربازییەکان بۆ کۆتایی هێنـــان بە چالاکیی پێشـــمەرگە، داوای کرد کە ئەوانەی لە شـــەڕ لەگەڵ ســـوپای ئیسلام دەگیرێن، دەســـتبەجێ سزا بدرێن. قازییەکی کاتی (ئایەتوڵڵا موحەممەد ســـادق خەڵخاڵی) ناردرایە کوردستان کە دادگاکان بەڕێوە ببات، کە دواتر بۆ ئەم کارەی ناوبانگ دەردەکات.

خەڵخاڵـــی ســـەرەتا نێردرایە شـــارەکانی پـــاوە و مەریوان کە هەواڵیـــان لێ بڵاوبووەوە کە ژمارەیەک شۆڕشـــگێڕی کـــورد دادگایی کراون و لەبەر خیانەت بە دەوڵەت لەســـێدارە دراون. داســـتانگەلی تۆقێنەری ئەشـــکەنجە و دەستبەســـەرکردنی بێڕەحمانـــە و بە هەر

کەرەسەیەکی ئەوانەی گومانی شۆڕشگێڕ بوونیان لێ دەکرا و پاش ناشتنی بەکۆمەڵ بڵاو بوونەوە. هەنگاوی دواتری خەڵخاڵی، سنە بوو. دەنگۆ بڵاو بووەوە کە ئەندامانی مەکتەب قورئان بە گومانی کومونیست بوونەوە دەستبەسەر کراون و دراونەتە دەست ئەرتەشی ئێران کە لە لایەن گرووپەکەوە ڕەد کرایەوە.

هەواڵی هاوشێوە لەوێش هاتە دەرەوە کە پاش دادگاییکردنی چەند چرکەیی لە دادگایەکی سەرەتایی لە نێو فرۆکەخانەی سنەدا، خەڵک حوکم دراون. تەنیا گومان لەوەی کە کەسێک ئەندامی گرووپە شۆڕشگێڕەکان بوو، حوکمی مەرگی هەبوو، بەبێ دانی دەرەتان بە تاوانبارکراو کە بەڵگەی خۆی بخاتەڕوو.

دواتر بۆ ڕۆژی دواتری، ۲۷ی ئاگۆست، ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێران وێنەیەکی بێ ناونیشانی لە ژێر سەردێڕی «۴۰ کەس لە لایەن دەستەی ئاگرەوە لە سنە، مەریوان و پاوە لە سێدارە دراون» بڵاو کردەوە. وێنەکە، سەحنەیەکی ڕەش و سپی جەماعەتیک کە لە دەستەی ئاگر دەچوون وا دیار بوو لە فرۆکەخانەی سنە گیرابوو. وێنەکە کە وێنەی پیاوانێک بە چاوی بەستراوەوە و کەسانێکیان بە برینداری کە بەرەو پشتەوەیان لە حاڵی کەوتن و مردن لەو گۆڕەپانەدان، نیشان دەدا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و چەندرۆژ دواتر لە لایەن بڵاوکراوە نێونەتەوەییەکانەوە بڵاو کرایەوە. ئەم وێنەیە کە ویژدانی جیهانی هەژاند، یەکەمین گۆشەیەک لە چیرۆکە تا ئەو کاتە نادیارەکانی کەڵک وەرگرتنی دەوڵەتی شۆڕش لە توندوتیژی بوو، کە کەمتر لەیەک ساڵدا، توندوتیژیی گەیاندە شوێنێک کە ئەوەی شا، لە بەراوردیدا بوو بە هیچ. وێنەکە بە جۆرێک بوو بە سەمبولیکترین وێنەی شۆڕشی ئێران و خەڵاتی پۆلیتزێر پرایزی بردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، زۆرێک لەوانەی لە سنە لەسێدارە دران، ئەندامی کۆمەڵە بوون کە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی قامکی گومان بۆ لای موفتیزادە و مەکتەبی قورئان درێژ کرایەوە. کۆمەڵە مەکتەب قورئانی بە هاریکاریی خیانەتکارانە لەگەڵ ڕێژیم لە ڕەوتی ڕاپۆرتدان لە کوردەکان تۆمەتبارکرد، تۆمەتێک کە ئەم گرووپە بەردەوام بوون لە حاشاکردن لێی. خەڵخاڵی کە مێژوو بەرچەسپی «قازیی سێدارە»ی لێ دەدا، دواتر سنە بەجێ دەهێڵێت و دەچێ بۆ شارەکانی تری کوردستان و دەچێتە هەر شوێنێک، ماشینی دادپەروەریی خۆی وەگەڕ دەخاتەوە. ساڵانێک دواتر، بەردەوام لە خەڵخاڵی لە بارەی سروشتی دادگاییکردنەکانی و ئەوەی کە ئایا هیچ پەشیمانە یان نا، پرسیار دەکرا. وەڵامەکەی زۆر بەناوبانگە کاتێک دەڵێ نەک پەشیمان نییە، بەڵکوو گەر توانیبای، هەمان کاری دووپات دەکردەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ هاریکاری کردنی مەکتەب قورئان لەگەڵی، خەڵخاڵی تەئیدی دەکات کە موفتیزادە هیچ بەشدارییەکی لەیارمەتی کردنی ئەو بۆ دەستبەسەرکردن و لە سێدارەدانی «بێ دینەکان» نەبوو و لەڕاستیدا هەوڵی داوە پێش بە لەسێدارەکان بگرێت. بەپێچەوانەی ئەوە، ئەو موفتیزادە وەکوو کەسێکی جیاییخواز پێناسە دەکات کە وەک باقیی مەحکووم کراوە چارەرەشەکانی دادگاکانی، شایانی دادگاییکردن و لە کۆتاییدا «قەزاوەتی خواوەندە».

بەدەر لەوەی ئایا هاوکاری کردنی موفتیزادە لەگەڵ ڕێژیم ڕاست بوو یان ساختە، لایەنگرانی موفتیزادە دەڵێن کە لە زستانی ۱۹۷۹وە، کۆمەڵە زیاتر بە دژیان توندوتیژ بووە و بەمەش توندوتیژی نێوخۆیی کوردی لە سنە بووە تەواوکەری شەڕی کوردستان لەگەڵ ڕێژیم. ئەوە سەرەتای بەکارهێنانی نازناوی جاش، یان خیانەتکار بە شێوەیەکی

بەریـــن بـــۆ ئەندامانی مەکتەبـــی قورئان بوو. وشـــەیەک کە یەکەمین جار لە ١٩٦٠ـەکاندا لە لایەن پێشـــمەرگەوە بـــۆ ناوزەدکردنی ئەو کوردانەی هاوکارییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەکرد، بـــەکار هێنـــرا. بەپێـــی ڕاپۆرتەکان، دەیـــان ئەندامی مەکتەبی قورئـــان لە لایەن پارتیزانەکانی کۆمەڵەوە هێرشیان کرایە سەر، ژمارەیەکیـــان تەنانەت لە لایـــەن ئەندامانی وەک دەگوترێ کۆمەڵەوە سەربڕدران. ڕێبەری کۆمەڵە ئەمڕۆکە حاشا لەو تۆمەتانە دەکات.

لە کاتێکدا فەزایەکی ناڕوون لە کوردستاندا لە ئارادا بوو، کۆبوونەوەکانـــی پەیوەندیدار بە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی لە تاراندا بەردەوام بوون. موفتیزادە وەکـــوو چاودێرێکی تایبەتی بابەتی مافی کەمایەتییە ئیتنیکی و ئایینییەکان لە شـــوڕای خوبرەگاندا، هەوڵـــی دا پێش بە دەرهاویشـــتنی ئـــەو ڕێککەوتنانەی لەســـەر مافی کوردەکان (و ئیتنیکەکانی تر) کرابوو و هەروەها جیاکردنەوەی ئیسلامی شیعە وەکوو مەزهەبی فەرمیی کۆمارەکە بگرێت. موفتیزادە لێبڕاوانـــە تکای لە شـــوڕاکەدا کرد و وتی ئەو یاسای بنەڕەتییەی کە ڕەشنووسەکەی دەنگی وەرگرتووە، دەبێتە هۆی جیاکاری بە شێوەی هێزەکیی توندوتیژانەی ئێرانییەکان لە یەکتر. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ژمارەیەک لە ئاخوندەکان کە پشتیوانییان لە ڕۆڵی کەمتری دامەزراوەی ئاخونـــدی دەکـــرد، لەوانە خـــودی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، پشـــتیوانییان لـــە نارەزایەتییەکانی موفتیـــزادە لەســـەر بەشـــگەلێکی بەرچاوی ڕەشنووســـەکە کرد. تاڵەقانـــی کە یەکێک لە لایەنگرانی ڕۆڵـــی کەمتری ئاخونـــدەکان لە کۆماری ئیســـلامییەکەدا بـــوو، زیاتر لەگەڵ لابردنی بەشە سێکۆلارەکانی یاسای بنەڕەتی بە قازانجی بەشـــە فیقهییە ئیســـلامییەکان کێشـــەی هەبـــوو. ناوبـــراو بە ڕواڵـــەت دژی پێویستی دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ بوو. لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی شوڕاکەدا، تاڵەقانی لە ئیستدلالەکانی بۆ لابردنی ئەو دامەزراوەیە سەرکەوتوو بوو.

دواتر، لە ٩ی ســـێپتامبری ١٩٧٩، باسی دەمەقاڵـــەی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لەگەڵ باڵوێزی ڕووسیە لە ئێراندا لە کۆبوونەوەیەکدا لە زۆربەی ڕاگەیەنەکاندا بووە ســـەردێڕ. ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، تاڵەقانی کە بە پێشکەوتنخوازترین ئاخوندی دامەزراوەی دەسەڵات ناسرابوو، مرد. هەروەک زۆربـــەی مێژووی ئێـــران لە کاتی شۆڕشەکە، مردنەکەی تاڵەقانیش بووە ڕازێک، دوایین کەسایەتیی بەهێزی شوڕای خوبرەگان مرد. تەنیـــا چەندرۆژ دواتـــر، بەپێی ڕاپۆرتی کاری کۆبوونەوەکانی شـــوڕاکە کە دواتر بڵاو کرایەوە، دەنگ درا بـــە زیادکردنی ویلایەتی فەقیهـ لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیدا.

موفتیزادە هەســـتی کرد کە ڕووداوەکان خەریکە بە خێرایی لـــە کونتڕۆلی دەردەچن و پێگەکەی لاواز دەکەن و ئەو خۆشبینییەی کە ناوبراو لە وتووێـــژ لەگەڵ دەوڵەت هەیبوو خەریـــک بوو کاڵ دەبووەوە. بە هیوایەکی زۆر کەمەوە بە نیســـبەت کارکردن لەگەڵ شوڕای خوبرەگانـــدا، موفتیـــزادە ملی ڕێـــگای قومی گرتەبـــەر و داوای کرد لەگـــەڵ ئیمام دیدار بکات. ئەوە لەو بەیانییەدا بوو کە بەشی ١٢ی مادەی ١ی یاســـای بنەڕەتی لە لایەن شوڕاوە دەنگـــی پێ درا و بەمەش ئیســـلامی شـــیعە وەکوو ئایینی فەرمی لە ئێراندا ڕاگەیەندرا.

موفتیـــزادە لـــە قـــوم چاوی بـــە کوڕی خومەینی(ئەحمـــەد)، کەوت و بەرەو ژوورێک لە حەوزەی عیلمییە ئیسکۆرت کرا. زانایەکی ئایینیی بەناوبانگی بەلووچ (ســـوننی بوو) کە ناوی بڵاو ناکرێتەوە، وێڕای ماجێد ڕووحانی، لە کۆبوونەوەکەدا هاوڕێیەتیی موفتیزادە دەکەن. ئەوان لە ژوورێک دادەنیشن و چاوەڕێی ئیمام دەکەن. ڕووحانی دەگێڕێتەوە:

*«خومەینی هاتە ژوورەوە و لە دەستی ڕاســـتی موفتیزادەوە دانیشـــت. مەلا بەلووچەکـــە کەوتبووە لای ڕاســـتی*

*خومەینییەوە و منیش لە گۆشەی ژوورەکە دانیشتم. موفتیزادە ڕووداوەکانی ڕۆژانی پێشتری بۆ ناوبراو (خومەینی) گێڕایەوە. ئەو بەپێی ڕێککەوتەکان ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی گێڕایەوە و دواتر دەستی کرد بە ئیستدلال کردن. وتی ئەگەریاسای بنەڕەتی وەک ئەوەی ئێستا هەیە دەنگی پێ بدرێت، دواتر پێش بە ڕکەبەرایەتی و توندوتیژیی نێوان شیعە و سوننی ناگیرێت. ناوبراو ئاماژەی بەو بەڵێنییانەی پێی درابوو کرد و وتی کە فێڵی لێ کراوە. خومەینی گوێی گرت و دواتر دەستی موفتیزادەی خستە سەر ڕانی چەپی و کەوتە قسە. خومەینی وتی کە ئەو بۆ خۆی چەند پێویستی هەیە و کۆمەڵێک خاڵی پێویستی بۆ دروست کردنی کۆدەنگی هەیە. وتی کە کەسانێک لە دەوڵەتدا هەن کە ئەو یاسای بنەڕەتییەیان ناوێت کە موفتیزادە دەیهەویست، و بە شێوەیەکی زیرەکانە پرسیاری کرد کە چۆن دەکرێ ئەو داوای بە زۆر گونجاندنی ئەو خاڵانە بکات. [بە ئاماژەی پەنانەکی بەو ڕاستییەی کە کوردەکان لە شۆڕش بەملاوە هەر چییەک بووبێت هاریکار نەبوون و لە دەرەوەی کوردستان پشتیوانێکی ئەوتۆیان نییە]. خومەینی بە ڕەوانی پرسیاری کرد: «ئەگەر ئەم ڕەوتە کە خەڵکی تێدا دەکوژرێت درێژەی هەبێت، ئایا تۆ ئامادەی کە ئۆباڵەکەی بکەوێتە ئەستۆت؟». خومەینی چاوی لە مەلا بەلووچەکە کرد کە بە تەشەرەوە وتی «نا». موفتیزادە، پاش ڕاوەستانێک، وڵامی دایەوە، «ئێمە بە شێوەیەکی سادقانە بەدوای دیالۆگەوە بووین. [ئێمە کەمینەین و تەنیا مافی خۆمان دەوێت]. ئەگەر خوێن بڕژێت، ئەوە هەڵەی ئێمە نیە، ئەوە هەڵەی دەوڵەتە. ئەوە هەڵەی ئێوەیە». پاش بیستنی ئەمە، دەموچاوی خومەینی سوور هەڵگەڕا و وتی ماندووە، هەستا و ژوورەکەی بەجێهێشت».*

چەند کاتژمێر پاش دیداری لەگەڵ خومەینی، موفتیزادە چوو بزانێت چی لە ئاخوندێکی میانەڕۆی دیکە لە قوم تێدەگات، ئاخوندێک کە یەکێک لە پایەبەرزترین ئایەتوڵڵاکان بوو، ئایەتوڵڵا موحەممەد کازم شەریعەتمەداری. شەریعەتمەداریش لە سەر زۆرێک لە ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگاندا شوێندانەر بوو. ماجێد ڕووحانی وەبیری دێتەوە کە خانووی شەریعەتمەداری زۆر لەوەی خومەینی تێیدا دادەنیشت، بە زریقەوبریقەتر بوو. ئەوان لە لایەن ستافی خانووەکەوە پێشوازییان لێ کرا و پێیان گوترا چاوەڕێ بن. کاتێک شەریعەتمەداری هات، موفتیزادە هەمان ئەو ئیستدلالانەی کە بە خومەینیی گوتبوون، دووپات کردەوە. شەریعەتمەداری، پاش لێدوانێکی زۆر هەستبزوێن، زۆر بە هێوری وڵامی دایەوە کە نووسینی یاسای بنەڕەتی پرۆسەیەکە و پێویستی بە کاتە. ناوبراو هانی موفتیزادەی دا کە بە تاقەت بێت. شەریعەتمەداری بەتایبەتی ئاماژەی بەوە نەکرد کە هەندێ بەش کە هەڵکردن لەگەڵیان نەلواو بوو، هاوڕاییان لەسەر پێکهاتبوو و بەمەش موفتیزادە بە شکستخواردنەوە شوێنەکەی بەجێ هێشت. بە باوەڕی ماجێد ڕووحانی، ئەوە لەو کاتەدا بوو کە بۆچوونی موفتیزادە لەسەر ڕێژیم گۆڕا. نابراو هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەری ئەوە زۆرە کە بە ئەنقەست خەریک بوو فێڵیان لێ دەکرد. لێکەوتەکانی هەموو ڕووداوەکانی ساڵی پێشوو هاتنە بەرچاوی.

ئەگەر موفتیزادە خەریک بوو لە لایەن

ڕێبەرانی شۆڕشەکەوە پشتگوێ دەخرا، ئەوا بڕیاری دا کە کارێک بکات دەنگی ببیسترێت. ئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان دوایین هیوای بوو بۆ گۆڕینی شەپۆلی ڕووداوەکان پێش لەوەی یاسای بنەڕەتییەکە بگاتە دواقۆناغی و بەمەش بێسەروبەرەیی لە کوردستان زیاتریش پەرە بستێنێت. موفتیزادە پێی نایە نێو مەیدانی پیرۆزی حوسێنییەی ئێرشاد. مزگەوتێکی تاران کە مێژووی چالاکییەکانی بەناوبانگ بوو، لەوێ بوو کە عەلی شەریعەتی خوێندنەوەی ڕیفۆرمیستیی خۆی لە ئیسلام پێشکەش کرد و بە مارتین لوتێری موسوڵمانان شوبهاندیان، لەوێ بوو کە مێهدی بازرگان بیرۆکە موناقشەهەڵگرەکانی خۆی لەسەر ئیسلام و حکوومەت خستەڕوو. کاتێک کاتی یەکەمین خوتبەی موفتیزادە هات، بە هەموو هەستی خۆی وتاری دا:

*«بە ناوی ئیسلام، ئەوان، ئەم درۆزنانە، خەڵکانی زۆری شیعە و سوننەیان دەستبەسەر کردووە! چۆن ئیزن بە خۆتان دەدەن خومەینی لەگەڵ یارانی پێغەمبەر بەراورد بکەن؟ هەزار خومەینیست ناگاتە ئاستێکی یەکێکیان... (بە ڕاستەوخۆ ڕووکردن لە ڕێژیم) ئێوە شەڕانین، بێشەرەفن! بانگەشە دەکەن و دەڵێن ئێمە براین و دواتر کاتێک سوننییەک ڕەخنە لە خومەینی دەگرێت، هەڕەشەی دەستبەسەرکردنی لێ دەکەن و بە کەسێکی مونافق و ڕەنجبەخەساری ناو دەبەن. ئەمەیە برایەتی؟ سپاس بۆ خوا کە تا ئێستا ئاستمان ئەوەندە دانەبەزیوە کە پێتان بڵێین بێ ئیمان. سپاس بۆ خوا کە تا ئێستا ئیدیعامان نەکردووە کە خواوەند لایەنگری ئێمەیە، کە ئایینمان دروستە و ئایینتان هەڵەیە. سپاس بۆ خوا. داواتان لێ دەکەم جیاوازیش مەخەنە نێوانمانەوە... ئێمە وەکوو خۆمان لەبەر ئایینەکەی ڕەخنەی لەم دەوڵەتە ناگرین، نا. ڕێبەرانی ئەم دەوڵەتە کە مەستی دەسەڵاتن، ئێمە ڕەخنە لەوان دەگرین کە ئەم هەمووە شیعە و سوننە و موسوڵمانانە دەخنە پشت مێلەکانی زیندان، لەبەر ئەوەیە ئێمە ڕەخنەیان لێ دەگرین. لە بەرامبەر هەموو فێڵبازییەکانتاندا، ئێمە تۆڵەمان لە هیچکامتان نەکردووەتەوە. بەڵام ئێمە ڕایدەگەیەنین کە... ئێوە دەڵێن کە ویلایەتی فەقیهـ ئیسلامی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئێمە بە دژی ویلایەتی کەسێکین، ئێمە کەسمان قەبووڵ نیە، ئێمە قورئانمان قەبووڵە: (خوێندنەوەی قورئان) «ئەمروهوم شۆرا بێنهۆم». جا ناوی بنێین حکوومەتی پاشایەتی شا، یان ویلایەتی فەقیهـ دەسەڵاتی تاکەکەسێک دەسەڵاتی تاکەیەک کەسە... دەک دەستی فێڵبازان بشکێ!»*

پاش ئەوەی بە ئاشکرا لە مزگەوتێکی شیعەدا ڕایگەیاند کە ڕێژیم فێڵبازە و ئەوەش کە ئەو ئیدی ناتوانێ هاوکاریی ئیمام (خومەینی کە ئەو لە سەرەڕۆییەکەیدا لەگەڵ شا بەراوردی کردبوو) بکات، ژمارەیەک لە بەشداربووان تووڕە بوون. موفتیزادە ناچار کرا کە لە دەرگایەکی پشتەوە مزگەوتەکە بەجێبهێڵێت.

### هیجرەت

موفتیزادە لە جەرگەی شەڕێکی هەمەلایەنەی ڕاپەڕیوە کوردەکان و دەوڵەتدا گەڕایەوە سنە. لەم کاتەدا کە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی لە کۆتاقۆناغی خۆیدا بوو، بڕیارەکەی بۆ ئیدی هاوکاری نەکردن لەگەڵ ڕێژیم تەنیا دەیتوانی ببێتە هۆی کڕینەوە ئابڕووی. ژمارەیەک

کۆپیی وتارەکەی لە حوسێنییەی ئێرشاد لە لایەن لایەنگرانییەوە لە نێو شاردا بڵاو کرانەوە، بەڵام دەنگی تۆپخانە و جێتە شەڕکەرەکانی دەوڵەت بوون بە هۆی ئەوەی کە وەرسوورانی موفتیزادە تۆزە کاریگەرییەکیشی، کە ئەگەری هەبوو لەسەر باشتربوونی ئابرووە خەوشدارەکەی هەبێت، لای زۆرێک لە خەڵک نەبێت. ناحەزانی هەوڵیان دا وا نیشانی بدەن کە ئەو بەرواڵەت دەمەقاڵەی موفتیزادە لەگەڵ ڕێژیم بە فێڵ بناسێنن، وەک ئەوەی پیلانێکی بەلاڕێدابەرانی دیکەی ڕێژیم بۆ فێڵ کردن لە کوردەکان بێت. کۆمەڵە، بەتایبەتی، کاتێک سەلما کە پیاوی ژیری خوا، بەو جۆرەی ئەوان پێیان دەگوت، دوایین ڕێبەرێک بوو لە کوردستاندا کە وازی لە ڕێژیمێک هێناوە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیلی کوردی بە هەناسەساردییەوە کوشتووە، یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی خۆی بە سەرکەوتوویییەوە پتەوتر کرد. گاڵتە کردنێکی زۆر ئازاردەر هەبوو کە لەوە بەدواوە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە سنە بەکار دەهێنرا: «ئەحمەد موفتیزادە، کۆتوشەلوارەکەی داوە بە جلشۆری و لەبیری کردووە پێشتر «بەڵێنی خودموختاری»یەکە لە گیرفانی دەربهێنێت».

کە گەیشتە نوامبری ١٩٧٩، پیتەختی پارێزگای کوردستان، سنە بە کردەوە لە نێوان دوو دەستەی کۆمەڵە کە تا دەهات زیاتر چەکدار دەبوون وهەروەها لایەنگرانی مەکتەب قورئان کە ئامانجی سیاسیی خۆیان و مانای بوونی خۆیان لە پاش کێشەکەیان لەگەڵ ڕێژیمدا بە زۆری لەدەست دابوو دابەش ببوو.لە بەدشانسیی زیاتری موفتیزادە، هێرشی سەربازیی ڕێژیم بۆ بەدەستهێنانەوەی کونترۆڵی دەوڵەت لەسەر زۆرێک لە ناوەندی شارەکانی کوردستان دەرکەوت کە کاتەکی بووە. لە دێسامبر، زۆربەی شارە سەرەکییەکانی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بە کردەوە لە ژێر کونترۆڵی حیزبە کوردییەکاندابوون. ئەوە بۆ زۆر کەس ترسناک بوو کە بژاردەی شەڕ بۆ پێشمەرگەکان خەریک بوو کاریگەر بێت.

هەروەها لەم کاتەدا، شۆڕای خوبرەگان دوایین ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی تەحویل دابوو. نێوەڕۆکەکەی بە ئاشکرا دژایەتیی هەبوو لەگەڵ بوونی بیرۆکەی مافی کەمایەتی و بە جۆرێک دێموکراسی لە ئێراندا. جگە لەوەی ئیسلامی شیعە کرابووە ئایینی فەرمیی وڵاتەکە، زمانی فارسیش کرایە زمانی فەرمیی ئێران (پاش ئەوەی چەمکی قەوم بە ئاشکرا لە لایەن خومەینییەوە مۆری غەیرەئیسلامیی لێ درا) و هەروەها ویلایەتی فەقیهـ دەسەڵاتی ڤیتۆی سەرەڕۆیانەی لە پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی کاروبارەکانی وڵاتدا، بە زانایەکی شیعە بەخشی. کاتێک لە ماوەی حەوتووی یەکەمی دێسامبردا، یاسای بنەڕەتیی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران خرایە ڕیفراندۆمی سەرانسەرییەوە، بەشداریی دەنگدەران زۆر کەمتر بوو لە ڕیفراندۆکەکەی پێشتر و لە کوردستان و هەندێ لە پارێزگا کەمایەتی نشینەکانی دیکەدا بە کردەوە هەر دەنگدەرێک نەبوو. یاساکە بەهەرحاڵ بە زۆرینەیەکی هەرە بەرچاو دەنگی هێنایەوە. بەمەش شکستی سیاسیی موفتیزادە گەیشتە قۆناغی کۆتایی.

لەڕۆژێکی ساردی زستاندا، برای موفتیزادە، عەبدوڵلا، لەگەڵ بنەماڵەی لە ماڵی خۆیدا بوو. کوڕی گەورەی بنەماڵەکە، ڕەزا، کە سێ خوشکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، چووە دەرەوە تا زبڵی ناوماڵ بڕێژێت. هەر چەند چرکە پاش ئەوەی دەرکەی حەوشەی لە خۆی پێوەدا، دەنگی تەقە هات. ڕەزا بە تلاوتل خۆی گەیاندەوە ژوورەوە لای بنەماڵە ڕاچڵەکاوەکەی. کاتێک عەبدوڵلا چووە دەرەوە بزانێ چی بووە، بە ڕیزێک گوللە ناچار کرا بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو کونانەی کەوتبوونە نێو دیواری ماڵەکە، بایی ئەوەندە ڕوون بوون کە بزانن ئەندامانی کۆمەڵە هەوڵیان داوە براکەی موفتیزادە و برازاکەی تیرۆر بکەن. ئەم ڕووداوە پاش ئەوە بوو کە مانگێک پێشتری چەند جار

هەوڵ درابوو خودی موفتیزادە تیرۆر بکەن.
لــەم قۆناغــە زەمەنییـــەدا، موفتیـــزادە، ســـەرەڕای بڕیارەکانی، ئاگاداری ئەو دەنگۆیانە بووەوە کە پێـــڕەوان و لایەنگرانی لە چەندین دەرگیریـــی چەکدارانـــە لەگـــەڵ ئەندامانی کۆمەڵەدا تێوەگلاون. ئەو تاکانەی کە ئیدیعای بەستراوەبوون بە موفتیزادەیان دەکرد، ئەگەر زۆر بوون بۆ خۆیان هێرشی تۆڵەکردنەوە نەکەنە ســـەر ئەندامانی کۆمەڵە لە سنە. کاتێک هیوا بە ڕێگەچارەی سیاسی نەما و توندوتیژی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەی دەســـەند، ئیدی زەحمەت نەبوو کە وێنای ئـــەوە بکرێت کە ڕووداوەکان لە ســـنەدا بـــەرەو شـــەڕێکی هەمەلایەنە لە نێـــوان حیزبە کوردییـــەکان دەچێت. کۆمەڵە و حیزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێران، مەکتـــەب قورئانیان بـــە هاریکاریی بەردەوام لەگـــەڵ ڕێژیـــم تۆمەتبـــار دەکرد، یـــان لە باشـــترین حاڵەتی خۆیدا بـــە هێزێک ناویان دەبرد کە لـــە لایەن ڕێبەرانی شۆڕشـــەکەوە کە شـــەڕیان بەسەر کوردســـتاندا سەپاندبوو، فێڵی لێ کراوە. بە نزیکبوونەوەی ســـاڵی نوێ، ئـــەم حیزبانە بـــەردەوام بوون لـــە زۆربوونی ئاســـتی خۆشەویســـتییان و بە هەســـتکردن بـــە ســـەرکەوتوویەوە دەســـەڵاتی شـــارە کوردییەکانیان لەدەســـتدا بوو. ئاشتیهەڵنەگر بوونی جیهانبینیی مەکتەب قورئان و کۆمەڵە بەرەو خاڵی پێکدادان دەڕۆیشـــت. موفتیزادە، ئەگەرچی لە مردن نەدەترسا، زانی کە گیانی لە مەترســـیدایە و دەیشیزانی کە تیرۆری ئەو دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لە سنە و دەرەوەی ســـنەیش. تەنیا بژاردەیەکی ڕوونـــی بۆ مابوویـــەوە تا خۆی لـــە براکوژی بپارێزێت.
لــە ژانویــەی ١٩٨٠دا، موفتیـــزادە بـــە لایەنگرانی خـــۆی ڕاگەیاند کە ســـنە بەجێ دەهێڵێت و دەچێت لە کرماشـــان نیشتەجێ دەبێـــت کـــە دوو کاتژمێر لەوێـــوە دوورە. لە کاتی شـــیکردنەوەی هەڵوێســـتەکەی، ناوبراو ئاماژەی بە هیجرەتـــی حەزرەتی موحەممەد کرد کاتێک لە پێناو خۆبواردن لە شەڕ لەگەڵ عەشـــیرەتە مەککەییـــەکان کە دەیانویســـت بیکوژن، لە مەککەوە بۆ مەدینەڕۆیشت. ناوبراو وتی هەر وەک لـــە ئەزموونەکەی پێغەمبەر و یارانی دیارە، «ئەگەرچی ئێمە نامانەوێ ئەوان بکووژیـــن، ئەوان ئێمە دەکـــووژن»، بە ئاماژە بە لایەنگرانی کۆمەڵە لە کوردســـتان. ناوبراو شـــەڕکردن لەگەڵ هەر هێزێکی ڕکابەری لە لایەنگرانی خـــۆی قەدەغە کـــرد و داوای لە هەموو ئەو کەســـانەی کە لـــە ژیانی خۆیان دەترسان کرد، شارەکە بەجێبهێڵن. لە هەمان مانگدا، موفتیزادە شـــارەکەی بەجێ هێشت. کۆمەڵە بە شێوەیەکی کاریگەر شەڕی نفووزی لە ســـنە بردەوە کاتێک کوڕەکەی موفتیزادە پاشەکشەی کرد.
لە ماوەی ســـاڵ و نیوێک دواتری، کۆمەڵە و گرووپەکانی تر شـــەڕێکی خوێناوی لەگەڵ دەوڵەتـــی ناوەندی دەکەن کە بە نرخی ژیانی هەزاران کەس و بەبێ دەستکەوت دەبێت.

## شەڕێکی داسەپاو

لە شاری کرماشانەوە، موفتیزادە بە شێوەیەکی پێداگرانە درێژە دەدا بە ڕەخنەگرتن لە ڕێژیم. ناوبـــراو شـــەڕی ڕێژیم بـــە دژی کەمایەتیی سوننی بە نارەوا ناو دەبات و کۆماری ئیسلامی بە نائیســـلامیبوون مەحکـــووم دەکات ـ فێڵ و تەڵەکەی ســـەردەمی شۆڕش کە لە هەموو شـــوێنێکدا دەبینرێـــت-. ناوبـــراو ڕێنوێنیی لایەنگرانی دەکات کە هەموو جۆرەکانی ژیانی سیاســـی لە ڕێژیمدا بایکـــۆت بکەن و هەموو هاوکارییەکانی لەگەڵ ڕێژیم ڕادەگرێت.
ســـەرەڕای ڕاگرتنی پشتیوانی و بەشداری لـــە حکوومەتی نوێدا و بوون بە ســـیمایەکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا، موفتیزادە نەچووە نێو فەزیلەتی تاکەکەســـیی خۆیەوە. ئەزموونی چەند ســـاڵی ڕابـــردووی، ئەوی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە سوننییەکانی ئێران هیچ

کات بە شێوەی دروست لە لایەن دەوڵەتێکەوە خزمەت ناکرێن کە لێیان بە گومان بوو و ڕقی لە نێوئاخنی باوەڕەکانیان بوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە کەمینەی سوننی لە ئێران، ئەگەر دەیانەوێ درێژە بە ژیان بدەن، پێویستە لە نێو خۆیان، خۆیان ڕێکبخەن. لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، ناوبراو دامەزرانی «شەمس»(شوڕای مەرکەزییەتی سوننە)ی ڕاگەیاند. ناوبراو هیوادار بوو کە ئەو ناوەندە، وەکوو ناوەندێکی کۆمەڵگای مەدەنی نەک حیزبێکی سیاسی، بتوانێ دەنگی سوننییەکانی ئێران لە کاتێکدا یەک بخات کە دەوڵەتێکی شیعە دەیویست بیخنکێنێت. لە ماوەی دەستپێکی ١٩٨٠ تا کۆتایی هاوینەکەی، هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وا دیار بوو کە ئەرکی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمیان لەسەر پرسەکانی کوردستان لە کاناڵگەلێکی بە زۆری نهێنییەوە گرتە ئەستۆ، لە کاتێکدا شەڕ درێژەی هەبوو. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم وتووێژانە چەندە زاڵ یان جیددی بوون کە لەم بارەوە بۆچوونی پێکناکۆک هەیە، بە ئاکامێکی ئەوتۆ نەگەیشتن.

لە ٢٢ی سێپتامبری ١٩٨٠دا، ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویداکە مێژووی ئێرانی بۆ هەمیشە گۆڕی. سەددام حوسێن، بە هەستکردن بە لاوازیی بەهێزترین و سەرەکیترین ڕکابەری دراوسێی ڕۆژهەڵاتی خۆی، بڕیاری هێرشی ئاسمانی و زەوینی بۆ سەر ئێرانی دەکرد. ناوبراو هیوادار بوو بەم کارەی تاران بگرێتە دەست و دەوڵەتێکی نزیک لە خۆی بێنێتە سەر کار و هاوکات بەشە لە نەوتدا دەوڵەمەندەکانی باشووری ئێرانیش بە جوغرافیای وڵاتەکەیەوە بلکێنێت. ڕێکاری سەرکەوتنەکە وا دیار بوو ئەمە بوو: ئەرتەشی ئێران لە کوردستاندا زەمینگیر بووە، زۆرێکیش لە ژێنێراڵە ئەستێرەدارەکانی سوپای پاشایەتیی پێشوو یان لەسێدارە دراون یان لە زیندان کراون. ناڕەزایەتیی سیاسی لەسەر چەندین پرسی گرینگ لە نێوخۆدا لەئارادا بوو، و هەروەها کەمایەتییە ئێتنیکییەکانیش هەبوون (لەوانە عەرەبەکان) کە بە دڵنیاییەوە ئەو دەرەتانەیان کە بە هۆی هێرشەکە دەهاتە کایەوە، دەقۆستەوە بۆ توندکردنی شەڕەکەیان لەگەڵ ڕێژیمە ئیسلامییەکە. لە مانگە سەرەتاییەکانی شەڕەکە، ئێران زەبری قورسی لێ کەوت هەم لە باری لەدەستدانی خاک و هەم لەدەستدانی پێرسۆنێلەوە. دەوڵەتی شۆڕش کە یەکێک لە بەتواناترینی ئەرتەشەکانی جیهانی بۆ بەمیرات مابووەوە، دەستوپێی ون کرد. ئەو فڕۆکەوانانەی هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی شا بە پەلە لە بەندیخانەکان قۆڵکێش کران و فڕێ درانە نێو جێتە شەڕکەرەکانی دروستکراوی ئەمریکا و پێیان گوترا کە بەرگری لە وڵاتەکە بکەن و هاوکات ئەو لاوە ئێرانییانەی، کە هیچکات چەکیان بە دەستەوە نەگرتبوو، لە سەرانسەری وڵاتەوە بەرەو بەرەی شەڕ وەڕێکەوتن و وڵامی بانگەوازی خومەینی بۆ جیهاد لە دژی ئەرتەشی داگیرکەریان دایەوە.

شۆڕشگێڕە کوردەکانیش لە ئێراندا بەم هێرشە تووشی سەرسووڕمان بوون و کەوتنە زەحمەت بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان لەم پەیوەندییەدا. لە لایەکەوە، پەیوەستبوونی بە سوپای عێراق ڕەنگ بوو ڕوونترین دەرەتان بووبێت کە تا ئەو کاتە کوردەکان بۆ شکستدانی کۆماری ئیسلامی کە لە شۆڕشەکە بەملاوە ئامادە نەببوو مل بە داخوازییەکانیان بدات، هەیانبوو. لە لایەکی دیکەوە، سەددام حوسێن بۆ خۆی دوژمنێکی پایەداری خەڵکی کورد بوو و هاریکاری کردن لەگەڵ ڕێژیمی عێراق بە دژی دەوڵەتی ئێران دەبووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە خەڵکی ئێران وا بیر بکەنەوە کە ویستی ئیدیعاکراوی کوردەکان بۆ بەشداری لە ئێرانی دێموکراتیک و یەکگرتوو، ساختەکارانەیە. ئەمە بوو بە هۆی پێکهاتنی ژمارەیەک هاوپەیمانیی سەرلەشێواوانە کە لەیەکەم ساڵەکانی شەڕەکەدا بەردەوام بوو،

هاوپەیمانیگەلێک کە زیاتر بەو هۆیەوە سەری گرت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە پێناو شکستدانی عێراق ، کەوتە بەرەی سوپای ئێران لە شەڕ لەگەڵ هێزە کوردییەکان. هێزە کوردییەکانی دیکەی عێراق، لەوانە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کەوتنە بەرەی هێزە کوردییەکانی ئێران.

هەر لەو کاتەدا، هەندێک لەو بزووتنە سیاسییە دۆڕاوانەی شۆڕشەکە، بەتایبەتی گرووپی چەپگەرای ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک (MKO) دەستیان کرد بە کاری نهێنی و کەمپەینی تیرۆری ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامییان بە هیوای دارماندنی ڕێژیمەکە لە نێوخۆوە خستەڕێ. ئایەتوڵڵا بێهێشتی و موحەمەد جەواد باهونەر، دوو کەس لە بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی کە ئەحمەدی موفتیزادە لە بەندیخانەکانی شادا لەگەڵیان لەسەر گۆڕینی ڕێژیم ئاڵوگۆڕی بیروڕای کردبوو، تەنیا دوو کەس لەو ژمارە زۆرە کەسە پایەبەرزانەی ڕێژیم بوون کە لە وەها هێرشگەلێکدا کوژران. لە کۆتایی ١٩٨١دا، ئێران، لە هەموو بەرەکانەوە، لە جەرگەی شەڕێکی هەمەلایەنەدا بوو.

ئێران دواجار بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێکخستنی نێوماڵی خۆی یەکەمین پرسی گرینگە لە شەڕی دژواریدا لەگەڵ سوپای هێرشبەری عێراقدا. بژاردەی سوپای پاسدارانی شۆڕش هەوڵەکانی خۆیان لە ناوچەی کوردستاندا دووقات کرد. ئێران، بە هیوای سەرمایەدانان لەسەر بەکەڵک بوونی ناسیۆنالیزم و شوناسی هێزەکی کوردی کە ئێستا ئیدی دانی پێدانرابوو، دەستی کرد بە ڕێکخستنی هێزەکانی «پێشمەرگەی موسوڵمان» لە پێناو ئەوەی هاوکاریی یەکە میلیشیاییەکان بکەن. بیرۆکەی پشت ئەم هێزە میلیشیاییە ئەوە بوو کە تا ڕادەیەک دان بە شوناسی ئیتنیکیدا بنرێت و هاوکات سەرمایەدانان بێت لەسەر هەستی دژەکۆمۆنیستیی کۆمەڵگای نەریتی و پارێزگاریخوازی کوردی. بە هەر پێوەرێک بپێوین، ئەم هەوڵە لە ڕێکخستنی بەشێکی بەرچاوی سونییە کوردە ئێرانییەکاندا شکستی خوارد ـ زۆربەی بەشداربووانی هێزی «پێشمەرگە موسوڵمان» بەکرێگیراوی عەشیرەیی یان کوردە شیعەکان بوون. ئەمە بەو مانایە بوو کە بەشداریکردن لەو هێزە میلیشیاییە تا ڕادەیەک کەم بوو. سەرەڕای ئەمەش، دەنگۆ بڵاو بووەوە کە ژمارەیەک لە ئەندامانی هێزی پێشمەرگەی موسوڵمان، پەیمانیان لەگەڵ ئەحمەد موفتیزادە هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی موفتیزادە بە ئاشکرا گرووپەکەی ڕەد کردەوە، دەوڵەتی ئێران دەستی کرد بە بەرینترین ڕەشبگیری جیابیرانی سیاسی لە وڵاتدا. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان ئەو ئەندامانەی مەکتەبی قورئان بوون کە بە ئاشکرا بەرامبەر ڕێژیم دەدوان. ئەوان لە ئاگۆستی ١٩٨٢دا ژمارەیەک لەو تاکانەیان لە سنە کە ڕەشبگیرییە سیاسییەکە لەوێ لە هەموو شوێنێک قورستر بوو، دەستبەسەر کرد. بە زۆری دیار بوو کە زۆر ناخایەنێت سەرکوتەکە دەگاتە شارەکانی دیکەی کوردستانیش.

لەڕۆژێکی گەرمی هاویندا لە کرماشاندا لەو شوێنەی کە، ئەگەر کەمێک بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، گەرمیی خۆشی پاشنیوەڕۆیەک دەیتوانی لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت، بیرکردنەوە لەو شەڕە سارد و حەسێب بۆکراوەی کە تەنیا چەند مایل لەولاترەوە کەفوکوڵی دەکرد بڕەوێنێتەوە، موفتیزادە لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازیی لە میوانێکی زۆر تایبەت کرد. شاعیری بەناوبانگی کورد، عەبدوڵڕەحمان شەرەفکەندی، کە لە خۆشەویستیدا بە مامۆستا هەژار ناوبانگی هەبوو، لە ڕێگەی دۆستێکی هاوبەشەوە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی لە دەورووبەری تارانەوە ڕێی ناسینی موفتیزادەی گرتبووە بەر. هەژار نوێنگەیەکی زیندووی کولتووری کوردی بوو.

هەژار وەکوو شاعیرێک و نووسەرێکی ئەدەبی کوردی، یەکێک لە یەکەمین شۆڕشگێڕەکانی کۆماری مهاباد بوو کە ناچار بە تاراوگەنشینی کرا و تازە گەڕابووەوە ئێران. ناوبراو، بە هۆی دەیان دەقی نووسراویەوە، بە کەسێک دەناسرا کە زمانی مۆدێرنی کوردیی فۆرمۆلە کردبوو. لە کاتێکدا کە ژمارەیەک لە نزیکترین پێڕەوانی موفتیزادە لە سەرانسەری کوردستاندا لە ڕەشبگیری دەوڵەتدا دەستبەسەر کرابوون، هەژار دەیویست لەگەڵ موفتیزادەی هاوڕێی قسە بکات و پەیامێکی پێ بگەیەنێت.

کاتێک پێکەوە دانیشتن، هەژار وتی «کاکە ئەحمۆ»، کە موفتیزادە لە خۆشەویستیدا بەو جۆرە ناو دەبرا، «تۆ دەزانی کە ئەوان ڕەنگە بیر لە دەستبەسەرکردنت بکەنەوە. هیچ نەبێت، ئێستا خەریکن بەرنامەڕێژیی بۆ دەکەن». موفتیزادە چاوی لە چاوی هاوڕێکەی بڕی و وڵامی دایەوە «دەزانم». هەژار درێژەی دا و وتی «پێموایە تۆ دەبێ وڵات بەجێ بهێڵیت. هەندێ کەس دەناسم کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لە ئێران بچیتە دەرەوە. کەسانێکی زۆر شارەزان. هیچ مەترسییەکی تێدا نیە، وەکوو خزمەتێک بە من حەز دەکەن یارمەتیت بکەن».

موفتیزادە لە وڵامی هەژاردا، بە شێوەیەکی هەستبزوێن پرسیاری کرد: «ئەوە تەنیا پەیوەندیی بە منەوە نیە. ئەدی ئەو خەڵکەی ئەوان دەستبەسەریان کردوون چی؟ ئەگەر من بڕۆم، چی بەسەر ئەوان دێت؟ ئایا من هۆکاری ئەوە نیم کە ئەوان دەستبەسەرن؟» و لە کۆتاییدا وتی «ڕەنگە ئەو خەڵکە بکووژن». هەژار لە مەبەستەکەی موفتیزادە تێگەیشت. سەرەڕای ئەوەش، هەژار لە خستنەڕووی هۆیەکانی بەردەوام بوو و وتی کە ژیانی لە مەترسیدایە و ئەگەر بڕوات، ڕەنگە یارمەتیدەر بێت کە ڕقی ڕێژیم دامرکێتەوە. ڕەنگە هەمان ئەو هۆکارەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە هێشتا دەستبەسەریان نەکردبوو. بەڵام موفتیزادە هیچ لە پێشنیارەکەی هەژار دوودڵی بۆ درووست نەبوو. ناوبراو وتی: «ئەگەر ئەوان من دەستبەسەر بکەن، ڕەنگە ئەوانی دیکە ئازاد بکەن. شوێنی من لێرەیە. زۆر سوپاس مامۆستا گیان».

حەوتوویەک دواتر لە تاران، موفتیزادە لە ماڵی بابامەردوخ ڕۆحانی، نووسەرێکی هێژای کورد و دۆستێکی نزیکی بنەماڵەی دانیشتبوو. ئەو ڕۆژە ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٨٢ بوو و کەسێک زەنگی دەرگاکەی کە دەبوو بە پلیکاندا بۆی چووبایەتی خوار، لێیدا. ماجید ڕووحانی تازە دەرگای ئاپارتمانەکەی کە کەوتبووە دەرەوەی شار کردەوە و وتی دەچێتە خوارەوە بزانێ کێ زەنگی لێداوە. کاتێک دەرگاکەی کە بەرەو شەقام دەکرایەوە، کردەوە، چوار پیاو پاڵیان پێوەنا و لەسەر ڕێگە لایان برد و داوایان کرد پێیان بڵێ ئەحمەدی موفتیزادە لە کوێیە. چوار کەسەکە بە پەلە بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وڵامێک بن. ماجید چاوی بە وانێک کە چەندین کەس لەمبەروئەوبەری ڕاوەستابوون کەوت کە لە دەورەوە چاوەڕێی دەکرد. ئەو یەکێک لەو کەسانەی ناسییەوە، کەسێک کە حەوتوویەک لەمەوبەر لە ئیدارەیەکی خانەی بڵاوکردنەوە، لەو شوێنەی ماجید کاری دەکرد، وەکوو لایەنگرێکی کۆمەڵە ناسێندرابوو. ناوبراو بە بیبینی ئەم کابرایە کە خۆی بە «عەلی کەیهان» ناساندبوو، زۆر سەری سووڕما، بەم هۆیەوە لە ناکاو هەموو شتێک هاتەوە بەرچاوی کە دەوڵەت لە چەند حەوتوو پێشترەوە بە نهێنی خەریکی چاودێریی ئەو و موفتیزادە بووە. ماجید خێرا مێشکی بۆ لای ئاکامی بێ ئەملاوئەملای ئەوەی خەریکبوو ڕووی دەدا، چوو.

هەرچی بنەماڵەکە نارەزایەتییان دەربڕی، بێ کەڵک بوو و پیاوەکان موفتیزادەیان بە زۆر بردە خوارەوە و خستیانە نێو وانەکە. ئەندامانی لاوتری بنەماڵەکە خۆیان دایە بەر ماشینەکە و پێداگر بوون کە ئەوانیش دەبێ لەگەڵیان

بچن، جا بۆ هەر شوێنێک دەچن. سەرەتا «کەیهان» هەوڵی دا بە قەناعەتیان بێنێت کە لەسەر ڕێگەکە لابچن و دواتر ئەوان پێیان بە سەیارەکە نا و خەریک بوو بیانکەن بە ژێرەوە. وانەکە لە کۆتایی شەقامەکەدا لەبەرچاو ون بوو.

## ئەنجام

ئێمە بە وردەکاریگەلێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە بارەی پەیوەندیی نێوخۆیی و ئەوپەڕنێوخۆییی بزووتنەوە و کەسایەتییە جیاوازەکانی کوردستان و ئێراندا چووینەوە. لە کۆبوونەوە و هاوڕێیەتیی موفتیزادە لەگەڵ ڕێبەرانی داهاتووی شۆڕشە شیعەکەوە لە زیندانەکانی شادا تا ئەوەی موفتیزادە دواجار لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکییەوە لە بەرامبەر بنەماڵەی هاوسەرەکەیەوە کەوتە بەر تاقیکارییەوە. بەڵام ڕەنگە بۆ باسکردن لەسەر هێڵی ناسکی نێوان برایەتی و جیایی لە کوردستانی ئێرانی ئەو کاتەدا، نموونەیەکی باشتر لەو داستانەی پەیوەندیی بە برازای موفتیزادە، کچی عەبدوڵڵای براگەورەی ئەحمەد، بوونی نەبێت. کاتێک ئەم کچە لە کۆتاییەکانی ٨٠کاندا بە هۆی مردنی عەبدوڵلاوە گەڕایەوە ئێران، زۆر سەری سوڕما کە پۆستێرێکی ئایەتوڵڵا خومەینی بە دیوای ماڵی بنەماڵەیان لە دەرەوەی تاران هەڵواسرابوو. دواتر دەرکەوت کە ناوبراو تەنانەت لە کاتێکدا کە براکەی ئەحمەد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو و سەرەڕای ئەوەی چەندین جار میوانداریی موفتیزادەی کردبوو لە کاتی مەرەخەسی دەرەوەی زیندانی و ڕۆژانە دۆعای کردبوو کە براکەی ئازاد بکرێت، هێشتا تا کاتی مردنی، وێنەیەکی خومەینیی بە هەڵواسراوی ڕاگرتبوو. عەبدوڵڵا کە زۆر لەوەی وەکوو کەمپەینی تیرۆری لە کوردستان لە لایەن «کۆمۆنیستەکان»ەوە بینی و خۆی و بنەماڵەکەی ناچار کرد سنە بەجێ بهێڵن، توورە بوو، پشتیوانی لە هەوڵە سەرکەوتووەکانی دەوڵەت بۆ ڕاوکردنیان کرد. هەڵە بەردەوامەکانی موفتیزادە لە چاوی زۆرێک لە ناسیۆنالیستەکانەوە، پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە ناوبراو بەنیسبەت نییەتەکانی دەوڵەتی شۆڕشەوە خۆشبین بوو و لە جیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی تاکلایەنە لای حیزبە کوردییەکانی تر و داخوازییەکانیان بگرێت، تاقەتپڕووکێنانە لە هەوڵی پێکهێنانی کۆدەنگی لەگەڵ دەوڵەت بوو. بەڵام موفتیزادە ڕاستی دەکرد کاتێک وتی کە ئاستی خۆشەویستیی شۆڕشەکە و ڕێبەرانی لە ئێراندا زۆر بەرزە. زۆربەی خەڵکی ئێران بەنیسبەت نییەتەکانی ئیمام خۆشبین بوون. زۆربەی خەڵکی ئێران لەوەدا بڕوایان بە ڕێژیم کردبوو کە لە ڕێژیمی پێش خۆی دێموکراتیکتر دەبێت. کەواتە، پرسیاری ڕاستەقینە ئەوە نییە کە موفتیزادە چۆن لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشەکە هاریکاریی کرد، بەڵکوو ئەوەیە کە بۆچی باقی خەڵکی کوردستان هاریکارییان نەکرد. وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە هەیە.

دەوڵەتی ئێران دواجار لە کۆتایی ١٩٨٢دا، کونترۆڵی شارەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتە دەست. بەڵام شەڕ لە کوردستان لە هەر دوو بەری سنوورەوە بە درێژایی شەڕی ئێران ـ عێراق درێژەی کێشا. لە شارگەلێکی وەک سنە و مهاباد، نەوەیەک مرۆڤی کورد لە نێو دووکەڵی بیرۆکە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەرانیان لەنێو چوون و بەمەش برینگەلێک بەجێ ما کە تا ئەمڕۆ بە جەستەی ناوچەکەوە دیارە. هەزاران منداڵ کە لە شوێنی نزیک شەڕەکە لەدایک بوون، هەتیو بوون، یان ئەگەر شانسیان هەبووبێت، لە دیاسپۆرا سەریان دەرهێناوە و ئامانجەکانیان بە هۆی ئەو ڕووداوە گۆڕانکارییهەڵنەگرانەوە بۆ هەمیشە گۆڕاوە. تەنیا چەند مایل لەوبەری سنووری عێراقەوە، سەددام حوسێن شەڕی تەنانەت دڕندانەتری کوردەکانی خۆی دەکات کە بۆ ئەم مەبەستە کەمپەینی ئەلئەنفال (غەنیمەتەکانی

شەڕ) کە لە ئایەتێکی قورئانەوە وەریگرتبوو، وەڕێدەخات. کەمپەینەکە لە هێرشی چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری کوردی عێراق، شاری هەڵەبجە، دەگاتە لووتکە کە وێنەکانی لە سەرانسەری جیهاندا ڕووماڵ کران. بەگشتی، سەددام حوسێن نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەس لە کەمتر لە سێ ساڵدا دەکووژێت، لە پرۆژەیەکدا کە ئێستا پێی دەگوترێ جینۆساید. کاتێک ڕێژیمەکانی کۆماری ئیسلامی و بەعس شەڕەکانی خۆیان لە کوردستاندا ناو نا جیهاد دژی کافرەکان، ناسیۆنالیزم و سەروەریی کوردی، ئایدلۆژییەکی خۆڕاگر بوو کە هەموو حیزبە کوردییەکان تا ڕادەیەک لەم قۆناغەدا بەرەوپێشیان برد.

لە کاتێکدا چەند سەرۆک عەشیرە لە کاتی شۆڕشەکەدا هەوڵیان دا ڕێبەرایەتیی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردییە سەرەکییەکان مەحکووم بکەن (بەتایبەتی ئەو عەشیرانەی کە لایەنگری شا بوون)، زۆربەی عەشیرەکەتان بەڵێنی ڕاوەستان لە پەنای حیزبە سەرەکییە کوردییەکانیان دا یان کەوتنە ژێرکاریگەریی ناسیۆنالیستەکانەوە. کاتێک شۆڕشی ئێران ڕوویدا، شوناسی عەشیرەیی کوردی لای زۆرینە ببووە ناسیۆنالیزم وەکوو فۆرمێکی خۆجوێکردنەوە لەوانی دیکە لە دەورووبەریان ـ خۆجوێکردنەوە لە شوناسی عەرەبی، فارسی، تورکی و ئیسلامی. لەو بارەوە، ئەگەرچی بزووتنەوەکەی ئەحمەد موفتیزادە ئێعتباری ناسیۆنالیستیی ئەوی هەبوو، بەڵام بزووتنەوەکە لە باری زەمەنییەوە نەگونجاو بوو. ئیسلام ئیدی فاکتۆرێکی یەکخستن لە شوناسی کوردی نەبوو، و هەر بۆیە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئیسلام بکرێتەوە ڕەهەندی بنەمایی بزووتنەوەیەکی کوردی، تەنانەت بزووتنەوەیەک کە لە پلەی دووهەمدا پێداگری لەسەر ناسیۆنالیزم دەکرد، بێ ئەملا و ئەولا شکستی دەخوارد.

مارکسیسمی کۆمەڵەش، گرووپێک کە لە لایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە لە تاران دامەزرا، هەر وەک ئیسلامییەکان، لەیەکگرتووکردنی کوردستان شکستی دەخوارد. کۆمەڵە بە زوویی لە پێناو بەرینترکردنی پێگەی، هاوپەیمانییەکی کردەیی لەگەڵ شێخ عیزەدین پێک هێنا. کاتێکیش کۆمەڵە پەرەی سەند، بە شێوەیەکی بنەڕەتی وازی لە تەرکیزی مارکسیستی لە دۆکتۆرینەکەیدا هێنا. چەندین دەیە پاش شۆڕشەکە، کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە جۆرێک دەبنە دوو شاخەی گرووپێک کە ناسیۆنالیزمی کوردی باوەڕی بنەماییانە. مەکتەب قورئان، بەش بە حاڵی خۆی، وەکووگرووپێکی ئایینی بە شوناسی کوردییەوە درێژە بە ژیان دەدا. وەک لە بەشەکانی دیکەدا دواتر باس دەکرێت، گرووپەکە لە هیچ چالاکییەکی سیاسیدا بەشداری ناکات و وەکوو گرووپێکی تا ڕادەیەک بچووکی ئەندامانی لەخۆبردوو دەمێنێتەوە. هەروەک لە بەشی کۆتاییی ئەم کتێبەدا ڕوون دەکرێتەوە، کوردستانی ئێران وەک باقی بەشەکانی ئێران، ناسیۆنالیزمێکی کوردیی یەکتربڕی پەرە پێدا کە ئێستا بەردی بناغەی ویستە سیاسییەکانیەتی. لە سەردەمی سەرهەڵدانەوەی ئیسلامی سیاسیدا، لە سەرانسەری کوردستان و لە نێو زیاتر لە چل میلیۆن کەسدا، هیچ ئامادەبوونێکی بەرچاوی ئیسلامی بوونی نیە.

کوردستان سەرمەشقی گشتیی خۆشبینی، یەکگرتوویی و هاوکاری لەگەڵ شۆڕشخوازەکانی کۆماری ئیسلامیی تازەلەدایکبووی پەیڕەو نەکرد، چونکە ئەمە دژایەتی هەبوو لەگەڵ شوناسی کوردی کە لە ماوەی سەد ساڵی پێشوویدا پەرەی سەندبوو.

*. سەرچاوەی وەرگێران بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەیە:
Ezzatyar، Ali. 2016. The Last Mufti of Iranian Kurdistan Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East (New York: Palgrave Macmillan).

هەروەها سەرچاوەکان لە لاپەڕەکانی ١٥١ تا ١٥٨دا هاتووە.

# کوردەکان و ئیسلام*

نووسین: مارتین ڤان برۆنسێن
و: ژیلا خۆش بەیان

## بەکورتی

ئیسلام لە کوردستان پێناسەیەکی جیاواز و دیاریکراوی هەبووە و لە بەریەککەوتنی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ پەروەردە و ڕەوتە ئیسلامییەکان سەرچاوەی گرتووە، بەجۆرێک کە ئالۆزییەکانی ڕەوتی ڕاستی ئایینی (ئۆرتۆدۆکسی) و چەپی ئایینی (هێترۆدۆکسی) بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەریی لەسەر کوردستان داناوە. کوردستان بەشێوەیەکی لێکدژ، هەم ناوەندی ڕەوتێکی ڕاستی ئایینیی سوننەی توندڕەو و هەم شوێنی هەندێک لە جیاوازترین ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو، ئایینی ئێزدی و ئەهلی حەق و هتد بووە کە لە ناوەند و باشووری کوردستان سەریان هەڵدا. لە کوردستان ئایینی تێکەڵاو و جیاواز پێکەوە ئەژین و پەیوەندیی نێوان ڕێبەرانی ئایینیی کوردی سوننە، زۆرتر لەگەڵ شیعەکان، ئێزدی، ئەهلی حەق، ئەرمەنییەکان، مەسیحییەکان و جووەکان بە شێوەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بووە. هەروەها تەریقەتی سۆفی یان سۆفیگەری بەشێوەیەکی بەرچاو لە کوردستان بوونی هەبووە و شێخەکانی ئەو تەریقەتە زیاتر نوێنەری ئیسلامی کوردی بوونە. لە سەدەی ڕابردوودا، کوردستان لە ژێر کاریگەریی تەریقەتی قادری و نەقشبەندیدا بووە کە لە بارودۆخە تایبەتەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا هەبووە. لەبەر ئەوەی کە ئەوان نوێنەرایەتیی پارادایمێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییان دەکرد کە خۆیان لە عەشیرە و هەروەها حکوومەتیش جیا دەکردەوە.

بەلای زۆربەی کوردە سوننە باوەڕدارەکانەوە، ئیسلام بەشێکی گرنگە لە شوناسی کورد و بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش لە کوردستان، بەبەراورد بە ڕابردوو، بە ئاشکرا زیاتر شوناسی کوردییان وەرگرتووە.

لە دوای تورکی، عەرەبی و فارسی، زمانی کوردی لەڕووی ڕێژەی ئەو کەسانەی قسەی پێ دەکەن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چوارەمین زمانە. لە ئێستادا ڕێژەی کوردەکان، بە لێکدانەوەیەکی ورد، ٢٠ بۆ ٢٥ ملیۆن کەس دەبێت، کە بە یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێن. زۆرێک لە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی ئیسلامدا هەبووە، بەڵام ئەم پرسە پشتگوێ خراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ئەوان بە ئاشکرا، خۆیانیان لە ئاخێزگە نەتەوەییەکانیاندا نەدەبینیەوە و هەرکاتێک لە ڕێگەی نووسینەوە پێناسەی خۆیانیان کردبا، بە یەک یا زیاتر لە زمانی سێ وڵاتی دراوسێیان دەیاننووسییەوە.

کوردستان ناوچەیەکی کوێستانییە کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن و بۆ ماوەیەکی دووردرێژ ناوچەیەکی هەڵکەوتوو لە نێوان ناوچە تورکی ـ عەرەبی و فارسزمانەکانی جیهانی ئیسلام بووە. کوردستان لە ڕووی سیاسییشەوە لە هەرکام لەو ناوچە فەرهەنگی ـ سیاسییانە، پەراوێزی ئەو ناوەندانەی پێکهێناوە و لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی نێوەندگیرانەی فەرهەنگیی گرنگیشی لەو نێوانەدا هەبووە.

کوردە خوێندەوارەکان بەردەوام وەک پردێک بوونە لە نێوان نەریتە فیکرییە جیاوازەکان لە جیهانی ئیسلامدا و زانا کوردەکانیش پشکێکی زۆریان لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و ئەدەبیاتی موسوڵمانانی (بە عەرەبی، تورکی و فارسی) هەبووە. ئیسلامیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردی داناوە و تەنانەت لە ڕووی ڕواڵەتیشەوە لایەنە نامەزهەبییەکانی ژیانی سیاسیی کۆمەڵایەتی لەو ڕێگەیەوە فۆرمیان گرتووە. هەروەها گرووپەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و تەریقەتەکانی سۆفیگەریش وەکوو میکانیزمەکانی یەکپارچەییی کۆمەڵایەتی کاریان کردووە و بەسەر کەلێن و لێکترازانە بچووکەکانی کۆمەڵگادا زاڵ بوونە.

زۆر سەیر نییە کە لە ژینگەی قوتابخانەکاندا، شوێنێک کە خوێندکاران لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانەوە ئامادەی دەبوون و لە گەڵ

زمانەکانی عەرەبی و فارسی، زمانی کوردیشیان دەخوێنـد، بیرۆکەی شوناسـێکی (نەتەوەیی) کوردی سـەرهەڵبدات. یەکەمین شـاعیرانی کورد کە بەرهەمەکانیان لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیـدا بـە شـانازییەوە بـاس دەکرێـت، پەیوەندییەکی نزیکیـان لەگەڵ قوتابخانەکاندا هەبـووە و لـە ڕێگـەی قوتابخانەکانـەوە بەرهەمەکانیـان بڵاو دەکرایـەوە و ناوبانگیان پەیـدا دەکـرد. تەریقەتەکانی سـۆفیگەری، دەبوونە هۆی یەکگرتووییەک کە دابەشـبوون و ناکۆکییـە ناوچەیـی ـ عەشـیرەییەکانیان لەناودەبرد. یەکەمیـن بزووتنەوە کوردییەکان، لانیکـەم و بـە دڵنیاییەوە، لەگـەڵ ڕەوتێکی ناسیۆنالیسـتی، لەلایەن شێخەکانی تەریقەتی سۆفیگەرییەوە ڕێبەرایەتی کران.

ئیسلام لە کوردستان، پێناسەیەکی جیاواز و دیاریکـراوی هەبـووە و لـە بەریەککەوتنی مێژوویی کۆمەڵـگای کوردی لەگەڵ پەروردە و ڕێنمایی ئیسـلامی و هەروەها حکوومەتی ئیسـلامی لەدایک بووە کە چەند بەشـێک لە کوردستانیشی لەخۆگرتووە.

ئالۆزییەکانی ڕاستی ئایینیی (ئۆرتۆدۆکسی) و چەپی ئایینی (هێرتۆدۆکسی) ـ کە لە هەموو شـوێنێک بوونی هەیە ـ بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەریی لەسەر کوردسـتان هەبووە. وەکوو دەستپێکیش بە پێویسـتم زانی لەم وتارەمدا لەبارەی ئیسـلام، لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەو ئالۆزییانـە و ئەوەی کە لە نێـوان کوردەکاندا بوونی هەیە، ئەنجام بدەم.

## ڕاسـتی ئایینی (ئۆرتۆدۆکسی) و چەپی ئایینی ( هێرتۆدۆکسی)

ئیسـلام هـەر لـە قۆناغەکانـی سـەرەتای پەرەسـەندنییەوە هاتـە ناو کوردسـتان و لە ناوەنـدی شـارەکانی وەکوو جزیـرە، هەولێر و دیاربەکـر، لاینگرێکـی زۆری پەیدا کرد و لەگەڵی تێکەڵاو بوو. لەگەڵ ئەوەشـدا بەهۆی سروشـتی کوێستانییەوە، بەشـێکی گەورەی کوردسـتان، لە بەرانبەر ئەو جیهانە نوێیەدا، لە پەراوێزدا مایـەوە و پەیوەندییەکی تەمومژاویی لەگـەڵ ئیسـلامی ئۆرتۆدۆکسـی و زاناکانیدا دروست کرد و درێژەی پێ دا.

لـە لایەکەوە چەندین ناوەنـدی ڕاهێنانی ئیسـلامی ئۆرتۆدۆکسـی، تەنانـەت لە ناوچە دوورەدەستەکانیشـدا پەیدابـوون. هەروەها لـەو ژینگەیـەدا شـتێکی سروشـتی بوو کە کۆبوونەوەکانـی ئایینـی هێرتۆدۆکسـی بـۆ ماوەیەکـی زۆر، درێژەیـان هەبـوو و گرووپ و کەسـانێک کـە بەهـۆکاری مەزهەبـی یا سیاسییەوە داواکراوبوون پەنایان بۆ ئەو ناوچانە دەبرد. (وەکوو شوێنەکانی تر، دژایەتیی سیاسی و جیاوازیی ئایینـی و مەزهەبی زۆربەی کات لەگەڵ یەک دەکەوتن.)

هـەر بۆیـە کوردسـتان بە شـێوەیەکی لێکـدژ، هەم بووە ناوەندی ڕاسـتێکی ئایینیی سـوننەی تونـدڕەو (کە پەیـڕەوی مەزهەبی شـافێعین کـە مەزهەبێکـی سـازگارترە بە بـەراورد لەگـەڵ مەزهەبـی حەنەفـی کـە لەلایـەن زۆرینەی عەرەبـەکان و تورکەکانی دەورووبەرەوە هەڵبژێردراوە) و هەم بووە شوێنی نیشتەجێبوونی هەندێک لە ئایینە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. ئایینەکانـی ئێزدی و ئەهلی حەق، لە ناوەند و باشـووری کوردستان سـەریان هەڵـدا لـە کاتێکدا کـە مەزهەبی ئێزدی بە بڕوای کوردەکان، شوێنکەوتووانێکی زۆری نەبـووە، مەزهەبـی ئەهلی حـەق، لە نێو گرووپـە نەتەوەییەکانی دیکـەی ئێراندا، زیاتـر قەبووڵکراوبوو و پێگەیەکی فراوانیشـی بەدەسـتهێنا، بـەڵام تەنیا لە کوردسـتانە کە هەوڵەکان بۆ بە ئیسـلامکردنی ئەو مەزهەبانە بەردەوامـە. ڕەوتەکانـی بنەمـای بیروباوەڕی قزڵباشـەکان و عەلەوییەکانی تورکیای ئێستا، لێـک نزیکبوونەوەیەکـی بەرچـاو لەگـەڵ ئێزدییەکان و ئەهل حەقییەکان نیشـاندەدەن. لە نێو عەلەوییەکانیشدا، کۆمەڵگای کوردی بە گشـتی، بە بەراورد بە کۆمەڵگای تورکی، زیاتر

لە ئیسـلامی ئۆرتۆدۆکسی دوور کەوتوونەتەوە. جیاوازییەکانی ڕابردوو لـە بوونی دوو باوەڕی توندڕەوی ناسـازگاری دوولایەنـە، لەسـەر کوردەکانیـش ڕەنگیداوەتـەوە. یەکێکیـان لاینگـری ئـەو بۆچوونەیـە کە کـوردەکان، پەیڕەوانی سـوننەی خـاوەن هەنگاوی پتەو و باوەڕدارانی مەزهەبێکی یاخین. ئەوانی دیکەش کـوردەکان وەکوو کەسـانێک دەبینن کە بە زەحمەت بوونەتە موسوڵمان.

«بە بەراورد بە کافرێک، کورد موسـوڵمانە» ئەمـە وتەیەکـە کە لـە زمانـە جیاوازەکانی ناوچەکەوە دەبیسـترێ. ئەم بیروباوەڕە توندانە، بەپێی چینە جیاوازەکان لە نێو کوردەکاندا، بەو کوردانەی کە لە شـارەکان، لە خێمەکان یان ئەوانەی لە سـەردەمی کۆندا لە ناو گوندەکان دەژیان دەگوترا. لەوانەیە جێی سەرنج بێت کە یەکەمین زانای موسـوڵمانی بـە ڕەگەز کورد، کە لە کتێبە عەرەبییەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، کەسـێکە بە ناوی مەهدی بن مەیمون، کە لە سـەدەی ٢ ی کۆچی (٨ی زایینی) لە بەسرە دەژیـا. ئەو نەک تەنیـا وەک کوردێک بەڵکوو وەک کوڕی کوردێک ناسـێندرا. لە سـەدەی ٣ی کۆچی (٩ی زایینـی) نموونەیەکی دیکە لـە گێڕەوەیـەک لە بەغـدا دەبینین کە بە گشتی بە ناوی (ابن الکوردی) دەناسرا. ئەمەش پێدەچێـت پەیوەندی بە لێکنەگەیشـتنێکی تایبەتی نێوان کوردێک و زانایەکی شارنشینەوە هەبێت. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا وا دەبینرێت کە وشـەی (کورد) ئاماژەیە بـۆ خەڵکێک کە لە خێوەتدا دەژین. لەگەڵ ئەوەشـدا ماوەیەک دوای ئەو سـەردەمە، لەگـەڵ چەند زانایەکی کورد ئاشـنا دەبین کە بە ئاشکرا خۆیان وەکوو کورد دەناسێنن. دوای ئەوەش، ئێمە دەبیستین کە باس لە ناوەندە مەزهەبییەکانی کوردستان دەکرێت کە لە شوێنەکانی دیکەوە خوێندکاران وەردەگرن.

یەکێک لـە کۆنتریـن مامۆسـتاکان کە ناوبانگێکی نێودەوڵەتیی پەیدا کرد، سۆفییەک بە ناوی (عەممار کوڕی یاسر بدلیسی) لە سەدەی (٧ی کۆچی ـ ١٣ی زایینی) بوو کە مامۆستای سـەرەکیی نەجمەدین کوبـرا، دامەزرێنەری تەریقەتی سـۆفیگەریی کوبرییە بـوو. عەمار بەشـێک بوو لـە گرووپێکی سـۆفیگەری کە شـوێنکەوتووی لە بەغدا و قاهیرە و شارەکانی دیکەی ئێرانیش هەبوو. بەڵام خۆی لە بەتلیس دەژیا و دەرسـی دەگوتەوە. زۆربەی کوردەکان پێیان وایە کە شـێخ عەبدولقـادری گەیلانی (کە لەسـاڵی ٥٦١ی کۆچی ـ ١١٦٦ی زایینی کۆچی دوایی کردووە)، کـە تەریقەتی قادری ناوەکەیان لـە ئەوەوە وەرگرتـووە، کورد بووە کە نەک لە گیـلان (لە باکووری ئێران) ـ ئەو بۆچوونەی کە بەگشـتی دەگوتـرا ـ بەڵکوو لە ناوچەیەکی هاوشـێوەی ئەو ناوە لە باشووری کوردستان تا ڕۆژئاوای کرماشان جێگەی ڕێزی خەڵک بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زۆربەی ژیانی خۆی لە بەغدا بردەسـەر و پێناچێت هیچ کام لەو کەسانەی لەسەردەمی ئەودا دەژیان، وەکوو کوردێک پێناسەیان کردبێت. بە بۆچوونێکی تر شـێخ عەبدولقادر کەسێک بووە بە ناوی عەلی هەکاری (کە لەساڵی ٤٨٦ی کۆچی ـ ١٠٩٣ی زایینـی کۆچی دوایـی کـردووە) و خەڵکی ناوچەی هەکاری لە کوردسـتانی ناوەند بووە و بنەماڵەیەکی خاوەن پێگە لە زانایان و شـێخە کوردەکان لەو بڕوایەدان کە لە نەوەکانی شێخ عەبدولقادرن کە دواتر لە شـەمزینان لە نزیک هەکاری نیشتەجێ بوون.

تەریقەتی قادری شوێنکەوتوانێکی زۆری لە کوردستان هەیە. لەبارەی (عودەی بن مافر) کە لە ساڵی (٥٥٧ی کۆچی ـ ١١٦٢ی زایینی) کۆچی دوایی کردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیەکـە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی نێوان چەپی ئایینی و ڕاستی ئایینی بووە لە کوردستان. ئەو لەدایکبووی لوبنان بوو و لە بەغدا خوێندوویە. شوێنێک کە پێدەچێت شوێنی ئاشنایەتیی ئەو لەگەڵ شـێخ عەبدولقـادری گەیلانی بووبێت. ئەو دواتر لـە لالش لە کوردسـتانی ناوەندی

نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ گرووپێکی لە سۆفییەکان پێکهێنا. لەو نوسراوانەی کە لێی بەجێماون دەردەکەوێت کە ئەو موسوڵمانێکی سوننەی ئۆرتۆدۆکس بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی کات، مەزارگەکەی بووە شوێنێکی پیرۆزی سەرەکیی ئێزدییەکان و کەسایەتیی خۆیشی وەک شێخ عودەی، بووە سەرچاوەی پیرۆزترین ڕۆح (روح القدوس) لە مەزارگەکەیدا. ئێزدییەکانی سەردەمی نوێ، لەو وتەیەی کە شێخ عودەی بانگەوازی بۆ نەک مەزهەبی ئەوان بەڵکوو بۆ ئیسلامی سوننە ـ مەزهەبێک کە ئێزدییەکان بەهۆیەوە بە توندی سەرکوت کران ـ دەکرد تووشی سەرسوڕمان بوون.

شێخ عودەی لەو ڕوانگەوە تاکە کەس نەبووە کە گرنگیی پێ بدرێت. مەزارگەیەک کە لە لایەن ئەهلی حەقەکانەوە زۆر پیرۆزە، هی (وەلی باوە یادگار)ە کە دەکەوێتە گوندی سارانە لە کوێستانەکانی دالاهوو لە ڕۆژئاوای کرماشانەوە. باوە یادگار سەرچاوە و وێنای یەکێک لە حەوت کەس یان حەوت فریشتەیە کە خۆیان لە جیهاندا و لە سەردەمێک لە مێژووی پیرۆزی ئەهلی حەق وەدەردەخەن. بەپێی ئەفسانەکانی ئەهلی حەق، یادگار، کوڕ و جێگری مەعنەویی سوڵتان ئیسحاق، بنیاتنەری ئایینی ئەهلی حەقە کە خۆی وەکوو سەرچاوە یان وێنای خواوەند لە سەر زەمین دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئاماژەیەک هەن کە باوە یادگار لە ماوەی ژیانیدا، وەکوو شێخێکی سۆفی دەناسرا. بەڵگەیەکی سەلمێندراو هەیە کە تیایدا کوردێکی سوننە پارچە زەوییەکی لە ساڵی (٩٣٣ی کۆچی ـ ١٥٢٦ی زایینی) پێ بەخشیوە و ئەو بەڵگەیە بە ئامادەبوونی شایەتحاڵە موسوڵمانەکان و لە دادگای شەرعیدا تۆمار کراوە. لە پەیوەندی بە سوڵتان ئیسحاقەوە، ئەفسانەکانی ئایینی ئەهلی حەق، ئەو وەکوو کوڕی کەسێک بەناوی سەید عیسا دەبینن، کەسێک کە لەگەڵ براکەی بە ناوی مووسا لە هەمەدانەوە هاتبوون و لە بەشی هەورامان نیشتەجێ ببون.

بە شێوەی گشتی، بنەماڵەی بارزانی بەبرشتترین بنەماڵەی زانایان و شێخە سوننەکانی باشووری کوردستان، بنەچەیان دەگەڕێننەوە بۆ سەید عیسا. هەربۆیە پێدەچێت هەم ئێزدییەکان و هەم ئەهل حەقییەکان لە گرووپێک لە سۆفییە ڕاستە ئایینییەکانەوە پێکهاتبێتن کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵک کە پابەندی نەریت و بیروباوەڕی مەزهەبی (زۆرتر ئێرانی) بوون، دەژیان. لەوانەشە لە نێو کۆمەڵگای سۆفیدا کارتێکەرییەکی ئیسلامیی تایبەتیان لە ژینگەی دەورووبەریاندا هەبووبێت. بەڵام بە درێژایی سەردەمی نەوەکانی پاشتر، ئەوان زیاتر پێکهاتەی ناوچەیی و هەروەها ڕەنگە پێکهاتەی دەرەکییان لە دروشم و بنەماکانی بیروباوەڕیان چەسپاندبێت و هەر ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گرووپە مەزهەبییە جیاوازەکانی تر. گەڕانەوە هاوشێوەکانی تر لە کۆمەڵگاکانی ئۆرتۆدۆکسی بۆ هێرتۆدۆکسی (چەپی ئایینی) تا ئەم دواییانەش و لە سەردەمی ئێستاشدا تۆمار کراون. ئەم جۆرە گەڕانەوەیە لە چەند لقێکی ناوچەییی تەریقەتی سۆفییەتی نەقشبەندی ڕوویدا کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای شەریعەت بنیاتنراوە.

لە زۆربەی لقە کوردییەکاندا، خواست لەسەر ئەوەی کە پێگەی شێخ بوون بە شێوەی میراتگری بێت، ئەوانی لە گرووپە گەورەترەکانی نەقشبەندی دابڕاند. چەندین کەس لە شێخەکانی بارزان خۆیانیان ناو دەنا مەهدی و شۆڕشی دژە حکوومەتیان ڕێبەرایەتی دەکرد. وا باس دەکرێت کە شێخ ئەحمەد خۆی وەک کەسێکی نائاسایی ناساند و خواردنی گۆشتی بەرازی حەلال کرد. ئەم نموونەیە ڕەنگە بتوانین وەک یەکێک لە نموونەکانی ڕەفتاری دەگمەن بێنینە بەرچاو کە زۆربەی کات لەگەڵ بزووتنەوەکان لە قۆناغێکی هەزار ساڵەدا بوونی هەبووبێت. تەنانەت خواستی دژیەکی بەهێزتریش لە نێوان شوێنکەوتووانی شێخێکی

دیکەی نەقشبەندییەکان بەناوی عەبدولکەریم سارجلو، لە ناوچەی سلێمانی سەری هەڵدا ئەویش ئەوە بوو کە دەبینرا پیاوان و ژنان لە حەوزی مزگەوتدا بەیەکەوە خۆیان شۆردبوو و تەنانەت ڕێگەشیان دابوو کە سەگەکانیش بچنە نێو حەوزەکەوە. هەروەها پیاوەکان وەکوو ژنان جلوبەرگیان دەپۆشی. کاڵاکان و هەروەها ژنان وەک سەرمایەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی دەبینران. ئەم تەریقەتە بە لقێکی چەپی ئایینیی جیاواز کە بە فرت و فێڵ ناوبانگیان دەرکرد، تا ئێستاش هەر بەردەوامن و بوونیان هەیە.

لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم، بەشێکی گەورەی کوردستان کە لەدوای قۆناغێکی پڕ ئاڵۆزی کە تیایدا دەسەڵات لە نێوان ئیمپراتورییەتە خێوەت نشینەکان لە قراقوینلوو بە ئاق قووینلوو و لەوێشەوە بە حکوومەتی تازە دامەزراوی سەفەوی بە ڕێبەرایەتیی کاریزماتیکی شائیسماعیلی سەفەوی گۆڕدرا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان. لە شەڕێک کە لە نێوان ئیمپراتووریی عوسمانی (سوننە) لە سەردەمی حکوومەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و قزڵباشەکانی پەیڕەوی ئایینی چەپ (هەروەک پەیڕەوانی شێخ ئیسماعیل لە ڕێگەی ئەو سەرپێچە سوورانەوە کە دەیانبەست بەو ناوە بانگ دەکران) ڕوویدا. زۆرینەی دەسەڵاتدارانی میرنشینە ناوچەییە کوردییەکان بە هەموو توانایانەوە پاڵپشتی عوسمانییەکانیان کرد. لە بەرانبەردا ڕێژەیەکی بەرچاو لە لایەنگرانی خۆبەڕێوبەری، ئەوان و حکوومەت و دەسەڵاتی عوسمانییان قەبووڵ کرد و چوونە ڕیزی خەباتی چەکداری دژ بە قزڵباشەکانەوە. مێژوونووسانی عوسمانی بە کۆی دەنگ لەو باوەڕەدان، کە کوردەکان خۆیان بوونە هاوپەیمانی عوسمانییەکان، لەبەر ئەوەی کە ئەوان موسوڵمانێکی سوننەی بەوەفا بوون و هەربۆیە سەرسەختانە لەگەڵ سەفەوییە چەپەکان دژایەتییان هەبوو. بە بۆچوونی من ئەم بۆچوونە زۆر لە ئاستی خۆی گەورەتر نیشان درا. زۆربەی باسەکانی داهاتووی ئەم ڕووداوانە، بەدیاریکراوی پشت بە لێکدانەوەکانی لێکۆڵەری کورد (ئیدریس بەتلیسی) دەبەستێت کە نێوەندگیری نێوان ڕێککەوتنەکانی عەشیرەتە کوردەکان و ئیمپراتوریی عوسمانیی دەکرد. بەتلیسی کە خۆی کورد بوو، لەوانەیە بە مەبەستی ڕازی کردنی سوڵتان بەرانبەر بە وەفاداریی سیاسیی کوردەکان و ڕاستە ئایینییەکان، زۆرتر هەوڵی دابێت و جەختی لەسەر کردبێتەوە، بەڵام پێداگری و جەختکردنەوەی هاوشێوەی هەوڵەکانی بەتلیسی، لە شەرەفنامە دەبینین بەوەی کە کوردە سوننەکان کەسانێکی وەفادارن. کتێبێک کە نزیکەی یەک سەدە دواتر لەلایەن شەرەفخانی بەتلیسیەوە نووسرا. شەرەفخان بەر لە ڕادەستبوونی بە سوڵتانی عوسمانی و ڕێگە پێدان بۆ گەڕانەوەی بۆ بەتلیس، بەشێک لە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی سەفەوییەکان تەرخان کردبوو. ئەو پاساوێکی باشی بۆ ئەو پرسە هەبوو بەوەی کە وەفاداریی مەزهەبی، کوردەکانی لە عوسمانییەکان نزیک کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەوێ بەراستی هەندێک ئاماژە هەن کە دەریدەخات نە تەنیا ژمارەیەکی زۆری ئێزدی لە نێو کوردەکان لەسەدەی شازدەهەم بوونیان هەبووە، بەڵکوو شوێنکەوتووانێکی زۆریش لە عەشیرەتە چەپە ئایینییەکان لەوانە قزڵباشەکانیش لە کوردستان ژیاون. لە ئێستاشدا بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی تورکیە، قزڵباش یا عەلەوین.

لەمڕۆدا کەلێنێکی کۆمەڵایەتیی قووڵ، عەلەوییە کوردەکان لە کوردە سوننەکان جیادەکاتەوە، بەڵام سنووری نێوان سوننەکان و عەلەوییەکان پێدەچێت زۆر کەمتر لەچاو ڕاستییەکانی ڕابردوو و بەریەککەوتنە بەردەوامە سنوورییەکانی، دەستنیشان کرابێت. وەکوو زۆربەی عەلەوییە تورکەکان، کوردە عەلەوییەکان لە ژمارەیەک گرووپی جیاواز پێکهاتوون کە بە لەبەرچاوگرتنی دروشم و

بیروباوەڕەکانیان و هەروەها ڕادەی لێکچوونیان لەگەڵ ئیسلامی فەرمی، لەگەڵ یەک جیاوازن. لەگەڵ ئەوەشدا لقێکی دیکەی قزڵباش هێشتا لە بەشێکی دیکەی کوردستان بوونی هەیە. کۆمەڵگای نارِوونی شەبەک، ناوچەی موسڵ و قزڵباشەکانی ناوچەکانی کەرکووک، سەرەڕای جیابوونەوە لە عەلەوییەکانی ئاناتۆلی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی قووڵی نێوانیان لەگەڵ ئێزدییەکان و ئەهلی حەقەکان(شەبەک)، شوناسی قزڵباشییان پاراستووە و پێدەچێت لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەرکووک، کە هێشتا ناوی «شاب»یان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە، ئەم پرسە ڕاست دەربچێت.

لە لایەنی بیروباوەڕ و بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و دروشمەکان، لێک نزیکبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان مەزهەبی قزڵباش ـ عەلەوی (بەتایبەت بەوجۆرەی کە لەنێوان کوردەکاندا هەیە)، لەگەڵ مەزهەبەکانی ئێزدی و ئەهلی حەقدا هەیە. لە هەر سێ مەزهەبەکەدا، جیا لەمە، ئەرکە سەرەکییەکانی عیبادەت، تەنیا لەلایەن کەسانی شارەزای مەزهەبی کە خاوەن پێگەیەکی پیرۆزن و کەسانێکن کە لەو بڕوایەدان لە نەوەی ئەو پێغەمبەرانەن کە لەگەڵ ئەفسانەکانی نێو مەزهەبەکەیان یەکدەگرێتەوە، بەڕێوەدەچێت. ئەهلی حەق لە باشووری کوردستان لە گەڵ عەلەوییەکان و ئێزدییەکان لە پەیوەندیدان و چەند پێکهاتەیەکیان لە هەردوو مەزهەبەکە بە پاشخانی ئەفسانە و بیروباوەڕەکانیان زیاد کردووە. پێدەچێت هەندێک لە کۆمەڵگای عەلەوییەکان، زیاتر پەیڕەوییان لە ئێزدییەکان کردووە و هەر سێ مەزهەبەکەش پێدەچێت کە لە ژمارەیەک لە نەریتە کۆنە مەزهەبییەکانی ڕابردوو ئیلهامیان وەرگرتبێت.

## کوردەکان و کەمینە ئایینییەکان لە کوردستان

کوردستان، وەکوو زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە بەردەوامی پێکهاتەیەکی مەزهەبی و نەتەوەییی هەبووە کە تیایدا خێوەت نشینەکان، جوتیاران، شارنشینەکان و خەڵکی زمانە جیاوازەکان و زۆربەی زاراوەکان، پەیڕەوانی ئیسلام، مەسیحییەکان، جولەکەکان و زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی کلیسای کاتۆلیکی ڕووم، یەکیان گرتبوو و لە ژێر ناوی چاڵدیانەکانەوە بەناوبانگ بوون. دواتر ئەرمەنەکان و پرۆتێستان و کاتۆلیکەکان لە پاڵ پەیڕەوانی کلیسای گورجستان و سوورییە کاتۆلیکەکان و پرۆتێستانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ژاکووبەکان، بوونیان هەبووە. چالاکیی زۆری شاندە مەزهەبییەکان لایەنێکی کاریگەر بەرەو پەرەسەندنی هێزە ڕۆژئاواییەکان لە ناوچەکەدا بوو و لەمڕووەشەوە هەم لەلایەن مەسیحییەکان و هەم موسوڵمانەکانەوە هەستی پێ دەکرا. مەسیحییە ناوچەییەکان وردە وردە ڕازی بوون کە پێگە ئایینییەکانیان قەبووڵ بکەن. حکوومەت و موسوڵمانە شارنشیینەکان لە ناوچەکەدا، بەدوور لەمە، گومانیان هەبوو کە ئەگەری هەیە مەسیحییەکان هاوکاریی دوژمنانی دەرەکی بکەن.

کۆمەڵێک کوشتار و شەڕی چەکداری ڕوویدا  کە کوشتاری ١٩١٥ ی ئەرمەنییەکان، لوتکەی ئەو ڕووداوانە بوو و لە کۆتاییدا جیاکاری (یان گۆڕینی ئایین)ی نەتەوەیی تەواوی مەسیحییەکانی لێ کەوتەوە. کوشتارەکانی ١٨٩٤ـ١٨٩٦ی ئەرمەنییەکان کە قۆناغێکی سەرەکیی ئەم ڕووداوانە پێکدەهێنن، زۆرتر دەخرێتە پاڵ هێزی حەمدییە کە هێزی ناوچەیی کوردەکان بوون (ئەو هێزە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە پێکهاتبوو). دوایین لێکۆڵینەوەکان جەخت لە ڕۆڵی موسوڵمانانی شارنشینی ناوچەکە ـ گرووپێک بە شوناسی نەتەوەیی نارِوون ـ لەو کوشتارانەدا دەکاتەوە. ڕاگوێزرانە زۆرە ملییەکان و کوشتارە بە کۆمەڵەکانی ساڵی ١٩١٥، بە کردەوە کۆمەڵگای ئەرمەنیی لە کوردستان ڕیشەکێش

کرد.
ئاسوورییە نەستوورییەکانی کوردستانی ناوەندیش ئەو ساڵانە پەناگە کوێستانییەکانیان بەرەو ئێران بەجێهێشت. بەریتانیا یەکەمجار ئەوانی بۆ شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان بەکارهێنا و دواتر، بە نیشتەجێ کردنیان لە باشووری عێراق، لەوان وەکوو هێزی پۆلیس و هەروەها دژی شۆڕشەکانی کورد کەڵکی وەرگرت. کوشتاری ساڵی ١٩٣٣ (لەلایەن کوردەکان و ئەفسەرانی سەربازیی ناسیۆنالیستیی عێراق) ژمارەیانی کەم کردەوە و وەکوو هێزێکی سەربازی لەناویانی برد.
ئاسوورییەکانی ڕۆژئاواش لە شەڕی جیهانیدا خەسارەتێکی زۆریان بەرکەوت. دوای دامەزراندنی وڵاتی سووریە، زۆربەیان بۆ نیشتەجێ بوون لەوێ، لە سنوورەکانی تورکیەوە تێپەڕین، ئەوانەشی کە لە چیاکانی سوور عابریندا مابوونەوە، زۆربەی ئەندامە چالاکەکانیان بە هۆی کۆچ بۆ کارکردن لە ئەڵمانیا لەدەستدا و لە بەرانبەر سەرکوتی بەردەوام لەلایەن دراوسێ موسوڵمانەکانەوە زۆر لاواز بوون و هەر ئەوەش بووە هۆی هەڵاتنی بەکۆمەڵ لەو ناوچەیەدا. بەپێچەوانەی مەسیحییەکان، جووەکانی کوردستان (تا دامەزراندنی حکوومەتی ئیسراییل) نە وەکوو هاوکارە بەهێزەکانی هێزە دەرەکییەکان هەژمار دەکران و نە ڕێژەشیان ئەوندە دەبوو کە نوێنەرایەتیی هێزێکی بەرچاو بکەن. پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ کوردەکان لەسەر یەک دۆستانە ـ هەرچەندە نابەرانبەر ـ بوو و کۆچیشیان بەرەو ئیسراییل لە دەورووبەری ساڵی ١٩٥٠، بە هۆی ڕەفتاری دراوسێ کوردەکانەوە نەبوو. ئەوەی جێگەر سەرنجە ئەوەیە کە کۆمەڵگای جووە کوردستانییەکان لە ئیسراییل، هەستێکی کوردانەی بەهێزتریان هەبوو.
لە کوردستان، مەزهەبە لێکدراوەکان، لەگەڵ یەک دەژین. موسوڵمانانی سوننە مەزهەب کە بە زمانی کوردی قسەدەکەن، زۆرینە پێکدەهێنن، بەڵام لەهەر شوێنێکیش دراوسێیان لە مەزهەب و زمانە جیاوازەکانیتر هەیە. لە باکووری کوردستان، ئەرمەنییەکان زۆرتر بوونیان هەبووە و لە هەندێک ناوچەش تەنانەت زۆرینەیان پێکهێناوە. پەیوەندییەکانی نێوان ڕێبەرانی ئایینیی کورد و ڕەعیەتە ئەرمەنییەکان، نابەرانبەر بەڵام بەشێوەی پێکەوەژیان بوو. لە ناوەند و ڕۆژئاوای کوردستان کۆمەڵگای گەورەی مەسیحییە ئارامیی زمانەکان، کە تایبەت بوون بە کلیساکانی سووریای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، هەبوون (لە ئەورووپا وەکوو ئاسوورییەکان، نەستوورییەکان و ژاکووبەکان دەناسران). ئەو کۆمەڵگایانە لە زۆربەی لایەنەکانەوە لەگەڵ دراوسێ موسوڵمانەکانیان بەرانبەر بوون. کۆمەڵگای کوردستانی ناوەندی، ڕێکخراوێکی عەشیرەییان هەبوو و تا سەرەتاکانی سەدەی ١٩ هێزێکی بەرچاویان پێکدەهێنا کە فاکتەرێکی چالاک بوون لە سیاسەتی کوردیدا. زۆربەی شارە کوردییەکانیش کۆمەڵگای بچووکی جوویان هەبوو و شوێنگەلێک وەکوو زاخۆ، بارزان و باکالە، لەڕاستیدا شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆمەڵگا گەورەکانی جووەکان بوون. کۆمەڵگای مەسیحی، بەئەگەری زۆر بەڕادەی موسوڵمانانی نایەکگرتوو و چەپە ئایینییەکان، کەم تا زۆر لە نێویاندا هەبوون (سەرهەڵدانی پولیسین کە لە نێو ئەرمەنییەکانی باکوور ڕۆژئاوای کوردستانی ئێستا لە سەدەی ٨ سەریهەڵدا و لە سەدەی ٩ لەلایەن بیزانسییەکانەوە لەناوچوو، بەناوبانگترینیان بوو).
پێکهاتەی جوو و مەسیحی، کە زاناکان لەو بڕوایەدان کە لە مەزهەبەکانی عەلەوی و ئەهلی حەقیشدا دەبینرێن، ڕەنگە نەک لە فۆرمی باڵای ئەو مەزهەبانە، بەڵکوو لە جۆرە دەشتەکییەکەیەوە جیابوونەتەوە. گرووپە نوێیە مەزهەبی و نەتەوەییەکان بە ڕادەیەک فراوان بوون. ئەگەرچی لەوانەیە پێمان وا بێت کە تەنیا بەشێکیان نووسراونەتەوە. کارستێن

نیبوور دەڵێت، لە سەدەی ١٨ بەدواوە، زۆربەی پەیڕەوانی عەشیرەتی شەمسی، کە زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەیانەوە لەبەردەستدایە، ئایینی خۆیانیان بۆ کلیسای ژاکووبیت گۆڕیوە. هەروەها کە دواتر ژمارەیەکی زۆری ئێزدییەکان لەگەڵیان کەوتن. ڕاستییەک کە زۆرێک لە ئەرمەنییەکان و ژاکووبییەکان خاوەن زمانی دایکیی کوردین، ئاماژەیە بۆ مێژووی ئەو گرووپە نوێیە ئایینییانە.

لە بەشی دێرسیم، زۆرێک لە ئەرمەنییەکان مەزهەبی خۆیانیان بۆ عەلەوی گۆڕی. بەڵام بە دەرکەوتنی بانگخوازە مەزهەبییە بیانییەکان کە جۆرێک لە گەرەنتیی پاراستنیان لەگەڵدا بوو، چەند گەڕانەوەیەکی کەم لە عەلەوییەوە بۆ مەسیحییەتیش لەوێ دەبینرێت. بە هاتنی میسیوونێرەکان بۆ کوردستان ـ لەسەرەتا، کلیسای ڕووم و دوای ئەویش لە سەدەی ١٩ لەلایەن پرۆتستانەکانەوە لە تەریقەتە جیاوازەکان ـ خانە مەزهەبییەکان، تەنانەت، ئاڵۆزتر بوو، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای نەتەوەیی ـ مەزهەبیی نوێ سەریان هەڵدا. کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی سووریە خۆیانیان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دیازپۆرا بە باشی ڕێکخستبوو و لە ئەورووپا و ئەمریکای باکووریش ڕێکخرانەوە. بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و سێکۆلاری ئاسووری کە هەم بۆ یەکپارچەیی نەتەوە و هەم بۆ بەرەوپێشبردنی باوەڕەکانیان هەوڵ بۆ گەڕانەوە بۆ مێزۆپۆتامیا (بین النهرین) دەدات، لە ئەورووپا سەری هەڵدا و لەگەڵ بزووتنەوەی کوردەکان لەبارەی پرسەکانی پلۆرالیزمی نەتەوەیی، مەزهەبی و سیاسی کەوتنە دانوستانەوە. بزووتنەوەی کوردی، کۆمەڵێک هەنگاوی نوێی بە بەراورد بە بزووتنەوەی ئاسووری هەڵگرتووە: هەم پەرلەمانی سەربەخۆی کوردستانی عێراق و هەم پەرلەمانی کوردەکانی تاراوگە، نوێنەری ئاسوورییان هەیە و کەناڵێکی سەتەلایەتی کوردی، زمانی ئارامی بە بڵاوکراوەی هەواڵ و بەرنامەکانی زیاد کردووە.

## پەروەردەی ئیسلامی لە کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی بەرفراوانی موسوڵمانان

جوگرافیا ـ لەساڵی ١٥٠٠ی زایینی لە نێوان ناوچە ناوەندی و گرینگەکانی ئیمپراتووریی عوسمانی و سەفەویدا و دواتریش قاجاری ئێران - لە کوردستان ناوچەیەکی گرنگی سیاسیی دروستکرد. هەروەها لە کوردستانیش ناوچەیەکی بۆ تێپەڕبوون لەو ناوچانە دروست کرد کە تیایدا ٣ زمانی سەرەکیی ئیسلام (عەرەبی، فارسی و تورکی) زمانی قسەکردن و نووسینیان بوو. هاوشێوەی شازادە پلە خوارەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان، زانایانی کورد بەناچاری هەوڵیان دەدا زیاتر لایەنی دراوسێ بەهێزەکانیان بگرن. زۆرێک لە پاڵ کوردی و عەرەبی، فارسی و تورکییان دەزانی و هەر ئەوەش ئەو دەرفەتەی پێ دەدان تا وەکووهێڵێکی پەیوەندیی فەرهەنگی کە لە ڕێگەی ئەو زمانانەوە پێناسە و دیاری دەکران، ڕۆڵیان هەبێت.

خەڵک بۆ پەیداکردنی کار زیاتر بۆ ئەو ناوچانە دەنێردران. نموونەیەک لەوانە یەکێک لە زاناکانی کورد بوو کە کارێکی «نێودەوڵەتی»ی هەبوو، بە ناوی مەلا گۆرانی کە لەساڵی ١٤٨٨ی زایینی کۆچی دوایی کردوە. ئەو لەدایکبووی «شارەزوور» لە کوردستانی باشوور بوو و پەروەردەی سەرەتاییشی لای مامۆستایانی ناوچەکە تەواو کردبوو. بە هەڵکشانی تەمەنی، بۆ بەدەستهێنانی زانست، بەرەو بەغدا، دیاربەکر، حەسەن کێف، دیمەشق، ئورشەلیم و قاهیرە ڕۆیشت، ئەو شارانەی کە لەژێر کۆنتڕۆڵی هێزە سیاسییە جیاوازەکاندا بوون. لەدوای ڕۆیشتنیشی، لە میسر، بۆ خزمەت کردن لە دەوڵەتی عوسمانی بانگهێشت کرا و بووە مامۆستایماڵەوەی شازادە محەمەد (سوڵتان محەمەد فاتیحی داهاتوو) و لەکۆتاییشدا بەرزترین پێگەی مەزهەبیی لە ئیمپراتۆری ـ موفتی یەکەمی ئیستانبول ـ بەدەستهێنا.

زاناکانی دیکەی کورد، وەکوو مامۆستا لە شارە پیرۆزەکانی وەک مەککە و مەدینە نیشتەجێ بوون، شوێنێک کە تیایدا توانییان ڕۆڵی خۆیان وەکوو نێوەندگیرێکی فەرهەنگی لە نێوان کۆمەڵگای فارسی، تورکی و عەرەبی زماندا بەشێوەیەکی شایستە بگێڕن. لە وتارێکی دیکەدا نووسەر کاریگەریی زانایانی کورد لەسەر بەشێکی دوور لە جیهانی ئیسلام - باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا- دەخاتە بەرباس.

لەشارەکانی کوردستان، وەکوو دیاربەکر، حەسەن کێف، میافارقین (سیلوان)، موسڵ و هەولێر، یان لە نزیکی ئەوانەوە قوتابخانەی کۆنی بەشکۆ دەبینین کە هەندێکیان لە سەدەی ١٢ تا سەدەی ١٤ی زایینی بنیات نراون. لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو قوتابخانانە لەلایەن دەسەڵاتەکانی غەیرە کوردەوە کە لە شارەکان و ناوچە بەرفراوانەکاندا حوکمیان دەکرد، دروست کراون. هەربۆیە، ئەندامانی خاندانی ئاتورکیدی تورک Zinciriye یا SittiRadviye لە سەدەی ١٢ و Hatuniye لە سەدەی ١٤، بەشێک لە قوتابخانەکانی تریان لە ماردین و قوتابخانەی مەسعودییەیان لە سەدەکانی ١٢ بۆ ١٣، لە دیاربەکر دروست کرد. قوتابخانەی Zinciriyeی دیاربەکر بەشێوەیەکی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ خاندانی ئاتورکید لە سەدەی ١٢ یان بۆ دەسەڵاتدارانی سەدەی ١٣ کە خاندانی ئەیووبی بوون و کورد بوون.

خاندانی ئەیوبی جیا لە ناوچەکان، لە قوتابخانەکانیش حوکمیان دەکرد. ئەوە قوتابخانەکان بوون کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی نەتەوەییی خوێندکارەکان، زۆربەی ئەو کەسانەیان وەکوو مەلا گۆرانی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. ئێمە ئەوان لە بیۆگرافییەکانی زانایانی عەرەب، تورک، فارس و کوردیش کە ئاماژەمان پێ کرد، دەبینینەوە. ئەم قوتابخانە حکوومییانە بۆ پەروردەی ئەو زانایانەی کە لە یەک قۆناغ یان قۆناغەکانی دواتر وەکوو دادوەر، موفتی یان مامۆستا لە دەولەتدا خزمەتیان دەکرد، ڕێکخرابوو. لە سەردەمی ئیمپراتوریی عوسمانیدا ئەم قوتابخانانە لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئیدارییی... لەگەڵ کتێب و بەرنامەی خوێندنی کەم و زۆر نەگۆڕ و نموونە کارییەکان، تێکەڵ کران کە یەکگرتوویی خوێندکاران و مامۆستاکانی لە بەشێکی ئیمراتورییەکەوە بۆ بەشێکی تر گەرەنتی دەکرد.

فەرمانڕەوایانی میرنشینە کوردییەکان کە سەربەخۆیی خۆیانیان لە چوارچێوەی ئیمپراتووریی عوسمانیدا پاراستبوو، قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان بنیات نا کە پێدەچێت لە دەرەوەی سیستەمی ئیداری و پەروەردەی عوسمانییەکاندا بووبێت. بەتایبەت بەتلیس و جزیرە و ئامەد کە ناوەندی سەرەکیی فێربوون بوون و زانا بەناوبانگەکانیان پەروەردە دەکرد. بەهۆی ئەوەی کوردەکان پەیڕەوانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بوون و حەنەفی مەزهەبی فەرمیی ئیمپراتوریی عوسمانی بوو، بەرنامەی دەرسی ـ لانیکەم تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە فیقهـ وە هەبێت ـ دەبوایە بە شێوەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەکانی عوسمانیدا جیاواز بێت. جیاوازییەکی دیکەی نێوان قوتابخانەکانی عوسمانی و ئەم قوتابخانە کوردییانە بە شێوەیەکی گشتی، پێگەی زمانی کوردی بوو. لانیکەم لە سەدەی ١٧ کاتێک کە ژمارەیەک لە نووسەران هاتنە ئەو قوتابخانانەوە و بوونە هۆی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی (نەوەکانی پێشوو، بەتایبەتی بە عەرەبی یان فارسی دەیاننوسی). مەلا ئەحمەدی جزیری کە لە قوتابخانەی سووری جزیرە دەیخوێند، نووسەری دیوانێکی بەناوبانگە لە شێعرە مەعنەوییەکانی کورد کە زۆرتر لەگەڵ دیوانی حافز بەراورد کراوە.

ئەحمەدی خانی (کە لەساڵی ١٧٠٦ ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) بەرهەمی عاشقانەی (مەم و زین)ی بۆ شێعرە درێژەکەی هەر بەو ناوە بەرهەمهێنا. بەرهەمێکی ئەدەبیی زۆر ناوازە و جوان بە لاپەڕەی جیاوازی مانا کە

لەلایەن نەوەکانی دواترەوە وەک بەرهەمێکی حیماسی میللیی کورد هەڵبژێردرا. لەپاڵ ئەم بەرهەمە ئەدەبییە، خانی، دوو کتێبی دەرسیی بۆ بەکارهێنانی لە پەروەردەی سەرەتایی نووسی: فەرهەنگێکی وشەی عەرەبی ـ کوردی بە شێوەی شێعر بە ناوی نەوبەهار و کتێبێکی دینیی سادە بە زمانی کوردی بە ناوی بیروباوەڕی ئیمام. مەلای جزیری و خانی بەناوبانگترین نووسەرانی کوردی ئەو سەردەمەن، بەڵام ئەوان هیچکات تەنیا نووسەر نەبوون. ئەولیا چەلەبی (گەڕیدەی بەناوبانگی تورک)، کەسێک لە سەردانی چەندین میرنشینی کوردی لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ کردووە، وەسفێکی ڕوون و زیندووی لە ژیانی مەزهەبی و فەرهەنگیی بەتلیس، جزیرە و ئامەد دەخاتەڕوو و باس لەو زانایانە دەکات کە بە کوردی شێعریان دەنووسی. لەگەڵ قوتابخانە حکوومی و فارسییەکاندا کە لەلایەن خاندانی فەرمانڕەوای سەربەخۆی کوردەوە پاڵپشتی دەکران، لەهەمانکاتدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ژمارەیەکی تر لە قوتابخانەکان لە کوردستان هەبوون، قوتابخانەی میانەڕۆتر بەڵام سەربەخۆتر کە لە ژێر کاریگەریی ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی گوندەکاندا بوون و لەلایەن ئەو مەلایانەی کە لە بواری پەروردەوە ناوبانگێکی باشیان هەبوو، سەرپەرشتی دەکران. ئەو قوتابخانانە خوێندکارەکانیان بۆ پۆستە فەرمییەکان ڕانەدەهێنا، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە ببنە مەلا و خزمەت بە کۆمەڵگای شارنشین و گوندەکان بکەن.

ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرهەڵدانی وەئاگاهاتنەوەی کورد و یەکگرتووکردنی بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەبووە. خوێندکارانی قوتابخانەکان بەکگراوندێکی کۆمەڵایەتی و ناوچەییی جیاوازیان هەبوو، تێکەڵبوونە عەشیرەیییەکان، لەژێر کاریگەریی عەرەبەکاندا نەبوو و زمانی کوردی زیاتر دەخوێندرا و پەرەی دەسەند. دواتریش گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی، کە لە سەدەی ١٩ و لە کوردستانی باشوور دەستی پێکرد، بەشێوەیەکی لێکنزیک بەسترابووەوە بە بارودۆخی قوتابخانەکانەوە. یەکەمین شاعیری نەتەوەیی لە زاراوەی سۆرانی، حاجی قادری کۆیی و گەورەترین شاعیرانی مەزهەبی، مەحوی و مەولەوی، لەو ژینگەیە هەڵستاونەتەوە و یەکەمین لایەنگرانیشیان هەر لەوێ پەیدا کرد. شێعرەکانی مەولەوی کە بە زاراوەی گۆرانی نووسراون، ئەمڕۆکە لەلای پیاوانی ئایینیی کورد سەنگ و خۆشەویستییەکی زۆریان هەیە. باسکردنی ئەم خاڵەش گرنگە کە ئەگەرچی ئەو نووسەرێکی موسوڵمانی ڕاسترەوی ئایینییە، بەڵام هەندێک لە بۆچوونەکانی ـ بۆ نموونە بڕوا بە تەناسۆخ (جێگۆڕکێی ڕۆح لە جەستەی کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر) ـ لە بەرهەمەکانیدا باس کراوە، کە وەبیرهێنەری بیروباوەڕی ئەهلی حەقن.

نووسەرێکی بەناوبانگی دیکە کە لە دونیای قوتابخانەی کوردی لە کوردستانی باکوور هاتە مەیدانەوە، سەعید نۆرسی ( ١٨٧ـ١٩٦٠) بوو. کەسێک کە وەکوو نووسەری نوسراوە دینییە بەبڕشت و نـاوازەکان و وەکوو ئەفرێنەری بزووتنەوەی «نوورسوو»ی تورکیە زیاتر ناسراوە. لایەنێکی کەمتر ناسراوی کەسایەتیی نۆرسی، پابەندبوونی وەکوو کوردێک بوو بۆ باشترکردنی بارودۆخی خەڵکی لە دواکەوتوویی. بەشی سەرەتایی ژیانی بە دێژایی ئەو ماوەیە، وەکوو بانگخوازێکی پڕ وزە و ئەندامێکی چالاک کاری دەکرد، وەکوو سەعید کوردی ناسرابوو و چالاکانە لە ئەنجومەنە نەتەوەییە کوردییەکان و لە قوتابخانەیەکی کوردی لە ئیستانبول لە دەیەی ١٩٠٠ و ١٩١٠ سەرقاڵ بوو. ئەو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ڕێگەی ڕێبەریی بزووتنەوەی نورسوو، حەشار دراو و نووسراوەکانیشی تا ڕادەیەک سانسۆر دەکران. سەعید نۆرسی کەسایەتییەکی نائاسایی و تایبەت بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە خاوەن تێکهەڵکێشێک لە پابەندبوونی تەواو بە ئیسلام

و هەروەهـــا نیگەرانییەکی قـــووڵ بەرانبەر بە خەڵکی کورد بوو، ڕوانگەیەک کە لە نێو پیاوانی ئایینیی کورددا باو بوو.

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣، حکوومـەت فەرمانـی بە داخسـتنی قوتابخانـەکان دا. ئـەو بڕیـارە پێدەچێت لە ڕۆژئـاوای تورکیـەدا کاریگەریـی هەبووبێت، بەڵام لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیە (کوردسـتانی تورکیە) شـوێنێک کە زۆربـەی قوتابخانەکان تا دەیەی ١٩٧٠ بە شێوەی نهێنی چالاکییان هەبـوو، کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی نەبـوو. لە ڕاسـتیدا ئەو بڕیاری قەدەغەکردنـە، لەوانەیە پەیوەندیی قوتابخانەکانی بە شوناسـی کوردی ـ لەگەڵ سەرکوتکردندا- بەهێزکردبێت. پیاوە ئایینییەکانـی کورد لە نێو کەسـانێکدا گرنگ و ناسـراو بوون کـە زانیارییەکانیان لە بارەی شوناسـی کوردی بـە درێژایی ئەو سـاڵانەی کـە حکوومەت بـە هەموو توانایـەوە هەوڵی تواندنەوەی فەرهەنگیی دەدا، پاراستبوو.

## تەریقەتەکانی سۆفیگەری و ڕۆڵە سیاسی و کۆمەڵاتییەکانیان

تەریقەتەکانـی سـۆفیگەری بە شـێوەیەکی بەرچاو لە کوردسـتان بوونیان هەبوو و شێخە سۆفییەکانیش زیاتر نوێنەری ئیسلامی کوردین. بەناوبانگترین زانایانی مێژووی کورد، سۆفییەکان بوونە و زۆربەیان پێگە و سەنگێکی بەرچاویان بەدەست هێناوە. تەریقەتی سۆفیگەریی جیاواز لە یەک کاتدا لە کوردستاندا بوونی هەبووە.

لە سـەدەی ڕابردوودا، گۆڕەپانەکە لە ژێر کۆنترۆڵی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندیدا بووە. ئەو تەریقەتانە لە هەندێک کاتی تایبەتدا ڕۆڵـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی گرنگیـان لـە کوردسـتان گێـڕاوە. چونکـە نوێنەری نموونەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ لە عەشـیرەتەکان و (هەروەها حکوومەتیش) بوون. لە ئاسـتێکدا تەریقەتێکی سۆفی وەکوو قوتابخانەیەکی نافەرمـی، تەکنیکە عیرفانییە دیاریکـراوەکان و ڕێورەسـمە عیرفانییەکانی زینـدوو دەکـردەوە و دەیگوتـەوە کـە ئەو فێرخوازانی تازە پێگەیشـتوو پێویسـت بوو لە ژێر ڕێنوێنییەکانی کەسانی شارەزادا جێبەجێی بکـەن. ئـەو تەکنیکانە لەلایـەن بنیاتنەرانی تەریقەتەکانـەوە پـەرەی پـێ دراوە، بەڵام وا دەگوترێت کە ئەوانیش درێژەی ئەو زانستانەن کە بە شێوەی زارەکی لە پێغەمبەری ئیسلامەوە بـە میـرات وەرگیـراوە. تەنیا شـارەزاترین ڕۆحانییـەکان ڕێگەیان پێ دراوە بە ڕاهێنان و پەروەردەی ئەو ڕێورەسمانە کە وەکوو مورشید ـ لە کوردسـتان وەکوو شێخ ـ بەناوبانگن. ئەو پێناسە و ناوەش نافەرمییە.

هەر کەسێک تەنیا بە بەڵگەنامەی نووسراو (مۆڵـەت)ی مامۆسـتاکەی دەبێتە شـێخ و، تێپەڕاندنـی قۆناغێکی دوور و درێژ لە پەروەردە لە ژێر چاودێریی مامۆسـتاکەی، تەنیا یەکێک لـە مەرجەکانـە و بەدەسـتهێنانی مۆڵەت بە ئاسانی نییە. لە کوردستان لە دەورووبەری هەر شـێخێک، گرووپی جیاواز لە شوێنکەوتوانیان هەن.

وەفادارترین قوتابییەکان (مورید) بە شێخ، لە ماڵی شێخ (خانەقا یان خەڵوەتگای دەروێش) یا لانیکەم لە نزیکییەوە دەژیت و ڕۆژانە لە بۆنە و ڕێورەسـمە ئایینییەکاندا بەشداری دەکات. لەوێ بازنەیەکی بەرفراوانتر لە شـوێنکەوتووان هەیە. کەسانێک کە بوونەتە ئەندامی تەریقەتەکە و بەشـێوەیەکی کـەم تـا زۆر ڕێکوپێک، بۆ ڕێورەسـمە ئایینییـەکان بـە کۆمەڵەکان کە لەلەیـەن شـێخ یـا نوێنەرەکەیەوە(خەلیفە) بەڕێـوە دەچێت، لە دەوری یـەک کۆدەبنەوە. شـێخەکان، شـوێنکەوتووانی خۆیـان لە نێو بەئەزموونترین(بەتەمەنتریـن)ی ئەو کەسـانە دەستنیشـان دەکەن. گرووپێکی زۆر گەورەتر لـە پەیرەوەکانیان بەشـداری لە ڕێورەسـمە عیرفانییـەکان ناکـەن و لەوانەیـە تەنانـەت نەبنـە ئەندامی تەریقەتیش، بەڵکوو سەرسـام بـن بـە کەسـایەتی و گەورەیی شـێخەوە.

بەپێچەوانەی زاناکان، زۆربەی شێخەکان کاری سەیروسەمەرە ئەنجام دەدەن، لە بارەی بابەتی سیاسی و ئەخلاقی ڕاوێژیان پێ دەکرێت، هەوڵ بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونی و جەستییەکان دەدەن و نێوەندگیریی نێوان ئەو بنەماڵانە دەکەن کە بەشەڕدێن و ئاشتیان دەکەنەوە. بوونیان بەهۆی ڕەحمەتی پەروەردگارە و لەو بڕوایەدان کە ئەوان توانای شەفاعەت و لێبوردنیان لەلایەن خوداوە هەیە.

لە کوردستان خواست بۆ ئەوەی پۆستی شێخەکان بەشێوەی میراتگری بێت هەیە. هەموو شێخەکانی قادری لە کوردستانی باشوور تەنیا لە دوو بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانین. تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی ١٩ پەرەی سەند و پەرەسەندنەکەشی تا ڕادەیەک بۆ دژایەتییان لەگەڵ تەریقەتی قادری ناودەبرا.

مەولانا خالید، کەسایەتییەکی زۆر کاریزماتیک و خەڵکی ناوچەی سلێمانی بوو کە لەگەڵ یەکێک لە گەورەترین مامۆستاکانی نەقشبەندی خوێندوویەتی، ئەو خوێندکارێکی زۆری پێگەیاند و زیاتر لە ٣٠ شێخی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان دەستنیشان کرد(لەگەڵ ژمارەیەک لە خەلیفەکانی بەشەکانی دیکەی ئیمپراتوریی عوسمانی کە لەسەر دەستی ئەو دەستنیشان کران و پۆستیان وەرگرت). لەگەڵ ئەوەشدا لە نەوەکانی داهاتوو خواست بۆ دەستنیشانکردنی شێخەکان لە ڕێگەی میراتگرییەوە لە نێو تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان سەری هەڵدا. لە ئەنجامدا لقێکی تایبەت لە تەریقەتەکان لە نزیکەی بیست عەشیرەتدا پەرەی سەند.

بارزانییەکان، ڕادیکاڵترین نموونەی ئەو ڕەوتە بوون. شێخەکانی بارزان لە ئاخێزگە جیاوازەکان، پەیڕەوانێکی زۆریان پەیدا کرد. ژمارەیەک لەوان لە عەشیرەتەکان بوون بەڵام زۆربەیان لە ڕەعیەت و جوتیارەکانی دەرەوەی عەشیرەتەکان بوون. کەسانێکیش کە پێشتر لە گوندەکانی شێخەکانی بارزان یان لە نزیکیانەوە دەژیان یان دواتر لەوێ نیشتەجێ کران، لە لاینگرانیان بوون. ئەو گرووپانە بە هەستی بەرانبەریخوازییەکی بەهێز و خواست بۆ وەرگرتنی کەسانی بیانیش وەکوو ئەندام، لەوانی دیکە جیا دەکرێنەوە. بەڵام لە پرسی شەڕەکان لەگەڵ عەشیرەتەکانی دراوسێ، زیاتر وەکوو عەشیرەت ڕەفتاریان دەکرد. گرووپی حەققەش، لە کەسانێکی جیاواز پێکدێن.

تەریقەتی نەقشبەندی کە بە خێرایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ پەرەی سەند، گرنگییەکی سیاسیی زیاتری پەیدا کرد. تا کۆتایی سەدەی ٢٠ەم دەبینین کە لە زۆرێک لە بەشەکانی کوردستان، شێخەکانی نەقشبەندی پۆستی باڵا و گرنگی زۆریان وەرگرت. ئەمەش پەیوەندیی بە بەرەوپێشچوونە سیاسییە گەورەکانی ئەو سەردەمەوە هەبوو. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی ٢٠، چاکسازیی ئیداری، دوایین میرنشینە کوردییە سەربەخۆکانی رووخاند و کوردستان بە گشتی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کەسانێک کە لەلایەن ناوەندەکانی حکوومەتەوە دەستنیشان کرابوون.

ئەو دەسەڵاتدارانە، پێگە و سەنگی ئەخلاقیی دەسەڵاتدارانی کوردیان نەبوو و نەیاندەتوانی هاوشێوەی ئەوەی کە کوردەکان شەڕە عەشیرەییەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد، کار بکەن. دەیەکانی دواتر دەبینین کە ئاسایشی گشتی کەمتر دەبێت و بەهەمان ڕێژەش شەڕ و توندوتیژی زیاتر دەبێت. هەست بە نەبوونی ئاسایش و ئەمنییەت لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک لە شکستەکانی ئەرتەشی عوسمانی لەبەرانبەر هێزەکانی ئەورووپا و چالاکییە گوماناوییە مەزهەبییەکانی ئەورووپا لە نێو کۆمەڵگای مەسیحیدا، دۆخەکەی خراپتر کردبوو. ئەو بارودۆخە بوو کە شێخەکانی وەک نێوەندگیرێک بۆ شەڕ و ئاڵۆزییەکان لێکردبوو. ڕێک لەبەر ئەوەی هێز و توانایان سەربەخۆ و لە دەرەوەی گرێدراویی عەشیرەییەوە بوو و پەیڕەوانیشیان سنوورە عەشیرەییەکانیان

تێدەپەڕاند. شـێخەکان پێگەیەکی باشیان لە چارەسەرکردنی ئاڵۆزی و شەڕەکان لە ڕێگەی نێوبژیوانـی کردن لە نێوان لایەنەکانی شـەڕ لە ڕێگەی خسـتنەرووی چارەسەرێکی ئاساندا هەبوو.

بەشـێک لـە شـێخەکان بوونـە هەڵسووڕێنەرانێکی سیاسیی زیرەک، کەسانێک کـە بۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتەکەیان تەنانەت بەسـەر گەورەترین سەرۆک عەشـیرەتەکانی ناوچەکەیـان سـەرکەوتوو بـوون. ئـەوان لە کۆتاییدا لە زۆربەی شوێنەکان بە گشتی ببوونە قەبووڵکراوترین گوتەبێژەکانی کورد.

بـە هەڵکـەوت نییـە کـە زۆرێـک لە سـەرهەڵدانە سیاسـییە سـەرەتاییەکان بـە ڕەهەندی نەتەوایەتییەوە لەلایەن شێخەکانەوە ڕێبەرایەتـی دەکرا. وەک شۆڕشـە گەورەکانی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نـەهری (١٨٨٠) و شێخەکانی بارزان لە کوردستانی باشوور، شێخ سـەعیدی پیران (١٩٢٥) لە باکوور و شـێخ مەحموودی بەرزنجی (١٩١٩،١٩٢٢، ١٩٣١) لە کوردسـتانی باشـوور و چەندین شۆڕشی بچووکی دیکە.

بۆ سەردەمێکی دوورودرێژ، نەتەوەپەرستە سـیکۆلارەکان، خۆیانیـان ناچـار دەبینی کە لەگەڵ شـێخەکاندا یەک بگـرن، لەبەرئەوەی شـێخەکان توانای کۆکردنەوە و یەکخسـتنی جەماوەریان هەبوو و ئەمەش تەنیا تایبەت نەبوو بە کاتی شۆڕشەکانەوە. کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا ـ سەید عەبدولقادر ـ کە دوای شۆڕشی تورکە گەنجـەکان لە سـاڵی ١٩٠٨ لە ئەسـتانبوڵ نیشتەجێ بوو، لە یەکەمین شوورا کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا و تاکە سەرکردە بوو کە چینی کرێکارە کوردەکان گوێڕایەڵی بوون.

نەتەوەپەرستە سـیکۆلارەکان بە پەروەردە مۆدێرنەکانیان، بەشێوەیەکی گشتی لەو ناوەندە بێبەش کـران. تەریقەتەکانی سـۆفییەت لەم سـەدەیەدا بەتوندی لە لایەنـە جیاوازەکانەوە کەوتنـە بەر ڕەخنـە: لەلایـەن ڕیفۆرمخوازە موسوڵمانەکان، سیاسـەتمەدارانی سیکۆلاری نوێخواز و ڕۆشنبیران و نەتەوەپەرستەکان.

سەعید نۆرسی کە مامۆستاکەی شێخێکی نەقشبەندی بوو، لە نووسـینەکانیدا، ڕۆحێکی عیرفانی دەکردەبەر نووسراوەکانی. تەریقەتەکان بـەو شـێوەیەی کە لـە کوردسـتان کاریان دەکرد، بیروبـاوەڕی خورافی و سـیحرەکانی پەیوەندیدار بەوان و ستایشی ناعەقڵانیی شێخە میراتگرەکانـی ڕەت دەکـردەوە (بزووتنەوەی نـۆرس کـە پەیڕەوانـی تیایـدا ڕێکدەخران، لە تورکیـە زیاتر وەک تەریقەتی سـۆفییەت ناودەبـران، بـەڵام تەریقەت نـە ڕێبەرییەکی میراتگری هەیە و نە دەسـتیان لە عیبادات و ڕێورەسمە گشتییەکان وەردەدا). تورکە گەنجە سـیکۆلارەکان و جێگـرە کەمالیسـتەکانیان تەریقەتەکانی سۆفیگەری وەکوو شوێنی گەشە و پەرەسەندنی خورافاتی ساختە و ڕێگرێک لە بەردەم گەشەسـەندنەکان دەزانی. پەیوەندیی بەشێک لە شـێخە نەتەوەپەرستەکان لەگەڵ نەتەوەپەرسـتە کـوردەکان هۆکارێـک بوو بۆ گومانی زیاتر. شۆڕشـی شێخ سەعیدی پیران ئەم بابەتە بە ئاشکرا پشتراست دەکاتەوە.

لـە مـاوەی چەنـد مانگـدا، حکوومەت سەرجەم تەریقەتەکانی سۆفییەتی قەدەغەکرد. ئـەم قەدەغەکردنە بەتایبەت بۆ تەریقەتەکانی ناو شـار کە پێویسـت بـوو چالاکییەکانیان ڕابگرن، بە زەرەریان شـکایەوە. بە شێوەیەکی لێکدژ، بەشێک لە شێخە کوردەکان بەتایبەت ئەوانەی هاوکاریی حکوومەتیان دەکرد، توانییان پێگەی پتەوی کۆمەڵایەتییان بپارێزن. تێپەڕین بۆ دیموکراسـیی فـرە حیزبـی و هەڵبژاردنی سەرتاسەری بەدوای شەڕی جیهانیی دووەمدا، شێخەکانی کردە کەرەستەیەک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ حیزبە کۆنەپارێـزەکان، لەم پێناوەدا چەندین شـێخی کورد بوونە ئەندام پەرلەمان. لە قۆناغی دوای شـەڕیش، بەشێک لە نوێترین ڕەخنەگرانی شـێخەکان، ڕۆشنبیرانی سیکۆلار بوون کە ئەوانیان بەهۆی نەزان هێشـتنەوەی

کۆمەڵــگای لادێیــی، چەوســاندنەوەیان لــە بواری ئابووری و خۆفرۆشــتنیان بە حکوومەت سەرکۆنە دەکرد.

ورده ورده گوشــارەکان بۆ قەدەغەبوونی تەریقەتــەکان لــە تورکیا، کەمتر بــووەوە. تا دەیەی ۱۹۸۰ ئەو تەریقەتانە توانیان بە کردەوە جارێکــی تر بەشــێوەیەکی ئاشــکرا چالاکی ئەنجام بــدەن. پەیوەندیی نەقشــبەندییەکان لەگەڵ نەتەوەی کورد، بەتایبەت لەو ناوچانەی کــە کۆمەڵــگای کــورد و تورک، ســوننە و عەلــەوی بەیەکەوە دەژیــان، ڕێگەی پێ درا و ئــازاد کرا. ژمارەیەک شــێخی کــورد لەو ناوچەیە لە ناوەڕاســتی دەیەی ۱۹۷۰ لەگەڵ حیزبی عەمەلی نەتەوەپەرســت کە حیزبێکی فاشیســت و پان تورکیزم بــوو، پەیوەندییان هەبوو. ئەگەرچی هەندێ جار بەشێکی زۆری پەیڕەوانیان کورد بوون.

بەشــێکی دیکە لە شــێخە کــوردەکان، ژمارەیەکــی زۆر لــە شــوێنکەوتووانی غەیرە کوردیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشــا. چەندین لقی کوردی نەقشبەندی لە ئێستادا نوێنەرایەتییان لە ئیســتانبوڵ هەیە، ئەمــەش بەهۆی ئەوەیە کە خودی شــێخەکان خۆیــان چوونەتە ئەو شــوێنانە و یان گرووپێک لە پەیڕەوانیان لەوێ بەشێوەیەکی ڕێکخراو چالاکییان هەبووە.

ئەوکاتەی کە تەریقەتەکانی ســۆفییەت لە تورکیا قەدەغە کران، بەشێک لە شێخە کوردەکان بەرەو سووریە کۆچیان کرد کە لەوکاتەدا لەژێر کۆنترۆڵی فەرەنســادا بوو و لــەوێ بە بەراورد بە دراوســێ باکوورییەکەی خــۆی (تورکیا)، سیاسەتی کوردی و ئیسلامیی لیبراڵتر پەیڕەو دەکرا. باکووری ڕۆژئاوای ســووریە، شــوێنێک کە کوردەکان بــە هۆکارگەلێک ناچاربوون کە تورکیایان بەجێهێشــت، لەوێ نیشتەجێ بن، حەشیمەتێکی زۆری لەخۆ گرتبوو. ژمارەیەکی دیکەیان هێشتا پەیڕەوانێکی زۆریان لە بەشی کوردستانی تورکیا هەبوو و ساڵانە چەندین جار سەردانی دەکرا.

## ناســیۆنالیزمی مەزهەبــی لەبەرانبــەر ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی

بــەلای بەشــێکی زۆر لــە کــوردە ســوننە باوەڕدارەکانەوە، ئیســلام بەشــێکی گرنگ لە شوناسی کوردییە. ئەوان ئێزدییەکانیان وەکوو کوردێکی ڕەســەن هەژمار نەدەکرد، ئەگەرچی کە زۆربەی ئێزدییەکان تەنیا بە زمانی کوردی قســە دەکەن. عەلەوییە زازاکانیش هەندێجار لەوەیکە وەکوو کورد ناوببرێن، بێبەش دەبن و نکۆڵییان لێ دەکرێت، هەرچەندە ئەم ڕوانگەیە، ڕوانگەی هەمیشەیی نەبووە.

نووسەرانی تورک و کورد لە سەدەکانی ١٦ تا ١٩، بە ئاشکرا باسیان لە کوردە ئێزدییەکان و قزڵباشەکان دەکرد. لە سیستەمی حوکمڕانیی عوسمانیدا، تورک و کورد، بۆ پێدانی سەرانە و باج و کارە یاساییەکانی دیکە، وەکوو موسوڵمان چاویان لێ دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نەدەبووە هۆکاری ئەوەی کە تووشی ڕاوەدوونان نەبنەوە و ئازار نەدرێن. سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوان کۆمەڵگا مەزهەبییــە جیاوازەکانــدا بەردەوام بوونی هەبوو، بەڵام گرنگییەکەی لە قۆناغێکەوە بــۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕدرا. ئەم پرســە لە دوو دەیەی ڕابردوودا تا ئەو ئاســتە پەرەی ســەند کە بەشــێک لە کۆمەڵگای عەلەوی و ئێزدی، خۆیانیان لە نەتەوەکانــی تر، جیاواز لە کوردە سوننەکان دەزانی.

چەندیــن جار بــاس کراوە کــە یەکەمین شۆڕشــی کــوردی لــە تورکیە، کــە لەلایەن شــێخ ســەعیدی پیرانەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، ســەرهەڵدانێکی عەشیرەتە ســوننە زازاییەکان بوو و چالاکانە لەلایەن بەشــێک لە عەشیرەتە عەلەوییــە زازاکانــی دراوســێیانەوە، دژایەتی دەکران. لەبەرئەوەی شۆڕشی ۱۹۳۷ لە دێرسیم تەنیــا عەلەوییەکانی لەخــۆ دەگرت و لەلایەن هیچکام لە کوردە سوننەکانەوە پاڵپشتی نەکرا. تایبەتمەندیی نەتەوەییــی کوردی لە هەر دوو شۆڕشەکەدا، هەم لەلایەن سیکۆلارەکان و هەم لەلایەن سیاسەتمەدارانی گرووپە جیاوازەکانەوە،

کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. ئایا ئەمانە تەنیا شۆڕشێکی عەلەوییەکان و موسوڵمانانی سوننە یان شۆڕشی نەتەوەیی نین؟

لە ئاستی ڕێبەریدا، هەردوو شۆڕشەکە، ژمارەیەک لە کەسانی خوێندەواری شارنشینی لەگەڵ بوو کە لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بوون، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک سەرکەوتوو نەبوو. بۆ بەشێکی بەرچاوی بەشداربووان، شۆڕش، لەوانەیە لەگەڵ نموونەکانی پێشووتری بەرگری دژی دەستێوەردانی حکوومەتی ناوەندی لە کاروباری ناوچەیی، زۆر جیاواز نەبێت. بەرگری لە ئیسلام، پاڵنەری بەهێزی دیکە لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیددا بوو. لە شۆڕشی دێرسیم، لەوانەیە لە هێماکانی عەلەوی کەڵک وەرگیرابێت، بەڵام هیچکات شۆڕشێک بەناوی عەلەویزم نەبوو. ئەو شۆڕشە بەوشێوەیەی کە ڕوویدا، شۆڕشی عەلەوییەکان بوو و هەربۆیە کەمتر دەبوە هۆی یەکگرتوویی کوردە سوننەکان. ڕوانگەی عەلەوییە زازاکان یان کورد زمانەکان، بە شوناسی کوردی، کە لە ڕوانگەی هەندێک کەس پەیوەندی بە ئیسلامی سوننەوە هەیە، بەدرێژایی دەیەکانی داهاتوو تەمومژاوی و ناڕوون مایەوە. عەلەوییەکان پاساوێکی باشیان بۆ سیکۆلاربوون هەبوو و بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی عەلەویی کورد لانگرییان لە کەمالیزم کرد، لەبەرئەوەی ئەوان بناژۆخوازیی ئیسلامییان وەکوو هەڕەشەیەکی گەورەتر بەرانبەر بە گرووپەکانیان دەبینی.

لە دەیەکانی ١٩٦٠ـ١٩٧٠ عەلەوییە گەنجەکان، کوردەکان و هەروەها تورکەکانیش، سیاسەتی چەپی تورکیەیان لە بەرانبەر سیاسەتی نەتەوەیی هەڵبژارد. بەڵام ئەوان لە زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکانی دوای ئەو قۆناغە دەرکەوتن و عەلەوییەکان لە ڕیزی دیارترین ڕێبەرانیاندا دەبینران. دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران، نەتەوەپەرەستیی کوردی پەیوەندییەکی ئاشکرای لەگەڵ ئیسلام، تا سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ لەدەستدا. بە گشتی ئەگەرچی هەستی نەتەوەپەرەستی لە نێو کوردە سوننەکاندا بە بەراورد لەگەڵ عەلەوییەکان، ئەهلی حەقی، ئێزدی و شیعەکان بەهێزترە، و هەروەها زۆربەی کوردە سوننەکان، موسوڵمانێکی مەزهەبی و باوەڕدارن، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرجەم ڕێکخراوە فەرهەنگی و حیزبە سیاسییە کوردییەکان، کە سەریانهەڵدا، بەشێوەیەکی گشتی سیکۆلار بوون. لەلایەکی دیکەوە ئەو کوردانەی کە وەکوو موسوڵمانێکی باوەڕمەند، چالاک بوون، لە پێداگری لەسەر شوناسی نەتەوەیی کوردیی خۆیان پاشگەزبوونەوە و زۆرجار لە شەڕدا بوون لە گەڵ شۆڕشەکانی کورد کە بەتایبەت لە دەیەی ١٩٥٠ بەدواوە بە گشتی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی مارکسیزمەوە. تەنیا لەگەڵ هەرەسهێنانی مارکسیزم وەکوو هێزێکی سیاسی بوو کە ئیسلام وەکوو فاکتەرێکی پرپایەخ بۆ سیاسەتی کوردی و سیاسەتی شوناسی کوردی، گەڕایەوە بۆ ئیسلامگەرایی.

بێگومان شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕۆڵێکی گرنگی لەو ڕووداوانەدا گێڕا، ئەگەرچی کاریگەرییەکەی ناڕاستەوخۆ بوو. لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشەکەدا، کوردەکان سەرلێشێواو بوون و بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە مەزهەبییەکان ڕۆڵی گوتوبێژی ئەوانیان دەگێڕا. شێخ عیزەددین حوسێنی لە مەهاباد و ئەحمەد موفتی زادە لە سنە لەو کەسانە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بە زوویی توانیان کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکەن و ڕێبەرایەتیی خەڵک لە بن دەستی کەسایەتییە مەزهەبییەکان، گەڕایەوە بۆ سیاسەتمەدارانی کوردی سیکولار. ئەوان تازە لە زیندان یان تاراوگە گەڕابوونەوە و لە دووبارە ڕێکخستنەوەی حزبە کوردییە ناچالاکەکان (سیکۆلار و مەیلەو چەپ) ، سەرکەوتوو بوون. عێزەدین حوسەینی لە هەمان قۆناغی یەکەم لەگەڵ چەپە ڕادیکاڵەکان بووە هاوپەیمان و دیسکۆرسێکی سۆسیالیستیی ئیسلامی ـ

پۆپۆلیستی لەگەڵ جەختکردنەوە لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گرووپە نەتەوەییە ـ زمانییە جیاوازەکانی ئێران هەڵبژارد. کاتێک کە حکوومەتی ناوەندیی نوێ، سپای بۆ کۆنترۆڵی کوردستان ڕەوانەکرد، بزووتنەوەی بەرگریی کوردی سوننە لەلایەن برای شێخ عیزەددین حوسێنی لە بانە و شێخ عوسمان نەقشبەندی لە ناوچەی هەورامان ڕێبەرایەتی کرا کە ماوەیەکی زۆریشی نەخایاند، بەڵام کاتێک کە شەڕی چریکی دەستی پێکرد، تەنیا هێزە سیکۆلارەکان لە مەیدانەکەدا مانەوە.

لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا، ئێران پاڵپشتیی لە حیزبە سیکۆلارەکانی عێراق (سەرەتا پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان) دەکرد، بەڵام هاوکات هەوڵیشی بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ناو کوردەکانی عێراق دەدا. هەر لەو کاتەدا عەرەبستانی سعودی کە لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، هەستی بە مەترسی دەکرد، چەند هەوڵێکی هاوشێوەی ئەنجام دا، ئەگەرچی تەنیا بۆ ڕێگری کردن لە بەرەوپێشچوونەکانی ئێران بوو. بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، بە ڕێبەریی عوسمان بن عەبدولعەزیز، لە حەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٧ سەری هەڵدا و تەنیا لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ بوو کە بووە هێزێکی سیاسیی گرنگ. ئەو بزووتنەوە هەوڵی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و عەرەبستانی سعودی هاوسەنگ بکات.

شێخ محەمەد خالید بەرزنجی نەقشبەندی، ئامۆزای مەسعوود بارزانی، هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی هێزێکی چەکدار کە بە ناوی حزبوڵڵای کوردی بەناوبانگە. ئەو گرووپە توانی لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و یەکە چریکییەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ناوچەی بارزان بکاتە دەرەوە. لە دەیەی ١٩٩٠ گرووپی حزبوڵڵا کە لەلایەن ئەدهەم بارزانییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، پێکهێنرا کە لە بزووتنەوەی پێشوو جیا ببوەوە. پێدەچێت ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی، پشتیوانییەکی جەماوەریی خەڵکی بەدەستهێنابێت و ڕکابەرێکی جیددی بێت بۆ حیزبە سیکۆلارەکان.

لە کوردستانی تورکیە، ڕێکخراوێکی حیزبوڵڵاهیی نهێنی، بۆ ماوەیەک، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ سەری هەڵدا. لایەنێکی بزووتنەوەکە بە توندی لەگەڵ نەتەوەپەرستی سیکۆلاردا دژ بوون و لە دەیەی ١٩٨٠ دا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK کەوتنە شەڕێکی قورسەوە کە لە درێژەیدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دژە شۆڕشی تورکیادا هاوکارییەکی نزیکی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا لقێکی دیکەی حیزبوڵڵا فۆرمێکی لە ئیسلامگەرایی پەرەپێدا کە لەگەڵ نەتەوەپەرستیی کوردیدا سازگاری هەبوو. PKK بەپێچەوانەوە، ڕوانگەیەکی باشتری لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامدا گرتەبەر. PKK لە سەرەتادا، وەکوو هەموو بزووتنەوە چەپەکانی تورکیە، نە تەنیا سیکۆلار، بەڵکوو تارادەیەک دژە ئایین بوو، بە تێگەیشتن لەوەی کە زۆرێک لە گوندنشینانی کورد تا چ ڕادەیەک لە ژێرکاریگەریی ئیسلامدان، PKK لە دژایەتیی ئیسلام پاشگەز بووەوە و دوو یەکیەتیی ئیسلامیی دامەزراند: یەکیەتی کەسایەتییە مەزهەبییەکان و یەکیەتی کەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکان (هەروەها PKK بۆ ڕاکێشانی کوردە ئێزدییەکان و عەلەوییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ ئیسلامی سوننە، شوورایەکی ئێزدی و شوورایەکی عەلەویشی دامەزراند). لە نێو بزووتنەوە مەزهەبییە جیاوازەکانی کوردستانی تورکیە، پێدەچێت کە بزووتنەوەی نورسوو، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی پەیڕەوانیان، گەورەترین بزووتنەوە بووبێت و هەروەها گرنگترین بزووتنەوەی مەزهەبی لە هەموو تورکیایە، بەڵام چەند جیابوونەوەیەک تیایدا ڕوویداوە و لە ئەنجامدا، نەتەوەیی بوون گەڕاوەتەوە بۆ قووڵایی بزووتنەوەکە.

هێڵە فیکرییەکانی بزووتنەوەکە، کە

پەیوەندیی بە ڕۆژنامەی (YeniAsya)ەوە هەیە بەردەوام لە سیاسەتی کردەیی دوورکەوتۆتەوە و بەهـــۆی بۆچوونەکانیەوە—زاڵبوونی ئیســـلام لەســـەر لێکترازانە نەتەوەییەکان- بوو کە بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندی کوردی بزووتنەوەکە کەم بایەخ نیشـــان بدرێت. باڵێکی گەورەی دیکەی ئەو بزووتنەوەیـــە، کە بە بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گولـــەن و ڕۆژنامـــەی زەمان بەســـتراوەتەوە، خوازیاری هاوکاری لەگەڵ نوخبە بوروکراتەکان و ئەرتەشی سیکۆلاری تورکیە بوون و هەڵوێستی نەتەوەپەرستانەی ئاشکرای تورکییان هەڵبژارد. لەکاردانەوە بەم پرســـە، چەند گرووپێکی نوێی کـــوردەکان، جەختیان لە شوناســـی کوردیی خۆیان کردەوە و لایەنە کوردییەکانی بیوگرافیی ســـەعید نۆرسی کە بۆ ماوەیەکی زۆر پشتگوێ خرابوو، ئاشـــکرا کرا. توندڕەوترین ئەو گرووپانە بە گرووپی ماد ـ زەهرا ناســـراون (مەبەســـت زانکـــۆی «قوتابخانەی زەهرا» یە کە ســـەعید نۆرســـی خولیای دامەزراندنیی لە کوردســـتان هەبـــوو). ڕۆژنامەی «داوا» بـــەوە بەناوبانگە کە بـــڕوای زۆری بـــە نەتەوەپەرســـتیی کوردی هەیـــە، ئەم گرووپـــە، ڕێبەرایەتیـــی یەکەمین ســـەرهەڵدانی گەورەی کوردەکانی لە تورکیە، (شـــێخ ســـەعیدی پیران)، وەکـــوو دووەمین کەسایەتی گەورە لە گەڵ سەعید نۆرسی ناساند و کۆمەڵێـــک ڕاپۆرتـــی لەبـــارەی بزووتنەوەی ئیســـلامیی کوردســـتان (عێراق) بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەی «نەوبەهـــار» کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کەمتر سیاســـییە و زیاتر فیکرییە، گۆشەیەکی گرنگـــی زیندووکردنەوەی فەرهەنگی کوردییە. نووســـەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لەگەڵ بزووتنەوەی نورســـوو، پەیوەندییەکی پتەویـــان هەیە بەڵام ئەوان ڕۆشنبیرانی کوردیشـــن. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر سەرقاڵی وتووێژە لەگەڵ گرووپەکانی تر و هاوبەشەکانیشی بە گشتی نەک لە نێو گرووپە موسوڵمانەکانی تر بەڵکوو لە نێو گرووپە کوردە ســـیکۆلارەکاندا پەیدا دەکات. ســـەرهەڵدانی ئەو گرووپە کوردییانە لە بزووتنەوەی نورســـوو لەگەڵ ئاشـــکرا کردنی پەیوەندییـــان لەگەڵ کوردەکان و پشـــتیوانی و ژیاندنەوەی ئیسلام، بەشێک لە چالاکی و تێڕوانینی سەعید نۆرسی بوو کە پێدەچێت نیشانەی ڕەوتێکی گشتگیرتر بێت. ڕوانگەی زاڵ لە بزووتنەوەی ئیســـلامیدا ئەوەیە کە نەتەوەیی بوون بەشـــێکی ناسازگارە (هەربۆیـــە هەموو تێڕوانینی ڕەگەزپەرســـتیی نەتەوەیی و هەروەها ناســـیۆنالیزمی نەتەوەیی پێویستە ڕەتبکرێتەوە.)

لە دەیـــەی ١٩٨٠ ـ لانیکـــەم لە تورکیە ـ شوناســـەکانی نەتەوەیی و میللی خۆیانیان بەســـەر بزووتنەوە ئیســـلامییەکاندا ســـەپاند. ناســـیۆنالیزمی دەستی ڕاســـتی تورکیە هەوڵی داوە تا ئیســـلامگەرایی لە فۆرمـــی (بیرۆکەی تورکی - ئیســـلامی) کە بووەتـــە ئیمپراتۆریی نوێی حکوومەت، قەبووڵ بکات. کەســـانێک بە باکگراونـــدی پان تورکی لـــە ئەندامانی دیاری حیزبـــی ڕیفاهی ئیســـلامی و لقی بەبرشـــتی بزووتنـــەوەی نورســـوو کە لەلایـــەن فەتحوڵڵا گولەنەوە ڕێبەری دەکرێت، نە تەنیا لە دوورەوە دیسکۆرســـێکی میللـــی گەراییـــی تورکییان هەڵبـــژاردووە، بەڵکوو چالاکییەکانیشـــیان لە ئاسیای ناوەندی درێژەپێدا. لە لایەکی دیکەوە توانیان تەنیا ئیســـلامگەرا کوردەکان، ناچار بە زیندووکردنەوەی خۆیان و شوناســـێکی جیاواز لە بزووتنەوەی ئیســـلامی بکـــەن. کۆمەڵگای کـــوردی و سیاســـەتی کـــوردی زیاتـــر بەرەو ئیسلامی بوون ڕۆیشتوون، هەم بەو مانایەی کە ڕێکخراوە مەزهەبییە سیاسییەکان زاڵتر بوونە و هەم بەو مانایە کە تەنانەت بزووتنەوە سیاسییە سیکۆلارەکان، پێویستە ئیسلام قەبووڵ بکەن و ڕێـــزی لێ بگرن. لە لایەکی دیکەوە، بزووتنەوە ئیســـلامییەکان لە کوردســـتان، بە بەراورد بە ڕابردوو بە شـــێوەیەکی ئاشـــکرا، شوناســـێکی کوردییان وەرگرتووە.

*. Martin van Bruinessen. «The Kurds and Islam.» Working Paper no. 13, Islamic Area Studies Project, Tokyo, Japan, 1999.

# ناسیۆنالیسم، موسوڵمانەکان و «ئیسلامگەرایی»

کەماڵ سلێمانی

و: بەڕۆژ ئەسعەدی

ناســیۆنالیزم شــێوەیەک لــە هوشــیارییە کە بە زمانی تایبەتی خــۆی دەردەبڕدرێ. پێش چەرخی ناســیۆنالیزم، ئەو شــێوە لێدوانە لە نەتەوە، بوونی نەبووە. بە گشتی ژیان لە نێو پارادایمی ناسیۆنالیزمدا شــێوەیەکی تایبەتــی بیرکردنــەوە و وێناکردنی نەتەوەییــی بــە ســەر مروڤــی ئەم ســەردەمەدا سەپاندووە. مروڤی دینداریش وەک هەموو کەسێکی تــر، لە ژێــر کاریگەریــی ئــەو پارادایمەدایە و بۆ باســی پێوەندیی خۆی لەگەڵ نەتــەوە، لە هەمان زمــان کەڵک وەردەگــرێ. هەر بۆیــە دیندارەکان تەنانەت ئیســلامگەراکانیش لــە دەرەوەی دەوڵەت نەتەوە، ناتوانن بیر لە سیســتەمێکی سیاسیی دیکە بکەنەوە. هۆکارەکەشــی بــۆ دەروونیکردنی گوتارە ناسیۆنالیستییەکانی ئێستا دەگەڕێتەوە، کە ئەویش کاریگەریی لە ســەر تێگەیشتنیان لە سەر چەمکە پــڕ هاتوهاوار و بــە ڕواڵــەت جیهانییەکانی وەک ئوممەت[۱] یان خەلافەت[۲] دادەنێت.

لە هــزری ئایینی ئیســلامی مۆدێرندا، نەتەوە وەک چەمکێکــی بەڵگەنەویســت وێناکراوە: لە بەر ئەوەی بکەری ئایینی لە ناو پارادایمی ناسیۆنالیستیدا چالاکــی دەکات، دەیهەوێــت زاراوە ئایینییــەکان لە گــەڵ زاراوە ناسیۆنالیســتییەکانی یەک بخات. ژیان لە ناو «پارادایمی ناسیۆنالیســتیدا»[۳] جۆرێکی مۆدێرنی تێگەیشــتن لــە نەتەوە دەســەپێنێت، و ئەمەیش ڕێگــە بە بکەرە ئایینییــەکان دەدات کە زاراوە ناسیۆنالیســتییەکان بــۆ شــی کردنــەوەی پەیوەندییان بە نەتەوە، بەکار بهێنن.[۴]ئەم پارادایمە، پێداویســتییەکانی تەفســیر و تێگەیشتنی ئایینیی خۆی دەسەپێنێت و وەک بەستێنێک بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ئایین کار دەکات و بەم شــێوەیەیش کاریگەریی لە ســەر پانتایی و ســنوورەکانی[بیری ئایینی] دادەنێت.

ئیسلامییەکان هەوڵی دووبارە بیناکردنەوەی[۵] ڕابردوویــەک دەدەن کــە هەم خزمەت بە ئێســتا بــکات و هەم ئێســتاش بباتە ژێر پرســیارەوە. لە گەڵ ئەوەیشــدا، زۆربەی کات تەفسیر و ڕاڤەکانیان ڕەنگدانــەوەی تــرس و دڵەڕاوکێکانیانــە کــە بە شێوەیەکی بنەڕەتی، گرێدراوی بارودۆخی مۆدێرنی ئەوانە. چاوپێداخشــاندنێکی ئــەو بەرهەمانەی کە لــە لایەن توێژەرە ئایینییــە مۆدێرنەکانەوە بەرهەم هاتــوون، زۆربەی کاتــەکان هەوڵێکــی بەرچاوی نەژادی و ئەتنیکیی ئەوان ئاشکرا دەکات.

چالاکیی ئیســلامگەراکان لە ناو سنوورەکانی دەوڵــەت نەتەوە و ئامانجی ســتراتیژیکی ئەوان بۆ کۆنترۆڵی پێکهاتەکانی دەوڵــەت، ناچاریان دەکات لە ئاســتە جیاوازەکاندا لە گەڵ ناسیۆنالیسم مامەڵە بکــەن. ئەگەرچی ئیســلامگەرایی ســێکۆلار نییە، بەڵام ناشکرێ بە شێوەیەکی زاتی ناسیۆنالیسمیش بــە ســێکۆلار تێبگەیــن. هــەر بۆیەیــش، ئەگەر ناسیۆنالیســم چەمکێکی داڕێژراو[۶] بێت، هەروەک پارتا چاتێرجــی[۷] وای دەبینێت، و بتوانێت فۆڕمی جیــاواز وەربگرێت بــۆ ئەوەی نەریتــە کەلتوورییە خۆجێییــەکان یەکپارچە بکات، ئــەوە پەیوەندیی ئیسلامگەرایی لەگەڵ ناسیۆناڵیسم لەوە قووڵترە کە بانگەشە دەرکرێ.

هەوڵی ئیســلامگەراکان بۆ کار کــردن لە ناو دەوڵەت نەتەوەدا، خــۆی لە خۆیدا ڕێگە بۆ تێکەڵ بوونی ئایین و سیاسەت خۆش دەکات، کە ئەمەیش بە هۆی «بەرژەوەندیــی نەتەوەیی»یەوە ڕوو دەدات. پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەم کە دەوڵەتی مۆدێرن نە بە تەواوی ئایینی لە پانتاییی گشتی جیا کردووەتەوە و نە لە سیاسەتی دوور خستووەتەوە، نە بەرانبەر بە ئایین بێ لایەن و بێ-هەڵوێستە. دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن، بە بەردەوامــی ئایین بەڕێوە دەبات، بیری لێ دەکاتەوە، پێناســەی دەکاتەوە و بە شێوەیەکی هەڵبژێــردراو هەندێک ڕەهەنــدی ئایینیی تێکەڵ دەکات و دەیهێڵێتــەوە و هەندێــک ڕەهەندیشــی وەلا دەنێت و پشــتگوێی دەخــات. دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی ســنوورەکانی ڕێژیمێکی یاساییدا (کە هەمان سێکولاریسمە) مامەڵە لە گەڵ ئایین(ەکان) دەکەن، هەر بۆیەیش دووبارە تەفسیرکردن و ڕاڤەی دەوڵەت لە ئایین دەبێتە هۆی پابەندیی یاسایی.

ئەگەر زمانی توندی ئیســلامگەراکان لەبەرچاو نەگریــن، بۆمــان دەردەکەوێــت کــە دەوڵەتــە ئیسلامییەکان و دەوڵەتە نائیسلامییەکان، هەردووک هەندێــک ســتراتیژیی هاوشــێوە و چونیەک، بۆ

بەڕێوەبردنی ئایین بەکار دەهێنن. دەوڵەتەکان، ئیسلامی بن یان نائیسلامی، بە شێوەیەکی گشتی تەفسیر و ڕاڤەی ئایینی پاوان دەکەن. دەوڵەتەکان لە ڕێگەی سزادان یان پشتگوێخستنی تەفسیر و ڕاڤەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ئیسلام، پاوانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. کردار و چالاکییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی دەوڵەتەکانی ئێران،[۸] میسر، عەرەبستانی سەعوودی، و تورکیا، ژمارەیەکی زۆرمان بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە دەداتێ.

تا ئێستا دەرکەوتووە کە لە هەر دووک مەیدانی هزری و کردارییەوە ئیسلامگەراکان لە بیرکردنەوە لە دەوڵەت نەتەوە — وەک «ئایدیال تایپێ» سیستەمی حوکمڕانیی مۆدێرن، شکستیان خواردووە. لە گەڵ ئەوەیشدا، ئەوان گرفتاری ئەو دیاردەیە بوون کە مایکڵ بیلیگ ناوی دەنێت «ناسیۆنالیسمی ڕۆژانە[۹]».[۱۰] (ناسیۆنالیسمی ڕۆژانە دەتواندرێت وەک ستایش و ڕێزلێنانی نائەنقەست و بەرزنرخاندنی ڕۆژانەی دەوڵەت نەتەوە پێناسە بکرێت. بە واتایەکی دیکە، ناسیۆنالیسمی ڕۆژانە، یانی ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا، دەوڵەت نەتەوە وەک «دیاردەیەکی ئاسایی و قەبوڵکراو» سەیر بکەن[۱۱]). ئەوەی کە ئامانج و پاڵنەرەکانی ئیسلامگەراکان لە تێوەگلانیان لە سیاسەتی دەوڵەتیدا چییە[لێرەدا]، پرسێکی لاوەکییە. لێرەدا پرسی سەرەکی بریتییە لە جیانەبوونەوەی ڕوانگە سیاسی(یەکانی) ئیسلامگەراکان لە جۆرەکانی دیکەی مروڤی نەتەوەخواز.[۱۲] لە ئیسلامگەراییشدا، وەک جۆرە مۆدێرنەکانی دیکەی هزری سیاسی، سنوورەکانی دەوڵەت لە گەڵ سنوورەکانی نەتەوە دەبن بە یەک. مروڤی ئیسلامگەراش ڕەزامەندیی لە سەر جیاکردنەوەی یاسایی و نەتەوەیی یان دابڕانی لە بەشەکانی دیکەی ئوممەت هەیە.

ئاسایی بوونی جیاوازییەکی لەم چەشنە مۆدێرن و ناسیۆنالیستییە. ئەگەر ئەم شیکردنەوەیە ڕاست بێت، ئەوە ئیسلامگەراکانیش لە جیهانێکی جیاوازدا ناژین و لایەنگریی لە ڕێگەیەکی جیاوازی ژیان لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن ناکەن. وەک هاووڵاتییەکانی دیکە، قەبووڵکردنی سنوورە نەتەوەییەکان بۆ ئیسلامییەکانیش هیچ گرفتێکی بڕیاردان دروست ناکات. هەر بەم هۆکارەشە کە موسوڵمانە فارسە شیعەکان، بە شانازییەوە لە نێوان هەموو شتەکانی دیکەدا، جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی کە سەرۆککۆمارەکەیان دەبێ نێرینەیەکی شیعەی لەدایکبووی ئێران بێت کە باپیرانیشی هەر ئێرانی بن (بە ڕەسەن ئێرانی بن) و ئەم بابەتەیان لە دەستووری وڵاتەکەشیاندا چەسپاندووە[۱۳]. ئەو ڕاستییەش پێشانمان دەدات کە مروڤی ئیسلامگەراش دەبێ بە مروڤی نەتەوەخواز دابندرێت. هەروەک چۆن بالیبار[۱۴] دەڵێ: «سنوورە دەرەکییەکانی دەوڵەت» بوونە «سنوورە دەروونییەکان»ی هاووڵاتی[۱۵]. ژیان لە ناو پارادایمی ناسیۆنالیستیدا ئەمەی کردووە بە پێویستییەک.

هۆکاری گرینگیی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جگە لە هەندێک ڕێتۆریک لە دژی ڕۆڵی کۆلۆنیالیسمی(ڕۆژئاوایی) لە سەپاندنی سنوورە جوگرافییە هەنووکەیییەکاندا، هیچ ئەدەبیاتێکی بەرچاوی ئیسلامگەرایی کە پێشانی بدات کە دەروونیکردنی سنوورە نەتەوەییەکان، ڕەنگە گرفتێک بۆ وەفاداریی ئایینیی موسوڵمانان دروست بکات، بوونی نییە. ڕاگەیاندنی دڵخۆشانەی سنوورە ئەتنیکی-نەتەوەییە هەنووکەییەکان و دەربڕینی بەردەوامی ناسیۆنالیستی، ئەم واقیعە بە باشی پێشان دەدات. ئەو خاڵەی لێرەدا دەبێ جەختی لە سەر بکرێتەوە ئەوەیە کە موسوڵمانێک، ئیسلامگەرا یان نەریتی، کاتێک کە سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوە دەروونی دەکات، خۆی وەک کەسێکی نائایینی و بێدین نابینێت. ئەو کەسانە خۆیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی ئایینی کە بە هۆی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوە لە یەکتر دابڕابن، وێنا ناکەن.[۱۶]

بە گشتی وێدەچێ کە دەوڵەتی عێراق وشام (داعش: ISIL) وەک لادانێک و گرووپێکی ڕێزپەڕ(استثنا) بۆ کاریگەریی ناسیۆنالیسم ببیندرێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە ژمارەیەک هۆکار پێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە پێشان دەدەن:

ئەلــف) داعــش بــە شــێوەیەکی بنەڕەتــی پەرچەکردارێکــی ســوننی ـ عەرەبیــی (هێڵــی لێکگرێــدان (-) لێــرەدا گرینگــە) بەرانبــەر بەو گەشەپێدانانەیە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە عێراق و سوریا ڕوویان داوە. هەر بەم هۆی سوننی ـ عەرەبی و ناوچەیی بونییەوە بوو کە ئەفسەرەکانی پێشووی بەعس، بڕبڕەی پشتی پێکهاتەی سەربازیی داعشیان دامەزراند.

ب) بانگەشــەی بەرواڵــەت جیهانیــی داعش دەبــێ وەک ئامرازێک بۆ ســەربازگیریی میلیشــیا موســوڵمانەکان لــە هەموو جیهان ســەیر بکرێت نــەک بەرنامــە و پەیامــی جیهانشــمولی داعش. ڕێتۆریکی داعــش حوکمێکــی ئایدیۆلۆژیک نییە. پێش پشــتیوانیی ئاسمانیی ئەمەریکا بۆ کوردستان لــە ســاڵی ٢٠١٤دا، داعش خۆی لە هــەر جۆرە چالاکییەک لە دەرەوەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نزیک دەپاراســت. هەروەها ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کە باســیان لەوە دەکرد بەشــێکن لە داعش، زۆربەی کاتەکان هیــچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لە گەڵ داعش نەبووە، بەڵکوو زیاتــر لەڕێگەی کردارەکانی ئەم گرووپەوە هان دەدرێن.

پ) ئــەوان پێیــان وایە کە هیــچ ناعەرەبێک شیاوی وەرگرتنی پێگەی خەلیفە نییە. هەڵبژاردنی ئەبووبەکر بەغدادیش لە ســەر بنەمای ئەم باوەڕەوە بوو کە ئەبووبەکر بەغدادی ڕەچەڵەکێکی بەغدایی-عەباسی هەیە (یانی ڕەگەکانی قورەیشی تێدایە).

ت) زمانی عەرەبی گەیێنــەری فەرمی داعش بــووە و شــوێنێکی ســەرەکیی لــە بەرگریکردن لەهۆویەتــی ئەم گرووپەدا هەبووە، کە ئەم خاڵەیش ســەلمێنەری کاراکتەری ئەتنیکیــی گرووپەکەیە. تەنانــەت، لە کاتی هێرشــیان بۆ ســەر ڕۆژئاوای کوردستان، سەرکردەکانیان دەیانکوت سوریە وڵاتی عەرەبە، و کورد مافی بوونی لە سوریە نییە.

لــە چەند دەیــەی ڕابردوودا لــە هەندێک لە وڵاتەکان، ئیســلامگەراکان کۆنترۆڵی دەســەڵاتی دەوڵەتیان وەدەســت هێناوە. ئەو چەند نموونەیە، دەرفەتی زیاتر لە پێویســتی بۆ پێشــکەش کردنی مۆدێلێکــی جێگــرەوە و جیــاوازی حوکمڕانیــی ئیســلامگەراکان ڕەخســاند. لــە ســاڵی ١٩٧٩ڕا ئیســلامگەراکان لــە ئێران لە دەســەڵاتدان. بەڵام سیاســەتە ناوخۆییەکانــی کۆمــاری ئیســلامی، لە لایــەن ناسیۆنالیســمی ئەتنیکیی فارســەوە و سیاســەتی دەرەوەشــی لە ژێر ناوی «بەرژەوەندیی دەوڵەت» بەڕێوە دەبردرێن. کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە کە تێگەیشتنی موســوڵمانەکان لــە ئیســلام لە ژێــر کاریگەریی ناسیۆنالیسمی مۆدێرن و خولیای کۆنترۆڵی دەوڵەتی دایە. لە مــاوەی چوار دەیەی ڕابــردوودا، کۆماری ئیســلامیی ئێران نافارسەکانی چەوســاندووتەوە و ســتەمی لێ کردوون و هەوڵی داوە بە شێوەیەکی سیســتەماتیک هێمــا و دالــە کەلتوورییەکانــی نافارســەکان بســڕێتەوە. مامەڵــە و ڕەفتار لە گەڵ ئەویتیرە ئەتنیکییەکەی[١٧] نموونەیەکی کلاسیکی کۆلۆنیالیسمی ناوخۆیی دروست کردووە. لە لایەکی دیکەیشەوە، خودژێدەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک دەوڵەتە دراوسێیەکانی دیکەی، ڕێگای تایبەتی وێناکردنی ناسیۆلیستی نەتەوە پێشان دەدات.

ئیســلامگەراکان کاتێــک کە دەســەڵاتیان بە دەستە، لە زۆر ڕێگاوە، سیاسەت و سیاسەتگوزاریی ناسیۆنالیســتیی کۆنســێرڤات بەرهەم دەهێننەوە. ڕوانگــەی سیاســیی ئیســلامگەراکان، لــە گەڵ دروشــمە ئایینییە هەمەکی و دژەڕۆژئاواییەکانیان، بە شێوەیەکی زۆر قووڵ ناسیۆنالیستییە. سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە ئیســلامییەکانیش، وەک هەموو دەوڵەتەکانی دیکە، لە ڕێگەی ئەو شــتەوە کە پێی دەکوترێت «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» دیاری دەکرێت و بڕیاری لە ســەر دەدرێت. بــۆ نموونە هەردووک کۆماری ئیسلامی و گرووپە ئیسلامگەرا عەرەبییەکان، هەڵوێســت و ڕوانگەی دژیەکیان لە ســەر زۆربەی کارەســاتەکان هەبــووە، کــە لە لایەن سیاســەتە هەرێمییەکانیانەوە بەڕێوە بردراوە، نەوەک پابەندییە گەورەترە ئیســلامییەکەیان. بۆ نموونە، کوشــتاری بەکۆمەڵی ئەندامانی ئیخوانولموســلمین لە ســاڵی ١٩٨٢ و هاووڵاتییە مەدەنییە بێ پەناکانی حەما[١٨]، نەبووە هــۆی لاوازیی پەیوەندیی هاوڕێیانە و نزیکی نێوان ئێران و ســوریا؛ تەنانەت ئــەو پەیوەندییەی

بەهێزتریش کرد. شەڕەکانی جینۆسایدی وڵاتانی باڵکان و پشتگیریی تەواوی ڕوسیا لە ڕێژیمەکەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ نەبووە هۆی دروستبوونی هیچ هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا. سەرکوتی توندوتیژانەی موسوڵمانەکانی چین لە لایەن ئەو وڵاتەوە لە لایەن میدیا دەوڵەتییەکانی ئێران، تورکیا یان عەرەبستانی سەعوودییەوە بە هیچ شێوەیەک ڕوماڵ نەکرا.[١٩] بەڵام کاتێک کار دەگاتە ئەو موسوڵمانانەی لە دەرەوەی سنووره نەتەوەییەکانی خۆیانن، ئەم وڵاتانە یان بێهەڵوێست دەمێننەوە و یانیش لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیاندا، مامەڵە لە گەڵ ئەم پرسە دەکەن.

لیرەدا زیاتر لە تۆمەتبار کردنی ئیسلامگەراکان بە نیفاق و دووڕوویی، ئامانج پێشاندانی ئەو ڕاستییەیە کە ئیسلامگەراکانیش دەوڵەت نەتەوەیان وەک «ئایدیال تایپێک» دەروونی کردووە. تەنیا لەو بەستێنەیشدایە کە وتەیەکی دامەزرێنەری ئیخوانولموسلیمین، حەسەن بەنا، مانا دەدا کاتێک دەڵیت «ئەگەر مەبەستی ئەوان لە «نیشتمانپەروەری» بریتییە لە بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە کە دەبنە هۆی یەکگرتوویی تاکەکان لە ناو وڵاتێکی دیاریکراودا، و بۆ پێشاندانی ڕێگایەکی بەکارهێنانی ئەم بەهێزبوونە بە جۆرێک کە بە باشترین شێوە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێت، ئەوە ئەو کات ئێمەیش لە گەڵ ئەمە [لەگەڵ نیشتمانپەروەری] هاوڕاین. چونکە ئیسلام وەک ئەرکێکی پێویستی ئایینی سەیری ئەم بابەتە دەکات...».[٢٠]

ئەژمارکردنی نیشتمانپەروەری وەک ئەرکێکی ئایینی خۆی لە خۆیدا بە مانای تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ناسیۆنالیسم و ئیسلامگەرایی لە بونیادنانی هزری سیاسیی مۆدێرندایە. ڕەنگە زیاتریش بە مانای گونجاندنی نائەنقەستی ڕێگا مۆدێرنەکانی شیکردنەوەی نەتەوە لە لایەن کەسانی وەک حەسەن بەناوە بێت، چونکە ئەمە پێشانمان دەدات کە چۆن «ئیسلامگەراکان»یش شوناسی نەتەوەییان لە باوەش گرتووە. کاتێک دەتوانین لە ئاستی کاریگەریی ئەم ناسیۆنالیسمە لە سەر ئیسلامگەرای وەک حەسەن بەنا تێبگەین کە ڕوانگەکانی ئەو لە گەڵ ڕوانگەکانی محەمەد ئیقباڵ ـ کە ئەویترەکەی ناموسوڵمانەکانن ـ بەراورد بکەین.[٢١] ئیقباڵ پێی وایە کە «ئەو هەستی نیشتمانپەروەرییەی کە بیری ناسیۆنالیسم وەخەبەری دێنێت، جۆرێک بەخوداکردنی[٢٢] بابەتێکی مادییە، کە تەواو لە دژی جەوهەری ئیسلامە و وەکوو نارەزایەتییەک لە دژی هەموو فۆرمە ورد و درشتەکانی بوتپەرەستی دەردەکەوێت.»[٢٣]

## دەرئەنجام

شوناسی نەتەوەیی، جۆرێکی تایبەتی ئاماژەکردن یان وێناکردنی نەتەوەیەکە. بیلیگ[٢٤] پێی وایە کە «هەبوونی شوناسی نەتەوەیی بە مانای هەبوونی هەندێک ڕێگای قسەکردن و باسکردن دەربارەی نەتەوایەتییە»[٢٥]. هەبوونی هەندێک شێوەی تایبەتی لێدوان لە نەتەوایەتی، دیاردەیەکی مۆدێرنە. بەو پێیەی کە پارادایمی ناسیۆنالیسم، بەستێنێک بۆ بیرکردنەوەی ئایینی بونیاد دەنێت، ئەو پارادایمە کاریگەریی لە سەر دووبارە ڕاڤەکردنەوە دادەنێت. پاشخانی ئەتنیکی و ناسیۆنالیستی/کەلتووریی تێگەیشتنی مۆدێرنی موسوڵمانەکان لە ئیسلام ڕەنگرێژ دەکات. لە زۆر ڕێگاوە، ڕاڤەی ئایینیی کۆمەڵگا موسوڵمانە جیاوازەکان، لە گەڵ سنووره نەتەوەییە «وێناکراو»ەکانیاندا دەگونجێت و یەکتر دەخوێننەوە. هەردووک موسوڵمانە نەریتییەکان و ئیسلامگەراکان وەک شتێکی بەخشراو و موسەللەم دەڕواننە دەوڵەت نەتەوە هەنووکەییەکان و سنووره ئاینییەکانیان و مێژووەکانیان لە گەڵ ئەم نەتەوەیە ڕێک دەخەنەوە و دەیگونجێنن.

خولیای ئیسلامگەراکان بۆ[وەدەستهێنانی] دەسەڵاتی دەوڵەت، بە مانای دەروونی کردنی سنووره نەتەوەییەکان و کاریگەریی گشتیی ناسیۆنالیسم لە سەر هزری سیاسیی موسوڵمانانە. ئیسلامگەرایی بەو جۆرەی کە دەبیندرێت لە باری ئەتنیکی بە شیوەیەکی ورد سنووردار دەکرێت و کاتێکیش دەگەنە دەسەڵات، سنووردارێتییە ئەخلاقییەکانیان بە ڕوونی دەردەکەوێت و ئیسلامگەراکان بەشیکی

زۆر لە بەرزەفڕی و دروشمە «گشتگەرایانە»کانیان وەلا دەنێن. ئیسلامگەرا مۆدێرنەکان زیاتر دژایەتیی لە گەڵ هەندێک یاسا و سیاسەتی دەوڵەتی دەکەن، نەوەک دژایەتیی خودی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن. ئیسلامگەراکان بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت نەتەوە وەک دیاردەیەکی بەخشراو و موسەلەم سەیر دەکەن، توانایان نییە بیر لە سرووشتی دەڵەت بکەنەوە. ئیسلامگەراکان، لە فۆرمە مۆدێرنەکەیاندا، دەوڵەت وەک بکەری سەرەکیی گۆڕانکاری و کۆنترۆڵ بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەت و پرۆگرامە کۆنسێرڤاتەکانیان سەیر دەکەن. هەر بۆیەشە، لە گەڵ ئەوەیشدا کە ئیسلامگەرایی فۆرمی جۆراوجۆری هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتی خۆجێیە و لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا ماوەتەوە.

## پەراوێز

[1]. Umma

[2]. Caliphate

[3]. سەیری Michael Billig, Banal Nationalism. (London ; Thousand Oaks, Calif. : Sage, 1995) بکە.

[4]. بۆ باسێکی بەسوود لەم بارەوە سەیری Billig: 1995 بکە.

[5]. Reconstruct

[6]. Derivative Concept

[7]. Partha Chatterjee

[8]. گوشاری بەردەوامی ئێران بۆ سەر ئەکتەرە ئایینییە جیاوازەکان، بە تایبەتی لە نێوان مەرجەعی شیعە (یان ئایەتوڵڵاکان)، بەڵگەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەت ویستی پاوانی تەفسیر و ڕاڤەی ئایینیی هەیە.

[9]. Banal Nationalism

[10]. سەیری Billig, 1996بکە.

[11]. In other words, the nation-state is ‘taken for granted’.

[12]. Homo Nationalis.

[13]. سەیری بەندی ١١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران بکە، http://www. roshd. ir/Portals/0/KarAfarini/PDFs/ rules/ghanoone_asasy. pdf. Last visited: 10/01/2016

[14]. Balibar

[15]. Etienne Balibar and Immanuel Maurice Wallerstein, Race, Nation, Class : Ambiguous Identities (London England; New York: Verso, 1991), 95.

[16]. بۆ باسێکی سەرنجڕاکێش دەربارەی هاوکاتیی سنوورە ئایینی و نەتەوەییەکان سەیری Philip W. Barker, Religious Nationalism in Modern Europe: If God Be for Us, Routledge Studies in Nationalism and Ethnicity London; New York: Routledge, 2009 بکە.

[17]. Ethnic Other

[18]. کوشتاری بەکۆمەڵی حەما لە فێبریوەری ١٩٨٢، کاتێک کە ئەرتەشی سوریا بە فەرمانی سەرۆکی ئەو وڵاتە، حافز ئەسەد، ئەنجام درا و تێیدا شاری حەما وێران کرا و سووتێندرا. ململانێکانی ئەم دواییانەی سوریا و هاوپەیمانەکانی بەرچاوترین دەرکەوتنی ئەو ڕاستییەیە کە چۆن گرووپ و ڕێژیمە ئیسلامییەکان لە سەر بنەمای ڕوانگە و بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانیان دابەش بوون. لەم بارەوە هاوپەیمانیی حیزبوڵڵا، ئێران و ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد لە گەڵ ڕوسیا جێگەی سەرنجە. هەڵوێستی دژبەرانەی تورکیا لە ڕێگەی دژایەتیی هەرجۆرە دەستکەوتێکی سیاسیی کورد دیاری دەکرێت، هەر بەو مەبەستەیش هەندێک جار لە گەڵ ڕوسیا هاوپەیمانی دەبەستێت، و هەندێک کاتی دیکەش لە گەڵ عەرەبستانی سەعودی، قەتەر و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[19]. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، تەنزنووسی ناوداری ئێرانی، ئیبراهیم نەبەوی، سیاسەتە دژیەکەکانی دەوڵەتی ئێرانی لە پەیوەندیی لە گەڵ موسوڵمانەکان لە جیهان، لە قاو دا. لە بەشێک لە نووسینەکەی نەبەوی لە سەر بێدەنگیی ئێران لە هەمبەر سەرکوتی کەمینەی موسوڵمانی چینی لە لایەن ئەم وڵاتەهاتووە:

بەرگری لە موسوڵمانەکان لە ئەڵمانیا، ئیتالیا [و بەشەکانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوا] ئەرکێکی ئایینییە. چونکە موسوڵمانی ئەو وڵاتانە [وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا] لە بەر گیان و ژیانی خۆیان لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا ڕایان کردووە. . . ئەگەر ئەو موسوڵمانانە پێیان خۆش بێت بمرن، ناچارن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. بەڵام کێشەی موسوڵمانەکانی چین، کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتی چینە. چونکە موسوڵمانەکانی چین بۆ نزیکەی هەزار ساڵ وڵاتی خۆیان بە جێ نەهێشتووە و زۆر بە ئاسانی و بە ئاشکرا لە وڵاتەکەی خۆیان دەکوژرێن. هەروەها، ئێمە ناشبێت گلەیی لە کوشتاری بە کۆمەڵی موسوڵمانەکانی چیچان بە دەست ڕوسیا بکەین، چونکە ئێمە نامانهەوێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتی ڕوسیا وەربدەین. تەنانەت ئەم موسوڵمانانە لە ڕوسیاش ناژین و لە وڵاتێکی دیکە دەژین. . . ئێمە کاتێک بە بێ مەرج بەرگری لە کوژرانی موسوڵمانەکان دەکەین کە لە وڵاتەکانی خۆیانەوە بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا، وەک وڵاتی ئەڵمانیا، کۆچ بکەن.

http://www. roozonline. com/persian/tanssatire/tans-satire-article/archive/2016/july/12/article/-bc1127ea53. html. Last visited: 10/01/2016.

[20]. حەسەن بەنا، «پەیامی ئێمە».

[21]. بۆ دیتنی کتێبێکی سەرنجڕاکێش لە سەر ناسیۆنالیسمی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی ٢٠ لە هیندوستان، سەیری کتێبی Faisal Devji, Muslim Zion: Pakistan as a Political Idea, Cambridge: Harvard University Press, 2013 بکەن.

[22]. Deification

[23]. Muhammad Iqbal, Stray Reflections (Iqbal Academy, 1910), 35.

[24]. Billig

[25]. Nationhood

# گۆڕانێک بەرەو کۆمەڵگەی شارستانی؟*

**دووبارە ڕێکخستنەوەی تەواو نەکراوەی بزووتنەوەی «حیزبوڵلا» لە تورکیا**


**محەمەد کورد**

**و: ژینۆ ڕۆژبەیان**


محەمەد کورد مرۆڤناس، فیلمساز، و چالاکێکی ماڤی مرۆڤی باکووری کوردستانە. توێژینەوە مرۆڤناسییەکانی محەمەد کورد لە نێوان بوارەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسیی سیاسیی، بە تەرکیزێکی تایبەت لەسەر ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی لە باکووری کوردستان و بزاڤە ئیسلامگەراکانی دیاسپۆرای تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، جێ دەگرێت. ئەو بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە بزاڤی ئیسلامگەرایی، بەستێنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئیسلامگرایی و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵانی خەڵک، لە سەر بنەمای ڕوانگە هاوچەرخەکان لێکۆڵینەوە لە سەر پەیوەندیی نێوان سیاسەتی دەوڵەت و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەکا. یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی محەمەد کورد بریتییە لە بابەتی گەنجان و ڕادیکالیسم لە تورکیا. ئەو ئێستا لە زانکۆی یەیل (Yale University) و ئەندامی ماری کورییە لە قوتابخانەی زانستی ئابووری و سیاسیی لەندەن (Marie Curie Fellow at the Londn School of Economics and Political Science) (LSE).

## پوختە

ئەم نووسراوەیە تێڕوانینێکی دەبێت لەسەر پرۆسەی ناتەواوی گۆڕانی «حیزبوڵڵا»ی کوردی لە ڕێکخراوێکی نایاسایی شاراوەوە بۆ بزووتنەوەیەکی کاریگەر لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی تورکیا. ئەم نووسراوەیە، گۆڕانی حیزبوڵڵا دەخاتە چوارچێوەی پێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای سالانی ٢٠٠٠. ئەم نووسراوەیە دوای هەڵسەنگاندنێکی ڕخنەگرانە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی سیاسەتی کورد لە تورکیا، باسی گۆڕانی حیزبوڵڵا بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی دەکات و ستراتێجی دووبارە ڕێکخستنەوە و جەماوەرکۆکردنەوەی حیزبوڵڵا، لە ڕێی چالاکیی سیاسی و بۆنە گشتییەکان بە ڕۆڵگێڕیی ئاک پارتی شی دەکاتەوە. ئەم نووسراوەیە لەگەڵ ئەوەی دان دەنێت بە کارگێڕیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم دووبارە ڕێکخستنەوەیە، لە هەمان کاتدا تیشک دەخاتە سەر کەم و کوڕیەکانی ئەم پرۆسەیە بە تایبەت بۆچوونی نارِوونی سەرکردایەتیی سیاسی و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە، بۆ پرسی کورد و شوناسی کورد و شەهیدبوون. ئەم نووسراوەیە بە پشت بەستن بە تیۆری سنووردارکردن لەسەرئەوە دەدوێت کە هەوڵەکانی حیزبوڵڵا بۆ باس کردن و ڕوونکردنەوەی نەژادی و ئایینی، بە مەبەستی فراوان کردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەژێر هێژێمۆنی دەوڵەتی تورکی لە لایەک و دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەکی دیکە ماوەتەوە.

## پێشەکی

لە بەیانییەکی ساردی نیسانی ٢٠١٦ شاری ماردینم بەجێهێشت کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەڵکەوتووە و بە مەبەستی جەژن گرتنی ساڵیادی لەدایک بوونی پەیامبەری خودا (کە پێی دەڵێن مەولودی نەبی یان کەتلو دۆغم) کە گەورەترین جەژنی ئیسلامییە و لە لایەن ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی حیزبوڵڵاوە بەڕێوە دەچێت، بەرەو پارکی نەورۆزی دیاربەکر ڕۆیشتم. بەهار لە تەختاییەکانی مێزۆپۆتامیا یان دەشتا ئامەدێ پەرەی سەندبوو. ئۆتۆمبێل و ڤەنی بچووک و پاسێکی ئێجگار زۆر لە شارە نزیکەکانی باتمان و ماردین لەوێ بوون کە بە ئاڵا و بەنێری ئیسلامییەوە داپۆشرابوون و دەڕۆیشتن بۆ شوێنی جەژن گرتنەکە. لە پارکی نەورۆز پتر لە هەزار ژن و پیاو و منداڵی لێ بوو کە بە دڵخۆشی و بە شانازی کردن بە هێز و شوناسی خۆیان، هەر لەو گۆڕەپانەی هەموو ساڵێ لە ڕێکەوتی ٢١ی ئازار[١] یادی نەورۆزی کوردەواری و سەری ساڵی کوردی ئەگێڕن، خەریکی بۆنەی لەدایک بوونی پەیامبەر بوون. وێنەی یاسین بۆرو[٢] و ئایتاچ باران[٣] کە تازە گیانیان بەخت کردبوو، وەک هێمای شەهیدبوون و قوربانی بوونی خەبات لە نێو پەکەکە و حیزبوڵڵا، لە هەموو شوێنێک هەبوو. چەند دانە وێنەی شێخ سەعید ڕێبەری شۆڕشی کورد لە ١٩٢٥ لە ژێر ئاڵای ڕەش و وێنەی گەورەی کەلیمە تەوحید[٤] کاڵ و بێڕەنگ ببوو. خەڵک بە هاوار، تەکبیرو «اللەاکبر» و گۆڕانییەکانی حیزبوڵڵایان بە کوردی و تورکی ئەگوت؛ تێکەڵ لەگەڵ پەیامەکانی ئیمامان و نووسەرانی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی سەر بە حیزبوڵڵا.

یادی لەدایک بوونی پیرۆز یەکێکە لەو دیمەنانەی گۆڕانی کورد لە بواری سیاسەت لە دە ساڵی ڕابردوودا پیشان دەدات. ئەم نووسراوەیە شیکاری دەکات لەسەر پرۆسەی گۆڕانی حیزبوڵڵای کوردی[٥] لە گرووپێکی نهێنی و نایاسایی بۆ پارتێکی سیاسی و هەروەها لایەنە یاساییەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی ئەو پارتە کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا دا بوونیان هەیە. لە سالانی ناوەندی ٢٠٠٠ـەکاندا، ئەو ناوچەیە پەرەسەندن و لق وپۆپ گرتنی زۆری ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی بەخۆیەوە دی

کــە چالاکییەکانیان پتەوتــر دەکرد و لە ڕێی پــەروەردە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە خێرخوازییەکان، دەســتیان بە ملیۆنان کەس گەیشــت. بەکار هێنانی چەمکی (کۆمەڵگەی شارســتانی) لە لایەن ئیســلامییەکانی تورکیا فریودانــە؛ چونکە ئەم ڕێکخراوانە نە ناحکومین و نە بە مانای لیبراڵەکەی شارستانین. بە وتەی زوبەیدە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئیسلامی ئەمەیە:

*«لــە دەرەوەی حکوومەتــە بــەڵام دژی حکوومەت نیــە: تەواوکەرییەکی گرینگە لە کۆنترۆڵ کردنــەوەی کۆمەڵگە. لەکاتی پێویســتدا دەتوانێــت دژی حکوومــەت جەماوەر ڕێکبخات. بــەڵام گەر داواکاری بــۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لــە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و ســەربەخۆییی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا ئەو مۆدێلــەی لە لایەن کەرتی ئیســلامییەوە پیشــان دەدرێت شکست دەهێنێت. لە کاتێکدا کۆمەڵگە لە پرۆسەی ئابوری-کۆمەڵایەتــی مۆدێرنیتــەدا بــە شێوەیەکی بەرچاو دابراوە، لە چوارچێوەی ئایینی و گوندی و تایفەگەریی سیستەمی باوکسالار، ئەو، ئەم چەمکانە دووبارە دروست دەکاتەوە.»[۶]*

لەم نووســراوەیەدا بــە ئیلهام لــە تێڕوانینی زوبەیدە بۆ جەماعەتی ئیسلامییەکان لە میسر، تیشک دەخەمە سەر پرۆسەی گۆڕانی حیزبوڵڵا و جەماعەتی ئیســلامییە کوردەکان بۆ تاوتوێ کردنی دووبارە ڕێکخستنەوەی پێگەی سیاسیی کــوردی تورکیا لە دە ســاڵی ڕابــردوودا و بە تایبەت تیشک دەخەمە سەر ڕۆڵی کەسایەتییە گرینگەکانــی ئەم ناوچەیە لــە بڵاوکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئایینی و نەژادی. دواتر ســەرنج دەخەمــە ســەر دوو دیمانــەی تەواوکــەری هەوڵەکانی حیزبوڵڵا بۆ زیاتر کردنی ســنووری کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان: پێشنیار کردنی ڕێگەچــارە بۆ ناکۆکییەکانی کــورد، بە تێکەڵ کردنی دیسکۆرسی برایانەی ئیسلامی، لەگەڵ ســتراتێجیی هاوپەیمانی لەگــەڵ حکوومەت و زۆرتــر کردنــی دەســتێوەردان لــە بواری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بۆنــە و ڕێکخراوەکان. ئەم نووســراوەیە ئامانجــی حیزبوڵڵا لە گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەی شارســتانی، لە چوارچێوەی دووبــارە ڕێکخســتنەوەی سیاســەتی کورد و هێژمۆنی ڕوو لــە زیادبوونی حکوومەتی ئە کە پە، تاوتوێ دەکات. بۆ ئەوەی تێڕوانینم بە یەک ئاراســتە نەبێت، وا دادەنێم کە ئەم پرۆسەیە، پاشماوەکانی ناکۆکی و توندوتیژی لە ساڵەکانی ١٩٩٠و هۆشــیارییەکی نوێ لە سەر گرینگیی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی شارستانی و سیاسەتی یاســایی بۆ داگیرکردنی مێشــکەکان پیشان دەدات.

ئەو زانیارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارم هێناون، لــە کارێکی مەیدانیی گەلناســی لە شــارەکانی دیاربەکــر، ماردیــن و بینگۆل، لە مــاوەی ١٨ مانگ لە نێوان ســاڵەکانی ٢٠١٥ تــا ٢٠١٦ کۆکراونەتەوە. لە مــاوەی ئەم کارە مەیدانییەدا، بەردەوام لە نێوان ئەم سێ شارەدا ســەفەرم دەکرد تاکــوو بۆنــە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکان ببینم و هەروەها چاوپێکەوتنم ئەنجــام دا لەگەڵ ئەندامان و ســەرکردەکانی ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییە ئیســلامی و سێکۆلارەکان و بڵاوکراوەکان وهەژمارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانم شــی کــردەوە، تاکوو باشــتر بتوانم کاردانەوەی ئــەم گۆڕانە لە ناو خەڵک بە گشتی ببینم.

## گۆڕانی سیاسەتی کورد لە تورکیا

زۆرینەی ئەو شــی کردنــەوە ئەکادێمییانەی لەســەر کەرتی سیاســەتی کوردستانی تورکیا کراوە، پشتی بە ڕوونکردنەوەی ئایینی و نەژادی لە وتــار و بیرۆکەی ئیســلامییە جیاوازەکانی تورکیا بەســتووە[۷]. «کریستۆفەر هیوستن»، بۆ پرســی کورد لە ســاڵەکانی ١٩٩٠ لە تورکیا، سێ بۆچوونی سەرەکیی ئیسلامیی دەستنیشان

کرد کە بریتین لە ئیسلامی-حکومی، ئیسلامی و ئیسلامی-کوردی و باسی ئەوەی کردووە کە پرســی کورد لە چوارچێوەی ئەم گرووپانەدایە.[٨] ئەم جۆرە پۆلێنبەندییەی ئەو تا دە ســاڵی دوایی هــەر کاری پــێ دەکرا، بــەڵام دوای ئاڵوگۆڕی دەســەڵاتی هاوپەیمانەکان لە کاتی ئەکەپە، پێویســتی بە دارشــتنێکی دیکە بوو. گولەی تورکمەن دەرڤیش ئۆغلو، پێشــنیاری پۆلێنبەندی بە شوناســی نــەژادی و ئایینیی کرد (ئایینی-نــەژادی ، نەژادئایینی و ئایینی) بۆ وەسفی بواری سیاسەتی کورد لە ساڵەکانی ٢٠١٠ و ئامــاژەی بەوە کرد کە ئەم شــێوەی شوناسانە بە پێی مەرجەکانی گۆڕان دادەهنرێن و دووبارە دروست دەبنەوە. تورکمەن پێی وابوو کە ئــەم چینانە ڕێگر بوون لەوەی ئیســلامی ســوننە ڕێگە چــارەی ناکۆکییەکانی کورد لە تورکیــا بێــت.[٩] جوما چیچــەک گومانی لە کارا بوونــی ئــەم پۆلێنبەندیەیە هەبوو و پێی وابــوو پەیوەندییەکانی نێــوان نەتەوەی کورد، سوننەی موسوڵمان و شوناسی ئایینی عەلەوی، شتێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو بەردەوام لــە گۆڕاندایە. چیچەک پێی وایــە ناکرێت بە ڕوونی ســنوورەکانی نێوان شوناســە ئایینی و نەتەوایەتییە کوردییەکان دەستنیشــان بکرێن بــۆ نمونە شوناســی نەژادی/کەلتوریی زازایی، ســەرچاوەیەکی گرینگە بۆ دەستنیشان کردن و پێناسە کردنی کوردی عەلەوی و سوننە[١٠].

لــە کاتێکدا ئەو بۆچوونانەی باس کران، لە ڕێرەوەی ئایدۆلۆجیدا، هەوڵی پێناســەکردنی سیاســەتی کــورد دەدەن، مســتەفا گوربوز، بۆچوونێــک پێشــنیار دەکات کــە تیشــک دەخاتە ســەر ئــەو ســتراتێجی و ڕاهێنانەی لە لایەن کەســایەتییە ســەرەکییەکان بەکار دێن بــۆ زیادکردنی کاریگەریــی خۆیان. ئەو بزووتنەوەی کــوردی، ڕێکخراوەکانی حیزبوڵڵا و گولــەن[١١] وەک ئەکتەری ڕکابەری یەکدی وەســف دەکات کە دوای گۆڕانکارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، وەک زیادکردنی دەسەڵاتی ئەکەپە و دەســتپێکی وتووێژی بەئەندامبوونی تورکیــا لــە یەکێتیــی ئەوروپــا، کەلتووری دژایەتیــی توندوتیــژی خۆیــان گــۆڕی بــۆ کێبڕکێیەکی بەڕەوشــتانە. بۆچوونی گوربوز، بۆ بزووتنەوەی ئەو ڕکابەرانە و ستراتێجییەکانیان لە بەکاهێنانی ڕێکخــراوەکان لە دوای ٢٠٠۴ بەســوودە. بیرۆکەی بنیاتنانــی پێگە و جێگە کە لــە لایەن گوربوز پێشــنیار کــرا باس لە هەوڵەکانــی چالاکــە ڕکابــەرەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕی لەو بوارەی بۆ ئەوانەی دیکە ئاســان نییە بۆ نمونە حیزبوڵڵا لە بواری بۆنە گشــتییە ئایینییەکان، گولەنیستەکان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و بزووتنەوەی کورد لە ڕێکخراوەی ژنــان شــارەزاییان هەیە[١٢]. بــەڵام گوربوز نەیتوانی وەســفی ئەو چالاکانە بکات کە لە چینی خەڵکانی ئاسایین یان ڕۆڵی حکوومەت لەم ناکۆکییە ناوخۆیی و ڕکابەرییە دەستنیشــان بکات. هەروەها لەم چەندساڵەی ئاخردا ســەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانی نێوان پەکەکــە و حکوومــەت و دژایەتیــی نێــوان گولەنیســتەکان و حکوومەت، بوو بە هۆکاری کۆتایی هاتنی دەورەی کێبڕکیی ڕێزلێنەرانە.

تێگەیشــتن لەوەی کە سیاســەتی کورد چەندیــن جار دارڕژاوەتەوە و گــۆڕاوە، تەنیا لە چوارچێوەیەکی چەند لایەنە[١٣] بەدی دێت کە پەیوەندییەکانی حکوومەتی تورکیا لە لایەک و گۆڕان لە ناوچەکان لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی گرینگ دەبینن[١۴]. لە ســەرەتای ســاڵەکانی ٢٠٠٠، سیاســەتی گشــتی، دەســتپێکێکی ئیسلامدۆستانەی هەبوو کە حیزبە کوردییەکان باوەشیان گرتەوە بۆ کەسایەتییە ئیسلامییەکان و بۆ داواکاریی مافی کەلتوری و سیاسیی کورد وتارێکی ئیســلامییان داهێنا. سارگیل، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ڕووداوە ناوچەیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان، بــوون بە هۆکاری گۆڕانی بزووتنــەوەی کورد و دەســتپێکی ســەرچاوە ئیســلامییەکان. ئــەو دەرکەوتنــی چەندین کەسایەتیی سیاسی و ڕکابەرەکانیان لە بواری

سیاسییەوە دیاری دەکات. بە وتەی ئەو لە پرۆسەی سیاسەتی هەلبژاردن، بزووتنەوەی کورد پێویست بوو پێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەی کوردی کە زۆرینەیان موسوڵمانی سوننەن زۆرتر بکات. خەباتی سیاسی لە هەر دوو ئاستی ئایینی و نەتەوەیی لەژێر کاریگەریی ئەم گۆڕانەی بزووتنەوەی کورددابووە[١٥].

ئەم نووسراوەیە، بە تیشک خستنە سەر ئەو بەشە لە گۆڕانەکانی حیزبوڵڵا کە کەمتر تۆمار کراون، شیکاریی ئەو توێژینەوانە دەکات وا باس کران. ئەم نووسراوەیە دەریدەخات کە چۆن لە دوای ٢٠٠٤، هێمای نەژاد-ئایینی حیزبوڵڵا گۆڕا و تەشەنەسەندنی نەژادیی حیزبوڵڵا لە نێوان شوناسی سیاسیی کورد لە چوارچێوەی ناوچەیی و نەتەوەیی شی دەکاتەوە. لەم نووسراوەیەدا پشتم بەستووە بە پۆلێنبەندییەکانی ویمەر بۆ دەستنیشان کردنی سنوورەکان کە پێنج جۆری پەیوەندیدار و گونجاو بۆ بەچوارچێوەکردنی گۆڕانی حیزبوڵڵا لەیەک جودا دەکاتەوە. من باس لەوە دەکەم کە حیزبوڵڵا لە بابەتی شوناسی کوردی سیاسیدا، لە ماوەی ئەو ساڵانەی چالاکییەکانیان نایاسایی بوو، هەڵوێستەکانی ناڕوون بوون بەڵام لەگەڵ یاسایی بوونەوەی چالاکییەکانیان، هەڵوێستەکانیان بۆ شێوازێکی نەتەوەیی-ئایینییانە بەربڵاو بوو. ویمەر دەڵێت پلەی دامەزراوەیی و دابەش کردنی دەسەڵات و پەیوەندییە سیاسییەکان، دیار دەکات کام ئەکتەر چ ستراتیجییەک بۆ دروستکردنی سنوورەکان هەڵدەبژێرێت[١٦].

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش من باس لەوە دەکەم کە بۆچوونی حیزبوڵڵا بۆ شوناسی کورد، دەبێ لە چوارچێوەی جووڵە و گۆڕانی دەسەڵات لەو ماوەیەدا شی بکرێتەوە و بخرێتە چوارچێوەی گۆڕانی چەند لایەنەی ناوچەیی، هەرێمی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، کە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی سیاسەت لە ناوچەکانی کوردستان.

تێکەڵ بوونی سەرچاوە ئیسلامییەکان لە ناو وتاری سیاسیی کوردییە ڕکابەرەکاندا، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ گۆڕانێکی زەقتری حوکمڕانیی تورکیا لە ناسیۆنالیستی کەمالیستی بۆ ناسیۆنالیستی ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی ئەکەپە.[١٧] لە لایەکەوە بزووتنەوەی ئیسلامیی کورد کە بەرپرسانی حکوومی پشتیوانیی لێ دەکەن ئەجێندا سیاسییەکانی پان ئیسلامییان لە ماوەی دەسەڵاتی ئەکەپە لە ناوچە کوردییەکان خستە بواری جێبەجێ کردنەوە کە جۆرێک لە ناسیۆنالیستی ئایینیی دروست کرد و لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی ناسیۆنالی کورد ئەو سیاسەتانەی تاقی کردۆتەوە و پێشنیاری خۆی هەیە بۆ دامەزراندنی نەتەوەیەکی دیموکراتی کە ئازادی و نوێنەرایەتی کردنی ئایینی، بەشێکە لە پرۆژەی سەربەخۆیی و فرەلایەن بوون.[١٨]

ئەم ئەجێندایانە پەیوەندیی هەر دوو لا لەگەڵ شوناسی سیاسیی کورد دەستنیشان دەکات: لە کاتێکدا بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردی، جۆرێک لە کوردبوون لەخۆ دەگرێت کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەرچاوە ئیسلامییەکان پێکهاتووە، بزووتنەوەی ناسیۆنالی کورد، ئەو بۆچوونە ئیسلامییە پلورالیستییەی «خەڵکی تورکیا» (تورکیا هالکلاری) لە بواری سیاسەتدا بەکاردێنێت و ڕەنگی ئایینی دەدات بە شەڕ بۆ وەرگرتنی مافی کەلتوور و زمانی کوردی. لە ئاکامدا ئیسلام لە چوارچێوەی سیاسەت و جەماوەری کورد و تورکدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بە زەقی بوونی هەبووە.

## ژیان بۆ ئامانج: چۆن حیزبوڵڵا بەرەو کۆمەڵگەیەکی شارستانی گۆڕدرا

سەوزەفرۆشی شەهادەت (ماناڤی شەهادەت) دووکانێکی بچووک بوو لە سەر ئەو شەقامەی پێدا دەچوومەوە بۆ بینگۆل. درەنگانێکی دوانیوەڕۆیەک لە مانگی ئایاری ٢٠١٦، لە لای دووکانەکە وەستام و بە شێوەیەکی

ئایینیانە ئەحواڵپرسیی دووکاندارەکەم کرد. دووکاندارەکە ناوی موجاهد[١٩] بوو و کوردی زازا بوو و ٤٥-٥٠ ساڵ تەمەنی بوو. پانتۆڵێکی فشی لەبەردا بوو و ڕدێنی درێژ و سمێڵێکی ڕێککراوی کورتی بوو. دوای یەکتر ناساندنێکی کورت، پرسیارم لێی کرد کە ئایا ئارەزوومەندە چاوپێکەوتنێکی هەبیت لەگەڵم. بە پێچەوانەی ئەوەی بیرم دەکردەوە و لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا ئەندامانی حیزبوڵڵا لەبەر بابەتی ئەمنی چاوپێکەوتنیان نەدەکرد، ئەو پێی خۆش بوو. پێم وابوو کە ئەو کەشی سیاسییە، ئەندامەکانی حیزبوڵڵا هان دەدات کە بە کراوەیی بدوێن. سەرەتا لێم پرسی بۆچی ناوی دووکانەکەت ناوە «سەوزەفرۆشی شەهادەت» و ئاوا وەڵامی دایەوە:

*موجاهد: ئێمە شەهیدبوون لە ڕسول الله (د. خ)، پیغەمبەر زەکەریا و کوڕەکەی فێربووین. ئەمە گەورەترین دیارییە کە خودای گەورە بە کەسێکی دەبەخشێت لەو دونیایەدا و ئەو پێگەیە کە بەردەوام پێغەمبەرەکان لە خودا داوایان دەکرد. بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوا دەیبینین کە وەک شەهید بژین، شایەتی بدەین بۆ ئیسلام و دوای شایەتی دان، داوای ئەو پێگە بەرز و پیرۆزە بکەین لە الله رب العالمین. دواتر تێکەڵ کردنی ئەوە لە ناو گشت ڕەهەندەکانی ژیانمان ڕاستیی ئیسلاممان پێ پیشان دەدات. پێم وایە ئەوانەی تاکوو ئیستا داوای شەهیدبوونیان نەکردووە ناتوانن هاوسەنگیی ئیمان و بڕوا ڕابگرن. بۆیە هیچ جێی سەرسووڕمان نیە کە ئەو ناوەم هەڵبژاردووە.*

*مێهمێت: مەبەستت ئەوەیە کە شەهیدبوون تەنیا یەک ناو نییە و شێوازی ژیانە؟*

*موجاهد: لە ئاستێکدا دەتوانین وەک شێوازێکی ژیان ناوی لێ ببەین. لەبەر ئەوەی هەروا کە باسم کرد ژیان وەک شەهیدێک و داوای پلەی شەهیدبوون کردن لە خودا شێوازێکی ژیان دروست دەکات. بەڵام کاتێک کە دەڵێین شەهیدبوون، مەبەستمان بەو مانایە نیە کە وەک هەندێک لایەن دەڵێن شەهیدی دێموکراسی، شەهیدی سۆسیالیزم، شەهیدی کۆمۆنیزم، شەهیدی مارکسیزم و ئەو شتانە، خودا ئەو مانایە لە قورئاندا دەخاتە نیو دوو کەوانەوە. تەنیا ئەوانەی فی سبیل الله ( لە بەر خاتری خودا) ئەوانەی لەبەر خودا و لە ڕێگەی خودا دەکوژرێن شەهیدن.*

موجاهد ئەندامێکی حیزبوڵڵا بوو. جەخت کردنەوەی ئەو لە شەهیدبوون وەک شێوازێکی ژیان و مردن، تێڕوانینێک لە هەڵوێستی ئیسلامیستی بۆ ئەو بزووتنەوەیە دەردەخات و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ئەو گۆڕان و بەردەوامبوونەی بەو چەند ساڵەی دوایی بە خۆیەوە دیتویەتی. لە کاتێکدا لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٩٠ تورکیا تووشی شەڕە چەکدارییەکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا بوو، حیزبوڵڵا کە ئەجێندای لادانی ڕێژیمی سێکۆلار و دامەزراندنی حکوومەتی شەریعەی بوو، دەستی بە ئەنجامی تاوان و توندوتیژی بە پاساوی ئیسلامی کرد. هەرچەند لە هەوڵێکی دوو لایەنانە بە دژی پەکەکە، توانیان لەگەڵ حکوومەتی تورکیا ببن بە هاوپەیمان و پەکەکە لە زۆر لە شارە کوردییەکان ڕاو بنێن. ئەوان بە یارمەتیی کلاسە ئایینییەکان لە مزگەوت و چالاکیی ئەندام وەرگرتن لە قوتابخانە ئامادەییەکان، هێزێکی زۆریان بەدەست هێنا و لە لایەن بنەماڵەکانی ناوچەکەوە پشتگیری کران. لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵا لە ئامەد (دیاربەکر)،

باتمان، نوسەیبین، سیلڤان و زۆر شوێنی دیکە بوون بــە ناوچەی ژێر دەســەڵات و هێژمونی حیزبوڵــڵا. هەڵوێســتی چەپــی ســێکولاری پەکەکە و دوژمنایەتی لەگەڵ کەســە ناسراوە ئاینییەکان لە ســاڵەکانی ١٩٨٠ بۆ زۆرێک لە کوردە پارێزگارەکان بــوو بە ماوەی دڵگرانی و دۆخــی لەبار کرد بۆدروســتبوونی وتارێک کە دژی حکوومەتــە[٢٠] و ڕێز لــە بەها ئایینی و نەریتەکان دەگرێــت. زۆرێک لە بنەماڵەکان و تاکە پارێزگارەکان پشــتیوانیی خۆیان دەربڕی بۆ حیزبوڵڵا لەبەر جیاوازییەکەی و بەکارهێنانی هێمــا و بیرۆکەی ئیســلامی کــە پەکەکە بە پێچەوانەوە پێکهاتەیەکی ناسیونالیستی بوو.

لــە ســاڵەکانی ١٩٨٠ دا گرژیــی نێوان پەکەکــە و حیزبوڵــڵا دەســتی پێکــرد و لە نیــوەی یەکەمی ســاڵەکانی ١٩٩٠ دا بوو بە هۆی کوشــتن و خوێنڕێژی. دە ســاڵ گرژی و شــەڕ لە نێوان پەکەکــە و حیزبوڵڵا، گیانی ٧٠٠ کەســی مەدەنیــی[٢١] گــرت و ئەو دوو لایەنــەی کرد بــە دوژمنی یەکتر. لە ســاڵی ٢٠٠٠دا ســەرۆکی حیزبوڵڵا، حوسەین ڤەلی ئۆغلو، لە هێرشــێکی پۆلیس بۆ سەر بارەگای نوێی لە گەڕەکی بەیکۆز لە ئیســتانبۆل کوژرا. ئــەو بەڵگانەی لە پشــکنینی ماڵەکە دەســت هێزەکان کەوت زنجیرە ئۆپەراسیۆنی ئەمنی بە دواوە بوو لە هەمــوو تورکیا کە لە ئەنجامیاندا جەنازەی مردووی خەڵک دۆزرایەوە و بەڵگەی زیاتــر بەدەســت کــەوت. هــەزاران ئەندامی حیزبوڵڵا دەست بەسەر کران و زۆریان خۆیان شــاردەوە.[٢٢] بــەڵام لــە ٢٠٠٤ بزووتنەوەکە ســەری هەڵدایــەوە و وەک کاری خێرخوازی و پەروەردەیی بــە تایبەت بۆ بە هاناوە چوونی بندەستان (مســتەزئەفلەر دەر) هاتنە مەیدانی چالاکی و دوایی وەک پارتێکی سیاســی بە ناو هودا پار لە ٢٠١٢ دەرکەوت.

حیزبوڵــڵا بــە دەســەڵات گەیشــتنی ئەکەپــە لــە ٢٠٠٣ی وەک هەلێــک بــەکار هێنــا بــۆ ڕێکخســتنەوەی ڕێکخراوەکەیان و دەستپێکردنەوە بۆ ئەندام گرتن. چونکە هەردوو لا ئایدیۆلۆژییان یەک شــت بوو. لە ســەرەتادا لەبەر کێشە سیاسییەکان، هەوڵەکان بۆ چالاک کردنــەوەی ئەندامە پێشــووەکانی حیزبوڵڵا لە سەرەتای ســاڵەکانی ٢٠٠٠ بەرپەرچی توندی درایــەوە.[٢٣] بۆ زۆرکەس حیزبوڵڵا ئەو پارتەبوو کە بە ئۆپەراسیۆنی ئەمنی لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ لەناو چوو و گەڕانەوەی بە شــێوازێکی یاســایی لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە حیزبوڵڵا بە نهێنی و بە توندوتیژی چالاکیی دەکرد ناکۆک بوو. ئەوەی لەم دیمانەیە نادیار بوو ستراتێجی و توانای بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ دۆخەکە بوو. ڕاســتە کە ئۆپەراســیۆنە ئەمنییەکان ئیدارەی حیزبوڵڵای تێکشــکاند، بەڵام پێگــەی لە ناو خەڵکدا ما. هەروەها سزادانی گشت ئەندامانی لە لایەن حکوومەتەوە چ ئەوانەی تاوانیان ئەنجام دابوو و چ ئەوانەی لــە مزگەوتەکان قورئانیان دەرس ئەدا، خزم و خێزانی ســزادراوانی وەک قوربانــی لێکردبــوو و ئەمە ڕۆڵێکــی گرینگی هەبوو لە زیادبوونی هاوســۆزیی خەڵک بۆ ئەو گرووپە.[٢٤]

ئیدارەی نوێی ئەکەپە و هاندانی ڕێکخستنی ڕێکخراوە شارستانییە ئیسلامییەکان و هەروەها دەستپێکردنی پرۆسەی بە ئەندامبوونی تورکیا لــە یەکێتیی ئەورووپا، هۆکار بــوون بۆ ئەوەی چالاکییەکانــی حیزبوڵڵا شارســتانی بکرێت. بەیاســایی کردنەوەی چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لە شــوێنە گشــتییەکان، لەگــەڵ کردنەوەی ئەنجومەنی موســتەزئەفلەر لە ٢٠٠٤ دەستی پێکــرد. لە ســاڵانی دواتر بە پشتبەســتن بە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی، حیزبوڵڵا ســەدان ڕێکخــراوەی مەدەنیی لە ناوچــە کوردییەکان بنیات نا. گرووپە ئیســلامیە بچووکەکان هەر بەم شــێوەیە ڕێکخراوەی خۆیان دروست کرد و ڕێکخراوە ئیســلامییەکان لقیــان لەو ناوچە کوردییانە کردەوە. من لێرەدا باس لەوە دەکەم کــە کارە یاســاییەکانی حیزبوڵــڵا هەلێکی پاراســتنی بۆ گرووپەکانی دیکە ڕەخساند کە

به بێ ئەوەی لە هێرشـــی پەکەکە بترســێن، ڕێکخـــراوەی خۆیـــان دانێـــن کـــە ئەندامانی ئەنجومەنە ئیســـلامییە کوردی و تورکییەکان لە لێدوانیان لەگەڵم دانیان پێدانا.[٢٥] پرۆسەی یاســـایی بوونەوەی چالاکییەکانـــی حیزبوڵڵا، هـــەم هـــەل و هەم کێشـــەی دروســـت کرد بۆیـــان. گەورەترین هەل ئـــەوە بوو کە جۆری چالاکییـــەکان و مەودایـــان پەرەیەکی ئێجگار زۆری ســـەند و دەســـتیان بە خەڵکانێکی زۆر گەیشـــت. لە دوای کۆبوونـــەوەی ڕێزلێنان لە پەیامبەر لە ٢٠٠٦ کە بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەو کارتۆنـــەی لە دانمارک بڵاو بـــووەوە[٢٦]، بۆنەی یادی لەدایک بوونی پیرۆز (کوتلو دۆغم) کرا کە ســـەدان هەزار کەس لە گۆڕەپانەکانی ناوەندی شارە کوردنشـــینەکان هەموو ساڵێک لـــە مانگی نیســـان کۆدەبنـــەوە. قەرەبالغترین بۆنـــەی لەدایکبوونی پیرۆز لە دیاربەکر کرا کە نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە شـــار و شارۆچکە کوردییەکانی دەوروبەر هاتبوون. لەم ساڵانەی دواییدا حیزبوڵڵا بۆنـــەی لەدایکبوونی پیرۆزی لە ناوچـــە کوردییەکان کرد بـــە یەک هەفتە و لـــە ڕۆژئـــاوای تورکیـــا و ئەورووپـــا جەژنی دەگـــرت.[٢٧] لـــەو یەک هەفتەیـــەدا لە مانگی نیســـان کێبڕکێ و بۆنەی جیاجیا دەگیرێت و هەلێکی باشە بۆ ئەندامە گەنجەکانی حیزبوڵڵا، بۆ ئەوەی باسی ژیانی محمد و هاوڕێکانی (سیەر یارشمالاری) بکەن کە براوەکان بە سەفەرێکی مەککـــە بۆ بەجێهێنانی عومرە خەڵات دەکران. هەروەهـــا لەو هەفتەیـــەدا ئاهەنگی دەرچوونی مەدرەسەکانی حیزبوڵڵا کە ئەندامە ئافرەتەکان بەشداریی تێدا دەکەن بەڕێوە دەچێت. دەکرێ بڵێـــم هەمووی ئـــەو ئەندامانـــەی حیزبوڵڵا و بەشـــداربووانی ئەو ئاهەنگە یـــەک هەفتەییە، هاوڕان لەســـەر ئـــەوەی کـــە ئاهەنگەکە هەم دڵخۆشییەکی گەورەیە و هەم هەلی وەرگرتنی ئەندام دەرەخســـێنێت و هـــەم دەرفەتێکە بۆ دەرخســـتنی هێز و گەورەییـــی حیزبوڵڵا.[٢٨] بەشـــداربووانی ئاهەنگەکانـــی حیزبوڵڵا بەس ئەندامانـــی نین بەڵکوو کـــوردە پارێزگارەکانن. لەســـەر ئەم بنەمایە و دوای ئەوەی بە بڕیاری دادگا «موســـتەزئەف-دەر» داخـــرا، حیزبوڵـــڵا هوداپـــاری کـــردەوە.[٢٩] لـــە هەمانکاتـــدا ئەم بزووتنەوەیە مەیدانی کار و چالاکییەکانی پەرە پێدا و وێســـتگەی تیڤی و ڕادیـــۆی (ڕەهبەر تیڤی)، چاپخانەی (دوعا یاینجیلیک)، ڕۆژنامەی (دۆغـــرو هابەر)، ئەژانســـی هەواڵدێری (ئیلکی هابەر ئاژانســـی/ئیلک-ها)، گۆڤـــار بە کوردی و تورکـــی (کەلها ئامەد، ئینـــزار)، قوتابخانەی قورئانی و مەدرەسە، قوتابخانەی ئەهلی، بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیـــی ئامادەیی و زانکۆ، کاری بازرگانـــی بۆ دابینکردنی داهات و زۆر شـــتی دیکەیان کردەوە.

ئەو پرۆســـەیەی حیزبوڵڵا لە ڕێکخراوێکی نهێنی نایاســـایی بوو بە یاســـایی و شارستانی کـــرا هـــۆکار بـــوو بـــۆ گۆڕانێـــک لـــە وتار و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبوڵڵا. قۆناغەکانی ئەم گۆڕانە دەتوانین لە ئاهەنگەکان، بڵاوکـــراوەکان، ئەلبۆمی مۆســـیقا و بەرهەمە میدیاییەکانی حیزبوڵڵا ببینرێت. ئەم پرۆسەیە بە هیچ شێوازێک یەکســـەری نەبوو و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووی دا. لەسەر ئەم بابەتە هێشتا لەو بڕوایەدام کە تێڕوانینی حیزبوڵڵا بۆ جیهان بە شێوەیەکی ڕادیکاڵـــی نەگـــۆڕاوە و تەنیا ئەوەیـــە کە ئەو بزووتنەوەیە وتار و ستراتێجی نوێی گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی بتوانێت بە شـــێوازێکی یاسایی بێتە ناو گۆڕەپانی سیاســـەت و لەگەڵ خەڵک بێت. ئەم گواستنەوەی دۆخە بۆ حیزبوڵڵا هەلێک بوو بۆ ئـــەوەی نەتەنیا پێگەی خۆی لەناو جەماوەر بەهێزتر بکات، بەڵکوو ئەو خەڵکە پارێزگارانەش بـــۆ خۆی ڕاکێشـــێت کە دەیانویســـت تێکەڵ پارتێـــک ببن کـــە بە شـــێوەیەکی یاســـایی کاری خێرخـــوازی و ئاهەنگ گێـــڕان دەکات نەک ئەوەی نایاســـایی بێت. لـــە ماوەی کارە مەیدانییەکەم لەگـــەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵا دەدوام و ئەوان زۆر دڵخۆش بوون بە

بەشـــدار بوون لە ئاهەنگە مەزنەکەی حیزبوڵڵا و دەستخۆشـــییان بوو بۆ ئـــەو پارتە بۆ ئەوەی ستراتیژیان لە چالاکییەکانی وەرگرتنی ئەندام و دەسەڵات ڕوون و کاریگەر بوو.[٣٠]

کاتێک لە ٢٠١٥ گفتوگۆی ئاشتیی کوردی لەبەر سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانی پەکەکە و حکوومەت ڕاگیرا، حیزبوڵڵا زیاتر هاتە بەرچاو. دەورەی توندوتیژییەکانـــی ســـاڵەکانی ١٩٩٠ قوربانیی زۆری لە هـــەر دوو لا لێ کەوتەوە و کەسایەتییە حکومییەکان هەوڵیان دا ناکۆکی بخەنە نـــاو گرووپەکانـــەوە. ڕەنگـــە ئەزموونی ســـاڵەکانی ١٩٩٠ بوو بە هـــۆکاری ئەوەی کە توندوتیـــژی تەشـــەنە نەســـێنێت و نەگاتە ئاســـتێک کە لە کۆنترۆڵـــدا نەمێنێت و دوای خۆپیشاندانەکانی کۆبانێ لە ٢٠١٤ و شەڕی ناو شارەکان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥ تا تەمووزی ٢٠١٦ زیاتر دەرکەوت کە ئاگربەســـتێکی باس نەکراو لەو دۆخەدا زۆر پێویســـت و هەستیارە. دەکرێ بڵەین کە یاســـای ســـەربازی و دۆخی نائاســـایی زۆر زووتر لە هەوڵـــی کوودەتاکە لە شـــارە کوردییەکان کاریان پێ دەکرا و گرژیی نێوان حیزبوڵڵا و پەکەکە دەســـەڵات و هێزی حکوومەتی زۆرتر کرد کە ئەمە لە بەرژەوەندیی حیزبوڵڵا و بە زەرەری پەکەکە بوو.

کوودەتاکەی ٢٠١٦ کە شکســـتی هێنا لە پرۆسەی گۆڕانی حیزبوڵڵا خاڵێکی وەرچەرخان بـــوو. هەرچەندە کوودەتا شـــەپۆلێک لە گرتن و گرژی و شـــەڕی دەروونیی بە دواوە بوو کە پارتە ئۆپۆزیســـیۆنەکانی کـــردە ئامانج، بەڵام ئـــەو ڕێکخراوانەی لایەنگـــری حیزبوڵڵا بوون، حکوومـــەت چاوپۆشـــیی لێیان کـــرد و بگرە پشتیوانیشـــی کردن. بۆ نموونە دوای کوودەتا ســـەربازییە ســـەرنەکەوتووەکەی تەمـــووزی ٢٠١٦، هەفتەنامـــەی دۆغروهابـــەر بـــوو بـــە ڕۆژنامە. لە ماوەی خۆپیشاندانە یەک مانگەکە (گردبوونەوەی دیمۆکراسی)[٣١] ئەندامانی پارتی هودا-پـــار و ڕێکخراوەکانی لایەنگری حیزبوڵڵا لە ڕیزی پێشـــەوەی خۆپیشاندانەکان لە ناوچە کوردییـــەکان بوون و ســـروودەکانی حیزبوڵڵا لە گۆڕەپانەکانی ماردیـــن، دیاربەکر، بینگۆل، باتمان و شـــارەکانی دیکە بـــڵاو دەکرایەوە. لە دوای کوودەتا ســـەربازییە ناســـەرکەوتووەکە کەســـایەتی و ڕێکخراوە لایەنگرەکانی حیزبوڵڵا لـــە کەناڵە حکومییەکان دەرکەوتن و لە لایەن ســـەرۆک ئەردۆغان و دامەزراوە پلەبەرزەکانی حکومەتەوە پێشـــوازییان لێ کرا.[٣٢] سەرۆکی هودا-پـــار، زەکەریا یاپیجی ئۆغلو، یەک هەفتە دوای کوودەتـــا ناســـەرکەوتووەکە لە گۆڕەپانی تەقسیمی ئیستانبۆل وتاری پێشکەش کرد،[٣٣] کە بوو بە دەســـتپێکی ســـەردەمێکی نوێ بۆ حیزبوڵڵا کە بۆ یەکەمجار توانی چالاکییەکانی لە ناوەندی گۆڕەپانی تورکیا ئەنجام بدات. دوای تەمووزی ٢٠١٦، نوێنەرەکانی هودا-پار لەگەڵ ســـەرۆک ئەردۆغان و ســـەرکردەی پارتەکان چەندین جار دیدار و گفتوگۆیان کرد و کەناڵی لایەنگری حیزبوڵڵا، ڕەهبەر تیڤی بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆیانە باسی ڕێککەوتنی نێوان ئەکەپە و نوێنەرانی هودا-پاری کرد.[٣٤]

لە ســـاڵانی کۆتایی ١٩٩٠ کەمتر کەسێک چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەو ڕێکخراوە نهێنیە نایاســـاییە کە لە ژوورە بچووکەکانی دەرەوەی شـــارە کوردییـــەکان کار و چالاکیـــی دەکرد ببێت بە ئەکتەرێکی ســـەرەکی لە سیاسەت و شارستانییەتی کورد. بابەتی حیزبوڵڵا هێمایێکە بـــۆ گۆڕانی ئێجـــگار زۆری شارســـتانییەت و سیاسەتی کورد لە دوای دەستپێکی حوکمڕانیی ئەکەپە. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی ناســـیۆناڵی کـــوردی، هاتنی حیزبوڵڵا بۆ نـــاو کۆمەڵگە، نە لەلایەن تێکچوونی پرۆســـەی سیاسی و نە لە لایەن کوودەتا شکســـت خواردوەکەی ٢٠١٦ تووشی کێشـــە نەبوو تەنانەت لە هەردووکیان ســـوودی وەرگـــرت. هەرچەندە پرســـی کورد لە ناوەرۆکـــی وتار و ســـتراتیژی حیزبوڵڵا بۆ شـــەرعیەت وەرگرتن هەر مابـــوو. دواهەمین بەشـــی ئەم نووســـراوەیە کاریگەریـــی گۆڕانی حیزبوڵڵا بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی بە بۆچوونی

ئەو پارتە بۆ پرسی کورد شی دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ڕوونکردنەوەی جیاوازی نەژادی و ئایینی.

## چارەسەرێکی ئیسلامیانە بۆ پرسی کورد؟ وتارە نوێکان و نەگریسە کۆنەکان

لە جەژنی لەدایکبوونی پیرۆز لە نیسانی ٢٠١٦ کەسانێکی زۆر بانگهێشت کران بۆ پێشکەشکردنی وتار. مێهمێت گۆکتاش کە موفتی و سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی دۆغروهابەری سەر بە حیزبوڵڵا بوو، لە وتارەکەیدا بە توندی ڕخنەی گرت لە گفتوگۆی ناسەرکەوتووی ئاشتیانەی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی کورد:

«ئێوە بۆتان نیە بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نوێنەری کورد نین ئەم وڵاتە تێکبشکێنن. ئەوانە خوانەناسی بێ ڕەوشت و کۆمۆنیستن کە خەڵکیان تووشی بەڵا و شارەکانیان وێران کردووە. چیتر ئێوەمان ناوێت. نوێنەری ڕاستەقینەی کورد لێرەیە. ئەوەتا ئەو ورە و پشتیوانییەی دەتانەوێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە. کێشەی پرسی کورد تەنیا لەگەڵ بیرێکی ئیسلامی و بە هاوکاری لەگەڵ خەڵکانی گونجاو چارەسەر دەکرێت.[35]»

بە قسەی مێهمێت گۆکتاش و زۆر قسەکەری دیکە لەو دوانیوەڕۆیە، ئیسلام تەنیا چارەسەر بوو بۆ کێشەی پرسی کورد. ئەوان پشتگیریی چەمکی برایەتیی ئیسلامییان کرد کە ئۆممە کورد و تورک و نەتەوە موسڵمانەکانی دیکە یەک دەخاتەوە و تەنیا ڕێگەی ڕزگارییە کە کورد دەتوانێت و دەبێت بە دوایدا بڕوات. ڕخنە لە حکوومەت دەگیرا لەسەر دەستپێکردنی گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە کە بە بۆچوونی ئەوان خەڵکانێکی بێتاوان لێی زەرەرمەند بوون. مەلا بەشیر شمشەک وتەبێژی عاشقانی ئایدۆلۆجیی پەیامبەر و ڕێکخەری ئاهەنگەکانی لەدایکبوونی پیرۆز، دەرمانێکی ڕۆحی پێشنیار دەکات بۆ چارەسەری ئەو (نەخۆشی)یەی کاریگەری بووە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی:

*«ئەو دەرمانە نە لە واشنگتۆنە و نە لە ئەوروپا. دەرمانی کێشەی[پرسی] کورد لە ناو قورئاندایە، قورئان بخوێننەوە. ئەو دەرمانە لە وتەکانی محمد[حدیث] دایە، حدیث بخوێننەوە.»[36]*

ئەم وتارە دەبێ بخرێتە چوارچێوەی تێکچوونی پرۆسەی ئاشتیی کورد  کە لە ناکاو لە ئاداری ٢٠١٥ لەلایەن حکوومەتی ئەکەپەوە کۆتایی پێ هات. تێکچوونی گفتوگۆی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی ناسیۆنالی کورد هەلێکی ڕەخساند بۆ ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حیزبوڵڵا بوون بۆ ئەوەی خۆیان بکەن بە لایەنێکی مەشروع لە باسی چارەسەریی پرسی کورد. ئەم پرۆسەیە لە ڕاستیدا زۆر پێشتر لە تێکچوونی گفتوگۆی ئاشتی دەستی پێکرد. لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، ٧٢٤ ڕێکخراوی مەدەنیی ئیسلامی کە ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبوڵڵا شیان تێدا بوو لە کۆنفرانسێکدا کە لە لایەن دەزگای نەهێشتنی کێشەی مرۆڤایەتی (IHH) سەر بە حیزبوڵڵا ڕێکخرابوو لە دیاربەکر بەشداریان کرد.[37] لە ئاداری ٢٠١٥ دا ٦٠٠ شاند کە نوێنەرایەتیی ٣٥٠٠ ڕێکخراوەی مەدەنی[38] لە ناوچە کوردییەکانیان دەکرد[39] لە کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەی سەر بە حیزبوڵڵا بەشداریان کرد. هەر دوو کۆڕەکە لەژێر ناونیشانی (چارەسەری ئیسلامی بۆ پرسی کورد) بەڕێوە چوو، و بانگەوازییەکانی ناو ئەم دوو بۆنەیە، چەمکی برایەتیی ئیسلامییان وەک تەنیا چارەسەر بۆ پرسی کورد پێشنیار کرد. لەو بانگەوازییانەدا بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ڕێکخراوە ئیسلامییەکان وەک لایەنێک لە پرۆسەی ئاشتی باس کران و بە ئاشکرا ڕخنە لە پەکەکە و بزووتنەوەی کورد دەگیرا و دەگوترا کە ئەوان نوێنەری

شەرعیی کوردەکان نین. لە ڕاستیدا ئامانجی ئەم کۆڕانە دروستکردنی ڕەزامەندی بوو لە نێوان کوردەکان، کە لەسەر بنەمای ئەو شێوازە دارڕژابوو کە هەندێک لە کاری بنەمایی چامسکی و هێرمان بە ناوی [بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی: ئابووری سیاسی میدیا گەورەکان] دەچوو.[۴۰] ئەو تۆڕی هاوپەیمانیەتییەی کە لە لایەن ڕێژیمی ئەکەپە لە میدیا و کۆمەڵگە بنیات نرا کارامە بوو لە دروست کردنی ڕەزامەندی لە بابەتە ئیسلامییەکان بۆ چەسپاندنی شوناسی ئیسلامی سوننە.

گەورەترین بەربەست لەسەر ڕێگەی پەرەسەندن و گەورەبوونی حیزبوڵڵا لە کۆمەڵگەی کوردی و بواری سیاسی، پاشماوەی ساڵەکانی ۱۹۸۰ و ۱۹۹۰ بوو. لە بیری خەڵکی کورد ئەو سەرکوتە توندوتیژانەی بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کوردی کە دەستی حیزبوڵڵای تێدا بوو هێشتا ماوە. هەر بۆیە بۆ زیادکردنی سنووری لایەنگرانی بزووتنەوە و شەرعیەتدان بە پلە سیاسیەکەی پێویست بوو وتارێکی نوێ دابێت لەسەر پرسی کورد. دامەزراندنی هودا-پار لە ۲۰۱۲ دا لەو پرۆسەیە یەکلاکەرەوە بوو. هودا-پار وەک پارتێکی سیاسی لە کوردستان دەبوایە پێگە و ڕای خۆی لەسەر پرسی کورد دابڕێژێت. لەو وتارانەی لەسەرەوە باس کرا و بەڵگەکانی ئەو پارتە، نامەشروع کردنی پەکەکە و بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کوردی لەسەر بنەمای ئەو دژایەتییەی کە دەگوترێت بەرامبەر ئیسلام دەیکەن ناوەرۆکی ئەم باسە دەبێت. بە وتەی هودا-پار کوردەکان موسوڵمانی ئایینخوازن کە ئەو پارتانە ناتوانن نوێنەرایەتییان بکەن لەبەر ئەوەی ئاو پارتانە ئامانجیان لەناوبردنی ئیسلامە. ئەم باسە شتێکی نوێ نییە لە وتاری حیزبوڵڵادا. بەڵام لە چوارچێوەی سیاسەتی یاساییدا دەبێتە ناوەندی بانگەشەی هودا-پار بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی کورد.

هودا-پار هەروەها لە ۲۰۱۲ دا بۆ یەکەمجار بەرنامەی نوێی لەسەر چارەسەری کوردی-ئیسلامی بڵاو کردەوە، کە لە ناویدا بەشێک تەرخان کرابوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەی ئیسلامی.[۴۱] لەو بەرنامەیەدا پرسی کورد وا پیشان درا کە لە ئاکامی پرۆسەی توندوتیژیی مۆدێرن کردن سەری هەڵداوە کە لە لایەن حکوومەتی کەمالیستی ئەنجامدرا و بوو بە هێمایەک بۆ لەناوبردنی خەلافەت، ئەلف و بێی شۆڕش و سەرکوتکردنی سەرۆکە ئایینییە کوردەکان کە هاوڕا نەبوون لەگەڵیان وەک شێخ سەعید. شایەنی باسە کە ئەمە تێڕوانینی زۆرێک لە گرووپە ئایینییەکان و پارتە سیاسییەکان و ئەکەپە بوو. هەرچەندە تەنیا لە ماوەی هەڵبژاردندا باسی سەرکردە کوردە ئایینییەکانیان دەکرد.[۴۲] لەسەر ئەم بابەتە هودا-پار تیشکی خستنە سەر چەمکی برابوونی ئیسلامی و تێگەیشتنی خۆی لە کارپێکردنی حکوومەتی سێکولار زۆرتر لە نەریتی سیاسیی ئیسلامی لە تورکیا دەردەخات.

هەرچەندە پرۆگرامی هودا-پار لە کاتێکدا کە باس لە مافی کورد بە گشتی دەکرێت زۆر جیاوازە لە ئەم نەریتە. بەرنامەکە باس لەوە دەکات کە لە دەستووردا پێویستە مافی کورد و هاووڵاتیی یەکسان بوون بناسرێت بۆ داهێنانی ئاشتیی نێوان کوردەکان و تورکەکان. هەروەها ئەو پارتە جەخت لەوە دەکات کە لە دامودەزگاکانی حکومی زمانی کوردی بناسرێت و هەروەها حکوومەت بە فەرمی داوای لێبوردن بکات بۆ کوشتنی کەسایەتییە بەناوبانگە کوردەکان کە هاوڕای حکوومەت نەبوون وەک شێخ سەعید و سەید ڕەزا. جێگەی سەرسوڕمانە کە باس لە ڕۆڵی حیزبوڵڵا لە ساڵەکانی ۱۹۹۰ دەکات و دەڵێ پێویستە ئەو تاوانە جەنگییانە قەرەبوو بکرێنەوە و لێژنەی دەرخستنی ڕاستی و تاوانەکانی حکوومەت لە ساڵەکانی ۱۹۹۰ پێکبێت.[۴۳] لە بابەتی ناساندنی مافی هاووڵاتی لە دەستووردا هودا-پار جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەدەپە نییە. بەڵام میراتی ساڵەکانی ۱۹۹۰ ئەو دوو

بزووتنەوەیە دژی یەک دەکات. بزووتنەوەی کوردی، حیزبوڵڵا بەوە تاوانبار دەکات کە بۆتە ئامرازێکی حکومی (پارتی شەیتان) بۆ شەڕ کردن دژی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد. لە لایەکی دیکەوە حیزبوڵڵا پەکەکە بە گەندەڵی و دژایەتیی بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی تاوانبار دەکات.[٤٤]

کەسایەتیی شێخ سەعید، سەرکردەی سۆفی نەقشبەندی لە عەشیرەتی زازای کورد کە یەکەم شۆڕشی مەزنی لە دژی حکوومەتی تورکی لە ساڵی ١٩٢٥ بەڕێوەبرد، هەم بۆ بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کورد و هەم بۆ حیزبوڵڵا هێمای خەباتی ڕەوایە. لە دە ساڵی ڕابردوودا هەر دوو گرووپەکە وێنەی شێخیان بە ئاراستەی ئامانجە سیاسی و گۆڕانەکانیان دووبارە خوڵقاندەوە. لەو سەردەمەی کە پەکەکە خەریکی پێداچوونەوەی هەڵوێستی توندڕەوانەی چەپی خۆی بوو بۆ ئایین، شێخ سەعید بوو بە سەرکردەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کورد.[٤٥] ئەم جۆرە تایبەتکردنی شێخ سەعید لە ٢٠١٤ گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی کاتێک کە شارەوانیی دیاربەکر ناوی گۆڕەپانی دۆغکاپی گۆڕی بۆ گۆڕەپانی شێخ سەعید. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبوڵڵا لە مزگەوتی گەورەی دیاربەکر یادی شێخ سەعیدیان بەڕێوەبرد. هەر بەو ئاراستەیەدا، دوای ساڵانێک بێدەنگی، حیزبوڵڵا بۆچوونی ڕەچەڵەکناسیی خۆی لەسەر ڕێبەرە شۆڕشگێرە کوردەکان و شێخ سەعید گۆڕی. هەرچەندە ئەم تایبەت کردن و بەرز ڕاگرتنەی شێخ سەعید دیمانەی کوردی ئەو پێشان نادات و بە پێچەوانەوە باس لەوە دەکات کە ڕەنگی ڕاستەقینەی شۆڕش ئیسلامییە.[٤٦]

هەمان ناڕوونی، چەمکی شەهیدبوونیش دەگرێتەوە کە لە وتاری کەسایەتییەکانی سەر بە حیزبوڵڵا زۆر بەکار دێت. هەروا کە لە چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ موجاهد و زۆر کەسی شارەزای دیکە لە ماوەی کاری مەیدانیم، دەمبیست بەردەوام ئارەزوومەندیی خۆیان بۆ شەهیدبوون و قوربانی کردنی خۆیان لە ڕێی ئامانج (بەدەل و داوا) دەردەبڕی. ئەو سەودایەی بۆ شەهادەت (شەهیدبوون)[٤٧] لە قورئان و ژیانی محمد سەرچاوە دەگرێت. هەرچەندە ئەم ئاماژانە کەمتر پەیوەست بوو بە پێشینەی ئایین ناسیان و بەپێچەوانەوە، شەهیدبوون وەک هێڵێکی جیاکەرەوە بەکار دەهات بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و پیرۆزبوونی ئامانجی کەسێک (داوا) و ناڕاست بوون و گەندەڵ بوونی (دوژمن) واتا پەکەکە و ئایدۆلۆجیە چەپی و سێکولارەکەی.[٤٨] لەم تێڕوانینە سیاسییەدا چەمکی شەهیدبوون بۆ لایەنگرانی حیزبوڵڵا پرسیار درووست دەکات لەسەر ڕەوابوونی توندوتیژی. هەرچەندە سەرچاوەی زانیارییەکانی من جەختیان دەکردەوە لەسەر خەباتی ئاشتیانە و سیاسەتی یاسایی بەڵام هێشتا دوودڵ بوون هەروا کە لەم وتووێژەدا هاتووە:

*مێهمێت: پێتوایە لەم ساڵانەی ڕابردوو و لە ساڵانی ٢٠٠٠ دا حیزبوڵڵا چالاکیی چەکداری خۆی گۆڕی بە چالاکییە یاساییەکانی هودا-پار و موستەزئەف-دەر؟*

*موجاهد: بەڵی وایە. لە ڕاستیدا ئەوەی جەماعەتی حیزبوڵڵا لە ساڵی دامەزراندنیەوە (١٩٧٩) بەدوایەوە بوو ڕێگایەکی یاسایی بۆ سیاسەت بوو. لە بیرت بێت ڕەسووڵەڵڵا، درودی خودای لەسەر بێت، بە زەبری شمشێر ئەو وڵاتانەی نەگرت. ئەو خۆی لە دڵی خەڵکدا جێ کردەوە. هەر بۆیە ئیستا جەماعەتی حیزبوڵڵا بەدوای ڕێگایەکی تەواو یاساییدان. ئەوان لە ڕێگای ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و هودا-پارەوە، بیرکردنەوەیەکی سیاسی نوێیان هێنایە گۆڕەپانی سیاسەت. ئەوان وتارەکانیان*

*تەنیا لە قورئانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر کەسێک ناتوانێت ئەم کارە قورسە بکات. هەر هەنگاوێک بە وردی لەژێر لێنزی مایکرۆسکۆپدا پشکنینی بۆ دەکرێت و هەر راوێژ و بانگەوازێک تەنیا لە رێگای قورئانەوە دەکرێت. ئەمە خۆی متمانەیە بۆ ئەوەی حیزبوڵلا لەسەر رێگای یاساییدایە و هەر وایش دەمێنێت.*

لە قسەکانی موجاهد چەندین خاڵ لەسەر رەوا بوون و ئێستا و رابردووی حیزبوڵلا هەیە کە پێویستە لەسەری بدوێین. لە کاتێکدا کە باس لە بەرگری لە رێگای یاسایی دەکات لە هەمانکاتدا ناراستەوخۆ بە پاساوی بەرگری لە دژی هێرشی حکوومەتی سێکولار و پەکەکەی مارکسیست، مەشروعییەت ئەدات بە توندوتیژی. ئەو وتەیەی موجاهد کە دەڵێت حیزبوڵلا هەر لە سەرەتاوە بەدوای چالاکیی یاساییدا بوو پێچەوانەی وتاری سەرەکیی حیزبوڵلا یە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ کە لەو سەردەمەدا حیزبوڵلا پێی وابوو کە حکوومەتێکی سێکولار ستەمکار و نامەشروعە و رەدی کردەوە چالاکییەکانی بخاتە چوارچێوەیەکی یاسایی. نەک لە وتارياند ا، بەڵکوو لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا بەکارهێنانی ئەشکەنجە و کوشتنی بێ دادگایی ستراتێجی سەرەکی ئەو پارتە بوو بۆ ترساندن و سەرکوت کردنی لایەنگرانی بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کوردی.

ئەم روانینە دوولایەنە ناروونە بە نیسبەت توندوتیژی، دوای تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی یەکلا دەکرێتەوە. کوشتنی یاسین بۆرو و هاورێکانی لە خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە کۆبانێ و کوژرانی گوماناوی ئایتاچ باران دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٥ بوو، بە دەستپێکی گرژیی نێوان لایەنگرانی پەکەکە و حیزبوڵلا کە لە ئاکامیدا کوشتار و زیانی زۆری لێ کەوتەوە. ئایتاچ باران و یاسین بۆرو هەر وەک شێخ سەعید هاتنە کاروانی شەهیدان (شەهیتلەر کەراڤانی) و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و ی‌ڵاوکراوەکانی لایەنگرانی حیزبوڵلا رێزیان لێ گیرا.[٤٩] رووداوەکان دەریان دەخست کە حیزبوڵلا بە تەواوی وازی لە چەک نەهێناوە: یەکەیەکی چەکداری حیزبوڵلا، هێزی شێخ سەعید[٥٠]، لە شەقامەکانی دیاربەکر دروشمیان دەگوت و تەقەیان دەکرد. ئەم بەرکەوتنانە لە ناوچەکەدا پەرەی سەند و زیانی زۆری لێ کەوتەوە تاکوو ئەو هێزە چالاکییەکانی نهێنی کردەوە. پێناچێت هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو گرووپە کرابێت کە ئەمە دەریدەخات کە لەگەڵ دامەزراوە حکوومییەکان پەیوەندییان هەیە کە پاشماوەی شێوازی حوکمرانیی ساڵەکانی ١٩٩٠ـە.[٥١] بۆیە نابێ گۆڕانی چالاکیی نهێنیی توندوتیژانەی حیزبوڵلا بۆ چالاکیی مەدەنی وەک دابڕانێک لێکبدەینەوە: ئەوە زیاتر خۆگونجاندنێکی ستراتێجیە کە بژاردەی شەڕی چەکداری ئەگەر لە ئەولەویەتدا نەبێت هێشتا لە کاتی سەرهەڵدانی گرژی لە نارچە کوردییەکان بەکاری دەهێنن. دووبارە سازکردنەوەی چەمکی شەهیدبوون لە ناو نەوەی نوێی حیزبوڵلا کە لەگەڵ بیستنی چیرۆکی قوربانیدانی باوکەکانیان لە پێناو ئامانج (داوا) راهاتبوون، هێمایەکە لەم ناروونییەی نێوان چالاکی مەدەنی و چالاکیی توندوتیژانە کە لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کوردیشە.

## دەرەنجام

ئەم نووسراوەیە پێوە بوو کە گۆڕانی حیزبوڵلا بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی شی بکاتەوە و بیخاتە چوارچێوەوە. تیشکی خستە سەر گرینگیی چوارچێوە و مانای ناوچەیی و نەتەوەیی، کە تایبەتمەندە بە ئەوەی کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەچێتە ژێر هێژمۆنی حوکمرانیی ئەکەپە لە لایەک و لە لایەکی دیکە گۆڕانی بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کوردی کاریگەریی

هەیە لەسەری. بۆیە زۆرتر بوونی دامەزراوەکانی سەر بە حیزبوڵڵا تەنیا لە ئەگەری هەبوونی هاوپەیمانیی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی پارێزگاری ئیسلامی دەکرێت ڕووبدات و لەسەر بنەمای دابەش کردنی سەرچاوە ئابووریەکان و پاڵپشتییە سیاسییەکان.

لە کاتێکدا کە زۆرتربوونی دەرکەوتن و کاریگەریی دامەزراوەکانی سەر بە حیزبوڵڵا و ئاهەنگە گشتییەکان بە ڕوونی ئاماژە دەکات بۆ سەرکەوتوویی ستراتیجی مەشروعییەت دان، بەڵام ئەم نووسراوەیە هەوڵ ئەدات تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە دابێنێت بۆ ئەم پرۆسەیە و تیشک بخاتە سەر دوولایەنی و نارِوون و سنووردار بوونی ئەم گۆڕانە بۆ چالاکیی مەدەنی و سیاسەتی ڕەوا. بۆچوونی دوودڵانەی هودا-پار و لایەنگرانی بە نیسبەت شوناسی کورد وپرسی کورد ئاماژە بەوە دەکات کە دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کورد و میراتی ساڵەکانی ١٩٩٠ هەر ماوە. لەم بارەیەوە وتاری برابوونی ئیسلامی و جەخت کردن لەسەر شوناسی موسوڵمانی کورد زیاتر لەوەی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان بێت، ئارەزوومەندییان بۆ بەدەستهێنانی هێژمۆنی دەردەخات. حیزبوڵڵا بە پشت بەستن بە تەنیا ئەو کوردە سوننە پارێزگارانە بۆ ڕێکخستنی جەماوەر و پەراوێزخستنی کوردی عەلەوی و سێکولار هەلی کەمتری لەبەردەستە بۆ پەرەسەندنی چالاکییەکانی بۆ ئەوپەڕی سنوورەکانی ئایدۆلۆجیای خۆی. لە دەرەوەی بابەتی ئەم نووسراوەیە، ئەو پرۆسەی گۆڕان و گواستنەوەیە کە کاریگەریی لەسەر ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی تورکیا هەیە و ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی ناسیۆناڵی کورد لە سوریا، هۆکارێکی دیکەیە بۆ دابەش بوونی کورد لە بواری سیاسەتدا و هەڕەشەیە بۆ سەر گۆڕانی ناتەواو و هەستیار بەرەو سیاسەتی مەدەنیی کەسایەتییەکان.

## سەرچاوەکان

*. A Conversion to Civil Society? The Incomplete Reconfiguration of the Hizbullah Movement in Turkey

[١]. نەورۆز بەس تایبەت بە کوردەکان نییە و لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەند جەژنی دەگرن. بەڵام ئەو توندوتیژییانەی تورکیا بەرامبەر شۆڕشگێڕانی کورد لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا ئەنجامی دا، ئەم بۆنە هێمایی و ئەفسانەیییەی بە سیاسی کردەوە کە کوردەکانی لە دەوری یەک و بە دژی هێژمۆنی حکومەت کۆدەکردەوە. بۆ زانیاری زیاتر:

D. Aydin, ‘Mobilizingthe Kurds in Turkey: Newroz as a Myth’, in C. Gunes and W. Zeydanlioglu (Eds.), The Kurdish Question inTurkey: New Perspectives on Violence, Representation and Reconciliation, Routledge, London, 2014, pp. 68-88.

[٢]. یاسین بۆرو لە خۆپێشاندانەکانی کۆبانێ بەدەست خۆپیشاندەرە کوردەکان کوژرا. لەو خۆپیشاندانە زیاتر لە ٤٠ کەس بەدەست پۆلیس کوژران بەڵام کوژرانی یاسین بۆرو و سێ لە هاوڕێکانی بە ناو ریات گونەش، احمد داداک و حسن کۆگوز، سەردەمێکی نوێی لە گرژیی نێوان پەکەکە و حیزبوڵڵا دروست کرد. دۆسیەی یاسین بۆرو، لە لایەن نوێنەرانی حکوومەت و میدیاکانی سەر بە حکومەتەوە، لە دژی هەدەپە بەکار هێنرا. سروود و گۆرانی و بۆنەی زۆر بە یادی یاسین بۆرو و ئایتاچ باران، کراوە.

[٣]. ئایتاچ باران دوو ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکەی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥، کە هەدەپە ١٣٪ دەنگی بەدەستهێنا و بوو بە خاوەن ٨٠ کورسی لە پەرلەمان، کوژرا. دۆسیەی کوژرانی باران هێشتا چارەسەر نەکراوە. چەند کاتژمێر دواتر، میلیشاکانی سەر بە حیزبوڵڵا، هێزی شێخ سەعید، سێ چالاکی هەدەپەیان لە ماڵەکانیاندا تیرۆر کرد و دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر شەقامەکانی دیاربەکر.

[٤]. کەلیمە تەوحید یان کەلیمە طیبة ( لا اله الی الله، محمد رسول الله) یەکێکە لەو ٦ کۆڵەکانەی ئیسلام. ئەو ڕستەیە بەکار دێت لەکاتێکدا کەسێک ئیسلام دەهێنێت و شایەتی ئەدات بە ئیمان بە اللە و پەیامبەرەکەی. مانای دەکاتە ( هیچ خودایەک جگە لە الله نیە و محمد پەیامبەری الله یە).

[٥]. بۆ ئەوەی پەیوەندییە یاسایی و نایاسایییەکانی بزوتنەوەی حیزبوڵڵا لە تورکیا جیا بکەمەوە، دەستەواژەی حیزبوڵڵای کوردی بەکاردێنم و هەروەها بۆ ئەوەی لە حیزبوڵڵای شیعەی لوبنانی جیایان بکەمەوە. حیزبوڵڵا لە تورکیا گرووپێکی سوننەی شافعین کە زۆرینەی ئەندامەکانی کوردن. پرۆسەی یاسایی کردنەوەی چالاکییەکانی حیزبوڵلا، گۆڕانی بەسەر تێڕوانینی سیاسیی ئەو گرووپە هێنا کە زیاتر پێشوازی لە ئایینێکی کوردیی ناسیۆناڵ دەکات. لەم نووسراوەیەدا من بەس حیزبوڵڵابەکار دێنم تاکوو هیچ ناڕوونیەکی پێوە نەبێت.

[6]. S. Zabaida, ‘Islam, the State and Democracy: Contrasting Conceptions of Society in Egypt’,Middle East Report, Vol. 179, 1992, p. 9.

[7]. O. Taspinar (2005), Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey: Kemalist Identity in

Transition,Routledge, New York, pp. 116-208.

[8]. C. Houston (2001), Islam, Kurds and the Turkish Nation State, Berg, New York, pp. 147-191.

[9]. G. Türkmen-Dervişoğlu, ‘Negotiating Symbolic Boundaries in Conflict Resolution:Religion and Ethnicity in Turkey’s Kurdish Conflict’,Qualitative Sociology, 41 (4), 2018, pp. 569-591.

[10]. C. Çiçek, ‘Kurdish identity and political Islam under AKP rule’, Research and Policy on Turkey, 1 (2), 2016,p. 147.

[١١]. ڕوون نیە بۆچی گوربوز، گولەنیستەکانی وەک ڕکابەرێکی بزوتنەوەی کورد داناوە. گولەنیستەکان لە ماوەی دەسەڵاتی ئەکەپە لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠١٠ لە ناوچە کوردییەکان ئەکتەرێکی گرینگ بوون، بەڵام گرژیی سیاسیی نێوان ئەو دوو گرووپە  کۆتایی بە زاڵبوونی گولەنیستەکان هێنا.

[12]. M. Gürbüz, Rival Kurdish Movements in Turkey: Transforming Ethnic Conflict, Amsterdam University Press,Amsterdam, 2016, pp. 24-28.

[13]. H. Lutz, ‘Intersectionality as Method’, Journal of Diversity and Gender Studies, 2 (1-2), 2015, pp. 39-44; K.Davis, ‘Intersectionality as a Buzzword: A Sociology of Science Perspective on What Makes a FeministTheory Successful’, Feminist Theory, 9(1), 2008, pp. 67-85.

[١٤]. لە یەکێک لە نووسراوەکانمدا باسی ڕۆڵی حکومەت لەو جووڵە چەند لایەنەیەم کردووە و ئەوەی کە تیۆری داگیرکردن و کۆیلە کردنی ناوەکی، نەک بەس بۆ شیکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت لە دۆسیەی کورد بەڵکوو بۆ دانانی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانە و چینەکانی  شۆڕش  لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەسوودە.

[15]. Z. Sarıgil, Ethnic Boundaries in Turkish Politics: the Secular Kurdish Movement and Islam, NYU Press, NewYork, 2018.

[16]. A. Wimmer, ‘The Making and Unmaking of Ethnic Boundaries: A Multilevel Process Theory’ AmericanJournal of Sociology , 113, (4), 2008, pp. 970-1022.

[17]. E. Axiarlis, Political Islam and the Secular State in Turkey, I.B.Tauris, London, 2014 pp. 10-115; C. Grissi ,The Kurdish Question in Turkey in the Third Millennium, VDM Verlag Dr. Müller, Riga, 2010.

[18]. C. Gunes, ‘Kurdish Politics in Turkey: Ideology, Identity and Transformations›, Ethnopolitics, 8 (2), 2009,pp. 255-262; R. Burç, ‘One State, One Nation, One Flag—One Gender? HDP as aChallenger of the Turkish Nation State and its Gendered Perspectives’, Journal of Balkan and NearEastern Studies, 21 (2), 2019.

[١٩]. هەموو ناو و زانیارییە شوناسییەکان لەبەر هۆکاری پاراستن و نادیار هێشتنەوەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا گۆڕدراوە.

[٢٠]. هەروا کە لە لاپەڕەکانی دیکە باس دەکەم، وتاری دژی حکومەتی حیزبوڵڵا، بەس سنووردار ببوو بە پڕۆژەی کۆماریخوازە مۆدێرن و سێکولاریستەکان. بەڵام ئەو بزووتنەوەیە، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا کە هاوکاریی توندوتیژیەکانی حکومەت بکات، هیچ کێشەیەکی نەبوو.

[٢١]. هەندێک لە هەژمارەکان وا دەردەخەن کە ژمارە ڕاستەقینەکە زۆر لەوە گەورەترە و لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا زۆر کەس بەدەستی ئەندامانی حیزبوڵڵاکوژراون. بڕواننە:

M. Kurt, Kurdish Hizbullah in Turkey: Islamism, Violanceand the State, Pluto Press, London, 2017, p. 31.

[٢٢]. وا دەگوترێت کە نزیکەی نیو ملیۆن لاپەڕە و بەڵگە کەوتە دەستی پۆلیس کە تێبینیی ئەندامانی حیزبوڵڵا، سیقی، بەڵگەی لێکۆڵینەو، ڕیپۆرتی دەزگای زانیاریی خۆیان و هتد بوو. ئەو ئەرشیفە هیچکات بڵاو نەکراوە بەڵام لە دادگای دۆسیەی حیزبوڵڵا وەک بەڵگە بەکار دەهاتن. کەسێک بە ناوی ئازاد کە چاوپێکەوتنم لەگەڵی کرد دەیگوت لەو ماوەیەدا، یەک ساڵ خۆی شاردبووەوە و زۆر کەسی دیکە دوو یان سێ ساڵ خۆیان شاردەوە. چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ ئازاد ٢٠١٣/١٠/٢٨

[٢٣]. گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ سولەیمان ٢٠١٦/١/٢٤

[٢٤]. بۆ زانیاریی زیاتر M. Kurt, Kurdish Hizbullah in .Turkey, op. cit., pp. 93-111

[٢٥]. لێدوانەکە لە بەهاری ٢٠١٦ لە لوتکەی ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان ئەنجامدرا.

[26]. https://en.wikipedia.org/wiki/JyllandsPosten_ Muhammad_cartoons_controversy>, (accessed12.12.2018)

[٢٧]. بۆ وەرگرتنی لیستی ئاهەنگەکانی لەدایک بوونی پیرۆز لە ئەوروپا لە ٢٠١٧:

>https://hurseda.net/Kultur/181768-2017-Avrupa-Kutlu-Dogum-etkinlik-takvimi.html>, (accessed28.11.2018)

[٢٨]. لێدوانێکی تایبەت لەگەڵ موجاهد (٢٠١٦/٥/١١) عبدالعزیز (٢٠١٥/١٠/١) غوربەت (٢٠١٦/٦/٢٧) و شەیما (٢٠١٦/٥/١٤)

[٢٩]. زۆرێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە، لەبەر پەیوەندیی ڕابردوویان لەگەڵ حیزبوڵڵاتۆمەتبار بوون. ئەمە وەک بەڵگەیەک بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبوڵڵاو ڕێکخراوەی موستەزئەفلەر بەکار هات.

[٣٠]. لێدوانی تایبەتم لەگەڵ غوربەت (٢٠١٦/٦/٢٧) لە بینگۆل و شەیما لە دیاربەکر (٢٠١٦/٥/١٤)

[٣١]. کۆبوونەوە دیمۆکراسییەکان دوای کودەتا بێ ئەنجامەکەی ٢٠١٦ ئەنجام دران و ٢٧ ڕۆژی خایاند. خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقام لە کاتێکدا زۆرینەی ئەوانەی بەشدارییان کرد هاووڵاتیی سەر بە حیزبوڵڵابوون.

[32].<http://hudapar.org/web/394/genel-baskanimiz-yapicioglu-cumhurbaskani-erdoganla-gorustu.jsp>،accessed (10.12.2018(

[33].http://www.hudapar.org/webtv/164/genel-

baskanimiz-sayin-zekeriya-yapicioglu-taksim-meydaninda-konustu.jsp>,(accessed 10.12.2018(

[34].M. Kurt, ‘The ‹success› of political Islam in the Kurdish context’, Open Democracy],https://www.opendemocracy.net/mehmet-kurt/success-of-political-islam-in-kurdish-context,accessed (04.12.2018)

[٣٥]. لێدوانی مێهمێت گۆکتاش لە ئاهەنگی لەدایکبوونی پیرۆز لە ١٧ی نیسانی ٢٠١٦ دیاربەکر.

[٣٦]. لێدوانی مەلا بەشیر شمشەک لە ئاهەنگی لەدایکبوونی پیرۆز لە ١٧ی نیسانی ٢٠١٦. چارەسەری پێشنیارکراو لە لایەن مەلا بەشیر و کەسانی دیکە لە ناو ئاهەنگەکە، کارەکانی کریستۆفەر هیوستنی بیر خستمەوە کە دەیگوت (ئیسلامییەکان بۆ ڕاکێشانی لایەنەکان، کێشەی کورد لە چارەسەر و دەرمان وەک ئامرازێک بەکار دێنن. هەر بۆیە نووسەرەکان زۆرجار دەڵێن کە ئەگەر دیاریکردنی حاڵەتەکە بە دروستی ئەنجام نەدرێت، دەرمانێکی گونجاو پێشنیار ناکرێت. وا دەگوترێت کە ناسیۆنالیزم لە خولیای ئیمپێریالیزمی ڕۆژئاوا، دۆمەڵی داوە بۆ دیاربوون و زاڵ بوون بەسەر ئۆمەتی موسوڵمان.[...] ئەگەر هەندێک جار کۆماری تورکیا وەک سەرکەوتنێکی ناسیۆنالیزم ناو دەبردرێت، ناسیۆنالیزمی کوردیش هەر لە ڕۆژئاوا وەرگیراوە؛ جا چ لەبەر یارمەتیی ئابووریی ڕۆژئاوا بێت، یان کاردانەوەی هێمایی لە ئایدۆلۆجییەکەی ڕۆژئاوا. بۆیە ئەو جەستە سیاسییە (ئۆمەتی ئیسلام) وەک نەخۆش ناوی دەبەن کە لە ژێر هێرشی بێگانەدایە و خاوێنی و سەلامەتیی ئالودە بووە. پێویستە لەو ناپاکییەی چۆتە ناو جەستە خاوێن بکرێتەوە تاکوو تەندروستی و هێزی بۆ بگەڕێتەوە.) بڕوانە: .See C. Houston, op. cit., p 161

[37].<http://www.haksozhaber.net/diyarbakirda-kurt-meselesi-ve-cozum-sureci-toplantisi-56109h.htm>,(accessed 26.11.2018)

[٣٨]. لە هەردوو حاڵەتەکە، ژمارەی ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زۆرن کە دەرئەنجامی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئیسلامی بوو. ٦٠٠ شاند لە کاتێکدا دەتوانن نوێنەرایەتیی ٣٥٠٠ ڕێکخراوە بکەن کە یەک شەخس یان لە ئەندامان یان لە سەرکردایەتیی چەندین ڕێکخراوە بووبێت. کە لە ڕاستیدا بوو بە باو لە ناو گرووپە ئیسلامییەکان کە بودجەیان بۆ چەندین پرۆژە وەردەگرت تا دوور بن لە دروستکردنی گومان و بەیانییەی سیاسی لەگەڵ زۆرترین ڕێکخراوە واژۆ بکەن.

[39].<http://www.haksozhaber.net/kurt-meselesine-islami-cozum-calistayi-sonuc-bildirgesi-58162h.htm>,(accessed 26.11.2018)

[40].N. Chomsky & E. S. Herman, Manufacturing Consent: The Political Economy of the Mass Media, Vintage,London, 1994.

[٤١]. عبدالعزیز ئەو کەسەی لێدوانم لەگەڵی بوو، ڕەدی کردەوە دەستەواژەی پرسی کورد بەکار بێنێت و پێی وتم پرسەکە نەبوونی ئیسلامە (سۆرون ئیسلامسزلکتر)، (٢٠١٥/١٠/١).

[٤٢]. ئەکەپە لە کاتی کەمپەینی گشتپرسی بۆ گۆڕینی دەستور لە ٢٠١٦ دا شێخ سەعیدی بەکار هێنا.

[43].Mehmet Kurt, ‘Kurdish Hizbullah in Turkey’, op. cit., pp. 45-48.

[٤٤]. زۆر لەوانەی لێدوانیان دا، دەریانخست کە بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی خەریک بوو لەناو دەچوون و هۆکارەکەشی سیاسەتە سێکۆلارەکەی بزووتنەوەی کورد بوو. بەتایبەت زۆر لە گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا تووڕە بوون. جێی سەرنج بوو کە ئەندامە ئافرەتەکانی حیزبوڵڵا زۆرتر بەمە دڵگران بوون. لێدوانی تایبەت لەگەڵ موجاهد (٢٠١٦/٥/١١) و غوربەت (٢٠١٦/٦/٢٧).

[45].H. Ozsoy, ‘The Missing Grave of Sheikh Said: Kurdish Formations of Memory, Place,and Sovereignty inTurkey’, In K. Visweswaran (Ed.) Everyday Occupations: Experiencing Militarism in South Asia and the MiddleEast, University of Pennsylvania Press, Pennsylvania, 2013, p. 212.

[46].HuseyinYilmaz, the vice president of Huda-Par, <http://hudapar.org/web/772/seyh-said-efendinin-kiyaminin-rengi-islamdi.jsp>, (accessed 29.08.2018)

[47].M. Cormack, (ed.), Sacrificing the Self: Perspectives on Martyrdom and Religion, Oxford University Press,Oxford, 2002.

[٤٨]. وتاری شەهیدبوون لە چیرۆک و بەسەرهاتەکان و ڕۆمانەکانی ئەندامانی حیزبوڵلا، لە بەرامبەر پەکەکەدا دروست کرا. بۆ شی کردنەوە: M. Kurt, ‘Kurdish Hizbullah in Turkey’, op. .cit., pp. 125-127

[٤٩]. کاروانی شەهیدان (شەهیتلەر کەرڤانی) ئەلبۆمێک بوو کە لە کاتی گرژییەکانی نێوان حیزبوڵڵا و پەکەکە لە ساڵەکانی ١٩٩٠ دا بە حەماس و بۆ پێزانینی شەهیدەکانی حیزبوڵڵا بەرهەم هاتبوو.

[٥٠]. هێزی شێخ سەعید و پاسەوانە تایبەتەکانی حسین (حوسەین فەدایلەری) دوو یەکەی نهێنیی حیزبوڵڵابوون کە بە تەرتیب لە دیاربەکر و باتمان چالاکییان دەکرد. لە دوای کوژرانی ئایتاچ باران لە حوزەیرانی ٢٠١٥ تاکو ئیستا، تەنیا یەکجار دەرکەوتوون بەڵام چەندین ڤیدیۆ لەسەر یووتیوب، گۆرانی و وێنەی ئەو یەکانەی تێدایە. هەروەها هەژماری تویتەریان هەیە :(Saidseriyyeleri@ and @H_Fedaileri) بە زیاتر لە دە هەزار فالۆوێر. نموونە: <https://www.youtube.com/watch?v=2h1skMbuRkw>,(accessed 28.11.2018); تەنیا شیکاریی میدیایی لەسەر ئەو گرووپە: <http://www.radikal.com.tr/yazarlar/umit-kivanc/seyh-said-seriyyeleri-1381090/>,(accessed( 28.11.2018

[٥١]. چەمکی حوکمڕانی ناڕاستەوخۆ، لە لایەن مەحموود مامدانی داهێنرا بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی سەردەمی دوای کۆلۆنیزە بۆ مەبەستی پارێزگارکردنی کۆمەڵگە شی بکاتەوە و لە بەرژەوەندیی حکومەت گرژی ناوخۆیی ساز بکات. بڕوانە:

M. Mamdani, Citizenand Subject: Contemporary Africa and the Legacy of Late Colonialism, Princeton University Press, Princeton,1996pp. 3-35 and 62-108.

# بوون لە ناو کاتدا:
# بزووتنەوەی کورد و بەدواداچوونێکی جیهانی*

حەمید بوزئەرسەلان

و: چیا کاکۆ، زانکۆ کوردستانی

بزووتنەوەی کورد، بۆ دەیەگەلێکی زۆرە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک چالاکە و لەم دواییەنەدا، بە هۆی بوونی پێکهاتەی دیفاکتۆ و دوژوورەوە لە کوردستانی عێراق و سوریا و، هەروەها بوون لە بەرەی پێشەوەی شەڕ دژ بە داعش لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥، دەرکەوتوویەکی گشتیی بەدەست هێناوە.

شیکاریی وەها بزووتنەوەیەک کارێکی سانا نییە. بەر لە هەموو شتێک وەکوو هەموو کۆمەڵگایەک؛ کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی مێژوویی فرەچەشنە و فۆرمگەلێکی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی لەمەڕ بەرخۆدان، دەربڕین، گەڕانەوە و لە هەندێک بواردا ڕاهاتن یان گونجاندا بەرهەم هێناوە. لە ڕاستیدا دەستەواژەی «بزووتنەوەی کورد» لەم وتارەدا وەکوو دالێکی (ئاماژە پێکەرێکی) گشتی بەکارهاتووە و فرەیی بزووتنەوەگەلی سیاسی یان نیزامی دیاری دەکات. دووهەم، کوردەکان تەنیا نەتەوەیەکی بێدەوڵەت نین کە لە نێوان وڵاتانی جیاوازدا دابەش کرابێتن؛ بەڵکوو تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم تەنیا نەتەوەیەکن کە لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کراون: ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا. ڕێڕەوی مێژوویی کورد «لەگەڵ» یان «دژ» بە سێ ڕووخساری زمانی-کەلتووری عەرەبی، فارسی و تورکی کە هەزارساڵە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵە، پێکهاتووە. ئاڵۆزیی نەخشەی سیاسیی کورد و بزووتنەوەی کورد، نیشاندەری ئەوەیە کە هاوکات هەم یەکگرتوو و هەم دژ بە یەک بوون. یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٤٠دا بەدی دەکرێ. ئەو یەکگرتووییە لە ئاکامی پەرەپێدانی گێڕانەوەی نەتەوەیی هاوبەش، نەخشەی خەیاڵیی، ئاڵا، پەرستگە (شوێنە پیرۆزەکان) نەتەوەیییەکان و گۆرانی نەتەوەیی بووە. لە ڕەهەندێکی دیکەوە دابەش بوونی کورد لە نێوان دەوڵەتەکاندا بەرهەمهێنەری میناکگەل و کەلتوورگەلی سیاسیی جیاوازە؛ بەتایبەتی مێژووی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە لایەن هێزە جیاوازەکانەوە و لە هەندێک بواردا بەپێی ستراتێژیگەلی دژایەتییانە پێکهێنراوە. بەم چەشنە کەشی سیاسیی کوردی، مەجبوور بوو تا یەکگرتوویی کوردی بە باشترین شێواز و جیاوازی و دژایەتییەکانیش بە بێنرخترین شێوازی مومکین بنوێنێ.

سێهەم، لە ئاکامی دیالیکتیکی یەکگرتوویی ـ جیاوازی دوو دیاردەی گرینگ هەن؛ یەکەم: یەکیەتیی «نێوان کوردی»یە کە بە میلیتاریزە کردنی سنووری نێوان دەوڵەتەکان ڕانەوەستا. دووهەم؛ پرۆسەی یەکیەتی و یەکگرتوویی لەگەڵ ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا و بە گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شۆڕشە کوردییەکان، لە ئەنجامی پرۆسەی یەکیەتی ناچار بە تێکەڵ کردنی جیاوازییەکان بوون. بۆ وێنە «کوردایەتی» دوایین هۆی مانەوە و بوونی پێکهێنا کە باندۆری لە سەر جیهانبینیی گشتی، نۆرم و ئایدیالۆژی کوردی بووە و پێکیهێناوە. بەو مانایە کە کورد لە سەرانسەری سەد ساڵی ڕابردوودا، مەجبوور بوو کە لە نێو کات و دونیای ئەواندا بێ؛ جیهانێک کە بەردەوام لە نێو تەفسیرەکاندا سەبارەت بە دۆخی مرۆڤ، ئایدیالۆژییەکان و یوتوپیاکان لە گۆڕاندایە تاکوو دونیا بۆ دۆخێکی باشتر بگۆڕێ.

ئەم نووسراوەیە گریمانەگەلێک سەبارەت بە تێگەیشتن لە گۆڕانی دۆخی کورد لە کۆتاییەکانی ئیمپراتووریی عوسمانییەوە پێشکەش دەکات. بەشی یەکەم چەند تێبینییەک لە سەر چەمکی «کەمینە» و «نەتەوەخوازی» کە بۆ بابەتگەلی پەیوەندیدار بە کورد بەکار دەبردرێن دەخاتە ڕوو. بەشی دووهەم باس لە دەیەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٤٠ دەکات کە بە کاریگەریی لێکترازاوی ڕووخانی ئیمپراتووریی عوسمانی دیاری دەکرێت.

پێکهێنانی دەوڵەتی سوریا و عێراق وەکوو دەوڵەتانی سەرپەرشتی‌کراو و پێکهێنانی دەوڵەتی ئێران و تورکیا بە پێی مودێلی وێستفالیا لە ئاکامی رووخانی ئیمپراتووریی عوسمانی بوو. بەشی سێهەم دەپەرژێتە سەر دەیەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٠ کە ئایدیا و خولیاکانی چەپ لە کوردستان وەکوو بەشەکانی دیکەی جیهان پەرەی ئەستاندبوو. لە بەشی چوارەمدا من هۆکارەکانی زاڵ بوونی ئیسلام لە بواری سیاسی و بایەخەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دەیەی ١٩٨٠دا شی دەکەمەوە و هەروەها باس لەوە دەکەم کە بۆچی ئیسلام لە کوردستان لە پەراوێزدا مایەوە. بەشی کۆتایی باس لە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکات کە بۆشاییی ئایدیالۆژیکی تێدا بەدی دەکرێت. رۆژهەڵاتی ناوەراستێک کە دوو کۆمەڵگای سوریا و عێراق لەگەڵ مەترسیی دارمانی تەواو رووبەروویە، تورکیا لە ژێر دەسەڵاتی ئاک پارتیدا گۆردرا و بەرەو پێشکەوتن رۆیشت و ئێران شوێن کەوتووی رێگایەکی نارروونە. وەرگێرانی کێشە و راستییە بەربڵاوەکانی بۆ زمانی سیاسیی کوردی شتێکی دژوارە و هەر بەو پێیە کورد دەبێ سەرچاوەگەلێکی نوێ بۆ رەوایی ئایدیا و پێوەرەکانی خۆی بدۆزێتەوە کە لە جێگایەکی دیکەی جیهاندا لایەنگری هەیە.

فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردی و ئاڵۆزیی لەرادە بەدەری هەر کام لە قۆناغە مێژووییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە خۆی بە میناکگەلی روون و رەهەندە سەرەکییەکان بەرتەسک بکاتەوە و سەنتێزە چەند رەهەندییە ئایدیالۆژییەکان و پەیدۆزگەلێک لە بەشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە کاریگەرییان لە سەر کوردستان بووە، وەلانراوە. بۆ وێنە باسەکانی سەبارەت بە ئیسلام و رۆژئاواخوازی یان نەتەوەخوازی و سۆسیالیزم لەبەرچاو نەگیراوە.

## کەمینەکان، نەتەوەخوازی و ئایدیالۆژییەکان

زۆربەی توێژەران و نووسەری ئەم وتارە، چەمکی «نەتەوەخوازیی کەمینە» بۆ پێناسە کردنی مشتومرگەلی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەکار دەبەن کە ئامانجی ئەم چەمکە گەیشتن بە رەزامەندی سەبارەت بە خودموختاریی نەتەوەییە، کە بە دۆخێکی فیدراتیو لە نێو سنووری ئێستای دەوڵەتەکان یان سەربەخۆیی تەواو و یەکگرتوویی بەشە جیاوازەکانی کوردستان پێناسە دەکرێت. مانای زەینیی دوو چەمکی «کەمینە» و «نەتەوەخوازی» پرۆبلماتیکە و پێویستی بە روونکردنەوەی زیاترە. وشەی «کەمینە» لە لایەن بکەرانی سیاسی، رووناکبیران و خاوەن بیروراکانی کورد پەسند نەکراوە و وەکوو چەمکێکی نەویستراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. هەر بەو پێیە کورد نەیتوانیوە کەمینەیەکی دیموگرافیک پێک بێنێ؛ بە پێچەوانەوە توانیویەتی زۆرینەیەکی بەهێز لەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێن، پێک بێنن. لەم نووسراوەیەدا من باس لە روانگەی سیاسی و یاسایی دەکەم، «زۆرینە» و «کەمینە» بە پێی قورساییی دیموگرافیکیان دیاری نەکراون؛ بەڵکوو بە پێی پێوەندییەکانی هێزە، کە شوناسی فەرمی و داسەپێندراویان بۆ تەرخان دەکرێت و پێکەوەلکانێک لە دایک دەبێ کە خەڵکی دیکە ئەوان بەو شوناسەوە دەناسنەوە و لە

> ئەگەرچی کەمینەکان لە دۆخی یەکسان لە گەڵ زۆرینە بێبەشن و وەکوو سووژەگەلی (کەسانی) بروا پێنەکراو دەبیندرێن و وەکوو وزەیەکی پەنگراوە بۆ دوژمنانی نێوخۆیی پێناسە دەکرێن

ئەویدییەکان جیایان دەکەنەوە. ئەگەرچی کەمینەکان لە دۆخی یەکسان لە گەڵ زۆرینە بێبەشن و وەکوو سووژەگەلی (کەسانی) بڕوا پێنەکراو دەبیندرێن و وەکوو وزەیەکی پەنگراوە بۆ دوژمنانی نێوخۆیی پێناسە دەکرێن.

بە کەمینە کردنی یاسایی و سیاسی پرۆسەیەکە کە لەگەڵ مێکانیزمگەلێکی وەکوو زاڵ بوون، ژێردەست بوون، نکۆڵی و بەکارهێنانی دەسەڵاتی زۆرە ملیانە دەڕواتە پێشێ. ئەم ڕاستییە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ڕەوتی مێژوویی بووە. لێکۆلەری فەرەنسیی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاستی ئیسلام «گابریل مارتینێز گرۆس»کاتێک لە سەر» ئێبنی خەلدوون» دەنووسێ دەڵێ: «مێژووی گرووپە (خەڵک) زاڵەکان، هی قارەمانەکانە(براوەکان)» کە ژێردەستەکانیان بێدەنگ کردووە.[۱] هەر بەو پێیە هەر شەڕێکی نەتەوەیی یان هەر چەشنە شەڕیک لە لایەن «گرووپە ژێردەستەکانەوە»، شەڕێکە بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی مێژووی خۆیان. هەروەها ئایدیالۆژییەکان و جیهانبینییەکان دێنە ئەم خانەیەوە. بە گشتی هەر ئەو جۆرەی لە زانستدا هەیە کە ئایدیالۆژییەکان لە لایەن گرووپە زاڵەکانەوە بەرهەم نایەن، بەڵکوو لە لایان کەسێکی زاڵەوە بەرهەم دێن یان لە هەنگاوی یەکەمدا لە لایەن ئەوانەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هاوردە کراون. گرووپە زاڵەکانیش دەتوانن ئەو زانستە قبووڵ بکەن؛ بۆ وێنە ئایدیاکان و ئایدیالۆژییە نەیارەکانیش لەخۆ دەگرێ، تەنانەت ئەوانەش کە زۆر ڕووخێنەرن و تەنیا لە ڕێگەی زمان و سەرچاوەکانی گرووپە زاڵەکانەوە، لە هەوێڵدان. لە زۆر بابەتدا کە دۆخی کوردەکانیش لەخۆ دەگرێ نیشانیان داوە کە وەرگرێکی بێدەسەڵات و پاسیڤ نین و بەکارهێنەرێکی چالاکن لە بابەت ئەو شتانەی وەریدەگرن.[۲] ئەوان دەتوانن ئەو مودێلانە، ئایدیا و مودێلگەلێک لە بەهاکان کە وەریدەگرن بیگۆڕن و بیکەنە ئامراز و چوارچێوەگەلێکی تەفسیری و بەرەواکراو بۆ شۆڕشەکانیان. لە بنەڕەتدا تەواوی شۆڕشە دژە کۆلۆنیالیستییەکان لە شەڕی دژ بە کۆلۆنیالیزم، بە شێوازێکی چالاکانە زانستی داگیرکەر یان کۆلۆنیالیان بەکار هێناوە؛ ئەو زانستەی کە لە زمانی هێزی داگیرکەردا، لە هەوێڵدایە یان ئایدیالۆژیی هێزی داگیرکەر کە بووەتە ڕووناکییەک لە کۆمەڵگای داگیرکراودا و دژ بە داگیرکاری بەکار هێندراوەتەوە.

چەمکی «نەتەوە خوازی»یش بە هەمان شێوە پڕ پێچ و پەنایە؛ جگە لە هەندێک میناکی مێژوویی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانتیکی، «دووبارە لە دایک بوونەوەی» شۆڕشی کورد لە دەیەکانی ۱۹۵۰ و ۱۹۶۰دا بووە. لەو کاتەدا بلیمەتە کوردەکان سەرمایە و سامانێکی لاوازی سیاسی و کەلتوورییان هەبوو و چەمکی «نەتەوەخوازی» لە لایەن شۆڕشەکانی کوردەوە بەکار نەهێندراوە. بە پێچەوانەوە و تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، ئەم چەمکە واتایەکی پاڵەکیی نەرێنیی لە وشەدانی سیاسیی کوردیدا هەبووە و پێوەندیی لەگەڵ ئایدیالۆژی و کردەوەی دەوڵەتەکاندا هەیە و وەکوو بەرهەمی «نەتەوە سەرکوتکەرەکان» ڕەخنەی لێگیراوە.

ڕێبەری PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە توندی جۆرە جیاوازەکانی نەتەوەخوازیی کوردی ئیدانە کردووە و مۆرکی «نەتەوەخوازیی سەرەتایی[۳]»ی لێ داوە.[۴] ئەوە بەو مانایە نییە ئەم چەمکە کە بە بەربڵاوی لە ئەدەبیاتی لێکۆڵەرانەی ئۆجەلاندا بەکار هاتووە مانایەکی بێبەڵگەی هەیە و واتایەکی شیکارییانەی نییە.

ئەوە ڕوونە کە نەتەوەخوازی، ئاواتەکانی کورد و شۆڕشەکانی ڕوون دەکاتەوە و دەتوانێ وەکوو کۆمەڵێک لە سەرچاوەکان(نووسراوە مێژووییەکان، سروود و گۆرانییە

نەتەوەییەکان، خەیاڵی نەخشـــەیی و شوێنە پیرۆزە نەتەوەییەکان) یان دیسکۆرسگەلێک کە ڕەوایـــی دەدا بە چەمکـــی «کوردایەتی» ببیندرێـــت. شـــتێک کـــە دەبێ لـــە بابەت شۆڕشـــەکانی کوردەوە قبـــووڵ بکرێ ئەوەیە کە ناســـیۆنالیزم باشـــترین حاڵەتی وەسفییە ســـەبارەت بە چەمکـــی «خۆڕاگریی» کوردی کە تا ئێســـتا خۆی بە شـــێوازێکی تایبەت و دیاریکراو پێناسە نەکردووە و لە چوارچێوەی خواســـتەکانی کـــورد لە مەڕ ســـەربەخۆییدا نەبیندراوە و پێناســـە نەکراوە. دەبێ بگوترێ دۆزی کـــورد وەکوو زۆربەی کەیســـگەلێک کە پێوەندییـــان بە کەمینـــە ئیتنیکییەکان و گەلانـــی داگیرکراوەوە هەیـــە، ئەوەیە کە خواستی سەربەخۆیی و یونیڤێرسالیزم پێکەوە و شـــان بە شـــانی یەکتری دەڕۆنە پێشـــێ. یونیڤێرسالیزم ویســـتی سەربەخۆ بوون ڕێک دەخـــات، تاکوو گرووپێکـــی «نەتەوەیی» بێتە نێو پانتایی مێژووی جیهانییەوە و لە هەمان کاتدا، خواستی ســـەربەخۆیی بەردەوام لەوە دەگەڕێ تاکوو بەشـــێکی گرینگ لە مێژووی مرۆیی، ڕەوایی بەخۆی بدات.[۵] لەگەڵ ئەوەی کە دیسکۆرســـگەلی ناسیۆنالیســـت خراپەی پرۆســـەی بێگانە ســـازی دەڵێـــن؛ «بوون بە ئەویدی» لە ڕێگەی «یونیڤێرســـاڵ»ەوە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی کەسێک یان نەتەوەیەک بمێنێتەوە. لێرەدا دوو شتی ڕێگەپێدراوی زۆر گرینگ هەیە، یەکەم؛ پێکهێنانی دەمارگیریی ســـەربەخۆخوازییە (ســـاز کردنی یەکیەتیی نێوخۆیـــی کە دەبێتـــە هۆی ســـەرکەوتنی گرووپێک) و هەروەها هزر و زەینی سەربەخۆ خوازانـــە لە ڕێگـــەی گێڕانـــەوەی مێژوویی و هێماناســـی. دووهـــەم؛ وزە و هێـــزدان بە پاســـاوگەلێک سەبارەت بە شۆڕشی نەتەوەیی کە وەکوو شۆڕشێکی جیهانی پێناسە بکرێ و بە شێوازێکی گشتی بگوترێ کە ئەوە شۆڕشی نەتەوەیەکی سەرکوتکراوە بۆ مرۆڤایەتی.

دیاردەیەکـــی دیکـــە کە ســـەبارەت بە پرســـی کـــورد ڕاســـتە، ئەوەیـــە کـــە تەنیا «بانگهێشـــتێکی»[۶] جیهانـــی دەتوانێ ئیزن بـــە کوردەکان بدات کـــە دۆخی کورد وەکوو ئاکامـــی نادادپەروەری لـــە دۆخی مرۆڤایەتی فـــام بکرێ کە دەبێ بە شـــێوازێکی ڕادیکاڵ بگۆڕدرێ. کێشە و هاوکێشەی نێوان ویستی ســـەربەخۆیی و جیهانیگەری و هەروەها لە نێـــوان دەمارگیری و بانگهێشـــت کردن، بە وردی لە بیروڕای ئیبنی خەلدووندا (١٣٣٢-١٤٠۶) دەبینـــدرێ و ڕێگەیەکی پڕبایەخ بۆ تێگەیشن لە کێشەگەلی نەتەوەیی لە مێژووی نوێدا پێشکەش دەکات.

بۆ وێنە زۆربەی شۆڕشە ناسیۆنالیستییەکانی باڵـــکان، پێش لە شـــەڕی یەکەمی باڵکان لە ساڵی ١٩١٢، ویستگەلی سۆسیالیستییان بووە و پاشـــان بوون بە هەڵاوێردەخواز و ڕەوتێکی هێرش بەرانەیان لە نەتەوەخوازییەکەیان گرتە بەر. هەر ئەو جۆرەی تالین تێرمیناســـیان[۷] لە نووسراوەکەیدا ســـەبارەت بە شۆڕشەکانی چەپ لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا نیشـــانی دەدات[۸]؛ شۆڕشـــی ئەرمەنییـــەکان (لـــە بەرانبەر ئەوانی دیکە) بەشـــێوازێکی ستاندارد هەڵگری ئایدیاگەلی سۆسیالیستی لە دەیەی ١٩٢٠دا بووە؛ هەروەها شۆڕشی فەلەستین لە دەیەکانی ١٩۶٠ و ١٩٧٠ لەو چەشـــنە بووە و شۆڕشی کوردیش لەو دەیانەدا لە ئاستێکی نزمتردا هەڵگری ئایدیای سۆسیالیستی بووە. سەبارەت بە هەمووی ئەو نەتەوانە، تێکەڵاویی بیری ســـەربەخۆییخوازی و یونیڤێرســـالیزم تەنیا ڕەهەندێکی ئامێری نییە، بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر لە جەستە و پێکهاتەی بوونیان بووە.

## بزووتنەوەی کورد بەر لە شەڕی جیهانیی دووهەم

ڕوانگـــەی ڕەچەڵەکناســـانە زۆر بە ســـانایی دەتوانێ نیشـــانمان بدات کە شۆڕشـــی کورد جووڵـــەی ناوخۆییـــی خۆی ڕاگرتـــووە و لە

ئاکامدا دوایین هۆی مانەوەیانی پێکهێناوە لە کاتێکدا کەسانێکی زۆر بە لەناوچوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی تووشی شکست هاتن. بەو پێیە شۆڕشی کورد بەردەوام لە نێو کاتی خۆیدا بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئاستی جیهانیشدا لە کاتی ئایدیالۆژیکاڵدا بووە. ئێمە دەبێ ڕەچەڵەکناسیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە دەست پێبکەین کە لە نێوان پرۆسە مێژووییەکانی دیکەدا بووەتە هۆی شۆڕشگەلێکی کوردیی لاواز، درێژخایەن و گشتی کە لە سەر جوگرافیای پێشووی عوسمانی و هەروەها ئێران پێکهاتووە. خاڵی جێگەی ئاماژە ئەوەیە کە نابێ وا بزاندرێ کە کورد پێش لە ڕووخانی عوسمانی هیچ چەشنە شۆڕشێکی کوردیی نەبووە. بەشێک لە شۆڕشەکانی سەدەی ١٩ لە سەر ئاگاهیی تەواو لە بابەت جیاوازی ئیتنیکەوە هاتوونەتە ئاراوە. بۆ وێنە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە نێوان ساڵانی ١٨٨١ تا ١٨٨٣ بە داشداری کردن لە کوردەکان و ساز کردنی یەکێتی لە نێوان کوردانی عوسمانی و ئێران قسەی کردووە و دواهەمین ڕێبەری کورد بووە کە شۆڕشی چەکداریی لەو سەدەیەدا کردووە.[٩] لە ڕەهەندێکی گشتیتردا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ژێر کاریگەریی مشتومڕی ڕووداوەکانی باڵکان و میسردا بووە کە ئەوانیش لە نێو کاتی خۆیاندا بوون و بەو پێیە شێخ عوبەیدوڵڵا خوازیاری مافی یەکسانیی کورد لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا بووە. بەڵام ئەو مشتومڕە نیزامییانە فاکتۆرگەلێکی کاریگەری چەند ڕەهەندییان هەیە؛ بۆ وێنە خۆڕاگری لە بەرامبەر ئاواتی ناوەندخوازیی عوسمانی و پاراستنی سەروەریی کورد/موسڵمان لە پارێزگا

> **فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردی و ئاڵۆزیی لەڕادە بەدەری هەر کام لە قۆناغە مێژووییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە خۆی بە میناکگەلی ڕوون و ڕەهەندە سەرەکییەکان بەرتەسک بکاتەوە**

ڕۆژهەڵاتییەکان[١٠] ئامانجێک بۆ پێکهێنانی سەربەخۆیی کورد یان دەوڵەت وەکوو قەوارەیەکی سیاسی یان پێکهاتەیەک نەبووە. بەهەمان شێوە ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢) وەکوو دەنگێک کە لایەنگری کوردە، خۆی لە ئەویدی واتە بلاڤۆکە کاتییەکانی «تورکانی لاو» جیا دەکاتەوە؛ لە حاڵێکدا هیچ یەک لە داخوازییەکانی کورد جگە لە ریفۆرم لە کوردستان و ئیمپراتۆریی عوسمانیدا فۆڕمولە ناکات. کە ئەوەش کەمتر لە خواستی سەربەخۆییخوازیانەیە. شتێکی گرینگ لە بابەت شۆڕشەکانی کورد لە ١٩٠٩ تا ١٩١٤ ئەوەیە کە: ئەوان بەڕوونی سەبارەت بە بردنەسەری «ئاگاهیی کورد بوون» ڕادیکاڵ دەجووڵانەوە و لە لایەن بلیمەتە نیزامییە خۆجێیەکانەوە کە یەکیەتیخواز بوون، پشتیوانی دەکران؛ بەڵام نواندنەوەی دژایەتیی ئەرمەنییەکان بوون و بە شێوازێکی پارادۆکسیکاڵیش لایەنگری عوسمانی بوون. زۆربەی ڕێبەرانی ئەم شۆڕشانە لەگەڵ ئەوەی کوردەکان لە ساڵانی ١٩١٦ و ١٩١٧ لە ناوچە کوردییەکان شاربەدەر کران و ڕاونران، پێیان خۆش بوو تا لەگەڵ کومیتەی یەکیەتی و پێشکەوتن لە کاتی ژێنۆسایدی ئەرمەنییەکان وتوویژ بکەن و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو کومیتەیە ساز بکەن؛ پاشان پەیمانە کورد-تورکەکانیان لەگەڵ هێزە کەمالیستەکان نوێ کردەوە. لە ١٩١٤ سێ شۆڕشی کوردی ڕوویدا (بارزان، بەدلیس و سۆران) کە یەکیان وەکوو داخوازیی گەلی ناسیۆنالیستی کوردی پێناسە دەکرێ. ئەو شۆڕشانە لە ئاستێکی مامناوەندیدا بوون و لەوە گرینگتر ڕووداوگەلێکی مێژوویی کورتخایەن بوون. شۆڕشی کەم و زۆر پێکهاتەمەندی

کورد پاش ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسـمانی و لە پاییزی ١٩١٨دا ڕوویدا؛ و سـەرچاوەکەی ئاگاهیی نەتەوەیی لە نێوان توێژی ڕووناکبیردا لە ئەسـتەنبوڵ یان جڤاتـە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان بوو.

پێناسـە کردنی ناسـیۆنالیزمی کوردی پاش ١٩١٨ بەهـۆی فرەیی و پان و بەرینی و هەروەهـا چەنـد واتاییەکـەی کارێکـی سـانا نییە. بۆ وێنە دەتواندرێ شۆڕشـەکانی کۆچگیری (١٩٢١) و سمکۆ (١٩١٩) وەکوو داخوازیگەلێکـی خۆجێیـی کـوردی لێک بدرێتەوە. هەروەها ئەم دیاردەیە سەبارەت بە خۆڕاگریی مەحموود بەرزەنجی (١٩٢٠) لـە کوردسـتانی عێراقیش ڕاسـتە. لە حاڵەتێکی دیکەدا ئەم شۆڕشە دەتواندرێ وەکوو داخوازییـەک بۆ ڕەوایی دان بە پێکهێنانـی یەکەیەکی سـەربەخۆی کوردی کە مافی بەکارهێنانـی دەسـەڵاتداریی نەتەوەیـی کـوردی هەیـە لە بەرچاو بگیردرێ. لەگەڵ ئەوەی پاشـایەتیی کورتـی بەرزەنجی لەگـەڵ هێـزی تـازە لەدایک بـووی کەماڵیسـت پێوەندیی هەبـوو؛ بـەڵام کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر مێژووی بزووتنەوەی کورد دانا و کۆمەڵێـک ڕۆژنامەی کوردی وەکوو «ڕۆژی کوردستان»، «بانگی کوردسـتان» و «دیاریی کوردستان» چاپ و بڵاو بوونەوە.

شۆڕشـی ١٩٢٥ بـە ڕێبەریـی شـێخ سـەعیدی نەقشـبەندی بـووە و ئەویـش کاریگەرییەکی گرینگی لە سەر مێژووی کورد بووە. وێژمانی شێخ سـەعید لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی کوردی کەڵکی لە پێناسەگەلی نەتەوەیی و ئیسـلامیی کوردایەتی و کێشەی کـورد وەرگرتووە. ئـەوە لـە کاتێکدایە کە حکوومەتـی ناوەندیی تورکیا ناسـیۆنالیزمی تورکـی و سـێکولاریزمێکی توخـی بەکار دەهێنا. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە شێخ سـەعید بە ئاشکرایی کەڵکی لە دوو چەمکی عەسـەبییەت(دەمارگیری) و بانگهێشـت وەرگرتووە[١١]؛ چەمکی عەسەبییەتی کوردی کە بە تەواوی لە شـێکارییەکاندا لەبیر کراوە و بانگهێشـتی ئیسـلامیش بەو مانایەیە کە کورد هەڵگریکی نوێی بانگهێشتی ئیسلامییە. تێکەڵاویی مانایی ئەو دوو چەمکە لە ١٩٢٥دا بەو مانایەیە کە سـەربەخۆییخوازیی کوردی پێویستی بە ڕەوایی‌دانی جیهانی بە خواستی خـۆی هەیە. لە وێژمانی شـێخ سـەعیددا، کوردایەتـی بەم شـێوازە فام کـراوە، هێزێکـە کـە دەبـێ پارێـزەری ئیسـلام بێت کە ئاڵاکەی لـە لایەن تورکەکانەوە بەجێهێشـتراوە و کـوردەکان نابـێ خەیانـەت بە ئیسـلام وەکوو دینەکەیـان و ئۆممەتی ئیسلامیش بکەن.[١٢]

> **چەمکی «نەتەوە خوازی»یش بە هەمان شێوە پڕ پێچ و پەنایە؛ جگە لە هەندێک میناکی مێژوویی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانتیکی، «دووبارە لە دایک بوونەوەی» شۆڕشی کورد لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا بووە**

مێژوونووسی فەرمیی تورک، جیهادی شێخ سەعیدیان وەکوو شۆڕشـێکی وەدواکەوتووانـە و بەرهەڵوێسـتکارانە پێناسـە کردووە و حوکمی لە سێدارەدانی شـێخ کە بە هۆی بەرگری لە ئامانجەکانی کـورد بوو ڕەد دەکەنەوە.[١٣] ئەو خوێندنەوەیە لە مێژوو لە لایەن مێژوونووسانی خۆرئاوایی و یەکیەتیی سۆڤییەت-یش قبووڵ کراوە. شـێخ سەعید پاڵپشتییەکی بەرینی لە کەسـایەتییە مەزنە ئایینییەکان وەرگرت کە کورد بوون. شـێخ سەعید تەنیا کوردێک بوو لە کومیتەی کورت خایەنی «ئازادی» بەڕاستی ڕەوایی بە شۆڕشی کورد لە ژێر ناوی ئیسلامدا و ئەندازیاری سەرەکیی شۆڕشی ١٩٢٥ بوو؛[١٤] و تا ئاسـتێک لایەنگری هزی ڕۆژئاوا بوون و ئەندامانی ئەو کومیتەیە وەکوو کەماڵیستەکان و یەکگرتووخوازەکان پێشـینەیەکی فکریی

هاوبەشیان بوو. بەشێک لە هاوکارە نزیکەکانی شێخ وەکوو فەهمی بیلال و پەسەن سەردی وەک کەسانێکی بێباوەڕ (خودا ناباوەڕ یان ناموسڵمان) دەناسران[١٥]. کەمێک پاش شکستی شۆڕشی شێخ سەعید کومیتەی خۆیبوون[١٦] بە ئاشکرایی وێژمانگەلی ڕۆژئاوایی خۆی باس دەکرد[١٧]. ئەو کومیتەیە کە بەشی غەیرە نیزامییەکەی بە ڕیبەریی بنەماڵەی ناسراوی بەدرخانەوە بوو، هەوڵی دا کە دژ بەو ڕوانگەیەی دەوڵەتی تورک یان تورکەکان بوەستێ کە کوردیان وەکوو بەربەر دەنواندەوە؛ بەو پێیە کورد و شۆڕشی کورد شەڕی بۆ شارستانییەت و شارستانی بوونی کورد دەکرد.[١٨] لەم وێژمانەدا شتێک کە جێگەی سەرنجە هاوکێشەی نێوان شەڕی کورد بۆ بە گەیشتن بە ڕزگاری و شەڕ دژی بەربەریسم لە ژێر ناوی شارستانییەتی جیهانییە. خۆیبوون لە بەرانبەرییەک کە زیاتر لە لایەن بەریتانیاوە وەکوو وڵاتی سەرەکی، فەڕانسە وەکوو دەوڵەتی سەرپەرشتیار لە سوریا، ئێران و یەکیەتیی سۆڤییەت پشتیوانی دەکرا، لە «جیهانی کاتی» خۆیدا نەبوو هەر بۆیەش لە ڕەهەندی نیزامی و سیاسییەوە شکستی پێ هێندرا؛ بەڵام لە بواری ئایدیالۆژیکییەوە لە «کاتی خۆیدا» بوو. هەر بۆیەش ئەفسەری کۆلۆنیالی فەڕانسە لە سوریا پییەر ڕۆندۆت[١٩] وەکوو دڵدانەوەیەکی لاواز بۆ هاوکاتییەکی مودیرییەت کراو، هەندێک پشتیوانیی مۆڕالی کوردی کرد.[٢٠]

## هێژمونی چەپ

حەولی نێوان ویستی نەتەوەخوازی و یونیڤێرسالیزم لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری مهاباد لە ١٩٤٦ و پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر ڕوونتر بووەوە[٢١]. ئەو دوو پێکهاتەیە هاوبەشییەکی زۆریان بوو و هەروەها تەواو دوو پێکهاتەی چەپ نەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وێژمان و کردەوەدا تا ئاستێک کۆنزێرڤەیتیڤ بوو. کۆماری کوردستانیش لە چاو کۆماری ئازەربایجان کە لەلایەن ئەرتەشی سۆڤییەت داگیر کرا و مودێلێک لە سۆڤییەت بوو میانەڕەوتر بوو. کۆماری کوردستان کە بە ڕێبەریی قازی محەممەد بوو، هێندێک ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی ئاراستە کرد بەڵام نەیتوانی عەشیرەکان لە سیستەمی سیاسی یان بەڕێوەبردنی دەوڵەت دوور بخاتەوە و تەنانەت نەیتوانی پێش بە بوونی دین لە سیستەمەکەیدا بگرێ. لەگەڵ ئەوەی کە کورد کۆنزێرڤاتیست بوو «چەتری سۆڤییەت» بەسەر کۆماری کوردستانیشدا هەڵدرابوو و کاریگەرییان لە سەر لایەنە سیاسییە چەپەکانی ئێرانیشدا بوو.

کۆماری ساوای کوردستان بوو بە سەرچاوەیەک بۆ شۆڕشە چەپە کوردییەکانی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە کوردستان. قازی محەممەد بۆ ئەوەی پێش بە ڕشتنی خوێنی خەڵکی کورد بگرێ دەسەڵاتەکەی دایە دەست هێزە ئێرانییەکان و خۆشی لە ١٩ ژانویەی ١٩٤٧ لە سێدارە درا. بەڵام لەداهاتوودا بەستێنی ئێران بە شۆڕشی موسەدق گۆڕدرا و بوو بە هۆی ئەوەی کەسانێکی وەکوو غەنی بلووریان و ڕووناکبیرێکی مارکسیست-لێنینیست وەکوو عەبدوڕەحمان قاسملوو[٢٢] هێزی نیزامیی کورد ڕادیکاڵ بکەنەوە. لەوەبەولاوە و پێش لە دەستپێکی سەردەمی نوێی سەرکوت؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پشتبەستوو بە چەپ بوو توانی ٨٠ لە سەدی دەنگەکان لە شاری مهاباد لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٢ بەدەست بهێنێ.[٢٣]

جگە لە هەندێک قۆناغ؛ مێژووی کورد لە کۆماری مهاباد تا کودەتای نیزامیی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ بەشێوەیەکی پێویست نەخوێندراوەتەوە. لەو سەردەمەدا هیچ شۆڕشێک سەری هەڵنەدا

و دۆخی یاسـایی بۆ جمووجۆڵە کوردییەکان بـە توندی داخـراو بوو بەڵام لـە هەندێک بازنەی کۆمەڵایەتیدا چالاکیی کوردی مابوو. لەو سـەردەمە درێژە مێژووییـەدا هەندێک لە شۆڕشـگێرانی کورد وەکوو زینار سیلۆپی، ویسـتیان لەگـەڵ نوێنەرەکانی سـۆڤییەت پێوەنـدی چێ بکـەن بێ ئـەوەی کە هیچ دەسـتکەوتێکی گرینگیـان بـێ و زۆربەی کوردانـی سـوریا و عێراقیش بـەرەو حیزبە چەپەکانی ئەو وڵاتانە ڕاکێشران.[٢٤]

کودەتای سەربازیی قاسم بوو بە هاندەرێک بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە ڕوانگەی سیاسـیی کورد لە عێراق. مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری پارتی دێموکراتی کوردسـتان کە پەنابەرێکی سیاسی لە ڕوسیا بوو و پاش شکستی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بەرەو ئەوێ چوو؛ پاش دامەزراندنی سیستەمی کۆماری لە عێراق لە سـاڵی ١٩٥٨ بۆ ئەم وڵاتە گەڕایەوە. بارزانی لەگەڵ ئەوەی کە لە «مەوتەنی سۆسـیالیزم» سـاڵانێکی تێپەڕانـد کاتێک کـە گەڕایەوە بۆ کوردسـتان، لەمەڕ ئەجێندای کوردی بە شـێوەیەکی کۆنزێرڤاتیـڤ جووڵایەوە. بەڵام کادرە نوێیەکانی مەلا مسـتەفا، وەکوو برایم ئەحمـەد و زاواکـەی جـەلال تاڵەبانی، زۆر زیاتر لە ژێر کاریگەریی چەپدا بوون. زۆربەی پێشـمەرگەکانی کە خەریکی شەڕی چریکی بوون لە ١٩٦١دا پێشـینەیەکی گوندی یان عەشـیرەییان بـووە و پێدەچـێ حەزیان لە بەکار هێنانـی ئایدیاکانی چەپ نەبووبێ یان لە شۆڕشی چەپ لە عێراق تێنەگەیشتبێتن. بەڵام ئەو کەسانەی پێشـینەی شاریان بووە یـان منداڵـی ڕووناکبیرانی شـاری بوون و هاوکات پێشـمەرگەیەکی کورد و چریکێکی چەپ بوون و بەشـێکیان هەم لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەمیش لەگەڵ لقی کوردیـی حیزبی کومونیسـتی عێراق بوون؛ تێگەیشـتنیان لـە چەپ هەبوو. هەسـتانی کورد لەو کاتەدا وەکوو شۆڕش پێناسە دەکرا.

«شۆڕش» وشەیەکی چەند مانایی بوو کە هەم واتـای خەباتی کورد بوو هەم هەڵگری مانای شـۆڕش یان ئینقلابی چەپ بوو. عیسـمەت شـەریف وانلی نوێنەری حیزب لە ئوروپا بوو ڕایگەیانـد کە «ناسـیۆنالیزمی کورد لە زاتی خۆیدا شۆڕشگێڕانەیە»[٢٥].[٢٦]

ڕاسـتە کە شۆڕشی بارزانی لە لایەن هەر دوو وڵاتی ئێران و ئیسـرائیل لە ناوەڕاسـتی دەیەی ١٩٧٠ پشـتیوانیی لـێ دەکرا. ئەوە لـە کاتێکدا بـوو کە دۆخی ئاڵۆزی شـەڕی سـارد لە ئارادا بوو و شۆڕشـی کوردستانی عێراقیش وەکوو بەشـێک لە شۆڕشی ١٩٦٠ سێ-قاڕەیی[٢٧] پێناسە دەکرا و مێژووی خۆیان لە بەستێنی شەڕە دژە ئیمپێریالیسمەکان یان دژە کۆلۆنیالەکان دەخوێنـدەوە و دەکەوتنە بەسـتێنی هـزری هێندی-چینی، باکووری ئەفریقا و ئەفریقای ڕەشەوە. دۆخی سووریاش بە هەمان شـێوە بوو، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کوردەکان، بوونێکی بەرچاویان لە حیزبی کومونیسـتی سـووریادا نەبوو؛ بەڵام شیعری کەسـانێکی وەکوو جگەرخوێن[٢٨] و عوسمان سـەبری نیشـانی دەدا کـە شۆڕشـگێرانی کـورد خاوەنی جێگەیەکـی ڕادیکاڵی چەپ بـوون. زۆربەی کوردان لـە تورکیا پێش لە دایک بوونی سـازمانە چەپە تورکییەکان لە دەیـەی[٢٩] ١٩٦٠دا لایەنگـری ئایدیاگەلی چەپ بـوون. شۆڕشـی کـورد لـە تورکیا ڕواڵەتێکی کۆنزێرڤاتیڤی بووە بەڵام ناچار بوون چەپ بوون[٣٠] قبووڵ بکەن یان بەلانیکەمەوە ئاشـکرا پێملی مۆرکی «دێموکراتیک بوون» بـن[٣١]. کۆمەڵەی کەلتووریی شۆڕشـگێری ڕۆژهەڵات (DDKO) کە ڤێرژێنێکی کوردی لە چەپی تورکی بوو لە دەسـتپێکی دەیەی ١٩٧٠دا پێکهـات و باندۆرێکی گرینگی لە سـەر چەپ بوو و تا ئاستێک بوو بە میناکی سازمانە چەپە کوردییەکانی داهاتوو لە تورکیا. ئەم سـازمانە پێی وابوو کە سۆسیالیزم تەنیا ڕێگەچارەیەک بۆ پرسی نەتەوەیی کورد نییە

بەڵکوو ڕێگایەک بۆ شەڕ لەگەڵ فیۆدالیزم، دواکەوتوویی و گەشەنەسەندنی داسەپاو بەسەر کۆمەڵگای کوردییە[۳۲] و دروشمی سەرەکییان ئەوە بوو کە «تەنیا سۆسیالیزم دەتوانێ ڕۆژهەڵات ڕزگار بکات».[۳۳]

هۆکارگەلێکی زۆر لەمەڕ زۆر بوونی ئایدیا، هێما و فۆڕمە بابەخییەکانی چەپ لە کوردستانی دەیەی ۱۹۶۰دا هەیە. یەکەم؛ جیهانی دەیەی ۱۹۶۰ لیپاولیپ بوو لە وشە، نیشانە، قارەمان، ئەفسانە و گێڕانەوەگەلی چەپ کە مشتومڕەکانی ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و تەنانەت ئورووپاشی پێکەوە دەلکاند و تەفسیرێکی یەکدەستی دەخستە ڕوو. هۆکاری دووهەم کە تەواوکەری هۆکاری یەکەمە، بوونی سیستەمە سیاسییە پاوانخوازەکان لە ئێران و تورکیای دەیەی ۱۹۶۰ بوو کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکران. لە هەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیا، نە تەنیا وشەی سۆسیالیزم بەڵکوو وشەگەلی ئازادی(Freedom)، ئازادی یان ئیختیار (Liberty) و تەنانەت کۆمەڵ-یش وەکوو هەڕەشەیەکی حەتمی لەلایەن کۆمۆنیستەوە پێناسە دەکرا، هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆن دەبوو خۆی لە نێو ویژمان و بابەخەکانی دژە ئیمپریالیستی‌دا فۆرمولە بکات. بەپێچەوانەوە عێراق و سوریا کە بە تەواویش لە ژێر ڕکێفی سۆڤییەتدا نەبوون بەڵام لایەنگری بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بوون. لەو دوو وڵاتەش ئایدیاگەلی چەپ تەواوی گۆڕەپانە سیاسییەکانی وڵاتی داگیر کردبوو و ئیزنی ڕەوایی دانی بە هیچ چەشنە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاست نەدەدا. لەو دوو وڵاتەدا ئۆپۆزیسیۆن دەبوو خۆی وەکوو بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی چەپ پێناسە بکات کە خەریکە شەڕ لەگەڵ ئەو هێزانە دەکات کە پێش بە وەدی‌هاتنی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە دەگرن. هۆکاری سێهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامەی مارکسیست-لێنینیست بۆ نەتەوە سەرکوتکراوەکانی ناردووە: مارکسیسم-لێنینیزم تەنیا ئایدیالۆژییەکە کە بەڵێنی بە نەتەوە سەرکوتکراوەکان داوە کە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە. لە ڕاستیدا ئەو چەشنە لە سۆسیالیزم کە لەو وڵاتانە بوونی هەبوو زۆر زیاتر سەرکوتکەرتر بوون و لە زۆر کاتدا تۆتالیتێر بوون و کەمتر لە سیستەمی کاپیتالیزم بەرانبەر بە کەمینەکان و نەتەوە سەرکوتکراوەکان سەرکوتکەر نەبوون. لەوبەریشەوە ئەوە ڕاستە کە سوسیالیزم یان کومونیزم لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا لە ژێر نێوی دەسەڵاتگەلی لایەنگری بلۆکی ڕۆژهەڵات ئاسۆیەکی ڕزگاریخوازانەیان بۆ چین و نەتەوە سەرکوتکراوەکان پێشکەش کردووە. لە ڕاستیدا زۆربەی بزووتنەوەکانی دژی کۆلۆنیالیزم لە ویژمان و ئایدیالۆژیی چەپ بۆ بەهێز کردنی ئامانجەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە. هەر ئەو جۆرەی فرانتز فانۆن لە نووسراوەکەیدا سەبارەت بە ئەفریقا دەڵێ: ئەمریکا کاتێک دەتوانێ دڵ و مێشکی خەڵکی ئافریقا داگیر بکات کە قبووڵی بکات بلۆکی کۆمۆنیزم مافی سەربەخۆیی خۆیانیان هەیە.[۳۴] خواستی سەربەخۆیی یان ئاستێک لە ئۆتۆنۆمی هۆی سەرنجراکێشی ئایدیای چەپ لە کوردستان بووە. کەوا بوو بۆ جارێکی دیکە کوردستان لە کات و جیهانی کاتیی خۆیدا بووە. چوارەم؛ زیندوویی چالاکییە کەلتوورییەکان لە یەکیەتیی سۆڤییەت لە چوارچێوەی وێستگەی ڕادیۆیی کوردی، ڕۆژنامە و زۆر یەک لە بلاڤۆکەکانی

> **حەولی نێوان ویستی نەتەوەخوازی و یونیڤێرسالیزم لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری مهاباد لە ۱۹۴۶ و پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر ڕوونتر بووەوە**

دیکە ،بۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم چالاکییە کوردییانە بەڵگەیەکە بۆ ڕووراســتی و پاکیی سۆسیالیزم لە مەڕ نەتەوە سەرکوتکراوەکان.
هەروەهــا سەرنجراکێشــی چــەپ لــە کوردســتان دەبێ لــە چوارچێــوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییــەکان لــە ڕوانگــەی شــاریی کوردییــەوە بخوێندرێتــەوە: لــە دەیــەی ١٩٦٠دا کەسایەتییە بەناوبانگەکان و بنەماڵە شــارییەکان بەردەوام و بەشــێوەیەکی پتەو، هێزە سیاسی و ئابوورییەکانیان قۆرغ کردووە. بلیمەتە کۆنەکان لە کۆمەڵــگا عەرەبییەکان و هەروەها کۆمەڵگای کوردیشــدا بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە ڕووبەڕووی دەبنــەوە ئایدیــای نوێیان پێ نەبــووە. توێــژی هەڵکەوتوو و ڕووناکبیرانی نوێ زۆر جیاوازتر لــە ڕووناکبیرانــی عوســمانی بــوون و ئــەوان بوونــە هۆی ســەرەکی بەرەو پێش چوون و خوێندنەوەیەکی یەکدەســتیان لە ئێســتا، ڕابــردوو و داهاتوو لــە ڕوانگەیەکی ئەنجامناســانە ئاراســتە کردووە. ئەو دەســتە ڕووناکبیــرە لــە دەیەکانــی ١٩٥٠ و ١٩٧٠ ڕووناکبیــری مامناوەندی جیهانیان پێکهێنا و توانیان ئامرازگەلی چەمکی و شــیکارییانە لە زانستە کردەییەکان(وەکوو فیزیا، پزیشکی یان کیمیا) یان یاساییەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بگــۆڕن و ئــەو کردەوەیە لــە چوارچێوەی چێ کردنــی فۆرمێکی نوێ لە بایەخناســی بــووە. خاڵێکــی گرینگ کە لــە ئاکامی ئەم پێگە مامناوەندییەدا بوونی هەیە چەشــنێک کاریگەریی دووقاتە لە ســەر چینی سەرەوە و چینی خواروو. منداڵانی چینی ســەرەوەی پێمل کرد تا وەکوو حاشا لە هەڤیازی خۆیان بەنێــوی خەڵک یــان نەتەوەوە بکــەن و بۆ چینی خواروو دیسکۆرس و گۆڕەپانی کردەوە و دەربڕینی پێشکەش کرد و توانی ڕەخسانی ڕایەداری کە بەر لــەوە ئەزموون نەکراو بوو ئاراستە بکات.

> هەڵسەنگاندنی زانستیی ڕووناکبیرانی کورد سەربارەت بە مارکسیزم-لێنینیزمی کلاسیک، کارێکی دژوارە؛ بەڵام ئەو چەشنە هەڵسەنگاندنە لە خوێندنەوەی فارس، عەرەب و تورکدا هەیە

ڕادیکاڵیزە بوونی چەپ لە دەیەی ١٩٧٠
ڕووناکبیری باو و زاڵ لە کاتی شۆڕشــی «ســێ قارەیی» لە دەیەی ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ لە دوو دەســتەی دیکەدا: یەکــەم؛ ڕووناکبیری تێکنۆکرات، کە بە شێوەیەکی نزیک پێوەندیی لەگەڵ پێکهێنانی چینــی مامناوەندوە هەیە. دەســتەی دووهەم؛ ئەکتەرانی ئاســایی یان چینی سێهەمی کۆمەڵگا؛ چینێکن کە مێژوو بــەرەو پێشــەوە دەبەن و لە ئاکامی شــاری بوونێکــی بەپەلە لــە دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پێکهاتــوون. هۆکاری ئەوەی کە چینی سێهەم لە بەرانبەر چینی مامناوەندیدا زووتر سەری هەڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ســەرهەڵدانەکانی کــورد و هەروەهــا بــۆ ئەوەی کورد لە دەیەی ١٩٧٠دا لە ژێر کاریگەریی تەواوی توندوتیژی و زەبروزەنگــی دەوڵەتەکاندا بووە. کودەتای نیزامی ســاڵی ١٩٧١ لە تورکیا زەبرێکی سەختی لەو ئاواتەدا کە دەویست دۆخەکە بە ڕیفۆرمی یاسایی و دێموکراتیزە کردن بگۆڕن. ڕووناکبیری کوردیش تووشــی ناسەقامگیری و شڵەژان بوو و لەلایەن جیلی نوێوە کە جیلێکی لاوی سیاســی بوون، بەوە تۆمەتبار دەکران لەگەڵ ئاشــتی و ســازان نێوانیان زۆرە.
کاتێک کە ڕێژیمی نیزامی لە ساڵی ١٩٧٣ کۆتایی پێهات و شۆڕشی بارزانی تووشی نسکۆ بوو، پاشەکشــێیەک لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕوویدا و بووە هۆی ئەوەی کە جیلی لاو یان کەســە ڕادیکاڵەکانــی نێو پارتــی، بارزانی و تەنانەت ڕێبەران و هەڵکەوتووەکانی پێشووی کوردیش بەوە تۆمەتبار بکەن کە خەیانەتیان بە ئامانجە

نەتەوەییییەکان کردووە. پاش ئەو کۆتاییە دراماتیکە، شۆڕش ١١٠٠٠٠ پێشمەرگەی چالاک و ڕیزێرڤی هەبوو و ویستیان بە ترۆپکی خۆیان لە ڕێگەی سەرکەوتنە سەربازییەکان بگەن؛ بەڵام ئەوە بە پانەوە پێوەندی بە پشتیوانی ئێرانەوە بوو، ئێرانێک کە پاش گرێبەستی ئەلجەزایەر لەگەڵ عێراق لە ٥ی مارچی ١٩٧٥ پەراوێز خسترابووەوە. چارەسەرکردنی دژایەتیی ئیمپیریالیزم کە لە خوێندنەوەی زۆر یەک لە شۆڕشگێرانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکوو جەلال تاڵەبانی ڕەنگدانەوەی بوو، زۆر ئاستەمە و زۆربەی ئەو کادرە ڕادیکاڵانە پێیان وابوو کە هەموو چەشنە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە لایەن ئیمپریالیزمەوە پشتیوانی دەکرێ و ئاکامەکەشی شکست بۆ کورد دەبێت. لە کۆتاییدا پاش ١٩٧٧ ئێران بووە سەکۆی شانۆی ململانێی شۆڕشی گەلان و لەو نێوانەشدا لاوانی کورد یەکیان گرتەوە؛ بەڵام جارێکی دیکە دەتوانین جیاوازی و ناتەبایی نێوخۆیی ببینین: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی بەبرشتی کوردستان) بە ڕێبەریی عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە ژێر کاریگەریی بیری[٣٥] ئالێکساندر دووبچێکدا بوو، پێگەی ڕادیکالی مارکسیست-لێنینیستی خۆی بۆ وێستگەی سۆسیال دیموکراسی گۆڕی؛ بەڵام سازمانەکانی دیکە وەکوو کۆمەڵە ڕادیکاڵتر بوونەوە و ئەوەش ئاکامی شکستی شۆڕشی بارزانی و تا ئاستێکیش شۆڕشی گەلانی ئێران بوو.

جێگەی سەرسووڕمان نییە کە لەو دەیەیەدا تەواوی ئەکتەرانی سیاسیی کورد مارکسیزم-لێنێنیزم (یان یەکێک لە لقەکانی وەکوو مائۆئیزم، هوشیزم و ترۆتۆسکیزم)[٣٦]-یان وەکوو تاکە دۆکتورینی وڵامدەر بۆ بەرژەوەندییە ئایدیالۆژیکییەکانی کوردستان دیتووە.[٣٧] تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش دیسکۆرسی چەپ و دژە ئیمپریالیزمیان لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٩٧٠دا بەکارهێناوە و کەڵکیان لە خۆ-ڕەخنەگرییەکی توند ، بەرانبەر بە ئەزموونەکانی ڕابردوویان گرتووە.[٣٨] باسی مارکسیزم-لێنینیزم بەگشتی دیاردەیەکی نێوخۆییە و بە سانایی ناتوانین بە پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت لە کوردستان پێوەندیی بدەینەوە.[٣٩]

هەڵسەنگاندنی زانستیی ڕووناکبیرانی کورد سەربارەت بە مارکسیزم-لێنینیزمی کلاسیک، کارێکی دژوارە؛ بەڵام ئەو چەشنە هەڵسەنگاندنە لە خوێندنەوەی فارس، عەرەب و تورکدا هەیە. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە ڕووناکبیران و چینی لاوی خوارووی کۆمەڵگا لە دەیەی ١٩٧٠دا و لە بەستێنی شکست و پێویستیی زۆر بە بایەخەکان، پێیان وابوو کە مارکسیزم-لێنینیزم چوارچێوەیەکە بۆ کردەوە لە ئێستا و لەو حاندەدا. مارکسیزم-لێنینیزم وەکوو دۆکتورینێکی یەکگرتوو و بێ کەموکووری، کە وڵامدەری تەواوی پرسە مەزنە کۆمەڵایەتی ،سیاسی، ئابووری و نەتەوەییەکانە، دەتوانێ شکستەکانی کورد لە ئێستا و ڕابردوودا ڕوون بکاتەوە. هەروەها دەتوانێ دەرفەت و بەربەستەکانی دۆخی هەنووکەیی نیشان بدات و ئاسۆیەکی جیهانی و بەرینتر پێشکەش بکات. لە هەمووان گرینگتر ئەوەیە، ئەم دۆکتورینە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی نەتەوەی سەرکوتکراوی کورد خەون بە ئاواتی ڕزگارییەوە ببینێ؛ بەو تێبینییە کە کورد خۆی ناخاتە پەراوێزەوە؛ بەڵکوو لەگەڵ چینە سەرکوتکراوەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکە هاوپەیمانی پێک بهێنێ و هەر ئەوەش دەبێتە ڕێگەخۆشکەرێک بۆ باسی ڕزگاریی گشتی و جیهانی مرۆڤە سەرکوتکراوەکان. هەر بەو پێیە ویستی سەربەخۆیی و یونیڤێرسالیزم، لە جیات لێکترازان و مەوداگرتن، هاوکات یەکدی بەهێز دەکەنەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی PKK لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٨، ئەو ڕادیکالیزە بوونە بە ئاستێکی شیمانە نەکراو گەیشت و دووفاقییەکی خستە نێو بزووتنەوەی کوردەوە؛ چی دیکە هۆگری مودێلی سۆڤییەت یان مائۆئیزم نەبوو، هەرچەند مارکسیزم-لێنینیزمی جێ نەهێشت بەڵکوو لە ڕێگەی فانۆنیزم، مارکسیزم-لێنینیزمی ڕادیکالیزە کردەوە و دیسان پێناسەی کردەوە و پێیان وابوو کۆیلەیی کورد ئاکامی نەبوونی بەرخۆدانە و خۆیانیان وەکوو بەرپرسی ئەو خوێندنەوەیە بە ئەژمار هێنا. فرانتز فانۆن لە کتێبی ٥ ساڵ شۆڕشی ئەلجەزایەردا کە لە ١٩٥٨ بڵاوبووەوە، پشتیوانیی لە «توندوتیژیی ئەرێنی» دەکرد کە ئامانجەکەی ڕزگاریی جیهانی کۆلۆنیالکراو بوو؛ بەڵام خۆی لە ڕزگاریی ئەفریقا بێ‌هیوا ببوو، چونکە نابەرانبەریی پێکهاتەمەند چ لە نێو هێزی کۆلۆنیال و چ لە دەوڵەتی نوێدا نەگۆڕدرابوو و پێوەندییەکانی هێزیش لە کۆمەڵگایەکی ڕزگارکراو لە ژێر ڕکێفی کۆلۆنیالیزم، کە هەڵکەوتووانی خۆی هێزیان بەدەستەوەیە نەگۆڕدرابوو. لە یەکێکی دیکە لە نووسراوە بەناوبانگەکانیدا بە نێوی «چەرمەسەریی زەوی» دەڵێ: توندوتیژی تەنیا ئامرازێک بۆ لابردنی کۆلۆنیالیزم نییە؛ بەڵام دەتوانێ لە بەرژەوەندیی مرۆڤگەلی ڕزگارکراو لە بەندی کۆلۆنیالیزمدا ببێ. بەم شێوەیە ئۆجەلان مێژووی خەڵکی کوردی بەوە تۆمەتبار کرد کە مێژووەکەیان، مێژووی کۆیلایەتییە و داوای لە لاوانی کورد ( بەگشتی خەڵکی کورد) دەکرد کە توندوتیژی تەنیا وەکوو ئامرازی ئازادیی کوردستان بەکار نەهێنن، بەڵکوو دەبێ بۆ ئازادیی کورد لە کۆیلایەتیی چێنراوی خۆی بێ. لە ڕوانگەی ئۆجەلانەوە، سۆسیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێ و دەبێ لە ڕێگەی گیانبازیی کوردەوە پێکبهێندرێ. دیارە کە ئۆجەلان لەگەڵ چەمکەکانی ئیبنی خەلدوون ئاشنا نییە و بەکاری نەهێناوە؛ لە ڕوانگەی ئۆجەلان، عەسەبییەتی کوردی وەکوو هێزێکی دینامیک بۆ خەڵکی سەرکوتکراو گۆڕدراوە بۆ ئامرازی بانگهێشتێکی جیهانی. ئەگەرچی لە دەقە بنەڕەتییەکانی PKKدا بەڕوونی باس لەوە نەکراوە. لە ڕوانگەی ئەو حیزبەوە کورد دەبێ لە جیاتی فەلەستین ئالاهەڵگەری شۆڕش لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. بەڵام لە دەستپێکی دەیەی ١٩٨٠دا دۆخی ماتریال و سۆبژێکیڤ، ئیزنی وەها ئاواتێکی نەدا و لە ئاکامدا کورد هەر پاشکۆ مایەوە. لە ڕەهەندی ئۆجەلانەوە کورد نەک تەنیا لە «کات»ی خۆیدا نییە، بەڵکوو لە پێگەیەکدایە لە پێشترە لە کاتی خۆیان.

## دەیەی ١٩٨٠-٢٠١٠: ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیسلامگەرایی

پاش ڕووداوەکانی ١٩٧٩ ( شۆڕشی ئێران، داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەرتەشی سوور، گرێبەستی دووهەمی کەمپ دەیڤید کە ئیسرائیل لەلایەن میسرەوە بە فەرمی ناسرا، شۆڕشی ئیسلامیی جیهمان ئەل-عوتەیبی لە مەککە) ئایدیای چەپ پێگەی هێژموونیکی خۆی لە زۆربەی بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قیس دا[٤٠]، بەڵام لە دوو فەزای سەروو ـ دەوڵەتی یان سەروو ـ وڵاتی[٤١] وەکوو فەلەستین و کوردستان هوگری مایەوە. لە دەیەی ١٩٨٠دا عەبدوڵڵا ئەعزەم ناسراو بە بیرمەندی جیهاد لە ئەفغانستان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەلقاعیدە، ڕۆڵێکی ئەگەرچی دوور بەڵام پێکهێنەری لە کەمپی پەنابەرانی فەلەستینی لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی پەیامە ڕادیکاڵەکەی خۆیەوە بووە.[٤٢] ئیسلامگەرایی لە فەلەستین وەکوو ئایدیالۆژیی خۆراگری لە بەرانبەر دوژمنی موسڵمانان، لە ئاستێکی بەرینتردا فام دکرێت؛ بەڵام بزووتنەوە سێکۆلارەکانی فەلەستینی خستووتە ژێر

ســێبەری خۆیەوە ئەگەرچی لە ســاحەتی سیاســیدا بوونیان هەر ماوە. لە کوردستانیش ئیســلامییەکان هۆگریان وەچنگ هێناوە و چەندین ســازمانی سیاسیشــیان هەیە. هەر دوو جۆری ئیســلامی توندئاژۆ و ئاشــتیخواز لــەو ســەردەمەدا هەڵیاندا. بۆ وێنــە فەتاح نەجمەدین فەرەج ناســراو بە مــەلا کرێکار، شــاگردی پێشووی عەبدوڵلا ئەعزەم، ڕۆڵێکی گرینگی لــە پێکهێنانــی ئەنسارولئیســلام هەبوو کــە پاش ١١ی ســێپتامبر کاکڵەی لقــی عێراقــی ئەلقاعیــدە بووە. ســازمانی نەناسراوی حیزبوڵلا[٤٣] زۆر بە باشی لەلایەن دەزگا نهێنییەکانــی تورکیــاوە پشــتیوانی دەکرا و تا ئەمڕۆش لە کوردســتانی تورکیا چالاک ماوەتەوە.

لــە ناوەڕاســتی دەیــەی ٢٠١٠دا و پــاش ســی و پێنج ســاڵ لــە گۆڕانــی دراماتیکی ١٩٧٩: لــە تورکیــا حیزبــی هــۆدا کە لــە ســاڵی ٢٠١٢دا دامــەزرا و ڕکابــەری حیزبــی قەدەغەکــراوی حیزبوڵلایــە لە هەڵبژاردندا پەراوێز خســتراوە تەنانــەت لە باتمان کە ناوەندی ســەرەکیی ئــەو پارتەیە؛ بەڵام حیزبــی ئیســلامی ئاک پارتــی توانیویە کە ٥٠ لــە ســەدی دەنگەکانی کوردســتان لە ڕێگەی کادرە کوردەکانی خۆیەوە بەدەســت بێنێ. ســەبارەت بە ئێــران گەرچی زانیاریی بڕواپێکــراو کەمە بــەڵام پێدەچــێ برایانی موسڵمانی کورد لە کوردســتانی ئێران لاواز بن، و ئیســلامییەکان لە کوردستانی عێراق (کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) و سوریاش گرێدراویی ڕادیکاڵیــان نییــە و لــە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتە غەیرە ئیســلامییەکانن و بەردەوام ١٥ لە ســەدی دەنگــەکان بەدەســت دەهێنن.

ئــەو لاوازییــە دەگەڕێتەوە ســەر ئەوەی کە ئەکتــەرە غەیرە ئیســلامییەکان بۆ چەندین دەیەیە بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زاڵــن و دەیانهــەوێ لەســەر میراتی خۆیان وەکــوو بزووتنەوەی خۆڕاگریــی نەتەوەیی یا دامەزرێنەری دەوڵەت سەرمایەگوزاری بکەن.

ئیســلامگەرایی، بەپێچەوانەی ئایدیاکانی چەپــی نەریتی نــە دیمەنێکــی جیهانی بۆ ئازادیــی کــورد دەخاتــە ڕوو، نــە بەڵێنی ڕزگاریی نەتەوەیی دەدا بەڵکوو لە باشــتریان حاڵەتدا بنکە ئیتنیکییەکان وەکوو بەشــێکی ڕەوا بــۆ ئومەتی ئیســلامی دەبینن کە دەبێ بەپێی پڕەنســیبی یەکیەتی لە نێوان موســڵماناندا حوکمەتیان بەســەردا بکرێ. بەپێچەوانەی فەلەستین؛ ئەکتەرە ئیسلامییە کوردەکان نەیانتوانیوە لەســەر ڕەوایــی خۆیــان لــە بەرانبەر کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوە ئیســلامییە مێتانەتەوەییەکان وتووێژ بکەن.

> بەو تێبینییە کە کورد خۆی ناخاتە پەراوێزەوە؛ بەڵکوو لەگەڵ چینە سەرکوتکراوەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکە هاوپەیمانی پێک بهێنێ و هەر ئەوەش دەبێتە ڕێگەخۆشکەرێک بۆ باسی ڕزگاریی گشتی و جیهانی مرۆڤە سەرکوتکراوەکان

## بۆشایی دەیەی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٠

بزووتنەوەی کوردی بەگشتی لە دەیــەی ١٩٨٠ و بەتایبەتی لە ساڵانی دوای ٢٠٠٠ لە کاتێکدا گەشــەی ســەند کە لە ئاســتێکی بەریندا سەربەخۆ لە ســەردەمی «کاتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت»دا بووە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەتوانێ خۆی جیــا بکاتەوە و جیهانێکی خــۆڕی چێ بــکات. ئەگەرچی لــە دونیای عــەرەب، تورکیا و ئێرانــدا دژایەتی دەکرێن بــەڵام دەبێ خۆیان لە بەســتێنێکدا ســاغ بکەنەوە کە ئەســتەمە یونیڤێرسالیزم بتوانێ خۆی دیسان ساغ بکاتەوە. لە عێراق و سوریا تەنیا بزووتنەوەگەلی چەپ لەنێو ناچن بەڵکوو کۆمەڵگاکەشــیان لە مەترســیی کاول بوون و تەفروتوونابوون دایە. لە پازدە یان بیســت

سـاڵ لەوە پێش دەکرا کێشە نێوخۆییەکانی سـوریا و عێراق بە زمانی سیاسـیی کوردی وەرگێڕدرابـا و پردێـک لە نێوان خواسـتی کورد بـۆ ئۆتۆنۆمی یان فیدرالیزم لەگەڵ ئەو لایەنـە ئۆپۆزیسـیۆنانەی عێراق یان سـوریا کە بۆ دیموکراسـی شـەڕیان دەکرد سـاز کرابا. دارشـتنەوەی دووبـارەی داروینیزمی کۆمەڵایەتیی کێشە فیرقەییەکان (عەلەوی ـ سوونە و شیعە ـ سـوونە) لەو دوو وڵاتە و لەم ساڵە دوواییانەدا نەتەنیا خێرایی پرۆسەی لێکتـرازان و دوورکەوتنـەوەی کۆمەڵـگای عەرەبـی لە سـوریا و عێراقـی زۆر کردووە، بەڵکوو هەر چەشـنە زمانێکی هاوبەشی سیاسیی نێوان کورد و عەرەبیشی لەنێو بردووە؛ هەر بۆیە ئێلیتە سیاسییەکانی کورد و تەنانەت ڕای گشتیی خەڵکی کوردیـش دەتوانن ئـەو جۆرە کێشانە بە شێوازێکی لۆژیکاڵ و عاقڵانە ببینن.

ئێستاشـی لەگـەڵ بێـت بزووتنـەوەی کـورد، پێوەندیگەلێکیـان لەگـەڵ بزووتنـەوەی ئۆپۆزیسـیۆنی چەپ و دیموکراتیکی ئێرانی و تورک هەیـە و لێرەدا ئەگەری ئەوە هەیـە کە پردێـک لەنێوان خواسـتە کوردییـەکان و ئەو شـتانەی کـە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە فورمولە دەکرێ پێکبهێندرێت. بەڵام پێوەندیی ئێستایان بەهۆی لاواز بوونیان لەچـاو دەیـەی ١٩٧٠ ناتوانێ سـازکەری ئاڵتێرناتیڤێکی سیاسیی سەرانسەری بێت. بۆ وێنە لە تورکیـا؛ لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکی نزیـک لەنێـوان بزووتنـەوەی کـوردی و ئەکتەرانی چەپ، بوونی هەیە بەڵام پرۆسەی جووڵەپێدان و لەجووڵەخستن[44] و ڕادیکاڵیزە کردن و ڕادیکاڵیزە نەکردن بۆ ساڵانێکی زۆرە پچڕ پچڕ بووە. گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان (کـە PKK و بنەماڵە سیاسـییەکەی BDT-HDP پێگەیەکی هێژموونیان هەیە) جیاوازە کە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا و هۆکارەکەشی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی ئاک پارتی بەسـەر تەواوی گۆڕەپانی سیاسـیی تورکیادا زاڵە. لە ئێران هەر چەشنە قەیرانێکی سیاسی ڕێژیمی زاڵ دەبێتـە هۆی گـۆڕان و جیاوازیی نێوان سـاحەتی سیاسـیی کورد، بەلووچ و ئازەری و ئەوانـەی کـە فارس-ئێرانیـن کەمڕەنگ دەبێتەوە.

> **لە کاتی هێرشی داعش بۆ کوردستانی عێراق و سوریا لە هاوینی ٢٠١٤دا بۆ سەر شەنگال و کۆبانی «کات و شوێن» نیشاندەری پرۆسەی دەوڵەتسازی بوو[48] کە دۆخە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستییە ژێر پرسیارەوە**

بزووتنەوەی کـوردی دەتوانێ لەگەڵ ئەو ئیزۆلە بوونە کە هاوکات زۆرەملیشە لە ڕێگەی فرەیی کۆمەڵـگای کوردییەوە، وەکوو سـەرچاوەیەکی گرینگ بەرانبـەری بکات و هەندێک لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕەوایی بە خواسـتەکانی بدات. فرەیی بەو مانایەیـە کە دۆخی سیاسـیی کورد لە دەرەوەی کوردسـتان «وەکوو دیاسـپۆرایەکی بەهێز (شمۆرتکێکی بەهێز) » یەکیەتی و دابرانی زۆرەملیانە بەدرێژایی مێژوو قبووڵ بکات کە کەلتوور، مینـاک و ڕەچەڵەکناسـیی سیاسیی داسەپاو لەخۆ دەگرێ. بێگومان پتـر لە دەیەیەکە کە حوکمەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مەسـعوود بارزانی و PKK بـە ڕێبەرایەتیی ئۆجەلان دوو بکەری سەرەکین و ڕۆڵی یەکەم بـوون[45] دەگێڕن بێ ئـەوەی کە هەرکەس خـۆی بێ.[46] بـۆ وێنـە PYD و PJAK بە سانایی درێژەی مێکانیکاڵی PKK نین بەڵام ئاکامی تەیار کردنی نێوان ـ ئێرانی و نێوان ـ سوریایی ئەو دەرەتانەی بە PKK داوە تاوەکوو سـازمانێک وەکوو مودێل و سـەرچاوە یان وەکوو کاکڵەیەک لەمەڕ کۆمەڵگای کوردی لە سوریا و ئێران پێکبێنێ.

لە ئاسـتی نێونەتەوەییدا دەبێ سـەرنج

بدەین کە پاش ڕووخانی دیواری بێرلین کە کۆتایی بە بلۆکی سۆسیالیست وەکوو سەرچاوەیەکی جیهانی (یونیڤێرساڵ) هێنا؛ هەندەسەیەکی نوێ لە هێز هاتنە ئاراوە: برووکسێل، واشێنگتۆن و پێتەختەکانی ئورووپا. بە پێچەوانەی ئەکتەرە سەرەکییەکانی شەڕی سارد؛ ڕێژیمە نوێیە نێونەتەوەییەکان، ئاسۆیەکی نوێیان لە مودێلێکی جیهانی ئافراند، بەڵام بەو جیاوازییە کە ئەوان ئیزنی ڕەخنە لەو نۆرمانەی کە پشتیوانیی لێ دەکەن دەدەن. بۆ وێنە نیئۆلیبراڵیزم یان لیبراڵیزمی ئابووری، نۆرمگەلێکی جیهانیی چێ کردووە و ئەکتەرانی کوردیش لە عێراق و تورکیا، مشتومرێکی گەورەیان لەگەڵ ئەو نۆرمانە نییە بەڵام لە ژێر ناوی لیبراڵیزمی سیاسی، جیهانی بوونی ڕادیکاڵ، فێمێنیزم، ئێکۆلۆژی یان دیموکراسیی خۆجێیی یان هەر شتێک دەنگدانەوەی لە بەرنامەی PKK و هاوپەیمانەکانی وەکوو PYD و PJAKدا بێ، ڕەخنەی لێ دەگرن.

جارێکی دیکە دەتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین کە بزووتنەوەی کورد لە دەیەکانی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۰ و ۱۹۶۰ تا ۱۹۷۰ لە «کاتی» خۆیاندا بوون و لە جیهانی کاتیی خۆیاندا بوون بگرە لەویش لە پێشتریش بوون چونکە کورد تەنیا گوێڕایەڵی ئەو شتانەی کە جیهان وەکوو نۆرم پێناسەیان دەکات نییە و ڕەخنە لە زۆربەی نۆرمەکان دەگرێ لە پێناو مرۆڤایەتییەکی باشتر و تەنیا بۆ ڕزگاریی کورد و باشتر بوونی کۆمەڵگای کوردی نەبووە. لە بواری کردەوەی سیاسیدا کورد لە دەیەی ۲۰۰۰ تا ۲۰۱۰دا لە عێراق نیوە دێموکراتیک و نیوە پاتریمۆنیاڵ بووە و لە سوریا و تورکیا نیوە نوێنەریانە و نیوە هێژموونیک بووە. لەمەڕ حیزبە سیاسییە کوردییەکان و لە هەنگاوی یەکەمدا PKK (لە ئاستێکی کەمتردا ئەو پارتانەی لە عێراقدا هەن) دەبێ پێکهاتەی پاتریمۆنیاڵ و هێژموونیکی خۆی قبووڵ بکات و دەتوانێ تەنیا لە دۆخێکدا بمێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنانەی کە بە کۆمەڵگای کوردییان داوە و دەبێ فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردیش ڕەچاوبکەن. هەروەها ئەوان ئاگاداربوون لە بەکارهێنانی دینامیکگەلی نوێ کە بەناچاری توانایی کۆنترۆڵ کردنیان نییە. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی زاڵی دەیەکانی ۱۹۸۰ و ۱۹۹۰؛ کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە: سەرهەڵدانی چینی مامناوەندی، وینەی نوێی لاوەکان (واتە جیلی نوێی کۆمەڵگا) و خواستەکانیان. لە کوردستانی تورکیا جووڵە پێدانی بەردەوام بۆ دەیەی ۱۹۶۰ دەگەڕێتەوە کە نەتەنیا ئیزنی بە گۆڕینی ڕواڵەت و بەردەوامیی نێوان-جیلی داوە؛ بەڵکوو پیاوانی لاو و گرینگتر لەوان ژنانی لاویشی بەرەو پێشەوە هان داوە.[۴۷] بێگومان ئەم دەستەیە (بزووتنەوەی چینە مامناوەندییەکان، ژنان و لاوان) خۆیان وەکوو کەسانێکی دەرووەست بە ئامانجە کوردییەکان پێناسە دەکرد؛ بەڵام بەو مانایە نییە کە نکۆڵی لە سەمپاتی خۆیان بۆ PKK بکەن و هەروەها بەومانایە نییە کە پێوەندییان بە حیزب یان هێزە سەربازییەکانیان هەیە و ناتوانین بە سانایی ڕواڵەتیان وەکوو سەربازانی «ئامانجە نەتەوەییەکان» بگۆڕین.

ئەکتەرانی کورد پاش ساڵی ۲۰۰۳ لە کوردستانی عێراق و پاش ساڵی ۲۰۱۲ لە کوردستانی سوریا وەکوو لایەنێک شیمانە دەکران کە دەتوانن لە چوارچێوەیەکی ئاشتیخوازانەدا کار بکەن و ئیزنیان پێ درا کە «کاتی نەتەوەیی»ی خۆیان دامەزرێنن و بەسەر «گۆڕەپانی نەتەوەیی»ی خۆیاندا زاڵ بن. لەگەڵ ئەوەی هیچ چەشنە چوارچێوەیەکی بەڕێوەبەری وەکوو ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزییەتێکی ڕاستەقینە بوونی نییە؛ لە ساڵی ۲۰۱۳دا و لە کوردستانی تورکیا ئاگربەست کە بە پرۆسەی ئاشتی ناسرابوو، وەکوو بەختێک شکستی خوارد. کردەوەی دی

فاکتۆی ئەکتەرانی کورد هەرگیز بە شێوازێکی بەربڵاو و بەرین لەو وڵاتەدا بوونی نەبووە.

لە کاتی هێرشی داعش بۆ کوردستانی عێراق و سوریا لە هاوینی ۲۰۱۴دا بۆ سەر شەنگاڵ و کۆبانی «کات و شوێن» نیشاندەری پرۆسەی دەوڵەتسازی بوو[۴۸] کە دۆخە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستییە ژێر پرسیارەوە. و بۆ جارێکی دیکە، توندوتیژی نێو دڵی کۆمەڵگای کوردی داگیر دەکات و ئەکتەرانی سیاسی مەجبوور بوون هەمیسان خۆیان میلیتاریزە بکەنەوە. ئەو دیسان میلیتاریزە بوونەوەیە بە تەواوی تێگەیشتنێکی نوێ لە هەر دوو وڵات سەبارەت بە کوردەکان بوو و چی دیکە بە تاکتیکگەلی چریکی لەگەڵ دەوڵەتانی خۆیان شەڕیان نەدەکرد بەڵکوو وەکوو دەوڵەتێکی دیفاکتۆ بەرگرییان لە «وڵاتی نەتەوەیی»ی خۆیان دەکرد. ئەزموونی هەنووکەیی، خێرایی دا بە پرۆسەی یەکگرتوویی و یەکیەتیی کورد و شەڕی هاوینی ساڵی ۲۰۱۴ وێنەیەکی گرینگی لە گێڕانەوەی نەتەوەییی کورد پێکهێنا و هەندێک جار دیسان ئامانجەکانی کوردی پێناسە کردەوە. لەو پرۆسەیەدا بەرپرسان و سازمانەکانی کورد ناچار بوون تاکوو ڕەهەندی ئیسپارتی[۴۹] بە مودێلە ئاشتییانەکەی «نیئۆ-لیبراڵ»و «فێمێنیست/ئێکۆلۆژیکاڵەکانیان» کۆمەڵگای خۆیان پتربکەن و بۆ جارێکی دیکە جووڵاندنی نیزامییان خستە نێو دڵی چالاکییەکانیانەوە.

ڕەوتی ئەو گۆڕانە لەگەڵ چاوەڕوانییە نێونەتەوەیییەکان هاوئاهەنگیی هەیە و لە ئاکامدا و بۆ جارێکی دیکە خواستی بزووتنەوەی کورد بۆ بوون لە نێو کاتدا بەهێز دەکات.

## سەرچاوەکان


*. Hamit Bozarslan. "'Being in Time': The Kurdish Movement and Universal Quests." In The Kurdish Question Revisited, Edited by Gareth Stansfield and Mohammed Shareef, 61-76 (Oxford: Oxford University Press, 2017).

[1]. Gabriel Martinez-Gros, Ibn Khaldun et les sept vies de l'Islam (Arles: Actes-Sud, 2006) pp. 143-4.

[2]. Kenneth Thompson, Beliefs and Ideology (London: Open Press, 1986) p. 29.

[3]. primitive nationalism

[4]. For the documents, cf. Paul White, Primitive Rebels or Revolutionary Modernizers? TheKurdish National Movement in Turkey (London: Zed Books, 2000).

[5]. Jean Leca, "Nationalisme et universalisme", Pouvoirs 57 (1991) pp. 31-42.

[6]. da'wa دەعوە یان بانگهێشت کردن لە پێشدا خواستێک بوو بۆ قبووڵ کردنی بێهاوتاییی خودا و پێغەمبەرایەتیی موحەممەد لە ڕێگەی پەرەپێدان و ئایدیالۆجییەوە

[7]. Taline Ter Minassian

[8]. Taline Ter Minassian, Colporteurs du Komintern: l'Union soviétique et les minorités au Moyen-Orient (Paris: Sciences-Po, 1997).

[9]. Abbas Vali, Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity (London: I. B. Tauris, 2011) pp. 19-20.

[10]. Cf. Joost Jongerden and Jelle Velheij (eds), Social Relations in Ottoman Diyarbékir, 1870–1915 (Leiden and Boston: Brill, 2012).

[11]. Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri. Gizli Belgeler,Arastirmlar, Notlar (Ankara: Ozge Yayinlari, 1993) p. 110.

[12]. Cf. Hamit Bozarslan, Entre le nationalisme et la 'umma : l'islam kurde au tournant du siecle (Amsterdam: MERA Occasional Papers, 1992).

[13]. Cf. for the acts, Khoybun, Les massacres des Kurdes en Turquie (Cairo: Khoybun, 1927) p. 35.

[14]. For Azadi, cf. Martin van Bruinessen, Agha, Sheikh and State, The Social and PoliticalStructures of Kurdistan (London: Zed Books, 1992); and Robert Olson, The Emergenceof Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion (1880–1925) (Austin, TX:University of Texas Press, 1989).

[15]. Cf. H. H. Serdi, Görüş ve Anılarım, 1907–1985 (Istanbul: Med Yayınları, 1985).

[16]. Cf. Jordi Tejel Gorgas, La Ligue nationale kurde Khoybun. Mythes et realites de la premiereorganisation nationaliste kurde", Etudes Kurdes (special edition, 2007).

[17]. کومیتەی خۆیی بوون تەنیا سازمانێکی بە باشی پێکهاتەمەندی سیاسی-نیزامی کورد بوو کە بۆ هەر دوو بەشەکە ڕێبەری تایبەتی خۆیابی بوو. (نووسەر).

[18]. Cf. Khoybun, Les massacres des Kurdes en Turquie, p. 9.

[19]. Pierre Rondot

[20]. Cf. Hamit Bozarslan, "Correspondance entre le general Rondot et les freres Bederkhani,"Etudes kurdes 3 (2001)pp. 73-4.

[21]. Cf. William Eagleton, The Kurdish Republic of Mahabad (Oxford: Oxford UniversityPress, 1946); Abbas Vali, The Kurds and the State in Modern Iran: The Making of KurdishIdentity (London: I. B. Tauris, 2011).

[22]. Abdurrahman Ghasemlou, Kurdistan and the Kurds (Prague: Czechoslovak Academy ofSciences, 1965).

[23]. Ali Arik, Dr. Sivan. Sait Elçi-Süleyman Muini ve Kürt Trajedesi (1960–1975) (Istanbul:Peri Yayınları, 2011) p. 336-56.

[24]. Cf. K. Cemil Paşa, Doza Kurdistan. Kürt Milletinin 60 Yıllık Esaretten Kurtuluş SavaşıHatıraları (Ankara: oz-Ge, 1991) p. 181.

[25]. واتە ئینقلابییە. revolutionary

[26]. I. Ch. Vanly, Le Kurdistan irakien entité nationale: Etude de la Révolution de 1961(Neuchatel: Editions de la Baconniere, 1970).

[27]. Tri-continental

[28]. Cf. Metin Yuksel, "I Cry Out so that You Wake Up: Cegerxwin's Poetics and Politics ofAwakening", Middle Eastern Studies 4:50 (2013) pp. 1-18.

[29]. Cf. Hamit Bozarslan, "49'ların Anıları Uzerine Tarihsel-Sosyolojik Okuma Notlarıve Bazı Hipotezler", Tarih ve Toplum 16 (2013) pp. 127-43.

[30]. واتە بنە چەپێکی ڕاستین.

[31]. Cf. Hamit Bozarslan, "Turkiye'de Kurt Sol Hareketi", Modern Türkiye'de SiyasiDüsünce, vol. 8 (Istanbul:Iletisim, 2007) pp. 1167-1207; and "Between integration,autonomization and radicalization: Hamit Bozarslan on the Kurdish Movement andthe Turkish Left", interview with Marlies Casier and Olivier Grojean, EuropeanJournal of Turkish Studies 14 (2013, internet edition).

[32]. Cf. Komal Yayınları, DDKO Dâvâ Dosyası, vol. 1 (Ankara: Komal Yayınları, 1975) pp. 489-630.

[33]. Ali Arık, Dr. Sivan, p. 98.

[34]. Franz Fanon, Pour la révolution africaine: Ecrits politiques (Paris: La Decouverte, 2006)p. 111.

[35]. سوسیالیزم بە ڕووخسارێکی مرۆییەوە

[36]. Cf. for a selection of documents, E. A. Turkmen and A. Ozmen (eds), Kürdistan SosyalistSolu Kitabi. 60'lardan 2000'lere Seçme Metinler (Ankara: Dipnot, 2014).

[37]. Cf. Clifford Geertz, "Ideology as a Cultural System", in David Apter(ed. ), Ideology and Discontent (New York: Free Press, 1964) p. 65; and Maxime Rodinson,Marxisme et le monde musulman (Paris: Seuil, 1972) p. 311.

[38]. Cf. KDP, Irak Kürdistan Demokratik Partisi Yeni Stratejisi (İstanbul: Ucuncu DunyaYayınları, 1978); KDP, The Road of the Kurdish Liberation Movement (London: CalvertNorth Star Press, 1977).

[39]. باسی چەپ لە کوردستان مشتومڕێکی نێوخۆی کۆمەڵگای کوردییە و ناکرێ لە ڕێگەی پشتیوانی سۆڤییەت یان هەر وڵاتێکی دیکە وەکوو چین و ئاڵبانیا کە تەنانەت ئەو شتانەی لە کوردستان ڕوو دەدات لەبەر چاوی ناگرن، خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

[40]. Hamit Bozarslan, "Revisiting the Middle East's 1979", Economy and Society 41:4 (2012) pp. 558-67.

[41]. supra-territorial or trans-state

[42]. Bernard Rougier, Everyday Jihad: The Rise of Militant Islam among the Palestinians inLebanon (Cambridge, MA: Harvard University Press, 2009).

[43]. ئەو حیزبوڵایە نابێ لەگەڵ حیزبوڵای لوبنان کە گروپێکی شێعەیە تێکەڵ بکرێ.

[44]. mobilization andde-mobilization,

[45]. (primus inter pares) نووسەر لێرەدا لەو دەستەواژە لاتینە کەڵکی وەرگرتووە کە بە مانای یەکەم بوون لە بەرانبەر بەو کەسانەی کە هەموو پێکەوە لەیەک ڕێزەدان؛ هەر بۆیە بە لەبەر چاو گرتنی بەستێنی دەق، مانای یەکەم بوون زربەتێک لە ناوەرۆکی دەق نادات. (وەرگێڕ).

[46]. Cf. Hamit Bozarslan, "The Kurds and Middle Eastern 'state of violence', 1980s and2010s", Kurdish Studies 2 (2014) pp. 4-13.

[47]. Cf. Nicole Watts, Activists in Office: Kurdish Ethnic Politics, Political Resources, andRepression in Turkey (Seattle, WA: Washington University Press, 2009).

[48]. Anthony Giddens, The Nation-State and Violence (Berkeley and Los Angeles, CA:University of California Press, 1987) pp. 46-7.

[49]. Spartan

# ئایینی سیاسی و ڕۆژانە لە کوردستان*

دیان ئی کینگ

و: ئەمین ئیبراهیمی

«هـــەر کـــەس ئایینی خـــۆی هەیـــە.» ئەمە دەســـتەواژەیەکە کـــە لـــە مـــاوەی دە جار لێکۆڵینەوە لە ســـەر ئیتنۆگرافی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٥، و هەروەها لە سەفەرم بۆ ناوچەکانی تورکیە و سوریا کە زۆرینەیان کـــوردن، چەندیـــن و چەند جار بیســـتوومە. کوردســـتان، ناوچەیەک لە چوار دەوڵەت لە خۆ دەگرێ کە کورد تێیدا زۆرینەن و هەروەها بە ســـەرزەمینی خۆیـــان دیاری دەکەن، هەم لە بـــواری ڕەنگینیی ئایینییەوە شوێنکی دەوڵەمەندە و هەم لە بواری دژیەکی ئایینییەوە سەرسوورهێنەر. ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵگـــە جۆراوجۆرەکان؛ لەم لێکدانەوەیەدا(گوتنی جۆراوجۆر هەن)، ئایین پەیوەندیـــدارە بۆ کۆمەڵگا فرە چەشـــنەکان. کاتێک لە خەڵکی زاخۆ، شـــارێکی بچووک لە ناوەڕاستی کوردســـتانم دەپرسی، ئامانج لەوە چیـــە، ئەوان پێیان گوتم کە ئەمە ئاماژەیە بۆ سێ باوەڕی ئیبراهیمی: ئیسلام، مەسیحیەت و یەهوودیـــەت. هەتـــا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیســـرائیل، زاخۆ حەشـــیمەتێکی بەرچاوی یەهوودیی هەبـــوو. ئەو بە شـــارێکی زۆرینە موسلمان ماوەتەوە، و هەروەها حەشیمەتێکی بەرچاوی مەسیحی و ئێزدیی هەیە. ئەم وتەیە ئاماژەیەکـــی زۆرە بۆ فرەیـــی، جۆراوجۆری و شوناس لە کوردســـتاندا. ئەمە پیشان دەدات کە شوناس ئەتنیکیە، بەڵام ئایین دەگەڕێتەوە بۆ شوناســـی ئەتنیک-زمانەوانی: ئیســـلام بۆ کوردایەتی، یەهوودیەت بۆ زمان و شوناســـی ئارامیی نوێ، و هەروەها مەسیحییەت بۆ زمان و شوناســـی ئارامیی نوێ. وا دێتە بەرچاو کە بە سەرنج دان بەوەی کە ناوچەکە پێشینەی پێکدادانی گرنگـــی ئایینیی هەیە، داواکردنی لێبوردەیی هەم پێویســـتە و هـــەم بۆ گوتن دەبێت.

لە پێش شـــەڕی جیهانیـــی یەکەمدا، بۆ چەندین ســـەدە کوردســـتان لـــە لایەن دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و فارسەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو. لە هەر دوو حاڵەتدا ئایین، (ئیسلامی ســـوننی لە حاڵەتی یەکەم و ئیسلامی شیعە لە حاڵەتی دووەمدا)، بەشـــێکی جیانەکراو لە ڕێژیم بوو و وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی شوناســـی نەتەوەیی کە کورد هەندێک جاران پەیوەندی ئارێشـــەدار یان ئەستەمی لەگەڵی هەبوو، پەرەی پێ درا. لەوەتەی ســـەرزەمینی کورد پاش شـــەڕی جیهانیی یەکەم، لە نێوان چوار دەوڵەت- عێراق، سوریە، تورکیە و ئێران- دابەش کرا، ڕوانگـــەی دەوڵەت بۆ ئایین زۆر ئاڵۆزتر بووە. زۆرینەی کوردەکان ئیســـلامیی ســـوننین، هەروەهـــا باوەڕدارانـــی کەمینەی گرنـــگ لەنـــاو حەشـــیمەتی کـــورددا هەن. ئێزدیەتی ئایینێکی خۆجێی و یەکتاپەرەستە بە کۆمەڵێک باوەڕ و کرداری ئایینیی تایبەت بە خۆی کە لە مەلیک تاووسدا کۆ دەبێتەوە. ئەهلی حەق(کاکەیی) باوەڕیان بە وێنا کردنی چەنـــد خودایی هەیە، کە بـــە لای زۆرینەی دراوســـێکانییەوە بیرۆکەیەکی بەلارێداچووە. باوەڕەکانـــی عەلەوییـــەکان نزیکن لە باوەڕی ئیســـلامی شـــیعە، بەڵام بـــەو جیاوازییەی کـــە ئەوانیـــش کەمینەیەکـــی ئایینی پێک دەهێنن. هەروەها مەســـیحیەکانی کاتۆلیک و شـــەرقی کەمینەیەکی بەرچـــاوی ئایینی لە کوردســـتاندا پێک دەهێنن. لـــەو ئایدیالە کە لـــە زۆر خەڵکەوە بیســـتوومە و هەروەها لە زۆر کردار، پەیمانی کلتووری، و یاســـاکاندا ڕەنگـــی داوەتەوە، دەســـتە ئایینییـــەکان، بە شێوەیەکی جیا، لە باوکانەوە بۆ منداڵەکانیان گوازراونەتەوە. زمـــان و ئەتنیکیش هەروەها. ئەو سیستەمە ڕاســـتەوخۆیەی گواستنەوەی ئایین لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە، ئاماژە بە هەندێ گرووپی کەمینـــەی «ئەتنیکی» و هەروەهـــا ئایینـــی دەکات؛ وەک لە حاڵەتی مەســـیحیەکانی کاتۆلیـــک و ئۆرتۆدۆکســـی کوردســـتان، حەتا ئەگەر هـــاو ئایینییان لە شوێنەکانی دیکە لەوانەیە گرووپێکی ئەتنیکی پێک نەهێنێت.

ئەندامەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بۆ چەندین سەدە بە یەکەوە ژیاون، هەرچەندە کە تێگەیشتنێکی کەمیان لە باوەڕەکانی یەکتری هەبووە. ڕق کێشەیەکە کە پسپۆڕانیشی گرفتار کردووە. جیاوازیی جۆری ئایین لە کوردستان بەربڵاو و بەرچاوە، کەدەبێتە بەربەست بۆ ئاسان گشتگیر کردن. لە کاتێکدا کە زانیارییەکی باش لە سەر ئایینی کوردستانی بەرهەم هاتووە، پێویست بە زیاتر دەکات.

ڕێگایەکی گوتنی بەشێک لە چیرۆکی ئایینی کوردەکان، چاو لێ کردنی وڵاتەکان بە شێوەی تاک تاکە. من بە دوو وڵاتی تورکیە و ئێران دەست پێدەکەم، شوێنێک کە ئەتنیکی کورد ئۆتۆنۆمیەکی کەمیان هەیە، و زۆربەیان کێشەیان لەگەل حکومەت هەیە.

لە تورکیە، بزووتنەوەیەکی بە هێزی سێکۆلار و نەتەوەیی کە لە لایەن دەستەبژێری ئەتنیکی تورکەوە بەرێوەدەچوو، نزیک سەدەیەک پێش ئێستا دوای ڕووخانی ئیمۆراتۆریی عوسمانی سەری هەڵدا. ئەو بزووتنەوەیە بە ڕێبەریی کەمال ئاتاتورک، بە نیاز بوو تاکوو تورکیە بکاتە وڵاتێکی مودێرن، کە ئیسلامی سوننیی وەک دینی دیفاکتۆی دەوڵەت پاراست، بەڵام ئایین بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کرد. ئەوە بۆ دامەزراندنی « کۆمەڵگایەکی نوێ...... بە ڕێگای سڕینەوەی پیرۆزییەکان، سوڵتان، خەلیفە و ئیسلام، بە مەبەستی داواکردنی (دامەزراندن) دەوڵەتی خاوەن سەروەری لە چوارچێوەیەکی جۆگرافیی دیاریکراوادابوو». لە کاتێکدا کە دواییین عوسمانییەکان و کۆمارییەکانی دەستپێکی دەوڵەتی تورکیە، هەندێ کات بە نیسبەت ئەندامانی کەمینەکانی غەیری موسلمان، جێنۆسایدیان ئەنجام دا، داوایان لە هاوڵاتیانی سوننی غەیری ئەتنیکی تورک، (کە زۆرینەی حەشیمەتی بریتی بوو لە کورد)، کرد کە دەست لە بەرجەستە کردنی جیاوازییە زمانی و ئەتنیکییەکان هەڵبگرن. بە شێوەی ئاشکرا و نائاشکرا داوا لە کوردە موسلمانە سوننییەکان کرا، تاکوو شوناسی ئایینیی خۆیان بپارێزن، بەڵام واز لە شوناسی ئەتنیکی-زمانیی خۆیان بهێنن. کوردە غەیری سوننییەکان، کە زۆرینەیان سەر بە شاخەی عیرفانی ئیسلامیی عەلەوین، کەوتنە ژێر گوشار کە هەم ببنە سوننی و هەم تورک. ئەمڕۆ کردارەکان، باوەڕ و شوناسی ئایینی لە نێو کوردەکانی تورکیە، هێشتا ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ یەکدەست کردنە. هەروەک ئەوەی کە بۆ خۆم لە تورکیە لە زۆر خەڵکم بیستووە، هەروەها بە باشی لە لایەن گرووپەکانی مافەکانەوە بەڵگەمەند کراوە. تورکیە هێشتا شوێنێکی سەختە بۆ باوەڕەکانی غەیری ئیسلامی سوننی. بۆ نموونە بەم دواییانە، هیۆمان ڕایتس واچ، ئاماژە دەکات کە لە ساڵی ٢٠١٤ بڕیاری دادگای ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەسەر دۆسیەی مەنسوور یالچین و ئەوانی تر لە بەرامبەر ڕێنمایی ئیجباریی ئایینی تورکیە لە قوتابخانەکان، ئەوە دەردەخات کە « تەرکیزی لە ڕادەبەدەر لە سەر ئیسلامی سوننی» کراوە. دادگا بڕیاری دا بە تورکیە کە ڕێگە بدات خوێندکارەکان لەو پۆلانە ببەخشرێن(مەعاف بکرێن). بۆ کوردەکان لە تورکیە، شوناسی ئایینی و ئەتنیکی لە مێژە تێکەڵ بوون یان لە دژایەتی دان. ئەوان بە ڕێژەیەکی زۆر لە یەک جیا نەکراون.

> **لەوەتەی سەرزەمینی کورد پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، لە نێوان چوار دەوڵەت- عێراق، سوریە، تورکیە و ئێران- دابەش کرا، ڕوانگەی دەوڵەت بۆ ئایین زۆر ئاڵۆزتر بووە**

لە ئێران، بەشێکی بەرچاوی کوردەکان سوننین، هەرچەند ڕێژەیەکی بەرچاو شیعەن یان ئەندامی کەمینەی ئایینیی بچووکترن. زۆربەی ئەندامانی ئەتنیکی زۆرینەی فارس شیعەن. بەشی زیاتری سەدەی بیست، دەوڵەت، هاوشێوەی کەمالیستەکان «مودێرنیزاسیۆنی» پەرە پێدا. دەوڵەت بەردەوامیی بە چەسپاندنی شیعە دا، هەر وەک عوسمانیەکان لەگەل سوننیدا کردیان، بەڵام پشتی بە ئایین نەبەست وەک لایەنی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی کە دەیەویست دابمەزرێنێت. هەرچەندە، لە ساڵی ١٩٧٩وە، دەوڵەتی ئێران دیکتاتۆرییەکی ئایینیی شیعە بووە. هەر بۆیە، زۆربەی کوردەکان لە ئێران، وەک کوردە عەلەوییەکان لە تورکیا، کەمینەی ئەتنیکی و ئایینین، و زۆربەی کوردەکانی ئێران وڵامی کۆنترۆڵی توندی دەوڵەتیان بە شۆڕش داوەتەوە- تا ئێستا بە بێ هیچ سەرکەوتنێک. کوردستانی ئێران ناوچەیەکە کە کەمترین ڕێژەی بورسی خوێندن بۆ بواری ئایینی و دینداریی هەیە.

عێراق و سوریا ئێستا دوو وڵاتن بە حەشیمەتێکی بەرچاوی کورد کە ناوچەکانیان بە شێوەیەکی زۆر لە ڕێگای ئەتنیکی کورد و بە زمانی کوردی ئیدارە دەکرێن. هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی دیفاکتۆی سەربەخۆ لە بەغداد بوو لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣، هەروەها بە شێوەیەکی یاسایی لەو کاتەوە ئۆتۆنۆمە. لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەم لە ساڵی ١٩٩٥وە، تەماشای بەرەوپێشچوونەکانی ڕێکخراوەکانی ئەو هەرێمەم دەکرد، هەروەها ئەوە ڕێکخستنی ئایینیش لە خۆ دەگرێت. هاووڵاتیانی هەرێم هاووڵاتیی عێراقن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێویستە هەموو هاووڵاتیانی عێراق، شوێنی نیشتەجێ بوونی فەرمی و دان پێدانراویان هەبێ، کە تەنیا لە ڕێگای کاری ئیدارییەوە دەکرێت بگۆڕدرێت؛ هاووڵاتیانی کوردستان ئەو هاووڵاتیە عیراقییەن کە بەڵگەنامەکانی فەرمی دەوڵەت ـ بەڵگەنامەی لە دایک بوون، کارتی نیشتمانی، پێناسی شۆناسی دەوڵەت ـ نیشتەجێ بوونی فەرمییان لە هەرێم و هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا ئایینی تاک پشت ڕاست دەکەنەوە) لە سەرەتای دامەزرانی نافەرمیی هەرێمەکە لە ساڵی ١٩٩١دا، کوردستانی عێراق (کە زۆربەی دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتەکان پێی دەڵێن «باکووری عێراق») وەک دەوڵەتێکی تایفی ڕەفتاری دەکرد: « باکوور هەروەها یاسای بنەماڵەییی خۆی هەیە، کە بە پێی ئایینی تاکەکان بەڕێوەدەچێت. ئەوە گەرەنتیی ئەوە دەکات کە مەسیحییەکان گوێڕایەڵی یاسای ئیسلامی نین.»

لە سوریا، شوێنێک کە لە ساڵی ٢٠١٢وە کیانی زۆرینەی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو خاوەن سەروەیی کردارییە ، بە پەسندی نابەدڵی ڕێژیمی ژێر گوشاری ئەسەد، دەتوانرێ بگوترێت کە تاقیکردنەوەیەکی ئایینی، لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات. ئەو کیانە کە وەک ڕۆژئاوا ناسراوە، بە ڕێگای بە هێزترینی حیزبە سیاسییەکانی ئەوێ، یەکینەکانی پاراستنی گەل، پەیەدە بەڕێوە دەچێت. پەیەدە ئیدعا دەکات کە لە بواری ئایینییەوە یەکسان گەرایە، ئیجازە بە ئەوانەی ژێر کۆنترۆلی خۆی دەدات تاکوو ڕوانگەی ئایینیی خۆیان هەڵبژێرن یان نە. ئەزموونی پەیەدە نوێیە و هەروەها لاوازە لە بەر ئەوەی کە لە زۆر ڕوویەوە دەرەنجامی شەڕی ناوخۆییی سوریایە کە ئێستاش بەردەوامە. وەک سەردانکەرێک بۆ ناوچەکە چەندین جار لە کۆتایی ١٩٩٠کان و سەرەتای ٢٠٠٠، زۆر نیشانەی ڕێورەسمە ئایینییەکانم بینی. وەک بەشداری لە مزگەوت بە بەشداریی ڕێژەیەکی بەرچاوی پیاو. هەرەها زۆر نیشانەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەبوون: بۆ نموونە لە

شاری قامیشـــلوو، کوردی سوننیی موسلمان و سریانیی ئۆرتۆدۆکس پێکەوە دەژیان وەک دراوســـێ و دۆســـت. ئەو جۆرە دیمەنانە لە ئێستادا، شـــتێکن پەیوەســـت بە ڕابردوو لە زۆربەی ســـوریای شـــەڕلێدراودا. هەرچەندە پەیەدە بـــە پێشـــلکردنی مافەکانـــی مرۆڤ تومەتبـــارە، ڕۆژئاوا هێشـــتا ئابروومەندیەکی هەیە وەک پەناگەیەک بۆ ئاوارەکانی کەمینە ئایینییەکان. ئەگەر چی ئایدۆلۆژیای پەیەدە، ڕیشەی لە مارکسیزمە، ئاتائیستێکی (بێ باوەڕ) لاوازە، لەم دواییانە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی تیۆری ناســـی سیاسی، مۆرای بۆکچین و لە ئێستاوە پشتیوانی بۆ لێبوردەییی ئایینی زیاترە لە بێ باوەڕی.

## فرەییـــی ئایینی، مافـــەکان و دەوڵەت لە کوردستان

کوردســـتان شـــوێنێکە کە بە خوێنی ڕژاوی جێنۆســـایدەکانی ڕابـــردوو کـــە لـــە لایەن گرووپـــە جیاوازەکانەوە دژی دراوســـێکەیان ئەنجام دراون نەخشاوە. لە دەیەکانی دواییدا کـــوردەکان زیاتر قوربانی بوونە، بەڵام هەندێ جار تاوانبار بوونە، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەیەم و ســـەرەتاکانی سەدەی بیستەم، وەک ئەو کاتەی هەندێ عەشیرەتی کـــورد لـــە جێنۆســـایدی ئەرمەنییەکانـــدا هاوکاریی عوسمانییەکانیان کرد. هەرچەندە، دەمەوێ مشـــتومڕی ئەوە بکەم لە ئێســـتادا کوردســـتان ئیدعایەکی ڕەوای وەک شوێنی لێبوردەیـــی بەرچاوی ئایینـــی هەیە کاتێک کەسێک ڕێژەی بەرزی لێبوردەیی ئایینی لە نێوان دراوســـێکانیدا دەبینێتەوە. بە تایبەتی لـــە ڕۆژئـــاوا و هەرێمی کوردســـتانی عێراق، ئەندامانی کەمینە ئایینییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەر، ئاوارەیان بوونە. زۆربەیان لە ترسی دەوڵەتی ئیسلامی (ناســـروا بە داعش) ڕایان کـــردووە، کـــە لـــە ٢٠١٤وە خەلافەتـــی لە ڕۆژهەلاتی ســـوریا و ڕۆژئاوای عێراق هەبوو.

لە کاتی ئەم نووســـینەدا، سەرزەمینی داعش شـــاری گرینگی موســـل لە خۆ دەگرێ، کە ڕێژەیەکی زۆر حەشـــیمەتی کـــوردی هەیە. ئەوانی تر لـــە تۆندوتیژی تایفی و تۆندتیژیی زەوی ســـووتاو ڕایان کردوووە. لە کاتێکدا کە زۆربەی ئاوارەکان لـــە هەلومەرجی ئابووریی نۆمێدانـــەدا دەمێننەوە، زۆربـــەی خەڵک کە نوێنەری شۆناسی کۆیی جیاوازن، لە هەرێمی کوردستان لە ژێر ترسی تۆندوتیژیدا نین.

ســـەرەڕای ئەوەش، لانیکـــەم لە ٢ بەش لە ٤ بەشی کوردســـتان، گۆڕینەوەی ئایینی بە گوێرەی شـــوێنەکانی دیکـــە، لێبوردەییی زیاتـــری لەگەل دەکرێت. لـــە وڵاتانی زۆربە موسلمان، بەوە ناسراون کە گۆڕینەوەی ئایین لە ئیسلامەوە زۆربەی جاران سووکایەتیی پێ دەکرێت و لە خراپترین حاڵەتدا سزای مەرگی هەیە (وەک عەرەبستانی سعودی)، کە ئەمەش پێشـــێل کردنـــی مـــاددەی ١٨ی جاڕنامەی جیهانیـــی مافی مرۆڤە (ئەنجومەنی گشـــتی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان ١٩٤٩). هەر چۆنێـــک بێت، من ســـەردانی چەندین کلیسای مەسیحییەکانی پرۆتستان لە تورکیە و کوردســـتانم کردووە، کە حەشیمەتیان بە زۆری ئەوانـــەن کـــە لە ئیســـلامەوە هاتوون. چەندین دەستەی وا تا ڕادەیەک کۆبوونەوەی نهێنی دەکەن، لانیکەم لە دوو حاڵەتدا کلیسا بینا و ماڵپەری خۆی هەیە کە هیچ هەوڵێک بۆ شـــاردنەوەی هەبوونی خـــۆی نادات. حەتا لـــەو حاڵەتانـــەدا، من لەو کەســـانەی کە لە گەل کلیسا تێوەگلاون فێر بووم کە هەندێک کەس لـــە پێگەیاندا هەســـت بە مەترســـی دەکەن لە لایەن ئەندامانی جیاوازی کۆمەڵگا یان بنەماڵەیان. هەرچەندە، ئەوان هەست بە ئاســـوودەییەکی تەواو دەکەن لە پەرەستنی ئازادانـــە تاکـــوو ئەوەی لە نهێنیـــدا ئەو کارە بکەن. کلیساکانی پێکهاتوو لە ئایین گۆڕاوان لە ناوچە زۆربە موسلمان نشێنەکانی جیهاندا دەگمەنن، و من لـــەو باوەڕەدام ئەوە گرینگە

کە بە لانیکەمەوە هەردوویان بە ڕێژەیەکی کراوە (ئازاد) لە کوردستاندا بوونیان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، گرووپە جۆراوجۆرەکان کە خۆیان بە شێوەیەکی سەرەتایی لە دەوری شوناسی تایفی یان ئەتنیکی ڕێکخستووە، هاوپەیمانیی خوازیارییان پێک هێناوە و لە ناوی لکاوی تایبەتی ئەتنیکی یان ئایینی دوور کەوتوونەتەوە. بۆ ناوبردنی نموونەیەکی پێشتر، هاوپەیمانیی سیاسی کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە نێوان حیزبە سیاسییە جیاوازەکاندا پێکهێنرا، ناوی خۆی نا «هاوپەیمانیی کوردستانی» نەک «هاوپەیمانیی کوردی» یان «هاوپەیمانیی کوردستان.» ئەو هاوپەیمانییە دوو گەورەترین و کۆنترین حیزبەکان واتا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی لە خۆ دەگرت. هەروەها حیزبە تایفییەکانی وەک یەکیەتیی دیموکراتیکی کەلدانی، حیزبی نەتەوەییی ئاشوورییەکان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و هەروەها حیزبە ئایدۆلۆژیکییەکانی وەک پارتی کرێکارانی کوردستان، بزووتنەوەی ڕەنجدەران و وەرزێرانی کوردستان لە خۆ دەگرت.

ئەو کراوە بوونە ڕێژەییە زیاتر سەرنج ڕاکێشە، لە کاتێکدا کە مافە ئایینییەکان لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان هێشتا سنووردارن. هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لانیکەم شوناسی ئەتنیکی و ئایینیی هاووڵاتیانیان لە هەندێ لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکوومەتدا تۆمار کردووە. لە ئێران، عێراق و سووریا، لەو شوێنەی کە لە دایک بوون و هاووڵاتی بوونی منداڵ تۆمار و ناونووس دەکرێت، دەستەبەندیی منداڵەکان ڕاستەوخۆ لە باوکیان وەردەگیرێت. هەربۆیە بابەتەکانی ئەتنیکی و ئایینی دان پێدانراو لە لایەن دەوڵەتەوە، ئازادانە هەڵنابژێردرێن و وەلانانرێن، بەڵکۆ لە کاتی لە دایک بوونی تاکدا دیاری دەکرێن. ئەوان لەوانەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای ئەو پیاوەی کە بۆ یەکەم جار ناوی بۆ بەڵگەکانی هاوڵاتی بوون تۆمار کراوە، دیاری بکرێن، بەڵام بە ڕێگای نەسەبی باو و باپیرانیان دیاری نەکراون. ئەم بابەتە هەم لە ڕێکاری یەکە ئیدارییەکان و هەم لە لایەن زۆر تاکەکان دەبینرێن کە پێشانیان داوم و تا ڕێژەیەکی زۆر نەگۆڕن. بۆ نموونە، لە عێراق هەموو هاووڵاتیان بە شێوەیەکی یاسایی بە پێی یەکێک لە ئایینەکانی دان پێدانراو لە لایەن دەوڵەتەوە دیاری کراون، کە ئیسلام، مەسیحییەت، ئێزدی، و هەروەها پەیڕەوانی هەندێ ئایینی بچووک لە خۆ دەگرێت. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی یاسای بنەڕەتیی عێراق، کە لە چوارچێوەی داگیرکردن و شەر هاتنە ئاراوە، ڕۆڵی تایفە ئایینییەکانی وەک شیعە، سوننی و ئاشوورییەکانی، لە حاڵەتی تاکەکەسیدابە شێوەیەکی نادیار و کۆتایی پێ نەهاتوو، لە بواری یاساییەوە دیاری کردووە، بەڵام هیچ یاسایەک ئەو گریمانەیە کە لە یاسادا لە ساڵی ١٩٢٠ وە هەیە ڕەت ناکاتەوە: کە هەموو هاووڵاتیان سەر بە یەک لە ئایینە دان پێدانراوەکانی عێراقن. دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە، چەندین بەڵگەنامەی هاووڵاتی بوون بۆ هاووڵاتیانیان دەردەکەن. بە دوای بەڵگەی لە دایک بوون، هاووڵاتیی عێراق پێویستە پێناسی نەتەوەیی، پێناسی بواری کۆمەڵایەتی، و هەروەها کارتی نیشتەجێ بوون وەربگرێت. سەرەڕای ئەوەش، لە ١٩٩٠کاندا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەرکی

> **وا دێتە بەرچاو کە بە سەرنج دان بەوەی کە ناوچەکە پێشینەی پێکدادانی گرنگی ئایینیی هەیە، داواکردنی لێبوردەیی هەم پێویستە و هەم بۆ گوتن دەبێت**

ســەرەکیی دەزگایەکــی ئامــاری بەڕیوەبرد کاتێــک ( لە تیۆریدا) هەمــوو عێراقییەکانی لە بەرنامەی نەوت بەرامبــەر خۆراکدا تۆمار کرد، کە بەشێک لە ئابلۆقە نێودەوڵەتییەکانی دژی ڕژێمی ســەدام حوسێن لە عێراق بوو. بۆ هەر تاکێکی تۆمار کراو کارتێکی پێناســی بەشی خۆراک دەرکرا و ئەوە وەک چوارەمین بەڵگەی ســەلماندنی شوناسی دەوڵەت ئەژمار دەکرا. نەســەبی ئایینی بــە چەندین ڕێگا لە لایەن ئەو بەڵگەنامانەوە پشتڕاست دەکرێتەوە. ڕێنماییــی عێراق بــۆ کاروباری کونســولی لە دەرەوە بە ئاشــکرایی دەڵێــت: «زانیاری بــواری کۆمەڵایەتیــی منداڵ، ســەلمێنەری شوناســی بواری کۆمەڵایەتیــی باوکە.»دەوڵــەت ئاییــن (و لە هەنــدێ حاڵەتدا تایفە)ی تاک بە پشــت بەستن بــە بەڵگەنامەکانی باوک دیاری دەکات. هەر بۆیە لە چوارچیوەی ئیداریدا، دەوڵەت پشــتگیریی دەستەیەکی بەرفراوانی چەمک و ڕێکەوتنــەکان دەکات کــە ڕەگەزی بــاوک پێک دەهێنن، شــێوەیەک بــۆ تێگەیشــتنی پەیوەندیــی خزمایەتــی کە بە قازانجــی پیــاوە و بەشــداریی دایک لە دیاریکردنی شوناسی تاکدا کەمڕەنگ دەکاتــەوە. لە بیرۆکــەی ڕەگــەزی باوکدا، بــە تایبەت لــەو فۆرمە بەرتەســکەی کە لە کوردستاندا هەیە، ئەسڵ و نەسەب، ئایینێکی هەیــە کە گەورەترە لە ئایینی تاک. بە بڕوای من، ئەو شــتە دوور دەکەوێتەوە لە شــرۆڤە کردنــی نەبوونی بژاردەی ئایینی و ئازادی کە لە ناوچەکەدا بە گشتی هەیە.

لــە ڕووی کەلامییــەوە، ئاییــن لــە کوردستاندا بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە شوێنەکانی دیکــەی جیهان باوکانە بووە. لە کوردســتان هــەر دوو گرووپــی مەســیحی و ســۆفیی موســلمان کە چاوەڕوان دەکرێت تەرکیز لە ســەر بــواری ڕۆحی لە جیاتی جێنشــینیی بیۆلۆژیکــی بکەنەوە، پێشــینەیەکی درێژیان لــە دانپێدانان بــە جێنشــینیی بیۆلۆژیکیی پیاو لە ســەرکردایەتیی کردنیاندا هەیە. من ئــەوە وەک داهێنانێکی بەرچــاو لە هەردوو ئایینەکەدا دەبینم. لە مەســیحییەتدا کە لە کوێستانەکانی کوردستان لە ڕێگای مەسیحییە نەســتورییەکان(ئەمرۆ بە ئاشووری ناسراون) بەڕێوە دەبردرێت. گواســتنەوەی جێنشینی قەشــە لە نەســەبی باوکــەوە دەگوازرێتەوە. مەســیحییەت بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە جێنشینی قەشــە مێژوویەکی دوور و درێــژی هەیە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکان و شــوێنەکان، جێنشــینی زیاتر بە مەعنەوی ئەژمار کــراوە تاکوو بیۆلۆژیکی. هەرچەندە، بۆ چەندین ســەدە لە هێلی گواســتنەوەی قەشەی باوکێتــی ئاشــوورییەکان (مار شــەمعوون)، بابەتی مەعنەوی و بیۆلۆژیکــی تێکەڵ کراون. لە ئیسلامدا نموونەیەکی هاوشێوە لە کوردســتاندا هەیە. ئیسلامی ســوفی کە عیرفانییە، زیاتر لە ســەر کردارەکان و کەسایەتیی ڕۆحی و ئەو شــتەی کە بۆ ئاشــکرا کردنی بواری خودایی بــە کار دێت تەرکیز دەکات. وا دێتــە بەرچــاو کە ئــەم خاڵــە دوورە لە بیۆلۆژیکی ڕەگەزی باوکانە. هەر چەندە وەک ڤان برۆنسێن ئاماژە پێدەکات: «لە کاتێکدا کە نەقشــبەندی-خالیدییە بە خێرایی لە هەموو کوردســتاندا بڵاو دەبێتەوە لە سەدەی ١٩دا بە هــۆی بەکارهێنــان زانایانــی کاریگەری خۆجێی وەک خەلیفە؛ تۆڕەکانی شێخەکانی قادری (بــە تایبەتی بەرزنجی) بە شــێوەی بنەماڵەیــی ماونەتەوە کە لقــی بنەماڵەییان لە شــوێنە جیــاوازەکان، وەک دەســەڵاتی

> سەرکردەی سۆفی داهێنەرێکی کەلامیە یان لە بنەچەی ئەوانە. هەر بۆیە، شێخەکان پێش ئێستا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییان داگیر کردووە کە بە ئاسانی دەتوانرێت بۆ بوارەکانی تر بگوازرێتەوە

سەرەکیی ڕۆحی، بە هەبوونی ڕێژەیەکی کەم یان نەبوونی بێگانە لە پۆستە گرینگەکاندا، دامەزراند.» وەک کەسایەتیی دەسەڵاتداری ئایینی، شێخەکان (سەرکردەی سۆفییەکان) نیشاندەری ئەو هێزە بوون کە بە قووڵایی لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا ڕەگی داکوتابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیانتوانی داهێنەر بن. بە پێی پێناسە، سەرکردەی سۆفی داهێنەرێکی کەلامییە یان لە بنەچەی ئەوانە. هەر بۆیە، شێخەکان پیش ئێستا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییان داگیر کردووە کە بە ئاسانی دەتوانرێت بۆ بوارەکانی تر بگوازرێتەوە، وەک بواری عەشیرەتی و ناسیۆنالیستی. سوورانەوەیەکی دی لە بواری ئەوەی کە دەتوانی تەنیا لە چوارچیوەی ڕۆڵێکی ڕۆحی دا بمێنێتەوە.

## ئایینی ڕۆژانە لە کوردستان

کوردستان شوێنێکە کە بۆ زۆربەی خەڵک پەیوەندی و وەستان سەبارەت بە خودا، تۆخمێکی بەهێزی ژیانی ڕۆژانەیانە. من تێگەیشتم کە زۆربەی ژنەکان باوەڕیان بە جنە، ئەو ڕۆحەی کە دەتوانێ لە بەشێک لە ماڵ یان شوێنی تر بژیێت. من سەبارەت بە ئەوەی کە جن دەتوانێت ئەنجام بدات، شوێنێک کە مەیلیان هەیە کۆ ببنەوە ( وەک ئاودەست) و هاوشێوە، قسەی زۆرم بیستووە. زۆربەی ئەو ژنانە، نوێژی موسڵمانەکان بە وەفادارییەوە، ٥ جار لە ڕۆژدا جێبەجێ دەکەن. توێژینەوەی من بۆ دەیەی ڕابردوو لەم بنەماڵانە لە شار و گوند ئەنجام دراوە. هەرچەند کوردستان ڕێبەری ئایینیی زۆری هەیە، بە ڕای من باوەڕەکان سەبارەت بە خودا، بە هەمان ڕێژەی پیاوانی خاوەن کەریگەری لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە (لە خوارێ بۆ سەرەوە) پەرەی پێ دەدرێت. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکێک لە دووکانداران لە زاخۆ هەندێ ئالۆزییەکانی ئایین لە کوردستان شرۆڤە دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا من لەگەڵ ئەو ژنەی کە لە ماڵیان دەمامەوە چووین بۆ کرینی شت، و چووین بۆ کتێبخانەیەک. نەخشەیەکم لەوێ کڕی، و هاوڕێی من سووڕایەوە و گوتی کە ئەو ڕای باشی لە سەر ئەو دووکانە تایبەتە نییە. ئەو شتەی گەڕاندەوە بۆ چەند مانگ پێشتر کە هەوڵی دابوو سیدییەکی تایبەت کە خوێندنەوەی قوڕئان لە خۆ بگرێت بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەن دووکانەکەی پێی گۆتبوو کە حکومەت ئەو سیدییە تایبەتەی قەدەغە کردووە چونکە نە تەنیا خوێندنەوە، بەڵکوو تەفسیریشی تێدابووە. ژنەکە بە تۆڕەییەوە گوتی؛ «ئەوان گوتیان کە قەدەغەیە تەفسیری قوڕئان بکرێت. ئەوە زۆر تووڕەم دەکات!»بە هەستەوە وای گوت.

ئەو گفتوگۆیە کاتێک هاتبووە ئاراوە کە عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بریتانیا و هاوپەیمانەکانیان داگیر کرابوو، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کە بە گوێرەی کات ببووە دەوڵەتی ئیسلامی، هەوڵی لاوازی گرتنە دەستی دەسەڵاتی، دەدا. ئەوە بەشی زۆری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕووی دەدا، بەڵام لە میانەی دوو سەردانم لە ساڵی ٢٠٠٨، من  بە بەردەوامی ئاماژەکان بە  ئیسلامییە تۆندئاژۆکانم دەبیست، کە هەموویان لێی دەترسان، و هەروەها لە چەندین خاڵی پشکنین، دیوارەکانی تەقینەوە و هەروەها کارەکانی هاوشێوە کە هەرێمی کوردستان ئاسایشی زۆر جددی گرتبوو بە دیار دەکەوت. و هەوەها بەم حاڵەشەوە، وا نەدەهاتە بەرچاو کە هاوڕێکەم، لە نێوان ئەو کاڵایە کە دەیەویست بیکڕێت و هەڕەشەی ئیسلامیە تۆندئاژۆکان، پەیوەندییەک ببینێت. بە ڕای ئەو، حکوومەت بە سادەیی لەگەڵ گوشارێکی قورسی نا پێویست ڕووبەڕوو بوو، کە هەوڵەکانی بۆ بە جێ گەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانی ڕۆژانە ڕایدەگرت.

لە بۆنەیەکی دیکەدا، لە گوندێکدا

تەماشای چەندین ژنم دەکرد کە بۆ ئامادە کردنی نانی نیوەڕۆ خەریکی ئامادە کردنی بەرخێکی تازە بوون، کاتێک یەکێک لەو ژنانە سەبارەت بە ڕووداوێکی ڕابردوو لە سەر قازێک قسەی بۆ کردم:

*کاتێک لێرە لە گوندەکە بووین و زۆر زۆر برسیمان بوو. یەکێک لە پیاوەکان قازێکی سەر بڕی. بەڵام ئەو کارەی دروست ئەنجام نەدا، هەر بۆیە ئەو بۆ خواردن حەرام (ڕێگە نەدراو لە ئیسلام) بوو. ئێمە هەموو ژنەکان بەو هۆیەوە ڕەتمان کردەوە کە بخۆین. بەڵام پسامەکانمان ( کوڕەکانی برای باوک، ئەو ئامۆزایانە کە لە هەمان بنەماڵەن) گوتیان کە بۆیان گرینگ نییە، هەر بۆیە بۆ ئەوانمان لێنا و ئەوان خواردیان. کاتێک ئەوان خواردنەکەیان دەخوارد گاڵتەیان بە ئێمە دەکرد، لێوەکانیان دەسڕییەوە و دەیانگوت چەندە بە تام و چێژ بوو. بەڵام ئێمە سوور ماینەوە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە نامانەوێت وەک ئەوان یاساکانی شەرع پێشل کەین.  من لەو باوەڕەدام کە ئێمە ژنەکان بەراوەرد بە پیاوەکانی خزممان دیندارترین.*

ئەو وێناکردنە، جیاوازیی شیمانەیی لە ڕێژەی دینداری نێوان ژن و پیاو شڕۆڤە دەکات، کە لە شوێنێکی تردا ئاماژەم پێ کردووە. ئەوە هەروەها کاریگەریی ئایین لە کرداری ڕۆژانەدا شڕۆڤە دەکات. هەر وەک ئەو ژنەی ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە، ژنەکانی تر گێڕانەوەی ئەویان پشتڕاست کردەوە، بە تەرکیز کردن لە سەر ئەوەی کە ئەوان لە حاڵەتێکی برسێتیی ناراحەتدا بوون. ئەوان کاتێک کە چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕامەوە، دوایی پێدەکەنین، بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە ئەو ئەزموونە ئەوەندە پێکەنیناوی نەبووە.

## ئایین، دوورخستنەوە و گەڕانەوە

مێژووی شێواوی کوردستان، کە بەشێکی گرینگی سەروکاری لەگەڵ پێکدادانی ئایینی هەیە، بووەتە هۆکاری کۆچڕەوی زۆر. کۆچی لێشاوی مەسیحییەکان ـ ئەرمەنییەکان، کلدانییەکان، وئاشوورییەکان ـ لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بە دوای هێرشی حکومەتی عوسمانی، عەشیرەتەکانی خۆجێیی کورد و ئەوانی تر، دەستی پێکرد. دیترۆیت، میشیگان ناوەندێکی سەرەکیی کۆچبەرانی مەسیحیی عێراق و هەروەها کوردستانە؛ هێشتا مەسیحییەکانی عێراق پییان گوتم کە ئەوان بە دیترۆیت دەڵێن «تلکێفی نوێ» شارێک لە کەناری هەرێمی کوردستانی عێراق لە نزیک موسل. خەڵکی کورد بۆ ماوەیەکی کەم وەک ئاوارە و پەناهەندەی سیاسی دەگوازرانەوە بۆ ڕۆژئاوا، بەڵام ئارەزووە سەرەتاییەکانی ئاوارەییی کوردەکان، لەوانەیە بە باشی لە ڕێگای مەسیحییەکانی دوروبەری ئەوانەوە پەرە پێدرابن. شارە سەرەکییەکانی کوردەکان لە دەرەوە وەک نەشویل، تێنێسی و سان دیێگۆ، ئێستا مزگەوتی کوردییان هەیە.

دیاردەی پەناهەندەیی لە کوردستان، بە پێکدادانە ئایینییەکان دەستی پێکرد و ئەو پێکدادانانە تا ئێستاش هۆکاری سەرەکییە بۆ گەڕانی خەڵک بە دوای ژیانی باشتر لە شوێنەکانی تر. مێژووی ئەم دواییانە نیشان دەدات کە گەڕانی ئاوەها بەردەوامن. لە کاتی ئەم نووسینەدا، ئەرتەشی عێراق و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، خەریکە نزیک موسل دەبنەوە، ئامادەکاری دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی لە دەوڵەتی ئیسلامی. ئەوە بە ئەگەری زۆر شەڕی خوێناویی توند لەخۆ دەگرێ کە خەڵکێکی زۆر ڕزگار دەکات، کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە بەند و کۆتدا تێپەڕیان کردووە؛ بەڵام هەروەها شەپۆلێکی نوێ پەناهەندەی ئایینی بۆ کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری بەرهەم دەهێنێت.

ئـــەوان دەگەنە هەزاران ئاوارە کە لە ســـاڵی ٢٠١٤وە رایـــان کردووە. بەشـــێکی زۆریان ئێزدییەکانی شەنگالن (سینجار)، کە دەوڵەتی ئیســـلامی ئەوانی کردە ئامانجی تۆندوتیژیی جێنۆســـاید. لـــە ســـاڵی ٢٠١٦دا لەگـــەڵ ئێزدییەکان و موســـڵمانە کوردەکانی زیندوو ماو لە هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ شەنگال و موسل لە ساڵی ٢٠١٤دا چاوپێکەوتنم کرد. لـــە ناوچەی ئەمن لە هەرێمی کوردســـتان، ئەوان شـــرۆڤەی دەورلێدانیان کرد، تەماشای دۆستان و خزمەکانیان دەکرد کە دەفرێندران و دوور دەخرانـــەوە، و هەروەها دەگوازرانەوە بۆ ناوچەکانی دیکە کە ئـــەوان لەوێوە رایان کرد بۆ هەرێمی کوردستان. ئەوان ئەزموونی تاڵیان دەگێڕایەوە. پیاوێکی پسپۆری پزیشکی، دەیگێڕایـــەوە کە مەجبور کـــرا بە چاودێریی پزیشکی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی. هەر یەک لەوان کەسانێکیان دەناسی کە لە کاتی فڕاندنیانەوە هیچیان لێی نەبیســـتووە، و ئەوە ئاشکرا بوو کە دەترســـان لەوەی ئاخۆ ئەوان بە شـــێوەیەکی ترسناک دەژین یان مردوون. ئەشکەنجەگەرانی داعش ئیدعایان دەکرد کە ڕەنجی ئەوان بە هۆی هۆکاری ئایینیە: لەبەر ئەوەی کە ئەوان بە کافر بە ئەژمار دێن.

ڕاپۆرتەکان و ڕادەربڕینەکانی ئەم دواییەی میدیـــاکان و تـــۆرە کۆمەڵایەتیـــەکان، لەو بروایەدان کە هەندێ گرووپ لە کوردستان، بە تایبەتی ئێزدییەکان و مەسیحییەکان، بە زوویی لە ناو بچـــن. هەرچەندە، ڕای من بە تێبینییەوە خۆش بینانەیە.لە مارسی ٢٠٠٢دا، لـــە کاتێکدا کە لـــە ناوچە شـــاخاوییەکانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق دەرۆیشـــتین، ماشـــێنەکەمان لە نزیک گوندێکی مەسیحی ڕایگرت کـــە لە دوای هەڵمەتی کۆشـــتن و کەمپەینی وێران کردنی گوندەکە لە ســـاڵی ١٩٨٠وە بنیات نرابوویەوە، لەوانەیە دەورەی تاریکی مێژووی کوردستان ئەو کاتە بێت. بە دیتنی منداڵان و گەنجان لە کەنار جادەکە، ئێمە ماشـــێنەکەمان ڕاگرت، لـــە حاڵیانمان پرسی و پرســـیمان کە ئەوان چۆنن. ژنێکی گەنـــج کە چـــاوی لێکردین قاقـــا پێکەنی و هەروەها بە تۆنێکی شـــادەوە گوتی، «ئێســـتا باشـــە. هەموو کەس دەگەڕێتەوە.» پرسیارم لێ کرد «لە بەغداد؟» بە خۆشحالیەوە وڵامی دایەوە «نەک تەنیا لـــە بەغداد.» « لە هەموو جیهانەوە!»

هیوام ئەوەیـــە کە لە کورت مەودادا، ئەو وڵاتانەی کە سەقامگیرن و توانای وەرگرتنی خەڵکی ڕاکردوو لە تۆندوتیژییە کۆییەکانی ناو و دەوروبەری کوردستانیان هەیە، ژمارەیەک ئاوارە و پەناهەندەی ڕوو لە زیادبوون وەرگرن. هەڵومەرجی ئیمرجێنسیی مرۆڤدۆستانە ئەو شتە دەخوازیت و داوا دەکات. بەڵام لە درێژ مەودادا، ســـەرەرای شـــەپۆلەکانی ترسناکی توندوتیـــژی، کـــە زیاتـــر چوارچێوەیەکـــی ئایینییان هەیە، هیوام ئەوەیە کە وشـــەکانی ئـــەو ژنە گەنجەی کەناری جـــادە، لە لایەن ئاوارەکانی گەڕاوە لە کوردستان و ناوچەکانی دەوروبـــەری، دووبارە بگوترێتەوە و ئەو مەیلە بۆ لێبوردەییی ئایینی کە ئێســـتا لە هەندێ بەشـــی کوردستاندا دەبینرێت، هەم لە بواری مەودا و هەم جۆگرافیـــەوە پەرە پێ بدرێت. ملیۆنان کەس ئێستا لە مەترسیی جێنۆساید، چەوساندنەوە و زاڵ بوونی ئایینداں. پێشبینی دەکـــەم کـــە کاتێک ڕزگاربووان لە دەســـت دەوڵەتی ئیســـلامی ئەو دەرفەتەیان هەبێ و بە دەنگدانەوەی ئـــەو جنایەتانە کە بینراون و بە دوای ڕێـــز گرتنی قوربانییەکانن، ئەوان کۆمەڵگایـــەک بنیـــات دەنێن کـــە پەرە بە لێبوردەیی لە ئاراستەی نوێدا دەدات.

*. The Kurdish Question Revisited
Edited by Gareth Stansfield and Mohammed Shareef
PART 1: REFLECTIONS ON DEBATES OF IDENTITY AND NATION
8. Political and Everyday Religion in Kurdistan – Diane E. King (University of Kentucky)

# تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی*

داليبۆر ڕۆهاک
و: هێما کوردستانی

تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا، ئەمسـاڵ وتی: هەڕەشەکانی ئیسلامی توندئاژۆ لە پەرەسەندندایە و خەریکە سەرانسەری دنیا بتەنێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی کۆمەڵـگا و تەنانەت نەتـەوەکان و هەروەها لاوازبوونی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاشتەوایی لە سەردەمی بەجیهانیبووندا. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ ئـەم هەڕەشـەیەدا وا وێدەچێ بە شـێوازێکی سـەیر نە دان بەو ڕاسـتییەدا دەنێین، نـە هێـزی بەرەنگاربوونەوەمان لە بەرانبەریدا هەیە».[۱]

ڕووداوە دڵتەزێنەکانی عێراق، ئەو وڵاتەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسـلامی لـە عێراق و شـام (داعش) لەم دواییانەدا هێرشێکی تۆند و دژواری کردەسـەر دەوڵەتی نووری مالکی، بـە دڵنیاییـەوە نیگەرانییەکانـی تۆنی بلێر پشتڕاسـت دەکاتەوە- کە بە مانایەکی دیکە دەڵێت: «شـەڕەکانی ئەم سـەدەیە...پێدەچێ شـەڕی جیاوازییە فەرهەنگـی و ئایینیەکان بێ.»[۲]

بەڵام گەلۆ بانگەشەکەی بلێر تا چ ڕادەیەک نیشـانەدەری گۆڕانکارییـە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقایە؟

سـەرهەڵدانی ئیسـلامی سیاسـی و زەقبوونەوەی، پرسیارگەلی گەورەی خستۆتە بەردەم گەلانی ناوچەکە و هەروەها داڕێژەرانی سیاسـەت لـە وڵاتانـی ڕۆژاوادا. دوابەدوای ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر، سیاسەتی ئەمنی و دەرەکیـی ڕۆژاوا سـەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا فۆرمە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامی سیاسـیی کردۆتە ئامانج. لە ڕووی کردارییـەوە، ئەوە بەو مانایـە دێ کە مادام ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان سێکۆلارن، ئەوە ڕۆژاوا پاڵپشـتییان دەکا، چونکـە لە ئیسـلامییە بەرهەڵسـتەکانیان بە باشتریان دەزانێ. کاتێ کە لە سـەرەتای مانگی جـووڵای ۲۰۱۳دا سوپای میسـر موحەمەد مۆرسـی لادا، زۆر لایەن لە واشینگتۆن هەستیان بە ئاسوودەیی کرد. بۆ نموونە بیڵ کریسـتۆڵ شـرۆڤەکاری نیوکانسـێرڤاتیڤی(نۆلاپاریز) ئەمریکایـی بەمجـۆرە بۆچوونی خـۆی دەربـڕی: «من پێم وایە ئەوان پێیان باشـترە سوپای میسر حوکمی میسـر بـکا تا ئـەوەی جەماعەتی ئیخوان موسـلمین حوکمی میسـر بکا- لام وایە زۆربـەی هەرەزۆری خەڵکی ناوچەکەش ئەوە بـە باش دەزانـن. دەوڵەتانی عەرەبیش بە هەمان شـێوە. هیـچ هۆکارێکیش نابینم ئێمەش ئەوە بە باشتر نەزانین».[۳]



یەکێـک لە ڕەوایەتە زاڵەکانی گەشـەی سیاسـی لە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوین و باکووری ئەفریقا، بوونی ئایین لە سیاسـەتدا، بە نیشـانەی دواکەوتوویی دەزانێ و پێی وایە چـاوەڕوان دەکرێ فاکتـەری ئایین، ڕەوتی بەرەوپێشچوون، ئاوەدانی و دیمۆکراتیزەبوونی میللەتان تووشی داکشان بکات و بەم شێوەیە لـە نێـوان دەمارگرژیی ئایینی و شـێوازی بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگا پێوەندی سـاز بکا. بە شێوەیەکی سروشـتی، زاڵ بوون و ئامادەیی



پارتــە ئایینییە توندئاژۆکان لە هەناوی دنیای عەرەبدا، بۆتە هۆی نیگەرانی.

ئەم ڕاپۆرتە سەبارەت بە پارتە ئایینییەکان بە هیچ شـێوەیەک لایەنگرانە و بەمەبەست نیە. شوناسـی دینی بابەتێکـی جێی بایەخە بۆ مـرۆڤ- ئایینـەکان لەوانە ئیسـلام- بە نیسـبەت چالاکـی و ئەرکەکانـی کۆمەڵگا، خـاوەن ئامـاژە و دەلالەتگەلـی بەهامەند و پێوانەییـن. بـە سـەرنجدان بـەو فاکتە، وا وێدەچێ بیروبڕوای دینی لە هەناوی شوناسی فەرهەنگیی کۆمەڵگای وڵاتانی عەرەبیدا بوونی هەیە، زۆریـش چاوەڕوان نەکـراو نییە کە سـەرهەڵدانی سیاسییە ئیسلامییەکان، دوای کەوتنی ڕێژیمە دیکتاتۆرییە سێکۆلارەکان لە ناوچەکەدا، وڵامێکی سـادە بێ بۆ خەڵکانێک کە داواکاری بوونی ناوەرۆکی دینیی زیاترن لە پانتاییی سیاسەتدا. ئەگەر ئەم ڕەوایەتە ڕاست بێ، ئەوە لەوانەیە ئاسۆی لیبراڵ دێمۆکراسیی سێکۆلار لە ناوچەکەدا زۆر ڕووناک نەبێ.

## ئیسلام و ئەولەویاتی سیاسەت

ئایا ڕەشبینییەکی لەم چەشنە لەجێ خۆیەتی؟ ڕەوایەتی ستاندارد باسی دوو ڕاستیی گرنگ ناکا، کە دیارە ئەمەش شک و گومان لەبارەی پێوەندیی ئەم ڕەوایەتـە لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێسـتای ئەو وڵاتانەی زۆرینەی دانیشتوانی موسـڵمانن دێنێتە ئـاراوە. یەکەم ئەوەی کە باوەڕمەندیی تاکەکەسـی، فاکتۆرێکی بەهێز نیە بـۆ دیاریکردنی دەنگـدان و ئەولەویاتی سیاسـەت. دووەم، پارتە سـەرکەوتووەکانی پرۆسـەی هەڵبژاردن لە وڵاتانـی عەرەبیدا، بـە چەشـنێکی نەریتی خاوەن پێشـینەی پێشکەشکردن و دابین کردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتین.

لـەو وڵاتانـەدا کـە زۆرینـەی خەڵکی موسـڵمانی تێـدا دەژی، باوەڕمەندیـی تاکەکەسـی، بـە شـێوازێکی دڵنیاکەرەوە پێشبینی ناکا و فاکتەری دیاریکەری دەنگدان نیە. ئەوەی کە کەسـێک باوەڕمەندە یان نا، زۆر دەرخەری ئـەوە نییە کێ لە هەڵبژاردندا دەنگ دەدات یان ئەوەی کەسـێک سەبارەت بە مەسـەلە سیاسییەکان چۆن بیر دەکاتەوە. ئەم بابەتە، گومان دەخاتە سەر ڕۆڵی ئیسلام، وەک سـەرچاوەی بەرنامەی یەکلاکەرەوەی ئایدیۆلۆژیک.

بەدڵنیاییـەوە دەکـرێ ئیسـلامگەرا

سیاسییەکان بیرۆکەی تایبەتیان هەبێ؛ بیرۆکە و تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیاسەتی گشتی و حوکمڕانی. بەڵام لەوەناچێ ئەو تێبینییانە هۆکار بن بۆ سەرکەوتنەکانی بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکان لە لە هەڵبژاردنەکاندا.

لێکۆڵینەوەی داتاکان لەسەر ئاستی تاکەکان لە ناوچە فەلەستینییەکان، وڵاتانی مەراکیش، ئەلجەزایر و میسر، دەریدەخات کە ئیسلام، کارتێکردنێکی کەمی لەسەر ڕوانگەی سیاسی و بەتایبەت دیمۆکراسی و پشتیوانی لە دیمۆکراسی لە دنیای عەرەبدا هەیە[۴]. لە لوبنان، باوەڕمەندیی دینی، لە دیاریکردنی کرداری سیاسیدا پڕبایەخ نەبووە[۵]. لە ئەندۆنیزیا کە زۆرترین جەماوەری موسڵمان لەخۆ دەگرێ، بابەتی دینداری لە دیاریکردنی چالاکیی دەنگدان لە ساڵەکانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٤ مانایەک بەدەستەوە نادا[۶]، «ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی» پاڵپشتیی لە پارتە ئیسلامییەکان نیشان نادات.[۷]

لە ئاسیای ناوەڕاستدا، وابەستەییی ئایینی، کار ناکاتە سەر ئەولەویەتی دیمۆکراسی یان ئیسلامی سیاسی[۸]. تەنانەت لە ئاسیای ناوەڕاستدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان موسڵمانانی زۆر باوەڕمەند(ئۆرتۆدۆکس) وبێ باوەڕدا بەدی ناکرێ...تەنانەت جێی تێڕامانە کە موسڵمانانی زۆر باوەڕمەند، زۆرتر لە کەسانی دی پەرۆشی دیمۆکراسین.»[۹]

ئەوەش بڵێین زانیارییەکانی تایبەت بە وڵاتانی عەرەب، نیشاندەری ئەوەن کە کەسێک کە پێی وایە دین بۆی هەیە و دەبێ بپەرژێتە سەر سیاسەت، سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان زۆر بە کەمی بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.[۱۰]

> سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و زەقبوونەوەی، پرسیارگەلی گەورەی خستۆتە بەردەم گەلانی ناوچەکە و هەروەها داڕێژەرانی سیاسەت لە وڵاتانی ڕۆژاوادا

بۆچوونەکان لەبارەی سیاسەتی گشتی و جەماوەری، ئاراستەیان بەرەو هۆکارگەلی جیاوازە؛ وەکوو ڕەوشی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی (داهات، خوێندن، باری خێزانداری، پیشە و کار و هتد)، بەڵام ڕوانگە و ئاراستەی ئامادەبوونی ئایینی ئیسلام لە سیاسەتدا، توانای زۆر کەمی بۆ لێکدانەوەی مەسەلە سیاسییە تایبەتەکان هەیە.

## دەستەبەرکردنی کاڵا و پێداویستییە گشتییەکان

بۆ وا دەردەکەوێ سەرکەوتنی ئیسلامگەراکان پەیوەستە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵکەوە؟ لەوەش بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بوایە و خەڵکی وڵاتانی عەرەبی ئاواتی ئامادەبوونی سیاسەتی ئیسلامیان لە ناو گەمەی سیاسیدا هەبوایە، هێشتا هیچ پاساو و هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی ئیسلامگەراکان لە لایەنە سیاسییەکانی تر زۆرتر هەوڵ و چالاکیی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دابین کردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستییەکانی جەماوەر.

سەرەڕای ئەم فاکتە، لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا، ئیسلامیستەکان بە شێوازێکی بەرچاو بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە خەریک بوون، لەوانە چاوەدێریی تەندروستی، بەروەردە و فێرکردن، یارمەتی بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و یارمەتییە مرۆییەکان. ساڵی ١٩٨٩ لە ئەلجەزایر، گرووپە ئیسلامییەکان لە یەکەم تیمەکانی فریاکەوتنی بوومەلەرزەلێدراوانی ئەو وڵاتە بوون.[۱۱]

لــە مەراکیــش خــودی پارتــی داد و گەشــەپێدان (PJD) یارمەتیــی کۆمەڵایەتی دابین ناکا، بــەڵام ڕێکخراوە وابەســتەکەی خۆی، واتە بزووتنەوەی یەکگرتن و چاکسازی (MUR)، بەرجەســتەترین ڕێکخــراوە لــە ئاســتی شــارەوانییەکاندا. لە توونس، پارتی پێشــکەوتووی ئیســلامی ENNAHDA-بزاڤی ئینتیمــای ئیســلامی، ڕایەڵەیەک لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی بنیات ناوە و لە قەوارەی دەوڵەتێکدا دەردەکەوێ. وێڕای ئەوە، بە چەشنێکی نەریتی، ژمارەیەکی زۆری کۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیــدارە دەکا[١٢]، کە بریتین لە یانە وەرزشــییەکان و بەڕێوەبردنــی ئاهەنگــی هاوســەرگیریی بەکۆمــەڵ و بێ بەرانبەر. لە میســر ئیخوان موســلمین ٢٢ نەخۆشــخانە بەڕێــوە دەبــا و لــە هــەر پارێزگایەکــدا قوتابخانەیەکــی هەیە. ئەم ڕێکخــراوە، هەروەها ژمارەیەکی لەرادەبەدەر ناوەندی هەیە بۆ چاوەدێریــی بێوەژنان و منداڵانــی بێ سەرپەرشــتی هەژار و بەڕێوەبردنی بەرنامەی فێرکاریی بۆ کەســانی بێکار... لە کۆی پێنج هەزار ڕێکخراوی ناحکومی و ئەنجومەنی تۆمارکراوی یاســایی لە میســر، بەراورد دەکرێ لەســەدا بیستیان سەر بە ئیخوان موســلمین بن[١٣]. لە ئۆردن ئیخوان، نەخۆشخانەی ئیسلامی لە ئەمان[١٤] و ئەنجومەنــی خێرخــوازی ئەلعیفاف ئیدارە دەکا، کە خوازبێنی و ئاهەنگی هاوسەرگیریی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەبــا[١٥]. لە یەمەن حیزبی ئیســلاح، ڕێکخراوی پــەروەردە و فێرکردنی دینیــی دامەزرانــدووە کــە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتــی پێشــکەش دەکــەن. جێــی ئاماژەیــە ئەنجومەنی کۆمەڵایەتیی ئیســلاح خەریکی بەخشینەوەی زانیارییە لە بوارگەلی تەندروستی، پەروەردەی ئیسلامی، بنبڕکردنی نەخوێنــدەواری و یارمەتیدانــی داراییــی. ســەرەنجام، لە لوبنان «یەکەی کۆمەڵایەتی» یەکێکــە لە هەشــت بنەما ســەرەکییەکەی پەیکەری حیزبوڵڵا.[١٦]

ئــەم خزمەتانــە، خزمەتگوزاریــی کۆمەڵایەتــی و تەکنیکــی دەگرێتــەوە، لە دامەزراوەگەلــی هەرەوەزی کشــتوکاڵەوە تا دەگاتە ناوەنــدە فەرهەنگییەکان[١٧]. لە ناوچە فەلەستینییەکان، حەماس بە هەمان شێواز کار دەکا. ئیســلامگەراکان بەرنامەی یارمەتیدان، قوتابخانــەکان، شــوێنەکانی بەخێوکردنی منالانــی بــێ سەرپەرشت، مزگەوتــەکان، کلینیکــەکان و ناوەنــدی دابین کردنی خۆراک و لیگــە وەرزشــیەکان بەڕێوە دەبەن.

> زانیارییەکانی تایبەت بە وڵاتانی عەرەب، نیشاندەری ئەوەن کە کەسێک کە پێی وایە دین بۆی هەیە و دەبێ بپەرژێتە سەر سیاسەت، سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان زۆر بە کەمی بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

### ئیســلامی ســیاســی و شەرعیەتی سیاسەت

ئەم دوو ڕاســتییە دەریدەخەن کــە لــە وڵاتانــی عەرەبیــدا، سەرنجڕاکێش بوونی ناوەرۆکی دیــن بــۆ دەنگــدەران، تاکــە هۆکاری کاریگەر نەبووە. بەڵکوو وێڕای ناوئاخنــی ئایینی، دین ڕایەڵەیەکە لە ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتییەکان. تایبەتمەندییە ســازمانییەکانی دین دەتوانن دەورێکی بەرچاویان لە کەم کردنەوەی کێشە سیاسییەکانی ناوچەدا هەبێ.

بە شــێوازێکی تایبەت دەکرێ سیاسەتی دینــی، وەکــوو ڕێگەچارەیــەک بۆ پرســی پێبەندبوون بوون بــە هەڵبژاردنەکان ببینرێ کــە ئــەو دیمۆکراســییە نوێیانــە پێــوەی خەریکن. دەنگــدەران گرنگیی بــەو تاقم و گرووپە سیاســییانە دەدەن کە بتوانن بەڵێن و وەعدە بدەن بۆ دابین کردنی پێداویســتییە گشتییەکان دوابەدوای هەڵبژاردن، بەڵام تاقم




و گرووپی سیاسی لەم شێوەیە، پاش گۆڕانی ڕێژیمەکان بەدەگمەن بەرچاو دەکەون.

بە دەگمەن هەڵدەکەوێ سیاسەتمەداران، لە ناو گەمەی دیمۆکراسییە نوێیەکاندا جێی باوەڕبن؛ سەبارەت بە پێبەندبوون و دەرەوەست بوون، بە چەشنێک کە کاناڵی شیاو بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ دەنگدەران و بەدواچوونی بەڵێنەکان دروست بکەن.

بەرەنجامی سروشتی[١٨] ئەوەیە کە ئەو سیاسەتمەدارانە بەڵێنی بەخشینەوە بەسەر ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی خۆیان دەدەن- سەرەڕای ئەوە کە دەتوانن ئەو بەڵێنانە بە دەنگدەرانی خۆیان بدەن، بەڵام بەشێک لە پارەکە بە قازانجی خۆیان هەڵدەگرن. لە ئاکامدا، دیمۆکراسییە نوێیەکان تووشی ئەو کێشانە دەبنەوە: ئیمتیازدان بە کەسانێکی تایبەت و زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدان لە بەرنامەکانی تایبەت بە بەخشینەوەدا و هەروەها نەبوونی دەوڵەت بۆ گرتنە ئەستۆی دابین کردنی پێداویستییەکان.

ئەو سیاسەتانەی لەسەر ئەساسی پشتگیری دامەزراون، لەگەڵ کاتدا ڕوو لە کەمی دەکەن، هاوکات کە سیاسەتمەداران ناوبانگی خۆیان مسۆگەر دەکەن کە بواریان بۆ دەرەخسێنێ بۆ دابین کردنی پێداویستییە گشتییەکان بەڵێن بدەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم پشتگیرییە دەشێ ڕێگریان بێ بۆ ئەوەی هێشتا هیوایان بەوە بێ کە دەنگدەران متمانەیان بە بەڵێنەکانیانە و لەو ڕووەشەوە ماوەی مانەوەی زیانبەخشیان لە دەسەڵاتدا درێژ بکەنەوە.

بەپێچەوانەی نەیارانی خۆیان، گرووپە دینییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا، دەرفەت و ئیمکانی بەڵێن دان بۆ دابین کردنی پێداویستییە گشتییەکانیان هەیە. ئەوان لە درێژماوەدا، بەهۆی بەشداریی چالاکانە لە دەستەبەرکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاریدا لە لایەن ئەندامانیانەوە، باشتر ناسراونەتەوە. ئەو فاکتۆرەش وا دەکا بۆ بەردەوامییان لە دابین کردنی خزمەتگۆزارییەکان لە ئایندەدا، زۆرتر جێی باوەڕی خەڵک بن. ئیخوان موسلمین دەیان ساڵە سەرەڕای سەرکوت کرانی، لە وڵاتانی عەرەبیدا چالاکە. دەبێ ئەوەش بگوترێ جەوهەری ئایینیی ئیخوان وای کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە گشتییەکاندا،

باشتر و کاراتر لە نەیارە سێکۆلارەکانیان دەرکەون.

ڕێوشوێنە گرنگەکان بریتین لە خۆبەخشی و ناوزران وەکوو مۆرکێک[١٩]. لایەنە ئیسلامییەکان وەکوو ئەندام پێویستییان بە کەسانێکە کە کات و ژیانی خۆیان بۆ چالاکیی ئایینی و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکان بۆ ئەندامانی دیکە تەرخان بکەن. بۆ پێشگرتن لە مشەخۆری، بڕێک سنوور و یاسا دادەنێن بۆ ئەوەی ئەندامان ئەرکی خۆیان بەرانبەر گرووپ و پارتەکەیان بەجێ بێنن، لەوانە دانانی سنوور بۆ چۆنیەتیی پۆشینی جلوبەرگ و خواردن. ئەوەش وەک سیگناڵێک دێ بۆ ئەو ئەندامە گوێنەدەر و کەمتەرخەمانە کە لە بیری مشەخۆریدا نەبن.

> **بە شێوازێکی تایبەت دەکرێ سیاسەتی دینی، وەکوو ڕێگەچارەیەک بۆ پرسی پێبەندبوون بە هەڵبژاردنەکان ببینرێ کە ئەو دیمۆکراسییە نوێیانە پێوەی خەریکن**

## بەرەنجامەکانی سیاسەت

ئەم لێکدانەوەیە دەربڕی ئەوەیە کە جەماوەری دەنگدەر لە وڵاتانی عەرەبیدا، لەوانەیە کەمتر بە هۆی باوەڕی ئایینییەوە، پارتە ئیسلامییەکان لە سەرووی سیاسەتوانانی دیکەوە دانێن. بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتانەی لەسەر ئەساسی پشتگیری دامەزراون و زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدان و کەموکوڕییان لێ دەکەوێتەوە، پارتە جێ باوەڕە ئایینییەکان زیاتر دەرەتان و بواری بەڵێن دانیان هەیە و ئەمەش وا دەکا بۆ جەماوەری دەنگدەر سەرنجڕاکێشتر دەرکەون.

بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەمە نابێ وەک پشتڕاست کردنەوە و پەسن دان بۆ ئیسلامی سیاسی بێتە ئەژمار. ئەگەر لەوەش گەڕێین، هەروەها کە نموونەگەلی وەکوو حەماس و حیزبوڵڵا پیشانیان داوە، ئەو ڕێکخراوە دینییانەش کە لە دابین کردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرکەوتوو بوون، بۆیان لواوە ئیمکاناتی خۆیان بۆ مەرامی وەک توندوتیژیی ڕێکخراوەیی و بەرنامەدار بەکار بێنن. مەبەست لە باسوخواسەکانی ئەم وتارە، تەنها خستنە ڕووی ئەو ڕاستییەیە کە، لە ژینگەیەکی سیاسی کە لە قۆناغی ڕاگواستندایە، سەرکەوتنی ئیسلامگەراکان ئاکامی سروشتیی خودی ئەو ژینگە سیاسییەیە، کە تەنها دەکرێ لە ڕێی بردنەسەرەوەی ئاستی باوەڕ و متمانەی خەڵک بە هێزەکانی دیکەی ناو بازنەی سیاسی، ئەو سەرکەوتنانە سنووردار و کەم بکرێنەوە. چاوەڕوان دەکرێ بە تێپەڕینی کات، باڵادەستیی لایەنە ئیسلامییەکان کەم بێتەوە، چونکە هێزەکانی دیکە بەرەبەرە کاناڵی پێوەندی لە نێوان خۆیان و جەماوەر ساز دەکەن و متمانە و باوەڕی خەڵک وەدەست دێنن. ئەم ڕاستییە هاوتا و هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەو سەرچەشنەی لە وڵاتانی دیکە، کە زۆرینەی خەڵکەکەیان موسڵمانن و ڕەوتێکی سیاسیی ئازادتریان ڕەچاو کردووە، بەدی دەکرێ. لە سەرووی هەموویانەوە ئەندۆنیزیایە، کە ڕێژەی دەنگەکانی پارتە ئیسلامییەکان لە ساڵی ١٩٩٩ بەملاوە ڕووی لە کەمی کردووە- لە ڕێژەی لەسەدا ٣٩.٢ لە ساڵی ١٩٩٩، گەیشتۆتە ڕێژەی لەسەدا ٣٨.٤ لە ساڵی ٢٠٠٤ و لەسەدا ٢٩.٢ لە ساڵی ٢٠٠٩. هەڵبەت لەسەر دووبارەبوونەوەی ئەم سەرچەشنە لە وڵاتانی عەرەبیدا، کە دیاردەی بەهاری عەرەبی لە ئارادا بووە، هێشتا زانیاریمان نییە. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دین و سیاسەت لەوانەیە بۆیان هەبێ پێکەوە تەبا بن. بەو حاڵەشەوە، سەرکوتی سیاسی، وڵامی شیاو و دروست نیە بۆ سیاسەتە ئایینییە چەوتەکان؛ وەک چۆن لە میسر دەبینرێ، بەڵکوو پەیڕەوکردنی سیاسەتی دیمۆکراتیک و ڕکابەریی کراوە و ئازادە.

هەروا کە لێکۆڵینەوەکانی ئابووریزان، ئالێن کرووگر، نیشانی داوە، سەرکوتکردنی ئیسلامگەراکان و پێشگرتن لە بەشداریی سیاسیی ئەوان لە پانتاییی سیاسەتدا، دەبێتە پاڵنەر و داینەمۆ بۆ ڕادیکاڵ بوون و پەنابردنیان بۆ توندوتیژی و تێرۆریزم[٢٠]، کە بڕێ جاران ڕێی تێدەچێ سنوورەکانی دنیای عەرەبیش تێپەڕێنێ. عێراق، ئەو وڵاتەی کە سیاسەتی چەوت و پاوانخوازیی دەوڵەتی لێنەوەشاوەی نووری مالکی، بەرچاوترین ڕۆڵی بوو لە بە ڕادیکاڵ بوونی سوننەکانی ئەم وڵاتە، نموونە و بابەتێکی جێی تێڕامانە. هیوادارین وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، تووشی ئەزمونی عێراق نەبنەوە.

*.https://www.cato.org/publications/economic-development-bulletin/understanding-political-islam

## یادداشتەکان


1. Patrick Wintour, “Tony Blair to Say Battle against Islamic Extremism Is Paramount,” Guardian, April 23, 2014, http://www.theguardian.com/politics/2014/apr/23/tony-blair-battle-islamic-extremism-political-agenda.
2. Tony Blair, “Religious Difference, Not Ideology, Will Fuel This Century’s Epic Battles,” Observer, January 25, 2014, http://www.theguardian.com/commentisfree/2014/jan/25/religious-difference-ideology-conflicts-middle-east-tony-blair.
3. Awr Hawkins, “Bill Kristol: Military May Be Preferable to Muslim Brotherhood Rule in Egypt,” Breitbart, August 18, 2013, http://www.breitbart.com/Big-Journalism/2013/08/18/Bill-Kristol-Perhaps-We-Should-Prefer-Egyptian-Military-Rule-To-Muslim-Brotherhood-Rule.
4. Marc Tessler, “Islam and Democracy in the Middle East: The Impact of Religious Orientations on Attitudes toward Democracy in Four Arab Countries,” Comparative Politics 34 (2002): 337–54.
5. MelaniCammett, “Partisan Activism and Access to Welfare in Lebanon,” Studies in Comparative International Development 46 (2010): 70–97.
6. R. William Liddle and SaifulMujani, “Leadership, Party, and Religion: Explaining Voting Behavior in Indonesia,” Comparative Political Studies 40 (2007): 832–57
7. Thomas B. Pepinsky, R. William Liddle, and SaifulMujani, “Testing Islam’s Political Advantage: Evidence from Indonesia,” American Journal of Political Science 56 (2012): 584–600.
8. Kathleen Collins and Erica Owen, “Islamic Religiosity and Regime Preferences: Explaining Support for Democracy and Political Islam in Central Asia and the Caucasus,” Political Research Quarterly 65 (2012): 499–515.
9. Richard Rose, “How Muslims View Democracy: Evidence from Central Asia,” Journal of Democracy 13 (2002): 102–11.
10. DaliborRohac, “Religion as a Commitment Device: The Economics of Political Islam,” Kyklos 66, no. 2 (2013): 256–74.
11. John L. Esposito, The Islamic Threat: Myth or Reality? (Oxford, UK: Oxford University Press, 1999), p. 176.
12. Mohammed FadhelTroudi, “La révolutiontunisienne entre attente et déception, fragilité et maturité,” Géostratégiques 32 (2011): 172.
13. Integrated Regional Information Networks (IRIN), “Social Programmes Bolster Appeal of Muslim Brotherhood,” UN Office for the Coordination Humanitarian Affairs, 2006, http://www.irinnews.org/Report/26150/EGYPTSocial-programmes-bolster-appeal-of-Muslim-Brotherhood.
14. QuintanWiktorowicz, “Islamist Activism in Jordan,” in Donna Lee Bowen and Evelyn A. Early (eds). Everyday Life in the Muslim Middle East, 2nd ed. (Bloomington, IN: University Press, 2002): 234.
15. QuintanWiktorowicz and SuhaTajiFarouki, “Islamic NGOs and Muslim Politics: A Case from Jordan,” Third World Quarterly 21 (2000): 685–99.
16. Ahmad N. Hamzeh, In the Path of Hizbullah (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2004).
17. Ibid. See also RanaJawad, “Religion and Social Welfare in the Lebanon: Treating the Causes or Symptoms of Poverty?” Journal of Social Policy 38 (2008): 141–56.
18. Philip Keefer and RazvanVlaicu, “Democracy, Credibility and Clientelism,” Journal of Law, Economics and Organization 24, no. 2 (2008): 371–406.
19. Laurence R. Iannaccone, “Sacrifice and Stigma: Reducing Free Riding in Cults, Communes, and Other Collectives,” Journal of Political Economy 100 (1992): 271–91.
20. Alan B. Krueger, “What Makes a Terrorist?” VoxEU, September 11, 2007, http://www.voxeu.org/article/what-makes-terrorist.

# ئایین لە ناو کوردەکاندا*

## لە نێوان تەسەوفی نەقشبەندی و سەلەفیگەرییدا

میشێل لیزێنبێرگ

و: ڕامان ئیلامی

لە ساڵی ٢٠١٤، جارێکی دیکە کوردەکان کەوتنەوە بەر سەرنجی نێونەتەوەیی؛ بەڵام ئەم جارە، لە پلەی یەکەمدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لە گەڵ دەوڵەتە جێگیرەکاندا نییە کە خەون و خولیای تاراندوون، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لە گەڵ شۆڕشێکی نوێی ئایینی و ڕادیکاڵە، بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) و بەتایبەتی هێرشەکانیان بۆ سەر شنگال لە باکووری ئێراق، کۆبانی لە سنووری سووریە و تورکیەیە. لە مێدیا بە ناوبانگەکانەوە، وێنەی هەلاتنی خەڵکی مەدەنیی کەمینەی ئێزدی، لە هێرشی بەربڵاوی جێنۆسایدی داعش بەرەو چیای شنگال، تا ڕادەیەک تایبەتمەندیی کتێبی پیرۆزی خستە ڕوو؛ هەر بەم شێوەیەش، ڕاپۆرتەکان دەربارەی کۆبانی، ڕووبەڕووبوونەوەی پێڕەوانیان لە نێوان پارتیزانانی «مودێرنی» کورد، کە زۆربەیان ژنن، لە دژی شەڕکەرانی «سەدە ناوەڕاستی»ی داعش، هێنا ئاراوە و ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە گەڵ ژنانی بە دیل گیراودا وەکوو کۆیلە هەڵسوکەوت کراوە. لە پشتی ئەم ناونیشانە ئاڵۆز و زۆرجار ئاگرینانەوە، لەوانەیە بە شێوەیەکی ڕەوا پرسیار بکرێ بۆچی کوردەکان، کە زۆربەیان موسوڵمانی سوننە مەزهەبن، بنەجێکردنی پرۆژەی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بێ موبەلیزەکردن[بەسیجکردن] نەلواو بوو و پشتیوانیکردن لە ڕێبەری داعش ئەبووبەکر بەغدادیان ڕەد کردەوە ، کە لە جولای ٢٠١٤دا خۆی وەکوو خەلیفە ڕاگەیاند. ئایا ئەمە لە پلەی یەکەمدا ئایین، نەتەوە، یان فاکتەرەکانی دیکە بوون کە کوردەکان کەمتر بە ڕووی سەلەفییە توندڕەوەکان- لە چەشنی ئیسلامی جیهادیدا، دەرکەوتوون؟

پرسیارێکی جیاواز بەڵام پێوەندیدار ئەمەیە کە ئایا لەم فرە چەشنەییەی ئیسلامدا، لەوانەیە یەکێکیان بە ڕوونی و دیاریکراوی بە کوردی لەقەڵەم بدرێ- یان ئەوەیکە وەها تێگەیشتنیک لە لایەن خودی کوردەکانەوە هەیە- ئایا لەوانەیە لە بەرئەنجامدا کەسێک دەربارەی «نەتەوەیی بوونی» ئایین لە ناو کوردەکاندا بدوێ. سەرەتا من ئەم پرسیارانە دەخەمە ڕوو کە لێکدانەوەیەک بکەم دەربارەی دواین بارودۆخی پێوەندیدار بە ئایین لە ناو کوردەکاندا؛ دووهەم، من سەرهەڵدانی بنچینە سەرەتاییە مۆدێرنەکانی کورد دەربارەی ئیسلامی سوننەوە بە شێوەیەکی تایبەتی شی دەکەمەوە؛ سێهەم، دەربارەی ڕووبەروبوونەوەی دەمارگرژیی ئایینیی کوردەکان لە گەڵ ناسیۆنالیزمی سێکۆلار و سەلەفیگەری لە سەدەی بیستەمدا، باس دەکەم؛ و چوارەم، دەربارەی سەرهەڵدانی فۆرمە سیاسی و ئایینییەکان لە ناو کوردەکاندا، کە لەوانەیە بەشێک لەوان وەکوو سەلەفی ـ جیهادی کە لە دەیەی ١٩٨٠دا سەریانهەڵدا، تاوتوێ دەکەم. لە بەرئەنجامدا چەند سەرنج و بیروڕایەک دەربارەی بارودۆخی دژوار و نالەباری ئێستا دەخەمە ڕوو.

## خوێندنەوەی ئایین لە ناو کوردەکاندا: لە بارودۆخی ئێستا دا

جێی سەرسوڕمانە کە کەمترین لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، لە سەر شێوازە جیاوازەکانی ئیسلامی سوننە لە ناو کوردەکاندا. تا هەنووکەش، لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئایین لە کوردستاندا دەرخەری دەمارگرژییەکی ڕوونە لە هەمبەر کەمینە ئایینییەکانی وەکوو مەسیحی و یەهوودی و بەتایبەتی گرووپە جیاوازەکانی وەک ئێزدی و ئەهلی هەقەکان. جووتەوانەی یەکەم بە هۆکاری پێوەندیداربوون بە خوێندنەوەی سامی و کتێبی پیرۆزەوە، بایەخیان پێ دراوە و ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، لە کاتێکدا، جووتەوانەی کۆتایی تایبەتمەندیی سەرسوڕهێنەر و مۆرکی تایبەتی پێکهاتەی ئایینیی کوردیان

پێوەیــە. کەواتە، ڕەنگە لێکۆڵینەوەی زیاتر بە نیســبەت هەموو گرووپە ئایینییەکانی دیکە لە ناو کوردا، لە ســەر ئێزدییــەکان ئەنجام درابێ.[١]

مەبەســتی من ئەوە نییە کە گومانم لەو لێکۆڵینەوەیە هەبێ، کە بەشــێکی بەرچاوی پڕ بایەخــە. لاوازیــی زۆربــەی فۆرمەکانی ئۆرتۆدۆکســی ئیســلامی (ســوننە) ڕۆڵــی هەبــووە لە ســەرژیانی نیزیک بــە زۆربەی کــوردەکان.[٢] ژمارەیــەک لــە نووســەران لێکۆڵینەوەیــان لــە ســەر حوکمەکانــی ســۆفییەکان لە ناوچەکە کــردووە، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی بایەخێکی کەمیان بە بنەماکان داوە و زۆرتر گرینگیان بە شــێخە ســۆفییەکان وەکوو ڕێبەرانی ڕێکخســتنی (ناسیۆنالیستی) و شۆڕشەکان داوەتەوە.

کــەم بوونــی لێکۆڵینــەوەی پێوەندیدار بە زۆربەی فۆرمە بنەرەتییەکانی ئیســلامی سوننە لە ناو کوردەکاندا لەوانەیە سەرچاوەی لە گریمانەیەکی ســاکارەوە وەرگرتبێ ـ کە ئەگەر کەسێک بیهەوێ دەتوانێ بە «شەرقی» دەستنیشــانی بکات ـ شــێوازە جیاوازەکانی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی(سوننە) بە ڕێژەیەکی کەمتــر تایبەتمەندییــە لۆکاڵییەکان نمایش دەکات و فەزایەکی بەرتەســکی بۆ شوناسی ناوچەیی و ئەجیندای نەتەوەیی هێشتووەتەوە، کە ئەمەش نە بە شــێوەی ئاداب و ڕســووم وفەرهەنگــی خۆجێییەوە، بەڵکــوو زیاتر لە ڕێگــەی کولتوری عەرەب و فێربوونی زمانی عەرەبییەوە، شــکڵ دەگرێت. بەم پێیە، ئەم گریمانەیــە تارماییــە: بــە لێکدانەوەیەکی وردتــر، پێدەچێ کــە فۆرمــە تایبەتیەکانی کوردانــی پێڕەوی دینی ئیســلام لە ئایینی ســوننە، لە ســەرەتای دەورانــی مۆدێرندا ســەری هەڵدابێ. لەم ڕووەوە، لــە خوارەوە مــن فۆکــووس دەخەمە ســەر حوکمەکان و ســەرلەنوێ دەرکەوتنەوەیــان لە زۆربەی پێڕەوانی فۆرمە کانی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی ســوننە، لە ســەرەتای قۆناخی مودێرندا، کە لەسەر حیسابی ئەو کەمینە ئایینیانە بووە کە لە ســەرەوە ئاماژەم پێ کردن. هەڵبەت ئەمە بــەو مانایە نییە کە کــردەوە و کارتێکەرییە ئاڵۆزەکانی دەرکەوتنــی دابونەریتی کەمینە ئایینییەکان، لە گەڵ گەشــەی شوناســێکی نەتەوەییی سێکۆلاری کورد (و فۆرمێکی نوێ لە سیاســەتی فەندەمێنتاڵیزمی ئیســلامی)، بایەخی لێکۆڵینەوەیان نییە یان گرینگییەکی کەمتریــان هەیە.[٣] فەزایەکــی داخراو تەنیا پاساوێکە کە دەتوانم بۆ ئەم پشتگوێخستن و سڕینەوەیە بیهێنمەوە.

## ئیسلام لە ناو کوردەکاندا: چوارچێوەیەکی کورتی مێژوویی

بە شێوەیەکی گشتی، لە مێژە کوردەکان بەوە ناسراوان کە شوێنکەوتەی شافیعین (یەکێک لە چوار مەزهەبەکانی یاسای ئیسلامی لە ناو ئیسلامی ســوننە دا) بە پێچەوانەی دراوسێ تــورک و عەربەکانیــان کە بەشــێوەیەکی گشــتی زیاتر حەنەفین؛ ئــەوان هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی، هۆگرییەکی بەرچاویان بە نەقشــبەندییەوە هەیە. لە خوارەوە، من بە کورتی باســی دەکەم کە چۆن ئەم بەراوەرد و جیاکارییــە ڕوویــداوە. پێدەچێ لە پلەی یەکەمدا پێکهێنانی ڕەســمێکی ئیســلامی، لە پێش یان ســەرەتای ناسیۆنالیزمی کورد لە نــاو قوتابخانــە چووکەکانــی گوندەکانی باکووری کوردســتاندا ســەری هەڵدابێ، کە کەمتر لە ژێر کاریگەری و نفوزی دەسەڵاتی عولەمای(ڕۆشنبیری دینی) سەر بە عوسمانی، و هاندانــی ئاشــکرا بــۆ کەڵــک وەرگرتنی تورکی لــە پاڵ عەرەبیدا، لــە ناو مزگەوت و مەکتەبەکانی شارە گەورەکانی ناوچەکەدا، بوو بن. «ئەولیا چەلەبی» نووسەری گەڕیدەی عوســمانی لە ســەدەی حەڤدەیەم، باســی لەوە کردووە کە کوردەکان بەوە ناســرابوون کە فێربوونی ئایینەکــەی خۆیان لە ڕێگەی

زمانی عەرەبی و پارسییەوە بووە؛ بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، ژمارەیەک کتێبی دەرسیی سەرەتاییان بە کورمانجی، زاراوەی باکووری کوردستان نووسی. ئەم کتێبانە لە بەرئەنجامدا لە سەرتاسەری باکووری کوردستان بوونە بەشێک لە بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا. بێگومان ناسراوترین نووسەرانی ئەم کتێبانە یەکێکیان «ئەحمەد خانی»یە؛ ئەو تەنیا هۆنراوەی مەسنەویی مەم و زینی نەهۆنیوەتەوە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە خوێندنگەکاندا بڵاوبووەتەوە و خوێندراوە، بەڵکوو هەروەها چەندین بەرهەمی کورتی پەروەردەی ئایینیی بە زمانی کوردی نووسیوە، وەکوو «نەوبەهار» کە فەرهەنگی چووکەی کوردی ـ عەرەبی، و «عقایدی ئیمان»، ئایەتێکی کورتە لە بیروباوەڕی ئیسلامی سوننە، بە پێی ڕەسمی ئایینی شافیعی. لە پاڵ ئەم کارە هاو قافییانەدا، هەروەها مەولودیی کۆن یان بایۆگرافیی پێغەمبەر لە لایەن مەلا باتی (د. ١٤٩١). لە سەدەی هەژدەیەمدا، ژمارەیەک بەرهەمی نەسری بۆ بەکارهێنان لە خوێندنگە لۆکاڵییەکان نووسیوە، وەکوو، کتێبی عەلی تەرماخی ، لە سەر مورفولۆژیی عەرەبی، پارسی و کوردی؛ و «ترکیب و زرووف»ی مەلا یونس خەڵقاتی، تەفسیرو دەستەبەندی کردنی کتێبە دەرسییە مەشهورەکانی عەبدولقاهر ـ ئەلجرجانی لە بارەی نحو یان» سێنتاکس»، «میات ئەلەمیل». بە خێرایی، هەموو ئەو بەرهەمانە دەبنە سەرچاوەی بنەڕەتیی بەرنامەی خوێندن لە خوێندنگەی لادێکانی باکووری کوردستان، ئەوان بە شێوەی هاوبەش شتێک کە لەوانەیە پێی بگوترێ خۆماڵی کردنی فێرکاری لە خوێندنگەی کوردیدا، واتە سەرهەڵدانی زاراوەی باکووری کوردستان وەکوو زمانی نووسینی ئەدەبی و فێربوونی ئایینیان، ڕەنگرێژ کرد.[٤]

یەکێکی دیکە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکانی کورد لە فێربوونی ئیسلامیی مۆدێرن لە سەرەتادا، جیابوونەوەی تەریقەتی خالیدییە لە تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی نوزدەیەمدا بوو. دامەزرێنەرەکەی، مەولانا خالید نەقشبەندی (١٧٧٦ – ١٨٢٧) لە چاو ڕیفۆرمخوازانی مۆدێرنی پێشوو، وەکوو موحەممەد بن عەبدولوەهاب و شا وەلییوڵڵا، کەمتر سەرنجی ڕۆشنبیرانی دینیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام نووسەرانی وەکوو ئاڵبرت هۆرانی و بتروس ئەبوو مەنهە، جەختیان لە سەر گرینگییەکەی کردووەتەوە؛ هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵێک لە نووسەران بەڵگە دێننەوە، ڕۆڵی مەولانا خالید لە ناساندنی «سۆفییزم بە گشتی، و لقی خالیدییە بە تایبەتی، لە بارەی برایەتیی نەقشبەندی-موجاهیدییە وەکوو پێشڕەوییەکی سەرەکی بۆ زیندوکردنەوەی ئیسلام لە فەرمانڕەواییکردنی عوسمانی ئەو سەردەمەدا، زۆر گرینگ بووە.[٥] ئەو لە ناوچەی قەرەداغی شارەزوور لە بنەماڵەیەکی سەر بە خێڵی جاف لە دایک بووە. لە کاتی زیارەتی مەککەدا، بە دەسیسەی قەشەیەکی هیندی کە پشت لە کەعبە دانیشتبوو، هەڵگەڕاوەتەوە بەروە هیندووستان ڕۆیشتوە. ئەو لە دێهلییدا، پەیوەست بوو بە لقی موجاهید بە پێی نەزمی نەقشبەندی، کە لە بنەڕەتدا لە لایەن ئەحمەد سیرهەندی لە (١٥٦٤ ـ ١٦٦٤) دامەزرابوو؛ هاوشێوەی ئەم ڕەسم و دابە، ئەو ئەمری بە شوێنکەوتوانی کرد کە لە شەرع پێڕەوەی بکەن، پێڕەوی لە ڕەسمی سوننە بکەن و دوور بکەونەوە لە هەڵگەڕانەوە و بە لاڕێدا چوون. ئەو دەوروبەری ساڵی ١٨١٢ گەڕایەوە کوردستان، تا ئەو کاتە کە ململانێی توندی لە گەڵ شێخ مارف، شێخی لۆکاڵی نەقشبەندی لێ پەیدا بوو کە ناچاری کرد هەڵێ و شار بە جێبێڵێ. لە ساڵی ١٨٢١ ئەو چووە بەغداد و دواجار لە دیمەشق،

لەو شوێنانەی کە جێنشینەکانی لە ناوچە جیاوازەکانی فەرمانڕەواییەکەیان بەتایبەتی لە بەشە غەیرە عەرەبەکاندا، بەرفراوانیان کردبوو، نیشتەجێ بوو.

مارتین ڤان برۆنسن، پەرەسەندنی خێرای تەریقەتی خالید نەقشبەندی و تا ڕادەیەک دەرهاویشتەی ململانێی نەزمی قادری لە ناو کوردەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدای شی کردووەتەوە، کە لە بەرئەنجامداهەڵوەشانەوەی پاشایەتیی یان ئیمارەتە جێکەوتووە خۆجێییەکانی کوردەکان، وەکووبە شێک لە ڕیفۆڕمی ناوەندگەراییی عوسمانی لە تەنزیماتدا دەبینێ؛ بەڵام ئەم سەرهەڵدانە ڕێک بەر لە دەستپێکی تەنزیمات لە ساڵی ١٨٣٩ دەستی پێکردبوو،[٦] و پێدەچێ بەشێکی بەرفراوان بووبێ لە دینامیکی مۆدێرنی ئایینیدا. بێگومان گرینگترین فاکتەری ئەم دینامیکە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا سەرهەڵدانی تەیاری وەهابی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بوو. لە ساڵی ١٨٠١، شوێنکەوتووانی ئەم تەیارە هێرشیان بردە سەر شارە زیارەتییەکانی شیعەکان لە باشووری ئێراق و دەستیان بە سەر نەجەفدا گرت و کەربەلاشیان تالان کرد؛ ئەوان تەنانەت لە ساڵی ١٨٠٦ مەککەشیان گرت. ئەم سەرکەوتنە خێرایانە تەنیا زەبری جیددیی لە سیاسەت، ڕەوایی و پرێستیژی ئایینیی دەسەڵاتی عوسمانی نەدا؛ ئەوان هەروەها باوەڕمەندانی شیعەیان هەراسان کرد، کە بێ پشتیوانی لە خێڵە خۆجێیە وەفادارەکان زۆر هەستیان بە پارێزراوی نەدەکرد، تا کوو هەوڵە سەرەتاییەکانیان خستە گەڕ بۆ بە شیعەکردنی حەشیمەتی باشووری ئێراق.[٧]

بترس ئەبو منهە، بەڵگە دێنێتەوە کە لەوانەیە بزوتنەوەی ڕیفورمخوازیی خالید نەقشبەندی ، لانیکەم بەشێکی دژکردەوە بووبێ لە دژی هێرشی وەهابییەکان؛ ئەگەرچی هیچ بەیانێکی ڕوون و دیاریکراو دەربارەی دژکردەوەی شێخ خالید بۆ زاڵبوون بە سەر وەهابییەتدا بوونی نییە، بەڵام کۆچکردنی دەستبەجێی ئەو لە مەککەوە بە ڕێبەریی وەهابی بۆ دێهلی ـ و لەوێش درێژە دان بە خوێندن لە گەڵ پێڕەوانی شاە وەلییوڵڵا، لەوانەیە دەرخەری ڕوانگەی نێگەتیڤی ئەو بێ لە هەمبەر وەهابییەت.[٨]

لە دەیەی ١٨٢٠، بەشێک لە جێنشینەکانی شێخ خالید لە ئیستەنبووڵ نیشتەجێ بوون؛ پاش مەرگی ئەو، فەرمانەکە بە خێرایی گرێدرا بە کۆنترۆڵکردن و پشتیوانیی ماڵیی عوسمانییەکانەوە. ئەگەرچی سوڵتان مەحموودی دووهەم، لە سەرەتاوە هەوڵی دا کە نەزمەکە کۆنترۆڵ و پەرە پێ بدا، بەڵام ژمارەیەک لە پێڕەوانی شێخ خالید، بە خێرایی بارودۆخی پایتەختیان خستە ژێر نفووز و کاریگەریی خۆیانەوە، بە تایبەتی لە کاتی لەنێوچوونی هەردوو نەزمی بەکتاشی پێوەندیداربە هێزی نیزامی و شۆڕشی یونانییەکانەوە.[٩]

بە پوختی، سەرهەڵدانی خێرای خالید نەقشبەندی لە ناو کوردەکاندا، تەنیا بە هۆکاری کارتێکەریی ناوچەیی و ڕیفۆڕمی تەنزیماتەوە نەبوو، بەڵکوو هەر بەو شێوەیە کە ڤان برۆنسن بەڵگە دێنێتەوە، پێدەچێ سەرمەشقی بەشێکی بەربڵاو لە نوێ کردنەوەی ئیسلام لە سەرتاسەری ئیمپراتووریی عوسمانیی بووبێ. بەم پێیە، نەقشبەندییەکان لە ئێراقدا بە هۆی ڕووح و سەرنجی خەڵک، لەگەڵ وەهابییەکان و شیعەکاندا بوونە دژبەری یەکتر. ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێ، لە چەند ڕێگەوە ڕوون دەبێتەوە کە خالیدییە لە ڕۆژهەڵاتدا دژی شیعەیە و ـ بەو شێوەیەی کە دەیبینین ـ کەسایەتیی دژە وەهابی یان دژە سەلەفیی ئەو، تا ئەو ڕادەیە باس هەڵگرە.

مەولانا خالید تەنیا ڕیفۆڕمیست و

نوێخوازێکـــی ئایینی نەبوو، بەڵکوو هەروەها ـ ئەو شان بە شان یان مومکینە لە هەڤرکێی لە گەڵ بەهێزترین ڕەقیبی خۆی لە قادری، واتــە شــێخ مــارف نۆدەیــی ـ یەکێک لە پێشڕەوانی نووسین و بەکارهێنانی دیالیکتی کوردیی ســولێمانی ـ دا بووبێ. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، تا ئەو کاتە کە زاراوەی هەورامی لە لایــەن ئیمارەتی بابانەوە وەکوو شێوەزاری ســەرەکی بۆ دەربڕینی ئەدەبیات پاڵپشتی دەکرا، نۆدەیی و خالید هەردوکیان دەستیان کرد بە نووسین دەربارەری خەڵکی خۆجێییی ناوچەکە. شێخ مارف فەرهەنگێکی چووکەی وشە عەرەبی ـ کوردی (هاوشێوەی نەوبەهــاری خانــی) بــە نــاوی ئەحمەدی کۆکــردەوە و شــێخ خالیدیش بــە لێزانانە نەســرێکی زۆر ســادەی دەربارەی ئیمان و بیروباوەڕ نووسی.[١٠] بەم پێیە ئەوان وزەیەکی بەهێزیان بەخشــییە بنەجێکردنی شێوەزاری سولێمانی، کە لە بەرئەنجامدا وەکوو سۆرانی ناسرا و نێزیک سەدەیەک دوای ئەمە زاراوەی کورمانجی لە باکووری کوردســتان دەستی پێکرد.[١١]

بە کورتی، لە کۆتاییی سەدەی حەڤدیەم بــەم لاوە، بۆ یەکەم جــار فۆڕمێکی تایبەتی بۆ فێربوونی ئایین لە بەشــێک لە ناوچەکانی باکووری کوردســتان، ســەری هەڵدا، بەڵام هەروەها لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ بەم لاوە لە باشــوور، لە هێندێک ناوچەی سلێمانیدا ریشــەی داکوتا. ئەگەرچی ئەم گۆڕانکاری و پەرەپێدانانە خۆیان ناسیۆنالیزم نەبوون، بەڵام ئــەوان لە پێکهێنانی کۆڵەکەکانی شوناســی مودێرنــی نەتەوەیی لە ســەر بنەمای زمانی کوردی ڕۆڵیان هەبووە.

## ســەدەی بیســتەم: بەریــەک کەوتنی ئیسلامی کورد و ناسیۆنالیزمی سێکۆلار

لــە کۆتاییەکانــی ســەدەی نۆزدەهــەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕیفۆڕمیستە ئایینیانــە بــە ڕادەیەکــی بەرچــاو لە گەڵ ســەرهەڵدانی فۆڕمێکی نوێی ناسیۆنالیزمی ســێکۆلاردا ئاوێتە ـ یــان بەریەک دەکەون. بەم شــێوەیە، لــە دوای شــەڕی ڕووس و عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٨، نەقشبەندییەکان بــە خێرایی چیرۆکی نیشــتمان پەروەری و دەستەواژە نەتەوەیەکانی وەکوو«خۆشەویستی بۆ نیشــتمان» و بەرگریکردن لە نەتەوە»یان هێنــا ئــاراوە.[١٢] هەروەهــا دەبینــرێ کە شــێخە کــوردەکان، توانیــان لــە ڕێگەی نێوبژیوانــی کردنــی کێشمەکێشــی ڕوو لە هەڵکشــانی ناو خێڵەکان، ببنە دالێکی دیار بۆ هەستی ناسیۆنالیســتی؛[١٣] بەم شێوەیە، ژمارەیەک لە شۆڕشەکان بەتایبەتی ئەوانەی کــە وەکووشۆڕشــی ناسیۆنالیســتی یــان «نەتەوەگەرایی» تەفســیر دەکرێ، لە لایەن شــێخەکانی نەقشــبەندییەوە ڕێبەری کران. هەڵبەت، ئەمە بــە مانای ئەوە نییە کە تەنیا نەقشــبەندییەکان تاقانە بــوون یان تەناتەت گرینگترین تەریقەتی ســۆفی بووبێتن کە لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورددا پشکدار بن. بە تایبەتی تەریقەتی قادرییە، کە زۆرتر بە ئاداب و ڕســوومی ئایینی دیاری دەکران و شێوەی دیاریکردنــی ڕێبەرییەکەیــان زیاتر میراتی بــوو، ڕۆڵێکــی گرینگیان لــە ژمارەیەک لە شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم لە ناوچەکانی کوردستان و بەشێوەیەکی گشتی لە پەرەپێدانــی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا گێڕا و ڕێبەرگەلێکی ناســراوی وەکوو شێخ مەحموود بەرزنجییــان تێدا هەڵکەوت؛ هەر وەها، پێشینەی هەر دوو بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانیش بۆ قادری دەگەڕێتەوە.[١٤]

یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییە فیکری یان ئایدۆلۆژییە ئیسلامییەکانی خالید نەقشبەندی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەربڕینی دژایەتییەکــی بەرچاوە لە گــەڵ وەهابییەت یان سەلەفییەتدا. لە بڵاوکراوەکانی سەرەتای ســەدەی نۆزدەهەم، ســەلەفییەکانی وەکوو

ڕەشـــید ڕایدا، بە شـــێوەیەکی گشـــتی زۆر مەشـــهوور بوون و بە ئاییندار یان بێ ئایین ناویـــان دەبـــرا. یەکێـــک لە ســـەرەکیترین بیروباوەڕەکانی نەقشبەندی بۆ تێگەیشتن لە دینداری و ئیمـــان، ڕێزگرتن لە پیاوە گەورە ئایینییـــەکان بوو؛ ئەم وتـــارە بێ پێچ و پەنا هەوێنی بیروباوەڕی نەقشبەندی لە هەمبەر وەهابییـــەت دەردەخـــات، کە بە شـــێوەی فەرمی، لانیکەم، پێرەوی کردن لە ئایینێکی تایبەت وەکـــوو فۆڕمێک لـــە بیروباوەڕ یان لاســـایی کردنەوەی بەردەداری، یان خراپتر لەوە بت پەرەســـتی، بەیان دەکات. هەڵبەت لـــە کـــردەوەدا، وەهابییـــەکان پێڕەوییان لە مەزهەبی حەنبەلی دەکرد؛ بەلام ئایدۆلۆژیی ڕەدکردنـــەوەی ڕەواییی ئایینـــەکان، لایەنی بەهێز و بەردەوامی وەهابییەت و بە شـــێوەی گشتی ســـەلەفییەتە، دابەش کردنەوەیەکی نوێی دینی ئیســـلام، پشتڕاست دەکاتەوە. لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەهەمدا، نامیلکەیەکی زۆر مەشـــهوور لە ناوچەی نیشتەجێ بوونی عوســـمانی نەقشـــبەندی وەدەرکـــەوت کە موحەممـــەد بـــن عەبدولوەهـــاب هاودیتنی هەبـــووە لە گـــەڵ ســـیخوڕێکی بریتانیاییدا و ئـــەو فێری کـــردووە ویســـکی بخواتەوە و پێکەوە دەسیسەیەکیان چنیوە کە ئیسلامی ڕاســـتەقینە لە ناو بەرن. چەندان نوســـخەی ئـــەم چیرۆکە لە ناوچەی نیشـــتەجێ بوونی نەقشـــبەندی بە شێوەی زارەکی و چاپکراوی دەماودەم و دەستاودەست، تەنانەت تا ئاسیای ناوەڕاســـت و باشـــوری ئافریقا، ڕۆیشـــت و بلاوکراویەوە.[١٥]

لـــە دەیـــەی ١٩٢٠، نەقشـــبەندییەکان لە ســـەرزەمینە پێشـــووەکانی عوسمانی لە ڕووبەڕووبوونـــەوە لـــە گەڵ ناســـیۆنالیزمی ســـێکۆلار و ســـەلەفیگەرایی کە دەوڵەتی لە پشت بوو، ئەگەرچی بە کودتایەکی جددیش بـــە ئەژمار نایـــەت، بەلام تووشـــی چەندان کێشـــە بوونـــەوە. یەکەم، لە ســـاڵی ١٩٢٥، شـــەرکەرە وەهابیەکانی بەنی سعوود مەککە و مەدینەیان فەتح کرد و نەقشبەندییەکانیان وەدەرنا، کە بۆ ئەوان ئەم شارانە ناوەندگەلێکی گرینگی ڕێکخســـتن و مۆبیلزەکردنی سەروو نەتەوەیی[ترانسناشـــناڵ] بـــوو. دووهـــەم، ژمارەیـــەک هەوڵـــی یاســـایی لـــە لایـــەن فەرمانڕەوایانی ســـێکۆلار و ڕەگەزپەرســـتی کەماڵیستی کۆماری نوێی تورکیەوە ئەنجامدرا، کە نەقشـــبەندییەکانی بە تەواوی لاواز کرد. یەکەم، ئـــەوان فەرمانیان دەرکرد کە هەموو تەکیەی سۆفییەکان دابخرێ؛ دووهەم، ئەوان فەرمانی داخســـتنی هەموو مەدرەسەکانیان دەرکرد؛ ســـێهەم، ئەوان بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکانیش یاساغ کرد. بەم شێوەیە، دامەزراندنی کۆماری تورکیە خەسارێکی گەورەی هەم لە فێرکاریی خۆجێیی کـــورد وەهەمیش دەســـتوپێوەند و تۆڕەکانی نەقشـــبەندی دا، کـــە یەکگرتن و پەیوەســـتبوونێکی بێ وێنەی بە کۆمەڵگەی کوردی بەخشیبوو.[١٦]

بەلام لە درێژخایەندا، ئەم گوشارانە بوونە پاڵنەری نەزمی نەقشبەندی، بۆخۆڕێکخستن لـــە گـــەڵ بارودۆخێکی نوێـــدا و گۆڕینی لە فۆڕمێکـــی کۆمەلایەتیی ئایینیەوە لە ســـەر بنچینەی تەریقـــەت، بۆ فۆڕمێکی ئایینداری بـــە شـــێوەی تاکەکەســـی و لـــە دەرەوەی بازنەی چالاکیی سیاســـی و کۆمەلایەتی، لە ســـەربنەمای دین، کە بە ســـەرکەوتوییەوە هاوشێوەی داخوازی و بەربەستە داسەپاوەکان، لە لایەن دەوڵەتی ناسیۆنالیستی ـ سێکۆلاری تورکیـــە وکۆمەڵگەی شـــاری و مەدەنییەوە، بنەجـــێ کـــرا.[١٧] بێگومـــان بەرچاوتریـــن نموونـــەی ئـــەم خۆڕێکخســـتنە، پیشـــەی ســـەعید نۆرســـی(١٨٧٦ـ١٩٦٠)، نووسەری کۆمەڵەنامیلکەی تێروتەســـەلی «ڕیســـالەی نوور»ە کە بـــە بەربـــلاوی خوێندراوەتەوە و وەکوو ئیلهامبەخشـــی بزوتنـــەوەی نۆرچوو ناســـراوە. نۆرســـی ساڵانی پێشـــووتر کەمتر

بەوە ناسرابوو کە تا ئەو ڕادەیە کوردێکی نیشتمانپەروەر بێت، سەرەڕای ئەمانە هیچ پێکناکۆکییەکی لە نێوان ئەجێندای ڕیفۆرمی ئیسلامی ویەکگرتنی نەتەوەیی کوردەکان، لەروانگەی خۆیەوە بەدی نەدەکرد.[١٨] بەم پێیە، لە دیوانی ئاداب و رسووم کە لە ساڵی ١٩٠٩ نوسراوە، نۆرسی، لە گەل هاورێکەی خەلیل خەیاڵی لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە دەربارەی ڕێنووس، ڕێزمان و نەحوی کوردی کە «بنەمای زمانی ئێمەیان پێکهێناوە»، ستایشی « گیانفدایی بۆ نیشتمان»ی کردووە، ئەو بە دەربڕێنی ئەوەکە «زمان کلیلێکە بۆ داهاتووی خەڵک» لە بەرئەنجامدا داوا لە « شێرەکانی کورد» دەکات کە لە «خەوی پێنج سەد ساڵەیان ڕاپەڕن».[١٩]

نۆرسی ڕێز و پێزانینی خۆی بۆ قارەمانانی فێرکاریی زمانی کوردیی خۆجێیی وەکوو مەلای جزیری، ئەحمەد خانی و مەولانا خالید دەربڕیوە، و چالاکانە و خەمخۆرانە تێکۆشاوە بۆ کردنەوەی قۆتابخانە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە ئوستانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی و تەنانەت پێشنیازی کرد کە «زانستگەی ڕۆژهەڵاتی» لە وان دروست بکرێ. ئەم هەوڵانە جگە لە باوەڕمەندیی خوێندن بە زمانی دایکی، وەکوو بنەمایەک بۆ هوشیاریی نەتەوەیی ئیلهامی لێ وەرگیراوە و هەروەها لە ڕوانگە/پرۆژەی ئایینی شافیعیی ئیسلامی سوننەوە، وەکوو ئایینێکی نەتەوەیی کوردی سەیر کراوە. بەهەر حاڵ، لە کۆمارە تازە دامەزراوەکەی تورکیەدا، پرۆژە نەتەوەیی و سیاسییەکانی نۆرسی کتوپڕ ڕاگیرا. پاش سەرکوتی کردنی شۆڕشی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥، نۆرسیش دوورخرایە بۆ ئوستانی ئیسپارتا؛ ساڵانی دواتر ئەو لە هەر چەشنە دەربڕینێک کە دەکرێ وەکوو چالاکییەکی سیاسی لێکبدرێتەوە، چ وەک کەسایەتییەکی ئیسلامیی ئایینی، یان کەسایەتییەکی نەتەوەیی کورد، بە وردی خۆی دە بوارد. بەم شێوەیە، نەقشبەندیزم و بەتایبەتی لقی خالیدییەکەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بە سەرداهات. ئەگەر چی لە تورکیای کۆماریدا تا ڕادەیەک شاراوەیە، بەڵام بوو بە هەوێن و قوتابخانەیەک کە بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکان و شۆڕشە گرینگە ئیسلامیەکانی تورکیە لە سەدەی بیستەمدا، خۆیان پێوە گرێدا.[٢٠] ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە بە دڵنیاییەوە، وێژمانی نەقشبەندی، ڕەسم و ڕسوم، توانایی و کردەوە، شێوە و تۆڕەکانی ڕوانگەی ئیسلامییەکانی وەکوو سەعید نورەسی، فەتحوڵڵا گولێن، نەجمەتین ئەربەکان، تورگوت ئوزال و ڕەجەب تەیب ئوردوغانی بیچم داوە، تەنانەت ئەگەر بەشێک لەم کەسانە لەوانەیە بە توندی دژی ئەوانی دیکە بن و بە هیچ شێوەیەک بە مانای وشە ناکرێ وەکوو پێڕەوی لە ڕەسم و دابی «سۆفی» لە قەڵەم بدرێن. کە واتە، بەر لە یاساغکردنی نەزمی سۆفییەکان لە لایەن کەماڵیستەکانەوە، نورەسی تەریقەتەکانی وەکوو پاشکەوتوو لە قەڵەم دابوو. سەرەڕای ئەمانە، زۆربەی نەقشبەندییە لێهاتووەکان بە ئاشکرا وشیاریی کوردییان لە خۆیان نیشان داوە، ئەگەرچی ئەوان بە شێوەی گشتی و تایبەتی، بێ پێچ و پەنا، یان تەناتەت بە ڕاشکاوی کورد نەبوون. وەکوو یەکێک لە لێکۆڵەرانی کورد، کە خۆشی هۆگرو هاوفیکری نەقشبەندییە، لەم دواییانەدا ڕایگەیاند، کە لە ڕاستییدا کوردستان «نەقشبەندیستانە».[٢١] بە دڵنیاییەوە لە کاتێکدا وەها گەنگەشەگەلێکی بەرفراوان زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام ئەمانە ئاماژەن بۆ ڕۆڵی لە بیرنەکراو و نواندنی هاوسۆزی بۆ بیروباوەڕی نەقشبەندی ، ئەگەرچی تەنانەت هەر بەوشێوەیە کە لە سەرەوە باس کرا، تەریقەتی نەقشبەندی چیدیکە وەکوو پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی یان دامەزراوەیەک، هێزێکی سەرەکیی نییە چ لە ناو کومەڵگەی کوردی، چ لە تورکیە

یان هەر شوێنێکی دیکەدا.

سووریە و ئێراق، وڵاتانی تازە دامەزراوی عەرەبی بە کەمینەیەکی بنچینەی کوردەوە، لە چـاو کۆماری تورکیە لـە هەمبەر فۆرمە ئایینییـە ڕێکخراوەکانـدا زیاتـر مودارایان دەکرد، ئەگەرچی لقـە جیاوازەکانی حیزبی بەعس لە سالی ١٩٦٣ لە هەر دوو وڵاتدا بە دەسـەڵات گەیشتن، و خۆیان بە سێکۆلار و سۆسیالیست دەزانی بەڵام هیچکامیان نەزمی سـۆفییەکانیان بە نایاسایی لە قەڵەم نەدا. بە پێچەوانەی ئەجێندای ناسیۆنالیستیی عەرەب کە بە شـێوەیەکی بەرفراوان بەریەککەوتنی لەگـەڵ ئارمانەکانـی کـورددا هەبـووە. لە ئێراقی بەعسییدا، عەرەبە سوننەکان کەمینە بوون و ئیخوان موسـلمین زۆر لاوازتربوو لە میسـر و سـووریە، ڕەنگە ئایین ڕۆڵ ببینێ لـە ڕێکخسـتن و موبلیزەکردندا [بەسـیج کـردن]، بەڵام ئـەم دەربڕینانـە بە کەمیی هەڵگەڕاوەتـەوە بۆ ڕوانگەیەکـی ئایدۆلۆژی لـە ڕووبەڕووبونەوەی نێوان شۆڕشـی کورد وڕێژیمدا، کە بە شێوەیەکی گشتی لە خاڵ بە خاڵی ناسـیۆنالیزمی سیکۆلاردا بەیان دەکرا، نەک لـە وتەزای ئایینی یـان فیرقەییدا. لە سـووریە، ڕێژیمی بەعسـی ئەسەد بە چڕی پشتی بەو عەلوییانە بەستبوو کە پێشینەیەکی لادێییان هەبـوو، لە دەرئەنجامـدا زۆربەی حەشیمەتی عەرەبی سـوننە، بە تایبەتی لە شارەکانی وەکوو حەڵەب، حومس و حەما، لە پەراوێز خران؛ لەم شارانەدا، دژایەتیی لە گەڵ ڕێژیم لە ڕوانگەی سـەلەفییەتەوە خاڵبەندی کـرا و لە ڕێگەی گرووپەکانـەوە بە تایبەتی گرینگترینیان ئیخوان موسـلمینەوە، بەیان دەکرا. لەم ڕووەوە، ڕێژیم ژمارەیەکی بەرچاو لەوکوردانـەی کە گرێدراوی نەقشـبەندی و دژبەری سەلەفییەت بوون، لە ڕێبەریی ئایینی میللیدا جێگیر کرد. ناسراوترین عولەما لە ناو ئەوانەی کە پێشـینەیان کورد بوو، ئەحمەد کەفتـارۆ، موفتیی بـاڵای سـووریە بوو، تا کاتی مردنی لە سـاڵی ٢٠٠٤دا، و ڕۆحانیی ڕیفۆرمخواز سـەعید ڕەمەزان ئەلبووتی، کە بـە وتـەی بینەرانی لۆکاڵی، تـا ئەو کاتەی کە لە مزگەوتی ئیمانی دیمەشـق لە مارسی ٢٠١٣دا کوژرا، تەقریبەن شـان بە شـانی سـەرۆککۆمار لە تەلەفزیۆنـدا دەردەکەوت. کەفتارۆ لـە بنەماڵەیەکی سـوننەتیی کورد لـە حەی ئەکـراد، لە ناوچەی سـاڵحییەی دیمەشـق لە دایک ببـوو، بـە پێچەوانەوە ئەلبووتـی لە بنەماڵەیەکـی فەقیری کورد بوو کە لە کاتـی دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیە هەڵاتبوو. دامـەزراوە ئایینییەکانیش هاوشـێوەی شوناسـی نەتەوەیی سەرکوت دەکران. ئـەم دوو باوەڕمەندە بە ڕاشـکاوی وەفاداریی خۆیان بۆ دەوڵەتی بەعس دەربڕێ و بـە فەرمی نواندنـی چالاکیی توندوتیژی ئیسلامییان ئیدانە کرد. بەم شێوەیە، کافتارۆ لـە ئیدانەکردنـی چالاکییەکانـی ئیخوان موسلمیندا زۆر ڕاشکاو بوو، وەکوو کوشتاری بە کۆمەڵی سەربازەکانی ئەرتەش لە حەڵەب لە ساڵی ١٩٧٩ و شۆڕشی ١٩٨٢ لە حەمادا، هەروەها ئەلبوتیش شۆڕشی فیرقەی بەربڵاوی ئیسلامییەکانی لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠١١دا ئیدانە کرد. هەروەها ئەوان پێکەوە پاڵیان بە بازنەی نەقشـبەندییەوەدا و بەشێک لە دیسکۆرسی دژە سەلەفییەتیان- کە لەو سەردەمە سونەتییەدا، دوبارە بەرهەم دەهاتنەوە- پێناسـە کردەوە، لـەم ڕووەوە، ئەلبووتـی ڕەدکردنەوەی سـەلەفیزم لە ژێر باندۆری نەقشـبەندی بە ناوی نیشـانی ئەل موحەممەدابیە، بڵاو کردەوە.[٢٢]

لـە بارودۆخـی ئێسـتای تورکیـەدا، جیاوازی لە نێوان ئیلهامەکانی نەقشـبەندی و تەیفەکانـی سـەلەفییەت لـە ئیسـلامدا داپۆشـراوە و سـەرەڕای جیـاوازی لە گەڵ نەتەوە یان نەتەوەگەرایی لە نێوان تورکەکان و عەرەبەکاندا، ڕوانگە و ڕەفتارە نگەتیڤەکانی قەومی تورک و کورد دەربارەی عەرەبەکانی،

بەهێزتر کردووە. کەواتە بەم شێوەیە، ڕوانگە و بیروباوەڕەکانی نەقشبەندی لە ناو کوردەکان لە تورکیە، سووریە و ئێراقدا زیندووە، هەر چەند لە ڕووی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و پەرەپێدانەوە ڕێچکەی جیاوازی گرتووەبەر. ڕوونە، دەوڵەت نەتەوەی مودێرن، لیبراوانە هەر دوو ئایینی ڕێکخراو و تاکەکەسی، پەرە و شکڵ پێدەدات.

## لە دەیەی ١٩٨٠ بەملاوە: سەرهەڵدان و لاوازبوونی سەلەفی ـ جیهادیزمی کوردی

تەنیا لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینیدا بیرۆکەکانی سەلەفییەت، فۆرمە ئیلهامبەخشەکانی لە سەلەفییەتی ئیسلامی سیاسیدا، بایەخێکی زۆری لە ناو کوردەکان بە تایبەت لە ئێراقدا بە دەست هێنا، بەڵام تەنانەت ئێستا ئەوانیش لە پەراوێزدان. سەرچاوەی ئەم گەشە کردنە، جارێکی دیکە جیاوازە لە نێوان تورکیە و ئێراقدا. بە بێ ئاماژەکردن بە سووریە و ئێران کە هەنووکەش تا ڕادەیەک ناڕوونن. کەواتە، بە شێوەیەکی گشتی پێدەچێ نموونەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و بەڵێنی دان بۆ پیادەکردنی فۆرمێکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەتر لە ئیسلام وەکوو هاندەرێک؛ لە لایەن جیهادییەکانی ئەفغانستانەوە کە سۆڤیەت داگیری کردبوو، بە ڕێبەریی سوننە یاغییەکان و تۆڕەکانی ئیخوان موسلمینی میسر و جەماعەتی ئیسلامی و جەماعەتی عولەمای ئیسلامی و شۆڕشی سوننەکان دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٨٠بەپشتیوانیی پاکستان بێ. هەڵبەت ناکرێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە جەوهەری سەلەفی ـ جیهادی یان پێوەندییەکانی ئەم فۆرمە نوێیانەی چالاکییە ئایینی و سیاسییەکانی کورد لە چ دایە. لە بارەی چۆنیەتی وجەوهەری گرێدراو بە بزوتنەوەی بەربڵاوی سەلەفی – جیهادییەوە کە لە دەیەی ١٩٨٠ سەری هەڵداوە، هەنووکەش شتێکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە.[٢٣]

چالاکیی ئیسلامی لە ناو کوردەکاندا لە تورکیە بە شێوەیەکی ڕوون پەرەی گرت، پێدەچێ لە بواری نەتەوەییەوە، هەر لە بنەڕەتەوە لەو سەردەمەدا بیچمی گرتبێ. زۆریەک، ئەگەرچی نە بە تێکرایی، لەم گرووپە ئیسلامیانە ئاشتیخواز بوون: لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بەم لاوە، ژمارەیەک ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی نەقشبەندیی کورد، و بە شێوەی تایبەتی نۆرچوو پێشینەیەکیان هەبوو، لە هەمووی گرینگتر چاپەمەنیی نەوبەهار، کە ساڵانێک جگە لە بەرهەمهێنانی گۆڤارێک، لیستێکی بەرچاو لە کتێبی کوردیی چاپ و بڵاو دەکردەوە، کە لە ناویاندا وەرگێڕانی کوردیی بەرهەمەکانی سەعید نۆرسی زۆر بەرچاو بوو.

بەرجەستەترین و توندوتیژترین فۆرمی ئیسلامی سیاسی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە، لە فۆرمی حیزبوڵڵای کوردییدا سەری هەڵدا. سەرچاوەی ئەم سەرهەڵدانە لە بازنەی دەوروبەری ژمارەیەک لە کتێبفرۆشییەکانی ئیسلامییەکان، بە تایبەتی لە ئوستانی باتمان بوو. دواتر بە سەر لقی جیاوازدا دابەش بوون. بە درێژایی دەیەی ١٩٨٠، حوسەین ڤیلیلوو، یەکێک لە سەرکردەکانیان (١٩٥٢ -٢٠٠٠) وەکوو بەهێزترین کەس دەرکەوت. ئەگەرچی ناوەکە ئاماژەیە بۆ ئەویتر، ئەم گرووپە هیچ پێوەندییەکی بە حیزبوڵڵای لوبنانی (پشت ئەستووربە شیعە و ئێران) لە گەڵ نییە. بە پێچەوانەوە، ڤیلیلوو و هاوقەتارە چالاکەکانی دەستیان دایە نووسینی وتارگەلێک دەربارەی شۆڕشی ئیسلامی هاوشێوەی نووسەرانی ناڕووحانی وەک سەید قوتب و عەلی شەریعتمەداری و ئیلهامیان لە شۆڕشی

ئیسلامی لە ئێران، خۆراگریی ئەفغانەکان لە هەمبەر هێرشی سۆڤیەت و شۆرشی ئیخوان موسلمین لە سووریە وەرگرت، کە لە راپەرینی ١٩٨٢ی حەمادا گەیشتە لووتکەی خۆی.

دورون سورو، رەخنەی لە لێکدانەوە و شی کردنەوەکانی پێشوو دەربارەی حیزبوڵڵای کوردی، بە هۆکاری هەبوونی پێوەندی لە نێوان حیزبوڵڵای کوردی وئیخوان موسلمین، یان سەلەفیگەریی نێونەتەوەیی، گرتبوو. ئەو لە سەر ئەو بڕوایە کە وەها پێوەندیگەلێک لە جیاتی ئەوەی گریمانە بگرێ، دەبێ نیشان بدرێ. هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە کە رادیکاڵ بوونی ڤیلیلوو بە شێوەی ژێر بە ژێر، پێوەندی بە بازنەی مەدرەسەکان یان تۆرەکانی نەقشبەندییەوە، نیشان بدات. بە پێچەوانەوە، پێدەچێ رادیکاڵ بوونی ئەو لە کاتێکدا کە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ لە ئانکارا، هاوکات لەگەڵ رێبەری داهاتووی پەکەکە عەبوڵڵا ئوجەلان، خوێندکاری زانستی سیاسی بوو، رووی دابێ. ئەمە لەوانەیە بە رێکەوت نەبێ: لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ لە تورکیە، ئەوە فەزای سێکۆلاری زانستگەکان و خوێندکارانی رادیکاڵ بوون، کە زیاتر لە هەر فۆرمێکی رێکخراوەیی ـ چ بگات بە سیاسی بوونی ـ ئاییینیان بیچم دەدا، کە فۆرمە جیاوازەکانی چالاکیی نیزامی یان توندوتیژیی لە خۆ دەگرت. ئەمە بەم مانایە نییە کە چالاکییە سیاسییەکان لەو قۆناخەدا بە تەواوی سێکۆلار بوون: لە بواری جیاوازدا، ناکۆکیی لە نێوان راست و چەپەکاندا هەبوو، یان جیاوازی لە نێوان موسولمان و عیلمانییەکان، یان لە نێوان سوونەکان و عەلەوییەکان لە ئارادابوو. سەرەرای ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ناکۆکی و دژایەتییانە لە دەستەواژە و دوکتورینی مارکسیزمی سێکۆلار و ناسیۆنالیزمەوە سەرچاوە دەگرێ تاکوو ئیسلامی بەسیاسی کراو. تاکوو سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، حیزبوڵڵای کوردی، نەتەنیا دەسکەوتێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا، لە راستییدا ریسواییەکەی لە ١٩٩١ بە دەسپێکردنی کەمپینگێک بە مەبەستی تیرۆری چالاکانی پەکەکە و رۆژنامەوانەکانی رۆژنامەی ئۆزگورگوندم، دەستی پێکرد. پرۆ پەکەکەیەکان، ئەم رێکخراوەیان بە شێوەی نهێنیی بە حیزبی کۆنترا (وەکوو گرووپی مەرگ کە لە لایەن دەزگای ئەمنی تورکیەوە پێکهاتبوو)، ناو دەبرد و رەد دەکردەوە؛ بەڵام پێدەچێ ئەمە شتێکی لە رادەبەدەر ساکار بێ.[٢٤] لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٩٠، حیزبوڵڵای کورد، زۆربەی چالاکییەکانی خۆی راگرتبوو، کە هۆکارەکەی بەشێکی چەندین هەڵمەت یان دەسگیرکردنی ئەندامەکانی بوو، لە ساڵی ٢٠٠٠، رێبەرەکەیان ولی ئوغڵوو لە لایەن پۆلیسی ئیستانبووڵەوە تەقەی لێ کرا. بەم شێوەیە، پاش ساڵی ٢٠٠٤، بارودۆخێکی بە تەواوی جیاواز هاتە ئاراوە، لە ژێر رۆشنایی روانگە نوێیە سیاسییەکەی ئاکپارتی [حیزبی گەشە و دادپەروەری] نیزیک بوونەوە لە یەکیەتیی ئوورووپا هاتە ئاراوە، پاشان ئەوەی کە ئاکپارتی وەکوو» کرانەوەی کوردەکان» ناوی برد، ئەگەرچی هێشتا نارروونە، بەڵام دەرفەتێکی بێ وێنە بوو کە کوردەکان لەو رێگەیەوە، خۆیان بەیان بکەن. لە ساڵی ٢٠٠٨ بەم لاوە، چالاکانی حیزبوڵڵای کوردی داگرو هەیبر بە شێوەی هەفتانە بلاو دەکەنەوە.

لەم بارودۆخە نوێیەدا بە ئاشکرا ئیسلامیش فەزایەکی کراوەتری بە نیسبەت حکوومەتی پێشووی کەماڵیستییەوە پێ برا و حیزبوڵڵای کوردییش سەرلەنوێ سەری هەڵداوە، بەڵام هەوڵەکانی ئەمجارەیان لە جیاتی پەنا بردن بۆ توندوتیژی، لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئەنجام دەدا. چالاکانی سەر بە حیزبوڵڵای کورد، دەستیان دایە رێکخستنی بەربڵاوی خەڵک لە بۆنەکان،

بۆ وێنە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر، هەروەها پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانی نارەزایەتییەکان لە دژی ئەو کاریکاتێرە دانمارکییانە کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا دورست کران وبە پێی ڕاپۆرتەکان دەگوترێ نێزیکی نیو میلیۆن خەڵکی لە خۆ گرت؛ یان لە دژی گۆڤاری تەنزی فەرانسەوی، چارلی ئێبدۆ لە ژانویەی ٢٠١٥، کە نێزیکی سەد هەزار نەفەر بەشدارییان تێدا کرد. بە هەر حاڵ، ئەم خۆپێشاندانە بەرفراوان و گشتییانە، هیچکات نەگوازرانەوە بۆ بارودۆخی هەڵبژاردنەکان؛ لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢دا پارتێکی سیاسی بە ناوی پارتی ئازادیی داوا دامەزرا، بەڵام لە هەڵبژاردنی گشتیی ژوئەنی ٢٠١٥، ئەم پارتە لە نۆ ئوستانی (زۆرینە کور) ٦٣٤٩٣ دەنگی بەدەستهێنا. لە هەڵبژاردنی نوێی نوامبری هەمان ساڵدا، تەنانەت هەر بەشدارییان نەکردەوە.[٢٥] ساڵی ٢٠١٤ زیادبوونی ناکۆکیی جدی ناوخۆییی کوردەکانمان، لە تورکیە بینی. ئەگەرچی خۆیان دەرگیری کردەوەی توندوتیژی نەبوون، پشتیوانانی هوداپار بە ئاشکرا هاودەردییان لەگەڵ «دوەڵەتی ئیسلامی»[داعش] کە شەرکەرەکانیان ئەو کاتە شاری کۆبانییان گەمارۆ دابوو، دەردەبڕی. لە مانگی ئوکتۆبەر، بە هۆی بارودۆخی نالەباری کۆبانییەوە، دەرگیریی جددی لە نێوان لایەنگرانی وەجۆش هاتووی پەکەکە و هوداپار ڕوویدا؛ بە واتایەکی دیکە، لایەنگرانی پەکەکە هێرشەکانیان بۆ سەر بنکەکانی هوداپار دەست پێکرد، کە لانیکەم بووە هۆی کوژرانی ٣٥ کورد کە زۆربەیان ئیسلامی بوون. بە تایبەتی، شاری جزیرە شاهیدی بەردەوامی چەرخەی توندو تیژی و کوشتنی زۆریەک لە چالاکان بوو.[٢٦] دەرفەتەکان بۆ نواندنی چالاکیی توندوتیژیی ئیسلامییەکان لە تورکیە، تەنیا بە وەرێخستنەوەی شەڕ لە دراوسێیەتیی سووریەدا قورستردەبووە. ئەگەرچی وێرای هاوخەمی بۆ گرووپە سەلەفی-جیهادییەکان و ڕەنگە هەروەها هەبوونی هێندێک پێوەندی، بە شێوەیەکی گشتی، پێدەچێ کە ئیسلامییە کوردەکان لە تورکیە، ڕێرەوی خۆیان درێژە پێدابێ. بەم شێویە، بە ڕادەیەکی بەرچاو، جگە لە ڕاپۆرتەکان کە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیە و بە ئیستلاح دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) دەکەن، بەڵکوو هەروەها باس لە ناوەندە خۆجێیەکانی داعش یان چالاکانی پرۆ داعش لە چەندین شاری باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە و گرینگتر لە هەمووان غازی عەنتاب دەکرێ.[٢٧]

پێوەندیی سەلەفی ـ جیهادییەکان لەگەڵ گرووپە چالاکە ئیسلامییەکان کە لە دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ لە کوردستانی ئێراقدا سەریان هەڵدا بە تەواوی ڕوونە. بە درێژاییی دەیەی ١٩٩٠، بەرچاوترینی ئەم گرووپانە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی ئێراق بوو کە مەلا عوسمان عەبدولعزیز ڕێبەریی دەکرد. بە پێی ڕاپۆرتەکان، مەلا عوسمان لە کاتی خوێندن لە زانستگەی ئەلئەزهەر لە قاهیرە، پەیوەست دەبێ بە ئیخوان موسلمینەوە؛ ئەو هەروەها پێوەندی لەگەڵ جەماعەتی ئیسلامیی پاکستان و موجاهیدینی ئەفغانستان و بەتایبەتی بورهانەدینی ڕەبانییدا، هەبووە. وتە بێژێکی بزوتنەوەی ئیسلامی، ئیدیعا دەکات کە ئەگەرچی مەلا عوسمان بیرۆباوەڕی خۆی پەرەپێداوە، بەڵام ئەو نێزیکایەتیشی هەبووە لە گەڵ ڕوانگەی گرووپە سەلەفی-جیهادییەکانی دیکەشدا.[٢٨]

پاش مەرگی مەلا عوسمان لە ساڵی ١٩٩٩، بزووتنەوەی ئیسلامی بوون بە چەند دەستەوە. بێگومان ناسراوترین یان ناوزڕاوترین ڕێبەرانی نوێ، نەجمەدین فەرەج (بە ناوی خوازراوی مەلا کرێکار) بوو کە پێوەندیی لەگەڵ مەکتەبی عەبدوڵڵا عەزەم ئەلخادیمات لە پیشاوەر و هەروەها بە پێی ڕاپۆرتەکان، لەگەڵ ئوسامە بن لادەنیش لە

پێوەندیدابووە. ئەو لە ساڵی ٢٠٠١ گروپێکی نوێی بە ناوی جوندولئیسلام پێکهێنا کە لە ئەنجامدا لە گەڵ گرووپە جیهادییەکی دیکە بە ناوی ئەنسارولئیسلام کرانە یەک، ئەمەی دوایە تووشی رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی بوون لە گەڵ هێزکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا. لە کاتی هێرشەکەی ١١ی سێپتامبەر لە ئامریکا، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، توانی قەناعەت بە ژمارەیەک هێزی نیزامی لە ڕۆژئاوا بێنێ کە ئەنسار، ئەڵقەی شاراوەی نێوان سەددام حوسێن و ئوسامە بن لادنی پێکهێناوە؛ لە ئاکامدا، مەکۆی ئەنسار کە لە ناوچەی سنووری نێوان ئێران و ئێراق لە نیزیکی هەڵەبجە بوو، بە یارمەتیی هێزی هەواییی ئامریکا لە بەهاری ٢٠٠٣دا لە ناو بران. لە سێپتامبەری ٢٠٠٢، کرێکار، وەکووپەنابەرێک لە نۆرویژ بوو، لە کاتی هاتوچۆ لە فرۆکەخانەی ئەمستردام دەستگیر کرا، ئەو خۆی دەدزیەوە لەو ئیتهامانەی کە ئامریکا وەپاڵی دەدا و گەڕاوە بۆ نۆرویژ، شوێنێک کە لە ئەنجامدا دادگایی کرا و ماوەی چەندین ساڵ زیندانی بە تاوانی هەڕەشەی کوشتن لە دژی سیاسەتوانانی خۆجێیی نۆرویژ و چالاکانی سێکۆلاری کورد، بۆ ڕایەوە.[٢٩]

بەم شێوەیە، لە درێژماوەدا، دوای کرێکار تەنیا عەلی باپیر، ئەندامێکی دیکەی هەمان بازنە ماوەتەوە کە بتوانێ ڕۆڵێکی بچووک لە سیاسەتی کوردستاندا بگێڕێ. ئەو خەڵکی ڕانیەیە، شوێنێک کە هێشتاش پێگەیەکی بەهێزی تێیدا هەیە. باپیر پاش جیابوونەوەی لە بزوتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامیی دامەزراند. وەکوو بەشێکی ئۆپراسیۆنەکان لە دژی ئەنسارولئیسلام، باپیر لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن هێزەکانی ئامریکاوە دەستگیر و زیندانی کرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ ئازاد کرا؛ بە لەبەرچاوگرتنی وتەکانی خۆی، ئەو لە بەندیخانەدا توانی ژمارەیەک لە بەندییە بەعسییەکان بگۆڕێ.[٣٠] لەو کاتەوە، کۆمەڵی ئیسلامی لە جیاتی کردەوەی چەکدارانە دەرگیری هەڵبژاردنی سیاسییە، بە مەبەستی دوروست کردنی لیستێکی هاوبەش لە گەڵ پارتەکانی دیکە، وەکوو یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی سۆسیالیستی حەمەی حاجی مەحموودا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە، کۆمەڵی ئیسلامی شەش کورسیی پارلمانی هەیە.

## کۆبەند

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لەوانەیە تەریقەتی قادری و نەقشبەندی چیدیکە بەشێکی بەرچاو لە خەڵک موبیلیزە [بەسیج کردن] نەکەن؛ بەڵام ئاخێو(گفتمان)، تێڕوانینەکان، کردەوە و فۆرمەکانی ڕێکخستنی سەرچاوە گرتوو لە نەقشبەندی، درێژەی دەبێ لە پێکهێنانی هەست و زەینی ئیسلامی و ئیسلام لە نێو تورکەکان، کوردەکان و ئەوانی دیکەشدا. بەم شێوەیە، ئەوان چالشێکی سەرنجراکێشیان ڕووبەڕووی ژمارەیەک هۆکار کردووەتەوە کە هەنووکە کاریگەریی لە سەر فەندەمێنتالیزمی موسوڵمانان هەیە. بۆ وێنە، لێکۆڵەری بەناوبانگی فەرانسەوی، ئۆلیڤیر ڕۆی، بەڵگە دەخاتە ڕوو کە ئیسلامی سیاسی، وەکوو پرۆژەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەخرێتە ڕوو، کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠دا شکستی هێنابوو، بەم پێیە، ئەوەیکە ئەو بە « فەندەمێنتالیزمی نوێ» ناوی دەبات، یان هەوڵدان بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگە، وەکوو هەمیشە بەهێز بووە. بە تایبەتی ڕۆی، دەربارەی ئەم شکستە بەڵگە دەخاتە ڕوو کە شۆڕشە ئیسلامیەکان (چ لە ناو کۆماری ئیسلامیی ئێران یان لە میسری پاش موبارەک)، چوونەتە قۆناخی «پۆست ئیسلامیزمەوە» کە لەودا چالاکانی ئیسلامی (نە لیبراڵ ـ سێکۆلارەکان) دیاری دەکەن کە چ بیاڤ یان

فەزایەکی سیاســـیی دیاریکراو، بوونی هەبێ یان نا و نابێ لە ژێر ڕۆشـــنایی و ڕێوشوێنی ئاییندا ئاراستە بکرێ. ڕۆی، لە دوایین کاریدا بەڵگە دێنێتەوە کە لە ســـەرەتای ســـەدەی بیست و یەکەمدا، ئیسلامێکی نوێی جیهانی سەری هەڵداوە کە بشـــێوی، دژە کلتوری و ســـڕینەوەی لێ کەوتووەتـــەوە: لە خەباتێکی سیاسیی بەرتەسک لە ڕووی جوغرافیاییەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنـــی دەوڵەتێکی دیاریکراو، گۆڕاوە بۆ خەباتێکی ئەخلاقیی جیهانی و بێ کۆتایی لە نیوان خێر و شەڕدا. لەم ئانالیزەدا، ئەلقاعیدە تاکـــە توندڕەوترین و بەرچاوترین نوێنگەی ئەم دیـــاردە بەرفراوانەیە.[٣١] ڕۆی، بەڵگـــەی زیاتر دەخاتە ڕوو و ســـەلەفیزم لە ســـەدەی بیســـت و یەکەمدا بە بەربژێرێکی شیاو بۆ وەها ئیســـلامێکی جیهانی دەزانێ ، بە ڕەد کردنەوەی ئاداب و ڕســـوومی لۆکاڵی لە فۆرمەکانی جیهادییدا (جەهل یان نەزانی) یان بەرپرســـیاریەتی (پەرەستنی بت)دا. کە فۆرمێـــک لە فەرهەنگســـازی لـــە دین پەرە پێدەدا، کە لە هەموو سەرچاوە کلتورییەکان پاک کراوەتەوە و ئەمەش  بە تایبەتی بۆ وەخۆ گرتن لە کۆمەڵگەی دیکەدا سەرنجراکێشە.

تێزەکانی ڕۆی، هەر بەم شێوەیە کە هەن گرینـــگ و جێی ـ تێرامانـــن، بەڵام لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ماناکانی هاوچەرخی ئیسلام لە ناو کوردەکاندا ، لە گەڵ ژمارەیەک کێشـــەی بنەڕەتی بـــەرەڕوو دەبێتـــەوە. لە ســـەرەتاوە، ئیســـلامییە تورک و کوردەکان، جەوهەری جیاوازی نەقشبەندییان پشتگوێ دەخســـت؛ بێگومان ڕێکخســـتنەکانی وەکوو بزووتنەوەی نۆرچـــوو و گولەن درێژ کراوەی نەقشـــبەندین و لە هێندێک بواردا ڕاشکاوانە ڕوانگەیەکی دژە سەلەفییان هەیە. سەرەڕای ئەمانـــە، جیاوازیی شـــیکاریی ڕوون لە نێوان ئیسلامی سیاســـی و فەندەمێنتالیزمی نوێدا، کەم کردنـــەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و کۆمەڵگەی بە ئامانـــج گرتووە یـــان جیاوازیی بەرچاوی پێوەندیـــی نێـــوان دەوڵـــەت و کۆمەڵگەی پشتگوێ خستووە، تەنانەت لە نێوان وڵاتانی دراوســـێی وەکوو تورکیە و ئێراق (کە دەبێ وێڕای یـــەک ئاماژەیان پێ بکرێ، ســـەر بە هەمان فەرمانڕەوایی عوسمانیی سەدەیەک لـــە مەوبەرن). ســـەرەڕای ئەمانـــە،  جگە لە ڕێڕەوە دیاریکراوەکانی ئیســـلام و ئیسلامیزم لەم وڵاتانـــە، و پێوەندیی نێـــوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، دینامیکە جیاوازەکانی نەقشبەندی ـ سەلەفی دەخاتە ڕوو.[٣٢]

لـــە ئەنجامـــدا دەوڵەتـــی ئیســـلامی لە ئێـــراق و ســـووریە،(داعش)،  پـــاش ٢٠١١ وەهـــا وێرانییەیەکـــی ئەنجامـــدا، کە لەگەڵ وێنەی ئیســـلامێکی جیهانیی پەرچەکردار و دەوردراودا کە لە بنەڕەتەوە، نهیلیستە یەک ناگرێتەوە. یەکەم، هەر بەو شێوەیە کە ناوەکەی دەریدەخـــات، دەرگیری پرۆژەی سیاســـیی دامەزراندنی دەوڵەتە. دووهەم، سەرەڕای ئەوە کە ڕیتۆریکی خۆیان لە سەر بنەمای خەبات بـــۆ فەرمانڕەوایی لە سەرتاســـەری جیهانی ئیســـلامی ڕاســـتەقینە داناوە، لە ڕاســـتییدا قەڵەمڕەوی ســـەرەکیی داعـــش ناوچەیەکی جوگرافیی بە تەواوی دیاریکراوە: بەشـــێکی بەرفراوانی ناوچەی عەرەبی ســـوننە نشـــین لـــە نیمچە دوورگەی عەرەبـــی و بە تایبەتی باکووری بیـــن ئەلنەهرین، لە خۆدەگرێ؛ کە بە هۆی بۆشاییی دەســـەڵات یان بارودۆخی بەهێـــزی بەرگری لـــە دژی دەوڵەت، کەوتە دەســـت داعش. لە ڕاســـتییدا ژمارەیەک لە گرووپە جیهادییەکان لـــە ناو ئەوانی دیکەدا لە لیبـــی و بیابانی ســـینا بەڵێنیان داوە کە وەفادار بن بە داعـــش، کە پێناچێ  ئەمە لە ڕووی ناوەنـــدی ڕێکخســـتن و هاوکارییەوە زۆر مانادار بێ بۆ داعش . ســـێهەم، سەرەڕای ڕیتوریکـــی جیهانگەرایانـــەی دامەزراندنـــی خەلافـــەت بۆ هەموو ئۆمەت، یان کۆمەڵگەی دینداران، داعش بە بەرفراوانی لە ناو عەرەبە ســـوننەکاندا تەنیوەتەوە، دەنا بە شێوەیەکی

گشتی لە گەڵ خەمساردی یان تەنانەت ڕەقەبەریی گرووپە قەومییەکانی دیکە ـ چ بگا بە فیرقە گەرایی ـ بەرەوروویە. ئامار و داتای پێشکەش کراو لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی بۆ ڕادیکالیزە بوون لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دەریدەخات کە بە گشتی زیاتر لە بیست هەزار چەکداری، لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبی لە خۆ گرتووە. تەنیا ٢٥٠٠ موجاهیدی زیاتر بە بەراورد لە گەڵ هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئورووپای ناوەندی لە عەرەبستانەوە هاتوون.[٣٣] کە واتە، ئەم ئامارانە نیشان دەدات کە نابێ غافڵ بین لە زێدە گوتنی تایبەتمەندی یان جەوهەری گەردونیی موبیلیزەکردن و وەرگرتنی هێزی چەکداری نوێی داعش. پێویست ناکات کە ئەم جیهانیبوونە وەکوو کێشمەکێشێک لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بە شتێکی نوێ لە قەڵەم بدرێ. ژمارەی پێوانەیی نێزیکەی بیست هەزار چەکداری بیانی کە تەنیا بڕێک زیاترە لەو ژمارە پێوانەییەی موجاهدینی بیانی لە شەڕی ئەفغانستان لە دەیەی ١٩٨٠دا، و بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمترە لە ژمارەی چەکدارە بیانییەکان کە تەسور دەکرێ لە شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیادا شەڕیان کردبێ، (بە گشتی نێزیکەی ٤٠٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێ، لە ڕاستییدا ئەگەرچی هەموو کاتێک زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس دەرگیری ئەم کێشمەکێشە بوون).[٣٤] بەڵام گرینگتر لە هەمووی، ئامارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی بۆ ڕادیکالیزە بوون، بە شێوەیەکی سیستماتیک بە لارێدابەرە، ئەوان چەکدارانی لۆکاڵی لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی داعش لە سووریە و ئێراق دێننە دەرەوە، کە ئیمکانی زۆرە، زۆربەی هەر زۆری ئامار و زانیارییەکانی داعش، بەم شێوەیە کۆ بکرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، سەرەڕای هەموو نیشانەکان، داعش لە بنەڕەتدا هەیمەنەی لە ناو عەرەبە سوننەکان، بەتایبەتی لە ئێراق و سووریە چەسپاندوە.[٣٥] سەرەڕای دەربڕینی هاوخەمیی ئاشکرای هێندێک مەحفەلی ئیسلامی بۆ داعش (بە مانای کەڵەکە بوونی بەڵگەی پشتیوانیی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی تورکیە نییە)، لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو تورکانە کە پەیوەست بوون بە داعشەوە، ڕێژەیەکی کەمە. هەر بەم پێیە، پێدەچێ تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کوردەکان لە ئێراق، تورکیە، سووریە و ئێران پەیوەست بووبن بە داعشەوە. دەربارەی هۆکارە تایبەتییەکانی ئەوان زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە، بەڵام پێدەچێ جیهادییە کوردەکانی ئێراق لە بنەڕەتەوە لە ناوچەی هەڵەبجە، کە بە سەرچاوەی چالاکیی ئیسلامییەکان ناسراوە، کەیف خۆش بن، ناوچەیەک کە زۆربەی خەڵکەکەی لە ڕێبەرانی سێکۆلاری کورد هیوابڕاو یان دووره پەرێز بوون. پیدەچێ شەرکەرە داعشییەکانی کورد لە تورکیە بە زۆری لە ناوچەی باتمانەوە هاتبن، هەر بەمشێوە ناوچەیەک بە پێشینەیەکی دێرینی چالاکیی ئیسلامییەوە.

بە واتایەکی دیکە، سەرەڕای ڕیتۆریکی گەردوونیی ئیسلامی و دژە ڕۆژئاوایی (یان، کەسێک کەڵکەڵەیەتی بڵێ، ناوبانگی هەبێ) وێڕای بە خۆنازین بۆ باتڵ کردنەوەی ڕێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ، داعش مەترسییە فیرقەیی، قەومی و نەتەوەییە باوەکانی سەرلەنوێ بەرهەمهێناوە. لەو پەڕی سادەییدا، دەکرێ بڵێین کە کێشمەکێشی پرۆپاگاندەیی لە لایەن هەموو لایەنەکانی شەڕەکەوە ئەنجام دراوە، دەکرێ تێگەیشتن و زاڵ بوونی بەرانبەرەکەش ببینی و جیاوازییە باوەکان لە نێوان کوردەکان و عەرەبەکان، موسوڵمانان و مەسیحی، شیعە و سوننە، ئۆرتۆدۆکس و بێ باوەڕەکان و لە نێوان فۆرمەکانی ئیلهام گرتوو لە نەقشبەندی و سەلەفیگەرایی لە ئیسلامی سوننەدا، بخرێتە ڕوو. بەدەر لەمە، وێنەی پرۆپاگەندەی

پێوەندیداربە ژنە گریلاکانی کورد لە لایەکەوە و بازاڕ و فەرمانەکانی داعش بۆ کۆیلە کردنی ژنان لــە لایەکی دیکــەوە، هەردووکیان بە شێوەی هاوسان و بە شەوقەوە لە میدیاکانی جیهاندا بەرهەمدەهێنرێنەوە، ئەمەش نیشان دەدات کە  جیندەر و سێکســچواڵێتی تا چ ڕادەیەک لــە ڕووبەڕووبونەوە بەردەوامەکاندا، بە ئامراز کراون.[٣٦]

*. Michiel Leezenberg, «Religion Among the Kurds: Between Naqshbandi Sufism and IS Salafism.» In The Kurdish Question Revisited, Edited by Gareth Stansfield and Mohammed Shareef, 33-46 (Oxford: Oxford University Press, 2017).

## سەرچاوەکان


1. for a recent collection of papers on these various groups, including Christian ones, see Khanna Omarkhali (ed.), Religious Minorities in Kurdistan (Berlin: De Gruyter, 2014). On the Yazidis, see e.g. Nelida fuccaro, Te Other Kurds: Yazidis in Colonial Iraq (london: I. B. Tauris, 1999); Christine allison, Te Yezidi Oral Tradition in Iraqi Kurdistan (london: Curzon, 2001); Philip Kreyenbroek, Yezidism: Its Background, Observances, and Textual Tradition (lewiston, NY: Edwin Mellen, 1995); Birgül açıkyıldız, Te Yezidis (london: I. B. Tauris, 2010). On the ahl-e Haqq, next to the classical studies by Minorsky, see e.g. Nuri Yasin al-Hirzani, al-kake'iyye: Dirasa anthrubulujiyya li'l-haya al-'ijtima'iyya (Erbil, 2007). On the (Kurdish) alevis, see for example the papers collected in Paul White and Joost Jongerden (eds), Turkey's Alevi Enigma: A Comprehensive Overview (leiden: Brill, 2003). On the Shabak, see amal Vinogradov, "Ethnicity, cultural discontinuity, and power brokers in Northern Iraq: Te case of the Shabak," American Ethnologist 1 (1974) pp. 207-18; Michiel leezenberg, "Between assimilation and Deportation: History of the Shabak and the Kakais in Northern Iraq," in B. Kellner-Heinkele and K. Kehl-Bodrogi (eds), Syncretistic Religious Communities in the Near East (leiden: Brill, 1997).
2. for a notable exception, see for example Martin van Bruinessen and Joyce Blau (eds), "Islam des Kurdes," Les annales de l'autre Islam 5 (Paris: INalCO, 1998). See also the papers collected in Van Bruinessen's Mullas, Sufs, and Heretics: Te Role of Religion in Kurdish Society (Istanbul: ISIS Press, 2000).
3. Tus, I will also avoid discussion of how, especially in more secular nationalist circles, the Yezidi faith has come to be construed as a branch or ofshoot of Zoroastrianism, and as such the Kurds' original, pre-Islamic religion.
4. I have described his process of vernacularization in more detail in "Elî Teremaxî and the vernacularisation of madrasa learning in Kurdistan," Iranian Studies 47:5, pp. 713-33. See also Zeynelabidin Zinar, Xwendina medresê (Stockholm, 1993).
5. I. Weismann and f. Zachs (eds), "foreword," Ottoman Reform and Muslim Regeneration: Studies in Honor of Butrus Abu-Manneh (london: I. B. Tauris, 2005) p. 10. Cf. e.g. albert Hourani, "Sufsm and Modern Islam: Mawlana Khalid and the Naqshbandi order," in his Te Emergence of the Modern Middle East (london: Palgrave Macmillan, 1981) pp. 75-89; Butrus abu-Manneh, Studies on Islam and the Ottoman Empire in the 19th century (1826–1876) (Istanbul: Isis Press, 2001).NOTES
548
pp. [36–38]
6. Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh, and State: Te Social and Political Structures of Kurdistan (london: Zed Books, 1992) esp. pp. 224-34. In fairness, it should be noted that van Bruinessen also mentions the Khalidiyya Naqshbandi's distinct and decentralized organizational structure as a prime cause of their rapid expansion.
7. Yitzak Nakash, Te Shi'ites of Iraq (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1994) esp. pp. 25-48.
8. Butrus abu-Manneh, "Te Naqshbandiyya-Mujaddidiyya in the Ottoman lands in the early 19th c entur y," Die Welt des Islams XXII (1982) pp. 1-36.
9. abu-Manneh, "Te Naqshbandiyya-Mujaddidi-

Nesriyat, 1992) pp. 59-61, quoted in alakom, "Said Nursi," pp. 321-3. alakom also notes how in later editions of Nursî's work the references to Kurdistan, Kurds, Kurdish identity, and Kurdish national awakening NOTES

549

pp. [39–43]

have tacitly been changed to more neutral terms like "eastern anatolia" and "citizens," or even omitted altogether.

20. See Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey, in particular ch. 6.

21. abdurrahim alkis, speaking at the Nûbihar symposium "Ziman û dîn û nasname," Diyarbakır, September 2013.

22. On Kafaro, see annabelle Böttcher, Syrische Religionspolitik unter Assad (freiburg im Breisgau: arnold-Bergsträsser-Institut, 1998); leif Stenberg, "Préserver le charisma: les consequences de la mort d'ahmad Kafaro sur la mosquée-complexe abu al-Nur," Maghreb-Mashrek 198:4 (2008), pp. 65-73. On al-Butî, see andreas Christmann, "Islamic scholar and religious leader: a portrait of Shaykh Muhammad Sa'îd Ramadân al-Bûtî," Islam and Christian–Muslim Relations 9 (1998) pp. 149-69; the appendix to this article reproduces a debate between al-Buti and a young salafst from al-lâmadhhabiyya. See also al-Butî's own memoirs of his father, Hadha Wâlidi (Damascus, 1995), Turkish translation Babam Molla Ramazan al-Bûtî (Istanbul, 2007).

23. On the afghan jihad and its links to the al-azhar network, the Muslim Brotherhood, and the Jamaat-i Islami, see Olivier Roy, Islam and Resistance in Afghanistan (Cambridge: Cambridge University Press, 1989); on the Salaf□ Jihadi "movement" (which was never unifed or centrally led), see in particular Gilles Kepel, Jihad: Expansion et déclin de l'islamisme (Paris: Gallimard, 2000).

24. Tere is as yet no fully-fedged academic study on the background and activities of the Kurdish Hizbullah, only a number of journalistic sources; but see Gilles Dorronsoro, La nébuleuse Hizbullah (Istanbul, 2004). On KH's re-emergence in the early twenty-frst century, see Mustafa Gürbüz, "Revitalization of Kurdish Islamic Sphere and Revival of Hizbullah in Turkey," in f. Bilgin and a. Sarıhan yya in the Ottoman lands," pp. 34-5.

10. Te Ehmedî has been reprinted regularly, and is still available in most bookstores in Iraqi and Iranian Kurdistan. Te text of the Eqîdetname, based on an 1877 manuscript, was published by Muhammad Mala Karim in 1981 as Aqîday kurdiy Mawlânâ Khâlidî Naqshbandi (Govârî korî zanyârî 'îrâq-dastay kurde 8: 199-222); this edition was reprinted in Kemal Re'ûf Muhammad, Eqîdey 'îmân – 'eqîdey kurdî (Erbil, 2004).

11. Cf. my "Between local rivalries and transnational networks: Mawlana Khalid as a linguistic pioneer," paper presented at the international conference on Mawlânâ Khalid Naqshbandi, Sulaimaniya, 2009.

12. Serif Mardin, "Te Nakshibendi order of Turkey," in M. Marty and S. appleby (eds), Fundamentalisms and the State (Chicago: Chicago University Press, 1993) p. 205; quoted in Hakan Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey (Oxford: Oxford University Press, 2003), pp. 138, 298.

13. Van Bruinessen, Agha, Shaikh, and State, p. 234.

14. On the qadiris in Kurdistan, see especially Martin van Bruinessen, "Te qadiriyya and the lineages of qadiri shaykhs in Kurdistan," Journal of Suf Studies 1 (1999); cf. van Bruinessen, Agha, Shaikh, and State, ch. 4, esp. pp. 216-40.

15. In contemporary Turkey, a recent version of this story is available in several diferent languages; in English it is Confessions of a British Spy (Hakikat kitabevi, n.d.), http://www.hakikatkitabevi.net/book.php?bookCode=018, accessed 7 february 2015.

16. Clandestinely, however, Kurdish-language madrasa education continued for decades, even if on a much smaller scale; cf. leezenberg, "Elî Teremaxî and the Vernacularization of Medrese learning in Kurdistan," Iranian Studies 47:5 (3 September 2014), pp. 713-33.

17. Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey, ch. 7.

18. Rohat alakom, "Said Nursi entre l'identité kurde et l'identité musulmane," Les annales de l'autre Islam 5 (1998), pp. 317-31.

19. Said Nursî, Divan-ı harbi örf (Istanbul: Tenvir

be found in faisal Devji, Landscapes of the Jihad (london: Hurst & Co., 2005). for a recent overview of the diferent forms of Salafsm, see the papers collected in R. Meijer (ed.), Global Salafsm (london: Hurst & Co., 2009).

32. Roy's attempt at dissolving all "post-Islamist" religiosity into purely political and "nihilist" motives appears to proceed from an a priori assumption that politics is essentially secular, and that conversely all religions are in essence apolitical. Considerations of space preclude a fuller discussion of these points, however.

33. http://icsr.info/2015/01/foreign-fghter-total-syriairaq-now-exceeds-20000-surpasses-afghanistan-confict-1980s/, accessed 7 february 2015. One should be cautious about these fgures, of course, many of which are no more than rough estimates based on sources of varying reliability. Moreover, not all foreigners are actively involved in fghting; particularly the higher educated ones may also serve as medical doctors, engineers, judges, and of course publicity workers using various digital media; there are indications that other foreigners, being unfamiliar with either language, terrain, or military tactics, are simply used as cannon fodder in the guise of suicide bombers.

34. Hugh Tomas, Te Spanish Civil War, 4th edn (Harmondsworth: Penguin, 2001), p. 941.

35. an exception may be the Naqshbandi army, allegedly led by Ba'athist and former Iraqi Vice President Izzat al-Duri, which is claimed to incorporate members of arab, Kurdish, and Turkomen tribes. Reportedly, this militia was formed in 2006, in order to resist the american occupation and to protect Naqshbandis from the actions of al-qaeda in Iraq; but it was claimed to have joined with IS in the summer of 2014 for the conquest of Mosul. Tis alliance, however, seems more tactically than ideologically driven. Cf. http://web.stanford.edu/group/mappingmilitants/cgi-bin/groups/view/75, accessed 7 february 2015.

36. On this topic, cf. my "Iraq, IS and the Kurds: Redefning political, religious, and sexual boundaries," keynote lecture, aCMES convention, University of amsterdam, January 2015.

(eds), Understanding Turkey's Kurdish Question (london: lexington Books, 2013), pp. 167-78.

25. fehim Tastekin, "Could an alternative Kurdish party succeed in Turkey?" Al-Monitor, 27 June 2016, http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/06/turkey-kurds-kurdish-parties-splitting-hdp-hudapar.html, accessed 30 October 2016.

26. "How Cizre became a combat zone," Al-Monitor, 15 January 2015, http://www.al-monitor.com/pulse/security/2015/01/turkey-syria-kurds-kobane-cizre.html#, accessed 7 february 2015.

27. Tere is little information on IS activities inside Turkey, and even less that is reliable. One CHP representative claimed that four quarters in Gaziantep were in IS hands: "CHP'li vekil: Gaziantep'te 4 mahalle IŞİD'in elinde," BirGün, 21 august 2016, http://www.birgun.net/haber-detay/chp-li-vekil-gaziantep-te-4-mahalle-isid-in-elinde-125079.html, accessed 3 November 2016. for an English-language overview, see aaron Stein, "Te Islamic State in Turkey: a Deep Dive into a Dark Place," War on the Rocks, 6 april 2016, https://warontherocks.com/2016/04/the-islamic-state-in-turkey-a-deep-dive-into-a-dark-place/, accessed 3 November 2016.

28. Interview, london, June 2000. On IMIK, see my "Political Islam among the Kurds," in NOTES
550
pp. [43–48]
f. abdul-Jabar and H. Dawod (eds), Te Kurds: Nationalism and Politics (london: Saqi Books, 2006) pp. 203-27, esp. pp. 216-23.

29. Krekar's memoirs appeared in Norwegian as Med egne ord (Oslo: aschehoug, 2000).

30. Interviews with ali Bapir, May 2009, May 2011. for Komalî's perspective on the 1980s "Islamic revolt" in Iraqi Kurdistan, see for example Sherîf Werzêr and Muhammad Zerzî (eds), Jewleyek le qewlayî khâkî nîshtîmanda (Sulaimaniya, 2009).

31. Olivier Roy, Te Failure of Political Islam (Cambridge, Ma: Harvard University Press, 1994); Globalized Islam: Te Search for a New Ummah (london: Hurst & Co., 2004). a similar analysis of contemporary global Islam as driven by ethics rather than politics can

# تیۆرێکی لیبراڵیی جیابوونەوە*

هەری بێرن

و: کوردەوان کەریمی

جیابوونـــەوە خـــوازی کێشـــەیەکی گەورەی «سیاســـی- کۆمەڵایەتـــی»ی هاوچـــەرخ و کێشـــەیەکی بنەڕەتی بەڵام پشـــتگوێخراوی فەلســـەفەی سیاســـییە. لێرەدا هەوڵ دراوە بابەتـــی جیابوونەوە لە پشـــتگوێ خســـتنی فەلســـەفی ڕزگار بکرێ و گرینگیی تیۆریکی، لـــە ڕێـــگای پەرەپێدانی تیۆرێکـــی پێوانەیی جیابوونەوە ئاشـــکرا بکرێ. بانگەشـــەی ئەوە دەکرێ کـــە لیبرالیزم، پێویســـتی هەیە کە جیابوونەوە ڕێگاپێدراو بێ ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر خواســـتی گرووپێکـــی کۆمەڵایەتی کە لە ســـەر خاکێکدا کۆبوونەتەوە بە دواوە بیـــت و لـــە ڕووی ئەخلاقـــی و کردەییەوە ئیمکانی هەبـــێ. بەڵگە دەهێنرێتەوە کە ئەمە پێویســـتە لە ڕێگای لیبرالیزمی ئەرزشی کە لـــە ئازادیدا جێ دەگرێ، لـــە ڕێگای تیۆریی لیبراڵـــی حوکمدارێتیی گشـــتی و لە ڕێگای حوکمدارێتیی زۆرینەی یاســـاییەوە بێت. ئەم بەڵگاندنە دێتە ئاراوە کە بنەمای ڕێگەپێدراوی جیابوونەوەی باسکراو، نە لە ڕووی تیۆری و نە لەڕووی کردارەوە قەبووڵکراو نیە و هەندێ لەو مەرجانەی کە لەوانەیە جیابوونەوە ناومکین بکەن دیاریکراون.

## بەشی یەکەم

جیابوونـــەوە بابەتێکـــی فەرامـــۆش کـــراوی فەلســـەفەی سیاســـییە. مەبەســـتی من لە جیابوونـــەوە، خۆکشـــاندنەوە لـــە وڵاتێک و دەوڵەتە ناوەندییەکەی ئەو وڵاتە و لە بەشێک لەم وڵاتەیە. لایەنی کشاوە، هاووڵاتیان و ئەو هەرێمە لە خۆدەگرێ کە ئەوانی تێدا دەژین. پارچەی جیابووەوە، داواکارییەکی ســـەبارەت بە شوناسی یاســـاییی دەوڵەتی حاکم نییە و بە زۆری بەشـــە بچووکەکەی ئەو دەوڵەتەیە. ئەگەر لایەنێک لە وڵات کە یەکیەتیی خۆی تووشـــی کێشـــە ئەکات دەوڵەتی ناوەندی لە خۆ بگـــرێ و داواکاری شوناســـی حقووقیی دەوڵەتـــی مەوجوودی هەبێ، ئێمە بە جێگای جیابوونەوە، کەیسی(داواکاری) دەرکردنمان هەیە. شیاوی باســـکردن نیە کە جیابوونەوە بابەتێکی فەلســـەفیی پشتگوێ خراوە، ئەگەر بە دەگمەن لە ئێســـتادا هێچ چەشنە بزاوتی جودایيخـــواز بوونی هەبـــێ و جیابوونەوە لە ڕووی تیۆریکەوە گرینگیی نەبێ. لە راســـتیدا جودایيخوازی یەکێک لە گەورەترین کێشـــە کۆمەڵایەتی-سیاســـییەکان لـــە جیهانـــی هاوچەرخدایـــە. کاتانگا، بیافـــرا، بەنگلادێش، ئەریترێ، سوودان و ئیرلەندی باکوور تەنها نموونەگەلێکی بەرچـــاو و تراژیکن. بە زۆری رۆژانە میدیاکان هەواڵی هەندێ کێشمەکێشی جودایيخـــوازی لـــە سەرتاســـەری دونیـــا بڵاودەکەنەوە: چ لـــە پێوەندی لە گەڵ گەلی کێبێک، کرۆواتەکان، سکاتلەند و وێلزییەکان، کۆرسیک و برێتۆنەکان، باسکەکانی ئیسپانیا و فەرانسە، سووماليایيەکانی کێنیا و ئەسیۆپیا، کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا، یان ناگاس و میزۆسەکانی هێندستان. لەبەرئەوەی کە دەمهەوێ سەرنج بە مەسەلەیەکی سیاسی بدەم کە لەودا ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم، تەنها فۆرمێکی تایبەت و لە هەندێ رووەوە لاوەکییە. لـــە ڕووی تیۆریکـــەوە سەرنجراکێشـــترین نموونەکانی جیابوونەوە ئەوانەن کە بەشێک لە وڵاتی یەکگرتوو ئارەزوو دەکات جیا ببێتەوە. ئەم کێشـــە سیاسیە لەوانەیە هەتا ئەو کاتەی کە بە هیچ جۆرێک هیـــچ دەوڵەتێک بوونی نەبێ، دەمێنێ.

لە ڕوانگەی تیۆریکەوە جیابوونەوە یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی سیاسییە، تەنانـــەت ئەگـــەر لـــە لایـــان فەیلەســـووفە هاوچەرخەکانەوە دانی پێدا نەنرێ. بابەتەکانی ژێـــرەوە لە بەرچـــاو بگرن. بە پێـــی تیۆریی دیمۆکراتیـــک خەڵـــک ســـەروەرییان هەیە. ئاخۆ ئـــەم ســـەروەرییە تایبەتمەندییەکی بە کۆمەڵی هەموو هاووڵاتیانـــی دەوڵەتێکە یان بەشـــێکی ئەوان ئەتوانن پشـــکی خۆیان لە مافـــی حوکمدارێتی، بە ڕێکخســـتنی خۆیان

وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، جیبەجێ بکەن؟ وا دەگوترێ کە یاسای زۆرینە، بەشێکی بنەڕەتی لە دیمۆکراسییە. بەڵام ئاخۆ حوکمی زۆرینە لە ڕووی ئەخلاقییەوە شەرعییەتی هەیە ئەگەر کەمینەیەکی خاوەن هەرێمێک دان بە یەکیەتیی دەوڵەتەتدا نەنێت؟[۱] بە پێی لیبرالیزم، ئازادی گەورەترین چاکەی سیاسییە. ئاخۆ ئەمە بە واتای ئازادیی جیابوونەوەیە؟ ئەمانە کێشەی نوێن کە بە هۆی جیابوونەوەوە لە ناو پرسیارە نەریتیەکان سەبارەت بە دەوڵەت دێنە ئاراوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە، خۆی لەخۆیدا جیابوونەوەش هەروەها هەندێ پرسیار دێنێتە ئاراوە. لە چ بارودۆخێکدا ئەگەر بوونی ببێ، پێشگرتن بە جیابوونەوە بە شێوەیەکی توندوتیژ لە ڕووی ئەخلاقییەوە پاساو هەڵدەگرێ؟ ئاخۆ مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە کێن ئەوانەی وا کاندیدای وەها مافێکن: نەتەوەکانی ئەندامی وڵاتانی فرە نەتەوە، دەوڵەتەکانی ئەندام لە فیدراسیۆنێکدا، هەرگرووپێک لە ناو دەوڵەتێکدا کە هەرێمێکی شیاو و ئیرادەی جیابوونەوەیان هەیە؟ سەرەڕای هۆشداریی ڕۆسۆ بە بیردۆزانی سیاسی کە وا پیشان نەدەن کە دەوڵەتەکان «خاوەنی سەقامگیریی ئەوتۆن کە بارۆدۆخی مرۆیی کاریان تێناکات»، فەیلەسووفە هاوچەرخەکان بە جۆرێک دەنووسن گوایە جیهان لە دەوڵەتگەلێک پێک هاتووە کە تا ئەبەد ژمارە و سنوورەکانیان نەگۆڕێن.[۲] ئەمە وەکوو ئەوە وایە ئەو فەیلەسووفانەی کە لەسەر مەسەلە ئەخلاقییەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە دەنووسن باسی تەڵاق نەکەن. جیابوونەوە هەمیشە لە لایان فەیلەسووفەکانەوە ئەوەندەش پشتگوێ نەخراوە. لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا نائاسایی نەبوو کە ئەم بابەتە لە بەرهەمە فەلسەفیەکاندا جێگە بگرێت. ئاڵتۆسیۆس جیابوونەوەی، لە نێو ڕێگاچارەی دادپەروەرانە، بە دژی ستەمکاری دانابوو.[۳] گرۆتیۆس ڕایگەیاند کە لە هەندێ کەیسی تایبەتدا بەشێک لە دەوڵەتێک لەوانەیە مافی جیابوونەوەی هەبێ.[۴] لە لایەکی دیکەوە، پافێندۆرف بە پێی تیوریی هابزی دەسەڵاتی ڕەهای حاکم، ڕەدی کردەوە کە جیابوونەوە ڕێگاپێدراو بێت.[۵] لەو کاتەوە چەمکی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی دەرکەوت و بابەتی جیابوونەوە ئێستا بە گشتی لە ژێر ئەو چەمکەدا هاوپۆل دەکرێ و دێتە ئاراوە. بە گشتی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە جۆرێک لەبەرچاو دەگیرێ کە مافی جیابوونەوەش لە خۆبگرێ. بەم حاڵەش گریمانەی [پۆلێن کردنی] مەسەلەی جیابوونەوە لە ژێر بابەتی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی، جیابوونەوەی لە پشتگوێ خستنی فەلسەفی ڕزگار نەکردووە. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە نوێیەکان، لە ژێر دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی لە دایک بووگن، ئەم بابەتە(مافی دیاری کردنی چارەنووس) نزیکەو هەمان ڕادەی کە فەیلەسووفەکان چەمکی جیابوونەوە پشتگوێ دەخەن، پشتگوێ دەخرێ. هیچ بەرهەمێکی فەلسەفی بە ئینگلیزی نیە کە ئەم بنەمایە بخاتە ژێر ڕەخنەیەکی بەردوام یان هەوڵ بدات بنیاد و بنەمای پێویستی بۆ دابین بکات.[۶] هەرچۆنێک بێت بابەتی جیابوونەوە ناتوانێ بە تەواوی لە ژێر ناونیشانی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی ببینێتەوە. توێژینەوەی ئەم دواییانە پیشانی ئەدات کە

> **جیابوونەوە بابەتێکی فەرامۆش کراوی فەلسەفەی سیاسییە. مەبەستی من لە جیابوونەوە، خۆکشاندنەوە لە وڵاتێک و دەوڵەتە ناوەندییەکەی ئەو وڵاتە و لە بەشێک لەم وڵاتەیە**

ئەگەر دانیشوانی ویستێریای باکوور لە ڕووی فەرهەنگییەوە بە ڕادەی پێویست لە خەڵکی دیکەی ویستێریا جیاواز بن، ئەکرێ لە سەر بنەمای مافی دیاری کردنی چارەنووس پاساو بۆ جیابوونەوە بهێنرێتەوە. بەڵام بەرهەمی پێشووی نووسەرانی وەکوو ئاڵتۆسیۆس پیشان ئەدات کە ئەتوانرێ هەروەها پاساو بۆ جیابوونەوە وەکوو چارەسەرێک بە دژی ستەمکاری بە بێ هەرچەشنە پێداچوونەوە بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی بهێنرێتەوە. بە کورتی دەبێ بگوترێ کە یەکیەتیی دەوڵەتێک بە هۆکاری بێجگە لە جیاوازی یان یەک نەبوونی نەتەوەیی بۆی هەیە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

## بەشی دووەم

یەکێک لە ڕێگاکانی ڕزگار کردنی بابەتی جیابوونەوە لە پشتگوێ خستنی فەلسەفی ئەوەیە کە بپرسین لیبرالیزم، فەلسەفەی سیاسیی زاڵ لە ڕۆژئاوا، چ ئەنجامگەلێکی(مانا، کاریگەری، نیشانە) بۆ ڕێگاپێدراو بوونی جیابوونەوە هەیە. ئەم پرسیارە بەشێک لە پرسیارێکی گەورەترە کە دەپرسێت کام بنچینە و ڕێبازگەلێک شەرعیەتی ئەخلاقیی گۆڕانکاری لە سنووری دەوڵەتەکان ڕوون دەکەنەوە. هەر فەلسەفەیەکی سیاسیی گشتگیر دەبێ وەها بنەماگەلێک لە خۆبگرێ.

لە یەکەمین هەنگاوەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی تیۆریکی پێوانەیی جیابوونەوە، زانیوومە کە فۆکووس خستنە سەر ڕێگاپێدراوبوون لە بری خوازراو بوون یان ڕەوا بوونی جیابوونەوە بەسوودە. ئەم جیاوازییە سێ لقییە، ئەتوانرێ لە ڕێگای نموونەی تەڵاق ڕوون بکرێتەوە. لە هەندێ لە وڵاتان تەڵاق گرتن تەنها لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت ڕێگاپێدراوە (بۆ نموونە زیناح یان زوڵم) کە ئەتوانێ وەکوو پاساوێکی ئەخلاقی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە بەرچاو بگیرێ. لە وەها باروودۆخێکدا خوازراوبوون بە تەنها بۆ کۆتایی هێنان بە پێوەندی ( بۆ نموونە لەبەر ئەوەی کە هاوسەرەکان هێندە نەگونجاون کە بە ئەگەری زۆر جودا لە یەک بەختەوەرتر ئەبن) لە ڕووی یاساییەوە بۆ تەڵاق بەس نیە؛ هەڵبەت هەروەها بە تەنها خواستی یەک یان هەردووی هاوسەرەکانیش بۆ کۆتایی هێنان بە ژن و مێردایەتی بەس نیە. ئاشکرایە کە دوایین خاڵ لەم سێ ڕێبازە مومکینە، لەمەڕ ڕێگاپێدراو بوونی تەڵاق، لیبراڵترینیانە. بەم پێیە تەڵاقی زۆرتر لە چاو ئەو دوو بۆچوونەی دیکە ڕێگاپێدراوە.

بانگەشەیەک کە من لەم وتارەدا بەسەرنج دان بە جیابوونەوە بەڵگەی بۆ دەهێنمەوە لە لیبراڵترین بۆچوونەکان سەبارەت بە تەڵاق نزیکترین مەودای هەیە؛ بۆچوونەکە ئەمەیە: فەلسەفەی سیاسیی لیبراڵ، پێویستی بەوەیە کە جیابوونەوە ڕێگاپێدراو بێ، ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر لە لایان گرووپێک کە خاک و هەرێمی تایبەت بە خۆیان لە ناو دەوڵەتێکدا هەیە جێبەجێ بکرێ و لە ڕووی ئەخلاقی و کردەییەوە ڕێی تێ بچێت. ئەوەی کە چ باروودۆخێک لەوانەیە جیابوونەوە لە ڕووی ئەخلاقی یان کردەییەوە نامومکین بکات لە بەشی چوارەمدا باسی لێوە دەکرێت. من سێ بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەی کە لێرەدا هاتە ئاراوە دەخەمە ڕوو کە بریتین لە ئازادی، سەروەری و حوکمداریێتیی زۆرینە. ئەم بەڵگەهێنانەوانە دوو گریمانە لە خۆیان دەگرن کە من لێرەدا باسیان لێوە ناکەم.

یەکەم، من وای دادەنێم کە بە شێوەیەکی ئاسایی، لە حاڵی حازردا بۆ دوو دەوڵەت کردەیی نیە هەتا سەروەریی یاسایی خۆیان بە سەر تەواوی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا هاوبەش بکەن. لەم ڕووەوە ئەگەر ئامریکاییە ڕەشپێستەکان بیانەوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان جیا ببنەوە، ئەمە ناتوانرێ بە دوو دەوڵەتی دەسەڵاتداری یاسایی لە سەر

هەرێمی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان و بە دوو ژمـــارەی زۆری هاووڵاتییان کە لە رووی هەرێمییەوە تێکەڵن جێبەجێ بکرێ: دەوڵەتی هەبوو، کە پاش جیابوونەوەی ڕەشپێستەکان تەنها دەســـەڵاتی بەسەر نارەشـــەکاندا هەیە؛ و دەوڵەتی تازە کە ســـنووری دەســـەڵات و شەرعیەتی تەنها ڕەشەکان دەگرێتەوە.

دووەم، مـــن وای دادەنێم کـــە تەواوی خەڵک مافێکی ئەخلاقییان هەیە کە بەشێکی دادگەرانە لە ناوچەیەکی شـــیاوی نیشتەجێ بوون لە ســـەر زەوییان هەبێ و گرووپێک لە خەڵک کە لە مێژە دانیشـــتووی ناوچەیەکن مافێکی ئەخلاقییان بۆ درێژەدان بە نیشتەجێ بوون لەوێدا هەیە.

## ئازادی

لیبراڵیزم وای دادەنێ کە خەڵکانی گەورەساڵی ئاســـایی هەڵبژێرەرانـــی خۆبەڕێوەبـــەرن کە لانیکەمی مەرجە تایبەتەکانی ژیری لە بیرورا و کرداردا پێـــڕەوی دەکـــەن. کەوابوو ئەوان ئـــەو توانایییەیان تێدایە تا لە ژێر ڕۆشـــنایی هۆکارەکاندا بە بیرورا و ئامانجەکانیاندا بچەنەوە، هەتا بڕیارگەلی شـــیاو لە گـــەڵ ئەم بیرورا و ئامانجانە بدەن و بەمەبەستی کاریگەری دانان لە ســـەر ڕەوتی جیهان، بە کردەوە پێڕەوییان بکەن. وەها کەســـانێک بەرپرســـی ئەوەن کە لە خۆیانی ســـاز دەکەن و ئەوەی کە لە گەڵ خەڵکی دیکەدا دەیکەن.[۷] کەوابوو دەرووەست بـــوون بە ئازادیی تاکەکەســـی کـــە ڕیگا بە تاکەکان ئەدات  تواناکانی ئاماژەپێکراو بە کار بهێنن و پەرەی پێبدەن، توخمی ســـەرەکیی یەکخســـتن لە هەمەچەشنیی ڕوانگەکانە کە نەریتی لیبراڵ لە فەلســـەفەی سیاسیدا پێک دێنێ. «بەشـــە جۆراوجۆرەکانی لیبراڵیزم باس لە ڕێبـــازی جیاوازی مەســـەلەی چۆنیەتیی ڕێکخســـتنی کۆمەڵگا بە چەشـــنێک دەکەن تـــا بتوانـــێ زۆرترین ئازادی بـــۆ هاووڵاتیانی خۆی دەســـتەبەر بـــکات».[۸] کەوابوو ئازادی بـــۆ لیبراڵـــەکان نەبوونی ڕێگرییـــە لەبەردەم بژاردەی تاکەکان ســـەبارەت بە ئەنجام دانی ئەو شـــتانەی ئەیانەوێ ئەنجامـــی بدەن. بە پێچەوانـــەی ئانارشیســـتەکان، لیبراڵـــەکان پێیان وایـــە کە دەوڵەت دەتوانێ ئامرازێک بۆ دەســـتەبەرکردنی زۆرترین ڕووبەری ئازادی بێت. لیبراڵـــەکان ڕێگرییەکانـــی دەوڵەت تا ئەو جێگایەی کە پێویســـتن بۆ ئازاد کردنی تاکەکان، لە سنووربەندیی گەورەتری سروشت یـــان توندوتیژیی کۆمەڵایەتـــی (لیبراڵیزمی کلاســـیک) و ســـنووربەندیی گەورەتـــری سیســـتمێکی ئابووری لەخۆگری نایەکسانیی گەورەی ئابووری و بەهۆی ئەوەوە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی (لیبرالیزمی مۆدێرن)، پەسەند ئەکەن.[۹]

بە هۆی دەرووەســـت بوونی لیبراڵیزم بە ئازادی وەکوو بایەخێکی کۆتایی، لیبراڵەکان کۆمەڵـــگای ئایدیـــال وەکـــوو کۆمەڵگایەک ئەبینن کە «هەرچی زیاتـــر لە گەلاڵەیەکی خۆبەخشـــانە نزیـــک بێـــت».[۱۰] ئەمە بەو مانایە نایەت کە لـــە دەوڵەتی لیبراڵدا هیچ ســـنووربەندییەک بۆ  ئەوانـــەی خوازیاری دەســـتێوەردان لـــە ئـــازادی ئەوانی دیکەن بوونـــی نییـــە. ئەمە بـــەو واتایـــە دێت کە تەواوی پێوەندییەکان لە نێوان گەورەساڵانی عاقڵمەنـــد لـــە وەهـــا کۆمەڵگایەکدا دەبێ خۆویستانە بێت. لەو کۆمەڵگایانەی وا لە بنەما لیبراڵییەکانەوە هەڵکێشـــراون، ئەم ڕوانگەیە بە هەنـــدێ ســـەقامگیرییەوە(ڕێکەوتنەوە) دەرکەوتـــووە. لـــە دیمۆکراســـیە لیبراڵـــە هاوچەرخەکانـــدا پێوەندییەکانی تاکێک لە گـــەڵ گەورەســـاڵەکاندا ـ سیاســـی، کاری، ژن و مێردایەتـــی ـ خۆویســـتانەیە. لـــە کۆمەڵگای ئەوتۆدا، هاوســـەری کەسێک لە لایان خۆیـــەوە هەڵدەبژێردرێت نەک باوک و دایکییـــەوە؛ کەســـێک پایەی پیشـــەی کەســـێکی تر هەڵدەبژێرێ یان پێی دەگات، کەس بۆ ئـــەو پلە و پایەیە لە دایک نەبووە؛

و دەوڵەتەکان لە پرۆســەی هەڵبژاردندا لە لایەن بەربژێرانێکەوە کە خۆیان بۆ وەئەستۆ گرتنــی بەرپرســیاریەتی پێشــنیار ئەکەن هەڵدەبژێردرێن. وەهــا پێوەندیگەلێک نە بۆ یەک جار دەســتەبەر بووگن، نە ئەوەیە بۆ هەڵوەشــاندنەوە نەبن. تــەڵاق ڕێگاپێدراوە، پێوەندییەکانــی دامەزراندن و کار و پیشــە ئەتوانرێ کۆتایــی پێ بێت، ئەتوانرێ دەنگ بە لابردنــی دەوڵەتەکان بــدرێ. هەروەها پێوەندییــەکان لە نێــوان هاووڵاتیی بالغ و دەوڵەتی ســەقامگیری لیبراڵ خۆویستانەیە، لــە بەر ئەوەی کــە ئــەم هاووڵاتیانە مافی ئەوەیان هەیە کــۆچ بکەن یان ڕەگەزنامەی خۆیان بگۆڕن.

یەکێــک لــەو بوارانــەی کــە ئایدیالی خۆویســتانە بوونی پێوەندییە مرۆییەکان، لە لایان لیبراڵیزمەوە لە تیۆری یان بە کردار کاری پێ نەکراوە، هەمان یەکیەتیی خودی دەوڵەتە. بەم حاڵەش وا پێدەچێ کە دەرووست بوون بە ئازادیی هەڵبژێرەرانی خودموختار لەمەر ژیان لە کۆمەڵگاگەلێکدا کە هەرچی زیاتر لە گەلاڵەی خۆویســتانە(دڵخوازانە) نزیکتر بن، پێویستی بەوەیە کە یەکیەتیی خودی دەوڵەت دڵخوازانە بێت و کەوابــوو ئــەو جیابوونەوەیە لە لایەن بەشێک لە دەوڵەتەوە لە شوێنێکدا کە ئیمکانی هەبێ ڕێگاپێــدراو بێــت. دەربرینێکی نزیک لەم بۆچوونەی ســەرەوە، لە لایان یەکێک لە لێدوانە تایبەت و دەگمەنەکانی فەیلەسووفێکی لیبراڵ {مەبەست کارڵ کۆهێنە کە لەخوارەوە ئامــاژەی پێدەکــرێ} کــە ئەتوانــرێ لە ناو بڵاوکراوەیەکی کە بابەتەکەی شەرعیەتدان بە یەکیەتی دەوڵەتە بدۆزرێتەوە، ئەگەر چی مانا و دەلالەتەکەی لە لایان نووســەرەوە ئاماژەی پێنەکرابــێ. من ئەم لێدوانانــەی ژێرەوەم لە میشکدایە لە ســەر کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی لیبراڵ لە کارڵ کۆهێن:

*«هیــچ کۆمەڵگایــەک ناتوانێ لە ســەر بنەمای زۆر لێکردن بێت. بە زۆرلێکردن کۆمەڵەیەک لە تاکــەکان لەوانەیە ناچار بکرێــن یان بترســێنرێن هەتا ملکەچ و گوێرایەڵ بــن؛ لە ڕێــگای زۆرداریەوە ئەوان لەوانەیە لە بەدواداچوونی کۆمەڵگ (community)/ بــۆ پارێزگاریکــردن {لە خۆیان} بتۆقێنرێن. بەڵام سروشتی کۆمەڵگــەی مەدەنیــی راســتەقینە بە جۆرێکە کە زەبروزەنــگ ناتوانێ بنەمای یەکیەتی بێت. یەکیەتی دەبێ لە ســەر بنەمای ڕەزامەندی دابمەزرێ...»*[11]

وەها ڕەزامەندییەک ناتوانرێ لە لایان «باوکانی بنیاتنــەری» کۆمەڵگاوە بــۆ جیلەکانی دواتر باسی بکرێت. لەبەر ئەوەی، بە پێی لیبراڵیزم، باوک و دایــک ناتوانن لە ڕووی ئەخلاقییەوە منداڵەکانیان (بە ڕێوشــوێن یان بابەتێکەوە) ببەستنەوە.[12] بە پێچەوانەی لاک، ئەندامەتی لە دەوڵەتێکدا، جارێک کە بە دڵخواز قەبووڵ بکــرێ، هەتا هەتایی و نەگــۆڕ نابێ. چونکوو لیبراڵیــزم دەزانــێ کە تاکــەکان ناتوانن بە دڵنیاییــەوە پێشــبینیی ئەوە بکــەن کە لە درێژخایەندا چ شتێک لە قازانجی ئەوانە. هەر بەو جۆرەی کە فرێدریک شەیک لە وتارێکی لە ژێر ناونیشانی «بەرەو لۆجیکێکی لیبراڵیزم» ئامــاژە دەکات «ڕێکەوتنــەکان هەمیشــە دەبــی بە وریابوونێکی تایبەتــەوە چاوەدیری بکریــن و هــەردەم قابیلی هەڵوەشــاندنەوە بن».[13] دیمۆکراســییە لیبراڵــەکان نابێ بە شێوەیەکی دەســتووری هەتاهەتایی بن(واتە بۆ هەڵوەشــاندنەوە نەبن)، بــەو جۆرەی کە ئوســتوراڵیا هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا شــرۆڤەی بۆ دەکرێ کە وابێ. لەبەر ئەمــە، ئەوەندە لــە جووڵە خســتن و فریز کردنــی دۆخی هەبــوو، جیلێک کە ئازادیی هەڵبژاردنــی خۆی ئەزموون ئــەکات، هەوڵ ئەدات تا جیلەکانــی دواتر لە هەمان ئازادی بێبەش بکات.

## سەرەوەری

لیبراڵیزمی هاوچەرخ، لە بنەماکانی دیمۆکراسی لیبراڵدا دێتە دەربڕین کە بەو پێیە خەڵک سەروەرن. ئەم مافی حوکمدارێتییە خستنە پاڵ خەڵکە، بە ناچاری ڕوونکردنەوە بۆ فەکتێکی سیاسی ناکات یان باسی تیۆرێکی یاسایی ناهێنێتە گۆڕێ، بەڵکوو بانگەشەیەکی ئەخلاقی دەگرێتەوە.[۱۴] خستنە پاڵی(انتساب) مافی حوکمدارێتی بە خەڵک، بانگەشەی ئەوەیە کە مافە ئەخلاقییەکانی فەرمانڕەواکان تەنیٚ ئەتوانیٚ لە خولقاندن یان لانیکەم پەسەندکردنی دڵخوازانەی ڕێکخستنە سیاسییە تایبەتەکان لە لایان خەڵکەوە هەڵێنجێت. دەگوتری کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بە بیٚ ڕەزامەندی دەوڵەت ناتوانیٚ بوونی بیٚ.[۱۵] لیبراڵیزم بەم ڕوانگەیە لە سەروەری بە مانای ئەخلاقی، بە سەرنجدان بە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە تاکەکان وەکوو هەڵبژێرەرانی خۆدموختاری عەقڵانی وەفادارە. پێوەندییەکانی دەسەڵات (Authority) لە نێوان وەها کەسانێکدا ناتوانیٚ دیاردەیەکی سروشتی بیٚ کە سەربەخۆ لە خواست و ئیرادەی ئەوان بوونی هەبیٚ، بەڵکوو دەبیٚ لە لایان ئەوانەوە خولقابیٚ، لەهەموو ڕێککەوتنێکدا، ئەمە دەبیٚ سەبارەت بە ئۆتۆریتەی سیاسی وەکوو مافێکی ئەخلاقی بۆ حکوومەت کردن و ئەرکێکی ئەخلاقی لەمەڕ گوێڕایەڵی بۆ دەوڵەت ، بە هەمان ڕادەی هەر پێوەندییەکی دەسەڵاتی دیکە لە نێو خەڵکی گەورەساڵدا کاری پیٚ بکریٚ.[۱۶]

بە سەرنجدان بەوەی کە لیبراڵیزم کەسەکان وەکوو هەڵبژێرەرانی خۆدموختار چاو لێدەکا، فەلسەفەیەکی تاکەگەرایانەیە. سەروەریی خەڵک ناتوانیٚ لە بنەڕەتدا موڵکی گشتی بێت کە بەم پێیە تەنها ئەتوانیٚ لە لایان هەموو هاووڵاتیانی دەوڵەتێکی مەوجوود، لە ناو سنووری هەرمانە نەگۆڕەکاندا بە کار بهێندرێت. لەبەری ئەوە، ئەم سەروەرییە دەبیٚ لە مافە ئەخلاقییەکانی تاکەکان بە مەبەستی بڕیاردان سەبارەت بە پێوەندییە سیاسیەکانیان پێک بێت. لیبرالیزم ئەمە بە تاکەکانی لە ڕێگای بە فەمی ناسینی مافەکانیان سەبارەت بە کۆچ کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان ڕەوا دەبینێت. بە سەرنج دان بەم گریمانەیەی کە لە سەرەوە وترا، خەڵکێک کە بە شێوەیەکی سوننەتی ناوچەیەکیان داگیر کردووە، مافی ئەوەیان هەیە کە درێژە بە نیشتەجیٚ بوونی خۆیان لەو ناوچەیە بدەن و هەرچۆنێک بێت بە سەرنج دان بەم ڕاستییە کە ئێستا هیچ بەشێکی شیاوی نیشتەجیٚ بوونی زەوین نەماوە کە لە ژێر حوکمی دەوڵەتێکدا نەبێت، لیبراڵیزم هەروەها دەبیٚ ئەمە پیشکەش بکەن کە ئەو گرووپانەی کە لە ناوچە و هەرێمێکدا کۆ بوونەتەوە و نیشتەجیٚ بووگن، بتوانن سەروەریی خۆیان بە کاربێنن. بە واتایەکی دیکە مافی ئەخلاقیی خۆیان لەمەڕ دیاری کردنی پێوەندییە سیاسییەکانیان لە ڕێگای جیابوونەوە بە کاربێنن. لیبراڵیزمی تاک گەرایانە دەبیٚ شرۆڤەیەکی تاک گەرێتی لە مافی حوکمدارێتیی خەڵک بێنێتە ئاراوە.

## حوکمی زۆرینە

ئابراهام لینکۆڵن لە یەکەمین وتاردانی خۆیدا بە شێوەیەکی جیددی بەڵگەی هێنایەوە کە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە جودایی خوازی دەبیٚ بە پێی بنەمای زۆرینە چارەسەر بکریٚ:

*بە سانایی، ئایدیای سەرەکیی جیابوونەوە ماکی ئانارشییە. «زۆرینە» کە لە ڕێگای سنووربەندی و کۆنترۆڵەکانی یاسای بنەڕەتییەوە جڵەو کراوە و هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکاریی بیروڕا و هەست و سۆزەکانی خەڵک بە ئاسانی دەگۆڕیٚ، تەنها حوکمداری ڕاستەقینەی نەتەوەیەکی ئازادە. هەرکەسێک کە ئەوە پەسەند نەکات*

*لــە زەرووڕەتەوە بەرەو ئانارشـــی یان ســـەرەڕۆیی هەڵدەفــڕێ. یەکیەتی نامومکینـــە؛ یاســـای کەمینە وەکوو ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی، بە تەواوی ناڕەوایـــە؛ کەوابوو بە نەفی کردنەوەی بنەمای زۆرینە، ئانارشی یان زۆرداری لە هەندێ فۆرمدا هەموو ئەو شـــتەیە کە دەمێنێتەوە.*[۱۷]

من لەگەڵ ئەوەدا هەم کە بنەمای زۆرینە دەبی لە چارەسەرکردنی مەســەلەی جوداییخوازی هەندێ دەور بگێــڕێ، ئەگەر بمانەوێ بە پێی بنەماکانی لیبراڵ دیمۆکراتیک چارەسەر بکرێ (و لە بەشـــی دواتر دا پیشـــان ئەدرێ کە ئەم دەورە چیە). بەڵام بەڵگەهێنانەوەی لینکۆڵن بۆ حوکمی زۆرینە، مەودای بنەمای زۆرینە لە ناو لیبراڵ دیمۆکراسیدا، بە دوو ڕێگا کە ڕاستەوخۆ لە گەڵ مەســـەلەی جیابوونەوە لە پێوەندیدان، {لە قەوارەی خۆی} فراوانتر ئەکات.

یەکـــەم، بەڵگەهێنانـــەوە وای دادەنێـــت کـــە هەر کەمینەیەک لانی کـــەم لە بنەمادا، دەتوانـــێ لە وڵاتێکـــی دیاریکـــراودا ببێ بە زۆرینە. بەڵام هەروەک محەمەد عەلی جیناح بەر لە جیابوونەوەی پاکســـتان و هیندستان ئاماژەی پێ کردووە، ئەمە هەمیشە بەم جۆرە نیە.[۱۸] ئەگەر جیاوازییە « بەربڵاو و قووڵەکان، کەمینە و زۆرینە لە یەکتر جیابکەنەوە و هیچ ئیمکانێکی ڕاســـتەقینە بـــۆ بوونی کەمینە بە زۆرینە بوونی نەبێ، لەوانەیە کەڵک وەرگرتن لـــە بنەمای زۆرینە شـــەرعییەتی نەبێ. جگە لەمە، ئەگەر کەمینە لە ڕووی جوگرافیاییەوە لە ناوچەیەکدا کۆ بووبێتەوە {خاوەن هەرێمی خۆی بێت} و حەزی لە ژێردەســـتیی زۆرینە نەبێـــت، بنچینەیەک کە بناغـــەی بنەمای زۆرینەیە، واتە ڕێزگرتن لە مافە سیاسییەکانی هەموو کەســـەکان، بە ڕێگەپێدان بە کەمینە بـــۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی، باشتر خزمەت ئەکرێ. بە کورتی لە شوێنێکدا کـــە کەمینـــە هەرێمێکی گونجـــاوی هەیە، وڵامێکی شیمانەیی بە «ستەمکاریی زۆرینە»، وڵامێک کە لە لایان جان.ئێســـتوارت میلەوە پشتگوێ خرا، جیابوونەوەیە.

بەڵگەهێنانەوەی لینکۆڵن ئەم بانگەشەیە لە خۆدەگـــرێ کە حکوومەت کردن لە لایان کەمینەوە، حەتمـــەن زۆردارانە دەبێت. بەڵام ئەگـــەر کەمینە لـــە ڕووی ناوچەییـــەوە بە ڕادەی پێویست لە هەرێمێکی دیاریکراودا کۆ بووبێتنەوە، ئەوە ئەتوانێ لە ڕێگای جیابوونەوە وەکوو زۆرینە بە سەر خۆیدا فەرمانڕەوایی بکات و بە بێ ئەوەی پێویست بکات بە شێوەیەکی زۆردارانە بە ســـەر زۆرینەدا لـــە ناو قەوارەی سیاســـیی گەورەتری پێشـــوو حوکم بکات. لینکۆڵن هەڵبەت، جیگرەوەی جوداییخوازی بە هۆی ئەوەی کە «جیابوونەوە ماکی ئانارشییە» ڕەد دەکاتـــەوە. تەنهـــا بەڵگەی ئـــەو بۆ ئەم بانگەشەیە ئەمەیە کە «ئەگەر کەمینەیەک لە وەها دۆخێکدا، لەبری ڕێککەوتن و ڕەزامەندی جیا ببێتەوە، ئەوا ئەوان پێشینەیەک دروست ئەکەن کە بە نـــۆرەی خۆی ئەوانیش دابەش و مایەپـــووچ ئـــەکات؛ کەمینـــەی ئەوانیش هەرکات زۆرینە پەسەندی نەکات کە لە لایان وەهـــا کەمینەیەکەوە کۆنتـــڕۆڵ بکرێت، جیا دەبنـــەوە».[۱۹] مـــن ڕای خۆم لە ســـەر ئەم «تیـــۆری دۆمینـــۆی جیابوونەوە» لە بەشـــی سیهەم دا دەرئەبڕم.

دووەم، بەڵگەهێنانـــەوەی لینکۆڵـــن، جیاوازیی نێوان دوو جۆری جیاوازی بڕیاردان، کـــە گرووپێـــک لەوانەیە بیدات پشـــتگوێ ئەخات: بڕیارەکان سەبارەت بەو یاسایانەی کە ڕێکخراوێک دەبێ بیبێ، بە سەرنجدان بەوەی کە گرووپێک لە خەڵک دەیانەوێ ڕێکخراوێک پێـــک بێنن و بڕیار دان لە ســـەر ئەوەی کە ئاخۆ گرووپێـــک لە خەڵک دەیانـــەوێ ببنە یەک ڕێکخراو {یان نـــا}. ئەگەر گرووپێک لە دیمۆکراتەکان دەیانەوێ ببنە کۆمەڵەیەک، ئەوان هەروەها دەبی بەوە قایل بن کە هەندێ

له مەسەلەکان بە دەنگی زۆرینە چارەسەر بکەن. تا ئێستا لینکۆڵن ڕاست دەکات. بەڵام جۆری دووەمی بڕیاردان: ئەوەی کە ئاخۆ ئەم گرووپە لە درێژەدا {بیانەوێ بۆ هەمیشە} یەک ئەنجومەن بن یان نەبن، ناتوانری هەمیشە بە شێوازێکی ئیلزامهێنەری ئەخلاقی لە لایان دەنگی زۆرینە لە ناو هەموو ئەندامانی گرووپەکەدا بڕیاری لە سەر بدرێ. ئەوە لە بەڵگەهێنانەوەکانی ئازادی و سەروەری پێڕەوی دەکات کە دەڵێ، لە ئەگەری بوونی جوداییخوازەکان، ئەوان دەبێ ڕێگاپێدراو بن هەتا ئەو هەرێمە لە دەوڵەتی مەوجوود کە لەودا ڕێفراندۆمێکی جواداییخوازانە بەڕێوە دەچێ دیاری بکەن. (ئەم بانگەشەیە لە بەشەکانی سێ و چواردا پەرەی پێ دەدرێ و تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکرێ). لەبەرئەوەی ئەگەر تەواوی هاووڵاتیانی دەوڵەتی هەبوو، بۆیان هەبا لە ڕێفراندۆمدا دەنگ بدەن، ئەوان دەیانتوانی وە پێشی جوداییخوازەکان بکەون و یەکیەتیی دەوڵەت لەوە بەدوا دڵخوازانە نابێت و هەروەها جوداییخوازەکان لەو بارەدا نابن کە بتوانن بەشی خۆیان لە سەروەریی سیاسی و مافی کۆتاییی خۆیان بۆ دیاری کردنی پێوەندییە سیاسییەکانیان بە کار بێنن.

من بەڵگە هێنانەوەیەک بەم بانگەشەیە کە دەڵێ جوداییخوازەکان بۆیان هەبێ ناوچەیەک دیاری بکەن کە لەودا ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی بەڕێوەبچێ، زیاد ئەکەم کە {ئەم بەڵگە هێنانەوەیە} لە بەڵگەهێنانەوەکانی پێوندیدار بە ئازادی و سەروەری جیاوازە. وا پێدەچێ کە تەنها دوو ڕێگا بۆ ئەوەی کە دەنگی زۆرینە بتوانێ هۆکارێکی ئەخلاقی بۆ قەبووڵکردنی ئەنجامی دەنگەکان بێت بوونی هەیە. یەکەم، ئەگەر گرووپێک لە خەڵک لە سەر چارەسەر کردنی کێشەیەک بە دەنگی زۆرینە ڕێک بکەون، ئەم ڕێککەوتنە هۆکاری ئەخلاقی بۆ قەبووڵکردنی ئەنجامەکان بۆ هەموو لایەنەکانی ڕێککەوتن چ بە بەڵێ یان نا بە زۆرینە و یان هەردەنگی سپی ئەخولقێنێ. بەڵام دووەم، لەوانەیە باروودۆخێک لە ئارادا بێ کە لەو باروودۆخەدا ئەم ڕاستییە کە بڕیارێک بە دەنگی زۆرینە گیراوە هۆکاری ئەخلاقی بۆ قەبووڵ کردنی بڕیارەکە تەنانەت بۆ ئەوانەی وا لەگەڵ ئەوەدا نین کە بڕیارێک لەم ڕێگایەوە بگیرێ بە دی دێنێ. ئەمە لەوانەیە بە جۆرێک بێت کە تەنانەت ئەگەر(١) گرووپێکی خەڵک هەبێ کە هیچکامیان بۆیان نەبێ گرووپەکە بە جێ بێڵن، (٢) بڕیارێک کە هەموو ئەندامانی گرووپ دەبێ بیسەلمێنن بۆ هەموویان بدرێت، و (٣) دەنگی زۆرینە ڕێبازێکی دادپەروەرانە بۆ بڕیاردانە.

وای دابنێین کە ئەم بارودۆخانە جێگای ڕەزامەندی بێت، ئەگەر نەخۆشینێکی مەترسیدار، بەتەشەنە بەڵام قابیلی چارەسەرکردن لە نێوان گرووپێک لە خەڵک کە لە دورگەیەکدا گیریان خواردووە بوونی هەبێت. جارێکی تر وای دابنێین کە شێوازی بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەم نەخۆشینە لە ڕێگای دەنگی زۆرینەوە پەسەند دەکرێ بەڵام ئەوە کەمینەیە کە بڕیاردان بەم ڕێگایە پەسەند ناکات و دەنگدان بایکۆت ئەکات. واپێدەچێ کە لەم بارودۆخەدا، دژبەران بۆ پێڕەوی کردن لە ڕێبازی پەسەندکراو بە دەنگی زۆرینە هۆکاری ئەخلاقییان هەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر بابەتی وەکوو ڕێگای دووەم لەئارادا بێ کە لەودا دەنگی زۆرینە بتوانێ بەڵگەیەک بۆ قەبووڵ کردنی ئەنجامەکانی دابهێنێ، ئاشکرایە کە ئەم ڕێگایە زۆربەی کاتەکان لەگەڵ باروودۆخی جوداییخوازی ناگونجێت. زۆربەی جارەکان، لە وەها باروودۆخێکدا، هەلومەرجی ژمارە (١) جێگای ڕەزامەندی نیە، واتە دژبەرەکان دەتوانن خۆیان لە گرووپی گەورەتر لە ڕێگای جیابوونەوە بگوازنەوە.

بەم پێیە، لەو نموونانەدا کە جوداییخوازەکان بتوانن گرووپێکی هەبوو

به جێ بێڵن، کەڵک وەرگرتن لە بنەمای زۆرینە هۆکاری ئەخلاقی بۆ پەسەندکرنی ئەنجامەکانی دەنگدان دروست ئەکات؛ تەنها لەو ئەگەرەدا کە ئەوان ڕەزامەندیی خۆیان سەبارەت بەوەی کە کێ دەتوانێ مافی دەنگدانی لە ڕێفراندۆمی جوداییخوازەکان هەبێ دەربڕیبێ. هەڵبەت ئاساییە ئەوان پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە مافی دەنگدان تەنها دانیشتوانی ئەو ناوچانە بگریتەوە کە لەواندا هیوای گەیشتن بە دەنگی زۆرینە بۆ جیابونەوەیان لێ دەکرێ.

لە کۆتایی بەشی یەکەمدا، من بانگەشەم کرد کە دەکرێ بە هۆکاری بوونی ستەم و سەرکوت یان بە هۆی مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەییە، پاساو بۆ جیابوونەوە بهێنرێتەوە.

ئەگەر بەڵگەهینانەوەکانی ئەم بەشە دروست بن، ئەمجار، ئەگەر جیابوونەوە مومکین بێت، بە پێی لیبراڵیزم ئەوا دەتوانێ ڕێگاپێدراو بێت؛ تەنانەت ئەگەر خاوەنی وەها پاساوێکی ئەخلاقی نەبێ. بە واتای دیکە، لە شوینێکدا کە دەلوێ دەبێ ڕێگاپێدراو بێت، لەبەرئەوەی گرووپێکی جوداییخواز کە ئارەزووی جیابوونەوە دەکات بە ڕادەی پێویست بەهێز هەیە هەتا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە چالاکییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکان، کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستن، بەشداری بکات. ئەم چالاکییانە بە زۆری وەها لێکدراو، ئەستەم و درێژ دەبن کە جیابوونەوە ئەنجامی هەوەسێکی کاتیی گرووپێک نابێ. بۆ ڕێگاپێدان بە جیابوونەوە، تەنها بە هۆکارگەلی ئەخلاقی وەکوو زوڵم و ستەم یان مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی، بەڵام نەک بەم هۆکارە کە بە قووڵی ویستراو بێت و لە ڕێگای چالاکیی سیاسی پێویستەوە هەوڵی بۆ بدرێ، واپێدەچێ لەگەڵ بەڵگەهێنانەوەکانی پیوەندیدار بە ئازادی، سەروەری و حوکمی زۆرینە نەگونجێ.

جگەلەمە، بە پێی بنەما لیبراڵییەکان، جیابوونەوە لە شوێنێکدا کە ئیمکانی هەبێ دەبێ ڕێگاپێدراو بێ، تەنانەت ئەگەر بە ڕێگای دیاریکراو پەسەند نەکرابێت. کەوابوو لەوانەیە لە گەڵ لۆرد ئەکتۆن و پییێر ترۆدۆ هاوڕایی بکرێ کە دەولەتگەلی فرەنەتەوە لە دەوڵەتی یەک نەتەوە باشترن.[۲۰] لەوانەیە هەروەها لە گەڵ هەندێ لە نەتەوەخوازەکان هاوڕایی بکرێت کە واباشترە کە هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکی فەرهەنگی ئەندامی یەک دەوڵەت بن. بەڵام بە پێی بنەما لیبراڵییەکان، وەها پەسەندکردنێک ناتوانێت لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بۆ پاساوی پێش گرتنی زۆرەملی بە جیابوونەوەی نەتەوەیەک لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە یان بەشێکی نەتەوەیەک لە دەوڵەتێکی یەک نەتەوەیی بەس بێ. پێش گرتنی بە زۆرەملی لە جیابوونەوەی گرووپێک لە گەڵ بنەما لیبراڵییەکان بەم هۆکارە کە سەربەخۆیی بە قازانجی ئەو گرووپە نییە ناگونجێ. ئەم مەسەلەیە بە مانای باوک سالارییە.

کەوابوو، جۆری ئەو جیابوونەوانەی کە دەبێ بە پێی تیۆریی لیبراڵ ڕێگاپێدراو بن بەڵام لەویش بەربڵاوترن، ئەو جۆرانە لە جیابوونەوەن کە پاساوی ئەخلاقییان هەیە و هەروەها ئەوانەی وا خوازراون. بەڵام بە دڵنیاییەوە بە کردەوە بەشێک لە وڵاتێک، بەدەگمەن حەزی لە جیابوونەوەیە، مەگەر ئەوەی کە هۆکاری بە هێزی بۆ نارازی بوون لە بارودۆخی ئێستا هەبێ. بۆچی گرووپێک دەیانەوێ لەوەها بارودۆخێکدا، بەرەو چەرمەسەریی گەورەی تێکدانی یەکیەتی وڵات برۆن، ئەگەر لەگەڵ بەربەست و ستەمی کولتووری، بارودۆخی خراپی ئابووری بەرەوڕوو نەبن؟

## بەشی سێهەم

ئاخۆ بنەمای جیابوونەوە، کە من بانگەشە دەکەم لە لیبراڵیزمەوە دێ، دەتوانێ

بــە شــێوەیەکی گونجــاو لــە باروودۆخی ڕاستەقینەدا جێبەجێ بکرێ؟ من بانگەشەی ئەوە دەکــەم کە هەر گرووپێکــی جێگیر و کۆبــووەوە لەناوچەیەکدا، کاندیدایەکی بەهێز بۆ جیابوونەوەی ڕێگاپێدراوە. ئەوەی کە ئاخۆ داخوازیی جیابوونەوە بە هەند وەربگیرێت، بە دڵنیاییەوە پێوەندیی بــەم بابەتەوە هەیە کە داخۆ زۆرینەی خەڵکی دانیشــتووی هەندێ ناوچــە، خوازیــاری جیابوونەوە بــن. بەڵام ئەگەر، هەرێمی جێگای باس، بە شــێوەیەکی ســەربەخۆ لــە بنەمــای زۆرینــە، قابیلــی ناســینەوە(دانپێدانان) نەبێــت، بۆ نموونە بە ســەرنجدان بــەوەی کە هەرێمــی وڵاتێکی دیاریکــراو لەناو فێدراســیۆنێک یان ئەوەی کــە هەرێمێک کە بە شــێویەکی نەریتی لە لایان نەتەوەیەکی دیاریکراو لەناو دەوڵەتێکی فرەنەتــەوەدا دەســتی بەســەردا گیــراوە، لەوکاتەدا، واپێدەچێ بنەمای زۆرینە لەوانەیە ئەنجامی پێکناکۆکی لێ بکەوێتەوە.[۲۱] ڕێگەم پێ بدەن ئەمە ڕوون بکەمەوە. لێگەڕێن {وای دانین} لەوێ بزاوتێکــی جیابوونەخوازانە لە ویستێریای باکوور، واتە هەرێمێک لە دەوڵەتی ویستێریا بوونی ببێ.

لە گشتپرسییەکدا، زۆرینەی ویستێریای باکوور دەنگ بە جیابوونەوە دەدەن. کەوابوو لەوانەیە، ویستێریای باکوور دەبێ ڕێگای پێ بدری هەتــا جیا بێتەوە. بەڵام وای دانێن کە لەوێ هەروەهــا ناوچەیەک لە وێســتێریای باکووریش ببێ کە ناوی وێستیریای باکووری ڕۆژئــاوا بێت کــە لەوێدا دەنگــی زۆرینە بە دژی جیابوونــەوە بێت. کەوابوو لەوانەیە نابێ وێستێریای باکوور ئیجازەی ئەوەی هەبێت کە ئەو بەشــە لە دەڤەری خۆی سەربەخۆ بکات. بــەم پێیە واپێدەچێ بنەمای زۆرینە ئەنجامی ناتەبــا بەدەســتەوە ئەدا، مەگــەر ئەوەی کە بتوانرێ هەرێمی خــاوەن توانای جیابوونەوە، بە شێوەیەکی ســەربەخۆ لە بنەمای زۆرینە، دیاری بکرێ، کە بۆ دەســت نیشــان کردنی ئەوەی ئاخۆ پێش گریمانــەکان بۆ ئیجازەی جیابوونەوە بوونی هەیە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

ئەتوانرێ ئەم کێشــەیە لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە بنەمــای زۆرینەی «دووپاتە بوو» چارەســەر بکرێ. لێگەرێن بزاوتی جیابوونەوە خواز، بــۆ نموونە ویســتێریای باکــوور ئەو هەرێمە دیاری بکات کە دەبی گشت پرسیی تێدا بەرێــوە بچێ. وای دانێــن زۆرینەیەک بۆ جیابوونەوە هەبــێ و ئەم جیابوونەوەیەش لەبنەمــادا ڕێگاپێــدراو بێــت. ئێســتا هەر ناوچەیەک لە ویســتێریای باکــوور دەبێ بە نۆرەی خۆی ڕێگای پــێ بدرێت هەتا دەنگ بەوە بدا ئاخۆ دەیهەوێ لە ویستێریای باکوور جیا بێتــەوە (و ئەگەر بیهەوێ لەگەڵ ئەوەی کە لە ویســتێریا ماوەتەوە بمێنێتەوە). ئەگەر زۆرینەی خەڵکی باکووری ڕۆژئاوای ویستێریا نایانەوێ بەشــێک لە دەوڵەتی ســەربەخۆی ویســتێریای باکوور بن، هــەر ناوچەیەک لە ویســتێریای باکووری ڕۆژئاوابە نۆرەی خۆی دەتوانــێ لەمــەڕ جیابوونــەوە لــە باکووری ڕۆژئاوای ویســتێرا دەنگ بدات و هەتا دوایی. ئــەم کەڵک وەرگرتن لــە دووپاتە کردنەوەی بنەمــای زۆرینە لــە هەرێمی دەستنیشــان کراو لە لایــان بزاوتێکی جیابوونەوە خوازەوە، دەبــێ ئەنجامێکی تەبــا و یەکلاکەرەوەی بە دواوە بــێ. ئەمە گەڕانەوەیەکــی چەوتی بۆ دواوە لێناکەوێتەوە. گەڕانەوە بە شــێوەیەکی لۆجیکــی چەوت و شــەڕەنگێز نیە، چونکوو ناتوانــێ واوەتر لــە سیاســەتێکی دوولایەنە زیاتــر بــڕوات. ئەمە لە ڕووی کردەییشــەوە کارێکــی شــەڕەنگێزانە نییە. ئــەو بەڵگە و نموونە کەمانەی وا لە سەر جیابوونەوە هەن، ئەو شــتەی بەمدواییانە پێی دەوترێ «تیۆری دۆمینۆی جیابوونەوە» ناســەلمێنن، واتە ئەم بانگەشەیە کە جیابوونەوەیەکی سەرکەوتووی ســەرەتایی، لەوانەیە زنجیرەیەک جیابوونەوە بــە دوای خۆیدا بێنێ کە یەکەی سیاســی نەگونجاوی لێ دەکەوێتەوە.[۲۲] ژمارەیەک لە

جیابوونەوەی ناکۆلۆنیالی یاسـایی لە سەدەی بیسـتەمدا وەدیهاتوون. بۆ نموونـە، نەرویج لە سـاڵی ١٩٠٥ لە سـوید و ئایسـلەند لە ١٩٤٤ لـە دانیمارک جیابووەوە. بە دوای ئەم جیابوونەوانە، جیابوونـەوەی زیاتر لەدەوڵەتە تازە سەربەخۆکان یان لە دەوڵەتەکانی دایک نەهاتنـە ئـاراوە. هەڵبەت دەبـێ بزانرێ کە ڕوانگەیەکی ئازادانەتر سەبارەت بە جیابوونەوە لەچاو ئەوەی ئێستا هەیە، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کـە ژمارەیەکی زیاتـری جیابوونەوە ڕووبدەن. بەڵام هۆکاری کەم هەیە بۆ ئەوەی وای دانێین وەهـا ڕەفتارێک، ژمارەیەکی زۆر قەوارەی سیاسیی نەگونجاو و سەیروسەمەرەی لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی کە خەڵک هەر وا سووک و ئاسان یەکیەتیی دەوڵەتی هەبوو، تێک نادەن. بە تایبەتـی ئەگەر ئەم تێکدانە بە قازانجی خۆیان نەبێ و ئەگەر ئەو سـکاڵا و گازندانەی کە جیابوونەوەیان لە لا شـیرین دەکات بە دادپەروەری و هاودڵییەوە لەگەڵیان هەڵسـووکەوت بکرێ. بێجگە لەمە، جیایی سیاسـی لە یەک ئاسـتدا ئەتوانـێ لەگەڵ تێکەڵکردنی ئابووری(و سیاسی) لە ئاستێکی دیکە پێکەوە ڕوو بدەن. باسکەکان دەیانتوانی لە ئیسپانیا جودا ببنەوە، لە حاڵێکدا هەرووەها لە گەڵ ئیسپانیاشدا تێکەڵی جڤاتی ئابووریی ئەورووپا دەبـوون. هەرچۆنێک بێت لەوانەیە ترس لـە باڵکانیـزە بـوون تارادەیەکی زۆر وەهمـی و خەیاڵـی بێت. ئار. ئـەی. داڵ و ئی. ئـار. تۆفت پیشـانیان داوە کە لە نێوان قەبـارەی دەوڵەتەکان و داهاتی ناخالیسـی نەتەوەییان (GNP)، یان تواناییان بۆ بەردەوام بوون وەکوو قەوارەی سـەربەخۆی سیاسـی، پێوەندیی مانادار بوونی نیە.[٢٣]

ئاخۆ کەڵک وەرگرتنـی «دووپاتە بوو» لە بنەمـای زۆرینـە بۆ دیاری کردنی سـنوورە سیاسـییەکان، لە ڕووی تیۆریکەوە باڵکیش، بەڵام لـەڕووی کردەییەوە ناواقیعیە؟ باشـە، سـەرنج بدەن کە چۆن سویسییەکان لەگەڵ جوورا (Jura)، ناوچەیەکی کاتۆلیکی فەرەنسی زمان لەناو کانتۆنی بێرنی پرۆتێستانی ئاڵمانی زمان هەڵسـووکەوتیان کردووە. (فێدراسیۆنی سویس پێکهاتوو لە کانتۆنەکانە، کە لە خۆگری ناوچـەکان و ئەوانیش لـە کۆمۆنەکان پێک هاتوون). لە ناوچەی جوورا لە ساڵی ١٨١٥وە، واتە کاتێک کە بـە کانتۆنی بێرنەوە لکێندرا هەستی جودایی خوازی بوونی بووە. لە ساڵی ١٩٧٧ دا حـەوت ناوچەی جوورا لە کانتۆنی بێرن ڕێگایان پێدرا هەتـا دەنگ بدەن ئاخۆ دەیانەوێ لە بێرن جیا ببنەوە. بیرتان نەچێ، تەنها ناوچەکانی جوورا دەنگیان دا نە گشـت کانتۆنەکە. لەوێ زۆرینە لایەنگری جیابوونەوە بوون. بەڵام لە سێ ناوچە لە حەوت ناوچەکانی جوورا، زۆرینە دژی جیابوونەوە بوون. لە ساڵی ١٩٧٨ ئەم سـێ ناوچە بە تەنهایی دەنگیان دایەوە و بە دەنگی زۆرینە بڕیاریان دا لەگەڵ کانتۆنی بێرن بمێننەوە. دواتر هەرلەوساڵەدا، چوار ناوچەکەی تر، کانتۆنی نوێی جوورا یان پێـک هێنا. لەو کاتەوە، پاشـان یەکێک لە کۆمۆنەکانـی کانتۆنی جوورا، لەمانەوە لەگەڵ کانتۆنەکەدا، نارازی بووە و هەندێ پێشبینیی بۆ ئـەم کانتۆنە هەیـە کە بـە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک بڕیار بدات کە ئاخۆ لە گەڵ ئەم کانتۆنە بمێنێتەوە یان دووبارە ڕەگەڵ کانتۆنی بێرن بکەوێتەوە.

## بەشی چوارەم

ئەگـەر بانگەشـەی سـەرەکیی ئـەم وتارە دروسـت بێت، لیبرالیزم وا دەخوازێ کە هەر گرووپێکی کۆوەبوو لـە هەرێمێکدا کە لەناو دەوڵەتێکدان، دەبـێ بتوانن {لەو دەوڵەتە} جـودا ببنـەوە، ئەگـەر خۆیـان بیانەوێ و ئەگەر ئەو جیابوونەوەیـە لە ڕووی ئەخلاقی و کردەییەوە ڕیی تێ بچێت. دەسـت نیشان کردنـی تایبەتمەندیی تەواو لەو بارووددۆخەی کە جیابوونەوە نامومکیـن دەکات، واوەتر لە پانتایی هەوڵێکی سـەرەتایی بۆ سەرقاڵبوون

به بابەتی جیابوونەوەیە. لەوانەیە ئەوە بەهیچ کلۆجێک کردەیی نەبێت. هێشتاش دەتوانرێ هەندێ هەلومەرج پێشنیار بکرێن. ئەو مەرجانەی کە لەوانەیە ڕێگا بە جیابوونەوە نەدەن دەتوانن ئەمانەی خوارەوە بن:

**۱** ئەو گرووپەی کە خوازیاری جیابوونەوەیە بە ڕادەی پێویست گەورە نییە هەتا بەرپرسیاریەتییە سەرکییەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەئەستۆ بگرێت.

**۲** ئەو ئامادەگییەی تێدا نییە هەتا ڕێگا بە گرووپەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بدات هەتا جیا ببنەوە. ئەگەر چی وەها جیابوونەوەیەک لە ڕووی ئەخلاقی و کردەییەوە ڕێی تێ بچێت.

**۳** دەیهەوێ گرووپەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کە ناتوانن بە هۆی پرش و بڵاوی یان هۆکاری دیکە جیاببنەوە، بچەوسێنێتەوە یان ستەمیان لێ بکات.

**۴** ناوچەیەک لە سەر سنوورەکانی دەوڵەتی مەوجوود بە دەستەوە ناگرێ، بە جۆرێک کە جیابوونەوە، ساز بوونی هەرێمێکی دەورەدراوی(enclave) لێ دەکەوێتەوە. {بۆ نموونە ئەگەر پارێزگای یەزد بیهەوێ لە وڵاتی ئێران جیابێتەوە. وەرگێر}

**۵** ناوچەیەک بە دەستەوە دەگرێ کە لە ڕووی کولتووری یان سەربازییەوە بۆ دەوڵەتی هەبوو پێویستە.

**۶** ناوچەیەک بە دەستەوە دەگرێ کە بەشێکی زۆر ناهاوسەنگی لە سەرچاوە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئێستای تێدایە.

هەرچۆنێک بێت سێ مەرجی ئاخر پێویست ناکەن بەربەستی لە شکان نەهاتوو لە سەر ڕێگای جیابوونەوە بن. توانای ژیان و مانەوەی هەریمێکی دەورەدراو (enclave) وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تارادەیەکی زۆر بە نیازپاکیی دراوسێ نزیکەکەیەوە بەسراوەتەوە. کە لەوانەیە ستەمکارانە وەها چاکەیەکی پێ ڕەوا نەبینێ. هەندێ کێشەی هەرێمی و سەرزەمینی، دەتوانرێ لە ڕێگای دووبارە نیشتەجێ کردنەوەی خەڵک چارەسەر بکرێ، ئەگەر ئەوان ڕازی بن و بە شێوەیەکی شیاو قەرەبوو بکرێنەوە. پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی هەندێ ناوچە، بە هۆکاری کولتووری، سەربازی یان ئابووری، لەوانەیە لە ڕێگای حوکمدارێتیی یاساییی هاوبەش بەسەریدا، یان ڕێککەوتنێکی دوولایەنەی شیاو جێبەجێ بکرێ. هەندی کێشەی ئابووری لەوانەیە بە پێدانی قەرەبوو لە لایان جوداییخوازەکانەوە بە دەوڵەتی دایک بۆ پشکی ناهاوسەنگی سەرچاوە ئابوورییەکانی لە دەستچوو لە خاڵی ئاخردا قابیلی چارەسەرکردن بن؛ یان لە ڕێگای خاوەندارێتیی هاوبەشی سەرچاوەکان لە ناو دەوڵەتی جوداییخواز، لە لایەن هەردوولایانەوە یان هاووڵاتییەکانیان {چارەسەر بکرێن}.

ئەم وتارە لەبری وڵام دانەوە، پرسیاری زیاتر دینێتە ئاراوە. کێ لە ڕووی ئەخلاقییەوە مافی بە سەر سوودەکانی ئەو سەرچاوە سروشتیانەدا هەیە کە بە شێوەیەکی زۆر ناهاوسەنگ لە نێوان ویلایەتەکاندا دابەش کراون؟ ئاخۆ هەموو دانیشتوانی هەرێمیک مافی ئەوەیان هەیە بەشداری لە گشتپرسییەکی جیابوونەوەدا بکەن؟ تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە لایان دەوڵەتێکی بێگانەوە و بە دژی خواستی خەڵکی خۆجێی هێنراون؟ لانیکەمی ئەو بەرپرسیاریەتیانە چین کە هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێ بتوانێ وەئەستۆیان بگرێ؟ چ تێبینیگەلێک دەبێ لەمەڕ جیابوونەوە ڕەچاو بکرێ ئەگەر جوداییخوازەکان بیانەوێ بە جێگای دەوڵەتێکی تر، کۆمەڵگایەکی ئانارشیست پێک بێنن؟ هەتا چەنێک دەوڵەتێکی لیبراڵ دەبێ ڕێگا بە جیابوونەوەی گرووپێک بدات کە دەیانەوێ دەوڵەتێکی داخراو ودژ بە بەها لیبراڵییەکان ساز بکەن؟ ئاخۆ لیبراڵیزم نەک تەنها جیابوونەوە بەڵکو هەروەها دەرکردنی بەشێکی وڵات، بە ڕێگاپێدراو دەزانێ؟ ئەمانە و پرسیاری دیکەش دەبێ وڵام بدرێنەوە ئەگەر تیۆرێکی نموونەیی

شـــیاو لە جیابوونەوە گەڵاڵە بکرێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ گەڵاڵە بکرێ!

## سەرچاوەکان


*. Harry Bern. “A Liberal Theory of Secession.” Political Studies XXXII (1984): 21-31.

[1]. See Michael Walzer, Obligations: Essays on Disobedience, War and Citizenship (Cambridge Mass, Harvard University Press, 1970), pp. 46-8.

[2]. The quotation is from The Social Contract, Book 111, ch. XI. Contemporary political scientists have given some attention to philosophical aspects of secession, but usually such attention consists of brief asides in works on topics other than secession. See, for example, R. A.Dahl, After theRevolution (New Haven, Yale University Press, 1970), pp. 59-63.

[3]. See The Politics of Johannes Althusius, translated with an introduction by Frederick S.Carney (London, Eyre & Spottiswoode, 1964), ch. XXXVIII.

[4]. See Hugo Grotius, The Law of war and Peace, translated by Francis W. Kelsey (New York,Bobbs Merrill, 1925). pp, 261-2.

[5]. See Samuel von Pufendorf, De Officio Hominis el Civis Juxta Legem Naturalem (Vol. two),translated by F. G. Moore (New York, Oxford University Press, 1927), p. 137.

[6]. Perhaps the best work in English is still Alfred Cobban, The Nation State and National Self-Determination (London, Collins, 1969). This is the revised edition of a work first published in 1945. See also Stanley French and Andreas Outman, ‘The Principle of National Self-Determination’ in Virginia Held, Sydney Morgenbesser and Thomas Nagel (eds), Philosophy, Morality and International Affairs (New York, Oxford University Press, 1974).

[7]. This characterization is borrowed from S. I. Benn, ‘Individuality, Autonomy and Community’, forthcoming in Eugene Kamenka (ed.), Community (London, Edward Arnold).

[8]. Jules Steinberg, Locke, Rousseau, and the Idea of Consent (Westport, Conn., Greenwood Press, 1978), p. 24.

[9]. Compare Maurice Cranston, Freedom: A New Analysis (3rd edn.) (London, Longmans,1967), p. 53; John Plamenatz (ed.), Readings from the Liberal Writers (London, Allen & Unwin,1965), p. 30; D. J. Manning, Liberalism (London, Dent, 1976), pp. 101-4.

[10]. The quotation is from John Rawls, A Theory ofJustice (Oxford, Oxford University Press1972). p. 13. See also, Carole Pateman, The Problem of Political Obligation (Chichester, John Wiley, 1979). esp. the introduction.

[11]. See C. Cohen, Democracy (New York, The Free Press, 1971), p. 44.

[12]. I have explored elsewhere what the consent consists in on which the unity of the state as well as p Aitical obligation and authority could be founded. In ‘Political Obligation and Democracy’,Australasian Journal of Philosophy, 54 (1976), pp. 250-4, I try to show that it cannot consist in participation in democratic elections; in ‘In Defense of the Consent Theory of Political Obligation and Authority’, Erhics, 87 (1977), pp. 260-71, that it can consist in acceptance of membership in the state.

[13]. See F. Schick, ‘Towards a Logic of Liberalism’, Journal of Philosophy, LXXVII (1980), pp. 80-98.

[14]. S. I. Benn, ‘Sovereignty’, in Paul Edwards (ed.), The Encyclopaedia of Philosophy (Vol. 7), p. 504.

[15]. I argue for this claim at greater length in ‘What is the Basis of Political Authority?’, The Monist, 66 (October 1983).

[16]. Compare the first sentences of Ch. VIII of the second of Locke’s Two Treatises of Government and of Ch. IV of Rousseau’s The Social Contract.

[17]. Carl Sandburg, Abraham Lincoln: The War Years (Vol. I) (New York, Harcourt, Brace, 1939), p. 132.

[18]. See Liaquat Ali Khan, Pakistan (Cambridge, Mass, Harvard University Press, 1951), p. 72.

[18]. Sandburg, Lincoln: The War Years, p. 132.

[19]. See P. E. Trudeau, Federalism & TheFrench Canadians (Toronto, Macmillan, 1968).

[20]. The central idea in this argument is derived from Robert A. Dahl, A Preface to Democratic Theory (Chicago, Chicago University Press, 1956), ch. 2, esp. section VII.

[21]. Compare Onyeonoro S. Kamanu, ‘Secession and the Right of Self-Determination: anO.A.U. Dilemma’, The Journal of Modern African Studies, 12 (1974), pp. 355-76.

[23]. See Size and Democracy (Stanford, Stanford University Press, 1973).

# ژیان و کار لەسەر لێواری داگیرکاریی ناوخۆییدا:*
# ئابووریی سیاسیی کۆڵبەری لە ڕۆژهەڵاتدا

کەماڵ سولەیمانی ـ ئەحمەد موحەممەدپوور

و: کەیوان فاتحی

## پوختە

ئەم نووســـراوەیە، لێکۆڵینـــەوە لە کۆڵبەری (کارکردن لە سەر سنوور) دەکات و تیشک دەخاتە سەرسیاسەتی دەوڵەت بۆ پەرەپێدان (یـــان داگیرکاریـــی ناوخۆیـــی)ی ناوچـــە کوردییەکان (ناسراو بە ڕۆژهەڵات) لە ئێراندا. لە کاتێکدا کە کۆڵبەری پڕمەترســـیدارترین کارە، لە دەیەی ڕابردوودا، بووەتە پیشەیەکی بـــاو بۆ کوردەکانی ڕۆژهـــەڵات. لە دەوڵەتی ئێراندا هیچ یاســـایەک نییە کە کۆڵبەری بە تاوان لە قەڵەم بدات، بەڵام هەنووکەش ئەم کۆڵبرانە بە شـــێوەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە، بە تەقەی هێزەکانی دەوڵەت یان بەربوونەوە لە کوێســـتانەکان و کەوتنە ناو مەیدانی مین، گیانیان لە دەســـت دەدەن. بەم حاڵەشەوە، وتارێکی زانســـتی و بەپێز لەم بوارەدا بوونی نییە. ئێمە بەکەڵک وەرگرتن لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی لێکدراو(ترکیبی)، لەم وتارەدا ئەو زانیارییەی کە لە بەردەســـتدایە، وێڕای ٢٠ چاوپێکەوتنـــی قـــووڵ و بەپێز لە گەڵ ئەوکەســـانە کە لە حالی حازردا ســـەرقاڵی کۆڵبەرین شـــی کراوەتەوە، تاکـــوو بوارێک بڕەخســـێ بۆ تێگەیشـــتن لـــەم دیاردەیە. بەدواداچوونەکانی ئێمە پشتڕاستی دەکەنەوە کـــە کۆڵبـــەری دەرئەنجامی ڕاســـتەوخۆی پەرەپێدانـــی سیاســـەتی تـــەک «قەومی- ئایینی»یە و بەشێکە لە پاکێجی ستراتێژیی دەوڵەتی- شیعی فارس لە کوردستاندا. لەم ڕووەوە، کۆڵبەری زیاتر دیاردەیەکی سیاسییە تاکوو دیاردەیەکی ئابووری.

## وشە کلیلیەکان

ئاپارتایدی ئابووری، کۆڵبەری، کوردوستان، مێتـــۆدی لێکۆڵینـــەوەی لێکدراو(ترکیبی)، دەوڵەتی شیعی ـ فارس

## پێشەکی

پابلـــۆ گونزاڵس کازانۆڤا لە کتێبەکەی خۆی لە ســـالی ١٩٦٥دا، داگیرکاریـــی ناوخۆیی بـــە «حوکمڕانـــی گرووپێکی قەومـــی... بە ســـەر گرووپەکانی دیکەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە چوارچێوەی وڵاتێکی هاوبەشدا ژیـــاون» دەشـــوبهێنێ (پ ١٣٠–١٣٢). کازانۆڤـــا ئەم چەمکەی لە بواری کۆمەڵگەی فرە قەومییەوە بـــە کارهێناوە. بەم پێیە، لە ڕوانگەی ئـــەوەوە، پەیوەندیـــی داگیرکاریی ناوخۆیی، تەنیا لە ئابووریدا قەتیس نابێتەوە (ئەشـــق، ١٩٨٩، پ ٩٠٦ ـ ٩٠٧). ئاندرە گوندر فرانـــک، بە ئیلهام وەرگرتن لەکازانۆڤا دەڵێ: داگیرکاریی ناوخۆیی فۆرمێکە لە «پەرەپێدانی ناهاوســـان» کـــە دەرخـــەری پێوەندیەکی نایەکسانی پێکهاتەییە لە «شارە گەورەکان» یـــان «پەراوێـــزی ناوەند»دا (فرانـــک. ١٩٧١). داگیرکاریـــی ناوخۆیی وەکوو ئەســـبابێکی شـــیکردنەوە، لە لایـــەن زۆر لێکۆڵەرەوە بە تایبەتی لە چوارچێـــوەی ئامریکای لاتین و ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە، قەبووڵ کراوە (مارکارد، ١٩٥٧؛ پێکهام ،٢٠٠٤. پۆرتز و باچ. ١٩٨٥). داگیرکاریی ناوخۆیی لە ئێراندا بووەتە هـــۆی پێکهێنانی ناوەندێکی ناوخۆیی و لەم ڕێگەیەشـــەوە بە شێوەیەکی بەردەوام ناوچە ناشیعی/نافارســـەکان خراونەتە پەراوێزەوە و لە دواکەوتوویی ئابووریدا ڕاگیراون.[١]

**١** بابەتـــی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە- لە ناوچە کوردییەکان، بە بەربڵاوی ئاوڕی لە پەیوەندیی ناهاوســـان و نابەرانبەری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و شـــکڵ گرتنـــی حاکمییەت لە هەمبەر کۆمەڵگە ژێردەســـتەکان و بە چڕی ئەمنیەتی کردن و لە دواکەوتویی ڕاگرتندا، داوەتەوە.[٢]

**٢** سیاســـەتی ئەمنیەتـــی و لەدواکەوتوویدا ڕاگرتنـــی کورســـتان لە لایـــەن دەوڵەتەوە، بەســـتێن و بارودۆخێکی پێکهێناوە کە تەنیا دەکرێ وەکـــوو ئاپارتایدی ئابووری لە قەڵەم بدرێ، ئەمەش بە نۆرەی خۆی لە دە ســـاڵی ڕابـــردوودا کۆڵبەریـــی لـــێ کەوتووەتەوە. لە

کوردیدا، کۆڵبەری ئاماژەیە بۆ (لاو و پیر) کە کاری سەر سنووردەکەن، واتە ئەوەی کە خەڵک پێی دەڵێن کۆڵبەر، کاڵاکان لە پشتی خۆیان دەنێن و لەم دیوی سنوورە بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، ئێراق و تورکیە دەیگوازنەوە (هەر وەها بڕوانە بوزکاڵ ٢٠١٩). کۆڵبەری یەکێک لە پڕمەترسیدارترین کارەکانە کە ڕۆژانە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێ دەکرێ، یان بە هۆی بەربوونەوە لە کوێستان و ڕەوەزە بەردەکان، کەوتنە ناو مەیدانی مین و بەرەورووبوونەوە لە گەڵ کڕێوە و سەرمادا، گیان لە دەست دەدەن (چاو لە ڕاپۆرتی بی بی سی بکەن).[٣]

**٣** کۆڵبەری وەکوو دیاردەیەک، بەڵگەیە بۆ پشتگوێخستن و لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان، کە ئەمەش بەرهەم و لێکەوتەی بارودۆخێکی تایبەتی ئەمنیەتیکردنە، لە لایەن خودی دەوڵەتەوە. کۆڵبەری نیشانەیەکە بۆ بارودۆخێکی ناوازەی سیاسی ـ ئابووریی (بڕوانە، ئاگامبن، ٢٠٠٣) یان ئەوەی کە مادیمب، لە مانایەکی بەربڵاوتردا وەکوو» پێکهاتەی داگیرکارانە «ناوی لێ دەبات، کە دووفاقی پارادایمی وەکوو «ئابووریی خۆبژێو لە هەمبەر بەرهەمهێنانێکی زۆر[ئەوان]. بەرهەم دێنێ (١٩٨٨، پ ١٧). پارادایمی دووفاقی ئابووریی هاوشێوە لە ئێراندا کۆڵبەریی لێ کەوتوەتەوە، کە ئەمەش فۆرمێک لە ئاپارتایدی ئابووری لە کوردستاندا وێنا دەکات.[٤]

کۆڵبەری بنچینەی دینامیکی قەومی- فەرهەنگی و ناکۆکیی ئابووریی و سیاسیی سەرچاوەگرتوو لەوان لە ئێراندا نمایش دەکات، شوێنێک کە حاکمییەتی قەومی- نەتەوەییی شیعە هەموو جۆرە دەسەڵات و کەرەستەی بەرهەمهێنانێکی، پاوان کردووە. پێناچێ لە ڕۆژهەڵاتدا، پێوەندیی ئابووریی بنما و پێکهاتەی سیاسی- کۆمەڵایەتی ڕێکخستبێ. وەها پێوەندییەک، نوێنگەی سیاسیی هەمەگیریی سەرچاوە و خۆگونجاندنی کۆمەڵگە لە خۆ ناگرێت. بەڵکوو فاکتەری یەکلاییکەرەوە، هێزی کۆمەڵە یان بە واتایەکی دیکە بە تەواوی لە نەبوونی ئەودایە. ئەم نابەرانبەرییانە لە ڕێگەی کەلێن و دابەشکارییە قەومی- زمانی و ئایینییەکانەوە ئاراستە و هاوتا کراون. کەواتە، کۆڵبەری دەرئەنجامی سیاسەتی سیستەمی داگیرکاریی ناوخۆییە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە (لەم ڕووەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران) و دامەزراوەی شیعی- فارس، بە سەر کورددا سەپاوە.

دۆخی یاساییی کۆڵبەری ناروونە، لە بەر ئەوەی لە خزمەتی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدایە بۆ کۆنترۆڵ کردن و ئاسیمیلە کردن لە کوردستاندا. گەرچی زۆربەی کۆڵبەران هەڵگری ناسنامەی دەوڵەتین، بەڵام ناسینەوە و نەناسینەوەی ئەوان لە ئەستۆی پاسەوانانی سەر سنووری ئێرانە. کەواتە لەم ڕووەوە، خۆ ڕادەستکردن بە کۆڵبەری، بژاردەیەکی ناچارییە و دۆخێکی ناوازەی وەکوو نموونەیەک لە وڵاتدا پێکهێناو کە نە بە تەواوی یاساییە و نە بە ڕوونی تاوان. ئەمەش ژیانی داسەپاوی ئابووریی بە سەر کورددا مانا دەکاتەوە کە مانەوە و مەرگ وێکرا زامن دەکات. لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سنوورەکانی دیکەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە کراوەیی بۆ بازرگانیکردنی نێونەتەوەیی هێشتووەتەوە. بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە ئەو کوردانە دەکوژێ، کە وەکوو تاکە ڕێگایەک بۆ بژێوی ژیان، کاڵاکان لە کۆڵی خۆیان دەنێن و دەگوازنەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە داگیرکاریی ناوخۆییمان لەگەڵ ئەو وتەزایە کە سارا ڕۆی بە « لەدواکەوتوویدا ڕاگرتن» ناوی دەبات بە هاوتا لە قەڵەم داوە: لە ڕێی پرۆسەیەکەوە، دەسەڵات هێژمونی ستراتێژیی بەربەستی،

به مەبەستی «پێشگرتن لە گەشەی ئابووریی ناوخۆیـــی و ڕیفۆرمـــی پێکهاتەیـــی» پیادە کـــردووە (ڕۆی. ١٩٩٥، پ ٦ ؛ یادیرگی. ٢٠١٧). وەها سیاســـەتگەلێک بۆ لـــە دواکەوتوویيدا ڕاگرتنی ناوچەکانی وەکوو کوردســـتان کە قـــەوم- نەتەوەیەکی پشـــتگوێخراوی تێدا نیشـــتەجێیە، بەڕێـــوە دەبرێ. کوردســـتان وەکوو زۆنێکی ئەمنیەتی لە قەڵەم دەدرێ و لە ڕووی مێژووییەوە یاسای جۆراوجۆری بە سەردا سەپاوە. بۆ وێنە سیستەمی دادوەریی ئـــەم ناوەندە ـ کـــە بەرهەمی دەســـەڵاتی حوکمرانیی ناکوردییە، هەموو کات لە گەڵ نیشـــانەکانی کوردبوون وەکوو مەترسییەکی ئەمنیەتی ڕەفتاری کردووە (نە فیســـی. ٢٠١٢. پ. ١٠٢). کـــوردەکان بە هـــۆکاری زمان و ئایینـــی جیاوازەوە، ڕووبەڕووی هەرەشـــە و سزای لە ڕادەبەدەری ئابووری، کۆمەڵایەتی ـ سیاســـی و فەرهەنگی بوونەتـــەوە.[٥] بەم پێیـــە، دەبـــێ کۆڵبەری وەکـــوو جەوهەری فیکری- بنەجێکراوی ســـتراتێژیی دەوڵەت چاو لێ بکرێ. ئەمە دەرخەری نابەرانبەریی پێکهاتەیی و سیاسەتی تەک قەومی- ئایینیە لە بواری گەشەکردندا، کە لە لایەن دەوڵەتی شیعەی فارسەوە پەیڕەوکراوە بۆ ڕێگریکردن لە بەردەم دەسەڵاتی کوردی لە هەرچەشن و ئاستێکدا.[٦] کەســـایەتییە ناسراوەکانی ناو دەســـەڵاتی قەوم/نەتەوەی سەردەســـت و لێکۆڵەرانی فارس وەکوو مێهراد برووجێردی، ڕەوایی دەبەخشـــن بە سیاسەتی دەوڵەت لە هەمبـــەر دواکەتوویی ڕاگرتـــن و زاڵ بوون بەســـەر نا فارســـەکاندا (برووجێردی ،١٩٩٨پ. ٤٣). دەوڵەت تێدەکۆشـــێ تاکوو شوناســـی فارسی بسەپێنێ بەسەر هەموو پێکهاتەکانی دیکـــەدا یان ئەوەی کە ئـــەوان بە (نەتەوە) ناوی دەبەن. دەرئەنجامی وەها بارودۆخێک نەتەوەیەکی پێکهێناوە کە چ ئارەزوومەندانە بێت یان زۆرەملی، دەبـــێ ببن بە فارس.[٧] ئەم جـــۆرە مامەڵەکردنە لەگـــەڵ بەرگریی نافارســـەکان لە بەرامبەر حکومەت، ڕێگەی خۆش کردووە بۆ سیاسەتە توندوتیژانەکانی حکومـــەت بـــۆ ناوچەکە و ڕەوایـــی داوە بە سیاســـەتی یەک قەوم-ئایینی گەشەکردن کە بە شـــێوەی کۆڵبەری خـــۆی نواندووە. ئەمە ئەو هۆکارەیە کە دەبێ کۆڵبەری وەکوو دەرهاویشـــتەی ڕاســـتەوخۆی داگیرکاریی فارســـیزم چاو لێ بکەین کـــە بووەتە هۆی پەڕاوێزخســـتن و گەمارۆدانـــی کـــورد.[٨] بەرلەوەی کە زیاتردرێژە بە بابەتەکە بدەین، دەبێ ئـــەوە بخەینە ڕوو کە ئێمـــە، بەر لە دەســـتپێکردنی بەشـــەکانی دیکە، باس لە مێتۆدەکەی خۆمان دەکەین. پاشـــان، ئێمە دەســـکەوتەکانی توێژینەوەکەمان دەخەینە ڕوو و دەچینە سەرئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە گەڵ کۆڵبەرەکاندا کردوومانن، تاکوو جیهانی ئەوان لە ڕێگەی ڕیوایەتەکانی خۆیانەوە وینا بکەین. لـــە کۆتاییدا، ئێمە ئـــەو بارودۆخە سیاســـی- ئابووری و مێژوویـــە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆڵبەری شی دەکەینەوە. ئێمـــە لـــە ڕێگەی ئەم باســـەوە لـــە بارەی سیاســـەتەکانی دەوڵەت بۆ لە دواکەوتوویيدا ڕاگرتن، هیواداریـن ئەوە پشتراست بکەینەوە کە پرســـی کۆڵبەری، ڕووداو و کردەوەیەکە بۆ ئاشـــکراکردنی شـــێوەیەک لە ئاپارتایدی ئابـــووری، کـــە تەنانەت دەکـــرێ لە چەند ڕوویەکەوە لە گەڵ ئافریقای باشوور بەراورد بکرێ.

## کۆکردنـــەوەی زانیـــاری و میتـــۆدی لێکۆڵینەوە

لە توێژینەوەکەی ئێمەدا چەند میتۆد بەکار هاتووە کە بـــواری ئەوەی پێ داوین کە داتا و ســـەرچاوەکان لـــە ڕووی چەندایەتـــی و چۆنایەتییەوە تێکهەڵکێش بکەین (تەشەکوری و تەدلـــی ،٢٠٠٣).[٩] لـــەم پرۆســـەیەدا،هەم بـــە ئانلایـــن وهەم لە پێشـــەوە لـــە گەڵ ٢٠ کۆڵبەرچاوپێکەوتـــن کـــراوە. زانیارییە

چەندایەتییەکانی ئێمە دەربارەی کۆڵبەری، تارادەیەک لــە ڕێکخراوی هەنگاو Hengaw و کۆڵبەرنیوز وەرگیراوە Kolber Telegram) (Group to [https://t.me/Kolba rnews.[١٠] ئێمە ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانەوە کۆ کراونەتەوە، لە بەرانبەر سەرچاوەکانی دیکەی وەکوو ڕاپۆرتە لۆکاڵییەکان و لێکۆڵینەوەکانی خۆمان لە بارەی قەوم ناسییەوە، بەراوردمان کردووە. خشــتەی یەکەم پرۆسەیەکی لەم شێوەی کۆکردنەوەی داتاکان نیشان دەدات (هەروەها بڕوانە وێنەی یەکەم).

بۆ دڵنیایی زیاتر لە پێوانە جۆراوجۆرەکان لە چاوپێکەوتنەکاندا کەڵکمان وەرگرتووە، وەک گرووپــە تەمەنییە جیـــاوازەکان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ســـاڵەکانی کارکـــردن وەکوو کۆڵبەر و شـــارەکانی نیشـــتەجێبوون. ئێمە بەشـــداربووەکانی خۆمان لە شـــەش شاری سنووریی کوردستان هەڵبژاردووە، شوێنێک کە کۆڵبـــەری زۆرترین بـــڕەوی تێدا هەیە: سەردەشـــت، پیرانشـــار، مەهاباد، شنۆ، بانە و مەریوان (بڕوانە خشتەی ٢ و ٣).

بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی چاوپێکەوتنەکان، ئێمـــە قســـەکانمان دابەزانـــدووە، پوخـــت کردووەتـــەوە و کردوومانە بـــە ئینگلیزی و خسومانەتە ناو نەرمەواڵەی MAXQDA. لە پرۆسەی شـــیکردنەوەی زانیارییەکان کەڵک لــە میتۆدێکی «گراندێد تیـــۆری» وەرگیراوە تاکوو هەم بە شێوازێکی ڕێک و بە سیستەم زانیارییەکان شی بکرێنەوە و هەم لە چیرۆک و ئەزموونی ژیانی چاوپێکەوتووان مێتۆدێکی بەرچاو دابێنیـــن (گلایزێر و ســـتراس، ٢٠٠٠). (ژیان لەسەر لێوار) وا دیزاین کرابوو کە ببێت بە شـــێوازێکی ناوەندی بۆ «لێکۆڵینەوەیەکی گشتاڵتی» (یەک فۆرمی سەرچاوەیی گشتی) کە بەسەرهات و ئەزموونی ژیانی کۆڵبەرەکانی لەخۆ دەگرت.[١١]

ئێمە وتارەکەمان تـــا ڕادەیەکی بەربڵاو بۆ بـــاس و گفتوگۆکردن لە بارەی پرســـی کۆڵبـــەری لە بواری کۆمەڵایەتی- سیاســـی و ئابووریدا دەســـتپێدەکەین. باقی وتارەکە لە چەند بەشـــێک پێکدێت، کە بە گشـــتی هەوڵ دراوە وێنەیەک لە دیمەنی بارودۆخی کۆڵبـــەری لە ڕێگەی چیرۆکـــی ئەزموون و ژیانی کۆڵبەرەکان، بە دەستەوە بدات.


## ئاپارتایدیکـــی ئابووریـــی خـــزۆک و سەرهەڵدانی کۆڵبەری

کۆڵبـــەری تارادەیـــەک دیاردەیەکـــی نوێیـــە. لـــە کاتێکدا شـــێوەی کلاســـیکی قاچاخچیەتی پێشینەیەکی درێژی لە ناوچە ســـنوورییەکانی ئـــەم وڵاتـــەدا هەیە، بەڵام کۆڵبەری لە جەوهـــەری خۆیدا چەند دەیە پاش ســـەردەمی شۆڕشـــی ١٩٧٩بە زەقی وەدەرکـــەت. لەم ڕووەوە، پـــاش گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران لە یەکی فیوریەی ١٩٧٩، تەنیا سێ حەوتووی خایاند بۆ دەستپێکردنی ڕووبەڕووبوونـــەوە لـــە نێـــوان ئیســـلامییە ئینقلابییـــەکان و کوردەکاندا.(ئەلینگ. ٢٠١٢، پ. ٤٧) پـــاش گەڕانەوەی ئـــەو بە خێرایی، کـــوردەکان لە گەڵ لەشکرکێشـــییەکی بە تەواومانا بـــەرەوڕوو بوونەوە و شـــارەکانیان گەمـــارۆ دران و خەڵکی مەدەنیش قەتڵوعام کران.[١٢] بە (فەتحی کوردستان) قۆناخێکی نوێـــی گەمـــارۆی سیاســـی و پەیوەســـت بـــە ئابوورییەوە هاتـــە ئاراوە کـــە لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە نیوان ئێران و ئێراقدا (١٩٨٠ـ١٩٨٨) بـــە خێرایی قووڵتر بووەوە. بە پێی بەراورد نزیکی پەنجا هەزار کورد لە ســـاڵەکانی ١٩٧٨ـ١٩٨٨. کە شەڕی نێوان ئێـــران و ئێراقیش لە خـــۆ دەگرێ، گیانیان لەدەســـت داوە (ئەلینگ. ٢٠١٣ و پ. ٤٨). ئەم شـــەڕە، کە بواری بۆ ڕێژیم ڕەخساند تاکوو هێزی خۆی بچەسپێنێ، بووە بیانوویەک بۆ زیاتر میلتاریزەکردنی کوردستان و کردنی بە ناوچەیەکی پێکدادان.[١٣]

**خشتەی ١: کۆڵبەرەکان (دەربازبوون، کریکارانی سەرسنوور)**

| کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران (2015 - 2020) | | | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداو | بریندار | ژمارە | 19 | 49 | 148 | 226 | 178 | 16 | 636 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 3.0% | 7.7% | 23.3% | 35.5% | 28.0% | 2.5% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 27.1% | 52.7% | 62.7% | 64.2% | 70.1% | 80.0% | 62.0% |
| | | لە کۆ | 1.9% | 4.8% | 14.4% | 22.0% | 17.4% | 1.6% | 62.0% |
| | کووژراو | ژمارە | 51 | 44 | 88 | 126 | 76 | 4 | 389 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 13.1% | 11.3% | 22.6% | 32.4% | 19.5% | 1.0% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 72.9% | 47.3% | 37.3% | 35.8% | 29.9% | 20.0% | 38.0% |
| | | لە کۆ | 5.0% | 4.3% | 8.6% | 12.3% | 7.4% | 0.4% | 38.0% |
| | کۆ | ژمارە | 70 | 93 | 236 | 352 | 254 | 20 | 1025 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 6.8% | 9.1% | 23.0% | 34.3% | 24.8% | 2.0% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |
| | | لە کۆ | 6.8% | 9.1% | 23.0% | 34.3% | 24.8% | 2.0% | 100.0% |

**گرافی ١: کۆڵبەرانی کووژراو و بریندار (٢٠٢٠ ـ ٢٠١٥)**




**خشتەی ٢: تایبەتمەندیی دیمۆگرافیای ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە**

| | ژمارە | کەمترین | زۆرترین | نێونج |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 20 | 22 | 74 | 35.80 |
| ژمارەی منداڵان | 20 | 0 | 6 | 1.55 |
| پەروەردە (ساڵەکان) | 20 | 5 | 22 | 12.75 |
| ماوەی کۆڵبەری (ساڵ) | 20 | 1 | 15 | 4.85 |
| خێزاندار یا سەڵت | M: 9 | S: 11 | - | - |
| بروانامەی پێکراوی ژمارە (دەستەبەندی) | 20 | - | - | - |

**خشتەی٣ وشە لە بەستێندا**
**عەجەم، شیعە و سوننە لە بەستێندا**

| ناوی دۆکیۆمێنت | دەقی نووسراو | وشە کلیلییەکان | دەقی نووسراو |
|---|---|---|---|
| کۆڵبەر بانە: ١ | ئەمەگەورەترین مەترسیی | عەجەمەکان | دەڵێن ڕاوەستە و پاشان تەقەت لێ دەکەن |
| کۆڵبەر مهاباد: ۶ | بە پێچەوانەوە | عەجەمستان | نوێنەرەکانی ئێمە جارلەدوای جار بەڵێنی بەسەرنەچوو دەدەن |
| کۆڵبەر پیرانشار: ١٠ | هەموو شتێک ڕوونە | عەجەمەکان | ئێمە بێ دەسەڵاتین |
| کۆڵبەر سەردەشت: ١٧ | تۆ دەتوانی بە ئاسانی کارێک بدۆزیتەوە | عەجەمستان | ناوچەکەی ئێمەی بە ئەنقەست لە دواکەوتوویدا ڕاگیراوە |
| کۆڵبەر بانە: ٢ | دەکرێ مینەکان بتەقێنێ یان بۆ | عەجەمەکان | لەوانەیە تەقە لە ئێمە بکرێ |
| کۆڵبەر پیرانشار: ١٢ | هەر بارێک ٧٠٠٠٠ هەزار تمەن و | عەجەمەکان | ناسنامەکەم لێ وەردەگرن |
| کۆڵبەر شنۆ: ٢٠ | لەوانەیە دەستگیر بکرێی یان تەقەت لێ بکرێ | عەجەم | بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا دەژی |
| کۆڵبەر مهاباد: ۵ | کرێکارەکان خەڵکی کوردستان یان | سوننەکان | دانامەزرێندرێن |
| کۆڵبەر پیرانشار: ١٣ | کاتێک لە کوردەکان نێزیک دەبیتەوە | سوننە | ناوچەیەک کە بە هەژاری و بێبەشیەوە دەستپێدەکات |

میلتاریزە کردن دەرتانێک بوو کە پرۆژەکانی داگیرکاریی ناوخۆییی کۆماری ئیسلامیی ئێران، (لە ڕێگەی پرۆژەی نیزامی ومکووڕبوون) دەستبەسەرداگرتنی خاک، گواستنەوەی ئاو، زاڵ بوونی فەرهەنگی و بە هێزکردن و پەرەپێدانی ئابووریی یەک قەومی-ئایینی ئاسانتر کردەوە. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی فەرمانڕەوایی فارس، کوردەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک پەراوێز خراون. لە هەندێک بواردا تا ڕادەیەک، هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ڕێژیمی ئاپارتایدی ئافریقای باشوورە. قەوم- نەتەوەی شیعی ـ فارس لە ڕێگەی بەکارهێنانی "یاریی دوو لایەنی حاکمییەتەوە» ـ دیسکۆرسی وەخۆگرتن دێنێتە زمان. یاساگەلێکی ئەخلاقی بۆ کۆمەڵگە ڕەنگرێژ دەکات و هەمان دیسکۆرسیش بە بەربڵاوی بەکاردێنێ تاکوو کوردەکان (ئەشرار) لە بواری ئابووری، فەرهەنگیی و یاساییەوە، پشتگوێ بخات.[١۴] لە پەراوێز خستنی کۆمەڵە ناحکومییەکانی کورد و کۆنترۆڵ کردنیان و لێپێچینەوە لەگەڵیان، هاوشێوەی ئەو سیاسەتانەیە کە ڕێژیمی ئاپارتایدی لە ئەفریقای خوارووا بیچم دابوو.

لە ئەفریقای باشووردا، جەوهەری سیاسەتەکانی ئاپارتاید لە سەر بنەمای یاساییی هەڵاواردن، دەربارەی خاوەنداریەتی، دەستراگەیشتن بە سەرچاوەکان و دەستبەسەرداگرتنی مۆڵکی، بنیات نرابوو (لاونبرگ. ١٩٨٩؛ ویلیامیز،١٩٨٩، پ. ١٢١).

سیاسەتی سیستەماتیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لە دواکەوتووییدا ڕاگرتنی کوردستان، نێزیکە لە ستراتێژییەکانی ڕێژیمی ئاپارتاید بۆ بێبەشکردن ولە پەراویز خستنی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان لە ئەفریقای خوارووا. کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکی لە نێوبردنی کشتوکاڵ، پێشگرتن لە پەرەپێدانی ئاژەڵداری، کەم کردنەوەی دانیشتوانی ناوچە لادێییەکان لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوگەلی گەورە و تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی (وەکوو ئاو) بۆ ناوچە شیعییە، ناکوردییەکانە. وەها ستراتێژیگەلێک دەرخەری پلانەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتدا و نالەبارکردنی بژێوی کوردەکان لەو بەری سنوورەوە لە (باشوور) دا. لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ئیسلامی باقیی سنوورەکانی دیکەی ئێرانی بۆ بازرگانی کردنی نێودەوڵەتی- لە ڕێگەی میلیتاریزە کردنی کوردستانەوە - بە کراوەیی هێشتوتەوە، چالاکییە ئابوورییەکانی کوردی لاواز کردووە و توندوتیژی لە هەمبەر ئەو کەسانە دەنوێنێ کە جەستەی خۆیان بەکار دێنن بۆ کار کردن لە سەر سنوور. بێبەشکردن و لەپەراوێزخستنی کوردەکان لە ئێراندا، بارێکی یاساییی لەخۆ گرتووە. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، غەیر شیعەکان بۆ بەدەستهێنانی پۆستێکی کلیلیی وەکوو سەرکۆماری ڕەد دەکاتەوە. (بڕوانە مادەی ۱۱۶ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران).[۱۵] ئەوان ناتوانن بۆ سەرۆککۆماری بەربژێر بن. هەروەها ئەوان ناتوانن ببنە ئەندامی کابینەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، شووڕای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام یان مەجلیسی شارەزایان. لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئیزن بە تاکە کوردێکیش نەدراوە کە لە پۆستێکی باڵای بڕیاردەردا خۆی ببینێتەوە (بڕوانە بڕووجێردی و ڕەحیمخانی. ۲۰۱۸). سیستەمی بڕۆکراسی، یاسایی و ڕێکخراوەکانی حکومەت، هەموو بەجۆرێک پێکهاتوون کە کۆمەڵگە نافارسە ناشیعەکان (بۆ نموونە کوردەکان) بێبەش بکەن. هەروەها ڕێگەکانی وەرگرتنی پۆست و پلەی سەرەکیی ئەمنیەتی و نیزامی بۆ کوردەکان داخراوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی جیاکارانەیە کە سیاسەت و یاساکانی لە سەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێوشوێنی دیاریکراو لە یاسای بنەڕەتیدا دامەزراوە کە پارێزگاری لە دەستەبەندییەکی تاکلایەنی قەومی-ئایینی دەکات. ڕێگریکردن لە کوردەکان، بۆ بەدەستهێنانی پلە نزمەکانی حکومەت لە یاسای بنەڕەتیدا ڕوون نەکراوەتەوە. بەم پێیە، هەموو ڕێکارەکانی هەڵاواردن و بەربەستە ئیدارییەکان لەگەڵ ڕۆحی یاسای بنەڕەتییدا کۆکن، لە بەر ئەوە یاسای دەوڵەت و کۆمەڵگە لە سەر دوو بنەمای شوناسی فەرمیی: ئیسلامی شیعە و فارسیزم هەڵچنراوە. بە واتایەکی دیکە، یاسای بنەڕەتی، نەزمیکی یاسایی- سیاسیی پێکهێناوەکە لە بنەڕەتدا هەڵاواردن لە دژی ناشیعەکان، لە خۆ دەگرێ» (ئەلینگ. ۲۰۱۳، ل: ۵۱). هەنووکەش فەرمانڕەوایانی قەومی فارس بە بەردەوامی سیاسەت و شوناسی کوردی وەکوو هەڕەشەیەکی دایمی بۆ سەر یەکپارچەییی ئێرانی ڕەنگرێژ کراوی خۆیان، لە قەڵەم دەدەن (بڕوانە بڕووجێردی. ۱۹۹۸). فەرمانڕەوایانی قەوم-نەتەوە هەوڵیاندا کە کوردستان بکەن بە خێڵ و ببنە ڕێگر لە بەردەم پەیوەست بوونی بە ئابووریی پێشکەوتوو و هاوکات داخوازییەکانی کوردیش لە چوارچێوەی «دواکەوتوویی ناوچەیی»دا نیشان بدەن. لە ماوەی شەڕی ئێران و ئێراقدا، شارەکانی کوردستان بە بەردەوامی لە ژێر هێرشی ئاسمانی و بۆمباراندا بوون. لە دەرئەنجامدا، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاژەڵداری-وەکوو

یەکێــک لە کۆڵەکــە گرینگەکانی ئابووریی لادێیــی لــە ڕۆژهــەڵات- تارادەیەکی زۆر لەنێوچــوو. پانتایەکی بەربــڵاو لە چالاکییە ئابوورییەکانی کوردســـتان وەکوو کشتوکاڵ، باخ و باخات (ڕەز و شــەراب دروستکردن)، پێدەشت و لەوەڕگەکانیش کران بە مەیدانی مین (بڕوانە خشتەی ۴). ڕێژیم لە ماوەی شەڕدا، بــە میلیۆنان مینی چانــد- کە هەنووکەش زیاتر لە ۱۶ میلیۆن لەو مینانە لانەبردراون- ئەمەش بووە هۆی گرفت دروست کردن لە شێوەی کشتوکاڵی ســوننەتی و ئاژڵداریدا. لە کاتێکدا کە دەوڵــەت ڕەونەقی ئابووریی لادێــی کوردســـتانی وێران کــرد، هاوکات هیــچ چەشــنە ســەرمایەگوزارییەکی لــە ژێرخانەکان نەکرد یــان دەرفەتی کاری لە هیــچ بوار و ناوچەیەکی تریدا نەڕەخســاند. تەنانەت بۆ کارکردن لــە «کەرتی حکومی» دەوڵەت سیاسەتی ناخۆجێیی پەیڕەو دەکات (لە خوارەوە دەخرێتە بــەر باس). هەروەها بــۆ دامەزراندن لــە «بەشــی دەوڵەتیدا» لە پــرۆژە پاوانخوازەکانیــان لــە پارێزگاکاندا، کوردەکانیشــیان وەکوو هاوکار بەکارهێناوە. لە چــوار دەیــەی ڕابــردوودا، ڕێژیم ـ بە بیانــووی «بارودۆخــی ئەمنیــی تایبەت» ـ ڕێگر بووە لە بەردەم گەشەی پیشەسازی و ئابووری لە کوردستاندا. ئەم واقعە بەڵگەیەکە لە ســەر ئەو ڕاســتیە کە ســاڵی۱۹۶۸ - لــە سەرتاســەری ناوچە کوردییــەکان لە ئازربایجانی ڕۆژئاوادا، تەنیا کارگەیەکی قەند دروســتکراوە.[۱۶] دەوڵەت، لە کوردســـتاندا کەڵکی لە دیسکۆرسی»بارودۆخی ئەمنیەتیی» وەرگرتووە : (a) بۆ پەرەپێدان وچەسپاندنی هەیمەنــەی خــۆی و زاڵ نەبوونی کورد و هەروەهــا پارچەپارچەکردنی کورد لە ڕووی جوگرافی و سیاســییەوە، و (b)گواستنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بۆ ناوچە نا کوردییەکان و بنەجێکردنی سیاسەتی لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان.

**خشتەی ۴: ژمارەی قوربانیانی مەیدان مین***
**(۱۹۸۸ ـ ۲۰۰۳)**

| ئوستان | چەندپات بوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کوردستان (ئوستان) | 889 | 23.9 |
| ئیلام | 596 | 16.1 |
| خوزستان | 451 | 12.1 |
| کرماشان | 1,273 | 34.3 |
| ورمێ | 494 | 13.3 |
| هێڵی سنوور | 10 | 0.3 |
| کۆ | 3,713 | 100 |

***. تەقینەوەی مین و ڕووداوی ئینسانی (۲۰۰۶).**
**تاران: سەنتەری لێکۆڵینەوەی کەمئەندامان بۆ ئەندازیاری و زانستی پزشکیی. ۷۷.**

سەرجەم سیاسەتە بنەجێکراوەکان، داندراون بۆ ئەوەی جارێک بۆ هەمیشە کوردستان لە دواکەوتوویيدا، ڕابگرن. بەم مانایە کە سیاسەتی دەوڵەت لە هەمبەر کوردستان هاوشێوەی سیاسەتی ڕێژیمی ئاپارتایدە لە ئەفریقای باشووردا کە دەوڵەت لە ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٤٣دا، بنەما و بنچینەی سیستەمی ئاپارتایدی لە ڕووی خاوەنداریەتیی سیاسییەوە، بە دەستپێکردنی کۆنترۆڵی کار، دامەزراند (بڕوانە لۆندالّ، ١٩٩٢، پ١٦٦ـ١٦٧). ئەم سیاسەتانە بنەمایەک بوو بۆ پەرەپێدانی هەڵاواردن لە ڕووی سەرچاوەکانەوە؛ وەکوو بێبەشکردنی وەرزێڕانی ڕەش پێست. کەمکردنەوەی حەقدەستەکان و بەرهەمەکانی ئەوان. لە ئەفریقایی خوارووداا، ئەم جۆرە سیاسەتە هێزی کاری ڕەشپێستەکانی بە هەرزانی و لە ناشارەزایی و کەم شارەزاییدا هێشتەوە کە لە دەرئەنجامدا ناچار بوون پەیوەست بن بە زۆنی پیشەسازیی سپییەکانەوە (جونز و مۆلێر١٩٩٢, پ. ١٨٣). هەر بەم شێوەیەش، لە کوردستاندا، سیاسەتی داگیرکاری، لە دواکەوتوویيدا ڕاگرتن و لێسەندنەوەی خاوەنداریەتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، سێ جۆرهێزی کاری کەم بایەخ و ناشارەزای بەرهەمهێناوە: کۆچەری، کاری وەرزی و بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە: کۆڵبەری (بڕوانە، خانی و زەرقامی ٢٠١٣، موحەممەدی، ٢٠١٥).

ئەم دەوڵەتە لە شەڕی ئێران و ئێراقدا بۆ پەرەپێدانی هەیمەنەی نیزامیی خۆی و داگیرکردنی هەموو شار و گوندەکانی کوردستان، توانا نیزامییەکانی خۆی بە کارهێنا. لە کاتێکدا کە خەڵکی مەدەنی لە ژێر ڕەهێڵەی بۆمباراندا چەرمەسەرییان دەچێشت، وێڕای تێچوویەکی هەمەلایەنە و لە ڕادەبەدەر کە بە خێرایی بووە هۆی بێبەشکردنیان، شارو گوندە کوردییەکان بە چڕی میلیتاریزە کران (ئەلینگ ،٢٠١٣, پ. ٥٤).[١٧] لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە فەزای شارەکان و دەوروبەری بۆ بڵاوە پێکردنی هێزە نێزامییەکان تەرخان کرابوو، خەڵک بە هۆکاری کەمیی ئیمکاناتی پزشکی بۆ هەر چەشنە چارەسەرێکی شیاو ناچاربوون خۆیان بگەیەننە ناوەندی پارێزگاکان. لەو سەروبەندەدا، پرۆسەی میلیتاریزە کردنی دەوڵەت، بە شێوەیەکی بنچینەیی بووە هۆی داکشانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ. ئەم ڕێژیمە بە زیادکردنی مەیدانی مین و قەدەغە دانان لەسەر کاری جووتیاران، بۆ درێژەدان بە پیشەکەی خۆیان لە سەر زەوییە بەرهەمدارەکانیان، هەژاری و بێدەرتانییەکی گەورەتریان بە سەر خەڵکدا سەپاند. ئەمەش ئەکتێک بوو بۆ ئەوەی پێوەندیی ئۆرگانیکی نیوان خەڵک لە لادێیەکان و شۆڕشگێڕانی کورد، لە بار ببات. بەم شێوەیە، ڕێژیم لە ڕێگەی سەرمایەدانانی ئابوورییەوە بۆ ژێربینا نیزامییەکان و لەباربردنی ئێکۆلوژی، ئابووریی گەمارۆدرواى کوردی بەخێرایی وێران کرد.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠، هێزە نێزامییەکانی دەوڵەت فەرهەنگی یاسایی و ژیانی گشتیی کوردەکان دیاری دەکەن و لەسەر ژێرخانە مەدەنیەکان کاردەکەن، بەڵام وەک بەها گشتییەکان، بە تەواوی بێبەشیان دەکەن. لە سێ دەیەی ڕابردوودا، «کۆماری ئیسلامی هەموو شارە کوردییەکانی کردووەتە پادگانێکی گەورەی نیزامی» (بڕوانە ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا).[١٨] ئێستا، لەکوردستاندا، کارمەندانی نیزامیی فارسی شیعە ٢ـ٣٪ لە ڕێژەی حەشیمەتی هەر شارێک پێک دێنن. ئەمە سەرەڕای ئەو حەقیقەتەیە کە زیاتر لە ٥٠٪ بروکراسیی دەوڵەتی، لە غەیرە کورد/غەیرە سوننە پێکهاتووە. بوونی دەوڵەت لە کوردستان زیاتر فۆرمێکی نیزامیی لە خۆ گرتووە. زۆربەی، «ناوچە کوردییەکان» لە ڕێگەی شوێنە نیزامییەکان و یاسای نیزامییەوە ئیدارە دەکرێن، و زۆربەی سەرمایە ئابوورییەکان بۆ ژێربینا نیزامییەکان تەرخان کراوە. کەواتە،

پێوەندیی لۆکاڵی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵات، زۆرتر لە ڕێگەی نوێنەرە نیزامییەکانەوە بەڕێوە دەبرا، ئەم بارودۆخەش هەستی داگیرکاریی لە ناو کوردەکاندا بەهێزتر کرد (ئەلینگ. ۲۰۳۱. پ. ۵۴). هێزە نیزامییەکانی دەوڵەت وەکوو هێزێکی داگیرکار ڕەفتا دەکەن، کە بە بەردەوامی تۆڕە ئەمنیەتی و چاوەدێرییەکانیان بەربڵاوتر دەکەنەوە. ئەوان لە ڕێگەی ستراتێژیی پانخوازانەی پلان بۆ داڕێژراوەوە، پەرە بە شیعە/فارسیزم دەدەن وبە شێوەیەکی بەرچاو هێما و خۆدەرخستنەکانی کورد بێ نرخ دەکەن. سیاسەتە جیاکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو خاڵانەی سەرەوەدا کورت نابێتەوە. دەوڵەت سیستەمی پەروەردەکەی بۆ فارس- شیعەسازی و پەرەپێدانی تاقانە-قەومی-ئایینیی خۆی و لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان، ڕێکخستووە. لێکۆڵەرانی بواری ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە سیاسەتی ئاپارتاید پێویستی بە سیستەمێکی پەروەردەیی جیاواز هەیە، پەروەردەیەک کە بۆ ئەوە داڕێژرابێ کە بۆ هەمیشە پەروەردەی ڕەشپێستەکان لە بندەستیدا بهێڵێتەوە (لیپتون، ۱۹۸۶، پ. ۲۴). بە هەمان شێوە، سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕووی پەروەردەیییەوە بندەستبوونەوە و پاکسازیی قەومیی غەیرە فارس/غەیرەسوننەکان گەرەنتی دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕێگەی سیستەمی داگیرکارییەوە بۆ لە خۆکۆکردنەوە، سیاسەتێکی دوولایەنەی پەروەردەیی پەیڕەو کردووە. (a) ستراتێژیی غەیرەبوومی سازیی ئەوان، ڕێگری دەکات لە خەڵکی خۆجێیی بۆ کارکردن لە دامەزراوەی دەوڵەتی، خوێندنگە و زانستگەکان و جێگۆڕکێیان پێ دەکات لە گەڵ خەڵکی نالۆکاڵی شیعە و فارسدا. لە بەشێک لە ئوستانە غەیرە شیعەکان، سەرووی ۸۰٪ فێرکاران لە خەڵکی ناخۆجێیی پێکهاتوون (ڕاپۆرتی ئاژانسی دویچەولە).[۱۹] ئێلینگ بە دروستی گوتوویەتی کە: چوارچێوە ئیدارییەکانیان بەشێوەیەک ڕێکخستوە کە سوننەکان بە شێوەی لۆژیکی زۆرینە لە هیچ ئوستانێکدا پێک ناهێنن (۲۰۱, پ. ۵۱). غەیرە بومی سازی، بێکاریی خەڵکی خۆجێیی زیاد کردووە و بەرەبەرە بڕۆکراسی و کادری فێرکاریی ناخۆجێیی، جێگای گرتوەتەوە. (b)جەمسەربەندی لە خوێندنی باڵا، ستراتێژییەکی دیکەیە کە بارە بە سەر خوێندکارانی کوردەوە، بۆ وەرگرتنیان لە دامەزراوەکانی دەرەوەی ناوچەی خۆیان.[۲۰] ئەوان لەگەڵ وەها بەربەستگەلێک بەرەوڕوون، لە کاتێکدا کە سیستەمی پەروەردەییی ئێرانیش سیستەمێکی فارس- سەنتەرە و زۆربەی زانستگە بە پرستیژەکانیش لە شارەکانی ناوەندی ئێران، وەکوو تاراندان. چوونە ژوورەوە بۆ ناو وەها دامەزراوەگەلێک هیچکات بۆ خوێندکارانی خەڵکی کوردستان ئاسان نەبووە (بروانە سورخ، ۲۰۱۷).[۲۱]

لە کاتیکدا یەکەم بنچینەی سیاسەتی پەروەردەییی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سڕینەوەی دەرفەتی کارکردنە بۆ کورد و سوننەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا، دووهەم بەربەست لە بەردەم خوێندکارانی کورد، خۆتۆمارکردنە لە دەرەوەی ناوچە لۆکاڵیەکانی پەروەردەییی خۆیاندا.[۲۲] داگیرکاریی فارسیزم، پێشتر لەم بوارەدا بەستێنێکی نالەباری بۆ نافارسەکان پێکهێناوە. ئەم ڕێوشوێنە، ڕێگربووە لە بەردەم زمانەکانی دیکە جگە لە فارسی و بەم شیوەیە ش، توانایی خوێندکارانی کوردی لە کێبەرکێکاندا، لە گەڵ بە ڕەچەڵەک فارس زماناندا، دابەزاندووە. هەروەها، ئەمنیەتیکردنی شوێنی ژیانی ئەوان لە لایەن دەوڵەتەوە، پرسی خوێندکارانی کورد بە چڕی لە ژێر چاوەدێریی ڕێژیمدایە. لە بەشی پەروەردەدا، چەندین ڕێکخراوی ئەمنیەتیی تایبەت بوونی هەیە، کە هەریەک لەوان ئەرکی کۆکردنەوەی پرۆفایلی خوێندکاران و مامۆستایانی کوردی لە ئەگەری جیاوازی لە

بواری سیاسی و ئایینی، هەڵسوکەوتەکانیان، نووسین و قسەکانیان، پۆشینی جلوبەرگ، پێوەندی و چالاکییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەتا دوایی، لە ئەستۆیە (بڕوانە سولەیمانی و موحەممەدپوور، ٢٠١٩). دانانی پرۆفایل بۆ قوتابیان لە قۆناغی ناوەندییەوە دەستپێدەکات، لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، دەزگا دەوڵەتییەکان دەستنیشانی دەکەن کە چ خوێندکارێک بۆی هەیە درێژە بە خوێندنی باڵا بدات یان ببێتە کارمەند لە «کەرتی حکوومی»دا. هەروەها پێشینەی خزمانی نزیک و دووری خوێندکاران، هەموویان فاکتەری یەکلاکەرەوەن لە هەڵبژاردنی ئەوان لە لایەن دەوڵەتەوە (سولەیمانی و موحەممەدپوور،٢٠١٩). لە ساڵی ٢٠٠٩ـ٢٠١٠دا، وێڕای تەنین و میلتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن دەوڵەتەوە، کوردستان کرانەوەی بازاڕەکانی سەر سنووری بە شێوەی کاتی لە مەریوان، سەردەشت، پیرانشار و بانە، بە خۆیەوە بینی. ئیزن بە بازرگانانی لۆکاڵی درا کە کالاکان لە کوردستانی ئێراقەوە هاوردە بکەن و هەناردەی شارە غەیرە کوردییەکانی بکەن. ئەمەش هاوکات بوو لە گەڵ ڕەوتێکی لە ناکاو، وێڕای پارەیەکی لە ڕادەبەدەر لە ناوچە و شارە کوردییەکاندا. دەرئەنجامی ئەم بارودۆخە بووە هۆی زیاتر بێبەشکردنی ناوچە لادێیەکان و خەڵکەکەی هاندا کە بۆ بەدەستهێنانی داهاتوویەکی باشتر لەو شارانەدا، دەستبەرداری مووچە و مەزراکانیان بن. ئەو شارە کوردییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بوونە شوێنی سەرەکیی بۆ خەڵکی لادێیەکان. بۆ وێنە، لە شاری بانە، ژمارەی بازاڕەکانی کڕین لە چوار دانەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) گەیشتە ٢٥٠ دانە لە ساڵی (٢٠١٦)دا، ئەمەش بووە هۆی بنەمای متمانەی خەڵک بەم بازاڕە ناسەقامگیرانە. وێڕای وەڕێ خستنی ئەم بازاڕە ناسەقامگیرانە، دەوڵەت ئابووریی لۆکاڵی بە زۆری لە ناو برد و ڕێژەی چوونە بەرخوێندنی لە نێو لاواندا دابەزاندا، لە بەر ئەوە خوێندن و خوێندەواری، زیاتر وەکوو دەروازەیەک بۆ وەرگرتنی کاری دەوڵەتی لەقەڵەم دەدرێ. کرانەوەی ئەم بازاڕە کاتییانە، زۆرتر لە لایەن سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیەوە بەڕێوە برا بە مەبەستی ناسیاسی کردنی کۆمەڵگەی کوردی. هەروەها دەوڵەت هیواداربوو کە کرانەوە ـ و داخستنی سنوورەکان وەکوو کارتێک بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردەکان لە هەردوو دیوی سنوور، بە کار بێنێ. ئەحمەدینەژاد و سپای پاسدارنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بەرەبەرە سیاسەتەکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی کوردەکان لە فەزایەکی ئابووریی خنکێندراودا، بەڕێوە برد (بڕوانە ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩). ئەم ڕووداوە پاش لە دایکبوونی دامەزراوەیەکی بە فەرمی ناسراوی کوردی لە ڕووی یاساییەوە. (لە ئێراق) لەو بەری سنوورەوە ڕوویدا. بوونی دامەزراوەیەکی کوردی لە ڕوانگەی قەوم- نەتەوەوە فارسەوە «وەکوو هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئاسایشی میلیی کۆماری ئیسلامی» لێکدرایەوە (برووجێردی مێهرانی و پوور ئیسلامیی. ٢٠١٤، پ. ٨٧ـ٩٤). ئەم هەستە بەهێزەی وشیاربوونەوەی کورد، بەرادەیەک بوو کە «نووسەرانی پۆست کۆلۆنیالی» فارسی وەکوو حەمید دەباشی (٢٠١٧)ئەگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانیان وەکوو «کارەساتێک بۆ ناوچەکە» لەقەڵەمدا. پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، دەوڵەتی ئێران فۆرمێکی بەربلاوتری لە سیاسەتە پاوانخوازەکانی لە ڕێگەی شەڕی بەوەکالەت، واتە چەکدارکردن و دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی بۆ گرووپە جۆربەجۆرە تێرۆریستییەکان، لە ناوچەکە بەڕێوە برد. دابەشکاریی ئیداری و ناوخۆیی کوردەکان لە ئێراق و سیاسەتە خۆفریودەرەکانیان بووەتە هۆی ئەوە کە ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکەوتووییەوە بسەپێنرێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بازاڕی کاری کاتی لە کوردستان دەکاتەوە و دواتر دایدەخات بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو گەمارۆیانەی کە ئامریکا لە سەری داناوە دەور بداتەوە و لاوانی کوردیش بە سەرفکردنی پارە بە نیسبەت دیمەنێکی ئابووریی ناسەقامگرتووەوە فریووبدات و لەم ڕێگەیەشەوە کوردەکان زیاتر کۆنتڕۆڵ بکات و لە سیاسەت دوور بخاتەوە. لەسەر یەک، سیاسەتی لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان و لێ سەندنەوەی خاوەندارێتی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە فۆرمی جیاوازدا بەرهەم هاتووە، لەم پێوەندییەشدا گەورەترین کارەسات، سەرهەڵدانی کۆڵبەری و کارکردنی وەرزانەیە لە دەرەوەی کوردستاندا.

لە پاڵ کارکردن لە سەر سنوورەکاندا، هەموو هاوینانێک بە هەزاران بنەماڵەی کورد ناچار دەبن ئاوارەی ناوچە ناکوردییەکانی (وەکوو، تاران، ئیسفەهان، شیراز و تەورێز) بن، و لەوێ لە گارگەی خشت، مەزرا و باخە تایبەتییەکاندا، کار بکەن. بارودۆخی کارکردن لە کارگەکانی خشتدا، بە تەواوی نامرۆڤانەیە و شتێک کەمترنییە، لە کۆیلایەتیی مۆدێرن. کرێکارەکان لە سەر ئەساسی ژمارەی ئەو خشتانەی کە ڕۆژانە دروستی دەکەن حەقدەستیان پێ دەدرێ و (لەم ڕووەوە بێ لە بەرچاوگرتنی تەمەن، ڕەگەز و بارودۆخی لەشساغی) هەموو ئەندامانی بنەماڵەکان دەبێ لە حەوت ڕۆژی حەوتووەکەدا، ئیزافەکاری بکەن. زۆربەی ئەم بنەماڵانە دەستوپەنجە لەگەڵ برسی بووندا نەرم دەکەن؛ ئەوان بە بەردەوامی و لە فۆرمی جیاوازدا سووکایەتییان پێ دەکرێ، لە کەمپی کار تەریک دەکرێنەوە و بە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی لەشساغی یان ئیمکاناتی پزشکی، ژیان بەسەر دەبەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە نامرۆڤانەیە، لە کاری وەرزانەدا، زۆربەی خەڵکەکە کۆڵبەری هەڵدەبژێرن. ئەمەی دووهەمیان گرینگ نییە چەندە مەترسیدارە، بەڵکوو کۆڵبەرەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەتوانن شکۆی خۆیان بپارێزن. پێچەوانەی کارکردن لە گارگەکانی خشت بریندا، کۆڵبەری زۆرتر لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەوە ئەنجام دەدرێ. هەرلە بەرئەم هۆکارەیە کە چیدیکە کۆڵبەری پیشەیەکی تایبەت بە کەسیکی پێگەیشتوو، نەخوێندەوار و پیاوانی بێ توانا نییە، هاوشێوەی قاچاغچیەتیی کۆن. نێونجی تەمەنی کۆڵبەران بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوە و لە نێوان ١٣ بۆ ٦٥ ساڵی لە هەڵکشان و داکشاندایە. بە پێی بە دواداچوونەکانی ئێمە لە ساڵی ٢٠١٥

**خشتەی ٥ نێونجی تەمەنی بەشێک لە کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار* (٢٠١٥ــ٢٠٢٠)**

| | ژمارە | کەمترین | زۆرترین | نێونج |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 262 | 13 | 65 | 29.5 |
| ژمارەی باوەڕپێکراو (ڕیزکراو) | 262 | - | - | - |

***. ئێمە لە کۆی ١٠٢٥ کەیس تەنیا تەمەنی ١٧٥ کەسمان لە بەردەستدایە.**

بۆ۲۰۱۹ نێونجی تەمەنی کۆڵبەرانی کوژراوو بریندار ۲۹ ساڵە (بڕوانە خشتەی ۵).[۲۳]

هەنووکە، پێشینەی کۆڵبەران هەمە جۆرە. دەکرێ کۆڵبەر وەرزشوانانێکی دیار بێ یان خوێندکارانی هیواخوازی ماستەر و دوکتورا بن. بۆ وێنە، کەیوان کەیوانفەر، خەڵکی پاوە، خاوەن پروانامەی ماستەرە لە بواری شارسازییەوە و باقر ئەحمەدی خەڵکی مەریوان، پلەی ۱۲ی لە تاقی کردنەوەی وەرگیران لە زانکۆی سەرتاسەریی ئێران، بەدەستهێناوە و لیسانسی لە بواری شارسازییدا، هەیە.[۲۴] تەها غەفووری وەرزشوانێکی ناسراو و براوەی چەندین خەڵاتی سەرتاسەری لە ئێران و جیهان، ناچارە کۆڵبەری بکات. بەم شێوەیە، کۆڵی هەر کۆڵبەرێکی ئاسایی لە نێوان ۵ بۆ ۸۰ کیلۆییە. ئەوان بە پێی تەمەن و توانای جەستە بۆ هەر کیلۆ بارێک لە نێوان ۵,۰۰۰ تمەن تاکوو ۲۰,۰۰۰ تمەن واتە (۳۳ سەنت - ۱,۲۵ دولار) وەردەگرن. هەر کۆڵبەرێک لەوانەیە لە مانگدا بتوانێ ۵ـ۱۰ جار هاتوچۆ بکات و داهاتەکەی دەکاتە ۱,۰۰۰,۰۰۰ تمەن واتە (۶۷ دولار)، ئەم بڕە پارەیەش زۆر نزمترە لەو هێڵە هەژارییەی کە لەسەر بنەمای ۶۰۰ دولار لە لایەن دەوڵەتەوە لە ساڵی ۲۰۱۷دا ڕاگەیەندرا.


## کۆڵبەری: زەونێکی نادیار

کۆڵبەری لە ڕووی یاساییەوە، نایاسایی نییە، بەڵام سزاکەی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ مەرگە، بە بێ ئەوەی هیچکات وەکوو تاوان بە ئەژمار هاتبێ. کۆڵبەر هاوکات لەناو بازنە و دەرەوەی بازنەی ڕێوشوێنی یاسایی-سیاسییەوەیە (بڕوانە خشتەی یەکەم). هیچ یاسایەک کۆڵبەری بە تاوان لە قەڵەم نادات. بەڵام هەنووکەش ئەوان بە بەردەوامی بە تەقەی هێزەکانی دەوڵەت، یان بەربوونەوە لە کوێستانەکان و کەوتنە ناو مەیدانی مین و هۆکاری دیکە، گیان لە دەست دەدەن. بەم پێیە، هیچ مێکانیزمێکی یاسایی بوونی نیە، تا لە ڕێگەیەوە سکاڵای ئەو کۆڵبەرانەی کە دەبنە قوربانیی توندوتیژیی دەوڵەت، تۆمار بکرێت، یاخود ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە. ساڵی ۲۰۱۵ زۆرترین تەقەی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران کراوە (بڕوانە خشتەی یەک). تەنیا لەو ساڵەدا، ۱۲۶ کۆڵبەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆوە گیانیان لەدەستداوە.هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی مافی مرۆڤی کوردستان، ۴۲ کۆڵبەری دیکە لە ساڵی ۲۰۱۶ بە تەقە گیانیان لە دەست داوە کە ۷۰,۳٪ لەوان خێزاندار بوونە و سێ کەسیشیان تەمەنیان لە ژێرەوەی ۱۸ ساڵە بووە. هەر بەم شێوەیە، لە ساڵی ۲۰۱۷، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی دەوڵەت، ۷۳ کۆڵبەری دیکە کوژراوون و ۱۵۴ کەسی دیکەش بریندار بوونە. هێزەکانی دەوڵەت لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۸دا، ۲۵ کۆڵبەریان کوشتووە (بڕوانە ڕاپۆرتی هەنگاو)[۲۵] بەشێک لەوان وەکوو عەلی نەسیری و فەرهاد زەندی لە سەریان دراوە. نەسیری خێزاندار و خاوەنی دوومنداڵ بوو. لە کاتێکدا کە ۷۰٪ کۆڵبەرانی کوژراو، قوربانیی تەقەی ڕاستەوخۆن، ژمارەیەکی بەرچاو لەوانیش بە هۆکاری خستنە خوارەوەیان لە شاخەکانەوە لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە، یان لەکاتی هەڵاتن لە ترسی گیانی خۆیان بەردەبنەوە و گیان لە دەست دەدەن. بۆ وێنە، لە ۱۶ی مەی ۲۰۱۸، محەممەدکەریم ڕەحمانی بە هۆی دەمەقاڵێ لە گەڵ سەربازەکاندا، لە شاخەکانەوە فڕێ درایە خوارەوە.[۲۶] ڕێکەوتی ۹ی نۆوامبەری ۲۰۱۸، یونس ئیبراهیمی، خەڵکی سەردەشت، لە کاتی هەڵاتن لە ترسی گیانی خۆی لە شاخەکان بەربووەوە و گیانی لەدەستدا. هەر لەو ڕۆژەدا شێرزاد ئیبراهیمی، لە کاتێکدا کە هێزەکانی ڕێژیم بە داویەوە بوون بەربووە و گیانی لەدەستدا.[۲۷] توندوتیژی و شەر پێ فرۆشتنەکان تەنیا لە کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەراندا، کورت نەبووەتەوە.


هەمووو کردەوەکانی وەکوو دەستبەسەر کردنە ڕەمەکیەکان، ئەشکەنجەدان، تەنانەت شاردنەوەی تەرمی کۆڵبەران، بووەتە ڕواڵێکی ئاساییی هەڵسوکەوتی دەوڵەت. زۆر جار پاش چەند حەوتوو یان مانگ بە سەر گیان لە دەستدانیان، خەڵکی خۆجێیی تەرمی کۆڵبەرەکان دەدۆزنەوە و نیشانەی ئەشکەنجەدانی حاشا هەڵنەگریان پێوە دیارە. بۆ وێنە لە ڕێکەوتی ١١ی فێڤریەی ٢٠١٨، تەرمی شوان ڕەسوڵی، خەڵکی بانەیان دۆزییەوە. دەست و پێی ئەویان بەستبووە، و هەموو نیشانەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو بەر لەوەی تەقەی لێ بکرێ، ئەشکەنجە دراوە.[٢٨] پاش ٧٠ ڕۆژ دەستبەسەر کردن و ئەشکەنجەدان، تەرمەکەی ئەبووبەکر مەولانایی خەڵکی ورمێیان ڕادەستی بنەماڵەکەی کردەوە. ئەو پێشتر بێسەروشوێن ببوو.[٢٩]

تەقەکردنەکان بە بەردەوامی لە سەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێنەوە. لە ساڵی ٢٠١٥ تاکوو٢٠٢٠, ٧٢٥ کۆڵبەر، واتە ٧٠,٧٣٪ هەموو کۆڵبەران لەم ڕووداوانەدا، بە هۆی تەقەی ڕاستەخۆوە بریندار بوون یان کوژراون. وێڕای ئەم ڕووداوانە، ئەوانی دیکەش کە ڕزگاریان دەبێ لە لایەن پاسەوانانی سەر سنوورەوە تووشی ڕاوەدوونان دەبنەوە، کە زۆرجار بەتوندی بریندار دەبن یان گیان لە دەست دەدەن (بڕوانە خشتەی ٢). زۆربەی کۆڵبەرانی بریندار لە ترسی سزا و لێپرسینەوەی دەوڵەت خۆ دەبوێرن لە چارەسەری پزشکیی، کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی لەوانەیەی ئەوان ڕوبەرووی مەرگ بکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٩, ژمارەی کۆڵبەرانی بێسەروشوێن کراو بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوونە. کۆڵبەران لە وەرزی زستاندا بە ئاسانی لێک هەڵدەبڕێن و ون دەبن و لە ئەنجامدا لە سەرمادا ڕەق دەبنەوە. فەرهاد و ئازاد خوسرەوی (دوو برای تەمەن ١٤ و ١٧ ساڵان) کە خەریکی کۆڵبەری بوون، دوای سێ ڕۆژ بێسەروشوێن بوون لە ڕێکەوتی ١٢ی دیسەمبەری ٢٠١٩، بە مردوویی تەرمەکانیان دۆزرایەوە (بڕوانە خشتەی ٣). مەرگی تراژیکی ئەم دوو برایە تێچوویەکی زیاتری کۆڵبەرانی کەم تەمەن نمایش دەکات. هاوشێوەی گەورەساڵان، خەڵکانی کەم تەمەنیش بوونەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی دەوڵەت (خشتەی ٦). دەبێ ئاماژە بەمە بکرێت کە بە هۆی سیاسەتی لە دواکەوتوویدا ڕاگرتنی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتەوە، تەنانەت ژنانیش ناچار بوون پەیوەست بن بە کاری کۆڵبەرییەوە. هەر بەوشێوەیە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە دەیەی ١٩٨٠دا دەوڵەت بە تایبەتی ملیۆنان مینی لە چوار پارێزگای ورمێ، کوردستان، ئیلام و کرماشاندا، چاند. پاش سێ دەیە، هەنووکەش مینە بێسەروشوێنەکان بە بەردەوامی ژیانی زۆریەک لە خەڵکی لادێیەکان- بە تایبەتی ژن و منداڵان، دەستێنن. لە گەڵ سەرهەڵدانی کۆڵبەریدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆڵبەران بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی خۆیان لە دەستداوە، یان تووشی برینی قووڵ بوونە. بەم حاڵەشەوە، سەرەڕای ژان و برینە قووڵەکانیان، دادگاکانی دەوڵەت زۆر جار کۆڵبەرانی زیان لێکەوتوو، بە پارەیەکی زۆر سزاش دەدەن. بۆ وێنە، لە ساڵی ٢٠١٧دا، لوقمان وەحید ـ کە چاو و لاقێکی لە تەقینەوەی میندا لە دەستدا، بە بۆنەی هاتوچۆی نایاسایی لە سەر سنوور ١١ میلیۆن تمەن جەریمە کرا.[٣٠] ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆڵبەران بە هۆی هەوڵەکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە داوی هێزەکانی دەوڵەت نەکەون، گیانیان لە دەست داوە. ژمارەیەکی بەرچاو لەوانەیش کە لە کوێستانەکاندا بەرنەبونەتەوە، لە ماوەی کاروانی شەوانەدا بە هۆی سەرماوە دەمرن.[٣١]

**وێنەی٢: نیشانە ناسی کوژران و برینداربوونی ڕووداوەکانی کۆڵبەری (٢٠١٥–٢٠٢٠)**




**وێنەی٣: پێوەندیی مانایی لە نێوان کۆدی «عەجەم» و کۆدەکانی دیکە و خاڵەکانی دیکە لەخۆ دەگرێ. هێڵە پڕپڕەکان ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوە و گرێدانی دوو چەمکی جیاواز**



**خشتەی ٦: کۆڵبەرە کەم تەمەنە کوژراو و برینداره‌کانی ساڵی ٢٠١٩**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەفشار سەعیدی‌نیاز | مەریوان | ١٥ | ١٣ی مارسی ٢٠١٩ | بەربوونەو لە شاخ | گیانی لەدەستداوە |
| ئارام زەردە شوان | شنۆ | ١٧ | ١٤ی مەی ٢٠١٩ | خنکاوە | گیانی لەدەستداوە |
| هێمن ساڵحپوور | بانە | ١٦ | ٢٥ی ژوئەنی ٢٠١٩ | تەقەی ڕاستەوخۆ | کوژراوە |
| ئیسمائیل ساوجی‌نژاد | مەریوان | ١٦ | ٨ی ئاگۆستی٢٠١٩ | تەقەی راستەوخۆ | کوژراوە |
| ئەشکان فەتاحی | نەوسوود | ١٧ | ١١ی نوامبری٢٠١٩ | تەقەی راستەوخۆ | بریندار |
| هادی حوسەینی | ڕەبەت | ١٧ | ١٥ی دیسامبر٢٠١٩ | تەقەی راستەوخۆ | کوژراوە |
| فەرهاد خوسرەوی | مەریوان | ١٤ | ١٢ی‌دیسامبر٢٠١٩ | ڕەق هەڵات | گیانی لەدەستداوە |
| ئازاد خوسرەوی | مەریوان | ١٧ | ١٢ی‌دیسامبر٢٠١٩ | ڕەق هەڵات | گیانی لەدەستداوە |

کۆڵبەری تەنیا مانای یاسایی، سیاسی و ئابووری لە خۆ ناگرێ. بەڵکوو لە پەراوێزخستنی ژیان و کاریش مانا دەکاتەوە. هەروەها زۆر جار دەبێتە هۆی بارودۆخێکی نالەباری دەرونی بۆ خەڵکانێک کە دەیانهەوێ بە سەرمەترسیی هەژارییدا زاڵ بن، بۆیە ئەم ڕێگە پرمەترسییانە بۆ ژیان هەڵدبژێرن. تۆ بە بەردەوامی چیرۆکی هاوشێوەی ئەمەی خوارەوە لە کۆڵبەرێکی خوێندەوار دەبیستی کە: من هیچکات ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە کە یەکێک لە هاورێکانم، کە ئەویش ژیانی هاوبەشی پێکهێنابوو، بە کۆڵەکەی کۆڵییەوە بەربووەوە... بۆ یارمەتیدان لێی نێزیک بوومەوە ...ئەو دەگریا، لە سەرما و بێ هێزییدا هەڵدەلەرزی. شەکرەکەی بە تەواوی دابەزیبوو. کەشوهەواکە زۆر سارد بوو و کۆڵەکەشی زۆر قورس. ئەو بە دەنگێکی لەرزیووەوە گوتی، چیدیکە نایهەوێ بژی. ئەو چەقۆکەی خۆی بە مندا: «تکایە بەو چەقۆیە کۆتایی بە ژیانی من بێنە ....» کۆڵەکەم لە کۆڵی داگرت و لە شوێنێک شاردمەوە تاکوو ڕۆژی دواتر تەسلیمی خاوەنەکەی بکەمەوە. ئەگەر پێشم پێ نەگرتبایە، ڕاست هەر لەو شوێنەدا خۆی دەکوشت.

## ژیان لەسەر لێوار و دیمەنەکانی

لێکدانەوەی ئێمە لە کۆڵبەری، وێڕای زانیارییە کۆکراوەکان، کە لە چەندین کاتژمێر چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتە دیکۆمێنتکراوەکان پێکهاتووە، دەریدەخەن کە ژیانی کۆڵبەری دەبێ لە چوارچێوەیەکی چەند لایەنە کە گرێدراوی بارودۆخی سیاسی، ئابووریی سیاسی و شوناسی کوردە، چاوی لێبکرێ. جەوهەری چەمکی «ژیان لەسەر لێوار» ڕەهەندی کاتیی ژیانی کۆڵبەری نمایش دەکات کە لە بەسەرهاتەکانی خۆیاندا ڕەنگ دەداتەوە (بڕوانە خوارەوە). ئەمەش نیشاندەری مەترسی و ناجێگیری لە ژیانی کۆڵبەریدایە. چەمکی « لەسەر لێوار» ژیانی کۆڵبەری وەکوو دلۆپێک لە جیهانی پەراوێزخراو و مەترسیداربوونی ژیانی ناسەربەخۆی کوردەکان نمایش دەکات. بۆ باشتر تێگەیشتن لە ژیان و کاری کۆڵبەرێکی ئاسایی، پێویستە چاوخشاندنەوەیەک بکەین بەسەر ئەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە ژیانی لە پەراوێزخراوی لێ هەڵقوڵاوە (خشتەی٧). ئێمە

لێرە، لە سەر بنەمای تیوری پێکهاتەیی، بەوردی چۆنیەتیی گێرانەوەی چیرۆکی تاکە کەسیی کۆڵبەران و بارودۆخی دژواری ئابووری و سیاسیی کوردەکان لە ڕۆژهەڵات، شی دەکەینەوە. بۆ وێنە، لە بەسەرهاتێکی شایەتحاڵەکانی ئێمەدا، ستەمی نەتەوایەتی لە دەستەبەندییەکاندا وەکوو هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ کۆڵبەری جەختی لەسەر کراوەتەوە. ستەمی نەتەوایەتی و بێ عەداڵەتیی بنەجێ(نهادینە) کراو لە دژی کوردەکان، بۆجیاوازیی قەومی-زمانیی ئەوان دەگەڕێتەوە. کۆڵبەرەکان زۆرجار پرسی شوناسی قەومی، ئایینی و زمانی، وەکوو فاکتەری بنەڕەتی بۆ هەژاری و بێدەرتانیی ناوچەکەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. ئەم چیرۆکەی خوارەوەی کۆڵبەرێکی مەریوانی، وەها بێ عەداڵەتییەکی بنەجێ کراو دەخاتە ڕوو:

من چەندین وتاری زانستیم لە بواری پلاندانان و بەڕێوەبەریی شاردا بڵاو کردووەتەوە .... و هەموویانم بۆ شارەدار و شووڕای شاری خۆمان بەڕێ کردووە. من بڕیارمدا کە بۆ دەورەی دوکتۆرا داخوازی پێشکەش بکەم و توانیم پلەی ١٢ لە تاقیکاریی وەرگرتن بۆ شارسازی بە دەست بێنم ... بەم حاڵەوە، بەرپرسان سەرەڕای سەرکەوتنی من لە بواری زانستییدا، ڕەدیان کردمەوە... ئەمە دەسپێکی ڕۆژە تاریکەکانی ژیانی من بوو... من دەستم کرد بە گەڕان بە دوای کارێکدا. بەڵام هەموو دەرگاکان لە سەر من داخران. شارەدار و فەرمانداری شارەکەی ئێمە بە منیان گوت کە ناتوانین تۆ دابمەزرێنین ... من هەروەها ئەندامی تیمی زۆرانبازی بووم. بەڵام ناچار بووم دەستبەرداری زۆرانبازی بم لە بەر کۆڵبەری ... من لە نۆ مانگ لەمەوبەرەوە دەستم کرد بە کۆڵبەری. من تەنیا کەسێک نیم کە ڕێگەی زانستگەیان لە سەرم داختبێ. ژمارەیەکی بەرچا و لە کوردە سوننەکان هاوچارەنووسی منن.

سەرەڕای ستەمی نەتەوەیی هەندێک کۆدی ناوخۆیی، لە فۆرمی کۆدی دیکەدا دروستکراوە: دامەزراندنی خەڵکی شیعە، هەڵاواردن لە بواری پیشە یان کاردا، سووکایەتیکردن بە کۆڵبەران، بێدەسەڵاتی نوێنەرانی کورد، کەمتەرخەمی، بەڵێنە بێ بنەما وپووچەکان، دەوڵەت، عەجەم، سەربازەکان، هەڵاواردنی قەومی- ئایینی، کەلێنی نێوان شیعە-سوننە، کەلێنی سیاسی- فەرهەنگی لە نێوان کوردەکان و فەرمانڕەوایی فارسی قەوم - نەتەوەدا، دەرخەری نابەرانبەریی بنەجێکراوە لە نێوان ناوەند و دەرەوەی ناوەندا. ناهاوسانیی ئاماژپێکراوەی سەرەوە دوو شێوە شارۆمەندی پێکهێناوە: دەسەڵاتدار لە دژی بێدەسەڵات و شیعە خۆش بژێو/ئاسوودەکان(هەڵاواردن لە بواری کاردا) لە دژی کوردە سوننە بێبەشکراو/لە پەراوێزخراوەکان. گوڵبژێری خوارەوە نیشان دەدات کە کۆڵبەران چلۆن بە زمانی خۆیانەوە بیرۆکەی ستەمی نەتەوەیی، دێننە بەر باس. تەنانەت مامۆستای قوتابخانەکانیش بێگانەن. (کۆڵبەرێکی شنۆیی ٢٠). ئەوان بایەخێک بە شارە کوردییە سوننەکان نادەن. ئێوە تەنانەت ناتوانن کارگەیەکی بچووک بدۆزنەوە کە ٥٠ کەس کاری تێدا بکات. لە بارەی سیستان و بەلووچستانیشەوە کە زۆربەی دانشتوانی سوننەن هەرم بەمشێوەیە (کۆڵبەرێکی پیرانشاری ١٣). زۆربەی کرێکارەکانی غەیرە کوردن (ئەو ئاماژەی بە کارگەی قەندی پیرانشار کرد). (کۆڵبەرێکی پیرانشاری ١٠) کارگەیەکی پێترۆشیمی لە مهاباد هەیە؛ کە زۆربەی کرێکارەکانی خەڵکی خۆراسانن. (کۆڵبەرێکی مهابادی ٥) وەکوو کوردێک، ئەتۆ هەموو ژیانت بۆ خوێندن تەرخان دەکەی کەچی لە ئەنجامدا دەبێتە کۆڵبەر [تێبینی: کۆڵبەرێک بە بڕوانامەی بەرزەوە]. (کۆڵبەرێکی مەریوانی ٩)

**خشتەی ٧ چەمکەکان، دەستەبەندی و ناوەرۆکی دەستەکان**

| چەمکی بنەڕەتی | دەستەبەندیی بنەڕەتی | چەمکەکان/کۆدەکان |
|---|---|---|
| ژیان لەسەر لێوار | ستەمی نەتەوەیی | دامەزراندنی خەڵکی شیعە، هەڵاواردن لە بواری کار، بەکارهێنانی کۆڵبەران، بێدەسەڵاتیی نوێنەرانی مەجلس، کەمتەرخەمی، بەڵێنەکانی نوێنەرانی مەجلس، ریشەی سیاسی، دەوڵەت. عەجەم، سەرباز، هەڵاواردنی قەومی- ئایینی، شیعە. سوننە، و کۆدە ناوخۆییەکان |
| | بارودۆخی ژیان | بڕوانامە، بێ توانایی، شکۆ، هەوڵی زانستی. کۆڵبەری لەکاتێکدا کە خوێندەواریت هەیە، دەستەوداوێن، ڕوانگەی کۆمەڵگە، دەستهەڵگرتن لە کۆڵبەری، هۆکارەکانی کۆڵبەری |
| | بارودۆخی کار | فەراهەم بوون، کاتی کۆڵبەری، درێژاییی جوگرافی، خاوەنداریەتی، کێشی کۆڵ، بێ داهاتوویی کارەکە، گرووپی کار، ژیانی دژوار، تەنگوچەڵەمەی کارەکە |
| | شوێنی کاڵاکان | بەرتیل دان بە نیزامییەکان، کاتی بوونی کارەکە، نان دەرهێنان بێدەرەتانی |
| | بابەتی بنەماڵەیی | زەختی ڕەوانی، چارەنووسی بنەماڵەی کۆڵبەر، هەژاری بنەماڵە، دڵەڕاوکێی دایک و باوک، دڵەڕاوکێی بنەماڵە |
| | لەباربردنی ژیان | بابەتی تەندروستی گۆڕینی مەسیرەکان، مەسیرە پڕمەترسییەکان، گۆڕینی پاسەوانەکان، سووکایەتیکردنی دەسەڵاتداران، بابەتێکی ئەمنیەتی، لێپێچینەوە، تەسادوفی سەیارە، لێدان، بریندداربوون، دەستبەسەرداگرتنی بارەکان، دەستگیرکردن، هەڵاتن، ڕەق هەڵاتن، تەقینەوەی مین، کوشتن، کەمین، بەربوونەوە لە کوێستانەکانەوە، گرەو لە سەر ژیان، تەقە |

## کۆد: ژیان لەسەر لێوار/ستەمی نەتەوەیی/هەڵاواردن لە بواری کاردا

کۆڵبەران لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەژاری و لە دواکەوتوویی ڕاگرتن، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆڵبەری، کە دەرهاویشتەی بیرۆکەیەکی باوی ستراتیژیی دەوڵەتە: «ئەگەر بەرپرسانی فەرمیی دەوڵەتی بیانهەوێ، دەتوانن کۆڵبەری بە تەواوی ڕیشەکێش بکەن» (کۆڵبەرێکی شنۆیی ٢٠). لەم ڕووەوە، کۆڵبەران زۆر بەکەمی جیاوازی دادەنێن لە نێوان عەجەمەکان (شیعە فارسەکان، واتە غەیرە کوردەکان) لە گەڵ دەوڵەتدا. عەجەم دەستەواژەیەکە کە کوردەکان وەکووئاماژەیەک بە کاری دێنن بۆ فارسەکان و ئەوانەی کە نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکەن. ئەم خۆ جیاکردنەوە دەستەجەمعییە «مەودای کۆمەڵایەتی – سیاسیی» ئەمان لە گەڵ ناوەندا دەخاتە ڕوو. هەر بەوشێوەیە کە لە وێنەی٤دا نیشان درا، کۆدی عەجەم بە شێوەیەکی ئۆرگانیک گرێدراوە بە هەڵاواردن لە بواری کار، سەرمایە دانەنان، هەڵاواردنی قەومی- ئایینی و چەندین کۆدی تر لە دەستەبەندییەکانی دیکەدا. بەربڵاوی و قووڵیی مەودای نێوان ناوەند و حاشیە و

پێوەندیی دەسەڵاتی ناهاوسانی ئەوان، لە چەمکی ستەمی نەتەوەییدا ڕەنگ دەداتە. کۆڵبەرانی کورد ئەم دەستەواژەیە بە کار دێنن بۆ ئەوەی کە مەودای خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانە کە بۆ دوڵەت/یان لە گەڵ دەوڵەت کار دەکەن، نیشان بدەن. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانە کوردیش بن. بۆ وێنە، نوێنەرانی کورد، بەتایبەتی لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا، وادەنوێنن و هەوڵ دەدەن «بە بەڵێن و دورشمی بریقەدار، ستەم لە سەر کوردان هەڵدەگرن» (کۆڵبەرێکی بانەیی ١). شایەتحاڵەکان تووڕەیی خۆیان لە هەمبەری هەوڵی نوێنەرانی کورد دەردەبڕن، کە دەیانهەوێ کۆڵبەری تەنیا لە چوارچێوەی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بێ مودیریەتیی ئابووریدا نیشان بدەن، نەک وەکوو دەرئەنجامی پێوەندیی دەسەڵاتی ناهاوسان لە نێوان کورد و ناوەنددا. کۆڵبەرێکی خەڵکی سەردەشت لە سەر ئەم بڕوایەیە: «تا ئەو جێگەی من بزانم. ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیس لە جیاتی بنبڕکردنی ئەم کارە پڕ مەترسییە لە ناوچەکەمان، هەوڵیان داوە کە کۆڵبەری بنەجێ بکەن. ئەوان دەیانهەوێ بە پێدانی ناسنامەی کۆڵبەری و بیمە، زیاترپەرە بەم کارە بدەن.»

## کارلێککردن/پرۆسەی کۆڵبەری

جۆرەکانی پرۆسە-کارلێککردنەکان ئەوانەن کە وەسفی جۆری کارلێککردن لەسەر چەمکی کۆڵبەری دەکەن یان خود پەیوەندی لەگەڵ ئەم چەمکە دەردەخەن (دەستەی سەرکوتکراوی نەتەوەیی). هەر بەو شێوەیە کە دەستەبەندیکردنی بارودۆخی شوێنەکان دەریدەخەن، زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە سەر سنوورەکان دەژین، کۆڵبەری بووەتە ڕێگایەک بۆ مانەوەیان. لە کاتێکدا کە شایەتحاڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆڵبەری کارێکی کاتی و کەم داهات، ناسەقامگیر و مەترسیدارە، بەڵام ئەوان لە بێدەرتانیدا وەکوو تاکە ڕێگایەک لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ مانەوە، پێوەی سەرقاڵن. « بێدەرەتانی، کەم داهاتی،» و «دابینکردنی بژێوی ژیان» لەو وشانەن کە بە بەردەوامی لە بەسەرهاتی کۆڵبەران دەگوترێنەوە. لە گەڵ ئەو هەموو مەترسییە بەرەوروو دەبێتەوە، ٣هەزارتمەنی ئێرانت دەستگیر دەبێ بۆ هەر کیلۆ بارێک. (کۆڵبەرێکی شنۆیی ٢٠). تەنانەت بەشی کرینی ئەسباب بازییەکیش بۆ منداڵان ناکات.. و بەم حاڵەشەوە ئێمە هێندێک جار پارەی نەختمان پێ نادرێ. (کۆڵبەرێکی مهابادی ٤) بەم داهاتەوە کە دەستگیرمان دەبێ، ئێمە تانەت ناتوانین بوتڵێک ڕۆن بکرین بۆ چێشت لێنانیش. (کۆڵبەرێکی مهاباد ٥).

## کۆد: ژیان لەسەر لێوار/بارودۆخی نیشتەجێبوون/داهاتی ئازاد

بارودۆخی ژیان، دەستەیەکی دیکەی کارلێککەرییە، کە کاری کۆڵبەرێکی ئاسایی ڕوون دەکاتەوە. دەستەبەندیی بارودۆخی ژیان، زۆرتر ئاوێتەیەکە لە کۆدەکانی «ڕێگە چارەی دیکە نییە، تێڕوانینی کۆمەڵگە،» و « بڕوانامەی خوێندن» :

لە پێناو سەرکەوتندا، ئەوەی لە دەستم هات درێغیم نەکرد. لە کاتێکدا ماستەرم وەردەگرت، ناچار بووم کۆڵبەری بکەم، لە بەر ئەوە بنەماڵەکەم نەیاندەتوانی پشتیوانیم لێ بکەن. کاتی بەتاڵم بە دەستەوە نەبوو، ناچار بووم لە کاتی پشووەکاندا کار بکەم. هێندێک جار، دەستبەجێ پاش گەڕانەوەم لە کۆڵبەری. دەچووم تاقیکارییەکانم دەکرد. من هیلاک و بێ تەرکیز دەبووم. کۆڵبەری تەنیا کارێک بوو کە دەست دەکەوت. دوای تەواوبوونی خوێندنەکەم، من چاوم لە پیشەکانی دیکە بڕیبوو. بەڵام هەمدیسان کۆڵبەری تەنیا شتێک بوو کە بە من بڕا. من تەنانەت کاتێک کە خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم بۆ

تاقیکردنەوەی ماستەرەکەم، کۆڵبەریم دەکرد، بەو حاڵەشەوە توانیم لە بواری جوگرافی و شارسازیی بە دەرچم. بەم پێیەش، لە تێرمی دووهەمدا ناچار بووم دەستبەردار بم، لە بەر ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە نەمدەتوانی بژیم و درێژە بدەم. (کۆڵبەرێکی سەردەشت ١٦). کۆڵبەرەکان باردۆخی خۆیان لە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی حەقیقەتی سیاسیی باو لە کوردستاندا، دەبینن. ئەوان لەم ڕووەوە، ناتوانن کۆڵبەری لە شوناسی کورد جیابکەنەوە. بۆ ئەوان، لە جەوهەردا سەرەڕای نرخێکی زۆر، کۆڵبەری بەشێکی ئەخلاقی ئەوانە، و پێداگرییە لە سەر پرنسیپەکان لە کاتە دژوارەکاندا، بە تەعبیری خۆیان:

من پارچەیەک قوماشم هەڵگرتووە کە خوێنی خۆمی لە سەرە. ئەمە بۆ من پڕبایەخە لە بەر ئەوەی نیشاندەری نرخێکە لە پێناو هەدەفێکدا داومە. لەو ڕۆژەوە کە بریندار بووم، بۆ ئەوەی پارەی زیاتر دەربێنم، کۆڵی زیاتر هەڵدەگرم. هەر چەند کۆڵەکە قورستر بێ، پارەیەکی زیاتر وەردەگری. لاقم هەڵخلیسکا، بەربوومەوە سەر تاتە بردێک و چەندین جار سووڕامەوە بە دەوری خۆمدا. شانی ڕاستم بریندار بوو و پارچەکە لە خوێندا خوسا. هاوقەتارەکانم کۆڵەکەی منیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد و گەیاندیانە جێ بۆم. (کۆڵبەرێکی سەردەشتی ١٨)

ئایا کۆڵبەری باشتر نییە لە دزی و کاری ناشایست؟ (کۆڵبەرێکی خەڵکی پیرانشار) من خۆمم ئامادە کردووە دەستگیر بکرێم. تەنانەت بکوژرێم. من مردن فەرز دەدەم بە سەر دەست پان کردنەوەدا... کەواتە، کاتێک دەگەڕێمەوە شارەکەی خۆم، دەتوانم یارمەتیی هێندێک بنەماڵەی کەم داهاتیش بدەم. لە گواستنەوەی هەر کۆڵێکدا، چوار دولاری پارەکەی دەبەخشمە ئەو بنەماڵە دەست تەنگانەی کە دەیانناسم. (کۆڵبەرێکی کەم ئەندام)

## کۆد: ژیان لەسەر لێوار/باردۆخی ژیان/ شکۆ- کەرامەت

باردۆخی کار: هەر بەو شێوەیە کە پێشتر باس کرا: کۆڵبەری لە باردۆخێکی ئاساییدا، ناچێتە خانەی کارێکی نۆرماڵەوە. ئەمە کارەساتێکی کەم وێنەیە و لێوانلێوە لە مەترسیی لە ناوچوون. هەر بەو شێوەیە کە کۆڵبەرێکی خەڵکی مهاباد باسی لێوە دەکات: «هەر کاتێک کە دەچین بۆ کۆڵبەری هیچ گەرەنتییەک بوونی نییە کە ئێمە جارێکی دیکە بە ساغ و سڵامەتی بگەڕێینەوە ماڵێ.» بەم حاڵەشەوە، مانگانە تەنیا چەند جارێک بۆمان دەلوێ. هەمان کۆڵبەر دەڵێ: «کاتێک کە مەسیرەکان ئاشکران، ئێمە لە مانگدا تەنیا دەتوانین سێ جار هاتوچۆ بکەین. کۆڵبەری پێویستی بە ئاستێکی بەرچاوی گورجوگۆڵی و توانایی جەستەییەوە هەیە، لە بەر ئەوە دەبێ کۆڵەکان بۆ ماوەی ٨ تا ١٧ کاتژمێر لەو ڕێگە دوورو درێژەی ئەو کوێستانانەوە بە کۆڵتەوەبێ. بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکی زیاتر، زۆربەی کۆڵبەران کۆڵی قورستر هەڵدەگرن. کۆڵبەرێکی خەڵکی بانە دەیگێڕێتەوە کە: «من پیاوانێکی گەنجم بینیوە کە یەخچاڵ فریزەری ١٨٠ کیلۆییان بە کۆڵەوە گرتووە» (کۆد: ژیان لەسەر لێوار/ باردۆخی کار/کێشی کۆڵ).

کۆڵبەران خاوەنی ئەو کۆڵانانە نین کە بە کۆڵیانەوەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی دڵەراوکێ و پاڵە پەستۆیەکی زیاتر. وەرگرتنی پارەکەیان لە گرەوی، گەیاندنی کۆڵەکانیاندایە لە شوێنکاتی خۆیدا. بەم حاڵەوە، کۆڵبەران زۆر جار لە ترسی گیانی خۆیان دەبێ هەڵبێن، لە بەر ئەوە بە بەردەوامی لە گەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. لە وەها باردۆخێکدا، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، کۆڵەکانیان بە جێی دێڵن. کۆڵبەرێکی خەڵکی سەردەشت باس لەوە دەکات: «لەو

کاتانەدا، ئێمە دەبێ قەرەبووی خاوەن کالاکان بکەینەوە (کۆد: ژیان لەســەر لێوار/بارودۆخی کار/خاوەنداریەتی).

دەســتەبەندیی بابەتــی بنەماڵەیی هەم پرۆســەی کار و کارلێکــەکان و هەمیــش لێکەوتەکانی کۆڵبەری دەخاتە ڕوو؛ ئەم کارو کارتێکەرییانــەی نێوان کۆڵبەر و بنەماڵەکەی و شێوەی کارەکەی دەریدەخات، کە لەوانەیە ئەوانیش بخاتــە مەترســییەوە. کۆڵبەرێکی خەڵکــی بانــە وەکــوو شــایەتحاڵێک ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، ژیانی بنەماڵەی کۆڵبەران لێوانلێوە لە دڵە خورپــە، «تەنانەت ئەگەر تۆ هاوژین و منداڵیشت نەبێ، چاوەڕوانیی دایکت لە ســەر دەرگاکە هەســت پێدەکەی، لە بەر ئەوەی ئەو بە پەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆیە بە ســاغ و سلامەتی» (کۆد: ژیان لەسەر لێوار/بابەتــی بنەماڵەیی/دڵەڕاوکیــی دایک و باوکان).

بنەماڵــەی کۆڵبــەران لە گەڵ ترســی هەمەلایەنەی لە دەستدانی «دابینکەری بژێوی بنەماڵە» دەســتەو یەخەن. ئەگەر دابینکەری بژێــوی بنەماڵەکەیان بکــوژرێ، بریندار یان کەم ئەندام بێ، پشــت و پەنایەک لە گۆڕێ نییە، نە ئاسایشــی کۆمەلایەتــی، نە بیمەی پزشــکی. بنەماڵەکانیان لەو پــەڕی نەبوونی و چەرمەســەریدا دەژین (کۆد: ژیان لەســەر لێوار/بابەتی بنەماڵەیی/چارەنووسی بنەماڵەی کۆڵبەران).

ڕووبەڕووبوونــەوەی کۆڵبــەرەکان بــە بەردەوامــی لەگــەڵ ئــازار ومەینەتییەکان، لەوانەیە ببێتە هۆی دروســت کردنی حاڵەتی زۆر تایبەتی، کە دەتوانێ پێوەندیی هاوژینیش بەرەو ئاراســتەیەکی نادیار بەرێ. کۆڵبەرێکی خەڵکــی بانە چیرۆکێکی گێــڕاوە کە « چۆن کۆڵبەرێــک عەقیم بــوو و نەیتوانی چیدیکە ســەرجێیی لە گەڵ هاوژینەکەیدا بکات پاش ئــەو بارە ١٥٠ کیلۆییە کە بە کۆڵیەوە گرت.» (کۆد: ژیان لەســەر لێوار/بابەتــی بنەماڵەیی/ بابەتــی بنەماڵەیی). هێندێک جار، لێکەوتەی جەستەی کۆڵبەری دەبێتە هۆی لەبار بردنی پێوندیــی بنەماڵەیی یان جیابوونەوە. یەکێک لە شــایەتحاڵەکان کە خەڵکــی بانەیە دەڵێ: «هێندێک جار لە ناو ڕێگادا، هاوژینی بەشێک لە کۆڵبەران تەلەفــۆن دەکەن و لە نێوانیاندا دەمەقاڵێی زۆر توندی لێ دەکەویتەوە».

## دەرئەنجام:
## «لێسەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان»

دەســتەبەندیی لێســەندوەی خاوەنداریەتیی ژیــان، لێکەوتەی کۆڵبەری لــە دەرئەنجامی ســتەمی نەتەوییــدا دەبینێتــەوە. ئــەم دەســتەبەندییە دەریدەخات کە چۆن ژیانی کۆڵبەر، کار و بنەماڵەکەی لێک گرێ دراون. لێکەوتەی ئەم ڕووداوانە، لە وانەیە بە شێوەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی گیان لە دەستدان و بریندارbوونی کۆڵبەران، یان هەر فاکتەرێکی دیکە کە دەتوانێ ببێتە هەڕەشــە بۆ سەرســلامەتیی ژیانی کۆڵبەرێک. تەقە لێ کردن، بەربوونەوە لە کوێســتانەکان، خەسار و زیان بەرکەوتنــەکان، تەقینەوەی مەیدانی میــن، ڕێگــە پڕمەترســییەکان، هەلاتن لە دەســتی هێزەکانی دەوڵەت، دەستگیر کردن یان کەوتنــە کەمین، دەستبەســەرداگرتنی کالاکان(بار) و دابەزینی زەخت ئەو ڕووداوانەن کە بە بەردەوامی لە لایەن شــایەتحاڵەکانەوە دەخرێنە ڕوو. هەر بەو شــێوەیە کە لە بەشی چۆنایەتیی ڕاپۆرتەکــەدا هاتووە، تەقە کردن لە کۆڵبــەران، ڕووداوێکی مەرگهێنەرە کە بە بەردەوامی ڕوودەدات. شایەتحاڵەکان ئەزموونی ژیانی خۆیان لــە بــارەی تەقەلێکردنیان لە لایــەن «عەجەمەکانــەوە» دەگێڕنــەوە: لەو ســاتەوەختەدا کە گوللە بــە ڕێژنە دەهات، گوللــەیەکی وێڵ بــەر لاقم کەوت و تەپوتۆز هات بە سەروچاومدا. (کۆڵبەرێکی بانەیی ١).

هەمــوو شــوێنێکیان دابێژا، ڕاســت لەو کاتەدا لــە پێش چاوی ئێمــەوە یەکێک لە

کۆڵبـــەرەکان پێکـــرا و گیانـــی لە دەســـتدا. (کۆڵبەرێکی مهابادی ۶) (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیـــی ژیان/ ئەزموونی تەقە لێ کردن.)

لـــە کاتی هەڵاتن لە دەســـتی هێرشـــی هێزەکانـــی دەوڵەت، کۆڵبەرێکـــی زۆر دوای بەربوونەوە لە شاخ و گاشەبەردەکان، دەمردن یان بە توندی بریندار دەبن. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتـــەکان، دابەزینی زەخت، یەکێکی دیکە لە هـــۆکارە بنەرەتییەکانی مەرگی کۆڵبەرانە. بـــڕێ جار، کۆڵبەران لە کەمینی دووهەم یان مەیدانی مین دەکەون، یان بە هۆی خۆبواردن لە کەمینـــی یەکەم ناچارن مەســـیرەکەیان بگۆڕن و تووشـــی ڕنووی بەفـــر دەبن. ئێمە مەســـیرێکی دیکەمان دەبری بەڵام کەوتینە ناو کەمینێکی دیکەوە. (کۆڵبەرێکی مهابادی ۶). (کۆد: ژیان لە ســـەر لێوار/لێسەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/کەمین).

ئێمە لەوانەیە لەو شـــاخانەوە بەربینەوە، بەتایبەتی کاتێک کە ناچار دەبین مەسیرێکی نەناســـراو بپێوین. (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/ لێسەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/بەربوونەوە لە شاخەکانەوە)

سەرمای لە ڕادەبەدەر، پێت ڕەش و شین دەکاتەوە و تۆ دەبـــێ بیبڕیتەوە. (کۆڵبەرێکی پیرانشـــاری ۱۱) (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/ لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/ســـەرما بردوو)

من لە گەڵ برا و خوشـــکەکەم، بە هۆی نەقینەوەی میـــن لە پیرانشـــار، لاقەکانم لە دەستدا. (کۆڵبەرێکی پیرانشاری) (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/تەقینەوەی مین)

لە هەموو ئەمانەدا دەوڵەت بۆ کوشـــتن، لەویێە. دوو نیشـــانەی ناوخۆیی بە باشـــترین شـــێوە دەتوانێ پێوانەی توند وتیژیی دەوڵەت دژی کۆڵبەران لە ناوچە سنوورییەکاندا نیشان بدات: هێندێـــک جار عەجەمەکان بەرتیلیش لە ئێمە وەردەگرن بەڵام دیســـان تەقەمان لێ دەکەن؛ یان دەســـت بە سەر بارەکانماندا دەگرن. (کۆڵبەرێکی پیرانشار ۱۳) (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/تەقە لێ کردن).

گەورەتریـــن مەترســـی ئەوەیـــە کـــە عەجەمەکان دەڵێن ڕاوەستە، کە ڕاشدەوەستی تەقـــەت لێ دەکـــەن. (کۆڵبەرێکـــی بانەیی ۱) (کۆد: ژیان لەســـەر لێوار/لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان/تەقە لێ کردن)

ئامادەبووان ئاماژە بە ئێپزۆدی دەستگیری، دەستبەسەرداگرتنی کاڵاکان و لێپێچینەوەکان لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتییەوە، دەکەن. خزر کۆڵبەرێکی ۷۴ساڵە، چیرۆکی لێپێچینەوەی خۆی بە هۆی چاوپێکەوتن لە گەڵ ڕیپۆرتێری بی بی سیدا. دەگیرێتەوە. ئەو دەیگێڕێتەوە کە لێکۆڵەرەکان گوتوویانە: «تۆ ســـووکایەتیت بە وڵاتی ئێمە کردووە. لە وڵامدا ئەمن گوتم هیچ کارێکـــی هەڵەم نەکردووە، ڕیپۆرتێرەکەی بی بی سی ویستی یارمەتیی من بکات و منیش سپاســـم کردووە... تەنیا قسەم لە بارەی ژیان و کارەکەمەوە کردووە. مەعموورانی ئەمنیەتی ناسنامەکەمیان بۆ هەمیشە لێ وەرگرتمەوە». دیاردەی لێســـەندنەوەی خاوەنداریەتیی ژیان نیشاندەری خولگەی توندوتیژی دەوڵەتییە لە ئەزمـــوون و ژینی کۆڵبەریدا. ئەو وتەزایانەی کە لە داتاکان دروستمان کردووە، زانیارییەکان بە تـــەوای لـــە ڕووی چەندایەتییەوە بە پێی سەرچاوەکانمان پشتراستیان دەکەنەوە.

## کۆبەند

لەم وتارەدا لێکدانەوەیـــەک بۆ ژیان و کاری کۆڵبـــەری لە ژێـــر فەرمانڕەواییـــی دەوڵەتی شیعی-فارس لە ئێراندا کراوە. ئێمە بەڵگەمان خســـتە ڕوو کـــە کۆڵبـــەری، دەرئەنجامـــی ڕاســـتەخۆی پلەبەندییەکـــی قەومـــی - نەتەوەییە و سیســـتەمی ئایینـــی، کوردەکان و ژیانـــی ئابووریی ئەوانی جـــودا کردووتەوە

له دابەشــکردن بە ســەر حاکمیەتی قەوم-نەتــەوەی سەردەســت لە هەمبــەر قەومە ناســەربەخۆکاندا. کۆڵبــەری بارودۆخێکــی ئابوورییــە، بــەڵام بــەر لە هەموو شــتێک نیشــانەیەکی بەربڵاوی سیاســی، یاساییە و زەمینەی فەرهەنگیی هەیــە لە ئێراندا، بۆیە ئەم سیســتەمە ئابوورییە داگیرکارانەیەی لێ کەوتوەتەوە. هەر بۆیە بەر لە هەموو شــتێک کۆڵبەری دیاردەیەکی سیاســییە و دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی ســتراتێژیی فارس-شیعیزمی دەوڵەتدا خوێندنــەوەی بۆ بکرێ. جەوهەری ستراتێژیی دەوڵەت لەسەر بنەمای هەڵاواردن و ڕەگەزپەرەســتی بنیاد نراوە کە کوردستان لــە ڕووی ئابوورییەوە تەریــک بخەنەوە و بە شێوەیەکی سیســتەماتیک ڕێگری بکەن لە گەشەســەندنی. ئەمە کەیســێکی تایبەتییە، لــەو کاتەوە کە دەســەڵاتی دادوەریی باو لە کوردســتاندا تەنیا لە ســزادان و سەپاندندا خۆیــان نمایش دەکەن. ئەمــە میکانیزمێک نییە بۆ دابەشــکردنی یەکسانی یان پاراستنی بێ جیاوازیی شــارۆمەندان لە هەمبەر یاسادا. لــە ٤٠ ســاڵی ڕابــردوودا لە کوردســتان، فەرمانڕەوای حاکمییەت بە شــێوەی کردەیی لــە ڕێگــەی یاســای نیزامییەوە بــووە، کە بارودۆخــی تایبەتی و توندوتیژی ڕۆژانەی لە دژی کوردەکان پەسەند کردووە و سەرلەنوێ پیادەی کردووەتەوە. ئەم بارودۆخە کەشێکی خوڵقاندووە کە فەرمانڕەوایانی زاڵ، یاساکانیان بــە پێی ویســتی خۆیان بەڕێوە بــەرن یان هەڵپەســێرن. کوردەکان لە باشترین حاڵەتدا لــە بارۆدۆخێکــی» کەمینــەی دوژمن»دان ،وەکووئەرمنییەکان لە تورکیە لە ســەردەمی شەڕی یەکەمی جیهان یان ژاپۆنی و ئاڵمانەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئامریکا لە ماوە و پاش شــەڕی دووهەمی جیهانیدا. هەر بەو شێوەیە ئەو کەسانە کە ئێمە چاوپێکەوتنمان لە گەڵدا کردوون، بە بەردەوامی جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە دەوڵەت بە ئەنقەست ڕێگری دەکات بۆ ئەوەی ئابووریی کوردستان گەشــە نەکات. کــوردەکان بوونەتە ئامانجی سیاســەتێکی دەوڵەتــی بۆ لــە دواکەتوویی ڕاگرتــن و ئاپارتایدی ئابووری، کە لە ڕێگەی نواندنی لە ڕادەبەدەری توندوتیژیی دەوڵەت لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، درێژەی هەبووە. کۆماری ئیســلامیی ئێران لە ڕێگەی ئەمنیەتیکردن، توندوتیژیی نیزامی و یاســای بێبەشکردن و لە پەراوێزخســتنی کوردەکان، کوردســتانی کردووەتــە ناوچەیەکی نیزامیی ڕانەگەیندراو، کە سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵگە لەبەر دەستی هێــزە دەوڵەتییەکانیدایــە و لێکەوتەی ئەم توندوتیژییانەش تاکوو ئێستا کوژرانی سەدان کۆڵبەری بە دواوە بۆە.

لــە ســەریەک لــە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ئێمە لەم بوارەدا هەوڵماندا کە وێنەیەکی تۆکمەتر لە پرۆسە و دەرئەنجامەکانی کۆڵبەری بخەینــە ڕوو. هەر دوو لیروانینەکە دەریدەخەن کە کۆڵبەری دەرئەنجامی ستەمی نەتەوەیی و سەپاندنی فەرمانڕەواییی قەومێکە لە ســەر ئەویتر کــە ئەمــەش نموونەیەکی کلاسیکی داگیرکاریی ناوخۆییە. زانیارییەکانی ئێمە پشتراســتی دەکەنەوە کە جیاوازی یان ناکۆکیی قەومی – ئایینی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی ئاپارتایدی ئابووری لە کوردستاندا. لەم ڕووەوە، وەکوو نیشان درا، کۆڵبەری تەنیا بارودۆخی ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکــوو ئەمــە دەرئەنجامی ســتراتێژییەکی دیاریکــراوی دەوڵەتــە. بــەو شــێوەیە کە زانیارییەکانــی ئێمــە دەریدەخــەن، ژیانی کۆڵبەری لە جیهانی داگیرکارییدا بە شتێکی کاتی و ناســەقامگیر لە قەڵەم دەدرێ. ژیانی کۆمەڵایەتــی و بنەماڵەییی ئەوان ئاوێتەیە لە دڵەڕاوکێ، نارِوونی، کێشــەی جەستەیی و لە هەمووی گرینگتر، دەستوپەنجە نەرمکردنە لە گەڵ هێزە بکوژەکانی دەوڵەت کە کوردەکان بە شایســتەی کوشــتن دەزانن. ئــەوان لەم ڕووەوە بــە بەردەوامــی لە ژێر هەڕەشــەی

مەرگ و زەرەر و زیانی ئابووری دان، بە بێ دەستراگەیشتن بە هیچ چەشنە دادگا و عەداڵەتێک کە لەو ڕێگەوە شکایەت بکەن و قەرەبوو بکرێنەوە.

## پێزانین

ئێمە لە بەر ئەو زانیاری و داتا بە نرخانە کە ئەرسلان یارئەحمەدی (بەرپرسی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤ، ماڵپەڕی ئانلاین)، ئاراس زارعی (بەرپرسی کۆڵبەر نیوز) و تەوفیق حەسەنپوور، لە بەردەستیان داناین، سپاسیان دەکەین. ئێمە زۆر سپاسی دۆستانی بەڕێزی خۆمان: بنامین میچڵ، ئەلکساندر گانوت، ئەنتۆنیکیشێن، ئۆنئار، مێڵر، بۆ خوێندنەوەی وتارەکانی ئێمە و سەرنج و پێشنیارە بە نرخەکانیان دەکەین. هەروەها سوپاسی ژیوان موحەممەدپوور دەکەین بۆ بەشداریکردنی لە وەرگێڕانی چیرۆکی کۆڵبەران لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی.

*.https://onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1111/1468-4446.12745

## پەراوێز

1 Turkish sociologist, Ismail Beşikçi was the first scholar, after the 1963 work by the Kurdish leader and political activist Abdul Rahman Ghassemlou, to refer to Kurdistan as an "international colony" (see, Beşikçi, 1990; Ghassemlou, 2006). Such an approach to Kurdish studies seems to have gained a wider acceptance in the recent scholarship (cf. Gambetti, 2009; Yüksel, 2011). Recently, Mehmet M. Kurt, a Kurdish sociologist, published an important paper on Islamism and internal colonialism in which he, for the first time, investigates the colonial trends of Islamism (Kurt, 2019). Also, the authors of the current paper have published three papers on the colonial conditions in Kurdistan. Therefore, here we shall avoid repeating what has already been discussed elsewhere (see, Mohammadpour & Soleimani, 2019; Soleimani & Mohammadpour, 2019a, 2019b).

2 Over the last decade, Abbas Vali, a prominent Kurdish scholar, has produced a significant body of scholarship on Rojhelat (see for instance, Vali, 1998, 2003, 2014, 2015). Nonetheless, Rojhelat remains the least studied part of Kurdistan at large.

3 https://www.youtube.com/watch?v=khgdcuS5YRI (accessed March 10, 2019).

4 It must be noted that, in the current study, we do not use terms like "ethnic economy" or "ethnic enclave economy (derived "from the historical sociology of Max Weber and Werner Sombart." See Berger, 1991)). That is because they fall short of explaining the political economy of Rojhelat, despite the fact that the first has a more general application (Light, Sabagh, Bozorgmehr, & Der-Martirosian, 1994, p. 1). The two terms are used to describe formal and informal (Light, Bhachu, & Karageorgis, 1993) immigrant minority businesses and employment sector that coexist with the general economy (Bailey & Waldinger, 1991). Nor can the term "segregated work settings" used by Reitz (1980, pp. 154–156) adequately capture our case, since it also is specific to immigrant communities in Canada. All these terms are deployed in the study of immigrants and their segregated economic life. Unlike kolberi, the above economies and case studies are situated within the legal boundaries of the host societies and states. All the above concepts focus on migrants. Conversely, kolberi has an ambiguous legal status and is a product of an economic apartheid, conjured up by a hegemonic power to suppress and marginalize a non-sovereign ethno-nation.

5 This situation was particularly intensified and accelerated after the 1979 Revolution as Rojhelat Kurds overwhelmingly rejected the Islamic Republic (as a political system) and its constitution in two consecutive referendums. Henceforth, Rojhelat has exemplified what Agamben refers to in his paradigm of bare life, a political and "juridical order solely in the form of exclusion" (1998, p. 112). It should be noted that a very significant segment of Kurdish Muslims are Shi'is and they don›t fare much better than Sunni Kurds under IRI's rule. However, our study particularly focuses on Kurdish Sunni regions since kolberi is

information about kolbers' casualties on a daily basis. It should be noted, however, that despite the accuracy of our information, due to the daily killings, it is impossible to provide the exact number of casualties.

11 We coded our data line-by-line; during first stage of coding (open coding), 47 concepts were identified that were condensed in 6 main categories. In the second stage (axial coding), we built the conceptual relation among the main categories. Finally, the core category (living on the edge) was determined.

12 Cf. http://kurdane.com/article-6930.html. Also, http://www.bbc.com/persian/iran/2013/09/130912_25_anniver- sary_kurds_executed_nm

13 A term that is often used by the regime itself.

14 For more on the sovereign›s double game see Oren Yiftachel (2006, pp. 37–45).

15 http://archive.fo/5CPWY (accessed March 20, 2019).

16 http://archive.fo/aseu2 (accessed April 1, 2019).

17 For example, Sardasht—a Kurdish city that was gassed by Saddam in 1988—has the highest rate of unemployment and the highest rate of kolbers.

18 http://archive.fo/x8gXc (accessed April 1, 2019).

19 http://archive.fo/XcZ2r (accessed April 7, 2019).

20 http://archive.fo/5i2wb; also http://archive.fo/j0jUI (accessed April 7, 2019).

21 http://archive.fo/I9E5f (accessed April 7, 2019).

22 http://archive.fo/Gybkr; also, http://archive.fo/pZ4WY (accessed April 7, 2019).

23 This average has been calculated based on the age information of 262 kolbers (as this was the only information available).

24 In Iran, the university entrance exam takes place annually and it is a sole criterion for regular (non-ideological) student admission. The exam is daunting as it lasts for 4.5 hr. Iranian students often spend years preparing for the exam. The admission ranks start from 1, being the best, and goes up to tens of thousands. Those students whose rank is within 3 digits have the best chance for admission in competitive schools.

more prevalent in these regions.

6 The sovereign ethno-nation›s supposed pro-democracy groups also habitually remain oblivious to the fact that a dem- ocratic system can be founded only on the principle of sovereignty for all or popular sovereignty. As Amy Guttmann puts it, those who "are ruled only by habit … are incapable of constituting a society of sovereign citizens" (1987, p. 51). Therefore, the sovereign ethno-nation›s "pro-democratic" groups fail to grasp that, without sovereignty for all, a system can be democratic only for the supreme or "heroic race" like Turkey›s example where the constitution regards expres- sion of Kurdishness to be "denigrating the Turkish nation" (see Article 301).

7 The sovereign ethno-nation and its elites provide the epistemic ground and ethical legitimacy for the elimination of non-Persian cultures and languages. Take the example of pro-Islamic state academics, like Nematullah Fazeli, who presents Persian identity as "the national" and "the rest ethnic." He claims that Pahlavi Persian Academy "intended to employ Persian folk language and literature for purifying the Persian language and strengthening national identity over other ethnic and regional identities" (2006, p. 53; emphases added).

8 Iranian ethno-religious nationalism (colonial Shi'i Persianization in disguise) has buttressed the dominance of Persianism. Since the early 20th century, non-Persian self-differentiations have been viewed as a threat to "the na- tional unity." "The national," however, has always been synonymous to a Persianized Iran, which in the words of Iranian scholar Mehrdad Kia, was imposed and pursued by the first Pahlavi king with his primary reliance on his "military, police and bureaucracy" (2006, p. 19). The Islamic Republic, which is also an amalgamation of Persian religious nation- alism, perceives Kurdish community as its both ethnic and religious Other and therefore has turned Kurdistan into a militarized zone. The IRI has imposed punitive measures that are exclusive to the Kurds as a result of the latter›s refusal to be assimilated (for more see, Stansfield, 2014).

9 We used a concurrent—parallel mixed methods design.

10 These organizations/their websites provide

Kurds in Iran. Political Sociology of the Islamic World, 2(4), 87–110.
Casanova, P. G. (1965). Internal colonialism and national development. Comparative International Development, 1(4), 27–37. Dabashi, H. (2017, November 27). Formation of an independent Kurdistan would be disastrous for all peoples of the re- gion, including the Kurds themselves. Aljazeera. Retrieved from www.aljazeera.com/indepth/opinion/kurdish-quest ion-171030073038610.html
Elling, R. C. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and ethnicity after Khomeini. New York, NY: Palgrave.
Fazeli, N. (2006). Politics of culture in Iran anthropology; politics and society in the twentieth century. New York: Routledge. Frank, A. G. (1971). Sociology of development and underdevelopment of sociology. Pluto Press.
Gambetti, Z. (2009). Decolonizing Diyarbakir: Culture, identity and the struggle to appropriate urban space. In K. A. Ali & M. Rieker (Eds.), Comparing cities the Middle East and South Asia (pp. 97–129). Oxford, UK: Oxford University Press.
Ghassemlou, A. (2006). Kurdistan and Kurd (Kurdish ed.). Erbil, Iraq: Rojhalat.
Glaser, B., & Strauss, A. L. (2000). The discovery of grounded theory: Strategies for qualitative research. New York: Routledge. Gutmann, A. (1987). Democratic education. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Hengaw Organization for Human Rights. (n.d.). Retrieved from https://hengaw.net/en
Jones, S., & Muller, A. (1992). The South African economy, 1910–1990. London, UK: Palgrave Macmillan.
Khani, S., & Zarghami, H. (2013). Investigating the rate of unemployment in Kurdistan between 1996–2006. Falnameh-ye Mutal'at-e Jawanan, 4(11), 65–80.
Kolber Telegram Group. n.d. Retrieved from https://t.me/kolbernews
Kurt, M. M. (2019). My Muslim Kurdish brother: Colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey. Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 21(3), 350–365.
Light, I., Bhachu, P., & Karageorgis, S. (1993). Entrepreneurship and immigrant networks. In I.

25https://hengaw.net/en/news?Category=statistics (accessed April 13, 2019).
26 https://youtu.be/23Ylt9mGPHE (accessed April 20, 2019).
27 http://archive.fo/oElY6 (accessed April 20, 2019).
28 http://archive.fo/vzgO2 (accessed April 25, 2019).
29 http://archive.fo/38ZUN (accessed April 30, 2019).
30 http://archive.fo/Aa9tC (accessed May 10, 2019).
31 http://archive.fo/Npf5b (accessed May 10, 2019).

## سەرچاوەکان

Agamben, G. (1998). Homo sacer: Sovereign power and bare life. Stanford, CA: Stanford University Press. Agamben, G. (2003). State of exception. Chicago, IL: University of Chicago Press.
Bailey, T., & Waldinger, R. (1991). Primary, secondary, and enclave labor markets: A training systems approach. American Sociological Review, 56, 432–445.
Berger, B. (1991). The culture of modem entrepreneurship. In B. Berger (Ed.), The culture of entrepreneurship (pp. 13–22).
San Francisco, CA: ICS Press.
Beşikçi, I. (1990). Devletlerarasi sömürge kürdistan/ an international colony kurdistan. Bilimsel araştırma kitab. Bonn: Weşanên Rewşen.
Boroujerdi, M. (1998). Contesting nationalist constructions of Iranian identity. Critique: Critical Middle Eastern Studies, 7(12), 43–55.
Boroujerdi, M., & Rahimkhani, K. (2018). Postrevolutionary Iran: A political handbook. Syracuse, NY: Syracuse University
Press.
Bozcali, F. (2019). Money for life: Border killings, compensation claims, and life-money conversions in Turkey Kurdish Borderland. In B. Bargu (Ed.), Turkey›s necropolitical laboratory. Democracy, violence and resistance. Edinburgh University Press.
Bujmehrani, H., & Poor Islami, M. (2014). The soft threat of Kurdistan regional government of Iraq and its influence on

Reitz, J. (1980). The survival of ethnic groups. Toronto, Canada: McGraw-Hill.
Roy, S. (1995). The Gaza strip: The political economy of de-development. Washington, DC: Institute for Palestine Studies. Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2019a). Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity".
Ethnicities, 19(5), 925–947.
Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2019b). The securitisation of life: Eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi›i state. Third World Quarterly. https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1695199
Sorkh, I. (2007). Unequal education and uneven space for locality and ethnic background: The case of Western Azerbaijan
in 2001–2002. Journal of Taalim and Tarbiat, 3(91), 103–125.
Stansfield, G. (2014). Kurds, persian nationalism, and Shi'i rule: Surviving dominant nationhood in Iran. In D. Romano & M. Gurses (Eds.), Conflict, democratization, and the Kurds in the Middle East (pp. 59–84). New York, NY: Palgrave-Macmillan.
Tashakkori, A., & Teddlie, C. (2003). Handbook of mixed methods in social & behavioral research. Thousand Oaks, CA: Sage. Vali, A. (1998). The Kurds and their "others": Fragmented identity and fragmented politics. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 18(2), 82–95.
Vali, A. (2003). Essays on the origins of Kurdish nationalism. Costa Mesa, CA: Mazda.
Vali, A. (2014). Kurds and the state in Iran: The making of Kurdish identity. London, UK: I. B. Tauris. Vali, A. (2015). Modernity and the stateless: The Kurdish question in Iran. London, UK: I. B. Tauris. Williams, W. E. (1989). Africa›s war against capitalism. New York: Praeger.
Yadirgi, V. (2017). The political economy of Kurds of Turkey: From the Ottoman empire to the Turkish republic. Cambridge, UK: Cambridge University Press.
Yiftachel, O. (2006). Ethnocracy: Land and identity politics in Israel/Palestine. Philadelphia, PA: University of Pennsylvania Press.
Yüksel, S. A. (2011). Rescaled localities and redefined class relations: Neoliberal experience in South-East Turkey. Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 13(4), 433–455.
Light & P. Bhachu (Eds.),
Comparative immigration and entrepreneurship (pp. 25–49). New Brunswick, NJ: Transaction.
Light, I., Sabagh, G., Bozorgmehr, M., & Der-Martirosian, C. (1994). Special issue on immigration, race, and ethnicity in America. Social Problems, 41(1), 65–80.
Lipton, M. (1986). Capitalism and apartheid—Capitalism and apartheid: South Africa, 1910–1986. Aldershot, UK: Wildwood
House.
Love, J. (1989). Modeling internal colonialism: History and prospect. World Development, 17(6), 905–922.
Lowenberg, A. D. (1989). An economic theory of apartheid. Economic Inquiry, Western Economic Association International, 27(1), 57–74.
Lundahl, M. (1992). Apartheid in theory and practice: An economic analysis. Boulder, CO: Westview Press.
Mohammadi, A. (2015). Investigating employment inequality and its causes, with a special focus on Kurdistan (Master thesis), University of Kurdistan.
Marquard, L. (1957). South Africa's colonial policy. Johannesburg, South Africa: Institute of Race Relations.
Mehrdad, K. (2006). Persian nationalism and the campaign for language purification. Middle Eastern Studies, 34(2), 9–36.
Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2019). Interrogating the tribal: The aporia of "tribalism" in the sociological study of the Middle East. British Journal of Sociology, 70(5), 1799–1824.
Mudimbe, V. Y. (1988). The invention of Africa: Gnosis, philosophy, and the order of knowledge. Bloomington: Indiana
University Press.
Naficy, H. (2012). A social history of Iranian cinema: Volume 4: The globalizing era, 1984–2010. Durham, NC: Duke University
Press.
Peckham, R. (2004). Internal colonialism: Nation and region in nineteenth-century Greece. In M. Todorova (Ed.), Balkan identities: Nation and memory (pp. 41–59). New York, NY: New York University Press.
Portes, A., & Bach, R. (1985). Latin journey. Berkeley, CA: University of California Press.

# ” هەڵسەنگاندن “

# بەسیاسیکردنی ئیسلام

پوختەی ئەنجامگیرییەکانی کتێبی بەسیاسی کردنی ئیسلام: شێرکۆ کرمانج[١]

ڕانانێک بۆ کتێبی بەسیاسی کردنی ئیسلام: ئیبراهیم سادیق مەلازادە[٢]



## ئاماژەی تیشک

هەرچەند ئایینی ئیسلام سیمایەکی سیاسیی هەیــە، بەڵام لە ســەرچاوە ســەرەکییەکانی ئیســـلامدا، بەدەگمەن ئاماژە بۆ سیاســـەت، حوکمکردن و دەستاوەدەســتکردنی دەسەڵات کـــراوە. هەروەها پێغمبەری موســـوڵمانەکان دەوری دامەزرێنەری دەوڵەتی نەبووە و وەک مــژدەدەر و پەیامبــەر لە قورئانــدا فەرمانی پێ کـــراوە. لە ئاکامـــی ئاوێتەکردنی چەمک و پراکتیـــزە عارەبی و غەیرە ئیســـلامییەکان لەگەڵ بەها و پرنسیپە ئیسلامییەکان، تیۆریی سیاســـیی ئیسلامی دوو ســـەدە دوای هاتنی ئیسلام بەرهەمهێنرا.

## پوختەی ئەنجـــامگیرییەکانی کـــتێبی بەسیاسیکردنی ئیسلام

یەکەم پرســـیار کــە ئــەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانــەوەی دا، ئەوە بوو کە ئایا ســـەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام (قورئان و سوننەت) هیچ ڕێنماییەک دەربارەی سیاســـەت و حوکمکردن لەخۆدەگرن؟ یان بە شێوازێکی دیکە، ئایا ئیسلام چوارچێوەیەکی بۆ دەستاوەدەستکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی دیاری کـــردووە؟ توێژینەوەکە بایەخێکـــی تایبەتی دا بە دەقە قورئانییەکان و خـــۆی لە بەکارهێنان و هەڵســـەنگاندنی فەرموودەکانـــی پێغەمبەری موسوڵمانانیش تارادەیەک وەدوورگرت، چونکە فەرموودەکان پاش زیاتر لە دووســـەد ســـاڵ لە مردنی پێغەمبەری موســـوڵمانان کۆکراونەتەوە، لەبەرئەوە سەلماندنی ڕەسەنێتی فەرموودەکان کارێکی سەختە. بە پشتبەستن بەو خوێندنەوە وردەی بـــۆ قورئان کرا، لەگـــەڵ لێکۆڵینەوە لە هەندێـــک لـــە کاروکردەوەکانـــی پێغەمبەری موســـوڵمانان و ڕووداوە گرنگەکانـــی یەکەمین قۆناغی مێژووی ئیســـلام، دەرئەنجام ئەوەیە کە ســـەرچاوە سەرەکییەکانی ئیســـلام بەدەگمەن ئاماژەیـــان بـــۆ سیاســـەت و حوکـــم کردن و دەستاوەدەست کردنی دەسەڵات کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردان لەسەرئەوەی کە ئیسلام هیچ سیما و خەسڵەتێکی سیاســـیی نیە، بڕیارێکی ســـەرپێیی و دوورە لە وردبوونەوە زانســـتی و ئەکادیمییەکان. ئیسلام هەندێک باوەڕ(عقیده) و بەها(قیـــم) و ئامـــاژە و ڕاوێـــژ و ئـــاکاری وا لەخۆدەگرێت کە بایەخ و ســـیمای سیاسییان هەیە. ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەو وانە و ئامۆژگاری و ڕاوێژانەشی کە پوخت دینین، ڕەنگە لە ڕایەڵێکدا پەیوەندییان بە سیاســـەتەوە هەبێـــت، یان کارئاســـانی بۆ دروســـت کردنی پەیوەندیەکـــی لەوجۆرە دروســـت بکەن. نابێت ئـــەوەش لەبیربکرێت کـــە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، پەیوەندیی نزیکی دین و سیاسەت شتێکی ئاسایی بووە. لەوەش زیاتر زۆر ئەستەمە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینینەوە کە تێکەڵ بە خەسڵەتە سیاسییەکان نەکرابێت یان لەخۆیان نەگرێت. ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیسلام دینێکی سیاسییە یان خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسییە؛ چونکە یەکێـــک لە خەســـڵەتە بنەڕەتییەکانی هـــەر ئایدیۆلۆجیایەکـــی سیاســـی، ئەوەیە کە هەوڵـــی چارەســـەری (address) مەســـەلەی حکوومەت و دەستاوەدەســـت کردنی دەسەڵات و پەیوەندیـــی نێـــوان دەســـەڵات و جەماوەر بـــدات و بنەمـــای پرۆگرامێکـــی کۆمەڵایەتی-سیاسییش لەخۆبگرێت. بەدڵنیاییەوە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام چارەسەر و پرۆگرامێکی لەم جۆرە لەخۆناگرن.

ئیسلامییەکان پێغەمبەری موسوڵمانانیان بـــە دامەزرێنـــەر و ســـەرۆکی یەکەمیـــن حکوومەتـــی ئیســـلامی داناوە و ئەمەشـــیان کـــردووە بە کۆڵەکەیەک بۆ بەسیاســـیکردنی ئیســـلام. هەرچەندە پێغەمبەری موسوڵمانان ڕۆڵـــی ڕابەرایەتیـــی لـــە بڵاوکردنـــەوەی دینـــی ئیســـلام هەبـــوو و ســـەرکردەیەکی شـــارەزای دینیـــی کۆمەڵگـــە عارەبیەکانـــی نیمچەدورگـــەی عارەبی بـــوو، بەڵام دەکرێت ڕۆڵە ڕابەرایەتییەکـــەی تەنیا لە چوارچێوەی پراکتیزە کەلتورییەکانی عارەبان خوێندنەوەی

بۆ بکرێت و وەربگیرێت(ئیستیعاب بکرێت). لێرەدا واچاکە دیسان ئاماژە بەوە بکرێت کە پێغەمبەری موسوڵمانان لە زیاتر لە پەنجا ئایەت لە قورئاندا، فەرمانی پێ کراوە یان وەبیری هێنراوەتەوە کە پێغەمبەری موسوڵمانان، تەنیا «مژدەدەر»، «ترسێنەر» و «پەیامبەر»ە و نەکراوە بە «سوڵتان» یان «وەکیل» بەسەر خەڵکەوە. ئەگەر پێغەمبەری موسوڵمانان ڕۆڵی سیاسییشی دیبێت، نابێت لەگەڵ ڕۆڵی پێغەمبەرایەتییەکەی (دور النبوە) تێکەڵ بکرێت، ڕۆڵی یەکەمیانی وەک کەسێک لە دەرەوەی دەقە ئیسلامییەکان بینیوە و دووەمیانی لە قورئاندا بۆ دیاری کراوە.

بەکورتی لە کتێبی بەسیاسیکردنی ئیسلام، پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە ئیسلام، بەتایبەتی قورئان و سوننەت، باسیان نە لە سیاسەت و نە لە شێوازێکی دیاریکراوی حوکم کردن نەکردووە. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام زیاتر باس و مامەڵەیان لەگەڵ پرس و کێشە دینی و ئەخلاقییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگەیەکی گەشەنەکردوو لە نیمچەدورگەی عارەبی کردووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە ئەوەیە کە سەرچاوە ئیسلامییەکان، تیۆرێکی سیاسیی وا ناخەنە پێش کە بتوانرێت ببێتە بنەمایەک بۆ شێوازێکی حوکم کردن، بەشێوازە سەرەتاییەکانیشەوە.

تیۆری سیاسیی ئیسلامییەکان بنەمای لەسەر چەندان چەمک و پراکتیز داناوە؛ لەوانە: شوورا و خەلافەت، پەیمان، زیممە، جیهاد، دین و دەوڵەت. ئەم توێژینەوەیە بە چاوخشانێکی ڕەخنەگرانە و ورد، بە مێژوو و چەمک و پراکتیزە عارەبیەکانی پێش هاتنی ئیسلام و ساڵانی بەرایی ئیسلام، لە بنجوبنەوانی ئەم چەمکانەی کۆڵییەوە و بۆی دەرکەوت کە شووراو خەلافەت، پەیمان، زیممە، خومس، جیهاد و غەزوە و ئەنفال، چەمکگەلێکن کە بەشێک بوون لە دابونەریتە خێڵەکییە عارەبیەکانی پێش ئیسلام. چەمکی دین و دەوڵەتیش، چەمکێکی غەیرە ئیسلامییە و لە قۆناغی گەشەسەندنی ئیسلام، موسوڵمانەکان لە ئێرانی و بێزەنتییەکانیان وەرگرت. لە میانی پێکەوەژیانیش چەمکەکان تێهەڵکێشی ئیسلام کران. زانا دینی و فوقەها و فەرمانڕەواکان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لە گونجاندنی ئەم چەمکانە لەگەڵ ئیسلام بینیوە.

**بەدرێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی، پەیوەندیی نزیکی دین و سیاسەت شتێکی ئاسایی بووە. لەوەش زیاتر زۆر ئەستەمە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینینەوە کە تێکەڵ بە خەسڵەتە سیاسییەکان نەکرابێت یان لەخۆیان نەگرێت**

هۆیە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی چەمکە عارەبیەکانی پێش ئیسلام و دەست بردن بۆ چەمکە غەیرە ئیسلامییەکان، دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کۆ بکرێنەوە: یەکەم، سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام لە ئاماژەکردن و سوود وەرگرتن لە چەمکە سیاسییەکان زۆر کورتی هێناوە؛ دووەم، ئیسلام وەک دین لەناو کەلتوور و فەرهەنگی عارەبیدا لەدایک بوو و گەشەی کرد، دینیش پەیڕەو(تەبەننی)ی چەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە تێیدا دێتەکایەوە و پەروەردە دەبێت؛ سێیەم، ئەوەی کە عارەبەکان ئەزمونی قەوارەیەکی گەشەسەندوی سیاسییان نەبوو، دەکرێت بە هۆیەکی دیکەی دەست بردنی عارەبە موسوڵمانەکان بۆ چەمکە غەیرە ئیسلامییەکان دابنرێت، بەتایبەتی لە بواری ڕۆڵی دەسەڵات و دامودەزگاکانی دەوڵەت.

لەئاکامی ئاوێتەکردنی چەمک و پراکتیزە عارەبی و غەیرە ئیسلامییەکان لەگەڵ بەها و پرەنسیپە ئیسلامییەکان، تیۆری سیاسیی

ئیسلامی دوو سەدە دوای هاتنی ئیسلام بەرهەمهێنرا. تیۆرەکە ئەوکات و ئێستاش چەقی لەسەر ئیسلام بەستووە، چونکە ئیسلام بە فاکتەری هاوبەش لە نێو موسوڵمانان دەبینرا و دەبینرێت، هەروەها لەبەرئەوەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی دینییە، کۆمەڵگە دینییەکانیش بەگشتی بە چاویلکەی دینییەوە تەماشای شتەکانی دەوروبەریان دەکەن، واتە دین دەبێتە ڕوانگەو جیهانبینییان(worldveiw). لەپاڵ ئەمانە، موسوڵمانان بەگشتی و بەردەوام وابەستەی ڕابردوون، ئەو ڕابردووەی کە «سەرکەوتنە مەزنەکانیان تێدا تۆمار کردووە». بیرکردنەوە و سەرنجدان لە ڕووداو و سەربردە کۆنەکان، بەشێکی گرنگی فەرهەنگی عارەبی-ئیسلامی بەتایبەتی و موسوڵمانان بەگشتی پێکدەهێنێت. گفتوگۆی ڕۆژانەی موسوڵمانان زیاتر لە خولگەی ڕابردوو (چ دوورو چ نزیک) دەخولێتەوە، نەک ئێستاو ئاینده. گەڕانەوە بۆ «قۆناغە زێرینەکان» خەونێکی بەردەوامی عارەب و موسوڵمانانە.

بە گەڕانەوە بۆ شرۆڤەکارییەکانی پێشوو دەکرێت بگوترێت، ئەو بانگەشەیەی ئیسلامییەکان سەبارەت بە دابرانی قۆناغی سەردەمی ئیسلام و قۆناغی پێش ئیسلام، کە بە جاهلییەت ناودەبرێت، بانگەشەیەکە هیچ بنەما و بەڵگەیەک نایسەلمێنێت و لە وەهمێک زیاتر هیچی دیکە نیە. لە ڕاستیدا کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی چەمکەکانی پێش ئیسلام، پێچەوانەی بانگەشەی ئیسلامییەکان نیشان دەدات و دەسەلمێنێت کە بەشێک لە تێگەیشتن و پراکتیز و چەمکە سیاسییەکانی ئیسلام، درێژکراوەی چەمک و پراکتیزە خێڵەکییە باوەکانی عارەبەکانی پێش هاتنی ئیسلامن.

دەکرێت دارشتنی شەریعە چەند سەدەیەک دوای مردنی پێغەمبەری موسوڵمانان لەلایەن چوار فوقەها سوننەکەی ئیسلام (مالیک، شافعی، حەنەفی و حەنبەلی)، بە یەکێک لە هەنگاوە سەرەتایی و سەرەکییەکانی بەسیاسیکردنی ئیسلام دابنرێت. لەبەرئەوە شەریعە هەمیشە کرۆکیی سەرەکیی زۆربەی ئەو گفتوگۆیانە پێکدێنێت، کە لە نێوان ئیسلامییەکان و نوێخوازەکان دەکرێت. ئیسلامییەکان پێ لەسەرئەوە دادەگرن، کە شەریعە کۆمەڵێک یاسایە و لە ئاسمانەوە دابەزیون. ڕاستە قورئان خۆی لە قەرەی هەندێک پرس و نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە داوە، کە دەکرێت بە مەسەلەکانی قەزاوەت (المسائل القضائية) دابنرێن، سەرەرای ئەمەش، قورئان تەنیا چارەسەرێکی کاتییانەی (time-bounded) هەندێک پرس و کێشەی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدینەی لە ئانوساتی خۆیدا کردووە. لەکاتێکدا ئەو شەریعەیەی لەلایەن فوقەهاکانەوە دارێژرا، کەم بوار هەیە پەی پێ نەبردبێت و هەمووشی لەسەر بنەمای پێوانکاریی(قیاس) دارێژراوە. بەپێچەوانەی ئیسلامییەکان و وەک دەرئەنجامێکی ئەم توێژینەوەیە، پێمان وایە شەریعە، کۆمەڵایەتییانە (socially) لە پرۆسەیەکی مێژوویی، لەلایەن فوقەهاکانی ئیسلام دارێژرا (constructed). لەبەرئەوە شەریعە وەک هەر یاسایەکی مرۆڤانەی دیکە ناکرێت لە هەست و ویژدانی مرۆڤانە خاڵی بێت. هاوکات ناکرێت نە دارشتنی و نە جێبەجێ کردنی لایەنگرانە نەبێت. لە سۆنگەی ئەمەوە هەر

> ئیسلامییەکان پێغەمبەری موسوڵمانانیان بە دامەزرێنەر و سەرۆکی یەکەمین حکوومەتی ئیسلامی داناوە و ئەمەشیان کردووە بە کۆڵەکەیەک بۆ بەسیاسیکردنی ئیسلام

بانگەشـــەیەک بۆ جێبەجێ کردنی شەریعە، ناکرێت وەک (بمثابة) جێبەجێ کردنی «یاسا ئاســمانییەکان» دابنرێــت و قەڵغانی خوایی لەبــەر بکرێت و مۆرکــی پیرۆزیی خوایەتیی لێ بدرێت. لەئاکامدا، بانگەشــەی قودسیەتی شــەریعە، کــە ئیســلامییەکان دەیکــەن، بانگەشـــەیەکی سیاسییە نەک دینی. هاواری ئێمەش داماڵینی ئەو بەرگە سیاســییەیە کە ئیســلامییەکان بە باڵای ئیســلامیان بڕیوە، هاوارەکەش بە پرۆســەی بەناسیاســیکردنی ئیسلام (de-politicization of Islam) ناوزەد دەکەین، کە بەتەواوی پێچەوانەی پرۆســەی بەسیاسیکردنی ئیسلامە.

پرۆسەی بەسیاســیکردنی ئیســلام و دامەزراندنــی دامودەزگاکانــی دەوڵــەت، دوای مردنــی پێغەمبــەری موســوڵمانان دەســتی پێکرد. ســەرەتاکانی بەسیاســیکردنی ئیســلام و شــەڕی دەسەڵات، ڕاســت لە ڕۆژی کۆچی دواییی پێغەمبــەری موســوڵمانانەوە ســەریهەڵدا و عومەری کوڕی خەتاب بە دامەزراندنی هەندێک دامــودەزگای دەوڵــەت، وەک دیوان، پرۆســەکەی بردەپێش.

بەڵام شــەڕی ئایدیۆلۆجیی لە ناو دەقەکانی قورئان و ســوننەت لەگــەڵ فیتنەی یەکەم (شــەڕی نێوان عەلی کوڕی ئەبــی تاڵیب و مەعاویە کوڕی ئەبو سوفیان) گەشەی پێ درا.

لەهەمانکاتــدا، خەواریجەکان ئایەتەکانی قورئانیــان بۆ پشتراســتکردنەوە و مۆرکردنی ئارگیومێنتەکانیــان لــە دژی عەلــی کوڕی ئەبــی تاڵیــب بەکاردەهێنــا. ســەربردە و گێڕانــەوە جیاجیاکانی ئــەو ڕووداوانەی لەو قۆناغە مێژووییــەدا ڕوویاندا، بەردی بناغەیان بۆ بیرۆکە سیاســییەکانی موسوڵمانان دانا و شەکل و شێوەیەکی نوێی بۆ ناسنامەی نەک هەر نەوەی یەکەمی موســوڵمانان دارشــت، بەڵکوو نەوەکانی دواتر و ئەمڕۆشــی لەگەڵدا بێت. ململانــێ ناوخۆییــەکان، کۆمەڵگەی موســوڵمانانی بەســەر ئاراســتە فکــری و ئایدیۆلۆجییەکانــدا دابەش کــرد. لە ئاکامدا هەموو لایەنەکان، ئیسلامیان وەک ئامرازێک بۆ گومان خستنەسەر ئارگیومێنتەکانی لایەنە دژەکان و بریقەدارترکــردن و پیرۆزکردنــی بانگەشەکانی خۆیان بەکارهێنا.

لەلایەکی دیکەوە، تەشەنەکردنی ئیسلام و گەشەســەندنی قەڵمــڕەوی ئیســلامی، پێداویســتیی دامەزراندنــی دامودەزگاکانی دەوڵەتی کــرد بە حەتمیەتێکی مێژوویــی. لەگــەڵ بەرفراوان بوونــی ســەرزەویی ئیســلام، بارودۆخێکی نــوێ هاتە کایەوە و کۆمەڵێک کێشــەی ئاسایش و تەناهی و بەڕێوەبردنی لەگەڵ خۆی هێنــا و فەرمانڕەوایان و بیریارانــی ئیســلامی ناچار بە دارشــتنی تیۆرێکی سیاســیی وا کــرد کە بنەما لەســەر دین بگرێــت، چونکــە بــە خاڵــی هاوبەشــی نەتەوە جیاجیاکانی ئەوکاتی دنیای ئیســلام دەهاتە بەرچاو.

> تیۆری سیاسیی ئیسلامییەکان بنەمای لەسەر چەندان چەمک و پراکتیز داناوە؛ لەوانە: شوورا و خەلافەت، پەیمان، زیممە، جیهاد، دین و دەوڵەت

لەم کتێبــەدا بەگەڕانەوە بــۆ کۆمەڵێک چەمــک و پراکتیــز و نزیکبوونــەوە (approaches) هــەوڵ درا، پەیوەندییــەک لەنێوان ئیسلامیە کۆن و نوێکان بدۆزرێتەوە، تاوەکو بشــێ لە ڕێــی پەیوەندییەکانەوە ئەو ئارگیومێنتــەی کــە پێی وایە، ئیســلامیزم دیاردەیەکی نوێیە و دەرئەنجامی پرۆسەگەلی تازەگەریی (modernism) و بەپیشەسازیکردن (industrialization) و بــە ڕۆژئاواییکــردن (westernization)ـە بخرێتەژێر پرســیارەوە. لەئاکامی توێژینەوەکە، بەو ئەنجامە گەیشتین ئەگەر ئیســلامیزم بە مانای بەسیاسیکردنی

ئیسلام بێت؛ هاوارێک بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بیروباوەڕ و پراکتیزەکانی سەلەف؛ باوەڕ و پێداگرتن بێت لەسەر خەسڵەتی گەردوونگەرایی (universalism) و سەراپاگیریی (comprehensive) ئیسلام؛ ئیستیعلاکردنی پەیامی ئیسلام لەسەر پەیامە ئاسمانی و دینییەکانی دیکەی جیهان بێت؛ باوەڕبێت بە یەکپارچەییی دین و دەوڵەت، ڕەتکردنەوەی لێک جیاکردنەوەی دین و سیاسەت بێت، ئەوە بە پشتبەستن بەو مانا و پێناسانەی لەسەرەوە بۆ ئیسلامیزم کرا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیسلامیزم لە مێژووی موسوڵماناندا دیاردەیەکی نوێ نییە. سەرەڕای ئەوەی کە پرۆسەکانی تازەگەری و پیشەسازگەری و بەڕۆژئاواییبوون و چەندان هۆکاری دیکە، ڕەنگە کاریگەریی خۆیان لەسەر سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ئیسلامیزم لە فۆرمێکی نوێدا هەبووبێت. کەچی ناکرێت ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامیزم لە ناو پرۆسەی بەسیاسیکردنی مێژووییانەی ئیسلام پشتگوێ بخرێت و بە درێژکراوەی ئەو پرۆسە مێژووییە دانەنرێت.

بە هەمان شێوە، بیری توندڕەویی ئیسلامی (Islamic extremism) بە شێوەیەکی سەرەکی دەرئەنجامی هێرشی فەرهەنگیی (الهجمة الثقافیة) و داگیرکاریی سەربازییە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە وەڵامدەرەوەی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی موسوڵمانان و ئیسلامییەکانە لەلایەن دەسەڵاتدارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە.

توندڕەویی ئیسلامی ئاراستەیەکە لە ئاراستەکانی ئیسلامیزم و ناکرێت لێی جیا بکرێتەوە. بەپێی بەرخوردی ئیسلامییە کۆن و نوێکان لە بەرابەر داگیرکاریی دەرەکی و چەوسانەوەی ناوخۆیی، بۆمان دەرکەوت کە توندڕەویی ئیسلامیش دیاردەیەکی نوێ نییە و مێژووی ئیسلام شاهیدی سەرهەڵدانی دەیان بزوتنەوە و کەسانی توندڕەوی وایە کە لەم سەردەمەشدا بەرچاو دەکەون.

> **ئەو بانگەشەیەی ئیسلامییەکان سەبارەت بە دابڕانی قۆناغی سەردەمی ئیسلام و قۆناغی پێش ئیسلام، کە بە جاهلییەت ناودەبرێت، بانگەشەیەکە هیچ بنەما و بەڵگەیەک نایسەلمێنێت و لە وەهمێک زیاتر هیچی دیکە نییە**

دیاریکردن و دۆزینەوەی لێکچوون و پەیوەندیی فیکری لەنێوان ئیسلامییە کۆن و نوێکان ناکرێت ببێتە مایەی ئەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان، بەتایبەتی لە شێوازی نزیک بوونەوە لە کێشەو پراکتیزەکانیان، کەمبایەخ وەرگیرێت. بارودۆخی مێژوویی و کەسیی ئەو قۆناغەی کە هەریەکێک لە بیریارە ئیسلامییەکان تێیدا ژیاوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرخورد و نزیکبوونەوەی ئیسلامییەکان و ئەو بزوتنەوانەی ڕابەرایەتییان دەکردن یان دەکەن، هەبوو یان هەیە. ئیسلامییە کۆنەکان، بەگشتی بە بیانوی ڕێگە نەدان بە «فیتنە»، داوای ملکەچکردنی کوێرانەیان (total obedience) بۆ دەسەڵات دەکرد، کەچی ئیسلامییە نوێکان و بزوتنەوەکانیان لەبەرئەوەی بەگشتی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، هەمیشە ملکەچ نەکردن، بە خەبات و تێکۆشان لە دژی زوڵم و زۆرداری لەقەڵەم دەدەن، نەک هۆکاری «فیتنە». ئاراستە دینی-سیاسییەکانی ئیسلامییە کۆنەکان، بەگشتی لە چوارچێوەی قوتابخانە مەزهەبییە دینییەکانەوە بووە. کەچی ئیسلامییە نوێکان بەگشتی لە قاڵبی بزووتنەوە و حزبی سیاسیی نوێدا خۆیان ڕێکخستووە و هاوتونەتە گۆڕەپانی سیاسەت کردن. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە دیاری کردنی جیاوازییەکانی نێوانیان، تەوەرێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە نەبوو، بۆیە پێشنیازکردنی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارە بە پێویست و بەجێ دەزانرێت.



## ڕانانێک بۆ کتێبی بەسیاسی کردنی ئیسلام

ئەم کتێبە لە نووسینی دکتۆر شێرکۆ کرمانجە[٣]، لە ٢٠١٩ ناوەندی ئەندێشە بۆ جاری دووەم چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیسلام هەر لەسەرەتاوە ئایینێکی ڕووت بووە و ئامانجی، تێوەگلانی سیاسی نەبووە، بەڵام وەکوو هەموو بزووتنەوەیەکی ئایینی، سەرەتا چەند دەقێکی ڕووتی ڕەوحانی و خواپەرستیە و دواییش لەپرۆسەیەکی درێژخایەندا دادەمەزرێت (institutionalised)، بەو مانایەی فۆرمە ئایینییەکەی دەگۆڕدرێت بۆ فۆرمێکی سیاسی و شۆردەبێتەوە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان[٤]. کتێبەکە لەسەرەتاوە وەکو تێزێکی ئەکادیمی نوسراوە.

دیارە کە ئیسلامیزم وەکوو دیاردەیەک لەسەرەتای سەدەی بیستەوە، لەگەڵ دامەزراندنی ئیخوان موسلیمین، دەرکەوت و وردە وردە تەشەنەی کرد تا لەچەندین فۆرمی جیاوازدا خۆی خستە سەر شانۆی ڕووداوەکان. لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەوەی داخۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان قووڵایی و شەرعییەتێکی دینییان هەیە یاخود دیاردەیەکی مۆدێرنن و گرووپگەلێکی موسوڵمانن بە ئامرازەکانی مۆدێرن، دەیانەوێت بگەنە دەستەڵات؟ ئالێرەدا نووسەر هەوڵ دەدات بچێتە بنج و بناوانی دیاردە سیاسییەکان لەئیسلامدا، لەدووتوێی چەند تێزێکی هەمەلایەنەی زانا ئیسلامییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بەسەر ئیسلامدا هاتوون، شرۆڤەی دیاردەی ئیسلامیزم بکات.

دیارە کە تێزەکەی نووسەری بەڕێز پێچەوانەی تێگەیشتنی تەواوی ئیسلامییەکانی دونیایە. بەو مانایەی لە تێگەیشتنی ئیسلامییەکاندا، ئیسلام لەخودی خۆیدا دین و دەستەڵاتە و هەژموونی بەسەر هەموو کایە و پانتاییەکانی ژیاندا هەیە و هەر بۆئەوەش هاتووە. دکتۆر شێرکۆ، بەوردی باس لەو حەزە دەکات، بەوەی کە ژمارەیەک زانای موسوڵمان لەناو مێژووی ئیسلامیدا هەوڵی ئەوەیان داوە ئیسلام وەکوو دین و دەوڵەت تیۆریزە بکەن و ڕەهەندێکی سیاسیی قوڵ نەک هەر بدەن بە ئیسلام، بەڵکوو بۆ ئەوەی پێمان بڵێن هەر لەسەرەتاوە ئیسلام بەرنامەی ڕێکخستنی ژیانە و لەگەڵ دەستپێکی کۆچی موسوڵمانەکان بۆ مەدینە و پرۆسەی برایەتیی نێوان موسوڵمانەکانی مەککە و مەدینە[٥]، ئیدی بەردی بناغەی دەوڵەت لە ئیسلامدا ڕسکا و لەوێوە پێغەمبەر وەکو ڕێبەری ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتی گرتە دەست. بەڵام نووسەر، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو هەڵپەیە، پێمان دەڵێت؛ نەخێر لەو سەردەمەدا میکانیزمی بەرەوپێشچوونی ئیسلام وەها نەبووە، «وردبوونەوە لە ئایەتەکان ئەوە دەردەخەن کە مەبەست لە (یحکم) لە ئایەتی (ومن لم یحکم بما انزل الله) حوکم کردن بەسەریانەوە نیە، بەڵکوو حوکم کردنە لە نێوانیاندا» (کرمانج ٢٠١٩:٤٢)، بەتایبەتیش کە هەوڵ دەدات تەفسیری ئەو ئایەتە بە ئایەتێکی دیکە بکات کە دەڵێت: «فاحکم بینهم بما انزل الله»، ئیتر تۆ بە پێی ئەوەی خوا هەناردوویەتییە خوارەوە بەکاروباریان ڕابگە» (کرمانج ٢٠١٩:٤٢).

نووسەر هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێت کە کەوتنە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی ئەو سەردەمەی ساسانییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بیرکردنەوەی سیاسیی موسوڵمانەکاندا هەبووە و بەڵگەنامەی ئەردەشێری پادشای ساسانییەکانیش کراوە بە بنەمای هزری سیاسیی هەوادارانی بەسیاسی کردنی ئیسلام، چونکە پێیان وابووە لەو ڕێگایەوە نەبێت هەیبەت و شکۆی ئیسلام وەکو ئایینێکیش ناپارێزرێت. یەکێکیش لەو زانایانەی کە کارییان لەسەر ئەو لایەنە کردووە و کەوتۆتە



ژێــر کاریگەریی پادشـــای ساســـانی ئیبن موقەففەع بووە و بەدوای ئەویشـــدا غەزالی و ئیبن تەیمییە و بەدوای ئەوانیشـــدا ئیبن قەییمی قوتابییەکەی ئیبن تەیمییە. ئەمانە وەکو ئیسلامییە کۆنەکان چۆن هەنگاوییان هەڵێناوە، ئیسلامییە نوێیەکانیش پێیان لە جێ پێی ئەوان داناوەتەوە.

نووســەر، یەکە یەکەی ئەو چەمکانەی کــە لــەڕووی سیاســی و دەوڵەتدارییەوە گرنگــن، هاتــووە لەڕوانگەی ئیســلامییە کــۆن و نوێکانەوە، شــرۆڤەی کــردوون و بەراوردێکی وردی کــردووە لەنێوان قۆناغە جیاوازەکانی پرۆســەی پەرەســەندنی ئەو چەمکانــە، داخــۆ بنەمــای ئــەو چەمکانە لەکوێوە هاتوون، تێگەیشــتنی ئیســلامییە کۆنەکان چۆن بووە و چۆن هەوڵی جێبەجێ کردنیان دراوە، ئیســلامییە نوێکانیش لەچ جــۆرە چوارچێوەیەکــەوە جارێکی دی ئەو چەمکانەیــان بەرهەم هێناونەتەوە. نموونەی ئەو چەمکانەش؛ شــورا، خەلافەت، پەیمان (الحلــف)، زیممە (ذمة)، جیهــاد، ئەنفال و دین و دەوڵەت. لە تەک ئەو وردەکارییانەی لەســەر ئەو چەمکانەی کــردووە، کارێکی گرنگتــری کــردووە، ئەویــش بارودۆخــی سیاسی و ڕەوشی ژیانی ئەو سەردەمەی کە ئیســلامییە کۆنەکان تیایدا ژیاون، ڕۆڵێکی ســەرەکی و گرنگیان هەیە لە بیرکردنەوە و ئاراستەی زانا موسوڵمانەکانی ئەو سەردەم.

بــۆ نموونــە، دوای ئــەوەی باســی لە پێگەی شورا لە ئیســلامدا کردووە، هاتووە لە ڕەگوریشەی چەمکی شورای کۆڵیوەتەوە و لــە بەســام تیبییــەوە گواســتویەتیەوە و دەڵێــت: «تێڕامانێکــی ورد لە شــێواز و چۆنیەتیی خۆبەڕێوەبردنی خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدورگــەی عەرەبــی، دروســت ئەوە دەردەخات کە بۆ پرس و ڕا وەرگرتن لەنێوان پیاوماقووڵانی خێڵە عەرەبەکانی پێش ئیسلام (شورا) نەریتێکی باو بووە، کە دواتر ئیسلام لەپــاڵ تەبەننیکردنی، پیرۆزیشــی کردووە» (تیبی:٢٠٠٢ب:٣٠،١٧٤). دوایی پرسیار دەکات داخۆ بۆ ئەو دابونەریتە لە عەرەبەکانی پێش ئیســلامەوە درێژکرانــەوە یــان گوێزرانەوە بۆ موســوڵمانەکان؟ ئینجا هاتووە بە قووڵی وابەســتەبوونی نەتــەوە جیاوازەکانــی بــە دابونەریتــی باب و باپیرانییانەوە، خســتۆتە ڕوو. لــەو نێوەندەشــدا باس لــە کولتوری ڕەنگــــــدانــەوە (Reflective Culture)، پێچەوانــەی کولتــوری چــالاک (active Culture) دەکات و لــە دووتوێــی ئــەو باسانەشدا بەدرێژایی مێژووی ئەو بەسیاسی کردنە پەرەی پێ دەدرێت و بەپێی پێویستی و بزووتنەوەی ڕۆژانەی خەڵکی موسوڵمان و مەترسی و پێویستییەکان تەشەنەی کردووە و فۆرمی گرتووە.

ئەوەی کە زۆر گرنگە لەسەری بوەستین، هزر و هەناسە و ڕوانگەکانی ئیسلامی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو ڕەهەندە مێژووییانەی کە نووسەر بەجوانی شرۆڤەی کردوون، هەمیش لەچوارچێوەی گەشــەی مێژوویی ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا، پێمان دەڵێن؛ مۆرک و سروشــتێکی ڕووتــی عەرەبیانەیە و لەگەڵ بەزینی عەرەبەکانیش لە شــەڕی ١٩٦٧ی ئیســرائیل، ئیــدی جیاوازییەکانی نێــوان ئیســلامیزم و ناســیۆنالیزمی عەرەبــی بەتەواوەتی کاڵ بوونــەوە. ئەقڵی ئیسلامییەکان هێندە ســادە و ناهەش بوو، زۆر بە ئاســانی کەوتنە داوی وتاری سەددام حوسێن و ســەرکردەیەکی ئیسلامیی وەکو فەتحی شیقاقی بەسەددامی دەگوت: خۆت وەکــو خەلیفــەی موســوڵمانان ڕابگەیەنە، بۆ ئەوەی شــەڕی هەموو ئەوانە بکەین کە موبایەعەت ناکــەن[٦]. بۆیە ئەو وتارەش کە ئیســلامیزم بەرهەمی دێنێــت، زادەی ئەو توراس[٧]ـەیــە کە ڕەهەندەکانی دەگەڕێنەوە بۆ قولاییی مێژوو. یەکێک لە خەسڵەتەکانی دیکەی ئیســلامیزم، کە لە ماوەی ڕابردوودا

دووپاتیـــان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر جەخت لەسەر ئیسلام وەکو دین و دەوڵەت دەکەنـــەوە، بـــەڵام کە دەســـتەڵات دەگرنە دەســـت، دەوڵەت لە کۆمەڵێک ئەخلاقییاتدا کورت دەکەنەوە، بەو مانایەی عەیب لەوەدا نیە کە ئیســـلام بە سیاســـی کراوە، بەڵکوو لەوەدایـــە کـــە سیاســـەت وەکـــو پەیژە بۆ ناسیاسەت بەکار دێنن.

یەکێک لـــەو ڕەخنانەی کە لەو کتێبەدا بەدیـــم کـــرد، ڕوانگـــە نۆرماتیڤییەکـــەی نووســـەرە، کە دەیتوانی زۆر بە ئاســـانی ئەو لایەنەی بشـــارێتەوە بۆ ئـــەوەی لایەنداریی پێـــوە دیارنەبێـــت. ئـــەو هەر لەســـەرەتاوە ئاراستەی هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ خوێنەر ئاشـــکرا دەکات و دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئیســـلام دینێکی ڕووتە و هیـــچ پەیوەندیی بە سیاســـەتەوە نیە، بەڵکـــوو لەچوارچێوەی مێژوودا بەسیاسی کراوە. ئەم ئاراستەیەش بە ئاسانی دەکرا بەجۆرێکی دیکە بێت، لەلایەک ناوی کتێبەکە لە سروشتی پرسیارێکدا بوایە، لە لایەکی دیکەوە، دەیتوانی لەچوارچێوەی سروشتێکی بەراوردکاریانەدا لەنێوان هەردوو ڕا و بۆچووندا، ئەرگۆمێنتەکانی خۆی دووپات بکاتـــەوە، هەرچەنـــدە جاربەجار ئەوەشـــی کردووە، بەڵام بەو ئاســـتەی جەختکردنەوە نیە لەسەر بەسیاســـی کردنی ئیسلام. جگە لـــەوەش، دەکرێت ئەو لایەنەش بە پۆزەتیڤ بۆ نووسەر بنوسرێت چونکە هەر لەسەرەتاوە لەگـــەڵ خوێنـــەر بەڕاشـــکاوی چۆتـــە ناو بابەتەکەوە.

وێڕای ئەوەش ئەو ڕوانگە نۆرماتیڤییەی نووســـەر هەرگیـــز لەلایەنی زانســـتی ئەو کتێبە کەم ناکاتەوە، چونکە بەشـــێوەیەکی ئەکادیمییانـــە مێـــژووی هەڵکۆڵیـــوە و لە پێناو گەیشـــتن بە ڕاســـتیی ئـــەوەی داخۆ ئیســـلام بەسیاســـی کراوە یان نا، شرۆڤەی کـــردووە. دەکرێـــت لایەنەکەی دیکەشـــی لە شـــرۆڤەکردنێکی دیکـــەدا لەبەریەکدی هەڵبوەشـــێندرێت و لـــەوە تێبگەیـــن کە ئیســـلام بەبێ سیاســـەت دونیایەکی ئارام بەشـــوێنکەوتووانی دەبەخشێت، بەڵام لەناو سیاســـەتدا بێجگە لـــە بازارێکـــی کڕین و فرۆشتن و هەراجکردن شتێکی دیکە نیە.

## پەراوێز

[١]. مامۆســـتا لەبەشـــی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی شاریقە لە ئیمارات.

[٢]. مامۆستا لەبەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سۆران، توێژەری میوان لە زانکۆی کۆڤێنتری، بەریتانیا

[٣]. کرمانج ش. (٢٠١٩). بەسیاســـی کردنی ئیســـلام. ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەری ئەندێشە. سلێمانی

[٤]. هەموو ئایینەکان بە قۆناغی دامەراندندا تێپەڕ دەبن، بەمانای ئەوەی ئایین لەســـەرەتادا چەند دەقێکی ســـادە و ئاسایین، بەڵام دوایی شـــوێنکەوتوانی ئـــەو ئایینانـــە، گۆڕانکارییەکـــی بنەڕەتی لـــە بونیادی ئەو دەقانەدا دروســـت دەکەن لەســـەر دوو ئاســـت: ئاســـتی یەکەم: تەفسیرکردن و شـــرۆڤەکردن بەجۆرێک کە دەقە ئەسڵییەکان بیر دەچنەوە و بەدەیان ڕێچکە و مەزهەب لەو بارەیەوە دروست دەبن. ئاستی دووەم: دروست کردنی بەدامەزراوەیی کردن و کردنی بە ســـەرچاوەیەک بۆ ژیان، وەکو ئەوەی ئەمرۆ لەزۆربەی ئایینەکان بەهەزاران کەس وەکوو پیاوی ئاینی تەنها لەبەر ئەوەی خواپەرســـتی دەکەن و لە پەرســـتگاکان نوێژ بۆ خەڵک دەکەن و بۆئـــەوەش مووچە لەدەوڵـــەت وەردەگرن و بوون بـــە بارگرانی بۆ کۆمەڵگا، لەکاتێکدا لەسەرەتادا شتێکی لەو جۆرە نەبووە.

[٥]. سەبارەت بە دەستوری مەدینە، نووسەر ژمارەیەک ئەرگومێنتی ورد دەخاتە بەردەست کە گومان دەخاتە سەر بوونی دۆکومێنتێک بەناوی دەستور، وەکو ئەوەی ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەگەر شتێکیش لەو بارەیەوە هەبووبێت، ئەوە تەنها زارەکی بووە و نەنوسراوەتەوە. ئەوەش وەکوو جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ڕاستی و ڕەســـەنێتیی دەقی بڕگەکانی ئەو پەیمانە دەخاتە ژێر پرســـیار و گومانەوە، چونکە زارەوزار گوازراونەتەوە و ئەگەری دەســـتکاری و گۆڕانکاریـــی تێدا یەکجار زۆرە. هەر بۆیـــە زۆر بە دەگمەن دوو دەقـــی وەک یەکی پەیمانەکە دەســـت دەکەون. ئینجا نووســـەر ئـــەوەش دەوروژێنێت داخـــۆ بۆچی وەها پەیمانێـــک لەچوونە ناو مەدینە دەنوســـرێت کە قۆناغێکی سەرەتاییە، بەڵام لەقۆناغی پاش ڕزگارکردنی مەککە شتێکی وەها ڕووناداد و مێژوونوسان باس لە شتێکی هاوتای پەیمانی مەدینە ناکەن؟


جگە لەوەش ئەو پەیمانە ئەگەر هەشـــبووبێت، کە ئیسلامییەکان پێی دەڵێن دەســـتور، یەکـــەم پەیمان نیە لەمێـــژوودا، بەڵکو زۆر دۆکومێنتی سیاســـی لەپێش ئەو مێژووەدا هەبوون. http://bit.ly/2RByGsB

[٦]. «أعلن نفسک خليفة للمسلمين، حتی نقاتل من لا يبايعک».

[٧]. «توراس (heritage) کە لەکوردیدا دەبێتە (کەلەپور)، مانای میراتیش دەداتم بەڵام وشە کوردییەکە هێشتا نەبووە بە چەمکێکی زانستی و خەڵک تەنها بە مۆزیک و بەرەی کوردی تێدەگات.

# مەلاکان، سۆفییەکان و جیاباوەڕەکان:
## دەوری ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا*

شاهۆ زەنگەنە





دەکرێ کتێبی مەلاکان، سۆفییەکان و جیابیرەکان، وەکوو سەفەری یەک چارەگە سەدەی مارتین فان برۆینسێن، (لەدایکبووی ١٩٤٦) بە ناو مزارە ئایینییە جۆراجۆرەکان لە کوردستاندا، پێناسە بکەین. گرنگیی برۆینسێن بۆ بواری لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئاستێکدایە کە دوور نەڕۆشتووین ئەگەر وەک گرنگترین ئاکادێمیسیەنی ئەم بوارە نوێیە ناوزەدی بکەین و هەر لە ئیستاشدا و دوای خانەنشینی لە زانکۆی ئۆتریخت، سەرنووسەری ژورناڵی کوردیش ستادیزە و هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییەکانی سەبارەت بە کوردستان هەمیشە وەک پاڵپشتێکی گرنگ دەرکەوتووە. دەستپێکی برۆینسێن بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردستان، بۆ سەفەرێکی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە، کاتێک بە سەرسوڕمانەوە دەبینێت کە مرۆڤی ئەمبەر و ئەوبەری سنوورەکانی ئێران و تورکیا وەک یەک قسە دەکەن و کولتووریان زۆر لێک نزیکە. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دوای خوێندنی فیزیا، لە بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئانترۆپۆلۆژی درێژە بە خوێندن بدا و دوای دوو ساڵ توێژینەوە لە کوردستان(١٩٧٤-١٩٧٦)، تێزی دوکتۆراکەی لە ژێر ناوی «ئاغا، شێخ و دەوڵەت: لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان» بنووسێت (کە دواتر بە چەندین زمان و یەک لەوانیش کوردی تەرجەمە کراوەتەوە). ئەم کتێبەش کە وەکوو کۆمەڵە وتار سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپ بووە و دواتر لە ساڵی ٢٠١١ لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە، ئەو وتارانە لە خۆ دەگرێ کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٨ تا ١٩٩٩ نووسراون. دیارە دوای ئەم ساڵانەش، برۆینسێن سەبارەت بە کوردستان و هەروەها ئایین، توێژینەوەی سەرنجڕاکێشی ئەنجام داوە. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی ئەو، ناکرێ تەنیا لە ڕووی ئەم کتێبەوە بە هەڵسەنگاندنێکی کۆتایی بگەین. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی گرنگی توێژینەوەکانی برۆینسێن سەبارەت بە ئیسلام و تەریقەتە سۆفییانەکانی ئەندۆنێزیایە و بۆ ماوەی نزیک دە ساڵ ژیان و توێژینەوە لەو وڵاتە، کۆی نووسینەکانی بە سەر دوو وڵاتی کوردستان و ئەندۆنێزیادا دابەش بووە.

کتێبی مەلاکان، سۆفییەکان و جیابیرەکان، لە چوار بەش و پازدە وتار پێکهاتووە. سەرەتا ئاماژە بە ناونیشانی وتارەکان دەکەم و لە درێژەدا دوو وتاری دەستپێک کە بە شێوازێک دەتوانم بڵێم تایبەتمەندییەکانی هەموو

وتارەکانیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە دەناسێنم. سەردێڕی وتارەکان لە هەر بەشێکدا بریتین لە:

**[بەشی یەکەم] موزاییکی ئایینی:**
(١) ئایین لە کوردستان (١٩٩١)؛
(٢) کورد و ئیسلام (١٩٩٩) و
(٣) مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، دەوڵەت و پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوچەیی (١٩٧٩).

**[بەشی دووەم] شێوازی فێرکاری و عێرفان لە سەدەی حەڤدەیەم تاکوو نۆزدەیەم لە کوردستان:**
(٤) ژیانی ئایینی لە دیاربەکر: فێرکاریی ئایینی و دەوری تەریقەتەکان (١٩٨٨)؛
(٥) ڕێبازی نەقشبەندی لە سەدەی حەڤدەیەم لە کوردستان (١٩٩٠)؛
(٦) کاریگەریی عەللامە کوردەکان لە ئیسلام لە ئەندۆنێزیا (١٩٩٢)؛
(٧) زانا کوردەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە باشوری ئافریکا (١٩٩٢).

**[بەشی سێیەم] دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕێبازکانی سۆفیگەری لە کوردستان:**
(٨) ئیسلامی گشتپەسەند، ناسیۆنالیزمی کوردی و شۆڕشی گوندیانە: شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا (١٩٢٥)؛
(٩) لە عوسمانچیەتییەوە بۆ جیاخوازی: پاشخانی ئایینی و قەومیی شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٨٥)؛
(١٠) ساداتی نەهری یا گیلانیزادەی کوردستانی ناوەندی (١٩٩٩)؛
(١١) قادرییە و سیلسیلەی شێخەکانی قادری لە کوردستان (١٩٩٩)؛
(١٢) سۆفییەکان و سوڵتانەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و کوردستان: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکرانە (١٩٩٦).

**[بەشی چوارەم] شکڵگرتنی ئایینە جیاباوەڕەکان لە کوردستان:**
(١٣) کاتێک کە ناوی حاجی بەکتاش هێشتا لەگەڵ سوڵتان سەهاک دێ: چەند تێبینییەک لەسەر ئەهلی هەق لە ناوچەی گۆران (١٩٩٥)؛
(١٤) حاجی بەکتاش، سوڵتان سەهاکم شاە مینا ساحەب (١٩٩١)؛
(١٥) شەبەک، کۆمەڵگەی قزڵباشەکان لە کوردستانی عێراق (١٩٩٨) و لە کۆتاییدا کتێبناسییەکی گشتی بۆ کتێبەکە ئامادە کراوە.

لە بەشی یەکەمدا کە ناوی موزاییکی ئایینیی بۆ دانراوە، برۆینسێن هەوڵ دەدا لە وتاری یەکەمدا، (ئایین لە کوردستان)، چوارچێوەیەکی گشتی بۆ خوێنەر سەبارەت بە ئایین لە کوردستان بکێشێتەوە. بە تێگەیشتنی من ئەم وتارە خاڵێکی وەچەرخان لە مژاری ئایین لە کوردستانە چونکە کوردستان بێ لکاندن بە وڵاتە داگیرکەرەکانەوە و وەک یەکەیەکی تویژینەوەی سەربەخۆ سەیر کراوە. ئەم وتارە بە باسێک لەسەر ڕوانگەی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە گۆڤاری هاوار، بەتایبەت جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤)، دەست پێ دەکا و مەیلی ئەوان بۆ ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی نەریتی لە کوردستان و پێناسەی زەردەشتیگەری وەک ئایینی ڕەسەنی کوردستان نیشان دەدا. لە درێژەدا بە پێناسەی جۆراوجۆری ئایینی لە کوردستان، هەوڵ دەدرێ کە بەکورتی هەر کام لە ئایینەکانی ئێزدی، ئەهلی هەق(کاکەیی) و عەلەوی (قزلباش) پێناسە بکرێ و دەوری سۆفیگەری، لە ئیسلامی سوننە لە کوردستان، شی بکرێتەوە. لە درێژەدا بە ئاوردانەوە لە تەریقەتەکان، بەتایبەت قادرییە و نەقشبەندییە، دەوری تەریقەتەکان و بەرەورووبوونەوەیان لەگەڵ مۆدێرنیزم و هەروەها دەوڵەت نەتەوە نوێیەکان، کە هەر



کامیان بەشێک لە کوردستانیان پچڕاندووە، نیشان بدرێ. وتارەکە بە باسیک لەسەر ئیسلامی سیاسی و پەیوەندیی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستان کۆتایی پێ دێ.


لە وتاری دووەم و هەرە گرنگی ئەم کتێبەدا، (کورد و ئیسلام)، برۆینسێن پێی وایە کە کوردەکان دەورێکی گرنگیان لە مێژووی ئیسلامدا هەبووە بەڵام زۆربەی کات ئاماژەی پێ ناکرێ، چونکە ئەوان بەئاشکرا باسیان لە قەومیەتی خۆیان نەکردووە و زۆربەی کات بە سێ زمانی دراوسێی کوردستان (عەرەبی، فارسی و تورکی) نووسیویانە. کوردستان چونکە ناوچەیەکی شاخاوییە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک ناوچەیەکی بافر[١]، لە نێوان ئەو هەرێمانەدا ماوەتەوە کە بەو سێ زمانە قسەیان تێدا کراوە. هەرچەند کوردستان بە شێوازێکی سیاسی لە پەراوێزی هەر کام لەو وڵاتانەدا هەڵکەوتووە بەڵام دەورێکی گرنگی کولتووری لەو ناوبڕەدا هەبووە. برۆینسێن ئاماژە بە کەسانی خوێنەواری کورد دەکا کە پێیانوایە کوردەکان وەک پردی پەیوەندی نێوان نەریتە ڕۆشنبیرییە جیاکان بوون و عەللامە کوردەکان بە سەر هەر سێ زمانی سەرەکی دنیای ئیسلامدا (عەرەبی، تورکی و فارسی) زاڵ بوون. بە باوەڕی برۆینسێن لە کوردستان هەمیشە دوو ڕەوتی ڕاستباوەڕی و جیاباوەڕی[٢] پێکەوە هەبوون و تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا دەبیندرێن. مەبەست لە ڕاستباوەڕی لە نێوان کوردان ئەوەیە کە زۆربەی ئیمانداران لە کوردستان، باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شافعی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەڵگەکان نیشانی دەدەن کە ئایینە جیاباوەڕەکانی ئیزدی (لە ڕێگەی شێخ ئادی/عدی کە سۆفییەکی موسڵمان بووە)، ئەهلی هەق (لە ڕێگەی بابایادگارەوە کە گوایە لە سەرەتای سەدەی شازدەیەم بەپێی وەقفی ئیسلامی باخێکی بە ناوەوە کراوە)، عەلەوی و شەبەک (لە ڕێگەی قزڵباشەکانەوە کە خۆیان لە ڕێبازی سۆفیگەری سەفەوییەکان بوون) لە ئایینی ئیسلامی ڕاستباوەڕ جیا بوویێتنەوە. ئەم تێڕوانینە، لە هەموو بەرهەمەکانی برۆینسیندا خۆی نیشان دەدا و هەر لەم کتێبەدا و لە چەندین وتاردا هەوڵ دەدا بە شێوازێک پەیوەندی و هاوشێوەییی ئەم چوار ئایینە (واتە ئیزدی، ئەهلی هەق، عەلەوی و شەبەک) پێکەوە نیشان بدا. لە درێژەی

ئەم وتارەدا نووســـــــەر باس لــە بزوتنەوە ئیســـــلامییەکان و کاریگەریی ســۆفیگەری و مەدرەسە ئیســـلامییەکان لەسەر سازبوونی ئەدەبی کوردی و ســـەرەتاکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدا. هەروەها باس لەوە دەکا کە بیرۆکەی کەســانێک وەک مەولانا خالید نەقشــبەندی و سەعید نەورەسی، نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە پانتاییەکی بەرفراوانتردا کاریگەرییان هەبووە.

وتارەکانــی ناو ئەم کتێبە لەراســتیدا بە مەبەســتی پێکەوەبوون لە یــەک کتێب بە پێکهاتە و مەبەستێکی دیاریکراو نەنووسراون و هەر کامیــان بۆ کۆنفرانس یــا ژورناڵێکی تایبــەت ئامادە کــراون. نووســەر خۆی لەم کێشــەیە ئاگادارە و لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئامــاژە بــەوە دەکا کــە هەرچەنــد زۆربەی وتــارەکان وا دەردەکــەون کــە لــە جیاتی لەســەر ئایین لە کوردســـتان بن، سەبارەت بە ســۆفیگەری لــە کوردســـتانن، بەڵام ئەم شێوازە بۆ تایبەتمەندیی ئایین لە کوردستان دەگەڕێتــەوە کە زۆربەی مەلا و عەللامەکان، بۆخۆیان یا سۆفی بوون، یاکوو پەیوەندییەکی زۆر نزیکیــان لەگــەڵ تەریقەتەکاندا هەبووە. هەروەهــا ئایینــە جیاباوەڕەکانیــش، بــە شێوازیکی مێژوویی، پەیوەندییەکی گرنگیان لەگەڵ ســۆفیگەری لە کوردستان هەبووە و لە هەمان کاتێشدا شــاعیرە کلاسیکەکان بۆ خۆیان لە حوجرە و خانەقاکان پێگەیشــتوون و هەر لە ڕێگەی تــۆڕی بەهێزی پەیوەندیی ئەم شوێنانەوە، توانیویانە بەرهەمەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە.

برۆینســێن ســـەرەتا وەک مرۆڤناسێک توێژینەوەی لەســەر کوردســتان دەست پێ کردووە، بەڵام هەرچی بەرەو پێش چووە زیاتر بەرەو ئەو ڕێڕەوە هەنگاوی ناوە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بتوانێ بە دەرکێکی قووڵتر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان بگا. هەروەها هاوکات لەگەڵ مەسەلەی ئایین، دەیان وتاری ســەبارەت بە پرسی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی و بەتایبەت دۆخی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان ئامــادە کــردووە. بە لای منــەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی برۆینســێن، هەوڵ بۆ بەخۆداچوونەوەیە و ئەوەی کە بتوانێ باس لــە کەموکورییەکانــی توێژینەوەکانی بکا. بۆ نموونە لــە وتارێکدا بە نــاوی «مەم و زینی ئەحمــەدی خانی و دەوری لــە دەرکەوتنی ناســیۆنالیزمی کورد»، ئاماژە بەوە دەکا کە بۆ ماوەیەکــی زۆر پێی وابووە کــە ئەو دێڕانەی مەم و زین کە تیایدا باسی نیشتمانپەروەری دەکرێ، هی خانــی بۆخۆی نین و زۆر دواتر بە مەم و زین زیاد کــراون. بەڵام بە بینینی ســاغکردنەوەیەکی ڕۆدێنکۆ بۆی دەرکەوتووە کە ئــەم دێڕانە بــە دڵنیاییــەوە دەبێ هەر هــی خانی بن.[۳] یاکوو لــە دوایین نموونەدا «ناســنامە کوردییەکان و ناســیۆنالیزمەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا»، باس لــەوە دەکا کە ســەرەتاکان پێی وابووە کە کــوردەکان عەشــیرەیین و بەشــێوازی کۆچــەر و نیوەکۆچــەر دەژیــن و دەیانەوێ وەک عەرەبــەکان، فارســەکان و تورکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەوڵەت ســاز بکەن (هەرچەند دەڵێ بەخۆشحاڵییەوە ئەو بابەتەی چاپ نەکردووە) و ئیســتاش ئەم پێناســەیە لە کوردبوونی قەبوڵ کــردووە کە کوردەکان خۆیان پەســەندیان کردووە: «کورد کەسیکە کە خۆی بە کورد دەزانێ و دەوروبەرییەکانی وەک کورد دەیناسن.»[۴]

بۆچوونەکانــی برۆینســێن بەشــێک لە مەعریفەیەک پێک دینن کە لە ئیستادا وەک بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دەناســرێ. ئەو بۆخۆشــی هەوڵی داوە لە وتارێکی چڕوپڕدا، شــێوازی گەشــەی ئەم بوارە، بەتایبەت لە زانکۆکانی ئەورووپا نیشان بدا. دەکرێ بگوترێ کــە ئایین، سیاســەت و پرســی نەتەوەییی کورد، سێ کاکڵی ســەرەکیی بەرهەمەکانی




برۆینسـن سەبارەت بە کوردستان پێک دێنن. جیا لەو ڕەخنانەی کە ڕەنگە لێی بگیرێ، کە لە هەندێک لە وتارەکانی کۆمەڵەوتاری مەلاکان، سۆفییەکان و جیابیرەکان ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە گەڕان بە شوێن مەلایەکی کورد لە ئافریکا یاکوو هەندێک بەراوردکاری لە نێوان شێوازی ئیسلام لە کوردستان و لە ئەندۆنێزیا، دەکرێ باس لەو کەموکورییانە بکرێ کە بە هۆی مێتۆدۆلۆژیی مرۆڤناسییەوە بوونەتە هۆی ئەوەی زانیارییەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕۆژ نەبێ. بەگشتی ئەگەر سەیری کۆی وتار و نووسینەکانی برۆینسێن بکەین، کەمترین بابەتی لەسەر پێکهاتەی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردایەتی لەم پارچەیەدا نووسیوە. هەروەها هەر کات سەبارەت بە ئایینی ئەهلی هەق بابەتی نووسیوە، زیاتر بەرەو لایەنی بەراوردکاریی ئەم ئایینە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەی کوردستان ڕۆشتووە.

*. Martin van Bruinessen. Mullas, Sufis, and Heretics: The Role of Religion in Kurdish Society: Collected Articles (Piscataway, NJ: Gorgias Press, 2011) VI + 324. ISBN: 978-1-4632-2988-7

## پەراوێز

[1]. Buffer Zone: ناوچەیەکی بێ لایەنە کە هەرچەند هێزە جۆراوجۆرەکانی دوژمن دەتوانن بچنە ناوی، بەڵام ئەو ناوچەیە لە تایبەتمەندییەکانی خۆی پارێزگاری دەکا و دەیانهێڵێتەوە.

[2]. Orthodoxy and Heterodoxy

[3]. Martin van Bruinessen. «EhmedîXanî»s Mem û Zîn and its role in the emergence of Kurdish nationalism,» in Essays on the origins of Kurdish nationalism. Edited by Abbas Vali(Costa Mesa, Cal.: Mazda Publishers, 2003) 43.

Martin van Bruinessen, «Kurdish identities and Kurdish nationalisms in the early twenty-first century,» This paper was presented at the conference: 'A new Middle East: Persistent Authoritarianism(s) or Prospects for Democratization?' (Istanbul, Marmara University Faculty of Political Science and Friedrich Ebert Stiftung, 7-8 November 2015).

[4]. Martin van Bruineseen. «Kurdish Studies in Western and Central Europe,» in Wiener Jahrbuch fur KurdischeStudien. 18-96 (Vienna: Wiener Verlag fur Sozialforschung, 2014)

# کەمینە ئایینییەکان لە کوردستان:
## لەوبەری ڕێڕەوی سەرەکییەوە*

سارۆ ئەردەڵان





خـــانـــا ئۆمەرخاڵی، ئامـــــادەکاری کـتـێبی «کـەمینـــە ئایینییـــەکان لـــە کوردســـتان: لەوبەری ڕێڕەوی سەرەکییەوە»، لە پێشەکیی کتێبەکەیــدا ئاماژە بـــەوە دەکا کە بیرۆکەی ســـازکردنی ئـــەم کتێبـــە بۆ ســـاڵی ٢٠١٢ دەگەڕێتـــەوە، ئـــەو کاتەی لە کۆنفرانســـی لێکۆڵینـــەوەی کوردی لە زانکـــۆی ئێگزێتەر (بریتانیا)، دوو پانێل لە ژێر ناوی «کەمینەی ئایینی و گۆڕانکاریی سیاســـی لە کوردستان» بەڕێوە چووە. مەبەســـت لەوبـــەری ڕێڕەوی سەرەکی ئەوەیە کە بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و بەتایبەت لە کوردستان، ئایینی سەرەکی دینی ئیسلامە، بەڵام لە کوردستان لە پێش ئیســـلامەوە هەتاکـــوو نها، چەندین ئایینـــی تـــر هەبـــووە و کـــوردەکان وەک ئیماندارانی ئەم ئایینانە، تاکوو ئیســـتا بەپێی بیـــر و باوەڕەکانی خۆیان ژیاون. بۆشـــاییی لێکۆڵینەوە لەســـەر ئایینـــە جۆراوجۆرەکان، کاتێـــک زیاتـــر دەردەکـــەوێ کـــە بزانین لێکۆڵینەوە پێشووترەکان زیاتر لەسەر ســـێ ئایینی ســـەرەکیی ئیســـلام، مەسیحییەت و جوولەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێستاون.

هەروەها ئەگەر باسی ئەم کەمینانەش دەکرێ، لە ڕووی مافەکانـــی گرووپە ئایینییەکانەوەیە و ئـــەو دامەزراوانە، توێژینەوەکان بە ئەســـتۆ دەگـــرن کە بۆ بابەتی مافـــی مرۆڤ تەرخان کراون.

لـــە مـــژاری پەیوەندیدار بە کوردســـتان تاکوو چاپـــی ئەم کتێبە، تەنیـــا کتێبەکەی مارتین فان برۆینســـەن بە نـــاوی «مەلاکان، ســـۆفییەکان ورافزییـــەکان: دەوری ئایین لە کۆمەڵـــگای کوردی»، لەبەر دەســـت بوو کە لە کۆمەڵـــە وتارێک پێکهاتـــووە کە مارتین پێشـــتر لە ژورناڵە جۆراوجـــۆرەکان بە چاپی گەیاندووە. هەر بۆیە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە تاکوو ئیستا لەبەر دەستن زیاتر سەبارەت بـــە ئایینێکی تایبـــەت توێژینەوەیان ئەنجام داوە و وەک ئایین لە کوردستان نەپرژاونەتە سەر ئەم بوارە. سەرەڕای پێشەکییەکی کورت کە ئۆمەرخاڵی بۆ کتێبەکە نووسیویەتی، ئەم بەرهەمە لە دووتوێی شـــەش بەشدا، حەڤدە وتاری لەخۆ گرتووە و لە درێژەدا من هەر کام لە وتارەکان بەکورتی پێناسە دەکەم.

بەشی یەکەم کە بۆ مژاری ئایینی یارسان

(ئەهلی هەق یا کاکەیی) تەرخان کراوە سێ وتاری لەخۆ گرتووە. فیلیپ کرینبرۆک لە ژێر ناوی یارسانی کوردستان وتارەکەی خۆی نووسیوە. دەتوانم بڵێم لەبەر زانیاریی قووڵی کرینبرۆک لەسەر هەر دوو ئایینی یارسان و ئێزدی و هەروەها هەر دوو ئایینی کۆنی ناوچەکە، زەردەشتیگەری و میترائیسم، توانیویەتی سەرەرای ئەوەی لە کۆمەڵگەی یارسان ورد ببێتەوە، هەروەها لە رووی لایەنی مێژوویی، مێژووی پیرۆز، جیهانبینی و بیروباوەرەکان، دەقەکان و گێرانەوەی زارەکی، پێکهاتەی کۆمەلایەتی و رێورەسم و جەژنەکانی یارسان (جام یا زێکر، نەزر، نیاز، سەر سپاردن، مەرنۆ و جەژنی خاوەنکار، قەوەلتاس) شیکارییەکی سەرنجراکێش بە دەستەوە بدا. هەرچەند دەکرێ بگوترێ کە نەریتی زارەکیی یارسان، لەسەر بنەمای ئەو گێرانەوانەیەیە کە بە زمانی کوردی سینگ بە سینگ گوازراونەتەوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، زمانی فارسیش لە یەکێک لە لقەکانی ئەم ئایینەدا بەکار هاتووە. لێرەوە دەتوانین باس لە وتاری دووەم بکەین کە لە لایەن مۆژان مێمبرادۆوە و بە ناوی حاجی نێعمەتوڵلا جەیحونئابادی (١٨٧١-١٩٢٠) و رێرەوە عیرفانییەکەی لەناو ئایینی ئەهلی هەقدا نووسراوە. لە کاتێکدا لە دەستووری بنچینەییی ئێراندا، ئایینی یارسان بە فەرمی نەناسراوە و حکومەتە جیاکانی ئێران وەک بەشێک لە ئایینزای شیعە باسیان لێ دەکەن، هەر ئەمە دەبێتە هەوێنی ئەوەی کە بەشیک لە پەیرەوانی ئەم ئایینە هەوڵ بدەن فەزایەکی زیاتر بۆ بیروباوەرەکانی خۆیان ساز بکەن. حاجی نێعمەتوڵلا لە رێگەی نووسینی چەند دە هەزار دێر شێعری ئایینی بە زمانی فارسی (شانامەی حەقیقەت)، بۆ یەکەم جار لە نەریتی کوردی ئەم ئایینە لایداوە و هەر بەم گوێرەیەش خانقایەکی تایبەت بەو نەریتە دوای ئەو دامەزراوە. حاجی نێعمەتوڵلا باس لەوە دەکا کە رێبازەکەی هی ساحەب زەمانە و لە رێگەی رشتەی فەقرەوە عیرفانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەر بۆیە خۆیان وەک خاندانی دوازدەهەمی ئەهلی هەق (سەرەرای یازدە خاندانی یارسانەکان) دەزانن و بە خاندانی ساحەب زەمانی خۆیان پێناسە دەکەن. لە وتاری سێیەم و کۆتاییی ئەم بەشەدا پەرتەو هووشمەند، گرنگیی بە بواری مۆسیقا داوە و سەردێری «مۆسیقای پیرۆزی کوردیی ئەهلی هەق لە هەرێمی گۆران»ی بۆ هەڵبژاردووە. هەر وەک ئاگادارین مۆسیقا بەشێکی جیانەکراوە لە ئایینەکانی یارسان، ئێزدی و عەلەوییە. هووشمەند لەم وتارەدا و بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی ئێتنۆ-میوزیکۆگرافی هەوڵی داوە کە لە پارێزگای کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەوری مۆسیقا لە گواستنەوەی بیروباوەری ئایینی یارسان نیشان بدا. بەتایبەت باس لە ئامێری تەنبور دەکا کە چۆن هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی کەلام و بە مەبەستی گواستنەوەی دەقی ئایینی، یارمەتیدەری نەریتێکی بەهێزی زارەکییە. هووشمەند لە درێژەدا باس لەو میکانیزمانە دەکا کە ئەم مۆسیقا تایبەتە، هەستی شانازی و ناسنامە لە ناو ئیماندارەکان ساز دەکا و لە رێگەیەوە دەتوانن بەسەر رووداوە نەخوازراوەکانی ژیانی راستەقینەدا سەرکەون.

بەشی دووەمی کتێبەکە بۆ ئایینی ئێزدی تەرخان کراوە و سێ وتاری لەخۆ

> **بۆشاییی لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینە جۆراوجۆرەکان، کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین لێکۆڵینەوە پێشووترەکان زیاتر لەسەر سێ ئایینی سەرەکیی ئیسلام، مەسیحییەت و جوولەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا وێستاون**

گرتـــووە. باوەڕدارانـــی ئێزدیی لە باشـــوور، رۆژئاوا و باکووری کوردســـتان و هەروەها لە ئەرمەنیا(ئەرمەنستان) و جۆرجیا (گۆرجستان) دەژین. گوایە لە ســـەردەمی قاجاریشـــدا لە ناوچەی کرماشـــان باس لە بوونیان کراوە. لە هەشتاکانی سەدەی بیســـتەمەوەژمارەیەکی بەرچاو لە ئێزدییەکان لە دیاسپۆرا و بەتایبەت لە ئاڵمان دەژیـــن. خانا ئۆمەرخاڵی کە خۆی یەکێک لە شارەزایانی ئەم بوارەیە، لە وتارێکدا بـــە ناوی گۆڕانکارییە نوێکان لە سیســـتەمی ئێزدیی گواســـتنەوەی مەعریفـــەی ئایینی و پێگە و دەسەڵاتی عیرفانی باس لەوە دەکا کە بە هۆی ئەوەی لە چەند دەیەی رابـــردوودا، نەریتـــی زارەکیی ئێزدیایەتـــی نووســـراوەتەوە و میدیای نوێ کاریگەریی زۆری لەسەر شـــێوازی گواستنەوەی بیروبـــاوەڕی ئایینـــی دانـــاوە، کولتـــووری ئێـــزدی، هەندێک گۆڕانکاریی بە ســـەردا هاتووە. هەر ئـــەم گۆڕانکارییانە کە لە رێگـــەی میدیـــای نوێوە ســـاز بـــوون، بوونەتە هـــۆی ئەوەی، سیســـتەمی قەولبێـــژی وەک خـــۆی نەمێنـــێ و بکـــرێ بە ئاســـانی لـــە رێگـــەی ڤیدیۆوە گـــوێ لە قەولـــە تۆمارکـــراوەکان بگیردرێ. هەروەها پێگەی توێژی خاوەن دەسەڵات لە ناو ئایینەکەدا وەک جاران لە ناو کۆمەڵگەی ئێزدی و بەتایبەت لـــە ناو گەنجەکان بەهێز نەبێ. لە وتاری دووەمـــدا «یەک کۆمەڵگە و دوو ناســـنامە: ئێزدییەکانی سوریا و هەوڵ بۆ خۆگونجاندن»، سێباســـتییەن مایسل، باس لـــەوە دەکا کە هەر لە کۆنەوە ئێزدییەکان لە لایەن عەرەبەکانەوە و هەندێک لە گرووپەکان لە کوردســـتان وەک شەیتانپەرەست ناوزەد کـــراون و هەر لەم رووەشـــەوە بـــەرەورووی ئازار و هـــەڵاواردن بوونەتەوە. بەڵام لە دوای گۆڕانکارییەکان لە سوریا و سازبوونی شەڕی ناوخۆیی و پێکدادانی قەومی و ئایینی، دۆخی ئێزدییەکانیـــش گۆڕانی بە ســـەردا هاتووە. لـــە دوو ناوچەی جیا لە یـــەک لە رۆژئاوای کوردستان ئێزدییەکان دەژین: لە عەفرین و لە جزیرە، هـــەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێزدییەکان ناسنامەیەکی پچڕپچڕیان ببێ و دوابەدوای گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە ســـوریا بیانـــەوێ پێگەیەکی نوێ بۆ خۆیان ببیننەوە. لە وتاری ســـێیەمی ئەم بەشەدا، ئێزدییەکان لە قەفقازی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتەکانی دوای یەکیەتیی ســـۆڤییەت، نۆدار مۆسەکی لە وتارێکی تـــەواو بەڵگەمەنددا هەوڵیـــداوە کـــە ئامارێـــک لە ژمـــارەی ئێزدییـــەکان لە دوو قۆناغی مێژوویيدا و لەو وڵاتانە بـــە دەســـتەوە بدا کـــە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت، وەکوو ئەرمەنیا و جۆرجیا، ساز بوون. ئامـــارەکان پێمان دەڵێن بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی ١٩٢٦ لە یەکیەتیی ســـۆڤییەت باس لە ئێزدییەکان، وەک گرووپێکی قەومیـــی جیـــاواز، دەکـــەن و لـــە ســـەرژمێرییەکانی دواتردا وەکوو کـــورد ناویـــان هاتووە.

> نەریتی زارەکیی یارسان، لەسەر بنەمای ئەو گێڕانەوانەیەیە کە بە زمانی کوردی سینگ بە سینگ گوازراونەتەوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، زمانی فارسیش لە یەکێک لە لقەکانی ئەم ئایینەدا بەکار هاتووە

بەڵام ئەوەی جێی ســـەرنجە، پاش ڕووخانی یەکیەتیی ســـۆڤییەت، لە وڵاتانی ڕووســـیا، ئەرمەنیا و جۆرجیا دیسانەوە ئێزدیی بوون لە کوردبوون جیا کراوەتەوە و ئێزدییەکان وەکوو گرووپێکی قەومیی جیا حسێبیان بۆ کراوە.

لە بەشی ســـێیەمی کتێبەکەدا سێ وتار ســـەبارەت بـــە ئایینی عەلەوی چـــاپ بووە. لـــە یەکەم وتـــاردا، «عەلەوییەکانـــی ئێمە و بـــرا کوردەکانمان: هەندێک تێبینی لەســـەر ناســـیۆنالیزم و سیاسەتی کەمینە لە تورکیا»، مارکوس درێســـلێر کـــە توێژەرێکی ناوداری بواری ناسنامەی عەلەوییەکانە باس لە بواری

سیاسیی پەیوەندیدار بە عەلەوییەکان لە تورکیا دەکا. عەلەوییەکان کە لە بنەڕەتدا لە تەریقەتێک و گرووپێکی سیاسی بە ناوی قزلباشەکانەوە سەریان هەڵداوە، زۆربەیان تورکن، بەڵام بەشێکیشان کوردی زازان (کە بە زاری زازاکی یا دملی لە باکووری کوردستان قسە دەکەن). هەر وەک یارسانەکان و ئێزدییەکان، دەستەیەکی ئایینییش بە ناوی پیر، ڕەهبەر و سەیت یا سەیەت (سید بە عەرەبی) لە ناو عەلەوییەکاندا، ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگایان بە دەستەوەیە. درێسلێر باس لەوە دەکا کە چۆن پێناسەی سەردەستەیی تورکی موسڵمانی سوننی، کاریگەریی لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە داناوە. لە سیاسەتی پەیوەندیدار بە نەتەوەسازی لە تورکیای مۆدێرندا، عەلەوییەکان وەکوو تورک ناسێندراون و کوردەکان وەک ئەو کەسانەی کە لە داهاتوودا دەبن بە تورک. هەر ئەمە لە ڕووی ناسنامەوە بۆ عەلەوییە کوردەکان کێشەی ساز کردووە. لە لایەکەوە، لە گوتاری ڕەسمیی ناسیۆنالیزمی تورکیدا، تورک بوون و موسوڵمان بوون ئاوێتەی یەکن و لە لایەکیشەوە عەلەوییەکان وەک تورکی پەتی ناوزەد دەکرێن کە لە کوردبوونیان دووریان دەخاتەوە. لە وتاری دووەمدا لوقمان تورگوت، لە ژێر ناوی «ڕوانگەیەک لە هەناوی کوردانی عەلەوییەوە: دیوانا هەقی پیر عەلی بالی»، گرنگی بە ناساندنی ئەم کتێبە دەدا کە بە زمانی کوردییە و دژ بە ڕوانگەی زانای فەرەنسی ئێرنێ مێلکۆف دەوەستێت کە پێی وایە ئایینی عەلەوی لە درێژەی ئایینی شەمەنیسمی تورکیدایە. جانڕۆژ کێلێس، لە وتاری سێیەمی ئەم بەشەدا بە ناوی «سیاسەتی ئایینی و ناسنامەی قەومی لە ناو کوردانی عەلەوی لە زێدی خۆیان و لە دیاسپۆرا»، باس لەوە دەکا کە هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە و تا دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم، لەبەر ئەو گوشارانەی کە لەسەر عەلەوییەکان بووە و هەڵاواردنیان، سیاسەتێکی شاردنەوەی بیروباوەڕەکانیان لە ناویاندا باو بووە. بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد و ئەو سیاسەتانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا لە بواری ناسنامەدا ڕوویان داوە، عەلەوییەکان بەرەو دەرخستنی باوەڕی خۆیان هەنگاویان ناوە. جانڕۆژ کە تیشکی خستووەتە سەر ئەم ئایینە لە ناو دیاسپۆرای عەلەوییەکان بەتایبەت لە ئاڵمان و بریتانیا، ئەو میکانیزمانە نیشان دەدا کە عەلەوییەکان لە غوربەت ئایینی خۆیان دەدۆزنەوە و سەر لەنوێ ڕاڤەی بۆ دەکەن.

> مەسیحییەکان
> کە لە کوردستان
> زیاتر وەکوو
> فەلە پێناسەیان
> بۆ کراوە،
> یەکێک لە
> کۆنترین کۆمەڵگا
> مەسیحییەکان لە
> جیهاندان کە
> تاکوو
> ئەمڕۆ
> ماونەتەوە

لە بەشی چوارەم کە بۆ تەریقەتەکانی سۆفیگەری و ئایینی شەبەک تەرخان کراوە، دیسانەوە سێ وتار هاتووە. تۆماس شمیدینگێر، لە وتارێکدا بە ناوی «کۆمەڵگەی هەققە: بزووتنەوەیەکی جیاباوەڕ بە ئاخێزگەیەکی سۆفیانەوە»، باس لە بزووتنەوەیەکی زۆر نوێ لە دەیەی شەست و حەفتا لە باشووری کوردستان دەکا کە لە دڵی سۆفیگەریی ئیسلامییەوە سەری هەڵداوە و هەر زوو پەیڕەوانی حەققە خۆیان لە بەستێنە ئیسلامییەکە جیا دەکەنەوە. ئەم وتارە بۆ یەکەم جار بە شێوازیکی سەربەخۆ توێژەرانی ڕۆژئاوایی بەم بزووتنەوەیە ئاشنا دەکا. هەرچەند لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێش بە ناوی ئاوردانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە لە لایەن مستەفا عەسکەرییەوە لە ساڵی ١٩٨٣بڵاو

کراوەتـــەوە. لـــە وتاری دووەمـــدا، تەریقەتی خاکســـار لـــە کوردســـتان، شـــاهرۆخ ڕائی، باس لـــە لێکچوونەکانـــی تەریقەتێکی نویی ســـۆفیگەریی ئیسلامی لەگەڵ ئایینی ئێزدی و بەتایبەت ئایینی یارســـان دەکا. بۆ نموونە لە تەریقەتی خاکســـارییەدا بـــاوەڕ بە کراس گۆڕین (تەناســـۆخ) پاش مردن هەیە و هەر وەکوو لە ئایینی یارســـاندا ئاماژەی پێ کراوە ئـــەم لەدایکبوونەوانە ١٠٠١ جارە (هەرچەند لە ئێزدیـــدا ژمارەکە ڕوون نییە). هەروەها لە خاکســـارییەدا، وەکوو یارســـان پێنج قۆناغی سەرسپاردن و جەوزشکاندن هەیە. لە وتاری کۆتاییی ئەم بەشـــەدا بە ناوی «کۆتایی جیاباوەڕی؟ شەبەک لە عێراقی پاش ســـەدام»، میشێل لیزێنبێـــرگ، باس لـــە ئایینی شـــەبەک دەکا کە هـــەم لە ناو کوردەکانـــدا دەبینرێ و هەم لە ناو تورکمانەکانی باشـــووری کوردستان. لەســـەر چۆنیەتیی ئاییـــن یاکـــوو ناســـــنامەی شـــەبەکەکان مشـــتومڕ زۆرە. چونکە بەشێک لە شەبەکەکان خۆیان بـــە ســـوننی دەزانن و هەندێکیان خۆیان وەکوو شیعە پێناســـە دەکەن. شـــەبەکەکان بە شـــێوازی عەشیرەیی پێناســـە بۆ خۆیان دەکـــەن و دەکرێ ئاماژە بـــە ناوی هەندێک لە عەشـــیرەکان وەکوو باجـــەلان، حەریری و ڕۆژبەیانـــی و هتـــد. بکـــرێ. زمانی دایکی شـــەبەکەکان بە هەمان شێوەی کاکەییەکان بە گۆرانی وەســـف دەکرێ. لیزێنبێرگ ئاماژە بـــەوە دەکا کە پاش گۆڕانکارییەکانی ســـاڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانـــی ڕژیمـــی بەعس. زۆربەی شـــەبەکەکان هەڵگری ناسنامەیەکی ئایینین و پێداگری لەسەر ناسنامەی زمانی ـ قەومی خۆیان ناکەن.

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە بۆ ئایینی جوو تەرخـــان کراوە و لە دوو وتـــار پێکهاتووە. لە دوای ١٩٥٠ زۆرینەی جووەکانی کوردستان (لە ڕۆژهەڵات و باشـــوور) بۆ وڵاتی ئیسرائیل کۆچیان کردووە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان لە کوردســـتان ماونەتەوە. هەر لەم ڕوانگەویەوە و لە وتـــاری «کۆمەڵگەکانی کوردەجووەکان»، بێرگـــت ئەمان بـــاس لە بـــواری مێژوویی ژیانی جـــووەکان لە کوردســـتان دەکا و لە شـــێوازی ژیانی ئەوان دەکۆڵێتەوە کە چۆن لە گوند و شـــارەکانی کوردســـتان ژیاون بێ ئەوەی لە پێکهاتەیەکی عەشـــیرەییدا هەبن. یۆنا ســـەبەر لـــە وتارێکی سەرنجڕاکێشـــدا بە نـــاوی «ئەدەبیاتـــی کوردی ـ ئارامیـــی نـــوێ؛ جووەکانـــی کوردســـتان»، باس لـــەوە دەکا کە هەرچەند جووەکان خاوەنی کتێبی نووسراون، بەڵام کوردە جووەکان خاوەنی ئەدەبیاتێکی فۆلکی دەوڵەمەنـــدن کە وەک کوردەکانی دیکە بە شـــێوازی زارەکـــی لـــە نـــاو خۆیانـــدا پاراســـتوویانە. بـــۆ جـــووەکان زمانی یەکەم ئارامیی نوێ بووە و کـــوردی وەک زمانی دووەم بـــەکار هاتـــووە و ئەدەبیاتـــی ئایینییەکانیـــان لە ســـەرچاوە عیبرییەکانەوە بۆ ســـەر زمانـــی ئارامیی نوێ تەرجەمـــە کراوەتەوە و لـــە هەمان کاتدا ئەو ئەدەبیاتەی کە پەیوەندیی بە ئایینەوە نەبووە، زۆرتر لە کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە.

> هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە و تا دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم، لەبەر ئەو گوشارانەی کە لەسەر عەلەوییەکان بووە و هەڵاواردنیان، سیاسەتێکی شاردنەوەی بیروباوەڕەکانیان لە ناویاندا باو بووە

بەشـــی شەشـــەم و کۆتاییـــی کتێبەکە بۆ ئاییـــنی مەســـیحییەت تەرخـــان کراوە. مەسیحییەکان کە لە کوردستان زیاتر وەکوو فەلە پێناسەیان بۆ کراوە، یەکێک لە کۆنترین کۆمەڵگا مەســـیحییەکان لـــە جیهاندان کە تاکوو ئەمڕۆ ماونەتەوە و لە ناویاندا پەیڕەوانی چەندیـــن کڵێســـەی مەســـیحی دەبینرێ کە ژمارەیـــان لە دە شـــێواز تێدەپەڕێت. لە

وتاری «کۆپیی کوردستان: مەسیحییەکانی دیاسپۆرا»، ئێریکا هونتەر باس لەوە دەکا کە پاش ساڵی ٢٠٠٣ و بە هۆی نائارامییەکانی عێراقەوە و هەروەها ئەو کەشە هێمنەی کە بۆ باوەڕدارە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەخسابوو، ڕێژەیەکی بەرچاو لە مەسیحییەکان لە بەغدا و موسڵەوە لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوون. هونتەر بەتایبەت گرنگیی بە شێوازی ژیانی مەسیحییەکان لە گەڕەکی عەنکاوەی هەولێر داوە کە هەندیک جار وەک ڤاتیکانی کوردستان دەناسێندرێ.


لە وتاری دووەمدا، «کوردی دز: ستریۆتایپێک لە ناو مەسیحییە سریانییەکان»، بە ئاوڕدانەوە لە ژیانیان لەگەڵ کوردەکان، مارتین تەمکێ، بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تاکوو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس لەوە دەکا کە سەرەڕای ئاماژەی هەندێک لە گەڕیدە ئەوروپییەکان، لە ناو دەقە سریانییەکانیشدا باس لە کوردی دز کراوە. لە وتاری کۆتاییی ئەم بەشە و کتێبەکەشدا، «دەق، ئایین و کۆمەڵگا: وەرگێڕانە نوێکانی ئەنجیل بە زمانی کوردی لە بەستێنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە کوردستان»، مارسین ڕزێپکا نیشانی دەدا کە هاوکات لەگەڵ گەشەی زمانی کوردی وەکوو زمانێکی ئایینی، چەندین جار ئێنجیل بۆ سەر زمانی کوردی تەرجەمە دەکرێتەوە. یەکێک لە یەکەم تەرجەمەکان بە کورمانجی و بە ئەلفوبێی ئەرمەنی کراوە و لە سەدەی نۆزدەیەمەوە چەندین وەرگێڕانی ئێنجیل بۆ سەر زارە کوردییەکان دەبیندرێ. ڕزێپکا دەیەوێ ڕەگ و ڕیشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەرگێڕانی ئێنجیل بۆ سەر زمانی کوردی نیشان بدا و ئەو پرۆسەیە دەستنیشان بکا کە چۆن وەرگێڕانەکان سەرەتا بە ئامانجیکی تەبشیری و بانگخوازانەوە بوون و بەرەبەرە بەرەو دەقێکی هەڵگری تایبەتمەندیی کولتووری ڕۆشتوون. هەروەها دەیەوێ بەم پرسیارانە وڵام بداتەوە کە چ کەسانێک ئەم وەرگێڕانانە بەکار دەهێنن و کاردانەوەی کولتووری و ڕێکخراوەیی چییان هەیە و لە ناو کوردە موسڵمانەکاندا چۆن سەیر دەکرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ وەرگێڕانی دەقیکی ئایینی، ئاماژە بە دوو وەرگێڕانی کورمانجی و یەک وەرگێڕانی سۆرانی لە دەقی پیرۆزی مەسیحییەکان دەکا.

> **کتێبی کەمینە ئایینییەکان لە کوردستان، دەبێ وەک دەستپێکێک بۆ تێگەیشتن لە مەودایەکی بەرفراوان و ئاڵۆز سەبارەت بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئایین لە کوردستان سەیر بکەین**

من بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئەم کتێبە تاکوو ئێستا لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە و ئۆمەرخاڵی توانیویەتی، بەشێوازێکی وردبینانە، نەتەنیا بۆ توێژەران و خوێندکارەکان سەرچاوەیەکی زانستی بەرهەم بێنێت، بەڵکوو کتێبەکە بۆ خوێنەرانی هۆگری بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە ئایین لە کوردستان زۆر سەرنجراکێش دەبێ. زۆربەی توێژەران لەم کتێبەدا توانیویانە بەپێی دەستراگەیشتن بە سەرچاوەی دەستی یەکەم و زاڵ بوون بە سەر ئەدەبیاتی توێژینەوەدا، بابەتی نوێ بە مژاری ئایین لە کوردستان زیاد بکەن. بابەتێکی گرنگی دیکە ئەوەیە، کۆی وتارەکان یارمەتیدەری پڕ کردنەوەی بۆشاییەکی مەزنی بواری لێکۆڵینەوەی کوردین، چونکە لەبەر هۆی زاڵ بوونی مژاری سیاسی، کەمتر ئاوڕ لەو بابەتانە دەدرێتەوە کە ئایین وەک بواری توێژینەوە هەڵدەبژێرن. لە کۆتاییدا و لە هەمووی گرنگتر بە لای منەوە،

یەکـــەی توێژینەوەی کتێبەکە کوردســـتانە. لە زۆربـــەی بەرهەمە هاوشـــێوەکان، بابەتی پەیوەندیدار بە مژاری ئایینی لە کوردســـتان بە دوو شـــێواز باســـی لێ دەکرێ. یاکوو لەو کتێبانەدا کـــە پەیوەندییان بە ئێران، تورکیا، عێراق، ئەرمەنستان و سوریاوە هەیە و بابەتی ئایینی لە کوردســـتان وەک کەمینەیەک لەو وڵاتانە نیشـــان دەدرێ و هەر بـــەم گوێرەیە لە دووانەی لێکدانەبڕاوی زانســـت/مەعریفەدا لە بەرژەوەندیـــی کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک و بە مەبەستی ســـوڵتەی نەتەوەی سەردەست کەڵکی لێ وەردەگرێ. یاکوو لەو کتێبانەی کە ســـەبارەت بە کورد و کوردستانن تەنیا وەک بەشیک بۆ خاڵی نەبوونی باسەکان و دیسانەوە لە چوارچێوەی پرســـی کورد لە هەر کام لە پارچە داگیرکراوەکان باسی لێ دەکرێ. بەڵام لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ڕاستەوخۆ وتارەکان لە چوارچێوەی کوردستاندا جێیان بۆ دەکرێتەوە و یەکەی توێژینەوە لە سەرەوەی پارچەکان، بە دروســـتی کوردســـتان لە مانـــا بەرفراوانە کولتووری ـ سیاسییەکەیدا هەڵبژێردراوە.

کتێبی کەمینە ئایینییەکان لە کوردســـتان، دەبـــێ وەک دەســـتپێکێک بـــۆ تێگەیشـــتن لە مەودایەکی بەرفراوان و ئاڵۆز سەبارەت بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانـــی ئایین لە کوردســـتان ســـەیر بکەین. لـــەم ڕوانگەیەوە هەندێک کەموکورتی بە کتێبەکەوە دیارە کە لە ڕاستیشـــدا ڕەنگە نەکرێ لە چوارچێوەی ئەو دەســـەڵاتە زانستییەی کە لە ئاکادێمیای پەیوەندیدار بە پرســـی کوردستانەوە هەیە، بەئاســـانی چارەســـەری بۆ بدۆزرێتەوە و هیوادارم لە داوڕۆژدا ببێتـــە هۆی لێکۆڵینەوەی زیاتر و توێژەرانی زیاتر تاوتوێی ئەم مژارە بکەن. بۆ نموونە ڕوانگەیەکی گشتی سەبارەت بە ئایین لە کوردستان و ســـازکردنی تیۆری بۆ ئەم مژارە لە کتێبەکەدا نابیندرێ. ئۆمەرخاڵی لە پێشەکیی کتێبەکەدا زیاتر باســـی لە پێویســـت بوونی ئەم کتێبە کردووە و وتارەکانی ناساندووە و خۆی لەو باسانەوە نەداوە کە خوێنەر بە دەرکێک لە مێژووی ئایـــین لە کوردســـتان بگا و بتوانـــێ کۆی وتارە لێکدابڕاوەکان پێکەوە گرێ بداتەوە. هەروەها جگە لە هەر دوو ئایینی ئێزدی و یارسان کە لە چەند دەیـــەی ڕابردوودا توێژینـــەوەی زۆریان لەبارەوە کـــراوە، ئایینی عەلەوی و بەتایبەت شـــەبەک و هەروەها ئیمکانەکانی پەیوەندیی مەعریفیی ئەم ئایینانـــە پێکەوە و شـــێوازی هەڵکردنیان لەگەڵ ئایینی ئیســـلام کەمتر لەم کتێبـــەدا ئاماژەیان پێ کراوە. دەکرێ لـــەم ڕوانگەیەوە ئەم بەرهەمە ناوازەیـــە پەرەی زیاتری لە ئاکادیمیا پێ بدرێ و لە کۆتاییدا گرنگە لەبیری نەکەین کە وەرگێڕانی کۆی وتارەکانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی کوردی ئێجگار پێویستە.




*. KhanaOmarkhali (ed.) Religious Minorities in Kurdistan: Beyond the Mainstream (Wiesbaden: Harrassowitz Verlag, 2014) pp. XXXVIII + 413. ISBN: 978-3-447-10125-7

## ڕێنمایی نووسین

### مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

### شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

**١. کتێب**

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

**٢. بەشێک لە کتێب**

Abbas Vali, "Nationalism and the Question of Origins," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

**٣. گۆڤار و ژورناڵ**

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East," The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## پەروەردەی نیشتمانی

تیشک

٥٤

له بلاوكراوەكانی
دەزگای پەروەردە و لێكۆڵینەوەی
حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

پێوەندیكردن:
https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk